# واتە

6

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

کانوونی دووەم ٢٠١١

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

# واتە بۆ ئەوانەیە کە
# دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل
بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

# سەروتار

بەدران ئەحمەد حەبیب

ئەرکی داوودەزگە کولتوورییەکان تەنیا ئەوە نییە ببن بەپرد بۆ گەیاندنی بەرهەمی ڕۆشنبیران و بیر و بۆچوونیان بەبخوێنان و گوێگرانیان، یان تەنیا نۆینێک بن بۆ بڵاوکردنەوەی دەقەیلی داهێنەرانە، یان بەرنامەیەک بن بۆ ناساندنی ناوە نەناسراوەکان. بگرە ئەرکەکە لەوە پتر و بەرفرەترە. داوودەزگەیێل کولتووری ئەرکی ئەوەیان لە سەرشانە بەرنامە دابنێن بۆ ڕێنوێنیکردنی بزاوی ڕۆشنبیری و بردنی بەو ئاراستەیەدا کە خۆیان بەبەرژەوەند و بەباشی دەزانن بۆ داهاتووی کۆمەڵگە. ئەرکی کۆواری "واتە" دەق لەم چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە. "واتە" دەیەوێ بڵاوکراوەیەکی ڕێنوێنیکار بێ بۆ بزاوی ڕۆشنبیریی کوردی و ڕزگارکردن و دەرهێنانی لە قەتیسمان و تەنگژەداری و ژەنگاوییبوون.

بزاوی ڕۆشنبیری وەک هەر بوارێکی تر لە ژیانی کۆمەڵگە، ئەگەر زوو زوو گۆڕینی تێدا نەیەتە ئەنجامدان، کۆمەڵە ناوێک و کۆمەڵە دروشمێک وەک بت تێیدا قوت دەبنەوە و هەموو شت دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەوان تا سەرەنجام بزاوەکە وەک گۆمی گەنیوی لێ بەسەردێ و دەبێ بەمایەی ڕوو لێ وەرگێڕان و لووتگرتن لە بۆن و بەرامەی کرێت و بەدی. ئەمڕۆ بزاوی ڕۆشنبیریی کورد دەق لەم قۆناغەدایە، بزاوێکە مرۆڤ سڵی لێ دەکاتەوە نەوەکا بکەوێتە بەر بۆن و بەرامەی گەمار و کرێتی.

نامەوێ بکەومە دوای کەمکردنەوە لە پلە و پایەی ئەم ناو یان ئەو ناو، یان تۆمەت و توانج لەم کۆوار و لەو کۆواری فلان و بێڤان داوودەزگە، خۆ وەک ڕۆژی درەوشاوە ئاشکرایە چۆن ئەو بڵاوکراوە و ئەو ناوانە کەڕوویان هەڵهێناوە و خوڵکی خوێندنەوەشیان لەلای خەڵک مراندووە. ڕۆشنبیریش وەک کۆمەڵگە گۆڕینی تێدا نەیەتە کردن دەبێتە واری ئاغاڕانی و براگەورەیی. بزاوی کولتووری کوردی ئێستە واری ئەم ئاغاڕانی و براگەورەییییەیە، گەورە گەورەکان لە

سەرتۆقەڵیدا چارمشقی لێی ڕۆنیشتوون و لەژێرەوەش کۆیلە و دەم چەفتەکان.

ئەم کۆوارەی ئێمە "واتە"، بۆ گۆڕینە. گۆڕین "یەکەم" لە ڕێچکەی بزاوە ڕۆشنبیرییەکەدا لەبەرئەوەی وەک دەبینین کۆمەڵێک ناو و کۆمەڵێک سەرناو بەردەوام دووبارە دەبنەوە، تەنیا کاوێژکردنەوەی ئەوەیە کە دوێنێ خوراوە و یەک شتی جیا و تازە بابەت نایەتە دیتن، لەو کاتەی کە بزاوی ڕۆشنبیری لە دنیا شەو و ڕۆژ لە گەڕدایە و بەچرکەش ناوەستێ. "دووەم" گۆڕین لە ناوی کەسان: وەک دەبینین هەندێک ناو بەردەوام هەزار بارە دەبنەوە، بوونەتە براگەورەی بەزۆرەملێ، وەک بڵێی ناسنامە و مۆڵەتی کارکردن تەنیا لەلای ئەوان بێ و خەڵکی تر بیانی و نامۆ بن، لەولاوەش دەیان و سەدان لێهاتووی تازە سەرهەڵداو کە ناتوانن سەری قۆزاخەکان بکەنەوە و باخەکەمان ڕەنگینتر بکەن.

لە پێنج ژمارەی پێشووی "واتە"دا چەندان لەو ناوە تازانە کەوتنە بەرچاو لە پاڵ دەیان تایتل و سەردێری جیا، کە بەرۆشنبیریی کوردی ئاشنا نین، ئەم تایتلانەی ئەو گەنجانە هەمووی تازە و نوێیە و دەقی نەشکاوە لە زمانی کوردیدا. ئەم ناوە گەنجانە بەخۆیان و بەو سەردێرانەی پێشکێشی دەکەن دەبن بەمایەی گۆڕین لەو بارە قەتیسماوەی کولتووری کوردیمان، دەبن بەمایەی جێ لەقبوونی ئەو بتانەش کە سەپاون بەسەر کولتوورەکەدا و بوونەتە خم بەیەخەیەوە.

واتە دەرگایەکی تازەیە لە پێش قەڵەمە خونچەکاندا دێتە کردنەوە، تاوەکو بەئارەزووی خۆیان و بەگوێرەی کەیف و ماشای ئەم سەردەمە، کێڵگەی تینووی مەژیی کوردیمان ئاو و زاخاو بدەنەوە. ئەم قەڵەمە تازانە بەخێربێن بۆ یاریگەی کولتووری کوردی، ئێمە لە واتە هەموو دەرفەتێکیان پێ دەدەین و ڕەپێشیان دەکەین و چاویان دەکەینەوە و بەکۆمەڵگەی خۆمانیان دەناسێنین.

گۆڕەپانی کولتوور پاوانی کەس نییە، کەسیش ئاغا نابێ تێیدا و هەرکەس دەتوانێ لەم گۆڕەپانەدا ئازادانە بگەڕێ و یاری بکا و پێشکێش بکا و پەل بهاوێ.

# فریای خوێندن کەون!
# فریای زمانی کوردی کەون!

محەمەد عەلی قەرەداغی

## سەرەتایەک

ئەو کەسەی پێشینەیەکی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا هەبێت و بەچەند قۆناغێکی ئەو کاروانە پیرۆزەدا ڕۆیشتبێ و ئەمڕۆ چاوێک بەکتێبخانەی کوردی و چاپەمەنی و بڵاوکراوەی ئەم سەردەمەی بەشێک لە نووسەرانی کورددا بگێڕێت و کەمێک لە زمان و زاراوە و شێوازی وەرگێڕانی ئەو چاپەمەنییانە ورد بێتەوە، تاسە دەیباتەوە و مووچڕکە بەلەشیدا دێت و، جگە لە نیگەرانیی زۆر کە دڵی دەگرێت، دەڵێ: ئەم پاشاگەردانییە بۆچی و؟ ئەم بێ سەروبەرییە بۆ کوێمان دەبات؟

من بەش بەحاڵی خۆم وەک کەسێک تەمەنێکم لەسەر ڕێگەی ئەو کاروانە پیرۆزەدا بەسەر بردووە و بەچەند قۆناغێکیدا تێ پەڕیوم، دەمێکە هەستم بەم بارە سامناکە کردووە و، لە گەلێ کۆڕ و کۆمەڵدا بەقسە و بیرخستنەوە لێی دواوم و، لە چاوپێکەوتن و دیداردا پەنجەم خستووەتە سەر و داوای چارەسەریم کردووە.(١)

بەڵام دەردەکە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنێ و پەتاکە فرەتر تەشەنە دەکات و زیانەکانی کێش و قەوارەیان قەبەتر دەبێت و، هەوڵی بەپەلە و جیدیش بۆ چارەسەرکردنی لە ئاسۆی دووریشەوە سەرەتاتکێ ناکات. بۆیە وام بەباش زانی وەک ئەمانەتێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی بەگوێرەی توانای خۆم و بەئەندازەی بیر و بۆچوونم زەنگی خەتەری ئەم دەردە سەختە لێ بدەم و ئاوازی بە گوێی گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردیدا بدەم، بەڵکو کەسانی دڵسۆز و کارامە و بەتەنگەوەهاتوو و لێهاتوو ڕابچڵەکێن و، هەرکەس هەرچی لە توانادایە لە عاستی خۆیەوە دەست بداتە شتێک بەڵکو بەهەمووان زمانی کوردی لەم کارەساتە سامناکە رزگار بکەین.(*)

ئەم لایەنە قسە زۆر هەڵدەگرێت و پێویستی بەوە هەیە لیژنەی پسپۆڕ و دڵسۆز و کارامەی بۆ

دروست بکرێت و، لە هەموو لایەنەکانی ئەم بوارەی ئێستەی زمان و ڕۆشنبیریی کورد بکۆڵنەوە و، قانوون و بنەمایەک دابنێن و کارێکی وا بکەن هەر بەرهەمێک ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت کە ئەو کەسانە دایاندەنێن ڕێگەی تێپەڕبوون و بڵاوبوونەوەی نەبێت و نەتوانێ بکەوێتە بازاڕی چاپەمەنییەوە.

ئەوەی من دەیبینم نووسین بووە بە باو و چاولێکەری و هەرکەس بیەوێ خۆی بکا بەنووسەر و ناوی خۆی بخاتە ناو ناوانەوە، زۆر بە ئاسانی ئەو ویستەی دێتە دی و، دواییش کەس لێی ناپرسێتەوە و کەس نییە بڵێ: ئەمە چییە تۆ کردووتە؟ تەنانەت ئەمە کاری کردووەتە سەر ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەریش و، خوێنەر بیر و هۆشی لەسەر شتی لاواز و بێهێز رادێت و، بناغەی ڕۆشنبرییەکەی لەسەر هەڵە هەڵدەچنێت و، ساختمان و دیواری ڕۆشنبیری و زانستی چەند بەرز بێتەوە بێ مایەیە؛ چونکە بناغەکەی بۆشە!

لەم بوارانەدا گوتراوە: گەلێ کەسمان هەیە کتێبێک دەخوێنێتەوە و دوو کتێب دەنووسێ!

ڕۆشنبیرێک بە بازاڕدا بگەڕێ و چاوێک بە کتێبخانەکاندا بخشێنێ دەیان بەرهەمی گەورە گەورەی چەندان نووسەر دەبینێ کە پێشتر ناویان نەبووە و بەرهەمیان بڵاو نەبووەتەوە. من کە ئەمە دەڵێم وەنەبێ حەز نەکەم ڕۆشنبیر و پیاوی زانا و شارەزامان ببێ. بەڵکو بەپێچەوانەوە حەز دەکەم لە بواری زانست و ڕۆشنبیریدا شان لە شانی گەلانی جیهان بدەین و، بەڵکو حەز دەکەم هیچمان لە هیچ گەلێ کەمتر نەبێ. ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە: ئاخۆ ئەم هەموو دانەر و نووسەر و وەرگێڕە مەرجەکانی نووسین و وەرگێڕی و کتێبدانانیان تێدایە؟ من بەش بەحاڵی خۆم پڕکێشیی ئەوە ناکەم بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە (ئا) بڵێم. چونکە لەو پرسیارەوە پرسیارگەلێکی تر سەرهەڵدەدەن، وەک: ئاخۆ ئەو نووسەرانە زمانی کوردییان تەواوە و بەپێی ڕێزمانێکی رەسا و ڕەوانی زمانی کوردی دەنووسن؟ ئاخۆ گەنجینەیەکی باشی وشە و زاراوە و موفرەداتی زمانی کوردییان لە دەستدایە؟ ئاخۆ وەک پێویست ئامادە کراون یان خۆیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە بواری نووسیندا سەرکەوتووانە کار بکەن؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هەر وا ئاسان نییە. بەڵام لێرەدا یەک دوو نموونە دێنمەوە:

مامۆستایانی پێشوومان کە ویستوویانە زمانی عەرەبی بزانن و وەک ئەدیب و نووسەر دەستەباڵا بن. چییان کردووە؟ ئەوەی ئێمە لە بارەیانەوە خوێندوومانەتەوە ئەوەیە: لە پێشدا قەواعیدی نەحو و صەرفی عەرەبییان بە باشی زانیوە. دوایی هاتوون کتێب و دەقی باڵای عەرەبییان لەبەر کردووە، بوویانە (قامووسی موحیطی) لەبەر بووە، بوویانە دیوانی موتەنەبی و، موعەللەقاتی سەبعە و، مەقاماتی حەریری و ... لەبەر کردووە، تا گەیشتوونەتە پلەیەک لەو زمانەدا مەلەوان بوون، ئەوسا خۆیان بە نووسەر و خاوەنی بەرهەمی شیاو و شاکار داناوە.

لێرەوە دەگەڕێمەوە بۆ لای نووسەرەکانی خۆمان و دەپرسم: کامیان دیوانی نالی و کوردی، یان مەولەوی و بێسارانیی لەبەرە؟ کامیان ئاگەداری تەواوی لە فەرهەنگە کوردییەکاندا هەیە و،

شارەزای زاراوە جیاجیاکانی ناوچەکانی کوردستانە؟ لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەموو نووسەرانی کورد من ئەوەندەی دیومە و خوێندوومەتەوە و لێیان ورد بوومەتەوە، گەلێ لەو نووسەر و خاوەن کتێبانە خاوەنی زمانێکی پاراوی کوردی نین و، یان بەزاراوەی ناوچەیەک دەنووسن، یان هەر زمانی گوێئاگردانی ماڵی خۆیانیان پێیە و، بۆیان نەکراوە زمانی نووسینی ئەدەبییان دەوڵەمەند بکەن و لە چوارچێوەی ناوچەکەیان دەرچن و، زمانێکی شایستەیان بۆ نووسینی کوردی هەبێت.

## سانسۆر (*رقابة*)

ساڵانێک لەمەوپێش سانسۆرێکی توندوتۆڵ هەبوو، هیچ چاپەمەنییەک - بەتایبەتی کتێب - بێ ئەوەی لەو بوارە بدات بۆی نەبوو ڕێگەی چاپخانە بگرێتە بەر و خوێنەر بیبینێ.

بەڵام دواتر ئەم ڕەوشە گۆڕا و سانسۆر هەڵگیرا و ئازادیی بیر و ڕا و بۆچوون باڵادەست بوو.

لە سەردەمی سانسۆردا من لە بەغدا بووم و لە نزیکەوە ئاگام لە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لە تەک چاپەمەنیدا - بە تایبەتی چاپەمەنیی کوردی - هەبوو. بۆیە بەباشی دەزانم لایەک لەو ڕەوشە بکەمەوە و سووچێکی بخەمەوە یادی کەسانی هاوچەرخی ئەو سەردەمە و، باسەکەیش بەگوێی ڕۆشنبیرانی ئەمڕۆدا بدەم.

سانسۆری ئەو سەردەمە قۆرخکردنی هەموو بیر و بۆچوونێک و تواندنەوەی لە بۆتەی بیری ڕژێمی دەستەڵاتدار و باڵادەستدا بوو، واتە هەرچی لەگەڵ بیری ئەو ڕژێمەدا نەگونجایەت یان - دوور یا نزیک - بە قازانجی ئەو تەواو نەبوایەت ڕێگەی پێ نەدەدرا و، بەرهەمەکە لە بیر و کتێبخانەی خاوەنەکەیدا دەپووکایەوە! ئەمەیش ئەگەر بۆ بەرهەم و نووسراوی عەرەبی بەچاوێکی ورد سەرنجی بدرایەت، بۆ نووسینی کوردی گەلی ژێردەستە و پلە دوو و سێ بە چەند چاو و چاویلکەوە دەخوێنرایەوە و چەندان حیسابی بۆ دەکرا.

بەڵام سانسۆر لەگەڵ ئەو هەموو ناباربیەدا کە بووی و، لەتەک ئەو هەموو دواخستن و ڕێگەبردنە بەست لەبەر بەرهەمی هەست و بیردا، بێ سوود نەبوو و هەندێک لای بەقازانج دەشکایەوە.

### جۆری سانسۆر:

سانسۆر دوو جۆری سەرەکیی هەبوو:

سانسۆری فیکری، سانسۆری زمان و داڕشتن.

هەرچی وەک سانسۆری فیکرییە، ئەوەندەی من ئاگەداری بووم ئەوە بوو کە بەرهەمێکم - پێش چاپ - ئەبرد بۆ رەقابە و دوایی کە وەرم دەگرتەوە دەمزانی چییان تێدا کردووە.

### سانسۆری زمان:

ئەم لایەنەیان تا ئەندازێک لە نزیکەوە شارەزای بووم و دەمزانی چی بۆ دەکرێت و، لەم بابەتەدا

كە دەیخوێنیتەوە مەبەستم بوو ئاماژەی بۆ بکەم و سوودەکانی بخەمە بەرچاو.

لە سەردەمی ڕژێمی بەعسی رووخاودا دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا لقێکی تێدا بوو ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە رەقابەی گشتییەوە بوو داوای لێ دەکرا کتێبی کوردی لەو بارەوە هەڵسەنگێنێ.

من وەک کەسێک کە لەو سەردەمەدا لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیریی کوردیدا - چونکە لە ئێمە زیاتر کەس نەبوو - دەبینرام و بۆ هەندێ کاری سانسۆری زمانەوانی و شێوەی داڕشتنی ناوەڕۆکی بابەتەکان لە ڕووی زمانەوە پرسم پێ دەکرا و، کتێبیان بۆ دەناردم و منیش بەگوێرەی توانای خۆم لەو رووەوە کتێبەکەم هەڵدەسەنگاند و چیم بزانیایە کە خزمەتی کتێبەکە لە ڕووی زمانەوە دەکات دەرم دەبڕی.

ئەوەیش ناشارمەوە ئەو کاتە من لە تەک ئەوەدا بووم ئەو کەسە کە پێیان دەگوت (خەبیر) ئاشکرا و دیار بێت و خاوەن بەرهەم بیناسێ و بزانێ کێیە. مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمیش لەم رووەوە هاوڕام بوو. هەر لەبەر ئەمەیش بوو کاتێک (دیوانی رەنجووری)م پێشکێشی ئەمانەتی ڕۆشنبیری کرد بۆ یارمەتیدانم لە چاپکردنیدا، کتێبەکەیان لە هەولێرەوە ناردبووەوە بۆ بەغدا بۆ کاکە حەمە. کاکە حەمەش دوای ئەوەی کتێبەکەی لە ڕووی زمانەوە هەڵسەنگاندبوو چەند سەرنجێکی لەسەری هەبوو، تەلەفۆنی بۆ کردم وتی: (دیوانی رەنجووری)یەکەت هاتووە بۆ لای من و منیش چەند وردە وانێکێکم لەسەری هەیە وەرە بزانین چۆنن و چاکیان بکە. بۆچی کتێبەکە بچێتەوە بۆ هەولێر و زۆری پێ بچێت و دوا بکەوێت و بێتەوە بۆ بەغدا و بڕواتەوە. منیش لە تەک سوپاسی زۆردا چووم بۆ لای و لە بۆچوونەکانیدا گەیشتینە یەک و کتێبەکە یەک سەفەری بەغدای کەوتە بەر و دوایی بەرەو چاپ ڕۆیی.

منیش لەم بارەوە چەند کاری وام - بەڵام ژێر بەژێر - کردووە، وا بووە کتێبی کەسێکم لە سلێمانی - لە ڕێگەی رەقابەی بەغداوە - بۆ هاتووە. بینیومە کتێبەکە باشە و شیاوی چاپکردنە و چەند سەرنج و تێبینیم لەسەری بووە، بە نامەیەک - بێ ئەوەی رەقابە بزانێ - سەرنجەکانی خۆم گەیاندووە بەو کەسە. کەسانێک لەوانە - سوپاس بۆ خوا - ئێستایش لە ژیاندان و رەنگە ئەوەیشیان لە بیر بێ.

وەک وتم مەبەستم لە بیرخستنەوەی ئەم باسە ئەوە بوو رووی سوودەکەی بخەمە روو. ئەوەیش لەوەدا دەبینرێ نووسەرانی ئەو سەردەمە هەستیان بەوە دەکرد - هیچ نەبێ - لە رووی زمانەوە لێپرسینەوەیان لە ڕێدایە و، هەڵە و پەڵەکانیان بە ئاسانی ناڕۆن و، لەوانەیە بدرێتەوە بە ڕوویاندا. لەولایشەوە کتێبەکە - بەلای کەمییەوە - دەستێکی تری دەبینی و کەسێکی تر دەیخوێندەوە و، ئاشکرایشە بیر و بۆچوونی دوو کەس وەک یەک کەس نییە.

وابزانم بەشێکی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە چاپەمەنیی ئەو سەردەمە لە رووی زمان و داڕشتنەوە جیاوازیی زۆریان لە تەک چاپەمەنیی ئەمڕۆدا هەیە.

لە رووی سانسۆری بیر و بۆچوونیشەوە دەشێ بگوترێ:

ئێستە بەبۆنەی ئازادیی ڕا و بۆچوونەوە رەقابەی فیکری وەلا نراوە، هەرچەند هێشتا بە وردی مەرز و سنوورێک بۆ ئازادیی بیروڕا دیاری نەکراوە و، ئەو باسە جێگەی بگرە و بەردەیە. من دەڵێم: بوونی جۆرێک لە رەقابەی فیکری لەوانەیە بە قازانج بگەڕێتەوە بۆ سەر گۆڕەپانی رۆشنبیری، چونکە ئازادیی بیر و بۆچوون بەشێوەیەکی رەها کێشەی لێ دەکەوێتەوە و، گەلێ کەس ئەو هەلە بۆ شتی ناشیاو و ناڕەوا دەقۆزنەوە.

لەم بارەوە نموونەیەک دەهێنمەوە:

ساڵی ٢٠١٠ لە ئەکادیمیای کوردی کتێبێک چاپ بوو بەناوی (وشەنامە) کە ئەم کتێبەم دی و لاپەڕەی یەکەمم هەڵدایەوە و سەرەتاکەیم خوێندەوە، چاوم پەڕییە تەوقی سەرم و خەریک بوو خوێنم بوەستێ!

ئێمەی کورد ماوەیەکی دوور و درێژە بە گەرمی لە مشتومڕی ئەوەداین دەبێ یەک زمانی ستانداردمان هەبێت و لە کێشەی ئەوەداین کە زمانەکەمان بەهۆی دوو ستاندارددییەوە پەرت نەبێت، کەچی ئاوا کەسێک بێت خشکەییی خۆی بخزێنێتە بالاترین دەزگای رۆشنبیری و لەو دەزگاوە و لەسەر ئەرکی ئەو دەزگا کتێبێک بە قەوارەی (١١٤٧) لاپەڕە چاپ بکات و هەر لە یەکەم وشەیشیەوە بێ پێچوپەنا بڵێت: زاراوەی گۆرانی نییە و، گۆرانی زمانە و دەبێ وەک زمان بۆی بڕوانرێت!.

بۆ بەڵگەی ئەم راستییەیش لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە دەگوێزمەوە ئێرە:

«ئەگەر ئێژن چیاکانی هۆرامان سەخت و گەردن کەش و بڵندن، ئێژم:

زمانەکەیان لەوان بەرز و بڵندترە.

ئەگەر ئێژن گژوگیا و گوڵ و گوڵاڵەی هۆرامان رەنگینە، ئێژم: زمانەکەیان لەوان رەنگینترە.

ئەگەر ئێژن: کانیاوەکانی هۆرامان پاک و ساف و زۆلاڵن، ئێژم: زمانەکەیان لەوان سافتر و پاراوتر و زولاڵترە.

ئەگەر ئێژن: هەنگوینی هەنگەژاڵەی هۆرامان شیرینە، ئێژم: زمانەکەی لەو هەنگوینە بەتامتر و شیرینترە»

دوای ئەمەیش لە لاپەڕەکانی هەشت و نۆدا ١٠ جار (زمانی هۆرامی) ناو دێنێ و جارێکیش چییە بەقەڵەمیدا نایەت بنووسێ زاراوەی هۆرامی! دیارە ئەگەر کەسێکی بە سەلیقە بەمەبەستەوە ئەم کتێبەی بخوێندایەتەوە ئەمە رووی نەدەدا.

## زمانی ئەدەبی

لە گەلانی دراوسێماندا ـ بەتایبەتی عەرەب ـ دیاردەیەک دەبینرێت جێگەی تێڕامان و چاولێکردنە. ئەگەر بێتو عەرەبێکی توونسی و یەکێکی لیبیایی و یەکێکی سوودانی و یەکێکی میسری لە تەک

کەسانێکی عێراقی و سووریی و ئیماراتی...دا کۆ ببنەوە و بکەونە گفتوگۆ ـ کە هەموویان عەرەبن ـ زۆر بە زەحمەت دەتوانن لەیەک بگەن و قسە و مەبەستی یەکتر بەتەواوی بپێکن. بەڵام کە دێنە سەر نووسین و کتێبدانان و خوێندنەوەی دەنگوباس لە کەناڵ و رادیۆکانیانەوە تێکڕا بەیەک زمانی ئەدەبی یەکگرتوو دەنووسن و دەخوێننەوە و کێشەیان لە وەرگرتنی مەبەستی خۆیان لەو بوارانەدا نییە. بەڵام ئێمەی کورد لەم بوارەدا بەهۆی (هەر کەس بۆ خۆی) و (بێ لێپرسینەوەیی) و (گوێنەدان بەرەوشی زمانی کوردی) خەریکە وامان لێ دێت لە باتی چەند زاراوە دەکەوینە ناو گێژداوی چەند زمانی بەناو کوردی بێ سەروبەرەوە!

یەکێک بەمەبەست و بەوردی چاو بەچاپکراوی نوێی ئەمڕۆی کوردیدا بگێڕێت دەبینێت شارەزووریی بە زاراوەی خۆی دەنووسێت. گەرمیانی هەروەها، پشدەری لەوان کەمتر نییە، هەندێک بەولاترەوە سووریداش و کۆیە و شوان و شێخ بزەینی و دەشتی هەولێر و خۆشناو و زیاتریش هەریر و ئەولاتر ... هەر تیرە و هۆزێک و هەر چەند گوندێک زاراوە و بنەزاراوەی خۆیانیان هەیە، من مەبەستم ئەوە نییە دژی زاراوە بم، یان بمەوێ زاراوە نەمێنێ! بوونی زاراوە و لەناو زاراوەکاندا بوونی موفرەداتی جۆراوجۆر و وشەگەلی جیاجیا نیشانە و مایەی دەوڵەمەندیی زمانە، بەڵام نەبوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو کە ببێت بە چەترێک زاراوەکان لەژێر سایەیدا ئۆقرە بگرن و گەشە بکەن و خێر بۆ زمانی کورد بدەنەوە ئەوە مایەی نیگەرانییە.

دەتوانم بڵێم: لەوەیش زیاتر کارەساتئاوەر ئەوەیە کەسانێکی زۆر هەن گەشەیان بە توانای زمانیان نەداوە و زمانی نووسینیان دەوڵەمەند نەکردووە و چۆن لە گوێئاگردانی ماڵی خۆیاندا فێری گفتوگۆ و وتووێژ بوون هەر ئەو کەرەستەی گفتوگۆیان پێیە و بەو توانا لاوازەوە دەست دەدەنە قەڵەم و چۆن بەبیریاندا بێت دەنووسن.

ئەمانە و ئەوانە حاڵەتێکیان بەدی هێناوە لە بازاڕی کتێبخانە و چاپەمەنیی نوێی کوردیدا شتگەلێک ـ لە هەر بوارێکدا نووسرابن ـ دەخوێنیتەوە هیچیان بەهیچیان ناچن و، هەریەکەیان بەری بەلایەکەوە و رووی لە شوێنێکە. بەمەیش ئەو پاشاگەردانییە لە نووسینی کوردیدا دروست بووە کە زمانی نووسینی دوو دەق و دوو نووسەر وەک یەک نییە و، کار وا بڕوات چەند ساڵێکی تر دەبێ هەر کەس بۆ خۆی بنووسێت و کەس نامە و کتێبی کەسی ـ بە باشی ـ بۆ نەخوێنرێتەوە.

نامەوێ لێرەدا نموونە لەو دەقە زۆرانە بهێنمەوە و ئەو کارە بە خوێنەری ئازیز دەسپێرم، با بۆ خۆی چاو بە چەند دەقی جیاجیای چەند نووسەری ناوچە جۆراوجۆر و دوور لە یەکەکانی کوردستاندا بگێڕێت و نموونەیان لێ هەڵبژێرێت و بەراورد لە نێوانیاندا بکات، تا بۆی دەربکەوێت باری نووسینی ئەمڕۆی زمانی کوردی لە کوێ و لە چ ئاستێکدایە. دوای ئەوە ـ وابزانم ـ گومان لەوەدا نامێنێ کە بارودۆخی زمانی کوردی لە هەلومەرجێکی ترسناکدایە و خەمخۆران زوو بە دەمیەوە نەچن و چارەسەری شیاو و زانستییانەی بۆ نەدۆزنەوە کار لە کار دەترازێ و، دواتر چارەسەری زۆر لە ئێستە دژوارتر و بەئەرکتر دەبێت.

## گەندەڵیی خوێندن = گەندەڵیی زمان

بەداخێکی زۆرەوە لەم وڵاتەی ئێمەدا خەریکە خوێندن ـ بەخوێندنی باڵایشەوە کە چڵەپۆپە و ترۆکی خوێندنە ـ دەگاتە ئاستێک قسەی ئەو مامۆستایە بێتە دی کە دەیفەرموو: خەریکە دوکتۆرا وای لێ دێت ئەگەر بە کەسێ بڵێی دوکتۆر ئەڵێ: نە، نە، بە قوربانە من دوکتۆر نیم! چونکە نایەوێ ناوی بچێتە ریزی ئەو بەناو دوکتۆرانەی کە دوکتۆرایان ریسوا کردووە و وایان بەسەر هێناوە کەسانێک رێزی خۆیان بوێ هەست بە شەرمەزاری دەکەن لە تەک ئەو دوکتۆرە (عولووج) و (حەواسیم)انەدا ناویان بهێنرێت!

کە ئەمە دەنووسم لە تەک داوای لێبووردنی زۆرمدایە بۆ ئەو مامۆستا و دوکتۆرانەی کە بە شەونخوونی و گەڕان و پشکنین و خۆماندووکردن و بێ فڕوفێڵ ئەو ناوەیان بەدەست هێناوە و، لە کۆلێجەکان و ناو قوتابییانیشدا شوێن دەستیان دیارە و کاریگەریی خۆیان بەسەر خوێندنەوە ئەوە هەیە با بارودۆخەکە زۆریش ناهەموار بێت.

کە باسی گەندەڵیی خوێندن دەکەم دەبێ بپرسین: ئاخۆ خوێندن لەم وڵاتەدا هەر وەها بووە؟ بۆ وەڵامەکەی بێ سێ و دوو دەڵێم: نەء. خوێندن لەم وڵاتەدا تا شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی پێشوویش ـ لافاوی سەردەمی قاسمی لێ دەرچێ ـ خوێندن بەرێکوپێکی بەڕێوە دەچوو کەس نەبوو بەتوانای خۆی نەبێ دەربچێت و لە پۆلێکەوە بگوێزرێتەوە یان بگوێزرێتەوە بۆ پۆلێکی تر. ئەمەیش بارودۆخێکی دروست کردبوو خوێندەوار زۆر بوو، ئەوەی لە چەند پۆلێکی ببڕایە با شەشی سەرەتاییشی تەواو نەکردایە نیمچە خوێندەوارییەکی دەبوو گەلێ شتی پێ ڕاپەڕێنێت.

خۆ خوێندنی پێشتر و ساڵەکانی ١٩٤٠ بەدواوە وەها بوو کەسێک پۆلی شەشی سەرەتایی ببڕیایەت بێگومان لە هەندێ دەرچووی کۆلێجی ئێستە خوێندەوارتر دەبوو، دەیتوانی گەلێ پۆست بەڕێوە بەرێت. بۆ نموونە دەڵێم: پیاوێکی خەڵکی سلێمانی بەبڕوانامەی شەشی سەرەتاییەوە لە بەغدا لە وەزارەتی ناوەخۆ (رئيس ملاحظين القلم السري) بوو. هەر ئەوەیش بوو وای کردبوو کە قوتابییەک پۆلی سێی ناوەندیی دەبڕی دەچووە (دار المعلمين) دوای تێپەڕاندیی ئەو خوێندنە ـ بە زۆری ـ دەبوون بە مامۆستای سەرکەوتووی باش و لە گوند و لادێکاندا منداڵیان بەسەرکەوتوویی فێری خوێندن دەکرد و زۆر لە چینەکانی ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە پەروەردەی دەستی ئەو مامۆستا لاوە ڕۆشنبیرانەن.

ئەی ئەو گەندەڵییەی ئامارەم بۆ کرد لە چییەوە دروست بوو؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆری دەوێت و، ڕەنگە لە هۆکارێکیش زیاتری بێت، بەڵام من ئەوەی کە خۆم دیومە و بیستوومە لەو هۆیەی کە بەسەرەکیی دەزانم ئەوەندەی ماوە و دەرەتانی ئێرە ڕێگەی پێ بدات باسی دەکەم.

لێرەیشەوە دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتای هاتنی ڕژێمی بەعسی و ساڵەکانی حەفتا و دوای ئەو ساڵانە، کە چۆن ئەو ڕژێمە دەستیان خستە سیستەمی خوێندن و ئەوەی پێشتر خوێندنی لەسەر

بەڕێوە دەچوو شێواندییان و چۆن بەقازانجی خۆیان و بیری شۆڤێنیی خۆیان بێت وایان ئاراستە کرد.

یەکێک لەو دەستتێوەردانە نالەبارە دامەزراندنی (اتحاد الطلبة) بوو کە بوو بەمیکرۆبێکی ترسناک و لە ڕەگ و ڕیشەی خوێندندا گەشە و تەشەنەی کرد و، پەلوپۆی بڵاو کردەوە بەهەموو لایەکدا و، نرخی خوێندن و ڕێزی خوێندەواریی وردە وردە لەق کرد و بەرز بووەوە تا لق و پۆپ و ترۆپکی خوێندنی گەندەڵ کرد!

بەدواداچوون و نووسینی مێژووی ئەم دەردە کوشندە لەوە زیاتری دەوێت کە من بتوانم لەم دەرفەتەدا جێگەی بدەمێ، بەڵام دەکرێ بەپەلە ئاماژە بۆ چەند خاڵێک بکەم کە نموونەگەلێکن بۆ ئەوەی بزانرێت خوێندن تا چەند لە ڕاستەڕێی خۆی دوور خراوەتەوە و سیستەمی خوێندن بە چ دەردێک براوە!

ئەوەی زانراوە و ناسراوە و، ئەو سەردەمەیش شاراوە نەبوو، ئەوە بوو هەر قوتابییەک بچوایەتە ڕیزی (اتحاد الطلبة)ی بەعسەوە لە گەلێ شت ئازاد و سەرفراز دەبوو. یەکێک لەوانە بە ئارەزووی خۆی دەوامی دەکرد و مامۆستا نەیدەتوانی غیابی بدات و، ئەگەر غیابیشی بدایە سوودی نەبوو. ئیتر قوتابی ئیتحادی - بە تایبەتی لێژنە باڵاکانیان - بە ئارەزووی خۆی ڕەفتاری دەکرد و، وا دەبوو هەمووکاتی دەرزەکەی لە تەک (...) دا بە (...) بەسەر دەبرد و، ساڵی بەو جۆرە تێ دەپەڕاند و سەری ساڵیش لە هەموو دەرزەکانیدا دەردەچوو. کاتێکیش قۆناغی شەشی ئامادەیی دەبڕی بەئارەزووی خۆی لە کۆلێج وەردەگیرا و، گەلێ جار بووە بە نمرەی زۆر کەمەوە لە کۆلێجەکانی پزیشکی و ئەندازیاری وەرگیراون و، لەوێش هەروەک ناوەندی و ئامادەییەکان ڕەفتاریان کردووە و، قۆناغ بەقۆناغ لە تەک قوتابییە باش و سەرکەوتووەکاندا پۆلیان بڕیوە و بڕوانامەیان وەرگرتووە. بۆ خوێندنی باڵایش هیچ گرفتێکیان نەبووە و لە پێش گەلێ کەسەوە وەرگیراون و، کورسی و جێگەیەک ئەوان ویستبێتیان بەکەس نەدراوە.

کاتی وایش هەبوو قوتابییەکی تەوەزەلی ئیتیحادی بەهۆی بارودۆخی تایبەتی و (مەکرومەکان)ی بەعس و (رئيس القائد)ە و ڕێژەی نمرەی لە ١٢٠ و ١٣٠دا دەگیرسایەوە؛ چونکە خۆی ئیتیحادی بوو، باوکی شەهید بوو لە (اصدقاء القائد) بوو، برای ئەسیر و مەفقوودی هەبوو ... ئیتر کێ هەبوو شان لە شانی بدات؟

لێرەدا ئەم ڕاستییە بە ڕووداوێک تەئکید دەکەمەوە کە بەسەر خۆم هاتووە و، خۆم تێیدا ژیاوم:

ساڵی ١٩٧٨ فۆرمم پڕ کردەوە و ئەوراقم بۆ وەرگرتن بۆ خوێندنی باڵا پێشکێش کرد. دوای تاقیکردنەوە و موقابەلە و ڕەچاوکردنی نمرەی ساڵەکانی خوێندن بەچاوەڕوانی و هیواوە مامەوە تا نەتیجە ڕاگەیێنرا، بینیم کەسانێک کە پلەیان زۆر لە من کەمتر بوو وەرگیرابوون و منیش هیچ!

ساڵی دوایی وتم: سەرێک لەناو سەراندا نەبێ بۆ بڕین باشە. ئەوا پار وەرنەگیرام بەڵکو ئەمساڵ وا نەبێت، دووبارە فۆرمم پڕ کردەوە و چوومەوە کێبەرکێ. ڕۆژی موقابالە کە چوومە

ژوورەوە بە ڕێککەوت هەر هەمان لیژنەی ساڵی پێشوو بوون، دیاربوو کەسانێکی دڵسۆز بوون، یەکێکیان د. قەحتان عەبدوڕەحمان دووری بوو. وتیان: پار تۆ لەلای ئێمە یەکەم بوویت و یەکەم ناویش بوویت لەو لیستەدا کە بەرزمان کردەوە بۆ وەرگرتن، بەڵام ئەوە بوو وەرنەگیرایت. ئەمساڵیش وەک پار وایت و یەکەم کەس ناوت بەرز دەکەینەوە، بەڵام وەک خۆیان وتیان (تحتاج الى دفعة من برة) سوپاسم کردن و هاتمە دەرەوە. پەنام بۆ لای یەکێک لەو بەرپرسە کوردانەی بەغدا برد ـ ئەوانەی کە دەوترا: دەتوانن ڕۆژی ١٠٠ کەس بکەن بە داوەوە بەڵام چۆلەکەیەکیان پێ ڕزگار ناکرێت! ـ بەڵکو شتێکم بۆ بکات. دوایی وتی: بە وەزیری ڕاگەیاندنم وتووە، وتوویەتی: ئەگەر کەسێک وەرگیرا پلە و نمرەی لەو کەمتر بوو مافی خۆیەتی ئیعتیراز بگرێ و چی بکرێ بۆی دەکەین.

بەڵێ دووبارە نەتیجە دەرچوو هەروەک پار بوو منیش هیچ! ئەمجارەیان وتم: با لەلایەکی ترەوە هەوڵ بدەم وەک کورد دەڵێ: بەردی دەشتی و چۆلەکەی دەشتی. مجەوەرێکم هەبوو لە مزگەوت ناوی (مسلم) بوو ئەبومەحموودمان پێ دەگوت. بانگم کرد وتم: برا شتێکی وا هەیە وتی: ئاسانە، خاڵۆزایەکم بەڕێوەبەری تاپۆی کەرخە و بەرپرسی قوتابییانە پێی دەڵێم و بچۆ بۆ لای.

چووم بۆ لای خاڵۆزاکەی و پێم وت. وتی: تۆ چیت؟ وتم: خوێندنی کۆلێجم تەواو کردووە و ئیمام و خەتیبی مزگەوتم. وتی: ئەوە ناڵێم. ئینتیمای حزبیت چییە؟ وتم: بێلایەنم. وتی: کەواتە نابێ. وتم: بۆیە هاتووم بۆم بکەیت. وتی: ئەگەر کەسێکی تر بوایەت دەموت: بەپێی نمرە و کێبەرکێیە و بڕۆ بەشداری بکە، بەڵام چونکە فلان ناردوویەتی دەبێ بەڕاستی پێت بڵێم. لای ئێمە ـ واتە بەعس ـ وەهایە دوو کەس بکەونە کێبەرکێ بەعسی و غەیرەبەعسی، بەعسییەکە نمرەی کەم بێت و، غەیرەبەعسییەکە نمرەی زۆر بێت، ئێمە هەر بەعسییەکە وەردەگرین و تۆیش کەیفی خۆت کە لەگەڵمان نەبیت نابێ.

### ئەنجامی ئەمە چی بوو؟

دیارە ئەو قوتابییەی قۆناخەکان بەنادروستی و نەخوێندەواری ببڕێت دوایی ناتوانێ باس و کتێب بۆ بڕوانامەکەی بنووسێت و، ناچار پەنا دەباتە بەر ئەم و ئەو، بە پارە بێت، بە تەماعی شتێکی تر بێت، تا بەشی بڕوانامەکەی بۆ دابین بکەن. لەمەیش سەیرتر ئەوە بوو کار بەمەوە نەوەستا و، کار گەیشتە ئەوە بە تەزکیەی بەرپرسانی بەعس ـ بێ فۆرم و نمرە و موقابەلە ـ هەر قوتابی بوو لە خوێندنی باڵا وەردەگیرا. لەمەیش سەیرتر کەسی وەک عیزەت دووری ساڵانە لیستەی درێژ درێژی دەنارد بۆ کۆلێجەکان بۆ ئەوەی لە خوێندنی باڵا وەربگیرێت، تا کار گەییە ئەوە لە یەک کۆلێجدا یەک ساڵ ٤٠٠ کەس بۆ خوێندنی باڵا وەرگیران. هەر بۆ خۆشی: کە ئەم هەواڵەم بە تەلەفۆن بیست بەو کەسەم وت کە تەلەفوونی بۆ کردم: دیارە مامۆستا و سەرپەرشتیار بۆ ئەمانە دابین نابێت مەگەر شوانیان بۆ بگرن!

ئێستەیش دەیان کەس لەوانە دەناسم کە بە دەست و پێ ماچکردنی عیزەت دووری ـ کورد و عەرەب ـ وەرگیراون و خوێندنیان پێ تەواو کراوە و مامۆستا و راگری کۆلێج و بەرپرسی گەورەن. لەم قۆناغەدا کار لەوە ترازا کەسێک بچێ بۆ لای کەسێک و داوای لێ بکات بۆ نووسینی باس و کتێب یارمەتیی بدات و کار گەیشتە ئەوە نووسینگە لە شەقامی موتەنەبی پەیدا بوو، هەرکەس بچوایەت لەو بوارەدا خۆی دەیویست نامەی نووسراوی ئامادەی دەست دەکەوت و، تەنیا ئەوەندەی دەویست ناوی خۆی و مامۆستاکانی و سوپاس و پێشکێشکردن و هەندێ شتی وەهای دەخرایە سەر و بەچەند دینارێک دەبوو بە خاوەنی نامەی ماجستێر یان دوکتۆرا!

ئەمە دەقاودەق وەک ئەو کاریکاتێرەی بۆ کابرای خەلیجی و کورەکەی کرابوو، کورە لە دەرزەکانیدا دەرنەچووبوو و خەفەتبار بوو، باوکیشی لە بەردەمی توورەکەیەک دۆلاردا دانیشتبوو پێی دەوت: ڕۆڵە خەفەتی ناوێت بەمە شەهادەت بۆ دەکڕم!

هەر ئەمە نوکتەیەکی پێکەنینهاوەری هێنایەوە یادم: لە بەغدا ڕۆژێک دوای موناقەشەی نامەیەکی ماجستێر و دانی پلەی (جید- باش) بەخاوەنەکەی (خ)ی خاوەنی نوسینگەی ماجستێر و دوکتۆرا زۆر توورە دەبێت و بەرد بەبا دەکات. دەوروبەرەکەی لێی دەپرسن: بۆ وا تووڕەیت؟ ئەویش دەڵێ: چۆن توورە نەبم؟ ئاخر نامەی دوکتۆرای مامۆستاکەیشی من بۆم نووسیوەتەوە چۆن (جید) دەدا بەو قوتابییە؟!

ئەنجامی ئەمانە ئاستی خوێندن و نامەی ماجستێر و دوکتۆرا وا هاتە خوارەوە ڕۆژێک مامۆستایەک لە موناقەشەی نامەیەکی خوێندنی باڵادا کە ستایشی ئەو نامەی کرد کە موناقەشە دەکرا وتی: زۆربەی ئەو نامانەی موناقەشەیان دەکەم شیاوی ئەوە نین بیانبەمەوە ماڵەوە و لە کتێبخانەکەماندا جێگەیان بدەمێ و فڕێیان دەدەم! بەڵام ئەم نامە بەپێچەوانەی ئەو نامانەوەیە و حەز دەکەم نوسخەی لە کتێبخانەکەمدا هەبێ. ئەمە سووچێکی کورتی ئەوەیە دەکرێ لێرەدا بینووسم و ئەمەیش هەر ئەوانەیە کە خۆم دیومن و بەسەرم هاتوون، دیارە ئەگەر بیرەوەریی چەند کەسێکی شارەزای بخرێتە پاڵ قەوارەی گەورەیی و سەختی و ناباریی کارەستئاوەرتری لێ وەردەگیرێ.

ئەی کورد!

ئەگەر لەم بارودۆخەوە بگوێزمەوە بۆ لای خوێندن لە کوردستاندا دەکرێ بڵێم: بەداخەوە لەم بوارەدا میراتگرێکی باشی بەعسین و، ئەو نەریت و کولتوورەی ئەوانمان باش پاراستوە و بەزیادەوە گواستوومانەتەوە بۆ لای خۆمان و، لە هەندێ کۆلێجی کوردستاندا کار گەییوەتە ئەوە کێ ئازایە با بڕوانامەی ماجستێر و دوکتۆرا بەدەست بهێنێ بە هەر شێوەیەک و هەر نرخێک هەبێت. تەنانەت کار گەییوەتە ئەوە بڕوانامەی ساختە و تەزویر بەدەیان دروست کراوە و تێپەڕێنراوە. لە خوێندنگە ئاینییەکان و خوێندنگە وەهمییەکاندا بڕوانامەی ساختە و تەزویر بۆ سەدان کەس دروست کرا و درێژەیان بە خوێندن پێ دا و خوێندنی کۆلێج و باڵاتریشیان پێ تەواو

کرد. دوایی کارەکە دەرکەوت و کەوتە بەرباس، هاتن بە تاقیکردنەوەیەکی سەرپێیی هەموویانیان ناجیح کرد و بڕوانامەکانیانیان بە فەرمی ناساند!

کە ئەمەیش دەڵێم ناوی کەس ناهێنم و مەبەستم ناوزڕاندن نییە و مەبەستم ئەوەیە کە دەری بخەم چۆن کولتووری گەندەڵیی بەعس بەزیادەوە لە کوردستاندا پیادە کرا.

هەروەها ئەوەیش دەڵێم: لەوانەیە لەناو ئەو دەیان کەس زیاترەدا چەند کەسی خوێندەوار و شایستە و شیاوی ئەو بڕوانامە بووبێت. بەڵام ئاشکرایە بەشی زۆریان خاوەنی بڕوانامەی سەرەتایی و ناوەندی بوون و بێ هیچ مافێکی رەوا و فەرمی بڕوانامەی ئامادەیی و کۆلێجیان ـ بە ساختە ـ بۆ دروست کرا.

دەکرێ لە پەنای ئەمانەیشدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کەسانی وایش هەن، هەر بۆ خۆشی حەز دەکەن بڕوانامەی بالایان هەبێت و پێیان بڵێن: دوکتۆر و پرۆفیسۆر، خۆیان بە کۆلێجدا هەڵواسیوە و ناویان لە لیستی قوتابییانی خوێندنی بالادا داناوە و، بەناو دەوامیان کردووە و، دوایی بەپاڵ خوێندنەکەیان پێ تەواو کراوە و، کەسانیشیان پەیدا کردووە نامەی ماجستێر و دوکتۆراکەیان بۆ نووسیونەتەوە، ئێستە چەندان کەس لەوانە لە کوردستاندا هەڵگری بڕوانامەی بالای ئەو شێوە خوێندنەن.

کە لە خوێندنی بالایشەوە دابکشێین و بێین بۆ لای خوێندنی ئامادەیی و ناوەندی و سەرەتایی، ئەوە حاڵیان لە حاڵی کۆلێجەکان باشتر نییە و، قوتابیی وا هەیە پۆلی شەشی سەرەتاییی بڕیوە ناتوانێ نامەیەک بنووسێت.

لێرەدا ئەوە دەڵێم: خۆزگە وەک من گوێم لە چەند (مشرف)ێکی پەروەدە بووە و باسی مامۆستاکانیان کردووە کە تەنانەت ناتوانن پرسیاری تاقیکردنەوە بۆ قوتابییەکانیان دابنێن .. خۆزگە ئەو مامۆستایانە بیرەوەری و (مشاهدات)ی خۆیان بەدروستی دەنووسی، ئەوسا دەمانزانی خوێندن تا چ ئاستێک دابەزیوە و، چەند سیستم و رەوتی لە گێژەنە دەرچووە.

## زمانی کوردی

پێش ئەوەی نموونە بهێنمەوە دەڵێم: ئەم نووسینەی من مانای ئەوە نییە کتێبخانەی کوردی کتێبی باشی تێدا نییە یان تێی ناچێت و تێی ناکەوێت، واتە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم: ڕۆشنبیر و نووسەری باشمان نییە و گۆڕەپانی چاپەمەنیی کوردی وێران و کاولەیە. بە پێچەوانەوە نووسەری زۆر باشمان هەیە، قەڵەم بە دەستی زمانزان و زمان پاراومان زۆرن. کەسانێکمان هەیە حەز دەکەیت کە کتێب و نووسراوەکەی دەست دەدەیتێ تا تەواوی نەکەی داینەنێیت.

بەڵام لە پەنای ئەوانەدا کەسانێک هەبن وەک نموونەیان لێ دەهێنمەوە بەو زمانە لەق و لۆق و پڕ لە کەند و نشێوە شت بنووسن و شتەکانیشیان چاپ ببێت و کەسیش نەبێ بڵێت: ئەم کارە مایەی نیگەرانییە، بەراستی ئەوە کارەساتە.

هەروەها دەبێ ئەوەیش بڵێم: من لەم نووسینە کورتەدا ناتوانم بە هەموو چاپەمەنیی کوردیدا بگەم و هەموویان هەڵسەنگێنم و نموونەیان لێ بهێنمەوە.

بۆیە تەنیا دوو نموونە دەهێنمەوە.

نموونەیەک لە تەفسیری قورئانی پیرۆز کە ئێستە کەسانێک بازاڕەکەیان گەرم کردووە و هەرکەس هەڵدەستێ لە خۆیەوە بێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی تەفسیرنووسینی هەبێ و مەرجەکانی ئەو کارەی تێدا بێت، خۆی دەکا بە موفەسیر و دانەری تەفسیری قورئانی پیرۆز. بۆ ئەم مەبەستەیش پڕتیراژترینی تەفسیری کوردی ئەمڕۆی کتێبخانەی ئیسلامی دەکەم بە نموونە. نموونەی دووەمیش بۆ کتێبێکی مێژوویی دادەنێم کە ئەگەر تەواو ببێت لەوانەیە گەورەترین کتێبی مێژوویی بێت بەزمانی کوردی بکەوێتە کتێبخانەی کوردییەوە.

## تەفسیری ئاسان

وەک نەریتێکی باو و پەیڕەویکراو ـ کە نەریتێکی دروستیشە ـ نووسەران کە باسی سەرچاوە دەکەن لە قورئانی پیرۆز و تەفسیرەوە دەست پێ دەکەن و، ئەو کتێبە پیرۆزە بە یەکەم سەرچاوەی باسەکانیان دادەنێن. منیش هەر لەسەر ئەو ڕێبازە لە نووسینی سەرنجەکاندا لەسەر چاپەمەنیی کوردی لە تەفسیری قورئانەوە دەست پێ دەکەم و، بۆ ئەم مەبەستەیش پڕ تیراژترین تەفسیر هەڵدەبژێرم کە (تەفسیری ئاسان)ە و تا ئێستە نزیک لە (٣٠) جار چاپ کراوە و، لێژنەیەکیش پێیدا چوونەتەوە، واتە ئەم تەفسیرە دەبێ قۆناغگەلێکی باشی لە تێڕامان و لێ وردبوونەوە و پوختەکردن و راستکردنەوەی هەڵە و بەسەرگرتنەوەی کەموکووڕی و ناتەواویدا ... بڕیبێت و بووبێت بەکتێبێکی جێگەی متمانە.

دوای ئەوەی ـ وەک دەڵێن ـ بەچاوی موشتەری بۆ ئەم تەفسیرەم روانی و ناوبەناو چەند جێگەییم بەوردی خوێندەوە، گەیشتمە ئەو قەناعەتە ئەم تەفسیرە هێشتا لە یەکەم قۆناغی کاروانی تەفسیری کوردیدا گاگۆڵکێ دەکات و، دووریش نییە بڵێم: حەق وا نییە بەم شێوەی ئێستەی ڕێگەی پێ بدرێت بچێتە ناو ئەو کاروانە و درێژە بەڕێگە ڕۆیشتندا بدات.

بۆ ئەوەیش حوکمەکەم ناڕەوا نەبێت و خوێنەر نەڵێت: لە خۆتەوە کاری خەڵک لەکەدار و سووک دەکەیت، وا بەباشی دەزانم ناو بەناو نموونە لە چەند شوێنی تەفسیرەکە وەربگرم و، هەر نموونەیەک کەمێک بخەمە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و لێ وردبوونەوە، ئەوسا خوێنەری بەڕێز خۆی حەکەم بێت و بزانێت تا چەند لە بۆچوونەکاندا دروست و بێلایەن و بێ مەبەست بووم، جگە لە مەبەستی خزمەتی تەفسیری قورئانی پیرۆز بەزمانی کوردی.

### تەفسیری ئاسان:

سەرنجەکانم لەسەر ئەم تەفسیرە زۆر زۆرن و ئەگەر هەموویان بنووسم دەبێ بەقەد تەفسیرەکەیان لەسەر بنووسم، بەڵام وا بزانم نموونە هێنانەوە بەسە و، وەک دەڵێن: مشتێ

نموونەی خەروارێکە.

هەر لەبەر زۆریی سەرنجەکان دەشکرێ بەش بەشیان بکەم، بەڵام دووبارە ئەوەیشم نەکرد و ناو بەناو چەند سەرنجی جۆراوجۆر لە رووی زمانی وەرگێڕان و، هەڵەی زمان و، ڕێنووس و، ناوەڕۆکەوە دەخەمە ڕوو، کە بەهەموویان کەرەستەی ئەوە پێک دێن خوێنەر ئاستی سەرکەوتوویی یا ناسەرکەوتوویی تەفسیرەکە بزانێ و، یان لەگەڵ من هاودەنگ بێت لە بۆچوونەکانمدا، یان بەپێچەوانەوە.

دەبێ پێش ئەوەی دەست بەنموونە هێنانەوە بکەم خوێنەر لەوە شارەزا بکەم، کە نووسەری ئەم تەفسیرە پابەندی تەرجەمەی حەرفییە و، قاڵبووی بازاڕی تەرجەمە نییە و، هێز و توانای بەسەر بەکوردیکردنی ئەو مەبەستانەدا داناشکێ کە ئایەتەکان لە خۆیان گرتوون و، بیرکردنەوەی لە نووسینەکانیدا عەرەبییە و، وەک مامۆستاکە فەرمووی: ئەمیش کوردییەکەی بەعەرەبی نووسیوە و، نەیتوانیوە تەفسیر و وەرگێڕانەکەی لە قاڵبێکی کوردانەی وەهادا داڕێژێتەوە کە خوێنەری کورد وابزانێ کوردییەکی ڕەوان دەخوێنێتەوە و تام و چێژی لێ وەربگرێت.

**چەند نموونەیەک:**

* (... بەڕادەیەک هەتا ئەگەر هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری کۆ ببنەوە بۆ ئەو مەبەستە بێگومان ناتوانن ...) ل: ٢

ئەم عیبارەتە ناتەواویی پێوە دیارە و وەک دەڵێن: خەبەرەکەی نەهاتووە؛ چونکە کە دەگەیتە (ناتوانن) هەست بە ناتەواوی دەکەیت و تەواوییەکەی بەوە دەبێ کە بگوترێ: (ناتوانن بیکەن ـ یان ـ ئەنجامی بدەن).

* هەر لە دوای ئەمەوە لەو لاپەڕەدا نووسراوە:

(کە لەلایەن خوای پەروەردگارەوە رەوانە کراوە بە جبرەئیلدا بۆ پێغەمبەر ـ ص ـ) ل:٢

لەسەر ئەم خاڵە ئەوە روون دەکەمەوە کێشەی وەرگێڕی کورد کە دەقێکی عەرەبی وەردەگێڕێ ـ وەک وتم ـ ئەوەیە تەرجەمەی حەرفی دەکات و نایەت دەقەکە وا بە کوردی بنووسێتەوە کە سەلیقەی خوێنەری کورد پێی خۆش بێت و تێی بگات. دیاردەی زۆر زەقیش لەم رووەوە ئەوەیە کورد لە ئاخاوتندا فیعل لە دواوە دادەنێت و دەڵێت: خواردنم خوارد، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بەپێچەوانەوەیە و عەرەب دەڵێت: (اكلت الطعام) کە تەرجەمە حەرفییەکەی دەبێ بە: خواردم خۆراک. جا ئەگەر ئەمە لە هەموو شوێنێکدا بەو زەقییە نەبێت ئەوا لە گەلێ شوێنی تەرجەمەی ناسەرکەوتوودا ئەو پەتایە دژوارترین قۆرتی ناو وەرگێڕانی کوردییە.

دوای ئەم کورتە روونکردنەوە کە وەک پێشەکییەک بۆ سەرنجەکانم بە پێویستم زانی، دەگەڕێمەوە لای ئەو دێرەی سەرەوە کە بۆ نموونە هێنام و دەڵێم: ئەگەر بمانەوێ ئەو دێرە بخەینە قاڵبێکی کوردی رەوانەوە دەبێ بنووسین:

که لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بە جوبرەئیلدا بۆ پێغەمبەر ـ د ـ رەوانە کراوە.

* هەر لەو لاپەڕەدا کەمێک بەرەو خوار دەبمەوە و ئەم دەقە وەردەگرم: (٤ لە هەمان کاتدا ئەوانە باوەڕ دەهێنن بەو (پەیامەی) کە بۆ تۆ (ئەی محمد ـ ص ـ) دابەزێنراوە و بەو پەیامانەش کە بۆ (پێغەمبەران)ی پێش تۆ دابەزێنراوە ...) ل:٢.

لە پێشدا دەبێ ئەوە بڵێم: یەکێک لەو هەڵە زەقانەی لەم تەفسیرەدا دووپات و چەند پات دەبێتەوە هەڵەی ڕەچاونەکردنی تاک و کۆی (مفرد و جمع)ی کوردییە، کە ئەویش سەرەتایەکی زۆر پێویستە کە لە نووسینی کوردیدا پەیڕەوی دەکرێت. وەک دەبینی لێرەدا نووسراوە (بەو پەیامانەش کە بۆ «پێغەمبەران»ی پێش تۆ دابەزێنراوە) لێرەدا لە سەرەتاوە (پەیامان) نووسراوە، دوایی نووسراوە: (دابەزێنراوە) کە دەبوو (دابەزێنراون) بووایە.

هەروەها تەرجەمەی حەرفیی وای کردووە دووجار نووسراوە دابەزێنراوە کە رەوانتر ئەوەیە بنووسرێ نێرراوە. وابزانم ئەم دەقە ئەگەر ئاوا دابڕێژرێتەوە:

(لە هەمان کاتدا ئەوانە باوەڕ بەو پەیامە دەکەن کە ئەی محمد بۆ تۆ نێردراوە، هەروەها باوەڕ بەو پەیامانەش دەکەن کە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ نێرراون ... کوردانەتر دەبێ.

* (٧٤) «پاشان لەوەودوا دڵەکانتان رەق بوو (ئەی جوولەکەکان) هەر وەک بەرد .... خوایش بێ ئاگا نییە لەو کار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەن» ل:١١.

لێرەیشدا جگە لە لاوازیی وەرگێڕانەکە کە دەبوو بگوترایە: دڵەکانتان رەق بوون و وەک بەردیان لێ هات.. هەمان هەڵەی تاک و کۆی کوردی دووپات بووەتەوە، ئەوەتا لە سەرەتاوە نووسیویە:

(دڵەکانتان رەق بوو) کە دەبوو (رەق بوون) بووایەت، هەروەها لە کۆتاییدا نووسیویە: (... لەو کار و کردەوانەی ئەنجامی دەدەن) کە دەبوو (ئەنجامیان دەدەن) بووایەت.

* بۆ نموونەیەکی تری تەرجەمەی حەرفی کە چۆن دەق دەبزرکێنێ سەرەتای ئایەتی (٢١٧)ی سوورەتی «البقرة» دەهێنمەوە کە لە تەفسیرەکەیدا نووسراوە: (پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی جەنگ لە مانگی حەرامدا کە...) ل: ٣٤.

کە ئەگەر کوردانە بنووسرێت دەبێ بنووسرێت: لەبارەی جەنگەوە لە مانگی حەرامدا ـ کە برێتین لە .... ــ پرسیارت لێ دەکەن...

* (١٠٨ دەستیشی (خستە بن باڵی) و دەری هێناوە خێرا بوو بە (کافوری) سپی و بریقەی دەدایەوە بۆ تەماشاکەران). ل: ١٦٤.

لێرەدا (خستە بن باڵی) و (کافوری) سپی و... بەزۆر ترنجێنراونەتە ناو دەقەکە و هیچ پێویست نین و بێ ئەوانیش ماناکە بەسادەیی دەڕوات. چونکە خوای پەروەردگار باسی موعجیزەکانی مووسامان بۆ دەگێڕێتەوە و پێمان دەفەرمووێ: یەکێک لە موعجیزەکانی مووسا ئەوە بوو کە دەستی لەبن باخەڵی دەردەهێنا سپی دەبوو و، ئەوانەی لەوێدا بوون موعجیزەی سپێتیی دەستی

مـووســايان دەبینی، کــە ئەوە لە کــەسی تر نەدەوەشــایەوە. دەبێ ئەوەیش بڵــێم لە ســوورەتی «قەصص»دا بۆ ئەم موعجیزە دەفەرمووێت:

(وادخل يدك في جيبك تخرج بيضاء).

* (ئەی ئـەوانەی باوەڕتـان هێناوە خـیـانـەت مـەکــەن لە خــوا و پێــغـەمــبــەر - ص - «بەوەی کەمتەرخەمیتان لە فەرمانبەرداریاندا» ....) ل: ١٨٠

لێرەدا جگە لەوەی کە بگوترێ: خیـانەت لە خوا و پێـغەمـبەر - ص - مەکـەن... جوانتـرە، ئەو بەشەی ناو دوو کەوانەکە مانایەک بەدەستەوە نادات و خەبەری دیار نییە.

* ئەوانە ئەگەر دەرچوونایە و لەناوتاندا بوونایە هیچیان بۆ ئێوە زیاد نەدەکرد بێجگە لە سستی نەبێت. ل: ١٩٤

لێرەدا جگە لەوەی تەرجـەمـەی حـەرفی باڵـی بەسـەر مـانا و مـەبەسـتـەکـەدا کێـشاوە و ئەگـەر بنووسـرایەت: ئەگـەر لەگەڵتـان دەرچوونایە هیـچیـان بۆ زیاد نەدەکردن ... باشـتر بوو.. دەمـەوێ لە عـاسـتی دوو وشـەی (بێـجگە) و (نەبێت)دا بوەسـتـم و بڵـێم: هـەردووکـیـان یەک مـانا و مـەبەست بەدەسـتـەوە دەدەن و یەکێکیان زیادە. واتە دەتوانرێت بنووسرێت (بێجگە لە سـستی هیـچیـان بۆ زیاد نەدەکردن) یان (سستی نەبێت هیچیان بۆ زیاد نەدەکردن).

* (ئا ئەوانە شوێن و جێگەیان ئاگرە بەهۆی ئەو کار و کردەوانەی کە دەیانکرد) ل: ٢٠٩

ئەمـەیش جگە لـەوەی کـە ڕەوانتر ئەوەیە بنووسـرێت: ئەوانە بەهـۆی ئەو کـار و کـردەوانەیانەوە .. جێگەیان ئاگرە .. باشترە .. لێرەیشـدا جارێکی دیکە تاک و کۆی لێ ئاڵۆزاوە و دەبوو بینووسـیایە (کە دەیانکردن).

* (٩ بەراســتـی ئەوانـەی کــە باوەڕیان هـێناوە و کــار و کــردەوە چاکــەکــانیــان ئـەنجـام داوە پەروەردگاریان بەهۆی ئیمان و باوەڕی (ڕێکوپێک و دامەزراویانەوە) هیدایەت و ڕێنموییان دەکات ..) ل: ٢٠٩

لێرەیشـدا وەرگێڕانـەکە ئاڵۆزاو و بزرکاوە و دەکرێ بنووسرێت: ئەوانەی باوەڕیان کردووە خودا بەهۆی باوەڕەکەیانەوە هیدایەتیان دەدات و ڕێنمایییان دەکات ...

* (... جا لە خوا بترسن و شەرمەزارم مەکەن لەناو میوانەکانمدا) ل: ٢٣٠

ئەمـەیش ئەگـەر بنووسـرێت: جـا لە خـوا بتـرسن و لەلای مـیـوانەکانم شـەرمـەزارم مـەکـەن ... دروستترە.

* («٢٤» سـوێند بە خـوا بێگومـان ژنەکـە پەلاماری یوسـفی دا و ویسـتی لێی بدات، یوسـفـیش نیـازی لێدانی هـەبوو ئەگەر بەڵگەی خـوایی نەزانیـایە (کە سـەرەنجـامی لێـدانەکەی بە خـراپ بە سـەریدا دەشکێـتـەوە) و ئا بەو شـێـوەیەمـان کـرد (بۆ ئەوەی هـەرچی گـونـاهـو تاوانە لێی دوور دەخەینەوە) ...» ل: ٢٣٨.

پێش ئەوەی بێمە سەر مەبەستم لەم شوێنەدا ئاماژە بۆ دوو هەڵەی وەرگێڕان دەکەم:

یەکەم: لە سەرەتاوە نووسراوە (سوێند بە خوا) ئەم نووسراوە تەفسیری (ولقد همت به ..)ە دیارە ئەوەیش سوێند نییە و، تەنیا بە (بێگومان) تەفسیرەکەی تەواو دەبێت.

دووەم: لە کۆتاییی ئەم چەند دێرەدا نووسراوە: (بۆ ئەوەی هەرچی گوناە و تاوان و خراپەیە لێی دوور دەخەینەوە) ئەمە دروست ئەوەیە بنووسرێت (بخەینەوە).

پاش ئەمە دەچمە سەر مەبەستی سەرەکیم لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کە نووسراوە: ژنەکە پەلاماری یوسفی دا و... ئەم تەفسیرە لێرەدا نادروست و ناتەواو و رایەکی پووچ و بێ جێیە و، خاوەن تەفسیرەکان بایەخیان پێ نەداوە و، خۆزگە پێش نووسینی ئەم تەفسیرە تەماشای تەفسیری (في ظلال القرآن) یان (تەفسیری گوڵشەن)یان بکردایە بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەی وەهاوە. دوای ئەمەیش دەڵێم: تەفسیری ئایەتەکە دەبێ وەها بێت کە: بێگومان ژنی عەزیز حەزی لە یوسف کرد و تەماعی تێ کرد و دنەی دا بۆ ئەوەی لەگەڵی جۆر ببێت و بەئارەزووی خۆی بگات لەگەڵیدا. یوسیفیش ئەگەر بەڵگە و نیشانەی لە خوای خۆیەوە نەدیایەت حەزی لێ دەکرد. ئەوەی سەرەوە پوختەی ئەو تەفسیرەیە کە زانایانی تەفسیری قورئان لەسەری یەک دەنگن و رایان لە سەریەتی.

* (٨) ئینجا کاتێک کە نائومێد بوون لە پاشا ... ل: ٢٤٥.

لە تەفسیری ئەم ئایەتەیشدا جگە لە بزرکاوی و شپرزەییی عیبارەتەکانی، لە سەرەتایەوە نووسراوە (لە پاشا) ئاشکرایشە یوسف پادشای میسر نەبووە و بە پاشای وت (اجعلني على خزائن الارض) براکانیشی کە ئەهاتن بۆ لای دەیانوت: (یا ایها العزیز) جا ئەگەر بنووسرایەت (لە یوسف) باشتر دەبوو.

هەر لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا بە هەڵە نووسراوە (نەتانزانی) کە باشتر وایە بنووسرێت (ئەی نازانن).

هەر لە خوار ئەوەوە نووسراوە: (کە بێگومان باوکتان بە راستی ..) ئەم رستەیش لەق و لۆقە و (بێگومان، بەراستی) یەکێکیان - ئەگەر هەردووکیان نەبێ - زیادە و ئەگەر لە باتی ئەوە بنووسرێت: ئاخۆ ئێوە نازانن پەیمانتان بە باوکتان داوە...؟ هیچ لەنگییەکی تێدا نابێت.

* (بەراستی ئەو زاتە چاکەی لەگەڵدا کردم و بەسۆز بوو بۆم، کاتێک لە زیندان رزگاری کردم ئەوەتە ئێوەی لە بیابانەوە هێناوە هێناوە و ...) ل: ٢٤٧.

لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا سەر لە کەموکوڕییەکانی تر ناکەومەوە، تەنیا پەنجە بۆ ئەو هەڵە زمانییە رادەکێشم کە لە وشەی (هێناوە و) دایە. هێناوە بۆ مانای دووپات و تیکرار بەکار دێت و، شوێنەکەی ئێرەیش بۆ ئەوە ناگونجێ، چونکە دایک و باوکی یوسف یەک جار هاتوون بۆ لای یوسف و پێش ئەوجارە جاری تر نەهاتوون تا بڵێ (هێناوە و) دروست ئەوەیە بڵێ (هێناو).

* «(٨٤) ئەوسا چووە کەنارێکەوە ..» ل: ٢٤٥.

تەفسیری ئەم ئایەتە ـ وەک تەفسیری گەلێ لە ئایەتەکانی تر ـ درێژدادڕی ـ أطناب ـێکی بێ جێ و ناپێویستی تێدایە.

بۆ نموونە: چاوەکانی سپی هەڵگەڕاو ـ هەڵەیە، هەڵگەڕان. م، ع، ق ـ ئاوی سپیی ـ سپییان، م، ع، ق ـ تێزا و بینینی ـ بینینیان، م، ع، ق ـ نەما لە ئاخ و داخ و خەفەت و ئێشدا...

بۆ ئەمە، وەک کورد دەڵێ، ئەگەر بینووسیایە: چاوەکانی سپیاییان داهات .. ماناکە تەواو دەبوو. بۆ ئەم تەفسیرە دوور و درێژە بە دوو دێری کورت زۆر بەرێکی کار تەواو دەبێت، بۆ نموونە:

(پشتی لێ هەڵکردن و بەپەژارەوە وتی: داخی گرانم بۆ یوسف! ئەوەندە گریا و خەفەتی خوارد چاوەکانی سپیاییان داهات، کەچی هەر پەژارەکەیشی ئەپێچایە دڵی خۆی).

* تەفسیری ئایەتی (٩٠)ش لە لاپەڕەی دوای ئەمدا دەکرێ وەک ئەم بۆی بڕوانرێت. هەشت دێر لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا نووسراوە، بەڵام تەفسیرێکی بچڕبچڕ و پڕ لە زیادە و حەشو. بۆ نموونە (وتیان: ئایا بەراست بۆچی تۆ یوسفیت) دەکرێ لە باتی ئەمە بنووسرێت: (وتیان: بۆ تۆ یوسفیت؟).

هەر جگە لە درێژدادڕی هەڵەی زمانیشی تێدایە و نابێ بنووسرێت: (رێزی لێناوین و بەهرەمەندی کردووین) بەڵکو دەبێ (رێزی لێناین و بەهرەمەندی کردین) بێت.

* «(٤١) لە وەڵامدا دەڵێن: پاکی و ستایش بۆ تۆ ئەی پەروەردگار تۆ یار و یاوەری ئێمەی نەک ئەوان، نەخێر ئێمەیان نەدەپەرست بەڵکو ئەوان پەریان دەپەرست.» ل: ٤٤٣.

لێرەدا ئاماژە بۆ سەرەتاکە دەکەم کە نووسراوە (دەڵێن) دەبوو بنووسرایە (وتیان) لە کۆتاییشدا (پەریان) باش وایە (پەرییان) بێت.

* «(٥١) بەراستی ئێمە پێغەمبەرەکانمان و ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە سەر دەخەین لە ژیانی دنیادا هەروەها ئەو ڕۆژەش کە شایەتەکان شایەتی دەدەن ..» ل: ٤٧٣.

ئەگەر ئەم تەفسیرە ئاوا دابڕێژرێت: ئێمە پێغەمبەرەکانمان و باوەڕداران لە ژیانی دنیا و ڕۆژی قیامەتیشدا سەردەخەین .. رەساتر دەبێت.

* لە نموونەیەکی تریشدا باسم کرد، نووسەری ئەم تەفسیرە بێ جێ و بێ پێویست وشەی (سوێند بەخوا) دێنێت لە شوێنگەلێکدا کە شوێنی سوێند نین. لە لاپەڕەکانی ٤٨١ و ٤٨٢یشدا ئەم کارە دووپات و سێ پات بووەتەوە. ئەوەتا لە تەفسیری (ولقد آتینا موسی..)دا نووسیویە (سوێند بەخوا) کە شوێنەکە شوێنی سوێند نییە و بە (بێگومان)ێک ماناکە بێ قۆرت و گرێ دەڕوات. هەروەها دوای ئەوەیش لە تەفسیری (ولئن اذقناه...)دا نووسیویە (سوێند بەخوا).

دەبێ لێرەدا بەسەر ئەوەیشدا نەڕۆم کە دوای سوێندەکە وشەگەل و عیبارەتی بڕسکاو و نەمەییو هاتوون و ئەوەتا نووسراوە: (ئەگەر ئادەمیزاد خێر و خۆشی بەسەردا بڕێژین و پێ بچێژین لە

دوای ئەو تەنگایەی کە تووشی هاتبوو بەمتمانەیەکی زۆرەوە دەڵێت: ئەمە بەرەنجی شانی خۆم پەیدام کردووە و..)

ئەمە دەکرێ ئاوا دابڕێژرێتەوە: ئەگەر ئادەمیزاد دوای زیانێک کە تووشی دەبێت خێر و خۆشیی بدەینێ، بە متمانەوە دەڵێت: ئەمەم بەرەنجی شانی خۆم پەیدا کردووە.

* «(٧٧) دۆزەخییەکان هاوار دەکەن ئەی مالک (کە فریشتەی سەرپەرشتیارە...) دەبا پەروەردگارت بمانکوژێت...) ل: ٤٩٥.

لێرەدا لە عاستی دوو ڕستەدا دەوەستم:

یەکەم: فریشتەی سەرپەرشتیارە ... سەرپەرشتیاری چی؟

ئەگەر بنووسرێت: دەرگاوانی دۆزەخە... ماناکە دروست و بێ گرێ دەبێ.

دووەم: دەبا پەروەردگارت بمانکوژێت.. خوا بکوژ نییە و کەس ناکوژێت و بۆ هەموو کارێک فەرمانبەر و بەرپرسی داناوە و، دەکرێ بنووسرێت: فەرمان بدا بمانمرێنێ ...

* «(٥) وێنەی ئەوانەی کە تەوراتیان درا بەسەردا تا پەیڕەوی بکەن، پاشان هەڵیان نەگرت و پەیڕەویان نەکرد، وەک: گوێدرێژێک وایە کە بارە کتێبێکی هەڵگرتبێت، ئای کە چەندە ناشرینە وێنە و نموونەی ئەوانەی کە ئایاتەکانی خوایان بەدرۆ زانیوە و بڕوایان پێی نەبوو...» ل: ٥٥٣.

لە عاستی تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەکرێ لە چەند رووەوە سەرنج و تێبینی بخەمە ڕوو بەکورتی ئەمە هەندێکیان:

١- وەک گوێدرێژێک وایە کە بارە کتێبێکی هەڵگرتبێت. ئەم مانایە نە دروستە نە کوردانەیە؛ چونکە گوێدرێژ خۆی توانای ئەوەی نییە کە بار لە خۆی بنێت و هەڵی گرێت، بەڵکو گوێدرێژ باری لێ دەنرێت و بار دەکرێ. هەر نزیک لەمەیشە کورد دەڵێت: کە بارێ تفەنگی لێ نێی هەر گورگ دەیخوات. کەواتە بۆ ماناکەی دەبێ بنووسرێت: وەک گوێدرێژێ وایە بارێکی گەورە کتێبی لێ نرابێت.

٢- کە ئایەتەکانی خوایان بەدرۆ زانیووە و.. لە رووی ڕێنووسەوە (زانیوە) بە یەک واو دەنووسرێت نەک (زانیووە).

٣- بڕوایان پێی نەبوو ... ئەمەیش لە ڕووی زمانەوە دوو هەڵەی تێدایە: لەلایەکەوە دەبێ بنووسرێت: بڕوایان پێیان .... لەولایشەوە کە لە پێشەوە نووسرا (زانیوە) دەبێ لێرەیشدا (نەبووە) بێت.

* «(١) ئەوانەی بێ باوەڕ بوون لە خاوەنی کتێبەکان لەگەڵ موشریک و هاوەڵگەران ...» ل: ٥٩٨.

ئەمە جگە لەوەی تەرجەمەکەی رەوان و رەسا نییە ئەگەر بنووسرایە: کافرەکان لە ئەهلی کیتاب و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان ... ماناکەی رەوانتر دەبوو. دەمەوێ ئاماژەیەک بە وشەی (هاوەڵگەر) بکەم کە لەلایەکەوە هاوەڵگەر هەڵەیە و هاوەڵگر دروستە. لەولایشەوە هاوەڵگر بە تەنیا مانای تەواو

نادات و دەبێ تەواوکەرێکی لە تەکدا بێت وەک بگوترێ: هاوەڵگر بۆ خودا؛ چونکە هاوەڵگری رووت دەشێ مانای هاوەڵگر بۆ گەلێ کەس و شتی لێ وەربگیرێت.

* «(٥) فەرمانیشیان پێ نەدرابوو جگە بەوەی کە خواپەرستی بکەن و بەپاکی و دڵسۆزی و ملکەچی فەرمانبەرداری ئاین و....»

ئەم تەفسیرەیش کە بۆ ئایەتەکە کراوە بێ قۆرت و گرێ نییە و، خوێنەر بەئاسانی بۆی قووت ناچێت و، باشتر وابوو بنووسرایەت:

فەرمانیشیان پێ نەدرابوو بەوە نەبێ کە بەراستی و پاکی خواپەرستی بکەن و ملکەچ و ـ نەک ملکەچی ـ فەرمانبەرداری ئاین بن.

وابزانم بەم نموونە کە لە سوورەتی (البینە)م وەرگرت ئەوەندەم نموونە هێناوەتەوە بۆ نموونەهێنانەوە بەس بێت و، لەمە زیاتر دەبێ بە درێژدادڕی و لە مەبەست دوورکەوتنەوە.

## دوا وتەم

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون ناو بەناو لە (تەفسیری ئاسان)م وەرگرتن بۆ ئەوەی لە ڕوویانەوە ئەو تەفسیرە هەڵبسەنگێنرێت. دەبێ ئەوە بڵێم: بەداخەوە لەم تەفسیرەدا پێویست بەماندووبوون و گەڕان ناکات بۆ ئەوەی نموونەی لاواز و بزرکاو و بچڕبچڕ و دوور لە مەبەست بەدەست بهێنی، بەڵکو هەر چۆن دەست بەریت و دەست بکوتیت هەر هەوە و خۆیەتی.

وابزانم ئەم چەند نموونەیش بەسن بۆ ئەوەی کە بڵێم ـ و خوێنەریش لە تەکما ـ: ئەم تەفسیرە تەفسیرێکی سەرکەوتوو نییە و زۆری ماوە تا بگاتە ئەو قۆناغەی شیاوی ئەوە بێت بخرێتە کتێبخانەی کوردی و بکرێت بەسەرچاوە (بۆ تێگەیشتنی قورئان) و، ئەگەر بڕیار بێت ئەم تەفسیرە ببێت بەتەفسیرێک سووچێکی دیار لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە دەبێ لە ڕێگەی لێژنەیەکی ـ نەک وەک لێژنەکەی پێشوو ـ شارەزا و زمانزان و کارامە و دڵسۆزەوە سەرلەنوێ بەپێی یاسای زمانی کوردی و، مەرجەکانی نووسینی تەفسیر و، بنەماکانی وەرگێڕانی سەرکەوتوو، لە نووک و نواوە دابڕێژرێتەوە و پوخت و بێ هەڵە چاپ بکرێتەوە.

هەروەها ئەو تۆمارانەیش کە لە کەناڵ و رادیۆکانەوە پەخش دەکرێن رابگیرێن تا تەفسیرە تازەکە چاپ دەکرێت و، ئەوسا جارێکی تر ئەویش بەدەنگێکی خۆش و لەلایەنی کوردیزانێکی زمانپاراوەوە تۆمار بکرێتەوە، چونکە ئەم تۆمارەی ئێستە جگە لەوەی سوودێکی ئەوتۆ بەخوێنەر ناگەیێنێ، بۆ تێگەیشتنی مانای قورئان، لەوانەیە زەوق و سەلیقەی کوردی گوێگرانیش بشێوێنێت و لە باتیی قازانج تووشی زیان بن.

### تەواوی مێژوو:

زۆر جێگەی داخە کە بڵێم: بازاڕی ڕۆشنبیریی کوردی وا شێواوە کە بتەوێ بۆ کاری لاواز و

نازانستییانە و گەندەڵ بگەڕێیت ماندووبوونی ناوێت و زوو نموونەت دەست دەکەوێت. منیش لەم کـارە کـورتەدا کـە بەبازاڕێکی وەهادا بگەڕێم ناتوانم دەست بۆ هەمـوو شت بەرم و، ناتەواوی و کەموکووڕیی هەموو کوتاڵێک بخەمە ڕوو. بۆیە هەوڵ دەدەم یەک دوو کاری گەورە و دیار بخەمە بەرباس و، وەک دەڵێن: مشتێ نموونەی خەروارێکە و، دەتوانین، تا ئەندازێک، لەوانەوە بڕوانینە بازاڕی ڕۆشنبیریی کوردی و، سووچێکی ئەو بێ سەروبەری و پاشاگەردانییە بۆ خوێنەر روون بکەینەوە و، خوێنەر سەرپشک بکەین بۆ خۆی چی دەخوازێ بخوازێ.

بۆ لایەنی مێژوو ئەو ناونیشانەی سەرەوەم هەڵبژارد، کە دیارە پرۆژەی وەرگێڕان و بەکوردیکردنی کتێبی (الکامل في التأریخ)ی ئیبنوئەثیری جەزەرییە. کە زاهیر محەمەد رەشید وەری گێڕاوە و پرۆفیسۆری یاریدەر د. یاسین سەردەشتی پێیدا چووەتەوە.

دەبێ ئەوە بڵێم: کتێبێکی هەشت نۆ بەرگی ـ کە بەشێکی چاپی دووەمیش کرابێتەوە ـ لەم کارە کورتەی مندا ئەگەر مەودای ئەوەی نەبێت، بەرگ بەبەرگ و لاپەرە بەلاپەڕە و باس بەباس هەمووی لە رووی زمان و ناوەڕۆک و وەرگێڕانەوە هەڵبسەنگێنم جێگەی باس نییە و، من هەر ئەوەندەم بۆ دەکرێ پەنجە بخەمە سەر چەند خاڵێکی بەشێک لە کتێبەکە و ئەوە بکەم بەنموونەی سەرکەوتوویی یا ناسەرکەوتوویی پرۆژەکە و، ئەگەر دەرکەوت ناسەرکەوتووە ئەوە ـ لەگەڵ داوای لێبووردنمدا لە هەردوو مامۆستاکە ـ با هەڵویستە و سڵەمینەوە و بەخۆداچوونەوە لە عاستی ئەو جۆرە کاردانەدا بکرێت، کە بێگومان ئەرک و خەرج و ماندووبوونێکی زۆری ئەو دوو مامۆستا و کەسانێکی تریشی ویستووە تا گەییوەتە ئەو ئاستە و خوێنەریشی پێوە سەرقاڵ دەبێت و، کتێبخانەی کوردیش دەبێ بە خەرج و دەرامەتێکەوە بیگرێتە خۆی و جێگەی لەسەر رەفە و دۆڵابەکانیدا بۆ بکاتەوە.

**بەرگی یەکەم:**

بۆیە من لەم هەوڵەمدا هەر ئەوەم پێ دەکرێت کە بەرگی یەکەم بکەم بە نموونە کە ئەم بەرگە ئێستە چاپی دووەمی لە بازاڕدایە و، مانای وایە کتێبەکە لە برەودایە و مامۆستای وەرگێڕیش لە کارەکەی خۆی رازییە بۆیە بۆ جاری دووەم خستوویەتییە بازاڕەوە.

جارێکی تر دەڵێمەوە: بەداخەوە وەک چۆن لە بازاڕی کتێبی کوردیدا بێ ماندووبوون کتێبی لاوازت دێتە بەردەست، لەو کتێبە لاوازانەیشدا زۆرت گەڕان ناوێت تا نموونەی لاواز و چەوت و نابەکام بدۆزیتەوە. منیش لەم بەرگەی ئەم کتێبەدا بۆ نموونە ماندوو نەبووم و، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ـ ناو بەناو ـ لە چەند شوێندا دەستم بردووە و نموونەم وەرگرتووە.

نموونەی هەڵەی چاپ و ڕێنووس:

ئەم کتێبە ـ وەک لەمەولا دەیبینی ـ وەک لە رووی وەرگێڕان و زمانی داڕشتنەوەیەوە سەرکەوتوو نییە، لە رووی چاپ و ڕێنووس و تەکنیکی چاپەمەنیشەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە و، وەک ئەوە وایە چۆن بۆی هاتووە وا چاپ بووە و کەس نەبووە گوێ بەخوێندنەوە و راستکردنەوەی هەڵەی

بدات و، پەتای هەڵەی چاپ لەم کتێبەدا بەجۆرێک تەشەنەی کردووە دەتوانی بڵێیت: شوێنی بێ هەڵەی کەمە.

لەبەرئەوەی یەکەم لاپەڕە هەڵمدایەوە و یەکەم دێر خوێندمەوە هەڵەی چاپ بەرچاوی گرتم، لەبەر ئەوە سەرەتای باسەکەم بەچەند نموونەی هەڵەی چاپ دەست پێ کرد. بۆ ئەمەیش ئەوە ناکەم بەژمارەی دێر و وشەوە خوێنەر خەریک بکەم، بەڵکو نموونەی چەند دێرێک دەهێنم و دێرەکە وەک خۆی دەنووسم و دوای ئەوە بە دروستی جارێکی تر دێرەکە دەنووسمەوە.

* راستییەکی بەڵگەنەویستە هەروەک چۆن داهاتوو زادەی ئێستا و ئەمڕۆیە، ئەمڕۆش.... ل: ٩

* دێرەکە بە راستکراوەیی: راستییەکی بەڵگەنەویستە هەروەک چۆن داهاتوو زادەی ئێستا و ئەمڕۆیە، ئەمڕۆش.

* باوکیلحەسەن عەلی کوڕی ئەبی لکەرەم محەمەد کوڕی عەبدالکریم کوڕی عەبدالواحیدە. ناوبراوی ... ل: ١٠

ئەوەی باو و ڕاست و دروستە بۆ ناوی عەرەبی لە نووسینی کوردیدا، دەبێ یەکێک لە دوو جۆر بگیرێتە بەر: یا ناوەکەی وەک خۆی و بەپیتی عەرەبی بنووسرێت و بخرێتە ناو دوو کەوانەوە، وەک (ابوالحسن). یان بەپیتەکانی خۆی بخرێتە سەر رێنووسی کوردی: ئەبولحسەن. تەنانەت پیتەکانی (ص، ض، ظ، ذ، ث ...) نەگۆڕرێن؛ چونکە بەگۆڕینیان نابن بە کوردی و مانای وشەکانیش تێک دەچن، هەر بۆ نموونە کە (نظیف) بکەی بە (نەزیف) چ مانایەک دەدات؟ یان (طور) بکەی بە (تەور) دەبێ بەچی؟ هەروەها (اثیر) بوو بە (ئەسیر) چ مانایەک دەدا؟

لەم کتێبەدا جگە لە هەڵە زۆرەکان پەیڕەویی هیچ کام لەم دوو ڕێیە نەکراوە. دەبوو بەپێی جۆری یەکەم بنووسرایەت:

«باوکی حەسەن عەلی کوڕی ئەبیلکەرەم محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولکەریم کوڕی عەبدولواحید. ناوبراو ...».

* دەگێڕنەوە لە عەبدواللە کوڕی عەباس و عەبدواللە کوڕی مەسعود ... ل: ٣٧.

بە دروستی: دەگێڕنەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەباس و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ...

* کاتی وا هەیە هەر یەک ناوە بەدوو جۆر دەینووسێ وەک: (ئەبوو جەعفری طبری .. ل: ٥٢)، (ئەبو جەعفەری تەبەری... ل: ٦٢).

* عومەر کوڕی خەتاب، علی، عەباس کوڕی عەبدولموتەلیب و کوڕەکەی عەبدواللە کوڕی عەباس لە گێڕانەوەیەک لە عێکرەمە.... ل: ١٢٤

بە دروستی: (عومەری کوڕی خەتاب، عەلی، عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیب و کوڕەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس لە گێڕانەوەیەکدا لە عیکریمەوە...)

* دوای ئەم ڕوداوانە پاشایەتی کەیکاوس روی لەناوچوون کرد و شۆڕشییەکان فراوان و ل: ٢٦٥.

بە دروستی: دوای ئەم رووداوانە پاشایەتیی کەیکاوس رووی لە لەناوچوون کرد و شۆڕشییەکان فراوان و...

ئەم چەند نموونەم بۆ ئەوە هێنایەوە کە وا دەبێت لە یەک دێردا چەند هەڵە هەیە. خۆ ئەگەر بە شوێن وردەهەڵە و هەڵەی گشتیدا بگەڕێین ئەوە کەم نین و دیاریکردن و تۆمارکردنیان زۆری دەوێت و، منیش تەنیا نموونەهێنانەوەم مەبەستە.

**هەڵەی زمان و وەرگێڕان و داڕشتن:**

* ئەو لە گێڕانەوە و تۆمارکردنی رووداوەکاندا پشت بە بەدوایەکهاتنی ساڵەکان دەبەستێت و... ل: ١٢

لێرەدا قسە لەوە دەکات کە مێژوونووس ئیبنوئەثیر لە نووسینی کتێبەکەیدا پەیرەوی ڕێبازی ساڵی کردووە، واتە بەپێی ساڵەکان مێژووەکەی نووسیوە. ئەمەیش ڕێبازێکە لە ڕێبازەکانی مێژوو نووسین و، کەسانی وایش هەن مێژوو بە ڕێبازی تر دەنووسن، وەک ڕێبازی پیتی هیجا و شێوەی تر ... بۆ ئەمەیش (پشتبەستن) باش نییە و، پشتبەستن بۆ سەرچاوە دەبێت و، بۆ ڕێباز (لەسەر ڕۆیشتن) و (پێدا ڕۆیشتن) گونجاوە.

* لە ناونیشانی لاپەڕە (٥٥)دا نووسراوە:

دەرهێنانی منالانی ئادەم لە پشتی و وەرگرتنی پەیمان

خوێنەری ئەم ناونیشانە یەکسەر دڵی بۆ ئەوە دەچێت کە ئادەم منداڵدانی هەبووە و لە پشتیدا بووە و دەرهێنراوە. دوای ئەوەیش وەرگرتنی پەیمان لە کێ؟ دەبێ ناونیشانەکە ئاوا دابڕێژرێت: دەرهێنانی نەوەی ئادەم لە پشتی و پەیمان لێ وەرگرتنیان، یان (وەرگرتنی پەیمان لێیان).

* کاتێک ئادەم لەبارەی هاوسەرگیریی لەگەڵ خوشکەکانی ئەم بڕیارەی دا ل: ٥٨.

هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکەکانی کێ؟ خوێنەر گومانی بۆ ئەوە دەچێت لەگەڵ خوشکەکانی ئادەم بێت - کە ئادەم خوشکی نەبووە - شێوەی داڕشتنەکە ئاڵۆز و بزرکاوە و، دیارە مەبەست ئەوەیە ئادەم بڕیارێکی داوە بۆ هاوسەرگیری لە نێوان کچ و کوڕەکانی خۆیدا، کە برا و خوشکی یەک بوون و، حەوا بەهەموو سکێک دووانەیەک - کچ و کوڕێکی - بووە و کچی ئەم سک بۆ کوڕی ئەو سک و، کچی ئەو سک بۆ کوڕی ئەم سک ...

* ئەو لای هیچ کام لە منالەکانی خۆی تێپەڕ نەدەبوو مەگەر ئەوەی بەردیان هەڵدەگرت و تێیان دەگرت. ل: ٦٠

ئەمە دەکرێ بەشێوەیەکی کوردانە و رەسا ئاوا بنووسرێت:

ئەوبەلای هەر کام لە منداڵەکانیدا راببووردایە بەردبارانی دەکرد، یان بەر بەردی دەدا. یان بەردی تێ دەگرت.

* له کـێـوەکـانی (دۆنبـاوەند) دەبوو بەپەڕاوێزێک روون بکرایەتەوە کـە لەوانـەیە مـەبەسـتی (دەماوەند). ل: ٦٢.

* خوا زانایی ئەوی زیاد کرد و ئەو فریشتەکان و بەخشینە فراوانەکان کە بۆی ئامادە کرابوون بەچاو بینی و پێ کەنی. ل: ٢٠١.

وابزانم بزرکاوی ئەم وەرگێڕانە تەعلیقی ناوێ.

* خوا بـۆ ئەو پێغـەمبـەرەی لەگەڵ تالووت بوو شـاخێک شـاخێک کـە ڕۆنی تیا بوو، هـاوڕێ لـەگەڵ تەنوورێکی ئاسنینی نارد و پێغەمبەر بۆ تالووتی نارد و... ل: ٢٣٦.

ئەمەیش مـەگەر خوێنەر خۆی مـانای بۆ دروست کات و بخاتە سەرپێ، دەنا بەلەقـەلەقیش بەڕێوە ناڕوات.

* سیـاوەخش دەیویست بەم کارە لە باوکی دوور بکەوێتەوە تا لە فێڵی ژنی باوک بە دوور بێت .. ل: ٢٦٣.

کورد دەڵێت: باوەژن. ژنی باوک وەرگێڕانی حەرفی (زوجة ابیه)ە.

لەگەڵ هیچ پاشایەک نەدەجەنگا مەگەر ئەوەی سەرکەوتنی بەدەست دەهێنا. ل: ٢٦٥

ئەمـە ئـەگـەر کوردانە دابڕێژرێتـەوە دەکرێ بـنووسـرێت: لەگـەڵ هـەر سـوپایەک ـ یان پـاشـایەک ـ بجەنگایەت بەسەریدا سەردەکەوت.

* لەم کاتەدا باوک رژدی بە کور برد. ل: ٢٩٦

بۆ ئەم شـوێنە رژدی ناگـونجێت چونکە رژدی بە مـانای (چرووکی و رەزیلیـیە) و دەبێ لە باتی رژدی (حەسادەت) یان مانایەکی لەو نزیک دابنرێت.

* جاماسب زانای ئێرانیش ئامادە بوو و قسەی ئیسرائیلی ئەویش وەریدەگیرایەوە ل: ٢٩٧

لێرەیشدا تەرجەمەی حەرفی ئەوەندە باڵی بەسەر دێرەکەدا کێشاوە ماناکەی کردووە بەژێرەوە و دەکرێ بنووسرێت: جاماسبی زانای ئێرانیش لەوێ بوو قسەی ئیسرائیلی وەرگێڕا.

**تەفسـیری ئایەتەکان:**

شتێکی تر کە لەم کتێبەدا جێگەی رەخنە و سەرنجە و نەدەبوو وابووایەت و وەرگێڕیش دەیتوانی بەئاسانی خۆی لێ قـوتار بکات، تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزە، کە وەرگێڕ گوێی بەبنەمای تەفسیر نەداوە و لە خۆیەوە چۆنی بۆ هـاتووە وا تەفسـیری ئەو ئایەتانەی ـ کە ژمارەیان کـەم نییە ـ لە کـتـێـبـەکـەدا کـردووە و، بەمـەیش گـەلێ هەڵەی سـەیر و ناڕەوای کـردووە، کـەچی دەیتـوانی تەفسیرێکی کوردی بکات بەسـەرچاوە و لە پێشـەکییەکەیدا بڵێت: تەفسیری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزم بەپێی فڵان تەفسیر نووسیوە.

بۆ دەرخـسـتـنی ئەو ناتەواوییـانەی لەم بارەوە روویان داوە تـەفـسـیـری چەند ئایەتێک وەک

وەرگێڕانەکە دەخەمە ڕوو و لە پاڵیشیاندا وەک تەفسیری (خولاصەی تەفسیری نامی) تەفسیرەکان جارێکی تر دەنووسم.

* «ئێمە کوڕەکەی ئیبراهیمان پێ فرۆشت بە شتێکی گەورە و ڕێزداری شیاوی سەربڕین» ل: ١٢٣

ئەمە تەفسیری ئایەتی (وفديناه بذبح عظيم)ی ئایەتی (١٠٧)ی سوورەتی (صافات)ە و وەرگێڕ لە وەرگێڕانەکەیدا زۆر دوور ڕۆیشتووە و مەبەستی نەپێکاوە و تەفسیرەکەی ئاوایە:

بەرانێکی گەورەیشمان کرد بە قوربانی بۆ ئیسماعیل کە باوکی لە جیاتیی ئەو سەری ببڕێ.

* «ئیبراهیم بەهەمان شێوە ئەو وتبووی، بەستییەوە و کێردەکەی خۆی تیژ کرد و ناوچاوی خستە سەرخاک» ل١٢٧.

ئەمەیش تەفسیری ئایەتی (١٠٣)ی سوورەتی صافاتە و، تەفسیرەکەی ئاوایە:

کاتێ هەردووکیان ئامادە بوون فەرمانی خوا جێبەجێ بکەن و ئیبراهیم ئیسماعیلی لەپەوڕوو خست بۆ ئەوەی سەری ببڕێ و لایەکی تەوێڵی کەوتە سەر زەوی.

* «فریوی گەورەی خۆیان بەرز کردەوە کە وەڵامەکەی لای خوایە هەرچەندە فێڵەکەی ئەوان ئەوە بێت کە لە زیانی ئەوان کێوەکان بیانەوێت بجووڵێن ..» ل: ١٣٠ ژمارەی ئایەتەکەیش لە وەرگێڕانەکەدا بەهەڵە نووسراوە. ئەمە تەفسیری ئایەتی:

(وقد مكروا مكرهم وعندالله مكرهم وان كان مكرهم لتزول منه الجبال) ئایەتی (٤٦)ی سوورەتی ئیبراهیم. ئەمەیش کاتێک تەفسیری ئایەتەکە وەک تەفسیرە کوردییەکان دەخوێنینەوە دەبینین چەند لە دووری مەبەست نیشتووەتەوە! ئەمە تەفسیرەکەیەتی: بە ڕاستی کافرەکان مەکری زۆریان کرد و ئەو مەکرانەیان لای خوا ئاشکرا بوون و خوا ڕۆژی خۆی تۆڵەیان لێ ئەستێنێ. ئەگەرچی مەکرەکەیان ئەوەندە بەهێز بوو لەوانە بوو شاخ لە شوێنی خۆیدا تەخت بکا.

* «مووسا پێی وت: ئەمە لە نێوان من و تۆ بێت و کە هەریەک لە ڕۆژەکانم لێرە بەسەر ببەم، زیادە ویستن لە من نەبێت و خوا بەوەی دەیڵێم کارسازە ...» ئەمە تەفسیری ئایەتی (٢٨) ل: ١٩٢ سوورەتی قەصەصی پێ کراوە، بەڵام تەفسیرەکەی بەدروستی ئەمەی خوارەوەیە:

مووسایش وتی: ئەوەی کە وتت ڕێککەوتنی نێوان من و تۆ بێ، هەر کام لەو دوو ماوەیەی - هەشت ساڵ یا دە ساڵ - کرێکارییەکەم بەجێ هێنا بۆت داوای زیاترم لێ مەکە چونکە ئەرکی خۆم جێبەجێ کردووە و خوا ئاگادارە لەوەی ئەیڵێین.

* «فیرعەون ئەوانی کوشتار و لەت لەت کرد و ئەوان وتیان: خوایە خۆڕاگریمان پێ ببەخشە و ئێمە وەک خواپەرستەکان بمرێنە» (اعراف / ١٢٦، ٧) ل: ٢٠٠

ئەمەیش تەفسیری ئایەتی (١٢٦)ی سوورەتی ئەعرافی پێکراوە. بەڵام پێش ئەوەی تەفسیرەکەی بەدروستی بنووسم بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم: بەڕوونی لێرەدا لاوازی و بێ

دەسەڵاتیی وەرگێڕ لە زمانی عەرەبیدا دیارە و، وەرگێڕ جیاوازی لە نێوان فیعلی موضاریع و ماضیدا نەکردووە و، (لاقطعن)ی بە (ماضی) مانا لێکداوەتەوە و، ئەمەیش خستوویەتییە هەڵەیەکی ترەوە کە پاساوی زەحمەتە؛ چونکە دوای ئەوەی دەڵێ: (فیرعەون ئەوانی کوشتار و لەت لەت کرد) دەنووسێ: (ئەوان وتیان: خوایە خۆڕاگریمان پێ ببەخشە ...) جا کە ئەوان لەتوپەت کراون بەچی و چۆن دەڵێن (خوایە خۆڕاگریمان ..) ؟!

تەفسیرەکەی بەدروستی ئاوایە:

دەبێ دووبارە پێش نووسینی تەفسیرەکە ئەوە لە بیر نەکەم ئەم نووسینەی وەرگێڕ تەفسیری ئایەتەکانی لە (١٢٣)ەوە تا (١٢٦) دەگرێتەوە، بەڵام ئەو تەفسیری ئایەتی (١٢٥) و نیوەی ئایەتی (١٢٦)ی قووت داوە!

ئەمەیش تەفسیرەکە:

بەراستی دەست و پێتان راست و چەپ، لە هەر ئەندامی لایەک ئەبڕمەوە و، هەمووتان ئەدەم لەدار و هەڵتانئەواسم. واتە: دەستی راست و پێی چەپ، دەستی چەپ و پێی راستتان ئەبڕمەوە و هیچ لایێکتان بەساغی ناهێڵمەوە و، ئەنجا بۆ پەند و عیبرەتی خەڵکیش هەڵتانئەواسم. وتیان: چی ئەکەی بیکە، ئێمە ئەگەڕێینەوە بۆ لای خوای خۆمان و چاوەڕوانی لوتف و میهرەبانی ئەوین. لامان موهیم نییە تۆچی ئەکەی. تۆ ئەوەت لا خراپە کە ئێمە ئیمانمان هێنا بە موعجیزەکانی پەروەردگارمان کە هاتن بۆمان، ئەوەش ئەوپەڕی چاکییە و هی ئەوە نییە ئینسان پێی ناخۆش بێ. خوایا تۆیش سەبر و خۆگری بەسەر دڵماندا برێژە و بە موسڵمانی بمانمرێنە. بەم ئەندازە دەست لە نموونەهێنانەوەی تەفسیر هەڵدەگرم و، هەر بەم بەشەیش دەسبەرداری نموونەهێنانەوە لە سەرجەمی ئەم کتێبە دەبم و، بەم نموونانە سەرکەوتوویی و ناسەرکەوتوویی وەرگێڕ لە کارەکەیدا باش دەردەکەوێت.

بەڵام دووبارە دەڵێمەوە: ئەم کتێبە بەشێکی باشی لە قورئانی پیرۆز تێدایە و، ئیبنوئەثیر هەر رووداوێکی مێژوویی لە قورئاندا هەبێ، قورئانەکەی بەسەرچاوەی سەرەکی داناوە و ئایەتەکانی هێناوە، جا ئەگەر وەرگێڕ ئەوەندەی ئەرک بخستایەتە سەر شانی ـ وەک نووسیم ـ خۆی مانای ئایەتەکانی لە یەکێک لە تەفسیرە کوردییەکان وەربگرتایە ئیشەکەی کەم هەڵەتر دەبوو بەڵگەیش بەدەستەوە دەبوو کە بڵێت: ئەمە قسەی من نییە و تەفسیری فلان مامۆستایە بۆ ئەو ئایەتانە.

دوای ئەمانەیش دەڵێم: گەلی کوردیش ـ وەک هەموو گەلانی جیهان ـ مافی خۆیەتی کە سەرچاوەی جۆراوجۆری بەزمانی خۆی هەبێت و، جێگەی دەستخۆشیشە کە کاک زاهیر شانی داوەتە ژێر بارێکی وا قورس و گران و، کە ـ وادەزانم ـ ئەم کتێبە ئەگەر تەواو بکرێت گەورەترین کتێبی کوردی دەبێت تا ئێستە چاپ کرابێت. بەڵام ئەوەیش لە بیر ناکەم بۆ کتێبێکی وەها کە ـ بێگومان ـ شوێنێکی گەورە و فراوان لە کتێبخانەی کوردیدا دەگرێت، جێگەی خۆیەتی بەشێوەیەک وەربگێڕرێتە سەر زمانی کوردی کە شیاوی ئەو ئەرک و خەرج و رەنجە بێت کە بۆی دەدرێت. من

ئەوە ناشارمەوە کە گومانم لەوە هەیە ئەم کتێبە بەم شێوەی ئێستەی مەبەستی پێکابێت و شیاوی ئەوە بێت وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی خوێنەری کورد پشتی پێ ببەستێت، بۆیە پێشنیازی ئەوە دەکەم هەرچی زووترە لە سەرەتاوە لێژنەیەکی پسپۆڕ و کارامە و دڵسۆز بەپشوویەکی قووڵەوە بەم کتێبەدا بچنەوە و پوختی بکەن و، هەڵە و ناتەواوییەکانی لابەرن و بە زمانێکی پاراو و سفت و سۆڵ چاپی بکەنەوە و بیخەنە ئەو جێگەی کە شیاویەتی لە کتێبخانەی کوردیدا.

**چارەسەر:**

لێرەدا کە ئەم دوو کتێبەم کرد بە نموونە، مەبەستم ئەوە بوو دوو نموونەی زەق لە دوو بابەتی دیار و بەرچاو و جێگەی مەبەستی خوێنەری کورد بهێنمەوە، ئاشکرایە نموونە لەمانە زۆر زۆرترە و، من بەوەدا ناگەم نموونەیان لێ وەربگرم. هەروەها ئەوەیش دەڵێم: لە پشتی ئەم نووسینەوە بەرانبەر بەو دوو کتێبە یان خاوەنەکانیان ـ خوانەخواستە ـ هیچ مەبەستێکی تایبەتیم نییە و حەزم دەکرد کەسێکی تر ئەم کارەی لە بری هەموو ڕۆشنبیرانی کورد و منیش بکردایەت و منیش دەستخۆشیم لێ بکردایەت و ئەم کات و ئەرکەی لێرەدا خەرجم کردوون لە بوارێکی تردا بوایەت. هەروەها مەبەستم ـ خوانەخواستە ـ ناوزڕاندنی کەس نییە و، تا ناچار نەبووبم ناوی کەسم نەهێناوە.

ئەوەی مەبەستی سەرەکیی منە لەم نووسینەمدا ـ وەک هەموو خوێنەرێکی ئەم بابەتە هەستی پێ دەکات ـ ئەوەیە دەری بخەم کێشەیەکی ئاوەها گەورە هەیە و، هەر تەشەنە دەکات و بێ چارەسەرکردن بمێنێتەوە ڕۆژ بەڕۆژ کارەکە خراپتر دەبێت. دەبێ ئەم کێشە چۆن چارەسەر بکرێت؟

بەبۆچوونی من بەم ڕێگەیانەی خوارەوە چارەسەر دەکرێت:

**یەکەم:** لێژنەیەکی باڵا و بەدەستەڵات و لێهاتوو لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ یان هەر لایەنێکی ترەوە ـ دروست بکرێت، ئەرکی هەڵسانگاندنی ئەو کتێبانە بێت ڕێگەی چاپکردنیان گرتووەتە بەر. دەکرێ بۆ ئەمەیش (کتێبخانەی نیشتمانی) ژمارەی سپاردن بەهیچ کتێبێک نەدات ڕەزامەندیی ئەو لێژنەی بۆ چاپکردنی چاپەمەنییەکە پێ نەبێت.

**دووەم:** تا ئەو لێژنە دروست دەبێت هەر دەزگایەک لەو دەزگایانەی کتێب چاپ دەکەن وەک: ئاراس، موکریان، سەردەم، خاک و مەحوی و، ... تاد لێژنەی خۆی بۆ چاودێریی چاپەمەنی هەبێت و هەر کتێبێک شیاوی چاپ نەبێت ڕێگە بە لە چاپدانی نەدرێت.

**سێیەم:** لە پەنای ئەمانەیشدا مامۆستایان و پسپۆڕان و شارەزایانی ڕۆشنبیری کوردی، هەرکەس لە عاستی خۆیەوە بەشێکی لە بەرپرسیاریی ئەم قۆناغەی کاروانی ڕۆشنبیری کوردی لە ئەستۆدایە و، سبەینێ کە کەسێک بێت بارودۆخی چاپەمەنیی ئەمڕۆ هەڵسەنگێنێت بۆی هەیە پرسیاری ئەوە بکات: ئاخۆ کەس نەبووە ئەم چاپکراوانە بخوێنێتەوە و ڕێیان پیشان بدات؟ لەم

رووەوە مامۆستایانی گەورەی رۆشنبیری کوردی بەرپرسیارن و باش وایە ئاگایان لە بازاڕی چاپەمەنی بێت و، ناو بەناو یەکێک لەو کارانەی کە چاپ دەکرێن بخەنە بەر تیشکی سەرنج و رەخنەی بیناکەر و، لا باش و ناباشەکانی بخەنە روو نووسەرانی ئەو کتێبانە بەرچاو روون بکەنەوە و پێیان بڵێن: ئەوەتان باش و چاکە و مایەی دەستخۆشییە و ئەوەیشتان هەڵە و کەموکووڕیی تێدایە و هەوڵی چاککردنی بدەن.

بەمەیش هەرکەس بە تەمای نووسین بێ لە عاستی خۆیەوە هەست بەوە دەکات کارەکەی لەژێر چاودێریدا دەبێت و، بە ئاسانی بەهەڵەوە بۆی ناچێتە سەر.

**چوارەم:** دەکرێ لە رێگەی ئەو هەموو کەناڵی تەلەڤزیۆن و رادیۆ ناوەخۆیی و جیهانییانەوە بەرنامەگەلی حەفتانە و مانگانەیان هەبێت و هەر جارەی شارەزایەک کتێبێک بخاتە بەرباس و بیداتە بەر شەماڵەی نەرم و رێ پێشاندەرانەی رەخنە.

**پێنجەم:** لەم دوا خاڵەیشدا دەڵێم: خۆزگە چۆن (لێژنەی نەزاهە) بۆ گەندەڵیی دارایی و سەروەت و سامان دادەنرێت و کار بۆ دۆزینەوەی ئەو لایەن و کەس و شوێنانە دەکات گەندەڵییان تێدا بێت، بەهەمان شێوە و زیاتریش (لێژنەی نەزاهە) بۆ مامۆستایان و خاوەن بڕوانامەکان و نووسەرانیش هەبوایەت و، بەپێودانێکی دروست و رەوا و شیاو کاری بۆ تەتەڵەکردنی ئەم بارودۆخە بکردایەت و، سەرکۆزەر و بنبێژنگ لاببرایەت و دانێکی پوخت و بێ مرۆر و زریزانە بکردایەت بەنێی ئاشی رۆشنبیری کوردیدا!

پەراوێزەکان:

(١) لە چاوپێکەوتنی بەرنامەی (باخی کتێب)دا کە کەناڵی (کوردسات) لە تەکمدا ئەنجامی دا لەم باسە دوام، بەداخەوە ئەو بەشە و چەند بەشی تری چاوپێکەتنەکە نەخرانە روو.

لە موقابەلەیەکیشدا کە کۆواری (بانەڕۆژ) لە تەکیدا ئەنجامدام و لە ژمارە (٥٤)دا بڵاو بووەوە. ئاماژەم بۆ ئەم بابەتە کرد و، لەوانەی کە لەوێدا وتبووم، وتبووم:

«... ئەو ڕابوون و تەکانەی زمانی کوردی ئێستە داویەتی لەمەوپێش لە چەندیش و چۆنیشەوە بەخۆیەوە نەدیوە، بەڵام ئەم بزووتنەوە و ڕابوونە بێ ڕێنوێنیکەرە و، هەرکەس بۆ خۆیەتی و قانوون و پێوادانێک نییە بەرهەم و نووسراوی ئەمرۆی پێ لە سەنگی مەحەک بدرێت و باش و خراپی پێ لەیەک جیا بکرێتەوە و، بەر لە بەرهەمی لاواز و بێ بایەخ بگیرێت و، ئایەخ بدرێتە دواوە و، کۆمەک و هاندان بۆ کاری پەسند و شیاو ـ هی هەر کەسێ بێ ـ بکرێت.

(*) ئەم بابەتەم نووسیبوو ئەوەی مابوو رێگەی چاپخانە بگرێتە بەر، لە هەفتەنامەی (کۆمەڵ) ژمارە (٤٤٠)ی رۆژی ٢١/٩/ ٢٠١٠دا سیمینارێکی مامۆستا شوکور مستەفا بڵاو بووەوە لە هەندێ لە بۆچوونەکانیدا لەم بابەتەی من نزیک بوو.

# کوردی یەکەتیی سۆڤیەت
# پێشتر و ئێستە

د. تۆسنێ رەشید

ماوەی چەندان ساڵە کۆمەڵگە کوردییەکان بۆ پاراستن و پێشڤەبردنی زمان و کولتووری کوردی رۆڵێکی گەورەیان بینیوە. دوای رووخانی یەکەتیی سۆڤیەت، گۆڕانکاریی گەورە لەناو ئەو کۆمەڵگانەدا روویان دا کە زۆربەیان نەرێنی بوو، وەک چۆن لەناو خەڵکدا دەگوترێ: "یەکەتیی سۆڤیێت بەسەر کورددا هەڵوەشایەوە". لەم گوتارەدا لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی دۆخی کوردەوە لە یەکەتیی سۆڤیێتی جاران و کاریگەری رووخانی یەکەتیی سۆڤیێت بەسەریاندا دەخەینە روو.

## چەند زانیارییەکی مێژوویی

بەپێی مێژوونووس ڤالدیمیر مینۆرسکی، کورد لە سەردەمی کۆندا لە پشت قەفقازی جێگیر بوونە، مێژوونووسانی عەرەبیش بوونی کورد لەو ناوچەیە بۆ سەد ساڵەی IIV دەگەڕێننەوە. هەندێک سەرچاوە دەرهەقی بەرخۆدانی کوردی بالاسیکاندا کە لە نێزیک رووباری کورێی دەمانەوە بەرامبەر بەسوپای خەلیفە لە سەد ساڵەی IIV دەدەن(1).

ماڵباتی شەدادییەکان (بەپێی د. خەلیلێ جندی رەشۆ کوردی ئێزدی بوون)(2) ساڵانی ٩٥١-١٠٨٨ لە شاری ئانی و ساڵانی ٩٧١-١١٧٤ لە شاری گەنجێ دەسەڵاتداریی ناوچەیەکی فراوانیان دەکرد کە ئێستە ئەو ناوچانە دەکەونە ئەرمەنستان و ئازەربایجان.

میرنشینەکانیان لەلایەن سولتانی سەلجووقی ئالپ ئارسەلانەوە ناسراو بوو، شەدادییەکان بەکاری ئاوەدانی و کشتوکاڵ بەناوبانگ بوون، شتێکی سەرنج راکێشە کە باشترین کڵێسای ئەرمەنیی شاری ئانی (کاتی خۆی پایەتەختی ئەرمەنستان بوو) لە سەردەمی شەدادییەکاندا

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە کرمانجییەوە: هۆشی خەیرەدین مراد

هاتووەتەوە دروستکردن.

شەدادییەکانیش پردی خودافەرن لەسەر ڕووباری ئەرەزیان دروست کرد کە تا ئێستە هەر ماوە[٣].

دەرگەی گەنجێ کە نموونەیەکی شایستەی هونەری سەد سالّی ناوەڕاستە و ئەمڕۆ لە مۆزەخانەی شاری تبلیس دێتە پاراستن لە سەردەمی دەسەلاّتدارییان لە گەنجێ دروست کراوە[٤].

وەهاش دیارە، وەک هێرشەکانی ئۆغووز لە سەد سالّەی XI لە ناوچەی شیرڤان (ئازەربایجانی ئێستە) هێرشیان کردەوە سەر کورد، لە سەد سالّەی XII کورد لە شاری بەلاگان (ئازەربایجانی ئێستە) هەبوون. بەپێی زانیاریی نووسەر کورد شامیل ئەکەرۆڤ لە سەد سالّەی XII بەڕووباری تێرتێرەوە کە لە شاخەکانی کەلبجار (کوردستان سوور) دەست پێ دەکات، دەیگوتن "ئاوی کوردان"[٦].

مێژووی پێوەندییەکانی کورد و گورجییەکان لە سەد سالّەی VII-IX دەست پێ دەکات[٧]. لە سەدسالّەکانی XII-XIII دوو برا کوردی ئێزدی بەناوبانگ ئیڤانێ و زاکاریێ چەلدرێژ لە دیوانی شاهبانیی گورجستانی تاماردا خاوەن هێزێکی سیاسی و سەربازیی گەورە بوون و ناویان لە سەرتاسەری رۆهەلاّتی ناڤین بلاّو بووبووە[٨] و گەلێک هۆزان و شیعر، گۆرانی و داستان لەبارەی مێرانی و جۆمەردییانەوە هاتنەوە نووسین و تا ئێستەش هەر دەنووسرێنەوە[٩]. لەو سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆری کورد پشتگرییان کرد و کۆچی گورجستانیان کرد، ئەو کوردانەش دوای ماوەیەکی درێژ لەناوی خەڵکی ناوچەکەدا توانەوە.

یەکەمین شەپۆلی کۆچکردنی کورد بەر بەپشکاڤکاز کە تا ئێستەش نەوەکانیان ماونەتەوە، ئەو ٢٤ هۆزی کوردە بوون کە لە سەد سالّەی XVI شاهی ئێران عەباس I بۆ پاراستنی سنوورەکانی باکوری رۆئاوای ئیمپراتۆرییەتی خۆی لە رۆهەلاّتی کوردستانییان هێنانەوە و لەو ناوچەیەیان جێگیر کرد کە بەشێکی گەورەی ئەو ناوچەیە ئێستە دەکەوێتە ئازەرباجان (کوردستانی سوور) و بەشی تریش کە دەکەوێتە ناو ئەرمەنستان[١٠].

چەند هۆزێکی کوردی موسڵمان لە کۆتای سەد سالّەی XVII لە ناوچەکانی رها و ماراش بەرەو باشووری گورجستانیان کۆچ کردەوە و لە ناوچەکانی مێسخێت و ئاجار جێگیر بوون.

کوردی ئێزدی لە هەردوو ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئێرانی ڕووبەڕووی زۆرداری و ستەمی دوجا دەبوون لە ڕووی نەتەوەیی و لە رووی ئاینییەوە. بەسەدان سالّ هیچ مافێکیان نەدەناسرا و دەسەلاّتدارەکان پاراستنیان نەدەکرد بەرامبەر بەو زۆردارییانەی کە لەلایەن موسڵمانانەوە دەرهەقیان دەکرا، بۆیە هەرگاڤ چاویان لەو دەوڵەتانە بوو کە زۆردارییان لێ ناکرێ وەک دەوڵەتانی خاچپەرست، لە سەدسالّەکانی XVIII نێزیکترین دەوڵەتی خاچپەرستی سەربەخۆ گورجستان بوو، لە سالّی ١٧٧٠ شای گورجی کارتلی و کاخێتی ئیراکلیی II بەرێگەی مەترانی ئاسوورییەکان عیسا پێوەندیی بەئێزدییەکانی باکوری کوردستان کرد و داوایان لێ کردن کە

پشتگیریی سەربازی بکەین بەرامبەر بەپێدانی دەسەلآتی ناوچەیی. شای گورجان گلەیی لەلای چۆبان ئاغای سەرۆکی ئێزیدییەکان دەکات و پێشنیازی بۆ دەکا کە قەلآی خۆشاب بداتێ بەرامبەر بەسەرخستنی پلانەکەیان[١١]. ئەم هاوکارییە تا کۆتا سەر ناگرێ، بەلآم دیسانیش ٤٠٠٠ مالّباتی ئێزدی کۆچی گورجستان دەکەن و لە شاری تبلیس جێگیر دەبن.

بەلآم کۆچکردنی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ پشکاڤکاز لە سەد سالّی XIX دەست پێ دەکات کاتێ ئەو ناوچەیە دەچێتە ناو ئیمپراتۆریای رووسییەوە. دوای شەرەکان رووسیا-فورسی (١٨٠٤-١٨١٣ و ١٨٢٦-١٨٢٨) و بەتایبەت دوای پەیماننامەی تورکمانچا (١٨٢٨)، مافی تایبەت بۆ کورد و ئەرمەنییەکان درا بۆ ئەوەی بتوانن کۆچی ناوچەکانی ئیمپراتۆریای رووسیا بکەن، لە سالآنی ١٨٠٧، ٦٠٠ مالّباتی کورد لە قەرەباخ جێگر دەبن[١٢].

دوای ئەوەی سوپاسالاری رووسیا پاسکێڤیچ لە سالّی ١٨٢٨ پارێزگەی یەریڤان لە فورسەوە وەردەگرێ، ئێتر لە نێزیکی رووباری ئەرەز ئێزدی هەبوون. ئەوان لە هۆزی شەرقییان بوون و نەوەکانیان تا ئێستە لەو ناوچەیە دەژین. لەو کاتە دوو گوندی ئێزدییەکان لە نێزیک شاخی ئەلەگەزی رۆئاوا هەبوون و هەروەها لە گوندی رییا تەزە (قونداخاسازی پێشوو) کە یەک لەو ١١ گوندەی کوردی ئێزدیی ناوچەی ئەلەگەزە و دەکەوێتە باکوری شاخی ئەلەگەز، گۆرستانێکی کوردی ئێزدی هەیە کە بەپێی مێژوونووسانی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەد سالّەکانی XVI-XVII(13).

بەلآم زۆربەی کوردەکانی ئێزدی دوای شەڕی قرم (١٨٥٣-١٨٥٥) و شەڕی رووسی-عوسمانی (١٨٧٧-١٨٧٨) کۆچی ئەرمەنستانی ئەمڕۆیان کردووە. لە سالّی ١٨٧٤ دوو هۆزی ئێزدی "رۆژکی" و "سیپکی" کۆچ پەرستگەی قەسرێ دەکەن کە لەو کاتەدا لەژێر دەسەلآتی رووسدا بوو[١٤].

لە سالّی ١٩٠٨ نوێنەری مالّی میری ئێزدییەکان ئیسماعیل بەگ چۆل بەمەبەستی پشتگیریکردن لە ئێزدییەکان نامەیەک ئاراستەی جێگری قەیسەر لە تبلیس ڤۆرۆسۆڤ داشکۆڤ دەکات، بەپێی ئەو نامەیە لەو کاتە ٧٢ گوندی ئێزدی لە ئیمپراتۆری رووسیا هەبوون کە ٣٥٠٠ مالّبات تێیدا ژیانیان بەسەر دەبرد[١٥].

لە سالآنی شەڕی یەکەمی جیهانی دەتوانین بلّێین سەرجەم ئەو ئێزیدییانەی سەرحەد (کە بەزۆزانیش ناسراون) هەلّدێن بۆ ئەرمەنستانی ئەمڕۆ و بەشێکیان دەچنەوە بۆ گورجستان (ئەو ئێزدییانەی کە هەلّنەهاتن دواتر بەزۆری کرانە بەموسلّمان).

دوای ئەوەی سوپای رووسیا لە کۆتای سالّی ١٩١٧ (پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر) لە پشکاڤکازی کشایەوە، سوپای تورکیا دەربازی ئەو ناوچەیە بوو و بەدەیان هەزار ئێزدیی قڕ کرد، سەد مخابن دەستی بەگی کوردی موسلّمانیش لەو قڕکردنە هەبوو.

کورد بەم شێوەش لە ئاسیای ناڤین جێگیر بوون، دیارە وەک لە سەد سالّەی XVIII لە ناوچەی ئابیڤێردی تورکمانستان کورد هەبوون[١٦]، بەلآم لە کۆتای سەد سالّەی XIX چەند هۆزێکی کورد

بەهۆی هۆکاری ئابوورییەوە لە خوراسانەوە بەرەو تورکمانستانی ئەمڕۆ کۆچ دەکەن.

دوای دامەزراندنی یەکەتیی سۆڤیەت کورد لەناو چوار کۆمار لە ئازەربایجان، تورکمانستان، ئەرمەنستان و گورجستان مانەوە.

کوردی یەکەتیی سۆڤیێتی جاران، لە سەردەمی ستالیندا سێ جاران تووشی دوورخستن (نەفی) بوون، ئەم دوورخستنەوە بەشێکی پلانی ستالین بوو کە دەیویست سنوورەکانی دەوڵەتەکەی لەو گەلانەوە چۆڵ بکات. یەکەمین دوورخستنەوە لە پاییزی ساڵی ١٩٣٧ هاتە ئەنجامدان، کاتێ کوردی موسڵمان لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان (لە ١٢ گوندی نێزیک ڕووباری ئەرەز کە سەر سنووری تورکیا بوون) بۆ کازاخستان و کۆمارەکانی ئاسیای ناڤین هاتنە دوورخستن.

بەپێی دیکۆمێنتە رەسمییەکان لە ساڵی ١٩٣٧ نێزیکەی ٨٠٠ کوردی موسڵمان لە ئەرمەنستانەوە بۆ قەرغیزستان نەفی کران[١٧].

لە ساڵی ١٩٤٤ کوردی موسڵمانی بەتەواوەتی (بەپێی بەڵگەنامە رەسمییەکان نێزیکەی ٩٠٠٠) لە باشووری گورجستان، ناوچەکانی مێسخێت و ئاجار بۆ قەرغیزستان، کازاخستان و ئۆزبەکستان هاتنە دوورخستن[١٨]. دڕندایەتی لەودا بوو کە لە کاتی نەفیکردنی ماڵباتە کوردییەکان، زۆربەی پیاوانی ئەو ماڵباتانە دژی ئەڵمانیای نازی شەڕیان دەکرد و بەرگرییان لە یەکەتیی سۆڤیەت دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٧ بەشێک لە کوردی ئێزدیش لە گورجستانەوە بۆ کازاخستان و ئاسیای ناڤین دوور خرانەوە، بەڵام ئەوانە دوای مردنی ستالین جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ئەرمەنستان و گورجستان.

## کوردی ئازەربایجان

کاتێ دەسەڵاتداری سۆڤیەت لە ئازەربایجان هاتە دامەزراندن (نیسانی ١٩٢٠) کورد لەو کۆمارە لەم ناوچەیانە دەمانەوە : کوردستانی سوور (ناوچەی باشوور و رۆئاوای قەرەباغی چیای، ناوچەی زاردابا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئازەربایجان و دەوروبەری سەدەرەک و تەیڤاز لە نەخچڤان. بەپێی هەندێک سەرچاوەی سەربەخۆ، لەو کاتە ژمارەی کورد تەنیا لە کوردستانی سوور، کوردی نەخچڤان و ناوچەکانی ئازەربایجان نێزیکەی ٦٠,٠٠٠ بوو جگە لەوانەی کە ماونەتەوە)[١٩].

بەبڕیاری یەکەتیی سۆڤیەت لە ٧ی تەممووزی ساڵی ١٩٢٣ کوردستانی سوور دەبێتە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی (ناوی رووسی: کوردیستانسکی ئوویێزد)، بەڵام ژیانی ئەم ئۆتۆنۆمییە کەمتر لە شەش ساڵ دەخایەنێ و بەبڕیاری شەشەمین کۆنگرەی سۆڤیەتی ئازەربایجان لە یەکەتیی کارگێڕیدا ئۆتۆنۆمی نامێنێ. شتێکی سەرنج ڕاکێشە کە دوای ئەو بڕیارە ئۆتۆنۆمیی ئەرمەنییەکان لە قەرەباخی چیایی مایەوە.

له ٣٠ی ئایاری ساڵی ١٩٣٠ کوردستانی سوور دیسان دەبێتە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی، بەڵام ژیانی ئەو ئۆتۆنۆمییە تەنیا دوو مانگ و نیوی خایاند.

دێتە گۆتن، چۆن ئۆتۆنۆمیی کوردستانی سوور بەدڵی ئەرمەن نەبوو هەروەها بەدڵی ئازەرییەکانیش نەبوو، ئەرمەن دژی ئەو ناوچە بوون، چونکە حەزیان نەدەکرد ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی کورد لە نێوان ئەرمەنستان و قەرەباخ هەبێ، لە بەرامبەریشدا ئازەرییەکانیش هاورا بوون لەگەڵ ئەرمەن چونکە بەشێکی لە خاکیان دراوەتە بەکورد.

هەرچەندە کوردستانی سوور وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٩٣٠وە نەما، بەڵام تا ساڵی ١٩٣٨ چالاکیی کولتووری و پەروەردە لەو ناوچەیە بەردەوام بوون. لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠-١٩٣٨ نێزیکەی ٣٠ کتێبی کوردی بەئەلفەبێی لاتینی چاپ کران، لە خوێندنگەکان زمانی کوردی دەخوێندرا، لە ساڵی ١٩٣١ رۆژنامەی "کوردستانا شۆرەڤی" دەرچوو، لە ساڵی ١٩٣٢ بەمەبەستی ئامادەکردنی مامۆستای زمانی کوردی، بەشی کوردی لە کۆلێجی پەروەردە لە شاری شووشی کرایەوە. بەڵام ئەم دۆخە خۆشە درێژەی نەکرد، ڕێوشوێنەکانی رێژیمی ستالین لە ساڵانی ١٩٣٧- ١٩٣٨ بەدڕندایەتی لەلایەن میر جەعفەر باگیرۆڤ سەرۆکی ئازەربایجانی سۆڤیەت هاتنە بەکارهێنان، چاپکردنی کتێبی کورد ڕاگیرا، بەهەزاران کورد لەنێویان گەلێک رۆشنبیر، وڵاتپەروەر و کەسایەتیی ناودار بەتاوانی بێ بنەما هاتنە گرتن، نەفیکردن و کوشتن. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردییان لەو وڵاتە بێ سەروشوێن کرد و هەرچی حەزیان دەکرد بەسەری کوردیان جێبەجێ کرد.

ئەگەر دوای مردنی ستالین زوڵم و زۆرداری لە سەرانسەری یەکەتیی سۆڤیەت تا ڕادەیەکی کەم بووەتەوە، بەڵام بەرامبەر بەکوردی ئازەربایجان هیچ شتێک نەگۆڕدرا و هەروەک خۆی مایەوە، لە ساڵی ١٩٣٨ کاربەدەستانی ئازەرباجان سیاسەتێکی شۆڤینانەیان بەرامبەر بەکوردیان پێڕۆ کرد و گەیشتە رادەی کە وشەی کورد هاتە قەدەغەکردن، ئامانج لەو سیاسەتە تواندنەوەی کورد بوو. دەتوانن بڵێین سەرۆکایەتیی ئازەربایجان لەو سیاسەتەی خۆیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، چونکە ژمارەی کورد لەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٢٩، ٤١ هەزار و ١٩٣ کەس بوو و لە ساڵی ١٩٥٩ ئەو ژمارە بۆ هەزار و ٤٨٢ کەم بووتەوە.

لە زۆرێک لە سەرچاوە ئازەرییەکان دێتە گوتن کە کورد لە ئازەرباجان نەهاتوونەتەوە تواندن، بگرە تێکەڵی ژیان بوونەوە، تا ئێستەش سەرۆکایەتیی ئازەربایجانیش کوردن، فەرید شافی دەنووسێ. "کورد یەکێکە لەو کەمینە ئەتنیکیانە کە لە ئازەربایجان بەشێوەیەکی باش تێکەڵ بوونە. گەلێک کورد لە حکوومەتی ئازەربایجاندا گەیشتوونەتەوە پۆستی پایەبەرز". بەبڕوای ئێمە سەرچاوە ئازەرییەکان هەردوو وشەی ئینتێگەربوون و تواندنەوەیان تێکەڵ کردووە، ئینتێگەربوون ئەوەیە کە کاتێک کۆمەڵێک کەمینەی ئەتنیکی بەپاراستنی ناسنامە، زمان، کولتووری لە کۆمەڵگەی گەورەتر جێگەی خۆ دەگرێت، بەڵام کاتێ کۆمەڵێک کەمینەی ئەتنیکی زمان، کولتوور و ناسنامەی

خۆی بزر دەکاتەوە ئەوە دێتە واتای تواندنەوە و کوردانی ئازەربایجان ئینتێگەر نەبوونەتەوە، بەڵام هاتوونەتەوە تواندنەوە.

پێویستە بڵێین، کوردانی نەخچڤان پارێزگارییان لە کوردایەتیی خۆیان کرد، چونکە پێوەندییان لەگەڵ کوردانی ئەرمەنستان بەهێز بوو.

لە کۆتای ساڵانی ١٩٨٠ و سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ وێرانکارییەکی هەمیشەیی چاوەڕوانی کوردانی ئازەربایجان بوو، لە شەڕی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا بۆ قەرەباخی چیایی، زیانێکی گەورە گەیشتە کوردانی کوردستانی سوور، ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣ هێزەکانی ئەرمەنستان بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ بەرخۆدانێکی ڕێکوپێک ببەن، ناوچە کوردییەکانیان داگیر کرد، کوردانی ناوچەکە هەموویان بوونەتە پەنابەر و لە سەرانسەری ئازەربایجاندا بڵاو بوونەوە.

دوای سەربەخۆیی ئازەربایجان، سەرۆکایەتیی ئەو کۆمارە ڕێگەیان بەکورد دایەوە کە ناوەندێکی کولتوور بکەنەوە (ڕۆناهی) کە ڕۆژانە بۆ ماوەی نیو سەعات بەرنامەی ڕادیۆیی بەزمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە، ساڵانە ٢-٣ کتێب و کۆوارێکی مانگانە بەناوی (دیپلۆمات) چاپ دەکرا، بەڵام دۆخی کوردان لەو وڵاتە پێش نەکەوت و تواندنەوە هەر بەردەوام بوو.

ساڵانی ١٩٨٩-١٩٩٠ نێزیکەی ١٢٠٠٠ کوردی موسڵمان لە ئەرمەنستانەوە بەرەو ئازەربایجان هەڵاتن، بەهاتنیان ژیان و کولتووری لەنێو کوردانی ئازەربایجاندا گەشەکردنێکی بەخۆیەوە بینی.

پێوەندییە دۆستایەتییەکانی نێوان تورکیا و ئازەربایجان کاریگەرییەکی خراپی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دروست کرد، ساڵی ٢٠٠١، ٣٢ کورد وەک لایەنگری پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" هاتنە گرتن، گەلێک کورد کە لە دەرەوەی ئازەربایجان هاتبوون، لەو وڵاتە دوور خرانەوە[٢١].

لە ساڵی ١٩٩٠ ژمارەی ڕەسمیی کورد لە ئازەربایجان ١٣ هەزار و ١٠٠ کەس بوو، بەڵام بەپێی سەرچاوە کوردییەکان ئەمڕۆ لە ئازەربایجان لەلایەنی کەمەوە ژمارەی کورد دەگاتە ٥٠٠ هەزار کەس[٢٢].

## کورد لە تورکمانستان

مێژووی کورد لە تورکمانستان (کۆمارێکی یەکەتیی سۆڤیەتی تورکپەرست بوو) وەک کوردانی ئازەربایجانە، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٦ لەو وڵاتە ٢٢ هەزار کورد هەبوون، لە ساڵی ١٩٥٩ ژمارەیان بۆ ٢ هەزار و ٢٦٣ کەس کەم بووەتەوە[٢٣]، ساڵی ١٩٧٠ ژمارەیان ٢ هەزار و ٩٣٣ بوو، بەڵام بەپێی زانیارییە نارەسمییەکان کە لەلایەن کوردەوە دراوە ژمارەی کورد لە تورکمانستان لە ساڵی ١٩٧٠ پەنجا هەزار[٢٤] بوو، بەڵام ئێستە دەبێ نێزیکەی ٢٠٠ هەزار بێت، دوای سەربەخۆیی تورکمانستان هیچ گواستنەوەیەک لە ژیانی کوردانی ئەو کۆمارەدا ڕووی نەدا.

کوردناس چ. باکایێڤ کە لە ساڵانی ١٩٥٤، ١٩٥٧ و ١٩٥٩ بەمەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی زاراوەی کوردانی خۆراسانەوە کە کوردانی تورکمانستان بەشێکێن لەوانە، سەردانی تورکمانستان دەکات و دەنووسێ، وەک کوردانە ئەو کۆمارە هێشتا زمان و کولتووری خۆیان دەپارێزن.

کۆتایی ساڵانی بیستەمین و بەتایبەت ساڵانی سییەمینی سەد ساڵەی XX، چۆن لە کۆمارەکانی پشکاڤکاز، وەهاش لە تورکمانستانیش بۆ پاراستن و پێشڤەبردنی زمان و کولتووری کوردی هەناگوی هێژا و باش دێنە هاوێشتن. زمانی کوردی لە خوێندنگەکانی گوندەکان دەخوێنرا و کتێب بەزاراوەی کوردانی خۆراسان بەئەلفەبێی لاتینی (عەرەبێ شەمۆ و ئیسحاق مۆراگوولۆڤ) دەهاتە چاپکردن.

ڕێوشوێنەکانی ڕێژیمی ستالین لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ لەو کۆمارەدا کۆتایی بەچالاکییەکانی کوردان هێنایەوە. ئەگەر لە کۆماری ئەرمەنستان و گورجستان دوای مردنی ستالین هەندێک ماف جارێکی تر بۆ کوردان گەڕایەوە، بەڵام لە تورکمانستانیش وەک ئازەربایجان هیچ مافێکیان بەکورد نەدا، سیاسەتی تواندنەوە و چەوساندنەوەیان بەرامبەر بەکوردیان پێڕەو کرد.

دوای سەربەخۆیی تورکمانستانیش هیچ مافێکی کۆمەڵایەتی بەکورد نەدرا و پرۆسەی تواندنەوەی کورد بەردەوام بوو.

## کوردانەی گورجستان

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردانی ئێزدی بەگرینگی خۆیان لە گورجستانی ئێستە لە شاری تبلیس مانەوە. ژمارەیەکی کەم لە کورد لە شارەکانی تێلاڤی و باتۆمی هەبوون. دێتە گۆتن، وەک لە چەند گوندێکی کاخێتیش ئێزدی هەبوون، بەڵام کوردانی موسڵمان لە گوندەکانی ناوچەی مێسخێت و ئاجار دەمێننەوە.

ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانی، بەهۆی دۆخی ئابووری گەلێکماڵباتی کوردی ئێزدی لە ئەرمەنستانەوە کۆچی گورجستانیان کرد.

دوای دامەزراندنی کۆماری گورجستانی سۆڤیەت، لە ساڵی ١٩٢١ لە تبلیس یانە و خوێندنگەی کورد کرانەوە، تیپی فۆلکلۆری هاتنە پێکهێنان و ژیانی کولتووری کورد گەش بوو.

لە ساڵی ١٩٢٢ ئەحمەدێ میرازی و لازۆ (هاکۆب خازاریان) لە شاری تبلیسیان خوێندنگەیەکی ئێوارانی بۆ منداڵانی کورد کردەوە و تێیدا زمانی کوردی بەئەلفەبێی لاتینی کە لە ساڵی ١٩٢١ لەلایەن لازۆوە دانرابوو، بەکار دەهێنرا. ئەو خوێندنگەیە تا ساڵی ١٩٢٩ هەبوو و هەندێک لەو کەسانەی لە خوێندنگەکەدا خوێندوویان دواتر بەناوبانگ بوون وەک: زمانزان قەناتێ کوردۆ، چەرکەز باکایێڤ، بەرپرسیاری ڕۆژنامەی "رییا تەزە" جەردۆنێ گێنجۆ، مێرخاسی یەکەتیی سۆڤیەت سەمەندێ عەلی سیابەندۆڤ، کوردناس خالید چەتۆیێڤ و چەندانی تر.

لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٣٠ (ساڵانی ڕێوشوێنی ڕێژێمی ستالین) و تا ساڵانی شەستەکان حکومەتی گورجستانی سۆڤیەت هاوکارییەکانی پاراستن و پێشڤەبردنی زمان و کولتووری کوردی ڕاوەستاند، لە نیوەی دەیەی شەستەکاندا حکومەتی کۆماری سەرلەنوێ گرینگیی بەکورد و داخوازەکانیان دایەوە و لە ساڵی ١٩٦٠-١٩٨٠ تبلیس بوو بەناوەندێکی کولتووری کوردی. زمانی کوردی لە ٩ خوێندنگەی شارەکە کە خوێندکارانی کورد تێیدا زۆر بوون دەخوێنرا، شانۆی کوردیی تبلیس چۆن لە گورجستان و ئەرمەنستان هەروەها لە کازاخستان، سووریا و فرانساش بەرهەمەکانی پێشکێشی بینەران دەکرد، تیپی فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ تیپەکانی هەڵپەڕکێ دەرباسی گۆڕەپانی کولتووری کوردی، نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی کۆماریدا هەبوون، لە ماوەیەکی کورتدا گەلێک هونەرمەند بەتایبەت شێوەکار هاتنە کایەوە، لە ڕادیۆی دەوڵەت بەرنامەکانی بەزمانی کوردی هەبوون و لە یەکەتیی نووسەرانی گورجستان ناوەندی نووسەرانی کوردی کار دەکرد.

پێویستە لێرە بەبیر بێننەوە کە دوای نەفیکردنی کوردی موسڵمان لە ساڵی ١٩٤٤ لە گورجستان، دەتوانین بڵێین ئەو کوردانەی کە ماونەتەوە هەموویان ئێزدی بوون.

کوردی ئێزدی کە نێزیکەی ٣٠٠ ساڵە لەو کۆمارەدا دەژین ژمارەیان هەر زیاد دەبوو و لە ساڵی ١٩٨٩ گەیشتە ٣٣ هەزار. ئەو هاوکارییانەی کە حکومەتی گورجستانی سۆڤیەت پێشکێشی بەکوردی ئێزدییان کرد هۆکارێک بوو بۆ پاراستنی زمان، کولتوور و ناسنامەیان، بەڵام دوای ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت دۆخەکە بەیەکجاری تێک چوو.

ئەمڕۆ کوردی ئێزدی لە گورجستان دەخوازین زمان، دەزگە کولتوورییەکان و یەکەتیی خۆین بپارێزن و گرینگی بەبەرژەوەندییە سیاسی و کولتوورییەکانی خۆیان بدەن، بەبڕوای نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەو کۆمەڵگەیە کەمینەیە کە دەتوانی بەپاراستنی ناسنامە، زمان و کولتووری خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی گورجستان ئینتێگرە بووبایە، ئێستە ڕووبەڕووی لەدەستدانی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی دەبێ و پرۆسەی تواندنەوە وەکو پەنجەشێر لەناو جەستەکەیاندا بڵاو دەبێتەوە(٢٥).

یەکێک لە مەترسییەکانی کە کۆمەڵگەی ئێزدی لە گورجستان ڕووبەڕووی بووەوە، دەرچوونیان بوو بۆ دەرەوەی وڵات، ئەوەش بەهۆی هۆکاری ئابووری بوو، کۆچکردنی ئێزدییەکان لە گورجستان تا ڕادەیەکی زۆرە توانای مرۆڤی و دارایی کۆمەڵگەی ئێزدی کەم کردەوە.

ئەگەر تەماشای دۆخی گورجستان دوای سەربەخۆیی بکەین، دەبینین تەنیا ئەو ماڵباتانەی کە توانای دابینکردنی خەرجی سەفەرکردن بدەن وڵاتەکەیان بەجێ هێشت، واتا ئەوانەی کە دەرچوون دەوڵەمەند و سەرکێشانی کۆمەڵگەی ئێزدی بوو و بەدەرچوونیان توانای ئەو کۆمەڵگەیە کەم بووەتەوە بەتایبەت دوای ئەوەی حکومەتی گورجسانی سەربەخۆ هاوکاریکردنی کۆمەڵگەی کوردی ڕاگرت. دەتوانین بڵێین، وەک چۆن کۆمەڵگەی کوردی ئێزدی لە ماوەیەکی کورتدا دەسکەوتەکانی

سالآنی سۆڤیەتییان لەدەست دا، شانۆی کوردیش لە ساڵی ١٩٩٢ هاتە داخستن، تیپەکانی هەڵپەڕکێ و گۆرانیی کوردی بەربڵاو بوونەوە و شوێنەکانی کۆبوونەوە و سازکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان نەمانەوە.

کەمبوونەوەی ژمارەی کوردی ئێزدی، نەبوونی شوێنی دیدار و یەکتر بینین کاریگەرییەکی نەرێنیی بەسەر زمانی کوردیدا بەجێ هێشت.

داخوازی کوردی ئێزدی کە بەیەکەتیی ڕادەیەکی بەرز بەرژەوەندییە سیاسی و کولتوورییەکانیان بپارێزن ئەگەر بەتەواوەتی تێک نەچووبێت، ئومێدی نەماوە.

پێویستە بڵێین، کەم نەتەوەکانی ئەتنیکی هەموویان هاوکارییان لە دەرەوە وەردەگرت، ئەرمەنی، ئازەری، رووس، ئۆکرانی ولآتەکانیان پشتگیرییان دەکردن هەروەها ئاشوورییەکانیش کە دەوڵەتی سەربەخۆیان نەبوو لەلایەن باڵیۆزخانەی ڤاتیکانەوە یارمەتییان دەدرا[٢٦]، تەنیا کوردی ئێزدی بێخوەدی ماونەوە.

کاتێ کوردی ئێزدی باسی مافی سیاسیی خۆیان دەکەن، ڕاگەیاندنی گورجی ئەوان بەجوداخواز تاوانبار دەکات، نوێنەرانی حکومەت مافی کولتووریش بۆ ئێزیدییەکان بەمافێکی زیاد دەبینن، سەرۆکی پالاتی زمانی گورجی لێڤان گڤینجیلییا دەڵێ: "لە ولآتە دیموکراسییەکان حکوومەت خەمخۆری گشت کۆمەڵگەیە، بەڵام نەدیاسپۆرای نەتەوە جیاجیاکان"[٢٧].

فاکتەرەکی هەمیشەیی کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی ئێزدی لە گورجستان بەجێهێشت، سیاسەتی دەرەوەی ئەو ولآتە بوو. سەرۆکایەتیی گورجستان بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی کورد بەپێوەندییەکانی بەتورکیایەوە فیداکاریی دەکرد، بۆ نموونە، لە کاتێ سەرژمێریی ساڵی ٢٠٠٢دا لە خانەی نەتەوە لەناو فۆرمی سەرژمێریدا ناوی کورد نەبوو، بەڵام ناوی تورک هەبوو، لەو کاتەی کە ژمارەی کورد زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس بوو، بەڵام تورکی چەند کەسێک بوون.

بەبۆچوونی داڤید سزاکۆنی کە لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی دۆخی کوردی ئێزدی لە گورجستان کردووە، فاکتەری نەرێنی کە کاریگەری لەسەر دۆخی کوردی ئێزدی بەجێ هشت برێتین لە[٢٨]:

١- گواستنەوە سیاسی و ئابوورییەکان لە گورجستان دوای ساڵی ١٩٩١ کە بووەتە هۆی کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆری ئێزدی.

٢- نەبوونی یەکەتی و زۆربوونی ڕێکخراوی بچووک و پرسی ناسنامە (ئێزدی یان کورد) هێزی کۆمەڵگەکەی سست کرد.

٣- لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتدا ناسنامەی گورجبوونەوە کرایە بنەما و هیچ گرینگییەکیان نەداوە بەکەم نەتەوەکانی گورجستان.

دوای رووخانی یەکەتیی سۆڤیەت کۆمەڵگەی کورد لە گورجستان لە رووی سیاسی، ئابووری و کۆمەلآیەتییەوە زۆر لاواز بوو، ئەگەر کۆمەڵگەی کورد نەتوانێ خۆی لەم دۆخە رزگار بکات و

هاوكاری له دهوروبهر وهرنهگری، ئهو كۆمهڵگهیه بهتهواوهتی لهناو دهچێ، وههاش ساڵ دوا ساڵ ژمارهی كورد له گورجستان كهم دهبێ، ئهگهر ساڵی ١٩٨٩ ژمارهیان لهو كۆماره ٣٣ ههزار و ٣٣١ كهسه بوو، له ساڵی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠ ههزار و ٨٤٣ كهم بووتهوه، بهڵام بهپێی كوردانی گورجستان، ئێسته ژمارهی كوردی كه لهو وڵاته ماونهتهوه نێزیكهی ٦ ههزار كهسه(٢٩).

## كوردانی ئهرمهنستان

دۆخی كوردی ئهرمهنستان ههموو كات جیاواز بوو له دۆخی كوردی كۆمارهكانی تری یهكهتیی سۆڤیهت، ناسیۆنالیزمی كورد لهو كۆماره بهردهوام بههێزتر بوو، بهشێوهیهكی گشتی سهرۆكایهتیی كۆماری ئهرمهنستانی سۆڤیهت زۆرجار هاوكاریی كۆمهڵگهی كوردی دهكرد. ئهم دۆخهش بۆ ئهوه دهگێڕێتهوه كه زۆربهری كوردی ئهرمهنستان ئێزدی بوون و نێوان ئێزدی و ئهرمهن دۆستایهتییهكی مێژوویی ههبوو.

له سهرهتای دامهزراندنی كۆماری ئهرمهنستانی سۆڤیهت (١٩٢٠/١١/٢٩) سهرۆكایهتیی كۆمار بڕیاری دا كه زمانی كوردی له خوێندنگهكانی گونده كوردنشینهكان بێته خوێندن، بۆ ئهم مهبهستهش پێویستی بهئهلفهبێی زمانی كوردی ههبوو، له ساڵی ١٩٢١ لازۆ (هاكۆب خازاریان) لهسهر بنهمای پیتی ئهرمهنی ئهلفهبێی زمانی كوردیی دانا و له هاوینی ههمان ساڵدا یهكهمین كتێب بهزمانی كورد "شهمس" چاپ دهبێ. پێشتر له ههتیوخانهكان (پێش ههموویان له ئاشتاراک) و دواتریش له گوندهكانی كورددا منداڵان بهو كتێبه فێری خوێندن و نووسینی زمانی كوردی بوون و ئیتر له ساڵی ١٩٢١ خوێندنگهی كوردی لهناو ٥ گوندی كورددا دهكرێنهوه. ههر لهم ساڵهدا كۆنگرهی ئێزدییانی دهوروبهری چیای ئهلهگهز دێته سازكردن و له كۆتای ههمان ساڵ كۆنگرهی ئهرمهنی و ئێزدییانی پهنابهریش ئهنجام دهدرێ و له ساڵی ١٩٢٢ نوێنهری كوردی ئێزدی له پهرلهمانی كۆماری ئهرمهنستان دێنه ههڵبژاردن(٣٠).

سهرۆكایهتیی پارتی و حكومهتی ئهرمهنستان چهندان بڕیاریان دهركرد بهئامانجی باشتركردنی دۆخی كورد، كوردی ئێزدییی پهنابهری كه له باكوری كوردستان گوند و موڵک و ماڵیان بهجێ هێشتبوو و ههڵهاتبوون بۆ ئهرمهنستان، ناچار بوون ژیانی كۆچهری بكهن، دوای ماوهیهكی كورت حكومهت ئهوانی لهناو گونداندا جێگیر كردن و ههندێک گوندیشی له چهند ناوچهیهک بۆیان دروست كرد. له ساڵی ١٩٢٥هوه تا ١٩٢٨ بیست گوند درا بهكوردی پهنابهر سهرهڕای ئهوهی لهو ساڵانهدا ههوڵێكی زۆر بۆ نههێشتنی نهخوێندهواری درا.

له ساڵی ١٩٢٢ ژمارهی كورد له ئهرمهنستان نێزیكهی ٨ ههزار و ٥٠٠ كهس بوو كه زۆربهیان كوردی ئێزدی بوون.

دوای شۆڕشی شێخ سهعید، بهشێكی كوردی موسڵمان كه له كاتی شهڕی جیهانیی یهكهم له رووسیاوه ههڵاتبوون و له ناوچهی وان جێگیر بوون (نێزیكهی ٤ ههزار ماڵبات كه له هۆزهكانی

برووکی، بانۆکی، مسرکی و جەلالی بوون) دیسان گەڕانەوە و ژمارەی کورد لە کۆماری ئەرمەنستان گەیشتە ١٥ هەزار و ٥٠٠ کەس.

ساڵی ١٩٢٥ یەکەمین کۆنگرەی کوردی نەپارتی داوایان لە حکوومەتی ئەرمەنستان کرد کە ئەلفەبێی کوردی لەسەر بنەمای پیتی لاتینی دابنرێ، ئەم کارە لەلایەن ئیسحاق مۆراگوولۆڤ و ئەرەبێ شەمۆوە لە ساڵی ١٩٢٨ ئەنجام درا و لە ساڵی ١٩٣٠وە ئەو ئەلفەبێیە لە خوێندنگەکانی کوردیدا بەکار دەهێنرا. لە ١٩٣٠/٣/٣١ ڕۆژنامەی ڕیا تەزە بەئەلفەبێی لاتینی دێتە وەشاندن. ساڵی ١٩٣١ کۆلێجی پشکاڤکازی پەروەردەی کوردی دەکرێتەوە کە مامۆستایان بۆ خوێندنگە کوردییەکان ئامادە دەکرد.

لە ساڵی خوێندنی ١٩٣١-١٩٣٢ لە ئەرمەنستان ٢٧ خوێندنگەی کوردی هەبوون، ساڵی ١٩٣٧ ژمارەی ئەو خوێندنگەیانە گەیشتە ٤٨، لە ساڵی ١٩٢٩ تا ١٩٣٢ بیست و یەک کتێبی خوێندن چاپ دەکرێن.

لەو ساڵانە هەنگاوی شایستە و هێژا لە بواری کولتووریشدا هاتنە هاوێشتن، لە ساڵی ١٩٢٦ فیلمی "زەرێ" بەرهەم هێنرا کە باسی لە ژیانی کورد دەکرد و چەند ئەکتەری کورد تێیدا بەشدار بوون. هەروەها لە هەمان ساڵدا بەڵگەفیلمێک بەناوی "کورد و ئێزدی" هاتە بەرهەمهێنان.

لە ساڵی ١٩٣٤ کۆنفرانسی کوردی یەکەتیی سۆڤیەت لە یێریڤان هاتە سازکردن و تێیدا کورد و کوردناسانی لە کۆماری پشکاڤکاز و تورکمانستان و هەروەها لە شارەکانی مۆسکۆ و لینینگراد بەشدار بوون، لە کۆنفرانسەکەدا ئەم بابەتانە هاتنە گەنگەشەکردن. ستاندارکردنی زمانی کوردی، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی، ریفۆرمی ئەلفەبێی بەپیتی لاتینی، ڕێزمان و تێرمینۆلۆجیای کوردی. کۆنفرانسەکە تایبەتمەندییەکی دایە پرسی پێشخستنی کولتووری کوردی، پاراستنی کەلەپووری نەتەوەیی بەتایبەت فۆلکلۆر، سازبەند و کارە دەستییەکان.

دەبێ بگوترێ، بۆ پاراستن و پێشخستنی کولتووری کوردی حکوومەت هاوکارییەکی بەرچاوی پێشکێش کرد. لە ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی ئەلەگەز، شانۆی کوردیی دەوڵەت کە شانۆییەکی پرۆفیشناڵ بوو هاتە دامەزراندن، ئەم شانۆیە لە کۆمارەکانی پشکاڤکاز پێشان دەدرا، تیپی هەڵپەڕکێ و گۆرانیی کوردی چۆن لە کۆمارەکانی پشکاڤکاز وەهاش لە مۆسکۆ کۆنسێرتیان ساز کرد.

یەکەمین نموونەی ئەدەبی بەزمانی کوردی لە ساڵی ١٩٣١ چاپ دەبێ، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٢ یەکەمین ئەلمانا کی نووسەرانی کورد دێتە چاپکردن و ساڵی ١٩٢٩ تا ١٩٣٧ هەفتا کتێب بەزمانی کوردی چاپ کران.

لە ئەرمەنستانیش وەکو کۆمارەکانی تری یەکەتیی سۆڤیەت، ڕێوشوێنەکانی ڕێژیمی ستالین (١٩٣٧-١٩٣٨) پێشڤەچوونی زمان و کولتووری کوردی ڕاوەستا. خوێندنگەی کوردی، کۆلێجی

پەروەردە، رۆژنامەی رییا تەزە، ناوەندی نووسەرانی کورد لە یەکەتیی نووسەرانی ئەرمەنستان، بەرنامەکانی کوردی لە ڕادیۆ بەشێوەیەکی گشتی هەموو دەتوانن بڵێین هەموو شتێکی کوردی جگە لە شانۆی ئەلەگەز هاتە گرتن. ئەو شانۆیەش لە ساڵی ١٩٤٧ داخرا، گەلێک رۆناکبیر و ناوداری کورد بەتاوانی بێ بنەما هاتنە گرتن و نەفیکردن وەک: ئەرەبێ شەمۆ، حەجیێ جندی، گەردۆیێ گێنجۆ، ئەحمەدێ میرازی، جانگیر ئاغا، شامل تیمووروۆڤ و زۆرێکی تر...

دوای مردنی ستالین بەتایبەت لە ساڵی ١٩٥٥ەوە گۆڕانکاریی گەورە لە ژیانی کوردی ئەرمەنستان روویان دا، لەو ساڵە سکرتێری یەکەمینی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستان کوردی داوەت کرد و لەگەڵیان پرسی سەرلەنوێ گەشەکردنی زمان و کولتووری کوردی وتووێژ کرد. پاش ئەم دیدارە جارێکی تر رۆژنامەی رییا تەزە دەرچوو و بەرنامەکانی زمانی کوردی لە ڕادیۆ دەستی پێ کرد، بەشی نووسەرانی کورد لە یەکەتیی نووسەرانی ئەمەرنستان دیسان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، ژمارەی کتێبەکانی بەزمانی کوردی زیاد بوون، راستە خوێندنگە کوردییەکان جارێکی تر نەکراونەتەوە، بەڵام لە خوێندنگەکانی گوندی کورددا و لەو گوندانەی کە کورد تێیدا زۆرینە بوون هەفتەی دوو سەعات زمان و ئەدەبی کوردی دەخوێنرا. هەر لە هەمان ساڵ لە بۆ ئامادەکردنی مامۆستای زمانی کوردی بەشی کوردی لە کۆلێجی پەروەردەی ئەرمەنییەکان کرایەوە، لە ساڵی ١٩٥٩ ئینستیتیۆتی رۆهەڵاتناسی لە بەشی کوردناسی کرایەوە و هەروەها لە ساڵی ١٩٦٨ بەشی کوردناسی لە زانکۆی یێریڤان کرایەوە بەمەبەستی ئامادەکردنی پسپۆڕانی کوردناسی.

لە ساڵانی ١٩٧٠ لە گوندی ئەلەگەز کە ناوەندی ١١ گوندی کوردی ئێزدییە، شانۆی کوردی سەرلەنوێ کرایەوە، بەڵام ئەم جارە شانۆیەکە پرۆفیشناڵ نەبوو و سەرەڕای ئەوە گەلێک پییێسی نووسەرانی کورد و لە زمانە زیندووەکاندا وەرگێڕانەوە و بۆ بینەرانی ئەرمەنستان و گورجستان هاتنە پێشاندان.

لە کۆتاییی ساڵانی ١٩٥٠ ژمارەی خوێندکارانی کورد لە زانکۆ و ئینستیتیۆتی ئەرمەنستان زیاد بوون.

لە ساڵی ١٩٥٩ بەسیناریۆی ئەرەبێ شەمۆ، بەڵگەفیلمی "کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت" هاتە بەرهەمهێنان، ئەم فیلمە باسی ژیانی رۆژانەی کوردی ئەرمەنستان و دەسکەوتەکانیانی لە سەردەمی ساڵانی سۆڤیەت دەکرد.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠ تا کۆتاییی هەشتاکان لە ئەرمەنستان گەلێک کتێب بەزمانی کوردی چاپ کران، ئەمرۆ لە کتێبخانەی کۆماری ئەرمەنستانی نەتەوەیی ٦٨٦ کتێب بەزمانی کوردی هەن. هەروەها کتێبی کوردی لە کتێبخانەی ئەکادیمیای زانیاریی کۆماری ئەرمەنستان و لە کتێبخانەی گوندی کورداندا هەیە.

ئەگەر دوای رووخانی یەکەتیی سۆڤیەت، پێشڤەچوونی زمان و کولتووری کوردی لە ئەرمەنستان

بەتەواوەتی ڕانەگیرابێ، زۆر لاواز بوو. ڕۆژنامەی رییا تەزە لە یەک ساڵدا تەنیا چەند ژمارەیەکی چاپ دەبوو، بەرنامەی کوردی لە رادیۆ لە سەعاتێک و نیو بووەتە تەنیا نیو سەعات و بۆ ئەم ماوەیەش تواناکان زۆر کەم بوون، بەشی کوردناسی لە ئینستیتیۆتی ڕۆژهەڵاتناسی نەما، شانۆی کوردی نەما، تیپی فۆلکلۆری نەما، هەندێک لەو دەزگایانەی مانەوە تەنیا بەناو مانەوە.

ئەم دۆخە نەرێنییە بەرهەمی سیستەمی سەرۆکایەتیی ئەرمەنستانی سەربەخۆ بوو، ئەو سیاسەتە بەدوو ڕێگە هاتە بەڕێوەبردن. جوداکردنی ئێزدی لە کورد و دەرکردنی کوردی موسڵمان لە ئەرمەنستانەوە.

کاتێ ململانەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، موسڵمانانی ئەرمەنستان لە نێویاندا کورد، بوونەتە ئامانجی هێرشی گرووپە چەکدارەکان و حکوومەتیش بەرامبەردا هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کوردی موسڵمان لە ئەرمەنستان دەربکرێن.

کوردی ئێزدی و ئەرمەنی دۆستایەتییەکی مێژووییان هەبوو، کاتێ شەڕی یەکەمی جیهانی بەهۆی پشتگیرکردنی ئەرمەنییەکان، تورکیا نێزیکەی ملیۆنێک کوردی ئێزدیی لە ناوچەی تور عابدین قڕ کرد. لە زستانی ساڵی ١٩١٥–١٩١٦ ئێزدییەکانی شەنگال گەلێکماڵباتی ئەرمەنییان لەناو ماڵی خۆیاندا بەخێو کردن، دیسانیش لە ساڵی ١٩١٨ ئێزدییەکان بەتایبەت دەستی جانگیر ئاغا کە لە ٧٥٠ سیاریی پێک هات لەگەڵ ئەرمەنییەکان هەموو خاکی ئەرمەنستانی ئەمڕۆیان لە تورکەکان پاراست، بەهۆی ئەم دۆستایەتییەش سەرۆکایەتیی ئەرمەنستان نەیتوانی ئێزدییەکانیش دەربکات.

لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ ئەوەی قەرەباخی چیایی لە ئازەربایجان ببڕنەوە و بگەین بەئەرمەنستان، لە ئەرمەنستان و قەرەباخ بزووتنەوەیەکی گەورە دەستی پێ کرد کە پاش ماوەیەک گەیشتە شەڕی کراوە لە نێوان هەردوو کۆماردا، پێوەندیی نێوان ئەرمەن و کورد کە چەند دەساڵی کۆتا نەرمبوونێکی بەخۆیەوە بینیبوو تێکچوو، نێزیکەی ١٥ هەزار کوردی موسڵمان لەگەڵ ٢١١ هەزار ئازەری لە ئەرمەنستانەوە دەرچوون.(٣١)

بەسەرهەڵدانی ئەرمەنییەکان (١٩٨٨) لەنێو ئێزدییەکانیش بزاوێک دەستی پێ کرد کە داوایان دەکرد ئێزدی وەک نەتەوەیەکی جیا لە کورد بناسرێ، پێویستە بگوترێ، ئەو بزاوە لەلایەن کاربەدەستە ئەرمەنییەکانەوە ئامادە کرا و هەروەها بەڕێوە برا، ئەو کۆنگرەی کە ڕێکخراوی ئێزدییان دامەزراند لەلایەن دوو ڕۆژهەڵاتناسی ئەرمەنییەوە ئیدارە دەکرا کە هەریەک لە گرانیک ئاساتریان و ئارشاک پۆلادیان، بەڵام ڕووناکبیرانی کوردی ئێزدی وەک نووسەر د. عەسکەرێ بۆییک نەیانهێشت بچێتە خانەی کۆنگرە.

ئێزدی بەشێکن لە گەلی کورد و لە سەرانسەری دنیا وەها دەناسرێن، بەڵام چەند زانیاریی ئەرمەنی بەسەرۆکایەتیی گرانیک ئاساتریان پشتگیریی داخوازی جیاکردنەوە ئێزدی لە کورد دەکردن، ئەوانە بەلێکۆڵینەوە کە دەڵێن "زانیاری" دەیانەوێ بڵێن ئێزدی کورد نین، ئێزدی

گرووپێکی ئەتنیکییە جیایە لە کورد، ئەمەش مەترسییەکی گەورەی بەدواوە هەیە، بەم جیاکردنەوەش ئێزدیی ئەرمەنستان لە کۆمەڵگەی ئێزدیی تر دابڕان دەبێ و دوور دەکەونەوە و هەروەها لە دیرۆک و کولتووری رەسەنیان دادەبڕێن و بەم شێوەیە تواندنەوەیان ئاسان دەبێت(۳۲).

بۆچوونی ئێزدی کورد نین، پێشتریش لەناو بەشێکی ئێزدییەکان هەبوو و ئەو بۆچوونە بەتایبەت دوای هاتنەوەی کەسانی وەک بایەزید ئیسماعیل بەگ و براکانی لە سالانی ۱۹۷۰-۱۹۸۰ لە عێراقەوە بۆ ناو ئێزدییەکانی ئەرمەنستان زیاتر بڵاو بووەوە، ئەوانە دەگوتن "ئێزدی کورد نین" و خۆیان وەک نوێنەری ماڵی میری ئیزدییەکان پێشان دەدا، بۆیە گەلێک ئێزدی بڕوایان بەوانە هێنا.

دوای دەرکردنی کوردی موسڵمان، راگەیاندنی ئەرمەنی پروپاگەندەی دژی کورد ڕانەگرت و کوردی ئێزدی ترسیان لەوە هەبوو کە رۆژێک ئەوانیش دەربکرێن.

پێویستە بگوترێ، تا دەستپێکی سەد ساڵەی XX ئێزدییەکان ناسنامەی کوردیان قبووڵ دەکرد، بەڵام ئەمە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم گۆڕایەوە، لە کاتێ قڕکردنی ئەمەرنییەکان بەدەیان هەزار لە ئێزدییەکانی سەرحەدیش قڕ کران و کوردی موسڵمانیش بەشدار بوون لە قڕکردنی ئەوان بوون، لەو کاتەوە زۆرێک لە ئێزدییەکانی قەوقاز خۆیان بەناسنامەی ئێزدی دەناساند، بەڵام دیسان شۆڕشی باشووری کوردستان هەستی نەتەوەییی لەناو کوردی ئێزدی گەش کردەوە و کەمێک کەس لەوانە دەیانگوت ئێمە کورد نین.

فاکتەرێکی تریش هەیە کە پێویستە لە بیرمان نەچێ، لە ئەرمەنستان تا ساڵی ۱۹٦٥ لەناو خەڵکدا کورد بەوە تاوانبار دەکرا کە دەستیان لە کۆکوژیی ئەرمەنییەکاندا هەبووە، بەڵام لە ساڵی ۱۹٦٥وە بەشێوەیەکی رەسمی پروپاگەندەی دژ بەکوردان بەرەو نەمان دەچوو.

لەلای ترەوە کاربەدەستانی ئەرمەنستان هەڕەشەیان لە ئێزدییەکان دەکرد و زۆردارییان لێ دەکرا بۆ ئەوەی بڵێن ئێمە کورد نین، ئەم هەموو فاکتەرانە رۆڵیان هەبوو لەوەی کە بەشێکی گەورەی کورد حەزیان نەدەکرد پێیان بڵێن کورد.

لە ساڵی ۲۰۰۱ پەرلەمانی ئەرمەنستان "ئێزدیکی" وەک زمانێکی جیا لە کورد پەسند کرد، لە ئەیلوولی ساڵی ۲۰۰٦ کتێبی بەزمانی "ئێزدیکی" (کە کورمانجی بوون بەپیتی کیریلی) لەلایەن حکوومەتی ئەرمەنستانەوە چاپ کران و لە گوندی ئێزدییەکان بڵاو دەکرانەوە. بەڕێوەبەرانی زۆربەی خوێندنگەکانی گوندە ئێزدییەکان ئەو کتێبانەیان قبووڵ نەکرد. ئەم رووداونەش دوو بەشی کۆمەڵگەی ئێزدی گەورەتر کرد.

شتێکی سەرنج ڕاکێشە کە ئەو ئێزدییانەی لە گوندی ئەرمەنییەکاندا دەژین دەڵێن "ئێمە ئێزدین، کورد نین" و ئێزدییەکانی کە لە گوندەکانی تر دەژیان دەیانگوت "ئێمە کوردین"، بەمەش ئێزدییەکانی ناوچەی ئاراگاتسۆتن کە لە ۱۱ گوندی ئێزدی لەوێ بوون دەگوتن "ئێمە کوردین، بەڵام کوردی ئێزدین" و هیچ کەسێک لەو ناوچەیە ئەو کتێبانەی "ئێزدیکی" پەسند نەدەکرد، ئەمەش ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێ کە گەلێک ئێزدی لە ترسەوە دەڵێن ئێمە کورد نین.

بۆ ئەوەی ڕووناکبیرانی کوردی ئێزدی (کە خۆیان بەکورد دادەنا و دژی جیاکردنەوەی ئێزدی لە کـوردان بوون) لە پێش چاوی خـەڵک ڕەش بکەنەوە، ناسـیـۆنالیـسـتـانی ئەرمـەن ئەوانیـان بەپشـتگیریکردنـی ئازەربایجان تاوانبـار دەکرد، بەهەمـوو شێوەیەک دەیانویست ڕووناکبـیرانی کوردی ئێزدی چاوترسێن بکەن(٣٣)، لە ساڵی ١٩٩١ پرۆفیسۆری بەناوبانگ نووسەر سەعیدێ ئیبۆ بەرۆژ و لە شـوێنی کـاری خـۆیدا کـوژرا و تا ئـەمـڕۆش بکوژانی دیار نین، لەلایەکی ترەوە سـەرۆکایەتیی ئەرمـەنستان ئەو ئێزدییانەی کە دەیانگوت ئێمە کورد نین لە دژی ڕووناکبیرانی کوردی ئێزدی بەکاریان دەهێنا، ئەم ڕووداوانە لەگەڵ دۆخی ئابووریی خراپ هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئەو ڕووناکبیرانە ناچار بن لە ئەرمەنستان دەربچن.

ڕێکخراوی ئێزدییەکانی کە خۆیان بەنەتەوەیەکی جیـا دەژمارد دوو کۆواری مـانگانەیان چاپ دەکـرد: "لالش" و "ئێـزدیخـانە"، هـەردوویان بەزمـانی ئەرمـەنی بوون و نووسـەرانی کـە گـوتاری گرینگیان دەنووسی ئەرمەن بوون.

بەبۆچوونی ئێمـە، ئەو سیاسـەتی سەرۆکایەتیی ئەرمەنستان بەهۆی ئەوە بوو کە ترسیان هەبوو ڕۆژێک لە ڕۆژان کورد بیانەوێ بەشێکی ئەرمەنستانی ئەمڕۆ وەک خاکی کوردستان بناسرێ، ئەم سیاسـەتە لە قسـەکانی مامۆستای زانکۆی یێریڤان پرۆفیسۆر ڤیکتۆرییا ئاراکێلۆڤا دیار دەبێ: "ڕۆهەڵاتناسانی ئەرمەنی، ئێزدییان وەک گرووپێکی ئەتنۆئاینی جیا دەژمارد، ئەمەش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی فاکتەرێکی زۆر گرینگە، چونکە ئەو مەترسییەی کە لە ئەرمەنستان فاکتەری کوردی هەیە دوور خستەوە"(٣٤).

بەپێی بۆچوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لە ئەرمەنستان کەمنەتەوەکان لە ڕووی سیستەمی مافناسییەوە پارێزراو نەبوون و نوێنەرایەتییان لەناو حکوومەتدا بەپێی ژمارەیان نەبوو(٣٥).

ئەمڕۆ ئێزدی گەورەترین کەمنەتەوەن لە ئەرمـەنسـتـان، ژمـارەیان نێزیکەی ٤٠ هەزارە، بەڵام سەرۆکایەتیی ئەرمەنستان سەربەخۆ پێداویستییەکانی ئێزدیی دابین نەدەکرد وەک چۆن کۆمەڵگە لە هێـز، دەوڵەمـەندی و کـاریگەری دوور خـرایەوە. لـەم دۆخـەدا ئێـزدییـەکـانی نەیانتـوانی مـافی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری دەستەبەر بکەن، زۆرجار لەلایەن پۆلیس و دادگەکانەوە زۆرداری لە ئێزدییەکان دەکرێ.

بەبۆچوونی سـەرۆکی یەکـەتیی نەتەوەیی، ئێـزدییـەکـانی ئەرمـەنسـتـان عـەزیز تـامۆیان، بەبێ پاراستن دەژین، ماڵ و موڵکیان دێتە تالانکردن، کەسانی کە ئەم کارە دەکەن دەزانن قوربانییەکان ئێـزدین و ئەگەر دەسـتگیر بکرێن سزاکـەیان زۆر قـورس نابێت، ئێزدی لە ڕووی یاسـاییـەوەش پارێزراو نین، یاسـا دەبێ بۆ تێکڕای گـەل یەکسـان بێ، ئەو بەردەوام دەکات: "١٥٠ مـاڵباتی ئێزدی لە مـاڵەکـانیـان دەرکـران، ئێسـتـە لە کـۆڵانەکـان دەژین، ئـەرمـەنی چوونەوە ناو خـانووەکـانیـان و حکوومەتیش ئاگەدارە"(٣٦).

تامـۆیان لە دیدارێکدا دەڵێ: ئێـزدی لـە دەوروبەری شـار دەمـانەوە، زەوی و خـانوویان هـەبوو،

ئێستە دەرکراون، ناچار بوون لە وڵات دەربچن، ئێزدییەکان مەڕوماڵاتیان لە کوێستان بەخێو دەکردن و دواتر دەستیان بەسەر کوێستانەکانیشیان گرت، بۆیە ناچار بوون لە ئەرمەنستانەوە کۆچ بکەن، ڕەنگە ٥٠٪ ئێزدییەکان لە ئەرمەنستان کۆچیان کردبێت[٣٧].

پێش ڕوخانی یەکەتیی سۆڤیەت، لە پەرلەمانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت، نوێنەری کوردی تێدا هەبوون، بەڵام دوای ڕووخانی یەکەتییەکە هیچ نوێنەرێکی کورد (ئێزدی) لەو پەرلەماندا نەماون، پێویستە بەبیر بێنەوە کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کورسییەک بۆ ئەرمەنیی ئەو هەرێمە کە ژمارەیان لە ئێزدیی ئەرمەنستان زۆر کەمترە، تەرخان کراوە.

هەرچەندە ئێزدییەکان وەک کۆمەڵگەیەک توانییان خۆیان لە ئەرمەنستان بەشێوەیەکی سەربەخۆ بپارێزن، بەڵام دیسانیش ئەوان لە پرسی خاوەنی خاک، ئاو و کوێستاندا ڕووبەڕووی نەهامەتیی گەورە بوون، نوێنەری سیاسییان لە سەرۆکایەتیدا نەبوو.

لە ئەرمەنستانی ئەمڕۆ، کۆمەڵگەیەکی ئەتنیکی بەبێ پشتگیریی دەوڵەتی دەرەکی، ئێزدی ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی سیاسی و سیڤیل بوون، نەبوونی یەکەتی لەناو کۆمەڵگەی، ئاڵۆزکردنی پرسی ناسنامە (ئێزدی، کورد)، نەبوونی نوێنەرایەتیی سیاسی لە پەرلەمان و حکوومەتدا کۆمەڵگەی ئێزدیی لە ئەرمەنستان بێهێز کرد و ئەو کۆمەڵگەیە ڕۆژ بەڕۆژ ئەو دەسکەوتانەی کە لە سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەتیان بەدەست هێنابوو لە دەستیان دا.

*

چۆن دۆخی کوردی یەکەتیی سۆڤیەتی جارانمان بینی، کوردی ئازەربایجان و تورکمانستان ڕووبەڕووی تواندنەوە بوون، بەڵام کوردی ئەرمەنستان و گورجستان کە سیستەمیانیش سۆسیالیزم بوو، خۆیان پاراست و نەتوانەوە، ئەم فێنۆمێنە دەتوانین بەدوو فاکتەر شرۆڤە بکەین، یەکەمیان زۆرینەی کوردی ئەرمەنستان و تێکڕای کوردی گورجستان ئێزدی بوون، ئاینی ئێزدی ڕێگەی لە بەردەم تواندنەوەیان گرت.

بەپێی ئاینی ئێزدی، زمانی کوردی پیرۆزە، ساڵی ١٩٣٢ شێخ حەیدەرێ ئێزدی لە کۆواری "هاوار"دا دەنووسێ: "زمانمان کورمانجییە، شیرینترین زمانە لە دنیادا، بۆیە خوا پێی ئاخاوتییە، پەری کتێبەکەمان دەڵێ "خوا بەزمانی شیرینی کورمانجی ئاخاوتییە". بۆیە "مەسحەبا رەش" بەزمانی کورمانجی داهاتوویە". ئێزدیی قەوقاز وەهاش لەو بڕوایەدان کە بەڕاسپاردەی خوا، مەلەکی تاووس ئادەم فێری ئاخاوتن کردووە و لەگەڵ ئادەم بەزمانی کوردی "ئەو دەڵێن کورمانجی" قسەی کردووە. ئەوان بڕوا دەکەن کە زمانی کوردی یەکەمین زمانە لە سەرتاسەری دنیا و پیرۆزە. بەپێی ئاینی ئێزدی، مافی ئێزدی نییە لەگەڵ کەسانی لە ئاین و نەتەوەی تر ژیانی هاوسەری پێک بێنی، ئەمەش ئاستەنگێک بوو لە بەردەم تواندنەوە. فاکتەری دووەم کە کوردی ئەرمەنستان و گورجستان لە تواندنەوە پارێزراون ئەوە بوو کە لە سەردەمی سۆڤیەت سیاسەتی کۆمارەکانی ئەرمەنستان و گورجستاندا پلانی تواندنەوەی کورد نەبوو.

لە ئازەربایجـان و تورکـمـانسـتـان کـوردیش وەک نەتەوە دەسـەڵاتدارەکـان ئازەری، تورکـمـان، موسڵمـان و زۆربەیان لە مەزهەبی شیعە بوون، ئەوان بەئاسانی لەگەڵ یەکتر ژیانی هاوسـەرییان پێک دەهێنا. کوردانی ئەو کـۆمارە گرینگییـەکی ئەوتۆیان بەپاراسـتنی زمانی کـوردی نەدەدان، لەلایەکی تریشەوە سـەرۆکایەتیی ئەو دوو کۆمارە تورکپەرستە وەک حکوومـەتی تورکیا، سیاسـەتی تواندنەوەی کوردیان بەڕێوە دەبرد، ئەو سیاسـەتە بەتایبەتی لـەلایەن سەرۆکایەتیی ئازەربایجانەوە پێڕۆ دەکرا.

*

حکوومـەتەکانی دەوڵەتان پشکاڤکاز: ئازەربایجـان، ئەرمـەنستـان و گـورجستـان هێشـتا خـۆیان دوور دەگرن لە ناسینی مـافی کەمینەکان. ئەگەر کەمینەکان لە هەندێک شوێن خـۆیان بەزۆرینەی دیمۆگرافی گرتووە (لـە هەندێک ناوچە زۆرینـەن) یانیش یارمـەتیی دەوڵەتی دەرەکـییـان وەرگرت، کورد هێـشـتـا بێ پشت ماوەتەوە. دوای تێکچـوونی یەکـەتیی سـۆڤیـەت، کـە کێشـەی ئابووری و ملـمـلانەی ئەتنیکی لـەگـەڵ خـۆی هێنـا، بەدەیان هەزار کـورد لـە کـۆمـارەکـانی (ئازەربـایجـان، ئەرمەنستان و گورجستان) هەروەها کۆمارەکانی ئاسیا (قرغیزستان و ئۆزبەکستان) ناچار مان کۆچبەر ببەن. زۆربەیان لە ڕووسیـای فیدراڵ و کازاخسـتـان و بەشـێک لە کۆمـارەکانی یەکـەتیی سۆڤییێت و بەشێکی بچووک لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆئاوا، بەتایبەت لە ئەڵمـانیا، بەلجیکا و هۆڵەندا جێگیر بوون.

زۆرینەی کوردی موسڵمان لە ئەرمەنستان، ئازەربایجان، قرغیزستان و ئۆزبەکستان بەهۆی سـەختیی دۆخی ئابووری و ملمـلانەی ئەتنیکی کۆچی کازاخستانیان کرد. پێویسـتـە بڵێن پێش ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت، کوردی کازاخستان ئینتێگرە بووبوون، لە نێویاندا کـەسانی ناودار و دەوڵەمـەند هەبوون و کوردانی لە کۆمـارەکانی تر خـۆیان لە دەوروبەریان گـرت. بەپێی سـەرچاوە کـوردییـەکان، ژمـارەی کـورد لە کازاخـسـتـان ئێـسـتـە نێـزیکەی ١٥٠ هەزارە. لە کـازاخـسـتـان ڕێکخـراوی کۆمـەڵایەتیی کـورد کارێکی هـێژا دەکـەن، کۆوار و ڕۆژنامـەی کوردی چاپ دەکـرێن، کتێبی کوردی لە نێویاندا بۆ خوێندنگەکان چاپ دەکرێن، لەو ناوچانەی کە کورد تێیدا زۆرن زمانی کوردی لە خوێندنگەکاندا دێتە خوێندن.

لە ڕووسـیـای فیـدراڵیش نێـزیکەی ١٣٠ تا ١٥٠ هـەزار کـورد هـەیە، کۆمـەڵانی گـەورەی کـورد لە مۆسکۆ، یارۆسلاڤ، نۆڤۆسیبیرسک، کاراسنۆدار، سـان پێتێربۆرگ و چەند ناوچەیەکی تر هـەن، کۆمەڵە و ناوەندی کوردان کۆوار و ڕۆژنامە چاپ دەکەن، ڕادیۆی "دەنگی ڕووسیا" ڕۆژانە بۆ ماوەی یەک سەعات بەرنامەکانی بەزمانی کوردی (کورمانجی و زازایی) پەخش دەکرێ.

پێـویسـتـە لە بیـرمـان نەچێ، ئەو چالاکـیـانەی کە لە دەوڵەتانی کازاخـسـتـان، ئازەربایجـان، ڕووسـیـای فـیـدراڵ و کـۆمـارەکـانی تر دێنە سـازکـردن، زۆربـەیان لەلایـەن ئەو کـوردانـەی لە ئەرمەنستانەوە هاتوون، دێنە بەڕێوەبردن. ئەزموونی کوردی ئەرمـەنستان کە لە سـەردەمی یەکەتیی

سۆڤیەتیان بەدەست هێناوە، هێشتا سوودی بۆ پاراستنی زمان و کولتووری کوردی هەیە.

لە سەردەمی سۆڤیەتدا ٣ ناوەندی کوردناسی لە مۆسکۆ، لێنیگراد و یێریڤان لێکۆڵین لەبارەی مێژوویی، زمان و کولتووری کوردیان دەکرد، بەڵام ئێستە تەنیا چەند کوردناسێک ئەو کارە بەردەوام دەکەن. لە ئینستیتیۆتی رۆهەڵاتناسیی سان پێتێربوورگ (لێنینگرادی پێشوو) تەنیا ٣ کوردناس ماونەتەوە کە تەمەنیان زیاتر لە ٧٠ ساڵە، لە مۆسکۆ و یێریڤانیش دۆخەکە باشتر نییە.

یەکەتیی سۆڤیەت بەسەر کوردی ئەو وڵاتەدا رووخا، بەدەیان (رەنگە بەسەدان) هەزار بوونە پەنابەر، ئەمرۆ کۆمەڵگە کوردییەکان هێدی هێدی نێزیک یەکتر دەبنەوە، بەڵام هێشتا گەلێک ئاستەنگ لە بەردەمیان هەیە، کوردی یەکەتیی سۆڤیەتی جاران بۆ پاراستنی ناسنامە، زمان و کولتووری نەتەوەییان پێویستیان بەهاوکاریی حکوومەتی کوردستانی فیدراڵ و رێکخراوە کوردییەکان هەیە.

پەراوێزەکان:

1 - Sours of the History of Azerbaijan, Baku, 1989 KurdishMedia.com 18/9/2006.

ئەم زانیارییە لە گوتاری شامل ئاسکەرۆڤ وەرمگرتووە.

2- Dr. Khalil J. Rashow, Mîrgeha Sêxan û Sengal û Kilîs, Roj, 2003. Hanower, http:www.yezidi.net/mirgeh.htm, 21/Feb/2003.

3- History of Azerbaijan, Baku, 1994, rû. 283 KurdishMedia.com 18/9/2006.

ئەم زانیارییە لە گوتاری شامل ئاسکەرۆڤ وەرمگرتووە.

٤- هەمان سەرچاوە.

5- G. Akhmedov, Srednevekovyi gorod Beligan, Baku, 1972, rû.82 KurdishMedia.com - 18/9/2006.

ئەم زانیارییە لە گوتاری شامل ئاسکەرۆڤ وەرمگرتووە.

6 - Shamil Askerov, KurdishMedia.com, 18.09.2006.

7 - www.ecmi.de/jemie/dowload/2-2007-Szakonyi.pdf

8 - Tosinê Resîd, zdîyati, oleke hê jî ne naskiri, Stockholm, Roja Nû P. 224.

٩- پۆئیمی "سیرانامێ" یەکێک لە گەورەترین ئەرمەنییە لە سەدساڵەی XX، هۆڤانێس شیراز لەسەر مێرانییان نووسراوە.

١٠- شەرفخانی بدلیسی، شەرەفنامە، مۆسکۆ ١٩٦٧، ل ٢٧٠.

11- V. Macharadze, Gruzinskiye dokumenti po istorigruzino-kurdsko-asiriysko-ruskix vzay-imootnosheni, 60-70 godax XVIII veka. Sabchota Sakartvelo, Tbilisi, 1989- 33.

12- http://www.armeniapedia.org/index.php?title=Kurds#column-one#column-one.

13- Second report submited by Armenia pursuant to article 25, paragraph 1 of the framwork convention for the protection of national minoreties. 24,11.2006_ _ 55.

14 - www.eki.ee/books/redbook/kurds.shtml.

١٥- تۆسنیّ ڕەشید، ل ١٨٣.

16- Sovetskaya Etnografiya , Moskva, 1964, N5, _ 17-30.

17- Müller, D., The Kurds of Soviet Azerbaijan, 1920-91, Central Asian Survey, Vol. 19, No 1, 2000, p.62

١٨- هەمان سەرچاوە.

19- N. Rzayev, www.kurdishmedia.com, 05, 06, 2006.

20 - Farid Shafee, Inspired from abroad: The external Sources of Separatism in Azerbaijan. In the "Caucasian review of the International Affairs. Vol. 2(4)-Autumn 2008, p. 200-211.

21- http://www.unhcr.org/refworld/country,MRGL,AZE,4562cf2,49749bc,o.html .

22- N.Rzayev, www.kurdishmedia.com, 05, 06, 2006.

23 - Sovetskaya Etnografia, 1964, N5, rû.17-30.

24- Chaliand Gerard (ed.) A People Without Country: The Kurds and Kurdistan. New York: Olive Branch Press (1993-revised first American edition) pg.203.

25- Giga Chikhladze, Irakliy Chikhladze, "Grûzîya: kûrdskoyê mên_êstvo mojêt prosto îzçêznût" Tbilisi (IWPR) 16.09.2005.

26- Irakli Chkhladze and Giya Chikhladze, "The Yezidi Kurds and Assiriyans of Georgîya: The problem of Diasporas and integration into Contemproary Society: 21 Central Asia and Caucasus" (2003).

27- www.ecmi.de/jemie/download/2-2007-Skazoniyi.pdf.

٢٨- هەمان سەرچاوە.

29- www.caucaz.com.20.12.2006.

30- Li parlamênta Komara Ermenistana serbixwe (18.05.1918-29.11.1920) nonerê êzdîya, siv begê Hesen axa hebû.

31- Gor malûmatîyên Dêpartamenta kêmenetewa û karên olî, ya hukumata Komara Ermenistan, îro li Ermenistanê dor 20 kurdên musulman mane.

32- http://oneworld.blogsome.com/2006/05/07/kurdish-nationalizm-in-armenia/

33 - Kurdish Life, N 10, Spring, 1994.

34- Golos Armeni nespaper (online edition) N139, 26.12.2005.

35- Yezidi/Kurds in Armenia, www.minelres@mailbox.riga.lv, 16.05.1999.

36- http://groong.usc.edu/orig/ok-19980611.html

37- http://groong.usc.edu/orig/ok-20040916.html

38- Hewar, sal 2, hejmar 21, 5 Hezîranê, sala 1933.

# کەسێتیی تاکی عێراقی

باقر یاسین

بەشی دووەم:

## ناکۆکیی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا

ناکۆکیی ئاکاریی گەلی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتداران و

سوپای داگیرکەردا

### میللەتی شۆڕش و یاخیبوونەکان

گەلی عێراق بەسیفاتێلی هێز و کەللەڕەقی و شۆڕش و یاخیبوون و لێزان لە فیتنەگێڕی و ئاشووب و جیابوونەوە و دەرچوون لە فەرمانی دەسەڵاتداران و نەگریسی و بەزەحمەت دواکەوتن ناسراوە، لە زۆربەی زۆری قۆناخەکانی مێژووی عێراقدا دەسەڵاتداران لە کاتی کۆششیاندا بۆ بەرزەفتکردنی ئەم میللەتە و ڕابەریکردنیان، یاخۆ بۆ هەژموون بەسەر ئاراستەکردن و دیسپلینکردنیاندا، دەرگیری زەحمەتیی قورس و هەڵگەڕانەوەی چەکداری و گەلێک گرفت بوونەتەوە، لە کتێبە کۆنەکاندا چەندان جار وەسفی عێراق و خەڵکەکەی بەوە هاتووە، کە ئەو وڵاتەیە پڕە لە شۆڕش و ئاژاوەی گەورە، بەهۆی زۆریی یاخیبوون و دووبەرەکێتی تێیدا.

کەچی ڕووداوی مێژوویی گەورەتری دی ئاماژە بەبوونی خەسڵەتێکی تر و سروشتیی تر لە ڕەوشتی ئەم میللەتە دەدات، لەگەڵ گشت ئەوانەی ناومان هێنان دژ دێتەوە، لەو دەمی تیرۆری کرد

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

و لەناوی دا و کوشتی و ژیانی چەندان دەسەڵاتدار و ئیمپراتۆر و سەرکردە و فەرمانڕەوا و خەلیفە و پاشای بەکۆتا هێنا و بەهێز و مردنی زۆرەملێ دەسەڵات و وڵات و بوونیانی لە دەست کردنەوە، ئینجاش لەژێر پاڵەپەستۆی ترس و تیرۆری هێزی زاڵدا ملی دا و سەری بۆ بڕێک دەسەڵاتداری دیکتاتۆر و چەوسێنەری خوێنڕێژ لە مێژوودا شۆڕ کرد و بێدەنگ بوو لە ئاست کردارەکانی هەندێک فەرمانڕەوای توندوتیژی خوێنڕێژدا و پەنا و پاڵپشتی و هەلی بەردەوامبوون لە دەسەڵاتی بۆ ڕەخساندن و لە بەرهەڵستیکردن یاخۆ لە کارکردندا لە دژیان وەستا، گوێی بۆ سوڵتانی زوڵم و چەوساندنەوە شل کرد، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە کاتی دەسەڵاتدارێتییاندا پیادەیان کرد، وێڕای ملکەچکردن و بەرگری نەکردن و خۆبەدەستەوەدانیان بەهەندێک سوپای داگیرکەر، ئەم پارادۆکسە دەروونی و ئاکاری و سیاسییە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە لە مێژووی عێراقدا.

لە بەشی یەکەمدا بەپشت بەستن بەپرەنسیپەکانی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەم جۆرەمان لە ڕەوشتی هاودژ شیکردەوە و پێی ئاشنا بووین.

## گەلی ڕافیدەین دەسەڵاتدارەکانی دەکوژێ

ئەوی زانراوە و لەلایەنی مێژووییەوە مایەی گومان نییە ئەوەیە، دانیشتووانی دۆڵی ڕافیدەین (عێراقی ئێستا) هەریەک لەمانەیان کوشت:

شا ڕیمۆشی کوڕی شارۆکین ساڵی ٢٢٧٥ی پ. ز و شا یەخدوون لیم ساڵی ١٨١٠ی پ. ز و شا توکۆڵتی نینۆرتای یەکەم ساڵی ١٢٠٧ی پ.ز و شا شارۆکینی دووەم ساڵی ٧٠٥ی پ. ز و شا سەنحاریب ساڵی ٦٨١ی پ. ز و شا شمش شمۆکین ساڵی ٦٤٨ی پ. ز و شا لاباشی مەردۆخ ساڵی ٥٥٦ی پ.ز و شا کیسرا ئەنوشیروان، کە لە قەسابخانەکەی دیوەخانی پاشایەتی لە کۆشکی سپی لە مەدائین (٤٠کم لە خوارووی ڕۆهەڵاتی بەغدای ئێستا) کوژرا، کە زۆرێک لە قەسابخانەکەی کۆشکی ڕیحابی بەغدای ساڵی ١٩٥٨ی زاین دەچێ، هەروەها شا حارسی کوڕی حەجەری کندی ساڵی ٥٢٩ی ز و شا مونزیری کوڕی مائی سەما ساڵی ٥٥٤ی ز و شا عەمرۆی کوڕی هند ساڵی ٥٦٩ی ز و شا نەعمانی کوڕی مونزیر و شا ئەردەشێری کوڕی شێرەوەیە و شا شەهربەراز ساڵی ٦٣٠ی ز و ڕۆستەمی فەرمانڕەوا، کە لە شەڕەکانی قادسیەی فەتحی ئیسلامدا ساڵی ٦٣٧ی ز فەرمانڕەوای عێراق بوو، هەروەها ئیمام عەلی کوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای پێغەمبەر و چوارەمین خەلیفەی ڕاشدی، بەدەستی یەکێک لە خەواریجەکان لە کووفە ساڵی ٦٦١ی ز تیرۆر کرا، هەروەها حوسێنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبی تالیب ساڵی ٦٨٠ی ز لە کەربەلا کوژرا، ئینجاش والی عوبەیدوڵای کوڕی زیادی فەرمانڕەوای عێراق لە سەردەمی یەزیدی کوڕی معاویە ساڵی ٦٨٥ی ز و موختاری کوڕی عوبەیدوڵای سەقەفی و موسعەبی کوڕی زوبێر و خالد ئەلقەسریی ناسراو بەوالیی هەردوو عێراقەکە (والی العراقین) ساڵی ٧٣٨ی ز و کوشتنی ئیمام زەیدی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی ئیمام و سەرکردەی مەزهەبی زەیدی، هەروەها لە عێراقدا

زۆربەی ئیمامە شیعەکان یەک لە دوای یەک کوژران، ئەبوسەلەی وەزیری ئال بەیت لە سەردەمی ئەبی جەعفەری مەنسووردا کوژرا و خەلیفە موسا ئەلهادی ساڵی ٧٨٦ی ز و خەلیفە ئەمینی کوڕی هارونە ڕەشید و کوژرانی خەلیفە متەوەکل و مونتەسر و موستەعین بیلا و موعتەز بیلا و موهتەدی و موعتەمەد عەلا ئەڵا و موقتەدر بیلا و عەبدولای کوڕی موعتەز و ڕاضی و موقتەدا بیئەمرلا و موستەرشد بیلا و ڕاشد بیلا و موستەعسم، هەروەها لەسەر خاکی عێراقدا لە ژمارە نەهاتوو والی و فەرمانڕەوا و سەرکردە و فەرماندەی لەشکر و وەزیر و میر لەگەڵ ڕووخانی بەغدادا بەدەستی مەغۆل ساڵی ١٢٥٨ی ز و تا سەرەتای سەدەی بیستەم کوژراون، لەوانە شا ئەلساڵحی کوڕی ئیسماعیل و محەمەد شا و بیربوداق و بیر محەمەد ئەلتەواشی و ئیبراهیم خان و زولفیقار عەلی بەگ و یوسف پاشا و عەلی ئاغا و بەکر سۆباشی و عەلی پاشا و عومەر پاشا و مستەفا پاشا و عەلی ڕەزا پاشا و سلێمان پاشای بچووک و عەبدولا ئاغای تووتنچی و سەعید پاشا ئەلعومەری و... هتد.

لە سەدەی بیستدا شا فەیسەڵی یەکەم لە ڕەوشێکی تەمومژاویدا کۆچی دوایی کرد و گومانێکی زۆر دەوری دا کە کوژرابێت، شا غازیی یەکەمی کوڕیشی لە ڕووداوێکدا کوژرا گومان و تۆمەتی تیرۆرکردنی درایە پاڵ، بەگوللەش شا فەیسەڵی دووەمی کوڕی ساڵی ١٩٥٨ی ز کوژرا، هەروەها میر عەبدلئیلاهی جێنشینی و نووری سەعید و کۆمەڵێک وەزیر و سەرکردە و سوپاسالاری ڕێژیمی شاهەنشایی و عەبدولکەریم قاسمی فەرمانڕەوای عێراق ساڵی ١٩٦٣ی ز کوژرا و عەبدولسەلام عارفی سەرۆک کۆماری عێراق ساڵی ١٩٦٣ی ز بەکەوتنی کۆپتەرەکەی کوژرا و عەدنان خەیروڵا تەڵفاحی وەزیری بەرگری لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەدام حوسێندا ئەویش بەکەوتنی کۆپتەرەکەی لە بارودۆخێکی پڕ لە گومان و قسەڵۆکدا کوژرا. وەک چۆن سەرۆک سەدام حوسێنیش بەلەسێدرەدان لەناوچوو.

ئەمانە و زۆری تریش (نەکو درێژدادڕی بکەین، ناومان نەهێنان) بەکوشتن لەسەر خاکی عێراقدا بەدەستی گەلی ڕافیدەین بەمەبەستی سیاسی و بەزۆرەملێ و بەتوندوتیژیی خوێناوی مردوون، لەسەر جێگە، یاخۆ بەهۆی تەمەنەوە، یاخۆ بەقەزاوقەدەر نەمردوون، بگرە قەسابخانەی مردنی بەزۆری پاشاکان و ئیمپراتۆر و خەلیفە و فەرمانڕەوا و سەرۆکەکانە، کە تا پێنج هەزار ساڵ لەسەر خاکی عێراق بەشێوەیەکی بەردەوام و تۆقێنەر درێژەی هەبوو.

## گەلی ڕافیدەین مل کەچ دەکات و سەر بۆ فەرمانڕەوا هەرە خوێنڕێژەکان دادەنوێنێ

ئەم زنجیرە ترسێنەرەی ناومان برد لە تیرۆر و کوشتن و پاکتاوی خوێناویی ئیمپراتۆر و پاشا و خەلیفە و فەرمانڕەواکان، بەدڵنیاییەوە بەدەستی کەسانێکی سەر بەگەلی ڕافیدەین ئەنجام دران، ئەو کەشاکەمان (انطباع) دەداتێ، کە سیفەتی هێز و دڕندەیی و توندوتیژیی خوێناوی لە ڕەفتاری

ئەم گەلەدا هەن، کەچی لەلایەکی ترەوە دەبینین ئەم میللەتە هەر بەخۆی سەری دانەواند و بێدەنگ بوو و خۆی ڕادەستی هەندێک لەو فەرمانڕەوا بەهێز و ستەمکارە خوێنڕێژانە کرد، کە فەرمانڕەواییان کرد، نەک هەر ئەمە بگرە گوێڕایەڵی و پشتگیری و پاڵپشتی و ملکەچی لە بەرابەردا نواند و ڕێی تێ دەچێ ئەوانە لە دیرینترین و دڕندەترین فەرمانڕەوا بووبن، کە دەسەڵات و حوکمی ئەم وڵاتەیان گرتە دەست، کە شەپۆلی پشێوی و توندوتیژی و یاخیبوون گرتبوویەوە و لە هەموویان خوێنڕێژتر و دڕندەتر بوونە، هەروەها ئەم گەلە سەری شۆڕ کردووە و ملی داوە و هەندێک جار پەیمانی لەگەڵدا بەستووە، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کورت و ناوبەناو لەشکری داگیرکەر کە خاکی وڵاتەکەیان گرتووە و گۆڕانکاریی ناوخۆیی مەترسیداری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان هێناوەتە کایەوە، وەکو چۆن ساڵی ٥٣٩ پ. ز لە کاتی ڕووخانی بابلدا ڕووی دا، ئەو دەمی هێزەکانی کۆرشی دووەمی شای فارس بەبێ کوشتار هاتنە ناو شاری بابلەوە، هەروەها چۆن بەغدا لە ساڵی ١٢٥٨ی ز دا بەبێ بەرگری بەدەستی هۆلاکۆ گیرا و ڕووخانی بەغدا لە ساڵی ١٩١٤ی ز بەبێ بەرگری، بگرە بەپشتگیری و ڕازیبوونی زۆربەی عێراقییەکان بەدەستی ئینگلیز گیرا و ڕووخانی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا بێ بەرهەڵستیی جیدی لە سەرەتادا لەگەڵ هاوسۆزییەکی کەم نا لەلایەن عێراقییەکانەوە لەگەڵ داگیرکەردا کرا، هەموو جارێک بەدرێژاییی مێژوو دۆخێکی گشتی لە دڵتەنگی و بۆڵەبۆڵ لە نێوان دانیشتووانی ناو شارەکەوە ڕووی دەدا، لە سۆنگەی گەندەڵی و ئەو ستەمانەی دەکران، ئەمەش وای لە خەڵکەکە، یاخۆ بەشێکی زۆریان دەکرد بێدەنگی لێ بکەن و مل کەچ بکەن، یاخۆ بەداگیرکەر و هێرشهێنەری بێگانە قایل بن ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێ..

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم وێنەیە لە دژایەتی، مایەی سوودە ئەگەر هەندێک نموونەی مێژوو لەم بارەیەوە بەبەڵگە بهێنینەوە، لەپێناو تەواوکردنی وێنە بەراوردەکە لەم توێژینەوە دژوارە ئاڵۆزەدا، لەسەر وەڵامە دژیەکەکان و کاردانەوە لێک نەچووەکان لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا لە بەرابەر ستەم و چەوسانەوە و دیکتاتۆری و دوژمنکاریدا.

## شەلمنەسری سێیەم بیست و پێنج شەڕی هەڵگیرساند

لەو نموونانە، دەبینین شا شەلمنەسری سێیەم، کە سی و چوار ساڵی بەردەوام لە ساڵی ٨٥٨ی پ. ز تا ساڵی ٨٢٤ی پ. ز فەرمانڕەوایی وڵاتی ڕافدەینی کرد، خولیای شەڕ بوو،[١] بووە هۆی تێوەگلانی وڵات بەبیست و پێنج شەڕەوە دژ بەوڵاتانی دراوسێ و میللەتانی ناوچەکە و شارەکانی بەدەستی سەرباز و لەشکرە بێ شومارەکەیەوە ئازاری زۆریان کێشا، کەچی زۆر ژیا و نەکوژرا و دەستی تیرۆر، یا دوژمنکاری، یان یاخیبوون، کە گەیشتە دەیان لەو پاشا و ئیمپراتۆرانەی بەر لەو و دوای ئەویش فەرمانڕەواییان کرد، بەو نەگەیشتن.

## حەجاج بەهەزاران عێراقی دەکوژێ و خۆیشی لەسەر جێگەکەی دەمرێ

هەرچی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیی فەرمانڕەوای خوێنرێژە، کە ئەمەوییەکان لە دەورووبەری ساڵی ٦٩٤ی ز دا لە ڕۆژگاری خەلیفە عەبدولەلیکی کوڕی مەروان بەوالی عێراقیان دامەزراند، بەدەیان هەزاری لە عێراقییەکانی بەشیر کوشت، بەهۆی کەمتەرخەمییانەوە لە ڕاپەڕاندنی فەرمانە وردە یەکلاکەرەکانییەوە، کەچی نەکوژرا، بگرە لە پێخەفەکەیدا بەمەرگێکی ئاسایی مرد و تووشی هیچ زامێک نەهات و لە ژیانیدا تووشی هیچ مەترسییەک نەبوو، کە گریمانە و مەزەندە دەکرا دوای هەر دڵڕەقی و توندوتیژی و لەمل دان و ستەمێکی بەرباد، کە بەسەر خەڵکی عێراقدای دەهێنان، دەرگیری ببێت.

عێراقییەکان لە ملکەچی و ڕاپەڕاندنی ڕێنوێنییەکانیدا بەشێوەیەک پێشتر نەکراوە، ڕێک و ورد بوون، ئەمەش لە سۆنگەی ئەو دەسەڵاتە ناوەندییەوە بوو بەهێزی شمشێر بەسەریاندای سەپاندبوو، پاش ئەوەی ئەو گوتە خراپە لەسەر عێراقییەکان بڵاو بووبووەوە، کە بەدووبەرەکی و دووڕوویی وەسفیان دەکات..

## مەنسوور فەرمانده عەباسی و هاشمییەکان تیرۆر دەکات و خۆیشی ناکوژرێ

هەرچی ئەبوجەعفەر مەنسووری خەلیفەی دووەمی عەباسی و بنیاتنەری شاری بەغدایە، ئەوا لە مێژووی ئیسلامدا لە هەموو خەلیفەکان دڕندەتر و خوێناویتر بووە، لە فەرمانڕەواییدا پشتی بەسیاسەتی غەدر و تیرۆری تاکەکەسیی نەیارەکانی و بەرپرس و فەرماندەکانی دەوڵەت بەست، سیاسەتی ئەو تەنیا لە کوشتن و تیرۆری کەسەکاندا کورت نەدەبووەوە، بگرە ئەوانەی تێی پەڕاندن بۆ لەناودانی هەر کۆمەڵێک، یاخۆ بزووتنەوەیەک، یا یاخیبوونێک بۆ قڕکردنی دڵڕەقانەی خوێناوی.

ئارەزووی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر فەرمانڕەواییدا وای لێ کرد برێک کوشتنی ناپێویست لە هەندێک کاتدا و لەبەر هۆێلێک ئەنجام بدا پێوەندییان بەگومان و مەزەندەوە هەبوو.

گرینگترین پیاو و فەرماندەێلی کوشتن و تیرۆر کردن، لەوانەی دەستێکی باڵایان هەبوو لە سەرکەوتنی بانگەوازی عەباسیدا، ئەبا سەلە ئەلخەلالی ناسراو بەوەزیری ئال بەیتی کوشت، کە عەلەوی بوو و فەرماندەی بانگەوازی عەباسی بوو لە کوفە لە قۆناخی کاری نهێنیدا دژ بەحوکمی ئەمەوی، پاشان بووە وەزیر لە خەلافەتی سەفاحدا، کەچی مەنسوور زۆری لە براکەی دەکرد پێویستە ئەبی سەلە ئەلخەلال تیرۆر بکا، تا ئاواتەکەی بەدی هات.

دواییش ئەبومومسلیمی خوراسانیی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە کوشت، ئەوە بوو دوای ئەوەی چەندان نامەی پڕ لە بەڵێن و قسەی شیرینی بۆ نارد و تێیاندا لە سەلامەتی دڵنیا کردەوە، بانگهێشتی بەغدای کرد، هەینێ گەیشتە بەغدا و چووە کۆشکەکەی مەنسوورەوە بەشمشێر پارچە

پارچەی کرد، لە کاتێکدا ئەبوموسلیمی خوراسانی گەورەترین ڕۆڵی لە سەرکەوتنی عەباسییەکان و دامەزراندنی دەوڵەتەکەیاندا گێڕا.

هەروەها محەمەدی کوڕی عەبدوڵا و ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵای نەوەی ئیمام حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبوتالیبی کوشت و مامەکەیشی عەبدوڵای کوڕی عەلیی فەرماندەی پایەبەرزی سەربازیی عەباسییەکانی کوشت، کە لەشکری ئەمەویی تێک شکاند و شامی گرت و بەسەر دوا خەلیفەی ئەمەوییەکانیشدا زاڵ بوو. هەروەها لە ئیمام ئەبوحەنیفەی نەعمانی ڕابەری مەزهەبی حەنەفی لە ئیسلامدا دا و ڕیسوای کرد، ئینجا ئیمام مالکی کوڕی ئەنەسی ڕابەری مەزهەبی مالکی گرت و بەر قامچیی دا، هەروەها ئیبن موقەفەعی نووسەری ناسراوی کوشت و ژمارەیەک لە زاناکانی گرت، لەوانە سوفیانی سەوری و هیی تریش، هەروەها عیسای کوڕی مووسای لە جێنشینی لابرد، دوای ئەوەی لە کوشتنی نەیارەکانیدا و پاککردنەوەیان بەکاری هێنا "مەنسوور یەکەمین کەس بوو ئاژاوەی لە نێوان عەباسی و عەلەوییەکاندا نایەوە، لە کاتێکدا لەوەوبەر یەک شت بوون. هەروەها مەنسوور ژمارەیەکی زۆری لە زانایان ئازار دا.. چ بەکوشتن بێ یا بەلێدان"(٢).

وێڕای ئەم مێژووە خوێناوییەی خەلیفە مەنسوور، لە شێوەی عێراقییەکان چۆن فەرمانڕەواکانیان دەکوژن نەبوو، بگرە وڵات و خەڵکەکەیشی ملکەچ کرد و هەموو ئەوانەی ویستی بیانپلیشێنێتەوە و بیانکوژێت و لەناویان بەرێت، خستنە ژێر پێوە، پاشان لە دواییدا و پاش ئەوەی بیست و یەک ساڵ فەرمانڕەوایی کرد، چووە ناو ساڵەوە و لەسەر جێگەکەیدا بەمردنێکی سروشتی مرد، لەو دەمەی بەرەو حەج کەوتبووە ڕێ و نەگەیشتە مەکە، بگرە لە ڕێگە گیانی لەدەست دا.

بەم ئاوایە دەبینین مردنی مەنسوور لەسەر جێگەکەی خۆیدا بەم شێوەیە، ئەنجامێکی هەڵاواردەیی سەیر بوو بەپێچەوانەی مەزەندەکانەوە بۆ فەرمانڕەوایەکی خوێنڕێژی وا لە عێراقدا رووی دا، کە بەدرێژایی چەندان سەدە و ڕۆژگار بەردەوام بوو لە کوشتنی فەرمانڕەواکانی و کۆتایی هێنان بەژیانیان بەمەرگێکی ناچاری، ئا لێرەدا دیسانەوە جارێکی تر دژواریی دژایەتی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا سەرهەڵدەدات و دژ بەو وەڵامە دەوەستێتەوە لە بەرابەر توندوتیژی و ستەم و ڕێبازی خوێناویدا.

## خۆبەدەستەوەدانی پڕ لە ڕیسوایی بەغدا لە بەرابەر مەغۆلدا

هەرچی پەرچەکرداری ئەو سەرشۆڕییە بوو، کە خەڵکی عێراق لە بەرابەر داگیرکاریی مەغۆلدا نواندیان لە کاتی هاتنە ناوەوەی سەربازەکانی هۆلاکۆ بۆ ناو شاری بەغدا کارێکە مایەی پرسیار و سەرسوڕمانە، مێژوو پێی نەگوتووین کارەساتێک، یاخۆ ڕووداوێک، یان پرۆسەیەک ئاماژە بەبەرگری، یاخۆ کەللەڕەقی، یان یاخیبوون، یا سەرپێچی، یانیش ڕەتکردنەوەی فەرمان، یاخۆ پشتگوێخستنی ڕێنوێنییەکان بکا، نە لەلایەن خەلیفەوە، یا پایەکانی دەوڵەتەوە، یانیش لەلایەن

میللەتەوە، بگرە لەوەش زۆرتر، ژمارەیەک تێکست و دەستەواژە و ڕستە، کە کتێبەکانی مێژوو، یا سەرچاوەکان ناویان دێنن، ئاماژە بەوە دەکەن عێراقییەکانی خەڵکی بەغدا مەڕ ئاسا بەپێش دەدران و کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو گۆڕستانەکان دەبران، تاکو لەوێ بەبێ بەرهەڵستی یاخۆ یاخیبوون، یا سەرپێچی، یا هەڵاتن سەرببڕدرێن، بێ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکیان لە بەرابەر ئەو مردنە زۆرەملێیەی هەبێت، کە بۆی ڕاپێچ دەکران.

ئەو دۆخی ملدانە گشتییە لە ئەنجامی هێزی زۆردار و ڕێوڕەسمی پڕ لە زەبروزەنگەوە بوو، کە سەربازانی مەغۆل پیادەیان کرد و تەواوی خەڵکەکە خۆیان دایە دەم پرۆسەکانی کوشتن و لەسێدارەدان و لەملدان، کارێکە مایەی سەرسوڕمان و سەیر و پرسیارە، بگرە کارێکە بەتەواوی لەگەڵ تایبەتمەندییە باو و ناسراوەکاندا دژ دێتەوە، کە بەدرێژایی مێژوو لەبارەی میللەتی عێراق و خوو و ڕەوشتییەوە بیستراوە، کە هەموو کات بەگەلی شۆڕشەکان و یاخیبوون و ئاژاوەگێڕی و کەللەڕەقی و سەرپێچی و دەرچوون لە گوێڕایەڵی وەسف دەکرێ.

ئەو کارەساتانەی لە ڕۆژانی قەسابخانەکەی بەغدادا بەدەست تەتەرەوە روویان دا دەبنە مایەی سەرسوڕمانی توێژەر و وای لێ دەکەن بەدوای هۆکارەکاندا بگەڕێت، کە لەو بارودۆخەدا ئەم جۆرە ملدان و خۆبەدەستەوەدانە پڕ لە ڕیسوایی و ئیفلیجبوونەی لای تاکەکانی کۆمەڵگەی عێراقی جێهێشت لە کاردانەوی پێچەوانە "ئەگەر بەلای کەمەوە لە ئاستی تاکەکەسییش بێت" لە بەرابەر کارەکانی سەربڕین و مردن و لەناودان. هەندێک ڕووداوە ڕۆژانەییەکانی قەسابخانەکە ئاماژە بەوە دەدەن، خەڵکی بەغدا خۆیان شاردەوە و چوونە ناو بیر و زبڵدان و ئاوەڕۆکانی ژێر زەوییەوە و خۆیان کرد بەخان و گەوری ئاژەڵاندا و دەرگەیان لەسەر خۆیان داخست.

بۆ ئەوەی کارەکە لە مێشکی خوێنەردا ڕوونتر و ئاسانتر بێت بۆ تێگەیشتن و بەراورد لە بەرابەر ئەم دۆخە دژوارەی مایەی سەرسوڕمان و شڵەژان و تێگەیشتنی زەحمەتە، مەبەستمان ڕەوشتی خۆبەدەستەوەدانی ملکەچانەیە، کە خەڵکی بەغدا و عێراق بەگشتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازانی داگیرکەری مەغۆلدا پابەندی بوون، ئێمە هەندێک تێکست و بڕگە دێنینەوە، کە لە هەندێک سەرچاوەدا هاتوونە و تێیاندا هەواڵی ئەو قەسابخانە ترسناکەی بەغدا و خەڵکەکەی گرتەوە نووسراونەتەوە، بێ ئەوەی خۆمان بەو هۆکار و پێشەکییانەوە خەریک بکەین، کە بوونە شیمانەی کارەساتەکە.

وا لێرەدا هەندێک کۆپلە و بڕگە دەگوازینەوە، کە دەقاودەق لە کتێبی (البداية والنهاية)ی نووسەر و مێژوونووس ئیبن کەسیردا سەبارەت بەکارەساتەکە هاتووە، دەڵێت: "هەڵیان کوتایە سەر وڵاتەکە و دەستیان بەکێدا گەیشت لە پیاو و ژن و کوڕ و پیر و بەساڵاچوو و لاو کوشتیان، گەلێک کەس خۆیان کوتایە ناو کۆنە بیر و بژوونایەتی و خەندەکی پیسایییەوە، چەندان ڕۆژ خۆیان مات کرد و دەرنەچوون، گەلێکی کەیش خۆیان لە خانەکاندا پەنا دەدا و دەرگەیان لەسەر خۆ دادەخستن و تەتەرەکان چ بەشکاندن یاخۆ بەئاگر دەیانکردەوە و دەچوونە گیانیان، لە دەستیان هەڵدەهاتن و

دەچوونە شوێنە بەرزەکان، ئەوانیش لەو بانانەوە دەیانکوشتن، تا وای لێ دەهات لە مەرزیبەکانەوە خوێن دەچۆڕایە کۆڵانەکانەوە، انا لله وانا الیه راجعون".[٣]

"ڕا و بۆچوونی خەڵک لەسەر ژمارەی موسڵمانە کوژراوەکانی ئەم کارەساتە جیاواز بوون، وتیان هەشتسەد هەزار، هەروەها وتیان هەزار هەزار و هەشتسەد هەزارە، هەندێکیش دەڵێن ژمارەی کوژراوەکان گەیشتە دوو هەزار هەزار کەس، (انا لله وانا الیه راجعون و لاحول ولا قوة الا بالله العلي العظیم). هاتنە ناوەوەیان لە دوا دواییەکانی مانگی موحەڕەمدا بوو و هێشتانەکینێ شمشێر بەدرێژاییی چل ڕۆژان خەڵکەکەی دەدوورییەوە، کوشتنی خەلیفە موستەعسم بیلای میری موسڵمانان ڕۆژی چوارشەم لە چواردەی سەفەردا بوو و گۆڕەکەی لە بیر کرا".[٤]

"ئەم پیاوە لە خانەی خەلافەتەوە بانگ دەکرا و منداڵ و ژنەکانی دەردەکردن و دەیبردن بۆ گۆڕستانی ئەلخەلال، وەکو مەڕ سەردەبڕدران، ئەو ژن و کەنیزەکانەی پێویستیان بوون هەڵیان دەبژاردن و دیلیان دەکردن. گەورەکەشیان سەدرەدین عەلی نەییار کوژرا و وتاربێژ و مەلا و قورئان هەڵگرەکانیش کوژران و بۆ ماوەی چەندان مانگ مزگەوت و جەماعەت و هەینییەکان پەکیان کەوت".[٥]

"کاتێک کارەکە بەسەرچوو و چل ڕۆژ تێپەڕی، بەغدا چۆڵوهۆڵ بوو و کەسی تێدا نەمایەوە، مەگەر بەدەگمەن نەبێ، کوژراوەکانیش لەسەر ڕێگەکان لە شێوەی گردۆڵکە هەڵدرابوونەوە و باران وا لێی دابوون سیمایان بەتەواوی گۆڕابوو و بۆنی بۆگەنییان وڵاتی داگرتبوو... کاتێکیش وتیان بەغدا ئارامە خەڵکەکە لەژێر زەوییەوە دەرچوون، ئیدی ئەوانەی خۆیان لە چاڵ و کولانە مریشکەکاندا مات دەدا، وەک ئەوەی مردوو بن و لە گۆڕەکانیان هەستابنەوە، هەموو پشتیان لە یەک کرد و باوک کوڕی نەدەناسییەوە و براش برا...".[٦]

## پرسیارێلی ڕەوا:

پرسیارەکە ئەوەیە: وێنەی ئەم گەلە لە کوێیە، کە بەیاخیبوون و شۆڕش و ئاژاوە و سەرسەختییەکەی سەری لە ئیمپراتۆر و شا و خەلیفە و فەرمانڕەواکان شێواندبوو و ماندووی کردبوون؟.. بگرە زۆربەیانی کوشت؟ ئەدی ئەم هەموو سەرشۆڕی و خۆدانەدەست و ملدانە بۆ بەسووک و ڕیسوا پێکردن و مردنی بەناچارییە، کە سەربازانی داگیرکەری مەغۆلی سەپاندیان، لەپای چی؟

ئەی چۆن بتوانین لەو دژایەتییە بەرچاوە لە کاردانەوەدا بگەین، لەگەڵ ئەم وەڵامە پڕ لە ناکۆکییە سەیرە لە ڕەوشتی گەلی عێراقدا؟

تەنانەت سەدام حوسێنی دەسەڵاتداری بەهێزی عێراق، کە بەگەلێک شێوە وەسفی ستەمکاری و دڵڕەقی و خوێنڕێژی و دیکتاتۆری کرا و عێراقییەکان چیرۆکی وایان لەبارەی زوڵم و زۆردارییەکەیەوە دەگێڕایەوە لە ئەفسانە دەچوون، میللەتی عێراق بەدرێژاییی پتر لە سی ساڵ

چەپڵەیان بۆ کوتی، جا ئەگەر لە خۆشەویستییەوە بێت، یاخۆ ترس.

خۆ ئەگەر ئەو لەشکرە بێ شومارانە نەبوونایا، کە لەودیو دەریاکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایندا هاتن و رووخانی رژێمەکەیان گرتە ئەستۆ، ئەوا رەنگە بۆ چەندان ساڵی تریش نینۆکێکی نەدەرووشا.

ئەی چۆن و بۆچی ئەمە رووی دا؟

**پرسیارەکەمان لێرەدا دیسانەوە:**

بۆچی ئەم دژایەتییە لە رەوشتی میللەتی عێراقدا هەیە؟ ئەی چۆن بتوانین لە بەرابەر ئەم بوویەرە گەورە و جیاکەرەوانە لە مێژووی عێراقی لێکدانەوەی هەڵوێستە پڕ لە دژایەتییەکانی کەسێتی عێراقی بکەین؟

بەمانایەکی تر: بۆچی لە گەلی عێراقەوە لە بەرابەر رووداوە وەک یەک و لەیەکچووەکاندا هەڵوێستی دژ بەیەک ببینین؟

**دەروونزانی وەڵام دەداتەوە:**

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە رەوایانە ورد و زانستی و دوور لە رووکەش و گۆترەکاری و گومان و گریمانەی تاکەکەسی بێ، لەم بارەیەوە پەنا دەبەینە بەر شیکردنەوەی زانستی، کە زانستی دەروون و پزیشکیی دەروونییە:

پزیشکیی دەروونی وای دەبینێ بۆ نموونە رەوشی سیاسی رۆڵی کاریگەری هەیە لە پێکهاتنی هۆکارەکانی دوژمنکاری لای تاک و لە پێکهاتنی کەسێتیی دوژمنکارانەدا، کە هەر بەخۆی کەسێتیی خوێنرێژە، وەک ئەم تێکستەی خوارەوە:

"کاریگەریی دۆخە سیاسییەکە وەکو هۆکارێک جێگیر بووە، تاکەکان لەو کۆمەڵگانەی حکوومەتی ستەمکار بەڕێوەیان دەبات، رەنگە دوژمنکاری لاواز بکەن رای ناگەیەنن... بەڵام ناکرێ لەو کۆمەڵگانەی لەسەر ململانێ بنیات نراون خۆت لە دوژمنکاری بپارێزیت، بەتایبەت کاتێک ئەم ململانێیە جۆرێک لە رەوشت دەخوازێت لە ئاکار دوور بکەوێتەوە، ئا لەو کاتەی چەوسانەوە بەگەڕ دەکەوێ بەربەست و نوشستی زۆر دەبێ، ئەمەش وا دەکات رەوشتی خەڵکەکە توندوتیژیی تێ بکەوێ، تاکو توندوتیژی ببێتە مۆرکی کۆمەڵگە...".(٧)

هەرچی دەروونزانییە، ئەوا دوژمنکاری یاخۆ رەوشتی دوژمنکارانەی یاخیبوونی تێکەڵ بەتوندوتیژی لێک دەداتەوە، بەو پێیەی "ئەو وەڵامەیە مرۆڤ پێی بەرپەرچی بێ هیوایی و نوشستی و بێبەریبوون دەداتەوە، بەوەی هێرش بباتە سەر سەرچاوەی بێ هیوایی، یاخۆ ئەڵتەرناتیڤەکەی".(٨)

بەم شێوەیە هۆکارەکانی نوشستی و بێ هیوایی و بێبەریبوون وەکو دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی دەیبینن، ئەوانەن هۆ سەرەکییەکانی دەرکەوتنی رەوشتی یاخیبوون و شۆڕش و

توندوتیژی و دیکتاتۆریی تاکەکەسی و حەزی خوێنڕشتن لای تاکەکان و کۆمەڵەکان پێک دەهێنن، بەو پێیەی کاردانەوەی تۆڵەسەندنەوەی توندن دژ بەنوشستی و بێ هیوایی و بێبەری.

وەکو چۆن لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باسمان کردووە، دەڵێین:

ئەو دەمی بڵاوبوونەوەی دۆخەیلی نوشستی و بێ هیوایی و بێبەری لە مێژووی وڵاتی دوو ڕووباردا "عێراق" بەدرێژاییی چەندان سەدە چڕ و بەردەوام بوون، لە سۆنگەی هۆیە دروستکراوەکانی نوشستی و بێ هیوایی و بێبەری، وەکو بەردەوامیی شەڕ و فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان و هێرشە دەرەکییەکان و ئەوی لێیان دەبێتەوە لە کوشتن و قەسابخانەی مرۆیی و کۆچ پێکردنی دانیشتووان و کارەساتی دڵتەزێن و نەخۆشی و هەژاری و چەوساندنەوە و دەربەدەرکردن و زوڵم و زۆری دڵڕەقانە و بێ هیوایی پڕ لە ئازار، هەموو ئەمانەش کەشی نموونەییان ڕەخساندووە بۆ دەرکەوتنی ڕەوشتی یاخیبوون و شۆڕش و توندوتیژیی خوێناوی و دیکتاتۆریی تاکەکەسی و حەزە دیکتاتۆرییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام، هەرچی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونین لە هەمان کاتدا وای دەبینن، بەرەنگاری یاخۆ بەرهەڵستیی نوشستی و بێ هیوایی و بێبەری لای تاک و کۆمەڵەکان بەدوو شێوەی ڕەوشت بەرجەستە دەبن:

جۆری یەکەم:

ئەو ئاکارەیە بەیاخیبوون و توندوتیژی و شۆڕش و دوژمنکاری و بەرهەڵستیی دژ بەسەرچاوەی نوشستی و بێ ئومێدی دەناسرێتەوە، سەرچاوەکە لە هەر کوێیەکەوە بێت، کە بەزۆری لە دەسەڵات و دەوڵەت و سیستەمی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە، کە سەرجەم چالاکییەکان ئاراستە دەکات و دەست بەسەر هەموو جۆرەکانی کار و چالاکییە ڕۆژانەییەکانی کۆمەڵگەدا دەگرێ.

جۆری دووەم:

دژ بەوی یەکەمە و پێچەوانەیەتی، ڕەوشتی بێدەنگی و ملکەچی و سەردانەواندن و بەرهەڵستی نەکردن و خۆدانە دەستی توندوتیژییە، کە لە دەسەڵاتەوە دەردەچن، بەتایبەتیش دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پاڵپشت بەهێزی زۆردارەکی، کە بێ سڵەمینەوە دڵڕەقیی خوێنڕێژی بەکار دەهێنێت.

باتەماشایەکی ئەم تێکستە بکەین لە وەسفکردنی پاڵنەرە دەروونییەکاندا (لەو شتانەی مایەی سەرسوورمانە بۆ توێژەر لە دەروونزانیدا ئەوەیە تاقە هەڵوێست دەبێتە هۆی وەڵامی جیا جیا لەلایەن تاکەکانەوە، ئەو نوشستییەشی زۆربەی خەڵکەکە بەدوژمنکاری وەڵامی دەدەنەوە، دوور نییە وا لە هەندێک بکا تووشی شێوە سستی و گێلی و کەمتەرخەمی، یاخۆ کشانەدواوە و نەبوونی چالاکی و ئاگەدار نەبوون بێن، ئەو دەمی تاک لای ڕوون دەبێتەوە بەرهەڵستی دادی نادات، بۆیە پەنا دەباتە بەر داماڵین لە هەڵوێست و دروستکردنی شێوە گێلییەک لە بری پەنا بردنە بەر تووڕەیی و هێرشبردن).(٩)

بەڵکو لەوەش زیاتر ڕەنگە تاک و کۆمەڵ ڕوو لە خۆگونجاندن و سەرسامی و لایەنگیری

دیكتـاتۆری و ڕێبازە خوێنرێژییـەكەی بكەن و بەهانە بۆ ئەو ڕەوشـتـە بەدكارە بدۆزنـەوە، ئەمـەش پەرچەكرداری ئاراستە كراوە دژ بەنوشستی و بێبەری و بێ ئومێدی.

ئەمـەش بـەتەواوی ئەو دژایەتییـەمـان بۆ لێک دەداتـەوە، كە لە ڕەوشـتی دووانـەی گەلی عێـراقدا لەسەر ئاستی تاک، یاخۆ بەكۆمەڵدا دەبینین و هەستی پێ دەكەین، دوور نییە دیكتاتۆری و بوونی تەفروتوونا بكا و لە ئاستی باڵای بەرهەڵستی و قوربانیدا بەردەوام دژی بجەنگێ، دووریش نییـە ملی بۆ بدا و لە بەرابەریدا بێدەنگ بێت، بگرە هەندێک جار بەتایبـەت لە ڕەوشی چوونە پێشی بێ سنووری شـێـوازەكـانی توندوتیـژی و پاڵەپەسـتـۆ و بـەكارهـێنانی دڕندانەی هـێزی بـەزۆر لەلایەن دەسەڵاتی دیكتاتۆری و ئامرازە وێرانكارییەكانییەوە پێی سەرسام بێ.

ئێـمە دەتوانین بەڵگەی تر لـەسـەر سـەرسـامـبـوونی كـەسـێـتیی عـێـراقی و متـمـانە و ملدان و گەشانەوەی بەدیاردەی هـێز و توانایی جەور و ستەم و توانای هەڵكوتانە سەر گشت ئاستـەكانی ژیان، لە گشت قۆناخە مێژووییـە جیا جیاكاندا، سەرەڕای ئەو نموونانەی هێنامـاننەوە سەبارەت بەخۆدانەدەستـەوەی گەلی عێراق و ملدانی و ڕەنگە پشتگیری و پاڵپـشـتیی بۆ فـەرمـانڕەوایان و فـەرمـانده هەرە خـوێنرێژەكان لە مێژووی عێـراقدا، وەک: شەلمنەسری سێیـەم و حەجاجی كوڕی یوسـفی سـەقەفی و ئەبوجەعفەری مەنسوور و خۆبەدەستەوەدانی سـەرشۆڕانە بۆ مـەغۆل لە كـاتی داگیركردنی بەغدا لە ساڵی ١٢٥٨ی زایندا، هەروەها پشتگیریكردنی ئینگلیزەكان لە داگیركردنی عێـراقدا ساڵی ١٩١٤ی ز و دانانی پەیكەرێک بۆ جـەنەراڵ مۆد، كە بـەغدای داگیـر كرد، دوایین شتیش چەپڵـەكوتینی بەردەوامیان بۆ سـەرۆک سەدام حوسێن بەدرێژاییی فـەرمـانڕەواییـیـەكەی... هتد.

دەڵێین ئێـمـە دەتوانین بـەڵگەی تریش لـەسـەر سـەرسـامـیی كـەسـێـتـیی عـێـراقی بەدڵسـۆزی و گەشانەوەی و لایەنگیریی بۆ هـەر دیمەنێک لە دیمەنـەكانی هێز و دەستبـەسەرداگرتن و توانایی و دەســـەڵات و جـــەور و ســـتـــەم بدۆزینـەوە، لەو بارەیەوە بۆ نمـوونە، بڵاوبـوونەوەی دیاردەی نەزر و قوربانی پێشكێشكردن بۆ تۆپە مـەزنەكەی موورادی سوڵتانی عـوسمـانی لە كاتی جێهـێشتنی بەغدادا ساڵی ١٦٣٩ی ز دوای ئەوەی عێراقی داگیر كرد و فارسەكانی لە عێراق وەدەرنا، ئەم تۆپە زەبەلاحەی وەكو هێمای هێز و دڕندەیی سوپا سەركەوتووەكەی هێشتەوە.

خـەڵكەكـەش بەنـاونانی ئەم تۆپەیان زانی (طوب ابو خزامـه - تۆپەكـەی ئەبو خـوزامـە) قـسـەی ئەفسانەییش هەیە سەبارەت بەم ناونانە، عێراقییەكان لەناو خۆیاندا باسی دەكەن، ئێمە لێرەدا كارمان بەوەوە نییە.

لەبەر ئەو ترس و سەرسامییەی ئەم تۆپە لە دەروونی عێراقییەكاندا چاندوویەتی، لەگەڵ ئەو قسە ئەفسانەییـیانەی سـەبارەت بەهێزە لەبن نەهاتووەكەی و كـاریگەریی لـە شـەڕدا وتراون، لە چاوی عێراقییـەكانـەوە بووە بەهێمـایەک لە هێمـاكانی پاڵەوانیـەتی و هێز و توانایی و جەور و ستـەم و هـەژموون...

پاشــان هێندەی پێ نـەچوو ئەم هەســتـە گـۆڕا بەبڕوا و قـەناعــەت بەبوونی توانـای غـەیبـیی لە ڕادەبەدەری ئەم تۆپە کە دەتوانێت ئەنجامی بدا...

دواتر پـەیتـا پـەیتـا وەکـو درێژبوونەوەی سـەرسـامـیی کـەسـێتـیی عێـراقی بەدیاردەکـانی هێز و ئازایەتی و توانـایی، لای دەیان هـەزار عـێـراقی بڕوا و قـەناعـەت بڵاوبوونەتەوە و بوونـەتە باو، کـە تۆپەکەی ئەبو خوزامـە کەرامەتی هەیە و دەتوانێ وەڵام بەداخوازییـەکانی ئەوانە بداتەوە هانای بۆ دێن بەچاککردنەوەی نەخـۆش و بەهانا گـەیشـتنی لێقـەومـاو و خـەم و پەژارە نەهێڵـێت و نزای نائامـادەکان و بەندکراوەکان بگەیەنێتە کەسـوکاریان و یارمـەتیی ئاوسـبـوونی ژنان بدا و ئاواتی ئەوانەش بێنێتە دی، کە پەنای بۆ دێن و هانای بۆ دەبەن.

لەو ئەفسـانانەی لـە بارەی ئەم تۆپەوە باو بوو (ئەو نۆ مـاسـییـەی لـەمـلا و لەولای نەخشـێندراون ئەو کات پێوەی نووسـان کە لە کاتی لە ئاسمان هاتنە خوارەوەی دەریای "القدرە"ی بڕی).(١٠)

(لە بەغدا داوونەریت وا بوو کۆرپەی تازە بوو لـە حەوتـەمین ڕۆژدا بـهێنرێت و بەدەوری تۆپەکـەدا بیسووڕێننەوە و سێ جاران سەری بکەنە کونی لوولەکەیەوە).(١١)

بەم ئاوایە کەسێتیی عێراقی هەردەم سەرسام بەدیمەنی هێز و هـەژموون و گەورەیی و زاڵبوون و تواناییی ئەم تۆپەی لا بووە پیاوچاک و ئیمام:

وای لێ هات ڕۆژانە عێراقییەکان بەمـەبەستی پیرۆزکردن سـەردانیـان دەکرد و لێی دەپاڕانەوە و نەزریان دەکرد و پارچە و پەڕۆی سەوزیان بەملا و بەولای و گۆشـەکانیدا دەکرد و مۆم و بوخوریان لەسـەری دادەنا، ئەمە بۆ چەندان سـاڵ وا مـایەوە. خەڵکەکە لە سـەردانیکردنی تۆپەکە و نەزرکـردن بۆی نەوەسـتـان، تا دەسـەڵاتداران ناچار بوون بیگوازنـەوە و لە مـۆزەخـانەی جـەنگی لە دەرگـەی ناوەندی دابنێن.

قـەناعەتی نیشـتوو لە ناخی هۆشـیـاریی تاکی عێراقیدا زۆرجـار بەهۆی سیـفـەتی خۆسـەپاندنی چەقیو لە ڕەوشت و کەسێتییدا ڕوو لە سەرسـامبوون و ئەبڵەقبوون و ڕێزگرتن لە دەسـەڵاتی هێز و سیـمـاکانی دیکتـاتۆری و توانایی و زاڵبوون و فـاکتـەرەکانی هـەڵکوتانەسـەر و جـەور و سـتـەم و چاوقـایمی دەکـات، ئەم تۆپە سـەرجـەم ئەم مـانایانەی لە یادەوەریی عێراقیـیـەکان و قـەناعـەتیـان دەگەیاند، ئەو دەمی بەشداری کرد لە ئەنجـامـدانی سـەرکـەوتنە گـەشاوە و یەکلاییکەرەوەکاندا لەو شـەڕە مـاڵوێرانکەرانەی لە نێـوان لەشکری عوسـمـانی و سـوپای دەوڵـەتی فـارسـدا لەسـەر خـاکی عێراق ڕوویان دا، چونکە ئەو کات ئەم جۆرە تۆپانە ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەیان لەو شـەڕانەدا دەبینی، کە سوڵتان موراد لە شەڕەکانیدا بۆ شکانی فارسەکان و وەدەرنانیان لە عێراقدا بەکاری دەهێنان. بۆیە وێنەی سـەرسـامـبـوون و ئەبڵـەقـبـوون و ملدان بۆ هێـزی لە سـروشت بەدەری ئەم تـۆپە، لەو سەردەمەدا پەیتا پەیتا لە مێشکی تاکی عێراقیدا (بەتـایبەت نەخوێندەوار و سادەکـانیان) گۆڕا بۆ جۆرێک لە قەناعەت و بڕوابوون بەبوونی هێزێکی غەیبیی پیرۆز و حەزێکی خوایی لە بارگاویکردنی ئەم تۆپە بەهێـزێکی لە ڕادەبەدەر و پاڵپشـتیکردنی بەتـوانا و دەسـەڵات و سـەرکـەوتن، ئا لێـرەوە

خواستی هەزاران عێراقی بەڕووکردنە ئەم تۆپە و پاڕانەوە لێی چەکەرەیان کرد.

ڕەوشتی لەم جۆرە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاماژە دەکات بەهەژموونی گەورە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەسەڵاتی هێز و توانایی و هۆکارەکانی دەستبەسەردا گرتن و توانایی لە هەست و قەناعەتی کەسێتیی عێراقی.

بەڵگە بۆ سەرسامیی کەسێتیی عێراقی بەسیماکانی هێز و توانا و کاری خێرا و کاریگەری ڕاستەوخۆ، بڵاوبوونەوەی ئەم پەندە عێراقییەیە (الامام اللي مايشور يسمونه ابو الخرك - ئەو چاکەی دەستوەشێن نەبێت بەشێخ پەڕۆی ناودەبەن)، واتا: ئەو پیاوچاکە، یاخۆ گۆڕی پیاوچاک گەر کەرامەتی بەرچاو و ڕاستەوخۆ وەکو بەڵگە بۆ هێز و توانای نیشان نەدات، ئەوا خەڵکەکە بەمەبەستی گاڵتە پێ کردن و قەشمەری بە(ابو الخرق - شێخ پەڕۆ)ی ناو دەبەن.. ئەمەش هەر بەڵگەیە بۆ گرینگیی کەسێتیی عێراقی و سەرسامبوونی بەڕەگەزی هێز و توانا و دەسەڵات و توانایی...

## ناکۆکیی ئاکار لە نێوان دروشم و پراکتیکدا

## ئەشکەنجەدانی عێراقییەکان لە سەردەمی عوسمانییەوە بەردەوامی دەبێ

پرەنسیپی باش و کرداری خراپ:

لە سیماکانی دژایەتی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا بەردەوامیی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونییە دژ بەعێراقییەکانە لەمیانەی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، یاخۆ لێپرسینەوەیان، یان وەرگرتنی گوتەکانیان لە فەرمانگەکانی پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگری و لەنێو گرتیگە و زیندانەکاندا لە هەموو سەردەمە سیاسییەکاندا و لە سەرتاپای ناوچەکانی عێراقدا، ئەگەر تاوانکار بن یاخۆ بێتاوان، یان لەبەر هۆی سیاسی بێت، یاخۆ تاوان یا شتی تر، تاکو دڵنیابوون لە بێتاوانی و ستەم لێکراوییەکەی، کەسی عێراقی زۆرجاران و بەدرێژاییی دەیەکانی ڕابردوو تووشی چەندان جۆری ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی و جۆری جیا جیا لە سووک و ڕیسوایی و ئەتککردن و دەستدرێژی بۆ سەر کەرامەتی دەهات...

لە کاتێکدا دامەزراوە و دەستە حکوومی و فەرمییەکان لە شوێنە جیا جیاکانی دەوڵەت، لە هەمان کاتیشدا و لە هەموو سەردەمەکاندا بەردەوام دەبن لە دانانی دەستوور و یاسا و سیستمەکانی خوێندن، کە باس لە ئازادی و مافی مەدەنیی هاووڵاتیی عێراقی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی عێراقی و سەلامەتی و ڕێز لە کەسایەتییە مرۆییەکەی و بەهەند وەرگرتن دەکەن، ئەزموونی واقعی لە چەندین سەدەوە بۆی دەرخستووین، بەرپرس و ئەنجامدەران لە دەوڵەت و حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا و فەرمانڕەوا سیاسییەکان لە حزب و ڕێکخراو و بارستە سیاسییەکاندا قسەیان لەسەر مافی تاکی عێراقی کردووە لە ئازادی و ڕزگاربوون و ژیانی سەربەرز و ڕێگە نەدان بە دەستبردن بۆ کەرامەتی جەستەیی و کەسێتی و قەدەغەکردنی هەموو

جۆرەکانی ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی و تۆقاندن و قۆڵبڕین لە دژی...

بەم شێوەیە لە عێراقدا دۆخێک لە ناکۆکیی بەرچاو لە ڕەوشت بووە باو لە نێوان پرەنسیپ و بەها و ئەو دەقانەی لە دەستوور و یاسا و بەرنامە سیاسییە ڕاگەیەندراوەکاندا هاتوون لەلایەک و لە نێوان پراکتیکی بەفیعلی و واقعی لە ژیانی ڕۆژانەدا و لەلایەکی ترەوە هێشتا ئەم دژایەتییە تا ئەمڕۆ بەردەوامیی هەیە، هەڵبەت پرۆسەی ئەشکەنجەدان و پێشێلکردنی ئابڕوو و سووک و ڕیسواکردن و دەستدرێژیی جەستەیی و سێکسی دژ بەهەزاران عێراقی لە گرتیگە و زیندان و فەرمانگەکانی لێکۆڵینەوە لە سەرتاپای وڵاتدا بەر لە سەد ساڵەوە تاکو ئێستا پیادە کراون.

عێراقییەکان بەردەوام و لە گشت چەرخەکاندا چیرۆکێلێک دەگێڕنەوە قسە لەسەر سەدان ڕووداوی ئەشکەنجەدان دەکەن، کە گیراو و زیندانییەکان تووشی هاتوون، بەشێوەیەک لە خەیاڵەوە نزیکن و لەبەر سەیروسەمەرەیی و دزێوی و پڕ لە شەرمهێنییان ئاوەز قبووڵیان نەکات.

ڕەنگە بتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە دیاردەی ئازار و ئەشکەنجەدانی عێراقییەکان، وێڕای ئەو هەموو پێشکەوتنانەی یاسادانان لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان و یاساکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا ڕوویان داوە لە ڕووخانی حوکمی عوسمانییەوە تاکو ئەمڕۆ، بەردەوامیی هەیە.

## هەموو شتێک گۆڕا تەنیا ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان نەبێ

لە دەرچوونی عوسمانییەکانەوە لە ساڵی ١٩١٧دا و تا ساڵی ٢٠١٠ پتر لە هەشت وەرچەرخانی سەرەکی و گۆڕانکاریی جۆری لەسەر ئاستی فەرمانڕەوایی و ڕێژیم و دەسەڵات و سەرکردایەتی و پێکهاتەی سیاسی لە عێراقدا ڕوویان داوە، لەوانە:

– ڕووخانی فەرمانڕەواییی عوسمانی و دەرچوونیان لە عێراق لە ساڵی ١٩١٤ و ساڵی ١٩١٨دا.

– داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ١٩١٤دا و خرانە ژێر چاودێریی بەریتانیاوە.

– دامەزراندنی ڕێژیمی شاهانە لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٢١، ئەو کات عێراق ویلایەتێکی سەر بەدەوڵەتی عوسمانی بوو.

– ڕووخانی ڕێژیمی شاهانە و دامەزراندنی ڕێژیمی کۆماری ساڵی ١٩٥٨.

– ڕووخانی حوکمی عەبدولکەریم قاسم و شیوعییەکان ساڵی ١٩٦٣.

– ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و حەرەس قەومی لە کۆتاییی ساڵی ١٩٦٣دا.

– ڕووخانی حوکمی نەتەوەپەرستەکان و ناسرییەکان ساڵی ١٩٦٨.

– ڕووخانی فەرمانڕەوایی بەعس بەسەرۆکایەتیی سەدام حوسێن ساڵی ٢٠٠٣.

– داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا و دامەزراندنی ڕێژیمی پەرلەمانیی دەستووریی فیدراڵی، پشت بەشێوازی هەڵبژاردنی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ دەبەستێ.

ئەو گۆڕانکاری و وەرچەرخان و کودەتا و شۆڕش و بیردۆزە سیاسییە هەمەجۆرانە، کە لە عێراقدا پراکتیزە کران زۆربەی سیماکانی ژیانی عێراقیان گۆڕی، هەروەها لەگەڵ خۆیدا پیاوەکان و فەرمانڕەوا و سوپا و پێوەر و نەریت و دروشم و حزب و بەرنامە و ڕۆشنبیریی خەڵک و پێداویستییەکانیان گۆڕین، بەڵام تاقە شتێک نەگۆڕا ئەویش ئەشکەنجەدانە دژ بەعێراقییەکان لە گرتیگە و زیندانەکاندا، ئازاردان بەدەستی عێراقییەکان خۆیان لە سەرجەم چەرخە سیاسییەکاندا بێ هەڵاواردن و بەدزێوترین شێواز و ئامراز لە دڵڕەقیی زۆر بەردەوامیی هەیە، ئەی ئەو پاڵنەرە دەروونی و ڕەوشتییانە چین، کە وایان لە تاکی عێراقی کردووە بەشێوەی تایبەت (عێراقیی حزبی، یاخۆ سیاسی) ڕازی بێ، یاخۆ بەشدار بێ لە پرۆسەی ئەشکەنجەدان دژ بەبراکانی لە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی؟

ئەی بۆ بەلای کەمەوە تاقە توێژێکی سیاسیمان نەبینییەوە خۆی بپارێزێ، یاخۆ لایەنگرانی خۆیان بەدوور بگرن لە پیادەکردنی ئازار و ئەشکەنجە دژ بەعێراقییەکان؟ یا هەڵوێستی شێلگیرانە و یەکلایی وەگرتبێ و ئەم کارەی ڕەت کردبێتەوە؟

داخۆ لەم بەکۆمەڵییە لەسەر پشتگیریی ئەشکەنجەدان، یاخۆ چاوپۆشیی شەرمهێنی ئاراستەکراو دژ بەڕۆڵەکانی نیشتمان، ئاماژە بەبوونی دۆخێک لە دژایەتی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا ناکات؟ بەپێوەر بەو هاتوهاوارەی سەرجەم عێراقییەکان لەبارەی بەهاکانی بیروڕا و پاراستنی ئابڕوو و ڕێزی ئازادیی تاکەکەسی و مافەکانی گەل و جەماوەرەوە دەدوێن؟

## کاراکردنی یاساکانی تایبەت بەپاراستنی عێراقییەکان لە ئەشکەنجەدان

لەسەر بنەمای ئەوانەی باسمان کردن و لەپێناو وەستاندنی پرۆسەی ئازاردانی بەردەوام دژ بەمرۆڤی عێراقی بەشێوەیەکی تەواو دڵنیا، بەئەرک و پێویستی دەزانین کارای یاساکانی تایبەت بەتاوانەکانی پێوەند بەئەشکەنجەدانی عێراقییەکان بکرێ و سزای توند و دڵڕەقانە بەپێی میکانیزمێکی خێرا جێبەجێ بکرێ، بێ ئەوەی ملکەچی ڕۆتینی لەسەرخۆ و درێژخایەن ببێ دژ بەهەر کەسێک دەستی هەبووبێت لە ئەشکەنجەدان، یاخۆ سووکایەتیکردن بەهەر عێراقییەک لە ماوەی لێکۆڵینەوە، یاخۆ گرتن و زیندانیکردندا.

پێداگرتن لەسەر ئەم بابەتە و کاراکردنی مادە یاساییەکانی تایبەت بەم بابەتە، وێڕای پێویستیی ڕوونکردنەوەی بۆ هاوولاتییە عێراقییەکان و ناساندنیان بەمافەکانیان لەم لایەنەوە بەهۆیەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی هەمیشەیی، تاکو بەتوندی بیگرن و داوای هێنانەدی بکەن، ئەمەش تاقە چارەسەرە، لە واقیعی کردەییدا هێزێکی بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەقینە بەم یاسایانە بدا، دوای ئەوەی گشت هۆ و شێوازەکانی پێشوو شکستیان هێنا، لە ماوەی دەیەکانی پێشوودا گاڵتە و سووکایەتیی ڕاستەقینە و کرداری دژ بەمرۆڤی عێراقی و ئابڕوو و مافەکانی پراکتیزە کران، ئاخۆ سەرەڕای هەموو ئەو یاسایانەی ڕێ لە ئەشکەنجەدان دەگرن کەس بیستوویەتی

ئەفسەرێک، یاخۆ پۆلیسێک، یان پیاوێکی ئاسایش لەبەرئەوەی کەسێکی ئەشکەنجەداوە، یا سووکایەتیی بەعێراقییەکی تر کردووە بخرێتە بەندیخانەوە؟ مەگەر ئەو ئەفسەرە، یاخۆ پۆلیسە، یان ئاسایشە لە سۆنگەی کوودەتایەکی سەربازی، یاخۆ سیاسی، یا کێشەی تاوانکاریی ناشرینی وەک گەندەڵیی دارایی و بەڕێوەبردن زیندانی کرابێ؟.

سەرجەم ئەو گفت و بەڵێنانەی ئەو بەیاننامانەی لە سەرەتای گشت شۆڕشێک، یاخۆ کودەتایەک، یا چاککردن، یان گۆڕانێک دەردەچن سەبارەت بەڕزگارکردنی گەلی عێراق و چاودێریی ئابڕووی تاکی عێراقی و پاراستنی لە ئەشکەنجەدان و هەڵکوتانەسەر و دەستدرێژیی جەستەیی و سێکسی، برێتین لە درۆیێک هیچ بنەمایەکیان نییە و کاریگەرییان لە واقیعی کرداریدا نییە، هەر ئەمەش بوو لە هەموو سەردەمەکاندا بێ هەڵاواردن ڕووی دا و جێبەجێ کرا.

هەستی بەزەیی پێداهاتنەوە و لێبووردەیی و مرۆڤایەتی و هەستی هاونیشتمانیەتی لە هەموو کارەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری و سیاسی بەتایبەت ئەوانەی شۆڕشگێڕە خوێنگەرمەکان بۆ ڕێژیم و کودەتا تازەکان لە عێراقدا گرتیانە ئەستۆ.

بەتێپەڕبوونی ڕۆژ و ساڵەکان دەیان هەزار لە عێراقییەکان بەشدار بوون و بەشێوەیەک لە شێوەکان بەدرێژاییی سەدەیەکی تەواو لە کاری ئازار و ئەشکەنجەداندا تێوەگلان، هەڵبەت ئەو عێراقییانەی گۆڕان بەجەلاد و ئەوانەشی لە گشت سەردەمە سیاسییەکاندا بێ هەڵاواردن کاری ئەشکەنجەدانیان ئەنجام دا، ئەمانە لایەنگیر یا سەر بەیەکێک لە بیروباوەڕەکان، یاخۆ ڕێکخراوە سیاسی و حزبییەکان بوون، کە هەموو کات بانگەشەی ئازادیی مرۆڤەکان و ئابڕووی تاکی عێراقییان دەکرد، کە لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و باو بوون، پاشان تێکشکان و نەمان.

## مافپەروەرە عێراقییەکان لە کوێی وەستانەکەی ئیمامی ئەعزەم "ئەبی حەنیفەی نەعمان" دان؟

ڕق و تۆڵەی سیاسی و پاکبوونەوەی کەسێتی خەریکە ببێتە ئەو میتۆدەی لە زۆرێک لەو لێکۆڵینەوانەی لە عێراقدا بەدەست لێکۆڵەرە عێراقییەکان خۆیان دژ بەهاونیشتمانەکانیان بەڕێوە چوون و ئەنجام دران، بەدرێژایی چەندان دەیە هۆکارەکانی گەندەڵی و بەرتیل و ڕقی سیاسی و پەلاماری دەزگا دیکتاتۆرییەکان هاوکار و تەرخان بوون بۆ دیاردەی ئەشکەنجەدان و بەزۆر قسە وەرگرتن لە تۆمەتباران، ئەمەش بووە هۆی ناوزڕاندنی دادی عێراقی، بەتایبەت لە ماوەی ململانێ سیاسییە شێتانەکاندا.

ئا لێرەدا بەمافی خۆمانی دەزانین بەڕاشکاوانە قسەیەک بکەین بەدووری نازانم پیاوانی یاسا و داد لە عێراقدا پێی وەڕس ببن.

دەڵێین وێڕای بوونی چەندان مافپەروەر و دادوەر و یاساناسی بەجەرگی عێراقی، لەوانەی بەرهەڵستی جەور و ستەم و بەرگرییان لە دادپەروەری کرد و دژ بەسەرپێچی و پێ درێژی بەسەر یاسا و سیستەمەکاندا وەستانەوە، کەچی وێڕای بەردەوامیی دیکتاتۆرییە سەربازییە زۆردارەکان و سەرەڕای سنووربڕینی دزێوی یاساکان و مافی مرۆڤ لە عێراقدا و بەردەوامیی دادگە عورفییە سەربازییەکان و بڕیارە ستەمکارییەکانی بۆ چەندان دەیە، یاساناسان لە عێراقدا کارێکی دیارکراوی مەزنیان ئەنجام نەداوە، وەکو یاخیبوون، یا ڕاپەڕین، یان مانگرتن بۆ دژ وەستانەوەی دەسەڵاتداران لە بەردەوامییاندا لە دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی گەلی عێراق و ئازادییەکانی، وێڕای ڕێزمان بۆ گشت مافپەروەرێک یاخۆ یاساناسێکی عێراقی خرابێتە زیندانەوە، یا جیا کرابێتەوە، یان گواسترابێتەوە، یاخۆ بەرهەڵستی کردبێ، یاخۆ قوربانیی دابێ، سەرەڕای ئەوانەش بەتاسەوەین بۆ هەڵوێستێک وەکو ئەوی ئیمامی ئەعزەم ئەبوحەنیفەی نەعمان (٧٠٠ز – ٧٦٧ز)، کە بەرەنگاریی خەلیفەی زۆردار "ئەبوجەعفەری مەنسوور" بووەوە و وێڕای پێداگرتنی مەنسوور ڕەتی کردەوە ببێتە وەزیری داد لە سەردەمی ئەودا سوور بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی، قایل نەبوو ببێتە وەزیر لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی زۆردارێک (وەکو گوتبووی)، ئەوە بوو مەنسوور لە سۆنگەی ئەمەوە فڕێی دایە زیندانەوە، ئینجاش ئەو چۆکی دانەدا و تا مرد لە زیندانی مەنسووردا مایەوە، گەورەترین شەهید بوو لە مێژووی ئیسلامدا لەپێناوی دۆزێکی دیارکراودا، کە ناوی "سەربەخۆیی دادگە"یە.

## دێرینترین یاساکان لە عێراقەوە دەرکەوتن و ئەشکەنجەدانیش لە عێراقدا بەردەوامیی هەیە

ئەگەر بمانەوێ لەلایەنی مێژووییەوە تەماشای دژایەتی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا بکەین، ئەوە دەتوانین بڵێین:

گرفتاربوونی مرۆڤی هاوچەرخ لە عێراقدا لە بەرابەر پرۆسەی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و سووک و ڕیسوایی دەروونی و دەستدرێژیی تاوانکارانە دژ بەجەستە و ڕوح و ناموس و بەها مرۆیی و ئاکارییەکانی لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانەوە، کە خۆیان لە دەوڵەت و داوودەزگا داپڵۆسێنەر و ناوەندەکانی هێزی سەر بەبەرپرسان و خودان پۆستە گرینگەکان لە حکوومەتدا دەنوێنن، ئەمەش کارێکە ئەوپەڕی دژایەتی و پێچەوانەی ڕاستیی مێژوویی نووسراوی تێدایە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە وڵاتی ڕافیدەین ئەو شوێنەیە لە پتر لە چوار هەزار ساڵەوە یەکەمین یاساکان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تێیدا سەریان هەڵدا و نووسران و پێڕەو کران، وەکو یاسای ئەشنۆنا و یاسای لبت عەشتار و یاسای ئوورنموو و یاسای حەمورابی و یاساکانی ئاشووری و هیی تریش!...

چۆن دەکرێ ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا مرۆڤ تووشی ئەشکەنجەدان و ماف لێ سەندنەوە و سووکایەتیی

جەستەیی و دەروونی ببێ؟ داخۆ ئەمە دژایەتی و بەریەک کەوتن نییە لەگەڵ لۆجیکی شتەکان؟ پاشان ئەی لەمەدا دابڕان بەڵکو نامۆبوون نییە لە سەرچاوەکانی ژیاریی ڕاستەقینە لەم وڵاتەدا؟

باشە بۆچی ئەم ژمارە زۆرە لە عێراقییەکان بەم ڕەوشتە ئابڕووبەرەوە تێگلاون، مەبەستمان ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی و سووکایەتییە دژ بەبرا عێراقییەکانیان لە گشت سەردەمە سیاسییە یەک لە دوای یەکەکاندا بێ هەڵاواردن، ئەی بۆچی بەردەوامبوون لە ئەنجامدانی ئەم کارە شەرمهێنانە دژ بەبرا هاونیشتمانییەکانیان؟

وەڵامی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تەشەنەکردنی سیفەتی دژایەتی و دوژمنکاری بۆ کەسێتیی عێراقی بەو حوکمە دیفاکتۆیە، ئەمەش لە خەسڵەتەکانی کەسێتیی نەخۆشی دەروونییە، کە لە دەروونزانیدا پێی دەوترێ کەسێتیی سایکۆباتی، هۆیەکانی ئەمەش پێوەستە بەنوشستی و بێ هیوایی و بێبەریبوون، کە دیاردەیلێکن کۆمەڵگەی عێراقی لە ماوەی تاریکی حوکمی عوسمانیدا لە قوڕەکەیدا چەقی و نێزیکەی چوار سەدەی بەردەوام (١٥٣٤ز - ١٩١٤)ی خایاند، کە بەداڕووخانی ژیاری و ڕۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناسراوە.

خراپترین ڕەنگدانەوەی دیاردەی ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان لە ناو نیشتماندا بەشێوەیەک لە شێوەکان هەستی نیشتمانی لای تاکی عێراقی لاواز کردووە و هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی لە بەرابەر نیشتمان و وڵاتی لا لەق بووە و دەمارگیرییە عێراقییەکەی لە ئاست عێراق و خەڵکی عێراقدا دامرکاندووەتەوە، ئەمەش وای لە عێراقییەکان کردووە لە سۆنگەی بێ هیوایی و شۆک (هێدمە) و ماڵوێرانییەوە ئەو هەستانە بگۆڕن بەخۆپەرستیی تاکەکەسی و خودی و هەستی ئینتیمای خێڵەکی و تایفی..

## شێوازەکانی ئەشکەنجەدان نەوە دوای نەوە دەچنە سەرێ

لەپێناوی ڕێگە برین لە هەوڵی کەمکردنەوە لە بایەخی ئەم شیکردنەوەیە، کە پشت دەبەستێ بەدەستنیشانکردنی ورد و ئاشکرا و ڕاشکاوانەی ڕاستیی ئەم دیاردەیە و قەدەخەکردنی هەر هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی، یاخۆ دانانی بەدۆزێکی لاوەکیی ڕاگوزەر بشێت لە هەر وڵاتێکدا ڕوو بدا...

بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم شیکردنەوەیە بەبەڵگە و ئاماژە و ڕووداو، دەڵێین:

کاری ئەشکەنجە و سووکایەتی و دەستدرێژیی شەرمهێن دژ بەگیراو و تۆمەتبارە عێراقییەکان تەشەنەی کرد، بەتایبەت سیاسییەکانی ڕۆژگاری پاشایەتیی دەستووری، کە لە ساڵی ١٩٢١دا دامەزرا، وێڕای بوونی پەرلەمان کە بڕیاری داوە لەسەر ڕێزگرتنی ئازادیی تاکەکەسی عێراقی و پاراستنی کەرامەتی...

عێراقییەکان لەناو خۆیاندا باسیان لە چەندان هەواڵ و چیرۆک دەکرد سەبارەت بەدڵڕەقیی ئەو ئەشکەنجەدانەی دەزگا ئەمنییەکان لە کاتی لێکۆڵینەوەدا پیادەیان دەکرد، هەروەها ئەوسا

خەڵکەکە قسەیان لەبارەی لە وزە بەدەری ئازارەکان دەکرد، کە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا لەپێناوی بەدەستهێنانی دانپێدانان لە سیاسییە نیشتمانییە عێراقییەکان لە ئەنجامی نینۆک هەڵکێشانەوە پیادەیان کرد.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دروستبوونی ڕێژیمی کۆماری و دەرکەوتنی بەراییەکانی هەژموونی کۆمۆنیستەکان بەسەر پۆستە گرینگەکان و ڕەوشی گشتیدا، ئەو کۆمۆنیستانەی پێشتر گیراوەکانی سەردەمی پاشایەتی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدانیان بەدەستیانەوە چێشت، ئەم جار هەستان بەئەنجامدانی پرۆسەی ئازاردان دژ بەگیراوە نەتەوەیی و بەعسی و ناسرییە عێراقییەکان و پەیڕەوانیان لە ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٥٩ – ١٩٦٠ – ١٩٦١ _ ١٩٦٢دا.

عێراقییەکان بەپێی ئەو دڕندەیەتییەی لێکۆڵەرە عێراقییەکان لە سەردەمی کۆماری شۆڕشگێڕی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکاندا پیادە دەکرا، خۆزگەیان بەئەشکەنجەدانی سەردەمی پاشایەتی دەخواست.

دوای ڕووخانی حوکمی قاسمی لە ساڵی ١٩٦٣دا و نەمانی پەلاماری کۆمۆنیستەکان، بەهەزاران عێراقی لەوانەی لە لیژنەکانی حەرەس قەومی (میلشیای سەر بەحزبی بەعسی ئەوسا) بوون، کاری ئەشکەنجەدانیان گرتە ئەستۆ، کە ئەم جار دژ بەکۆمۆنیستەکان و لایەنگیرانیان و ئەوانەی هاوکاریان بوون و لە سەرتاپای وڵاتدا لەسەر ئەوان حسێب دەکران، پرۆسەی ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوەکان تۆقێنەر و سەرسوڕهێن بوون، کە لە هاڕین و پلیشانەوە دەچوون تا مردن، هەر بەڕاستییش سەدان عێراقی لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا، یاخۆ لە کاتی هەڵکوتانە سەر بنکە نهێنییەکانی سەر بەحزبی شیوعی و ڕاوەدوونانی ئەمنیی بەدەستی عێراقییەکانی تر مردن، کە لە لایەنگرانی ڕێژیمی نوێ بوون و بەردەوام جاڕی ئازادی و سەربەرزی و کەرامەتی مرۆییی هاووڵاتیی عێراقییان دەدا.

"بەپێی خەملاندنی کۆمۆنیستەکان نێسزیکەی ٥٠٠٠ هاووڵاتی لەو شەڕوشۆڕەی ٨ بۆ ١٠ی شوبات کوژران" (١٩٦٣) و "لە ماوەی ڕاوکردنی دڕندانەی کۆمۆنیستەکان لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ".(١٢)

پاش ڕووخانی ئەم ڕێژیمەی لەسەر بەعسییەکان حسێب بوو (ساڵی ١٩٦٣) ناسرییەکان لیژنەکانی لێکۆڵینەوەی سەر بەخۆیانیان گرتبووە ئەستۆ، پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە دژ بەگیراو و تۆمەتبارە سیاسی و ناسیاسییەکان لە سەرباز و مەدەنی، هاوشان لەگەڵیدا پرۆسەکانی ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان بەردەوامیی هەبوو.

دوای ئەوەی ساڵی ١٩٦٨ حوکمی ناسرییەکانیش هەرەسی هێنا و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن گەڕانەوە دەسەڵات، جارێکی تر گەڕانەوە سەر خوو و نەریتەکەی خۆیان و سوودیان نە لە ئەزموونی ڕابردوویان (ساڵی ١٩٦٣ز) وەرگرت و نەیش لە ئەزموونەکانی ئەوانی تر، پرۆسەی ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان سەرلەنوێ گەڕایەوە، تا بەشێوەیەکی دزێوتر و

دڵڕەقانەتر و دڕندانەتر پیادە بکرێ بەشێوەیەک لە مێژوودا هاوتای نەبێ.

پاش ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و ڕووخانی بەغدا و داگیرکردنی عێراق و لەدەستدانی سەربەخۆیی نیشتمانی و هەرەسهێنانی دەوڵەت و هاتنە ناوەوەی هێزە بیانییەکان بۆ ناو وڵات، هەموو شتەکان لە عێراقدا گۆڕان و هەرەسیان هێنا، تەنیا ئەشکەنجەدان دژ بەعێراقییەکان نەبێ، وەک خۆی مایەوە، بگرە توندتر و دڵڕەقانەتریش بوو، ئەم جاریان پیاوانی بیانی و بەکرێگیراو و بێگانە لەگەڵ لێکۆڵەرە عێراقییەکاندا پرۆسەی ئازار و ئەشکەنجەدانی عێراقییەکانیان لە ئەبوغرێب و گرتیگەکانی تری عێراقدا لە ئەستۆ گرت، ئەوانەی بێ ماندووبوون ئازاری برا گیراوە عێراقییەکانی خۆیان دەدا، یا بێ هەستکردن بەئینتیما، یاخۆ دەمارگیری بۆ عێراق و خەڵکەکەی و بێ گوێدان بەئابڕووی برا گیراوە عێراقییەکانیان.

بەم شێوەیە لە سەرەنجامی گشتیدا دەبینین، سەدان هەزار عێراقی لە ماوەی ئەم ساڵە درێژانەدا تێوەگلاون و ڕۆچوونە ناو جێبەجێکردنی ئازار و ئەشکەنجەدانی جەستەیی دژ بەعێراقییەکانی تر.

## مێژووی پەناهەندەیی و ڕاگواستنی زۆرەملێی عێراقییەکان

سەرەڕای دیاردەی ئەشکەنجەدانی جەستەیی، کە زۆرێک و تا ئێستاش بەسەدان هەزار عێراقی، وەکو بارودۆخ و ڕەهەندەکانیمان شی کردەوە بەدرێژایی سەدەیەکی تەواو پێوەی دەسووتێن، دیاردەیەکی خراپی تر عێراقییەکان و کۆمەڵگەی عێراق بەگشتی لە ماوەی سەدەی بیستدا پێوەی دەناڵێنن، ئەویش دیاردەی شاربەدەرکردن و دوورخستنەوە و کۆچی زۆرەملێی تاکەکەسی و بەکۆمەڵە، وەکو سزایەکی حکوومیی باو لە ڕەوشی عێراقدا لە بەراییەکانی سەدەی بیستدا و ڕەنگە بەر لەوەیش، ئەمەش دیاردەیەکی مەترسیدار و خراپە زام و شێواندن و شوێنەواری بەد و نالەباری لە سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی و ڕۆشنبیری و پێکهاتەی کەسێتیی جێ هێشتووە، هەرچەندە نامانەوێ لەبارەی ئەم دیاردە خەمهێنەرەوە باسەکەمان فراوان بکەینەوە، کە ڕەنگە زۆرێک بیزانن، بەڵام دەتوانین بڵێین پرۆسەی ڕاگواستن، یاخۆ کۆچ پێکردنی زۆرەملێی عێراقییەکان لە وڵاتی خۆیاندا تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی نەداوە وەکو هەندێک بۆی دەچن، بەردەوام بوو و پیادە دەکرا بەچەندان ساڵ بەر لەوە، دووریش نییە لە هیچ دەیەیەکی سەدەی بیست و دوای ئەویش بەکەمێک نەوەستابێ، بەڕادەیەک توێژەر دەگاتە قەناعەتێک شەپۆلەکانی پەناهەندەیی و کۆچ پێکردن یەک لەوی دی دێتە کایەوە و زۆرجار لەبەر هۆکاری سیاسی، لەوانەیە ئەم دیاردەیە یەکێک لەو هۆیانە پێک بهێنێ، کە کۆمەڵگەی عێراقی بەدەستییەوە دەناڵێنن لە ڕەوشتی توندوتیژیی تۆڵە و گرژیی دەروونیی بەردەوام.

عوسمانییەکان لە عێراقدا لە هەر عێراقییەک تووڕە بوونایا دووریان دەخستەوە بۆ بەرە جیا جیاکانی شەڕ، لەو شوێنانەی زەحمەت و کەش و هەوایان سەخت و نامۆ بوون بەعێراق وەک:

قەوقاس و نیمچەدوورگەی عەرەبی و قرم و شوێنی تریش، هەروەها دوور خستنەوە بۆ ئەستمنبوڵ و شارەکانی تری تورکیا باو بوو..

لە سەردەمی ماندانی (انتداب) بەریتانیدا ئاوارەکردن یاخۆ دوورخستنەوە عێراقییەکان لە دوو دەڤەردا خەست دەبووەوە، ئەویش دوورخستنەوە بۆ هیند، یا بۆ ئێران، هەرچی لە سەردەمی پاشایەتی بوو ئەوا ئاوارەکردن و دوورخستنەوە دژ بەو عێراقییانەی بەر نەفرەت کەوتبوون لەناو عێراقدا و بەشێوازێک مۆرکی ستەم و دڵڕەقیی دیکتاتۆریی پێوە دیاربوو، چونکە دوورخستنەوە یا گلدانەوە یاخۆ زیندانکردن لە "نوگرە سەلمان" (بەندیخانەیەکی بیابانیی تۆقێنەر و تەریک کەوتوو بوو لە خوارووی ڕۆژئاوای عێراق بەلای سنووری سعوودیەدا) هێند جیاواز نەبوو لە دوورخستنەوە بۆ دەرەوەی وڵات، بگرە ڕەنگە دڵڕەقانەتر و بەئازارتر بوو و هێشتا یادەوەریی هەزاران عێراقیی زیندوو یادگاری پڕ لە خەمباری و بەسوێی لەسەر ئەو ڕۆژە ڕەشانەی دوورخستنەوە بۆ بیابانی وشکوبرینگ و دوورەدەستی (لە باشووری ڕۆژئاوای عێراق) هێشتووەتەوە.

هەرچی ئەو عێراقییانە بوون کە بەئیرادەی خۆیان دەیانتوانی لەو ڕۆژانەدا بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان هەڵبێن، یاخۆ کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات، ئەوا بەپێی بارودۆخی هەر یەکێکیان دابەش دەبوون، هەبوو بۆ سووریا ڕای کرد وەکو ئەوەی بەسەر هەندێک لە نەتەوەخوازەکاندا هات، بەشێکیشیان بۆ سعوودیە وەک ئەوەی بەسەر ڕەشید عالی گەیلانیی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا هات دوای سەرنەگرتنی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩١٤ دژ بەپاشایەتی، ئەوە بوو لە سەرەتادا بەرەو بەرلین هەڵات، دوای ڕووخانی ڕێژیمی نازییش داوای پەناهەندەیی سیاسی کرد بۆ سعوودیە و لەوێ ژیا، ئەوانی تریش بۆ ڕووسیا و هەندێک لە وڵاتە کۆمۆنیستەکان هەڵاتن، وەک ئەوەی بەسەر مەلا مستەفای بارزانی و لایەنگرانیدا هات، هەروەها لەگەڵ ئەوانی تریشدا لە کۆمۆنیستەکان، لەوانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە داوا کرابوون.

بەڵام لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزراندنی ڕێژیمی کۆماری لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و سەرەتای سەردەمی کودەتا سەربازییەکان، ئەو هەڵاتوو و دوورخراو و کۆچ پێکراوە عێراقییانە گەڕانەوە، تاکو ڕاکردووی نوێی عێراقی لە لایەنگرانی ڕێژیمی پاشایەتی شوێنیان بگرنەوە، کە بەسەردەمی لەناوچوو ناو دەبرا، هەرچی دواکەوتووانیان بوون بەهەتیوەکانی سەردەمی لەناوچوو یان هەتیوەکانی نووری سەعیدیان ناو دەبردن، شەپۆلێک لە کۆچکردنی نوێ دەستی پێ کردەوە، لێ شەپۆلی نوێی کۆچکردن دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بەقەبارە و بەژمارە زۆر فراوانتر بووە، چەندێکیش شەپۆلێک لە هەڵهاتووە عێراقییە کۆچکردووەکان لە سۆنگەی چەوسانەوەی سیاسی گەڕانەوە، ئەو شەپۆلەی شوێنی دەگرێتەوە لە ڕاکردووە کۆچکردووەکان مەزنتر و فراوانترە بەتایبەت لەگەڵ بەردەوامیی کودەتا سەربازییەکان و گۆڕینی ململانێی سیاسی لە نێوان عێراقییەکاندا بۆ چالاکی لە هاڕین و لەناودان و بەپەند بردن و تۆڵەی خوێناوی، تا وای لێ هات ئەو شەپۆلەی ئاوارە سیاسییەکان ببێتە شەپۆلێکی ملیۆنی، واتا

بەملیۆنان بژمێررێن...

بەم شێوەیە میللەتی عێراق خۆی لە بەرابەر شەپۆلەکانی کۆچی بەکۆمەڵی زۆرەملێی یەک لە دوای یەکدا بینییەوە، کەچی ئەوەی مایەی خەمە ئەم شەپۆلانە نەوەستان و هێور نەبوونەوە و دەنگێکی ڕاستگۆیانە لە فەرمانڕەوایەکی سەرکەوتووەوە بەرز نەبووەوە بانگەشەی لێبووردن و لێبووردەیی و ئاشتەوایی ڕاستەقینە بکا بۆ وەستاندنیان، بەمە ئەو شەپۆلی کۆچی زۆرەملێیانە یەک لە دوای یەک و دوو سەرە بوونە، واتا چەندێک کۆمەڵێک لە کۆچکردووەکان لە دەرەوە بەهۆی کوودەتا یا گۆڕانێک لە ڕێژیمە سیاسییەکەدا رووی دابێ و گەڕابێتنەوە، لە بەرابەردا شەپۆلێکی ئەلتەرناتیڤ لە ترسی ڕێژیمە تازەکە دەرچووە...

تا ئێستاش ئەم کارە تا ڕۆژی ئەمڕۆمان بەردەوامیی هەیە، ڕەنگە ئەمە خراپترین شت بێ یەکەتیی نیشتمانیی هەر گەلێک لە گەلەکان دەرگیری بووبن.

هەڵبەت ململانێی سیاسی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکاندا لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و دوای ئەوەش و لە سۆنگەی کرانەوەی دەرگەی کوودەتا سەربازییە یەک لە دوای یەکەکان مۆرکی بەپەندبردنی خوێناویی تۆڵەسێنەرەوەی وەرگرتووە، ئەوا گشت ئەو توێژە سیاسییە عێراقییە دەسەڵات بەدەستانەی تووشی تێکشکان دێن، لایەنگرەکانیشیان دەرگیری سێ جۆر کۆتایی چارەنووسساز دێن:

(کوشتن یا زیندان، یانیش هەڵهاتن و کۆچ).

بەم ئاوایە عێراقییەکان لە سووڕانەوەیەکی بێ وەستاندا لە نێوان کوژراو و زیندان و ڕاکردوو و کۆچبەر دابەش دەکرێن...!

هەرچی کۆچی دەیان هەزاری عێراقییەکانە لەناو وڵاتەکەی خۆیاندا، واتا لە ناو عێراقدا لەگەڵ کۆچ بۆ دەرەوە، ئەمە دوا داهێنانی ڕێژیمی بەشبەشۆکێی تایفی (المحاصصة الطائفية) و حزبیی عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣یە، ڕەنگە ئەمە ئەو ڕەهەندە نوێیەی ئەو دژایەتییە بێ، کە عێراقییەکان پێشتر لە ساڵ و دەیەکانی ڕابردوودا لە عێراق لەسەری ڕانەهاتبن، ئەمەش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئەوەی دەشێت میتۆدی تۆڵەسەندنەوەی سیاسیی خوێناوی ببێتە شیمانەی دنەدان و ڕاپەڕینی دۆخی ئاژاوەگێڕی و یەکتر نەویستنی تایفی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، بگرە لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر لە جیهاندا، ئەو دۆخەی لە سنووری ماقووڵدا سەقامگیر و وەستاو بوو.

خێرایی لە گۆڕانی هەڵوێست و مگێز و باوەڕکردن لە ڕەوشتی تاکی عێراقیدا:

لە سیماکانی ناکۆکی لە کەسێتیی عێراقیدا گۆڕانی کتوپڕە لە هەڵوێستەکانی تاکی عێراقی و گۆڕانکارییە لە مگێز (مزاج) و باوەڕکردن بەشێوەیەکی سەیر و بێ پێشەکی، دەتوانین لە زۆر کاتدا تێبینیی ئەوە بکەین گۆڕانکاریی خێرا لە هەڵوێستەکانی تاکی عێراقی و قانع بوون و بیروباوەڕی لە ئاست زۆرێک لە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەییەکاندا ڕوو دەدات،

دووریش نییە ئەمە کارێکی ناسراو و باو بێت لە ڕەوشتی زۆرێک لە مرۆڤەکاندا، لێ ئەوی تاکی عێراقی لەم گۆڕانکارییانە جیا دەکاتەوە، بەکتوپڕی و بەمگێزێکی توندی خێرا و دژایەتی دەناسرێتەوە، لە هەردوو دۆخەکەدا واتا بەر لە گۆڕینی هەڵوێستی، یاخۆ دوای ئەوە گەرموگوڕی و زیادەڕۆیی ئەو ڕەوشتەیە، کە هەڵسوکەوتی ئاراستە دەکات لە بەرابەر ئەو بابەتانەدا.

بەڵگەکانی ئەم بابەتە لە گشت لایەکەوە ئابڵوقەمان دەدەن، بەسەدان نموونە و ڕووداوی سیاسی و ناسیاسی هەن، نیشانەی بوونی ئەم جیاکارییە ڕەوشتییەن، کە هۆیەک بوون بۆ ڕوودانی ژمارەیەک پارادۆکسی مێژوویی کارەساتبار لە کۆن و نوێدا.

ڕەنگە توێژەر زەحمەتییەکی زۆر ببینێ لە ڕاڤەکردنی خێراییی وەرچەرخان و گۆڕینی متمانە لای تاکی عێراقی و گواستنەوەی لە هەڵوێست وەرگرتن لە نێوان کارێک و دژەکەیدا و ملکەچکردنی بۆ گۆڕانکارییەکان، کە دەشێت لە وڵاتدا ڕوو بدەن، بەتایبەت لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی و پایەی دەوڵەتدا، هەروەها لەگەڵدابوونی پڕ لە جۆشوخرۆشی بۆ هەر گۆڕانێکی سیاسی لە وڵاتدا ڕوو بدات و حەزی بەپەلەی لە ڕیزگرتن لەگەڵ ئەو توێژەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت لە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، بەپێچەوانەی ئەوەی باو و بەناوبانگە لای تاکی عێراقی و میللەتی عێراقدا، بەشێوەیەکی گشتی لە دەرەوەی وڵاتدا و بەپێچەوانەی ئەوەی تاکی عێراقی پێی دەناسرێتەوە، لە جێگیری و قایمی و بڕواداری.

ئەو توێژە عێراقییەی لایەنگری عوسمانییەکان بوون و هاوکارییان دەکردن و پێشبڕکێیان دەکرد لە پێشکێشکردنی گوێڕایەڵی بۆیان، ژمارەیان لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی عێراقدا کەم نەبوو و نامۆ یا گۆشەگیر نەبوون، یاخۆ بەدرێژاییی حوکمی عوسمانی لە عێراقدا پەراوێز خرابن، هەینێ عوسمانییەکان لە بەرابەر ئینگلیزدا تێک شکان، عێراقییەکان لە دژیان هەڵگەڕانەوە و لە هەر شار و لە هەر شەڕێک لە عێراقدا ڕووی دا پشتگیریی ئینگلیزە سەرکەوتووەکانیان کرد.

هەروەها زیادەگۆیی نییە ئەگەر بڵێین لایەنگرانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراقدا (ئەگەر ئەو عێراقییە بێ لایەنانەشیان بخەینە پاڵ کە دژ بەڕێژیم نەبوون) زۆربەی زۆری نێوەندەکەیان لە میللەتی عێراق پێک دەهێنا، وێڕای ئەو هاوسۆزییەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە ڕیزەکانی ڕووناکبیرانی شاردا بەدەستیان هێنا، لێ ئەم زۆرینەیەی سەر بەڕێژیمی پاشایەتی بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەر بوونە زۆرینەی دژ بەپاشایەتی و بەشەوق بوون بۆ ئەو شۆڕشە سەربازییەی ڕێژیمی پاشایەتییان هاڕی و بوونە زۆربەی قاسمی و پشتگیریی عەبدولکەریم قاسمی پێشەوای بزاڤی سەربازییان کرد، کە پاشایەتیی ڕووخاند و هوتافیان بۆ کێشا، پاشان بەشێلگیرییەوە بوونە زۆربەی لایەنگری کۆمۆنیستەکان، تا وای نیشان دەدا وەک ئەوەی سەرتاپای میللەتی عێراق لە ساڵەکانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٢ بووبنە کۆمۆنیست، پاشان هێندەی نەبرد ئەم زۆرینەیە گۆڕان بەدوژمنی کۆمۆنیستەکان و پشتگیریی بەئاشکرایان بەبەعسییەکان و نەتەوەخوازەکان دا، بەوانەی لە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتدا سەرکەوتن و ساڵی ١٩٦٣ و دوای ئەوەش بێبەزەییانە

کۆمـۆنیسـتـەکـانیـان تێکشکاند، پاش ئەوە ئەو زۆربـە ئاشکرایە گـۆڕا بەزۆرینەی نەتەوەپەرسـتی ناسـری، پاش لابردنـی بەعسـییـەکان لە دەسـەڵات بـەدەسـتی عـەبدولسـەلام عـارفی نـەتەوەپەرسـتی ناسـری، ئینجـا زۆربـەی بەرچاوی گەلی عێراق گەڕانەوە تا ئەم جاریان ببنە بەعسـی (سـەدامی)، دوای ئەوەی لە سـاڵی ١٩٦٨دا جارێکی تر بەعسییەکان دەسەڵات و حوکمیان گرتەوە دەست و ئەم زۆربەیە پـشـتگیـریی بـەعـسـیـیـەکـانیـان کـرد و بەشـێلگیـرییـەکی لە ڕادەبەدەر ملکەچیی خـۆیان ڕاگەیاند، بەشـێوەیەک وەک ئەوەی هەمـوو عێراقییـەکان بەعسی بن، هـوتاف بۆ بەعس و سـەدام حوسێن دەکێشن و بەئاشکرا و بەشێوەیەکی بەرچاو پێشبڕکێیانە بۆ پێشکێشکردنی گوێڕایەڵی و قـوربانی و خـۆشـەویسـتی و مـتمـانـە بۆ سـەرۆکی بەعس، بەفـەرمی و فـیعلی دەچنە ناو ئەو حزبی بەعسەی سەدام حـوسێن پێشڕەوی دەکات، وای لێ هـات بەهـەزاران عێراقی بەنووسـینی ڕاپۆرتی نهێنـی ملی یەکترییان دەشکاند، ئەمـەش لە پرۆسەی بەربەرەکانێ و پێشبڕکێیەکی گەرمدا، تا لە ڕێژیم و حـزبی دەسـەڵاتدار نـێـزیک ببنـەوە، شـانـازیی بەو ڕێـپـێـوانە ملیـۆنیـیـەوە دەکـرد، کـە پشتگیرییان لەم دەکرد و هوتافیان بۆ دەکێشا..

لە وەرچەرخـانێکی خـێـرادا کـە مـایـەی سـەرسـوڕمـانە، ئەو زۆرینەیە دەتوێنەوە و ئەو کـۆمـەڵە گەورەیە پەرش و بڵاو دەبێتەوە..

لەگەڵ تۆپبـارانی ئەمەریکاییەکان و نزیکبوونەوەی کشانی هێزەکانی ئەمـەریکا لەسـەر زەوی لە سـاڵی ٢٠٠٣دا، ئەو بەملیۆنان لایەنگرە شێلگیرانە دەستیان کرد بەدوورکەوتنەوە لە فەرمـاندەکان و لە حزبی دەسـەڵاتدار و لە حکومەت، وای لێ هات ژمارەکەی سات لە دوای سـات کەم دەبووەوە، تا بەغدا بووە تاق و تەنیا و نامۆ کەس بەرگریی لێ نەدەکرد.

کـارەکە بەمـەندەوە نەوەسـتا، بگرە ئەو زۆربە ملیـۆنییـە چەپڵـەلێدەرە بۆ بەعس گـۆڕا بۆ زۆربەی نەیاری بـەعس و سـەدام و بەهـەزارانـیـان خـواسـتی ئاینی و ئیـسـلامـیـیـان بەدەرخـسـت و ڕیش هێشـتنەوە بەڕوخسـاری هەزاران عێراقییـەوە بەدەرکەوت، لە نێویاندا خەڵکانێکی بێ شـومـاری ڕەفـیقـە بەعسـیـەکان لەوانەی هـەر زوو پێوەندییـان بەفـرقـە و لقـە حـزبییـەکانیـانەوە بڕی و بوونە دوژمنی سەرسەختی ڕەفیقەکانی دوێنێیان...

وای لێ هات بەسـەدان لـەوانە بەهـەزاران چیـرۆکی پڕ لـە درۆ و دەلەسـە و خـەیاڵییـان بۆ خـەڵکی دەگێڕایەوە لـەبارەی بەرهـەڵستیکردنیانەوە لە بەرابەر حوکمی سەدام و حزبی بەعسدا، بەڕادەیەک وایان لە ژمارەیەکی زۆر لە موجاهید و خەباتگێڕە سیاسییە ئیسلامی و نا ئیسلامییەکان کرد، لە وانەی بەکردەوە ڕووبەڕووی ڕێژیم وەستانەوە و ساڵەهای ساڵ بەرەنگاری بوونەوە، لەناو ئەم دەریا بەیەکداچووە تژی لە هەلپەرستی درۆزن بەبێدەنگی لە بەرابەریاندا بووەستن و دەم داچەقێنن...

ئەو شێـوازە لە هـەڵگەڕانەوە و بادانەوەیە لە لایەنگیری دەشێت لە زۆرێک لـە وڵاتانی جیـهان و لە ڕیزی زۆربەی گەلاندا ڕوو بدا، چونکە سـامان و حوکم و دەسـەڵات وشـەێلێکن کـاریگەریی جادوویی گـەورەیان بەسـەر خـەڵکەوە هـەن و هێزی کێشکردنی سـامناکیـان بەبـان هـەڵوێسـتی مـرۆڤـەکان و

لایەنگیری و بڕوابوون و تەماعیان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا هەن، هەروەها نێزیکەی لە سەرجەم قۆناخەکانی مێژوودا، لێ ئەوی لە عێراقدا ڕووی دا و ڕوو دەدا خەریکە لە خێرایی و توندی و هێزی ڕەنگ گۆڕیندا چەشنی نەبێ.

لەبەر ئەو زۆر لێکچوونە لە کارەسات و ڕووداوەکاندا لەوەی لە ساڵی ١٩١٧دا لە داگیرکردنی بەغدادا لەسەر دەستی ئینگلیز ڕوویان دا، هەروەها ئەوی لە داگیرکردنیدا لە ساڵی ٢٠٠٣ی ز دا لەسەر دەستی ئەمریکاییەکان ڕوویان دا، بۆ ئەوەی هەلی تەماشاکردن و بەراورد لەسەر ئەو وێنە دووبارە کراوەی هەیە بەخوێنەر بدەین، لە ڕەوشتی تاکی عێراقی و ڕۆڵیان لە تالآن و بڕۆ و ئاگربەردان و وێرانکردنی شوێنە گشتییەکان و کاولکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و فەرمانگەکانی و هەڵگەڕانەوەی دەمودەست لە هەڵوێستەکانی دڵسۆزی و دوژمنکاری.

ئێمە چەند دەقێک لە کتێبەکەی عەلی ئەلوەردی (لمحات اجتماعیە من تاریخ العراق الحدیث) بەشی چوارەم وەردەگرین، کە تێیدا زۆر بەوردی هەندێک وردەکاریی ڕۆژانە و ئەو ڕووداوانەی لە کاتی داگیرکردنی بەغدادا بەدەست ئینگلیزەکان بەفەرماندەیی جەنەراڵ مۆد لە ١٩١٧/٣/١٠دا ڕوویان دا، کەچی بەغدا بەدەستی ئەمەریکاییەکان لە ٢٠٠٣/٤/٩دا واتا دوای (٨٥) ساڵ داگیر کرا، لە خوێنەر دەخوازین سەرنج بداتە نزیکیی ئەو دوو مێژووە، چونکە لە دەستنیشانکردنی ساڵدا تەنیا مانگێکیان نێوانە، لێرەدا بەپێویستی نازانین ئەو بوویەرانەی لە بەغدا و شارەکانی عێراقدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕوویان دا بخەینە ڕوو، چونکە هەمووان دەزانین و هێشتانەکی ئەوان زیندوون و لە یادەوەریدا ماون و هەر کەس دەتوانێ ئەوی لە نێوان هەردوو داگیرکردنەکەدا ڕووی دا بەراور بکا.

دوکتۆر عەلی ئەلوەردی دەڵێت "ڕۆژی ١٠ی ئادار (مەبەستی ١٠/ئادار/١٩١٧یە) تابڵێی ڕۆژێکی شووم بوو بەسەر بەغداوە، لە سەعات نۆی سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەدا ڕەشەبایەکی پڕ لە تۆز و خۆڵ لە باشوورەوە هەڵ کرد سات دوای سات توندتر دەبوو... لە هەمان کاتدا پێشەنگی هێزەکانی ئینگلیز لە هەردوو لاوە ئابڵووقەی بەغدایان دەدا، لە لای ڕۆهەڵاتەوە گەیشتنە نزیک تەل محەمەد و لەلای ڕۆئاواشەوە دەورووبەری ام الطبول".(١٣)

لە دوای ئەمە دەسەڵاتدارانی تورک بڕیاری چۆڵکردن و کشانەوەیان لە بەغدا دا.

هەروەها دوکتۆر ئەلوەردی دەبێژێ "زیندانییەکان لەو شەوەدا هەلیان بەدەست هێنا و هەر هێندەی کشانەوەی حکوومەتیان بیست خێرا خۆیان گەیاندە دەرگەی گرتیگەکانیان و تێکیان شکاند، پاشان بەرەو بازاڕ و خان و دووکانی جوو و کرستیانەکان ملیان نا و قفڵەکانیان شکاندن و کەوتنە تالآنی و ڕاووڕووت و وێرانکاری، هەروەها ئاژاوەگێڕانی شار و دەورووبەرەکەیشی دایانە پاڵیان و بەمە سنووری تالآن و بڕۆ سات دوای سات لە فراوانبوونەوەدا بوو".(١٤)

بۆ تەواوکردنی ئەو دەقە ئەلوەردی دەڵێ "ئاگر لە هەندێک خان و بازاڕدا کەوتەوە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە بوو چەند تالآنکەرێک لە کاتی تالآن و بڕۆکەدا بۆ ڕووناککردنەوە کاغەز و پەڕۆیان

ئاگر دا و پاشان بێ ئەوەی گوێ بەکوژاندنەوەی بدەن فڕێیان دا، سەرەنجام ئاگر گەیشتە کوتاڵ و شتوومەکەکان و پەی دەر پەی فراوان بووەوە".[١٥]

هەروەها دەبێـژێ "بەدرێژاییی شەو تالان و بڕۆ بەردەوامی هەبوو، سـەرلەبەیانی کـارەکـە ئاڵۆز بوو و سنووری گەورەتر بووەوە، نەخوازە دوای ئەوەی ڕەشـەباکە دامرکایەوە و وای لێ هات زۆرێک لە منداڵ و مـێردمنداڵانیش خـۆیان گەیاندێ و بەشـدارییان تێدا کرد، هنداوی دەڵێ ژمـارەیەکی زۆری تفـەنگی ئـەڵمـانی و تورکی بینیـون بـەدەست منداڵ و هەرزەکـارانەوە و خـانووەکـانی حکوومەتیش وەکو خواردنێک بوون بۆ ئاژاوەگێڕان و بەئارەزووی خۆیان جرتوفرتیان تێدا دەکردن و کورسی و مێز و ڕەفـیان تێدا نەمان، تەنانـەت کاغـەز و فـایلەکانیـان دڕاندن و پرش و بڵاویان کردنەوە، ئینجا دەرگە و پەنجەرەکانیان شکاندن تا تەختە و ئاسنەکانیان دەربهێنن، هەروەها ئاژاوەگـێڕان هەمـان شـتیـان بەدووکـانەکـانی کـتـێبـفـرۆش و پەڕاوفـرۆشـانی بازاڕی سـەرای کرد...".[١٦]

هەروەها ئەلوەردی دەڵێ "لە ئێوارەی ١٠ی ئادار‌دا بەلەمـێکی پڕ لە چەک و تەقـەمەنی گەیشـتە یەکێک لە کەنارەکانی کازمیە، قایمقام ویستی بۆ گواستنەوەی بەلەمەکە بۆ وێستگەی شەمەندەفەر پشت بەخەڵکی کازمییە ببەستێ، حاجی هادی خۆجەی بانگکەر دەرچوو و لە بازاڕەکاندا بەناوی پاراستن و ئیسلامەوە داوای لە خەڵکەکە دەکرد تا بێن بۆ یارمەتیی حکوومەت بۆ گواستنەوەی چەکەکان بۆ وێستگەکە:

خەڵکینە ئەمە ئەو وڵاتەیە کە پێی گەیاندن، ئێستا کەوتووەتە تەنگانەوە و ئێوەش کەسانی خودان تەقەلا و پارێزگارین، هێندەی نەبرد هەر کە خەڵکەکە گوێیان لەو بانگەوازە کاریگەرە بوو، بلەز دووکـانەکانیـان داخست و لەبری ئـەوەی بڕۆن یاریدەی حکوومـەت بدەن، چوونەوە مـاڵەکـانی خۆیان".[١٧]

ئەلوەردی درێژەی دەداتێ و دەبێـژێ "هـەر هێندەی گـزنگی دا ئاژاوەگـێڕان لە مـاڵەکـانیـانەوە بەدەرکەوتن و چوون بۆ لێواری ڕووبارەکە بۆ تالانکردنی ئەو بەلەمـەی لەوێ لەنگەری گرتبوو، لە تالانکردنیـدا ئافـرەت و منداڵ بەشـدارییـان کـرد... دوای ئەوە ئاژاوەگـێـڕان ڕژانە سـەرای و قوتابخانەی ئەمیریی تەنیشتییەوە و چی تێدا بوو لە کەلوپەل بردیان و دەرگە و پەنجەرەکانیان لە بێخەوە دەرهێنان و چی کاغەز و بەڵگەنامەی فەرمانگەکان هەبوون پرش و بڵاویان کردنەوە".[١٨]

ئێمەش دەڵێین: ئەو بانگکەرەی داوای لە عێراقییەکان کرد پشتگیریی دەوڵەت بکەن لەو بەڵایەی تێی کەوتووە، نەیدەزانی عێراقییەکان ڕقیان لە دەوڵەت و حکوومەتە (چ دەوڵەت و چ حکوومەتێک) و نایانەوێ یارمەتیی بدەن، یاخۆ بەرگری لێ بکەن، بەتایبەت لە ساتەکانی لاوازی و شڵەژانیدا لە ماوەی چەندان سەدەدا، لە سۆنگەی ئەو ماڵوێرانی و کارەساتە یەک لە دوای یەکانەی بەسەریاندا هاتوونە و ڕق لێبوونەوەش لە دەوڵەت و حکوومەت چووەتە خوێن و ڕوح و ئاکاریانەوە".[١٩]

بەڵگەشمان بۆ ڕاستیی ئەوەی دەیڵێین، ئەو هەڵوێست و ڕووداوانەی لە ساڵی ١٩١٧دا ڕوویان

دا، عێراقییەکان بەتاڵان و برۆ و ئاگر بەردان و کاولکردنی فەرمانگەکانی دەوڵەت و تاڵانکردنی ئەوی تێیان دایە و لەناوبردنی دیکۆمێنت و دڕاندنی فایلەکان جێیان کردەوە، دووریش نییە پاشان پتر لە جارێک و بەهەمان شێوە لە عێراقدا ڕوو بدا، لەو ڕووداوانە لە (فەرهوودەکەی بەغدا) ساڵی ١٩٤١ دووبارە بووەوە، کەمێکیشی لە ساڵی ١٩٥٨دا لە ڕووخانی پاشایەتیدا ڕوویان دا، ئەگەر بەیاننامە یەکلاکەرەوەکانی سوپا نەبوونایا، کە لە ئیستگەوە بڵاو بوونەوە و کۆنترۆڵی تەواوی ڕەوشەکەیان کرد، ئەمەش لە ڕاپەڕینی شەعبانیی ساڵی ١٩٩١دا دووبارە بووەوە، کە ئەو کات ڕژێم و دارودەستەکەی بەغەوغایان ناو دەبرد، بەڵام کۆتاییی پانۆرامای گەورەی ڕق و تاڵان و برۆ و ئاگر تێبەردان و وێرانکردنی دەزگاکانی دەوڵەت لە ساڵی ٢٠٠٣دا ڕووی دا، لێ لە بری ئەوەی پرۆسەی تاڵان و برۆ و سووتاندن ڕوو لە دووکانی جوولەکە و کرستیانەکان بکا، وەک چۆن لە ساڵی ١٩١٧دا ڕووی دا، بەپێی ئەو تێکستانەی عەلی ئەلوەردی ناویان دەبات و ئێمەش لەوەوە وەرمان گرت، پرۆسەی تاڵان و برۆ و ئاگر تێبەردان لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەم جار ڕووە و ماڵە بەعسییەکان و بارەگاکانیان بوو...

بەم ئاوایە لایەن و توێژە ئامانجدار و تاڵانکراوەکان هەمەچەشن دەبن، بەڵام ڕق و کینەی عێراقییەکان دژ بەدەوڵەت و حکوومەت و پیاوەکانی یەکە و ناگۆڕێ... ئێستاش، هەر کات حکوومەت و دەسەڵاتی ناوەند لاواز بێ و نیشانەکانی ڕووخانی بۆ عێراقییەکان دەرکەوێ، خواستی دوژمنکاری و ڕق و تووڕەیی لایان (بەهۆ و بێ هۆ) بەخێراییەکی شێتانە دژ بەپیاوانی حوکم و دەوڵەتی ڕووخاو کلّپە دەسێنێ.

ئەگەر یەکێک بیەوێ ئەو خۆنیشاندانە گەورانەی لە ٨ی شوباتی ١٩٦٨دا لە بەغدا بۆ بەرگری لە حکوومەت و ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم کران وەکو نیشانەی ناکۆک بەوانەی باسمان کردن، ئەوا دەڵێین: ئەو خۆنیشاندانانە بەفەرمانی حزبی شیوعیی عێراقی دەرچوون و زۆربەی زۆری خۆنیشاندەران حزبیی شیوعی بوون و ئامانجی سەرەکییان بەرگریکردن لە خۆ و حزبەکەیان و ژیانیان بوو لەو قڕکردنە مەزەندەکراوەی دوایی، نەک بەرگریی ڕووت لە دەوڵەت و حکوومەتی عێراقی، چونکە ئەگەر ئەو کات قسەت لەگەڵ هەر یەک لەو کۆمۆنیستە خۆنیشاندەرانە بکردایا، کە لەو ڕۆژە خوێناوییەدا خۆیان خستە مەترسییەوە جوێنی بەو حکوومەتە دەدا، کە بەرگرییان لێ دەکرد و ناوی زۆرێک لە وەزیران و بەرپرسانی بەشداری دەژمارد، لەوانەی بەکۆنەپەرست و بەکرێگیراو و دەرەبەگ و پیلانگێڕی وەسف دەکردن، بۆیە تەنانەت لەم دۆخەشدا بەرگری لە حکوومەتێک دەکات بەتەواوی لێی ڕازی نییە، لێ بەرگرییە حەتمییەکەی بەپلەی یەکەم لە حزب و لە هەندێک لە کۆمۆنیستە سەرکردە گەورەکانی ناو دەسەڵات و حکوومەت بوو..

ئەگەر بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ قسەکردن لەسەر نیشانەکانی ناکۆکی لە ئاکاری تاکی عێراقیدا، ئەوا دەتوانین ئەوە بێنینەوە بیری خۆمان، کە دەسەڵاتی نوێ ئەوی لە ٨/شوبات/١٩٦٣دا کۆمۆنیستەکان و عەبدولکەریم قاسمی هاڕی و بەرەنگاری خۆنیشاندانەکان بووەوە،

خۆنیشاندانێکی بۆ لایەنگیریی خۆی بەڕێوە برد بەملیۆن بەشداربووی عێراقی دەخەملێنرا، (ئەم خۆنیشاندانە بووە و نووسراوەتەوە و لە تەلەفزیۆنیش وێنەی گیراوە) ئەمەش بەبۆنەی تێپەڕبوونی مانگێک بەسەر سەرکەوتنیدا بەسەر حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم و تێکشکانی کۆمۆنیستەکاندا، هەڵبەت ئەوانەی لەو خۆنیشاندانە ملیۆنییەی بۆ پشتگیریی دەسەڵاتی تازە بەڕێوە چوو بەشدار بوون عێراقی بوون و لە وڵاتێکی ترەوە نەهاتبوون!!!.

بەگشتی ئەم دیاردە ئاکارییانە کە بەخێرایی لە هەڵگەڕانەوە لە دڵسۆزی و گۆڕانی توند لە هەڵوێست لای تاکی عێراقی دەناسرێنەوە، کە ڕاستەوخۆ پێوەندە بەخولیای ناکۆکی لە کەسایەتییدا، ئەوی کە باسمان کرد لە دژایەتی و گواستنەوەی خێرا لە هەڵوێستی تاکی عێراقی، لە دەیەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ڕوویان دا، سەرەڕای ئەو بەراوردە یەکلاکەرەوەیەی خستمانە ڕوو لە نێوان ڕووداوە لەیەکچووەکان لە ڕووخانی بەغدا لە ساڵی ١٩١٧دا و ڕووخانی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا.

بەراوردێکی ڕوونکردنەوە ئامێزە بەدڵنیاییەوە دەلالەتی زیندووی هەیە، بەڵام هەموو ئەمانە بەس نین بۆ دەرکردنی بڕیاری گشتی جەخت بکاتەوە لەسەر بوونی حەزی ناکۆکی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا.

لەبەر ئەمە و لەپێناو دۆزینەوی تێگەیشتنێکی تەواو و قەناعەتی سەد لە سەد لای خوێنەر لەبارەی بوونی ئەم خولیایە لە دژایەتی لە ئاکاری تاکی عێراقیدا، پێویستە بەخستنەڕووی یەک لە دوای یەکی ژمارەیەک ڕووداو و بەڵگەی دروستی وەرگیراو لە مێژووی عێراقی دوور و نزیک و هاوچەرخ لە گشت بوارەکاندا دەست پێ بکەین، بۆ فریاکەوتنی پێداویستییەکانی سەلماندنی بوونی ئەم دیاردەیە، مەبەستیشمان دیاردەی ناکۆکی لە ڕەوشتی تاکی عێراقییە، کە هۆیەک بوو بۆ ڕوودانی ژمارەیەک لە پارادۆکسی مێژوویی پڕ لە کارەساتی کۆن و نوێ، بۆیە ناچارین ئەم ڕووداو و کارەساتانە بخەینە بەرچاو:

## کودەتای خەڵکی بەسرە بەسەر بەڵێندان بەئیمام عەلی و دووبارە گەڕانەوەیان

لە بەڵگەکانی سیفەتی هەڵگەڕانەوە و دژایەتی لە کەسێتیی عێراقیدا دەتوانین هەڵوێستی خەڵکی بەسرە و کودەتاکەیان دژ بەئیمام عەلیی ئامۆزای پێغەمبەر (د.خ) و چوارەمین خەلیفەی ڕاشدین لە شەڕی جەمەلدا و دژ وەستانەوەیان بەبەیعەتدانی بهێننەوە، دوای ئەوەی بەڵێن و پەیمانیان پێ دابوو، پاشان گەڕانەوەیان لە بەیعەت پێدانی و دواییش جارێکی تر پشتگیریکردنی دوای ئەوەی شەڕەکەیان دۆڕاند کاتێک ئەو حوشترەیان کوشت، کە عایشەی ژنی پێغەمبەر سواری بووبوو، ئەو حوشترەش هێمای یەکەتیی دواکەوتووانی بوو، ئەوانەی نەیاری ئیمام عەلی بوون، کاتێک حوشترەکە کوژرا لایەنگرانی عایشە هەڵاتن و شەڕەکەیان دۆڕاند، ئیدی سەرکەوتنی ئیمام عەلی

یەكلا بووەوە.

مێژوو گوتارێكی سەرسوڕهێنی ئیمام عەلیی پاراستووە، تێیدا سەرزەنشتی خەڵكی بەسرە دەكات و بەتوندی سەركۆنەیان دەكات و بێزارییەكەی لە ناكۆكیی ئاكار و هەڵوێستیان دەردەكەوێ و بەدرێوترین شێوەی خراپ وەسفیان دەكات، وا لێرەدا كۆپلەیەك لەو گوتارە دەهێنینەوە:

"كنتم جند المراه،[٢٠] واتباع البهيمه،[٢١] رغا فاجبتم، وعقر فهربتم، اخلاقكم دقاق، وعهدكم شقاق،[٢٢] ودينكم نفاق".[٢٣]

گوتار و تێكستی زۆری تر هەن تێیاندا بەتوندی سەرزەنشتی خەڵكی كووفە و عێراقییەكان بەگشتی دەكەن.

لەگەڵ دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوانە لە ئاكاری ناكۆكی كەسێتیی عێراقیدا دەتوانین دەرك بەهۆیەكانی ناتەبایی نیمچە هەمیشەیی بكەین، كە لە نێوان ئیمام عەلیی خەلیفە و ڕابەری پێوەست بەپراكتیزەكردنی پرەنسیپەكانی ئیسلام لە بەرزترین ئاستدا و بەتەنگەوەهاتن و ڕاستگۆیی و ڕاستڕۆیی نموونەیی و سووربوون لە پرەنسیپ و ڕەوشتدا و لە نێوان زۆربەی خەڵكی عێراق و لە نێویاندا دارودەستە و پیاوەكانی و دواكەوتووانی لە شیعەی عێراق، ئەوانەی لەگەڵیدا وەستان و پشتگیرییان كرد و شان بەشانی جەنگان، لێ سەركەوتوو نەبوون لە هاوشانیی لە پراكتیزەكردنی ڕێبازە ئاكارییە یەكلاییكەرەوەكەی لە سەقامگیری و دادپەروەری و ڕەوشتی نموونەیی گونجاو و هاوتا لەگەڵ بەهاكانی بیر و بڕوای ئیسلامیدا.

دوای ئەوەی دەستەوستان بوو لە ڕاستكردنەوەی ئاكاری دژبەیەكیان، یاخۆ بەلای كەمەوە بەرزكردنەوەیان بۆ ئاستی نێزیك لە ڕێبازە پرەنسیپی و ڕەوشتییەكەوە، ناچار بوو لۆمە و سەرزەنشتیان بكا و بڕیاری دڵڕەقانەیان دەرهەق دەربكا، تەنانەت لە یەكێك لە گوتارەكانیدا ئاواتی ئەوەی خواستووە خۆزگە خەڵكی عێراقی نەبینیایا و نەیناسینایا "لوددت اني لم اركم ولم اعرفكم، معرفة والله جرت ندما واعقبت سقما، قاتلكم الله لقد شحنتم صدري غيظا وافسدتم علي رايي بالعصيان والخذلان".[٢٤] واتا: "خۆزگە نە بتانم بینیایا و نەیش بتانم ناسیبایا، خوا دەیزانێ لە پەشیمانیدا بەئەژنۆی خۆمدا دەكێشم و لەداختان دەغەزدار بوومە، خوا سەروپاتان لەناوبەرێ، دڵمتان لە داخ كەیل كرد و ئەوەندە سەركێشی و پاشگەزبوونەوەتان كرد، تا لە خۆم بێزار بووم".

بەم شێوەیە ناكۆكی لە نێوان ئەو و ئەواندا گواسترایەوە بۆ شەڕێكی ڕاگەیەندراوی وا گەیشتە ڕادەی شەڕكردن بەچەك، ئەستەم بوو پێوەندیی واقیعی لە نێوان كەسێتیی ئیمام عەلیی تەواو پابەند بەتایبەتمەندیی ئاكاری نموونەیی و لە نێوان كەسێتیی عێراقیی گرفتار بەدەست چەندان نەخۆشیی دەروونی و ئاكاری ڕاست بێتەوە، لە پێشیشیانەوە ڕەوشتی ناكۆك و وەرچەرخاو و ناسەقامگیر لە هەڵوێستدا.

## لەشکری خەڵکی عێراق بەسەرکردایەتیی ئیمام حەسەن بەر لە شەڕ هەڵدەوەشێتەوە

پاش مەرگی ئیمام عەلیی کوڕی ئەبوتالیب بەکێشانی شیرێکی ژاراوی بەسەریدا، کە یەکێک لە خەواریجەکان لە کووفە لێی دا، خەڵکەکە پەیمانیان بۆ ئیمام حەسەنی کوڕی بۆ خەلافەت نوێ کردەوە، ئیمام حەسەن بەسوپایەکی گەورەوە کە لە خەڵکی عێراق پێک هاتبوو، کەوتە ڕێ تا لە مەدائین دابەزی و قەیسی کوڕی سەعدی بەفەرماندەی لەشکرەکە دامەزراند و دوانزە هەزار شەڕوان لەژێر فەرمانیدا بوون، بەرەورووی سوپاکەی معاویە بووەوە، کە لە خەڵکی شام پێک هاتبوو.

بەر لە دەستپێکردنی شەڕ و بێ ڕوودانی پێکدادان و کوشت و کوشتار، لە ڕیزەکانی لەشکری عێراقدا دەنگۆیەکی کتوپڕ بڵاو بووەوە، جارچی گازی کرد، کە قەیسی کوڕی سەعدی فەرماندەی لەشکر کوژرا، بۆیە داوایان لێ دەکات ڕابکەن و دوور بکەونەوە، لەناو سوپاکەدا پاشاگەردانی و ئاژاوە بڵاو بووەوە و دەستیان بەهەڵهاتن کرد، دواییش ڕوویان لە بارەگای فەرماندەیی کرد، کە خۆی لە چادر و خێوەتەکانی ئیمام حەسەنی ڕابەر و پێشەنگیان دەنواند، تاڵانیان کرد و شتومەکەکانی ئیمام حەسەنیان فەرهوود کرد، تەنانەت ئەو بەڕەیەیان لە دەستی دەرهێنا کە لەسەری دادەنیشت، هەروەها ئیمام زامدار بوو و ئازاری زۆری چێشت.

ئەم سوپا عێراقییەی ئیمام حەسەن ڕابەرایەتی دەکرد لە سۆنگەی واتەواتی درۆوە هەڵوەشایەوە، کە بەهانە و پاساو بوو بۆ هەڵهاتن لە شەڕەکە. هەڵبەت قەیسی کوڕی سەعدی فەرماندەش هیچی لێ نەهاتبوو و نەکوژرابوو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ سوپاکەی ئیمام حەسەن کە لە خەڵکی عێراق پێک هاتبوو، لەلایەنی دەروونی و ئامادەیی و مانەوییەوە پارچە پارچە بوو و تێک شکا، تا ڕادەی نزیک بوونەوە لە ڕووخان و هەڵاتن وەک لە خۆڕاگری و شەڕکردن...

کاتێک ئیمام حەسەن لەشکرەکەیی بینی بەم شێوەیە پەرت و بڵاو بوونەتەوە و خەڵکی عێراق بەو دۆخە شەرمهێنەوە پشتیان لێ کردووە، بڕیارە ترسناکەکەی وەرگرت، ئەویش خواستی ڕێککەوتن بوو لەگەڵ معاویەدا، هەر بەفیعلییش وای کرد، نێراوێکی بۆ لای معاویە نارد و داوای ڕێککەوتنی لێ کرد، معاویەش ئەو داوایەی جێبەجێ کرد.

بۆ تۆمارکردنی ئەم ڕووداوەی خستمانە ڕوو و بەو گوزارشتکردنە باو و زمانە هاوچەرخەمانەوە بوویەرەکانیمان ڕاڤە کرد، پێمان باشە ئەوی تەبەریی مێژوونووسی جێ باوەڕ و ناوداری ئیسلام (٨٣٨ – ٩٢٣ز) لە کتێبەکەیدا (تاریخ الامم والملوک)دا سەبارەت بەو ڕووداوە هاتووە بهێنینەوە، کە دەڵێ:

"خەڵکەکە حەسەنی کوڕی عەلییان بۆ خەلیفەیی هەڵبژارد، دوای ئەوە حەسەن چووە ناو خەڵکەکە تا گەیشتە مەدائین، پێشەنگی لەشکرەکەی کە دوازدە هەزار زەلام بوو بەفەرماندەیی

قـەیسی کوڕی سـەعد بـوو، هەرچی معـاویە بوو ڕووی لە شـام کـرد لەوێ لە مـەسکین دابەزی، لە کاتێکدا حـەسـەن لە مـەدائین بوو جارچی لەناو سـەربازەکاندا جاڕی دا: قـەیسی کورشی سـەعد کوژراوە، ئیتر کەیفی خۆتانە بڵاوەی لێ بکەن.

کابرایەل بڵاوەیان لێ کرد، بەر لە هەر شتێک پەلاماری بارگە و بارەگاخـانەی حـەسـەنیـان دا، تەنانەت بەڕەکەی ژێریشیـان لە بنی دەرکرد. حـەسـەن ناچار ڕووی کردە کۆشکە سپی لە مەدائین، لەوێ کاتێک کەسی بەدەورەوە نەما ناچار ڕاسپاردەی بۆ لای معاویە نارد، تا ڕێککەون.

لە وڵامدا معـاویە عەبدوڵای کوڕی عامر و عەبدولڕەحمانی کوڕی شەمرەی کوڕی حـەبیبی کوڕی عـەبد شـەمـسی نـاردە لای حـەسـەن لە مـەدائین، چیی ویست دڵیـان نـەشکاند و لەگـەڵیـدا ڕێککەوتن".[٢٥]

هەڵبەت بڕیارەکەی ئیمام حەسەن سەبارەت بەئاشتەوایی ڕاست و دروست و سەد لە سەد لە جێی خـۆیدا بوو، چونکە هیچ فـەرمـاندەیەک لە مـێژوودا ناتوانێ شـەڕ بەلەشکرێکی ناکـۆک لەناو خـۆیدا و لە ئاکـاریدا بکا، زوو هەڵگەڕێتـەوە و قـەناعـەت و مـیـزاجی دەمـاودەم بن، هەڵوەشـاوە و لەلایەنی دەروونی و مـانەوییەوە تێک شکابێ و تەنیا بیر لـە تاڵان و بڕۆ و شەڕفرۆشی و یاخیبوون بکاتەوە و ڕێز لە سەرۆکەکەی نەگرێ و پابەندی فەرمانەکانی نەبێ...

ئەو کۆژانەی ئیمام حـەسـەن لە عێراقدا ڕووبەڕووی بـووەوە درێژەدانی دەقگرتوو و بەردەوامیی سروشتیی ئەو دۆخـە بوو، کە بەر لەو ئیمام عەلی بەدەست خەڵکی عێراقی وەسف کرا و بەیاخی و بەزیوەوە دەیکێشا، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین ڕەوشتی کەسێتیی عێراقی، کە ناسراوە بەدژایەتی و خێرا گۆڕاو لە مگێز و هەڵوێست گۆڕین، ئەو هۆکارە بوون وایان لە ئیمام حەسـەن کرد و ناچار بوو بڕیاری ئاشتەوایی لەگەڵ معاویەدا ببەستێ...

ئەگەر بمانەوێ بەدوای قسـەکانی ئیمام حـەسـەندا بچین لـە دوای ئەو کارەساتەی لە عێـراقـدا ڕووبەڕووی بووەوە، پاش کۆچکردنی بەتووڕەیی و خـەمباری لە مەکە، ئەوا لە گـوتار و قسـەکانیـدا جگە لە خەم و کەسەر و ڕق و ڕای خراپ لەبارەی خـەڵکی عێراقەوە تا ڕادەیـەک هیچی تر نابینین، کە بەبارگاوی بەڕق و بڕیاری توند وەسفیان دەکات، لە گوتارێکیدا دوای ئەو تراجیدیایە وتی:

"ئەی خـەڵکی عێـراق، نرخ و بەهاتان لای من لەبەر سێ شت دابەزی: بـاوکتـان کوشـتم، زەبرتان لێ دام و شتومەکەکانمتان بەتاڵان برد".[٢٦]

ڕەنگە مـاناکـانی دووتوێیی ئـەم ڕستـە کـاریگەرە پڕ لە بێ ئومـێـدی و کـارەسـاتە بـەرچاوانە بەڕاشکـاوی دەری دەخـات سێ هۆکـار وایان کـرد خـەڵکی عـێـراق بەسـووک بزانێ و قـێـزیان لێ بکاتەوە، کە ئەمانەن:

کوشـتنی ئیمام عـەلیی کوڕی ئەبوتالیبی باوکی بەدەست ئەوان و خۆیشیـان دایە بەر شمشێر و زامداریان کرد و شتومـەک و شتە تایبـەتییەکانیـان تاڵان و بڕۆ کرد، لە وتەیەکیدا دەڵێ: "ئەوی من

لە خەڵکی کوفەم بینی، خەڵکانێکن هەرگیز جێگەی باوەڕ نین بۆ کەس، هەر کەسێک پشتیان پێ ببەستێ بابزانێ پشتی شکاوە، کەسیان لەگەڵ کەسیاندا ساغ نین و لە هیچ کاروبارێکدا یەک ناگرنەوە. لە هەموو شتێکدا ناکۆکن، تەنانەت لە چاکە و خراپەشدا ناتوانن یەکدگیر بن. ئەوی باوکم لێیانی بینیوە سەر سپی دەکات، داخ و ئەفسووس بۆ ئەو کەسە دەخۆم، کە پاش من هەوڵی چاکبوونیان دەدا... بەکورتی لە سەرزەمینی خوا وێرانەی وا نەکەوتووەتەوە".(٢٧)

پەیڤەکانی کارەساتە تاڵەکە دەدرکێنن ئەو کاتی ڕووبەڕووی ئاکاری عێراقییەکان دەبێتەوە لە دژایەتی و هەڵگەڕانەوە، داخۆ دەتوانین شیکردنەوەیەکی وردتر و واقیعیتر لەم قسانەی ئیمام حەسەندا بدۆزینەوە لە وەسفی ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا و خولیای لە دژایەتی و هەڵگەڕانەوە و گۆڕان لە هەڵوێستدا؟

ئەو سیفەتە ئاکارییانەی خەریکین لەم توێژینەوەیەدا بیانخەینە بەرچاو و ڕاڤەیان بکەین؟ دوور نییە ئەم کۆژانانە سەرجەم سیاسییە عێراقییەکان لەگەڵیدا دەست و پەنجە نەرم بکەن و ڕووبەڕووشی ببنەوە، هەر لە فەرماندە و بەرپرس و سەرۆک حزب و بارستە سیاسییەکانی سەردەمی ئێستا و تا ئەمڕۆ.

## کودەتای خەڵکی کووفە دژ بەئیمام حوسێن

لەو ڕووداوانەی جارێکی تر بوونی خەسڵەتی دژایەتی لە ئاکاری تاکی عێراقیدا دەسەلمێننەوە، ئەو وەرچەرخانەیە کە لە هەڵوێستی عێراقییەکاندا "خەڵکی کووفە" لە بەرابەر ئیمام حوسێندا ڕووی دا، دوای ئەوەی نامەیان بۆ نارد و بەڵێنی بەیعەتیان پێ دا و داوایان لێ کرد بۆ عێراق بێ، کاتێک بەدەنگ داواکەیانەوە هات و گەیشتە کووفە، بینی هەڵوێست و پێگەیان گۆڕاوە و لەگەڵ سوپای نەیاردا ڕیزیان بەستووە و لەبری لەگەڵیدا بوەستن و پشتگیریی بکەن دژی جەنگان و لە کوشتنیدا بەشدار بوون.

ئەو نامانەی خەڵکی عێراق بۆ ئیمام حوسێنیان نارد خەیاڵ، یا بەشێک لە قسەی گریمانەی ناتەواو نەبوون، بگرە ڕاستییەکی مێژوویی دروستە و سەرچاوە مێژووییەکان بەدرێژی قسەی لەبارەوە دەکەن و ناوی ئەوانەیان هێناوە، کە ناردوویانە لەگەڵ هەندێک لەو دەقانەی تێیاندا هاتوون.

کاتێک ئەلحەڕی کوڕی یەزیدی تمیمی لە هۆی هاتنی ئیمام حوسێنی بۆ کووفە پرسی، ئەلحەڕی فەرماندەی یەکێک لە کەتیبەکانی سوپای ئەمەویی لەگەڵ هێزێکدا گەیشت، کە فەرمانڕەوای عێراق عوبەیدوڵای کوڕی زیاد ناردی تا ڕێ لە کاروانەکەی حوسێن بگرێ بۆ چوونە ناو کووفەوە، وەڵامی ئیمام حوسێنیش ئەوە بوو کە "خەڵکی کووفە بۆیان نووسیوە بێ ئیمامن و تۆ بۆمان هاتی و بەڵێنمان پێ دایت و شان بەشانت جەنگاین"،(٢٨) ئەلحەڕیش وەڵامی دایەوە:

"ئێمە نازانین ئەم نووسراوانە چین و کێ نووسیونی، حوسێنیش دوو توورەکەی پڕ لە نووسراوی

دەرکرد و خستنیە سەر دەستی و هەندێکیانی خوێندەوە".[٢٩]

بەم شێوەیە ئەو نامانەی ئیمام حوسێن لە خەڵکی عێراقەوە وەری گرتبوون زۆربوون و دوو توورەکەیان پڕ کردبوو (وەک لە گێڕانەوەکەی ئیبن کەسیردا هاتووە)، وێڕای ئەوەش ئیمام حوسێن یەکێک لەوانەی نەدۆزییەوە، کە بۆیان نووسیبوو تا لەگەڵیدا بوەستێ و پابەند بێ بەوەی بۆی نووسیبوو، پێشتر ئەو دەمی ئیمام حوسێن لە مەکە بوو چەندان جار مۆچیاری کرابوو و ئاگەداریان کردبووەوە لە خەڵکی عێراق و لە دژایەتییەکانیان، گرینگترینیان ئەو بڕگە ناوداره بوو، کە لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییە ئیسلامییەکاندا هاتووە (دڵیان لەگەڵتدایە و شمشێرەکانیشیان بەبان سەرتەوە)، داخۆ وێنەیەک لە دژایەتی لە کەسێتیدا هەیە دڵڕەقانەتر و دزێوتر لەم وێنەیەی ئەم بڕگە کاریگەرە دەیکێشێ؟.

ئەگەر بمانەوێ ئاماژە بەو هۆیانە بکەین، کە وای لێ کردن ئاوا بگۆڕێن و پێچەوانەوە لە هەڵوێست و قەناعەتیان لە ئاست ئیمام حوسێندا ڕوو بدا (حەز ناکەین لێرەدا لەم بابەتە قووڵ بینەوە) دەتوانین ئەمە لە دوو هۆی سەرەکیدا دەستنیشان بکەین:

یەکەم: ترسان و ملکەچی بۆ هێزێکی زاڵ و فەرمانەکانی دەسەڵاتی فەرمی و ڕێژیمی فەرمانڕەوای فەرمی، ئەم ڕەوشتەش ڕاستی ئەو شیکردنەوەیەی دەروونزانی لەم بارەیەوە دەیخاتە بەرچاو پشتڕاست دەکاتەوە، واتا سەردانەواندن و وەڵامدانەوەی نەرێنی لە بەرابەر ئامرازەکانی هێزی زاڵ.

دووەم: وەڵامدانەوەی خۆهێشت (طوعی) بۆ فریودەرەکانی وەک کیسەی پڕ لە زێڕ و پارە، کە دەسەڵاتدارانی ئەمەوی بەسەر سەرۆک هۆز و خێڵ و پیاوماقووڵان و جێبەجێکارانی خەڵکی عێراقدا دابەشیان دەکرد بۆ کڕینی لایەنگیرییان و مسۆگەرکردنی بێدەنگییان.

ڕەنگە بتوانین بەئاسانی ئەم دوو هۆیە لە چەندان ڕووداوی جیا جیا لە مێژووی عێراقدا بدۆزینەوە.. لەوەیشە ئەم دوو ئەگەرە زۆرێک لەو پەنهانە سەرسوڕهێنەرانە لە هەڵوێست و ئاکاری خەڵکی عێراق بەکۆن و نوێوە بەشێوەیەکی زانستی و واقیعی بدۆزنەوە.

تەنانەت ئەو فەرماندانەی وایان زانی سەرکەوتنێکی بەنرخ و گەورەیان بەسەر ئیمام حوسێن و لایەنگرانیدا بەدەست هێناوە، کاتێک سوودیان لە خەسڵەتی هەڵگەڕانەوە و بەجێنەگەیاندنی پەیمان و بەڵێن و لایەنگیریی دوو لایەنە و هەڵوێست گۆڕین بینی و بەکاریان هێنان، وەکو عوبەیدوڵای کوڕی زیادی فەرماندەی لەشکری ئەمەوی لە عێراق و عومەری کوڕی سەعد و شەمەری کوڕی زی جەوشەن و ئەسبەحی و سەدانی تریش لەوانەی بەشدار بوون و کوشتارەکەی کەربەلایان بەئەنجام گەیاند، دوای ئەوەی لەسەر ئەو بڕوایە بوون سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە بەدەستخستنی خەڵکی عێراق و بەلای خۆدا خستنیان بەشێوەیەکی بەردەوام، پاش ئەوەی پارە و پایە و بەڵێنیان بەسەردا بەخشینەوە و وایان لێ کردن هەر بەڕاست دژ بەئیمام حوسێن هەڵگەڕێنەوە و پشت لە بەڵێن و نامە و پەیمانەکانیان بکەن، دەڵێین تەنانەت ئەمانەش بەدەر نەبوون

لەوەی دەکرا خـەسـڵـەتی بادانەوە و دووفـاقـی و پەیمان شکێنی و هەڵوێـست گۆڕین لای خـەڵکی عێراق دروستی بکەن.. چونکە چارەنووسی ئەوانە بەدبەختی و کۆتاییان خوێناوی و کارەساتبار بوو لە عێراقدا و لەسەر دەستی خەڵکی عێراق خۆیان، ئەوانەی بەردەوام بوون لە خوو و نەریتیان لە هەڵگەڕانەوە و پەیمان شکێنی و دووڕوویی لە هەڵوێستدا.. ماوەیەکی کورتی نەبرد تاکو خەڵکی عێـراق بایاندایەوە و عوبەیدوڵای کـوڕی زیاد و عومـەری کوڕی سـەعدی فـەرمـاندەی سـەربازیی سوپای ئەمەوی و شەمەری کوڕی زی جەوشەنیان کوشت و گشت ئەوانەی لە کارەساتی کەربەلادا بەشدار بوون سەریان بڕین.

باشترین بەڵگە بۆ دروستیی ئەم شیکردنەوەیە ئەو شۆکەیە کە عەبدوڵای کوڕی زوبێر تووشی هات، کاتێک پێیان ڕاگەیاند موسعەبی کوڕی زوبێری برای، کە والیی عێراق بوو عێراقییەکان لێی هەڵگەڕانەوە کـوشـتـیـان و سـەریشـیـان بۆ عـەبدولەلیکی کـوڕی مـەروان نارد، ئەو لە گـوتارە ناودارەکـەیدا گـوتبـووی "مـوسـعـەب چییـە جگە لە بەندەیەک لە بەندەکـانی خـوا و یەکـێکە لە داروەدەستـەکەم، بەڵام خـەڵکی عێراق کەسانێکن خودان بەدنمەکی و دووڕوویی، ڕادەسـتیـان کرد و بەکەمترین نرخ فرۆشتیان..." .(٣٠)

## موختار ئەلسـەقەفی نموونەی کەسێتیی پڕ لە ناکۆکیی عێراقییە

دیسـانەوە لە نموونـەکانی ناکۆکی لە کـەسـێـتـیی عـێراقـیدا گـۆڕین و بادانەوەیە لـە هەڵوێسـتی مـوختـاری کوڕی عوبەیدوڵای سـەقـەفی "عێراقییـە و خـەڵکی کووفـەیـە"، کـە لە سـەرەتادا ویستی دووزمانی لە دژی ئیمام حـەسـەنی کوڕی عەلیی کوڕی ئەبوتالیب بکا، مۆچیاریی مـامی کرد ئیمام حـەسـەن ڕادەسـتی لەشکری ئـەمـەوی بکا، تاکـو ئەو خـەڵاتە وەربگرێت کە تەرخـان کـرابوو بۆ ئەو کەسـەی شوێنی ئیمـام حـەسـەنیان پێ بڵێ، کە لـە ماڵی مـامی مـوختـار خۆی شاردبووەوە، مـامی ناوی سـەعـد کوڕی مـەسـعـوود بوو و یەکێک بوو لە یاوەرانی پێغـەمـبـەر و لەگەڵ سـوپـای فـەتحی ئیسلامیدا بۆ عێراق هـاتبوو، موختار بەسەعدی مامی گوت: دەتەوێ دەوڵەمەندی و ئابڕوو بەدەست بهێنی؟.

مامیشی پێی گوت: ئەوانە چۆن بەدەست دێن؟

گوتی: "حەسەن قۆڵبەست بکە و ڕادەستی معاویەی بکە.

سـەعـدیش پێی گـوت: نـەفرەتی خـوات لـێ بێ، چۆن پەلامـاری کـچـەزای پێغـەمـبـەری خـوا بدەم هەڵکوتمە سەری و باڵبەستی بکەم! دەک هەواڵەی خوا بیت" .(٣١)

دوای ئەوە مـوخـتـار پاش کـوشـتنی ئیـمـام حـوسێن هـەڵوێسـتێکی تەواو جـیاوازی وەرگـرت، بەنواندنی دڵسۆزیی پڕ لە زیدەڕۆیی بۆ ئال بەیت و دروشمـە بەناوبانگەکەی ڕاگەیاند "ئای بۆ تۆڵە بۆ حوسێن" و هەڵی کوتایە سەریان و هەڵمـەتی سەربازیی خوێناوی ئەنجام دا و تێیاندا سـەرجەم ئەوانەی کـوشتن، کە لە کارەساتەکەی کەربەلادا بەشـدار بووبوون، یا دەسـتیـان هەبوو لە کوشتنی

ئیمام حوسێن لە فەرماندە ناسراوەکانی لەشکری ئەمەوی لە عێراقدا، وەکو: عوبەیدوڵای کوڕی زیاد و شـەمـەری کـوڕی زی جـەوشـەن و ئەوانی تر، سـەریانی دەبڕی و بۆ مـحـەمـەدی کـوڕی حـەنەفیـەی (برای ئیـمام حـوسێن) دەناردن، کە لە مـەکـە دادەنیشت، جیاوازیی گـەورە لە نێوان هەڵوێسـتی مـوختـار لە بەرایـیدا لەگـەڵ هەڵوێسـتی دوایی نیشـانەی ئەوە دەگـەیەنێ گـۆڕان و وەرچەرخـانێکی تەواو ڕووی داوە لە هـەڵوێست و قـەنـاعـەتی ئەو و هەمـوو ئەوانەی لە سـوپا و کەتیبەکان دووی کەوتن.

## مەدحەت پاشای والی ناکۆکیی کەسێتیی عێراقی تاقی دەکاتەوە

لە ڕووداوێکدا بەدەر نییە لە سـەیروسـەمـەرەیی و ورووژان، مـەدحـەت پاشـای والیی عـوسـمـانی کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەنجوومەنی کارگێڕیی ویلایەتی بەغدا بەست و بۆ ئەندامـەکانی ئەنجوومـەنی پێشنیاز کرد داوایەک بۆ بابلعالی واتا بۆ سوڵتانی عوسمانی بنووسن و تکای لێ بکەن، کە باج لە بەغدا زیاد بکا، هەمـوو ئەندامانی ئەنجوومەن ڕەزامەندییان لەسەر پێشنیـازەکەی والی دەربڕی و کـۆنووسـێکیـان لەم بارەیەوە نووسـی و هـەر کـەسـە و مـۆری خـۆی پێـوە نا، دوای چەند ڕۆژێک کاتێک ئەنجوومەنەکە کۆبوونەوەیان کردەوە، مەدحەت پاشا پێشنیازێکی تری خستە ڕوو ناکۆک و دژ بەپێشنیازەکەی پێشووی بوو، ئەویش ئەوە بوو بڕیارێک بۆ بابلعالی بنووسن و تێیدا ئەوە بڵێن؛ لە بڕیارەکـەی یەکەمیاندا پەلەیان کردووە و دەبینن باجی ئێسـتا قورسە و ناکرێ زیاتر بکرێ، ئەندامـانی ئەنجـوومـەن دەمـودەست قـایل بـوون لەسـەر ئەوەی مـەدحـەت پاشـای والی گـوتی و کۆنووسەکەیان بەمۆرەکانیان نەخشاند، مەدحەت پاشا بەمە ویستی وانەیەکیان لەسەر ڕەوشتی ڕاڕا و ناکۆک بداتێ، هەردوو کۆنووسە ناکۆکەکانی دەرکردن و لە بەردەمیاندا دڕاندنی.[٣٢]

## هەڵگەڕانەوەی متمانەی عێراقییەکان لە نێوان تورکەکان و ئینگلیزەکاندا

لەو بەڵگە ئابڕووبەر و شەرمهێنانە لە ناکۆکیی ئاکار لە کەسێتیی عێراقیدا، ئەو دژایەتییە توندەیە لە هەڵوێستی شاعیران و نووسەرانی عێراقی لە دوا قۆناخەکانی حوکمی عوسمانیدا لە ماوەی ئەو گۆڕانە سیاسییەی لەسەر ئاستی دەسەڵات و حوکمدا بەداگیرکردنی ئینگلیز بۆ عێراق و ڕووخانی فەرمانڕەواییی عوسمانییەکان و ڕۆیشتنیان.

شاعیر و نووسەرە عێراقییەکان بەرهەمە ئەدەبییەکانیان لە ڕۆژنامەیەکەوە بەناوی "صدى الاسـلام" بلاو دەکردەوە، کـە ڕۆژنامـەیەکی سـەر بەحـوکـمی عـوسـمـانی بوو و لە مـیانـەیەوە بەردەوامییان بەپیاهەڵدان و وتاری بەباش باسکردن و بەرزکردنەوەی عوسمانییەکان و سەرکردە تورکەکان دەدا.

دوای داگیرکردنی بەغدا هێزەکانی داگیرکەری بەریتانی ڕۆژنامـەیەکی نوێیان دەرکرد، کە زمـانحـاڵیـان بوو و ڕێکەوتن لەسـەر ئەوەی ناوی ڕۆژنامـەی "العـرب"ی لێ بنێن، بێگومـان لەژێر

سەرپەرشتیی ئەلمس بێلی دیپلۆماتکاری بەریتانیدا بوو، کە زمانی عەرەبی دەزانی و لەگەڵ هەڵمەتە بەریتانییەکەدا بوو و زۆربەی بەرپرس و سەرکردە سیاسییە عێراقییەکانی دەناسی و دواییش لەسەر ئاستێکی فراوان خۆی خزاندە ناو کاروباری سیاسی و زۆرێک لە سیماکانی سیاسەتی عێراقی دارشت.

هەروەها ژمارەیەک لە نووسەر و شاعیرانی وەکو جەمیل سدقی زەهاوی و کازم ئەلدوجەیلی و عەبدولوحسین ئەلئەزەری و محەمەد مەهدی بەسیر بەشدارییان لەم ڕۆژنامە تازەیەدا دەکرد، کەچی گەلێکیان بەناوی خوازراوەوە دەیاننووسی، وەکو: "ابن الفراتین، ابن ماء السماء، ابن بابل، ابن الشیعه، ابن العراق، ابن السلیقه، ابن بغداد...".[٣٣]

وا دیاربوو دەترسان لەوەی تورکەکان بۆ حوکمکردنی عێراق بێنەوە..

زۆربەی نووسەر و شاعیران لەوانەی لە ڕۆژنامەی "صدی الاسلام"ی عوسمانی دەیاننووسی، گواستیانەوە بۆ نووسین لە ڕۆژنامەی "العرب"ی سەر بەئینگلیزەکان... لێ ئەوی مایەی گرینگی پێ دانە و تایبەتە بەبابەتی توێژینەوەکەمان ئەوەیە، ئەم نووسەر و شاعیرانە تەنیا بەوەندە وازیان نەهێنا لە ڕۆژنامەیەکەوە گواستیانەوە بۆ ڕۆژنامەیەکی تر، بگرە لە پیاهەڵدان و بەرز ڕاگرتنی تورکەکان و جوێنباران و وەسفی خراپی ئینگلیزەکانەوە گواستیانەوە بۆ تەواو پێچەوانەی ئەو ڕەفتارانە، وایان لێ هات بەخۆیان سەرزەنشتیان دەکردن و قسەیان پێ دەگوتن و خراپترین ناو و ناتۆرەیان بۆ تورکەکان هەڵدەبەست و بەئینگلیزەکانیاندا هەڵدەدا و کارەکانیان بەرز دەنرخاندن...

با لەم دەقەی عەلی ئەلوەردی وردبینەوە، کە لە کتێبی "الشعر العراقي الحدیث"ی د. یوسف عیزەدین وەری گرتووە، یوسف عیزەدین دەنووسێ:

"توێژەر سەری لە ڕەوشی شاعیران سوور دەمێنێ و بەسەرسامییەوە لەبارەی ئەم هەڵگەڕانەوەیە لە ستایشی تورکانەوە بۆ داشۆرینیان پرسیار دەکات.

ئەگەر "صدی العرب" و ڕۆژنامەی "العرب" وەربگرین، دەبینین دوو شتی دژ بەیەکن. شاعیران پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی و کارەکانیانیان لە عێراقدا بەرز ڕاگرتووە و بەچاوی براوە تەماشایان کردوون، پاشان ئەم شاعیرانە بایان داوەتەوە و بۆ هێرشبردنە سەریان و شەڕکردن لەگەڵیاندا و ناوزڕاندنیان و چی بەڵایەکیش بەسەر عێراقدا هاتبێ کردوویانەتە مل ئەوانەوە...".[٣٤]

هەروەها عەلی ئەلوەردی دەڵێ:

"ئەلمس بێل لە یەکێک لە نامەکانیدا ئاماژەی بەمە کردووە و وتوویەتی:

"سەیری لە حاڵی هەندێک لە نووسەران دێت، ئەوانەی ئێستا ئازیزترین دۆستین، ئەوان لە سەردەمی تورکاندا وتاری توندیان دژ بەئینگلیز دەنووسی، کەچی ئێستاکێ وتاری توند دژ بەتورکان دەنووسن و ئەو خۆی هیچ لێکدانەوەیەکی قەناعەت پێکەری بۆ ئەمە نییە، وشە لای ڕۆهەڵاتییەکان تەنیا قسەیە و هیچ ناگەیەنێ، ئەمڕۆ شتێک دەڵێن و سبەی دژی دەوەستنەوە،

هەرگیز واز لەم خووە ناهێنن".[٣٥]

ئەوی بەسەر نووسەر و شاعیرانی عێراقیدا پێڕەو دەکرێ، بەهەمان شێوە بەسەر سیاسییە عێراقییەکان و فەرماندە بەرپرسەکان و سەرۆک بارستە و حزب و خاوەن پۆستەکان لە دەوڵەتی عێراقیدا دەچەسپێ، تەنانەت ئەلس بێڵ خۆیشی سەبارەت بەم دۆخە پڕ لە شوورەیییەی ناکۆکیی توند لە ئاکاری سیاسییە عێراقییەکان و هەڵوێست و قەناعەتیان لەگەڵ شا فەیسەڵی یەکەمدا قسەی کردووە، ئەوان لە چاوپێکەوتنە دووقۆڵییەکانیان لەگەڵیدا و لەناو نووسینگەکەیدا لایەنگیریی لێ دەکەن و لەگەڵیدا لەسەر چەندان کار و بیروباوەڕ و قەناعەت و هەڵوێست و بڕیار ڕێک دەکەون، پاشان دوای یەک دوو ڕۆژ لە ڕۆژنامەکان، یاخۆ لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا، یا لە پەرلەماندا پێچەوانەی ئەوە ڕادەگەیەنن، کە لە بەرابەریدا ناویان هێنان و هەڵوێستی تەواو ناکۆک لەگەڵ ئەوەی لەگەڵیدا لەسەری ڕێککەوتن، دەنوێنن.

ئەم ناکۆکییە مایەی سەرسامی بوو بۆی، تاوای لێ کرد لەگەڵ شا فەیسەڵی یەکەمدا قسە لەبارەی ئەم جۆرە ڕەوشتە و هۆکارەکانی لای عێراقییەکان بکا، وەڵامەکەی شا فەیسەڵ وەڵامێکی هۆشیارانە بوو نیشانەی ڕۆشنبیریی ئەم پیاوە و دووربینییەکەی دەگەیاند لەو دۆخەدا، ئەم دیاردەیەی بەستەوە بەبابەتی ئازادییەوە، کە گەلانی ناوچەکە چەندان سەدەیە لەدەستیان داوە و پێکهاتەی دەروونی و ئاکاری تێک داون و لە ناخیاندا خەسڵەتی فێڵبازی و پاشگەزبوونەوەی چاندووە، بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

"ئەم ڕەوشتە مایەی سەرسوڕمان نییە، بگرە لای زۆر کەس ناسراوە، تەنانەت منیش، چونکە بەدرێژاییی شەشسەد ساڵ لەژێر دەستی داگیرکەردا ئازاریان چێشتووە، ناچاربوون فێڵبازی بکەن تاکو بژین، ئەگەر ئەوانیش وەکو ئەورووپاییەکان ماوەیەکی باش لەژێر سایەی ئازادیدا بژیانایا ئەوا هاوشێوەی ئەوان ڕەوشتی ئازادان فێر دەبوون".[٣٦]

عێراقییەکان پەیکەرێک بۆ جەنەراڵ مۆد دروست دەکەن و پاشان دەیشکێنن:

لە دوای مردنی جەنەراڵ مۆد لە بەغدا لە ساڵی ١٩١٧دا بەهۆی تووشبوونی بەنەخۆشیی کولێرا، لیژنەیەکی گەورە لە پیاوماقووڵانی بەغدا و کەسایەتی و بازرگانەکان بۆ کۆکردنەوەی باربوو پێک هات، بەمەبەستی دروستکردنی کۆتەڵێک تاکو یادی ئەو جەنەراڵەی بەسوپا بەریتانییە بێ شومارەکەیەوە بەغدای داگیر کرد، بەرز ڕاگرن. ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین ئەگەر جەنەراڵ (گارنەر)ی فەرماندەی هێزەکانی ئەمەریکا، کە ساڵی ٢٠٠٣ بەغدای داگیر کرد ئەگەر بەهۆی ڕووداوێکەوە یا تووشی نەخۆشییەکی ڤایرۆسی بهاتایا، ڕەنگە ئەو عێراقییانەی بەهەڵەشەیی و پەلە پەل ناسراون پەیکەرێکیان لە بەغدا وەک ئەوەی لە بەرایی سەدەی بیستدا بۆ جەنەراڵ مۆدیان کرد، هەمان شتیان بۆ ئەویش بکردایا.

وا دیارە ئەم لیژنەیە ئارەزووی لەوە بوو کارێکی وا بکا دروستکردنی کۆتەڵی تایبەت بەجەنەراڵ

مۆد بکاتە کارێکی میللیی خۆبەخشی وا سەرجەم توێژەکانی عێراق تێیدا بەشدار بن، هەر بەڕاستیش وابوو، لە پیتاک کۆکردنەوە بۆ دروستکردنی پەیکەرەکە سەرجەم خاوەن پیشە و کارەکان لە بەغدا پشکدارییان کرد، وەکو: ئاسنگەر و دارتاش و بەرگدروو و کەوشدروو و سەعاتچی و سەرتاش و کوتاڵفرۆش و گۆشتفرۆش و لێفەدوور و پێڵاوفرۆش و کڵاودرووەکان... تا دوایی لیستە درێژەکە، کە عەلی ئەلوەردی لە بەشی چوارەمی کتێبە بەناوبانگەکەیدا "لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث" ژماردوونی.

دوای ئەوەی کۆتەڵەکە تەواو بوو لە بەرابەر ماڵی نێرراوی باڵای بەریتانی لە کەرخ لە دەڤەری "الشواكه" بەرزیان کردەوە.

خەڵکی بەغدا لە دانانی ئەم پەیکەرەی جەنەراڵ مۆد، کە بەغدای گرت بەفراوانی بەشدارییان کرد، کەچی هەر خۆیان لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨دا، کە ڕژێمی پاشایی ڕووخاند، بەشێوەیەکی فراوانتر و گەرموگوڕتر لە هەڵکێشان و کەواندن و وردوخاشکردن و ڕاکێشانی پەیکەرەکە بەشەقامەکاندا و تووڕ هەڵدانە دیجلەوە بەشدارییان کرد.

ئەگەر بمانەوێ خۆمان لە وردەکاری و گۆڕانەکان دوور بخەینەوە، ئەوا ناکۆکی لە ڕەوشتی عێراقییەکاندا لە دۆزی پەیکەرەکە و خاوەنەکەیدا زۆر زەقە، ئەوان بوون پیتاکیان بۆ دروستکردنی کۆکردەوە و هەر بەخۆشیان بوون تێکیان شکاند و هاویشتیانە ڕووباری دیجلەوە، ڕەنگە ئەمە لە گشت حاڵەتێکدا ڕوخسارێک لە ڕوخسارەکانی دژایەتی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا ڕەنگ بداتەوە، هەروەها ڕەنگدانەوەی شێوەی ئەو وەڵامە خێرایە پڕ لە ناکۆکییەی عێراقی بێ لە بەرابەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، هەردەم ئەو پەلە دەکا و بەگوڕە بۆ پشتگیری و بەڵێن دان، بەهەمان شێوەش بەدەستوبرد و توندە لە بەرابەر نەیارەکەی و دوژمنکاری لە ئاست هەمان بابەتدا.

تا ئەمڕۆش دیار نییە گۆڕانێکی گرینگ لە چۆنایەتی بەسەر ئەم ڕێبازەدا لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا هاتبێ، لە هەڵوێست و هەڵگەڕانەوەدا، ئەوەتا ژیانی ڕۆژانەی عێراق پڕە لە دەیان بەڵگە و نموونەی کارەساتبار لەم بارەیەوە، سەیرە! ئەمڕۆ چەند لە دوێنێ دەکات...

## لە بەرگری لە وڵاتی کوێتەوە بۆ داگیرکردن و سووتاندنی بیرە نەوتەکانی

لە سەردەمی نوێدا بەڕوونی دژایەتی و بادانەوە و گۆڕان لە هەڵوێستی تاکی عێراقی و گواستنەوەی لە سەنگەرێکەوە بۆ سەنگەرێکی تر لەو دوو ڕووداوە دژ بەیەکەدا بەدەردەکەوێ، کە سەرۆک سەدام حوسێن لە ئاست کوێتدا نواندنی، لە جاری یەکەمدا ڕیزێک ڕۆکێتی زەبەلاحی بۆ شارە سنوورییە ئێرانییەکان هاویشت، وەڵام بوو بەو ڕۆکێتەی ئێران ڕەنگە بەهەڵەش بووبێ لە خاکی کوێتی گرت، ئەم وەڵامدانەوەیەش لەژێر پاساوی پاراستنی کوێت و بەرگریکردنەوە بوو لێی، ئەمەش بەپێی ڕاگەیاندنی ئەو بەیاننامە فەرمییە عێراقییەی ئەوسا بوو، لە جاری دووەمیشدا

سەرۆکی عێراق هەر بەخۆی هەستا بەداگیرکردنی هەموو کوێت و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی و وێرانکردنی سەرجەم داوودەزگاکانی دەوڵەت و سووتاندنی سەرتاپای بیرە نەوتەکانی، جیاوازی لە نێوان ئەو دوو هەڵوێستەدا وێڕای ئەوەی بکەرەکە لە دوو جاردا یەک کەسە، بەڵام لە قەبارە و ئاقار و ئامانجدا گەورەیە.

## لە چەکدارکردنی عەرەبستانییەکانەوە بۆ ڕادەستکردنیان بۆ دەستی شا

هەروەها لە هەڵوێستەکانی دژایەتی لە کەسێتیی عێراقیدا هەڵسوکەوتی بەرپرسە عێراقییەکانە لە بەرابەر عەرەبی ئەهواز لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا، لە سەرەتادا بەرپرسە عێراقییەکان بەگوڕ و تینەوە پارە و چەک و پشتگیریی سیاسی و ڕاگەیاندن و کارگێڕییان بۆ سەرجەم بزاڤە سیاسییەکانی ئەهواز دابین کرد، پاشان لە پڕ هەر ئەو بەرپرسانە گشت شێوەکانی پشتگیرییان لە خەڵکی ئەهواز بڕی، بگرە دەڵێن هەر لەگەڵ واژۆکردنی پەیماننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا، هەندێک لەو ڕابەرانەی بزووتنەوەی ئەهوازییەکان، کە لە عێراقدا نیشتەجێ بوون ڕادەستی دەسەڵاتدارانی شای ئێران کران، بێ ئەوەی دەرفەتی تەواویان بدرێتێ عێراق جێ بهێڵن، یاخۆ ڕوو لە وڵاتانی بێلایەنی تر بکەن...

ئا ئەمەیە دژایەتی و پاشگەزبوونەوەی لە ناکاوی عێراقی لە قەناعەت و گواستنەوە لە هەڵوێستێکەوە بۆ دژەکەی زۆر بەخێرایی و بێ پێشەکی.

## گواستنەوەی بەردەوام لە حزبێکەوە بۆ حزبێکی تر

هەروەها ئەم ڕەوشتە (واتا ناکۆکی و گۆڕان لە هەڵوێستدا و قەناعەت و ئارەزوو لای تاکی عێراقی) ئەو کاتیش بەدەردەکەوێ، هەینێ تێبینیی هەندێک لەو سیاسییە عێراقییانە دەکەین لە حزبێکی سیاسییەوە بۆ حزبێکی تر دەگوێزنەوە و چەندان جار ئەمە دووپات دەکەنەوە و لە هەر جارێکیشدا، کە دەچنە ناو حزبێکی سیاسیی تازەوە، دەبینین گوڕ و حەماسیان بۆ ئەم حزبە نوێیە هەیە و ئەوانی تر بەهەڵە دادەنێن، وێڕای جیاوازی و ناکۆکی لە بیر و بڕوا و ئامانج لە نێوان ئەم حزبانەدا. ئاماژەیەکی خراپە بۆ خەسڵەتی بادانەوە و ناکۆکی و هەڵگەڕانەوە لە هەڵوێستدا و قەناعەت و ئارەزوو لای تاکی عێراقی.

## لە پەرلەمان بڕیاریان لەسەر فیدراڵی دا و لە دەرەوەی پەرلەمانیش هێرشیان کردە سەر

لە دیمەنەکانی دژایەتی لە ئاکاری کەسێتیی عێراقی لە قۆناخی هاوچەرخدا، ئەوە بوو ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانە عێراقییەکان هەستان بەهێرشکردنە سەر فیدراڵی و سیستەمی فیدراڵی، پاش ئەوەی پشکدارییان کرد لە دانپێدانان بەفیدراڵی لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ئەمەش

دوای گفتوگۆ و ڕەزامەندی و دانپێدانان و دەنگدان لەسەر گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە عێراقدا بۆ سیستەمی یەکەتیی فیدراڵی، بەمەش دانیان بەفیدراڵی لە عێراقدا نا و ئینجا چوونە شەقام و کەناڵە ئاسمانی و سیمینار و چاوپێکەوتنی تاکەکەسی، هێرشیان کردە سەر فیدراڵییەت و گومان لێ کردنی و مەترسییەکانیان بۆ سەر عێراق دەژماردن و تیری ڕەخنەیان ئاراستەی ئەوانە بوو داوای پراکتیزەکردنیان دەکرد.

کەس ناتوانێ بزانێ، یاخود لێکدانەوەی هەبێ بۆ هۆکارەکانی ئەم ڕەوشتە دژبەیەکە و ئەو پاڵنەرانە چین کە وایان لەمانە کرد لە ناو پەرلەماندا دان بەفیدراڵیزمدا بنێن و بیکەن بەمادەیەکی دەستووریی ناچاری بۆ هەموان و پاشان لە دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش پشت لێ کردن و کودەتا کردن بەسەریدا...!

هەندێک لەوانە پاساوێکی سادە و ڕووکەش بۆ ئەم هەڵوێستە ناکۆکەکەیان دێننەوە و دەڵێن: لەو دانیشتنە پەرلەمانییەی تێیدا دەنگیان بۆ ئەم بابەتە دا ئەو ئامادە نەبوو...!

ئەگەر ئەمانە ڕاستگۆ و شێلگیر بوونایا لەسەر قەناعەتیان لەبارەی ئەم بڕیارە چارەنووسسازە، ئەوا لەسەریان بوو بەئاشکرا ناڕەزاییان تۆمار بکردایا و پاشان دەستیان لە کار بکێشایەتەوە لەو ئەنجوومەنی نوێنەرانەی دانی بەفیدراڵیزمدا نا، تاکو ڕەتکردنەوە شێلگیرانە و ڕاستەقینەکەیان لە دژ ئەم بیردۆزە نوێیە بسەلمێنن، کە وای دادەنێن ئەمە دابەشکردنی عێراقە...؟

بەدڵنیاییەوە مانەوە لەگەڵ شتێکدا و لە هەمان کاتدا دژ وەستانەوەی وێنەیەکی زەقی دژایەتییە لە ئاکاری کەسێتیی عێراقیدا...

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) د. عید مرعی – تاریخ بلاد الرافدین، ص. ١١٣

(٢) تاریخ الخلفاء – للسیوطی ص٢٦١، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد.

(٣) البداية والنهاية لابن كثير، ج١٣، ص٢٣٥، دار احياء التراث العربي.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٦.

(٧) موسوعة الطب النفسي، المجلد الثاني، د. عبدالمنعم الحفني، مكتبة مدبولي، القاهرة.

(٨) موسوعة علم النفس، اعداد: د.اسعد رزق، ومراجعة: د. عبدالله عبدالدايم، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ص٢٠٦

(٩) الدوافع النفسية، الدكتور مصطفى فهمي، ص١٣٤، دار مصر للطباعة.

(١٠) د. علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ج١، ص٨٦، دار كوفان، لندن.

(١١) هەمان سەرچاوە، ل. ٨٦

(١٢) حنا بطاطو/ الكتاب الثالث، ص٢٩٧، ترجمة: عفيف الرزاز، مؤسسة الابحاث العربية.

(١٣) د.علي الوردي، لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ج٤، ص٣٢٥، دار كوفان للنشر، لندن.
(١٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٩
(١٥) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.
(١٦) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣٠.
(١٧) هەمان سەرچاوە، ل٣٣٠.
(١٨) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣١.
(١٩) توێژینەوەیەکی درێژمان لەم بارەیەوە لە کتێبی (الدكتاتورية في العقل العراقي – دیکتاتۆریزم لە ئاوەزی عێراقیدا)دا هەیە.
(٢٠) كنتم جند المراة: مەبەست عایشەی کچی ئەبوبەکرە.
(٢١) اتباع البهيمة: واتا دووکەوتووانی ئەو حوشترەی عایشە سواری بووبوو، حوشترەکە لە پایەی ئاڵای لەشکر بوو و بەدەوریدا دەجەنگان، هەینێ حوشترەکەیان کوشت خەڵکی بەسرە تێکشکان و شەڕەکە دوایی هات..
(٢٢) عهدكم شقاق: واتا خاوەن بەڵێنی خۆتان نین و پەیمانتان پەیمانی دوژمنکاری و ناتەباییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دژوەستانەوەیان بۆ بەیعەکە و ڕەوشتی ناکۆکیان.
(٢٣) دەقەکە لە کتێبی نهج البلاغه، ل٣٨، دار المرتضى – بەیرووت، وەرگیراوە.
(٢٤) د. عمر فروخ، تاريخ الادب العربي، الجزء الاول، ص٣١٠.
(٢٥) تاريخ الطبري، ج٤، ص٤٠٥، منشورات مؤسسة الاعلمي للمطبوعات، بيروت – لبنان.
(٢٦) الطبري، ج٤، سەرچاوەی پێشوو.
(٢٧) الكامل في التاريخ لابن الاثير، ٧ج٢، ص٤٤٧، دار احياء التراث العربي، بيروت.
(٢٨) البداية والنهاية، ابن الكثير، ج٨، ص١٨٦، دار احياء التراث العربي.
(٢٩) هەمان سەرچاوە، ل,١٨٦
(٣٠) البداية والنهاية، ابن الكثير، ج٨، ص ٣٤٨.
(٣١) تاريخ الطبري، ج٤، ص٤٠٦، منشورات مؤسسة الاعلمي للمطبوعات، بيروت – لبنان.
(٣٢) علي الوردي، ملامح اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، ج٢، ص,٢٣٩ لە سەلمان ئەلبوستانییەوە وەرگیراوە (عبره وذكرى).
(٣٣) لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث، د. علي الوردي، ج٤، ص ٣٧١.
(٣٤) هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٣.
(٣٥) هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٣.
(٣٦) هەمان سەرچاوە، بەرگی چوارەم، ل ٣٧٥.

ژێدەر: شخصية الفرد العراقي، باقر ياسين، دار اراس للطباعة والنشر، اربيل ٢٠١٠ ص٥٣-٩٩

# داهاتووی کوردستانی عێراق

دوکتۆر قەدیر نەسری

## پێشەکی

برەندن ئۆلێری Brendan Oleary و خالید ساڵح Khaled Salih دوو لێکۆڵەوانی پسپۆڕ لە بواری کاروباری تایبەت بەکوردەکانی عێراقن کە بەهاوکاری لەگەڵ پسپۆڕێکی تر بەناوی جەک مەک گاری، لەم دواییەدا پەرتووکێکیان بەناوی "داهاتووی کوردستانی عێراق"ەوە نووسیوە.

ئەم پەڕتووکە، ١٢ پاژ و بابەتی سەرەکی لەبارەی جەوهەر و ناوەڕۆکی بزووتنەوە کوردییەکان و هەروەها هێز و توانای کوردەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باکوری عێراق، لەخۆ گرتووە. ئەو وتارە مەبەستیەتی بۆچوونی تایبەتی ئەو لێکۆڵەوانانە تەنیا لەبارەی ناوچە و شاری کەرکووکەوە شەنوکەو بکات. هەڵوەستەکردن لەسەر شاری کەرکووک، لەو رووەوە گرینگە کە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆیان بۆ پێوەستکردن و لکاندنی کەرکووک بۆ سەر ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمییە خستووەتە گەڕ و ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانیش، ئەو شارەیان بە پایەتەختی مەعنەوی و ڕۆحی یاخۆ (ئۆرشەلیمی کوردەکان Jerusalem of Kurds) ناوزەد کردووە. قسەی سەرەکیی ئەو بابەتە ئەوەیە کە ناوچەی ستراتیجیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خاوەن حەوت ناوچە و شوێنی هەستیار و چارەنووسسازەی، و قووڵبوونەوە و هەڵوەستەکردن لەسەر تەنگژەکانی نێو سەدەی ڕابردوو ئەوەی سەلماندووە کە سەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری گرژی و ناکۆکییەکانی ئەو ناوچەیە، بۆ ئەو حەوت شوێنە هەستیار و چارەنووسسازە دەگەڕێتەوە کە کەرکووکیش یەکێکە لەو شوێنە هەستیارانە.

کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکارگەلی کەڵەکەبوو و پێکهاتوو لە ڕووداوە مێژووییەکان و پێگە و

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

هەڵکەوتەی جوگرافی و بیروباوەڕ و توخمە ئەخلاقییەکان هەن کە وا دەکەن شوێنێک یاخۆ ناوچەیەک خەسڵەتی هەستیاری و چارەنووسسازی پێ بدرێ.

بەو پێیەش، هەندێ ناوچە بەهۆی هەڵکەوتە و پێگەی جوگرافییەکەیانەوە هەستیار و چارەنووسسازن، وەکو تەنگەڵانی هورمز کە ٦٠٪ ی نەوت بەکارهاتووی دنیا (هەروەها ٩٠٪ی نەوتی بەکارهاتووی ژاپۆن و کۆریای باشوور) بەو شوێنەدا تێ دەپەڕێت. یاخۆ شاری قودس کە لە ڕووی مێژوویییەوە، بەسەنتەری پێکەوەهەڵکردن یاخۆ بەپێچەوانەوە بەسەنتەری پێکدادانی ئاینی _ شارستانییەتی دادەنرێ. یاخۆ شوێنە پیرۆزەکانی شیعەکان لە عێراق کە بە تەعبیری توێژەرێک لە پەڕتووکی (شیعەگەری، مقاوەمە و شۆڕش)، ئەو شوێنە پیرۆزانە ڕۆڵێکی نایاب و نموونەیییان لە جێگیرکردن و چەسپاندنی پێگەی کەربەلا لە عێراقدا گێڕاوە. ئەمە بەو واتەیە نییە کە ناوچەکانی تر (بۆ نموونە هەولێر و ئەنبار لە عێراقدا) گرینگی و بایەخیان نییە، بگرە بەپێچەوانەوە ئەوانیش ڕۆڵێکی گرینگ و پڕ بایەخیان هەیە، بەڵام هەستیار و چارەنووسساز نین.

ناوچەی هەستیار و چارەنووسساز (Vital Region) بەو ناوچەیە دەوترێ کە بوون و ژیانی ئەو نەتەوەیەی کە لەو شوێنەدا ژیان بەسەر دەبا، بەهاوکێشە و گۆڕانکارییە سیاسی و ستراتیجییەکانی ئەو ناوچەیەوە بەستراوەتەوە. ناوچە ناهەستیارەکانیش ئەو ناوچانەن کە دروستبوون و سەرهەڵدانی ڕەوت و تەوژمێک لەو ناوچانەدا یاخۆ گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن گرووپ و لایەنێکەوە و هەروەها بەپێچەوانەیشەوە لەدەستدانی دەسەڵاتی گرووپ و لایەنێک لەو جۆرە ناوچانەدا، ژیان و بوونی خەڵکی ئیدیعاکاری ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و خێرا ناخاتە ژێر مەترسییەوە. کەرکووک یەکێ لەو ناوچانەیە کە گرینگی و بایەخێکی هەستیار و چارەنووسسازی هەیە، واتە گرتنە دەستی دەسەڵات لەو ناوچەیەدا یاخۆ بەپێچەوانەوە لەدەستدانی حوکمڕانی لەو ناوچەیەدا لەگەڵ ناسنامەی سیاسی و بوونی ستراتیجیی ئەکتەرەکانی بەشدار و کاریگەر بەسەر ئەو ناوچەیەدا، بەیەکەوە گرێ دراوە.

## سەرچاوەکانی تەنگژە لە کەرکووک

ناوچەی کەرکووک کە شاری کەرکووک سەنتەری ئەو ناوچەیەیە، یەکێک لە ١٨ پارێزگاکانی عێراقە کە جێگەی بەگژداچوونەوە و مشتومڕ و ململانێ ناوەخۆیییەکانی عێراق (بەتایبەتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عەرەبە سوننەکان و عەرەبە شیعەکان و تورکمانەکان و ئاشوورییەکاندا) لەلایەک و هەروەها وڵاتانی کاریگەر بەسەر گۆڕانکارییەکانی کەرکووک (لەوانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تورکیا و سعوودیە و سووریا و ئێران) لەلایەکی ترەوە. وتەیەکی بەناوبانگ لەناو زانستی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەیە کە دەڵێ: هەر کاتێک چەندان ئەکتەری جیاجیا (وڵات یاخۆ گرووپە جیاجیاکان) و هەروەها چەندان ئەکتەری بەرهەڵستکار، لەگەڵ یەکتر (کە خاوەن ناسنامە و بەرژەوەندیی نایەکسان و ناکۆکن لەگەڵ یەکتر) لە ناوچەیەکدا تووشی ململانە و ناکۆکی ببن، ناکۆکییەکانی ئەو ناوچەیە بەئاسانی و لە ماوەیەکی کەمدا چارەسەر

ناکرێن. ئاوڕدانەوەیەک لە ناسنامە و بەرژەوەندییەکانی ئەکتەرە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانی کەرکووک دەری دەخا کە ئەو ناوچەیە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە حاڵەتی گرێکوێرە و پازڵێکی دژوار و ئاڵۆزدا دەمێنێتەوە. بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ئەو گرێکوێرە دەبێ سەرەتا ئاوڕێک لە لاپەڕە مێژووییەکانی ئەو ناوچەیە بدەینەوە. بە گەڕانەوە بۆ مێژووی کەرکووک، دەکرێ مێژووی ئەو ناوچەیە بەسەر پێنج قۆناغی سەربەخۆ و جیاجیاوە پۆلێن بکرێت.

یەکەمین قۆناغی مێژوویی بۆ سالآنی حوکمڕانیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی (پێش ١٩٢٠ی زاینی) دەگەڕێتەوە. لەو قۆناغەدا گشت نەتەوە و تایفەکان لە چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەتێکدا درێژەیان بە ژیانی ئابووریی و عەشیرەیی و ئاینیی خۆیان دەدا و باج و سەرانەیان پێشکێش بەکۆشکی پاشایەتی دەکرد و لەژێر حوکمڕانییەتی خەلیفەدا بوون. ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ناسنامەکانی باجدەرەکان بە سەربازە عوسمانییەکانەوە بڵاو کراونەتەوە، دەردەکەوێ کە لە ناوچە باکورییەکانی عێراقی ئێستادا، تورکمان و سوننەکان و کورد و عەرەبەکان بەیەکەوە و لەناو ژینگەیەکی خۆجێییدا ژیاون و هەروەها چەندان لەشکر (قشون)یان بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵاتی خەلیفە دامەزراندووە و باج و میرانەی سەرشانی خۆیانیان پێشکێش بە کۆشک و دەرباری خەلیفە کردووە. لەو قۆناغەدا جۆرێک لە خۆبەڕێوەبردنێکی خۆجێیی و لۆکالی لە ژیانی تایفە و نەتەوە جیاجیاکانی ئەو ناوچەیەدا لە ئارادا بووە و هەستی ناسنامەخوازی و سنووربەندی سیاسی و جوگرافی هەر لە بنەڕەتدا بەشێوە هەنووکەییەکەی لە ئارادا نەبووە و مشتومڕێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتووەتەوە. لە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی (بەهۆی دەمارگیریی ئاینی و پەشێویی کاروباری ناوەخۆیی و هەڵبەت لە هەموویان گرینگتر پاڵەپەستۆی دەرەکی) لە منداڵدانی ئەو ئەکتەرە نەخۆش و ناتەندروستەوە، منداڵێکی سەیروسەمەرە بەناوی عێراق لەدایک بوو.

لە قۆناغی دووەمدا کە ماوەی نێوان سالآنی ١٩٢٠ تاوەکو ١٩٧٥ دەگرێتەوە، حکوومەتی ناوەندیی عێراق ئەوەندە بەهێز نەبوو کە بتوانێ هاوشێوەی کۆماری نوێباوی تورکیا، ڕێبازی ناسیۆنالیزم بگرێتە بەر و دەست بەدروستکردن و بنیاتنانی نەتەوە بکا. سوڵتانە حوکمڕانەکانی عێراق، لە ڕاستیدا وێنەیەکی بچووککراوەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوون. لەو قۆناغەدا دەسەڵاتی پاشایەتی لە ڕێی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی بەها عەرەبییەکان و سڕینەوە و نکووڵیکردن لە ناسنامەی کوردییەوە، توخمی دووبەرەکی و ململانەی تایفییان لە عێراقدا چاند. بەتایبەتی کە بەپێی ڕێککەوتننامەی سیڤەر (Sever)، جۆرێک لە حوکمی خۆبەڕێوەبردنی خۆجێیی بۆ کوردەکان ڕەچاو کرابوو کە ئەویش لە ڕێککەوتننامەی دواتر واتە لە ڕێککەوتننامەی (لۆزان)دا وەلانرا. کوردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەرچاوەی ململانە و ناکۆکی لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی بۆ کوردەکان، بۆ ڕێککەوتنە نهێنی و شاراوەکانی حکوومەتەکان لە سالآنی دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە دەگەڕێتەوە. دەوترێ لایەنە ڕێککەوتووەکانی ئەو ڕێککەوتننامانە هەموویان دژی کورد بوون. لەو قۆناغەدا کە تاوەکو سەرهەڵدانی حزب و حکومەتی بەعس لە عێراقدا درێژەی هەبوو، کوردەکان چەندان سەرهەڵدان و چالاکی لابەلا و پەڕاگەندەیان

بەڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و سمایل ئاغا (سمکۆ) لە عێراق و ئێراندا ئەنجام دا، بەڵام پێوەندییە ئاسایشییەکانی ئەکتەرە باڵادەستەکانی ناوچەکە، ڕێگەیان لە چالاکی و بزووتنەوەکانی گەریلا کوردەکان دەگرت. سوپای تورکیا و ئێران لەو قۆناغەدا، خاوەن هەژموون و هێز و دەسەڵاتێکی بەرچاو بوون. دەبێ ئەوەیش لە یاد نەکەین کە سوپای تورکیا بەدرێژاییی ۹۰ساڵی ڕابردوو، بێجگە لە پێکدادانە کورتخایەنەکانی شەڕی کۆریا و هەروەها مەسەلەی یۆنان، هەموو هێز و تواناکانی خۆی لە بواری بزووتنەوە کوردییەکاندا چڕ کردبووەوە. دیارە یەکێک لە پێداویستییەکانی کاریگەری و سەرکەوتنی بزووتنەوەکان ئەوەیە کە نەیار و دوژمنەکانی ئەو بزووتنەوەیە لاواز و بێهێز بن و هەمدیس لۆجیک و بیرکردنەوەی زاڵ بەسەر ئەو ناوچەیەدا دەبێ لە بەرژەوەندیی ئەو بزووتنەوانەیەدا بێ، کەچی هیچ کاتێک ئەو دوو فاکتەرە بەیەکەوە و لە یەک کاتدا لە بەرژەوەندی و بەئاراستەی ویست و داخوازییەکانی گەلی کورددا نەبووە.

چالاکی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی لە کۆتایییەکانی دەیەی ۱۹۷۰ و هاوزەمان لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن حزبی بەعسەوە توندوتۆڵتر بوو. حزبی بەعس بە ڕێبەرایەتیی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن، جەوهەر و ناوەڕۆکێکی دەقاودەق ناسیۆنالیستی و قەومیی هەبوو. سەدام حوسێن بەحوکمی پێکهاتەی تایبەتیی کەسایەتیی خۆی و هەروەها سنووردارییەتیی جیۆپۆلیتیکیی عێراق و هەڵبەت لە سەرووی هەمووشیانەوە داهاتی نەوت، بەڕادەیەکی یەکجار زۆر هەڵگەڕاوە و ڕادیکال بوو. ئەو، هەوڵی دەدا لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، دەست بەسەر هەموو ناوچە عەرەبی و نەوتییەکانی ئێراندا بگرێ و هەروەها کەمینە و نەتەوەکانی تری بەرهەڵستکار و لەگەڵ یەک نەگونجاوی عێراق لەناو هەژموونی زۆرینەدا بتوێنێتەوە و هەمدیس مەبەستی بوو بەهەڕەشەکردن لە ئیسرائیل، ڕێبەرایەتیی جیهانی عەرەبی بگرێتە دەست و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ڕۆڵ و پێگەی عێراق بۆ ئاستی یەکێ لە ئەکتەرە نایاب و سەرەکییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها جیهانی عەرەبی و گشت موسڵمانەکان، بەرز بکاتەوە، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە ئەو جۆرە سەرکردە سەرەڕۆیانە، زۆربەیان بێ ئاکام دەمێننەوە و کۆمەڵگەکانیان ناچارن بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ باجی سەرەڕۆیی و ملهوڕیی ئەو جۆرە سەرکردانە بدەنەوە. لە ساڵی ۱۹۷۸ تاوەکو ۱۹۹۱، واتە ساڵی تەسلیمبوونی سەدام لە بەرامبەر هێزە هاوپەیمانەکان بەڕێبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کوردەکان لە تاریکترین و پڕ نەهامەتیترین ساڵانی مێژووی خۆیاندا دەژیان. لە ماوەی ئەو ۱۳ ساڵەدا، دووبەرەکیی و دوو دەستەییی کوردەکان گەیشتە بەرزترین ئاست و دیاریشە کە دووبەرەکی و ناکۆکی هەردەم هۆکارێک بووە بۆ هاندان و پەلکێشکردنی هێزە دەرەکییەکان.

سەدام حوسێن بۆ پچڕاندنی هاوکاری و پێوەندییەکانی کوردەکان لەگەڵ ئێران، زنجیرەیەک شاڵاوی ئەنفالی ئەنجام دان و لە کاتی ئەو پرۆسەیەدا هەزاران دۆنم زەویی بەپیت و بەرەکەتی وێران کرد و دەستی بەسەر داگرت و هەروەها نزیکەی دوو ملیۆن مرۆڤی کوردی ئاوارە و دەربەدەر، ڕێگەی ئێران و تورکیایان گرتە بەر. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا بوو کە سیاسەتی تەعریب

(بەعەرەبکردن)ی شاری کەرکووک کەوتە ناو خشتەی کارەکانی حکوومەتەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە عەرەبی شیعە و سوننە بوون بە خاوەنی ماڵ و موڵکی ئەو هاوولاتییە کوردانەی کە لە بەرەنجامی سیاسەتی (تەعریب) ماڵ و حاڵی خۆیان جێ هێشتبوو.

قۆناغی چوارەم ١٢ ساڵ دواتر واتە ساڵانی نێوان ١٩٩١ تاوەکو ٢٠٠٣ دەگرێتەوە. لەو قۆناغەدا، ئەمەریکاییەکان بەدوای ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ سەدام حوسێن دەگەڕان، بەڵام لە (غیابی) ئەو کەسە (ئەلتەرناتیڤی سەدام حوسێن)دا، سەدام حوسێنیان لە سەنتەری عێراقدا گەمارۆ دابوو. ئەمەریکا بەدرێژایی ئەو ماوەیە و بە یارمەتیی و پشتیوانیی ئەوروپاییەکان (بەتایبەتی فەرەنسا)، یاسای دژەفڕینیان لە سەرووی هێڵی ٣٦ پلەوە پیادە کرد. دەکرێ ئەو قۆناغە، بە قۆناغی کرانەوە و تەناهی لە باکوری عێراق ناوزەد بکرێ. کوردەکانی عێراق لەو ماوەیەدا لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانەوە بەرەو ماڵ و کێڵگە و زەویوزارەکانیانەوە گەڕانەوە و بەمەیش گرژی و ناکۆکییە شاراوەکانی نێوان کوردەکان و عەرەبەکان (هەروەها لە نێوان شیعە و سوننەکانیش) سەریان هەڵدا و گەشەیان کرد. گرینگترین خاڵی ئەو گرژی و بەرهەڵستکارییە، کەرکووکە کە بەهۆی سیاسەتەکانی سەدامەوە، تەعریب کرابوو. بە درێژایی ئەو قۆناغە، کوردەکان خەریکی ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک بوون و هەوڵیان دەدا کە شاری کەرکووک و دەوروبەریشی بگرنە دەست خۆیانەوە. دواجار لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی ٢٠٠٣ و لە دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعس و لەداردانی سەدام حوسێن، بەهاری ئازادی و سەربەستیی کوردەکانی باکوری عێراق دەستی پێ کرد. لەو قۆناغەدا سەرکردەکانی دوو حزبی سەرەکیی کوردەکان (پارتی دیموکرات و یەکێتیی نیشتمانی) واتە مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، دوای چەندان ساڵ شەڕی بێ ئاکامی ناوەخۆیی، دواجار لە بەرامبەر شکۆ و سەرکەوتنی ئاشتیدا سەریان دانەواند و هەروەها ئەکتەرە بەشدار و کاریگەرەکانی ناوچەکەیش، لەبارەی دروستبوونی ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستان لە باشووری عێراق، ڕەزامەندییان نیشان دا. دوای بەفەرمی ناسینی حوکمی ئۆتۆنۆمیی هەرێمی کوردستان و زمانی کوردی (لە تەک زمانی عەرەبی)، جارێکی تر هەموو نیگاکان بەرەو کەرکووک ئاراستە کران کە بەهۆی سنووری هاوبەش لەگەڵ دوو پارێزگای سوننەنشینی سەلاحەدین و نەینەوا و هەروەها بەهۆی بوونی یەدەک و پاشەکەوتی نەوتی (نزیکەی ٤٠ ملیار بەرمیل نەوت) شوێنێکی هەستیار و چارەنووسسازە و کوردەکان تێ دەکۆشن کە لە درێژایی و بەردەوامیی زنجیرە سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانیان، کەرکووکیش بۆ سەر هەرێمی کوردستان (کە لە ئێستادا تەنیا سێ پارێزگای سلێمانی و دهۆک و هەولێری لەخۆ گرتووە) پێوەست بکەن.

## پێگەی جوگرافی و دانیشتوانی کەرکووک

پارێزگای کەرکووک کەوتووەتە نێوان پارێزگا کوردنشینەکانی سلێمانی و هەولێر لە لای ڕۆژهەڵات و هەروەها دوو پارێزگای نەینەوا (کە مووسڵ سەنتەری پارێزگاکەیە) و سەلاحەدین (کە سامەڕا سەنتەری پارێزگاکەیە) لەلای ڕۆئاوا و باشوورەوە.

کەرکووک بەهۆی هەڵکەوتەی تایبەتیی لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق (ناوچەی کەرکووک لەگەڵ هیچ کام لە وڵاتەکانی تورکیا و ئێران سنووری هاوبەشی نییە) و هەروەها بوونی دامەزراوەکانی پاڵاوگەکان و پاشەکەوتی نەوتی و ژمارەیەکی گونجاو لە دانیشتوان (نزیکەی ٨٠٠ هەزار کەس) و هەروەها سەرچاوەکانی ئاو و زەویی کشتوکاڵیی گونجاو، پێگەیەکی نایاب و تایبەتی لە پەرەسەندن و گۆڕانکارییە ئابوورییەکاندا بەردەکەوێ. ڕووباری دیجلە کە ڕاستەوخۆ لە چیاکانی تورکیاوە سەرچاوە دەگرێ و دوای تێپەڕبوون بە دهۆک و مووسڵ و سامڕا، بەرەو بەغدا ڕێچکە دەگرێ، سنووری ڕۆئاوای کەرکووک و نەینەوا پێک دەهێنێ. جۆری کەڵەکەبوون و چڕبوونەوەی پێکهاتە و ژمارەی دانیشتوان لەناو شار و ناوچەی کەرکووک جیاوازە.

بەدرێژاییی ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی (بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٥)، زۆرینەی دانیشتوانی شاری کەرکووک لە کوردەکان پێک هاتبوو و دوای ئەوانیش تورکمان و عەرەبەکان (شیعە و سوننە)، زۆرترین ڕێژەیان پێک دەهێنا. بەڵام ئێستاکە دەبێ بەچاوی شک و گومانەوە لە ئامارە ڕاگەیەنراوەکان بڕوانین. بۆچوون و ڕای تایبەتی نووسەری ئەو دێڕانە ئەوەیە کە سەرکردەکان و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆیان بۆ پێوەستکردنی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان خستووەتە گەڕ. فاکتەری کاتیش لە بەرژەوەندیی کوردەکاندایە. ئەوان پلان و سیاسەتێکی گشتگیریان بۆ ژمارەی دانیشتوان گرتووەتە بەر. دەرکردنی ناسنامە بۆ ئەو کوردانەی کە لە هەندەرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە و هەروەها کۆچکردن و گەڕانەوەی ئاشکرا و نائاشکرای ئەو عەرەبانەی کە بەزۆر بۆ ئەو ناوچەیە هێنرابوون. لە ئەنجامدا هەموو ئەو فاکتەرانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی زۆرینەی دانیشتوانی شاری کەرکووک و دەوروبەری بەقازانجی کورد بشکێتەوە. گرینگترین بەرگریکاری عەرەبی شاری کەرکووک واتە حزبی بەعس و بەعسییەکانیش لەسەر شانۆی سیاسیی عێراقدا وەلا نراون. زۆرینەی ئاینی دانیشتوانی عێراق واتە شیعەکانیش ئارەزووی گشتاندنی فیدرالیزم بۆ سەرانسەری عێراقیان هەیە. لە دیدی شیعەکان خۆڕاگری (مقاومە) لە بەرامبەر بەڕێوەبردنی عێراق بە شێوازی فیدرالی، هیچ پاساوێکی ستراتیجیی نییە. هەر ئەو هاوتەریببوونە مێژووییە لە نێوان کورد و شیعەکانی عێراقە کە بووەتە هۆی ئاڵۆزتربوون و نەکرانەوەی گرێکوێرەی پرسی کەرکووک و هەردوو لایەنەکە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون کە لە ساڵانی داهاتوودا پرسی کەرکووک بەگەڕانەوە بۆ گشتپرسی و ڕیفراندۆمەوە چارەسەر بکرێ و ئەمەیش لە دەستووردا بەشێوەیەکی سەرزارەکی (تلویحی) ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام ئەوەی کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پێگەیەکی گرینگ و چارەنووسسازی هەیە، تێگەیشتن لە واقیعی ناوچەکە و جۆری پێکهاتەی دەسەڵاتە. تێبینییە ستراتیجییەکان دەری دەخەن کە کوردەکان چانسێکی زۆریان هەیە و لە داهاتووی کەرکووکیشدا پشکێکی زیاتریان بەردەکەوێ. ئەگەر بڕیار وابێ کە لە ساڵانی داهاتوودا، دانیشتوانی کەرکووک خۆیان بڕیار لەسەر داهاتووی کەرکووک بدەن، ئەوا سیاسەتوانە کوردەکان هەر لە ئێستاوە خەریکی پەروەردەکردن و دەستەبەرکردنی ئەو کادیرە پەروەردەییانەن بۆ

کەرکووک. لە عێراقدا هیچ کەس و لایەنێک دەستەوەستان نەوەستاوە و گرووپە جیاجیاکان کۆمەڵێک بژار (خیار)یان لە بەردەستدایە: لە تیرۆر و ترس و تۆقاندنەوە بگرە تاوەکو بە تەکنیکی دانوستاندن و دروستکردنی داوودەزگە و (مؤسسات)ەکانەوە دەگا. لۆجیکی سیاسەت و هێز ئەوە دەخوازێ کە دەسەڵاتدارە جیاجیاکان لە دەستەڕاستی خۆیاندا شمشێر و بەدەستی چەپەیش پەڕتووکی یاسا هەڵبگرن. ئێستاکە هەر یەکە لە گرووپەکان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە خەمی ئاشتی و ئاسایشی نیشتمانیی عێراقیان هەیە، لە هەمان کاتیشدا خەریکی تەیارکردن و ئامادەکردن و پڕچەککردنی هێزەکانی خۆیانن.

## یاسا و لۆجیکەکانی کورد و تورکمان و عەرەبەکان لەبارەی پرسی کەرکووکەوە

لایەنە جیاجیاکانی بەشدار لە مەسەلەی کەرکووک، هەریەکە و خاوەن لۆجیک و پاساوی تایبەتی خۆیانن، بەڵام لە زانستی سیاسەتدا ئیدیعا و بانگەشە گرینگ نییە. گرینگ ناوەڕۆک و جەوهەری مەسەلەکە و خستنەڕوو و پێشکێشکردنی بەڵگەی سەلمێنەر و بڕواپێکراوە، بەڵام لەوەیش گرینگتر توانای سەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی ئەو بەڵگە و دوکیۆمێنتانەیە.

لاپەڕەکانی مێژوو لێوانلێوە لەو سەرکردە پڕ ئیدیعایانەی کە وتەی پڕ جۆش و خرۆش و حەماسیان پێشکێش کردووە و سەرچاوەی خوڵقاندنی حەماس و هاندانی خەڵکانێکی بێ شومار بوونە، بەڵام سەرکردە ڕاستەقینەکان و ئەوانەی مێژوو دەخولقێنن ئەو کەسانەن کە خاوەن هزر و بیرێکی قووڵ و ژیرانەن، نەک خەڵکانێک کە لایەنگری لە فەوزا و هەڵچوون دەکەن. لەم نێوەندەدا، کوردەکان چوار لۆجیک و پاساویان بەدەستەوەیە و پێیان وایە کە بەگوێرەی ئەو چوار لۆجیکەوە، کەرکووک بەشێکە لە هەرێمی کوردستان.

١ - لۆجیکی جوگرافی و جیۆلۆجی

بەپێی ئەو لۆجیکە، لە هەولێرەوە بگرە تاوەکو بە کەرکووک دەگا، هیچ جۆرە بەربەستێکی چیایی و ئاوی و هەرێمی، کەرکووک لە ناوچە کوردنشینەکانی تر جیا ناکاتەوە. تاکە جیاوازی کە جێگەی ئاماژەپێکردن بێ، لە ناوچە نەوتییەکانی (کەرکووک) دایە کە ئەوەیش شتێکی سروشتی نییە و دەستکردی مرۆڤە.

٢ - لۆجیکی پێکهاتەی دانیشتوان

بەپێی لۆجیکی سەرکردە و میدیا کوردییەکان، پێش دەستکاریکردن و دەستخستنە ناو ئامار و ژمارەی دانیشتوان لە ناوچە و هەروەها لەناو شاری کەرکووک، کوردەکان زۆرینەی دانیشتوانی ئەو شارەیان پێک دەهێنا. سیاسەتی سەدام لە (تەعریب)کردنی کەرکووک بوو بەهۆی کۆچپێکردنی کوردەکان لە زێدی خۆیان و لە ئەنجامدا ماڵ و حاڵی ئەوان کەوتە دەست ئەو عەرەبە

هاوردانەی کە لە باشووری عێراقەوە بۆ ئەو ناوچەیە کۆچ پێ کرابوون. لەم ڕووەوە دەستکاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی کەرکووک لە سەردەمی حوکمڕانیەتی بنەماڵەی هاشمی و لە ساڵانی پێش حوکمی سەدام حوسێنیش لە ئارادا بووە. دواتر حکوومەتە غەیرە کوردییەکانیش لە ڕێگەی دامەزراندن و کارپێدان بەخەڵکە عەرەب و تورکمانەکان لەناو پیشەسازیی نەوتی کەرکووک بە کردەوەیی پلانی جێگۆڕکێکردنی زیرەکانەی دانیشتوانیان لە بوارە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکاندا جێبەجێ کرد. دەرکردن و کۆچپێکردنی بەزۆرەملێی کوردەکان لەو ناوچەیەدا هاوکات بوو لەگەڵ پێدانی ئیمتیاز و ئاسانکارییەکان لەناو پیشەسازییەکان و پێدانی دەسەڵاتە تایبەتییەکان بۆ خەڵکە تازەکەی کەرکووک. سەدام حوسێن لە چوارچێوەی پرۆسەی (تەعریب)کردندا، تەنانەت ناوی کەرکووکیشی بەدەستەواژەی ناسیۆنالیستی (تأمیم) (Tamim) گۆڕی، تاوەکو بتوانێ بۆ هەتاهەتایە کۆتا بەبوونی کوردەکان لەو ناوچەیەدا بهێنێ و پێکهاتەی کەرکووک بۆ ناوچەیەکی عەرەبی بگۆڕێ.

٣ – لۆجیکی مێژوویی

بەپێی ئەو لۆجیکە، ناوچەی کەرکووک و نەک شاری کەرکووک، بەدرێژاییی ٢٠٠ ساڵی ڕابردووەوە، سەنتەری دامەزراوە و داوودەزگا جۆراوجۆرەکانی شارستانییەتییەکان بووە کە سەرجەمیان کوردزمان بوونە. بە شێوەیەک کە هیچ ئاماژە و هێمایەکی غەیرەکوردی لەو ناوچەیەدا بەدی ناکرێ. بەو پێیە، کەمینە غەیرەکوردییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نابێ کوردەکان وەلاوە بنێن. هەروەک چۆن هیچ کام لە حکوومەتە لۆکالە کوردییەکان لەو ناوچەیەدا هیچ کاتێک هەڵسوکەوتێکی هاوشێوەی بەعسییەکانیان لەگەڵ کەمینە عەرەبەکان یاخۆ کەمینە تورکمانەکانی ئەو ناوچەیەدا پێڕۆ نەکردووە.

٤ – لۆجیکی ئەخلاقی (مۆڕالی)

پرەنسیپی ئەخلاقییانەی کوردەکان لەبارەی ناساندنی کەرکووکەوە وەکو بەشێک لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دەڵێن نابێ هاوکێشە ستراتیجییەکان کاریگەریی لەسەر تێبینییە ئەخلاقییەکاندا دابنێن و پشتگوێیان بخەن. شەڕە نابەرابەرەکان و زوڵم و ستەمی لە ژمارە نەهاتووی بەعسییەکان، نەهامەتییەکانی کوردەکانی گەیاندبووە لووتکە و ناکرێ هەموو بابەتەکان بەپێی ڕاستییە سۆبجێکتیڤ و ئابستراکتەکانەوە پێناسە و تەفسیر بکرێن. خاڵگەلێکی زۆر هەن کە لە چوارچێوەی مێژوو و جوگرافیادا ناگونجێن. هەژموونی و دەسەڵاتی کەمینە غەیرەکوردەکان لەسەر زەویوزار و پیشەسازییەکانی کەرکووکدا، هیچ کامیان پاساوێکی ئەخلاقییان نییە و تەنیا لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرکردن و سڕینەوە و بە پەڕاوێزخستن و سووکایەتیپێکردنی کوردەکان لەلایەن حکومەتێکی ناشەرعییەوە دەگونجێت.

لەلایەکی ترەوە بەپێی لێکدانەوە و لۆجیکی تورکمانەکان، ئەوان بەشێوەیەکی مێژوویی زۆرینەی

دانیشتوانی شاری کەرکووکیان پێک هێناوە و لە کارنامەی خۆیاندا هیچ جۆرە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیان دژ بەنەتەوەکانی تر پێڕۆ نەکردووە و ئەوەیشی کە سەدام حوسێن شاری کەرکووکی (تەعریب) کردووە، هیچ جۆرە پێگەیەکی تایبەتی بە بەراورد لەگەڵ تورکمانەکان بەکوردەکان نادات.

عەرەبە شیعەکانیش وەها لێکی دەدەنەوە کە یەکەم: ژمارە و ئاستی گردبوونەوەی کوردەکان لە کەرکووکدا ئەوەندە نییە کە کوردەکان بانگەشەی بۆ دەکەن و ناوچەی (بین النهرين)یش هەردەم شوێنی سەرهەڵدانی شارستانییەتییە غەیرەکوردییەکان بووە.

سەرباری ئەمانە، لۆجیکی ئەو عەرەبانەیشی کە لە چوارچێوەی سیاسەتی کۆچپێکردن لەلایەن بەعسییەکانەوە لە کەرکووکدا نیشتەجێ بوونە، ئەوەیە کە دەڵێن سیاسەتی کۆچپێکردن و گەڕاندنەوەی بەزۆری ئەو عەرەبانە بۆ شوێنەکانی خۆیان لە کەرکووک لەلایەن بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە، بەردەوامیدان و درێژەپێدانە بەسیاسەتی بەعسییەکان.

هەرچۆنێک بێ بەهەڵوەستەکردن لەسەر ئەو لۆجیکە دژ بەیەکانە دەتوانین بۆ وتەی سەرەتایی و سەرەکیی ئەو بابەتە بگەڕێینەوە کە دەڵێت ئاسایش و تەناهیی ناوچەی ستراتیجیی کەرکووک، خەسڵەت و جەوهەر و ناوەڕۆکێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو و دژواری هەیە و گرتنەبەری هەر جۆرە ڕێکارێکیش لەو بارەیەدا، خاوەن تایبەتمەندیی و ناوەڕۆکێکی ئەوتۆیە کە لەوانەیە لە ئەنجامدا لە دژی خۆیەوە بەکار بهێنرێتەوە.

## ئاسۆی داهاتووی کەرکووک

بۆ تێگەیشتن و پێشبینیکردنی داهاتووی ناوچە هەستیارەکان و بەتایبەتیش ناوچەی کەرکووک دەبێ هەڵوەستە لەسەر لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکان یاخۆ فاکتەرە یارمەتیدەر و ڕێگرەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیەوە بکەین. بە واتەیەکی تر دەبێ بەدوای وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارە بگەڕێین کە سەرچاوەکان (تواناکان) و دژوارییەکانی بەردەم لەدایکبوون و هاتنە کایەی دۆخێکی تازە چین؟ لەو بارەیەدا من پێم وایە ئەندێشەی لکاندن و پێوەستکردنی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان چەندان ڕێگر و بەربەستی لە بەردەمدایە، بەڵام لە هەمانکاتدا بیرۆکەی سڕینەوە و لادانی کوردەکان لە کەرکووک یاخۆ پێدانی ناسنامەیەکی غەیرەکوردی بەکەرکووک لەویش ئەستەمترە و دەتوانین بڵێین مەحاڵە. هێزە لایەنگرەکانی بەکوردیکردنی کەرکووک چەندان سەرچاوە و کۆڵەگەی نایابیان لە بەردەستدایە کە سەرەکیترینیان ئەوانەی خوارەوەن:

١ - بەرزبوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی هۆشیاریی نەتەوەیی کوردەکان و گۆڕانکاریی لە هەلومەرجی کوردەکان لە کەمینەیەکی پەراوێزخراوەوە بۆ کەمینەیەکی شەرعی.

٢ - ژیری و دووربینی سەرکردە کوردەکان لە عێراق و خۆدوورخستنەوەیان لەوەی کە بەشێوەیەکی کلاسیکی ببن بەداڵدەی دەستی بێگانە.

٣ – زیادبوون و گردبوونەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ژمارەی کوردەکان لە کەرکووک (لە شێوەی سەرباز و هاووڵاتی و چالاکوانی ئابووری).

٤ – پێشینە و باکگراوندی مێژوویی کوردەکان لە بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا (کە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی پێگەیاندنی کادیری پسپۆڕ و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی لە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیدا).

٥ – پێکەوەهەڵنەکردن و زیادبوونی ناکۆکییەکانی دوژمنەکانی کوردەکان لە بوار و پرۆژەکانی تردا.

٦ – گونجان و هاوتەریببوونی داخوازییەکانی کوردەکان لەگەڵ گوتاری زاڵ بەسەر شانۆی سیاسیی نێودەوڵەتیدا (وەکو مافەکانی هاووڵاتیبوون و مافەیلی کەمینەکان و ئازادیی سەرزەوینی).

٧ – بێ توانایی نەیارانی کوردەکان لە ناوەخۆی عێراقدا.

کۆی فاکتەرەکانی سەرەوە بوونەتە هۆی ئەوەی کە کوردەکان بەچاوی (ئۆرشەلیمی کوردستان)ەوە سەیری شاری کەرکووک بکەن و کەرکووک ببێ بەخاوەن پێگە و ئابڕوویەکی نێودەوڵەتی و نامادییانە بۆ کوردەکان. ئەمە لە کاتێکدایە کە عەرەبە سونەکانی بەرهەڵستکاری کوردەکان، لە پراکتیکدا بێجگە لە زوڵم و زۆر و تیرۆر و تۆقاندن هیچ ئامرازێکی تریان لە بەردەستدا نییە و شەرعییەتی ئیدیعاکانی ئەمڕۆی خۆیان لە سایەی ستەمە ناشەرعییەکانی دوێنێی خۆیانەوە دەبینن. نابێ ئەوەیشمان لە یاد بچێ کە سەرچاوەکانی سەرەوەیش کە بەسەرچاوەگەلی یارمەتیدەر دەژمێردرێن، چەندان تەنگوچەڵەمە و بەربەستێکی تریان لە بەردەمدایە وەکو گەمارۆدانی کوردەکان لەلایەن هێزگەلێکی ناهاوتەریبی ناوچەکە کە وا دەکا ئەوان بەرەو لای وڵاتەکانی دەرەوەی ناوچەکە پەلکێش بکرێن. ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی وەکو ئەمەریکا و ئیسرائیلیش بۆ بووژاندنەوە و پەرەپێدانی کوردستان دەبێ پاڵپەستۆ بۆ سەر ئەکتەرە بەرهەڵستکارە دژ بەیەکەکانی ناوچەکە بهێنن کە ئەمەیش بۆ ئەوان کارێکی گرانە. لەوانەیە بتوانین ئیسرائیل وەکو گەورەترین براوەی هاوکێشەکانی تایبەت بە باکوری عێراق دەستنیشان بکەین، بەڵام لەوەیش سەیرتر ئەوەیە کە خۆشحاڵی و قازانجی ئیسرائیل لە پەرەپێدانی کوردستان لە ئەنجامدا بە زیانی کوردەکان دەشکێتەوە. لەبەرئەوەی کە نەیاران و دوژمنەکانی کوردەکان لێکچوونێکی زۆر لە نێوان کوردەکان و سەهیونییەکان دەبینن و هەردووکیان وەک یەک کردووەتە ئامانجی هێرش و پەلامارەکانی خۆیانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سەنتەری توێژینەوە زانستی و لێکۆڵینەوە ستراتیجییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست.

Center For Scientific Research And Middle East Strategic Studies

# ناميلكەيەک بۆ ڕۆژنامەنووسان

٢–٣

لەلایەن: ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی
نەتەوە یەکگرتووەکان: ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و کولتووری

بەشی پێنجەم

## پاراستنی ڕۆژنامەنووس و
## ستافەیلی تری میدیا: بی بی سی "BBC" وەک نموونە.

زانی توندوتیژی لە دژی کارمەندەیلی میدیا پاڵی بەرێکخراوەیلی هەواڵ نا، هەوڵ بدەن تا پێیان بکرێ کارمەندانیان لە ناوچەیلی مەترسیدار بپارێزن. ئەمەش واتە دابینکردنی گوللەبەند، ئۆتۆمۆبێلی قەڵغانی و پاسەوان و سنووردارکردن یان قەدەغەکردنی گەڕان و ئەنجامدانی دیمانە تەنێ لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە. هەر بەلاڤۆکێکی میدیا ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە.

دەستەی وەشاندنی بەریتانیایی بی بی سی (BBC) لەو ڕووەوە سنووری بەزاندووە و ڕێسای توند دەگرێتە بەر بۆ پاراستنی جەستەی ستاف و پەیامنێرانی.

## ڕێنوێنیگەل بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و ستافەیلی تر: بۆ وێنە بی بی سی

بی بی سی ڕێنوێنیی تایبەتی هەیە بۆ کاری پڕ لە مەترسی. ئەم کارانە ئەمانە دەگرنەوە: ژینگەی شەڕانگێز، چالاکەیلی مەترسیدار وەک فیلمگرتنی شاراوەی گرووپەیلی مەترسیدار، ڕووماڵکردنی ڕووداوی ئەوپەڕی مەترسیدار وەک ڕووداوەیلی تیرۆریستی، کارەساتگەلی سروشتی یان پەتا. ئەوپەڕی مەترسی لە خوارەوە بەتەواوی پێناس کراوە.

........................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

## داواكارییە سەرەكییەكان

ئەوانەی كاری مەترسیدار ئەنجام دەدەن دەبێ ئەمانەی خوارەوە جێبەجێ بكەن:

– زانیاری و ئامۆژگاری لە تیمی كاری ئەوپەڕی مەترسیدار وەرگرن.

– هەڵسانگاندنی مەترسی بەنووسین تەواو بكەن و پێوەرەیلی پێویست بۆ سەلامەتی بگرنە بەر.

– دڵنیای ئەوە بكەنەوە ئەوانەی كار دەكەن لەگەڵیان دەبێ مەشقیان پێ كرا بێت و ئەزموونیان هەبێ لە كارەكەدا.

– دەبێ بزانن ئامێرگەلی سەلامەتی چییە و چۆن دێنە بەكارهێنان.

– پلانی خێرایان هەبێ لە حاڵەتی تەنگانەدا.

– دەسەڵاتی تەواویان هەبێ.

### ا– پێش دەرچوون

پێناسەی مەترسیی گەورە

مەترسیی گەورە هەموو ئەو مەترسییانە دەگرێتەوە كە زیاتر لە مردن نێزیكن یان دەبنە هۆی برینداربوونێكی سەخت كە لەمانەی خوارەوە سەرچاوە دەگرن:

ژینگەیلی شەڕانگێز: وڵاتێك، هەرێمێك یان ناوچەیەكی تایبەت كە شەڕی تێدا بێ، شەڕی دەسەڵات، ئاژاوەی مەدەنی، تیرۆریزم یان ئاستی باڵای تاوان، تاقم و دەستەی تاوانكاری، بێ یاسایی یان شێوانی سیستەمی گشتی، یان ئەو ناوچانەی كە كەشوهەوای توندڕۆیان هەیە.

چالاكەیلی مەترسیی گەورە: لێكۆڵینەوە، چاودێریی نهێنی یان وێنەگرتن یان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریست، تاوانی جیدی، گرووپی توندڕۆ یان گرووپی سیاسیی توندوتیژ.

رووداوگەلی مەترسیی گەورە: ئاژاوە، دەمارگیریی مەدەنی یان تێكچوونی سیستەمی گشتی، رووداوی تیرۆریستی یان تاوانی چەكداری وەك بارمتەگرتن یان گەمارۆدان، هەر رووداوێك كە مادەی بایۆلۆجی و كیمیایی تێدا بێتە بەكارهێنان، رووداوگەلی سەختی كەشوهەوا یان كارەساتگەلی سروشتی وەك گەردەلوول، لافاوی بێ رەحمانە، بوومەلەرزە، بوركان و... تاد، یان بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا و درم.

مافی رەتكردنەوە:

ئەنجامدانی كاری پڕ لە مەترسیی گەورە بەزۆری نییە. ستاف ئەم كارانە دەكەن بەویستی ئارەزوومەندانەی خۆیان و مافیان هەیە رەتی بكەنەوە بێ ئەوەی سزا بدرێن یان ڕووبەڕووی هەر ئەنجامێكی تر بكرێنەوە.

زانیاری و ئامۆژگاری:

ئەوانەی کاری بەمەترسیی گەورە ئەنجام دەدەن دەبێ پێش هەموو شتێک زانیاری و ئامۆژگاری لە تیمی مەترسیی گەورە وەرگرن. ئەم تیمە خشتەی شوێنە شەڕانگێزەکان و ئامۆژگاریی گەشتی هەیە کە سەر بە تۆڕی HSSە و لەگەڵ نووسینگە هەرێمییەکان ئەو ئامۆژگارییانە تازە دەکەنەوە. دەبێ چەند ڕێنوێنییەک بێنە جێبەجێکردن بۆ ئەو وڵاتانەی لە لیستی "ژینگەی شەڕانگێز"دان. ئەو ڕێنوێنییانە لەو شوێنانە نایەنە جێبەجێکردن کە لە لیستی "ئامۆژگاریی گەشت"دان، بەڵام ئەوانەی شارەزاییان لەبارەی ئەو شوێنانەوە نییە دەبێ پێوەندی بکەن بە تیمی مەترسیی گەورە بۆ ئامۆژگاری.

تیمی مەترسیی گەورە یارمەتیی پرۆسەی خەمڵاندنی مەترسی دەدات و ئامۆژگاری دەکات لەبارەی چۆنیەتیی کەمکردنەوەی مەترسیگەل:

- پێشنیازی ڕێگەی کارکردن دەکات.
- پێوەرەیلی تیمی تەناهی و تاکەکەس ئامادە دەکات.
- دابینکردنی ئامێری پاراستن و ترۆما و هاوکاریی سەرەتایی.
- پێوەرەیلی تەندروستی.
- گەیاندنی سەلامەتی.
- پلانی دەسبەجێ.

خەمڵاندنی مەترسی و وردەکاریی کار:

تا بلوێ، هەموو کارێکی بەمەترسیی گەورە دەبێ خەمڵاندنێکی تایبەتی بۆ بکرێ. خەمڵاندنی گشتیی مەترسیی گەورە دێتە ئەنجامدان بەهۆی ناردنی تیمێک بۆ شوێنەکە تا بزانن تا چەند بارودۆخەیل هاتوونەتە گۆڕان. بەڵام عادەتەن خەمڵاندنێکی تایبەت هەر دێتە ئەنجامدان. ئەگەر گومان هەبوو لە شوێنێک، ئەوا تیمەکە ئامۆژگاری پێشکێش دەکات.

لەسەر ئەستۆی بەرهەمهێنەری کار یان ستافێکی باڵای تیمەکەیە کە دڵنیای ئەوە بکاتەوە خەمڵاندنەکە تەواو کراوە.

خەمڵاندنی مەترسی دەبێ هەموو ئەو مەترسییانەی تێدا بێ کە دێنە پێش و هەروەها هەموو پێوەرێکی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکان پێشکێش بکات لەگەڵ وردەکاریی مەترسییەکان بدرێت ئەوانەی کە ڕووبەڕووی مەترسییەکان دەبنەوە.

خەمڵاندنەکە دەبێ تەواوی وردەکارییەکانی تێدا بێ بەوانەی خوارەوەش:

- وردەکاریی ئەو کەسانەی کە لە کارەکەدان (گرووپی خوێن و پێوەندییەکانیان)

– سیستەمی گەیاندن و ژمارەی پێوەندیی تەنگانەی ٢٤ی سەعاتی لە مەیدانەکە لەگەڵ خشتەی پێوەندییەکان.

– ئامێری پاراستن وەک (گوللەبەند و کڵاوئاسن و... تاد.)

– ئامێرەیلی پزیشکی وەک (کەلوپەلی ترۆما، جانتای هاوکاریی سەرەتایی و دەرزی و کەرەستەکانی تر).

– دڵنیاکردنەوەی ئەوەی ئەوانەی لە کارەکەدان مەشقی تەواویان وەرگرتبێ.

– دڵنیاکردنەوەی ئەوەی ئەوانەی لە کارەکەدان کوتانی پێویستیان بۆ کرابێ و دەرمانی تەواویان پێ بێ.

– پلانی دەسبەجێ لەگەڵ کەلوپەلی پزیشکی بۆ حاڵەتی تەنگانە، بزربوون، بزرکردنی پێوەندییەکان و یان ئەگەر گیران یان ڕفێنران.

## پاڵەپەستۆی ترۆمایی:

خەمڵاندنی مەترسی و ڕێنوێنییەکان بۆ مەترسیی گەورە دەبێ بەگوێرەی کاریگەریی دەروونی و سۆزەکییەوە بێنە ئەنجامدان. نابێ ئەوە لە بیر بکرێ کە ڕەنگە تەنێ ستاف لە مەیدانەکەدا نەبێ بگرە ئەوانەشی کە نووسیارن یان کەلوپەلەکان هەڵدەگرن. سەیری ڕێنوێنیی جودا بکە لەبارەی پاڵەپەستۆی ترۆمایی.

## ڕاهێنان:

تا بلوێ، تاکەکەسەیل دەبێ لە ژینگەیلی شەڕانگێزدا کار بکەن و دەبێ خولی ڕاهێنانی هاوکاریی سەرەتایی و ژینگەی شەڕانگێزی وەربگرن. خولەکە برێتییە لە شەش ڕۆژ بۆ ئاشناکردنی ستاف بەپێوەرەیلی سەلامەتی و تەناهی لە حاڵەتی مەترسیداردا. خولەکە ئاستێکی باشی هاوکاریی سەرەتایی لە حاڵەتی تەنگانە پێشکێش دەکات.

ئەوانەی ئەو داواکارییە نایانگرێتەوە دەبێ ئەوە بیسەلمێنن کە ئەزموونیان هەیە و هاتوونەتە هەڵسەنگاندن لەلایەن سەرۆکی تیمی مەترسیی گەورەوە. دەبێ بیسەلمێنن ئەو تیمە پێشتر ئەوانی ڕاهێناوە بۆ ناوچەی مەترسیدار ئەوجا ئەو خولەی سەرەوە بۆ ئەوان پێویست ناکات.

لە هەندێ حاڵەتدا ڕەنگە پێویستیان بەهەندێ ڕاهێنانی زیادە هەبێ وەک:

– هۆشداری لەبارەی چۆنیەتیی خۆپاراستن لە مادەیلی کیمیایی، بایۆلۆجی و رادیۆلۆجی

– ئاژاوەی مەدەنی یان کارکردن لە قەرەباڵغیدا.

– خولی هاژۆتنی ئۆتۆمۆبێلی قەڵغان.

– خول لەبارەی ژینگەی شەڕانگێز بۆ کەمکردنەوەی مەترسی لە ناوچەیلی تایبەت.

چالاکـــەیلی مەترســـــیی گەورە: ئەوانـــەی ئەو چالاکەیلە ئەنجام دەدەن، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە و فـیلمگرتنی نهـێنی، دەبێ خـولـــێکی ئامـادەکــــاریی تایبــەت وەرگـرن یان دەبێ ئەزمــوونی تایبـەتیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن کارەکە بەسەلامـەتی بکەن. هەندێ چالاکەیلی مەترسیی گەورە هەیە رەنگە پێـویسـتیـان بەخـولی تر هەبێ وەک HEFTA یانیش ئەو خـولانەی لە سـەرەوە باس کراون.

رووداوەیلی مـەترسیی گەورە: داواکاری بۆ ئەم خـولە دەوەستێتە سـەر بڕیاری تیمی مـەترسیی گەورە لەسەر بنەمای حاڵەتگەل و بەڕاوێژکاری ئیدارەی باڵا. هەر خولێک پێویست بکات ئەوا دەبێ لەگەڵ ئەوانەی سەرەوە بێتە تێکەڵکردن. هەر کەس دەبێ خول وەربگرێ مەگەر ئەزموونی پێشینەی بیسەلمێنێ کە پێویستی پێی نییە یان ئەگەر پێشتر مەشقی پێ کرابێ.

راهێنانی تـازەکـردنەوە: ئەم خــولە دەبێ هەرسـێ ســاڵ جـارێک بـۆ هەمــوو ئـەوانەی ســەرەوە بکرێتەوە.

## ب- لە کاتی ئەرکەکەدا

لە مەیدانی کار

کەسی بەرپرس:

هەر تیمـێک بەرپرسـێکی هەیە، عـادەتەن گـەورەترینیـان (بـۆ نموونە گـەورەترین بەرهـەمــهێنەر). بەرپرسیارەتییەکانی ئەو بەرپرسە لە مەیدانی کاردا ئەمانەن:

- لە ئەستۆگرتنی بەرپرسیارەتی بۆ بڕیاردانی سەلامەتی لە کاتی خۆیدا
- پێوەندی دەکا بەراوێژکاری سەلامەتیی مەیدانی کار، ئەگەر هەبوو.
- دڵنیای ئەوە دەکاتەوە کە کاربەدەستە لۆکالەکانی تیمەکە دەتوانن کارەکە بکەن
- بەڕێوەبردنی پرسەکانی تیم: گونجاندن و کۆکبوونی گشتی
- دابینکردن و بەکارهێنانی ئامێر و ئامێرەیلی سەلامەتیی کارمەندان
- دڵنیای ئەوە دەکاتەوە کە ئۆتۆمۆبێل و ئامێرەیل بەباشی و سەلامەتی دێنە بەکارهێنان
- پێوەندی دەکا بە گەورەبەڕێوەبەر و تیمی مەترسیی گەورە.

راوێژکاری سەلامەتی:

کەسێکە رەوانە دەکرێ بۆ هاوکاریکردنی ستاف لە ژینگەی شەڕەنگێزی و کاری پڕ لە مەترسی. بەرپرسیارەتیی راوێژکارەکە ئەوەیە ئامـۆژگـاری پێشکێش بکا و هاوئاهەنگی بکات بۆ پاراستنی ئەوانـەی لەگـەڵ بـی بی سـیـدا کــار دەکـەن لە مــەیدانی کــاردا. بەڵام، بەرپرســیــارەتیی رەهـا بۆ

سەلامەتی و تەناهی هەر لە ئەستۆی بەرپرسەکەیە.

راوێژکارانی سەلامەتی بریتین لە ئەندامی تیمی مەترسیی گەورە یان بەڵێندەری دەرەکین. بەرپرسیارەتییان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

– ئامۆژگاریکردنی ستاف بۆ سەلامەتی و پرسەیلی تەناهی لە مەیدانی کاردا.

– هاوئاهەنگی لەگەڵ بەرپرسی تیم بۆ پرسەیلی سەلامەتی و تەناهی.

– پێدانی زانیاری بەستاف لەبارەی پرسەیلی سەلامەتی.

– بەردەوام دابینکردنی ئامێرەیلی سەلامەتی لە مەیدانی کاردا.

– دەستنیشانکردنی بەڵێندەری لۆکال شارەزا بۆ سەلامەتی و تەناه.ی

– راگەیاندنی رێنوێنییەکان.

کارمەندەیل:

تەواوی ستافی بی بی سی، یان ئەوانەی کە بۆ بی بی سی کار دەکەن:

– رێنوێنییەکانی سەلامەتی و هەلومەرجی رێکخستنەیل دەزانن.

– پێش ئەوەی دەربچن بەشداری لە خولەکاندا دەکەن.

– کار لەگەڵ بەڕێوەبەر و کۆنترۆل دەکەن لە مەیدانی کاردا.

– زانیاریی کەسانی و پزیشکی بەوردی دەدەن (وەک گرووپی خوێن و... تاد).

– ئەگەر داوایان لێ کرا ئۆتۆمۆبێل بئاژۆن، دەبێ مۆڵەتی شوفێرییان هەبێ و شارەزا بن لە هاژۆتن

– ڕاپۆرت بدەن لەبارەی کارەکەیانەوە ئەگەر داوایان لێ کرا

– فریلانسەکان دڵنیای ئەوە دەکەنەوە کە گرێبەستیان ئیمزا کردووە (داواکاریی دڵنیایی).

تیمی مەترسیی گەورە (ORM)

ژینگەیلی شەڕانگێز، چالاکەیلی پڕ بەمەترسی و رووداوەیل دیاری دەکەن (بەهاوئاهەنگی لەگەڵ خزمەتگوزاریی هەواڵ، نووسیارەیلی هەرێمی، کۆنترۆڵی نووسیاری) و زانیاری لە گەیتوێیی بلاو دەکەنەوە.

زانیاریی تازە دەدەن بە بەرهەمهێنەران/نووسیارەیل کە رەنگە کار بکاتە سەر خەمڵاندنی مەترسی و کارەکەیان.

زانیاری و ئامۆژگاری تایبەت دەدەن بە ستاف و بەڕێوەبەران، وەک سەلامەتیی کەسانی، بۆ وێنە:

– لەبارەی سیستەمیی گەیاندنەوە. (وەک تەلەفۆنی سەتەلایت)

- لەبارەی ئامێرەیلی پێویستەوە.
- لەبارەی تەواوی پلانی حاڵەتگەلی تەنگانەوە.

ئامۆژگاریی بەڕێوەبەرە سەرەکییەکان دەکەن لەبارەی هاوئاهەنگی و روونکردنەوەوە.

بەردەوام ئامێرەیلی سەلامەتی دابین دەکەن لە ڕێگەی کۆگاگەلی سەلامەتیی بی بی سی.

پێداچوونەوەی ئەرک و خەملاندنی مەترسی:

چاودێریکردن و ئامۆژگاریکردن لەبارەی ژینگەی شەڕانگێزی و خولی سەلامەتیی مەترسیی گەورە

ئامۆژگاریی ئەوەی کەی ڕاوێژکارێکی سەلامەتی پێویستە و راسپاردن و پێشنیازکردنی تاکەکەس/کۆمپانیای گونجاو.

ئامۆژگاری بۆ پاڵەپەستۆی ترۆمایی و پێشنیازکردنی خولی گونجاو بۆ بەڕێوەبەران و تاکەکەس.

کارکردن لەگەڵ یاسای بی بی سی بۆ دامەزراندنی لیستێکی تایبەتی کۆمپانیاکان و راوێژکارانی سەلامەتی. ئەمە پرۆسەی کەفالەتی کۆمپانیا و تاکەکەسیش دەگرێتەوە بەهۆی سەرنجێکی کورت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان.

ئەوە دەپشکنێت کە بەرهەمهێنەران رەزامەندیی نووسیاریان وەرگرتووە یان نا.

زانیاری:

زانیاری لەبارەی کاری بەمەترسیی گەورە لەسەر شوێنی ORM دابین دەکرێ. هەمان زانیاریی هەیە لە ڕێگەی ENPS فۆلدەری سەلامەتیی کۆکردنەوەی هەواڵ).

بۆ ئەوانەی لە مەیدانەکەدا کار دەکەن، دەبێ بەڕێوەبەران درێخی نەکەن لە دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە تاکەکەسەیل خۆیان ئاشنا کردووە بەو زانیارییانە.

تاکەکەسەیل دەبێ بگەڕێن بەدوای زانیاریی باکگراوندی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، سەربازی و... تاد) لەبارەی ئەو ناوچە یان وڵاتەی کە کارەکەی لێ ئەنجام دەدەن. سەرچاوەی بەسوود برێتین لە پەیامنێرانی بی بی سی، سەرچاوەگەلی هەواڵ و خزمەتگوزاریی زمان لە بەشی خزمەتگوزاریی دنیا بی بی سی، هەروەها پسپۆڕانی دەرەکی. دەکرێ ئەمە ئاسان بکرێ بۆ ژینگەیلی شەڕانگێز لە ڕێگەی تیمی مەترسیی گەورە.

هاژۆتن:

ئەوانەی ئۆتۆمۆبێل داژۆن دەبێ مۆڵەتی شوفێرییان هەبێ و ئەزموونی هاژۆتنیان هەبێ.

ئەوانەی ئۆتۆمۆبێلی قەڵغانی داژۆن دەبێ ڕێنوێنی لە تیمی مەترسیی گەورە وەرگرن، ئەگەر ئەوەش نەلوا، ئەوا دەبێ لە یەکێکی بەئەزموون بپرسن.

فریلانس و ستافی لۆکال:

ئەو مەرجانەی لەم نامیلکەیەدا باس کراون هەموو ستافی بی بی سی دەگرێتەوە، جا ئەوانەی بەگرێبەستی بەردەوام کار دەکەن (لە بەریتانیا بن یان لە مەیدانی کار) لەگەڵ هەموو ئەوانەی بەگرێبەست لەگەڵ بی بی سی کار دەکەن، لەگەڵ هەموو ئەو فریلانسانەی کە کاریان پێ دەسپێرێ لە شوێنەیلی مەترسیدار لە بەریتانیا یان شوێنەیلی تر.

فریلانسەکان (پەیامنێر، ئەوەی بەپارچە کار دەکات، ستاف، وەرگێر، شوفێر و... تاد) خەڵکی شوێنێکی مەترسیدار بن، یان لێی دانیشن یان پێشتر کاریان تێدا کردبێ، ئەوانە ئەزموونی باشیان هەیە لە دابینکردنی سەلامەتی لەو ناوچەیەدا. ئەزموون واتە هەلومەرجی شوێنەکە دەزانن، پێشتر کاریان لەو شوێنە کردووە، یان شوێنە مەترسیدارەکان پێ دەزانن، یان خزمەتگوزاریی سەربازییان لەو شوێنەدا هەبووە.

هەرکە ئەو جۆرە فریلانسە کاری پێ سپێردرا، دەبێ هەڵبەسەنگێنرێ ئاخۆ گونجاوە بۆ کارەکە یان نا. هەڵسەنگاندن لەسەر حیسێبی ئەزموون، زانیاری و بەکارهێنانی ئامێرەوەیە. دەبێ لەلایەن ئەندامێکی باڵای تیمی (بی بی سی)یەوە ئەنجام بدرێ لە مەیدانی کاردا.

هەڵسەنگاندنەکە دەبێ ئەوە دیار بخات ئاخۆ پێویستی بەڕاهێنان هەیە یان نا. ئەوانەی لەگەڵ بی بی سی کار دەکەن دەبێ ڕاهێنانی تەواو وەرگرن، زانیاری و ڕێنوێنییان پێ بدرێ، جا چ لە بەریتانیا یان شوێنی ترەوە بن. خولی ژینگەی شەڕانگێز، لە هەر شوێنێک لوا، دەبێ بەو ستافە بدرێ کە ٥٠٪ کاتی بۆ (بی بی س)یە.

ئەگەر کاری (بی بی سی) پێ ڕاسپێردرا، دەبێ ئەو کەسە ئاگەدار بکرێتەوە لە سیستەمی سەلامەتیی بی بی سی و دەبێ ئامێری پاراستنی پێ بدرێ ئەگەر پێویستی کرد.

بی بی سی گوژمەیەکی دابین کردووە بۆ فریلانس بۆ بەشداریکردن لە خولی ژینگەی شەڕانگێز. گوژمەکە لەلایەن بی بی سی و ڕێکخراوەیلی وەشانکاری تر دێتە سەرپەرشتیکردن و لەلایەن ڕۆی پیک ترەست دێتە بەڕێوەبردن. ترەست دەتوانێ سیستەمی دڵنیایی ئاسان بکا بۆ ئەوانەی بەشداری دەکەن لە خولی ژینگەی شەڕانگێزی.

هاریکاریی پزیشکی و پەروەردە:

هەبوون و جۆری دەرمانی پزیشکی و شوێن و ناوەندی بەجێهێشتنی ناوچەیەک دەبێ پێش دەرچوون دیاری بکرێن و لە خەملاندنی مەترسیدا ڕەچاو بکرێن. ئەگەر شوێنەیل باش نەبوون، دەبێ ڕێکخستنی تایبەتی بۆ ئەنجام بدرێ.

هەمـوو ئەوانـەی ڕەوانەی ئەودیو زەریاکـان دەکـرێن دەبێ کـارتی پزیشکی AXA PPP یان پێ بدرێ بۆ حاڵەتی تەنگانە یان ژمارەی تەلەفۆنێک کە ٢٤ سەعات لە کار دابێ.

بەرپرسیـارەتیی نووسیار و بەرهەمـهێنەرە دڵنیای ئەوە بکەنەوە کە هەموو ئەو ستافەی ڕەوانەی ئەودیو زەریاکـان دەکرێن ڕێنوێنیی پێ بدرێ لەبارەی چۆنیـەتیی ڕاپۆرتدانی بریندار و ڕووداوگەل. وردەکـاریی ئەمـە دەبێ لەسـەر کـارتەکە بێ. وێڕای پێوەندیکردن بە AXA، نووسـیـاران و تیـمی مەترسیی گەورە دەبێ ئاگەدار بکرێنەوە لە هەر ڕووداو و برینداریێک.

هەر زانیارییەکی پزیشکی هەبێ دەبێ بۆ تیمی مەترسیی گەورە و عیادەی گەڕۆک ڕەوان بکرێن بە خێراترین ڕێگە بۆ ئەوەی تیمی خەمڵاندنی مەترسی تازەترین زانیاریی هەبێ.

گرتن/ ڕفاندن:

نووسیـاران و بەرهەمـهێنەران دەبێ دڵنیـای ئەوە بکەنـەوە کە پلانی دەسـبـەجێ هەبێ بۆ حـاڵەتی گرتن یان ڕفـاندن. دەبێ هەمـوو ڕێنوێنیێک بـەزمانێک پێشکێشی سـتاف بکرێ کە تێی بگەن. لە هـەر شوێنێک بلوێ، ستاف دەبێ فۆرمی ڕفـاندن پڕ بکەنەوە (کە وردەکاریی وەک سەلماندنی ژیان و پرسیار لەبارەی هەڕەشـەکانی تێدا بێ و... تاد.)

لە حـاڵەتی گرتن یان ڕفـاندنی پەیامنێرێک، تیـمی مـەترسـیی گـەورە و کۆکردنەوەی هـەواڵ دەبێ ئاگەدار بکرێنەوە. ئەوان ڕێنوێنی بەوردی دابین دەکەن بۆ وەڵامدانەوەی گرتن یان ڕفـاندن.

## ت- دوای ئەرکەکە

ڕاپۆرتی دوای ئەرکەکە:

لە دەوروبـەری تـەواوکـردنی کـاری بەمـەترسی، سـەرۆکـەیلـی تیم یان ڕاوێژکـارانـی سـەلامـەتیی مـەیدانی دەبێ ڕاپۆرتێکی کورت بنووسن لەبارەی ئەرک و کـارەکەوە، ئەزمـوون، زانیـاریی نوێ و ئامـۆژگـاری کە هـەمـوو ئەمـانە یارمـەتیی کـاری داهـاتوو دەدەن. تیـمی مـەترسـیی گـەورە دەبێ ئەو زانیـارییـانـە وەرگرێت و بەسـەر سـتـافدا دابەشـیـان بکات. زانیـاریی سـەرەکی بەکـار دەهێنرێ بۆ تازەکردنەوەی لیسـتی ژینگەیلی شـەڕانگێز لـەسـەر گـیـتـوێی و ENPS (بۆ هەواڵ). بەڕێوەبەران دەبێ کارەکە لەگەڵ ستاف باس بکەن و هەروەها لەگەڵ ئەوانەش کە لە شوێنی بەمەترسیدا دەژین.

ڕێنوێنیی نووسـیـنی ڕاپۆرتی ڕووداو دەبێ بێـتـە بەکارهـێنان بۆ نووسـیـنی ڕووداوەکـان. ئەمـە یارمـەتیی خـەمڵاندنی مـەترسیی کاری داهاتوو دەدات و دەبێتـە هۆکاری پێداچوونەوەی ڕێنوێنیی سـەلامـەتی. سـتـاف دەبێ پێـوەندی بکەن بە بـەڕێوەبەر یان ڕاوێژکـاری باڵای سـەلامـەتی. هەندێ ڕاپۆرت و قسە هەر بەنهێنی دەمێننەوە.

کاتێ یەکێک بەحاڵەتگەلی بەپاڵەپەستۆ یان ترۆمـاییدا تێپەڕ دەبێ لە کاتی کاردا، بی بی سی

پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەو کەسە خێرا دوای کارەکە هەموو شتێک بە تیمی کار بڵێ. هەرچی ئەو کەسە دەیڵێ دەبێ رەچاو بکرێ و دەبێ ئامۆژگاری داوا بکرێ لە عیادەی گەرۆک. ستاف دەتوانن پێوەندی بە BUPA و PECیشەوە بکەن، ئەگەر ویستیان بەنهێنی قسە بۆ یەکێک لە راوێژکارەکان بکەن.

کاتێ یەکێک نەخۆش دەبێ لە کاتی کارەکەیدا و دەرمان وەردەگرێ، دەبێ فۆرمی گەشتەوەری و عیادەی گەرۆک پڕ بکەنەوە. رێکخستنی پەیامنێری جێبەجێ دەکرێ بەزمانێکی تێگەیشتراو لە بەریتانیا یان ئەودیو زەریاکان بۆ ستافی لۆکاڵ.

ئەمەی خوارەوە ئەو فۆرمەیە کە رۆژنامەنووسەیلی بی بی سی دەبێ پڕی بکەنەوە پێش ئەوەی بچنە ناوچەیلی مەترسیدار.

| فۆرمی خەمڵاندنی مەترسی لەودیو زەریاکان و کورتەی کار |
| --- |

| تێبینییەکان بۆ شیکردنەوە |
| --- |
| ١- مەگەر خەمڵاندنێکی تر هەبێ، ئەگینا ئەم فۆرمە دەبێ پڕ بکرێتەوە پێش هەر دەرچوونێک بۆ ژینگەیلی شەڕانگێز یان پێش وەرگرتنی چالاکەیلی مەترسیی گەورە یان بەشداریکردن لە رووداوەیلی مەترسیی گەورە کە لە رێبەری مەترسیی گەورە لە بی بی سی هاتوونەتە ناساندن. دەبێ بەراوێژی لەگەڵ تیمی مەترسیی گەورە پڕ بکرێتەوە.<br>٢- ئەم فۆرمە هەموو کارمەندانی بی بی سی و ئەو بەڵێندەر و کۆمپانیانەش کە لەگەڵیدا کار دەکەن لە ناوچەیلی بەمەترسی. کۆمپانیایەلی سەربەخۆ دەبێ پابەند بن بەرێبەری بی بی سی بۆ مەترسیی گەورە.<br>٣- وێڕای ئەمەش، دانەرانی بەرنامە رەنگە پێویست بکات فۆرمێک پڕ بکەنەوە بۆ بەرنامەی سەلامەتی و تەندروستی ئەگەر بەرنامەکە مەترسیی تێدا بوو و لێرە باس نەکرابێ.<br>تێبینی: تیمی مەترسیی گەورە ئاگەدار بکەوە و بزانە خەمڵاندنێکی مەترسیی گشتی بۆ چالاکیی تۆ پێشتر ئامادە نەکراوە. |

| ئەم فۆرمە لە سێ بەش پێک دێ و هەمووی دەبێ پڕ بکرێتەوە |
| --- |
| ١- پوختەی کار.<br>تکایە کاری لۆجیستی دەرچوون تۆمار بکە بەتەواوی پێوەندییەکانەوە. |

٢- خەملاندنی مەترسی

پێش دەرچوون، مەترسی و هەڕەشە دەبێ رەچاو بکرێن و بێنە خەملاندن، چ ئاگەدارییەک و کۆنترۆڵێک دابنرێ. لەگەڵ هەر خولێک کە پێویست بکات بێتە تەواوکردن.

٣- رێپێدان

کاری بەمەترسیی گەورە دەبێ رەزامەندیی بۆ بێتە وەرگرتن لەلایەن بەڕێوەبەرەوە کە هاتووەتە ناساندن لە رێبەری مەترسیی گەورە و بەراوێژی لەگەڵ تیمی مەترسیی گەورە. ئیمەیلێک، کە تۆماری رەزامەندی و فۆرمەکەی تێدابێ، دەبێ بێتە ناردن بۆ تیمی مەترسیی گەورە.

فۆرمی خەملاندنی مەترسی لەودیو زەریاکان و کورتەی کار

١- فۆرمی پوختەی کار

ناونیشانی بەرنامە/پرۆژە

بەشی بەرپرسیار

پوختەی بەرنامە/پرۆژە

مێژووی بەرنامە/پرۆژە

خشتەی کار

ئەگەر پێشتر خشتەی بەرهەمهێن هەیە، کۆپی پەیستی بکە بۆ نێو ئەم خانەیە لە کۆتاییی فایلەکە یان فەرموو ئەمانەی خوارەوە پڕ بکەوە:

وڵات

مێژوو (چوونە ناو و هاتنە دەرەوە)

وردەکاریی فڕین

گەشتەکانی ناو وڵات (مێژوو و چۆنیەتی گەشت).

حەوانەوە (لەگەڵ ژمارەی پێوەندییەکان).

وردەکاریی کەسانی تیمەکە

ناو

ستاف

| |
|---|
| نەتەوە (لەگەڵ ژمارەی پاسپۆرت/شوێن و مێژووی بەسەرچوونی)<br>گرووپی خوێن (ئەگەر دەزانی)<br>خولی ژینگەیلی شەڕانگێز (مێژوو) |

| پێوەندییەکان |
|---|

| |
|---|
| تەواوی ئەندامانی تیمەکە (مۆبایل و سەتەلایتە تەلەفۆن)<br>پێوەندیی فیکسەر (٢٤ سەعاتی).<br>پێوەندییەکانی تر لە وڵات.<br>تیمی بەرهەمهێنانی و پێوەندیی حاڵەتی تەنگانە.<br>لە بیرت نەچێ ژمارەی پێوەندیی ستافی لۆکاڵیش بنووسە. |

| ٢- خەملاندنی مەترسی |
|---|

| |
|---|
| پێوەندیت بەتیمی مەترسیی گەورە کردووە ---- ناوی کەسەکە: مێژووی پێوەندییەکە<br>پێوەندیت بە راوێژکاری تەندروستی و سەلامەتی کردووە----- ناوی کەسەکە: مێژووی پێوەندییەکە<br>پێوەندیت بە بنکەی تەندروستییەوە کردووە----- ناوی کەسەکە: مێژووی پێوەندییەکە<br>چ ئامێرێک دەبەی (ئامێری هاوکاریی سەرتایی و... تاد)<br>نووسینگەی لۆکاڵت لەوێ ئاگەدار کردووەتەوە |

| مەترسییەکان لەبارەی ئەمانەی خوارەوە بنووس و چییان بۆ کراوە |
|---|

| |
|---|
| تەندروستی/نەخۆشیی لۆکاڵ<br>کارەساتی سروشتی-لافاو، زەویلەرزە<br>خۆراک، ئاو، کارەبا<br>گەشت، ئۆتۆمۆبێل، هەلیکۆپتەر<br>ژێرخانی لۆکاڵ<br>تەناهیی کەسانی، قەرەباڵخی، ئاژاوە |

| |
|---|
| بۆمب، گولله، هاوەن، مین<br>رفاندن، پاسەوانی چەکدار، مەترسیی تر |

| |
|---|
| پلانی دەسبەجێ بەجێهێشتن<br>تکایە هەموو پلانێک بۆ حاڵەتی تەنگانە بەوردی بنووسە، پلانی بەجێهێشتن و قەڵاچۆکردنی رەوشی پزیشکی و رێنوێنیی تەلەفۆن و کەی وەڵام دەدرێتەوە و... تاد: |

| |
|---|
| کۆمێنتی تر: |

| |
|---|
| ٣- رەزامەندیی ئیدارە |

| | | |
|---|---|---|
| دیاریکردنی مەترسییەکان و کۆنترۆڵکردنیان پێویستە: | | |
| بەڕێوەبەری رازیبوو | مێژووی رازیبوون | پێوەندییەکان |

## بەشی شەشەم

### هاوکاریی سەرەتایی بۆ برینداران

ئامانج لەو رێبەرە تەناهییانەی لە سەرەتای ئەم نامیلکەیەدا هاتوون، کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانەیە رووبەڕووی رۆژنامەنووسەیل دەبنەوە. بەڵام هەرچەندی ئەو رێبەرانە تەواو بێنە جێبەجێکردن، رووداو و برینداربوون لەوانەیە هەر روو بدات. بۆیە لەم بەشەدا باسی رێنوێنییەکانی هاوکاریی سەرەتایی دەکەین کە پێویستە بێنە بەکارهێنان هەتا یارمەتیی پزیشکی پسپۆڕ دەگات. ئەوانەی باسیان دەکەین هەرگیز نابنە خولێک لەبارەی هاوکاریی سەرەتایی. زانیارییەکان لێرە وەرگیراون لە نامیلکەی هاوکاریی سەرەتایی کە لەلایەن سەنتەری خەمڵاندنی مەترسییەوە هاتووەتە وەشاندن.

بەچەند بنەما و رێنوێنییەکی بنەڕەتی دەست پێ دەکەین، وەک تەکنیکەیلی بەهۆشخۆهێنانەوە و شێلانی دڵ، دواتر چەند نموونەیەکی کردەنی دەهێنینەوە بۆ ئەو حاڵەتانەی لەوانەیە روو بدەن.

### بنەما بنەڕەتییەکان

**دەبێ چی بزانی پێش ئەوەی هەوڵی هاوکاریی سەرەتایی بدەی.**

ئەوانەی هاوکاریی سەرەتایی دابین دەکەن لەوانەیە تووشی ترۆما بن، بەتایبەتی ئەگەر برینەکە

سەخت بێ، یان نەخۆشەکە بەهۆش خۆی نەیەتەوە، یان ئەگەر بریندارەکە منداڵ بێ، یان چەند بریندارێک هەبێ لە یەک کاتدا. کەسانی نەخۆش یان بریندار پێویستییان بە سۆز هەیە بەقەد چاودێریی جەستەیی. لێزانیت لە پێدانی هاوکاریی سەرەتایی چانسی مانی بریندارەکە زیاتر دەکا. بریندارەکە لەوانەیە برادەر یان یەکێکی بێگانە بێ، بەڵام هەریەکێ لەوانەیە لە هەر کات و شوێنێکدا پێویستی بەهاوکاریی سەرەتایی هەبێ. بۆ ئەوەی ببیتە هاوکارێکی سەرەتایی، دەبێ خۆت لەوە بپارێزی خۆت نەچیتە ئەو دۆخەی پێویستت بەهاوکاریی سەرەتایی هەبێ.

گرینگە دڵی نەخۆشان بدەیەوە، پێیان بڵێ کە ئاگات لێیان دەبێ تا دوودڵییان کەم بکەیتەوە. تەنانەت ئەگەر بریندارەکە وەڵامیشی نەبێ یان دڵی لە لێدان کەوتبێ، لەوانەیە گوێیان لێ بێت یان بزانن چی روو دەدا لە دەوروبەریان.

*** لە شوێنی رووداوەکە**

هەرکە لە رووداوەکە نێزیک دەبییەوە، خۆت بپارێزە لە هەڵسەنگاندنی دیمەنەکە. تەماشای مەترسیی تر بکە وەک ئاگر، کەمیی ئۆکسجین، پێچوپەنا، کارەبا، مادەی کیمیایی، ترافیک و مەتریی ئاو. ئاگەداربە لەوانەیە بریندارەکە تووشی نەخۆشی بووبێ وەک هیپاتیتیس یان ئایدز. دەتوانی مەترسییی لەسەر خۆت کەم بکەیتەوە بەهۆی دەستەوانە و بەکارهێنانی شتێک کە لەشت کۆنتاکی نەبێ بە لەشی بریندارەکە. کورتکراوەی SETUP وەک بیرخەرەوەیەک وایە دەبێ رەچاو بکرێ بۆ ئەوەی زۆرترین هاوکاری بدەی بەکەسانی بریندار لە رووداوەیلدا.

**وەستان**

١- هەناسە وەرگرە

٢- بیر بکەوە "خەملاندنی بەرایی"

٣- بیر بکەوە "میکانیزمی برینداربوون"

**ژینگە**

رەچاوی تەلبەندەکان بکە

**ترافیک**

١- شوێنی ئۆتۆمۆبێلەکە.

٢- هەوڵی سەلامەت.

٣- هۆشیاربوون.

**مەترسیی نەزانراو**

١- رەچاوی تەلبەندەکان بکە.

٢- گاز، مادەی کیمیایی، کارەبا، ئاگر، رووخان، تەقینەوە، تیشکدانەوە، کەمیی ئۆکسجین.

**پاراستنی خۆت و نەخۆشەکە.**

١- بەربەست بەکار بێنە.

٢- مەهێڵە زیانی زیاتر پێ بگات.

٣- وا دابنێ هەموو نەخۆشەکان تووشی ئایدز بوونە، یان هەر نەخۆشییەکی تر لە ڕێگەی خوینەوە.

٤- بەربەست بەکار بێنە وەک دەستەوانە، قەلغانی چاو و دەمامک ئەگەر هەبوو.

٥- کۆنتاکی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ مەکە لەگەڵ پێستی نەخۆش یان خوێنی.

٦- دەست لە دەرزی، شووشەی شکاو یان هەر شتێکی تر تیژ مەدە.

٧- یەکسەر دەستەکانت و هەر شوێنێکی ترت کە لە گۆڕێ بێت بشۆ.

٨- هەموو زبڵ و خاشاکێک فڕێ دە.

**داواکردنی ئەولەوییاتەکانی هاوکاریی سەرەتایی.**

پێناسەی ئاستەیلی وەڵامدانەوە (هۆشیار).

* وەڵام دەداتەوە (هۆشی لە خۆیە).

- وەڵام دەداتەوە بەڕێگەیلی مانادار.

* وەڵام ناداتەوە (هۆشی لە خۆی نییە).

- وەڵام ناداتەوە بەڕێگەیلی مانادار.

- لەوانەیە هەناسەی وەستابێ یان لەوانەیە دڵی لە لێدان کەوتبێ.

ئاستی وەڵامدانەوە ئاماژەیە بەرژدبوونی حاڵەتی نەخۆشەکە. هەرکە ئاستی ئۆکسجین کەم دەبێتەوە، توانای وەڵامدانەوەش کەم دەبێ. چاودێریی گۆڕان بکە لە ئاستی وەڵامدانەوە کاتێ ئاگات، چاوت لەسەر نەخۆشەکەیە. بەگواستنەوەی ئەم زانیارییە بۆ بەشی خزمەتگوزاریی فریاکەوتن (تەواری) یەکێ باشتر و بەردەوام ئاگای لە نەخۆشەکە دەبێ.

**پێش هەموو شتێ ئەمانە بپشکنە**

نەخۆش یا بریندار بەپێی ئەم ئەولەوییاتانەی خوارەوە چارەسەر بکە و حاڵەتەکە هەڵسەنگێنە:

ا- بۆڕی هەناسە

- ئەگەر کێشەی هەناسەی هەبوو و برینەکە لە بۆڕی هەناسە بێ

ب- هەناسەدان

-ئەوانەی بەزەحمەت هەناسە دەدەن یان هەناسەیان وەستاوە

ج- سوڕی خوێن

- ئەوانەی تووشی خوێنبەربوون و حەپەسان بوونە

د- بێ توانایی

- ئەوانەی لە هۆش خۆیان چوونە

- زامەیلی تر، بۆ وێنە: شکان و سووتان

پاشان ئەمانەی خوارەوە:

١- بریندارەکە/نەخۆشەکە لە شوێنێکی فراوان دابنێ

٢- ئێسک و باسکی شکاو مەجووڵێنە.

٣- تا پێت دەکرێ ئازارەکەی بشکێنە.

٤- ئەگەر پێویستی کرد دەوراوپشت چاڵ بکە.

**پاککردنەوەی بۆڕیی هەناسەی گیراو**

ئەم هەنگاوە زۆر پێویستە، چونکە فەشەل لە پاککردنەوەی بۆڕیی هەناسەی گیراو لەوانەیە پاش چەند خولەکێک بریندارەکە بمرێ

بۆڕیی هەناسە بەچەند ڕێگەیەک دێتە گرتن:

* کەمیی ئۆکسجین (حاڵەتی خنکان)

* وەرگرتنی خوێن

* بەهۆی شتی ناو دەم یان گەروو، وەک ددان، ڕشانەوە، پیسی، قوڕ، تۆپەڵە خوێن.

* ئەگەر شتێک بچێتە بۆڕیی هەناسە

* برین لە دەموچاو یان مل.

ئەگەر بریندار/نەخۆشەکە هەناسە نەدات، یەکەم هاوکاری دەبێ E.A.R. بێ (ڕێگەی فووکردن لە دەم)

**هەناسە بەیەکێک لەمانەی خوارەوە دەوەستێ:**

- شتێک لە گەروو ئاسی بێت.

- خنکان.

- قووتدان بەبۆڕیی هەناسە.

- هەڵکشانی زمان لە کاتی لەهۆشخۆچوون.

- ژێرئاوکەوتن، خوێن یان ڕشانەوە.

- جەڵتەی دڵ.

– ژەهراوییبوون، زۆرخواردنی داوودەرمان.

ئەمانە بکە:

– بۆڕیی هەناسە پاک بکەوە.

– بۆڕیی هەناسە بکەوە.

– بەئاگاهێنانەوە بەم شێوەیە:

دیقەت بدە:

* لەوانەیە هەناسەدانی بریندار/نەخۆشەکە ئەو دەمە وەستابێ، فرفرک بکا، فیکە لێ بدا، غژەغژ بکا.

* لەوانەیە رەنگی شین یان سیس هەڵگەڕێ.

* ئەگەر هۆشی لەبەر بێ، لەوانەیە پەل بکوتێ بۆ هەناسەدان.

* ئەگەر هۆشی لە خۆی نەبێ، لەوانەیە هەڵبلەرزێ.

*** ئەگەر نەخۆش/بریندار بۆڕیی هەناسەی گیرابێ**

بۆڕییەکە بکەوە:

١– سێ پەنجەی یەکەمی هەر دەستێکت بخە دوای سێگۆشەی شەویلاگی خوارەوەی بریندارەکە، لە خوار هەر گوێچکەکانە، ئەوجا شەویلاگەکە بۆ پێشەوە بێنە.

٢– تەماشا بکە، گوێ بگرە و هەست بەهەناسەدانی بکە.

٣– لووتی بریندارەکە بگرە و هەناسەی لە دەمی بکە.

٤– ئەگەر هەناسەی نەبوو ئەوا دوو هەناسەی تەواوی بەهێواشی بدێ.

٥– ئەگەر هەناسە نەچووە خوار، جێی سەری بگۆڕە و دووبارە دەست پێ بکەوە.

٦– دەمارەکانی بپشکنە کە لێدان لەوێ ٥ تا ١٠ چرکەیە.

٧– هەرکە بۆڕییەکە کرایەوە و بریندارەکە هەناسەی ئاسایی دا، دەبێ لەسەر سک درێژی بکەی.

– گەورە: لە هەر شەش چرکەیەک یەک هەناسەی هەیە.

– منداڵ و کۆرپە: لە هەرسێ چرکەیەکدا یەک هەناسەی هەیە.

– لە بیرت نەچێ: ئەگەر بریندار بێهۆش بوو، ئاگات لێ نەبڕێ و بەجێی مەهێڵە.

– لە بیرت نەچێ: بۆ منداڵ، دەمی گەورە دەم و لووتی منداڵ دادەپۆشێ.

**درێژبوون لەسەر سک:**

لە هەندێ حاڵەتدا، لەوانەیە پێویست بکات بریندارەکە لەسەر سک درێژ بێ

١– لایەکی بریندار بخە سەرسک و نێزیکترین دەستی بخە بن جەستەی
٢– دەستەکەی تری لەسەری سکی دانێ.
٣– بەدەستێک رووی بریندارەکە بگرە. بەدەستەکەی تر، بەتوندی جلی بریندارەکە بگرە لەڕاست مەچەکی و بەهێواشی بۆ پێشەوەی راکێشە.
٤– سەری ڕاست بکەوە.
٥– قاچی بنووشتێنەوە تا ڕانی باش بۆ پێشەوە بێ.
٦– قۆڵی سەرەوەی بنووشتێنەوە بۆ پێشەوەی بۆ لای پێشەوەی سەری.
٧– قۆڵەکەی تری بخە بن جەستەی بۆ ئەوەی پێچەوانەی پشتی درێژ کەوێ.

بریندارى بێهۆش کە هەناسە دەدا، ئەگەر هیچ برینداریێکی تر نەبێ، دەبێ لە ماوەی ٣٠ چرکەدا لەسەر سک درێژ بکرێ.

ئەگەر نەکرا بریندارى بێهۆش وەربگێڕدرێ لەبەر ملی یان بڕبڕەی پشتی، بۆڕیی هەناسەی دەبێ پاک بکرێتەوە و بەهۆی ڕێگەی شەویلاگی، تا ملی بەتەواوی دێتەوە سەر خۆی

**خەملاّندنی برینداری، بەکارهێنانی پشکنینی سەر تا پێ**

ئەگەر بریندارەکە وەلاّمی هەبوو، ترسی برینداری سەر و پشتی نییە، تا خزمەتگوزاریی پزیشکی دەگا، بەردەوام بە خەملاّندنی زام.

١– لە نەخۆشەکە بپرسە چی رووی دا و ئازارەکەی لە کوێیە.
٢– ئەگەر نەخۆش شوێنێکی دیاریکراوی پێ گوتی، شوێنەکە ببینەوە و لە خەملاّندن بەردەوام بە، بەمل دەست پێ بکە.
٣– بەنەخۆشەکە بڵێ نەجووڵێ. ئەگەر هەستیان بەناڕەحەتی یان ئازار کرد با قسە بکەن.
٤– بزانە ملی ئازاری هەیە، ئەگەر هەیبوو، خەملاّندنەکە راگرە. سەر و ملی مەجووڵێنە و چاوەڕێی خزمەتگوزاریی تەنگانە بکە. ئەگەر هیچ ئازاری نەبوو لە مل و هیچ برینداریی تری نەبوو، ئەوا بەردەوام بە لە پشکنینی سەر تا پێ.

**چی دەپشکنی:**

* مل – ئازار (بوەستە و مەیجووڵێنە).
* سەر – ئازار، سەقەتبوون، تەڕاتی (وەک خوێن).
* چاو – تەڵخبوو،، بیلبیلەکان.
* گوێ – خوێن یا شلەی تر.
* دەفەی شان – ئازار – لەجێچوون.

* شانەکان- ئازار- لەجێچوون.

* باسک - ئازار، لەجێچوون.

* پەراسوو - ئازار، لەجێچوون (بەهێواشی پاڵەپەستۆیان بخە سەر).

* سک - ئازار - رەقبوون.

* برِبرِەی پشت - ئازار (نەخۆش مەجووڵێنە بۆ پشکنینی ئەمە).

* قاچ - ئازار، لەجێچوون.

* گۆزینگ - ئازار - لەجێچوون، ئەستووربوون.

**خەملاندنی نەخۆشی:**

١- لە نەخۆش بپرسە چۆنە؟

٢- لێی بپرسە: پێشتر ئەمەی بەسەر هاتووە؟

٣- ملی بپشکنە بۆ هەر مەترسییەک

٤- ئاخۆ هیچ دەرمانێک دەخوا؟

٥- لێدانی دڵی بپشکنە. ٦٠-١٠٠ لە خولەکێکدا ئاساییە.

٦- هەناسەی بپشکنە. ١٢-٢٠ لە خولەکێکدا، ئاسایی و هێواش.

٧- گەرمیی پێستی بپشکنە. ئاساییبوون: مامناوەند و وشک.

٨- رەنگی لێوی بزانە. ئاسایی: پەمبە.

٩- دڵی بدەوە و داوای هاوکاریی پزیشکی بکە.

**نموونەی کردەنی**
**لەگەڵ بریندار/نەخۆشێکی بێهۆش**

هۆکارەکان:

- خوێن بۆ مێشکی ناچێ.
- برینداربوونی سەر.
- وەستانی هەناسە.
- دەرمان، مادەی هۆشبەر، کحول، ژەهر و مادەی کیمیایی
- نەخۆشی وەک شەکرە.

چۆنیەتی زانینی

- بریندار وەڵامی نییە هەرچەندە ئازاریشی هەبێ.
- وەڵامی پرسیاری سادەش ناداتەوە.
- لەوانەیە هەناسە نەدات.

چارەسەر

١- دڵنیای SETUP بکەوە.

٢- خەملاَندنی بەرایی.

٣- بیپشکنە و بۆڕیی هەناسەی بکەوە.

٤- هەرکە بۆڕیی هەناسی کرایەوە، لەسەر سک درێژی بکە.

قەت نەخۆشی بێهۆش بەجێ مەهێڵە لەسەر پشت، چونکە لەوانەیە زمانی هەڵگەڕێتەوە و ببێتە ڕێگر لە بەردەم هەناسەدانی، لەوانەیە بڕشێتەوە و ڕێی هەناسەی بگیرێ.

**ئاسێبوونی شت لە گەرووی**

نیشانەکانی:

- نەخۆش ناتوانێ قسە بکات، هەناسە بدات و توند دەکۆکێ
- لەوانەیە توند گەرووی بگرێ.

چارەسەر

کەسێکی بەهۆش و لە سەرووی یەک ساڵ:

١- دڵنیای SETUP بکە.

٢- خەملاَندنی بەرایی.

٣- جێدەستی دروست بدۆزەوە (کەمێک سەرەوەی ناوک) پێنج جار پاڵەپەستۆی بخە سەر.

٤- ئەگەر بۆڕیی هەناسەی هەر گیرابوو، جێدەستت بگۆڕە.

٥- پێنج جاری پاڵەپەستۆی بخە سەر تا بۆڕییەکە دەبێتەوە.

ئەگەر نەخۆش سکپڕ بوو، پاڵەپەستۆ بخە سەر سینگی. هەر پاڵەپەستۆیەک دەبێ جیاواز بێ و بەشێنەیی بکرێ. دوای ئەوەی بۆڕییەکەی دەکرێتەوە، نەخۆش دەبێ لە نەخۆشخانە بێتە پشکنین نەبادا لە ناوەوەڕا بریندار بووبێ.

**نەخۆشی بێهۆش:**

- ئەگەر یەکێک شتی لە دەم ئاسی بووبێ لە کاتی چارەسەرکردن هۆشی لە دەست دا، لەسەر

زەوی درێژی بکە و داوای هاوکاری بکە.

- پەنجەکانت لەژێر زمان و شەویلاگی دابنێ.
- هەناسەی دەربازبوون بەکار بێنە.
- ئەگەر بۆریی هەناسەی هەر نەکرایەوە، چەندان جار پاڵەپەستۆ بخە سەر سکی.
- دوای ئەمانە هەناسەی لە دەم بکە.
- پاڵەپەستۆکان دووبارە بکەوە تا ڕێگەی هەناسەی دەبێتەوە.

**ئەگەر پێشتر لە هۆش خۆی چووبێ:**

١- ئەگەر نەخۆش پێشتر لە هۆش خۆی چووبێ، هەوڵەکانت سەری نەگرت دوای گۆڕینی شوێنی سەری، ئەوا چەندان جار پاڵەپەستۆ بخە سەر سکی.

**خوێنبەربوون**

زۆر پێویستە خوێنبەربوون بێتە وەستاندن.

نیشانەکان:

- شاخوێنبەر- سوورێکی کاڵ، فیچقە دەکا
- دەماری تر- سوورێکی تاریک- بەردەوام فیچقە دەکا
- وردە دەمار- دەچۆڕێتەوە

ئەگەر خوێن فیچقەی کرد یان بەلێشاو هات لە جەستەی بریندار/نەخۆش ئەوا خوێنبەربوونەکە مایەی مەترسییە. دەبێ بەخێراترین کات نەهێڵی چیتر خوێنی لەبەر بڕوا.

١- دڵنیای SETUP بکەوە.

٢- خەمڵاندنی بەرایی.

٣- بزانە بۆریی هەناسەی نەگیراوە، هەناسەی هەیە یان نا، سوڕی خوێنی چۆنە

٤- پاڵەپەستۆی ڕاستەوخۆ بخە سەر برینەکە بەپارچە پەڕۆیەکی پاک، خاولی هەرچییەک بەردەست بێ.

٥- شتی زیاتر بەکار بێنە وەک لەفاف، پاڵەپەستۆی زیاتر بخە سەری. پاڵەپەستۆی ڕاستەوخۆ ڕۆیشتنی خوێن کەم دەکاتەوە

٦- خوێنبەربوون لە شاخوێنبەر یان هەر شوێنێکی تر، باسک یان قاچ لەوانەیە پێویستی بەپاڵەپەستۆی ڕاستەوخۆ هەبێ. پێویستە خاڵی پاڵەپەستۆ دیاری بکەی.

٧- داوای یارمەتیی پزیشکی بکە بەزووترین کات.

شوێنە سەرەکییەکان وەک خاڵی پاڵەپەستۆ:

سەرەوەی قۆڵ

سەرەوەی قاچ

- قەت پەڕۆکەکە لانەبەی بۆ ئەوەی بزانی خوێنەکە وەستا یان نا. چونکە لەوانەیە خوێنبەربوونەکە دەست پێ بکاتەوە.

- دەسکاریی ئێسک مەکە

- قاچی درێژ بکە و لە قاچەکەی تری جیا بکەوە.

- پاڵەپەستۆ نابێ لە ١٥ خولەکە زیاتر بێ، دوای ئەوە وردە وردە پاڵەپەستۆکە کەم بکەوە.

برینەکان

سکانی ئێسک دەبێتە هۆی ئەوەی بەکتریا بچێتە ژوورەوە:

جۆرەیلی برین:

Abrasion, Laceration, Icision, Puncture, Impaled Object, Avulsion/Amputation

چارەسەر:

١- دڵنیاکردنەوەی SETUP

٢- خەملاندنی بەرایی.

٣- پاککردنەوەی سووکەبرین.

٤- بەدوای چارەسەری پزیشکیدا بگەڕێ بۆ برینی قووڵ یان گەورە.

٥- کوتانی تیتانەس پێویستە هەموو پێنج ساڵ جارێک.

شکان

شکان واتە شکانی ئێسک. دروست چارەسەرکردنی شکان یارمەتیی کەمکردنەوەی ئازار دەدا و ناهێڵێ شکانەکە خراپتر بێ.

ئێسک لە خاڵی بەرکەوتن دەشکێ. دوو جۆرە شکان هەیە: کراوە و داخراو. ڕەنگە هەردووکیان ئاڵۆز بن.

شکانی داخراو.

هیچ شکانێک لەسەر رووی پێست دیار نییە.

- شکانی کراوە:

شکانی ئێسکەکە لە دەرەوە، لەسەر پێست دیارە. ئێسکە شکاوەکە لەوانەیە بەدەر بکەوێ و

لەوانەشـە دیار نەبێ. لەوانەیە خـوێنبـەربوونێکی زۆر هـەبێ. میکرۆب دەتوانن بچنە ناو برینەکە و هەوکردن روو دەدا.

- شکانی ورد:

ئێسکەکە لە ناوەوە هەپروون بەهەپورون بووە.

- شکانی یەکانگیر.

ئێسکەیلی شکاو چوونەتەوە ناو یەک. ئەمە لەوانەیە زەحمـەت بێ دیاری بکەیت، چونکە هیچ دیار نییە.

نیشانەکان:

- ئازار و هاوارکردن.
- شێوان.
- تێکچوونی رەنگ.
- شکانی کراوە لەوانەیە خوێنبەربوونی هەبێ.
- لەوانەیە ئێسک بەدیار بکەوێ.
- تاسان

چارەسەر:

١- دڵنیاکردنەوەی SETUP
٢- خەملاندنی بەرایی.
٣- هەڵسەنگاندنی برینەکە.
٤- داپۆشینی برین بەپەرۆک.
٥- شوێنی شکانەکە مەجووڵێنە.
٦- شتی سارد بەکار بێنە بۆ کەمکردنەوەی ئەستووربوون.
٧- بەزووترین کات داوای هاوکاریی پزیشکی بکە.

شکانی ئاڵۆز:

وردە دەمار و پێکهاتەکانی تر لە چواردەوری شکانەکە زیانیان پێ دەگا.

نیشانەکان:

- بریندارەکە لەوانەیە گوێی لە شکانەکە بووبێ یان هەستی پێ کردبێ.
- لەوانەیە بریندار ئازاری هەبێ و هاوار بکا و شوێنی شکانەکە بگرێ.

- سووربوونەوە، ئەستووربوون و شێوانی شوێنی شکانەکە لەوانەیە بەدیار بکەوێ.
- لەوانەیە شوێنی شکانەکە نەجوولێ یان جوولەی نائاسایی هەبێ

چارەسەر:

- خوێنبەربوون ڕاگرە.
- بەپەڕۆ شوێنی برینەکە داپۆشە.
- شوێنی برینەکە مەجوولێنە زۆر
- قەت هەوڵ نەدەی پاڵ بەئێسکەوە بنێی بۆ ناوەوە
- ئەگەر پێویستی نەکرد، بریندار مەجوولێنە
- ئەگەر زانیت شکان هەیە ئەوا ئەم خاڵانەی سەرەوە جێبەجێ بکە

## بەشی حەوتەم

## ڕۆڵی میدیا لە حاڵەتی تەنگانەی مرۆیی و تەندروستیی گشتی

١- وێنەیەکی گشتی

نێزیکەی ٢٥٠ ملیۆن کەس ساڵانە دەبنە قوربانیی حاڵەتی تەنگانەی مرۆیی، وەک: بڵاوبوونەوەی پەتا، ڕووداوی گەورە و کارەساتی سروشتی. زۆرجار زانیاریی باوەڕپێکراو نییە لەو شوێنانەی ئەمانەی تێدا ڕوو دەدا. دەنگۆ، زانیاریی نادروست یان نەبوونی هەواڵ خەمڵاندنی کۆمەکی پێویست ئاڵۆز دەکا. نەبوونی زانیاری و گەیاندن، لە سەرووی هەموو شتێکەوە زیاتر، کار دەکاتە سەر ئەو قوربانییانەی نایەنە پاراستن و ڕێکخستن. بوونی میدیا و زانیاریی باش نەک هەر تەنێ یارمەتیی لینکی بەردەوامی ناوچەکە دەدا بەدنیای دەرێ، بگرە هانی ویستی یارمەتیی قوربانییان دەدا. میدیا ڕۆڵێکی گرینگی هەیە کاتێ کارەساتێکی مرۆیی ڕوو دەدا.

- میدیا دەتوانێ یارمەتیی دەستنیشانکردنی شوێنەیلی زیندووان بدات و خێرا وەڵامی تێکچوونی باری دەروونییان بداتەوە.

- بوونی میدیا تێگەیشتن و تواناسازی فەراهەم دەکا. ئەگەر قوربانییان پشتگوێ بخرێن، ئەوا هەست بەنائومێدی دەکەن و بێ هیوا دەبن.

- زانیاری و گەیاندن یارمەتییان دەدا شکۆمەندییان بۆ بگەڕێتەوە، وەک شایەتحاڵی یەکەمی دراماکە، دەکارن وشە لە تەک یەک ڕیز بکەن بۆ دەربڕینی نەهامەتی و پێداویستییەکانیان. دووبارە دەبن بەئەکتەر لە ژیانی خۆیان.

- زانیاریی باش پێویستە بۆ ناساندنی ئەولەوییات و پێداویستیی بەرایی. بەردەوامبوونی

پێوەندی بەقوربانییان و یارمەتیی شەفافبوون، تێگەیشتنی هەمەلایەن و متمانە دەدا. زانیاری لە کاتی خۆی چەندان ژیان رزگار دەکا، ئازاری کارەساتەکە کەم دەکاتەوە و ناهێلێت ئازاری تری بەدواوە بێ.

٢- رەچاوکردنی پێوەرەیل

- زانیاری و گەیاندن دەبێ بەشێکی جیانەکراوە بن لە وەلامدانەوەی حالەتێکی مرۆیی. لە هەر حالەتێکدا، رێکخراوێک دەبێ ئەرکی دیاریکردن و وەلامدانەوەی پێداویستییەکانی خەلکی پێ بسپێرێ.

- بوونی میدیا و گەیاندن: دەبێ ئەم دووانە لە یەکەم ساتی حالەتەکە ئامادە بن و دەبێ لە ماوەی ٤٨ سەعاتی کارەساتەکە دەست بەکار بن.

- ئەولەوییاتی هەر حالەتێک دەبێ دیاری بکرێ و کار بکرێ بۆ وەلامدانەوەی.

٣- راسپاردەیلی کردەنی

- دەبێ تەکنەلۆجیای نوێ بێتە بەکارهێنان وەک مۆبایل و SMS.

- رادیۆ دەتوانێ رۆلێکی سەرەکیی هەبێ لە دامەزراندنی پێوەندی لە نێوان زیندووان و تیمەیلی رزگاری. دەبێ وەشانی رادیۆ لە ناوچەیلی زیانلێکەوتوو بێتە وەشاندن.

- وێستگەیلی رادیۆ دەبێ زانیاریی بەسوود بەزمانی لۆکال بوەشێنن. دەبێ بەرنامەی رێکخراو هەبێ بۆ دابینکردنی زانیاریی تازە لەسەر حالەتەکە، رێ بەخەلک بدرێ باسی پێداویستی و پێشبینییەکانی بکات.

- دەبێ زانیاری لە خەلکی زیانلێکەوتووەوە بێ و زانیارییان پێ بگات.

- رۆژنامەنووسەیل، چ لۆکال، چ نێودەولەتی، دەبێ بێنە پاراستن.

٤- رەچاوکردنی رێنوێنییەکان

سێ داواکاریی پێویست هەیە:

١- لێشاوی زانیاریی ئازاد وەک وەلامی دەسبەجێ بۆ حالەتی تەنگانە.

٢- دەستکردن بەچاککردنەوە لە رێگەی تێهەلکێشانی ناوەندەکانی زانیاری.

٣- پێشخستن بۆ ماوەیەکی درێژ، دوای ئەوەی تەنگانەکە بەسەر دەچێ.

١- لێشاوی زانیاریی ئازاد پێویستی بەسەرچاوەی جۆراوجۆری زانیاری هەیە وەک رێکخراوەیلی ناحکوومەتی، میدیای لۆکال، کۆمەلگەیل، حکوومەت و دەسەلاتی لۆکال:

- دەبێ یەکەم جار زانیاری بدرێ بەمیدیای لۆکال و ئەویش بتوانێ باش بیوەشێنێ. دەبێ سەرچاوەی تەکنیکی بدرێ بەمیدیای لۆکال، هەروەها دەبێ پێوەندییان لەگەل ئاژانسەیل بۆ ئاسان بکرێ. دەبێ تۆرێک بێتە دامەزراندن بۆ مسۆگەرکردنی باشترین داپۆشینی حالەتەکە و دلنیای

ئەوە بکرێتەوە کە میدیا ماف و پێداویستیی قوربانییان دەگوازێتەوە.

– ڕێکخراوەیلی ڕۆژنامەنووسەیلی لۆکاڵ دەبێ یارمەتی بدرێن چونکە دەبێ وێستگەی رادیۆ دابنێن. خۆبەخشان و پرۆفێشناڵان دەبێ ریز بکرێن بۆ یارمەتیدانی ڕاپەڕاندنی وێستگەکان و سەرپەرشتیی ناوەڕۆک بکەن. داپۆشین دەبێ لەسەر ئەو کێشانە بێ کە پێویستییان بەوەڵامی دەسبەجێ هەیە.

– زانیاری دەبێ تایبەت، پێوەست و بێلایەن بێ. راهێنانی رۆژنامەنووسەیل لەو بارەیەوە زۆر پێویستە. دەبێ دەست بگاتە زانیاری لە ریگەی بەرنامەیلی گونجاو و دەشبێ بەزمانی لۆکاڵ بێتە وەشاندن.

– ئێتیکی پرۆفێشناڵ دەخوازێ بایەخێکی تایبەت بدرێ بەشکۆمەندیی قوربانییان، دەبێ تەواو ئاگەدار بکرێنەوە لەو بریارانەی لەسەر ئەوان دەدرێ، هەروەها داپۆشینیان دەبێ سەربەخۆ و باوەڕپێکراو بێ.

– سەلامەتیی میدیای لۆکال گرەنتی دەخوازێ کە سەربازەیل، پۆلیس و رێکخراوەییی مرۆیی ریز لە کاریان بگرن. دەبێ میکانیزم بێنە دانان بۆ پاراستنی رۆژنامەنووسەیلی لۆکاڵ و نێودەوڵەتی. دەبێ میدیا ئاگەدار بکرێتەوە لەوەی کە کارەساتەیلی مرۆیی دەبنە هۆی دروستبوونی ئاژاوە و سەرلێشێوان.

– دانیشتوان سوود وەردەگرن لەو بایەخەی بەو میدیا لۆکاڵە دەدرێ کە متمانەی پێ دەکەن. ژێرخانی میدیای لۆکاڵ دەبێ وەک بەشێکی جیانەکراوە لە حاڵەتی تەنگانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

٢– پێویستە لەسەر فاکتەر و بریکاری جۆرەوجۆر پێکەوە کار بکەن بۆ تێکهەڵکێشانی میکانیزمی زانیاری:

– تێکەڵبوون پێویستە لە نێوان میدیای لۆکال، رێکخراوەیلی ناحکومەتی، پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ دەسپێشخەری لۆکاڵ، سەلامەتیی رۆژنامەنووسەیل و دانیشتوانی زیانپێگەییو. ئەکتەرانی نێودەوڵەتی دەبێ کار بکەن لەگەڵ میدیای لۆکاڵ بۆ پێداگرتن لەسەر سیاسەتی گشتی، هەڵسەنگاندنی رێگەکان بۆ راهێنانی رۆژنامەنووسەیل و دانانی لین لەگەڵ رێکخراوەیلی رۆژنامەنووسان. پێکەوە لەگەڵ میدیای لۆکال، کۆمەڵگەی زیانپێگەییو دەتوانێ دەست بەپرۆسەی بنیاتنانەوە بکات. برەودان بەمافەیلی مرۆڤ، هاندانی کۆششەیلی ئاشتی و ئاگەدارکردنەوەی دانیشتوان لە مافەکانیان دەبێ کاری بەرایی بن لە میدیای لۆکاڵ.

– سەلامەتیی رۆژنامەنووسەیل دەخوازێ حکوومەت ئاگەدار بکرێتەوە لە گرینگیی سەلامەتییان، بجەنگێ لە پێناو پاراستنی رۆژنامەنووسەیل تا نەیەنە کوشتن، دەبێ حکوومەت ئەمە باس بکات لە بەرنامەیلی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی.

– میدیای کۆمەڵگە دەتوانێ پشتگیریی تەواو دابین بکات بۆ پەروەردە، ئاشتی و گفتوگۆ لەنێو

ئەو دانیشتوانەی کە پەراوێز خراون لە ئەنجامی حاڵەتی تەنگانە. لەو بارەیەوە، گەنجان دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن.

– زانیاری و میکانیزمی گەیاندن لە کاتی حاڵەتی تەنگانە دەبێ بەردەست بن بۆ بلۆگەران و ئەوانەی وەک فۆرمی تری میدیا کار دەکەن.

٣– بوونی پێکهاتەیلی لۆکاڵ، دروستکردنی هاوبەشی، بەربینی حاڵەتەیلی تەنگانە لە داهاتوو و پشتگیریی سونیسکۆ هەموو ئەمانە دەتوانن یارمەتیی فرە وانکردنی سوودپێگەیاندن بدەن دوای بەسەرچوونی حاڵەتەکە. کەواتە گرینگە کە:

– چوارچێوەیەکی یاسایی بێتە ناساندن بۆ میدیا.

– پشتگیریی دروستکردنی ڕێکخراوەیل و تۆڕی ڕۆژنامەنووسان بکرێ.

– ئاسان گەیشتنی میدیا بەحکوومەت و کۆمەڵگە.

– دنەدانی هاوئاهەنگی و گۆڕینەوەی زانیاری لەبارەی پێشخستنی میدیا لە ڕێگەی بەرنامەیەک کە UN و ڕێکخراوەیلی ناحکوومەتی ئەوانی تریشی تێدابێ.

– ڕێکخستنی خول بۆ میدیا و ستافی

– هاندانی میکانیزمی ماوە درێژ بۆ سپۆنسەرکردنی میدیای سەربەخۆ.

نەهێشتن یان ڕێگرتن لە حاڵەتی تەنگانە لە داهاتوو پێویستی بەدروستکردنی میکانیزمی ئاگەدارکردنەوەیە، ئەمەش بەستافێک دەکرێ ڕاهێنرابن لە گەیاندن و ئاسانکردنی ڕێگە بۆ میدیا تاب گات بەزانیاری. ستافەکە بتوانن یارمەتیی دانیشتوان بدەن بەربینی ئەم جۆرە ڕووداوانە بکەن.

لینکەیلی بەسوود:

http://www.who.int/mediacentre/en/
http://www.msf.org/
http://www.alertnet.org/

بەشی هەشتەم

## پاراستن پێشکێش دەکرێ لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور

خەتی بەردەوامی ڕۆژنامەوانیی گیانمان ڕزگار بکە

+33(5) 14777- 7414

هیچ ڕۆژنامەنووسێک لەژێر ئەو حکوومەتە سەلامەت نییە کە سوورە لەسەر دامرکاندنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی، جا چ لەناو وڵات یان دەرەوەی وڵاتی خۆیان بن. بۆیە ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور،

بەهاوکاریی ئەمێریکەن ئێکسپرێس، خەتێکی بەردەوامی داناوە بەناوی "گیانمان رزگارکە" (SOS) کە رێگە بەخەڵکی دەدا تەلەفۆنمان بۆ بکەن (بەئینگلیزی یان فرەنسی) هەواڵمان پێ بدەن لەبارەی گرتن، زۆریلێکردن یان دیارنەمانی رۆژنامەنووسێک. ئەم ژمارەیە ٢٤ سەعات کراوەیە بۆ رۆژنامەنووسان، خێزانیان، کارمەند یان پرۆفێشنالانی رێکخراوەیل. تکایە پێش ئەوەی تەلەفۆن بکەی، هەوڵ بدە زۆرترین زانیاری کۆ بکەوە وەک: ناوی رۆژنامەنووس، نەتەوەی، بەرێوەبەری و هەر وردەکارییەکی تر کە رەنگە بەسوود بێ. ئەمە وا دەکات رۆژنامەنووسانی بێ سنوور یەکسەر دەست بەکار بن لەسەر کەیسەکە بەشێوەیەکی کاریگەر.

## رێککەوتنی دڵنیایی کار بۆ پەیامنێران و رۆژنامەنووسەیلی فریلانس

رۆژنامەنووسانی بێ سنوور هەل دەرەخسێنێ بۆ پەیامنێرانی فریلانس بۆ ئەوەی رێنوێنیی دڵنیاییان بۆ بکات. زۆرجار، پەیامنێران کاری داپۆشینی ململانێیان پێ دەسپێردرێ بێ ئەوەی دڵنیاییان بۆ بکرێ. تێچوو و نەبوونی زانیاری هۆکاری سەرەکین. رۆژنامەنووسانی بێ سنوور رێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیای دڵنیایی ئیسکاپێد مۆر کردووە بۆ پێشکێشکردنی دڵنیایی بەپەیامنێرانی فریلانس.

لەوەتەی لە کۆتاییی ٢٠٠٢ RSF ئەم بەرنامەیە پێشکێش دەکا، نێزیکەی ٤٠٠ رۆژنامەنووسەیلی فریلانس دڵنیاییان کڕیوە لەگەڵ رۆژنامەنووسانی بێ سنوور، بەتایبەتی ئەگەر بچنە ئەفغانستان، عێراق، لبنان و سودان.

رێنوێنییەکانی دڵنیایی دوو پلانی جیاواز دابین دەکەن کە:

– بەردەوام ٧/٢٤

– بۆ هەر کارێک، کورت و درێژخایەن (لە چەند رۆژێکەوە بۆ ١٢ مانگ، وردەکاریی ئەمە ببینە لە پاشکۆی ژمارە ٣).

– چارەسەر ١، "پلانی پێویست":

رۆژانە بە یۆرۆیەک و ٢٠ سەنتە، رەوشی تەندروستیت دەگرێتەوە لە حاڵەتی تەنگانە. ئەوەی بە ٧ یۆرۆیە دەکرێ بۆ وڵاتانی پڕ لە مەترسی. مەترسییەکانی شەڕ لە هەموو شوێنێک دەگرێتەوە.

چارەسەر ٢ "پلانی پێویست":

تێچوونەکەی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێ، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ چارەسەر ١، ئەم سوودانەی خوارەوەی هەیە:

– داپۆشینی نەخۆشییەکانی وەک (ڕەبۆ، گرفتەکانی دڵ...) ئەگەر هەر شتێک ڕووی دا لە کاتی کار پێوەندیی بەو نەخۆشییانەوە هەبێ.

– شیمانەی وەرگرتنی بڕێکی هیشکە لە رووداوی مردن یان دەرکردن لە کاتی کارێکدا.

ئەندامــێـتـی لەگــەڵ ڕۆژنامــەنووســانی بێ سنـوور مــەرجــە بۆ کــڕینی دڵنیــایی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەوە.

ئەم دڵنیاییە دەخوا بۆ ڕۆژنامەنووسەیلی سەر بە هەر نەتەوەیەک کە گەشت دەکەن بۆ دەرەوەی وڵاتیان.

بۆ کڕینی دڵنیایی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور:

assurance@rsf.org یان insurance@rsf.org

**قەرزی چاکەتی گوللەبەند**

ئێمە بەخۆڕایی چاکەتی گوللەبەند و کڵاوئاسن دەدەین بەڕۆژنامەنووسان، کە دوای کارەکەیان دەبێ بیگەڕێننەوە. چاکەتی پلە ٣، لەلایەن وەزارەتی بەرگریی فەرەنساوە بەخشراوە کە ڕەنگیان ڕەشە، مارکەی "Press"ی لە پشت و پێش هەیە. سێ قەبارەی هەیە و ١٤ کیلۆیە. بۆ ماوەی دوو مانگە و دەبێ لە کاتی وەرگرتنی بڕی ٩٠٠ یۆرۆ لە بانک دابنرێ تا چاکەتەکە دەگەڕێنییەوە.

**قەرزی کڵاوئاسن**

کڵاوئاسنەکان ڕەنگیان سپییە و وشەی "TV"یان لەسەر نووسراوە و کێشیان ١,٥١ کیلۆیە. بەهەمان مەرجی چاکەت بەکرێ دەدرێن کە دەبێ ٢٥٠ یۆرۆ لە بانک دابنرێ تا دەیگەڕێنییەوە. دوو چاکەت و دوو کڵاوئاسن هیچ مارکێکیان پێوە نییە.

**قەرزی تەقەتەنوور**

دوو جی پی ئێسی تەقەتەنوورئاسا دەکرێ بەکرێ بدرێ. لە هەر شوێنێک بیتەقێنی دەتدۆزنەوە چونکە لە سەدای سیرە دروست کراوە. ڕۆژنامەنووسەیل ئەمە زیاتر بەکار دێن کاتێ دەچنە ئەو شوێنە بەمەترسییانەی کە تەلەفۆن تێیاندا باش کار ناکەن. دەبێ ٩٠٠ یۆرۆ لە بانک دابنرێ و ڕۆژنامەنووس دەبێ بیڵێ دەچێتە کوێ، ناونیشانی ماڵیان و پێوەندیی کەسێک دابنێ بۆ حاڵەتی تەنگانە.

بۆ وەرگرتنی ئامێرگەلی سەلامەتی، بەم ئیمەیلە پێوەندی بکە بەڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور safety@rsf.or یان securite@rsf.org. بۆ حاڵی حازر، ئەم ئامێرانە تەنێ لە بارەگەی سەرەکیمان لە پاریس دەست دەکەون.

# نامەیەک لەبارەی لێبووردەییەوە

ڤۆڵتێر

### بەشی نۆیەم

### لە بارەی گەشمردە "شەهید"ەکانەوە

ماوەیەک پاش ئەوە مەسیحیگەلێک گەشمردە بوون، زۆر زەحمەتە هۆکارەکان بزانرێ، بەڵام دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کە لەو باوەڕەدا نیم هیچ کام لەو گەشمردانە بەهۆی ئاینەوە تێداچووبێ، بەتایبەتی لە سەردەمی قەیسەرەکانی بەراییدا: ئاخر هەموو ئاینەکان ڕێگەپێدراو بوون، کەوا بێ، بۆچی خەڵکانێکی هەڵکەوتوو دەدرێنە دادگە، گوایە ئاینێکی خۆیان هەیە، لە کاتێکدا ڕێگە لە ئاینەکانی تر ناگیرێ؟

پاتریاکەکانی وەک، تیتۆس، ترایانۆس، ئەنتۆنینۆس و داقیۆس، کێوی نەبوون: ئەدی چۆن بچێتە عەقڵمانەوە، مەسیحییەکانیان لە خێرێک بێبەری کردووە کە بەر هەموو دنیا کەوتووە؟ کەی ڕاستە تۆمەتی پێڕەوکردنی سرووتگەلی ئاینی بەنهێنی، درابێتە پاڵ ئەو مەسیحییانە، لە کاتێکدا، بێ هیچ چەندوچوونێک، سرووتەکانی ئیزیس و میترا[١] و خواوەندەکانی سوریا[٢] بەئاشکرا ڕێگەیان پێ دەدرا، لەگەڵ ئەوەی بەتەواوی لە ئاینی ڕۆمانەکان جیاواز بوون؟ کەواتە؛ هەر دەبێ شاڵاوەکانی چەوساندنەوەی مەسیحییەکان، هۆکاری تریان لە پشتەوە بووبێ، دەبێ کینەی تایبەتی بەپاساوی بەرژەوەندیی باڵای دەوڵەت، ڕۆڵی لە خوێنڕشتنی مەسیحییەکاندا هەبووبێ.

بۆ نموونە، دەمێک قدیس لۆرنسیۆس، ڕازی نەبوو ئەو پارە و پوولەی مەسیحییەکان کە وەک

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

"ئەمانەت" لای دانرابوو، بداتە کۆرنیلیۆس سکۆلاریسی والی ڕۆما، دیارە والی و قەیسەر توورە دەبن: ئاخر هەردووکیان ئاگەدار نەبوون کە قدیس لۆرنسیۆس، وەک خێر و چاکە، پارەکانی بەسەر هەژاراندا دابەش کردووە، بۆیە، بەلای هەردووکیانەوە، بەیاخیبوو هاتە ژماردن و فەرمانی کوشتنیان دا[٣].

دەبێ لە گەشمردەبوونی قدیس پۆلیاکتۆس ڕامێنین، ئاخۆ تەنیا بەهۆی ئاینەکەیەوە تاوانبار کرا؟ پۆلیاکتۆس چووە نێو پەرستگەیەکی ڕۆمانەکانەوە کە قوربانیی تێدا پێشکێشی خواوەند دەکرا سەبارەت بەسەرکەوتنی ئیمپراتۆر داقیۆس، لە خۆیەوە، کەوتە جنێودان بەخەڵکەکە و بەرشەقدانی قوربانییەکان و تێکشکاندنی پەیکەرەکان: چ وڵاتێک لەم پەلامارە ناڕەوایە خۆش دەبێ؟ ئەو مەسیحییەی لە دوا دووساڵی حوکمی ئیمپراتۆر دیوقلیسیانۆس[٤] فەرمانێکی قەیسەری دڕاند و بووە هۆکاری شاڵاوێکی گەورەی چەوساندنەوەی میللەتەکەی، کارێکی عاقڵانەی نەکرد، دەبووا، زۆری خەم بخواردایە، چونکە خۆی هۆکاری ئەو کارەساتە بوو کە بەسەر میللەتەکەیدا هات. ئەم خوێنگەرمی و هەڵەشەییە کە چەندپات بووەوە و بابەکانی کڵێسا سەرکۆنەیان کرد، پێ دەچێ، لە پشت تێکڕای شاڵاوەکانی چەوساندنەوەی مەسیحییەکانەوە بووبێ.

ئەڵبەت من پێشەنگانی پرۆتستانتی بەپێشەنگانی مەسیحییەکان بەراورد ناکەم: من هەڵە و ڕاست لە شانی یەکتر دانانێم؛ بەڵام فارێل[٥]، جێنشینی جان کالڤن، لەنێو شەقامەکانی شاری ئارلی فرەنسادا، هەڵسوکەوتەکانی پۆلیاکتۆسی لە ئەرمینیا، دووبارە کردەوە. ئەوە بوو کەژاوەیەک بەنێو شاردا دەڕۆیشت و پەیکەرێکی قدیس ئەنتۆنیۆسیان بەرز کردبووەوە، فارێل و برادەرەکانی پەلاماری ئەو ڕاهیبانەیان دا کە پەیکەرەکەیان هەڵگرتبوو، کەوتنە تێهەڵدان و بڵاوە پێکردنیان. فارێل، پەیکەرەکەی قدیس ئەنتۆنیۆسی فڕێ دایە ڕووبارەکەوە. بەم هەڵسوکەوتەی، فاریل شایستەی سزای مەرگ بوو؛ بەڵام نەکوژرا، چونکە ڕای کرد. خۆ ئەگەر فارێل بەوەندە وازی بهێنایە بچووبایە یەک بەخۆی ڕووبەڕووی ئەو ڕاهیبانە هاواری بکردایە کە باوەڕی بەوە نییە کوندەپەپوویەک نیوەنانێکی بۆ قدیس ئەنتۆنیۆس هێنابێ، باوەڕیشی بەوە نییە قسەی لەگەڵ سەنتوور ین ساتوورێک[٦] کردبێ، ئەوە بەتوندی ئاگەدار دەکرایەوە، چونکە ئاسایشی تێک داوە؛ یان ئەگەر بۆ ئێوارەکەی، پاش تێپەڕبوونی کەژاوەکە، دەستی بکردایە بەشرۆڤەیەکی لەسەرخۆ و سەنگینیی چیرۆکی کوندەپەپوو و سەنتوور و ساتوورەکە، هەرگیز شایستەی لۆمەکردن نەدەبوو.

باشە دەچێتە عەقڵەوە، ڕۆمانەکان ڕازی بن، ئەنتۆنیۆسێکی هیچوپووچ[٧] بۆ ئاستی خواوەندی گچکە بەرز بکرێتەوە، خەڵکێک پارچە پارچە بکەن و لاشەکانیان جانەوەر بیخوات کە پێمان دەگوترێ ئەوانە چ گوناهێکیان نەبووە جگە لەوەی پەنا و پاڕانەوەیان بۆ پیاوچاکێک بووە! عەقڵ دەیبڕێ کەوتبنە دووی کەسانێکی یەکتاپەرست، لە کاتێکدا خۆیان باوەڕیان بەخوایەکی تاک و تەنیا و باڵا هەبوو[٨]، خوایەک، دەستی بەسەر هەمووواندا دەڕوا و گەورەی هەموو خواوەندە

لاوەکییەکانە، بڵێی ئەم دەستەواژەیە شایەتحاڵی ئەو باوەڕەی ڕۆمانەکان نەبێ: Deus Optimos Maximus، خوای هەرە باڵا و هەرە مەزن؟

دیسان، ناچێتە عەقڵەوە مەسیحییەکان لە سەردەمی پاتریارکەکاندا نێردرابن بۆ بەردەم ئەوەی دواتر "دادگەکانی پشکنین"یان پێ دەگوترا، واتە؛ لەنێو ماڵی خۆیاندا سەبارەت بەبیروباوەڕیان لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرابێ، ئاخر کارێکی وا، دەرهەق هیچ کۆمەڵە و گرووپێکی تر نەکراوە، نە جوو، نە سوورییەکان، نە میسرییەکان، نە درۆیدییەکان[9]، نە شاعیران، نە فەیلەسووفان. کەواتە، گەشمەردەکان ئەوانەن دژی خواوەندە درۆزنە، یاخی بوون، خۆ ئەگەر باوەڕیان بەو خواوەندانە نەهێناوە، ئەوە پێڕەوێکە ئەوپەڕی دانایی و خواترسیی تێدایە؛ بەڵام کاتێک هەر بەخواپەرستی عاقڵانە و ڕەواوە نەوەستانەوە، ئەودەمی ڕێیان بەخۆیان دا بەوپەڕی توندی ڕووبەڕووی ئەو ئاینە ببنەوە کە بۆ خەڵکەکە ماوەتەوە _ جا ئاینەکە چەند بێ سەروبەر بێ –، ئێمە ناچارین بڵێین: ئەوان دەمارگیر و نالێبووردە بوون.

ترتۆلیانۆس[10]، لە کتێبەکەیدا "بەرگری" (بەشی ٢٩)، دان بەوەدا دەنێ تێڕوانینی باو بۆ مەسیحییەکان ئەوە بوو؛ خەڵکێکی ئاژاوەچین: ئەمەش تۆمەتێکی بێ بەزەییانەیە. بەڵام هاوکات دەیسەلمێنێ؛ توندیی دادگەکان بەرانبەریان لەبەر ئاینەکەیان نەبووە. هەروەها دان بەوەدا دەنێ (بەشی ٣٥) مەسیحییەکان، لە ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی پاتریارکەکاندا، دەروازەی ماڵەکانیان نەدەڕازاندەوە؛ لێکدانەوەی ئەم هەڵسوکەوتە ئەنقەست و لۆمەهەڵگرەیان، زەحمەت نەبوو؛ تانەدان لە کەسێتیی پاشا.

یەکەمین حوکمی قەزاییی دەرهەق مەسیحییەکان لە سەردەمی دۆمیتیانۆسدا بوو؛ بەڵام سزاکەی تەنیا بریتی بوو لە "شاربەدەرکردن کە ساڵێک زیاتری نەخایاند": ترتۆلیانۆس وا دەڵێ (بەرگری، بەشی پێنجەم)، بەڵام لاقتانسیۆس[11]، کە نووسینەکەی هەڵەشەیی پێوە دیارە، لەو بڕوایەدایە کڵێسا لە گەشەسەندن و ئارامیدا ژیاوە هەر لە سەردەمی دومیتیانۆسەوە تا هاتنی داقیۆس (بەشی سێیەم). ئەم ئاشتییە درێژخایەنە لەگەڵ "دەستپێکردنی چەوسانەوەی کڵێسا لە سەردەمی داقیۆسدا، ئەو جانەوەرە بوغزنە، کۆتایی هات" (بەرگری، بەشی چوارەم)[12].

لێرەدا مەبەست گفتوگۆکردن نییە لەگەڵ بۆچوونەکانی دۆدویل[13] لەبارەی کەمیی ژمارەی گەشمردەکانەوە، بەڵام پرسیارێک خۆی دەسەپێنێ: گەر ڕاست بێ ڕۆمانەکان ئاینی مەسیحییان چەوساندبێتەوە، دروست بێ ئەنجوومەنی پیرانی ڕۆمان، هەزاران بێ گوناهی ڕەوانەی مردن کردبێ پاش دارکارییەکی زۆر، ئەگەر وابێ گوایە ڕۆمانەکان، مەسیحییەکانیان فڕێ داوەتە نێو ڕۆنی قرچاوەوە، کچە گەنجەکانیشیان بەڕووتی بەدەم سەگەلەوە داون، ئەدی بۆچی لە قەشە پێشەنگەکانی ڕۆما گەڕان بەئاشتی و ئاسوودەیی بژین؟ قدیس ئیرانیۆس، لەنێو ئەو قەشانەدا، تەنیا ناوی گەشمردەیەک دەبات، ئەویش پاپا تلسفۆرۆسە کە ساڵی ١٣٦ تێدا چووە؛ وەلێ هیچ بەڵگەیەک نییە بیسەلمێنێ تلسفۆرۆس لەدار درابێ. هەرچی پاپا زفیرنۆسە، هەژدە ساڵ پاپای

ڕۆما بوو و ساڵی ٢١٩ بەمردنی خۆی مرد. خۆ ئەگەر ناوی هەموو پاپاکان لە لیستی گەشمردە کۆنەکاندا نووسراوە، لەبەرئەوەیە کە وشەی "گەشمردە _ شەهید" هێشتا بەو مانایە نەبوو کە دواتر وەریگرت: گەشمردە؛ بەهەموو ئەوانە دەگوترا کە شایەتمانیان دەهێنا، نەک ئەوانەی لەژێر دارکاریدا دەمردن.

ڕاستییەکەی، مرۆڤ دادەمێنێ لە نێوان ئەو چەوسانەوە زۆرەی باس دەکرێ و لە نێوان ئەو ئازادییەی ڕێی بەمەسیحییەکان داوە کۆڕبەندگەلێکی کڵێسایی دامەزرێنن کە بەگوێرەی نووسەران خۆیان لە پەنجا و شەش کۆڕبەند دەدا لە سێ سەدەی دەستپێکی زایندا.

بێگومان چەوسانەوە بووە؛ بەڵام ئەگەر بەو توندییە بووبێ کە باس دەکرێ، ترتۆلیانۆس، لە پێخەفدا نەدەمرد، ئەو کەسەی کە یەکجار بەتوندی، هێرشی دەکردە سەر ئاینی خەڵکەکە. ئێمە چاک دەزانین، پاتریارکەکان کتێبەکەی ترتۆلیانۆس (بەرگری)یان نەبینیوە، دەقێک لە ئەفریقیا[١٤] نووسرابێ، نەگەیشتووەتە دەست ئەوانەی فەرمانڕەوای دنیا بوون؛ بەڵام دڵنیاین ئەم دەقە لای دەوروبەرەکەی والیی ئەفریقیای ڕۆمانی ناسراو بوو؛ دەبێ خەڵکەکە ڕقێکی زۆریشیان لە نووسەرەکەی هەڵگرتبێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، بەگەشمردەیی نەمرد. هەروەها ئۆریجانۆس[١٥]، کە بەئاشکرا وانەکانی مەسیحییەتی دەگوتەوە لە ئەسکەندەریەی میسر، کەس داوای سەری نەکرد، ئا ئەم ئۆریجانۆسە، کە بەوپەڕی ئازادییەوە، مژدەی هاتنی بەخەڵکە وەتەنی و مەسیحییەکە دەدا، هەر خۆی لە کتێبەکەی سێیەمیدا کە دژی قلسۆس[١٦] نووسیویەتی بەڕوونی دەڵێ: "پێشتر ژمارەی گەشمردەکان کەم بوو، تا دەهات کەمتریش دەبووەوە"، کتێبەکە لەسەری دەڕوا و دەڵێ: "لەگەڵ ئەوەشدا، مەسیحییەکان، بەهەموو شێوازێک بانگەشەیان بۆ ئاینەکەیان دەکرد بەسەرلەبەری دنیادا، بۆیە لە هەموو شار و شارۆکە و گوندێکدا دەبینران".

بەدڵنیاییەوە ئەم بزاوە بەردەوامە، شایستەی ئەوە بوو بەئاسانی لەلایەن کاهینە دوژمنەکانەوە وەک جۆرێک لە یاخیبوون و ئاشووبنانەوە بێتە ژماردن. لەگەڵ ئەوەشدا، چاو لەم چالاکی و بانگەشە ئاینییانە پۆشرا، بەمەرجێک، گەلی میسری هەروا ناسرابوو کە گەلێکی ئاژاوەگێڕ، سەربەگۆبەند و ترسنۆکە: گەلێک، هاووڵاتییەکی ڕۆمانی ئەنجن ئەنجن کرد، چونکە پشیلەیەکی کوشتبوو؛ گەلێک تەنیا شایانی ڕیسواکردنە، سەرەڕای تێڕوانینی ئەو خەڵکەی بەئەهرامەکان سەرسامن[١٧].

خۆ ئەگەر کەسێک هەبێ شایستەی ڕق و کینەی کاهین و دەسەڵاتداران بێ، قدیس غریغۆریۆسی سەرسوڕهێنەر بوو، قوتابی ئۆریجانۆس. غریغۆریۆس، گوایە لە شەودا پیرەمێردێکی نێردراوی خوای بینیوە، ئافرەتێکی نوورانیی لە تەکدا بووە: ئافرەتەکە، کەس نەبووە جگە لە مریەمی پاکیزە، پیرەمێردەکەش، قدیس یۆحنای ئینجیلی بووە، گوایە قدیس یۆحنا بیروباوەڕێکی بۆ خوێندووەتەوە، هەر بۆ سبەی دەستی کرد بەبانگەشە بۆ ئەو بیروباوەڕە. جارێکیان بەرەو قەیسەرییە تازەکە دەڕۆیشت، بەلای پەرستگەیەکدا تێ پەڕی کە سرووتی ئاینیی

ڕۆمانەکان و ڕاوێژی خواوەندەکانی تێدا بەڕێوە دەچوو، باران ناچاری کرد ئەو شەوە لە پەرستگەکە بمێنێتەوە؛ لەوێ چەند وێنەیەکی خاچی لەسەر دیوارەکان نەخشاند، بۆ ڕۆژی پاشتر، گەورەکاهینی پەرستگەکە سەری سوڕمابوو لەوەی جنۆکەکان، سرووشی بۆ ناهێنن، لەگەڵ ئەوەی پێشتر هەرگیز داواکەیان ڕەت نەکردووەتەوە. کاهینەکە ناردی بەشوێن جنۆکەکاندا و هاتن، بەڵام ئاگەداریان کردەوە کە ئەوە دواجارە بێن بەدەنگییەوە؛ پێیان ڕاگەیاند، مەحاڵە بتوانن بێنە نێو پەرستگەکەوە، دوای ئەوەی غریغۆریۆس شەوێکی لەوێ بەسەر بردووە و وێنەگەلی خاچی لەسەر دیوارەکان کێشاوە.

گەورەکاهین فەرمانی دا غریغۆریۆس بگیرێ و بیهێنن، بەڵام ئەو وا وەڵامی دایەوە: "دەتوانم ئیبلیسەکان دەربکەم و لە هەر کوێوە بمەوێ، بیانهێنمە ژوورەوە لە هەر جێیەکەوە پێم خۆش بێ". "باشە کەواتە با بێنە نێو پەرستگەکەمەوە"، کاهین وەڵامی دایەوە. غریغۆریۆس، پارچە کاغەزێکی لە کتێبەکەی بەردەستی کردەوە و نووسی: "لە غریغۆریۆسەوە بۆ ئیبلیس: فەرمانت پێ دەکەم بێیتە ژوورەوە بۆ ئەم پەرستگەیە". هەر ئەوەندەی پارچە کاغەزەکەی لەسەر تەختەی قوربانیی دانا، ئیبلیسەکان بەگوێیان کرد و وەک ڕۆژانی ڕابردوو، هەرچییان پێ بوو گوتیان.

قدیس غریغۆریۆسی نوسەوی، لە ژیننامەی قدیس غریغۆریۆسی سەرسوڕهێنەردا ئەم هەڵکەوتەیە دەگێڕێتەوە. لە دۆخێکی ئەوهادا، کاهینانی بتگەل هەر دەبێ ئیرەییان پێ هاتبێ، بۆیە داوای دادگەییکردنیان کرد: سەرەڕای ئەوەش کە دوژمنی یەکەمی ئەو کاهینانە بوو، بەهیچ جۆرێک نەچەوسێنرایەوە.

چیرۆکی ژیانی قدیس کبریانۆس وا دەردەخات کە یەکەمین قەشەی قەرتاجەیە حوکمی مردنی درابێ. ئەم قدیسە لە ٢٥٨ی زایندا گەشمردە بوو؛ واتە لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژدا، یەک قەشەی قەرتاجە سەبارەت بەئاینەکەی نەکوژراوە. بەهەر بارێک، ژیننامەی کبریانۆس ئەوەمان بۆ ناگێڕێتەوە ئاخۆ ئەو بوختانانەی پێی کراوە چ بوون و دوژمنەکانی کێ بوون، هەروەها هۆکاری تووڕەبوونی والیی ئەفریقیای ڕۆمانی چییە. قدیس کبریانۆس لە نامەیەکدا بۆ کۆرنالیۆسی قەشەی ڕۆما دەڵێ: "بەم دواییانە، دووجار ژاوەژاوێک لەنێو خەڵکی قەرتاجەدا پەیدا بوو، خەڵکەکە بەدەنگی بەرز داوایان دەکرد بکرێمە خۆراکی شێران". کەواتە دوور نییە، تووڕەیی قەرتاجەییەکان بووبێتە هۆکاری تێداچوونی کبریانۆس؛ بەدڵنیاییەوە، لەو دوورەوە ئیمپراتۆر غالوس فەرمانی کوشتنی کبریانۆسی نەداوە سەبارەت بەئاینەکەی، ئەو ئیمپراتۆرەی هیچ خراپەیەکی بەرانبەر کۆرنالیۆس نەکرد کە لە بەرچاوی بوو.

لە کاتێکدا هۆکارە شاراوەکان زۆرجاران تێکەڵ بەهۆکاری ڕاگەیەندراو دەبن، لە کاتێکدا، چەندان هۆکاری نەزاندراو ڕۆڵ دەبینن لە چەوساندنەوەی کەسێک لەلایەن خەڵکەوە، بۆیە، مەحاڵە پاش تێپەڕبوونی سەدەگەلێک، سەرچاوەی نادیاری ئەو کارەساتانە ئاشکرا بکرێن کە ئازارێکی زۆری خەڵکی پایەبەرزیان داوە. ئاخۆ چەند هۆکاری نەزانراو ڕەوایەتییان بەچەوساندنەوەی

کەسێک دابێ کە کەس نەیناسیبێ، ڕۆڵەکانی تایەفەکەی نەبێ.

لەگەڵ مندا سەرنج بدەن، قدیس غریغۆریۆسی سەرسوورهێنەر و قدیس دۆنیسیۆسی قەشەی ئەسکەندەریە، دارکاری نەکران و نەکوژران، لەگەڵ ئەوەی هاوسەردەمی قدیس کبریانۆس بوون. باشە بۆچی ئەو دووانە بەئاسوودەیی ژیاون، سەرەڕای ئەوەی ناوبانگیان لە قەشەی قەرتاجە کەمتر نەبوو؟ بۆچی قدیس کبریانۆس چەوسێنرایەوە؟ بڵێی، ئەمەی دوایی، نەبووبێتە قوربانیی دوژمنگەلێکی کەسێنی دەستڕۆیشتوو، قوربانیی زمانلێدان و دەستگرتن بەبەرژەوەندیی باڵای دەوڵەتەوە کە زۆرجاران تێکەڵ بەئاین دەبێ، لە کاتێکدا، دووانەکەی تر بەختیار بوون و لە ئازاری مرۆڤ و بەدبەختی دوور بوون؟

زەحمەتە بگەینە ئەو باوەڕەی تۆمەتی مەسیحیبوون بەتەنیا هۆکاری کوژرانی قدیس ئەغناتیۆس بووبێ لە سەردەمی ئیمپراتۆر ترایانۆسی نەرم و بەویژداندا؛ بەتایبەتی، ئەو، ڕێگەی بەمەسیحییەکان دا هاوڕێی ئەغناتیۆس بن و دڵی بدەنەوە کاتێک ڕاپێچی ڕۆما کرا[١٨]. ئەغناتیۆس قەشەی نهێنیی مەسیحییەکانی ئەنتاکیا بوو، ئەو شارەی هەردەم گۆڕەپانی ئاشووب و ئاژاوەگێڕی بوو: لەوانەیە، بەنیازی خراپ، خرابێتە ئەستۆی مەسیحییە بێبەرییەکان و بوونە جێی گومانی دەسەڵاتداران و دەسەڵاتداران بەهەڵە و لەخشتە برابن، وەک زۆرجار ڕووی داوە.

بۆ نموونە، قدیس سەمعان، لە بەردەم شاهپووردا[١٩]، تۆمەتی سیخوڕیی ڕۆمانی درایە پاڵ. لە چیرۆکی گەشمردەبوونیدا هاتووە کە ئیمپراتۆر شاهپوور داوای لێ کردووە ڕۆژ بپەرستێ؛ بەڵام ئێمە چاک دەزانین، فارس، ڕۆژپەرست نەبوون: بەلای فارسەکانەوە، ڕۆژ، نیشانەی بنەمای خێر بوو کە لە ئاهورامزدای خواوەندی خوڵقێنەردا بەرجەستە بووبوو بەگوێرەی بۆچوونی ئەوان.

مرۆڤ چەند لێبووردە بێ، زەحمەتە ڕقی هەڵنەستێ کاتێک گوێی لەو دەمدرێژانە دەبێ کە دیۆقلیسیانۆس تۆمەتبار دەکەن گوایە لە ڕۆژی هاتنە سەر تەختیەوە، مەسیحییەکانی چەوساندووەتەوە؛ با لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ شایەتی ئۆسابیۆسی قەیسەری[٢٠] کە مایەی تانەلێدان نییە. ئەم کەسە، لە دەستوپێوەندەکانی قوستەنتین بوو، کاری پێداهەڵدانی قوستەنتین بوو بە نوسین، زۆر دژی پاتریارکەکانی پێشوو بوو، بۆیە، کاتێک بێبەرییان دەکات، شایەتییەکەی شایەنی بڕواپێکردنە. دە بزانن ئۆسابیۆس[٢١] دەڵێ چی: "پاتریارکەکان، بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ چاویان لە مەسیحییەکان بوو، فەرمانڕەوایی ویلایەتەکانیان پێ دەسپاردن، ڕێگەیان بەچەندانیان دا لە کۆشکەکانیاندا بژین؛ بگرە هێندێکیان کچە مەسیحییان خواست، ئەوە دیۆقلیسیانۆس، پریسکای هێنا کە کچەکەی بووە ژنی ماکسمیانۆس گالیریۆس[٢٢]،... هتد".

کەواتە، با لەم شایەتییە گومانبڕەوە فێر بین، واز لە بوختان و ناو و ناتۆرە بێنین؛ با هەوڵ بدەین بزانین ئاخۆ ئەو شاڵاوە چەوساندنەوەیەی گالیریۆس فەرمانی بەرپاکردنی دا، پاش نۆزدە ساڵ فەرمانڕەوایی چاک و نەرمونیان، بڵێی لە ئەنجامی پیلان یان تەڵەکەبازییەکەوە نەبووبێ کە

ئێمە نایزانین؟

دەبا ئێستە لە چیرۆکی سوپای تیبە (فیلق لیبة) ڕامێنین کە گوایە بەهۆی ئاینەوە، لە ڕەگ و ریشەیان دەرهێنان، با بزانین ئەم چیرۆکە چەند لە ڕاستییەوە دوورە. ساویلکەییە گەر پێمان وابێ ئەو فەیلەقە ئاسیاییە لە دەربەندی قدیس برناری گەورەوە (لە چیاکانی ئەڵپ) هێنرابن؛ ناچێتە عەقڵەوە لە ئاسیاوە هێنرابن بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری ئاشووبێک لە وڵاتی غالییەکان، پاش ساڵێک لە سەرکوتکردنی ئەو ئاشووبە. مەحاڵیشە، شەش هەزار سەربازی پیادە و حەوت سەد سوارە لەنێو دەربەندێکدا سەرببڕدرێن کە تەنیا دووسەد سەرباز دەتوانن پێشڕەوی سوپایەکی زەبەلاحی تێدا ڕاگرن. چیرۆکی ئەو قەسابخانەیەی باس دەکرێ، بەم درۆ زەقە دەست پێدەکات: "کاتێک زەوی لەبن جەور و ستەمی دیۆقلیسیانۆسدا دەیناڵاند، ئاسمان بەگەشمردەکان دەدرەوشایەوە". گوایە ئەم ڕووداوە وەک دەگوترێ ساڵی ٢٨٦ قەوماوە، واتە لە سەردەمی دیۆقلیسیانۆسدا کە تا ئەوپەڕی چاوی لە مەسیحییەکان بوو. ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمان لە خێر و خۆشیدا دەژیا. بۆ یەکلاکردنەوەی هەموو مشتومڕ و شەڕەقسەیەک؛ با جارێ ڕوونی بکەینەوە: سوپایەکی وا کە باس دەکرێ هەر لە بنەڕەتدا نەبووە: ئاخر ڕۆمانەکان لەوە لەخۆڕازیتر و عاقڵتر بوون، سوپایەک لەو میسرییانە پێک بێنن کە لە کۆیلە زیاتر، شتێکی تر نەبوون. بڵێی ڕۆمانەکان سوپایەکیان لە جوو هەبووبێ؟ ئێمە ناوی هەر سی و دوو سوپاکەمان لە بەردەستدایە کە لەشکری فەرمیی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیان لێ پێک هاتبوو؛ بەدڵنیاییەوە، سوپای تیبەیان تێدا نییە.

کەواتە ئەم حیکایەتە لەو شیعر و شانامانەی سەر زاری کاهینان و پێشبینکارانی موجیزەکانی مەسیحە، هەموو ئەمانە لە پاڵ بەڵگە دروستکراوەکانی تردا کە دڵگەرمیی ئاینی خوڵقاندوونی.

## بەشی دەیەم

### لەبارەی چەوساندنەوە و مەترسیی داستانە درۆیینەکانەوە

دەمێکە درۆ مرۆڤەکانی لەخشتە بردووە؛ ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پەردە لەسەر ئەو برە ڕاستییە لابدەین کە دەکارین بیانگەینێ، لە سەرینی پەڵە هەورەکانی ئەو ئەفسانانەی دەورەی مێژووی ڕۆمانیان تەنیوە، هەر لە تاقیتۆسەوە تا سویتۆنیۆس کە بووەتە سێبەرێکی تاریک بەسەر مێژووگەلی نەتەوە کۆنەکانەوە.

باشە چۆن بڕوا بکەین، بۆ نموونە، ڕۆمانەکان، ئەو گەلە سەنگین و توندەی یاساکانمان لەوانەوە بۆ ماوەتەوە، کچە پاکیزە مەسیحییەکان، کچی بنەماڵە خانەدانەکانیان ناچار کردبێ سێکسفرۆشی بکەن؛ گەر بڕوامان کرد، ئەو مەندی و مێشکوشکییەمان (الوقار والتزمت) لە بیر نییە کە بەحوکمە توندەکانی یاسادانەرەکانمانەوە دیار بوو، کاتێک لەسەر هەڵە یان لادانێک سزای

کچە ڤستالییەکانیان[٢٣] دەدا.

ئەوە ڕوینار[٢٤]ە لە کتێبەکەیدا "کارە ڕاستگۆکان" باسی ئەو کارە نزمانە دەکات؛ بەڵام ئاخۆ هەقە بڕوا بەکتێبەکەی ڕوینار بکەین وەک چۆن بڕوا بە "کارەکانی پێغەمبەران" دەکەین؟ "کارە ڕاستگۆکان" لە زاری پۆلاندۆس[٢٥]ەوە دەگێڕێتەوە، حەوت پاکیزەی مەسیحی لە شاری ئەنقورە[٢٦] هەبوون، هەر حەوتیان تەمەنیان لە نێوان شەست و حەفتادا دەبوو، تیۆدۆکتۆس، والیی شار حوکمی دا کە کچێنیی هەر حەوتیان لەلایەن گەنجانی شارەوە ئەتک بکرێ، دەمێ گەنجەکان ڕازی نەبوون ئەوە بکەن، والی، پاکیزەکانی ناچار کرد، لە سرووتەکانی خواوەند دیانادا، بەڕووتی خزمەت بکەن، لە کاتێکدا، ئافرەتان بۆیان نییە بەشداریی ئەو سرووتانە بکەن بەلەشپۆشەوە نەبێ. قەدیس تیۆدۆتس، کە پیاوێکی لە خواترس بوو هەرچەندە مەیخانەی هەبوو، لە خوا دەپاڕایەوە دەست بەباڵی ئەو پاکیزانەوە بگرێ نەبادا لە تاقیکردنەوەکەیاندا بکەون. دیارە خوا بەدەم نزاکانییەوە چوو، والی فەرمانی دا پاکیزەکان فڕێ بدەنە دەریاچەیەکەوە پاش ئەوەی چەند بەردێکی قورس بەگەردنیانەوە دەبەستن. دەمودەست هانایان برد بۆ قەدیس تیۆدۆتس و لێی پاڕانەوە ڕێگە نەدا ماسی جەستەیان بخوات.

هەر تاریک داهات، خاوەن مەیخانە پیاوچاکەکە لەگەڵ هاوڕێیانیدا بەرەو کەناری دەریاچەکە بەڕێکەوتن و کە سەربازان پاسەوانی بوون. بڵێسەیەک ئاگری ئاسمانی لە پێشیانەوە بوو؛ کاتێک گەیشتنە لای شوێنی گردبوونەوەی پاسەوانەکان، سوارێکی ئاسمانیی چەکدار پەیدا بوو، بەزەبری خەنجەرەکەی پاسەوانەکانی دەرکرد. ئینجا قەدیس تیۆدۆتس توانی تەرمی پاکیزەکان لە دەریاچەکە دەربێنێ، کاتێک هێنایانە بەردەم والی، فەرمانی دا سەری بپەڕێنن، ئەمجارەیان، سوارچاکە ئاسمانییەکە بەفریای تیۆدۆتس نەکەوت. دوویات و چەندپاتی دەکەینەوە، ئێمە ڕێز لە گەشمردە ڕاستەقینەکان دەگرین؛ بەڵام زەحمەتە بڕوا بەچیرۆکەکەی پۆلاندۆس و ڕوینار بکەین.

لێرەدا چیرۆکی قەدیس ڕۆمانۆس بگێڕینەوە؟ فڕێ درایە نێو ئاگرەوە، وەک ئۆسابیۆس دەڵێ، ئەو جووانەی لەوێ ئامادە بوون، کاتێک دیمەنەکەیان بینی، دەستیان بەجنێودان کرد بەیەسووعی مەسیح، چونکە ڕێگەی دا یەکێک لە شوێنکەوتووانی بسووتێنرێ، لە کاتێکدا خوا سیداخ و میزاخ و ئەدیناغۆی لە مەنجەنیق ڕزگار کرد[٢٧]. بەڵام هەر جنێوەکانیان لە دەم دەرچوو، قەدیس ڕۆمانۆس بەساغی هاتە دەرەوە. دەمودەست ئیمپراتۆر لێی خۆش بوو، بەدادوەرەکەشی گوت ئەو نایەوێ بکەوێتە دوژمنکاری لەگەڵ خوا؛ قسەیەکی سەیرە لە زاری دیۆقلیسیانۆسەوە! بەڵام سەرەڕای نەرمی و لێبووردەیی ئیمپراتۆر، دادوەر بڕیاری دا زمانی قەدیس ڕۆمانۆس ببڕن؛ هەرچەندە کۆمەڵێک دارکاریکەری لە بەردەستدا بوو، کەچی داوای لە پزیشکێک کرد ئەو کارە ئەنجام بدات. دوای ئەوە سەرباری ئەوەی قەدیس ڕۆمانۆس هەر لە منداڵییەوە زمانی دەیگرت، زمانی پژا و زۆر بەڕێکی قسانی دەکرد، دەمێک پزیشکەکەیان لۆمە کرد، ویستی بیسەلمێنێ کارەکەی بەگوێرەی پێویست ئەنجام داوە، یەکێک لە ڕێبوارانی ڕاگرت و چەندی لە زمانی قەدیس ڕۆمانۆس بڕیبوو،

ئەوەندەشی لە زەمانی ئەو بڕی؛ ڕێبوارەکە دەستبەجێ مرد، ئاخر، وەک نووسەری کتێبەکە بەوپەڕی زانست و داناییيەوە پێمان دەڵێ: "شیکاری جەستەی مرۆڤ دەریدەخات کە مرۆڤ بێ زمان ناژی". ڕاستت دەوێ، ئەگەر ئۆسابیۆس بەڕاستی ئەم قسە پڕوپووچانەی نووسیبێ _ ئەگەر بۆ کتێبەکەی زیاد نەکرابێ _ کەواتە چۆن متمانە بە "مێژووی کڵێسا"کەی بکەین؟

کاتێک چیرۆکی خاتوونەقدیس فلیستیا و حەوت منداڵەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەدەستی ئەنتۆنیۆسی عاقڵ و لە خواترس تێداچوون، ناوی نووسەری ئەم چیرۆکەمان بۆ ئاشکرا ناکات.

زیاتر پێ دەچێ، نووسەرێکی ڕاستگۆتر و دڵگەرمتر بۆ ئاین، دەیەوێ چیرۆکی مەککابی[٢٨]یەکان، بگێڕێتەوە. بەم شێوەیە دەست بەگێڕانەوە دەکات: "خانمەقدیس فلیستیا ڕۆمانی بوو، لە سەردەمی ئەنتۆنینۆسدا دەژیا"، لەم قسەیە ڕوون دەبێتەوە، نووسەر هاوسەردەمی خانمەقدیسەکە نەبووە، دەشڵێ، والیی ڕۆما لە دادگەکەی کە دەکەوێتە گۆڕەپانی کامپۆس مارسیۆس، داوەری کردن، کەچی ڕاستییەکە ئەوەیە، والی لە تەلاری کاپیتۆڵدا، داوەریی دەکرد، نەک لەو گۆڕپانەی کۆمەڵانی دەنگدەرانی لێ گرد دەبووەوە، دواتر، لە سەردەمی، ئەنتۆنینۆسدا، نواندنەکانی لەشکر و کێبەرکێ و یاریيە سەربازییەکانی تێدا بەڕێوە دەچوو. ئەمەش دیسان بەڵگەیە کە نووسەرەکەمان لەو سەردەمەدا نەژیاوە.

هەروەها لە زاری ئەوەوە دەڵێم، ئیمپراتۆر، پاش ئەوەی حوکمەکانی دەردەکرد، ئەوجا داوای لە دادوەران دەکرد حوکمەکە جێبەجێ بکەن: ئەمەش بەتەواوی پێچەوانەی ڕێوشوێنە پێڕەوکراوەکانی ئەو سەردەمە بوون، لە هەموو سەردەمێکیشدا هەر وابووە.

دیسان قدیسێک هەبوو ناوی هیپۆلیتۆس، دەگوترێ گوایە لەدووی ئەسپانیان ڕاکێشاوە، وەک هیپۆلیتۆسی کوڕی تازیۆسی پاشای گریک. ڕاستییەکەی ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە، لای ڕۆمانە کۆنەکان باو نەبووە، بێگومان، لێکچوونی ناوەکان، سەرچاوەی ئەم ئەفسانەیەیە.

لەگەڵ مندا سەرنج بدەن، چیرۆکگەلی گەشمردەکان، کە مەسیحییەکان خۆیان گێڕاویانەتەوە، بەردەوام باسی دیمەنگەلێکمان بۆ دەکەن، مەسیحییەکان، بەوپەڕی ئازادی، پێش بەندیخانەکە لە حوکمدراوەکە دەگرن، لەگەڵی دەچن بۆ گۆڕەپانی لەداردانەکە، بڕێک خوێنی هەڵدەگرن، دەینێژن، موجیزەگەل لە تەرمەکەی چێ دەکەن. باشە ئەگەر ئاین، وەک ئاین، ئامانجی چەوساندنەوەکە بووایە، ئەدی ئەو مەسیحییانەی مەسیحیبوونی خۆیان ناشارنەوە و پشتی برا حوکمدراوەکانیان دەگرن، تۆمەتباریشن بەوەی سیحربازی دەکەن بەپارچەکانی لەشی ئەوانەی تا مردن دارکاری دەکرێن، بۆچی ناکوژرێن؟ نەدەبووایە مامەڵەکردنیان وەک مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ڤاڵدییەکان، کاتارییەکان، هووسییەکان[٢٩] و گرووپە پرۆتستانتییەکانی ترمان کردبووایە؟ سەرمان بڕین، بەکۆمەڵ سووتاندمانن بێ گوێدانە تەمەن و ڕەگەز. ئاخ چیرۆکە ڕاستەکانی چەوساندنەوە کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، بەراورد دەکرێن لەگەڵ قەسابخانەکەی قدیس بارتلیمی یان

قەسابخانەکانی ئێرلەندا؟ ئەوانەی گێرامانەوە، یەک ڕووداویان تێدایە لەگەڵ ئاهەنگە ساڵانەکەی تۆلۆز بەراورد بکرێ، ئەو ئاهەنگە بێزەوەرە زۆر ناشیرینەی دەبێ نەمێنێ، سەرلەبەری دانیشتوانی شارێک بەکەژاوەیەکی ڕازاوە دەردەچن، تا سوپاسی خوا بکەن و پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن بەبۆنەی کوشتنی چوار هەزار هاوشاری خۆیانەوە پێش دووسەد ساڵ؟

بەڕاشکاوی، بەڵام ڕاستگۆیانە دەڵێم: ئێمە، مەسیحییەکان، خەڵکمان چەوساندووەتەوە؛ ئێمە خەڵککوژ و کوژراو بووین! کێمان کوشت؟ براکانمان. ئێمە بووین خاچ و کتێبی پیرۆزمان بەرز کردەوە و سەد شارمان وێران کرد؛ ئێمە وازمان لە خوێنڕێژی و هەڵگیرساندنی ئاگرەکان نەهێنا، هەر لە سەردەمی قوستەنتینەوە تا سەرشێتییەکانی مرۆڤخۆرەکانی چیاکانی سیڤین(٣٠)، سوپاس بۆ خوا کە ئێستا دووبارە نابنەوە.

ئێستەش، بەداخەوە، ماوە ناماوەیەک، سێدارە بۆ داماوەکانی بواتۆ، ڤیڤارێ، ڤالانس و مۆنتۆبان(٣١) هەڵدەخەین. لە ساڵی ١٧٤٥وە هەشت کەسمان لەوانە هەڵواسیوە کە پێیان دەگوترێ "مژدەدەر" یان "کاهینەکانی ئینجیل"، ئەوانەی هیچ گوناهێکیان نەکردبوو تەنیا پاڕانەوە نەبێ لە خوا، بەزمانی خۆیان، کە پاشا بپارێزێ، تنۆکێکیش مەی و نانەڕەقەیان دابووە هێندێک جووتیاری نەزان. لە پاریس شتی وا ڕوو نادات، لەوێ هیچ شتێک لە خۆشیی ژیان لە پێشتر نییە، لەوێ کەس ئاگەدار نییە لە دەڤەرەکان و نازانن دەرهەق بیانییان چ دەگوزەرێ. ئەو جۆرە داواکارییانە لە کەمتر لە سەعاتێکدا، حوکمەکەیان دەبڕێتەوە، خێراتر لە داوەریی سەربازێکی هەڵاتوو. ئەگەر پاشاش پێی زانی یەکسەر لێی خۆش دەبێ.

کاهینە کاتۆلیکییەکان، لە هیچ وڵاتێکی پرۆتستانتیدا وا مامەڵەیان لە تەکدا ناکرێ. ئاخر ژمارەی کاهینە کاتۆلیکییەکان لە ئینگلتەرا و ئێرلەندا، دەگاتە سەد؛ لەگەڵ ئەوەی ناسراون و پێناسەیان دیارە، کەچی لە شەڕەکەی ئەم دواییانەدا، بەئاسوودەیی دەژیان(٣٢).

ئاخۆ هەر دەبێ دواین کەس ڕاستەڕێ بگرین؟ نەتەوەکانی تر هەڵەکانی خۆیان ڕاست کردەوە: ئەدی ئێمە کەی هەڵەکانمان ڕاست دەکەینەوە؟ شەست ساڵمان ویست تا بڕوا بە تیۆرییە سەلمێنراوەکەی نیوتن بکەین؛ تازە بەهەزار حاڵ دەوێرین دەرزی لە منداڵەکانمان بدەین تا لە مردن ڕزگاریان بکەین؛ بەم دواییانە، ئینجا بنەوا دروستەکانی کشتوکاڵ جێبەجێ دەکەین؛ ئەدی کەنگێ دەست دەکەین بەجێبەجێکردنی بنەوا ئینسانییە ڕاست و ڕەوانەکان؟ بە چ ڕووقایمییەکەوە لۆمەی وەتەنییەکان دەکەین کە گەشمردەکانیان کوشتووە، کەچی هەمان دڵڕەقی و بێبەزەیمان دووبارە کردەوە؟ با وای دابنێین، ڕۆمانەکان، مەسیحیگەلێکی زۆریان سەبارەت بەئاینەکەیان کوشتووە: گەر وابێ، ڕۆمانەکان تاوانبارن، بەڵام ئاخۆ ڕاستە ئێمە بێین هەمان ستەم دووبارە بکەینەوە؟ ئاخۆ دەمانەوێ ببینە ستەمکار، لە کاتێکدا، لۆمەی ئەوان دەکەین کە ستەمیان لێ کردووین؟ خۆ ئەگەر لێرەدا مرۆڤێکی دەمارگیر و نیازخراپ دەنگ بەرز بکاتەوە و پێم بڵێ: خێرە تۆ هەر خەریکی پێشاندانی هەڵە و گوناهەکانمانی؟ بۆچی بەهای موجیزە درۆیینە و ئەفسانە

هەڵبەستراوەکانمان کەم دەکەیەوە؟ ئاخر ئەوانە، وەک خۆراکی خواناسی و تێشووی خواپەرستێن بۆ خەڵکێکی زۆر؛ بیرت چووە، هێندێک هەڵە هەن زۆر پێویستن؟ نازانی گەر لوویەکی خۆرسک لە جەستەی مرۆڤ دەرهێنی، جەستەکە دەمرێ؟ گەر دەنگێکی ئەوها بەرز بێتەوە، منیش ئەوها وەڵام دەدەمەوە:

تێکڕای ئەو موجیزە درۆیینانەی باوەڕی خۆتانی پێ کەم دەکەنەوە، ئەو باوەڕەی بۆ موجیزە ڕاستەقینەکان پێویستە، هەموو ئەو ئەفسانە نامافوولانەی دەیخەنە سەر ڕاستییەکانی نێو ئینجیل، چرای ئاین لەنێو دڵاندا دەکوژێنێتەوە. ئاخر خەڵک زۆرن حەزیان لێیە فێر بن، وەلێ چونکە کاتی خۆرۆشنبیرکردنیان نییە، دەگەنە ئەوەی بڵێن: مامۆستاکانمان لەخشتەیان بردین، نە ئاین هەیە و نە هیچ، کەواتە؛ وا چاکترە خۆمان بهاوینە ئامێزی سروشت نەک ئامێزی هەڵە، خۆمان بدەینە دەست سروشت نەک تووڕەهاتەکانی مرۆڤ. خەڵکانێک لەمەش واوەتر دەچن، بەداخەوە: لەخشتەبردن تاکە ڕێگەی ڕاگرتنیان بووە، بۆیە مل بۆ ڕاستیش نادەن و بەرەو بێباوەڕی (الالحاد) دەخزێن. بەم شێوەیە، هێندێک کەس نزم و بێ ئەدەب دەردەچن، چونکە هێندێکی تر، فێڵباز و ساختەچی بوون لەگەڵیان.

ئا ئەوە ئەنجام و لێکەوتەوەی لەخشتەبردنە بەناوی خواپەرستی و هەموو جۆرەکانی تری بیروباوەڕی هیچ لەباردا نەبوو. خۆ خەڵکە ڕەشورووتەکە، نازانن تا ئەوپەڕی مەسەلەکان بڕۆن و شەنوکەویان بکەن.

پاساوێکی چەند بێ سەروبەر و بۆشە، پاساوی ئەوانەی دەڵێن: مادام ڤۆراجین(٣٣)، نووسەری "داستانی زێڕین"، ڕاهیبی یەسووعی ڕیبادنێرا(٣٤)، لە قسەی پڕوپووچ زیاتریان نەگوتووە، مانای وایە خوا هەر نییە؛ یان پاساوی ئەوەی دەڵێ: چونکە کاتۆلیکییەکان، ژمارەیەک هۆگۆنووتییان سەر بڕیوە، هۆگۆنووتییەکانیش، کەمیان بەکاتۆلیکییەکان نەکردووە، ئیتر خوای چی، کوا خوا؟ یان پاساوی ئەوانەی دەڵێن: مادام نهێنییە پیرۆزەکان هەر هەموویان خرانە خزمەت بێزەوەرترین تاوانگەلەوە، ئەوە نیشانەی نەبوونی خوایە. بەڵام من دەگەمە ئەنجامێکی تەواو پێچەوانە و دەڵێم: کەواتە خوایەک هەیە بەزەیی پێماندا دێتەوە و دڵمان دەداتەوە و هەقی ئەو هەموو کارەسات و مەرگەساتانەمان بۆ دەکاتەوە. لە دنیایەکی کاتیدا، خوامان بیر چووەوە و بەناوی ئەوەوە، دەستمان چووەتە هەموو تاوانێکەوە: ئاخر ئەگەر لە شەڕە ئاینییەکان ڕامێنین؛ لە لێکترازانی پاپاکان کە خۆیان لە چل جاران دەدەن ورد بینەوە کە نێزیکەی هەر هەموویان ڕووداوگەلێکی خوێناوی بوون؛ دیقەت لەو هەموو جۆرە فێڵبازی و لەخشتەبردنە بدەین کە تا بڵێی خراپەیان لێ کەوتەوە؛ لەو هەموو کۆنەقینەی بیروباوەڕی لێکنەچوو تەقاندنیانەوە؛ ئەگەر باس لە هەموو خراپەکانی سەرگەرمیی ئاینی درۆینە بکەین، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤگەل ڕۆژگارێکی زۆر لەم دنیادا لە دۆزەخدا ژیاون.

## بەشی یازدەم

## زێدەڕۆیی لە دەمارگیریدا

لەوانەیە کەسێک بڵێ: پێم وایە مافی هەر هاووڵاتییەکە بەگوێرەی عەقڵی خۆی بکات، باوەڕیشی بەهیچ نەبێ جگە لەوەی دەچێتە عەقڵییەوە، جا عەقڵی لەسەرخۆی یان شێواو بێ؟ بەڵێ، هەر ئەمەش دەویستری[٣٥]، بەو مەرجەی ڕێسا تێک نەدەین: ئاخر ئەگەر باوەڕهێنان و نەهێنان بەدەست مرۆڤ خۆی نەبێ، کەواتە، ناچارە، ڕێزی دابەکانی نیشتمانەکەی بگرێ؛ خۆ ئەگەر دەڵێن باوەڕنەهێنان بەئاینی باو، تاوانە، ئەوە خۆتان سەرکۆنەی باوانتان، مەسیحییانی پێشەنگ دەکەن، پاساویش بۆ هەڵوێستی ئەوانە دێننەوە کە تۆمەتباریان دەکەن بەوەی باوانتانیان چەوساندووەتەوە و کوشتوویانن.

ڕەنگە وەڵام بدەنەوە بڵێن، جیاوازییان زۆرە، خۆ هەموو ئاینەکانی تریش، دروستکراوی مرۆڤن، تەنیا کڵێسای کاتۆلیکی و پەیامبەرێتیی ڕۆمانی نەبێ دەستکردی خوان. بەڵام سەیرە: چونکە ئاینەکەمان خواییە، پێویستە بەکینە، توندوتیژی، شاربەدەرکردن، دەستبەسەراگرتنی موڵک و ماڵ، بەندیخانە، دارکاری، کوشتن و سوپاسگوزاریی خوا سەبارەت بەئەنجامدانی ئەم تاوانانە، بیسەپێنین؟ ڕاستت دەوێ، چەند ئاینی مەسیحی، ئاینێکی خوایی بێ، پێویستە هێندە دەستی مرۆڤەکانی لێ دوور بێ.

مادام ئاینەکە دروستکراوی خوایە، خوا بۆ خۆی جێگیری دەکات و دەیپارێزێ بێ یارمەتیی هیچ کەسێک. ئێوە چاک دەزانن، دەمارگیری، تەنیا یاخی و دووڕوویی لێ شین دەبێ: ئای کارێکی چەند نابەجێیە! ئاخۆ دەتانەوێ، لە کۆتاییدا، پەنا ببەنە گرووکاران (جەلادان) بۆ پشتیوانی لە ئاینی خوایەک کە هەرچی پێی ناخۆشە، گرووکاران کردوویانە، خوایەک، بانگەشەی هیچی نەکردووە بەزەیی و دانبەخۆداگرتن نەبێ؟

تکاتان لێ دەکەم، لە ئەنجامە تۆقێنەرەکانی یاسای دەمارگیری، ڕامێنن. خۆ ئەگەر بشێ دەست بەسەر ماڵ و موڵکی هاووڵاتییەکدا بگیرێ، فڕێ بدرێتە کونجی زیندانەوە و بگرە بکوژرێ، چونکە لە ناوچەیەکی جوگرافیدا، نەچووەتە سەر ئاینی ئەو ناوچەیە، کەواتە چی دەبێتە ڕێگر لە بەردەم سەپاندنی هەمان ئەو سزایانە بەسەر گەورەبەرپرسانی دەوڵەتدا؟ ئاخر ئاین بۆ شا و گەدا وەک یەکە: لەبەر ئەوە بوو، نێزیکەی پەنجا فەقێی لاهووتی بەکۆی دەنگ بڕیارێکی قێزەونیان دا کە ڕێ بەلابردن و لەنێوبردنی هەر پاشایەک دەدا، بیروباوەڕی وەک کڵێسای وڵاتەکەی نەبێ. دروست ئەمەش وای لە دادگەکانی شانشین کرد، حوکمگەلێکی یەک لە دوای یەک دەربکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە بێزەوەرەی کۆمەڵە لاهووتییەکی بوغزن[٣٦].

هێشتا خوێنی هینریی مەزن[٣٧]، تەڕ بوو، دەمێک، دادگەی باڵای پاریس، بڕیارێکی دەرکرد کە

سەربەخۆیی تەختی پاشایەتی، دەکاتە یاسایەکی بنچینەیی لە یاساکانی دەوڵەت. بەڵام کاردینال دوبرۆن[٣٨]، کە پاشای غەدرلێکراو پلە و پایەیەکی پێ ڕەوا بینیبوو، ئەوە بوو لە کاتی بەستنی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی سێ چینەکەی[٣٩]، لە ساڵی ١٦١٤دا، بەرەنگاری ئەو بڕیارە بووەوە و توانی هەڵی وەشێنێتەوە. ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژگارە بەشێک لە وتارەکەی کاردیناڵیان بڵاو کردەوە کە دەڵێ: "ئەگەر پاشایەک لە پاشایان ویستی باوەڕ بەئاریوسییەت بێنێ، دەمودەست لایدەبەین".

نەخێر، بەدڵنیاییەوە، ئەی جەنابی کاردینال، تەنانەت ئەگەر ئەشهەدوو بۆ گریمانە خەیاڵییەکەت بکەین، بیسەلمێنین کە پاشایەک لە پاشاکان مێژووی بابەکانی کڵێسا و کۆڕبەندەکانی خوێندووەتەوە و ئەم ڕستەیەش: "بابم لە من مەزنترە"، زۆری کار تێ کردووە و پیت بەپیت تێیان گەیشتووە و لە نێوان هەردوو کۆڕبەندی نیقیا و قوستەنتینیەدا هەر ئەمبەر و ئەوبەری بووە، دواجار لایەنی ئۆسابیۆسی نیقۆمیدی[٤٠] گرت، من هەر گوێڕایەڵی پاشای خۆم دەبم و پابەندی بەڵێنەکەشم دەبم کە پێم داوە. خۆ ئەگەر وێراتان لێی یاخی بن، منیش یەکێک بم لە قازییەکانتان، بەتاوانبارتان دادەنێم دەرهەق بەپاشا.

کاردینال دوبرۆن، لە ڕووبەڕووبوونەوەکەیدا، زۆر لەوە واوەتر چوو کە بەئەنقەست کورتم کردەوە. ئاخر لێرەدا هێندە بوار نییە لە بۆچوونە سەقەتەکانی ورد بینەوە کە مایەی بێزارین: هێندە دەڵێم، قسەکەشم قسەی نێو دڵی هەموو هاووڵاتییانە، ئێمە لەبەر ئەوە گوێڕایەڵی هینریی چوارەم نەبووین، چونکە لە کاتدرائییەی شارتەرەوە کرا بەپاشا، بەڵکە لەبەرئەوەی مافی کوڕایەتی کە چەندوچۆنی لەسەر نییە، تەختی پاشایەتیی دا بەو پاشا ئازا و پیاوچاکەی شایستەی بوو.

دەبا کاردینال ڕێگەمان بدا بڵێین: هەر هاووڵاتییەک، بەگوێرەی مافی کوڕایەتی، مافی خۆیەتی هەرچی لە بابی دەمێنێتەوە بۆ ئەو بێ، ئیتر بەڕاستی ئێمە لەوە تێ ناگەین بۆچی لەو میراتییە بێ بەش دەکرێ و ڕاپێچی سێدارە دەکرێ، چونکە پشتیوانیی لە راترامۆس[٤١] کرد دژی ڕادبرتۆس باشیاسۆس، لایەنی بیرانجێی[٤٢] گرت دژی سکۆت.

ئێمە دەزانین بیروباوەڕەکانمان وەک پێویست ڕوون نەکراونەتەوە، هەرگیزیش کڵێسا لەبارەیانەوە یەکدەنگ نەبووە. چونکە یەسووعی مەسیح ئاگەداری نەکردووین گیانی پیرۆز (روح القدس) لە کوێوە هەڵدەکشێ، کڵێسای لاتینی، وەک کڵێسای یۆنانی، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەو باوەڕەدا بوون، کە هەر دەبێ لە بابەوە هەڵکشێ؛ وەلێ دواتر باوەڕێکی تریان خستە سەر کە لە کوڕیشەوە هەڵدەکشێ. من دەپرسم: ئاخۆ ئەوە داپەروەرییە، لە سەروبەندی ئەو بڕیارەدا، سزای مردن بدرێ بەسەر هاووڵاتییەکدا کە لەسەر بیروباوەڕەکەی دوێنێ بوو؟ ئاخۆ ئێمە لەو خەڵکانە کەمتر دڵڕەق و ستەمکارین لۆمەیان دەکەین، ئەگەر ئەمڕۆ کەسێکمان سزا دا کە لەسەر بیروباوەڕی دوێنێ ماوەتەوە؟ ئاخۆ کێ لەوە گوناهبارترە لە سەردەمی هۆنۆریۆسی یەکەمدا[٤٣] باوەڕی وابوو مەسیح یەک ئیرادەی هەیە نەک دووان؟

ڕۆژگارێکی زۆر بەسەر باوەڕی "دووگیانی بێ پیسی"[٤٤]دا، تێ نەپەڕیوە، ئەو باوەڕەی هێشتە بابە دۆمێنیکانییەکان نەیانسەلماندووە، باشە، ئەدی کەنگێ سزا دەدرێن، لەم دنیا یان لەو دنیا؟ لە چ سەردەم و ڕۆژگارێکدا؟

ئەگەر یەکێک شایستەی ئەوە بێ بەشایەتی بگرین لەم شەڕەقسانەماندا کە نابڕێتەوە، پەیامبەران و نووسەرانی ئینجیلن. ئەو ناکۆکییەی کەوتە نێوان هەردوو قدیس پۆڵس و پوترسەوە بای هێندێ بوو، لێکترازانێکی توند دروست بکات. لە نامەیەکدا بۆ خەڵکی غەلاتییە، پۆڵس بەڕاشکاوی دەڵێ، بۆیە دژی پوترس بوو، چونکە هەڵوێستەکەی ئەمەی دوایی، شایانی سەرکۆنەکردنە، چونکە وەک برنابا[٤٥]، مەرایی دەکرد. ئاخر چونکە ئەو دووانە هەر لەگەڵ وەتەنییەکان (بتپەرستان) نانیان دەخوارد پێش گەیشتنی یەعقووب[٤٦]، دوایی هێندەی نەبرد بەنهێنی خۆیان دزییەوە و لێکتر جیا بوونەوە، نەبادا هەستی خەتەنەکراوان بڕوشێنن[٤٧]. "بۆم ڕوون بووەوە، پۆڵس دەڵێ، هەستان و دانیشتنیان، بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانی ئینجیل نەبوو؛ بە پوترسم گوت، ئەگەر تۆی جوو، وەک وەتەنییەکان دەژیت، نەک وەک جوو، بۆچی وەتەنییەکان ناچار دەکەی ببنە جوو؟".

ئەمە مایەی ناکۆکییەکی توند بوو: ئاخۆ ئەوانەی تازە بوونەتە مەسیحی دەبێ بچنە سەر ئاینی جووان یان نا، ئەو کاتە، قدیس پۆڵس تا ئەو جێیە دەچوو، قوربانیی لەبەر پەیکەرەکەی قودسدا پێشکێش دەکرد. وەک دەزانرێ، هەر پازدە قەشە پێشەنگەکەی قودس، جووی خەتەنەکراو بوون، بەتەواوی پابەندی ئەرکەکانی ڕۆژانی شەمموو دەبوون و گۆشتی حەرامیان نەدەخوارد. ڕاستت دەوێ، گەر ئەمڕۆ قەشەیەکی ئیسپانیایی یان پورتوگالی خەتەنە بکات و پابەندی ئەرکەکانی شەمموان ببێ، دەیسووتێنن. کەچی قەت پەیامبەران و پێشەنگانی مەسیحییەت، بەم پرسە هەستیار و بنەڕەتییە، شێلو نەبوون.

ئەگەر بنووسانی ئینجیل وەک بنووسانی ئەمڕۆ بوونایە، مەودای ناکۆکییان زۆر فرەوانتر دەبوو. ئاخر قدیس مەتیی ئینجیلی، بیستوهەشت نەوە لە نێوان داود و مەسیحدا دەبژێرێ، کەچی قدیس لۆقا، چل و یەک نەوە دەبژێرێ، ناوەکانی لای ئەمیان زۆر جیاوازە لەویان. سەرەڕای ئەوە، ناکۆکیی نەکەوتە نێوان قوتابییانی مەسیحەوە سەبارەت بەم دژبەرییە ئاشکرایانەی کە کۆمەڵێ بابی کڵێسا، توانییان بەجوانترین شێوە ناوکۆیی لە نێوانیاندا دروست بکەن. بەم شێوازە، خۆشەویستی مایەوە و ئاشتی نەکەوتە مەترسییەوە. بڵێی وانەیەک لەمە مەزنتر هەبێ بۆ ئەوەی بەرانبەر یەکتر لێبووردە بین و لەو پرسانەدا کە جێی لێکتێنەگەیشتنی نێوانمانن، نەرمی بنوێنین!

لە نامەکەیدا بۆ هێندێ لەو جووانەی ڕۆما کە بووبوونە مەسیحی، قدیس پۆڵس، سەرلەبەری کۆتاییی بەشی سێیەمی نامەکە تەرخان دەکات بۆ ئەوەی دووپاتی بکاتەوە مرۆڤ تەنیا بەباوەڕداری بەنەمری دەمێنێتەوە، کەسیش بە کار و کرداری ناچێتە پلە و پایەی هاوەڵان.

بەپێچەوانەوە، دەبینین قدیس یەعقووب، لە بەشی دووەمی نامەکەیدا بۆ ئەسپاتەکانی هەر دوازدە نەوەکەی ئیسرائیل کە بەچوار نیهالی دنیادا پەرت بوون، چەندان جار دووبارەی دەکاتەوە کە ڕزگارکەری مرۆڤ، تەنیا کردارە. ئا ئەمە جیاوازیی نێوان ئەو دوو گەورەتایەفەیەیە، کەچی نەگەیشتە ئەوەی پەیامبەران دووکەرت بن.

ئەگەر چەوسانەوەی ئەوانەی لە بۆچووندا لەگەڵیان جیاوازین، بەڕاستی ئەرکێکی ئاینی بووایە، دەبا دەست لە سنگان بکوتین کە ئەو کەسەی زۆرترین هەرتوقی دەکوژێ، دەبێتە مەزنترین قدیسەکانی بەهەشت؛ بڵێی پلە و پایەی ئەو کەسەی تاوانەکەی لە ڕووتکردنەوەی براکانی و بەندکردنیان تێ نەپەڕاندبێ چی بێ، بەبەراورد لەگەڵ ئەو هەڵەشەکارە ئاینییەی لە ڕۆژی جەژنی قدیس بارتلیمیدا سەدانی کوشت؟ دە لێ گەڕێن بەڵگەتان بدەمێ.

وەک پێمان دەگوترێ، جێگری (خەلیفە) قدیس پوترس و کۆڕبەندی کاردیناڵەکانی، بێبەرین لە گوناهان؛ ئەوانە (خەلیفە و کۆڕبەند)، پشتیوانییان لە ڕووداوەکانی جەژنی قدیس بارتلیمی کرد و پێیاندا هەڵگوت و چەسپاندیان: کەواتە، ئەو ڕووداوانە، بەڕوخسار پیرۆزن. ئەمەش مانای وایە، تەنانەت ئەگەر دوو لە بکوژان لە ئاستی لە خواترسیدا یەکسان بن، ئەگەر یەکێکیان ورگی بیست و چوار دووگیانی پرۆتستانتی هەڵدڕیبێ، نەمرترە لەوەی ورگی تەنیا دوازدەی هەڵدڕیوە. هەر بەو پێیە، دەمارگیرەکانی چیاکانی سیڤێن، باشی بۆ چووبوون کە باوەڕیان وا بوو تا کاهین و پیاوانی ئاینی و ژنانی کاتۆلیکی زیاتر سەرببڕن، هێندە نەمرتر دەبن. ئای چەند پسووڵەگەلێی سەیر و عەنتیکەن بۆ ئەوەی مرۆڤ بگاتە نەمریی تاهەتایی!.

پەڕاوێزەکان

١- میترا: خواوەندێکی ئێرانییە، لە هیندستانیش دەپەرسترا. ئاینەکەی لە سەردەمی هلنستیدا بەئاسیای بچووکدا بڵاو بووەوە، دواتر لە سەدەی یەکەمی پێش زاین گەیشتە ڕۆما. (و . ع).

٢- ئاماژەیە بۆ عەشتار. (و . ع).

٣- ئێمە بەدڵنیاییەوە ڕێزی هەموو ئەوانە دەگرین کە کڵێسا ڕێزیان بۆ دادەنێ: دواتر ئێمە لە گەشمردە قدیسەکان دەپاڕێینەوە؛ بەڵام ئاخۆ بۆمان نییە گومان بکەین، لەگەڵ ڕێزماندا بۆ قدیس لۆرانسیۆس کە قدیس سیستۆس پێی گوتبێ: پاش سێ ڕۆژی تر دێی بۆ لام؛ والیی ڕۆماش لەو ماوە کورتەدا داوای لێ کردبێ پارە و پوولی مەسیحییەکانی ڕادەست بکات؛ شەماشە لۆرانسیۆس لەو ماوە کەمەدا سەرلەبەری هەژارانی شارەکەی کۆ کردبێتەوە، پێش والی کەوتووە تا بیگەیەنێتە ئەو شوێنەی خەڵکە ڕووتوڕەجاڵەکەی لێ گرد بووەتەوە؛ حوکم و دارکاریش کراوە؛ گوایە والی داوای لە ئاسنگەرێک کردووە ئاگردانێکی برژاندنی بۆ ئامادە بکات کە بەکەڵکی برژاندنی مرۆڤێک بێت؛ گەورە دادوەرانی شاریش، شایەتی بەچاودیتەی ئەم دارکارییە سەیرە بووبێ، قدیس لۆرانسیۆس ئەو دەمەی بەسەر ئاگردانەکەوە بووە گوتوویەتی: "ئەم لایەم تەواو برژاوە، بمخە سەر لاکەی تر گەر دەتەوێ بمخۆی"؟ ئاخر ئاگردان یان مقەڵی برژاندن، لای ڕۆمانەکان هەرگیز وەک دارکاری بەکار نەهاتووە، دوای ئەوە، ئەدی بۆچی هیچ

نووسەرێکی وەتەنی ئەو ڕووداوانەی نەگێڕاوەتەوە؟

٤- کایۆس دیوقلیسیانۆس (دەوروبەری ٢٤٥ _ ٣١٣ز): ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی، ماکسیمیانۆسی کردە هاوبەشی خۆی لە فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆماندا و بەشی ڕۆئاوای پێ سپارد، ڕۆهەڵاتیشی بۆ خۆی هێشتەوە، دواتر، بۆ ئەوەی ڕێگەگەلی چاکتر بۆ بەرگریکردن لە ئیمپراتۆرییەت بدۆزێتەوە، بناغەی فەرمانڕەوایی چوارقۆڵی داڕشت، ئەوە بوو ئیمپراتۆرییەکەی کرد بەچوار قەیسەرییەوە، هەڵمەتێکی چاکسازیی فرەوانی بەرپا کرد کە کارگێڕی و لەشکر و دادوەری و دارایی گرتەوە، لە نێوان ساڵانی ٣٠٣ _ ٣٠٤دا مەسیحییەکانی چەوسانەوە، لە ٣٠٥دا وازی لە تەختی ئیمپراتۆریی هێنا. (و . ع).

٥- گیوم فارێل (١٤٨٩ _ ١٥٦٥): قەشەیەکی فرەنسایی و لە پێشەنگەکانی بزاڤی چاکسازیخوازی پرۆتستانتی بوو، لە ساڵی ١٥٣٨ی زاینەوە، سەرۆکایەتیی کڵێسای نوشاتێلی سویسراییی وەرگرت. (و . ع).

٦- سەنتوور: لە میتۆلۆجیای گریکدا، بوونەوەرێکی ئەفسانەیییە، نیوە مرۆڤ و نیوە ئەسپ؛ سانتوور، جنۆکەیەکە، پێوەستە بەپەرستنی دیۆنیسیۆسەوە هەر لە میتۆلۆجیای گریکدا. (و . ع).

٧- ئەنتۆنیۆس: گەنجێکی گریکی زۆر جوان، شانسێکی چاکی هەبوو لای ئیمپراتۆر هەدریانۆس. (و . ع).

٨- ویستمان بگەڕێینەوە بۆ فرجیلیۆس، تا ببینین چۆن ڕۆمانەکان باوەڕیان هەبووە بەخوایەکی مەزن و باڵا و گەورەی سەرلەبەری بوونەوەرە ئاسمانییەکان:

"ئەی تۆ، ئەی ئەوەی توانا

ئەزەلییەکەت حوکمی مرۆڤ و خواوەند دەکات

ئەی تۆ، ئەی ئەوەی برووسکەکانت گەردوون دەتۆقێنێ"

(ئەنیادە، سروودی دەیەم، بەیتی ١٨)

هۆراسیۆس هێشتە ئاشکراتر دەیدرکێنێ:

"ناشێ شتێکت لێ دەرچێ لە تۆ مەزنتر بێ

ناشێ شتێک لە تۆ بچێ، شتێک هاوتات بێ"

(کتێبی یەکەم، سرووودی ١٢، هەردوو بەیتی١٧ و ١٨)

لە سرووتە ئاینییەکانی ڕۆماندا کە زۆربەی ڕۆمانەکان بەشدارییان تێدا دەکردن، هەموو دوعا و نزا و نەزیلەکان باسیان لە یەکتاییی خوا دەکرد. با بگەڕێینەوە بۆ سرووده هەرە جوانەکەی ئۆرفیۆس؛ با نامەکەی ماکسیمۆسی مادووری بۆ قدیس ئۆگستینۆس بخوێنینەوە کە دەڵێ:

"تەنیا نەزانەکان باوەڕیان بە خوایەکی مەزن و باڵادەست نییە"

دیسان لۆنجینیانۆسی وەتەنیش، بۆ ئۆگستینۆسی نووسیوە: "خوا یەکە، نە دەرک دەکرێ، نە وەسپ هەڵدەگرێ"؛ بگرە تەنانەت لاقتانسیۆس کە پیاوێکی کەلەڕەق بوو، لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەیدا "ڕێنوێنییە خواییەکان" دەیسەلمێنێ "ڕۆمانەکان خواوەندەکانیان دەخەنە بندەستی خوایەکی

بالادەستـــەوە". هەروەها ترتۆلیـانۆس خـۆی لـە "بەرگـری"یەکـەیدا (بەشی ٢٤)، دەڵێ سـەرلـەبەری ئیمپراتۆرییەت باوەڕیان بە خوایەکی گەورەی هەموو دنیا، خاوەنی هێزێکی ڕەها و مەزن، هەبووە. با بەتایبەتی بگەڕێینەوە بۆ ئەفلاتوون، مامۆستای شیشرۆن لە فەلسەفەدا و ببینین چی نووسیوە: "تەنیا خوایەک هەیە، دەبێ ئەو بپەرستین، خۆشمان بوێ، کار بکەین بۆ ئەوەی لە پیرۆزی و دادپەروەریی و بەویژدانیدا لەو بچین". ئیقتاتۆس لە تۆمارەکانیدا و ئەنتۆنیۆس لە وتارەکانی تەختدا، هەمان ئەو قسانەیان هەزاران جار گوتووەتەوە.

٩- درۆیدییەکان: نازناوی ئەو دەستەبژێرە ئاینی و کۆمەڵایەتییە بوو کە لە شارستانییەتی کلتیدا، خودان ئاین و زانست بوون و تکاکاری مرۆڤ بوون لای خواوەند، سەرباری بەجێگەیاندنی سرووتەکان و پێشکێشکردنی قوربانی، درۆیدییەکان، ڕاوێژکاری پاشا و فەرماندەگەلی شەڕ بوون، ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاریی ڕۆمانەکان و پەلکێشانی مەسیحییەت. (و . ع).

١٠- کوانتۆس ترتۆلیانۆس: پیاوێکی لاهووتی، لاتینییەکی بەرگریکار لە بیروباوەڕی مەسیحییەت، لە نێوان ١٥٥ و ١٦٠ی زایندا لە قەرتاجە لەدایک بووە و دەوروبەری ٢٣٠ مردووە، بەرەچەڵەک لە خێزانێکی وەتەنیی ئەفریقیایی بوو. لە قەرتاجە ئەدەب و یاسای پێکەوە خوێند، کۆکردنەوەی ئەم دووانە، وای کرد ناوبانگێکی باش پەیدا بکات لە کاتی بەرگریکردن لە بیروباوەڕی مەسیحییەت، ناودارترین کتێبەکانی "بەرگری"یە. (و . ع).

١١- لۆقیۆس لاقتانسیۆس: فەیلەسووف و بەرگریکارێکی مەسیحیی لەدایکبووی ٢٥٠ز نومیدیای باکوری ئەفریقیا بوو، ساڵی ٣٣٠ز لە سەردەمی قوستەنتینی یەکەمدا، لە تریڤنی ئەڵمانیا مردووە. خوێندەوارییە بەرزەکەی وای لە ئیمپراتۆر دیۆقلیسیانۆس کرد ساڵی ٢٩٠ز داوای لێ بکات کورسیی ڕەوانبێژیی لاتینی لە نیقۆمیدیای ئاسیای بچووک وەرگرێ. ئەو شالاوە چەوساندنەوانەی دیۆقلیسیانۆس بەدژی مەسیحییەکان بەرپای کرد، ئەمیشی بەرکەوت، ناچار بوو نیقۆمیدیا جێ بێڵێ. قوستەنتین پەروەردەکردنی خریزیبۆسی کوری پێ سپارد. ناودارترین کتێبەکانی "لەبارەی دروستکراوەکانی خواوە" ، "ڕێنوێنییە خواییەکان"، لەبارەی غەزەبی خواوە". (و . ع).

١٢- هەڵەی ڤۆڵتێرە یان بڵاوکارەکە، ئاخر ئەم شایەتییە لەبارەی داقیۆسەوە لە کتێبی "بەرگری"ی ترتۆلیانۆس وەرنەگیراوە، بەڵکە لە کتێبی لاقتانسیۆس وەرگیراوە کە ناونیشانەکەی: "لەبارەی مردنی چەوسێنەرانی کڵێساوە"یە. (و . ع).

١٣ هینری دۆدویل: لاهووتی و مێژوونووسێکی ئێرلەندایییە (١٦٦١ _ ١٧١١)، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد، چەندان کتێبی هەیە لەبارەی سەردەمی ڕۆمانەکان و هێندێک لە قدیسەکان. (و . ع).

١٤- ئاماژەیە بۆ تونس کە ڕۆمانەکان پێیان دەگوت ئەفریقیا. (و . ع).

١٥- ئۆریجانۆس: لاهووتییەکی یۆنانی ساڵی ١٨٥ی زاین لە ئەسکەندەریە لەدایک بووە، وەک دەگوترێ هەر لە سوور (لبنان)، ساڵی ٢٥٢ یان ٢٥٣ مردووە. بنکەیەکی خوێندنی باڵای ئاینیی لە ئەسکەندەریە دامەزراند، ئەو بنکەیە کە ناوی "دیدا سکالیۆن" بوو، بووە بناغەی ئەو زانکۆیەی لە سەدەکانی نێوەڕاستدا دامەزرا. سەرەختێ داقیۆس گیرا و دارکاری کرا، بەڵام نەکوژرا. ئۆریجانۆس،

بەبلیمەتترین کەسەکانی کڵێسای مەسیحی بەزمانی یۆنانی دادەنرێ. لە کتێبە بەناوودەنگەکانی "لەبارەی بنەواکانەوە" و "شەشینەکان". (و . ع).

١٦- قلسۆس: فەیلەسووفێکی ئەبیقۆری یۆنانی بوو، لە سەدەی دووەمی زاین سەروەختی ئیمپراتۆر ترایانۆس و پاشتردا ژیاوە. لەوانەیە دەوروبەری ١٧٨ز مردبێ. هیچ لەبارەی نووسینەکانییەوە نازانین، تەنیا کتێبێکی نەبێ "وتاری ڕاستەقینە"، لەو کتێبەدا، قلسۆس، بەناوی عەقڵەوە، بەرەوڕووی نەسرانیەتی نوێ بووەوە. ئۆریجانۆس لە کتێبی "لە وەڵامدانەوەی قلسۆسدا" بەرپەرچی دایەوە. (و . ع).

١٧- ئەم گوتە و بۆچوونە پێویستی بەسەلماندنە، ئەو کات پێویستە لەسەرمان دان بەوەدا بنێین کە لەوەتەی مێژوو جێگەی ئەفسانە و داستانەکانی گرتووەتەوە، وا تەماشای میسرییەکان دەکرێ کە پەرت و ترسنۆکن. ئاخر قەمبیز بەشەڕێک دەستی بەسەر میسردا گرت؛ ئەسکەندەر، بێ شەڕ خۆی سەپاند، بێ ئەوەی تاکە شارێک خۆی تووشی گەمارۆ بکات؛ بەتاڵمییەکان زۆر ئاسان گرتیان؛ قەیسەر و ئۆگستس وەک ئاوخواردنەوە دەستیان بەسەردا گرت، عومەر "عەمری کوڕی عاس (و . ع)" بەیەک هێرش میسری هەموو گرت؛ دوای ئەو، مەمالیک کە لە کۆلخیدیا و "گورجستانی ئێستا(و . ع)" دەوروبەری قەوقازەوە هاتبوون، بوونە کاربەدەستی میسر؛ ئەوە مەمالیکەکان بوون، نەک میسرییەکان، لەشکری قدیس لویسیان تێک شکاند و پاشایان بە دیل گرت. بەڵام هەرکە مەمالیکەکانیش بوونە میسری، واتە شل و شێواو، ترسنۆک، تەمبەڵ، حولحولی بوون وەک دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ناوچەکە، سوڵتان سەلیمی یەکەم توانی لە ماوەی سێ مانگاندا بیانخاتە بندەستی خۆی، سوودانیش داگیر بکات، ئەو ویلایەتەشی خستە سەر ئیمپراتۆرییەتی تورک، تا ڕۆژێک بەربەرییەکانی تر دێن و دەستی بەسەردا دەگرن.

هیرۆدۆتس، دەگێڕێتەوە، سەردەمانێکی زۆر کۆن و نەمر، پاشایەکی میسری بەنێوی سیزۆستریس، ویستی دنیا داگیر بکات؛ ئاشکرایە پڕۆژەی وا هەر لە خەڵکی وەک بیکرۆکۆڵ "کەسێتییەکی خەیاڵییە لە پاڵەوانانی چیرۆکی گرگنتوای نووسەری فرەنسایی فرانسوا رابلیێیە. (و . ع)." یان دۆن کیشۆت؛ جا لەبەرئەوەی ناوی سیزۆستریس، میسری نەبوو، هەقی خۆمانە ئەم ڕووداوە و ڕووداوەکانی پێشوو، بخەینە چوارچێوەی حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەوەوە. ئاخر ناوکۆییی هەموو گەلە ژێردەستەکان؛ هەڵبەستنی چیرۆکگەلی پڕوپووچە لەبارەی مەزنیی ڕابردوویانەوە، وەک چۆن خێزانە بێ دەرەتانەکان، دەڵێن گوایە بەڕەچەڵەک دەچنەوە سەر بنەماڵەی پاشایان. کاهینەکانی میسر بۆ هێرۆدۆتسیان گێڕاوەتەوە گوایە پاشاکەیان، سیزۆستریس، بۆیە چاوی بڕیبووە کۆلخیدیا تا داگیری بکات و بیخاتە سەر مەملەکەتەکەی، ئەم قسەیەی کاهینەکانی میسر، چەند لە قسەی ئەوانە دەچێ کە دەیانگێڕایەوە گوایە پاشای فرەنسا، دەڤەری تۆرینی جێ هێشت تا دەست بەسەر نەرویجدا بگرێ!

ئەم حیکایەتانە هەزاران جار بگوترێنەوە و بنووسرێنەوە، بڕوای زیاتریان پێ ناکرێ؛ ئەوەی زیاتر دەچێتە عەقڵەوە ئەوەیە؛ کۆلخیدییەکان، دانیشتوانی ئازا و جەربەزەی قەوقاز، لە پاڵیاندا، سیقییەکانیش کە زۆر جاران ئاسیایان وێران کردووە، ئەوانن ڕوویان کردبێتە میسر؛ ئەوەی کاهینە کۆلخیدییەکان نەریتی خەتەنەیان بردبێتەوە وڵاتەکەیان، هەرگیز بەڵگەی ئەوە نییە ئەوان ژێردەستەی میسرییەکان بووبێتن. دیۆدۆرسی سقللی دەیگێڕێتەوە گوایە هەموو ئەو پاشایانەی سیزۆستریس، شکاندبوونی، ساڵانە لەوپەڕی دنیاوە دەهاتنە لای و باج و خەراجی خۆیان دەدا، سیزۆستریسیش

دەیکردنە ئەسپی ئەو عەرەبانە پاشایانەیەی پێی دەچوو بۆ پەرستگە. ئەم حیکایەتانەی گرگنتوا، ڕۆژانە نووسەران دووپاتیان دەکردەوە. بێگومان دەبێ شانوشەوکەتی ئەو پاشایانە بەڕاستی ئەوەی هەڵگرتبێ تا لەوپەڕی دنیاوە بچن ڕۆڵی ئەسپ بگێڕن.

هەرچی ئەهرامەکان و شوێنەوارەکانی ترە، ئەگەر نیشانەی شتێ بن، نیشانەی کەپوبەرزی و گەندەڵیی پاشاکانی میسرن، هەروەها نیشانەی کۆیلایەتیی گەلێکی گێلن کە دەست و بازووی خۆی و چی شک دەبات، بۆ ڕازیکردنی گەورەکانی تەرخان دەکات. ئەو ڕێژیمەی بەم شێوازە فەرمانڕەواییی گەلێک بکات، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ملهوڕتر دەبێ، تەنانەت لەو سەردەمانەشدا کە زۆری پێدا هەڵدەدەن. هێندێک دەڵێن گوایە ڕۆژگارێک پاشاکانی میسر حوکمی ئەمسەر و ئەوسەری دنیایان کردووە؛ بلێی ئەو کۆیلانە دنیایان داگیر کردبێ!

ئەوەی لەبارەی زانستی کاهینەکانی میسریشەوە دەگوترێ، لە پڕوپووچترین ئەفسانە دەماودەمکراوەکانی سەردەمە کۆنەکانە. ئاخر ئەوانەی دەڵێن گوایە لە ماوەی یازدە هەزار ساڵدا، دووجار ڕۆژ لە ڕۆئاواوە هەڵاتووە و لە ڕۆهەڵاتەوە ئاوا بووە، پێ دەچێ، ئاستی زانستییان زۆر نزمتر بێ لە دانەری ڕۆژمێری گەردوونیی شاری لیێج [ڕۆژمێرێکی بەناوودەنگ بوو، لە سەدەی حەڤدەم و هەژدەمدا کاری پێ دەکرا، خەڵکە ڕەشۆکییەکە و خانەدانانیش بەکاریان دەهێنا، بریتی بوو لە ئەستێرەناسییەکی تێکەڵ لە زمانی گەردوونی و هێما هیرۆگلیفییەکان، پێشبینییەکانی جۆرێک لە ڕاستییان پێوە دیاربوو (و . ع)].

هەروەها، ئاینی ئەو کاهینانە، ئەوانەی فەرمانڕەوای دەوڵەت بوون، لەگەڵ ئاینی هۆڤیترین گەلانی ئەمەریکا بەراورد ناکرێ: ئێمە دەزانین ئەوانە تیمساح، مەیمون، پشیلە و پیازیان دەپەرست؛ لەوانەیە ئەمڕۆ لە هەموو دنیادا، ئاینێک نەدۆزینەوە هێندەی ئاینەکەی ئەوان دوور بێ لە عەقڵ، مەگەر ئاینەکەی دالای لاما نەبێ.

باری هونەرەکەشیان لە باری ئاینەکەیان باشتر نەبوو؛ پەیکەری میسری نییە جێی سەرنج بێ؛ ئەوەی چاکە، دروستکراوی ئەسکەندەریەی سەروەختی باتلمی و قەیسەرەکانە کە هونەرمەندانی گریک دروستیان کردوون، زانستی ئەندازەش هەر لە گریکەکانەوە فێر بوون.

بوسوێی ناودار، سەرسامییەکی زۆر گەورە بەنەخشی میسرییەکان دەردەبڕێ لە کتێبەکەیدا "گوتارێک لەبارەی مێژووی گەردوونەوە" کە ئاراستەی کوڕی شا لویسی چواردەمی کردووە، لەوانەیە قسەکانی بوسوێ، شازادەیەکی گەنج شاگەشکە بکەن، بەڵام زانایان ڕازی ناکەن؛ کتێبەکە، وەک گوتار تا بلێی ڕەوانە، بەڵام لە مێژوونووس پێویستە فەیلەسووف بێ نەک گوتارنووس. هەر چۆنێک بێ، تێڕامانەکانمان لەبارەی میسرییەکانەوە، جۆرێکە لە مەزندە: باشە ناوێکی گونجاوتر هەیە لە سەردەمە کۆنەکانی بنێین*؟

* لەوانەیە ئەرکمان بێ ئەم دانپێدانانەی ڤۆڵتێر بقۆزینەوە کە دەڵێ بۆچوونەکانی لەبارەی مێژووی میسرەوە تەنیا مەزندەن، تا سەرنجی ئەوە بدەین کە مێژووی میسر و شارستانییەتی میسری لەو سەردەمەدا هێشتە باش نەناسراو بوون، چونکە هێشتە هێما هیرۆگلیفییەکان نەکرابوونەوە، ڕاستت

دەوێ، بەوردی هۆکاری ئەم کۆنەقینەی (تحامل) ڤۆڵتێر – کە لەگەڵ دروشمی لێبووردەیەکەیدا نایەتەوە – دەرهەق میسرییەکان نازانرێ چییە. لەوانەیە تەنیا ویستبێتی وەڵامی بوسوێ بداتەوە کە زۆری بەشارستانییەتی میسردا هەڵداوە، چونکە بوسوێ سیمبوڵی کڵێسای کاتۆلیکی فرەنسایی و ئەو شەڕە ئایدیۆلۆجی و لاهوتییە بوو کە بەدژی پرۆتستانتییەکان بەرپا کرا. هەر چۆنێک بێ، ڤۆڵتێر خۆی نموونەیەکی خراپمان لە ناپاکی گێڕانەوەدا پێشکێش دەکات: ئەو دەڵێ عومەر "بەیەک هێرش سەرلەبەری میسری داگیر کرد". ڕاستییەکەی، لەشکری موسڵمانان بەسەرکردایەتیی عەمری کوڕی عاس لەو هێرشەدا ڕووبەڕووی میسرییەکان نەبوونەوە، بەڵکە ڕووبەڕووی لەشکری بێزەنتییەکان بوونەوە، بێزەنتییەکانیش نەوەی یۆنانەکان و ڕۆمانەکانن کە ڤۆڵتێر ڕێزێکی مەزنیان لێ دەگرێ. (و. ع).

١٨– ئێمە بەهیچ شێوەیەک گومان لە مردنەکەی قدیس ئەغناتیۆس ناکەین؛ بەڵام خوێندنەوەیەکی چیرۆکی شایەتییەکەی، پرسیارگەلێک لای مرۆڤی عاقڵ دروست ناکات؟ ئەو کەسە نەناسراوەی ئەو شایەتییەی گێڕاوەتەوە دەڵێ: "ترایانۆس چووبووە سەر ئەو باوەڕەی گەر خواوەندی مەسیحییەکان نەخاتە بن دەستی، دەسەڵاتی کامڵ نابێ". ئای لەم بیرۆکەیە! چما ترایانۆس دەیویست بەسەر خواوەندەکاندا سەرکەوێ؟ کاتێک ئەغناتیۆسیان بردە بەردەم ئیمپراتۆر، ئەمەی دوای لێی پرسی: "تۆ کێی ئەی ڕۆحی پیس؟". ڕاستییەکەی، پێ ناچێ ئیمپراتۆر ئەم قسەیە بەرانبەر بەندییەک بکات، یان خۆی حوکمی دابێ؛ ئاخر ئەوە دابی پاشاکان نەبوو. با بڵێین ترایانۆس ناردی بەشوێن ئەغناتیۆسدا، ئەدی چۆن لێی دەپرسێ "تۆ کێی؟". چونکە دەزانێ کێیە. دوای ئەوە، کەسێکی وەک ترایانۆس چۆن دەستەواژەیەکی وەک "ئەی ڕۆحی پیس" بەکار دێنێ؟. باشە هەر بەئاشکرا دیار نییە ئەوە دەستەواژەی مەسیحییەکە و خستوویەتە سەر زاری ئیمپراتۆر؟ ئاخر خوا بناسن، ئەوە شێوازی ترایانۆسە؟

دەچێتە عەقڵەوە ئەغناتیۆس وەڵامی دابێتەوە: ناوم تیۆفۆرۆسە "بەیۆنانی مانای: خواهەڵگر، ئەوەش ناوێکە لە جۆرێک پەیکەر دەنرا؛ پیاوێک پەیکەری خواوەندێکی هەڵگرتبوو، ئەو پەیکەرانە لای هاموشۆکەرانی پەرستگە ڕۆمانییەکان زۆر خۆشەویست بوون. (و. ع)"، چونکە مەسیحی لە دڵیدا هەڵگرتووە، گوایە ترایانۆس، گفتۆگۆیەکی زۆری لەگەڵ ئەغناتیۆسدا کردووە لە بارەی مەسیحەوە؟ گوایە ترایانۆس لە کۆتاییی ئەو گفتوگۆ درێژەدا گوتوویەتی: "فەرمان دەدەین چارەنووسی ئەغناتیۆس کە خۆی بادەدا گوایە لەخاچدراوی لە دڵیدا هەڵگرتووە، زیندان بێ... هتد". ڕەنگە لەوە تێ بگەین، پیاوێکی درێژدادڕ، دوژمنی مەسیحییەکان، لە باسی یەسووعی مەسیحدا، پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەی لەخاچدراو بەرێ؛ بەڵام لەوە ناچێ ئەو وشەیە لە بڕیارێکی ئیمپراتۆردا هاتبێ. ئاخر لەخاچدان لە سەردەمی ڕۆمانەکاندا هێندە باو بوو، مەحاڵە لەگەڵ ئەو شێوازە زمانەوانییەی یاساکانی پێ دادەڕێژرا، بەوشەی لەخاچدراو باس لە پەرستنەکانی مەسیحیگەل بکرێ؛ نە یاساکان باس لە حوکم بەو وشەیە دەکەن، نە پاتریارکەکان بەو شێوازە حوکمەکانیان دەردەکرد.

دیسان دەڵێن، گوایە ئەغناتیۆس پاش حوکمدانی نامەیەکی درێژی ئاراستەی مەسیحییەکانی ڕۆما کردووە تێیدا دەڵێ: "سەرەڕای ئەوەی دەستوپێوەند کراوم". ئاخر هەر هێندەی ئەغناتیۆس ڕێگەی پێ درابێ نامە بۆ مەسیحییەکانی ڕۆما بنووسێ، ئەوە، بەدڵنیاییەوە، بەڵگەیە کە مەسیحییەکان ئازاد بوون، کەواتە؛ ترایانۆس نیازی نەبووە، خواکەیان بخاتە بن دەستی خۆیەوە. بەڵام با بڵێین بەڵێ

مەسیحییەکان دەچەوسانەوە، باشە کەواتە ئەغناتیۆس پیاوێکی کورتبین بووە کە نامەی بۆ نووسیون؟ ئاخر بەو نامەیە، تووشی مەترسییان دەکات، دەیانناسێنێ، وەک ئەوەی زمانیان لێ بدات.

کەواتە، وا باشتر بوو، نووسەری "کارەکان"، زیاتر ڕەچاوی ڕاستیی پرسەکان و بنەوای ڕێوشوێنە باوەکانی بکردایە. دیسان، چیرۆکی گەشمردەبوونی قدیس بۆلیکاربۆس، گومانێکی زۆرتر دروست دەکات. لەو چیرۆکەدا هاتووە؛ دەنگێک لە ئاسمانەوە هاواری کرد: "بۆلیکاربۆس خۆڕاگر بە". گوایە جگە لە مەسیحییەکان، کەسی تر گوێی لەو دەنگە نەبووە. هەروا چیرۆکەکە دەڵێ، کاتێک بۆلیکاربۆسیان بەدارتەلێکەوە بەستەوە، ئاگردانەکەیان داخست، بڵێسەی ئاگرەکە لە جەستەی دوور دەکەوتەوە و دواجار بڵێسەکە کەوانەیەکی بەدەوری سەریدا دروست کرد، هێندەی نەبرد، کۆترێک لە ژوورسەرییەوە فڕی؛ هەروەها لە چیرۆکەکەدا هاتووە، قدیس کە ئاگری پێ نەکەوتبوو، بۆنێکی خۆشی لێ بەرز بووەوە و گەیشتە هەموو دەوروبەرەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کەسەی ئاگرەکە نەیوێرا توخنی بکەوێ، بەرگەی دەمی شمشێرەکەی نەگرت.

کەواتە، با دانی پێدا بنێین، ئێمە ناچارین لەو کەسانە خۆش بین کە لەم نیوچە حیکایەتانەدا بۆ خواناسی دەگەڕێن، نەک بۆ ڕاستی.

١٩- مەبەست لە شاهپووری دووەمە (٣١٠ _ ٣٧٩)، پاشایەکی ساسانی وڵاتی فارس بوو، شەڕی ڕۆمانەکانی کرد و ئەرمینیای داگیر کرد. بەسەر مەزدەکییەوە چاودێر بوو، مەسیحییەکانی چەوساندەوە.

٢٠- ئۆسابیۆس (حوشەب)ی قەیسەری: نووسەر و داکۆکیکارێکی بیروباوەڕی مەسیحی بوو، بابی "مێژووی مەسیحییەت"؛ لە نێوان ساڵانی ٢٦٠ و ٢٦٥دا لە فەلەستین لەدایک بووە، وا پێ دەچێ لە قەیسەریە، ساڵانی ٣٣٧ تا ٣٤١ مردووە. سەرۆکی قەشەکانی فەلەستین بووە و نموونەی ئەو قەشانە بوو کە مەراییان بۆ دەسەڵاتداران دەکرد، بەڵام وەک مێژوونووسێک زۆر جێی بڕوا بوو. لە نووسینە شیکارییەکانی: "یاسا ئینجیلییەکان" و "نامەگەلێکی ئینجیلی و شیکردنەوەیان". لە داکۆکیکردنیش لە نەسرانییەت، کتێبێکی هەیە وەڵامی هیرۆقلیس دەداتەوە. (و . ع).

٢١- مێژووی کڵێسا، بەشی هەشتەم.

٢٢- ماکسیمیانۆس گالیریۆس (س٣٧١ز): ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی، زاوای ئیمپراتۆر دیۆقلیسیانۆس. ئەم پلانی چەوساندنەوەی مەسیحییەکانی بۆ خەزووری دادەنا، بەڵام لە دوا ساڵەکانی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا، دەستی لەو سیاسەتە هەڵگرت و فەرمانی ئیمپراتۆرییانەی لێبووردەی ناسراو بەفەرمانی نیقۆمیدیای دەرکرد. (و . ع).

٢٣- ڤستایە: خاتوونە کاهینێکی ڤستای خواوەندی ڕۆمای کۆن بوو، نەزری لەسەر خۆی کردبوو کە بەپاکیزەیی بمێنێتەوە، مادام خزمەتی پەرستگە دەکات. (و . ع).

٢٤- دۆم تیێری ڕوینار: ڕاهیبێکی بەنەدیکتی فرەنسایی (١٦٥٧ _ ١٧٠٩)، کتێبێکی هەیە بەزمانی لاتینی "کارە ڕاست و دەستەبژێرەکانی گەشمردە پێشەنگەکان". هەروەها لە یەکەمین ئەو کەسانەیە کە شەمپانیایان داهێنا. (و . ع).

٢٥– یۆحنا پۆلاندۆس: ڕاهیبێکی یەسووعی بەلجیکایی (١٥٩٦ _ ١٦٠٥)، خاوەنی پۆلێنکردن و لێکدانەوەی پێنج بەرگەکەی "کارە پیرۆزەکان"ە لەبارەی ژیانی قدیسەکانەوەیە. (و . ع).

٢٦– ئەنقورە: کۆنە ناوی شاری ئەنقەرەی ئێستە. (و . ع).

٢٧– نەبوخزنەسر، سێ گەنجی جووی بەدیل گرت و پلە و پایەی بەرزی خستە پێشیان، کاتێک ڕازی نەبوون، فەرمانی دا بسووتێنرێن، وەلێ نەسووتان. چیرۆکەکەیان لە سفری دانیالدا هاتووە. (و . ع).

٢٨– مەککابییەکان: ناوێکە نووسەرانی کلێسا بەبالای کوڕەکانی کاهینی جوو "مەتی مەککابی"یاندا بڕی، لە شۆڕشی ١٦٧ پ.ز، بەدژی پاشای سلووقی سووریا، سێ لەو کوڕانە یەک لە دوای یەک، سەرکردایەتیی نەتەوە و لەشکری جوویان کرد. دوای ئەوەی سەرکردەی لەشکر بوون، کوڕانی مەککابی بوونە سەرۆکی کاهینان و دواتر بنەماڵەی ئەشمۆنییەکانیان دامەزراند کە دواتر نازناوی پاشایەتییان وەرگرت. سفری مەککابییەکان باس لە گەشمردەبوونی حەوت برا دەکات لەسەر دەستی شا ئەنتیۆخۆسی چوارەم ئیبیفانۆس کە دەیویست ناچاریان بکات گۆشتی بەراز بخۆن، وەک دەزانرێ ئاینی مووسایش ئەو گۆشتەی حەرام کردووە. براگەل گۆشتەکەیان نەخوارد، بۆیە لە پێش چاوی دایکیان دارکاری کران، دایکیان هاواری دەکرد نەیخۆن و گەشمردە بن، خۆشی دوای ئەوان مرد. (و.ع).

٢٩– هووسییەکان: لایەنگرانی چاکسازیخوازی چیکی یان هووس کە کۆڕبەندی کۆنستانس، بیرۆکەکانی سەرکۆنە کرد، بەتۆمەتی هەرتووقی سووتێنرا. (و . ع).

٣٠– سیڤین: زنجیرە چیایەکە دەکەوێتە نێوەڕاستی فرەنساوە. (و . ع).

٣١– ناوی شارگەلێکی باشووری فرەنسان. (و . ع).

٣٢– لێرەدا باس لە شەڕی حەوت ساڵەی نێوان فرەنسا و نەمسا، لەلایەک و ئینگلتەرا و برووسیاش لەلایەکی ترەوە. فرەنسا لە کەنەدا و هیند و لویزیانا شکا. (و . ع).

٣٣– یەعقووب دارڤۆراجین: نووسەرێکی ئیتاڵیاییە (١٢٢٨ _ ١٢٩٨)، قەشەی جەنەوا بوو، کتێبی "داستانی زێڕینی"ی داناوە کە بریتییە لە ژیننامەی ژمارەیەکی زۆر قدیس و خاتوونە قدیسەکان و گەشمردە مەسیحییەکانی سەردەمی ڕۆمانەکان. (و . ع).

٣٤– بدرۆ ریباندنێرا: قەشەیەکی یەسووعی ئیسپانیایی (١٥٢٦ _ ١٦١١)، لە کتێبەکانی: گوڵی قدیسان. (و . ع).

٣٥– بڕوانە نامە نایابەکەی لۆک لەبارەی لێبووردەییەوە.

٣٦– بوزامباومی یەسووعی دەڵێ: بەگوێرەی لێکدانەوەی لاکروای یەسووعی: "هەر پاشایەک، پاپا، حوکمی لادانی لە کلێسای دەرهەق دا، دەشێ بکوژرێ، جا پاشای هەر وڵاتێک بێ، چونکە سەرلەبەری گەردوون، موڵکی پاپایە؛ ئەوەی ئەم ئەرکەش جێبەجێ دەکات، خێری دەگاتێ". ئەم بانگەشەیەی لە ماڵە چکۆلە دۆزەخئاساکانەوە بەرز بووەوە، ڕۆڵی هەرە گەورەی بینی لە هەڵگەڕانەوەی سەرلەبەری فرەنسا لە یەسووعییەکان. ئەم بیروباوەڕە، کە زۆر لەسەری ڕۆیشتن و دواتر زۆریش خۆیان لێ بێبەری کرد، لە

هەموو کات زیاتر پێوەی گیرۆدە بوون. مەزەندەیان دەکرد دەکارن پاساوی هەڵوێستەکەیان بەوە بدەنەوە کە هێندێک حوکمی لەو جۆرە لای قدیس تۆما ئەکوینی و بابە دۆمینیکانییەکان وەدۆزن (گەر توانیت، بڕوانە، نامەیەک لە پیاوێکی دنیاوە بۆ پیاوێکی لاهووت لەبارەی قدیس تۆماوە، نامیلکەیەکی یەسووعییە ساڵی ١٧٦٢ بڵاو کراوەتەوە). هەر بەڕاستیش، قدیس تۆما ئەکوینی، ئەو فەقێ فریشتەییە و تەئویلکاری ئیرادەی خوایانە (ئەوە نازناوەکەی بوو)، بانگەشەی ئەوە دەکات، هەر پاشایەک لە ئاین هەڵگەڕێتەوە، مافی بەتەختی پاشایەتییەوە نامێنێ، گوێڕایەڵیشی پێویست نییە؛ کڵێسا بۆی هەیە سزای لەداردانی بدات (کتێبی دووەم، بەشی دووەم، پرسی ١٢) پوختەی لاهووتێتی (و . ع)؛ چاویشی لە ئیمپراتۆر یۆلیانۆس نەدەپۆشی ئەگەر بەهێز بووایە (کتێبی دووەم، بەشی دووەم، پرسی ١٢)؛ بەپێی شەریعەتیش، پێویستە هەموو هەرتوقییەک بکوژرێ (کتێبی دووەم، بەشی دووەم، پرسی١١و ١٢)؛ ئەوانەش کە گەلێک لە پاشایەکی ستەمکار ڕزگار دەکەن، جێگەی ڕێز و پێزانینن،... تد. ئێمە ڕێزێکی تەواومان بۆ ئەو فەقێ فریشتەییە هەیە؛ بەڵام بهاتایە لە سەردەمی جاک کلیمانی برادەری، یان سەردەمی راهیب ڕاڤایاکدا، لە فرەنسا، ئەم جۆرە قسانەی بکردایە، ئاخۆ چۆن مامەڵەیان لە تەکدا دەکرد؟

پێویستە دان بەوەدا بنێین، جان جرسۆن، سەرۆکی زانکۆ، زۆر لە قدیس تۆما ئەکوینی واوەتر چوو، ڕاهیبی فرنسیسکانی جان بوتی، لە جرسۆنیش واوەتر چوو، زۆر لە فرنسیسکانییەکانیش پشتیوانیی تەرزە ترسناکەکانی جان بوتییان کرد. ڕاستییەکەی، ئەم تیۆرییە دۆزەخییانەیەی شیانی کوشتنی پاشا، هەڵقوڵاوی بیرۆکەیەکی شێتانەیە کە نێزیکەی لای هەموو ڕاهیبەکان باوی بوو. مەبەستم بیرۆکەی؛ پاپا، خوای سەر زەوینە، مافی ڕەهای دەستکاریکردنی تەخت و ژیانی پاشایانی هەیە. لەم لایەنەوە، زۆر لە خوار ئەو تەتارانەوە بووین کە باوەڕیان بەنەمریی دالای لاما هەیە کە کورسییە کونەکەی مەبەستی ئاودەستەکەیەتی (و . ع) خۆیان بەسەردا دابەش دەکات تا پاشەڕۆکەکەی وشک بکەنەوە و تیفتیفەی بکەن و بەوپەڕی کڕنووشەوە ماچی بکەن. ئەوەی پێوەندی بەخۆمەوە هەیە، ڕاشکاوانە دەڵێم، لە پێناو ئاشتیدا، ئامادەم ئەو پاشەڕۆکانە لە گەردنم بئاڵێنم ئەگەر لەو باوەڕەدا بم، پاپا، کەمترین مافی هەیە بەسەر کاروبارە دنیاییەکانی پاشایانەوە، تەنانەت ئەگەر هیچ مافێکی بەسەر کاروباری دنیاییی منیشەوە هەبێ.

٣٧- مەبەست شا هینریی مەزن، هینریی چوارەمی پاشای فرەنسا کە ڕێگەی بەئازادیی خواپەرستی دا و کۆتاییی بە ئاشووبی نێوەخۆ هێنا. لە پرۆتستانتی لایدا تا ببێتە پاشا، بەڵام ساڵی ١٥٩٨ فەرمانەی (مەرسوم) نانتی دەرکرد، فەرمانەکەی پاشا، مافەیلێکی زۆری دا بەپرۆتستانتییەکان، لەوانە مافی ئازادیی خواپەرستی. (و . ع).

٣٨- کاردیناڵ دوبرۆن: شاعیر و پیاوێکی ئاینیی فرەنسایی (١٥٥٦ _ ١٦١٨)، نەوەی بنەماڵەیەکی پرۆتستانتی، چووە سەر مەزەبی کاتۆلیکی و شا هینریی سێیەمی لە خۆی ڕازی کرد، کە دواتر زۆر بەزاناییەکەی سەرسام بوو، بۆیە کردییە خوێنەرەوەی خۆی. کە وەک شاعیر و وتاربێژ ناوبانگی دەرکرد، ویستی بچێتە نێو دنیای کەهەنووتی و هاوکاریی سەرۆکی یەککگرتووی کاتۆلیکیی دەکرد کە دژی شا هینریی چوارەم بوو. هێندەی نەبرد، لە یەککگرتووەکە هەڵگەڕایەوە و چووە پاڵ پاشا و وای لە

پاشا کرد ببێتە کاتۆلیکی و نێوانیشی لەگەڵ پاپا چاک کردەوە. دوای مردنی، گومان لە بیروباوەڕی دەکرا. (و . ع).

٣٩- دەستەی سێ چینەکە: کۆمەڵەیەک بوو، نوێنەرانی پیاوانی ئاینی و پیاوماقووڵان و ئەوەی پێی دەگوترا چینی سێیەمی تێدا بوو، واتە ئەو توێژانەی کۆمەڵگەی فرەنسا کە نە بەجلک و نە بەشمشێر، پیاوماقووڵ نەبوون. (و . ع).

٤٠- ئۆسابیۆسی نیقۆمیدی (٢٨٠ _ ٣٤١): یەک لە گەورەترین خوڵقێنەرانی ڕکابەرییە ئاینییەکان لەبارەی پێوەندیی نێوان خواوەندی باب و خواوەندی کوڕ لە سەدەی چوارەمی زایندا. لەگەڵ ئەوەی سەر بە ئاریۆس بوو، وەلێ دواجار بیروباوەڕە ڕاستەکەی کۆڕبەندی نیقیای هەڵبژارد. بەڵام پشتیوانیکردنی لە ئاریۆسیزم، وای لە ئیمپراتۆر قوستەنتین کرد، شاربەدەری بکات. لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا، گەڕایەوە و کورسییەکی قەشەیی لە قوستەنتینییە پێ برا. (و . ع).

٤١- ڕاترامۆس (٨٦٨ ز مرد): لاهووتییەکی فرەنسایی هەوڵی دەدا پێکەوەگونجانێک لە نێوان ئاین و زانستدا پەیدا بکات، کتێبێکی لەبارەی قوربانیی پیرۆزەوە دانا و ناوبانگێکی چاکی پەیدا کرد، لە کتێبەکەدا، مەزەبی (گۆڕان لەناو کرۆک)دای ڕەت کردەوە، بەپێچەوانەی هاوسەردەمێکی بەنێوی ڕادبراتۆس باشیاتۆسەوە کە جەختی لەسەر ئەو مەزەبە دەکردەوە. (و . ع).

٤٢- بیرانجیێ توری (نێزیکەی ٩٩٨ _ ١٠٨٨): لاهووتییەکی فرەنسایی بوو، نازناوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قوتابخانەی سان _ مارتانی لە شاری تور بەڕێوە دەبرد. لە گفتوگۆ ڕووبەڕووە بەناودەنگەکەی نێوەڕاستی سەدەی یازدەمدا بەشداریی کرد کە لەبارەی ئامادەبوونی ڕاستەقینەی مەسیحەوە لە قوربانیی پیرۆزدا بوو. کەوتە بەر کاریگەریی سکۆت ئەریجینا (٨٠٠ _ ٨٧٢) و سەرەتا لایەنگری ئەو بۆچوونە بوو کە ئامادەبوونی مەسیح لە قوربانیی پیرۆزدا، ئامادەبوونێکی سیمبوڵیکە، بەڵام کۆڕبەندی ڕۆما سەرکۆنەی کرد، بۆیە ناچار کتێبەکەی سکۆت ئەریجینای بەدەستی خۆی سووتاند و چووە سەر ئەو باوەڕەی کە ئامادەبوونی مەسیح لە قوربانیی پیرۆزدا، ئامادەبوونێکی ڕاستەقینەیە. (و . ع).

٤٣- هۆنۆریۆسی یەکەم: پاپای ڕۆما لە ساڵی ٦٢٥ەوە تا ساڵی ٦٣٨، هەوڵی دا گونجاندنێک لە نێوان "بیروباوەڕ ڕاستەکان" و یەعقووبییە مۆنۆفیزیکییەکاندا دروست بکات، بۆیە ڕازی بوو بەو چارەسەرە مامناوەندییەی پاتریارکی قوستەنتینییە، سێرجیۆسی یەکەم، پێشنیازی کرد. پێشنیازەکە دەڵێ: مەسیح خاوەنی دوو سروشتە، وەلێ یەک ئیرادەی هەیە. (و . ع).

٤٤- بیروباوەڕی "دووگیانی بێ پیسی"، بیروباوەڕێکی کاتۆلیکییە دەڵێ، خاتوونە پاکیزە، دووگیان و منداڵی بوو، جیاواز لە هەموو مرۆڤایەتی، بێ ئەوەی کەس توخنی بکەوێ. (و . ع).

٤٥- برنابا، لە قوتابییانی مەسیح بوو. (و . ع).

٤٦- یەعقووب: لە قوتابییانی مەسیحە. (و . ع).

٤٧- مەبەستی جووە خەتەنەکراوەکانە. (و . ع).

# کولتوور چییە؟

برونیسلاو مالینوفسکی

سەرەتا باشترە کە پایەی کولتوور لە جێگەیەکی وەهادا بێت تا بتوانین بەئاسانی دەستمان بگاتە دیاردە هەمەلایەنەکانی. کارێکی ئاساییە کە مەبەست لەم هەمەلایەنییە (کۆمەڵێک) ئامراز و شمەکە بەکاربردوو و بڵاوکراوە ئۆرگانیکەکان بێت کە هەموو ڕێکخستنی کاروباری گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، ئەندێشە و هونەر و بڕوا و داوونەریت لە نێویاندا جێگەی خۆی دەکاتەوە. بەهەرحاڵ چ کولتوورێکی سادە و ساکار و سەرەتایی یاخۆ کولتوورێکی ئاڵۆز و بەردەوام گۆڕاو لە بەرچاو بگرین، کاری ئێمە لەگەڵ دەزگایەکی فراوانە کە لە ٣ بەش پێک هاتووە ئەو بەشانەش بریتین لە بەشی مرۆیی و مادی و مەعنەوی. ئەم دەزگایانە ئەو توانایە بەمرۆڤ دەدەن کە ڕووبەڕووی مەسەلە کۆنکرێتی و دیاریکراوەکان بێتەوە ئەوانەی لە بەردەمیدا قووت دەبنەوە، هۆکاری ئەو مەسەلە و گرفتانە ئەوەیە کە لەشی مرۆڤ کۆیلەی دەستی حەزە جۆراوجۆرە ئۆرگانیکەکان بووە و لە دەوروبەرێکدا دەژی کە لەلایەک باشترین هاورێ و دۆستێتی چونکە پێویستی و مادە سەرەتایی و کار و چالاکییەکانی بۆ فەراهەم دەکەن، لە هەمان کاتیشدا خراپترین دوژمنێتی لەبەرئەوەی ئەو هێزانە قووت دەکاتەوە کە دوژمنی مرۆڤن.

ئامانجی ئێمە ئەوەیە بەم ڕاگەیاندنە جێگیر و سادە و ساکار و کورتە کە بەش بەشی شی دەکرێتەوە بیسەلمێنن تیۆری کولتووری دەبێ پێش هەموو شتێ هەڵوێستێکی جێگیر لە زیندەوەرزانی وەرگرێت.

مرۆڤ گیانلەبەرێکە دوای نیازە ژیارییە سەرەتاییەکانی کەوتووە لە پێناوی مانەوەی وەچە و کارکردە ئۆرگانیزمییەکانی پێویستێتی و دەشبێ تێریان بکات. مرۆڤ خۆی بەشتە

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

دروستکراوەکانی دەستی خۆی خۆی چەکدار دەکات، هەروەها بەهرەی گۆڕین و شێوەبەخشینی ئەو شتانەی هەیە، سەرەڕای دەوروبەری سروشتی خۆی هی دەوروبەریش دەدۆزێتەوە کە دروستکەری بیر و دەستی خۆیەتی. تا ئێرە باسی داوایەکی نوێمان نەکردووە لەبەرئەوەی تەواوی ئەمانە چەندان جار گوتراون و دووبارە کراونەتەوە، بەڵام ئێمە لێرەدا دەگەینە یەک دوو ئەنجامی تر زیاتر لەوەی کە گوتراوە.

لە یەکەمین قۆناخدا دەبێ بگوترێ ڕازیکردنی حەزە سەرەتاییەکان یاخۆ حەزە ئۆرگانییەکانی مرۆڤ و نەژادی نیازمەندی کارکەر، بەلای کەمەوە بارودۆخێکن کە کولتوور دەبێتە پاشکۆیان، بەم مانایە دەبێ ئەو گرفتانەی مرۆڤ چارەسەربن کە بریتین لە پێوەندییەکانی پێویستی خۆراک و دووبارە بەرهەمهێنانەوە reproductiv و تەندروستی. دروستکردنی ئەم نیازانە پێویستیان بەدەوروبەرێکی نوێ هەیە دەوروبەری نوێش لە کولتوور زیاتر هیچی تر نییە کە دەبێ بەردەوام نوێ بکرێتەوە و چاوەدێری بکرێت و بەڕێوە ببرێت. بەرامبەر بەمە بارودۆخێکی نوێ دێتە ئاراوە دەکرێ بەشێوەیەکی گشتی پێی بڵێین ڕووی ژیان. ئەم ڕووە نوێیەی ژیان بەدواهاتووی ڕووی کولتووری بەکۆمەڵ و دەوروبەر و چوست و چالاکی ئەو گرووپەیە کە تاکی تێدا کۆ بووەتەوە.

ڕووی نوێی ژیانی کولتووری پێویست بەوە دەکات کە نیازە نوێیەکان تێیدا دەرکەون و پێویستی و هۆکاری دیاریکەری نوێ بەسەر ڕەفتاری مرۆڤدا زاڵ بن.. ئاشکرایە کە ئاکارە کولتوورییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێنەوە. بەرامبەر بەمە هەر کولتوورێ دەبێ خاوەنی میتۆد و میکانیزمی پەروەردەیی تایبەت بەخۆی بێت، لێرەوە داواکە ئەوەیە یاسا بپارێزرێ لەبەرئەوەی هاوکاری و بەشداریکردن بەشێک و کرۆک و خودی هەر بەرهەمێکی کولتوورییە. لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا دەبێ زەبت و ڕەبتێک بۆ جێبەجێکردنی یاسا و ڕەوشت و عورف هەبێت. کرۆک و بنیاتی ماتەریالی کولتووریش دەبێ بەردەوام نوێ بکرێتەوە و ساغڵەمی تەواوی خۆشی بپارێزێت.. لە ئەنجامدا تەنانەت لە کولتوورە سادە و سەرەتاییەکانیش ڕێکخستن و تۆمارکردنی شێوەکانی ڕێکخراوەیی ئابووری پێویستە.

بەرامبەر بەمە، مرۆڤ دەبێت پێش هەر شتێک پێویستییە جەستەییەکانی خۆی تێر بکات. واتە هەلومەرجێ بدۆزێتەوە کە بتوانێ بەچالاکییەکانی خۆی وەڵامێک بێت بۆ حەزە خۆراکییەکان و خۆپاراستن لە گەرما و سەرما و دۆزینەوەی پەناگەیەک و دوورکەوتنەوە لە گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا. هەروەها دەبێ مرۆڤ پارێزگاریی بوونی خۆی بکات و خۆی ڕێک بخات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکان و هێزەکانی دەرەوەی خۆی وەک سروشت و گیانلەبەران و کەسانی بێگانە. مرۆڤ دەتوانێت هەموو ئەم گرفتە سەرەکییانە چارەسەر بکات لە ڕێگەی کارە دەستییەکان و خۆڕێکخستن لەنێو گرووپی هاوکاریدا، گەشەدان بەزانست و ڕێکخستنی چەمکەکانی بەها و ڕەوشت.

لەم نووووسینەدا هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەیە تا نیشانی بدەین ئاخۆ توانای پێوەندی لە نێوان حەزە

سەرەتاییەکانی ژیاری و وەڵامە کولتوورییەکانیاندا هەیە لەگەڵ هەڵهێنجانی حەزە تازە پەیدابووەکان، یان دەکرێ بگوترێ حەزە نوێیەکان لە ڕاستیدا شێوەیەک لە حەتمیەتخوازیی[١] مامناوەندی بەسەر تاک و کۆمەڵدا دەسەپێنێ. بەم پێیە دەتوانین حەتمییەتەکان، یاخۆ پێویستییە ئامێرییەکان کە دەسکەوتی چالاکییە ئابوورییەکان و پێوانەیی، پەروەردەیی و سیاسین لە پێویستییەکانی فێربوون و ئاین و کاروبارەکانی جادوو جیا بکرێنەوە. هەروەها کارە هونەرییەکان و داهێنانەکانیش دەکرێ پێوەست بکرێ لەگەڵ کۆمەڵێ لە خەسڵەتە فیزیۆلۆجیکی ئۆرگانیزمی جەستەی مرۆڤ و ئەوەش بسەلمێنرێ کە پێوەندیی پاشماوەیی و وابەستەگی ئەم شێوە خەسڵەتانە چۆنن لەگەڵ شێوەکانی دەستپێکردنی ناهاوسەنگیی جادووگەری و پیشەسازی و بڕوا ئاینییەکاندا.

گەر وانەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوە بێت بەخستنەڕووی کولتوورێکی تایبەت وەک کۆمەڵێکی یەکپارچە بگەینە دەستنیشانکردن و تۆمارکردنی هەندێک لە پێویستییە پێویستییەکان، ئەوە لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین یاسا ڕێژەییەکانیش بەکار بێنین. ئەم یاسایانە دەتوانن ڕێنوێنیکەری لێکۆڵینەوە مەیدانی و دەستنیشانکردنی پشکنینە جێبەجێکارییەکان و هۆکاری هاوبەش بن بۆ داهێنانی سازگاری و گۆڕانی کولتووری. لەسەر ئەم بناغەیە هەروەک لەم دواییە چەند مرۆڤناسێکی لێهاتوو گوتوویانە کولتوور ڕۆڵی کەسی گاڵتەجارِ patchwork of shreds and tatters[٢] نابینێ. دواجار توانای ئەوەمان دەبێت ئەو بۆچوونانە رەت کەینەوە کە دەڵێت: «سیمای هاوبەش بوونی نییە لە نێوان دیاردە کولتوورییەکان» یان ئەوەی دەڵێ: «یاساکانی تایبەت بە پرۆسێسە کولتوورییەکان ئاڵۆز و بێ چێژ و بێ ڕۆح و بێهوودەن».

بەم پێیە شیکردنەوەی زانستی کولتوور واقیعێکی تر ئاشکرا دەکات کە لەو یاسایانەی پێشووتر کە باسمان کردن کەمتر پاشکۆی یاسا گشتی و یاسا گەردوونییەکانە. شیکردنەوەی زانستی دەتوانێ ڕێنوێنیکەری شیکردنەوە مەیدانییەکان بێت، واقیعییەتی کولتووری دیاری بکات و میکانیک و ئەندازەییی کۆمەڵایەتی بنیات بنێ. شیکردنەوەیەک کە دیاریکردنی سنووری پێوەندیی نێوان کاری کولتووری و پێویستییە بناغەیی و هەڵهێنجراوەکان و مرۆیییەکان فەراهەم دەکات، ئەو شیکردنەوەمان ناوناوە شیکردنەوەی (کرداری).

لەبەرئەوەی کرداری شتێک نییە تەنیا تێرکردنی پێویستییەکان بێت لە ڕێگەی چالاکییە مرۆیییەکانەوە، بگرە تێرکردنی پێویستییەکانە لە ڕێگەی دەستکاریکردنی سروشت و شتەکان، سوودوەرگرتنی هاوبەش لە کاڵا و هاوئاهەنگییەکان. بەم پێیە ئەو پێناسەی کە باس کرا پێویستی بە پرەنسیپێکی ترە ئەویش برێتییە لە ڕەفتاری کولتووری، کە لە هەر ڕۆڵێکدا دەتوانێ خۆی بگونجێنێ.

بەبڕوای ئێمە گرینگترین چەمک لێرەدا چەمکی ڕێکخستنە. مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی هەر مەبەستێ و گەیشتن بەهەر ئامانجێ لە ئامانجەکانی، دەبێ خۆی ڕێک بخات. هەر بەم شێوەیە

ئەوەش روون دەکەینەوە کە، ڕێکخستن پێویستی بەبابەتێک یاخۆ بنیاتێکی زۆر ورد هەیە کە هێڵە بناخەییەکانی گشت و گەردوونی لە هەموو گرووپە ڕێکخراوەکاندا حیسابی بۆ دەکرێ. دەکرێ ئەم جۆرە گرووپە ڕێکخراوانە بەو شێوە تایبەتییە لەناو تەواوی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا ببینرێ.

ئەم یەکە ڕێکخراوە سەرەتاییە بەزاراوەیەکی تایبەت روون دەکەمەوە، ئەم زاراوەیە هەڵبەتە هەموو کات روون و ئاشکرا نییە و لە هەموو جێگەیەک و هەموو شوێنێک بەکار ناهێنرێت، بەم زاراوە تایبەتە دەڵێین (نیهاد) ئەمیش چەمکێکە پێویستی بەرێکبوونێکی هاوبەرامبەر هەیە لەبارەی کۆمەڵێ لە بەهای تەقلیدییەوە کە تاکەکان لە دەوری یەکتری کۆ دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش پێکهێنانی (نیهاد) پێویستی بەوە هەیە کە مرۆڤەکان پێوەندییەک لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ ڕەگەزێک لە ڕەگەزە مادییە دیاریکراوەکانی دەوروبەری سروشتی و دەستکردی خۆیان پەیدا بکەن. مرۆڤەکان کاتێک لە ڕێگەی فرمان، ئامانج و ئەرکی تەقلیدی بەیەکتری دەبەسترێنەوە، ڕێزیان بۆ یاسا و ڕێساکانی دەوروبەری خۆیان دەبێت و لە ڕێگەی دەزگا ماتەریالی و ژیارییەکان ئەوانەی دەستکاری کراون و بەهاوئاهەنگی یەکتری هەنگاو دەنێن، بەم جۆرە هەندێ لە ئارەزووەکانی خۆیان بەدی دێنن. کەچی لە هەمان کاتدا کاریگەری بەسەر دەوروبەری خۆشیانەوە جێ دێڵن. دەبێ ئەم پێناسە سەرەتایی و ئاڵۆزە روون کەینەوە بۆ ئەوەی جێگەی تێگەیشتن بێت بەشێوەیەکی رازیکەر و هەستپێکراو.

لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە، گەر بێتو مرۆڤناسان و ئەوانەی لە بواری زانستە مرۆییەکان پسپۆڕن لەبارەی گرینگیتیی وردی بەشە واقیعی و هەستپێکراوەکانی کولتوور ڕێک نەبن، ئەوکاتە زانستە شارستانییەکانیش پەیدا نابن.

ئەگەر لەم نووسینە سەرکەوین و ڕێکەوتنێ بەدەست بێنین و پرەنسیپی گەردوونی چالاکییە دەزگاخوازییەکان[٣] ڕێک بخەین و روونی بکەینەوە، ئەو کاتە بنیاتێ دروست دەکەین کە بتوانێ ببێتە هەوێنێک و تەکیەگایەکی ئەزموونی و تیۆری بۆ ئێمە.

هیچ یەک لەم دوو شێوازی شیکردنەوەیە داوای ئەوە ناکەن کە گشت کولتوورەکان دەبێت لەیەک بچن و وەک یەک بن و مرۆڤناسی کولتووریش لە جیاتیی ناسینەوەی جیاوازییەکان بەدووی لەیەکچووندا بگەڕێت. بەپێی ئەم وەسفە ئەوەمان قبووڵە کە بۆ هەستکردن بەجیاوازییەکان دەبێ بەڵگەی تەواو و ورد و هاوبەش پێشکێش بکرێت، سەرەڕای ئەوەش دەبێ ئەم خاڵەش وەبیر بهێنینەوە کە زۆربەی ئەو جیاوازییانەی دراونەتە پاڵ بژاردە میللی و نەتەوەییەکان (لێرەدا تەنیا ناسیۆنالیزمی سۆسیالیزمی ئەڵمانیم لە یادە) وەک ئەوە وایە کە تانوپۆی دەزگاخوازییەکانی دەوروبەر زۆر بەهەڵە چنرابێت.

مرۆڤ کوشتن، جادووگەری، کەرنەڤاڵی خواپەرستنی، تازیەباری وناشتنی مردوو، بەخاکسپاردن، هاوکاری لەگەڵ کاری توندوتیژی، شۆک، ئەمانە هەر هەموو لە کۆمەڵێ

هەڵئاوسانی جێگیر و ڕیشەدار زیاتر هیچی تر نین. ئەم جۆرە ڕژێنەرانە لەژێر پاڵەپەستۆی حەز و ئارەزوو و ئەو بیرانەی بەڕووکەش مرۆیین و بێ یاسا گەورە بوون، دەرکەوتوون و دەبنە هۆی پەرچدانەوە.

ئەم دوو شێوە شیکردنەوەیە واتە شیکردنەوەی کرداری و شیکردنەوەی دەزگاخوازی، پێناسەی هەستپێکراوتر و تەواوتر و وردتر بۆ کولتوور فەراهەم دەکەن. کولتوور گشتێکە لە نێویدا دەزگاکان جێگیرن بۆیە پارچە پارچە ناکرێت. دەزگاکان لەلایەک سەربەخۆن و لەلایەکی ترەوە پێکەوە بەستراون. پرەنسیپە گونجاوەکانی زۆرن لەو پرەنسیپانە: پێوەندییەکانی خوێن کە لە ئەنجامی زاوزێوە دروست بووە، پێوەندییەکانی شوێن و هاوکاری و بەپسپۆڕکردنی چالاکییەکان بەتایبەت بەکارهێنانی هێز و نفوز لە ڕێکخراوە سیاسییەکاندا. گونجاندن و سەربەخۆیی هەر کولتوورێ پاشکۆیەک و هەلومەرجێکە بۆ تێرکردنی حەزە سەرتاییەکان و هەڵهێنجراوی و سازگاری بەدی دێنێت. لە ئەنجامدا گەر بوترێ (هەروەک چۆن لەم دواییەدا شایەدی ئەوە بووین): هەر کولتووورێ تەنیا بەشێکی بچووکی مەیدانی هێزی شاراوەی خۆی نیشان دەدات، ئەو کاتە هیچ نەبێت بەلای کەمەوە لە مانایەک لە ماناکان بەهەڵەدا چووین.

گەر وا بڕیار بێت گشت دیاردە کولتوورییەکانی سەرتاسەری جیهان پێڕست بکرێت، ئەوا تووشمان دەبێت بەتووشی بابەتگەلێکی وەک: مرۆڤخۆری، مرۆڤشیکاری، زاوزێی[٤]، پوتلاچ[٥]، کولا[٦]، سوتاندنی جەستە، مۆمیاکردن و ئەم ئەتوارە سەیروسەمەرانە. بەم مانایە هیچ کولتوورێ هەموو شتە سەیروسەمەر و سەرسووڕمێنەکانی دنیای لەخۆ نەگرتووە. بەڵام ئەم شێوە مامەڵەکردنە لەگەڵ دیاردە کولتوورییەکان، شێوازێکی نازانستییە. لەبەرئەوەی لەلایەک ئەو شێوازەی باسمان کرد ناتوانێ کولتوور لەسەر بنیاتی زەبت و ڕەبتی گونجاو و جێباوەڕ پێناسە بکات و لێرەش دەبێ ئاگەدار بین ئەم زەبت و ڕەبتە ڕەگەزە واقیعی و مانادارەکانی هەر کولتوورێک پێک دێنێت.

لەلایەکی تریشەوە ئەو شێوازەی پێشتر باس کرا ناتوانێ (بەشەکان) ئەوانەی بەرووکەشی بەبێگانە نەناسراون بەشێوەیەکی جێبەجێکاری بیانخوێنێتەوە و دەریان بخات و ناتوانێ ئەوەشمان نیشان بدات کە هۆکاری ستوون و جێگیربوونی داوونەریت و ناوەڕۆکەوە هەوێنەکانی کولتووری کۆمەڵگە جیاوازەکان چین؟ بەرامبەر بەمە و لە ڕوی پراکتیکەوە ناچارین بڵێین کە هەندێ لە واقیعە سەرسووڕێنەرەکان لە پێوەندیدان لەگەڵ ڕەگەزە کولتووری گەردوونییەکانیش ئەمانیش پسپۆڕن لە بواری مرۆڤدا. لەسەر ئەم بناخەیە دەتوانرێ داوونەریتی نائاساییی نەتەوە جۆراوجۆرەکان وەسف و دیاری بکرێت.

لێرەدا دەبێ هۆکاری زەمەنیش واتە گەشەکردنیش لە بەرچاو بگرین. لەم نووسینەدا ئامانجی ئێمە ئەوەیە بیسەلمێنین هەموو پێویستییەکانی گەشەکردن یان بڵاوکردنەوەی ڕەگەزەکان لە دەزگاکاندا لە شێوەی گواستنەوە و گۆڕانکاری دەردەکەون. داهێنانێک و پێشکەوتنێکی نوێ، یان

لە ڕێگەی داهێنانێکەوە یاخۆ لە ڕێگەی پڕوپاگەندە و بڵاوبوونەوە دەچێتە نێو سیستەمی ڕەفتارئامێز و هێواش هێواش دەزگای پێشوو بەتەواوی دەگۆڕن. لە پرۆسەی شیکردنەوەی کارکردیدا ئاماژە بەوە دەکەین کە چۆن هیچ جۆرە دۆزینەوەیەک، شۆڕشێ، گۆڕانکاریی فیکری و کۆمەڵایەتی توانای دروستبوونیان نابێت مەگەر نیازگەلی نوێ پەیدا بن. لەسەر ئەم بناخەیە کەوا بەرەنجامە هونەرییە نوێیەکان، سیستەمە نوێیەکانی زانست و پەروەردە و باوەڕەکانی خەڵکی دەگونجێن لەگەڵ بەرەنجامە کولتووری و دەزگاییەکان.

ئەم کورتەیە تێکەڵەیەکی سادەی شیکردنەوەیەکە کە دێتە دی، جەوهەری ئەم بۆچوونە دەڵێت: زانستی مرۆڤناسی دەبێ لە شێوەی تیۆری دەزگاکاندا بخرێتە ڕوو، واتە شیکردنەوەی هەستپێکراوەی یەکەکانی جۆری هەر ڕێکخراوێک. مرۆڤناسی زانستێکە بەنیشاندانی تیۆری حەزە سەرەتاییەکان کە زادەی پێویستییە ئامرازی و یەکخەرەکانە، شیکردنەوەی کارکردی دیاردەکان دەخاتە ڕوو. بەم شیکردنەوەیە دەتوانرێ پێناسەی شێوە و ناوەڕۆکی ئەندێشەیەک و بەکارهێنانەکەی بکرێ. پێ دەچێت ئەم ڕێبازە زانستییە بەهیچ جۆرێک جێگەی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی زانستی گەشەکردن یاخۆ مێژوو نەگرێتەوە و ڕەتی نەکاتەوە، بگرە تەنیا بنیاتێکی زانستی باوەڕپێکراو و ناوباش دەخاتە بەردەستیان.

پەراوێزەکان:

1- determinism

٢– patchwork of shreds and tatte کەسێتییەکی گاڵتەجارە جلوبەرگی پارچە پارچە لەبەر دەکات و دەمامکێکی لەسەر دەموچاوە، کەسێکی گاڵتەجاڕ و کۆمیدییە.

3- institutional

٤– couvade - بناخەی ئەم وشەیە فرەنسییە پێوەندیی بەناوچەی بارنیەوە هەیە. کوڤاد بە ڕەفتار و کرداری ئەو باوکە دەوترێ کە لە کاتی منداڵبوونی ژنەکەی، دەوری دایک دەبینێ و چاوەدێریکردن و پیرۆزباییکردن کە لە بناخەدا تایبەتە بەدایک ئەو وەری دەگرێ (کاری کوڤاد لەلای زۆربەی میللەتانی سەردەمی کۆن و لەلای سوورپێستەکانی ئەمەریکا بڵاو بوو).

٥– potlatch وشەیەکە تایبەتە بە سوورپێستەکان بەنیشانەیەک دەوترێ کە بڵاوە لە نێوان سوورپێستەکانی باکوری ڕۆئاوای ئەمەریکا. ئەم نیشانەیە برێتییە لە کەرنەڤاڵێکی بڵاوە کە لە کاتی ئەو کەرنەڤاڵەدا دەست و دیاری دەگۆڕدرێتەوە. هەر ژنێ پاش مەرگی مێردەکەی دەبێ بەشداری لە داوونەریتی پولاچێ بکات و دیاری بەکەسانی تر دابەش بکات.

6- Kula

# کۆچی بەهرەداران و
# کاریگەریی لەسەر ڕەوتی زانیاری

مەسعوود بەهمەن ئابادی

مەبەستی ئەم بابەتە لێکدانەوەی کاریگەریی کۆچی پسپۆڕان و شارەزایان یان "کۆچی بەهرەداران" لەسەر ڕەوتی چالاکیی زانستی، تەکنۆلۆجیا، ئابووری و هەروەها لەسەر ڕەوتی زانیارییە. چونکە هەر پسپۆڕ، نوخبە یان بەواتایەکی تر "بەهرەدار"ێک بەکردەوە بەکارهێنەر، ڕێکخەر و بەرهەمهێنەری زانیارییە یان توانای ئەوەی هەیە بەم چەشنە بێ، هەر بۆیە نووسەر هەوڵ دەدا بەتاوتوێکردنی هۆکار و ڕەوتی کۆچ، کاریگەریی ئەو دیاردەیە بەسەر چالاکیی زانستی، تەکنۆلۆجیا و ئابووری شی بکاتەوە.

ڕوانگەی ئەم نووسراوەیە بەرامبەر بەبابەتی کۆچی بەهرەداران ڕوانگەیەکی زانیارییانەیە و "بەهرەدار" لێرەدا وەک توخمێکی زانیاری جێگەی سەرنجە، واتە وەک بەرهەمهێنەری زانیاری سەیری بەهرەدار دەکرێ. چونکە ئەم بەرهەمهێنەرەی زانیاری، دەتوانێ بەشداریی چالاکیی زانستی بێ و زۆر کێشە لەم بوارەدا چارەسەر بکات، دەبێ بزانین نەبوونی ئەو چ کێشەیەک بۆ کۆمەڵگەی سەرەتا (ئەو شوێنەی کۆچی لێ کردووە) پێک دێنێ و چ بەرژەوەندییەکی بۆ وڵاتی مەبەست بەدواوە دەبێ.

## چەمکی کۆچی بەهرەداران

بەریتانیاییەکان چەمکی کۆچی بەهرەدارانیان لە ناوەڕاستی دەیەی ۱۹۵۰ بەکار هێنا، سەردەمێک کە رای گشتی پێی وابوو ژمارەی فێرخوازانی زانکۆکانی بەریتانیا وەڵامدەری پێویستیی ئابووریی وڵات نییە و بەشێک لەم ژمارە کەمەش بۆ دەستەبەرکردنی کار ڕوویان لە

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر

ولاّتانی تر دەکرد (Mackay, 1969: p32). ئەم چەمکە بەچەندان شێوە لێکدراوەتەوە و لە هەندێک حاڵەتدا لە گۆشەنیگای تایبەتییەوە سەیری ئەم چەمکە کراوە. بەلاّم تەواوی پێناسەکان لە بنەڕەتدا ئاماژە بەخاڵێک دەکەن کە ئەویش چوونە دەرەوەی نوخبە و پسپۆڕانی ولاّتێک و کۆچی ئەوان بۆ شوێنێکی ترە کە خاوەنی ڕەوشی باشترە بۆ کار و ژیان. لێرەدا ئاماژە بەهەندێک لەم پێناسانە دەکەین.

" کۆچی بەهرەداران" بەدیاردەیەک دەگوترێ کە لەودا، بیرمەندانی ولاّتێک بەهۆی تەناهی، ولاّتی خۆیان بەجێ دێڵن و پەنا بۆ شوێنێکی تر دەبەن تا لە کەشێکی ئارامتردا، درێژە بەخوێندنەوەی خۆیان بدەن (چرا المپیادی ها نمی مانند، ١٣٧٩).

بەگوتەی تەهمورس شیری" ئەم دیاردەیە وەک بزووتنەوەیەک سەیر دەکرێ کە لەودا نوخبە و بیرمەندانی کۆمەڵگە بەبێ لە بەرچاوگرتنی لایەنە ئابوورییەکان، ولاّتی خۆیان بەجێ دێڵن" (نوربخش ماسوله، ١٣٧٨).

کۆچی پسپۆڕان، بیرمەندان، ئەندازیاران، فیزیازانەکان و پیشە تەکنیکییەکانی تر لە ولاّتانی ڕوو لە گەشە بۆ ولاّتانی پێشکەوتوو پێی دەڵێن کۆچی بەهرەداران (اسماعیلی، گرشاسبی، ١٣٧٨).

کەوابوو کۆچی بەهرەداران بە ڕەوتێک دەگوترێ کە لەودا "پسپۆڕان و نوخبەکانی ولاّت بەهۆی کێشەی زانستی، ئابووری، تەکنۆلۆجیا، سیاسی، کەمیی دەرەتانی لێکۆڵینەوە، خۆشگوزەرانی و بێ توانایی کۆمەڵگە لە بەکارهێنانی پسپۆڕی و توانایی ئەوان، بۆ وەدەستهێنانی ئەزموون، پێشکەوتنی زانستی، مووچەی بەرز، پلە و پایە، خۆشگوزەرانیی کۆمەلاّیەتی و ئازادیی هزریی زیاتر و دەستراگەیشتن بەسەرچاوەی نوێی زانستی و هەمەچەشن، بەرەو کۆمەڵگەیەک دەڕۆن کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە خاوەن رەوشێکی باشتری زانستی، ئابووری، کۆمەلاّیەتی، کولتووری، سیاسی و تەناهییە و بتوانن پسپۆڕی و توانای زانستیی خۆیان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەکار بێنن". ئەم دیاردەیە لانی کەم لە زۆربەی ولاّتانی روو لە گەشە یەکلایەنە و زۆر زیاتر لە ولاّتانی پێشکەوتووی ئابوورییە. بەگشتی دیاردەی کۆچی بەهرەداران بەفیڕۆدانی سەرمایەی مرۆیی و هزری کۆمەڵگەیە، بابەتێک کە ناتوانین بەئاسانی لێی تێپەڕ بین.

## کورتە مێژووی کۆچی بەهرەداران

کۆچی پسپۆڕان و ئەندازیاران لە نێوان ولاّتانی گەشەکردوو، لەمێژە بووەتە بابەتێکی گرینگ و کێشەیەکی چارەسەر نەکراو. ئەمڕۆ ئابووریی جیهانی لەسەر بنەمای زانست بەشێوەیەکی بەرچاو پشتی بەلێهاتووییەکانی زانست و تەکنۆلۆجیا بەستووە.

ئەم دیاردەیە پێش شەڕی دووەمی جیهانی بەسەرهەڵدانی "هیتلەر" لە ساڵی ١٩٣٣ دەستی پێ کرد و تا ئێستەش درێژەی هەیە. کۆچی بەهرەداران لە دوو قۆناخدا بەوپەڕی خۆی گەیشت.

یەکەم، ساڵەکانی دەستپێکی شەڕی دووەم و ئەوی تر، لە دەیەی ١٩٨٠ سەرەتا بیرمەندانێک وەک "ئەنشتاین"، "ماکس بێرن"، "ئۆپێنهایمێر" بەهەڵاتن لە ئەڵمانیای نازی و ئەوروپای ئاگر و خوێن، روویان لە وڵاتێکی ئارام و بەدوور لە شەڕ، واتە ئەمەریکا کرد.

پاش شەڕ (بەتایبەتی بەپێکهاتنی دوو جەمسەری رۆهەڵات و رۆئاوا) کۆچکردن لە وڵاتانی رۆهەڵات بۆ وڵاتانی رۆژئاوا بەردەوام بوو و بووە هۆی بەردەوامیی ئەم دیاردەیە تا کۆتای سەدە. لە دەیەی ١٩٨٠، دووەمین شەپۆلی بەرینی کۆچی بەهرەداران دەستی پێ کرد. زۆربەی بیرمەندانی رۆهەڵات روویان لە کۆمەڵگەی رۆئاوایی کرد، هەرچەند ئەم رەوتە لە وڵاتانی پەراوێزخراو و جیهانی سێیەمیش بەرێوە چووە (چرا المپیادی ها نمی مانند، ١٣٧٩).

کۆتاییی شەڕی جیهانیی دووەم و دەستپێکردنی سەرلەنوێی بنیاتنانەوەی وڵاتانی ئەوروپایی لەلایەک و هەڵدان و پەرەسەندنی پیشەسازیی ئەم وڵاتانە (بەتایبەتی ئەمەریکا) و پێویستی ئەم وڵاتانە بەکەسانی پسپۆڕ لەلایەکی ترەوە، بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی وڵاتانی روو لە گەشە (و ناسراو بەجیهانی سێیەم) بۆ ئەو شوێنانە بەڕێ کەون. ڕووداوێک کە هەندێک لە کارناسانی پرسی کۆمەڵایەتی پێیان وایە دەستپێکی ڕاستەقینەی دەیەی (١٩٦٠)ە (دربارەی فرار مغزها...، ١٣٧٨).

دەبێ بڵێین کە دیاردەی کۆچی بەهرەداران تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە کە لە چەند ساڵی دواییدا رووی دابێ، بگرە پرسێکە کە جیهان بەتایبەتی جیهانی سێیەم لە ٤٠ ساڵ لەمەوپێشەوە لەگەڵی بەرەورووە، بەڵام لەم نێوەدا، وڵاتانی روو لە گەشە زۆرترین زیان دەبینن. چونکە یەکەم، بەرهەمی وەبەرهێنانی چەندان ساڵەی خۆیان لە دەست دەدەن، دووەم، لە بەرامبەر کەمیی پسپۆڕانی خۆیاندا دەبێ لە دەرەوە کەڵک وەربگرن و لە هەمان کاتدا بەپەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و ناردنی خوێندکار بۆ دەرەوەی وڵات، خەرجییەکی زۆریان دەکەوێتە سەرشان، سێیەم، وڵاتانی پێشکەوتوو ئەگەر هێزێک لە دەست دەدەن، هێزی وڵاتانی تر جێگایان دەگرێتەوە، بەڵام لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە ئەم کارە ڕوو نادات.

## هۆکارەکانی کۆچی بەهرەداران

هەروەک ئاماژەی پێ کرا کۆچ دیاردەیەکی لانی کەم بەربڵاو لە جیهانی ئەمرۆدایە و ئەم دیاردەیە بۆ چەندان هۆکاری جیاواز دەگەڕێتەوە کە ئاماژە بەگرینگترینیان دەکەین:

١- نەڕەخسانی بواری گەشەی زانستی، نەبوونی کێبەرکێی زانستی و بەستراوەییی بەهرەداران بەزانست. نوخبە و پسپۆڕان، ژیان و کاتی خۆیان بەگشتی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی و تەکنۆلۆجیا تەرخان دەکەن. زۆربەی ئەوان (بەتایبەتی نوخبەی وڵاتانی روو لە گەشە) زۆرجار خوێندنی خۆیان لە زانکۆی وڵاتانی پێشکەوتوو تەواو دەکەن. ئەم کەسانە کاتێک دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان بەهۆی نەڕەخسانی کەشێکی گونجاو بۆ کاری زانستی و نەبوونی کێبەرکێی

زانستی و سەرچاوەی پێویست بۆ ئەنجامدانی چالاکیی زانستی پێیان باشە بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی خوێندوویانە و لە هەمان شوێن کارێک پەیدا بکەن. لە ڕاستیدا بەستراوەیی ئەوان بەزانست و پێشکەوتنی زانستی، ئەوان بۆ شوێنی پێشوو ڕادەکێشێ. پرۆفیسۆر "عەبدولسەلام" دامەزرێنەری ناوەندیی فیزیای تیۆری جیهانی سێیەم، هۆکاری و ئاسەوارەکانی دوورەپەرێزی بیرمەندان لە باسەکانی پێوەندیدار بەکۆمەڵگەی جیهانی لەنێو کۆمەڵگەی خۆیاندا، بەم جۆرە پێناسە دەکات:

پاش وەرگرتنی بڕوانامەی دوکتۆرا لە فیزیای تیۆری لە زانکۆی کەمبریج و هەروەها توێژینەوە لە "دامەزراوەی خوێندنەوەی پێشکەوتووی پرینیستۆن" کاری وانە گوتنەوەم لە زانکۆی لاهور دەست پێ کرد، بەڵام خۆم بەتەنیا دیتەوە. من وەک تەنیا فیزیاناسی تیۆری لە وڵات هیچ کەسێکم بۆ قسەکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا لە تەنیشت نەبوو. چوارچێوەی زانکۆش بەهیچ جۆرێک بزوێنەر نەبوو. پاش سێ ساڵ بەو ئاکامە گەیشتم کە مانەوەم لێرەدا مانایەکی نییە و بەپێچەوانەی ویستی خۆم بڕیاری گەڕانەوەم دا" (Schlegel,1997;p1).

"میر شکاک" (١٣٨٠) لەم ڕووەوە دەڵێ: "یەکێک لە هۆکارەکانی کۆچی بەهرەداران بەستراوەیی ئەوانە بەزانست. ئەوان بەدوای پێگەی زانستی و لێکۆڵینەوەیی و بەهیوای گەیشتن بەپلەی بەرزی زانستی لە بەشە جیاوازەکانی زانستدا ئازاری کۆچ و دووری قبووڵ دەکەن و ئۆگرییان بەزانست، ئەوان بۆ وڵاتانی ڕۆئاوایی ڕادەکێشێت".

ئەگەر کۆسپی تەکنیکی بۆ ئاڵوێری ئازادانەی زانیاری هەبێ، جوگرافیا دەبێتە یەکەمین هۆکار. کۆچ تەنیا ئاسەوارەکەی بۆ تاکە، واتە پرسێک کە لە ئاستی زانستیی زانکۆکانی وڵاتانی روو لە گەشە لە خوارەوەیە و لەم جیهانە زانستی و تەکنیکییەدا کە هەموو شتێک بەپێوەری زانست و تەکنیک هەڵدەسەنگێندرێ، وەڵامدەری پێویستیی بەهرەداران نییە.

٢- بوونی کێشەی ئابووری

نزمبوونی ڕێژەی داهاتی پسپۆڕان و بێ توانایی حکوومەت لە دابینکردنی داراییی ئەوان و هەروەها هاوسان‌نەبوونی نێوان ئاستی خوێندەواری و داهات، یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی کۆچی بەهرەدارانە. ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە زۆرتر بەرچاو دەکەوێ، چونکە لە زۆربەیاندا ڕێژەی داهاتی کەسانی خوێندەوار و نوخبە لە خوارەوەیە و بایەخیان پێ نادرێ. جیاوازیی مووچە لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو، بەتایبەتی لە بوارەکانی زانست و ئەندازیاریدا سەرسووڕهێنەرە.

دیارە جیاوازیی داهات یان مووچە و هەروەها کۆچی بەهرەداران لەنێو وڵاتانی پێشکەوتووشدا بەرچاو دەکەوێ. لەمبارەیەوە "مێری مەک لین" دەڵێ: "کاتێک داهاتی ساڵانەی پسپۆڕێکی زانستی تەندروستیی کەنەدی لە بودجەی وەزارەتی توێژینەوە، ٦٧٠٠٠ دۆلار پێشبینی کراوە (بەبەراورد لەگەڵ ٤٠٠٠٠٠ دۆلاری "دامەزراوەی تەندروستیی نیشتمانیی

ئەمەریکا)، بەتەواوی روونە کە پسپۆران بەرەو ئەمەریکا کۆچ دەکەن (Maclean; 1998). "تۆم ئارنۆلد" مووچەی بەرچاو بەیەکێک لە هۆکارەکانی کۆچی ١٦ لێکۆڵەری زانکۆی ئاڵبێرتای کەنەدی بەسەرپەرشتیی دوکتۆر "دوویچی" بۆ ئەمەریکا دەزانێ (Arnold; 2001). ناوبراو دەڵێ بەدوای ئەواندا گرووپێکی ٣٥ کەسی لەم زانکۆیە چوونە ئەمەریکا و مووچەی زۆر هۆکارێکی سەرەکییە لەم پێوەندییەدا (Arnold; 2001).

کەوابوو هۆکارێکی سەرەکیی کۆچ، رەوشی خراپیی ئابووری لە وڵاتانی روو لە گەشە بەتایبەتی و جیاوازیی داهات لە نێوان وڵاتان بەگشتییە، لە حاڵێکدا وڵاتانی پێشکەوتوو توانای پێویستیان بۆ راکێشانی هێزی نوخبە لە سەرتاسەری جیهان، بەجێگەی هێزی لە دەستچوویان هەیە، بەڵام وڵاتانی روو لە گەشە خاوەنی ئەم تواناییە نین. لەلایەکی ترەوە بەپێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو کە پێوەندیی نێوان خوێندەواری و داهات پێوەندییەکی راستەوخۆیە، لەو وڵاتانە پێوەندییەکی نێگەتیڤ هەیە.

٣- نەبوونی پێداویستیی پەروەردەیی و لێکۆڵینەوەیی

هۆکارێکی تری کۆچی بەهرەداران بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو، نەبوون یان کەمیی دەرەتانی پەروەردەیی و توێژینەوەییە. ئەوان دەچنە جێگەیەک کە پێداویستیی پێویستیان لە بەردەستدا بێ تا بتوانن وانە بڵێنەوە و توێژینەوە بکەن (فرار مغزها، زمینەها ١٣٧٩).

لە وڵاتانی روو لە گەشە لە بواری ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، وەبەرهێنانی پێویست نەکراوە و ناکرێ. یەکەم لەبەرئەوەی کە کێشەکان لەم ناوچانە ئەوەندە زۆرن کە کەمتر ئاوڕ لە چەمکی لێکۆڵینەوە دەدەنەوە. دووەم ئەوەی کە ئەوان بودجە و پێداویستیی پێویستیان لە بەردەستدا نییە تا بتوانن لەم بوارەدا هێزەکانی خۆیان بخەنە گەڕ و چالاکی بکەن. هۆکاری سێیەم رەنگە ئەوە بێ کە ئەوان ئاگەداری گرینگیی و بایەخی لێکۆڵینەوە و زانیارییەکان نەبن.

٤- بوونی قەیرانە یەک لە دوای یەکە کاتییەکان و نەبوونی تەناهیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەم دیاردەیە بەیەکێک لە هۆکارەکانی کۆچی نوخبە و پسپۆران بۆ ناوچە ئارامەکان دەژمێردرێ. پێشتر ئاماژە بەلووتکە گەیشتنی کۆچی پسپۆران پاش شەڕی دووەمی جیهانی و پەنابردنیان بۆ ناوچە ئارامەکان (واتە ئەمەریکا) کراوە. هەروەها، ئاماژە بەکۆچی پاش تەنگژە سیاسییەکانی پێکهاتوو لە ئاکامی جەمسەرە سیاسییەکان و کۆچی بەهرەدارانی رۆهەڵات بۆ رۆئاوا کراوە (چرا المپیادی ها نمی مانند، ١٣٧٩).

"ئادام موری" دەڵێ: "کۆچی بەهرەداران یان کۆچی پسپۆران و ئەندازیاران بۆ دەرەوەی کۆمەڵگەی زانستیی سۆڤیەتی پێشوو، لە کۆتاییی دەیەی ١٩٨٠دەستی پێ کرد، واتە کاتێک کە سۆڤیەت خەریکی گۆرانکاریی لە بواری سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو. پاش رووخانی یەکەتیی سۆڤیەت لە دیسێمبەری ١٩٩١، ئاماری تاوان بەرز بووەوە و ئەم پرسانە سەرنجی نێودەوڵەتییان بۆ هێزی بێکار و لەسەر کار لادراوی چەکە ئەتۆمی، ژینگەیی و

کیمیاییەکانی سۆڤیەتی پێشوو ڕاکێشا کە شیمانەی ئەوە هەبوو زانستی تەکنیکیی خۆیان بفرۆشن یان بۆ وڵاتانی تری پێشکەوتوو کۆچ بکەن. ئاماری ژمارەی کۆچبەرانی خاوەن پسپۆڕی پێوەندیدار بەچەکە کۆمەڵکوژەکان، چەند سەد هەزار تا یەک ملیۆن کەس بەراورد کراوە (Moody, 1996). لە ڕاستیدا، زانست و زانیاریی ئەم بەهرەدارانە جێگەی سەرنجی وڵاتانی تر بووە، کە ئەوانیان وەردەگرت.

لە ئەمەریکا لە کاتی شەڕ لەگەڵ ڤێتنامدا، هەزاران کەس لە لاوانی ئەمەریکایی بۆ کەنەدا هەڵاتن کە لە رووی ئابوورییەوە زۆر گەشەکردوو بوو هەتا لەوێ کارێک بدۆزنەوە، بەڵام لە ساڵانی دواییدا رەوتی کۆچکردن لە نێوان دوو وڵات پێچەوانە بووەوە.

بەگشتی هەر تەنگژەیەک لەوانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و هەر جۆرە بەربەستێک لە کار و پێشکەوتن بۆ پسپۆڕان، یان نەبوونی دەرەتانی پیشەییی گونجاو و بەربەست لە ئەنجامدانی توێژینەوە لە بوارە دڵخوازەکان رەنگە ببێتە هۆی کۆچی پسپۆڕان. لەم بوارەدا هۆکاری جۆراوجۆری تریش هەیە کە بەکورتی دەتوانین بەم جۆرەی خوارەوە ئاماژەی پێ بکەین:

- پەرەنەگرتوویی ئابووری،
- نرخی بەرزی هەڵاوسان لە وڵاتانی روو لە گەشە،
- پێداویستیی ژیان و خۆشگوزەرانیی زۆرتر لە وڵاتانی پێشکەوتوو،
- جیاوازی و کەلێنی نێوان سیستەمی پەروەردەیی و پێکهاتەی پیشەیی لە وڵاتانی روو لە گەشە،
- بەرزبوونی نرخی باج لە ژمارەیەک لە وڵاتانی پێشکەوتوو بەرامبەر بەوڵاتانی پێشکەوتووی تر،
- نزمبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی روو لە گەشە.

## رێگەکانی پێشگیری لە کۆچی بەهرەداران

دیاردەی کۆچی بەهرەداران ریشەی لە رەهەندە جیاوازەکانی پەروەردەیی، ئابووری، کولتووری و سیاسی هەیە و ناتوانین ئەم دیاردەیە یەک رەهەندی ببینین. ئەم رەهەندانە لە رووی کۆمەڵناسییەوە تاوتوێی دەکەین. بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ دیاردەی کۆچی بەهرەداران بەسەرنجدان بەهۆکارەکانی ئەم کۆچانە، پێویستە بیر لە رێکارەکانی چارەسەر یان باشکردنی کێشە جیاوازەکانی لەوانە ئابووری، کولتووری و سیاسی بکەینەوە، بەجۆرێک بتوانین هانیان بدەین لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە و پسپۆڕیی خۆیان لە پێناوی پەرەسەندنی نیشتمانەکەیان بەکار بێنن، بەڵام کارناسان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان رێکاری جیاوازیان پێشنیاز کردووە.

- چاکسازیی سیستەمی دابینکردن بەپێی توانای زانستیی پسپۆڕان،
- پێکهێنانی ناوەندی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان بەپێداویستی و کەرەستەی پێشکەوتووی لێکۆڵینەوە و دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ ئەم کارە،

- پێکهێنانی دەرەتانی پیشەیی گونجاو و هاوئاهەنگ لەگەڵ داواکاری پیشەیی،
- بەکارهێنانی پسپۆڕیی نوخبەکان لە کاروباری بەڕێوەبەری لە هەموو ئاستەکان لە کۆمەڵگەدا.
- پێکهێنانی سەقامگیری لە شوێنە زانستی و توێژینەوەییەکان لە رووی بەڕێوەبەری بۆ بەڕێوەبردنی گەلاڵە ستراتیجییەکان،
- پێکهێنانی سەقامگیری و تەناهیی ئابووری و سیاسی لە ئاستی وڵات،
- نەهێشتنی بەربەستە زانستی و توێژینەوەییەکان لە چوارچێوەی کاری ئەوان،
- پێکهێنانی ئاسانکاری و پێداویستی لەبار بۆ دەستڕاگەیشتن بەتەکنۆلۆجیای زانیاری و پێوەندی (وەک ئینتەرنێت) و پەروەردەکردنی چۆنیەتیی کەڵک وەرگرتن لەوان و دابینکردنی سەرچاوەی زانیاری بۆ بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی زانیاریی نوێ.

رەنگە تەواوی رێکارە ئاماژەپێکراوەکان کاریگەر بن، بەڵام چاوەڕوان ناکرێ بەبەکارهێنانی هەمووی ئەوانە بەشێوەیەکی گشتی پێش بەدیاردەی کۆچی بەهرەداران بگیرێ، چونکە هۆکاری جۆراوجۆری تر لەم بوارەدا رۆڵیان هەیە کە هەندێکیان بەهیچ شێوەیەک کۆنترۆڵ ناکرێن، بەڵام دەتوانرێ پێش بەسەرهەڵدانی هەندێکیان بگیرێ.

بەڵام ئەم کارە لە ڕەهەندەکانی تریشەوە جگە لە رەهەندی کۆمەڵناسی تاوتوێ دەکرێ. هەوڵدان لە پێناوی نەهێشتنی کەموکووڕییە پسپۆڕییەکان، تەنیا لە رێگەی باشکردن و زیادکردنی هەلی پەروەردەیی و پیشەیی، بەهێزکردنی دارایی، دابینکردنی پێداویستی زانستیی پسپۆڕان و دابینکردنی سەقامگیریی ئابووری، سیاسیی وڵات دەستەبەر ناکرێ، دەبێ بۆ ئەو پسپۆڕانەی کە بڕیاری بەجێهێشتنی وڵاتیان داوە، ئەنگیزەی دەروونی و هاندانی پێویستیان بۆ مانەوە پێک بێ. دەتوانرێ ئەم هاندانانە بەچەندان جۆری جیاواز بێ، بۆ وێنە پێکهێنانی هەستی بەکەڵکبوون، بەهێزکردنی ڕوانگەی نیشتمانی و کاریگەرییان لە پەرەسەندن، چوونەسەری رێژەی رازیبوونی پیشەیی، پاراستنی حورمەت و پێگەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە، گرینگترین شێوازی پێکهێنانی ئەنگیزەی مانەوە لە وڵاتدا. پشتیوانیی دەوڵەت و وەبەرهێنانی تایبەت بۆ پسپۆڕان و پاداشتی تاکەکەسیش دەتوانێ ئەنگیزە پێک بێنێ. هەروەها دەبێ کارە کولتوورییەکان (وەک رۆحییەی فیداکاری، خەڵک دۆستی و ئۆگریی بەنیشتمان، بەتایبەتی لەنێو نەوەی نوێ) و پەرەپێدان بە رۆحییەی رێزلێنان لە نوخبە و لێکۆڵەران لە نێوان هەموو لایەک و لە ئاستێکی بەربڵاو و بەشێوەی بنەڕەتی، بەڕێوە بچێ.

هەتا کاتێک دەوڵەت لە تەنیشت رێکارە کۆمەڵناسییەکان بایەخ بەم رێکارانە نەدا ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە لە بواری پاراستنی سەرمایە بەبایەخەکانی مرۆیی کە بودجەیەکی زۆر بۆ پەروەردەکردنی ئەوان خەرج کراوە، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. پێکهێنانی ئەنگیزە و هاندان دەبێ لە سەرووی چالاکیی کولتووری دەوڵەت بۆ ئەم توێژە لە کۆمەڵگە بێ.

## سیاسەتی ڕاکێشانی بەهرەداران بە جێگەی کۆچی ئەوان

یەکێک لەو کارانەی کە دەوڵەت بەمەبەستی پێشگیری لە کۆچی بەهرەداران دەتوانێ ئەنجامی بدا، پێکهێنانی بوارێکی گونجاوە بۆ توێژینەوە، دابینکردنی بودجەی بەرچاو لەم بوارەدا، تەیارکردنی کتێبخانەکان و ناوەندەکانی گەیاندنی زانیاری، کارگەکان و تاقیگەکانە تا بتوانن بەجێگەی لەدەستدانی پسپۆڕان، ئەوان ڕاکێشن. دیارە ژێرخانی پەروەردەیی و توێژینەوە دەبێ ئامادە بێ تا بتوانن بایەخدان بەکاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پەرە پێ بدەن. لەم چوارچێوەیەدا دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ بەهێزکردنی بنەمای زانستیی خۆی لە ڕێگەی سێ دامەزراوەی توێژینەوە، بڕی ٨٢ ملیۆنی دۆلار تەرخان کردووە. لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی "دامەزراوەی ئلێکساندەر هامبولا" و "ناوەندی خزمەتگوزاریی ئالوویری کولتووری"، دەوڵەتی ئەڵمانیا هیوادارە هەم نوخبەکان ڕاکێشێ و هەم لە چوونە دەرەوەی پسپۆڕانی خۆی پێشگیری بکا. "ئەدگار بول مان" وەزیری توێژینەوەی ئەڵمانیا دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ پێش بەکۆچی بەهرەداران بگرین و بەپێچەوانەوە دەست بەڕاکێشانی بەهرەداران بکەین" (Koenig, 2001).

"سکات موری" دەڵێ: " کەنەدا ساڵانە ٢٥٠٠٠ کەس لە دەست دەدا کە ٨ تا ١٠ هەزار کەسیان خاوەنی بڕوانامەی زانکۆن. بەڵام لە بەرامبەر هەر تاکێکی لەدەستچووی زانکۆ دیتوو، چوار کەس ڕادەکێشێ، ژمارەی گشتیی خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دوکتۆرا کە ساڵانە روو لە کەنەدا دەکەن لە ژمارەی گشتیی خوێندەوارانی کۆچبەری کەنەدی زیاترن"( Murry, 2000).

"مییەر" و "براون" لەم پێوەندییەدا دەڵێن:

" لە دوو دەیەی ڕابردوودا چەمکی کۆچی پسپۆڕان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و زیاتر پێداگرتنە لەسەر ڕاکێشانی بەهرەداران". دوو شێواز بۆ ڕاکێشانی بەهرەداران هەیە: گەڕانەوەی کۆچبەران بۆ وڵاتی یەکەم (شێوازی گەڕانەوە) و تەیارکردنی هێزەکانی دەرەوەی وڵات و هاوکاریی ئەوان لە ڕێگای دوورەوە لە چالاکییەکانی تایبەت بەپەرەسەندنی وڵاتی خۆیان (شێوازی بڵاوەپێکردن)، لە هەندێک لە وڵاتان وەک سەنگافوور، کۆماری کۆریا یان وڵاتانی روو لە گەشەی گەورە وەک هیند و چین، شێوازی یەکەم بەسەرکەوتنەوە ئەنجام دراوە. ئەوان لە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە پرۆگرامی گەڕانەوەی نوخبەکان بۆ وڵاتەکانیان بەڕێوە بردووە و تۆڕێکی بەربڵاویان لە وڵاتەکانیان پێک هێناوە تا ئەم نوخبانە بتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر لەو وڵاتانە جێگەیەک بۆ خۆیان پەیدا بکەن.

شێوازی دووەم نوێترە و شوێنکەوتووی ڕێگەیەکی جیاوازە، ئەم ڕێگەیە شیمانەی نەگەڕانەوەی هەندێک لە کۆچبەران قبووڵ دەکا، بەڵام شیمانەی ئەوە هەیە ئەوان بەپەرەسەندنی وڵاتی یەکەمیان زۆر ئۆگر بن، کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەستراوەییی کولتووری و بنەماڵەیی لەگەڵ کەسانی تر. کەوابوو مەبەستی، پێکهێنانی پێوەندییە کە لە ڕێگەی ئەوەوە، کۆچبەران بتوانن بەشێوەی کاریگەر و بەبێ ئامادەبوونی فیزیکی، لە پەرەسەندنی وڵاتەکەیاندا بەشدار بن. ئەم جۆرە

هاوکارییە لە ڕێگەی دوورەوە دەکرێ.

قازانجی ئەم شێوازە ئەمەیە کە پشت بەوەگەڕخستنی سەرمایە بەشێوەی بنەڕەتی نابەستێ، بگرە لەسەر بنەمای کاری زۆرترە لەسەر سەرچاوەکانی بەردەست. دوورەدیمەنێکی دڵنیاکەرەوە لەم شێوازە ئەوەیە کە بەهۆی کۆچەوە، وڵات نەتەنیا دەتوانێ بەزانستی بەرهەمهاتووی ئەوان، بگرە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی پێوەندیدار بەپیشەیەک کە لە دەرەوەدا چالاکن، بەدەست بێنێ. تا ئێستە ٤١ تۆڕ لە کۆچبەران لە سەرتاسەری جیهان دەستنیشان کراون کە پێوەندییان بە ٣٠ وڵاتەوە هەیە و هەموویان لە کۆتاییی دەیەی ٨٠ و دەیەی ٩٠ پێک هاتوون Meyer and Brown, 1999.

سەرئەنجام دەبێ تەئکید لەسەر ئەوە بکرێ کە سەرمایەی مرۆیی بەبایەخترین سەرچاوەیە بۆ گۆڕانکاری و بووژانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیەک و لەم نێوەدا پسپۆڕان و بەهرەداران، پێشڕەوی بزووتنەوەی مرۆیی و بزوێنەری پەرەسەندنن. ژمارەی ئەوان لە ئاستی کۆمەڵگەدا زۆر سنووردارە، بەجۆرێک کە یەکێک لە لێکۆڵەران و نووسەرانی بواری ئابووری و سیاسی گوتوویەتی لە هەر یەک ملیۆن کەس، یەک کەس دەگاتە قۆناخی داهێنان و ئەوانی تر لە ئاکامی داهێنانی ئەو خەریکی کارێک دەبن (توفانی، ١٣٧٨). کەوابوو پشتیوانیی هەمەلایەنە لەم توێژە و هەوڵدان لە پێناوی ڕاکێشانی ئەوان بەهەر ڕێگەیەک، پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە گەرەنتی دەکا.

## کاریگەریی کۆچی بەهرەداران لەسەر ڕەوتی زانیاری

لەم بەشەدا ڕەوتی زانیاری و بەرهەمی زانستی، تەکنیکی، ئابووری و چۆنیەتیی پێوەندیی ئەوان لەگەڵ یەکتر و هەروەها پێوەندیی ڕەوتی زانیاری لەگەڵ ناوەندەکانی گەیاندنی زانیاری، کتێبخانەکان و ناوەندەکانی توێژینەوە و چالاکییەکانیان تاوتوێ دەکرێ. ئەم باسە لە چەند ڕەهەندەوە پرسەکانی ئاماژەکراو ڕاڤە دەکات.

١- پێوەندی چالاکییە زانستی، تەکنیکی، ئابوورییەکان لەگەڵ ڕەوتی زانیاری: لە نێوان چالاکییەکانی زانستی، تەکنیکی، ئابووری و ڕەوتی زانیاری پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە، بەم واتایە کە هەرچی ئەم چالاکییانە پەرە بستێنێ، بەرهەم، دابەشکردن و بەکارهێنانی زانیاری پەرە دەگرێ و ڕەوتی زانیاری گەشە و خێرایی بەخۆوە دەبینێ. چالاکیی زانستی و لێکۆڵینەوە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زانیاری، سەرەڕای ئەوەی کە بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە پسپۆڕان پێویستییان بەزانیاری (دەستڕاگەیشتن بەبەکارهێنانی زانیاری) هەیە. زانیاریی بەرهەمهاتوو لەلایەن ئەوانەوە سەرلەنوێ کەڵکی لێ وەردەگیرێتەوە.

هەروەها ئەمڕۆ لە بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی زانیاری، تەکنۆلۆجیای زانیاری و پێوەندی و چاودێری، گرینگیی زۆری پەیدا کردووە. چالاکیی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو، بەتایبەت لە بواری تەکنۆلۆجیای زانیاری و پێوەندی، نەتەنیا یارمەتیی گەورە بەخێرایی بەخشینی ڕەوتی زانیاری دەدا، بگرە وەک ئامرازێک، لە بەرهەمهێنانی زانیاری و ڕێکخستن و پەرەپێدانی

کاریگەرە. ئێستە ولاتگەلێک رەوتی زانیارییان بەدەستەوە گرتووە کە بەهۆی هێزی پسپۆڕ و لێهاتووی خۆی بووەتە خاوەن تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو، زانیاریی خاو وەک کەرەستەی سەرەتایی لە ولاتانی ڕوو لە گەشە وەردەگرن و پاش ڕێکخستنی خێرا و ورد، هەمان زانیاری دەدەنەوە بەولاتانی تر و لەم ڕێگەیەوە هەم رەوتەکە بەقازانجی خۆی بەرەوپێشەوە دەبات و هەم داهاتێکی بەرچاو بەدەست دێنن.

لە ڕاستیدا، کۆچ واتە گواستنەوەی ئەو بەهرەدارانە کە توانای ڕێکخستنی زانیاریی خاو بەزانیاریی بەبایەخ و زانستییان هەیە. کەوابوو چوونە دەرەوەی هێزی لێهاتووی ولاتانی باشوور و چوونیان بۆ ولاتانی باکور دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێزە پسپۆڕەکانی ولاتانی هەژار و سەرمایە مرۆییەکان کە تەواوی خەرجیی پەروەردەی ئەوان لەسەر شانی ئەو ولاتانە بووە، بەشێوەی ئامادە و بەبێ خەرجکردن دەخرێتە بەردەستی ئەم هێزانە و ئەو کەسانە بەکەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی ولاتانی باکور، زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەم دێنن و هێزە پیشەسازییەکان هەر ڕۆژە بەهێزتر دەکەن.

چالاکیی ئابووریش پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ رەوتی زانیاری و گەشەکردنی ئەوان هەیە: یەکەم ئەوەی کە، ئەمڕۆ تەواوی چالاکییە ئابوورییەکان لەسەر بنەمای زانیاری داڕێژراوە، واتە هەر تاک یان ڕێکخراوێک کە بیەوێ چالاکییەک دەست پێ بکا، سەرەتا دەبێ زانیاریی تەواوی سەبارەت بەکۆمەڵگە، پێداویستییەکانی، چۆنیەتیی خستنەڕووی بەرهەم و چالاکییەکانی خۆیان بەباشترین شێوە بەدەست بێنن. لەم پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بەسایتە ئینتەرنێتییەکان بکەین کە بەشێکی بەرچاویان لەلایەن کۆمپانیاکانی پڕوپاگەندە پێک هاتوون. لە ئاکامدا دەردەکەوێ هەر چالاکییەکی ئابووری پشتی بەبەکارهێنان و بەرهەمی زانیاری بەستووە. گەشەکردنی ئەم جۆرە چالاکییانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەبێتە هۆی گەشەی بازاڕی بەرهەم و بەکارهێنانی زانیاری و بەدوای ئەودا، گەشەکردنی زانیاری بەقازانجی ئەو کۆمەڵگەیە.

٢- کەمبوونەوەی رەوتی بەرهەمهێنان و سووڕی زانیاری بەهۆی کەمبوونەوەی چالاکیی زانستی، تەکنۆلۆجیا و ئابووری: بەلام لە ولاتانی ڕوو لە گەشە پێچەوانەی ئەم مەسەلەیە ڕاستە. واتە کەمبوونەوەی هەریەک لە چالاکییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر رەوتی زانیاری دادەنێ. لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ڕێژەی چالاکیی ولاتانی باشوور بەبەراورد لەگەڵ ولاتانی باکور زۆر سنووردارە و لەگەڵ یەکتر بەراورد ناکرێن. لە ئاکامدا رەوتی زانیاری وەک هێزێکی ڕەها لە بەردەستی ولاتانی باکوردایە.

٣- کەمبوونەوەی ڕێژەیی چالاکیی ناوەندی گەیاندنی زانیاری و کتێبخانەکان: ناوەندی گەیاندنی زانیاری و کتێبخانەکان شوێنی بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی زانیاری لە بوارە جۆراوجۆرەکانن و چالاکییەکانی ئەوانیش ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بەچالاکیی تاکەکەس و ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگە. کاتێک بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی زانیاری و سووڕی ئەو لە کۆمەڵگە کەم بێتەوە، ئەم کارە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر کەمبوونەوەی چالاکیی ناوەندەکانی گەیاندنی زانیاری و کتێبخانەکان دادەنێ. بەکارهێنانی زانیارییە کە سووڕی کار لە هەر ناوەندێکی گەیاندنی زانیاری و کتێبخانەکان دەباتە سەرەوە.

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، بەکارهێنانی زانیاری دەبێتە هۆی بەرهەمی زانیاریی نوێ. ئەم زانیارییە نوێیانە دەبێ لە شوێنێک _ کتێبخانەکان و ناوەندەکانی گەیاندنی زانیاری _ ڕێک بخرێن و بۆ بەکارهێنانی تازە بکەوێتە بەردەستی بەکارهێنەرانەوە. ئەم ڕەوتە، چوونەسەری چالاکیی ناوەندەکانی ئاماژەپێکراوی بەدواوە دەبێ. چونکە لەلایەک دەبێ خەریکی ڕێکخستنی سەرچاوەی نوێ بن و لەلایەکی ترەوە بەچوونەسەری ئاستی زانیاری و لە ئاکامدا چوونەسەری ڕێژەی بەرکارهێنەران، کاری بڵاوکردنەوەی زانیاری و دەستڕاگەیشتنی خاوەن کتێبەکان زۆرتر دەبێ. ئەگەر گریمان بەهۆی لەسەرەخۆیی چالاکیی زانیاری، تەکنۆلۆجیا و ئابووری، بەرهەمی زانیاری کەم بێتەوە، ئەم ڕەوشە وەستانی کار و چالاکیی کتێبخانەکانی بەدواوە دەبێ.

٤- کەمبوونەوەی داواکاریی زانیاری لە بانکەکانی دەرەوە: خاڵێکی تر کە پێویستە بایەخی پێ بدرێ ئەمەیە کە لە کۆمەڵگەیەکدا ئەگەر پسپۆڕی لێ بێ تا بەردەوام خەریکی بەرهەمهێنانی زانیاری و بەکارهێنانی بێ و لە بواری چالاکییەکانی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی زانستیی دەرەوە پێوەندی دابمەزرێنێ، زۆر پێویستی بەزانیاریی بانکەکانی دەرەوە نابێ، هەر بۆیە داواکاریی بۆ زانیاری لەم بانکانە کەم دەبێتەوە. لە ئاکامدا، ئەو کۆمەڵگەیە هەر ڕۆژە مەودای نێوانی لەگەڵ کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان زیاتر دەبێ. ئێستە ئەم حاڵەتە لە زۆربەی وڵاتانی ڕوو لە گەشە دەبینرێ و ئەگەر لەم بوارەدا ڕێوشوێنی پێویست نەگیرێتە بەر، هەر ڕۆژە لە ڕووی زانیاری و زانستییەوە بینەری مەودای زیاتری نێوان ئەوان لەگەڵ وڵاتانی تر دەبین.

ئەگەرچی زۆرترین زانیاری لە جیهانی ئێستە لە وڵاتانی باکور بەرهەم دێ، بەڵام زۆرترین زانیارییش لە هەمان وڵاتان بەکار دەهێنرێ و چەمکی کۆمەڵگەی زانیاری (واتە کۆمەڵگەیەک کە زانیاری لە تەواوی بەشەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، زانستی و سیاسی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرهەم، دابەش و بەکار دەهێنرێ) ڕاستییەکەی دەردەکەوێ. ئەم دیاردەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوان تەواوی پێداویستی و ژێرخانە پێویستەکان، لەوانە پرۆگرامسازی، تەکنۆلۆجیای نوێی زانیاری و پێوەندی و بەتایبەت هێزی مرۆیی لێهاتوو کە بتوانێ لەم پێداویستییانە بەباشترین شێوە کەڵک وەربگرێ، لە بەردەستیاندایە. لە بەرامبەردا، وڵاتانی باشوور بەهۆی نەزانینی بایەخی زانیاری و نەبوونی هێزی پسپۆڕ و شارەزا، هەست بەپێویستیی بەکارهێنانی زانیاریی بەرهەمهاتوو ناکات. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆ کەڵک وەرگرتن لە بانکەکانی دەرەوە کۆسپی زۆریان لە بەردەمدایە وەک کێشەی زمان،

خـەرجـیی زۆر، نەبوونـی ژێرخـانی پێـویست، نـەبوونی شـارەزاییی پێـویست لە بەکـارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ.

٥- کـەمـیی ڕێژەی بەرهـەم و ناردنە دەرەوەی زانیـاری: پێشـتـر لە پێـوەندی لەگـەڵ بەرهـەمـهـێنانی زانیـاری و کـەمیی ڕێژەی بەرهـەم بەهـۆی کـەمـیی چالاکـییە زانسـتی و تەکنیکی و ئابوورییـەکان قـسـەمـان کـرد. بەرهـەمـهـێنانی زانیـاری لە چوارچێـوە جـۆراوجـۆرەکـانی وەک لێکۆڵینەوە، تۆمارکردنی داهێنان، نووسینی کتێب و وتار بەڕێوە دەچێ.

لە وڵاتـانی ڕوو لە گـەشـە، بەکـۆچی بەهرەداران کـە گـەورەترین بەرهـەمـهـێنـەری زانیـارین و بەخـەرجکردنـی سـەرمـایەی نـیـشـتـمـانیی وڵاتەکـانی خـۆیان خـوێندوویانـە و لە قـۆناخـی سـوودگـەیێنی، بەهـۆی جـۆراوجۆر وڵاتی خـۆیان بەجێ دێڵن یان ناچار بەبەجێـهێشـتنی بوون، بەدڵنـیـایـیـەوە ئـاسـتـی چالاکـیی زانسـتی و لێکـۆڵینـەوەیی دادەبەزێ. بەهرەدارانێک کـە گـەیشـتوونـەتە قۆنـاخی داهێنان، ئێستە بەرهـەمەکان و ئاکامی کارە زانسـتییـەکانی خـۆیان دەخـەنە بـەردەست وڵاتانی پێـشکـەوتوو. لـە ڕاسـتـیـدا سـوودگـەیێنیی ئـەوان بۆ وڵاتـانی پێـشکەوتووە نـەک وڵاتانی خـۆیان. ئەم کـەسـانە بەتـەواوی ئاگـەداری ئەوە هـەن کـە ئاکـامی لێکـۆڵینەوەکـانی ئەوان دەبێـتـە هـۆی بەهێـزبوونی ئـەو حکوومـەتانە، بەڵام ئەمـەش دەزانن کـە زانست، بـەتایبـەتی زانسـتی تەکنیکی و ئاکـامـەکـانی لە چوارچێـوەی سـنوور و دەسـەڵات و دەوڵەتی هـیچ وڵاتێکدا نـامـێنێـتـەوە و درەنگ یـان زوو ئاکـامـەکـەی لە تەواوی جـیـهـاندا بڵاو دەبێتـەوە. هـەرچەند هـەندێک لە زانیـارییەکانی بەرهـەمهـاتووی ئەوان ڕەنگە لەم ڕێگەیەوە بگاتە وڵاتەکانیان، بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆربەی ناگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و ئەگەریش بگەڕێتەوە دەبێ ئەم وڵاتانە کات و خەرجییەکی زۆر بەکار بێنێ.

بەڵام شـتێک کە دەمـێنێتـەوە باسی لەسـەر بکرێ ناردنە دەرەوەی زانیـارییە. ئێسـتـە ڕەنگە هـەناردەی هیچ کاڵایەک بەئەندازەی هـەناردە و فرۆشتنی زانیـاری بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو (وەک ئەمـەریکا و تا ڕادەیەک بەریتـانیـا) کە خـاوەنی ژێرخـانی پێویست لەم بوارەدا و تەکنۆلۆجیـای نوێی زانیاری و پێوەندین، سوودگەیێن نەبێ. ئێستـە وەک دەسـەڵات سـەیری زانیـاری دەکرێ و ڕەنگە بـتـوانین بـڵـێـین کە وڵاتـانی پێـشکـەوتوو بەجـێگـەی وەبەرهێنانی سـیـاسـی و سـەربازی، ئێستـە خـەریکی وەبەرهێنانی زانیـاریی وڵاتانی ڕوو لە گەشەن. لە وڵاتـانی باشوور کە ڕێژەی بەرهـەمـهـێنانی زانیـاری زۆر لە خـوارەوەیە و بایەخـی پێ نـادرێ، ناردنە دەرەوەی زانیـارییش نابینرێ، چـونکە ئەوان لـەم بوارەدا دەبێ خـاوەنـی ژێرخـانی پێـویسـت بن و پێـداویسـتـیی بڵاوکردنەوەی خێـرا، بەکـەڵک وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیـای نـوێی زانیاری و پێوەندییـان هـەبێ و زانیـاریی بەرهـەمـهـاتووی ئەوان خـاوەنی چۆنیـەتیی پێـویست بێ تـا بتـوانن لەگـەڵ وڵاتـانی پەرەگرتوو کێبەرکێ بکەن. لێرەدا بابەتی زمانیش نابێ لە بیر بکەین، کە کۆسـپێکی گـەورەیە لەسـەر ناردنە دەرەوەی زانیاریی ئەو وڵاتانە.

## بەرەنجام

کۆچی بەهرەداران لەبەر هەر هۆکارێک بێ گەورەترین زیانی بەوڵاتانی روو لە گەشە گەیاندووە و دەگەیەنێ. زانیاریی بەدەستهاتوو پێشانی دەدا زۆرترین کۆچ بەرەو ئەمەریکا، کەنەدا و وڵاتانی ئەوروپاییە. ئاماری کۆچ لە ئەمەریکاوە تەنانەت بۆ وڵاتانی پیشەسازیش زۆر کەمە. چونکە لەو وڵاتەدا، تەواوی بوارەکانی پێویست بۆ پەروەردەکردن و لێکۆڵینەوە لە بەرزترین ئاستدا ئامادە کراوە. ئەوان زۆرترین قازانج لەم کارە وەردەگرن و زانستی بەرهەمهاتوو لە رێگەی تۆڕێکی گەیاندنی زانیاری بەنرخێکی گران دەگەیننە دەست هەمووان. لەم رووەوە ئەمرۆ شاهیدی ئەوەین کە زۆرترین زانیاریی زانستی و تەکنیکی لەم وڵاتانە بەرهەم دێن پشکی ئەوان لە پێکهێنانی دامەزراوەی زانیاری لە جیهاندا زیاتر لە وڵاتانی ترە. پاش ئەمەریکا، کەنەدا و وڵاتانی تری پیشەسازی هەڵکەوتوون، بەڵام لەبەرئەوەی کە توانایی ڕاکێشانی کۆچبەریان هەیە زۆر زیان نابینن.

ئەگەر هێزە کۆچبەرەکان واتە هەمان بەرهەمهێنەرانی زانیاری کە بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو سەفەر دەکەن و پاش ماوەیەک و پاش وەدەستهێنانی ئەزموون بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان بەشێکی بەرچاوی توانایی ئەوان دەتوانێ بۆ وڵاتەکەی بێ و سەرەڕای گەڕانەوەی سەرمایە، بەهایەکی تر بەم سەرمایەیە زیاد دەبێ و ئەویش ئەزموونی بەبایەخە کە لەوێدا بەدەستی دێن، واتە زانیاریی خاوی ئەوان لە شوێنە نوێیەکان (کاتێک لە مەیدانی کردەوەدا بێ) دەبێتە زانستێکی بەبایەخ و زانیاریی نوێتریشی پێ زیاد دەبێ. وڵاتانی باشوور پێویستە بوارێکی گونجاو بۆ گەڕانەوەی بەهرەداران برەخسێنن. ئەم کارە لە هەندێک لەو وڵاتانەی کە بەرەو پیشەسازیبوون دەچن (وەک کۆریا، چین و سەنگافوور) بەسەرکەوتنەوە بەڕێوە چووە. وڵاتانی ئاماژەپێکراو لەم بوارەدا کاری زۆریان کردووە، کە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان یارمەتیی زۆر بەوڵاتانی باشوور دەگەیەنێ. ئەوان بەپلاندانانی ورد، بەهرەدارانی خۆیان بۆ وڵاتانی تر بەرێ دەکەن و لەم رێرەوەدا داهاتێکی زۆریان دەست دەکەوێ.

بوونی پێداویستیی پێشکەوتوو لە بواری پەروەردەیی و لێکۆڵینەوەیی لەم وڵاتانەدا، بوونی تەکنۆلۆجیای نوێی زانیاری و پێوەندی و تەواوی ژێرخانە پێویستەکان بۆ کەڵک وەرگرتنیان و وەبەرهێنانی یەکجار زۆر لە بواری بەرهەمهێنانی زانست و ڕاگواستنی، بووەتە هۆی ئەوەی کە رەوتی زانیاری بەدەستەوە بگرن و رێرەوەکەی دەستنیشان بکەن و بۆ ڕاگواستنی زانیاری بۆ وڵاتانی روو لە گەشە بڕیار بدەن کە چ جۆرە زانیارییەک لە چ بارودۆخێکدا بگوازنەوە، بەدڵنیاییەوە زانیارییەک کە زۆر گرینگ بێ، لای خۆیان دەیپارێزن و جۆرێک پاوانخوازی لەم بوارەدا (واتە لەو زانیاریانەی کە بەشێکی لەلایەن نوخبەکانی وڵاتانی ڕوو لە گەشە بەرهەم هاتووە) بەکار دەهێنرێ.

بەڵام نەبوونی هەر جۆرە ئامارێکی فەرمیی لە کۆچی بەهرەداران و گەڕانەوەی ئەوان، لە وڵاتانی باشوور و نەبوونی پلان بۆ هەناردنی پسپۆڕی و بەدەستهێنانی داهات لەم بوارەدا، دەری دەخات کە حکوومەتەکانیان بەرامبەر بەم دیاردە گرینگە کەمتەرخەمن و بیرێک لەو سەرمایانەی لە دەست چوون نەکراوەتەوە. تەنانەت لە بواری پێکهێنانی هەلی گونجاو، ڕێکارێک بۆ پاراستنی ئەو هێزانەی ماون و بەکردەییکردنی توانایییەکانیان نەدۆزراوەتەوە تا ئەوان بتوانن ئەم زانیارییە خاوانە، لە کردەدا بەکار بێنن و توانای زانیاریی خۆیان بۆ کۆمەڵگەکەیان تەرخان بکەن و ئەم زانیارییانە لە سووڕی بەرهەمهێنان و بەکارهێناندا کەڵکی لێ وەربگیرێ.

سەرچاوەکان:


اسماعیلی، م: گرشاسبی، ب، (١٣٧٨، ٢٥ بهمن). "گستردگی فرار مغزها در کشورهای در حال توسعه". عصر ازادگان.

انصافی، س. (١٣٧٩). "بررسی میزان تولید مقالات ایرانیان در زمینه علوم پایه". ٥٥، ٤٩، ١٦,

توفانی، د. (١٣٧٨، ٣١ مرداد). "توسعه فقر نخستین پیامد فرار مغزها". ایران.

" چرا المپیادی ها نمی مانند، می روند!". انتخاب

میر شکاک، ی، (١٣٨٠، ٢٣ اردیبهشت). "تاملی در مقوله فرار مغزها". قدس.

نوربخش ماسوله، م، (١٣٧٨). "نبود مردم سالاری زمینەساز فرار مغزهاست". قدس.

- Chng, A.(2002). The Iraqi brain drain: professionals home at high rate. Avaailable www.abcnews.go.comat

- Kahn,j.(2001). P. Stem cells and a new brain drain. Available at http://www.cnn.com/health

- Koenig, R.(2001, March 3). "Germany to halt a brain drain" .Science Now. Available at

- Mackey , D.(1969). Geographical mobiliy and the brain drain: a case study of Aberdeen University.Graduates, 1860-1960. London: George Allen and Unwin

- Maclean, M.(1998)."Us firms poaching top drains".Edomonton journal, May, http://www.cbr.ca/presscli/ej_985.htm 23rd, Available at

-Martin, S.T.(1999).: Canada brain drain".St. pettersborg Times, Sep. 5th., http://www.sptime.com/tcp.copyraight.html Available from

- Meyer.J.B., Mercy, B.(1999)."Scientific Diasporas: a new approach to brain drain". Prepared for the World Conference on Science, UNESCO-ICSU, Budapest, http://www.unesco.org/most/meyer.htm Hungry, 26 June-1 Jully,1999. Available at

- Moody.R.A.(1996), Proliferations of the brain drain". Post Soviet Prospects, 4 (12). http://www.csis.org/cgi-bin/imagmap Available at

Murry,S.(2000)."Brain drain, brain drain" Session proceedinge, May 25, 2000 presented by the Msytree Faundation Lawerance Center Forum.). Available at http://www.maytree.com/index/htm

http://www.salon.com/index.html Sarvate, S. (2000). Brain drain.) .Available at -Schlegel, M, (1996), Brain drain with regard to Africa. Available at

http://www.salon.sas.upenn.edu/African-studies_Gen/brain_Drain. html

- St. Lifer,E. (2000). "The broomer brain drain: the last of generation". Library Journal, 125 (8), 38-43


سەرچاوە: ماڵپەڕی (أفتاب)

# ململانێی شارستانیەتییەکان

سامویێل هەنتگتن

## دەقی نموونەی ململانێیەکان

سیاسەتی دنیا وا دەچێتە سەردەمێکی نوێ و ڕووناکبیرانیش بێ یەک و دوو بیر و بۆچوونی خۆیانیان سەبارەت بەوەی کە لە داهاتوو ڕوو دەدا، بەدیار خست، باسی کۆتاییهاتنی مێژوو و هاتنەوەی سەردەمی ڕکەبەری نێوان دەوڵەتان و کزبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەهۆی ململانێی خێڵەکایەتی و جیهانگەری و خواستی تریشیان کرد. هەریەک لەو بۆچوونانە هەقیقەتێکی دەردەخست. لەگەڵ ئەمەشدا هەر هەموویان تەوەرێکی گرینگ و مەرکەزییان نەپێکا، ئاخۆ شیمانەی سیاسەت دەبێ لە چەند ساڵی داهاتوودا چۆن بێ.

بە هزری من ئەو سەرچاوە بنەڕەتییەی ململانێ لە جیهانی تازەدا بەشێوەیەکی سەرەکی نە ململانێیەکی ئایدیۆلۆجی و نە ململانێیەکی ئابووری دەبێ. جیاوازی گەورە لە نێوان مرۆڤ و سەرچاوەکان بالادەستیی ململانێیەکە، نەریتی cultural دەبێ. دەوڵەتە نەتەوەییەکان، وەک خۆیان، لە بواری کاروباری دنیادا، هەر گەورەترین ئاکتەر دەمێننەوە، بەڵام ململانێیە سەرەکییەکانی سیاسەتی جیهانی لە نێوان دەوڵەتان و ئەو گرووپانە ڕوو دەدا کە شارستانی جودایان هەیە. ململانێی شارستانەتییەکان clash of civil سالاری سیاسەتی جیهانی دەبێ. هێڵە جیاکەرەوەکانی نێوان شارستانییەتەکان دەبنە هێڵی شەڕی پاشەڕۆژ.

لەوەتەی ململانێ لە نێوان مرۆڤدا پەیدا بووە تا ئەم چەرخەی ئێستا، ململانێی نێوان شارستانییەتەکان دواترین پەلکەی ئەم ململانێیە پێک دێنێ. لە دوای سەدە و نیوێک لە پاش دەرکەوتنی سیستەمی نێودەوڵەتیی سەردەم لەگەڵ ئاشتیی وێستفێلیا Peace of Westphalia،

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک

مـلـمـلانێی ڕۆئاوا بـه زۆری له نێـوان شــازاده و ئیـمـپـراتۆر و مــهلیكه تاكـڕەو و مــهلیكه دەسـتوورییەكانەوە بووە ویستوویانە دەسـەڵاتەكانی خۆیان و سوپا و ئابوورییە بازرگانییەكانیان بەهێزتر بكەن و لە هەمووشـیان گرینگتـر ئەو خـاكە بووە كـە حـوكمـڕانیـیان كردووە. لەمـیـانی بەڕێوەبردنی پرۆســەیـەكـەدا دەوڵـەتە نەتـەوەییــیـەكـان دروست بـوون و لە ســەرەتای شــۆڕشـی فـرەنسییەوە، ئیـتر هێڵەكانی ململانێ كـەوتنە نێـوانی نەتەوەكـان و چیی تر لە نێـوان شازادەكـاندا نەما. لە ١٧٩٣ كە ر. ر. پاڵمەر نووسی: "شەڕەكانی نێوان پاشایەكان بڕانەوە: شەڕی نێوان گەلان دەستی پێ كردووە". ئەم نموونەیەی سـەدەی نۆزدەمین تا كۆتایی شـەڕی یەكەمی جیهانی مـاوە. پاشان، لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ڕووسی و ئەو كاردانـەوانەی بەرانبەری كران، ململانێی نێوان گەلان ڕێی بۆ ململانێی هزرەكان چۆڵ كرد و یەكەمجار لە نێوانی كۆمیۆنیزم [شیوعییەت] و فاشـیزم [فـاشـیـیـەت] و نـازیزم [نازییـەت] و لیبـراڵە دیموكراتەكـان بوو و پاشـان كـەوتە نێـوان كۆمـیۆنیـزم و لیبراڵە دیموكراتەكـانەوە. لە سـەردەمی شـەڕی سارد، ئەو ململانێیـەی دوایی لە شێوەی خەباتی نێوان دوو زلهێزەكان بەرجەستە بوو. بەپێی بۆچوونی كلاسیكیی ئەوروپایی، هیچ كـامیـان دەوڵەتی نەتەوەیی نەبوون و هـەر یەكەشیـان ناسنامـەی خۆی لە زاراوەی تایبـەتیی هزری خۆیەوە دەناساند.

ئەو ململانێیانەی نێوان شازادە و دەوڵەتە نـەتەوەییـیەكـان و ئایدیۆلۆجـیـیەكان هەمـوویان لە ناوەوەی شـارسـتـانییـەتی ڕۆئاوادا دەقـەومـان، وەک ویلـیـەم لیند دەڵێ: "شـەڕە ناوەخـۆییـیـەكانی ڕۆئاوا" بوون. لە شـەڕی سـارد و شـەڕەكانی پێشـتریش ئەوانەی لە سـەدەكانی شازدە و حـەڤدە و هـەژدە و نۆزدەم ڕوویـان دا، هـەمـوویان ئەم جـۆرە شــەڕانە بوون. كـە شــەڕی سـارد كـۆتـایی هـات سـیـاسـەتی نێـودەوڵەتی لە قـاوغی ڕۆئاوا دەرچوو و كـاری سـەرەكی لە تێكهـەڵكێشـەی شـارسـتـانییـەتەكانی ڕۆئاوا و ناڕۆئاوا و ناڕۆئاواش لەناو خـۆیدا بەرجـەسـتـە بوو. لە سیاسـەتی شـارسـتـانییـەتی ڕۆئاوادا، چیی تر گەلان و حكوومـەتانی شـارسـتـانییـەتە نـاڕۆئاواییـیەكان وەک بابەتی مێژوو نـەمانەوە بۆ ئەوەی وەک جاران داگیركـەرانی ڕۆئاوا نیشـانـەیان تێ بگرن، بگرە ئەم جارە وەک بزوێنەر movers و ڕێكخـەرانی مێژوو پێوەندییان بە ڕۆئاواوە كرد.

## تەبیعـەتی شـارسـتانییـەتەكان

لە سـەردەمی شـەڕی سارددا، جیهان بۆ ئەم بەشانە كەل بووبوو: جیهانی یەكەم و دووەم و سێیەم. ئەم پارچە پارچەیـیـە چیی تر پەسند نەمـاوە. ئێـسـتـا وا ڕێكە بەپێی سـسـتـەمی سـیـاسی یان ئابووری یـان لە لایەنی ڕادەی پێشكەوتنی ئابووریـیـانەوە، وڵاتان پۆلێن نەكـەین بگرە وا باشـتـرە بەپێی نەریت و شارستانییەتییانەوە ئەو ڕیزبەندە بكرێن.

ئامـانجـمان چییە كە باسی شـارسـتـانییـەتی دەكەین؟ شـارسـتـانییـەتی قـەبارەیەكی نەریتییـە. گوندەكان و هـەرێمـەكان و كۆمـەڵە ئێتنییـەكان و نەتەوەكـان و جەمـاعـەتە دینییەكان، هەر یەكە و

کولتووری دیاری خۆی هەیە و هەر یەکە و نەریتەکەی بە ڕادەیەک لە هیی ئەوانی تر جودایە. کولتووری گوندێکی باشووری ئیتاڵیا ڕەنگە لە هیی لادێیەکی باکوری وڵاتەکە جیاواز بێ، بەڵام هەردووکیان لەلایەنی نەریتی ئیتاڵییەوە هاوپشکن و ئەمەش لە گوندەکانی ئەڵمانیایان دەترازێنێ.

کۆمەڵگەکانی ئەوروپاییش لەلایەکی ترەوە هەندێ نەریتی خۆیان هەیە کە لە کۆمەڵگە عەرەبییەکان و لە چینییەکانیان جودا دەکاتەوە. وەلێ خۆ عەرەبەکان و چینییەکان و ئەوروپاییەکان بەشێکی قەوارەیەکی کولتووریی گەورەتر نینە. ئەوان خۆیان شارستانییەتی پێک دێنن. بەم جۆرە شارستانییەتی بالاترین کۆبوونەوەی نەریتیی خەڵکە و ئەو ناسنامە کولتوورییە نەتەوەییە بەرفرەیەش پێک دێنێ کە مرۆڤ لە جۆرەکانی species تر لاک دەکاتەوە. ئەو ناسنامەیەش بەهۆی دوو شتی هاوبەشەوە پێناسە دەکرێن، یەکێکیان برێتییە لە زمان و مێژوو و ئاین و نەریتەکان و دامەزراوەکان و ئەوی تریشیان بەهۆی خودی خۆ پێناسەکردنی نەتەوەکەوەیە. گەلان چەند ڕادەیەک ناسنامەیان هەیە: کەسێکی خەڵکی ڕۆما، دەتوانێ بەچەند جۆرێک خۆی بناسێنێ: وەک ڕۆمانی، ئیتاڵیایی، کاتۆلیک، کریستیان، ئەوروپایی، ڕۆئاوایی. ئەو شارستانیەتییەی ئەو کەسە پێیەوە نووساوە، فرەوانترین ڕادەی پێناسەکردنییەتی و بەهۆیەوە بە چڕی دەناسرێ. خەڵک دەتوانێ دووبارە ناسنامەی خۆی پێناسە بکاتەوە و دەیکەن و لە ئەنجامی ئەمەشدا پێکهاتە و سنوورەکانی شارستانییەتییەکان دەگۆڕێن.

دەشێ شارستانیەتییەکان ژمارەیەکی زۆری ئەندامانیان هەبێ، وەک ئەوەی چین (بە قسەی لوسیان پای – "شارستانیەتییەک وەک دەوڵەتێک خۆی دەنوێنێ") یان ژمارەیەکی فرە کەم خەڵکی هەبێ، وەک ئەنگلۆفۆون کاریبییەن Anglophone Caribbean. دەکرێ شارستانیەتییەک بەتەنیا چەند دەوڵەتی نەتەوەییی هەبێ وەک شارستانیەتیەکانی ڕۆئاوا و ئەمەریکای لاتین و عەرەبی، یان هەر تەنیا یەکی هەبێ، وەک ئەوە کە شارستانییەتی ژاپۆن هەیەتی. ئاشکرایە کە شارستانیەتییەکان تێکەڵی یەکتری دەبن لە یەکتریش وەردەگرن و دەگونجێش شارستانییەتی لاوەکییان لێ پەیدا ببێ. شارستانیەتی ڕۆئاوا دوو جۆری دیاری هەیە، یەکێکیان ئەوروپایی و ئەوی تریان ئەمەریکاییە و شارستانیەتی ئیسلامیش لقی عەرەبی و تورکی و مالایی هەیە. بێگومان شارستانیەتییەکان شارستانیەتییەکان قەوارەی پڕ واتەن و هەرچەندە کەم وا دەبێ هێڵی نێوانیان تۆخ بێ، بەڵام خۆ ڕاستینە و هەن. شارستانەتییەکان زیندوون و بۆیەش هەڵدەکشێن و داشدەکشێن و بەش دەبن و یەک دەگرن. هەر قوتابییەکی مێژووش دەزانێ کە شارستانیەتییەکان لەناو تۆزی زەماندا بزر دەبن و نامێنن.

ڕۆئاواییەکان وا تێ دەگەن کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە بەڕێوەبردنی کارەوباری جیهانی ڕۆڵی بنەڕەتییان هەیە. بەڵی وا بوون، بەڵام تەنیا بۆ چەند سەد ساڵێک. ئەوەی تا ئێستا، لە سنووری مێژووی مرۆڤایەتی زاندراوە، هەر دیرۆکی شارستانیەتی بووە. ئارنۆڵد تۆینبی لە دەورکردنەوەیەکی مێژوو A Study of History دا ٢١ شارستانییەتی ناساندووە. تەنیا شەشیان لە دنیای هاوچەرخدایە.

## بۆچی شارستانیەتییەکان ململانێیان دەبێ

لە پاشەڕۆژدا ناسنامەی شارستانیەتی فرە گرینگ دەبێ و لە ئەنجامی تێکهەڵکێشی حەوت یان هەشت شارستانیەتی سەرەکیدا شێوەیەکی تازەی دنیا پەیدا دەبێ. شارستانیەتییەکان ڕۆئاوایی و کۆنفۆشیۆسی و ژاپۆنی و ئیسلامی و هیندۆسی و سلاڤی - ئۆرتۆدۆکسی و ئەمەریکای لاتین و ڕەنگە شارستانییەتی ئەفریقیشیان بەگەڵ بکەوێ. گرینگترین ململانێی ئایندە قەرە بەقەرەی ئەو هێلە جوداکەرەوە نەریتییانە دەبێ کە شارستانیەتییەکان لە یەکتری دوور دەخەنەوە.

ئەرێ کێشەکە بۆ ئەمە دەبێ؟

یەکەم: خۆ جیاوازیی نێوان شارستانیەتییەکان تەنیا هەر ڕاستی نییە، بگرە بنچینەییشە. مێژوو و زمان و چاندی و نەریت و لە هەمووشیان گرینگتر ئاین «دین»ە کە شارستانییەتییەکانی لە یەکتری جودا کردوونەتەوە. گەلانی سەر بە شارستانیەتییە جودایەکان بیر و بۆچوونی جودایان لە بەرانبەر پێوەندی نێوان خواوەند و ئینسان - تاکە کەس و کۆمەڵ - هاوولاتی و دەوڵەت - دا باوک و مندالان - مێرد و ژندا هەیە و جگە لەمەش هزری جیاوازیشیان سەبارەت بە مافەکان و ئەرکەکان - ئازادی و دەسەلات - یەکسانی و چینایەتی هەیە. ئەم جیاوازییانە بەرهەمی سەدان ساڵن و بەم زووانەش بزر نابن. گەلەک لە جیاوازەیەکانی نێوان ئایدیۆلۆجییە سیاسی و ڕێژیمە سیاسەکانیش بنەڕەتیترن. مەرج نییە جیاوازی واتەی ململانێ بدا و ململانێش خۆ هەر مەرج نییە توندوتیژی لێ بکەوێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، لەو سەدان ساڵەی کە تێپەڕیوە، جیاوازیی نێوان شارستانیەتییەکان دوور و درێژترین و توندوتیژترین ململانێیەکانی دروست کردووە.

دووەم: دنیا خەریکە دەبێتە شوێنێکی بچووکتر. گەلانی سەر بە شارستانیەتی جودا ئێستا لە جاران پتر هاموشۆ و تێکەڵاوی یەکتری دەکەن و ئەو تێکەڵ و پێکەڵبوونە بەو شێوە چڕ و پڕەیەوە وا دەکا باشتر لە شارستانیەتییەکان بگەن و جیاوازییەکانی نێوان شارستانیەتییەکان و خاڵە هاوپشکەکانی نێوان شارستانیەتییەکانیش چاکتر شی دەکاتەوە. لە کاتێکدا کۆچکردنی دانیشتوانی باکوری ئەفریقیا بۆ فرەنسا دوژمنداری لە نێوان پیاوانی فرەنسی پەیدا دەکات، لە هەمان کاتدا جەمسەرە کاتۆلیکە ئەوروپاییە"باش"ەکان باشتر بەخێرهاتنیان لێ دەکەن. کاردانەوەی ئەمەریکاییەکان لە بەرانبەر وەبەرهەمهێنانی ژاپۆنی لە ولاتەکەیان فرە بە ناقایلی کار دەدەنەوە، کەچی لە وەبەرهەمهێنانەکانی کە لە کەنەدا و لە ولاتانی ئەوروپاوەڕا دێن ئەوەندە بێزار نین. بەهەمان شێوە، وەک ئەوەی کە دۆونەڵد هۆراویتز دەستنیشانی کردووە، "دەشێ ئیبۆیەک... لەو هەرێمەی پێشان ڕۆهەلاتی نایجیریا بوو، بکرێتە ئاوێری ئیبۆ یان ئۆنیتشا ئیبۆ. لە لێکۆس، ئەو کابرایە هەر ئیبۆیە. لە لەندن، نایجیرییە. لە نیویۆرک، ئەو کابرایە ئەفریقاییە. ئەو تێکهەڵچوونەی نێوان شارستانیەتییەکان ئاگای شارستانی civilization-consciousness لە نێوان گەلاندا ڕەوشەنتر دەکاتەوە و لە بەرانبەریشدا، ئەو جیاوازی و دوژمندارییانەش زیندوو دەکاتەوە

که ڕەنگە لە زەمانێکی دووری ناو مێژووەوە هەبووبێ.

سێیەم: پرۆسەی نوێکردنەوەی ئابووری و گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا، گەلان لە ناسنامە لۆکاڵە لەمێژینەکەی خۆیان جودا دەکەنەوە. هەروەها دەوڵەتی نەتەوەییش لاواز دەکەن و وەک سەرچاوەیەکی ناسنامەی ناهێلنەوە. لە زۆربەی دنیا ئاین هاتووەتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە، زۆربەی جارانیش ئەو بزووتنەوە ئاینییانە بە "توندڕۆ" لە قەڵەم دەدەن. ئەو جۆرە بزووتنەوانە لەناو مەسیحییەکانی ڕۆئاوا و لەناو جوولەکە و بوودییەکان و هیندۆیەکان و ئیسلامدا هەنە. ئەو خەڵکە چالاکە توندڕۆیانە لە زۆربەی ئەو وڵات و لەناو ئەو ئاینانەشدا کە هەنە، خەڵکی گەنجن و دەرچووی کۆلێج و تەکنیکاری چینی ناوەند و کەسانی پیشەوەر و خاوەن کارن. جۆرج ویگڵ باسی بە ناعیلمانی کردنی جیهان]ی دەکا و دەنووسێ: "ئەمە ڕاستییەکی هەرە باڵای کۆمەڵایەتیی کۆتاییی سەدەی بیستەمە". بووژانەوەی ئاین، ئەوەی کە گیلێ کەپەڵ بە تۆڵەکردنەوەی خوا la revanche de Dieuناوی بردووە، ئەو بنەمایە بۆ ناسنامە و پابەندبوون دادەڕێژێ کە لە سنووری نەتەوەیی ڕەت دەبێ و شارستانیەتەکانیش یەک دەخات.

چوارەم: ڕۆڵی دوو فلیقانەی ڕۆئاوا گەشەکردنی هۆشیاریی شارستانیەتیی civilization-consciousness بەهێزتر کردووە. لەلایەکەوە، ڕۆئاوا لە ترۆپکی هێزدایە. لە هەمان کاتیشدا، گەڕانەوە بۆ ڕەگی دیاردەکان لەناو شارستانیەتییە نا ـ ڕۆئاواییەکاندا ڕوو دەدا، ڕەنگە ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی پێشەوە بێ. گوێمان لێ دەبێ دەڵێن وا ژاپۆن خەریکە بۆ ناو قاوغی خۆی و بۆ [بە ئاسیابوون Asianization کوژ دەبێتەوە و لە هیندستانیش کۆتایی بە نەریتی نەهرۆ دێت و پرۆسەی «بە هیندۆکردنی Hinduization وڵات بەڕێوەیە، هزرەکانی سۆشیالیزم و ناسیۆنالیزمی ڕۆئاوایی هەرەسی هێنا، پرۆسەی دووبارە ئیسلام کردنەوە re-Islamization ی ڕۆهەڵاتی ناڤین گەرمە و ئێستاش مشتومڕی زۆر لەسەر بە ڕۆئاواییکردن Westernizationی وڵاتی بۆریس یەڵتسن، بەرانبەر بە «بە ڕووسیکردنی» ئەو وڵاتە لە ئارادا هەیە.

لە ڕابردوودا، نوخبەی ناو کۆمەڵە نا ـ ڕۆئاواییەکان، بەگشتی، ئەو کەسانە بوون کە پتر لە ڕۆئاوا شارەزا بوون و لە ئۆکسفۆرد یان لە سۆربۆن یان لە ساندهێرست خوێندبوویان و هەڵوێست و بەهاکانی ڕۆئاواییان پتر هەڵمژیبوو. لە هەمان کاتیشدا، دانیشتوانی وڵاتە نا-ڕۆئاواییەکان لە مێژە لەناو قەپێلکی یەک شارستانییەتیدا ماونەتەوە. ئێستاش ئەو جۆرە پێوەندییانە پشتەوشار بوونەتەوە. لەو کاتەی کە کولتوور و نەریت و شێوە ڕۆئاواییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی کە ئەمەریکایین، خەریکن لەناو زۆرینەی خەڵکیدا بڵاوە دەکەن، لەناو زۆر لە وڵاتە ناڕۆئاواییەکاندا، پرۆسەکە بەپێچەوانەیە و ئیلیتەکان لە ڕۆئاوا دوور دەخرێنەوە و بەرگی خۆیەتییان لەبەر دەکرێ.

پێنجەم: تایبەتمەندی و جیاوازییەکان کەمتر دەگۆڕێن و لەبەر ئەمەشە کە بە ئاسانی وەک کێشە ئابووری و سیاسییەکان چارەسەری مامناوەندییان بۆ ناکرێ. لە یەکەتیی سۆڤییەتی

پێشوودا کۆمیونیستەکان دەیانتوانی بگۆڕێن و دیموکراتی بن و دەوڵەمەند دەستکورت ببێ و هەژاریش دەوڵەمەند، بەڵام نەدەکرا ڕووسییەکان بکرێنە ئەستۆنی و ئازەرییەکان ببن بە ئەرمەنی. پرسیاری هەرە گرینگ لە ململانێی چینایەتی و ئایدیۆلۆجی ئەمە بوو: "تۆ لایەنگری کام لایەنی؟" خەڵکیش دەیانتوانی لایەنگری لایەک بکەن و دەشیان کرد و دەشیانگۆڕی. لە ململانێی نێوان شارستانییەتییەکان پرسیارەکە ئەمەیە: "تۆ چی؟" خودی ئەمە ناکرێ بگۆڕدرێ. هەمووماں لەوە شارەزاین کە هەر بۆزنیا تا قۆقاس و هەتا دەگاتە سوودانیش، هەر کەسێکی وەڵامێکی چەوتی ئەم پرسیارە بداتەوە، گولەیەکی لە کەلەی سەری دەدرێ. دین تەنانەت لە ڕەگەزیش پتر جیاوازی لە نێوان خەڵکیدا دەکا. کەسێک دەتوانێ نیوەی فرەنسی بێ و نیوەکەی تری عەرەب بێ و دەشتوانێ دوو ڕەگەزنامەی هەبێ. بەڵام ئەستەمە بتوانی نیوەت کاتۆلیک و نیوەکەی تریشت موسڵمان بێ.

لە کۆتاییدا، ئابووری هەرێمگەری خەریکە گەشە دەکا. ڕێژەی بازرگانی هەرێمی لە ١٩٨٠ تا ١٩٨٩ لە ئەوروپا لە ٥١ لە سەتییەوە بۆ ٥٩ لە سەدی و لە ڕۆهەڵاتی ئاسیا لە ٣٣٪ بۆ ٣٧ ٪ و لە باکوری ئەمەریکاش لە ٣٢٪ بۆ ٣٦٪ هەڵکشا. شیمانەی ئەوەش هەیە لە داهاتووشدا بازرگانییە هەرێمایەتییەکان هێشتا پتر گەشە بکەن. لەلایەکەوە ئابووری هەرێمگەری سەرکەوتوو ئاگایی شارستانییەتی بەهێزتر دەکات و لەلایەکی ترەوە ڕەنگە ئابووری هەرێمگەری تەنیا لەو کاتەدا سەرکەوتوو بێ کە ڕەگی لەناو شارستانیەتییەکی هاوبەشدا دادەکوتێ.

کۆمەڵگەی ئەوروپایی لەسەر بنەمای کولتووری ئەوروپایی و دیانایەتی ڕۆئاواییدا سەپاوە. سەرکەوتنی ناوچەی بازرگانی ئازادی باکوری ئەمەریکا North American Free Trade Area پشت بەو لێک نزیکبوونەوەیە دەبەستێ کە خەریکە لە نێوان نەریتەکانی مەکسیک و کەنەدا و ئەمەریکادا ساز دەبێ. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، ژاپۆن ڕووبەڕووی تەنگژە بووەتەوە و بە ئاسانی بۆی ناکرێ قەوارەیەکی ئابووری بەرانبەر لە ڕۆهەڵاتی ئاسیادا پێک بێنێ، چونکە ژاپۆن بۆ خۆی کۆمەڵگەیەک و نەریتێکی تایبەتە. هەتا ژاپۆن بازرگانی و وەبەرهەمهێنانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ئاسیادا بەهێزتر بکا هێندە کولتوورەکەی ئەو وڵاتانە پتر ناڕەحەت دەکات و ڕێگە لەبەر تێکەڵەی ئابووری هەرێمی دەگرێت و وەک ئەوەی ئەوروپا و باکوری ئەمەریکایان لێ دێ.

نەریتی هاوبەش بەپێچەوانەوە، ڕێگەی پێوەندییە ئابوورییەکانی نێوان چین و هۆنگکۆنگ و تایوان و سەنگافوور کۆمەڵگە چینییەکانی ئەوبەری دەریاش ئەوانەی کە لە وڵاتەکانی تری ئاسیادا دەژین ئاسان دەکا. لەگەڵ نەمانی شەڕی سارد، کۆمەڵگە کولتوورییەکان باشتر بەسەر جیاوازییە ئایدیۆلۆجییەکاندا زاڵ بوون و پێوەندیی نێوان وشکاتیی چینی لەگەڵ تایوان لە یەک نزیکتر بوونەتەوە. ئەگەر هاوپشکی نەریتی کۆمەلایەتی مەرجی یەکگرتنی ئابووری بێ، کەواتە ڕەنگە کوتلەی ئابووری ڕۆهەڵاتی ئاسیایی لە داهاتوودا لە چین بنکە ببەستێ. لە ڕاستیشدا ئەم کوتلەیە خەریکە وا دروست دەبێ. لەم بارەیەوە مۆرێی وێدینباوم دەڵێ:(١)

هەرچەندە ئێستا ژاپۆن لەو هەرێمەدا بالادەستە، بەڵام ئەو ئابوورییەی ئاسیا کە وا لە چین

بناخـە دەگـرێ، وەک نـاوەندێکی پیـشـەسـازی و بازرگـانی و دارایی، خـێـرا بـەدیار دەکـەوێ. ئەم هەرێمە ستراتیجییە تژی توانستی زۆری تێکنۆلۆجیا و پیشەسازییە (تایوان)، پڕی پڕۆژەی گەورە و بازاڕ و ڕاگوزاری گرینگە (هۆنگ کرنگ) و تۆڕێکی ڕێکی پێوەندی (سەنگافوور) و گۆمێکی بێ ئەندازەی سـەرمـایەی دارایـی (هـەر سێ وڵات) و پانتـاییـیـەکی زۆری زەوی و سـەرچـاوە و پاڵەشی تێدایە (وشکاتی چین).... هەر لە گوانگژوووەڕا تا دەگاتە سـەنگافوور و لە کوالالامـپورەوەڕا بۆ مـانێـلا، ئەو تـۆڕە کـاریگەرە _ بە زۆری لەسـەر بـنەمـای نەریتـی خـێلەکی دروست بـووە – بڕبڕەی پشتی ئابووریی ئاسیای ڕۆهەڵاتی پێک هێناوە.

نەریت و ئاین بنچینەی ڕێکخـراوی هاریکاریی ئابووری Economic Cooperation Organization یان پێک هێناوە و ئەم ڕێکخراوە دە وڵاتی مـوسـڵمـانی غـەیرەز عـەرەبی کۆکردووەتەوە لە: ئێـران و تورکیا و ئازەربایجان و کازاخستان و قەرغیزسـتـان و تورکمانستان و تاجیکستان و ئوزبەکستان و ئەفغـانسـتان پێک هـاتووە. ئەو ڕێکخـراوە لە بنەڕەتدا بە دەستی تورکیـا و پاکسـتـان و ئێران لە ١٩٨٥ دامـەزرا و هـاندەری سـەرەکی مـانەوە و فراوانبـوونی لەو راسـتـیـیـەوە پەیدا بوو کە سـەرانی هەندێ لەو وڵاتانە تێ گـەیشتن هیچ بواری ئـەوەیان لە پێشدا نییـە بۆ ئەوەی لە یەکـەتیی ئەوروپادا بە ئەندام وەربگیرێن جا لەوێ خـۆیان گرتەوە. بەهـەمـان شـێوەش، بازاڕی هـاوبەشی ئـەمـەریکای ناڤین، کاریکۆم و مـێکۆسـور لەسـەر بـناخـەکانی کولتـووری ڕاوەسـتـاون. هـەرچەندە هەوڵی ئەوەش دراوە قـەبارەیەکی بـەرینی ئابووری کاریبی ـ ئەمـەریکای ناوەڕاست پێک بێن کە پردێک لە نێوان پارچە جـودایەکانـی ئەنگلۆ _ لاتین دروست بکا، بـەڵام تا ئێـستـا ئـەو کۆشـشـانە هـەر هـەرەسـیـان هێناوە.

گەلان بەپێی بنەمـا ئـیـتنییـەکانیـان و ئاینییـەکانیـانەوە ناسـنامـەی خـۆیان پێناسـە دەکـەن. زۆر لەگـینـە پێـوەندی [ ئێـمـە] لە دژی [ئەوان] وا ببـینن کـە ئەو دوژمـنداریـیـە لە نـێـوان خـۆیان و ئەو گـەلانەی تـردا هـەیە کـە ڕەگـەزیان یان ئاینیـان لە خـۆیانەوە جـودایە. کـە ئەو وڵاتانـەی ئەوروپای ڕۆهـەڵات و یەکـەتیی سـۆڤـیـیـەتـی پێـشـوو ئەوانـەی کە بـە ئایدیۆلۆجی پێناسـە کرابـوون بڕانەوە، ناسنامـەی ئیتنی جاران و دوژمنداریی‌ەکان هاتنەوە پێشێ. جیاوازیی نەریت و ئـایی جیاوازی لە کێشە سیاسییەکان پەیدا دەکا و ئەو کێشمەکێشانەش بوارەکانی مافـەکانی مرۆڤ و کۆچکردن و بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ژینگەش دەگرێتـەوە. هـەر لـە بۆزنیـاوە بگرە تا دەگاتە مـیندانـاو دراوسـێـتی جـیـۆگـرافی ملمـلانێ لـەسـەر خـاک توندتر دەکـات. لەوەش گـرینگـتـر ئەوەیە کـە ئەو کۆششـانەی ڕۆئاوا دەیکا بۆ ئەوەی پشتگیری بەهـا تایبەتە دیموکراسییەکان و ئازادییەکانی خۆی بکا و وایان لـێ بکا لە هـەمـوو دنیـادا پەسند ببن و سـوپاسـالاریی خـۆی بپـارێزێ و بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانی خۆشی وەپێش بخات، ڕووبەڕووبوونەوەی لە شـارستانیـەتەکانی تر بۆ دروست بوو. چونکە حکومــەتەکـان و گـرووپەکـانیش نەرم نەرم خــەریکە توانای جـارانیـان بـۆ پەیداکـردنی پشتیوانی و پێکهێنانی هاوپەیمانی لەسەر بناخـەی ئایدیۆلۆجیا کەم دەبێتەوە بۆیە هەتا دێ ئەوانە

پتر هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ناسنامەی هاوبەشی ئاینی و شارستانی ئەو پشتیوانییە دروست بکەن.

بەم جۆرە ململانێی شارستانیەتییەکان لە دوو ئاستەوە هەڵدەقوڵێن: لە ئاستی نزم microlevel، گرووپە هاوسنوورەکان بە درێژایی هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان شارستانیەتییەکان خەبات دەکەن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی خاک و هیی یەکتریش بکەن و گەلەی جاریش ئەو خەباتە خوێناوی دەبێ. لە ئاستی نزمدا، دەوڵەتانی سەر بە شارستانیەتی جودا پێشبڕکێ لەسەر هێزی سەربازی و توانستی ئابووری دەکەن و هەر یەکەی لە ڕاست خۆیەوە هەوڵ دەدا دامەزراوە نێودەوڵەتی و لایەنی سێیەم بۆ خۆی ڕابکێشێ و هەر لەپێناوی ئەم کێبڕکێشە هەوڵ دەدەن بەها سەربازی و سیاسییە تایبەتەکانی خۆیان بەهێزتر بکەن.

## هێڵەکانی تەماسی نێوان شارستانیەتییەکان

خەتی بە یەک گەیشتنی نێوان شارستانیەتییەکان جێی سنووره سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکانی سەردەمی شەڕی سارد دەگرنەوە و دەبنە جغزی چەخماخەی قەیرانەکان و خوێنڕژان. پەردەی ئاسن Iron Curtain دادراوە و ئەوروپای لە سەر بنەمای سیاسی و ئایدیۆلۆجی دابەش کرد، شەڕی سارد دەستی پێ کرد، وەلێ کە پەردەی ئاسن هەڵدراوە شەری سارد دوایی هات. کە دابەشبوونی هزریی ئەوروپا نەما ئیتر دابەشبوونی ئەوروپا لەسەر بنچینەی کولتووری لە نێوان ئەوروپای دیانایەتی«مەسیحییەت» لەلایەک و دیانایەتی ئۆرتۆدۆکسی و ئیسلام لەلایەکەی تریەوە دووبارە پەیدا بووەوە.

بە بۆچوونی وڵیەم واڵسی ڕەنگە دیارترین هێلی جوداکردنەوە لە ئەوروپا هەر ئەو هێڵە بێ کە لە ساڵی ١٥٠٠ سنووری ڕۆهەڵاتی دیانایەتی ڕۆئاوای پێک دەهێنا. ئێستێکە ئەو هێڵە بە سنوورەکانی نێوان فینلاند و ڕووسیا و نێوان بەڵتیق و ڕووسیا ڕەت دەبێ و بە ناو بێلاڕووس و ئۆکرانیادا دەچێ و ڕۆئاوا کاتۆلیکەکەی ئۆکرانیا لە ڕۆهەڵاتە ئۆرتۆدۆکسەکەی لاک دەکاتەوە و لەوێوەڕا بەرەو ڕۆئاوا شۆڕ دەبێتەوە و ترانسلڤێنیا لە هەموو ڕۆمانیا جودا دەکاتەوە و پاشان بەناو یۆگۆزلاڤیادا ڕەت دەبێ و ڕاست لەگەڵ ئەو هێڵەدا دەڕوا کە کرواتیا و سلۆڤێنیا لە سەرجەم یۆگۆزلاڤیا جودا دەکاتەوە. لە وڵاتانی بەلقانیش، وەک پێشان لەگەڵ سنووره مێژووییەکەی نێوان هاپسبێرگ و ئیمپایەری عوسمانیدا دەڕوا. ئەو گەلانەی لە باکور و ڕۆئاوای ئەو هێڵەدا دەژین یان پرۆتستانتن یانیش کاتۆلیکن و ئەمانە وەک ئەوروپاییەکان لە بوارەکانی مێژوویی دەرەبەگایەتی و هەستانەوە Renaissance چاکسازی و ڕەوشەنگەری Enlightenment و شۆڕشی فرەنسی و شۆڕشی پیشەسازی ئەزموونیان هەیە. گوزەرانی ئەمانە بەگشتی لەوانە باشترە کە لە ڕۆهەڵاتدا دەژین وەلێ چاویان بڕیوەتە ڕۆئاوا و خەریکن سیستەمی دیموکراتی خۆیان دروست دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاریی ئابووری ئەوروپایی بکەن. ئەو گەلانەی لە ڕۆهەڵات و خوارووی ئەم هێڵەدا

دەژین ئۆرتۆدۆکسن یان موسڵمانن. ئەوانە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون یان ئیمپایەرە قەیسەرییەکان حوکمڕانییان دەکردن و ڕووداوەکانی ئەوروپا زۆر بە ئاستەم کاری تێ کردوونە. بەگشتیش لایەنی ئابوورییان کەمتر گەشەی کردووە و پێش ناچێ سیستەمێکی دیموکراسیی ڕەسەن بتوانن پەرە پێ بدەن. پەردەی مەخمەلی Velvet Curtain نەریت شوێنی پەردە ئاسنەکەی ئایدیۆلۆجی گرتووەتەوە بووەتە گەورەترین هێڵی بەربەست و ئەوروپای لێک جودا کردووەتەوە. وەک ئەو ڕووداوانەی یۆگۆزلاڤیا نیشانیان دەدەن خۆ تەنیا هەر هێڵی جیاوازی نییە لیکی کردوونەتەوە، بگرە ڕووبارە خوێنی زەمانیش لەم لایەنەوە کەمتەرخەم نەبووە.

١٣٠٠ ساڵە ململانێی شارستانیەتییەکانی ئیسلام و ڕۆئاواییەکان لەسەر ئەم هێڵەی تەماسەدا بەردەوامە. عەرەبەکان و بەربەرەکان لە دوای پەیدابوونی ئیسلام بەرەو ڕۆئاوا کەوتن و تا لە ٧٣٢ تۆرسیان نەگرت نەوەستان. لە سەدەی یازدەمەوە تا سەدەی سێزدەم، خاچوەرەکان کۆششیان کرد بۆ ئەوەی حوکمی دیانایەتی و دیانەکان بۆ خاکی پیرۆز Holy Land بگەڕێننەوە، سەرکەوتنی کاتەوەختیان هەبوو، بەڵام زۆر نەبوو. عوسمانلییە تورکەکان لە سەدەی چواردەمەوەڕا تا سەدەی حەڤدە، پارسەنگەکەیان پشتەوشار کردەوە و دەسەڵاتی خۆیانیان بەسەر ڕۆهەڵاتی ناڤین و بەلقاندا کێشا و قوستەنتینییەیان Constantinople گرت و دوو جاریش ڤیێنایان گەمارۆ دا. لە سەدەی نوزدەمین و بیستەمدا کە دەسەڵاتی عوسمانلییەکان نوشستی هێنا، بەریتانیا و فرەنسا و ئیتاڵیا کۆنترۆڵی زۆربەی باکوری ئەفریقیا و ڕۆهەڵاتی ناڤینیان کرد.

لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیش ڕۆئاوا دەستی بە پاشەکشێ کرد. ئیمپایەرە کۆلۆنیالەکان نەمان. یەکەم جار نەتەوەگەریی عەرەبی ئینجا ئیسلامە توندڕۆیەکان بەخۆ کەوتن. ڕۆئاوا بە چڕی پشتی بە وزەی ناوچەی کەنداوی پارسییەوە بەست. وڵاتە موسڵمانە پڕ نەوتەکان، گیرفانیان تژی پارە بوو و هەر دەمەکی گەرەکیشیان بێ وڵاتەکانیان پڕ چەک دەکەن. چەند شەڕێک لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلی دەستکردی ڕۆئاوا، قەوما. فرەنسا لە ساڵانی ١٩٥٠کاندا شەڕێکی سەختی خوێناوی لە دژی جەزایرییەکان کرد. لە ١٩٥٦، سوپاکانی بەریتانی و فرەنسی میسریان داگیر کرد. لە ١٩٥٨، هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چوونە لبنان. پاشان هێزە ئەمەریکاییەکان دووبارە هاتنەوە لبنان و پەلاماری لیبیایان دا و چەند جارێک لەگەڵ ئێرانیش بەرەنگاری یەکتری بوونە. عەرەب و ئیسلامییە تیرۆریستەکان کە بەلایەنی کەمیەوە سێ وڵات پشتیوانییان لێ دەکردن، چەکی ترسنۆکانەیان بەکار هێنا و پەلاماری فڕۆکە و دامەزراوە ڕۆئاواییەکانیان دا و خەڵکیان بە بارمتە گرت. ئەو شەڕەی نێوان عەرەب و ڕۆئاوا لە ١٩٩٠ تیر بوو، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکان هێزێکی فرە زەبەلاحی بۆ کەنداوی فارسی نارد بۆ ئەوەی بەرگری لە هەندێ وڵاتی عەرەبی بکا نەهێڵێ چیی تر پەلاماریان بدا. لە ئەنجامی ئەوەشدا، پلاندانانی ناتۆ NATO ڕاستەوخۆ بە ئاراستەی شیمانەی ئەو هەڕەشە و پشێوییانەدا دەچێ کە لە خوارووی سنوورەکانیدا گومانی بەرپابوونیان لێ دەکرێ.

ئەم بەگژ یەکتریدا چوونە چەند سەد ساڵییەی خۆرئاوا و ئیسلام ڕەنگ نییە زوو سارد ببێتەوە، بگرە دەشێ تیرتر بێ. شەڕی کەنداو وای لە هەندێ لە عەرەبەکان کرد کە شانازی بە سەدام حوسێنەوە بکەن، چونکە پەلاماری ئیسرائیلی دا و بەرووی ڕۆئاوادا وەستا. هەروەها زۆری والێ کرد هەست بە سەرشۆڕی بکەن، چونکە لەشکری ڕۆئاوا لە کەنداوی پارسیدا هەیە و ئەوانیش ڕقیان لە بالادەستی لەشکری ڕۆئاوایە، چونکە هەست دەکەن کە ناتوانن بە خۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن. زۆر لە وڵاتانی عەرەبی و ئەو وڵاتانەی نەوت بۆ دەرەوە دەنێرن، ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەگۆڕێ و شێوەکانی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکان چیی تر بۆ ئەو وڵاتانە ناگونجێن و کۆشش بۆ ئەوە دەکرێ کە حکوومەتی دیموکراتی پێک بێنن. لە هەندێ سیستەمی حوکمڕانی عەرەبی ئێستا کرانەوە پەیدا بووە. گەورەترین سوودمەندی ئەم بەرەو دیموکراسیبوونەوەیەش بزووتنەوە ئیسلامییەکانن. بە کورتی، سیستەمی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا هێزە سیاسییە دژە ڕۆئاواییەکان فەراهەم دەکات. ڕەنگە ئەمە دیاردە بێ ڕەت بدا، وەلێ بێگومان دۆخی نێوان وڵاتە ئیسلامییەکان و ڕۆئاوا ئاڵۆز دەکات.

هەروەها دیمۆگرافیاش کاری لەو پێوەندییانە کردووە. ئەو ڕێژە زۆربوونەی دانیشتوان لە وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتیش لە باکوری ئەفریقیادا، وای کردووە کە ژمارەی کۆچبەرانی بۆ ئەورووپای ڕۆئاوا فرە زیاد ببێ. جووڵانەوەی ناو چوارچێوەی ئەورووپای ڕۆئاوا بە مەبەستی سووککردنی سنوورە ناوەخۆییەکان حەساسییەتی سیاسیی لەلایەنی ئەو گەشەکردنەدا تیژتر کردووە. لە ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا ڕەگەزگیری زۆر ئاشکرایە و لە ١٩٩٠یشەوە، کاردانەوە سیاسییەکان و توندی و تیژی لە دژی کۆچبەرە عەرەب و تورکەکان چڕتر بووەتەوە و بەرفرەتر بووە.

لە هەردووک لا ئەو تێکهەڵچوونەی نێوان ئیسلام و ڕۆئاوا بە ململانێی شارستانییەتی دەبینن. نووسەری موسڵمانی هیندی م. ج. ئەکبەر تێبینی دەکا کە: "ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو"ی ڕۆئاوا "بێ شک لە جیهانی ئیسلامییەوەڕا دێ و هەموو دنیای ئیسلام دەگرێتەوە و هەر لە مەغریب تا پاکستان خەبات لەپێناوی سیستەمێکی نوێی جیهانی دەست پێ دەکات." بێرنەرد لویسیش هەمان بۆچوونی هەیە و دەنووسێ:

ئێمە ڕووبەڕووی هەوەسێک و بزووتنەوەیەک هاتووین کە گەرەکییەتی لە قەپێلکی کێشەکان و سیاسەتەکان بێتە دەرەوە و لەبەردەستی ئەو حکوومەتانەش دەرچێ کە بە دوایاندا دەچن. ئەمەش هیچی لە ململانێی شارستانیەتی نەباردووە _ ڕەنگە ئەمە هۆشمەندانە نەبێ، بەڵام بە تاکید کاردانەوەیەکی کۆنی بەگژدا چوونی نەریتی جوولەکایەتی و دیانایەتی ئێمەیە و بەگژداچوونی ئێستای عیلمانی ئێمەیە و بەرگرتنی ئەو بەرفراوانبوونەیە کە هەردووکیان خەریکن لە سەرتاسەری دنیا دەیکەن(٢).

لەلایەنی دیرۆکییەوە، شارستانیەتی ئیسلامی عەرەبی بەتوندی بەگژ کافرەکاندا چووە و

ئێستاش پتر پەلاماری دیانە ڕەشەکانی خوارووو دەدا. ئەو دوژمنداررییە جاران لە نێوان عەرەبە بازرگانەکانی کۆیلە و عەبدە ڕەشەکاندا بوو. ئێستاش لەو شەڕە ناوەخۆیەی سوودان کە لە نێوان عەرەبەکان و ڕەشەکاندا دەگەڕێ و لەو شەڕەی چاد کە لە نێوان ئەو یاخییانەی لیبیا پشتیوانییان لێ دەکا لە دژی هێزەکانی میریدا هەیە و ئەو گرژییەی ئێستا لە نێوان دیانە ئۆرتۆدۆکسەکان و موسڵمانەکانی قۆچی ئەفریقیادا هەیە و ئەو ململانێیە سیاسییانە و یاخیبوون و توندوتیژییانەی لە نێوان موسڵمانەکان و کریستیانەکانی نایجیریادا هەیە، هەموویان کاردانەوەی ئەو مێژووەیە ئێستا وا بەدەر دەکەوێ. نوێکردنەوەی ئەفریقیا و بڵاوبوونەوەی مەسیحییەت تێیدا، زۆر لەگینە توندوتیژی بەدرێژاییی ئەو هێڵەی تەماس تەشەنە بکا. ئەو گوتارەی پاپا لە ۱۹۹۳دا لە خەرتووم خوێندییەوە و تێیدا هێرشێکی توندی بۆ سەر حکوومەتە ئیسلامییە توندڕۆیەکی سوودان برد، نیشانەی چڕبوونی ئەو ململانێیەیە.

لە باکوری سنووری ئیسلامیشەوە، ململانێ لە نێوان گەلە ئۆرتۆدۆکس و گەلە موسڵمانەکان بە توندی بەرپا بوو. کوشتارەکەی بۆزنیا و سەرایێڤۆ، گرژی نێوان سربییەکان و ئەلبانییەکان، پێوەندییە تەماوییەکەی نێوان بۆلگارییەکان و کەمینە تورکەکەی ئەوێ، بەگژ یەکداچوونی ئۆستینییەکان و ئینگوشەکان، کوشتارە بێ ئەندازەکەی ئەرمەنی و ئازەری کە لە دژی یەکتریدا کردیان، گرژی پێوەندییەکانی نێوان ڕووسییەکان و موسڵمانەکانی ناوەڕاستی ئاسیا، بڵاوەپێکردنی سوپای ڕووسیا لە قەوقاز و ئاسیای ناوەند بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لەم ناوەدا، هەموو ئەمانە بەشێکی ئەو ململانێیەنە کە هەیە. ئاین ژیانەوەی ناسنامەی ئیتنی بەهێز دەکا و ئەمەش مەترسیی لەلای ڕووسییەکان پەیدا کردووە و ترسیان لە ئاسایشی سنوورەکانی باشووریان هەیە. ئارکی ڕۆزیڤێلت بە چاکی ئەم مەترسییانەی دەستنیشان کردووە:

ڕووسییەکان مەراقی مێژووی خۆیانیان سەبارەت بەو شەڕوشۆڕانە هەیە کە لەوەتی ڕووسیا پێش پتر لە هەزار ساڵ دروست بووە، لە نێوان گەلانی سلاڤی و تورک نەژادەکانەوە بەردەوامە. کلیتی ئەو بەرەنگاربوونەوە هەزار ساڵییەی سلاڤییەکان لەگەڵ دراوسێیەکانی ڕۆهەڵاتیان لە ناتێگەیشتنەوە بەرپایە، ئەوانە نەک هەر لە مێژووی ڕووسیا ناگەن، بگرە کەسایەتی ڕووسیش ناناسن. بۆ ئەوەی لە ڕاستییەکانی ڕووسییەکان بگەین دەبێ لە ناخی گرووپە زەبەلاحە تورک نەژادەکان بگەین کە هەر لە دێرزەمانەوە ڕووسییەکانیان شلۆق کردووە[٣].

ململانێی شارستانییەکان لە شوێنەکانی تری ئاسیاش ڕەگی قووڵیان هەیە. شەڕە مێژووییەکانی نێوان موسڵمان و هیندۆسەکان لەو نیمچە قارپەیەدا تەنیا لە نێوان پاکستان و هیندستانی دوژمنیدا نییە، وەلێ لە نێوان گرووپە ئاینییە توندڕۆیەکانی ناو هیندستان هەیە و ئەوەتە گرووپە هیندۆسییە چەکدارەکان و کەمینە بەرچاوە گرینگە موسڵمانەکەیدا هەیە. ڕوخاندنی مزگەوتی ئایۆدییا لە ۱۹۹۲، گومانی ئەوەی ورووژاند ئایا هیندستان هەر لەسەر عیلمانییەتی خۆی دەڕوا یان دەوڵەتێکی هیندۆسی توندڕۆی لێ پەیدا دەبێ. لە ڕۆهەڵاتی ئاسیاش،

چین لەگەڵ زۆربەی دراوسێکانی رکابەری سەر خاکی هەیە. زۆر دڵڕەقانەش بەرنگاری بوودییەکانی تیبێت دەبێتەوە و سیاسەتێکی ئەوپەڕ توندی لە دژی کەمینە موسڵمانە توخم تورکەکانی ناوەخۆی پیادە دەکات. لەوەتەی شەڕی سارد براوەتەوە، جیاوازییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و چین پتر بوونە و لە بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ و بازرگانی و پرتبوونی چەکدا بەرجەستە بووە. ئەگەری ئەوەش لەگۆڕێدا نییە کە ئەم درزە تەسکتر بێتەوە. لە ١٩٩١دا، دنگ زیاوپنگ نووسی: "شەڕێکی ساردی نوێ" لە نێوان چین و وڵاتە یەکگرتووەکاندا خەریکە دروست دەبێ.

پێوەندییە فرە ئەستەمەکانی نێوان ژاپۆن و وڵاتە یەکگرتووەکان تووشی هەمان تەنگژە هاتووە. لێرە جودایی کولتووری تەشەنەکردنی ململانێی ئابووریی دروست کردووە. خەڵکی لە هەردوو لا، ئۆباڵی ڕەگەزگیری لە ملی بەرانبەریان دەکەن، بەڵام ئەمە لەلایەنی ئەمەریکاییانەوە پتر پێوەستی بە نەریتەوە هەیە لەوەی توخمپەرستی بێ. ئەو جیاوازییەی لە بەها گرینگەکان و هەڵوێست و ڕەوشتی هەردووک کۆمەڵدا ئێستێکە هەیە، ئەستەمە لەمە خراپتر ببێ. ئەو کێشە ئابوورییانەی کە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەورووپاشدا هەیە هیچی لەوەی ژاپۆن هەڵنەباردووە، وەلێ لێرە ئەو دوو لایەنە ئەو تەگەرە سیاسی و هەستواژە توندەیان لە بەینێدا نییە، چونکە جیاوازیی نێوان کولتووری ئەورووپایی و کولتووری ئەمەریکاییان هەندەی ئەوە لێک دوور نییە کە لە نێوان شارستانیەتی ئەمەریکاییان و شارستانییەتی ژاپۆنییاندا هەیە.

ڕادەی بەگژیەکتریدا چوونی شارستانیەتییەکان بە پێی ئەو توندوتیژییەدا دەگۆڕێ کە لە نێوانیاندا دەقەومێ. دیارە کە ڕکەبەری ئابووری لە هەموو کێشەکانی نێوان شارستانیەتییە لاوەکییەکانی ئەمەریکاییان و ئەورووپاییان و لە نێوان شارستانیەتییەکانی ڕۆئاوا و ژاپۆن زەقترە. لە ئاستی قارەی ئەورووسیا Eurasian شدا بەربڵاوی ململانێی ئیتنی کە تا ڕادەی پاکتاوی ڕەگەزی ethnic cleansingچوو، هەمیشە سەد لە سەت بەشێوەیەکی ڕەمەکی نەقەوماوە. ڕاگوێزان داگیرکردنی خاک هەموو کات لەناو شارتانیەتییە جودایەکاندا، لە هەموو شەڕەکانی تر توندتر و دژوارتر بووە. هێڵە دیرۆکییەکانی تەماسی نێوان شارستانیەتییەکانی ئەروپاسیا دیسان گڕی سەندووە. ئەمە بەشێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ هێڵەکانی تەماسی سنووری نێوان کوتلەی ئیسلامی کە لە شێوەی مانگی یەکشەوەیە و هەر لە جەرگەی ئەفریقیاوەڕا تا ئاسیای ناڤین درێژ دەبێتەوە، دەحەلا. لەلایەکی ترەوەش، شەڕ لە نێوان موسڵمانەکان و سربە ئۆرتۆدۆکسەکانی بەلقان و جووەکانی ئیسرائیل و هیندۆسەکانی هیندستان و بوودییەکانی بێرما و کاتۆلیکەکانی پلیپینیشدا دەقەومێ. سنوورەکانی ئیسلام خوێناوین.

# نزیکبوونەوەی شارستانیەتی: دەردی خزمە وڵاتەکان

ئەو کۆمەڵانە یان ئەو دەوڵەتانەی سەر بە یەک شارستانیەتن و لەگەڵ گەلێک لە شارستانیەتێکی جودا هاتوونەتە شەڕ، هەوڵ دەدەن پشتیوانی بۆ خۆیان پەیدا بکەن بۆ ئەم مەبەستەش کۆشش دەکەن ئەندامانی شارستانیەتییەکەی خۆیان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. سەردەمی دوای شەڕی سارد بە دیاری خست کە کۆمەڵبازاڕی شارستانیەتی وەک ئەوەی هـ. د. س. گرینوێی ناوی ــ دەردی "خزمە وڵات "kin-countryەکانی لێ ناوە، شوێنی ئایدیۆلۆجیای سیاسی گرتووەتەوە و پارسەنگی نەریتی هێز دەدا و بنەمای سەرەکیی هاریکاری و هاوپەیمانیش پێک دێنێ. دەشێ لە پاش شەڕی سارد، پەیتا پەیتا لە ناوچەی کەنداوی پارسی و قۆقاز و بۆزنیادا ببینرێ. ئەمانە هیچیان شەڕێکی شارستانیەتی پڕ بەپێستی نەبوونە. بگرە هەر شەڕێک و چەند توخمێکی ناو شارستانیەتێکی هاوشێوەی تێوە گلاوە و تا ململانێیەکە درێژتر بکێشێ گرینگێتی پتر دەبێ و دەشێ بەکوڵێکی پاشەڕۆژی پێوە دیار بێ.

یەکەم: لە شەڕی کەنداو دەوڵەتێکی عەرەبی دەوڵەتێکی تری عەرەبی داگیر کرد و پاشان لە دژی هاوپەیمانیەتێکی عەرەبی و خۆرئاوایی و هیتریشدا جەنگا. لە کاتێکدا کە تەنیا چەند ژمارەیەکی کەمی حکوومەتە ئیسلامییەکان، بەئاشکرا، پشتیوانی سەدام حوسێنیان کرد، گەلێک نوخبەی عەرەبی بەتەنیا چەپڵەیان بۆی لێ دا و بەخۆشی فرە پشتیوانی لەناو گشتەوەری عەرەبیدا هەبوو. ئیسلامییە توندڕۆیەکانیش تێکڕا پشتیوانی عێراقیان کرد و نەچوون لایەنگری هەردووک حکوومەتی کوێتی و عەرەبستانی سعوودیە بکەن کە ڕۆژئاوا بەربەستی بۆیان دەکرد. کە سەدام حوسێن زانی عەرەب لای نین، یەکسەر هاواری وەبەر ئیسلامییانەوە برد و ویستی هاوڕێ دەگەڵ ئەوانەی پشتیوانییان لێی دەکرد وا نیشان بدەن کە شەڕەکە شەڕێکی شارستانیەتییە. سەفار ئەلحەوەلیی سەرۆکی زانکۆی ئوم لقورا لە مەکە، لە تێپێکی بەربڵاوی خۆیدا باسی کردووە و دەڵێ: "ئەمە خۆ جیهان نییە کە لە دژی عێراقە، ئەمە ڕۆژئاوایە و لە دژی ئیسلامە." ڕابەری ئاینی ئێرانی ئایەتوڵا عەلی خامەنەئیش دوژمنداری ئێرانی دەگەڵ عێراق لە بیر خۆی بردەوە و جاڕی جیهادی لە دژی ڕۆژئاوا دا و گوتی: "خەبات لە دژی دەستدرێژی و چاوچنۆکی و پیلان و سیاسەتەکانی ئەمەریکی بە جیهاد دادەندرێ و هەر کەسێک لەو ڕێگەدا بکوژرێ شەهیدە." شا حوسێنی ئوردنیش مشتومڕی لەسەر ئەوە دەکرد کە: "ئەمە شەڕە لە دژی نەتەوەی عەرەب و موسڵمانان دەکرێ و هەر بە تەنیا لە دژی عێراق نییە."

نزیکبوونەوەی ئەو نوخبە کاریگەرە و گشتەوەری عەرەبی و پشتیوانیکردنیان لە سەدام حوسێن، ئەو حکوومەتە عەرەبییانەی کە پشکداری هاوپەیمانی لە دژی عێراق بوون، ناچار کرد بۆ ئەوەی چالاکییەکانی خۆیان کەم بکەنەوە و تووڕەیی گشتەوەری وڵاتەکانی خۆیان سارد بکەنەوە. پاشتر حکوومەتە عەرەبییەکان یان بەرهەڵستی ئەو هەوڵانەیان کرد کە دەکران بۆ ئەوەی

پاڵەپەستۆ لە عێراق بکەن، یانیش هەر خۆیان لە کارەکە دوورەپەرێز گرت. پاڵەپەستۆکانی لە عێراق کران برێتی بوون لە سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین کە لە ١٩٩٢ دامەزرا و بۆردوومانکردنی عێراقیش بوو کە لە یەنایری ١٩٩٣ کرا. هاوپەیمانەتییە ڕۆئاواییە _ سۆڤیەتییە _ تورکییە _ عەرەبییەکەی لە ١٩٩٠ لە دژی عێراق ڕێک خرا، لە ١٩٩٣ هەر ڕۆئاوا و کوێتی تێدا ماوە.

موسڵمانەکان جودابازی contrast ی کردەوەکانی ڕۆئاوایان لە دژی عێراق لەگەڵ بێ توانایی ڕۆئاوا بەرانبەر کرد، ئاخر ڕۆئاوا نەیتوانی بۆزنییەکان لە سربییەکان بپارێزێ و نەیتوانی سزا بە سەر ئیسرائیلدا بسەپێنێ سەرباری ئەوەی کە گەلەک بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بنپێ خستووە. ڕۆئاوایان بەوە تۆمەتبار کرد کە دووڕووە. خۆ گومان لەوەدا نییە کە دنیایەکی ململانێی شارستانیەتی تێدا بێ، هەڵبەتە جووت ستانداردیش دەبێ: واتە گەلان چەشنە ڕۆکارێک دەگەڵ خزمە وڵاتەکانیاندا دەکەن و ستانداردێکی جوداش لەگەڵ ئەوانی تردا پێڕەو دەکەن.

دووەم: دەردی خزمە وڵاتەکان لە ململانێیەکانی وڵاتانی سۆڤییەتی پێشووش ڕەوشەنە. سەرکەوتنەکانی ئەرمەنییان لە ١٩٩٢ و ١٩٩٣ تورکیای خستە سەر پاشییان و بەتوندی پشتیوانی لە برایە هاوئاین و هاوڕەگەز و هاوزمانە ئازربایجانییەکانی کرد. کارمەندێکی تورکیایی لە ١٩٩٢دا گوتی: "ئێمەی نەتەوەی تورک هەمان سۆزی ئازەربایجانییەکانمان هەیە. ئێمە گوشارمان لێ دەکرێ. ڕۆژنامەکانمان تژی وێنەی ئەو هەموو هەترەس بردنەیە کە لەوێ دەکرێ و لێمان دەپرسن ئایا هێشتا مکوڕن لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی بێ لایەنیتان. دەشێ بە ئەرمینیا نیشان بدەین کە تورکیایەکی مەزن لەو هەرێمەدا هەیە." سەرۆک ئۆزالیش قایل بوو کە تورکیا بەلایەنی کەمەوە «نەختێک ئەرمێنییەکان بترسێنێ.» لە ١٩٩٣ش دیسان ئۆزال هەڕەشەی دووپات کردەوە کە تورکیا «کەڵبەکانی خۆی بەدەر دەخا.» فڕۆکە جەنگییە تورکییەکان قەرەبەقەرەی سنوورەکانی ئەرمێنیا فڕین. تورکیا هەناردەی خۆراک و سەفەری فڕۆکەکانی بۆ ئەرمێنیا هەڵپەسارد و تورکیا و ئێران وێکڕا ڕایان گەیاند کە قایل نابن ئازەربایجان دابەش بکرێ. حکوومەتی سۆڤیەتی لە دوا ساڵەکانیدا پشتیوانییەکی زۆری ئازەربایجانی کرد، چونکە شیوعییەکان دەستی باڵایان لەناو حکوومەتەکەدا هەبوو. بەڵام هەر کە یەکەتیی سۆڤیەت ڕوخا، برگە سیاسییەکان ڕێگەیان بۆ ململانێی ئاینی چۆڵ کرد. هێزە ڕووسییەکان شان بەشانی ئەرمێنییەکان جەنگین و حکوومەتی ئازەربایجانیش «حکوومەتی ڕووسیای تۆمەتبار کرد کە ١٨٠ پلە سووڕاوەتەوە» و لای ئەرمێنیای مەسیحی دەگرێ.

سێیەم: سەبارەت بە شەڕی یوگۆزلاڤیای پێشان، گشتەوەری ڕۆئاوایی بەئاشکرا هاوسۆزی و پشتیوانی خۆی بۆ موسڵمانانی بۆزنیا نیشان دا و ماندەڵی ئەو هەموو ئازارانەیان کرد کە بە دەستی سربییەکانەوە دەیانکێشا. کەچی ئەو هێرشانەی کرواتییەکان بۆ سەر موسڵمانەکانیان دەکرد کەمتر بایەخی پێ دەدرا و گوێشیان کەمتر بە پارچەکردنی بۆزنیا – هەرسەکۆڤینا دا. لە سەرەتای کەرتبوونی یۆگۆزلاڤیا، ئەڵمانیا وەک هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراو و بۆ نیشاندانی هێز و

توانستی خۆی دەستپێشخەرییەکی دیپلۆماسیی کرد و هانی ئەندامانی تری یەکەتی ئەورووپای دا بۆ ئەوەی شوێنی بکەون و دان بە سلۆڤێنیا و کرواتیا بنێن. لە ئەنجامدا، پاپا بۆ ئەوەی پشتیوانی توندی ئەو دوو وڵاتە کاتۆلیکییە بکا، ڤاتیکان تەنانەت پێش کۆمەڵگەی ئەورووپایی دانی بەو دوو وڵاتەدا نا. وڵاتە یەکگرتووەکانیش شوێن پێی ئەورووپاییەکان کەوت. بەم چەشنە، پاریزانە گەورەکانی شارستانیەتی خۆرئاوا بە یەکیان گرت و بە دوای هاوئاین coreligionisەکانی خۆیان کەوتن. لە ئەنجامیشدا ئاشکرا کرا کە کرواتیا چەک جبەخانەیەکی زۆری لە ئەورووپای ناڤین و وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی ترەوە بۆ دەچوو. حکوومەتەکەی بۆریس یەڵتسنیش ویستی پشتیوانی سربییە ئۆرتۆدۆکسەکان بکا، بەڵام نەشیویست ڕۆژئاوا لە خۆی بتۆرێنێ. پارێزگارە ڕووسییەکان کە هەندێکیان پاساسازیش بوون، هێرشیان بۆ سەر حکوومەتەکەیان برد، چونکە لە پشتیوانیکردنی سربییەکان زۆر ڕژد نەبوو. لە ١٩٩٣، دەرکەوت کە چەند ڕووسییەک خەریک بوون خزمەتی هێزە سربییەکانیان دەکرد و ڕاپۆرتەکانیش باسیان کرد کە چەکی ڕووسی بۆ سربستان دەچوو.

حکوومەت و گرووپە ئیسلامییەکان، لەلایەکی ترەوە، ڕەخنەیان لە ڕۆژئاوا گرت، چونکە بە هاواری بۆزنییەکانەوە نەهاتن. سەرکردەکانی ئێران هانی موسڵمانەکانی هەموو وڵاتانیان دا بۆ ئەوەی یارمەتی بۆزنیا بدەن. بەپێچەوانەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان کە گەمارۆی چەکی بە سەر بۆزنیادا سەپاندبوو، ئێران چەک و پیاوی بۆ بۆزنییەکان ڕەوان کرد. ئەو گرووپە لبنانییانەی ئێران پشتیوانییان لێ دەکات گەریلاکانی خۆیانیان نارد بۆ ئەوەی مەشق بە هێزەکانی بۆزنیا بدەن و ڕێکیان بخەن. لە ١٩٩٣، ڕاپۆرتەکان ڕایان گەیاند کە ٤٠٠٠ موسڵمان پتر لە دە وڵاتی ئیسلامییەوەڕا هاوشانی بۆزنییەکان شەڕیان دەکرد. حکوومەتەکانی عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی تریش کەوتبوونە بن پاڵەپەستۆیەکی زۆری هاووڵاتییانەوە بۆ ئەوەی ئازایانەتر پشتیوانی بۆزنییەکان بکەن. لە کۆتاییی ١٩٩٢، ڕاپۆرتەکان ئاشکرایان کرد کە عەرەبستانی سعوودی پارەیەکی زۆری بۆ کرینی چەک و تفاق بۆ بۆزنیا خەرج کردبوو و ئەمەش بە ڕادەیەکی دیار توانا سەربازییەکانیانی لە بەرانبەر سربییەکان تێرتر کردبوو.

لە ١٩٣٠یەکان، شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا هانی ئەو وڵاتانەی دا کە لەلایەنی سیاسییەوە فاشیست و کۆمونیست و دیموکرات بوون بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری وڵاتەکە وەربدەن. لە ١٩٩٠ەکانیشدا، ڕکەبەریی یۆگۆزلاڤیا هانی وڵاتە ئیسلامی و ئۆرتۆدۆکسی و ڕۆژئاوای مەسیحی دا بۆ ئەوەی دەست لە کێشەی ئەو وڵاتە وەربدەن. هاوتەریبییەکە پشتگوێ نەخرا. ڕۆژنامەنووسێکی سعوودی تێبینیدا دا و نووسی: "شەڕەکەی بۆزنیا - هێرزەگۆڤینا وەک شەڕەکەی ئیسپانیا لە دژی فاشستەکان سۆزی بە خەڵکی داوە و ئەوانەی لەو شەڕەدا دەکوژرێن، شەهید دەبن، چونکە هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی هاوئاینە موسڵمانەکانیان بپارێزن."

ململانێ و توندوتیژی لە نێوان ئەو وڵات و ئەو گرووپانەش کە سەر بە یەک شارستانییەتیشن

ڕوو دەدا. وەلێ ئەم چەشنە ڕکابەرییە هەندەی ئەویتر خوێناوی نابێ و لە ململانێی نێوان شارستانیەتی جودا کەمتر شیمانەی بەرفرەبوونی هەیە. هاوشارستانیەتی شیمانەی توندوتیژی کەمتر دەکات و لەوەی ئەگەر بەشێوەیەکی تر بقەومێ. لە ١٩٩١ و ١٩٩٢دا، خەڵکی گەلێک لە ململانێی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا نیگەران بوون کە ئەوان لەسەر کێشەکانی خاک، بەتایبەتیش قرم، و گەمیگەل fleet ی دەریای ڕەش و چەکی ناوەکی و ئابووری لە یەکتری هاتبوونە سەر پاشییان. ئەگەر شارستانیەتی ڕەچاو بکرابووایە دەبووشیمانەی ململانێی خوێناوی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووایە، چونکە هەردووک لایان سلاڤینە و ئۆرتۆدۆکسن و پێوەندییەکی زۆر باشی سەدان ساڵەشیان لە نێواندا هەبووە. هەرچەندە هەموو هۆیەکانی ململانێ لە ئارادا هەبوو، بەڵام لە سەرەتای ١٩٩٣، سەرکردەکانی هەردوو وڵات کاریگەرانە دەستیان بە موفاوەزاتێکی کاریگەر کرد و توانییان فتیلەی کێشەکانی نێوان وڵاتەکانیان دەربکێشن. لەو دەمەی دەبینین کە فرە لێکدان و کوشتار لە نێوان موسڵمانان و دیانەکانی شوێنەکانی تری یەکەتیی سۆڤییەتی پێشوو هێشتا هەر ماوە و دیانە ڕۆئاوایی و ئۆرتۆدۆکسەکانیش لە وڵاتانی بەڵتیق هەر لەگەڵ یەکتری گرژن و شەڕیانە، دەبینین توندوتیژی نێوان ڕووسییەکان و ئۆکرانییەکان بنبڕ کرا.

ڕاستە گەلەکۆی شارستانیەتی کەم بووبووەوە، وەلێ ئێستا خەریکە زۆر دەبێ و زۆریش لەگینە هێشتا بەربڵاوتر ببێ. لە کاتێکدا کە ڕکەبەرییەکانی کەنداوی پارسی و بۆزنیا بەردەوامە، دیارە کە ململانێیەکان پتر لەگەڵ هێڵەکانی بە یەککەیشتنی شارستانیدا دەڕوات. سەرکردە سیاسییە ڕەمەکی و سەرکردە ئاینی و میدیاکان ئەمە بە هەل دەزانن بۆ ئەوەی پشتیوانی بۆ خۆیان پەیدا بکەن و پاڵەپەستۆش لەسەر حکوومەتە هزرۆشێن «موتەرەدید»ەکان چڕ بکەنەوە. ئەو ململانێیانەی ئێستاکە هەنە و ڕەنگە لە چەند ساڵی داهاتوودا گڕ وەربگرن و شەڕی گەورەیان لێ بکەوێتەوە، ڕکەبەرییەکانی بۆزنیا و قۆقازن و شەڕەکانیش لەسەر هێڵی تەماسی نێوان شارستانیەتییەکان دەگەڕێن. شەڕی داهاتووی عالەمی، ئەگەر ببێ، شەڕێکی نێوان شارستانیەتییەکان دەبێ.

## ڕۆئاوا لە دژی هەمووان

ڕۆئاوا ئێستا هێزێکی پێوەندیی غەیرەز ئاسایی لەگەڵ شارستانیەتییەکانی تردا هەیە. زلهێزە بەرهەڵستکارەکەی جارانی، لەسەر نەخشەدا، بزر بووە. ململانێی سەربازی لە نێوان وڵاتانی ڕۆئاوادا هیی ئەوەی نییە بیری لێ بکەیتەوە و هێزیکیش نییە ڕکەبەری لەشکری ڕۆئاوا بکا. جگە لە ژاپۆن هیچ لایەنێکی تریش نییە مل لەبەر ملی ئابووریی ڕۆئاوا بنێ و هەر ڕۆئاواشە کۆنترۆڵی دەزگا سیاسی و تەناهییە نێودەوڵەتییەکان دەکا و هاوڕێ لەگەڵ ژاپۆنیش هەموو دەزگاکانی ئابووری دنیایان لەژێر دەست دایە. کێشە سیاسی و ئەمنییەکانی دنیا بەشێوەیەکی کاریگەر بە ڕێنوێنیی وڵاتە یەککرتووەکان و بەریتانیا و فرەنسا دادەمرکێتەوە و کێشە ئابوورییەکانیش

بەسەرپەرشتی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیا و ژاپۆن خاو دەبنەوە. ئەم لایەنانەش هەموویان پێوەندیی چڕ و گەرمیان بەیەکەوە هەیە و هەوڵیش دەدەن ئەو پێوەندییانەیان لەو ئاستەدا بهێڵنەوە و تا پێشیان بکرێ ناهێڵن وڵاتە نا ڕۆئاواییەکانیان لێ نزیک ببنەوە. ئەو بڕیارانەی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و سندووقی دراوی نێو دەوڵەتی دەردەچن، هەموویان بەسەر خەڵکیدا بڵاو دەکرێنەوە کە گۆیا ویستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕەنگ دەدەنەوە. ئەو دەستەواژە تایبەتەی پێی یێژن [کۆمەڵگەی جیهانی the world community] بووەتە بنێشتە خۆشەی سەر زاران و شوێنی جیهانی ئازاد Free World گرتووەتەوە و مەرامەکەشی ئەوەیە شەرعییەت بەو کردەوانە بدا کە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هێزە ڕۆئاواییەکان دەپارێزێ(٤). ڕۆئاوا سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و دەزگا ئابوورییە نێونەتەوەییەکانی تر بەکار دێنێ بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی بپارێزێ و ئەو سیاسەتە ئابوورییانەش بەسەر وڵاتانی تردا دەسەپێنێ کە خۆی بە پەسندی دەزانێ. لەمیانی هەر یەک لەو دەنگدانانەی کە گەلانی غەیرەز ڕۆئاوایی داویانە سندووقی دراوی نێونەتەوەیی پشتیوانی وەزیرانی دارایی و ژمارەیەکی کەمی تری وەرگرتووە، وەلێ زۆرینەی گەلان بەپێچەوانەوەیانە و دەگەڵ جۆرجی ئارباتۆف یەک بۆچوونیان هەیە کە لە باسی کارمەندانی سندووقی دراوی نێونەتەوەییدا دەڵێ: "ئەمانە بەڵشەڤی نوێنە و حەز دەکەن پارە و پوولی گەلانی تر بخۆن و یاسای ئابووری و سیاسی نا دیموکراتی و نامۆ بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنن و ئازادی ئابووری زەفت دەکەن."

دەستڕۆییوی ڕۆئاوا بەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو بڕیارانەی دەریان دەکا و ئەوەی کە جاروبار چین تووڕە دەکا، وای کرد نەتەوە یەکگرتووەکان شەرعییەت بە ڕۆئاوا بدا بۆ ئەوەی عێراق لە کوێت وەدەرنێ و چەکە پێشکەوتووەکان و ئامێرەکانی دروستکردنیشیان لەناو ببات. هەر ئەویش بوو ڕێی بە وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەرەنسا دا بۆ ئەوەی کاری پێشبینینەکراو لە دژی لیبیادا بکەن و داوایان لێی کرد گومانبارەکانی خستنەخوارەوەی پان ئام ١٠٣، تەسلیمیان بکا و کە لیبیاش نکووڵی کرد و گومانبارانی ڕادەستیان نەکرد، گەمارۆی ئابوورییان لە سەری دانا. کە ڕۆئاوا گەورەترین لەشکری عەرەبەکانی بەزاند، ئینجا بێ هزرۆشێنی سەنگی خۆی هاوێشتە ناو هەموو دنیای عەرەبی. ڕۆئاوا تەقلای ئەوەیەتی دەزگا نێونەتەوەییەکان و هێزی سەربازی و سەرچاوە ئابوورییەکان بە گەڕ بخات بۆ ئەوەی بتوانێ دنیا بە کەیفی دڵی خۆی هەڵبسوورێنێ بۆ ئەوەی بالادەستی ڕۆئاوا بهێڵێتەوە و بەرژەوەندییەکانی ڕۆئاوا بپارێزێ و بەها سیاسی و ئابوورییەکانی ڕۆئاوا بتەوتر بکا.

گەلە ناڕۆئاواییەکان بەلایەنی کەمیەوە بەم شێوەیە جیهانی نوێ دەبینن و بۆچوونەکەشیان فرە ڕاستە. بۆیە جیاوازی لە دەسەلات و خەباتی عەسکەری و هێزی ئابووری و دامەزراوی یەک لەو سەرچاوانەی ڕکەبەری نێوان شارستانیەتییەکانی ڕۆئاوا و شارستانیەتییەکانی ترن. جیاوازی نەریت و کولتوور کە مەبەستمان بەها و باوەڕە بنەڕەتییەکانە، دووەم سەرچاوەی ململانێیەکە پێک

دێنن. ڤ. س. نایپاول مکوڕە لەسەر ئەوەی کە شارستانیەتی ڕۆئاوایی «شارستانیەتییەکی جیهانییە» و «بۆ هەموو مرۆڤێک گونجاوە.» بەڕاستیش نەریتە ڕۆئاواییەکان بەهەموو دنیادا بڵاو بوونەتەوە. بەڵام هەندێ لایەنی زۆر سادەی تێگەیشتنەکانی ڕۆئاوایی هێشتاکە لە شارستانیەتییەکانی تر جودایە. هزرۆکەکانی ڕۆئاوایی تایبەت بە تاکێنی «الفردیه» و لیبرالی و دەستوور و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی و ئازادی و حوکمی قانوون و دیموکراسی و بازاڕی ئازاد و جوداکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت زۆر بەکەمی لەناو نەریتە ئیسلامی و کۆنفۆشیۆسی و ژاپۆنی و هیندوسی و بودی و ئۆرتۆدۆکسیدا باوی هەیە.

ئەو کۆششە ڕۆئاواییانەی بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم هزرۆکانە کاردانەوەیەکی لە دژی «مافەکانی مرۆڤی ئیمپریالیزمی» پەیدا کردووە و وای کردووە خەڵکەکە پتر خۆیان بە بەها تایبەتەکانی خۆیانەوە شۆڕ بکەنەوە و ئەمەش لەناو نەوە گەنجەکانی ناو کولتوور نا-ڕۆئاواییەکان بە زەقی دیارە و دەبینین چۆن پشتیوانی توندڕۆیە ئاینییەکانیان دەکەن. زۆر نەفرەت لە «شارستانییەتیی جیهانی» دەکەن، چونکە بە فیکری ڕۆئاوایی دەزانن و ئەمەش دەگەڵ تایبەتمەندایەتیی زۆربەی کۆمەڵگە ئاسیاییەکان ناگونجێ، چونکە ئەو باوەڕەی ئەوان هەیانە جەخت لەسەر جوداکردنەوەی گەلێک لە گەلانی تر دەکات. دانەری پێداچوونەوەی ١٠٠ توێژینەوەی بەراوردکاری بەهایەکان لەنێو کۆمەڵگەکاندا گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کە: "ئەو بەهایانەی کە لە ڕۆئاوا لە هەموو قیەمەکانی تر گرینگترن، ئەوان لە هەموو دنیا لە هەموو بەهایەکانی تر بێ بایەخ ترن."(٥) وڵاتە یەککگرتووەکان و هێزە ڕۆئاواییەکانی تر هەموو کۆششێکی سیاسی بۆ ئەوە دەکەن بەهاکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری دنیا بسەپێنن. حکوومەتە هاوچەرخە دیموکراتییەکان لە ڕۆئاوا بنچینەیان دروست کردووە. جا کە لە وڵاتانی غەیرەز ڕۆئاوایی دروست دەبێ، ناتۆرەی بەرهەمی کۆلۆنیال و ئیمپریالیزمی ڕۆئاوای بۆ هەڵدەبەستن.

وا وێدەچێ کە تەوەری ناوەندی سیاسەتی دنیا لە داهاتوودا، وەک ئەو دەستەواژەیەی کیشوەری مەحبوویانی بێ کە دەڵێ ململانێی «ڕۆئاوا و هەموو ئەوانی تر» و وەڵامی شارستانیەتییە نا-ڕۆئاواییەکانیش بێ بۆ هێزی ڕۆئاوا و بەهایەکانی(٦). ئەو وەڵامانەش یان یەک یان سێ شێوەی تێکەڵاو وەردەگرێ. ئەوانی لەوپەڕن، وەک بێرما و کۆریای باکور هەوڵ دەدەن خۆیان پتر لاتەریک بگرن بۆ ئەوەی نەهێڵن کۆمەڵگەکەیان نەریتی ڕۆئاوایی بدزێ و ڕۆئاوا تووشی «گەندەڵی» نەکات و هاریکاریی ئەرکەکانی کۆمەڵگەی جیهانی نەکات کە ڕۆئاوا لێی باڵادەستە. ئەم هەڵوێستەشیان نرخێکی گرانی لەسەرە و ژمارەی ئەو دەوڵەتانە زۆر کەمە کە ئەم ڕێگەیە هەڵدەبژێرن. بەدیلی دووەم یەکسانییە لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بۆ ئەمەش دەبێ بە کراوانی خۆرئاوا بگەن و هەموو بەها و دەزگاکانی پەسند بکەن. ئەلتەرناتیڤی سێیەم پارسەنگدانی دۆخەکەیە و بۆ ئەمەش دەبێ ئابوورییەکی باش و هێزێکی سەربازی هەبێ و هاریکاری دەگەڵ کۆمەڵگە نا-ڕۆئاواییەکان بکرێ بۆ ئەوەی لە دژی ڕۆئاوا بوەستن و خۆیان تازە بکەنەوە، بەڵام خۆیان لەناو قەپێلکی ڕۆئاوا نەشێوێنن.

## وڵاتە دابڕدابڕەکان

لە پاشەڕۆژدا کە گەلان خۆیان بە شارستانیەتییەکانیان لە یەکتری جودا دەکەنەوە، هەینێ ئەو وڵاتانەی کە فرە نەتەوەن، وەکو یەکەتیی سۆڤیەت و یۆگۆزلاڤیایان لێ دێ و پارچە دەبن. وڵاتی تریش هەیە شارستانیەتییەکانی هاوپشکن، بەڵام دابەشی سەر چەند کۆمەڵگەیەک بوونە کە سەر بە شارستانیەتی جودانە. ئەم وڵاتانە بۆ خۆیان پارچەنە. سەرکردەکانیان بەگشتی گەرەکیان دەبێ ستراتیجی فرەگەلی پێڕەو بکەن بۆ ئەوەی وڵاتەکانیان بێننە سەر شێوەی ڕۆئاوا، بەڵام دیرۆک و کولتوور و نەریتی وڵاتەکانیان نا-ڕۆئاواییيە.

لە هەموو ئەو وڵاتانە دیارتر لەم بارەیەوە تورکیایە. سەرکردە تورکەکانی سەدەی بیستەم، شوێن پێی ئەتاتورک کەوتن و پێناسەی وڵاتەکەیان وا کرد کە دەوڵەتێکی هاوچەرخ و عیلمانی و ڕۆئاواییيە. تورکیایان کردە هاوپەیمانی ڕۆئاوا و لە پەیمانی ناتۆ بوونە ئەندام و هاریکاریی شەڕی کەنداویان کرد. ئینجا خۆیان ڕەپێش کرد بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەی ئەورووپاییدا بە ئەندام بن. کەچی هەر لەهەمان کاتدا، کەسانێکی نێو کۆمەڵگەی تورکی پشتیوانیی بووژانەوەی ئیسلامییان لە وڵاتەکەیاندا کرد و مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی کە تورکیا لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەیەکی ڕۆهەڵاتی ناڤینی موسڵمان بووە. نوخبەی خۆرئاواییش قایل نین تورکیایەکی بەم شێوە وەربگرن. تورکیا لە کۆمەڵگەی ئەورووپاییدا نابێتە ئەندام.

هۆی ڕاستیشی وەک ئەوەیە کە سەرۆک ئۆزال گوتی: "ئێمە موسڵمانین و ئەوانیش دیانن، بەڵام وا ناڵێن." کە لە مەکە دەرکرا و برۆکسلی وەری نەگرت، ئاخۆ دەبێ تورکیا ڕوو لە کوێ بکا؟ ڕەنگە وەڵامەکە تەشقەند بێ. نەمانی یەکەتی سۆڤییەت ڕێگەی بۆ تورکیا خۆش کردووە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی شارستانیەتییەکی تورکی کە خەریکە دەبووژێتەوە و حەوت وڵات لە خۆی دەگرێ و هەر لە سنووری یۆنانستانەوەڕا تا سنووری چین پەل دەهاوێژێ. تورکیا هەوڵێکی بێ وچان بۆ ئەم مەبەستە دەدا و ڕۆئاواش پشتی گرتووە.

لە دە ساڵەی ڕابردوودا مێکسیکۆ هەڵوێستێکی مەیلەو لە شێوە هەڵوێستی تورکیای وەرگرت. تورکیا چۆن پشتی لە بەرهەڵستیکردنە مێژوویییەکەی لە ئەورووپا هێنا و هەوڵی دا پێوەندی بە ئەورووپاوە بکا، مێکسیکۆش بەهەمان شێوە وازی لە نەیارێتی وڵاتە یەکگرتووەکان هێنا و هەوڵ دەدا لاسایيی وڵاتە یەکگرتووەکان بکاتەوە و دەیەوێ وەک ئەویش پێوەندیی بە ناوچەی بازرگانیی ئازادی باکوری ئەمەریکا North American Free Trade Area وە بکا. سەرانی مەکسیکی خۆیان خەریکی ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی گەورە کردووە و دەیانەوێ ناسنامەی مەکسیکی پێناسە بکەنەوە و دەستیان بە چاکسازیی بنەڕەتی ئابووری کردووە و ئەم چاکسازییانەش لە کۆتاییدا گۆڕانکاری سیاسیی بنچینەیی لێوە بەرهەم دێ. لە ١٩٩١، گەورە ڕاوێژکارێکی سەرۆک کارلۆس سالیناس دی گۆرتاری بە درێژی بۆی باس کردم کە حکومەتەکەی سالیناس چ چەشنە گۆڕانکاریی ئەنجام

داوە. کە لە قسەکانی خۆی بووەوە، هەستام تێبینیی خۆمم دا و گوتم: "زۆر جێی سەرنجە. وا پێ دەچێ ئێوە بتانەوێ مەکسیکۆ لە وڵاتێکی ئەمەریکای لاتینەوە بۆ وڵاتێکی ئەمەریکای باکور بگۆڕن. بەسەرسوڕمانەوە تەماشای کردم و حەپەسا و گوتی: "ڕاستە! ئەمەیە بەکورتی ئەوەی ئێمە گەرەکمانە بیکەین. بەڵام ئێمە ناتوانین ئاوا بە کوتکوسنگی بیڵێین." وەک لە تێبینییەکانیدا دیار بوو، لە مەکسیکۆش وەک لە تورکیا، زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە بەرهەڵستی دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەی وڵاتەکە دەکات. لە تورکیا ئەو سەرکردانەی ویستی ئەوروپاییيان هەیە ناچارن ئیشارەت بە ئیسلامەتییەکانیان بدەن (وەک ئەوەی ئۆزال حەجی کرد)، بەهەمان شێوەش ئەو سەرکردە مەکسیکییانەی مەیلی ئەمەریکای باکوریان هەیە دەبێ ئاماژە بۆ ئەوانە بکەن کە لە بنەڕەتدا مێکسیکۆیان بەوڵاتێکی ئەمەریکای لاتین پێناسە کرد (بەشداریکردنی سالیناس لە کۆنگرەی سەرانی ئاییبری ئەمەریکایی.)

لەلایەنی مێژووییەوە، تورکیا لە هەموو وڵاتانی دنیا دابڕدابڕتر بووە. لەلای وڵاتە یەکگرتووەکانیشدا، مەکسیکۆ نزیکترین وڵاتە لێی کە دابڕدابڕ بووە. لە ئاستی جیهانیشەوە ڕووسیا لە هەر هەموو وڵاتێکی ئەم دنیایە پارچەپارچە ترە. ئاخۆ ڕووسیا بەشێکە لە ڕۆئاوا یانیش سەرکردەی شارستانیەتییەکی جیاوازی سلاڤی ـ ئۆرتۆدۆکسییە، پرسیارێکە هەموو کات لە مێژوودا دووبارە دەبێتەوە. سەرکەوتنی شیوعییەکان لە ڕووسیا ئەم کێشەیەی شاردەوە و ئایدیۆلۆجیایەکی ڕۆئاواییی هێنا و لە بارودۆخی ڕووسیادا پەیڕەوی کرد و بە ناوی ئایدیۆلۆجییەوە ملی لەبەر ملی ڕۆئاوا نا. باڵادەس بوونی کۆمیونیزم مشتومڕە دیرۆکییەکەی سەبارەت بە بەڕۆئاواییبوونی ڕووسیا بەرانبەر بە بەڕووسیابوونی ئەو وڵاتە ڤەشارد. ئێستاش کە کۆمیونیزم نەماوە، ڕووسییەکان دووبارە بەرانبەری ئەو پرسیارە دەبنەوە.

سەرۆک یەڵتسن ویستی بنەمایە ڕۆئاواییەکان بچەسپێنێ و ئومێدی بوو ڕووسیا بکاتە دەوڵەتێکی (ئاسایی) و بیکاتە بەشێک لە ڕۆئاوا. لەوێش ئیلیتە ڕووسییەکان و گشتەوەرەکانیشی لە نێوان خۆیان لەسەر ئەم بابەتە کەرت بوون. لە هەموو یاخییەکان نەرمڕۆ تر سێرگی ستانکێڤیچە کە پێ دادەگرێ و دەڵێ، پێویستە ڕووسیا ڕێڕەوی (ئەتلەسچییاتی Atlanticist) ڕەت بکاتەوە، چونکە بە گوتەی ئەو (بەشێوەیەکی خێرا ڕێک دەخسترێ و دەبێتە ئەوروپایی و دەبێتە بەشێکی ئابووریی جیهانی و دەبێتە ئەندامی هەشتەمین لە حەوتەکە و وەک دوو ئەندامی باڵادەستی هاوپەیمانی ئەتلەسیش، تەئکیدێکی تایبەتی لە ئەڵمانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان دەکاتەوە.)

ستانکێڤیچ نکووڵی لە سیاسەتی یوراسیاش دەکات و دەڵێ دەبێ ڕووسیا پاراستنی ڕووسیاییيەکان لە وڵاتانی تر بکاتە ئامانجی هەرە سەرەکی و پێوەندییە تورکی و ئیسلامییەکانی خۆی توندتر بکا و (دووبارە دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان و بژاردەکان و پێوەندی و بەرژەوەندییەکانمان) تۆکمە بکا و (لای ئاسیای پێ بگرێت و ڕووەو ڕۆهەڵاتی ببات.) ئەو کەسانەی

ئەو بۆچوونانەیان هەیە ڕەخنەیان لە یەڵتسن گرت، چونکە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیای بە بالآگەردانی ئەوانەی ڕۆئاوایی کرد و توانستی سەربازی ڕووسی کەم کردەوە و پشتیوانی دۆستە دیرەنە سربەکانی نەکرد و چاکسازی ئابووری و سیاسیی ڕووسیای بە ئاراستەیەکدا برد کە گەلی ڕووسی بریندار کرد. هزرۆکە نوێیەکانی پیتەر ساڤیتسکی کە زۆر باون بەو ئاراستەیەدا دەچێ. ساڤیتسکی لە ١٩٢٠ەکاندا پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ڕووسیا نموونەیەکی بێ هاوتای شارستانیەتیی یوراسیایە(٧). ئەوانەی کە توندڕۆترن، هێشتا بۆچوونی نەتەوەگەری و دژە-ڕۆئاوایی و دژە - سامی دەردەبڕن و زۆر لە ڕووسیا دەکەن بۆ ئەوەی دووبارە توانستی عەسکەریی خۆی بەهێز بکاتەوە و پێوەندیی ێنزیکتر لەگەڵ چین و جیهانی ئیسلامیدا دابمەزرێنێ. گەلی ڕووسیاش وەکو نوخبەکەی خۆیان دابەش بووینە. لە هزرپرسییەکی ١٩٩٢دا، ٤٠٪ دانیشتوانی ڕووسیای لای ئەوڕوپا هەڵوێسی ئەرێنییان هەبوو کەچی ٣٠٪ نەرێنی بوون. زۆربەی کاتە مێژووییەکان ڕووسییەکان هەر ئاوا بەش بەش بوونە، لە ١٩٩٠ەکاندا ڕووسیا بەڕاستی دەوڵەتێکی دابڕدابڕ بوو.

هەر وڵاتێکی دابڕدابڕ بێ، بۆ ئەوەی ناسنامەی شارستانیەتیی خۆی پێناسە بکاتەوە، دەبێ سێ پێداویستیی هەبێ. یەکەم: دەبێ نوخبەی سیاسی و ئابووری بەگشتی پشتیوان و هاوسۆزی ئەو بزووتنەوەیە بن. دووەم: دەبێ گشتەوەری ئەو وڵاتە بیەوێ پابەندی ئەنجامی ئەو پێناسە کردنەوەیە بێ. سێیەم: پێویستە گرووپە بالآدەستەکانی سەر بەو شارستانیەتییەی کە پێناسەد ەکرێتەوە بەو وەرگەڕانە قایل بن. هەر سێ مەرجەکان بە زۆری لە مێکسیکۆدا هەیە. سەبارەت بە تورکیاش دوو مەرجەکەی یەکەمی تێدا هەیە. بەڵام دیار نییە ئاخۆ هیچ لەو مەرجانە لە ڕووسیادا هەیە بۆ ئەوەی بە ڕۆئاواوە بنووسێ. ململانێی نێوان لیبراڵ دیموکرایی و مارکسیزم - لینینیزم ململانێی نێوان ئایدیۆلۆجییەکان بوو کە هەرچەندە بڕە لە یەکتری جودا بوون، وەلێ هێشتا لە ئامانجەکانی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی وێ: دەگەیشتن. ئاواتەکانی ڕووسیای نەریتگر traditional و دیکتاتۆری و توخمگیر تەواو لەمانە جیاواز بوون. کەسێکی ڕۆئاوایی دیموکرات دەیتوانی مشتومڕ لەگەڵ کەسێکی سۆڤیەتیی مارکسیدا بکا. بەڵام هەمان کەس نەیدەتوانی لەگەڵ کەسێکی نوریتگری ڕووسیایی ئەم دەمەقاڵێیە بکا. جا ئەگەر ڕووسیاییەکان هزری مارکسیزمە پشتگوێ بخەن ئەوە لیبراڵ دیموکرات ماندەل دەکەن و وەک ڕووسیان ڕوشت دەکەن، بەڵام وەک ڕۆئاواییان نابن، بۆیێ پێوەندییەکانی ڕووسیا و ڕۆئاوا ڕەنگە دیسان بپچڕێن و بکەونە باری ململانێوە(٨).

## پێوەندیی کۆنفۆشیۆسی - ئیسلامی

ئەو تەگەرانەی لە پێش ئەو وڵاتە نا-ڕۆئاواییانەدا هەنە کە پێوەندی بە ڕۆئاواوە دەکەن فرە چەشنن. گرفتەکانیان لە هیی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئەوروپای ڕۆهەلات کەمترن. هەمان شت

لە پێش وڵاتە ئۆرتۆدۆکسەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو گەورەترن. بەڵام خۆ بۆ کۆمەڵگە موسڵمان و کۆنفۆشیۆسی و هیندۆسی و بوودی هێشتا لەمەشیان هەڵبااردووە. ژاپۆن هەڵوێستێکی تاکی لەم ناوەدا بۆ خۆی ساز داوە و بووەتە ئەندامێکی کارای ڕۆئاوا: ئەوەتە لە هەندێ لایەنەوە لە ڕۆئاوایە، بەڵام لە هەندێ لایەنی ترەوە بەئاشکرا ڕۆئاوایی نییە. ئەو وڵاتانەی بەهۆی نەریت و دەسەڵاتەوە ناتوانن لەگەڵ ڕۆئاوا پێک بێن، ڕکەبەری لەگەڵدا دەکەن و هەڵدەستن هێزە ئابووری و سەربازی و سیاسییەکانی خۆیان گەشە پێ دەدەن. بۆ ئەم مەبەستەش لە ڕێگەی هاریکاریکردنی وڵاتە ناڕۆئاواییەکانەوە باری ناوەخۆیان دەبووژێننەوە. دیارترین شێوەی ئەم هاریکارییەش پێوەندیی کۆنفۆشیۆسی _ ئیسلامییە کە تازە بەدەرکەوتووە و ڕک بەڕکێی بەرژەوەندی و بەها و دەسەڵاتەکانی ڕۆئاواییان دەکات.

ڕەنگە وڵاتە ڕۆئاواییەکان، بێ جیاوازی، هێزی سەربازی خۆیان کەم بکەنەوە و لە سەردەمی یێڵتسنی ڕووسیاش وای کرد. کەچی چین و کۆریای باکور و هەندێ وڵاتی ڕۆهەڵاتی ناڤین خەریکن بەپێچەوانەوە، فرە هێزە سەربازییەکانیان گەورەتر دەکەن. بۆ ئەمەش هەڵدەستن چەک و تفاق لە سەرچاوەکانی ڕۆئاوا و ناڕۆئاواوە دەهاوردێن و پیشەسازیی سەربازییان وەپێش دەخەن. یەک لە ئەنجامەکانی ئەمە، ئەوەیە کە چارلز کراوتامار ناوی لێ نا (دەوڵەتانی چەک) و ئەو دەوڵەتانەی چەکیش هیچیان ڕۆئاوایی نین. ئەنجامەکەی تری پێناسەکردنەوەی کۆنترۆڵکردنی چەکە و ئەمەش تێگەیشتنۆکەیەکی خۆرئاواییە و ئامانجێکی ڕۆئاواییشە. لەمیانی شەڕی ساردا، مەبەستی سەرەکی کۆنترۆڵکردنی چەک ئەوە بوو کە پارسەنگی هێزی وڵاتە یەککگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بەرانبەر بەیەکەتی سۆڤیەتی و هاوپەیمانەکانی ڕابگرێ. لە جیهانی دوای شەڕی سارد، کۆنترۆڵکردنی چەک بۆ ئەوەیە نەهێڵن کۆمەڵە ناڕۆئاواییەکان توانستی پەرەپێدانی چەکیان بوەستێنن بۆ ئەوەی نەکەن هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆئاوایی بکەن. ڕۆئاوا دەیەوێ لە ڕێگەی ڕیکەوتنە نێونەتەوەییەکان و پاڵەپەستۆی ئابووری و کۆنترۆڵکردنی گواستنەوە و تەکنۆلۆجیای چەکەوە ئەم مەرامەی جێبەجێ بکا. ڕکەبەری نێوان ڕۆئاوا لەگەڵ دەوڵەتە کۆنفۆشیۆسییە _ ئیسلامییەکان، جا با هەمووشیان نەبن، بەزۆری لەسەر چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆجی و مووشەکی بالاستی و توانستە پێشکوتووەکانی ئاراستەکردنی ئەو مووشەکانە و ڕێنوێنیی و سیخوڕی و توانستە ئەلیکترۆنییەکانی ترە کە بۆ گەیشتنی ئەو ئامانجە پێویستە. ڕۆئاوا پشتیوانی بڵاونەبوونەوە دەکا بەو چاوەی کە ڕێسایەکی جیهانییە و پەیمانەکانی بڵاو نەبوونەوە و پشکنینیش وەک ئەوەی ئامێر بن تا ئەو ڕێسایە جێبەجێ بکەن. ڕۆئاوا هەڕەشەی سزادانی ئەو لایەنانە دەکا کە چەکە پێشکەوتووەکان بڵاو دەکەنەوە و پێشنیازی هەندێ یارمەتیش دەکا بۆ ئەوانەی وەسا ناکەن. ڕۆئاوا پتر چاودێری ئەو دەوڵەتانە دەکا کە بە ڕاستی نەیاری ڕۆئاوان یان تریان لێ دەکرێ نەیار بن.

وڵاتە ناڕۆئاواییەکان لەلای خۆیانەوە، تەئکید لەسەر مافی خۆیان دەکەنەوە کە دەتوانن هەر

چەکێک وەدەست بێنن یان بەکاری بێنن کە تەناهییان دەپارێزێ. هەمووشیان وەڵامەکەی وەزیری بەرگری هیندستانیان لەبەر کردووە کە پرسیاریان لێ کرد، ئاخۆ چ دەرسێکی لە شەڕی کەنداو فێر بووە، ئەویش گوتی: "مەیدان لە وڵاتە یەکگرتووەکان مەخوازە ئەگەر چەکی ناوەکیت نەبێ." چەکی ناوەکی و کیمیایی و مووشکەکان بە هەڵە وا تەماشا دەکرێن کە پارسەنگی هێزی باڵادەستی تەقلیدی ڕۆئاوا دەدا. خۆ چین ئێستێکە چەکی ناوەکی هەیە، پاکستان و هیندستان توانای بەکارهێنانی ئەو چەکانەیان هەیە. کۆریای باکور و ئێران و عێراق و لیبیا و جەزایر پێ دەچێ هەوڵی بەدەستهێنانیان بدەن. گەورە بەرپرسێکی ئێرانی خۆی گوتی پێویستە هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکان چەکی ناوەکی بەدەست بێنن و لە ١٩٨٨ سەرۆکی ئێرانی ڕێنوێنییەکی دەرکرد تێیدا داوای کرد (چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی و تیشکەوەری هێرش و بەرگری) پەرە پێ بدەن.

بەردەوانی فرەکردنی هێزە سەربازییەکانی چین و ئەو ئامێرانەی کە هێزی سەربازی وەبەردێنێ، لە هەموو بابەتەکانی تر بەرانبەر بە لەشکری ڕۆئاوا گرینگترە. چین بەو ئابوورییە گەلەک باشەیەوە خەریکە خێرا و بەبێ وچان دەزگا سەربازییەکانی خۆی بۆ پێشەوە دەبات و هێزە شەڕکەرەکانیشی نوێ دەکاتەوە. چەک لە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو دەکڕێ و مووشەکە دوورهاوێژێ. لە ١٩٩٢ ئامێرێکی ناوەکی یەک مێگاتەنی تاقی کردەوە. ئێستاش خەریکە توانستە نائاساییەکانی شەڕی پەرە پێ دەدا و تەکنۆلۆجیای بەنزیندەری ئاسمانی وەدەست دێنێ و هەوڵ دەدا فڕۆکە هەڵگریش بکڕێ.

زۆربوونی هێزی عەسکەری و تەئکیدکردنەوەی لەسەر دەسەڵاتی بەسەر دەریای ژینی خواروو پێشبڕکێیەکی فرەلایەنەی وەدەستهێنانی چەکی لە ڕۆهەڵاتی ئاسیادا بەرپا کردووە. لە هەمان کاتیشدا چین یەکێکە لەو وڵاتە گەورانەی کە چەک هەنارده دەکا. تفاقی ئاوای بۆ لیبیا و بۆ عێراق هەناردووە کە دەکرێ چەکی ناوەکی و گازی دەماریان پێ دروست بکرێ. یارمەتی جەزایریشی داوە بۆ ئەوەی ڕاکتەر reactorێک دروست بکا کە بۆ توێژینەوەی چەکی ناوەکی و دروستکردنی گونجاوە. چین تەکنۆلۆجیای ناوەکی بە ئێران فرۆشتووە و بەرپرسە ئەمەریکاییەکان لەو باوڕەکانە کە ئەم تەکنۆلۆجییایە دەچێ بۆ دروستکردنی چەکەکان بێتە کار و کەرستەی مووشەکی ٣٠٠ مایلیشی بۆ پاکستانێ ناردووە. کۆریای باکور دەمێکە تەکنۆلۆجیای ناوەکی هەیە و بۆ ئێران و سووریای فرۆشتووە. بەگشتی شەپۆلی چەکە فرۆشراوەکان لە ڕۆهەڵاتەوە بۆ خۆرهەڵاتی ناڤین دێ. لەگەڵ هەندێش، جۆرە بزووتنەوەیەکی بەپێچەوانەوە هەیە و چین مووشەکەکانی ستینگەری لە پاکستان کڕیوە.

بەم جۆرە پێوەندیی کۆنفۆشیۆسی _ ئیسلامی دروست بووە و بۆ ئەوە پەیدا بووە تا ئەندامەکانی ئەو چەک و تەکنۆلۆجیای چەکانە وەدەست بێنن کە پێویستیانە بۆ ئەوەی بەرهەڵستی ڕۆئاوا بکەن. ڕەنگە ئەمە بەردەوام بێ و دەگونجێش بوەستێ. دۆخەکە ئێستا وەک

ئەوەیە کـە دەیڤ مـەککێـردی گـوتی: "پەیمـانێکی ئاڵوگـۆڕی پشـتگیـریی «هەڵگەڕاوەکـانە»، بڵاوکەرەوەکان و پشـتیوانەکانیـان بەڕێوەی دەبەن." بـەم جـۆرەش ڕکـەبەرییەکە پێشبـڕکێیـەکی بەدەسـتـهێنـانی چەکـەکـانە لە نێـوان دەوڵەتە کـۆنفـۆشیـۆسی ـ ئیـسـلامـی و ڕۆئاوا دەکـرێ. بەشێوەیەکی کۆنی خۆ بە پەلە پڕ چەک کردن، هەر لایەک چەکی خۆی بۆ خۆی پەرە پێ دەدات بۆ ئەوەی پارسـەنگی بەرانبەرەکەی بدا، یان لێی بالاٌتر ببێ. لەم شێوە ڕکەبەرییەی چەکدا، لایەکیـان گەرەکیـەتی چەکەکانی خۆی پێش بخات و لایەنەکەی تریش دەیەوێ نەک هەر پارسـەنگ بدا، بگرە ڕێگەی دروستکردنی ئەو چەکانـە بگرێ و لە هەمان کاتیشدا توانستە سەربازییەکانی خۆی کەم بکاتەوە.

## پەندەکانی ئەمە بۆ ڕۆئاوا

ئەو گوتارە دەودەوانێی ئەوەی نییە کە ناسنامەکانی شارستانیەتی جێی هەموو ناسنامـەکانی تر دەگرنەوە و دەوڵەتـە نەتەوەییەکان بزر دەبن و هـەر شارستـانیەتییەک بۆ خـۆی دەبێتـە قەوارەیەکی سـیاسـیی یەکگرتوو و گرووپە جودایەکانی نێو یەک شـارسـتـانیـەت هـەرگیـز نەملـمـلانێی یەکتـری دەکەن و نە لەناو خۆیاندا هەر بە شەڕیش دێن.

ئەم چەند لاپەڕەیە ئەو بیردۆزە دانانێ کە جیاوازییەکانی نێوان شارستانیـەتییەکان ڕاستن و گرینگن، و وریابوونەوەی شـارسـتـانیــەتی پەرە دەسـتێنێ و ملـملانێی نێوان شارسـتـانیەتییەکـان شـوێنی ڕکـەبـەری ئایدیۆلۆجی و شـێـوەکـانی تری ملــــملانێ دەگـرێتـەوە و شـێـوەیەکی تازەی ململانێی جیهانی وەردەگرێ.

پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان گەمەیەکی مێژووییە لەناو شارستانییەتیی ڕۆئاوا بازی پێ کراوە و لە داهـاتووشدا لە ڕۆئاوا دەترازێ و دەبێتە ئەو یارییەی کە شارستانیەتییە ناڕۆئاواییەکان بازی سـەرەکیی تێیدا دەکەن و هـەر بە بەردی دامە نامێننەوە. دەزگا سـەرکەوتووە سیاسـی و ئابوورییە نێـونەتەوەییـیـەکان زۆر لەگـێنتـرە لەناو شـارسـتـانیـەتیـیـەکـانەوە گـەشـە بکەن لەوەی کـە بە نـاو شـارستـانیـەتییەکاندا پەل بهاوێژن. ململانێی نێوان گرووپی سەر بە شارستانیەتییە جوداکان پتر ملـملانێیان دەبێ و ملـملانێیـەکانیش پتر دەمێننەوە و توندوتیـژتر دەبن لەو ملـملانێیانەی لـە نێوان گرووپەکانی ناو یەک شارستانییەتی دەقەومێن.

ڕقەبەرییـە توندوتیژەکانی نێوان گرووپەکانی سەر بە شـارستـانیـەتییە جودایەکان ئەگەر پتریان هـەیە بقـەومـێن و ترسناکتـر دەبن و تەشـەنە دەکـەن و ڕەنگە لە ئـەنجـامـدا شـەڕی جیـهـانییـان لێ بکەوێتەوە. تەوەری سـەرەکیی سیاسـەتی دنیا دەبێتە پێوەندییەکانی نێوان (ڕۆئاوا و هـەموو ئەوانی تر). ئیلیتەکانی هەندێک لە وڵاتە ناڕۆئاواییە دابڕدابڕەکان هەوڵ دەدەن وڵاتەکانیان بکەنە بەشێک لە ڕۆئاوا، وەلێ لە زۆربەی هـەوڵەکانیان تووشی تەگەرەی گەورە دەبنەوە. ململانێیـەکی سـەرەکی لە داهاتوویەکی نزیکدا، لە نێوان ڕۆئاوا و وڵاتە ئیسلامی ـ کۆنفۆشیۆسییەکاندا دەبێ.

ئەمە بۆ ئەوە نییە پشتیوانی لە ململانێی نێوان شارستانیەتییەکاندا بکا. ئەمە بۆ ئەوەیە بیردۆزەی وەسفی بۆ ئەوە دابنێ کە ڕەنگە لە پاشەڕۆژدا ببێ. ئەگەر ئەم بیردۆزانە «نظرية» مەعقوول بن، با لە سیاسەتی ڕۆئاوادا ڕەچاو بکرێن.

ئەم پەندانەی لێی وەردەگیرێن دەبێ بە سەر دوو لایەندا دابەش بکرێن، یەکێکیان سوودی کورتخایەن و ئەوی تریان جێی بۆ ماوەیەکی دوورخایەن لە سیاسەتدا بکرێتەوە. لە ماوەی کورتدا، گومان لەوەدا نییە کە لە بەرژەوەندیی ڕۆئاوادایە، هاریکاری و یەکەتیی نێو شارستانیەتی خۆی بتەوتر بکا و بەتایبەتیش ئەو هاریکارییەی لە نێوان ئەورووپا و ئەمەریکادا هەیە. باڵ بۆ ناو کۆمەڵگەکانی ئەورووپای ڕۆهەڵات و ئەمەریکای لاتین ڕێ بکا، چونکە کولتووری ئەوان لەوەی ڕۆئاوا نزیکە. پێوەندییە هاریکارییەکان لەگەڵ ڕووسیا و ژاپۆن بهێڵێتەوە و توندتری بکا. ڕێگە لە ململانێیە ناوەخۆییەکان بگرێ و نەهێلێ تەشنە بکا و ببێتە شەڕێکی گەورەی ناو شارستانیەتییەک. ڕێگە لە تەشەنەکردنی توانستی سەربازی دەوڵەتە موسڵمان و کۆنفۆشیۆسییەکان بگرێ.

نەرمی لە کەمکردنەوەی توانستی سەربازی ڕۆئاوا بکا و باڵادەستی سەربازی خۆی لە ڕۆهەڵات و باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیادا بهێڵێتەوە. جیاوازی و ناکۆکیی نێوان دەوڵەتە ئیسلامی و کۆنفۆشیۆسییەکان قووڵتر بکا. پشتیوانی هەر گرووپێکی دەرەوەی شارستانیەتی دەرەوە بکا کە هاسۆزی بەرژەوەندییەکانی ڕۆئاوان. ئەو دامەزراوە نێونەتەوەییانە بەهێزتر بکەن کە بەرژەوەندییەکانی ڕۆئاوا دەپارێزن و ئەو دامەزراوە ناڕۆئاواییانەش هان بدەن کە هاوکاری ئەوانەی پێشتر دەبن.

دەشێ لەلایەنی دوورخایەنیشەوە هەندێ ڕۆکاری تر بکرێن. شارستانیەتیی ڕۆئاوادا، ڕۆئاواییە و هاوچەرخیشە. شارستانیەتییە نا-ڕۆئاواییەکان هەوڵیان دا خۆیان نوێ بکەنەوە، بەڵام بێ ئەوەی ببنە ڕۆئاوایی. تا ئەمڕۆ تەنیا ژاپۆن لەم لایەنەوە سەرکەوتوو بووە. شارستانیەتییە ناڕۆئاواییەکان هەوڵ دەدەن سامان و تێکنۆلۆجیا و شارەزایی و ئامێر و چەک وەدەست بێنن کە هەموویان پێویستیی هاوچەرخ بوونن.

هەوڵ دەدەن ئەو نوێبەندییە modernity دەگەڵ کولتووره نەریتگر و بەهایەکانی خۆیان زاووزێ پێ بکەن. هێزی ئابووری و سەربازییان کە بە ڕۆئاواوە بەندە، پتر دەبێ. لێرە زۆر پێویستە ڕۆئاوا ئەو شارستانیەتییە ناڕۆئاواییانە دەخۆ بکرێ کە هێزیان لە هیی ڕۆئاوا نزیک دەبێتەوە، بەڵام بەهایەکانیان و بەرژەوەندییەکانیان فرە لە هیی ڕۆئاوا جودایە. ئەمەش لە خۆرئاوا دەخوازێ کە ئەو هێزەی خۆی بهێڵێتەوە کە بە هۆیەوە بتوانێ بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو شارستانیەتییانە بپارێزێ.

هەروەها پێویستە ڕۆئاوا پتر لەو ئاین و فەلەسەفانە تێ بگا کە شارستانیەتییەکانیان لێ دروست بووە و ڕێگەی ئاوا بدۆزێتەوە بۆ ئەو گەلانەی سەر بەو شارستانیەتییانەوەن تا

بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن. ئەمەش پێویستی بەوەیە کە لایەنە هاوبەشەکانی شارستانییەتی ڕۆئاوا و شارستانییەتییەکانی تریش بدۆزنەوە. لە داهاتوودا، شارستانییەتییەکی جیهانی دروست نابێ، بگرە دنیایەکی فرە شارستانیەتی دەبێ و هەر یەکێکیان دەبێ فێر ببێ چۆن لەگەڵ ئەوانی تر بژی.

پەراوێزەکان:

1- Murray Weidenbaum, Greater China: The Next Economic Superpower?, St.Louis: Washington University Center for Study of American Business, Contemporary Issues, Series 57, Feb.1993, pp.2-3.

2- Bernard Lewis, "The Roots of Muslim Rage," The Atlantic Monthly, vol.266,1990p. 60; Time, June 15, 1992, pp.24-28.

3- Archie Roosevelt, ForLust of Knowing, Boston: Little, Brown, 1988, pp.332-333.

٤- هەموو سەرکردە ڕۆئاواییەکان بێ جیاوازی ئیدیعای ئەمە دەکەن کە ئەوان لە بری (کۆمەڵگەی جیهانی)یەوە کار دەکەن. یەک جیاوازییەکی بەزرۆکە لە دوای شەڕی کەنداو ڕووی دا. لەمیانی دیمانەیەکی لەگەڵ بەرنامەی (بەیانیت باش ئەمەریکا)دا، لە ٢١ی دیسێمبەری ١٩٩٠ بوو، سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا جۆون مێیجەر ئاماژەی بە کارەکان کرد و گوتی: "ڕۆئاوا" لە دژی سەدام حوسێنی بوو. پاشان خێرا خۆی خۆی ڕاست کردەوە و ئاماژەی بۆ "کۆمەڵگەی جیهانی" کرد. بەڵام خۆ کە ڕاست بوو کە غەڵەتەکەی کرد.

5- Harry C. Triandis, The New York Times, Dec. 250,1990.p.41, and "Cross-Cultural Studies of Individualism and Collectivism," Nebraska Symposium on Motivation, vol.37,1989, pp.41-133.

6- Kishore Mahbubani, "The West and the Rest," The National Interest, Summer 1992, PP-3-I3-

7- Sergei Stankevich, "Russia in Search of Itself," The National Interest, Summer 1992, pp.47-51; Daniel Schneider, "A Russian Movement Rejects Western Tilt," Christian Science Monitor, Feb. 5 . 1993.pp. 5-7.

ئۆون هاریس ئاشکرای کرد کە (بە بۆچوونی ئەو بە ناژیرانە) ئاوسترالیا دەیەوێ ببێتە وڵاتێکی دابڕدابڕی بە پێچەوانەوە. هەرچەندە ئاوسترالیا نەک هەر ئەندامێکی کارای ڕۆئاوا بووە، بەڵکو ئەندامێکی تویکڵەی سەربازی و ئیستیخباری ڕۆئاوا بووە. سەرکردەکانی ئێستای هەڵ دەدەن پێشنیازی ئەوە بکەن کە ئاوسترالیا لە ڕۆئاوا بتۆرێ و خۆی بە وڵاتێکی ئاسیایی پێناسە بکاتەوە و پێوەندی نزیکتر دەگەڵ دراوسێکانی ساز بدا. ئەو سەرکردە نوێیانە دەڵێن ئایندەی ئاوسترالیا پێویستی بە بناخەیەکی نەریتیی هاوبەشەوە هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کام لە سێ مەرجەکانی وڵاتی دابڕ دابڕ لە ئاوسترالیادا نییە بۆ ئەوەی ڕێی پێ بدا تا پێوەندی بە شارستانییەتییەکی ترەوە بکات.

# گووگڵ Google لە چین:
# سانسۆری حکوومەت و ناوبانگی کۆمپانیا

جێیمس س. ئۆرۆرک ئایڤی. برین هاریس. ئالیسن ئۆگیلڤی

لە ٢٥ی جانیوەریی ٢٠٠٦، کۆمپانیای گووگڵ رای گەیاند خزمەتگوزارییەکانی دەگاتە چین لە رێگەی ناوەندێکی نوێ بەناوی .Google.cn (گووگڵ سی ئێن). هەمان دەم، کاربەدەستانی گووگڵ رێک کەوتن بۆ سانسۆرکردنی سێرچ (گەڕان: Search)ی ئەو بابەتانەی کە حکوومەتی چینیان نیگەران دەکرد. ئەم بڕیارە دوای ئەوە هات کاتێ گووگڵ رەتی کردەوە زانیاریی بەکارهێنەر بدات بە حکوومەتی ئەمەریکایی لە دژی کەیسی پۆرنۆ (رووتەمەنی)ی منداڵ.

وەڵامی وۆڵ ستریت قازانجی پرۆژەکەی دووپات کردەوە لەبەرئەوەی پشکی کۆمپانیاکە بەرێژەی ٣,٦٪ تەنێ لە یەک رۆژدا بەرز بووەوە. بەڵام درکاندنی کۆمپانیاکە بەرتەکی بەهێزی لێ کەوتەوە لەناو رۆژنامان و رێکخراوەیلی مافی مرۆڤ. چەندان رۆژ، سەردێرەکان لە ئەمەریکا و تەواوی دنیا جەختیان کردە سەر تۆمەتبارکردنی گووگڵ بەوەی دەست هەڵدەگرێت لە بنەماکانی لە پێناو قازانج.

### دوو منداڵی چرمن

وەک قوتابییەک لە زانکۆی ستانفۆرد، سێرجی برین گەشتێکی بە لاری پەیجی هاوپۆلی کرد. هەردووک خاوەن را و ویستی خۆیان، خێرا کەیفیان پێک نەهات لە گەشتەکەدا. بەڵام هەردووکیان بوون بەدوو رووی یەک دراو و نەیانتوانی لەیەک جودا ببنەوە لەبەرئەوەی هەردووکیان کەیفیان بەتەکنەلۆجیا دەهات. بۆ چەندان ساڵ، هەردوو قوتابیی دوکتۆرا لە زانستی کۆمپیوتەر شەو و رۆژیان لێک گرێ دا لە پێناو دۆزینەوەی ئامێرێکی سێرچ بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێک لە

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا. یەکێک لە پرۆفیسۆرەکانی پەیج زۆر پێکەنینی هات بەوەی کاتێ پەیج سوور بوو لەسەر ئەوەی دەتوانێ ڕێگەیەک بدۆزێتەوە جێگەی سێرچی کۆن بگرێتەوە.

لە ١٩٩٨، هەردووکیان کۆمپانیایەکیان دامەزراند بەناوی باکرەب (BackRub). ناوەکە واتە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆ دۆزینەوەی ماڵپەڕی بەسوود. باکرەب لە ژوورێکی بەشی ناوەخۆی قوتابییان کاری دەکرد تا هەردووکیان یەکەم بڕە پارە، ١٠٠ هەزار دۆلاریان لە وەبەرهێنەرێک وەرگرت. لە ماوەی دوو هەفتەدا، شوێنێکیان بەکرێ گرت لە گەراجی هاوڕێیەکیان کۆمپانیای گووگڵیان دامەزراند. گووگڵ واتە ئەو ژمارانەی لە دوای سەتەمین سفر دێن. ئەمەش واتە دابینکردنی زۆرترین زانیاری لەسەر ئینتەرنێت. کۆمپانیاکە بەو مەبەستە دامەزرا "ڕێکخستنی زانیار لە دنیا و خستنە بەردەستی خەڵکی."

لە ١٩٩٩، کەمتر لە ساڵێک دواتر، پەیج و برین زیاتر لە ٢٥ ملیۆن دۆلاریان دەست کەوت. ئەو کاتە گووگڵ گەشەی سەندبوو و زیاتر لە ٦٠ کارمەندی هەبوو و دەستی کرد بەدانانی کولتوورێکی تایبەتی بەخۆی. لە هەمان ساڵدا، گووگڵ گواستییەوە بۆ "گووگڵپلێکس" نووسینگەیەکی فراوان لە ماونتێین ڤیو لە کالیفۆرنیا.

پەیج و برین ڕۆڵی گرنگیان هەبوو وەک دوو بەڕێوەبەر پەرەی زیاتریان بەکۆمپانیاکە دا. گووگڵ بوو بەمۆدێلێکی شاباش (ڕێکلام) بەهۆی ئەوەی بوو بەئامێرێکی سانا بۆ گەڕان بەدوای زۆرترین زانیاریدا. پرۆگرامی وەک AdWords و AdSense ڕێگەیان دا خاوەنەیلی شاباش شاباشەکانیان بگەیەنن بەبەکارهێنەرانی سێرچی گووگڵ. هەرچەندە کۆمپانیاکە زۆر سەرکەوتوو دەهاتە پێش چاو، بەڵام هەردوو بەڕێوەبەر هەر ئەو دوو منداڵە بوون کە یارییان بە گوشی پڕ لە لمدا دەکرد. بەردەوامبوونی سەرکەوتنی گووگڵ بەگومان بوو، هەم لەناو میدیا و هەم لەسەر وۆڵ ستریت.

## شەڕانگێز مەبە

پاش چەند ساڵێکی تر، گووگڵ زۆر بەخێرایی تەشەنەی کرد. هەرچەندە ڕکابەرانی گووگڵ وەک MSNی مایکرۆسۆفت پشتیان بەشاباشی نەریتی دەبەستا، گووگڵ ناوی رۆیشت و کەوتە سەر زاران. سێرچی گووگڵ، لەبەر خێرایی و توانای پێشکێشکردنی زانیاریی ورد، جەماوەری زیاتر دەبوو. کۆمپانیاکە چەندان بەرهەمی تری هێنا کایە تەنێ بۆ بەرەوپێشبردنی سێرچەکەی وەک Google Image Search Google Toolbar, (گەڕان بەدوای وێنە)، Froogle، و شوێنی کڕین و فرۆشتن لەسەر ئینتەرنێت. لە ٢٠٠١، برین و پەیج بەدوای کەسێکی بەئەزموونا گەڕان لە دەرەوەی پیشەسازییەکە بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی جێبەجێکاری. ئەوە بوو ئێریک شمیدیتیان دیتەوە. لە کاتێکدا شمیدیت پۆستی رەسمیی سەرکردایەتیی کۆمپانیاکەی وەرگرت، هەردوو دامەزرێنەر وەک دوو سەرۆکی چالاکی کۆمپانیاکە مانەوە. بڕیار لەلایەن چەند لێژنەیەکەوە دەدرا، بەڵام ئەو سێیەی سەرەوە هەر بەشدار بوون.

لە ٢٠٠٤، برین و پەیج دەرگەی کۆمپانیاکەیان خستە سەر گازی پشتان بۆ وەبەرهێنان. گوژمەی وەبەرهێنانی بەرایی مشتومڕی زۆری لەسەر بوو لەبەر شێوازە تەواو سەربەخۆکەی. وێڕای لێکۆڵینەوەکانی سێک (SEC، دەزگەیەکی فیدراڵییە بۆ لێکۆڵینەوە و پاراستنی وەبەرهێنەران، وەرگێڕ) و سەرنجی نەرێنی لەسەر وۆڵ ستریت (بۆرسەی ئەمەریکا، وەرگێڕ)، گوژمەکە زۆر سەرکەوتوو بوو و بەهای کۆمپانیاکەی گەیاندە زیاتر لە ١٠٠ ملیار دۆلار. لە کاتی ئیپۆدا (IPO، دەستەیەکە یەکەم دەسپێشخەری دەکا بۆ کڕینی بۆرسە بۆ وەبەرهێنان، وەرگێڕ)، کۆمپانیاکە نامەیەک لە دامەزرێنەرانەوە دەوەشێنێ. دۆکیومێنتە گشتییەکە (نامەکە) ئەرکی کۆمپانیاکەی بەم شێوەیە دووپات کردەوە: "ئێمە باوەڕمان بەوە بەهێزە کە لە ماوەیەکی درێژدا، ئێمە باشتر خزمەت دەکرێین لەلایەن کۆمپانیایەک کە شتی باش ئەنجام دەدات بۆ دنیا تەنانەت ئەگەر کورت بهێنین لە چەند دەسکەوتێکی ماوە کورتدا. هیوامان ئەوەیە گووگڵ بکەین بە دامەزراوەیەک کە دنیا بکاتە شوێنێکی باشتر." بەشێکی جەماوەر و گەشەی خێرای گووگڵ دەگەڕێتەوە بۆ دروشمی کۆمپانیاکە، ئەویش ئەوەیە: "شەڕانگێز مەبە: Don,t Be Evil".

لەوساکەوە، گووگڵ بووەتە پێنجەم بەجەماوەرترین ماڵپەڕ لە دنیا، مانگانە زیاتر لە ٣٨٠ ملیۆن میوانی هەیە. زیاتر لە ٥٠٪ بەکارهێنانی نێودەوڵەتین. لەوەتەی ئیپۆ هەیە، نرخی بۆرسەی گووگڵ بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە.

کۆمپانیاکە لەسەر نەریتەکەی بەردەوامە کە لق و پۆپی بەرهەمی تری لێ دەبێتەوە. لە ٢٠٠٦، چەند پرۆژەیەکیان هەبوو کە تێیاندا بەرنامە هەبوو رێگەیان بە تاکەکەس دەدا مێژووی دی ئێن ئەی (DNA)ی خۆیان بزانن لەسەر ئینتەرنێت. گووگڵ پێی وایە ئەمە وا لە خەڵک دەکات خۆیان ببن بەخاوەنی چاودێریی تەندروستیی خۆیان لە رێگەی دیاریکردن و زانینی مەترسییەکان بۆ سەر تەندروستییان.

## داوای وەزارەتی داد

لە دیسێمبەری ٢٠٠٥، وەزارەتی دادی ئەمەریکا داوای لە هەموو سێرچە سەرەکییەکان کرد زانیاریی بەکارهێنەران پێشکێش بکەن بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە پۆرنۆی منداڵ لەسەر ئینتەرنێت. لێکۆڵینەوەکە، کە تا ئێستە بەردەوامە، هەوڵێکە بۆ پشتگیریکردنی یاسای پاراستنی منداڵ لەسەر ئینتەرنێت، کە بەرپرسیارەتیی یاسایی دەخاتە ئەستۆی هەموو ماڵپەڕێک بۆ پاراستنی منداڵ لە مادەی زیانگەیێن.

دادگە داوای سامپلێک (نموونە)ی یەک ملیۆنی سێرچی کرد لە ماوەی یەک هەفتەدا، ئەمەی بە گووگڵ دەست پێ کرد. ڕکابەران وەک MSN و Yahoo (یاهوو)ش داوایان لێ کرا بەدەنگ داواکەی وەزارەتەوە بچن. گووگڵ گوتی من یەک دەنکە زانیاری نادەم، هۆکاریشی بۆ ئەمە ئەوە بوو کە تایبەتمەندیی بەکارهێنەر دەپارێزێت و ئەوەی هەڵبژارد شەڕ بکات لەگەڵ داواکەی دادگە لە دادگەی فیدراڵ.

## بازاڕی چین

چین، لەبەر ملیارێک و ٣٠٠ ملیۆن دانیشتوان و گەشەی ئابووری، بازاڕێکی ئێجگار گەورەیە بۆ داهاتووی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا. ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە چین لە ماوەی چەند ساڵی بوریدا ئێجگار زۆر بووە و ئێستا بە ١١١ ملیۆن بەکارهێنەر دێتە خەملاندن. ڕاستییەکەی چین ئێستا دووەم گەورەترین بازاڕی ئینتەرنێتە لە دنیا. بەڵام، حکوومەتی چین ئیختیارێکی زەحمەت دەخاتە بەردەمی دابینکەرانی سێرچ: یان سانسۆر بخەنە سەر ئەنجامەکان یانیش ئەوەتا کار مەکەن لە چین.

دابینکەری سێرچ لە ئینتەرنێت لە چین بریتییە لە Baidu.com، کۆمپانیایەکی چینییە کە خاوەنی نێزیکەی ٤٨٪ ی بازاڕی سێرچە. بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە چین دەڵێن بەیدوBaidu خێراترین ئامێری سێرچە لە وڵات. ماڵپەڕەکە وەک سەرکردەی بازاڕ دانی پێدا نراوە لەبەر ڕێژەی بەکارهێنەرانی و ناوەکەی.

توێژینەوەیەک لەلایەن (Keynote Customer Experience Rankings) دەری دەخات کە ئەو قازانجەی گووگڵ دەیکات لە ئەمەریکا زۆر بەئاسانی دەتوانێ لە بازاڕی چینیش بیکات. موشتەرییەکانی چین گووگڵیان بەپلەی یەکەم داناوە، بەمەش پشتی بەیدو، یاهو و ئێم ئێس ئێنی شکاندووە. بەڕێوەبەری توێژینەوە لە Keynote دەڵێ، "پێمان وایە بەکاربەرانی چینی گووگڵیان پێ باشترە. ئەمەش واتە گەرمبوونی بازاڕەکە، بەتایبەتی بۆ گووگڵ کە سەرچاوەی بەهێزی هەیە."

گووگڵ بوونی هەبوو لە بازاڕی چین پێش ڕاگەیاندنەکەی ٢٠ی جانیوەریی ٢٠٠٦ بەڵام، کۆمپانیاکە دڵی بەوە خۆش نەبوو لە جیاتیی حکوومەتی چین سانسۆر بخاتە سەر زانیاری. حکوومەتی چین خۆی سانسۆر خستە سەر زانیاری، واتە هەر یەکێک گووگڵی بەکار هێنابا بۆ

گەڕان دەبووایە بە فیلتەری حکوومەت دا بڕوا. ئەم پرۆسەیەش ئامێری گەڕانی گووگڵی هێواش دەکرد و کۆمپانیاکە نەیدەتوانی ڕکابەری بکات لە بازاڕەکە.

## Google.cn

لەگەڵ پەیدابوونی Google.cn، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە چین توانییان سێرچ بەکار بێنن بەهەمان خێرایی Google.com لە ئەمەریکا. لە جیاتیی ئەوەی حکوومەتی چین ئەنجامی سێرچی لە فیلتەر بدات، ئێستە گووگڵ بەسێرڤەری خۆیان هەموو ئەو ناوەڕۆکانە لادەبەن کە بەرەسمی لە چین قەدەخەیە. گووگڵ هیچ ڕۆڵێکی نەبوو لە سانسۆرکردنی زانیاری هەتا سەرهەڵدانی Goo-gle.cn. فیلتەرەکە هەموو ئەو بابەتانە لادەدات کە حکوومەتی چینی قەدەخەی کردوون. هەر بابەتێک ئەم شتانەی تێدا بێت: تیبت، تایوان، فالون گۆنگ، یان دالای لاما، ئەوا قەدەخەیە. بۆ وێنە، ئەگەر لە cn Google. بگەڕێیت بەدوای زانیاری لەبارەی گۆڕەپانی تیانینمان (Tiananmen Square)، ئەوا وێنەی کەپلێکت بۆ دێتەوە کە لە بەهاری گۆڕەپانەکە زەردەخەنەیەکیان لەسەر لێوە، یان وێنەیەکی گەورەی سەرۆک ماو دێتەوە، کە بەردەوام لەسەر شاشەکە دەمێنێتەوە. هیچ لینکێک نییە لەبارەی کوشتارەکەی ساڵی ١٩٨٩ هەمان گەڕان لە Google.com وێنەی ئەو قوتابییە دێتەوە کە لە بەردەم تانک وەستاوە و ناڕەزایی دەردەبڕێت.

## رووماڵی رۆژنامەوانی

بڕیاری سانسۆرکردنی خزمەتگوزاریی چینیی گووگڵ، کە مانگێک بەر لە بڕیارەکە بووبوو بەپاڵەوانی نێو ڕۆژنامان، کۆمپانیاکەی ئیفلیج کرد لە کێبەرکێی بازاڕی چیندا، زیاتر وەک پۆستەرێکی منداڵانە باسیان لێوە کرد. کەواتە دروشمەکەی گووگڵ (شەڕانگێز مەبە) بووە مایەی گاڵتەجاڕی و وێردی سەر زاری ڕەخنەگران. کۆواری بزنس ویک لە ژمارەی دیسێمبەری ٢٠٠٥دا بابەتێکی لەژێر ناونیشانی "گووگڵکردن بۆ زێڕ، بەڵام لە فێبروەری ٢٠٠٦ کۆواری تایم بابەتێکی بڵاو کردەوە بەناونیشانی "ئاخۆ دەتوانین متمانە بەگووگڵ بکەین کە نهێنییەکانی ئێمەی لایە؟" بارودۆخەکە گرژتر بوو کاتێ تۆم لانتۆس (ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکا و زیندەمای هۆلۆکۆست و پاڵپشتی مافەیلی مرۆڤ) دەستی بەقسان کرد لە دژی دابینکەرانی ئینتەرنێت. لانتۆس هەمووانی چواند بەو کۆمپانیا ئەمەریکاییانەی کە هاوکاری نازی بوون پێش شەڕی جیهانیی یەکەم (ج ج١).

## ڕێکخراوەیلی ناحکوومەتیی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور (RWB)

RWB بارەگەکەی لە پاریسە و گرووپێکە چاودێریی میدیا دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، سەرکۆنەی هەر هێرشێک دەکات بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان و ماف و ئازادییەکانی ڕۆژنامەوانی. خێرا ناڕەزایی دەربڕی لە دژی بزوێنەرانی سێرچ لە ئەمەریکا بۆ ڕازیبوونیان بەسانسۆرکردنی

زانیاری لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا. لە نامەیەکدا بۆ بەرپرسانی باڵای ئەمەریکا داوای ڕێسای کاریان کرد سەبارەت بە فیلتەرکردنی ئینتەرنێت لەودیو زەریاکان. نامەکە دەڵێ "نابێ ئەمەریکا چالاکیی تایبەت سنووردار بکات تەنانەت ئەگەر کۆمپانیاکە لەگەڵ داپڵۆسێنەرترین ڕێژیم لە دنیا کار بکات." کاتێ گووگڵ بڕیاری دا بچێتە ناو بازاڕی چینی دوو ساڵی پاشی، گرووپی ئینتەرنێت توانییان پرسەکە زیاتر بۆ خەڵکی روون بکەنەوە، گووگڵ بووە ئامانجی سەرەکییان.

"لێدوانەکانی گووگڵ لەبارەی ڕێزگرتن لە تایبەتمەندیی سەر ئینتەرنێت لووتکەی دووڕوویی ستراتیجەکەیێتی لە چین،" RWB وای ڕاگەیاند لە ڕاگەیێنراوێکی ڕۆژنامەوانی لە ٢٥ی جانیوەریی ٢٠٠٦ وەک وەڵامێک بۆ لێدوانەکانی گووگڵ سەبارەت بەکارکردنی لە چین. RWB گوتی سانسۆرکردنەکە سەرپێچیکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوانییە، هەرچەندە چین لە ١٥٩دایە بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی بەپێی ڕاپرسییەکی RWB لە ٢٠٠٥ بۆ ١٦٧ وڵات. چین بەم سانسۆرکردنە زیاتر دابڕابوو لە دنیای دەرەوە. "کاتێ بزوێنەرێکی سێرچ هاریکاریی حکوومەتێکی لەو جۆرە دەکا، بۆ چین زۆر ئاسان دەبێ کۆنترۆڵی بیروڕا و قسە بکات لەسەر ئینتەرنێت،" جولیان پێین، سەرۆکی بەشی ئینتەرنیت لە RWB وای گوت.

## ڕێکخراوی چاودێریی مافەیلی مرۆڤ (HRW)

HRW گەورەترین ڕێکخراوی مافەیلی مرۆیە و بارەگەکەی لە ئەمەریکایە، نووسینگەی لە سەرانسەری دنیادا هەیە. ئەم گرووپە لە مافەیلی مرۆڤ دەکۆڵنەوە لە ئەمەریکا و وڵاتانی دەرەوە تا بزانن تا چەند پێشێل کراون و دواتر ئەنجامەکانی لە ڕاپۆرتێکدا لە تەواوی دنیا بڵاو دەکاتەوە. لێدوانەکانی لە یەکی فێبروەری لە بەردەم لیژنەی کۆنگرێسی مافەیلی مرۆڤ روونیان کردەوە کە حکوومەتی چین بەبێ هاریکاریی سێرچەکانی ئەمەریکا ناتوانێ سانسۆر بخاتە سەر زانیاری:

یەک لە وانەکانی ئەزموونی چین لەگەڵ ئینتەرنێت ئەوەیە حکوومەتی داپڵۆسێنەر ناتوانێ کۆنترۆڵی ناوەندێک بکات بەبێ هاریکاریی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە سەرکردەن لە پیشەسازییەکەدا. چین هاریکاری کرا لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی ئینتەرنێت بۆ سنووردارکردنی گەیشتن بەزانیاری.

HRW گوتی ئەمەریکا، کە پێگەی باڵای هەیە لە سێرچ، سەرەداوی خستە دەست ئەو وڵاتەی کە ناهێڵێ خەڵک سوودمەند بن لە چاخی زانیاریدا. هەروەها گوتی ئەگەر هەموو کۆمپانیاکانی سێرچ پێکرا رەتیان کردبایەوە، ئەوا پێگەیان بەهێز دەبوو بۆ ئازادیی گەیشتن بەزانیاری. وێڕای پێگەی بەهێزیان، گرووپەکە تا ئێستە بایکۆتی هیچی نەکردووە. "چەند چانستان دەبێ ئەگەر هەموو کۆمپانیاکان ئەم کارە بکەن؟" میکی شپیگل، توێژەری باڵا لە HRW، پرسی. "ئێمە ناوەستین لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت."

## بەرسڤی ڕکابەران

هەردوو ڕکابەری باڵا یاهوو و MSNی مایکرۆسۆفت ڕکابەری بەهێزن لە بازاڕی چینیدا. یاهوو خەریکە چەندان سێرچی جیاواز دەخاتە بازاڕ و مایکرۆسۆفتیش چەندان سەرچاوەی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توانای سێرچ و شاباشی گووگڵ. هەردوو کۆمپانیا چوونە ژێر باری ڕێسای سانسۆری چین پێش ئەوەی گووگڵ بچێت و هەردووکیان لایەنی نەرێنییان هەیە دەبێ چارەی بکەن.

## یاهوو Yahoo

یاهوو خۆی خستە ناو ئاگر لەبەرئەوەی زانیاریی دا بەحکوومەتی چین، ئەویش پوختە بەکاری هێنا بۆ گرتنی ڕۆژنامەنووسەیل شی تا لە ٢٠٠٤ و لی زی لە ٢٠٠٣. کۆمپانیاکە بەرگریی لە خۆی کرد بەوەی گوایە نەیزانی چۆن حکوومەت زانیارییەکان بەکار دێنێ. "من دڵم بەوە خۆش نییە کە ئەم شتانە چ ئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە،" یاریدەری داهێنەری یاهوو جێری یانگ گوتی. "بەڵام دەبێ بەدوای یاسا بکەوین." هەروەها بەئاشکرا هانی حکوومەتی ئەمەریکایان دا پرسەکە چارەسەر بکات هەرچەندە گوتیان هێشتا زۆر زووە بڵێین چۆن ئەو کارە بکا.

## MSN

لە دیسێمبەری ٢٠٠٤، مایکرۆسۆفت ملی حوار کردەوە بۆ فەرمانێکی حکوومەتی چین بۆ داخستنی ماڵپەڕی مایکل ئانتی، کە فەرمانبەرێکی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزە لە بێیجینگ و ناسراوترین بلۆگەرە لە چین کە بەردەوام باسی پرسەیلی سیاسیی هەستیار دەکا. سەرۆکی مایکرۆسۆفت، بیل گێیتس، وەڵامی دایەوە و گوتی "بەڕاستی چیی تر توانای گلدانەوەی زانیاری نەماوە،" ڕاستە بەهۆی سیاسەتی حکوومەتێکەوە ماڵپەڕ دێنە داخستن بەڵام ئێمە هەر هەین لە بەشەکانی تری دنیادا.

## سیستمەیلی سیسکۆ Cisco

ڕکابەرێکی ڕاستەوخۆی پشکی بازاڕی چینی نییە، بەڵام یەکێک لەو دوو کۆمپانیا ئەمەریکاییەی ئینتەرنێت حکوومەتی چین پشتی پێ بەستا بۆ دانانی سیستەمێکی تۆڕبەندی لە ٢٠٠٤ کە بەهۆیەوە توانای سێرچەکانی ئینتەرنێت کۆنترۆڵ بکات.

مایکرۆسۆفت و یاهوو لێدوانێکی هاوبەشیان لە ١ی فێبروەری ٢٠٠٦ بڵاو کردەوە کە تێیدا ئامادەییان پێشان دا هاوئاهەنگیی بکەن لەگەڵ گووگڵ، سیسکۆ و حکوومەتی ئەمەریکایی تا ڕێبەرێک دروست بکەن بۆ چارەسەرکردنی تەلبەندەیلی حکوومەتی.

## وەڵامی گووگڵ

پەیج و برین و سەرۆکی جێبەجێکار ئێریک شمیدت ڕاشکاوانە گوتیان سەرکوتکردنی ئازادیی بیروڕا بەقسەی حکوومەتێکی تۆتالیتاری شتێک ئەولاترە لە بابەتێکی بەمشتومڕ. لەم کەیسەدا باسیان لەوە کرد کە سوودەکان سەری مایەیان خوارد. ڕاوێژکاری باڵا ئاندرو ماکلافلین لە ڕاگەیێنراوێکدا بەرگری لە بڕیارەکەی گووگڵ دەکات لە یەکەم ڕۆژی جاڕدانی. "لە کاتێکدا سنووردارکردنی ئەنجامی سێرچ لە گووگڵ، لابردنی زانیاری، یان کەمکردنەوەی توانای بەکارهێنەر لە دۆزینەوەی زانیاری لەگەڵ ئەرکی ئێمە نایەتەوە."

ڤینت کێرف، سەرۆکی بەشی ئاینی لە گووگڵ، کارەکەی زیاتر ڕوون کردەوە لە دیمانەیەکی لەگەڵ کۆواری تایمزدا. "خوێندنەوەیەکی تر هەیە بۆ دروشمی (شەڕانگێز مەبە)،" ئەو گوتی، "ئەویش ئەوەیە (نایاسایی مەبە)". ماکلافلین زیاتر تیشکی خستە سەر بڕیارەکەی گووگڵ لە بابەتێک کە لەسەر گووگڵ بلۆگ وەشاندنی لە ٢٧ی جانیوەری:

ئێمە بڕیارمان دا لە پێناو ئەوەی گووگڵ بکەینە سەرچاوەیەک بۆ هەموو خەڵک لە دنیا، هەموو کەس بتوانێ گووگڵ بەکار بێنێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری. بڕیارمان دا لەسەر بنچینەی ئەم پرسیارە کە لە خۆمان کرد: چۆن بتوانین زۆرترین زانیاری بۆ زۆرترین خەڵک دابین بکەین؟"

ڕاستییەکەی ئەوەیە، بازاڕی چین ئێجگار گرینگە بۆ هەر کۆمپانیایەکی سێرچ، هەروەها کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان دەڵێن ئەگەر ئەوان ئەو کارە نەکەن لە چین ئەوا کۆمپانیای تری وڵاتان دەیکەن. یاهوو و ئێم ئێس ئێن و گووگڵ بەرگرییان لە خۆیان کرد بەم شێوەیە: بوونی ئینتەرنێت، تەنانەت ئەگەر سنووردارێش بێ، بزوێنەرێکی بەهێزە بۆ کردنەوەی دیموکراسی. سەرۆکی ئەوسا، کلینتن، لە ٢٠٠٠ گوتی "بەهێنانی ئینتەرنێت و شۆڕشی زانیاری بۆ چین، ئێمە هەموو ئەو هێزانە پووچەڵ دەکەینەوە کە ڕەگیان داکوتاوە لە سیستەمی تۆتالیتاری و کۆنترۆڵی کۆمەڵگەیان کرد لە سەدەی ڕابردوودا."

## پوختەی کۆبوونەوەی داخراوی مافەیلی مرۆڤ

ڕێکخراوی مافەیلی مرۆیی کۆنگرێسی ئەمەریکا لە کۆبوونەوەی یەکی فێبرەوەری ٢٠٠٦دا باسی "مافەیلی مرۆڤ و ئینتەرنێت: کۆماری گەلی چین" کرد وەک هەوڵێک بۆ هاندانی گفتوگۆی سیاسەتی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت. بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکە ئارەزوومەندانە بوو، یاهوو، گووگڵ، ئێم ئێس ئێن و سیسکۆ بەشدارییان نەکرد. گووگڵ ڕاگەیەنراوێکی لە ڕۆژی کۆبوونەوەکە وەشاند، سوپاسی دەستەکەی کرد بۆ داوەتکردنیان، و هەبوونی مەوعیدێکی پێشینەیان وەک هۆکاری بەشدارینەکردنەکە هێنایەوە.

ڕاگەیەنراوەکە پوختەیەکی تێدا بوو لەبارەی کاری گووگڵ لە چین، پوختەکە چەند خاڵێکی باس کرد بۆ کەمکردنەوەی ئەو زیانانەی بەهۆی سیستەمی فیلتەرکردنی زانیارییەوە دەگا بەبەکارهێنەر:

یەکـەم، بەکـارهێنەرانی چین ئاگـەدار کـراونەتەوە کـەوا فـیلتـەر دانـراوە لەسـەر سـێـرچ. دووەم، خزمەگوزارییەکانی وەک Gmail، ژووری چات و بلۆگ کە ئەمانە زانیاریی کەسانی بەکارهێنەری تێـدایە نادرێ بەحکوومـەتی چینـی، هەروەک چۆن حکوومـەتی چینـی داوای لە یاهوو کـرد بـۆ ئەو زانیارییـانە. سـێیـەم، وەبەرهێنانی گەورە دەکرێ بـۆ هـاندانی سێرچ و پێشکەوتن لەناو چین. ئەم خـاڵانە، کاتێ تێکەڵ کران لەگەڵ بڕیاری گووگڵ بۆ بەردەوامبوونی لە دابینکردنی ڤێرژنێکی چینی لەسەر مـاڵپەڕێکی بێ فیلتـەری ئەمەریکایی بەبەکارهـێنەران، بەمەبەستی کەمکردنەوەی سەرنج بوو لەسـەر ڕێککەوتنیـان بۆ سـانسـۆرکـردنی زانیـاری. بـەلای نوێنەر تۆم لانتـۆس، سەرۆکی لێـژنەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی هاوسی ئەمەریکا، ئەم ڕاگەیەنراوە بەس نەبوو.

"ئەو کۆمپانیا زەبەلاحە سەرکەوتووانە، کە نوێنـەریان نەناردووە بۆ ئەم کۆبوونەوەی ئەمڕۆ، دەبێ شـەرم لە خـۆیان بکەن، لانتـۆس گـوتی. "خـۆیان لە بێـیـجـینگ مـەلاس داوە لە پێناو قـازانج." لە کـاتێکدا بەشداریکردن بۆ ئەم کۆبوونەوەیە ئارەزوومەندانە بوو، کۆبوونەوەی ١٥ فێبرەوەری ٢٠٠٦ لەلایەن نوێنەری هاوس کریس سمیس بەتوندی داوای لە کۆمپانیا کرد بەشداری بکەن. بۆیە هـەر چوار کۆمپانیا پلانیان دانا بەشداری بکەن.

## کاری یاسادانان یاسای ئازادیی ئینتەرنێت لەسەر ئاستی دنیا

لە ١٤ فێبروەریی ٢٠٠٦، ڕۆژێک بەر لە کۆبوونەوەکە، وەزیری دەرەوەی ئەمـەریکا کۆندۆلیزا رایس یاسـای ئازادیی ئینتـەرنێت لەسـەر ئاسـتی دنیـای پێشنیـاز کرد. بڕیارێک لەژێر ئەم ناوە لەلایەن کـۆنگرێس لە ٢٠٠٢ەوە پێـشنیـاز کـرابوو، ئەمـجـارە پابەندبوونەکـە ٥٠ ملیـۆن دۆلاری دەوێ بۆ دروسـتکردنی سـیـاسـەتێک بۆ ئازادیی ئینتـەرنێـتی دنیـا و هێـزێک بۆ شـەڕکـردن لە دژی ئەو حکوومەتانەی ئینتەرنێت جام دەکەن لە دنیادا.

## دانیشتنی کۆنگرێس

دانیشـتنێک داوا کرا لەلایەن نوێنەر سـمیسـەوە، سەرۆکی کۆمیتـەی پێوەندییە نێودەوڵەتییـەکان لە ئەفریقیا، مافـەیلی مرۆی دنیا و کارە نێودەوڵەتییەکان. دانیشتنەکە لە ١٥ فێبروەری سـاز کرا بۆ قسەکردن لەسـەر ئەو ڕێنوێنییانەی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان بۆ ئینتەرنێت کاری پێ دەکەن لە چین. سـمیس و بەرپرسـانی وەزارەتی دەرەوە و نوێنەرانی چەندان ڕێکخـراوی ناحکوومـەتی مـافـەیلی مـرۆڤ پرسـیـاریان لە نوێنەرانی یاهوو، گووگڵ، مـایکرۆسـۆفت و سیـسکۆ کرد. کـۆمـپـانیـاکان ڕووبەڕووی پرسـیـار و ڕەخنەی توند کـراونەوە سـەبارەت بەکـارەکـانیـان لە چین، تەنانـەت لەلایەن سمیس و لانتۆسەوە تاوانبار کران بەهـاریکاریکردنی چەوسێنەران کە هـاووڵاتییـانی چینی دەگرن و ئازار دەدەن، هەروەها ڕۆڵی کۆمپانیا ئەمەریکاییەکانیان چواند بەو کۆمپانیا ئەمەریکاییانەی کە هاریکاری نازییان کرد پێش هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی دووەم.

کاتێ نوێنەر جێیمس لیچ پرسیاری لە گووگڵ کرد ئاخۆ هەوڵیان داوە دانوستاندن لەگەڵ حکوومەتی چینی بکەن، ئیلیۆت چارج، جێگری سەرۆکی بەشی پێوەندییەکان و کارەیلی گشتی ناچار بوو دانی پێدا بنێ کە دانوستاندنیان نەکردووە. "هەلی دانوستاندن لە دەست ئێمەدا نەبوو،" دەستی بەقسان کرد. "حاڵەتێکی بازرگانی بوو. گەلێ کۆمپانیای تر لە چین فیلتەر و سانسۆر دەکەن."

نوێنەر لانتۆس رازی نەبوو بەوەڵامی نوێنەرانی بزوێنەرەیلی سێرچ. "پێم وایە وەڵامەکانیان لە دانیشتنەکە خراپتر بوو لە دەرنەکەوتنیان،" گوتی. "ئامادە نەبوون دان بەهەڵەکان دابنێن، نە شەرمیان بەخۆیان بوو نە هەستی بەپرسیارەتییان جووڵا بەرامبەر بەرەفتارەکانیان."

نوێنەر سمیس پێشتر دەستی کردبوو بەنووسینی یاسایەک بۆ رێکخستنی پێوەندیی نێوان کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان و وڵاتانی تر کە ئینتەرنێت سنووردار دەکەن، هەرچەندە نوێنەر لانتۆس دانی بەوە دانا کە چانسی دەرچوواندنی یاساکە کەمە لەبەر سروشتی مشتومڕی و یاسادانان.

## یاسای ئازادیی ئینتەرنێتی دنیا

یاسای نوێنەر سمیس، بەناوی یاسای ئازادیی ئینتەرنێتی دنیا بوو لە ٢٠٠٦، لە ١٦ی فێبروەری هاتە پێشکێشکردن. یاساکە رێ لە کۆمپانیا ئەمەریکاییەکانی ئینتەرنێت دەگرێ ناوەڕۆکی ئینتەرنێت سنوودار بکەن لە چین یان لە هەر وڵاتێک کە پێشێلی مافەیلی مرۆڤ دەکات. هەروەها رێیان لێ دەگرێ هاریکاریی بەرپرسانی ئەو وڵاتانە بکەن لە سانسۆرکردنی ناوەڕۆکی سیاسیی سەر ئینتەرنێت. یاهوو، مایکرۆسۆفت و گووگڵ پشتگیریی خۆیان بۆ یاساکە دەربڕی.

## کاردانەوەی پشکداران

چەند هەفتەیەک بەر لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی قازانجی چارەگی چوارەم، بۆرسەی گووگڵ نێزیکەی ٧,٥ دابەزی لە ١١ی جانیوەری ٢٠٠٦ لە ئەنجامی مشتومڕی رەتکردنەوەی پێدانی زانیاریی بەکارهێنەر بەوەزارەتی داد. ڕاگەیاندنی ٢٥ی جانیوەری بەچوونە نێو بازاڕی چین بەدڵی

وەبەرهێنەران بوو، کە بەشەوێک پشکی گووگڵ ٣،٦ بەرز بووەوە. نرخی بۆرسە ٤٣٢،٦٦ دۆلار بوو کاتێ بازاڕ لە ٣١ی جانیوەری، ڕۆژی سێشەم داخرا پێش دەرچوونی ئەنجامی چارەگی چوارەم. ئەو مشتومڕانە ٣٠٪ لە قازانجی گووگڵی هێنایە خوارەوە.

## لەژێر لێکۆڵینەوە لە چین

وێڕای هەموو گرفتەکانی لە نیشتمان، گووگڵ لە چینیش تووشی کێشە هات. ڕۆژنامەی Beijin News، ڕۆژنامەیەک لەژێر چەپۆکی چین بەڕێوە دەچێ، لە سێشەمی، ٢١ فێبروەریی ٢٠٠٦ ڕای گەیاند کەوا گووگڵ لەژێر لێکۆڵینەوەیە لەلایەن کاربەدەستانی چین لەبەر کارکردنیان لە چین بەبێ مۆڵەتێکی روون و دیار. ڕێکلامەکە لە تەک سەروتار دانرابوو کە توند رەخنەی لە کۆمپانیا گرت لەبەر هاتنە ناو بازاڕی چین تەنێ بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەوەی کە ناچار بووە گوێڕایەڵی یاساکانی چین بێ. لێ لەمەش، کاربەدەستانی چین پاڵەپەستۆیان خستە سەر گووگڵ کە ئەو ئاماژەیە لابەرن کە لە خوار هەر لاپەڕێکی گووگڵ بەدیار دەکەوێ. ئاماژەکە دەڵێ: "لە فیلتەر دەدرێ بەپێی یاسای حکوومەت". گووگڵ تا ئێستە رەتی دەکاتەوە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە چین پرسی مۆڵەتی هێنایە کایەوە تەنێ بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر گووگڵ تا وەڵامی داواکارییەکانی چین بداتەوە. بێو ئەمە ڕاست بێ، ئەوا پرسی یاسایی گووگڵ لە چین وەها ئاسان نایەتە چارەسەرکردن.

رووی گووگڵ لە میدیا و لەنێو وەبەرهێنەرانی تر خراپ هاتە شێواندن. رەتکردنەوە پێدانی زانیاریی بەکارهێنەر بەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا تەواو ناکۆک بوو لەگەڵ رەفتار و هاریکاریی گووگڵ بۆ حکوومەت و بازاڕی چین. ئەم ناکۆکییە و دابەزینی قازانجی چارەگی چوارەم ئەم پرسیارەی لای وەبەرهێنەران دروست کرد: ئەگەر گووگڵ پێگە و هێزی لە دەست چووبێ، ئەگەر کۆمپانیاکە شانازی بەخۆیەوە دەکا بەهۆی دروشمی "شەڕانگێز مەبە"، ئاخۆ دەتوانێ وێنە و رووی خۆی سپی بکاتەوە کاتێ لەسەر ئاستی دنیا گەشە دەکات. برین و پەیج و شمیدت درکیان بەوە کرد کە دەبێ ستراتیجێکیان هەبایە کە بازاڕ بەوە قایل بکات کە گووگڵ دەتوانێ هاوسەنگ بێ لە کارکردن و هەر بەسەرکردەی داهێنانی دنیا بمێننەوە لەگەڵ ئەو ویژدانەی کە لە ڕابردوودا شانازییان پێوە دەکرد.

* جێیمس س. ئۆرۆرک ئایڤی: پرۆفیسۆری بەڕێوەبردن لە زانکۆی نۆتردام، ئیندیانا، ئەمەریکا.
* برین هاریس: راوێژکاری باج لە سانفرانسیسکۆ، کالیفۆرنیا، ئەمەریکا.
* ئالیسن ئۆگیلڤی: قوتابیی دوکتۆر لە بواری بەڕێوەبردن لە زانکۆی نۆتردام، ئیندیانا، ئەمەریکا.
* گۆران سەباح: نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس. قوتابیی ماستەر لە بواری ڕۆژنامەوانی لە زانکۆی کانزەس لە ئەمەریکا.

سەرچاوە: www.googescholar.com

# سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئازادی و پێوەندیی بەئابووریی سیاسییەوە

مووسا غەنی نەژاد

بەشی یەکەم

**سەرەتا:**

بیرۆکەی ئازادیی سیاسی لە واتای نویێ خۆیدا، لە کۆتاییی سەدەی حەڤدەی زاینیدا هاتە ئاراوە. مێژوونووسانی بواری بیری سیاسی، زۆرتر "شۆڕشی شکۆمەند" لە بەریتانیا (ساڵی ١٦٨٨) بەخاڵێکی وەرچەرخان دەزانن لە سەرهەڵدانی هزری و پراکتیکیی ئازادیی سیاسیدا. لە رەوتی ئەم شۆڕشەدا، "جیمزی دووەم" دوایین پاشای بنەماڵەی "ستوارتەکان" وەلانرا و دوور خرایەوە. لەگەڵ وەلانانی ئەودا، کە بەتەما بوو لە ئینگلستاندا پاشایەتییەکی رەها لە بەریتانیا هاوچەشنی دەسەڵاتدارێتیی لوییی چواردەم لە فەرەنسا دابمەزرێنێ، مێژووی سیاسیی بەریتانیا لە وڵاتانی تری ئەوروپایی جیا بووەوە. "مکاولی" مێژوونووسی گەورەی سەدەی نۆزدەی بەریتانیا، پێی وابوو کە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپایی لە شێوازی باوی دەسەڵاتدارێتی لە سەدەکانی ناوەڕاست واتە پاشایەتیی سنووردارەوە، پێیان ناوەتەوە پاشایەتیی رەها لە سەدەگەلی نوێدا، لە کاتێکدا کە بەریتانیا بنەمای سەدە ناوەڕاستییەکانی حکوومەتی پاراست و لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەمی نوێدا گونجاندی.[١]

لە روانگە (مکاولی)دا،"لە سیستەمگەلی پاشەیەتییە سەدەکانی ناوەڕاستدا، دەسەڵاتی شمشێر لە دەستی پاشادا بوو، بەڵام دەسەڵاتی پارە لە دەستی میللەتدا بوو، بەرەبەرە کە پێشکەوتنی شارستانیەت هەندێک رەهەندی سەرئاساییی بەدەسەڵاتی شمشێر دا، پارەی میللەت بۆ بایەخ و

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: رامبود لوتف پووری

گرینگییەکی پتری پەیدا کرد. میرات و سامانی پاشا چیی تر وەلامدەری تێچووەکانی حکوومەتەکەی نەبوون. چی یتر پێی نەدەکرا کە بەبێ یارمەتیی سیستەمێکی بەربلاوی باج سوپایەکی فراوان، هەمیشەیی و رێکوپێک ڕابگرێ"[٢] لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، بەپێی بۆچوونی "مکاولی" سیاسەتی دروست بریتی بوو لەوەی کە ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکان (پیشەییەکان)ی، لە بەرامبەر دابینکردنی تێچووی پاراستن و ڕاگرتنی هێزە سوپاییەکاندا، بەمەبەستی ڕێگرتن لە سەرەڕۆیی پاشا کۆمەڵێک گەرەنتیی حوقووقی و یاسایی پێویستیان لێ وەردەگرت. میللەتانی ئەوروپایی لەبەر لاوازیی ئەنجوومەنەکانیان و هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافیای کە پێویستی بە بەهێزکردن و پەرەپێدانی سوپایی هەبوو بۆ ڕێگرتن لە دەستدرێژیکردنی دراوسێیەکانیان، نەیانتوانی گەرەنتیگەلێکی لەو چەشنە لە حکوومەتەکانی خۆیان وەربگرن. لەم رووەوە پاشایەتیی سنوورداری سەدەگەلی ناوەڕاستی لەم ولاتانەدا بەرەبەرە بوون بەپاشایەتیی رەها. بەلام لە بەریتانیادا پاشایەتیی رەها لەبەر دوو هۆ جێی نەگرت: یەکەم ئەوەی کە ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکان (پەرلەمانەکان) تا ڕادەیەک گرینگی و دەسەلاتێکی نەریتیی زۆرتریان هەبوو، دووەم لەبەرئەوەی کە لە سۆنگەی بارودۆخی تایبەتی جوگرافیی ئەم ولاتەوە (دوورگەبوونی) خەڵک کەمتر هەستیان بەپێویستیی راگرتن و بەهێزکردنی سوپایەکی رێکوپێکی هەمیشەیی دەکرد، بۆیە هەوڵەکانی "جیمزی دووەم" سەبارەت بە پێکهێنانی پاشایەتییەکی رەها لە ئاکامی بەرخۆدانی پەرلەمانەکان و شۆڕشی شکۆمەندا، هەرەسی هێنا. نێوەڕۆکی سەرەکیی ئەم شۆڕشە برێتی بوو لە رەدکردنەوەی پاشایەتیی رەها وەک شێوازێکی نوێی حکوومەتی و درێژەدان بەپاشایەتیی سنووردار، بەلام بەهێندێک گۆڕانکاری و چاکسازیی گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمدا.

پاشای بەریتانیایی چیی تر پێی نەدەکرا نەیدەتوانی وەک پاشا فیۆدالەکان سوپا بە بەشێک لە "سامانی تایبەتی خۆی بزانێت". بۆ پێکهێنان و ڕاگرتنی سوپای پێویست بوو سەرەتا رەزامەندیی باجدەرەکان واتە دابینکەرانی تێچووە سەربازییەکان دابین بکرێت. بەلام بەردەوام ئەم مەترسییە لە گۆڕێدا بوو کە حکوومەت بە گۆڕینی ئەم سوپایە بۆ سوپایەکی هەمیشەیی، ئازادییە سیاسییەکان لەنێو بەرێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، هزرێکی سیاسیی تەواو نوێ سەبارەت بە کۆمەڵگە و دەسەلات هاتە ئاراوە کە "ئێلی هالوی" بیرمەندی بەناوبانگی فەرەنسایی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: "باشترین کۆمەڵگە ئەوەیە کە لەسەر بنەمای بێ متمانەیی بەردەوامی خەڵک بەرامبەر بەدەسەلاتداران پێک هاتبێ. کۆمەڵگایەکی ئەوتۆ خەڵک دۆخی ڕاپەرینێکی رێکخراو لە بەرامبەر دەسەلاتداراندا ڕادەگرێ، ئامانجی وەها کۆمەڵگەیەک لە باتیی ئەوەی یارمەتیدانی دەوڵەت بێت لە حکوومەتکردندا، برێتییە لە رێگرتن لە حکوومەتکردن تا ئاستی شیاو."[٣]

لە ڕاستیدا "هالوی" لەم ڕستانەدا گەوهەری سیستەمی سیاسیی ئازادیخوازانەی نوێ دەخاتە ڕوو، کە خۆی لە سیمای حکوومەتی هەڵبژێردراودا دەردەخات. ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان)

گرینگترین بنیاتی سیاسیی ئەم سیستەمەیە و هەروەها پێکهاتە و ئەرکەکانی ئەم بنیاتە شرۆڤە دەکا و نێوەڕۆکی حکوومەتە هەڵبژێردراوەکان روون دەکاتەوە. ئەنجوومەنی نوێنەران، وەک سەرچاوەی دەرکردنی یاسا و هەروەها گرینگترین ئامرازی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی کار دەکات – بەڵام لە هەمان کاتیشدا دامەزراوەیەکە بۆ خۆی تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە و بەپێی پێناسەکەی ماوە ماوە دەبێ هەڵوەشێندرێتەوە و سەرلەنوێ نۆژەن بکرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا ئەم دامەزراوەیە بەرجەستەکراوی هەمان ئەو بێ متمانەییە کە"هالوی" باسی دەکات. ئەگەر خەڵک نوێنەرانی سیاسیی خۆیان تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتی سنووردار و دیاریکراو هەڵدەبژێرن لەبەرئەوەیە کە هەر لە جێدا متمانەیان بە بابەتی دەسەڵات و دەسەڵاتداران نییە. ئەگەر متمانەیەکی ئەوتۆ لە ئارادا بێت دامەزراوەیەکی وەک ئەنجوومەنی نوێنەران بێ کەڵک و زیادی دەبێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە گەوهەرییەکانی پەرلەمان، هەڵوەشاندنەوەی خۆبەخۆیەتی لە کاتی دیاریکراودا. کەوابوو دەتوانین دامەزراوەیەکی ئەوتۆ بە ئامرازێک بزانین بۆ ڕاپەڕینی خەڵک لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا. خەڵک دەتوانن لە کاتی هەڵبژاردنەوەدا دەسەڵاتداران لەسەر کار لابەرن و حکوومەتێکی نوێ دابمەزرێنن. بنیات یا بنیاتە هەڵبژێردراوەکان، دەسەڵاتداران بەرە و گرێدراوی بەخەڵک و وەڵامدەر بوون لە هەمبەریاندا پاڵ دەنێن و لەولاشەوە، خەڵک بەرەو سەربەخۆیی و سەربەستبوون لە دەسەڵاتی دەوڵەت ڕادەکێشن. لێرەدایە کە دەکرێ لە سێیەمین و دوایین بەشی قسەکانی (هالوی) تێ بگەین: کۆمەڵگەی (شارستانی) تێ دەکۆشێت تا ئاستی شیاو رێگە لە حکوومەتکردنی حکوومەت بگرێت. مەبەستی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی (شارستانی) تێ دەکۆشێت تا ئاستی شیاو لە پانتاییی ئۆتۆریتەی حکوومەتی کەم بکاتەوە بەچەشنێک کە دەستێوەردەرانی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵگە و خەڵکدا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی. بەرتەسکبوونەوەی پانتاییی ئۆتۆریتەی دەوڵەتی لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بەواتای بەرفراوانبوونی ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانە.

## " جان لاک" و فەلسەفەی نوێی مافی سروشتی

بیردۆزەری گەورەی "شۆڕشی شکۆمەند"، فەیلەسووفی بەناوبانگی بەریتانیای "جان لاک"ە.

ئەو لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا "دوو نامە سەبارەت بەحکوومەتی ژیاری"(٤) بنەما فەلسەفی و تیۆرییەکانی ئازادیی سیاسی دادەڕێژێ و بەلایەنگریکردنی لە حکوومەتی سنووردار و هەڵبژێردراو و رەدکردنەوەی پاشایەتیی رەها، پاساوی بۆ "شۆڕشی شکۆمەند" هێنایەوە. لێکدانەوەی هەمەلایەنەی بۆچوونەکانی "لاک" پێویستی بەدەرفەتێکی زۆرە. بۆیە لێرەدا تەنیا هەڵوەستەیەک لەسەر هەندێک لە رەهەندی هزری ناوبراو دەکەین کە پێوەندییەکی توندیان بەبابەتی باسەکەی ئێمەوە هەیە. فەلسەفەی سیاسیی "لاک" لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی تایبەت و نوێ لە چەمکی "مافی سروشتی" هاتووەتە ئاراوە. بەبڕوای ئەو هەر مرۆڤێک کە لەدایک دەبێت

بەشێوەیەکی سروشتی و گەوهەری هەندێک مافی هەیە کە یەکەمین و گرینگترینیان بریتییە لە مافی پاراستنی ژیان. ئەوەی کە بەپلەی یەکەم هەڕەشە لەم مافە دەکات مەترسیی مردنە لە ئاکامی برسییەتیدا. کەوابوو تێکۆشانی ڕۆژانەی مرۆڤ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و ڕێگرتنی لە زاڵبوونی مەترسیی برسییەتی، ڕاستی و ڕەواییەکی ڕەهای هەیە و هیچ کەس و بەهیچ شێوەیەک بۆی نییە پێش بەم تێکۆشانە بگرێت. "لاک" لە پاژی پێنجەمی کتێبی دووەمی "دوو نامە....."[٥]دا بەرەنجامەکانی بەکارهێنانی ئەم مافە سروشتییە لێک دەداتەوە و تیۆرێکی ناسراو بە "خاوەندارێتی – کار" پێشکێش دەکات. بەبڕوای ناوبراو خوا (یا سروشت) زەوینی بۆ هەموو مرۆڤەکان خوڵقاندووە تا بەکەڵکوەرگرتن لە خێروبێرەکەی، پێداویستییەکانی ژیان و بەختەوەریی خۆیان دابین بکەن. ئەم خێروبێرە سروشتییانە بەشێوەیەکی هاوبەش هیی هەموو مرۆڤە بەگشتی و هیچ کەس لەخۆوە ناتوانێت وەک خاوەندارێتیی تایبەت سەروەت و سامانی زەوی پاوان بکات. "لاک" ئاماژە بەبارودۆخێکی سەرەتایی دەکات کە تێیدا هیچ چەشنە حکوومەت و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێدا نییە و مرۆڤەکان سەربەست و ئاسوودە لە زەختی دەوڵەت و یاسا دانراوەکانی دەژین.

"لاک" ناوی دۆخی سروشتیی لەسەر ئەم دۆخە سەرەتاییە دادەنێ و دەڵێ لە دۆخێکی ئەوتۆدا هەموو شتێک هیی هەموو کەسێکە. بەڵام ئەم خاوەندارێتییە گشتییە ڕێگر نییە لە بەردەم دروستبوونی خاوەندارێتیی تایبەتدا و وەک دواتریش بۆمان دەردەکەوێت لە فەلسەفەی مافی سروشتیی "لاک"دا ئەم دوو خاوەندارێتییە پێگەیەکی دیاریکراویان هەیە."لاک" لەگەڵ دەسپێکی باسەکەی سەبارەت بە "دۆخی سروشتی" دەری دەخات کە تێکۆشانی مرۆڤ بۆ زیندوومانەوە و بەو پێیەش بەکارهێنانی مافە سروشتییە سەرەتاییەکەی، بێ ئەملا و ئەولا خاوەندارێتیی تایبەتی لێ دەکەوێتەوە، چونکە کەڵک وەرگرتن لە پیت و بەرەکەتی سروشتییەکان لە پێشدا پێویستی بە بەخاوەنبوونیان هەیە."لاک" دەنووسێ: "ڕاستە کە زەوی و هەموو بوونەوەرە خوارتر [لە مرۆڤ] بەشێوەیەکی هاوبەش هیی هەموو مرۆڤەکانن، بەم حاڵەشەوە هەر کەس بۆ خۆی مافێکی خاوەندارێتیی هەیە کە هیچ کەسێکی تر بۆی نییە لێی زەوت بکا. دەکرێ بڵێین کە [بەرهەمی] ماندووبوونی دەست و بازووی تەنیا هیی خۆیەتی".[٦]

بنەمای بەڵگاندنی "لاک" بۆ ئەم قسە ئەوەیە کە مادام هەر مرۆڤێک خاوەنی تایبەتی کەس و لەشی خۆیەتی، کەوابوو بەرەنجامی چالاکییەکانیشی بەشێوەیەکی تایبەتی هیی خۆیەتی. هەر کەسێک لە ڕێگەی کار و تێکۆشانی خۆیەوە ئەوەی کە پێشتر و لە دۆخی سروشتیدا هیی هەمووان بووە، بەشێوەیەکی تایبەتی دەیکا بە هیی خۆی. لێرەدا ڕەوایی و دروستیی خاوەندارێتیی تایبەت بەڕاستی لە کاری مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت و کار لە خۆیدا ئامرازێکی چارەسەرییە بۆ مرۆڤ سەبارەت بەپاراستنی ژیان یا بەواتایەکی تر وەدیهێنانی مافی سروشتیی سەرەتایی. لە ڕوانگەی "لاک"ەوە بنەچەی خاوەندارێتیی تایبەت لە مافی سروشتیدایە و لەم ڕووەوە لە پێشەوەی مافە

داڕێژراوەکاندایە و خاوەن شوناسێکی سەربەخۆ و بانترە.

"لاک" بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕەخنانەی کە دەکرێ لە بیردۆزەی "خاوەندارێتی – کار" بگیردرێن، پێشتر وەڵامیان دەداتەوە و بەئاقاری شیکردنەوەی ئابووریی پرسەکەدا، پەرە بە بیردۆزەکەی خۆی دەدات. کێشەکە لێرەدایە کە هەموو تاکەکان مافی سروشتیی پاراستنی ژیانیان هەیە. کەوابوو نابێ وەدیهێنانی ئەم مافە لەلایەن تاکێکەوە ببێتە هۆی پێشێلکرانی مافی سروشتیی تاکێکی تر، چونکە لە دۆخێکی ئەوتۆدا مافی سروشتی پێشێل دەکرێت و حەق دەبێتە ناحەق.[٧] سەبارەت بەم گرفتە، "لاک" دوو مەرج بۆ خاوەندارێتی لە بەرچاودەگرێت، یەکەم ئەوەی کە تا ئەو ڕادەیە رێگە بە کەڵکوەرگرتن لە سامانە سروشتییەکان دەدرێت کە بەشی خەڵکی تریش لەم سامانە بمێنێتەوە. مەرجی دووەم ئەوەیە کە دەستگرتن بەسەر خاوەن سامانە سروشتییەکاندا تا ئەو ڕادەیە رێگە پێ دراوە کە خەساربوونی ئەم سەروەت و سامانە، بەهۆی بێ کەڵک مانەوەیان، لێ نەکەوێتەوە، وەک کۆکردنەوەی لە ڕادەبەدەری میوەگەلێک کە پاش ماوەیەکی دیاریکراو خراپ دەبن و دەڕزێن.

لە ڕوانگەی "لاک"ەوە هیچ کام لەو دوو مەرجە وەک پێویست خاوەندارێتی بەرتەسک ناکەنەوە.سەبارەت بەمەرجی یەکەم، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەخاوەندارێتیی تایبەتی بەپێچەوانەی زۆربەی لێکدانەوەکان نەک هەر خەڵکی تر لە کەڵک وەرگرتن لە سامان و داراییەکان بێبەش ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی زیادبوونی سامان و دارایی لە ئاستی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیدا . ناوبراو بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی قامک لەسەر بینراوە ئەزموونییەکان دادەنێت و دەڵێ ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە ئەو زەوییانەی کە موڵکی گشتین زۆربەیان بێ کەڵک ماونەتەوە و قازانجێکی ئەوتۆیان بە کەس نەگەیاندووە، کەچی بەپێچەوانەوە، ئەو زەوییانەی کە لە موڵکی تایبەتن زۆربەیان بەشێوەیەکی بەرفراوان کەڵکیان لێ وەرگیراوە بەچەشنێک کە قازانجەکەیان نەک هەر وەبەر خاوەنەکەیان بگرە وەبەر گەلێک کەسی تریش کەوتووە. بۆ دۆزینەوەی هۆکاری دیاردەیەکی بەڕواڵەت ناتەبای ئەوتۆ دەبێ لە ڕۆڵی "کار" وەک گرینگترین هۆکاری بەدیهێنەری سامان و دارایی ورد ببینەوە. بەبۆچوونی "لاک" کاری مرۆڤ سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەی سەرەتاییی خاوەندارێتیی تایبەتییە. لە هەمان کاتدا گرینگترین هۆکاری زێدەبوونی سامانی مادیشە. بەگشتی سامان و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بەرهەمی کار و پیشەسازیی مرۆڤە دەنا لە هەموو شوێنێکی دنیادا سروشت بەشێوەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر یەکسان خێروبێری خۆی خستووەتە بەردەست مرۆڤەکان. "لاک" بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆی بەراوردێک دەکا لە نێوان بارودۆخی ژیانی سوورپێستەکانی ئەمەریکا لەگەڵ بەریتانیاکاندا دەڵێ سەرەڕای ئەوەی کە ئەمەریکا نیشتمانێکی بەربڵاو و دەوڵەمەندە، ئەمەریکاییەکان (سوورپێستەکان) لە بابەتی خۆشگوزەرانیی مادیدا لە هەژارییەکی زۆردا دەژین بەشێوەیەک کە لەوێدا "پاشایەک کە حوکمی ناوچەیەکی بەربڵاو و بەرهەمهێندا حکوومەت دەکات لە بابەتی

خواردن، خانوو و جلوبەرگەوە لە دۆخێکی زۆر خراپتردا دەژی لە بەراورد لەگەڵ کرێکارێکی رۆژبڕ لە بەریتانیا."(٨) بیرۆکەی "لاک" پشت بەم بنەمایە دەبەستێ کە مادام بەشێوەیەکی گشتی سامانە مادییەکان بەرهەمی کار و پیشەسازیی مرۆڤن، کەوابوو هەر فاکتەرێک کە ببێتە هۆی هاندانی کار و تێکۆشان دەبێتە هۆی زێدەبوونی دارایی و سامان لە ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیدا. بەخاوەنبوونی تایبەتی مرۆڤەکان هان دەدا بۆ کاری زۆرتر و لەم رووەوە هاندەرێکی سەرەکییە بۆ گرتنی ئاراستەی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی مادی. ئەگەر کار و پیشەسازیی مرۆڤ بەسەرەکیترین سەرچاوەی دارایی بزانین، چیی تر خاوەندارێتیی تایبەتی سامان ناتوانێ بەواتای بێبەشکردنی خەڵک بێت لەوانە چونکە ئەم داراییانە بەپێچەوانەی سامانە سروشتییەکان قەت لە خاوەندارێتیی گشتیدا نەبوونە. کەوابوو پەرەسەندنی خاوەندارێتیی تایبەت نەک هەر بێبەشبوونی کەس یا کەسانی تر لە دەسکەوتە مادییەکان لێ ناکەوێتەوە بگرە بەپێچەوانەوە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی زێدەبوونی سامانە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی. لە ڕاستیدا ئەم بیرۆکەیەی "لاک" کاکڵی سەرەکیی تیۆریی "یەکانگیریی سروشتیی بەرژەوەندەکانی تاک و کۆمەڵ" کە ئابووریی سیاسیی "ئادام سمیس"ی لەسەر دامەزراوە.

سەبارەت بەمەرجی دووەمیش "لاک" بەڵگە هێنانەوەیەکی تەواو ئابووری دەکات و ئاڵوێر و پارە بەچارەسەر دەزانێ. بەکورتی قسەکەی ئەوەیە کە بۆ پێشگرتن لە خەساربوون لە ئاکامی کەڵەکەکردنی زیادە لە پێویست، دەکرێ بەرهەمە زیادەکە لەگەڵ هەندێک شتی تری وەک کانزاکان، بەردە کانگاییەکان و... هتد، کە خراپ نابن ئاڵوێر بکرێ. بەم شێوەیە، کەڵەکەکردنەکە هەرچەندەش زۆرتر بێت خەساربوونی بەرهەمەکانی لێ ناکەوێتەوە بگرە لە رێگەی ئاڵوێرەوە دەگەنە دەستی کەسانێک کە پێویستیان پێیان هەیە. (لاک" لەم پێوەندییەدا پارە پێناسە دەکا دەڵێ، پارەکە بەرێککەوتنی بەکۆمەڵی مرۆڤەکان کراوەتە ئامرازی ئاڵوێر، لە هەمان کاتدا باشترین چارەسەرە بۆ پێشگرتن لە خراپبوونی بەرهەمەکان و بەفیڕۆچوونی کار و ماندووبوونی مرۆڤەکان.(٩) کەوابوو، دەبینین کە بەکردەوە هیچ بەربەستێک بۆ پەرەپێدانی خاوەندارێتیی تایبەت لە گۆڕێدا نییە کە نەکرێ لێی دەرباز ببین و خاوەندارێتییەکی ئەوتۆ لە ڕوانگەی فەلسەفەی مافی سروشتیی "لاک"ەوەدا دەکرێ بێ سنوور بێت. گەشەی خاوەندارێتی لە رێگەی کەڵەکەکردنی پارەوە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نایەکسان لە نێوان تاکەکاندا لە بواری داراییە تایبەتەکان و ساماندا بەڵام ئەم نابەرابەرییە نارەوا نییە، چونکە لەسەر بناغەی رێککەوتنی سەرەتاییی (پارە) هاتووەتە ئاراوە. لێرەدا پارە لە بری کاری کەڵەکەکراوە و هەقبوون و رەواییەکەی بەرهەمی کارە وەک ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی مافی سروشتیی سەرەتایی. بەپێی بیرۆکەی "لاک" خاوەندارێتیی تایبەت و پارە وەک ئامرازی پاراستن و پەرەپێدانی، لە راستیدا خویابوونی مافی سروشتیی سەرەتایی، واتە مافی پاراستنی ژیانە. لەم رووەوە، هەق بوون و رەوایی خاوەندارێتیی تایبەتی بەرهەمی یاسا دانراوەکان یا رێککەوتنی کۆمەڵایەتی نییە بگرە رەگ و بنەچەی لە مافی سروشتی



و تاکەکەسیی مرۆڤەکاندایە. بەبێ تێگەیشتن لەم خاڵە گرینگە، ناتوانین لە بەشێکی گرینگ لە فەلسەفەی سیاسیی سەردەمی نوێ تێ بگەین. بەپێچەوانەی فەلسەفەی سیاسیی سەردەمی کۆن (ئەرستۆ) مرۆڤی نوێ وەک بوونەوەرێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی لە قەڵەم نادرێت بگرە وەک بوونەوەرێکی کارکەر و خاوەندار پێناسە دەکرێت. خاوەندارێتیی مرۆڤ لە کارەکتەری کارکەربوونیەوە سەرچاوە دەگرێت و کارکردن کارەکتەری سروشتیی (لە بەرامبەر کۆمەڵایەتی و سیاسی) مرۆڤە بۆ پاراستنی ژیان واتە وەدیهێنانی مافی سروشتیی سەرەتایی. لێرەدا مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ سروشتدا پێناسە دەکرێت و نێوەرۆکێکی تەواو تاکەکەسیی هەیە. واتە کارکردن و خاوەنداربوونی مرۆڤ بەشێوەی تاکەکەسی و لە پێوەندی لەگەڵ سروشتدا دێتە گۆڕێ و پێویستی بە لەئارادابوونی کۆمەڵگەی سیاسی وەک پێشمەرج نییە. لە فەلسەفەی سیاسیی نوێی "لاک"دا باس لە بنەمای پێوەندیی نێوان مرۆڤ (تاک) و سروشتدا دەکرێ و بەم بۆنەوە بەشێوەیەکی بەهێز لایەنی ئابووریی هەیە. لە کاتێکدا کە لە فەلسەفەی سیاسیی کۆندا لەسەر بنەمای پێوەندیی مرۆڤ (بوونەوەری کۆمەڵایەتی) لەگەڵ مرۆڤەکان (کۆمەڵگە) پێک هاتبوو و بەم بۆنەوە کارەکتەرێکی زۆر سیاسی هەبوو. مرۆڤی کۆن مرۆڤی سیاسی و مرۆڤی نوێ مرۆڤی ئابوورییە. لە خوێندنەوەیەکی وردی فەلسەفەی سیاسیی "لاک"دا دەردەکەوێ کە چۆن و بۆچی بیری ئازادیخوازانەی نوێ نێوەرۆکێکی ئابووریی هەیە و بەناچاری بەرەو جۆرێکی تر و نوێ لە ئەندێشە واتە ئابووریی سیاسی دەکێشرێت.(١٠)

حکوومەت (دەسەڵاتی سیاسی) بۆ پارێزگاری لە مافی سروشتیی سەرەتایی، واتە مافی پاراستنی ژیان و مافی خاوەندارێتی وەک درێژکراوەی ئەو مافە پێک دێ: ئەرکی دەوڵەت برێتییە لە پاراستنی گیان وماڵی تاکەکان. بەبڕوای "لیئۆشتراوس" بیرمەندی بەناوبانگی هاوچەرخ،

دەتوانین فەلسەفەی خاوەندارێتیی "جان لاک"بەفەلسەفەی کلاسیکیی ئەو شتە بزانین کە ئەمڕۆکە زۆرتر "گیانی سەرمایەداری"ی پێ دەڵێن.[١١]

## پەڕینەوە لە دۆخی سروشتییەوە بۆ کۆمەڵگەی سیاسی

"لاک" دەستەواژەی کۆمەڵگەی سیاسی یا ژیاری لە بەرامبەر دۆخی سروشتیدا بەکار دەبات.[١٢] لە دۆخی سروشتیدا هیچ دامەزراوەیەکی رێکخراوی سیاسی لە ئارادا نییە و مرۆڤەکان گوێڕایەڵی یاسای سروشتن. بەپێی فەرمانی ئەم یاسایە کە هەمان ئاوەزە، هیچ کەس مافی ئەوەی نییە زیان بەژیان، تەندروستی و ئازادیی ئەوانی تر بگەیەنێ، چونکە تێکڕای مرۆڤەکان بەرابەر و سەربەخۆن و هەموویان مافی سروشتیی وەک یەکیان هەیە.[١٣]

وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بەبۆچوونی "لاک" ئەو شتەی کە بەپلەی یەکەم هەڕەشە لە مافی سروشتیی مرۆڤ (مافی ژیان) دەکات مردنە لە ئاکامی برسییەتیدا. کار و تێکۆشانی مرۆڤ لە پێناو نەهێشتنی ئەم هەڕەشەدایە. کێشەی سەرەکی کە مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا کێشەیەکی سروشتی یا بەواتایەکی وردتر و ئەمڕۆییتر کێشەیەکی فیزیۆلۆجیاییە. مرۆڤ بەپلەی یەکەم لەگەڵ سروشت لە پێوەندیدایە و کار و تێکۆشان و ژیانی فۆرمی کۆمەڵایەتیی نییە. بەبڕوای "لاک" مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدا لە ئازادی بەهرەمەندە و دەتوانێ بەسەربەستییەوە هەر کارێک بکات کە بۆ ژیان و بەختەوەریی خۆی بەپێویستی دەزانێت، بەبێ ئەوەی کە ئیزن لە کەس یا کاربەدەستێک وەرگرێت: بەو مەرجەی کە سنوورەکانی یاسای سروشت نەبەزێنێ.[١٤] بۆ ئەوەی کە هیچ کەس نەتوانێت دەستدرێژی بکاتە سەر مافی کەسی تر و یاساکانی سروشت کە تەنیا ئامانجیان ئاسایش و پاراستنی مرۆڤە رەچاو بکرێن، هەر کەس بەشێوەیەکی سروشتی مافی ئەوەی هەیە کە رێگە لە شکاندنی ئەم یاساگەلە بگرێت و یاساشکێن سزا بدات. لە دۆخی سروشتیدا هەر مرۆڤێک بۆ خۆی دادوەر و جێبەجێکاری یاسایە و دەتوانێ پێشێلکاران و دەستدرێژیکاران بۆ سەر ماف بەسزا بگەیەنێ.[١٥] بەڵام لێرەدا کێشەیەکی بێ چارەسەر خۆی دەردەخات و ئەویش ئەوەیە کە بۆ نموونە کاتێک کە کێشە و ناکۆکییەک لە نێوان دوو کەسدا دێتە گۆڕێ، هەردوو لایەنەکە خۆیان بە دادوەر و بەڕێوەبەری یاسا دەزانن و لەبەر خۆویستی کە لە هەناوی هەموو مرۆڤێکدایە، خۆیان لە دادوەرییەکی دادپەروەرانە دەبوێرن. چارەسەرکردنی کێشەیەکی ئەوتۆ پێویستی بەکەسێکی سێیەم هەیە کە وەک دادوەرێک کە هەموو لە سەری رێک کەوتوون، دادوەرییەکی بێلایەنانە بکات. نەبوونی دادوەرێکی هاوبەشی ئەوتۆ توندوتیژی و سەرهەڵدانی "دۆخی شەڕ" لە نێوان مرۆڤەکانی لێ دەکەوێتەوە. سەبارەت بەچارەسەرکردنی وەها کێشەیەکە کە مرۆڤەکان پێکەوە رێک دەکەون و دەسەڵاتێکی حاکم پێک دێنن کە لە راستیدا بۆ هەموو تاکەکان بەرپرسارەتیی هەمان دادوەری هاوبەش و بەڕێوەبەری یاسای هەیە. بەم جۆرە، مرۆڤەکان لە "دۆخی سروشتی" دێنە دەرێ و دەچنە نێو کۆمەڵگەی سیاسی یا ژیارییەوە کە

بەدەستی خۆیان دایانمەزراندووە.[١٦]

لە دۆخی سروشتیدا ئازادییەکانی مرۆڤ بەردەوام لەگەڵ مەترسیی توندوتیژی و دۆخی شەڕ ڕووبەڕوون، بۆیە مرۆڤەکان بە کۆمبوون و هەڵبژاردنی دادوەریی هاوبەش، لە نێوان خۆیاندا ئاشتی سەقامگیر دەکەن و ئازادییەکان دەستەبەر دەکەن. پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە بناخەی کۆمەڵگەی سیاسی لەسەر بنەمای ماف و یاسا سروشتییەکان، یاسا داڕێژراوەکان دادەڕێژێت و بەم پێیە چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان و سنووری ئازادییەکانیان دیاری دەکات. لە ڕوانگەی "لاک"دا پێکهێنانی کۆمەڵگەی سیاسی و حکوومەت، باشترین دەرمانە بۆ ئەو ناتەکووزی و بشێوییانەی کە لە دۆخی سروشتییەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر دەکاتەوە کە پاشایەتیی ڕەها، یا هەر لە جێدا هەرچەشنە حکوومەتێکی ڕەها، بەواتای پێکهاتنی کۆمەڵگەی سیاسی و دەربازبوون لە دۆخی سروشتی نییە. چونکە لەم مۆدێلەی حکوومەتدا، پاشا یا دەسەڵاتدار بەهۆی ئەوەی کە خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەهایە لەلایەن هیچ بەرپرس و دەسەڵاتێکەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ ناکرێت. بۆیە لە بارودۆخێکی وەک بارودۆخی مرۆڤ لە دۆخی سروشتیدایە واتە هاوکات هەم دادوەر و هەم بەڕێوەبەری یاساشە. ئەو کەسانەی کە لەژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیانە لە بارودۆخێکی وەک دۆخی سروشتیدا دەژین، لەبەر نەبوونی یاسا و ڕێسای دیار و دادوەرێکی هاوبەش کە خاوەن ئۆتۆریتەیەکی باشتر لە بڕیاری سەرەڕۆیانەی پاشا بێت. هیچ ژێدەرێکیان نییە کە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان ڕووی تێ بکەن. بارودۆخی ئەمانە تەنانەت لە بارودۆخی ئەو کەسانەش خراپترە کە لە دۆخی سروشتیدا دەژین، چونکە لە کەموکوڕییەکانی دۆخی سروشتی ئازار دەچێژن، بەڵام لە لایەنە باشەکانی (ئازادییە تاکەکەسییەکان) بێبەشن و بەکردەوە وەک گجە (ڕەعیەت) و کۆیلەکانی پاشا و دەسەڵاتداریی ڕەها دەژین.[١٧]

کۆمەڵگەی سیاسی دەبێتە هۆی کۆتاهاتنی دۆخی شەڕ لە نێوان مرۆڤەکاندا، کەچی حکوومەتی ڕەها لە ڕاستیدا ئاڵۆزی و توندتربوونی دۆخی شەڕی لێ دەکەوێتەوە، نەبوونی ئاسایش و دڵەڕاوکێیەک کە لە شێمانەی دروستبوونی دۆخی شەڕ لە بارودۆخی سروشتیی سەرەتاییدا هەیە، جێگۆڕکێی کردووە لەگەڵ بێ ئاسایشی و ترسێکی گەورەتر لە حکوومەتی ڕەهادا. دوژمنایەتیی تاکەکەسی و هاوئاستیی بارودۆخی سروشتی، دەبێتە دێوەزمەیەکی زەبەلاح کە هیچ کەس توانای بەربەرەکانێکردنی لەگەڵ نییە. تاکەکان لە قووڵکەی دۆخی سروشتی دێنە دەر و دەکەونە بیری حکوومەتی ڕەهاوە. "لاک" دەڵێ کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ سەبارەت بە گیان و داراییەکانی هەست بەئاسایش و هێمنی دەکات. ئەو جەخت دەکاتەوە کە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆ پێویستی بەدامەزراندنی دەسەڵاتی یاسادانەر هەیە کە بە هۆی ئەوەوە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، بەبێ هیچ هەڵاواردنێک، دەبنە گوێڕایەڵی یاساگەلێک کە بۆ خۆیان لە ڕێگەی ئەنجوومەنی یاسادانانەوە (پەرلەمان) دایانناون. لە کۆمەڵگەی شارستانیدا هیچ دەسەڵاتێک لە سەرووی ئەم

یاسـاگـەلەوە نیـیـە و هـەر کـەس لە هەر پلە و بەرپرسـایەتیـیـەکـدا بێت ناچارە مل بۆ یاسـا ڕاکێشێت.[١٨] لە ڕاسـتیدا ئەو دادوەرە هـاوبەشـەی کـە "لاک" هێندە جەخـتی لەسـەر دەکـاتەوە، حکوومـەتی یاسایە واتە حکوومـەتێک کـە لـەسـەر بنەمـای ویسـتی ئازاد و ڕێککەوتنی تاکـەکـان دامـەزرابێ. کۆمـەڵگەی سیاسی یا شارستانی برێتییە لە بارودۆخێک کە یاسا بەڕێوەی دەبا. ویست و دەنگی هیچ کەسێک لە هەر پلە و پایەیەکدا ناتوانێ لە دەسەڵاتی ئەم یاسایە کەم بکاتەوە یا بیگۆڕێت. جێبەجێکردنی ڕێکوپێکیی یاساکـان ئەرکی هەمـوو تاکـەکان بەتایبەت بەرپرسـە حکوومـەتیـیەکـانە، چونکە لە جێدا هەر بۆ ئەم مـەبەسـتـە بەرپرسـیایەتیی کاروبارەکانیـان پێ سـپێردراوە. وەک پێشـتریش ئـامـاژەمـان پێ کـرد، مرۆڤـەکان لە بارودۆخی سـروشـتیـدا ئازاد، یەکسـان و سـەربەخـۆن، بەڵام بەردەوام لە بەردەم مـەترسـیی شـەڕدان. دامـەزراندنی کـۆمـەڵگەی شـارسـتـانی بۆ ڕەواندنەوەی مـەترسـییـەکی ئەوتۆیە. مرۆڤـەکان لە ڕێککەوتنێکدا بڕیار دەدەن کە بارودۆخی سـروشـتی بەجێ بێڵن و لە کـۆمـەڵگەی شـارسـتـانیـدا لێک کۆ ببنەوە و بەشـێـوەیەکی هاوبەش لە ئاشـتی و تـەنیـاییدا بژین. ئەو کەسانەی کە بەم چەشنە لێک کۆ دەبنەوە لە ڕاسـتیدا "جـەسـتـەیەکی یەکگرتووی سیاسی" پێک دێنن کە تێیدا زۆرینەی تاکەکان دەسـەڵاتی بڕیاردانیان هـەیە.[١٩] لێرەدا بڕیاری زۆرینە وەک بڕیاری هەموو تاکەکانی کۆمـەڵگەی شارسـتانی واتە بڕیاری هەمان "جـەسـتـەی یەکگرتووی سیاسی" خـۆی دەردەخات. ئەم بابـەتە بۆ تۆکمـەبوونی کۆمـەڵگەی شارستانی و ئاشتی و هێمنی گرینگییەکی تەواوی هەیە. کەمینە کە پابەندی یاسا و بڕیارەکانی زۆرینە، وەک یاساو بڕیاری هەموو کۆمـەڵگە (جـەسـتـەی یەکگرتوو) قـایل دەبێ و جێبـەجێ بکرێن. کـەوابوو هـەر کـەسێک دەیـەوێ بارودۆخی سروشـتی بەجێ بێڵێت و لە کۆمـەڵگەی شـارسـتـانیـدا لە ئاشتی و ئاسـایشدا بژی، پێویستـە  مل بۆ ئەو یاساگەلە ڕابکێشێت کە لەلایەن زۆرینەوە بڕیاریان لەسـەر دراوە. بەبێ ڕێککەوتن و لەبارببوونی بـوارێکی ئەوتۆ، وەدیهـاتنی کـۆمـەڵگەی شـارسـتـانی ئەسـتـەمـە. بەبۆچوونی "لاک" تەنیا ملراکێشـان بۆ یاسـاکـان نابێتـە هۆی ئەوەی کە دانیشـتووی وڵاتێک ببێتە هـاووڵاتی یا ئەندامێکی کۆمـەڵگەی شارستانی "جەسـتـەی یەکگرتووی سیاسی". بگرە تەنیـا لە ڕێگەی دروسـتـبـوونێکی پۆزەتیف و ڕێککەوتن و خـواسـتـەوەیە کـە مـرۆڤ دەگـاتـە پلـەی هـاووڵاتیبوون. وەک "ریمۆن پولێن"، یەکێک لە توێژەرە بەناوبانگەکانی بۆچوونەکانی "لاک"، جەخت لەسـەر ئەوە دەکـاتـەوە کـە لەلای ئەم فـەیلەسـووفـە ئینگلیـزە بابەتی سـیـاسـی و ڕەوشـتـی هـاوێر نەکـراون و لێک جـیـا ناکـرێنەوە، مـرۆڤ تەنیـا لە ڕێگەی کـردەوە ڕەوشـتـیـیـەکـەیەوە دەبێـتـە هـاووڵاتی.[٢٠]

لە بارودۆخـی سروشـتـیدا، ئازادیی مرۆڤ بەدوو شـێـواز خـۆی دەردەخـات، یەکـیـان، ئازادیی سروشـتیی مـرۆڤە وەک دەسـەڵاتی سەربەستی ئەو لـە بەئەنجامدانی هـەر کارێکدا کە بۆ پاراستنی ژیان و بەختەوەریی تاکەکەسیی ئەو پێویستە.

ئەم ئازادییـە تەنیـا لەلایـەن یاسـای سـروشـتـەوە سنووردار دەکـرێت، ئەوی تریان دەسـەڵاتی

سەربەستی ئەوە بۆ دەستەبەرکردن و جێبەجێکردنی ئەم یاسای سروشتە. مەبەستی "لاک" لە یاسای سروشت بریتییە لەو یاسا ئاوەزی و ڕەوشتییەی کە هەموو تاکەکانی مرۆڤ بەیەکسانی لە مافە سروشتییەکان بەهرەمەندن و هیچ کەس بۆی نییە بەبیانووی کەڵک وەرگرتن لە ئازادی، زیان بەئازادیی ئەوی تر بگەیەنێت. لە ئەندیشەی "لاک"دا یاسای سروشت هەمان "ویستی خوا"، یا "بانگی خوا"ی لە ناخی مرۆڤ، یا یاسای خواییە.[٢١] لە ڕوانگەی "لاک"دا ئاوەز کە خۆی بەخششێکی خواییە، توانای تێگەیشتنی ئەم یاسایە بەمرۆڤ دەدات. مرۆڤ لە بارودۆخی سروشتیدا ئازادیی (دەسەڵاتی) جێبەجێکردنی یاسای سروشت و سزادانی ئەو کەسانەی هەیە کە سەرپێچی لەو یاسایە دەکەن. بەڵام کاتێک کە مرۆڤەکان ڕێک دەکەون کە بە کۆمەڵگەیەکی سیاسیی تایبەتەوە پێوەست بن، دۆخەکە دەگۆڕدرێت. مرۆڤ کە پێوەستی کۆمەڵگەی سیاسی دەبێت، بە ناچار ئەو بەشە لە دەسەڵاتی سەربەستیی خۆی کە پێوەندیی بەمافی سروشتیی پاراستنی ژیانەوە هەیە، بە کۆمەڵگە دەسپێرێت. پێویستە ڕوون بکرێتەوە کە ئەم ڕادەستکردنی دەسەڵاتە، تەواو و ڕەها نییە بگرە لە سنووری ئەو پێویستییانەدا بەرتەسک دەکرێتەوە کە لە پاراستنی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە و تاکە پێکهێنەرەکانیەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام سەبارەت بەمافی جێبەجێکردنی یاسای سروشت و سزادانی کەسانێک کە سەرپێچی لێ دەکەن دەبێ بڵێین کە تاک هاوکات لەگەڵ پێوەستبوونی بەکۆمەڵگەی سیاسییەوە، بەگشتی بەکۆمەڵگەی دەسپێرێت. لە ڕاستیدا یاسا شارستانییەکان وەرگێڕدراوی یاسای سروشتن کە بەشێوەی یاسا دانراوەکان خۆیان دەردەخەن.

چیی تر تاک ناتوانێت ڕاستەوخۆ وەک خۆی هەوڵی جێبەجێکردنی یاسا و سزادانی سەرپێچیکەران بدات، بەڵکو یاسای چەسپاو لە کۆمەڵگەدا ئەم ئەرکە وەئەستۆ دەگرێت.

ڕادەستکردنی پاژی و گشتیی ئازادییە تاکەکەسییەکان و دەسەڵاتی سەربەستیی تاک بۆ کۆمەڵگە، بەواتای وەلانان یا لەنێوچوونیان نییە. ئەو مرۆڤەی کە ڕێک دەکەوێت ببێتە ئەندامی کۆمەڵگەیەکی سیاسی، ماف و ئازادییەکانی لە هەموو کات و ساتێکدا دەپارێزێت، بەڵام بیچم و شێوازی بەکارهێنانی ئەم مافە دەگۆڕدرێت. مرۆڤ لە کۆمەڵگەی شارستانیدا لە چوارچێوەی یاسا شارستانییەکاندا کەڵک لە ماف و ئازادییەکانی وەردەگرێت. لە ڕاستیدا مەبەستی مرۆڤ لە پێوەستبوونی بەکۆمەڵگەی سیاسی، پاراستنی باشتری ئازادی و مافە سروشتییەکانیەتی، نەک وەلانانیان. ڕاستە کە لە کۆمەڵگەی سیاسیدا ئازادییە تاکەکەسییەکان لەلایەن یاسا داڕێژراوەکانەوە تا ڕادەیەک سنووردار دەبن، بەڵام لە بەرامبەریدا ئازادییەکان ئاسایش و گەرەنتییەکی زۆرتریان لە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی سروشتیدا دەبێ. لە کۆمەڵگەی سیاسیدا پانتایی ئازادییەکان بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی سروشتی کەمترە، بەڵام دەرەتان و گەرەنتیی بەکارهێنانیان زۆر زیاترە.[٢٢]

# مافیا
# دەوڵەتی سامان و خوێن

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

بەشی سێیەم

**درۆ و راستییەکەی دۆن کۆرلیونی:**

مێژووی مافیا لە سەرەتای دەرچوونیان لە زێدی خۆیان لە ئیتاڵیا و دوورگەی سیسلیا و لە سەرەتای سەدەی بیستەم، بە زەریای ئەتلەسی و بەرەو رووی تری جیهان، چەندان ناو و ناوبانگی چیرۆک و سەربردەی وایان لەو کاروانە جێ هێشتووە، زۆریان لە خەیاڵ دەچن، رووداوەکان لە چنینی حیکایەتە میلی و داڕشتنی هزری ئەدەبی نزیکن. یەکێک لەوانەی ژیان و کارنامەیان لە خەیاڵ و راستی دەچێ، پێشەوای مافیا (دۆن فیتو ئەندولینی کۆرلیونی) ناوی هاتووە، ئەوەی نووسەری ئیتاڵی (ماریو بوزۆ) ژیانی ئەوی کردووەتە رۆمانە بەناوبانگەکەی بە ناوی (باوکە روحییەکە) کە پاش دەرچوونی لە ساڵی ١٩٦٨ لە هەموو جیهان ناوبانگی دەرکردبوو، رۆمانەکەش وەرگێڕدرابووە سەر چەندان زمان، پاشان سیناریۆشی بۆ ساز کرا و کرابووە فیلم، بەوەش سەربردەی بنەماڵەکە بووە حیکایەتی نەمر و دەگەیشتە ئاستی ئەفسانەی گریکە کۆنەکان.

کەم کەس ئەوە باش دەزانێت یان سەریان لەوە دەردەچێ ئایا چیرۆکی رۆژانە و سەربردەی دۆن کۆرلیونی ئەدەبی و سینەماییەکەی چەند لە واقیعەوە نزیکە، چەندی خەیاڵە. ئەگەرچی رامانی زۆر لەسەر ئەو چیرۆکە هەیە، بەڵام دیارە کەوا ئەوە رەنگدانەوەی ژیان و کارنامەی زۆربەی سەرکردایەتی مافیایە، ئەوەشیان بیرەوەری ناودارترین و دەستڕەشترین سەرکردەی رێکخراوەکەیە لە دنیا، دەڵێن ئەو بوو نەخشەسازی کوشتنی بە کۆمەڵی هەموو سەرکردەکانی مافیای لە ساڵی ١٩٣٨ دانابوو، بەبێ چاوترووکاندن، بەبێ دوودڵی و دەست لەرزین هەمووی لەناو بردوون، پاشان خۆی لە نیویۆرک بووەتە سەرکردەی مافیا و لەسەر کورسی کوزانوسترا

ماوەتەوە. ماریو بوژو لە بەسەرهاتی سێ کەسی راستەقینەی ناو کەسە دیارەکانی مافیا ئەو چیرۆکەی هەڵچنیوە، هەمووی بەیەکەوە تێکەڵ کردووە ئەو بەرهەمەی لێ دەرچووە، بۆیە دەڵێن رەنگە ئەو لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ هەتا ١٩٦٠ ژیاوە. بەگوێرەی گێرانەوەی سەربردەکان قەدەر رۆڵی زۆر بووە کۆرلیونی ببێتە سەرکردەیەکی ناسراو و دەسەڵاتی مافیا، چیرۆکەکەش لە کاتی بەرێکردنی تەرمی برا گەورەکەیەوە دەست پێ دەکات.

یەکێک لە سەرکردەکانی مافیا برایەکی ئەو دەکوژێت، ئەویش ئەو دەمانە دەستی لەناو دەستی دایکی دەبێ، دایکی لە بن دەست و پێی ئەو دەپارێتەوە تەرمەکەیان بداتەوە و چیی تر دەستیان لێ نەوەشێنێ، بەڵام بکوژەکە پاش کوشتنی برا گەورەکەی دەیەوێ ئەو کورە منداڵەش بکوژێت، فیتو کۆرلیونی بەو گچکەییەوە خۆی لەبن دەستی دەرباز دەکات، چونکە دایکەکە زۆری لێ دەپارێتەوە براکەت کوشت ئەو منداڵە مەکوژە، ئەوەندە گچکە و نەفامە، هیچ نازانێ، بەڵام ئەو وەڵامی دایکەکە دەداتەوە و دەڵێ:

ئەوەیە کە گەورە دەبێ، رۆژێک دێ تۆڵەی برای دەکاتەوە، ئەگەر ئێمڕۆ نەیکوژم، ئەو من دەکوژێتەوە، کە ئەو پەلاماری منداڵەکە دەدات، دایکی هاوار دەکات، زووکە کورە راکە، خۆت دەرباز بکە، کە منداڵەکە دەربازی دەبێت ئەو دایکی دەکوژێ، منداڵەکە هەر لەو راکردنەوە بەرەو ئەمەریکا سواری پاپۆرێک دەبێ و رزگاری دەبێ.

رۆژان دێ و رۆژان دەڕوات، کورە هەڵاتووەکە گەورە دەبێ، ماڵ و خێزان دروست دەکات، لە وڵاتە نوێیەکە دەبێتە کەسێکی پێگەیشتوو، بەڵام هەرگیز دوێنێ و رووداوە تاڵەکانی لە بیر ناچێتەوە، فیتو لەو وڵاتەدا لەگەڵ دوو کەسی تر پێوەندی دەکات، لەگەڵ ئەو دوو کەسە یەکەمین دزی دەکات، پارەکەش لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن. کە دزییەکە دەکەن، دۆنە بەرپرسەکە، فانوتشی ئەوەی سەرانە لە خەڵک وەردەگرێت، ئەوەی سەرپەرشتی دەستەی چەتەگەری کردبوو، بەوە دەزانێ، لەوان توورە دەبێ، بۆیە فیتو لەوەیان توورە دەبێ، دەڵێ دەچم ئەو پیاوە دەکوژم. هاورێیەکانی کە ئەو قسەیە لەو دەبیستن، زۆر سەربەرز دەبن، بە ئازایەتییەکەی سەرسام دەبن، بۆیەش ناوی لێ دەنێن، دۆن (فیتو کۆرلیونی)، بۆیەش رێزی زۆرتر دەگرن، هەموو لایەک بڕوای زۆری پێ دەکەن، کە چۆن دەتوانێ کێشە و ئاریشەکان چارەسەر بکا، وەک کەسێکی سەرکردە رەفتار دەکات، بۆیە ئەو کەسانەی بە رەچەڵەک ئیتاڵی دەبن، رێزی زۆرتر دەگرن و وەک باوکێکی روحی سەیری دەکەن، بەشێوەیەکی رەها وەک باوک سەیری دەکەن، لە قسەکانی دەرناچن. کە سەرکردەکانی ناو بنەماڵەکانی مافیا لەگەڵ یەکتردا ناکۆک دەبن، کە بەردەوام دژایەتی یەک دەکەن، بەوەیان فیتو زۆر نیگەران دەبێ، وەک سەرکردەی ئەوان هەست دەکات، ئەوانە بەناحەق و بەشێوەیەکی نارەوا ململانێی ناشەرعی دەکەن، بۆیە رۆژێکیان لە ساڵی سییەکان لە یەک رۆژدا و لە دەستوەشاندنێکی چاوەڕواننەکراو هەموویان دەکوژێ، سەرکردەکان قڕ دەکات، بە سەرکەوتوویی و بەبێ ئەوەی کەسیان دەست بکەنەوە هەموویان دەکوژێت، ئەو کۆمەڵکوژییە بە

کۆمەڵکوژییەکەی سییەکانی ناو مافیا ناسراوە، چونکە هەموویان دەکوژێت و کەسیان دەربازیان نابێ.

## فیلمێکی زۆر تەواو

دەرهێنەری بە ڕەچەڵەک ئیتاڵی فۆرد کۆبۆلا تەمەنی نەگەیشتبووە سی و پێنج ساڵ کە لەگەڵ بوژو ڕێک دەکەون سیناریۆیەک بنووسنەوە، کە سیناریۆکە ڕێک لەگەڵ دەقی ڕۆمانەکە گونجاو بێ، سەرەتا لە ساڵی ١٩٧١ کار دەکەن کەوا بەشی یەکەمی فیلمەکە پێشکێش بکەن کە لە سێ بەش پێک هاتبوو، کە لە ڕۆمانی باوکە روحییەکە، یان زۆرزانەکە، (العراب The Godfather) کە ژیانی راستەقینەیی کۆرلیونی تێدا بەرجەستەیە، ئەو پیاوەی بووبووە باوکی روحی هەمووان، ئەوانەی لەناو بنەماڵەکەی ئەودا بوون، یان ئەوانەی لە دەرەوەش بوون.

ئەو بەشەی فیلمەکە، لە مێژووی دوور و درێژی سینەما لە ساڵی ٢٠٠٧ پلەی دووەمی بەدەست هێناوە، یەکێکە لە فیلمە هەرە ناودارەکانی سینەمای ئەمەریکا، بۆیەش ئامۆژگەی فیلمی ئەمەریکایی لەو دواییانەدا پلەی یەکەمی لە ریزبەندی باشترین فیلمەکانی چەتەگەری و تاوان بۆ داناوە، کە فیلمەکە بەرجەستەی کەسایەتی بەهێزی سەرکردەی مافیا لە ئەمەریکا فیتو کۆرلیونی کردووە. لەو فیلمەدا ئال باتشینو رۆڵی کوڕە گچکەکەی مایکل کۆرلیونی بینیبوو، هەر لەو فیلمەدا ئەکتەر براندو لەسەر دەورەکەی خۆی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری بەدەست هێنابوو، بەڵام بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەسەر رەوش و مامەڵەی ئیدارەی ئەمەریکایی لەگەڵ هیندییە رەسەکانی ئەو کیشوەرە، هونەرمەندەکە خۆی ناچێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، لە جیاتی خۆی کیژێکی هیندی ناردبوو، بەوەش پەیامێکی تووڕەیی بەو کیژە هیندییە سوورە ئاراستەی حکوومەتی ئەمەریکا کردووە، کەوا بەسە ئەوان بە چاوی ستەم و پلەی نزم سەیریان دەکەن.

فیلمەکە شانازی بەو بنەماڵە سیسلیاییە دەدا، پاش ئەوەی فیلمەکە یازدە خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە لە ئۆسکارەوە، کۆبۆلا لە یەکێک لە سەرەنجەکانیدا لە ڕۆژنامەکاندا نووسیویەتی:

لە کاتی سازکردن و جێبەجێکردنی ئەو فیلمە، هەستم دەکرد منیش بوومەتە بەشێک لەو بنەماڵەیە، ئەگەرچی ئەوان هەڵە و تاوانکاری زۆریشیان کردووە، بەڵام لە کاردانەوەی کارەکەم بووبوومە بەشێک لەوان، هەستم بە ئارامی و بەیەک بەستنەوە دەکرد. فیلمەکە سەرجەمی دیمەنەکانی باس لەو بنەماڵەیە دەکات، کۆرلیونی پێناسە دەکات، کە برێتی بووە لە باوکەکە و کوڕەکانی، سونی، فریدو و مایکل و کۆنی کیژە تەمەن هەژدە ساڵییەکە، کە لە سەرەتای فیلمەکە ئەو کیژە شوو بە کوڕێکی ئیتاڵی بە ناوی کارلۆ ریزی دەکات، کە هاوڕێی نزیکی سونی برایەتی.

## وانەکانی کۆرلیونی

ئەوانەی چیرۆکی فیلمەکە دەزانن، ئەگەر راستی بێ، یان دارشتنی خەیاڵیش بێ، زۆرن ئەوانەی

رووداوی فیلمەکە بە بەشێکی گرینگی وانەی ژیان دەزانن، بۆیەش دەڵێن ئەو فیلمە وەک شەراب وایە، هەرچەند کۆن دەبێ تام و بەهای زۆرتر دەبێ، لەگەڵ ئەوانەشدا فیلمەکە دوورە لە زێدەڕۆییەکانی فیلمەکانی تاوانی سەردەمەکە، کە تژین لە خوێن و جنێودانی ناشیرین، لەگەڵ ئەوانەشدا، لە رووداوەکانی فیلمەکە چەندان وانەی بەنرخ قووڵی بۆ سوودی گشتی تێدایە، لەوانە:

* بوار ساز نەکەن بیر و رامانەکانی خۆتان لەناو بنەماڵەکەتەوە بچێتەوە دەرەوە، کۆرلیونی بەو سازییە پێوەندی لەگەڵ مافیوزوی سولۆزو کردبوو. ئەوانەی کۆشش و پەرێشانی ئەوە بوون بە مادەی بێهۆشکەر زوو دەوڵەمەند ببەن، ئەو نەیویستبوو، کە ئەو سەرکەشانە دانووستانەکەی دەکرد فریدوی کوڕی بەشدار ببێ، بۆیە سولۆز کۆششی کوشتنی کردبوو، کە بۆ سەرگرتنی سەفقە موخەدەراتەکاندا هەڕەشەی کوشتنی کوڕەکەی کردبوو.



* پێش ئەوەی قسەیەک بکەیت، یان رامانێک دەرببڕیت، وا باشترە گوێ لە دایک و باوکت رابگریت، چونکە زووتر هاتوونەتە ئەو ژیانە و ئەزموونیان زۆرە، پێش هەموو هەنگاوەکانت پرس بەوان بکە. هەرگیز ئەوە لە بیر مەکەرەوە، بەردەوام کانولی (ئاماژەکردنە بە تفەنگ یان هەر چەکێکی تر) لە بیر مەکە. ئەگەر چەکساز بیت، دەتوانیت لەو دنیایە پارێزگاری لە خودی خۆت بکەیت، وا باشە بەردەوام ساز و ئامادە بیت، پارەی ورد و پێویستت بۆ هەموو ئامێرەکانی پارەوەرگرتنت پێ بێت، خۆت دوا مەخە، بە دواکەوتن دەکەویتە ناو لێزمەی گولەباران.

* مەشروب خواردنەوە و مەی تاوان و هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام بە موخەدەرات هەموو کەست لە کیس دەچێ، هەموو شتێکت لە دەست دەردەچێت، بەردەوام ئەوەت لە بیر بێ کەوا بزانیت بڵێی نەخێر، ئەوەشیان بۆ زۆرتر بیرکردنەوە و بڕیاردانی پێویست.

* لە هاوڕێیەکانت خۆت دوور رامەگرە، لە دژی بنەماڵەکەت هەڵویستی نەرێی وەرمەگرە، چونکە ئەندامانی ئەو خێزانە هەڵەکانی تۆ لە بیر ناکەن، ئەوە و بنەماڵەکە خیانەت هەرگیز لە بیری ناکەن.

* کۆشش بکە بوارێک بۆ ئاهەنگ و شادی هاوڕێیەکانت بدۆزەرەوە، ئەوەش بە مەسەلەیەکی

تایبـەتی مـەزانە، چونکە ئەوەشـیـان بەشـێکە لـە بزنس. کـە تەقە لە باوکـەکە دەکـرێت، سـونی کوڕەکە دەست لە کوشتنی خـەڵکەکەی ناو بنەماڵەکە ناپارێزێت، ئەوەی پێوەندیی هـەبووە بەو مـەسـەلەیە لەناوی بـردوون، شـەڕەکـەش پێنج بنەمـاڵەی مافـیـا دەگرێتـەوە، بەڵام باوکـە روحـیـیەکە زیرەکانە دەتوانێ ئاگری شـەڕەکە بکوژێنێتـەوە و هـەمـوو بنەمـاڵەکان کۆ دەکاتەوە و ئاشـتـیـان دەکاتەوە.

* دوا دەرسـیش لەو فـیلمـەدا ئەوە بووە، کەوا مـوبارەککـردنی کـەسـە چاکـەکان، مـانـای ئەوە نییـە گـەشـتـی راوکـردنەکـەت کـۆتایـی هـاتووە، کـە چـوویتـەوە راو نوێژەکـەی خـۆت بکە، چـاکـێـتـە بەرگـرییـەکـەت لەبەر بکـە، تا لەگـەڵ مـاسـیـیـەکـان نەکـەویتـە خـەوی قـووڵەوە، (ئەوەش لەلای سیسلیاییەکان ئاماژەیە بە واتەی مردن).

***

ئەوەی ئەو فـیلمـەی دیبێت، دەزانێ کـەوا باوکـە روحـیـیـەکە قـسـەیەکی هـەبوو، بەردەوام دەیوتەوە، رستەکە زۆر دەناسرێتەوە ئەویش کە دەگوترا:

(نمایشـی وایان نیـشـان بدە، شـتـی وایان بدەرێ کە نەتوانن، ڕەتی بکـەنەوە، زۆر سـەرەنجراکێش بێ).

ئەوەش قـسـە و دیالۆگ و مـەرجی کـەسـانی بەهێز و بـەدەسـەڵاتە، کە دەیداتە کـەسـانی تر. بەڵام ژیانەکە وەک خـۆی، ڕۆژانەکەیان وەک رووداوی ناو فیلمەکە نەبوو، زۆر ئاڵۆز و بەگرێ بوو، باوک و گـەورەکـانی وەک کۆرلیـونی کـەم پەنایان بۆ هێز و پاوەر دەبرد، ئەوان باش لە بـازاڕ و ڕۆژگارەکـان تێ گـەیشـتـبـوون، لەگـەڵ ژیان و چالاکییـەکانی ئەو باوکـە روحییـە چەند دەرس و وانە و رامـان لە ئەزموونەکەی ئەو تۆمار دەکەین:

١- دیارە کەوا لە مامەڵە و لەناو بازاڕەکاندا پارە و سەرمایە زۆرە، پارەکە زۆر زۆرترە لەو بازاڕەی خۆت سازی دەکەیت.

٢- دەتوانیت بۆ قـازانجکردن، بۆ پارەی زۆرتر لە جیـاتی هێز و شـەڕ دەکرێ کاڵاکـانت بە نرخی کەمتر و بەگوێرەی پێویستی بازاڕ نمایش بکەیت باشترە و سەرکەوتنی دڵنیاترە.

٣- دەبووایە لە بوارەکانی بزنس، بەهای کەرەستەکە بزانیت، ئەوانەی داوایان لەسەرە زۆرتر.

٤- دەبێ باش لـە رەسـەنایەتی بەرهـەمـەکـە بزانیت، خـۆت باش بزانیت تۆ چیت هـەیە، بـواریش بۆ خەڵکەکە ساز بکە، ئەوانیش قسـەی خۆیان بکەن، بڕیاری ئەوانیش با لە جیاتی بڕیارەکەی تۆ بێ.

٥- دەبێ ڕێزی زۆری ئەوانە بگریت کە کاڵاکەت نمایش دەکەن، ئەوانەی دەسـتیـان دەڕوات و ئیش لەژێر دەستیان دەردەچێ.

٦- بواری هـەمەڕەنگی بدۆزەوە، لە بازاڕی گەورەتر و فراوانتر بگەڕێ، بواریش بە کەسانی تر بدە،

بەرهەمەکانیان نمایش بکەن.

٧- کۆشش بکە گەیشتن بە کاڵاکانی تۆ ئاسان بێ.

٨- کە قازانجی باشت دەست کەوت، لە پاداشتکردنی خۆت، چاوچنۆک مەبە، قازانجەکان باش لە خۆت سەرف بکە.

٩- لە رەفتارەکانت نەرم و لەسەرخۆ بە، بە شتێکە وەنووسێ ئەگەر زانیت، خێری کەمە، ئەگەر کاڵاکەت ناسی داهات و کارکردنی ناڕەحەت و لاوازە، لەوانە دوور بکەرەوە.

١٠- ئەوە باش بزانە کە تامت لە قازانجەکانت وەرگرت، وزەی زۆرترت بۆ بەردەوامی و داهێنانی زۆر دەبێ.

ئەوە باشتر بزانە ئەگەر بتەوێ کار و بەرنامەکانت زۆرتر خێر بداتەوە و گەشە بکەیت، بێگومان سوودوەرگرتن لە دەرسەکانی کۆرلیونی باشترین ئەزموونە، تۆش پێویستت بەوە نابێ چەند چەتە و رێگریش رابگریت تا ببیتە سەرکردەیەکی زۆرداری مافیا تا زۆرتر پارەت دەست بکەوێ، یەکەم دەرس لە ئەزموونەکەی ئەو، ئەوەیە کەوا پێگەی هەموو کەسەکان باش بزانیت، ئەوەیان دەرسێکی پڕ بایەخە تا بزانیت چۆن رەفتاریان لەگەڵدا بکەیت.

## پاشماوەکانی کۆرلیونی

دەقە ئەدەبییەکان و سیناریۆی سێینە سینەماییەکە و دەرسەکانی ئیدارە تاکە میراتی ئەزموونەکەی رۆژانەی کۆرلیونی نەبوو و بەس، چونکە لەو رۆژانە دیزاینی یارییەکانی کۆمپیوتەر و گەمەکان لە بیر و ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی فیلمەکە سوودیان بینیووە، بەوەش سوودی زۆریان بینیوە، دیارە کەوا گەمەکانیش ئاڵۆز و گرانیش بوون، هەر لەو گەمانەدا دانووستان و لێپرسینەوەش بوونی هەیە لە وەرگرتنی زانیاری لە کەسە بەدیلگیراوەکان. لە گەمەکاندا فێرت دەکەن چۆن شاری نیویۆرک بدۆزیتەوە، نەخشەی ئەو شارەی ساڵانی چلەکان بناسیت، بە مۆزیک دەتباتە سەنتەرەکان، پارکەکان. لەگەڵ هەموو نوێکاری و تەکنیککارەکان، کەماسییان هەیە، یەکێک لە خەوشەکانی ئەو گەمانەش ئەوەیە، کەوا کەسایەتییەکان نەگۆڕن، هەموو ئاکارەکان، رووداوەکان لە فیلمەکە نزیکە، ئەگەرچی سەردەمەکە زۆر جیاوازیشە. گەمەکە دیزاینەکەی وایە بەشداربووەکان بە کەرەستە و بژارەکان دەتوانن دەستەی چەتەگەریی ساز و ئەکتیڤ بکەن، سەرەتا باوکەکە بە گوللەی دەستە نەیارەکە دەکوژرێت، لە دیمەنێکی تری فیلمەکە لە ئاهەنگی زەماوەندێکدا دایکەکە داوا لە دۆنەکە دەکات لە چالاکییەکە بەشدار و دیار بێ، بۆیەش پیاوەکە کە باوکەکەیە ناتوانێ لە قسەی هاوسەرەکەی دەربچێ، بۆیەش هاوکاریت دەکات، بوار ساز دەکات بچیتە ناو بواری کارکردن لە راپەڕاندنی کارەکە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکە. پاشان بۆ گیان پاراستنی بازرگانەکان ئەویان دەکەوێتە کارکردن و کاری نافەرمی دەدۆزێتەوە، دیارە کەوا خاوەن سەرمایەکەش ناتوانێ سەرپێچی داواکەی ئەو بکا، بۆیە رۆڵی تۆقاندن و ترس دەردەکەوێت، کە لە

رووخاندن و شێواندنی کۆگاکان، یان ئاکاری کەسەکان خۆی دەنوێنێ. لەو گەمانەدا بێجگە لەوانە بابەت و رووی تریش وەک خۆی وەرگیراوە، وەک بردنی دۆن کۆرلیونی بۆ نەخۆشخانەکە پاش ئەوەی بریندار دەبێ، دەبێ لەوێش بەوردی چاودێریشی بکەیت و بە باشی سەرپەرشتی رۆژانەکەی بکەیت، یان بچیتە هۆلیوود تا لەوێ ئەسپی دەرهێنەرەکە لەسەر راسپاردەی باوکەکە بکوژیت، دەمانچەیەکیش بە دزی بگەینیتە مایکل کۆرلیونی بۆ کوشتنی سولوزو، ئەوە و چەندان دیمەنی تری فیلمەکە لەناو گەمە نوێیەکانی کۆمپیوتەر بەرجەستە کراوە. ئەو دەمانچەیەی لەو گەمانەدا بەکار هێنراون ئەگەرچی دەمانچەی سادە و نۆرماڵن، بەڵام کاریگەریی زۆرە، لەو گەمەیەدا دەتوانیت دیواربەند بۆ خۆپاراستن ساز بکەیت، خۆت لە ئاگری چەکەکان دوور بکەیتەوە کە تێدا ژمارەیان دەگاتە ٣٨ جۆری هەمەڕەنگ، لە دەمانچەی جۆری تۆمی tommy gun و دەمانچەی بێدەنگ a snub-nosed و گوللەی مۆلۆتۆڤ و دینامێت و چەندان جۆری تری چەکەکان، دەتوانیت بچیتە ناو چەکفرۆشانیش جۆری چەکەکەت بگۆڕیت. کەسی کارا دەتوانێ لە یەک دەمدا چەندان پارچە چەک هەڵگرێت، لە کاتی پێویستدا جۆرە چەکەکە دەستنیشان بکا کە لە ئاست چالاکییەکە بوەشێتەوە، لەگەڵ ئەو چەکە زۆرانەش دەکرێ دەست بۆ لێدان و راوەشاندن و وتارخوێندنەوە و خنکاندن و ملشکاندن بەکار بێ، هەرچەند لە پێکانی مەبەستەکە وریا و دەستگەرم بیت، دیارە کەوا دەستکەوتەکەت بەهادارتر دەبێ و زۆرتریش پایەدار دەبیت، لەوانەشدا پاداشتت زۆرترە، کە ناو و ئەزموونەکانت لە چالاکییەکانی تاوانکاریدا مەزن و پایەدارتر ببێت گەمەکە زەحمەتتر دەبێ، تۆڕ و پلانی زۆرتر دەبێ.

ئەوە و حکوومەتی ئیتاڵیا لەو دەمانەدا حەشارگە و نەواکەی سەرکردە ناودارەکەی مافیای کردبووە هەوارێکی گەشتیاری، لەو هەوارەی ماوەیەکی زۆر شوێنی یەکلاکردنەوە و تۆڵەکردنەوە و بەرنامەسازی بووە، ئێستاش دەتوانیت ماوەیەکی زۆر خۆش لەوێ بە ئارامی گوزەران بکەیت، هەروەها لەوێ کارگەیەک بە ناوی (ئای شینتو باسی) کە ناوی فیلمێکە و لە ساڵی ٢٠٠٢ نمایش کراوە کە تێیدا ژوورنالیست (بینینوو ئامباستاتو) کە بە دەستی مافیا تیرۆر کرابوو دروست کرابوو، ئەو پڕۆژە و چەند پرۆژەی تر لە تەنیشت هەوارەکەی کۆرلیونی بە پشتیوانی (لیبیرا) دروست کرابوو، لیبیرا ئەو رێکخراوە بوو کە دژایەتی مافیای کردبوو، کە لەلایەن کاهینی کاسۆلیک (شیونی)یەوە دامەزرابوو، کە تایبەت بوو بە گێڕانەوەی سامانە زەفتکراوەکان، ئەوەش دوور نەبوو لە هەڵە و خەوش، ئەوەش ئەو رێکخراوە و کڵێساکە هەڕەشەی تیرۆر و دزی و سووتانیشی لەسەر بوو. پاش ئەوەی یاساکانی ئیتاڵی گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، چەندان بەندی هەموار کرابوو، دەکرا سامان و موڵکە زەفتکراوەکان بگێڕدرێتەوە، بەڵام دیارە کەوا ئازار و شەونخونیی ویستووە و پۆلیسیش پشتیوانی ئەو پرۆسەی کردبوو. کە سامانەکان لەبن دەسەڵاتی دەستەکانی مافیا دەرهێنرابوو، توانرابوو بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی بەکار بێ، لیبیرا قوتابخانەیەکی فێرکردنی سواری ئەسپییان لەسەر پارچە زەوییەک دروست کردبوو، کە

خاوەنەکەی ناوی (بروسکا) بوو، مەڵبەندەکەشیان بە ناوی کوڕێکی گەنج نرابوو، کە بووبووە قوربانی کارە توندکارییەکانی مافیا، کوڕەکەش ناوی (جوسیبی دی ماتیو) بوو، هەر لەو مەیدانەدا و لەبەر بەرژەوندیی دەستکەوتی مۆڵکە گەڕاوەکان توانرا ئەو رێکخراوە چەند بوتیک و کۆگای فرۆشتنی نیسک و چا و مەعکروونی لەسەر ئەو زەوییانە دروست بکا، کە ناوچەکە چیی تر دەستی مافیای نەدەگەیشتێ. کە خاوەندارییەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەندامانی کۆنی مافیا. لەگەڵ گێڕانەوەی چەندان حیکایەتی لە نێوان چیرۆک و ئەفسانە، کەسایەتی دون کۆرلیونی ئیمڕۆ وەک پاڵەوانێکی هۆلیوود و سینەما ماوەتەوە.

## هۆلیوود کۆنترۆڵی کردبوو

نووسەری ئیتاڵی ماریو بوزو لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی (باوکە روحییەکە)دا لەسەر زاری یەکێک لە سەرکردەکانی مافیا نووسیویەتی:

(هاوڕێیەتی یەکێکە لەلایەنە گرینگ و پێشینەکانی هەموو کەسێک، هەندێ جاریش هاوڕێیەتی لە لیستی داواکانی بنەماڵەش دەردەچێ)، ئەو ئامۆژگارییە ئاراستەی گۆرانیبێژێکی لاو بە ناوی جۆنی فونتانی کراوە، کە کۆششی کردووە ناو و ناودارییەکەی رەوشن بمێنێتەوە و ئاسۆی هەڵکەوتنەکەی ئاودیو نەبێت، هەندێک ئەو مەسەلەیە بە رووداوەکەی گۆرانیبێژی جیهانی (فرانک سیناترا) دەبەستنەوە، کەوا لە ساڵی ١٩٥٣ ئەزموونە هونەرییەکەی بە وەرگرتنی رۆڵێک لە فیلمی (لێرەوە هەتا کۆتایی) دەرباز دەکەن، بەوەش رووێکی تری کوزا نوستراى ئەمەریکایی نمایش دەکەن، کەوا لەو دەمانە دەستیان لە هەموو کونێک هەبووە، لە هەموو پیشە و لە پشت هەموو دەرگەیە ئامادە بوون.

مێژووی پێوەندیی تۆڕەکانی مافیا بە سینەما و میدیا دەگەڕێتەوە سی ساڵی یەکەمی سەدەی رابردوو، ئەوەش لە سەردەمی ئال کابونییەوە بووە، ئەو دەمانەی ئەو پێشەوا و سەرکردەی هەرە دیاری مافیا بووە لە شیکاگۆ، کە لە بیستەکان و سییەکاندا، ئەو ئەستێرەی هەرە بەرز و دیاری جیهانی ریکلام و راگەیاندن بووە، کە بە پڕوپاگەندای ئەمەریکایی خۆی وا نیشان داوە کەوا ئەو دزێکی شەریفە، یان خۆی وەک (رۆبن هود)ێکی نوێ نیشان داوە کەوا لە دەوڵەمەندەکان دزی دەکات، پارەکەش دەداتە کەسە هەژارەکان و ژانی نەبوونی و برسیەتییان کەم دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا تیر و گوللەکانی بەر پشیلە قەڵەوەکان دەکەوت. کابونی توانیبووی بە یارمەتی و ڕێنوێنیی چەند کەسیکی نزیک لە خۆی و شارەزا لە کارە هونەرییەکان یارمەتی ژمارەیەک لەو هونەرمەندانە بدا، وەک (ویلی بیوف) و (جۆرج برونی)، بەوەش توانییان دەست بخەنە ناو ئیدارەی یەکەتیی دەولی سینەماکاران بەوەش پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێ، بۆیەش کابونی و چەند سەرکردەیەکی تری تۆڕ و بنەماڵەکانی مافیا بە کۆششی زۆرەوە توانی پشتگیریی لە دەرچوونی برونی بکا، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی یەکەتییەکە، بەوەش توانییان زۆرترین سەرانە و پارە لە

کۆمـپـانیـا گـەورەکـانی دابەشکردنی وەک (فـۆکس بۆ سـەدەی بیـسـتـەم) و (بارامـاونت) وەربگرن.
لەگـەڵ هەمـوو بێـزارکـردنەکـان، سـالانە پەنجـا هـەزار دۆلاریان لەوان سـتـاندووە، بەشـێـکیـان وەک پارەیەک بۆ پاراستنی سـەلامەتییـان لێ وەرگیراوە، بەوەش ژمارەیەک لە ئەندامانی ناو یەکەتییـەکە دوور دەکەونەوە، ئەوەیان دەبێتە مـایەی نارەزاییـیەکی بە کۆمەڵ لەناو یـەکەتییـەکە، بۆیەش مـیدیای ئەودەمـانە رووناکی دەخـاتە سـەر ئەو مـەسـەلەیە و کـۆشش دەکـات بزانێ ئەو مـەسـەلـەیە چەندی راستە و چەندی درۆیە، کە لە ساڵی ١٩٤١ برونی و بیوف دەگیرێن و هەرەشـەی گیرانی ئەبەدییان لێ دەکەن، لەوێ دان بەوەدا دەنێن کـەوا پیاوەکانیان لە مـافیای شیکاگۆ دەستیان لەو مـەسـەلەیەدا هـەبـووە، بۆیەش ژمـارەیەکی زۆریـان دەگـیـرێن، لەوانە سـەری گـەورەی زۆریان لەنـاودا بـوو، وەک (فـرانـک نیـتی) کـە لە پاش کـابونی سـەرۆکـایەتی وەرگـرتـبـوو، ئەو (جـونی روزیللی) و (تشـارلز کوفـمان)، کە یەکە و سزای دە سـاڵ گیرانیان بۆ دەرچووبوو، بـەوەش پاڵەپەستۆکەی مافیـا لەسـەر کەرتی پیشەسازی فیلمساز کەم دەبێتەوە.

## مافیا و ئەستێرە

هۆلیوود بە پایتەختی سینەما دەناسرا، لاس فیگاس بە پایتەختی رابواردن و چیرۆکی وەنەوشـەییی سـەرمایەدارانی سینەماکاران، لەوێ ئەوان دەروازەیان بۆ مافیـا کردەوە کە تۆڕی تاوانەکانیان تێدا دابنێن، ئەوان لە سـالانی سییەکانی سـەدەی رابردوو چەتەکانی مـافیـایان بەکار هێنا بۆ شکاندنی مانگرتنی بلاتوهاکانی وێنەگرتن، بەوەش پرۆسـەیەکی موحـەرەمیان لەگەڵ تاوان و سـینەما کردبوو.
یەکێک لەو چیرۆکانەی ئەو دوو لایەنە بوونی پێوەندییەکی ئەڤینی نێوان ژنە ئەکتەر (جین هارلو) و یەکێک لە پیـاوانی ئەو چەتەگـەرییە (لونجی زویلمـان) بوو، بۆیەش بەناچاری ئەکتـەرێکی تر بەناوی (جـوان کروفـۆرد) رۆڵە سـێکسـییـەکەی ئەو دەبینێ، کـە لە سـەرەتای دەسـتـپـێکردنی ئەزمـوونی هونەریی بوو. هەر لەو دەمانەدا یەکێک لە کەسە ناودارەکانی مـافیـا بەناوی (بوجسی سیگل) کە دامەزرێنەری دەزگای لاس فیگاس بوو لەگەڵ ژنە ئەکتەرەکانی وەک (لانا ترنر) و (ئاڤا گاردنار) و خـاوەنی سـتودیۆیە گەورەکان لەوانە (جاری کوپر)، (کلارک جبیل) و (کاری گرانت). کۆمپـانیـای کۆلۆمـبیا هانا دەباتە بەر یەکێک لە سـەرکردەکانی مـافیا (میکی کوهـین) لە دۆسیەی پێوەندییـەکەی ژنە ئەکتەری ئەسـمەر (کیم نۆڤاک) بە پیاوە ئەکتەری ئەسـمـەر (سامی داڤیز). هەر لەو مـەیدانەدا ئەکـتـەری ئەمـەریکایی (سـتـیـڤن سیگال) شـکایەت لە نووسـینگەی لێکۆڵینەوەی یەکگرتـوو دەکات بەوەی کە ئەوان بەیان و هـەواڵی درۆیان لەسـەر ئەو بڵاو کـردووەتەوە کەوا ئەو پێوەندی بە رێکخراوە تاوانکارە سیسـتـەمدارەکانەوە هـەیە و دۆسـتـایەتیی لەگـەڵ مـافیـا تـوند و پتـەوە، چونکە ئەو جـۆرە پروپاگەندانە ژیانی پراکتیکی دەرووخێنن، بۆیەش بەرپرسەکانی ستۆدیوییەکان و بەرهـەمەهێنەرانی سـەربەخۆیی ئەو کەرتە زۆریان لەسـەر ئەو جۆرە قسانە، لەو دوور کەوتوونەتەوە.
کە سـەرۆکی ئەمـەریکـایی (جـۆن فیـترجیـرالد کینیدی) دەکوژرێ زوو تـاوانەکەیان خـسـتبـووە

ئەستۆی دەستەکانی مافیا، چونکە ئەو بڕیاری دابوو شەڕیان لەگەڵدا بکا، کۆشش بکەن چالاکییەکانی ئەوان سڕ بکەن. هەر لەناو کەرتی ئەکتەرانی هۆلیوود قسە لەسەر ئەوە هەبوو کەوا بەڵگەنامەی نهێنی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی یەکگرتووی ئەمەریکایی هەیە، تێدا ئەکتەری ئەمەریکاییی کۆچکردوو (مارلین مونرۆ) دەستی لەگەڵ پلانێکی مافیا هەبوو بۆ شێواندنی ناوی سەرۆک کینیدی، کە پلانەکە لەگەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیانی لە گرووپی رات پاک ساز کراوە، گوایە بەیەکەوە ئاهەنگی سێکسی بە کۆمەڵیان لە یەکێک لە هوتێلەکانی نیویۆرک لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکایی کردوو، کە تێیدا هەردوو براکەی جۆن کینیدی، رۆبرت و ئیداواریش لەو شەوچەرە سێکسییە لەگەڵ براکەیان بووینە. بۆ پشتراستکردنەوەی ئەو پروپاگەندەیەش ئەندامانی تیمی گۆرانیبێژانی ناوداری ساڵی شەستەکانی سەدەی رابردوو بەشداربوونی خۆیان راگەیاندووە، لەوانە سیناترا و سامی دیڤیسی کوڕ و ئەکتەری بەریتانی پیتر لوفۆرد و هاوسەرەکەی و باتریشیا کینیدی خوشکی سەرۆک، دەڵێن ئەو ئاهەنگە بەجۆشە لە بەشی تایبەتی لە هۆتێلی کارلایلی ناودار لە مانهاتن لە نیویۆرک ساز کراوە.

کە جۆن کینیدی دەبێتە سەرۆکی ئەمەریکایی، ناو لەو هوتێلە نرابوو کۆشکی سپی نیویۆرکی، قسەش زۆرە کەوا سەرۆک کینیدی لەوێ شەوێکیان لەگەڵ مارلین مۆنرو ماوەتەوە، کە تێدا گۆرانییە بەناوبانگەکەی خۆی (جەژنتان بەختیار گەورەم سەرۆک) لە ئاهەنگی چل و نۆ ساڵی لەدایکبوونی وتبوو، کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە مادیسۆن سکویر جاردن ساز کرابوو. هەموو لایەک دەڵێن بۆیە رەنگە مافیا دەستی لە تیرۆرکردنی سەرۆک کینیدی هەبووبێ، چونکە لە ساڵی ١٩٦١ و ١٩٦٤ دەبێتە نائیبی گشتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەئاشکرا ئەو دژایەتیی مافیای کردووە، ئەوانیش کاریان کردووە ناوی بزڕێنن، بەڵام ئەوەیان بۆ نەچووتە سەر و هیواکەیان جێبەجێ نەبووە. کە مارلین مۆنرو لە ساڵی ١٩٦٢ دەکوژرێت یان خۆی دەکوژێت، لەو دەمانە ئەو قسەیە گەرم بوو، کەوا گەورەترین و بەدەسەڵاتترین بنەماڵەی ئەمەریکایی دەستی لەگەڵ ژنە ئەستێرەکانی سینەما و تاوانە سیستەمدارەکانی مافیا هەبووە، بۆیەش سەرۆک لە ساڵی ١٩٦٣ دەکوژرێت، پاشان روبرتی برای لە ساڵی ١٩٦٨ دەکوژرێت.

## فرانکی هاوڕێ

کە لە لاپەڕەکانی مێژوو، قسە و باس لە پێوەندییەکانی مافیا بە کەسە ناودارەکانی رۆژانی خۆیان دەکرێت، ناکرێ گۆرانبێژی ئەمەریکایی رەچەڵەک ئیتاڵی فرانک سیناترا لە یاد بکرێ، کە پێوەندییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆژانەی ئەو زێدی خۆی لە هۆبۆکن جێ دەهێڵێ و روو لە بواری گۆرانی گوتن دەکات و دەبێتە هاوڕێی ویلی مۆر، کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی مافیا لە نیوجرسی پێش ئەوەی بکوژرێت.

دەڵێن کەسایەتی جۆنی فونتانی کوڕە بەخێوکراوەکەی دۆن کۆرلیونی لە فیلیمی باوکە

روحییەکە، ناوی راستەقینەیی کەسایەتیی سیناترایە، کە وتیان سام جیاتکانای ئەندام لە گرووپەکانی مافیا رۆڵەکەی بەرجەستە کردبوو، ئەو قسەیەش پاش ئەوە کرا، کە ئەو وەک دووەم ئەکتەری ساڵی ١٩٥٣ لەلایەن ئۆسکارەوە هەڵبژێردرابوو.

دەزگاکانی ئەمنی شارەزا لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دۆزینەوەی پێوەندییەکان بە تۆڕەکانی مافیا، زۆر کار بۆ ئەوە دەکەن کەوا سەرەداوێک بدۆزنەوە کەوا سیناترا پێوەندی بەوان هەیە، کە دڵنیا بوون ئەو پێوەندییە بوونی هەبووە، بەڵام هیچیان بە کەس نەوت، ئەوە و دەزانرا کەوا جوولەکەیی ئەو و پشتیوانیکردنی لوبە جوولەکەکەی دەسەڵاتداری ناو سەرکردایەتی و پلەبەرزە و دیارەکانی ناو ئەمەریکاش پشتی ئەستوور کردبوو.

جۆنی فونتانی باوکە روحییەکە، وەک کوڕی باوکی روحی دۆن کۆرلیونی، بواری گۆرانی گرتبووە بەر، دەیویست بەو کارە و بەو بەرنامەیە ناوبانگی زۆرتر دەربکات، بۆ ئەوەی دەستی لە کۆنتراکتێک هەڵبگرێت، داوا لە موزیکسازەکە دەکات دەستبەرداری بۆندەکەی نێوانیان بێ تا خۆی بەتەنیا کار بکا، بەڵام موزیکسازەکە قبووڵ ناکات واز لە بۆندەکەی نێوانیان بهێنێت، بەوەش مەبەستی بوو کوڕەکە پان بکاتەوە و دەروازەی ناسین و ناوداری و پارە کۆکردنەوەی لەسەر دابخا، بۆیە کورلیونی دەچێتە سەر کابرا و بۆ هەڵوەشاندنەوەی بۆندەکە پێی دەڵێ، من ئامادەم سەد هەزار دۆلارتان بدەمێ، دیارە کەوا موزیکسازەکە سەرەتا بە پێشنیازەکە رازی نابێ، بەڵام کە کۆرلیونی بە یاریدەرەکەی دەڵێ، چارەی بکە، ئەویش دەمانچە لەسەر سەری دادەنێ، بەو هەڕەشەیە کۆرلیونی بە هونەرمەندەکە دەڵێ:

(ئەگەر بۆندەکە هەڵنەوەشێنێتەوە لەگەڵ کوڕەکەم، بەو دەمانچەیە مێشکت هەپروون هەپروون دەکەین). ئیتر بەو شێوەیە تەنگژەکە چارەسەر دەکرێ. سیناترا بە ڕەچەڵەک ئیتاڵی بووە و بنەماڵەیان زووتر بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کردووە، ئەو لە رەوشێکی کۆمەڵایەتیی ناڵەبار و گوزەرانی ژیانی خراپ ژیاوە، لەبەر دەستکورتی ماڵەوەیان خوێندنی پێ تەواو ناکرێ، بەڵام لە کۆتایی دەکەوێتە ناو دنیای هونەر و دەبێتە یەکێک لە ئەستێرەکان سترانی جیهانی، بەوەش دەبێتە کەسێکی نزیک لە کۆشکی سپی، پاشان یەکێک لە شەقامەکانی نیویۆرکی بەناو دەکەن. سیناترا بە هەڵوێست سەر بە دیموکراتییەکان بووە، لە سەردەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی رۆزفلتەوە هەتا کینیدیش ئیدارەی پشتیوانی و کۆمەک کۆکردنەوەی بۆ هەڵبژاردنەکان کردووە، بەڵام پاشان هەڵوێستی دەگۆڕێت، دیارە ئەوەشیان پاش ئەوە دەبێ کە سیناتۆر رۆبرت کینیدی رەفتاری ناڕەوای لەگەڵدا دەکات، دیارە ئەو رەفتارەی ئەویش پاش ئەوە دەبێ کە قسە بڵاو دەکرێتەوە کەوا سیناترا پێوەندیی بە چەتەکانی مافیاوە هەیە، لەوانە لە ساڵانی پەنجاکان هەتا سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو لەگەڵ دە لە سەرکردەکانی مافیا خۆشە.

کە پۆلیسی ئیتاڵی لێکۆڵینەوە لەگەڵ لاکی لوتشیانو لەساڵی ١٩٤٦ دەکات، لەودەمانە جگەرەیەکی زێڕ دەدۆزنەوە، کە لەسەری ئەو دێرە نووسرابوو:

(بۆ ئەزیزەکەم لاکی... پێشکێشە لەلایەن هاوڕێی دڵسۆزتان فرانک سیناترا). پاش چەندان لێکۆڵینەوەی ورد بۆیان دەردەکەوێ کەوا ئەو پێوەندیی بە چەندان سەرکردەی تری مافیاوە هەبووە، لەوانە (ئال کابونی) و (مایر لاتسکی) و (جونی روزیللی) و (ویلی موریتیی) و چەندان کەسانی تریش، لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بڕواپێکراو نەکەوتبووە دەست پۆلیسەوە بۆیە هیچ لێدوانێکیان نەبوو. ویلی مویتی سەرکردەی مافیاکانی نیوجیرسی یەکێک بوو لە هاوڕێیە هەرە نزیکەکانی ئەو، سەرەتا ئەو زۆر پشتیوانیی کردووە، بە هاوکاری ئەو توانیبووی لە گۆرانی گوتن لە یانە بەدناوەکان و تیاترۆیە هەرزانەکان بگاتە سەر ساڵۆنە گەورەکان و لەگەڵ تیمە ناودارەکانی مۆزیک ئیش بکا، تا بە گۆرانییە بەناوبانگەکەی (هەموو شت یان هیچ All or Nothing at All) ناو دەردەکات. کە موریتی دووچاری نەخۆشی سفلس دەبێ و ئاوەز لەدەست دەدات، سیناترا پێوەندییەکانی بەوەوە دەپچڕێنێ و کۆشش دەکات هەموو شوێنەوارەکانی ئەو پێوەندییەش شوینبزر بکا، دیارە پاش ئەوەی مافیاش دەستبەرداری موریتی دەبێت، کە دەزانێ ئەو کەڵکی هیچ نەماوە رەنگە رۆژێک بێت نهێنییەکانیان ئاشکرا بکا، بۆیەش سیناترا بەپەلە پێوەندی بە (سام جیانکاتا) و (جونی روزیللی) خۆش دەکات و هوتێلێک بە ناوی (ساندس) لە لاس فیگاس دەکاتەوە. ئەکتەری کۆمیدیی جیری لویس کە لە ساڵانی شەستەکان هاوڕێی سیناترا بووە ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کەوا ئەو لەپێناوی گەیاندنی پارە پێوەندیی بە دەستەکانی مافیا کردووە، چونکە ئەو خۆی لە ترسی پشکنین و چاودێری ئەوەی نەکردووە. ئەو قسەیەش لە کتێبێک نووسراوە کە لەسەر ژیانی سیناترا بە ناوی (ژیانی سیناترا) بەبێ رەزامەندی خۆی بڵاو دەکرێتەوە، کە لە نووسینی ئەنتۆنی سامرز و رۆبین سوان بووە. نووسەرەکە لەسەر زاری لویس کە بۆی گێڕاوەتەوە، نووسیویەتی:

سیناترا کە بەناو بازگەکانی گومرگ دەڕۆیشت جانتای پڕ پارەی پێ بووە، جارێک ئەو سێ ملیۆن و نیو دۆلاری هەڵگرتبوو، کە پارەکەش هەمووی پەنجا دۆلارییش بووە، بەرپرسی گومرگەکە کە جانتاکە دەکاتەوە، لەبەر قەرەباڵغی خەڵکەکە و خۆ نزیککردنەوەیان لە ئەستێرە ناودارەکانی سترانی ئەمەریکایی کابرای گومرگ بیری لەسەر جانتاکە و پارەکە نامینێ و بەپەلە دای دەخاتەوە. لویس کە ئەو قسەیە دەگێڕێتەوە پاش ماوەیەکی کورت بوو لەوەی کە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤٦ لاکی لوتشیانو دەردەکات و بەرەو زێدی جارانی ئاودیوی دەکاتەوە. بەڵام سیناترا بەردەوام نکووڵیی لەوە کردەوە کەوا ئەو پێوەندیی بە مافیاوە هەبووبێ، بەڵام نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی یەککگرتوو لە مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٨ دۆسیەیەک بڵاو دەکاتەوە، ئەوەش حەوت مانگ پاش مردنەکەی بووە، تێیدا وێنەی سیناترا لەگەڵ سام جیاتکاناى سەرکردەی چەتەکانی مافیای شیکاگۆ تێدا بووە. سیناترا لە رۆژی ١٤ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٨ لە لۆس ئەنجلس بە چەندان نەخۆشی لەوانە نەخۆشی دڵ و گورچیلەکان و کانسەری میزڵدان و زهمایر (نەخۆشی لەبیرچوونەوە) کۆچی دوایی کردووە، بە مردنی ئەو لاپەڕەی ژیانی یەکێک لە سەرکردە هەر ترسناک و دیارەکانی مافیا دەپێچرێتەوە.

کەسانی ئاگەدار و چاودێرەکان دەڵێن و دڵنیان کەوا هێشتا دەستەکانی مافیا لە پشت پەردەکانەوە دەستیان لە کاروبارەکانی هۆلیووددا هەیە، هونەرمەندی کۆچکردوو (مارلون براندو) لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی کەوا چەندان بنەماڵە لە سازکردنی فیلمی باوکە روحییەکە پێش وێنەگرتنی رازی نەبوو، بۆیەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشەیان لە (فۆرد کۆپۆلا)ی دەرهێنەرەکەی کردبوو، کەوا ئەگەر فیلمەکە بە هەر شێوەیەک ناوی هەر یەک لە کەسێکی ناو مافیوزی لەکەدار بکا، ئەوا ئەوان فیلمەکە دەرووخێنن، بەتایبەتی ئەگەر سەرکردەکانی مافیا ناوی بە خراپە بێ، بۆیەش پاش دیالۆگێکی زۆر و دانوستاندن بڕیار دەدەن کەوا یەکێک لە ئەندامانی مافیا بۆ دیتنی گرتەکانی فیلمەکە دێنە ناو ستودیۆکانەوە، تا دڵنیابن کەوا وێنەگرتنەکە وەک دەقی سیناریۆکەیە، بۆیەش ئەگەر دیمەنێک لەگەڵ ویستی ئەوان نەگونجێت ئەوا یەکسەر فەرمان دەدەن وێنەگرتنەکە رابگرن. براندو وتوویەتی کە ئەو رۆڵی کۆرلیونی دەگێڕا وای دەزانی، هەموو دەمێک لە کاتی وێنەگرتنەکە لوولەی دەمانچەیەک بەسەر سەرییەوە راگیراوە. کە فیلمەکە تەواو دەبێ و لە سالۆنەکاندا نمایش دەکرێت لەناو بنەماڵەکانی مافیا چرپەچرپەی زۆر پەیدا دەبێ، چونکە زۆریان سێبەری خۆیان لەناو رووداو و کەسایەتییەکانی فیلمەکە دەدۆزییەوە، ئەوەش لەناو کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بەگشتی رەنگدانەوەی هەبووە، بۆیەش ئیدارەی ئەمەریکایی بەخۆدێتەوە و گومان دەکات کەوا ئەو کەسایەتییانە رەنگە لەناو کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بەڕاستی بوونیان هەبێ، دیارە ئەوەش ناشاردرێتەوە، ئەوەش بوویتە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی ئەمەریکا. فیلمەکە هوشدارییی ئەوەشی دابوو کەوا زۆر گرینگە و زۆریش پێویستە کەوا ئاوڕی راستی لە نووسینەوەی دروستی مێژووەکەیان بدەنەوە، بەتایبەتی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ناکرێ مێژوو بە چاوێکی میسالی بنووسرێتەوە، وەک چۆن هەندێک وا هزر دەکەن.

لە بەشی سێیەمی فیلمەکە مایکل کۆرلیونی کوڕەکە، کە پێوەندییەکانی بە مافیاوە دەبڕێت و خەریکی پارەگۆڕینەوە دەبێ، تا دواڕۆژی خاوێن و مسۆگەر بۆ منداڵەکانی دابین بکا، کۆشش دەکات پێوەندی بە فاتیکانەوە پتەو بکا، لەو بەشەدا فیلمەکە باس لەو رۆژانەی کوڕەکە دەکات، کە چەندان کۆمەک و یارمەتی دەداتە فاتیکان، ئەوانیش چەندان خەڵاتی دەدەنێ فیلمەکە لەو بەشەدا فاتیکان تووڕە دەکات، بۆیەش ئەوان سەرەتا کۆشش دەکەن فیلمەکە رابگرن. زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرا کەوا بوزوی نووسەر کە ئەو قسە و بەسەرهاتانەی لەسەر فاتیکان هەڵبەستاوە، یان بەڕاستی ئەوەیان بە راستی قەوماون؟ بوزو وتوویەتی کەوا ئەو زانیاری نییە لەسەر بوونی دەستی مافیا بە فاتیکان و موخابەراتی هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپایی، کە بە دەستی موخابەراتی ئەمریکایی بەڕێوە دەچوون، لەوانە چالاکییەکەی (خۆرهەڵاتنەکە) و (ئاشتی) لە نێوان پیاوانی موخابەرات و مافیا لەوانە ئەلبرت ڤینسنت کارونی.

بوزو لە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی نیوزویک لە ساڵی ١٩٧١ نکوڵی لەوە ناکات کەوا هەندێ لەو بنەماڵانەی بە ڕەچەڵەک ئیتاڵین پێوەندی و دەستیان لە تاوانەکانی ئەو دەمانە هەبووە، بەڵام هەندێ لەوانە سەرکەوتنیان لە ژیانی ئەو وڵاتە نوێیەیان مایەی شەرەف و کۆشش بووە، بۆیە بەناچاریش توندکاریش بوونە لە پارە پەیداکردن و خۆژیاندنیان، بۆیەش بوزو لە نووسینەکەیدا بۆ ئەو خێزانانە بیانووی بۆ ساز کردبوو کە توندکاربوون و مافیا ئەو شێوازەیان پێڕەو کردووە بۆ دەوڵەمەندبوون، ئەوەش بە نموونەیەکی شەرەفی سیسلیایی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی زانیوە. بوزو بەو بەرهەمە هونەرییە توانیبووی ڕووی بینەرەکانی خۆش و کامەران بکا، کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان بەڕوونی ڕۆڵی مافیای لە پیشەسازی سینەما لە هۆلیوود دەرخستووە، کە لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی فیلمی سێکسی دەیان ملیۆن دۆلاریان پەیدا کردووە.

## تۆپ تێن لە مافیاکانی دنیا

لە ناوەندی سەدەی بیستەم و کۆتاییی هەردوو شەڕە جیهانییەکە، هەردوو باڵەکەی مافیا (کوزانوستراـ) ئیتاڵییەکە و ئەمەریکاییەکەوە دەستیان لە تاوانکارییە سیستەمدارەکان توند دەکەن و لە دەماری نێوان ئەوروپا (جیهانە کۆنەکە) و ئەمەریکا (جیهانە نوێیەکە) پەلیان هاویشتبوو. لەگەڵ زۆربوون و باشبوون هۆکارەکانی پێوەندی و گەیاندن و لەبەر رووخانی سیستەمەکانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و کرانەوەیان بەڕووی بازاڕی ئازاد و ئابووری بازاڕەکان، مافیای ئیتاڵیایی ئەمەریکایی گەرم و ساز دەبن بۆ بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان، کە لە ساڵەکانی هەشتاکان و لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بازاڕی گەرم بوو. بە ئاسانکارییەکانی دروستبوونی یەکەتیی ئەوروپایی لە ساڵی ١٩٩٢ و ئازادی دەریاوانییەکان و سەفەری خەڵکەکە لە نێوان وڵاتەکان بازرگانییەکانی بەجۆش کردبوو، هەروەها سستی دەسەڵاتەکان و تەنگژەکانی گەشەسەندنی ئابوورییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، بوارسازی زۆر کردبوو بۆ ئەو کارە ناشەرعییانە. ئەو فاکتەرانە سازکرا تۆڕەکانی تاوانە سیستەمدارەکان چالاکتر بن، بۆیەش هیچ لەو دەوڵەتانە بۆیان نەدەکرا پێش لەو چالاکییە بازرگانییە بگرن، بەوەش بەدکارەکان و تۆڕەکانیان دەستیان دەگەیشتە هەموو گۆشەیەک و لە هەموو گۆشەیەکیش بەئاسانی دەربازیان دەبوو، کە لەو ساڵانە و لەو ڕەوشانەدا داهاتیان دەگەیشتە زۆرتر لە داهاتی هەموو فرۆشتنی دانەوێڵە و گوشت لە دنیادا.

## فرە ڕەگەز

مافیا لەگەڵ گەورەبوونیدا ناسنامە ئیتاڵیایی و ئەمەریکایی لەبەردا نامێنێت، کە جاران ئەوەیان سومبلی شانازی بنەماڵەکانی بوون لەناو بنەماڵەکانی تاوانکارەکان، مافیا بووبووە دروشم و کارنامەی چەندی ڕێکخراوی فرەڕەگەز بۆ زۆرترین پارە پەیداکردن و دەوڵەمەندبوونی زۆر خێرا،

بۆیەش دەبنە دەستـەگەریی فرەدەست و فرەبەرنامـەی توندکاریی، دەکرێ خـەسڵەتەکانیـان بەپێی شارەزاکانی تاوانکارییەکان لەو خاڵانە بەرجەستە بکرێتەوە:

* نەخشـەسـازییـەکان: بوونـی نەخشـە لە چالاکی و بەرنامـەکانیـان فـاکتـەری سـەرەکی بوون لەناو دەستەکانی تاوانی سیستەمدارەکاندا، بەوەش کەفیلی سەرکەوتن و بەردەوامییان بە پشتیوانی کادر و ئەندامە سـەرکەوتوو و بەتواناکانیان جێبەجێ دەکرد، کە لەو بەرنامانەدا کارامە و لێزان بوون.

* لێـزانی: لێـزانی و دەسـتگەرمـی یەکـێکە لـە مـەرجـەکـانی سـەرکـەوتنی تاوانەکـانی تـاوانی سیستـەمدار، کە مـەبەسـتیـان بووە بە زووترین کات دەوڵەمەنـدبن، کە سیمـای ناشـەرعیـەتی و نایاساییەکانیشی پێوەیە.

* ئاڵۆزکاریی: تا ڕێکخستن و تۆڕەکان ئاشکرا نەبن، کاریان دەکرد تۆڕەکان زۆر ئاڵۆزبن.

* بەئەندامـبـوون: ئەو ڕێکخـراوەیە توانای ئـەوەی هـەبوو ئەندامی زۆرتر لـەسـەر ڕێکخـسـتنەکـانی کۆبکاتەوە، شارەزابوون لەوەی پشـتیـوانییـەکان بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ ئەندام بۆ خۆیان زۆر بکەن، توانای ئەوەیان هەبوو ویژدانی لەرزۆکی خەڵکەکە بکڕن، یان بیانترسێنن، یان پاڵەپەستۆیان بخەنە سەر تا کۆچ دابنێن.

* مـەترسـیـیـان لـەسـەر کـۆمـەڵگەکـە: دەزگـاکـانی دادوەری نـەیاندەتوانی ئیـدانەی پیـاوانی ڕێکخـراوەکـانی تاوانی سیـسـتـەمـدارەکـان بکەن، چونکە بەڵگەی تاوانبـارکـردنیـان دەست نەدەکەوت، لەبەرئەوەی سـەرکردایەتی مـافیـا لە داڕشتنی پلانەکانیـان و خۆسـازکـردن و کـاری نهێنییـەکانیان زۆر شـارەزا بوون، بۆیە دۆزینەوەیان ئاسان نەبوو. ئەوانیش بەبێ ئەوەی ترسیان هـەبێ، بەبێ ئەوەی سـزا بدرێن کارەکانیان گەشـە پێ داوە، بەوەش زۆرتر گەندەڵییان بوارسـاز کردووە کە زۆرتر تەشەنە بکا و بەرنامەکانی گەشەپێدان سست بکەن.

* جەختکردن لەسەر هاوپەیمانییە ستراتیجییەکان: بۆ ڕاپەڕاندن و گەیاندنی ستراتیـجییـەکان و پێوەندییـەکانیـان لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆری ڕێکخراو و دەسـتـە و بانـدی لۆکالی و هـەرێمـایەتی و دەولی بۆ ڕوونـەدانی ڕووبەڕووبونەوەکـان و نەڕشـتنی خـوێن کـردووە، بەوەش مـافیـا بەرگـێکی جیهانی لەبەر کردبوو، لە هەموو کیشوەرەکان چالاکییان هەبووە.

***

لەگەڵ ئەو هـەمـوو پێشـهـاتە نوێیانە چەتەکانی تاوانە سیستـەمدارەکان جاران و لە سـەردەمـە نوێیەکانیش هـەمان ڕەفتار و بەرنامەیان هەبووە، هەیکەلەکەیان وەک جاران بووە، سـەرۆکەکەیان لە سـەرووی هـەرەمـەکە بووە، لە دوای ئـەویش دوو یاریدەرەکەی، پاشـان کەسـە نزیکە دڵسـۆزەکانی خۆی، هـەمـووشیان لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەکانی مافیای سیسلیایی لە گوێڕایەڵییـەکی کوێرانە و جـێـبـەجـێکردنی فـەرمـانەکـانی سـەرۆک، هەروەها هـەمـوویان ڕەچاوی ئەوەش دەکـەن، کـەوا بەرژەوەندییەکانی بنەماڵەکە لە سـەرووی بەرژەوەندییە تایبـەتییەکانی خۆیانە. ئەندامە نوێیـەکانی

ناو ئەو ڕێکخراوە دەبێ ماوەی ئەزموونی خۆیان لە تاقیکردنەوە زەحمەتەکان دەرباز بکەن، ئەوەش خۆی لە بەندەکانی پەیڕەوی ناوەخۆییەکەیان بەرجەستەیە، هەمووش ڕێزی بنەماکانی دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەلاتیان دەگرن، بۆیەش لە ئەنجامدا دەکەونە ناو گێژاوی شەڕ و ململانێی خوێناوی لەنێو خۆیاندا.

## مەیدانەکانی تاوانە سیستەمدارەکان

چالاکییەکانی دەستەکانی تاوانە سیستەمدارەکانی مافیا بەندە بە جۆری گەشە و بینینی سەرکردەکانیان، لەوانە چالاکییە زۆر دیارەکانیان لەو خالانە بەرجەستەن:

١- بازرگانیکردن بە مادەی بیهۆشکەر:

دیاردەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ٢٠٠٠ ڕێژەی بازرگانی ئەو مادەیە دەگاتە ڕێژەی ٨٪ لە کۆی بازرگانیی دنیادا، کە داهاتەکەشی لە کاری ڕەوا و ناڕەوا بەکار دێت. بۆ مەبەستی لەناوبردن و کەمکردنەوەی بەکارهێنان و بەرهەمهێنان و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و ڕێنوێنییەکان بۆ کەمکردنەوە و قەلاچۆکردنیشی سالانە نزیکەی ١٢٠ ملیار دۆلاریش بەکار دەهێنرێ. ولاتی کۆلۆمبیا بە ولاتی ژمارە یەک ئەژمارد دەکرێت لەو ولاتانەی زۆرترین چاندنی ئەو مادەیەی تێدا دەکرێ، ڕووبەری ئەو زەوییەی بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێت دەگاتە ١٥٠ هەزار هکتار، کە تێیدا سالانە بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠١ بەرهەمی کۆکایین دەگاتە نزیکەی ٦٥٠ هەزار تۆن. مەکسیک ئەو ناوچەیەیە کە بە باشترین بوار حیسێب دەکرێ بۆ ئاودیوکردنی موخەدەرات بۆ ناو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە داهاتی سالانەی زۆرترە لە داهاتی بەرهەمی نیشتمانی پترۆلی خاوی دەوڵەتی مەکسیک. لە ولاتانی موسلمانیش هەردوو ولاتی ئەفغانستان و پاکستان بە هەبوونی کێڵگەی ئەو مادانە بەناوبانگن.

٢- بازرگانیکردن بە بەشەر:

پاش بازرگانیکردن بە چەک و موخەدەرات بازرگانیکردن بە بەشەر لە پلەی سێیەم دێت، ئەوە و ئەو بازرگانییە ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر گەشەی کردووە، هەموو دنیای گرتووەتەوە، جا ئەو ولاتانەی خەلکەکە ڕووی تێ دەکەن، یان ئەو ولاتانەی وەک بوارێکی دەربازبوون و گەیشتن بەکاریان دەهێنن. دەستە تاوانکارە سیستەمدارەکان، منداڵان یان ژنان بۆ چەندان مەبەست مامەڵەیان پێ دەکەن، وەک کڕین و ویستی ئەندامانی لەشیان بۆ گۆڕین، یان ژنەکان وەک سۆزانی بەکار دەهێنن، دیارە ئەوەش دەسکەوتی باشی بووە، مافیاکانی سێگۆشەکەی چینی و یاکوزای ژاپۆنی ئەو کارە زۆر دەکەن.

٣- ئاودیوکردنی کۆچبەرە ناشەرعییەکان:

سالانە ئەوانەی ئەو کارە دەکەن نزیکەی سێ ملیار و نیو دۆلاریان دەست دەکەوێ، چونکە ئەو بازرگانییە بووەتە کارێکی زۆر بە قازانج، کارێکی باشیشە، چونکە وەک بازرگانیکردن بە چەک و بە مادەی بێهۆشکەر ترسناک نییە. ئەو رێکخراوانە زۆرترین خەڵک لە هاووڵاتییانی جیهانی سێیەم، بەتایبەتی ئەوانەی لەبەر هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، یان لەبەر دژواری شەڕ لۆکالییەکان رێگەی دەربازبوون لە وڵاتەکانیان هەڵدەبژێرن، بۆ ئەو مەبەستەش پارەی زۆر دەدەن، بەوەش مەبەستیانە بە رێگەی ناشەرعی بگەنە ئەو وڵاتانەی ئارامی و زەمانەتی زۆرتری تێدایە.

## سپیکردنەوەی پارە

بەپێی سەرچاوە ئاگەدارەکانی ئابووری کە دەڵێن سالانە نزیکەی نیو تریلیۆن دۆلار لە دنیا پارە سپی دەکرێتەوە، رەنگە ئەو ژمارەیەش هەتا یەک و نیو تریلیۆن بەرز ببێتەوە، ئەوەش دەگاتە رێژەی ١٠٪ لە داهاتی گشتی دنیا. لیژنەی ئەوروپایی بۆ پارە سپیکردنەوە لە دەلیلەکەیاندا نووسیویانە کەوا پارە سپیکردنەوەی مافیا، ئەو پارانەیە کە بەشێوەیەکی ناشەرعی ئەوان پەیدای دەکەن، یان ئەو پارەیەیە کە دەدرێتە ئەو کەسانەی تاوانێک دەکەن، تا خۆیان لە سزادان دوور بگرن، پارەیەک دەدەن بۆ دەربازبوون لە سزاکانی تاوانەکە. دیارە کەوا ئیشکردن و قاچاخکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان سەرچاوەی سەرەکی پارە سپیکردنەوەیە، ئەوەیان بە پلەی یەکەم دێت، پاشان بازرگانیکردن بە چەک و شوێنەوارەکان و پارەی قەڵپ، ئەوەش شوێنەواری خراپی لەسەر پارەی بازاڕەکان و ئاستی نرخەکانی سەرەف هەبووە. دەستەواژەی پارە سپیکردنەوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەمەریکا بەکار هاتووە، ئەوەش بەرئەنجامی ئەوە بوو کە چەتەکانی سەر شەقامەکان کۆششیان کردووە پارە و دەسکەوتەکانیان شەرعیەتی بدەنێ.

هەندێ لە شارەزایان دەڵێن ئەو دەستەواژەیە یەکەم جار وەک دەستەواژەیەکی قەزایی لە ئەمەریکا وەک دۆزی دەستەیەک پارەیان لەدەست بووە بۆ ساخکردنەوە و سپیکردن کە لە بازرگانیکردن بە کۆکایینی کۆلۆمبی دەستیان کەوتبوو بەکار هاتووە، ئینجا ئەو زاراوەیە زۆرتر دەناسرێ و لە کۆڕەکان بەکار هاتووە، بەتایبەتی لە راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەکان، کە تێیدا داواکار بوون کۆنگرەیەکی دەولی بۆ قەڵاچۆکردنی تاوانە سیستەمدارەکان لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٤ بۆ ساز بکرێ.

## لیستی بەدکارەکان

لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئاگەداران لیستێکیان بۆ پۆلینکردنی دڕندەترین مافیا بڵاو کردبووە، تێیدا بۆ دەستەکانی مافیا پێشبڕکێیان دانابوو، لەو پۆلینە و ریزبەندییەدا بە گوێری دڕندەییان نووسراوە، وەک:

دەیەم: مافیای جامایکی بەریتانی (یاردیس)

دەستەیەک لە کۆچبەرە جامایکییەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ بەرەو وڵاتی بەریتانیا هاتبوون، ئەوان پێوەندییان بە چالاکییەکانی ڕێکخراوەکانی تاوانە سیستەمدارەکان و توندکارییەکان و قاچاخی و مامەڵەکردن بەموخەدەرات و فرۆشتنی جۆرەها چەک کردبوو، لەگەڵ بوونی چاودێریی وردی لایەنە ئەمنییەکان و دەسەڵاتی باڵای بەریتانییەکان ئەوان توانیبوویان پێگەیان هەبێ، ببنە دەستەیەک لە مافیای دنیا.

نۆیەم: مافیای ئەلبانی و ناوەڕاستی ئاسیا

مافیای ئەلبانی بە دەستی چەندان گرووپی تاوانکار چالاکییەکانیان دەگەیشتە ئەمەریکا و ئەوروپا، کە برێتی بوون لە کاری سۆزانی و بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان، ئەوانەشیان بە بنچینەکانی تۆڵەکردنەوە و خوێنڕشتن و ئازاری جەستەیی کردووە، هەموو کێشە و ناکۆکییەکانیان بەو ئاراستانە چارەسەر کردووە. تاوانکارییە سیستەمدارەکان لە سەدەی پازدەمەوە لەناو وڵاتی ئەلبانیا هەبووە، ئەوەش لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەرەو ئەوروپا و دەرەوەی وڵاتەکەیان پەڕیونەتەوە، دیارە هەڵکەوتنە جوگرافییەکەیان فاکتەری زیندووی ئەو مەسەلەیە بووە، چونکە دیارە کەوا ئەلبانیا کەوتووەتە تەنیشت وڵاتی گریس و مەکدونیا و مۆنتی نیگرۆ و بۆسنە و هەزرە گۆڤینا و دەکەوێتە سەر دەریای ئەدریاتیکی، بەوەش ئاودیوکردنی چەک و موخەدەرات و دەربازکردنی کۆچبەرەکان و سەوداکردن بە کیژۆڵەی تەمەن گچکە ئاسان بووە. هەر لەو دەڤەرەدا مافیای تورکیش کە هەتا سەرەتای نەوەتەکان لە ئەڵمانیا چالاکییان هەبوو، چونکە ئاشکرایە کەوا نزیکەی سێ ملیۆن هاووڵاتیی تورک لەو وڵاتەدا دەژین، بەڵام کار و چالاکییەکانیان لە سنووره تەقلیدییەکانەوە بوو، هەتا لەگەڵ مافیاکانی وەک ئەلبانی و رووسی و ئەفریقی دەکەونە ململانێ و چالاکی. لە هەموو حاڵەتەکاندا مافیای ئەلبانیش سەدان جۆرە چالاکییان کردووە و ساڵانە نزیکەی شێست ملیار دۆلاری لە ئابووری بازاڕی رەشدا دەسکەوتیان بووە، ئەوەش دەگاتە چارەگێک لە کۆی داهاتی نەتەوەییان. مافیای تورکیش لەگەڵ مافیای بولگاری دەستیان هەبووە، بەیەکەوە لە تەزویرکردنی پێنج ملیۆن دۆلار لە ساڵی ٢٠٠١ دەست و هاوکار بوون.

هەشتەم: مافیای سربیی

ئەو مافیایە لەناو دە وڵات کار و چالاکییان هەیە، لەوانە ئەڵمانیا و ئەمەریکا و بەریتانیا و فرەنسا، ئەوانیش چەندان کاری قاچاخ دەکەن، موخەدەرات ئاودیو دەکەن، بە پارە خەڵک دەکوژن، سەرانەی پارێزگاریش لە خەڵک وەردەگرن، قوومار دەکەن، چەک دەدزن و پاشان دەیفرۆشنەوە. مافیای سربی سێ گرووپی چەتەگەریی سەرەکیین، لەوانە فودوفاک، سورسین و زیمون، ئەوانەش چەندان دەستەی گچکە و ژمارە کەم بەرێنوێنیی ئەوان ئیش دەکەن، کە ژمارەی ئەو دەستە گچکانەش لەناو سربیا دەگاتە سی دەستە.

حەوتەم: مافیای ئیسرائیلی

مافیای ئیسرائیلی لە چەندان وڵاتدا چالاک و ئەکتیڤن، کاری موخەدەرات و سۆزانی و ئاودیوکردنی بەشەریش دەکەن بە پارە کوشتنیش دەکەن، بەئاشکرا و سەرکەشانە خەڵک دەکوژن، خەڵک دەفڕێنن و بە پارە ئازادی دەکەن. دەڵێن مافیای رووسی و ئیسرائیلی هاوکارن لە کارکردن بەناو بازنەی سیستەمی سیاسی و دەزگەکانی پاوەر لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زۆریش کۆشش کراوە لەو چالاکییانە رایان بگرن، بەڵام ناتوانن.

شەشەم: مافیای مەکسیکی

لە ناوەندی سەدەی رابردوو ئەستێرەی مافیای مەکسیکی دەدرەوشێتەوە، لە گرتووخانەکانی ئەمەریکا دەبنە بەهێزترین مافیا، ئەوان دەتوانن ئەندامەکانیان لە ئەفسەرەکانی گرتووخانەکە بپارێزن و چاویان لە ئەندامە گیراوەکانیان بێ، هەروەها بە پارەش خەڵکی تری گیراویان پاراستووە، بەتایبەتی ئەوانە ترسی کوشتنیان هەبوو، نەوەک نەیارەکان لەناو گرتووخانەکانیش زەفەریان پێ ببەن، لەوانە بازرگانەکانی موخەدەرات، ئەوان و کەسانی تریش. بۆ ئەو مەبەستەش دەستەکانیان دەگەیشتنە ناو هەموو گرتووخانەکان. ژمارەی مافیای مەکسیکی لەناو ئەمەریکا دەگەیشتە نزیکەی سی هەزار کەس، هەموویان بۆ ناسینەوەیان لەناو یەکتری ئەندامێکی لەشیان دەکووتا، کە کوترانەکان نووسینی مەکسیکی بوو، یان رەمزێکیان لەسەر شێوەی چەقۆی ڕووبەڕوو دەکرد.

پێنجەم: مافیای یاکوزای ژاپۆنی

لە سەدەی حەڤدەمەوە دەستەیەک لە کەسانی بێ کار فێر دەکەن چەک بەکار بهێنن و لە کاری چەتەیی رایان دەهێنن، ئینجا کاری دزی و راوڕووتیان پێ دەکەن و لە شەقامی شارەکان لێزانانە جەردەییان کردووە. ئەندامانی چەتەکانی یاکوزا بۆ سەلماندنی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی بۆ سەرۆکەکەی پەنجەیەکی خۆیان دەبڕن و پێشکێشی سەرۆکەکەیان دەکەن. بەپێی ئامارێکی ساڵی ١٩٩٦ دوو هەزار و پێنجسەد گرووپ بوونیان هەیە و ئەوانەش سەرجەم دەسەڵاتیان بەسەر نزیکەی سەد و پەنجا هەزار ئەندام دەشکا، ئەوانەش زۆرتر کاری پاسەوانی چەتەکان و فیلمی سێکسی و سۆزانییەکان و قاچاخکردن بە کۆچبەرەکان و فێڵ و پارە سپیکردنەوە لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و فلیپین دەکەن. فیلمی (سوناتین) کە دەرهێنەرەکەی (تاکیشی کیتانو) بوو، وردەکاری چالاکییەکانی یاکوزای تێدا بەرجەستە کردووە.

چوارەم: سێگۆشە چینییەکە

سێگۆشە چینییەکان لە ناوەندی سەدەی حەڤدەم بەهۆی چەند رەهبانێکی بودی پەیدا بووە، کە دەستەیەکی نهێنی کار و بەرنامە بوون، ئەندامەکانیان سێگۆشەیەکیان وەک سومبل هەڵگرتبوو،

لاییەکانی سێگۆشەکە کە درێژاییان وەک یەک بوو، هیمای ئاسمان و خاک و مرۆڤی دەگەیاند. پاشان ئەو سێگۆشانە ڕێباز و ئامانجەکانیان بەرەو تاوان و بەدکاری لا دەدا، لە سەدەی هەژدەم لەژێریی ناوی (تیان دی هوی) خۆی دەدۆزێتەوە، یەکێک لە ڕاهنەکان وتبووی:

ژمارەی ئەندامەکانمان دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن ئەندامی چالاک. ئەوان لەناو ڕێکخستنەکانی تاوانکاری لە چین و مالیزیا و هۆنگ کۆنگ و تایون و سەنگافوورە کاریان کردووە. مافیای چینی چالاکییەکانی دەگاتە نیویۆرک و لۆس ئەنجلس و سیاتل و ڤانکۆڤەر و سان فرانسیسکۆ، کە دەستیان بەسەر هەموو چالاکییەکانی دزی و کوشتنی بە پارە و بازرگانی بە موخەدەرات و سەرانە وەرگرتن و چەتەیی و تەزویر و ئاودیوکردنی کۆچبەرەکان داگرتبوو.

سێیەم: کارتلەکانی موخەدەراتی کۆلۆمبی

دەستەکانی مافیای کۆلۆمبیا لە سەرەتاوە کاری بازرگانی موخەدەراتیان کردووە، کۆکایینیان لە سەرانسەری دنیا دابەش کردووە، کە سالانە ٨٠٪ دابەشکردنی ئەو مادەیە کردەی ئەوان بووە، چالاکییەکانی کارتلەکانی گەیشتبووە چەندان ولاتانی ئەمەریکای لاتینی، لەو ولاتە دەستەی چالاکییان زۆر بووە، لەوانە: کارتل کالی، کارتل مادلین کە سەرکردەکەیان بابلو ئاسکوبار بووە کە لە ساڵی ١٩٩٢ بە پلانێکی هاوبەشی هەردوو حکوومەتی ئەمەریکایی و کۆلۆمبی کوژرا.

دووەم: کوزانوسترا

ئەو ڕێکخراوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لە ئیتالیا دامەزراوە، یەکەمین جار ناو و چالاکی ئەو دەستەیە لە ساڵی ١٨٩١ لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتووە، دیارە زووتر چەتەکانی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ هاوولاتییە ئیتالییەکان بەرەو جیهانە نوێیەکەی ئەمەریکا کۆچی بەکۆمەڵیان کردبوو.

کوزانوسترا لە بواری ڕێکخستن و دیسپلین زۆر کارامە بوون، بنچینەکانی کاریان پیرۆز سەیر کراوە بۆیە ئەندامەکانی بۆیان نەکراوە لە کاتی لاساری دەربازیان ببێت، ئەوان سزا دراون، بە ماوەیەکی کەم توانیبوویان تۆڕی پاراستنی بازرگانە گەورەکانی موخەدەرات و چەکسازیی بگرنە دەست، بە پارەش خەڵکیان کوشتووە. پیاوانی مافیا، ئەمەریکا لە نێوان دەستەکانی خۆیان دابەش دەکەن، لە نێوان بیست و شەش دەستە و گرووپ کارە بەدکارەکانیان پاوان دەکەن، بەلام بەرئەنجام لەسەر داهات و ململانێیەکاندا دەکەونە ناو یەک، یەکتری دەبڕێنەوە، بەرئەنجام تەنیا پێنج بنەماڵەی مافیا لە نیویۆرک دەمێنێنەوە، لەوانە، بونانو، کۆلۆمبو، جینوفیز، لوتشیز، ئەوانیش زیرەکانە توانیبوویان تۆڕەکانیان بخزێننە ناو دەزگاکانی پۆلیس و سیستەمی قەزائی ئەمەریکایی و لە نیوەی سەدەی رابردوو، ئەو دیاردەیە بەرِوونی هەستی پێ کراوە، بۆیەش زۆریان درابوونە دادگە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرابوو، لە سەدەی بیست و یەک دەستەیەکی نوێی بە ناوی La Cosa Nuova (شتە نوێیەکە) پەیدا دەبێ. ئەوانە هیچ بڕوایان بە رەگەزنامە و رەچەڵەکی کۆنی

خۆیان نابێ، چالاکییەکانیان دەگاتە ناو هەموو کردەوە نایاساییەکان، وەک قوومار و سۆزانی و موخەدەرات و بەکارهێنانی منداڵان بۆ سێکسکردن و مامەڵەکردن بە ئەندامی جەستەی خەڵک. دەرهێنەری سینەمایی فرانسیس فۆرد کوبولا، بە فیلمە سێ بەشییەکی توانیبووی راستی و دروستی رۆژانەی بنەماڵەکانی مافیای ئەمەریکایی نیشان بدا و پەردەیان لەسەر روو و ئاکارەکانیان هەڵبداتەوە.

پلەی یەکەمی بێ رکابەرایەتی: مافیای رووسی

مافیای رووسی لە سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەتەوە هەبووە، پاش مردنی ستالین گەشت و بەرنامەکانیان گەشەی کردووە، لە سەردەمی حوکمی سەرۆک برژنییف زۆرتر چالاکانە کاریان کردووە، بەڵام لە سەردەمی گورباتشۆف و بە رووخانی سیستەمی سۆڤیەت ئەوان زۆرتر نما دەکەن. کە تێدا چەندان کۆنە ئەفسەری پلەداری موخابەراتی رووسی و پسپۆرانی شارەزا لە سپیکردنەوەی پارە بەشدارییان دەکەن، زانایانی ناوەکی، ئەندامە کۆنەکانی حزبی شیوعی شارەزایی و کارامەییەکانی خۆیان بۆ مافیا هەرزانفرۆش کردبوو.

زۆربەی ئەندامانی مافیای رووسی بەرەو ئیسرائیل و ئەمەریکا و ئەڵمانیا کۆچ دەکەن، هەمووش ناسنامەی جوولەکەیی و ئەڵمانییان لەو سەفەرانە بەکار هێناوە، دەستیان بە چالاکییە ناشەرعییەکان کردووە، وەک تۆڕەکانی تری مافیای دنیا بەو چالاکیانە داهاتی زۆریان دەست کەوتووە. ئەوان یاساییەکی توندکاریان پەیڕەو کردووە، کەوا بەهیچ شێوەیەک ئەندامانی مافیای رووسی بۆیان نییە لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتەکان هاوکار و پشتیوان بن، هەروەها بە گیرانی هەر ئەندامێکیان تا زانیارییەکان نەدرکێنێ، بەخێرایی ئەندامە گیراوەکەیان کوشتووە، ئەگەر ئەندامێکیان ئازاد کرابووایە زوو دەیانکوشت، نەوەک دژیان کار بکا و حکوومەت بۆ مەرامی خۆی ئازادی کردبێت و تا چاو لە چالاکییەکانی مافیا بکا. مافیای رووسی لەگەڵ رۆڵەکانی کوزانوسترای ئەمەریکایی پێوەندی و رێککەوتننامەیان هەبووە، بەوەش کارئاسانییان بۆ یەکتری کردووە و کۆششیان کردووە چالاکییەکانیان دوو ئاراستەی جیاواز بێ، بەوەش بەرژەوەندییەکانیان تێکەڵ نابێ. بە پەرەسەندنی مافیای رووسی، بنەماڵەکانی کوزانوسترای سیسلیایی و ئەمەریکایی لاواز دەبن، نەوە و هاوڕێیەکانی کابونی لە شیکاگۆ و لوتسیانو و نیویۆرک لاواز دەبن، بەوەش رەنگی سووری مافیای سۆڤیەتی گەشە دەکات، لەگەڵ ئەوانە مافیای ژاپۆنی یاکوزا و مافیای چینی تونگ و هۆنگ کۆنگ و تایوان و سێگۆشییەکەی خوارووی رۆهەڵاتی ئاسیا، لەگەڵ مافیای لاتینی کە ناوبانگیان هەموو سنوورە سیاسی و جوگرافییەکان دەبڕن، هەموویان بەیەکەوە دەستیان دەگاتە جیهانە نوێیەکە و کۆنەکەش.

# پیشەسازیی سێکس

بەدواداچوونێکی ماڵپەڕی تایبەت
بەتوێژینەوەی ئەکادیمیی نێودەوڵەتی

**سـەرەتا:**

لەشـفرۆشـی، حـەزکـردن لە رابواردن و شـێوەکـانی تری بـازرگانیکردن بەسـێکس بەشـێکی زۆر بچـووکە لەو پیـشـەسـازییـەی دەکرێ و پێوەندیی بەکـاروباری دۆلار و داهـاتەوە هـەیـە. لەو رێگەوە کەمینەیەکی کۆمەڵگە دەوڵەمەند و چالاک دەبن، لە کـاتێکدا کۆمەڵگە بەگشـتی تووشی لێکترازان و تێکچـوون دەبێتەوە. ئەوانەی لە پیشـەسـازیی سێکس وەگلاون، زۆربەیان پێویسـتییـان بەچاودێریی تەندروسـتی هـەیە و لە ئەنجامی ئەو توندوتیـژییە سـێکسـییـەی بەهـۆی پیشـەکەیانەوە تووشی دەبن دەبێ چارەسـەریی پزیشکیـان بۆ بکرێ. لەوانەیە ئەوان پێـویسـتـییـان بـەپاراسـتن لە تووشـبـوون بەهەندێک نەخۆشیی ترسناکی وەک ئایدز بێ کـە ڤـایرۆسـێکە پێوەندیی سـێـسکی بەهـۆکـارێکی سەرەکی لە گواستنەوەی دادەنرێ.

هـەروەهـا ئـەوانەی لە کـەرتی پیـشـەسـازیی سـێکسکدا کـار دەکـەن پێـویسـتـیـیـەکی زۆریان بەتەندروسـتیی دەروونی و مێشکی هەیە، چونکە بەهۆی پیشـەکەیانەوە تووشـی زۆر نەخۆشی وەک راچڵەکان و پاڵەپەسـتۆی دەروونی، شـێوانی ناخ و رووداوی نەخوازراو دەبن کە بواری خۆکوشتن خۆش دەکەن. جگە لەوەی لە بواری کۆمەڵایەتییـەوە تەناهـیـان دەکەوێتە بەرمـەترسـی و تووشی نەخۆشییەکی درێژخایەنی کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

چالاکوانانی بواری بازرگانیی سێکس رۆڵێکی سەرەکییـان لە پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی مـادە

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان

ئەلکهولی و هۆشبەرەکاندا هەیە. هەروەها ئەوانەی لەو کەرتەدا کار دەکەن، هەوڵی دۆزینەوە و دابینکردنی شوێنی کڕیارانی سێکس دەدەن و لەشفرۆشەکان دەحەوێننەوە و ئافرەتانی لەشفرۆش بۆ کاروباری ساختەکاریی جۆراوجۆر بەکار دەبەن و بەو شێوەیە ئافرەتانی لەشفرۆش دەبن بەسەرەچاوەیەک بۆ کاری نایاسایی و گەندەڵی. لەسەر کۆمەڵگە پێویستە لە بواری پاراستنی تەندروستی ئاگەداریی ئەو بەشە لە پێکهاتەی جڤاگ بن و مافی ئەوە بەچالاکانی بواری بازرگانیی سێکس بدەن لە بواری پزیشکی سەربەخۆیی خۆیان هەبێ و بەهۆکاری جۆراوجۆر تەندروستییان پشتگوێ نەخرێ و پێشێل نەکرێ.

بازرگانانی سێکس، بەهۆی پیشەکەیانەوە باجی زۆر دەدەن، بەشداریی کۆمەڵایەتییان نامێنێ و چالاکانی بازاڕی سێکس لە دنیای ئاسایی کۆمەڵایەتی دادەبڕێن. گەورە لایەنەکانی بازرگانیی سێکس گوێ بەو لایەنانەی پرسەکە نادەن و بەگشتی خۆیان لە پێدانی باجی داهات بەلایەنی حکوومەتی دەدزنەوە.

## کڕیارانی لەش

هیچ بازرگان و فرۆشیارێک ناتوانێ بەرهەمی هەبێ ئەگەر هیچ کڕیارێکی نەبێ، بۆیە قۆناخی دەستپێک و یەکەم بۆ پیشەسازیی سێکس و پرسی لەشفرۆشی، هەمان لایەنی کڕیار و خوازیاری سێکسی فرۆشیارییە، واتە کڕیارانی سێکس.

هەر بۆیە ئەستەم نییە ئەگەر کڕیارێکی سێکس هەوڵی دۆزینەوەی ئەو لەشفرۆشە بدا و پێوەندییەکی سێکسی بکرێ. ئەوانەی دەکەونە ناو ئەو پێوەندییەوە زیاتر کەسانی گەورە و سەرووی تەمەنی ١٨ ساڵی لە هەردوو رەگەزی نێر و مێدان و حەز دەکەن لەگەڵ کەسێکدا سێکیسان هەبێ ئەگەر بێتو لایەنی رەزامەندیی هەردوو لایەنی تێدا دەستەبەر کرابێ و هەردوو رەگەز رەزامەندی ئەو پێوەندییە بن، بەڵام لەو نێوەندەدا گرفتی زۆر هەیە. هەندێک لەوانەی دەچنە ناو ئەو پێوەندییە سێکسییەوە، حەز بەو کارە ناکەن و تەنیا چاویان لە وەرگرتنی چێژە، بەشێک لەو ئافرەتانە حەز ناکەن جوان و بەردڵ بن یان پرسیاری ئەوەیان لێ بکرێ بۆ لەشیان دەفرۆشن، ئەوان وەک ئامێرێک سەیری لەشیان دەکەن کە مافی ئەوەیان هەیە بیفرۆشن و تەنانەت پێیان وایە دەتوانن هەموو شتێک بەلەشی خۆیان بکەن، لەوانە کاری سێکس بکەن تا لە رێگەی داهاتییەوە کاری تری پێ بکەن.

بازرگانیکردن بەلەشفرۆشان و دابینکردنی رابواردن بەکارهێنانێکی راستەقینەی مرۆڤایەتییە بۆ ئەوەی رەزامەندیی هەندێک کەسی تری پێ دەستەبەر بکرێ. ئەوانەی لەشفرۆشی راستەقینەن و لە دڵەوە چێژ لەو پێوەندییە وەردەگرن ژمارەیان کەمە، زۆربەیان وەک ئەکتەرێک کار دەکەن تا چێژ بەڕەگەزی بەرامبەریان بدەن. ئەوان دەترسن لەوەی کڕیاری لەشیان لە دەست بدەن و هەردەم

بەهەڵسوکەوت و ڕەفتاریان هەوڵ دەدەن کڕیاری لەشیان ڕابگرن و ئەو سەرچاوە داراییيە لە دەست نەدەن و بەباشترین شێوە خزمەتی بکەن.

لە پێوەندییەکی ڕاستەقینەی سێکسیدا، هەوڵ دەدرێ لایەنەکانی پێشتر یەکتری بناسن و لە وردەکاری و تایبەتمەندییەکانی یەکتری ئاگەدار ببنەوە و شارەزای یەکترین لەوەی بەناوی چێژی سێسکی یەکتری ئازار نەدەن و توندوتیژی ڕوو نەدات.

هەندێک خەڵک حەزیان لە سازدانی پێوەندییە سێکسییەکان بەشێوەی ڕاستەقینە نییە و بەلای پێوەندییەکی ڕاست و دروستی سێکسدا نارۆن، یاخۆ زۆرجار هەست دەکەن لە پێوەندیی ڕاستەقینەدا دەبێ هەندێک باج بدەن و کۆمەڵێک شتی شاراوە دەکەوێتە پشت پێوەندیی ڕاستەقینە و بەرپرسیاریەتیی زیاتر دروست دەبێ. بۆیە ئەوان حەز دەکەن لە ڕوانگەیەکی "هەوەسبازی و دیلکردنی سێکس"ەوە سەیری پرسەکە بکەن، هەرچەندە لەو کاتەیدا ئەو جۆرە سێسکە ئەنجام دەدەن لە ناخدا جۆرێکی تر بیر دەکەنەوە. ئەو بەشە لەوانەی دەکەونە ناو پێوەندییە سێکسییەکان، ئەگەر پێویستییان بە بەکارهێنانی هەندێک شتی سەرنجڕاکێش وەک وێنە، فیلم یاخۆ گێچەڵکردنی سێسکی بۆ سەر کەسانێک هەبێ، ئەوە کەرتی بازرگانیی بۆ سێکس دەتوانێ ئەو داخوازییانە دابین بکا و بەو شێوەیە بازاڕێکی سێسکی بەگەڕ دەکەوێ و پاڵپشتی لە هەموو ئەو حەزە سێکسییانە دەکات.

ئەوان دەتوانن بەرامبەر نرخێکی دیاریکراو وێنا و خەیاڵی سێسکیی خۆیان بەکردەوە بکەن و بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت پەنا بۆ فیلمێکی ڕووت ببەن. زۆربەی فیلم و بەرهەمە هونەرییەکانی سێکسیی لەشفرۆشەکان دەکەوێتە بەردیدی کڕیارانی سێکس ئەوانەی بەنیازن ئەگەر بۆیان بکرێ پێوەندیی سێکسی ببەستن، بەو شێوەیە خوازیاری سێکس بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەئاسانی زۆربەی خەیاڵ و وێنا سێکسییەکانی ناو مێشکی لە فیلمێکدا دەبنێتەوە، لێرەدا لەشفرۆش ڕوو لە دەرهێنانی فیلمێک دەکات و تۆڕێکی بازرگانی پێک دێ و ئاڵوگۆڕی ئابووری بۆ هاتنی لەشفرۆشەکان و بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەم بەسەر خوازیارانی سێسکدا پێک دێ.

ئەوەی سێکس دەکڕێ و پێوەندیی ساز دەکات، ڕەتی دەکاتەوە ئازاری بۆ کەس هەبووبێ و پێی وایە کارێک ئەنجام دەدا کە بەرپرسیاریەتییەکی کاتییە و زۆرجار بەزەیی بەو کەسەدا دێتەوە کە سێکسەکەی لەگەڵدا کردووە، بەڵام ئەو بەزەيییە نابێتە هۆکارێک تا هەڵسوکەوتی بگۆڕێ و دواتر واز لە کڕینی سێکس بێنێ، یاخۆ ئەو بەزەيییە هانی کڕیاری سێکس نادات تا ئەو کەسەی سێکسەکەی لەگەڵدا کردووە دەربازی بکا و لە دنیای پیشەسازیی سێکسدا بەهانای بگات و لەو بارەیەوە هیچ هاوکارییەکی ناکات.

گوێی لێ ناگرێ لەوەی کە ئاخۆ بەردەوام لەگەڵ چەند کەسی تردا بەویست یان بەپێچەوانەی حەزی خۆی پێوەندیی سێکسی هەیە، بۆیە لەو پێوەندییەدا هەردوو لایەن تەنیا بەچاوێکی

سێکسەوە سەیری یەکتری دەکەن و گوێ بۆ شتەکانی تری یەکتری ناگرن و بەکێشەی نازانن.

رەگەزی نێر لەو پێوەندییەدا پێی وایە کەسێکی شیاوی رێز و مەزنە و هەوڵ دەدات بەهیچ شێوەیەک نەیەتە ناسین. ئەو پیاوانەی روو لە پێوەندیی سێکسی و کڕینی ئەو کارە دەکەن هەوڵ دەدەن خۆیان پارێزراو و زۆر بەهێوری دەبن بەکەسانێک کە لە سەرگرتنی ئابووری و بازرگانیی سێکسدا رۆڵێکی گەورەیان هەیە و دەبن بەبازرگانێک لەو کەرتەی کە بەپیشەسازیی سێکس ناسراوە.

سادیستەکان یاخۆ ئەو کەسانەی کە لە ئازاردانی خەڵکانی تر چێژ وەردەگرن، سوود لە ترسی کەسانی تر وەردەگرن و لەو رێگەوە تام و چێژێک بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن کە ئەنجامی ترس، ئازار و سووکایەتی پێکردن و دابەزاندنی بەهای مرۆڤە. ئەو رێژەیە لە خەڵک کە حەز بەئازاری دەورووبەر دەکەن بەگشتی نێزیکەی ١٠٪ی کۆمەڵگەیان لەخۆ گرتووە، ئەوان توندوتیژن و تەنیا پەرە بەبڵاوبوونەوەی هەستی ناخۆش دەکەن و لەو چینەی مرۆڤەکانن کە حەزیان لە ئەشکەنجەکردنی مرۆڤ بەمەبەستی کوشتنە. لێرەدا دەبینین هەندێک لایەنی دیار لەو رەفتارەدا هەیە کە ئەگەر بەردەوام بێ ئاراستەیەکی تر وەردەگرێ، بۆ نموونە ئەگەر ئەوانەی ئامادە بن ئازاری خەڵک بدەن و ئەو کارەیان بکەن بەبەشێک لە ژیانی رۆژانەیان، ئەوە دۆخەکەیان لە سادیسم و حەز بەئازاری خەڵک دەردەچێ و خراپتر دەبێ.

پەنابردن بۆ هێرشی جەستەیی، سێکسی و دەروونی بۆ سەر دەوروبەری لەلایەن ئەوانەی نەخۆشیی دەروونییان هەیە و هەر لە ناخەوە حەز بەئازاردانی بەرامبەر دەکەن، ئەگەر پێوەندییە سێکسییەکە منداڵێکی لێ بکەوێتەوە، منداڵەکە دواتر بەهۆی نەبوونی سەرپەرشتێکی دیار دەبێتە قوربانی و تووشی سەر شەقامەکان و کۆمەڵێک گرفتی تر وەک راکردنی منداڵ روو دەدات، لێرەوەیە کە دەرفەتی باش بۆ ئەو کەسانە رەخساوە کە ئەو منداڵ و بێ سەرپەرشتانە بەسەر بکەنەوە و تۆڕێکی بەربڵاوی بازرگانیی سێکسی بێتە دامەزراندن. ئەوانەی نەخۆشیی خۆئازارییان هەیە بەردەوام ئەو هاندەرە دەروونییەیان هەیە کە بەرفاندنی ئافرەتان و منداڵان و دەستدرێژیکردنە سەریان لە شوێنێک کە کەس دەستیان پێ نەگات.

ئەوان حەز دەکەن منداڵ و ئافرەت بەزۆر بخەنە ناو ئۆتۆمۆبێل و بۆ شوێنێکی بگوازنەوە و کەسی خۆئازار بەپێی حەز و ویستی خۆی کۆنترۆڵی ژێردەستەکەی بکا، بەشێوەیەک کە کەس بەرگریی لێ نەکات و هاوکات چێژ لە ئازاردانی دیلەکەی وەربگرێ. لەو دۆخەدا کەسانی هێرشبەر زیاتر روو لە ئافرەت و ژنانی بچووک لە تەمەن دەکەن و کەمتر خۆیان لە ژنان و پیاوانی تەمەن گەورە دەدەن. هەروەها خۆیان دەپارێزن لەوانەی کە بەجۆرێک پاڵپشتکار و پارێزگاریان هەیە، یان خۆ لەو کەسانە نادەن کە گومانی ئەوەیان لێ بکرێ دواتر تۆڵە لە کەسی هێرشبەر بکاتەوە.

بەڵام لەبارەی پێوەندیی ئەوانەی نەخۆشیی خۆئازارییان هەیە لەگەڵ پیشەسازیی سێکس،

ئەوانەی کاری دابینکردنی لەشفرۆش بۆ کەسانی تر دەدەن، هاوکات کەسانێک ئامادە دەکەن بۆ ئەوانەی ئامادەن لەپێناوی دامرکاندنەوەی هەستی ئازارخوازییان کەسێک بکڕن و بیخەنە بەر حەزە توندوتیژەکانی خۆیان، واتە لەشفرۆش ئەو دەرفەتە دەقۆزێتەوە و لەگەڵ ئامادەکردنی لەشفرۆشێک بۆ خوازیاری سێکس، کەسی تر بۆ سادیستەکان ئامادە دەکات بۆ ئەوەی تەنیا ویستەکانی خۆیان لەسەر قوربانییان بەتاڵ بکەنەوە. ئەو جۆرە لە خەڵک کە بەدەروون نەخۆشن لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا بەدی دەکرێن، تەنانەت چینی بەڕێز و خاوەن شکۆ و دەسەڵاتی کۆمەڵگەش بەشێک لەو کەسانەی لەخۆ گرتووە.

ئەوان بۆ پاساوهێنانەوەی کارەکانیان پەنا بۆ ئەو گوتەیە دەبەن "تۆ تەنیا لەشفرۆشێکی، بۆیە کەس بڕوات پێ ناکات ئەگەر هەرچییەک بڵێی و باسی هەر شتێک بکەی". ئەگەر تەنانەت لەشفرۆشەکان کەسێکیش بکوژن، ئەوە بەها و کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی کوژراوەکە نزم دەبێتەوە و بەسووکی سەیری ئەو کەسەش دەکرێ کە لەلایەن لەشفرۆشێکەوە کوژراوە، چونکە هەر لە سەرەتاوە رای گشتیی خەڵک وەک قوربانییەکی پارێزراو سەیری لەشفرۆش دەکەن کە ئەگەر کەسێکی تر بکەنە قوربانی ئەوە روانینی کۆمەڵگە لەسەریان رژدتر دەبێ.

کەسانی سەر بەرێبازی "نیکرۆفیلیا" واتە ئەوانەی حەز بەتەرمی مردوو دەکەن و مردووخوازن، بەدوای سێکسی پیس و نەگریس، کاری نزم و وێرانکاریدا دەگەڕێن، روو لە کەسانێکی نەخۆش، پیر، خاوەن نەخۆشیی دەروونی دەکەن و راکێشی ناو بازاڕی پیشەسازیی سێکسیان دەکەن، ئەو قۆناخە بەدوا وێستگەی کەسانی تێوەگلاو بەپیشەسازیی سێکس دێتە دانان و پێشبینی دەکرێ هەموو ئەوانەی بەجۆرێک لە بازاڕی سێسکدا کار دەکەن ژیانی دواڕۆژیان بەو شێوەیە بێ.

بۆ کەسێکی نیکرۆفیلیا کە تەنیا حەز لە مردووەکان دەکات، جەستەیەکی شکاو و مێشکێکی وێران و لێکترازاوی کەسێکی لەشفرۆش باشترین کاڵایە تا بەکاری ببات. ئەوان خۆیان بەگەورەتر لە مرۆڤایەتی دەبینن و وا هەست دەکەن کە زۆر بەرێزەوە سەیری زیندووەکان دەکەن، بۆیە ئەوانەی بەدوای مردوو و نەخۆشەکاندا دەگەڕێن تا نیازە جۆراوجۆرەکانیانی پێ دابین بکەن، بەهەموو شێوەیەک بەرێزەوە مامەڵە دەکەن.

چونکە ئەوان پێویستە کار و کردەوەکانی راستەقینەی خۆیان لە هاوڕێ و خێزانەکانیان بشارنەوە و هاوکات لەگەڵ حەزە نەگریسەکانیان لە بواری کۆمەڵایەتییەوە زیانیان پێ نەگات، هەروەها بەهەموو شێوەیەک دنیا شاراوە و وێنای خەیاڵی مێشکی خۆیان دەشارنەوە، بۆیە خەڵکانی ئاسایی ناتوانن ئەو جۆرە خەڵکە بناسنەوە و هەر بەحەشاردراوی لەناو کۆمەڵگەدا دەمێننەوە.

لە کەرتی پیشەسازیی سێکسدا، منداڵان بەچەندان شێوەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنرێن. هەندێک جار راستەوخۆ منداڵەکە تووشی سێکس دەکرێتەوە کە ئەو دیاردەیە زیاتر پێوەندیی

بەجۆری ڕەگەز و تەمەنی منداڵەکەوە هەیە کە هەندێک جار کۆتای تەمەنی منداڵییە و کەسەکان تووش دەبن.

چالاکانی پیشەسازیی سێکسی هەندێک تایبەتمەندیی کەسانی سادیستیان تێدا بەدی دەکرێ کە حەز بەئازاردانی مرۆڤ دەکەن، بۆیە روو لە منداڵان دەکەن، چونکە منداڵان ئاسانتر لە گەورەکان کۆنترۆڵ دەکرێن، تەنانەت دەکرێ هەر لە ماڵی منداڵەکان خۆیانەوە گێچەڵی سێکسییان پێ بکرێ و باشتر کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکرێ.

ئەوانەی کاری سێکسیان لەگەڵ منداڵدا کردووە ئەوە باش دەزانن کە کاتێک پێوەندییە زۆرەملێ سێکسییەکە تەواو بوو، ئیتر ئەو منداڵە لە خشتە دەچێ و هیچ کات بۆ دۆخی پێش رووداوەکە ناگەڕێتەوە. ئەوان ئاگەدارن لەوەی ئەو منداڵەی ئەمڕۆ گێچەڵی سێسکی پێ دەکرێ، ئەوە لە داهاتوودا دەکەوێتە بەرمەترسیی تووشبوونی لەناوبردنی خۆی، مادە هۆشبەرەکان، لەشفرۆش و خۆکوژی، لە کاتێکدا ئەو منداڵانە پێشتر لە دۆخێکی ئاساییدا بوون.

ئەوانەی دەستدرێژیی سێکسی دەکەنە سەر منداڵان پشت بەبۆچوون و لێکدانەوەی جۆراوجۆری زارەکی و فەلسەفی دەبەستن. هەندێکیان دەڵێن کە بەپارێزەوە ئەو پێوەندییە سێکسییە ساز دەکەن، بەشێوەیەک کە منداڵەکە تەنیا وەک هۆکارێک بۆ حەزە سێکسییەکان لە دوورەوە بەکار دەبات و لە بەرامبەردا مادەی هۆشبەر، خواردنەوەی ئەلکهولی و پارە بەمنداڵەکە دەدا . هەروەها ئەوانی تر بەزۆرەملێ ئەو پێوەندییە سێکسییە ساز دەکەن و هەندێکی تر دەڵێن کە زۆر حەز لە منداڵان دەکەن و بەهۆی زۆریی خۆشەویستی بۆ منداڵەکە (لە هەردوو رەگەز) ئامادەیە پێوەندیی سێسکی لەگەڵدا ساز بکا لە کاتێکدا ئەوە جۆرێکە لە "خۆشەویستیی نائاسایی". ئەو بەشەی باس لە خۆشەویستیی منداڵ دەکەن پێیان وایە کە پێوەندیی سێکسیی نێوان منداڵ و گەورە زیانگەیێن نییە و دەکرێ لایەنی یاسایی پێ بدرێ و ئاسایی بکرێ.

لەو نێوەندەدا ، ئەوانەی بەرامبەر منداڵان روو لە نێربازی و پێوەندیی سێکسی دەکەن، منداڵەکان فێر دەکەن کە ئەوان بێ کەس و بێ سەرپەنان، هەژارن و تەنیا بۆ ئەوە باشن کە سێکسیان لەگەڵدا بکرێ و ئازار بدرێن. ڕێژەیەکی زۆر لەوانەی بوونەتە دەستی کاری ناو بازاڕی پیشەسازیی سێکس، سەرەتا لە منداڵانەوە دەستیان پێ کردووە و گێچەڵی سێسکی بەمنداڵان قۆناخی دەستپێکی کاری بازرگانییان سێکسی بووە، تەنانەت هەندێک کەس ئەو سنوورەیان بەزاندووە و ئەندامانی خێزانی خۆیان بۆ کاری سێکسی خستووەتە بەردەستی خەڵکانی تر و بۆ ئەو کارە پەنایان بۆ بەکرێدانی منداڵانیان بردووە.

لەو بازاڕەدا کەسانی شارەزا و بەئەزموونی بازرگانی بەسێکس هەیە کە منداڵان بەرەو کاری لەشفرۆشی هان دەدەن، بۆ ئەو کارە کرێ و پارەی جیا جیا دەدەن کە پێوەندیی بەتەمەن و رووی منداڵە لەشفرۆشەکەوە هەیە، هەروەها رەچاوی ئەوە دەکرێ ئاخۆ ئەو منداڵە پێشتر چەندە بۆ

کاری سێکسی بەکار هاتووە.

ئەگەر بازرگانانی ئەو منداڵانەی لەشفرۆشی دەکەن نەزانن کە ئاخۆ تەمەنی ڕاستەقینەی منداڵەکە چەندە، ئەوە بازاڕێکی بچووک و تایبەت هەیە کە سەردانی دەکەن بۆ ئەوەی لەبارەی بەهای سێکس و ڕادەی سەرنجڕاکێشیی منداڵەکەوە تاقیکردنەوەی بۆ بکەن و پلەیەکی پێ بدەن. بەڵام لە ڕاستیدا هەر منداڵێک مووچەی باشتری پێ بدرێ، ئەوە دیارە ئەو باشتر و کاریگەرترە، هەربۆیە منداڵان چەندان جار کڕین و فرۆشتنیان لەسەر دەکرێ.

## دابینکاری لەشفرۆش

هیچ کەس لە دڵەوە حەز ناکات لە یەک ڕۆژدا لەگەڵ ٥، ١٠ یان ٢٠ کەسی جیاوازدا پێوەندیی سێکسی هەبێ و ئەو کارە ڕۆژانە بەردەوام دووبارە بێتەوە. ئەوانەی کە پێیان وایە لە پێوەندیی سێکسیدا ئەزموونی باشیان هەیە و بۆ ئەو کارەیان پەنا بۆ کاری سێکسی دەبەن، ڕوو لە هەندێک کاری سەیروسەمەرە، ئازاردان یاخۆ گۆڕینی ڕووی کەسی بەرامبەریان دەگرنە بەر.

خەڵکانێک کە خەریکی دابینکردنی لەشفرۆش بۆ کاری سێکسین، ئەو کارەیان وەک گێچەڵێکی سێسکسی دێتە دانان کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، بۆیە تووشی هیچ دۆخێکی نائاسایی دەروونی نابنەوە، ئەوان بەشێوەیەکی نائاسایی خەریکی کاری سێکسین. چونکە لە دۆخێکی ئاساییدا کە گێچەڵی سێکسی بەکەسێک دەکرێ، بۆ نموونە هێرشێکی سێکسی دژی ئافرەتەکە ڕوو دەدا و لە ڕێگەی هەڕەشە و هێزەوە دەبێتە قوربانیی سێکس.

لەبارەی ئەوانەی لەشفرۆشەکان بۆ لایەنی بەکاربەر ئامادە دەکەن، قوربانییانی خۆیان بەپێچەوانەی حەزی لەشفرۆشەکە دەبەنە بەردەم کڕیاری سێکس، بەڵام ئەم جارەیان لە برێتی هێز و هێرش بۆ سەر ئافرەتەکە، ئەوە گرێبەستێک لە نێوان هەردوو لایەنی کڕیاری سێکس و لەشفرۆشدا دێتە ئاراوە.

ئەوەی سێکس دەکڕێ، حەز دەکات و پێی وایە تەنیا پارەی داوە و دەبێ سێکسێکی باش بکا، بەڵام ئەوەی سێکسەکەی لەگەڵدا دەکات بڕێکی کەم لەو پارەیەی پێ دەگات و زۆرجار هەر هیچی پێ ناگات. ئەو پارەیە دەچێتە بەردەستی ئەوانەی وەک تۆڕێک لە پشت لەشفرۆشەکانن و زۆرجار جگە لەوەی کاری دژوار و ئەستەم بەئافرەت و منداڵانی لەشفرۆش دەکەن. هەر لەو ڕێگەوە ڕاکێشی مادە هۆشبەرەکانیان دەکەن و کاری زۆرەملێیان پێ دەکرێ و بەرەو تاوان و کەتنی وەک خۆکوشتن هانیان دەدەن. هەروەها زۆرجار پێشکێشی پیاوانی خاوەنکار و بازرگانانیان دەکەن تا لە کاری ئابووری و بازرگانیدا وەک خزمەتگوزار و هۆکارێک لە ڕاپەڕاندنی کاروبارە بازرگانییەکاندا سوودیان لێ وەربگرن.

ئەوانەی لەشفرۆش بۆ کڕیاری سێکس دابین دەکەن، بەگشتی هەڵگری سێ جۆرە

تایبـمـەتمەندیی سـەرەکین و هاندەرەکانیـان ئەمـانەن. ئەوانەی لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەشـە بۆ لـەشـفرۆشـان دەکەن و زیاتر بازرگانییـە. دووەم ئەوانەی بڕوایـان بەو ڕێبـازە هزرییـە هەیە کە ئافرەتان تەنیـا بۆ سـێکس باشن، سێیەم ئەو بەشـە لە پیـاوان کە لەو بڕوایەدان پێویسـتـە پیاوان لە ڕووی سێکسەوە بەرامبەر ئافرەتان توندوتیژ بن.

ئەوان دەڵێن کە ئەوان بەرهـەمـهێنی سێکس و توندوتیژین و هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لەشفرۆشان هەموو شـتێکی خۆیان بۆ فرۆشتن خستـووەتە ڕوو. لە ڕاستیدا هەندێک شتی باشـتر لە سێکسی مرۆڤـ دەخرێتە بازاڕەوە، بۆیە ئەوەیان بەبەڵگە ناشێ، چونکە بەرهـەمەکانی هەریەک لە وۆڵت دیزنی و سـتـەیڤن سـپیلبێرگ هەن کە دەکرێ بـەبەرهـەمێکی سـەرکەوتووی ڕاگەیـاندن بێنە دانان و ناکرێ لەگەڵ بەرهـەمێکی هونەری و ڕاگەیاندن بەراورد بکرێ کە بانگەشـە بۆ لەشفرۆشێک دەکات و ئەوەیان جیاوازایی زۆرە.

ئەوانەی لە بەشی ڕاگەیاندنی سێکس و بازاڕی لەشفرۆشـاندا کار دەکەن، خۆیان پێ لە خەڵکی ئاسایی بەرزترە و هەستێکی خۆبەزلزانییان تێدا بەدی دەکرێ، هەرچەندە کار و بەرهـەمەکانیان لە ڕووی جۆر و کوالیتییـەوە باش نییـە و بەشـێوەیەکی ڕاسـتـەقینە جۆرێکی سـووک لە مرۆڤـایەتی دەفرۆشن و بۆ ئەو کـارە کێبەرکێیەکیـان دەست پێ کـردووە. چالاکانی بواری بانگەشـەی سـێکس زۆرجار بـاس لەوە دەکەن کە فـرۆشـتنی بەرهـەمـەکـانیـان بۆ لایەنـەی پێوەندیدار بـەپیشـەسـازیی سێکس، خۆشحاڵی، بەهێزی و سەرکەوتنی سێکسی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام دواتر کە پارەی داهـاتی ئەو بەرهـەمـانە دێتە دابەشکردن، لەشـفرۆشـەکان کە خۆیان قوربـانییـانی سـەرەکیی ڕووداوەکەن بەسووکی مامەڵە لەگەڵ خۆیان و مافیـاندا دەکرێ و تەنیا شتێکی زۆر کەم وەک پاکەتە جگەرەیەک، شـامـپـۆیەک یان کـۆوارێکی پڕ لە وێنەی پیس و ورووژێنەری سـێکسـیـیـان پێ ڕەوا دەبیـنن، بۆیە دەبینین کە ئەوانەی هـۆکاری سەرەکیی کارەکە بوون، ئێستە بەتەنیـا و خەمبـار ماونەتەوە و پارەی دەستکەوتی سەر لەشیان لە دەست دەرچووە.

مێـدیای سـێکس کـۆمـەڵێک کـاری تر دەکات بۆ ئـەوەی کـەرتی بازرگـانیی سـێکسـی خـۆی بەرز بکاتەوە، ئەوان لە ڕێگەی هـاندانی گـەنجان بەبـەدەسـتـهێنانی ناوبانگ و بـەختـەوەری بەشـێوەیەکی یاسایی ڕاکێشی ناو پیشەسـازیی سێکسیان دەکەن و بەو شێوەیە مـۆرەکانی چالاکی بازرگـانیی سێکسی دروست دەکەن و هەر کەس بەپێی توانای خۆی کار پێ دەسپێرن. ئەوان خـەڵکی ئاسایی بەنموونە وەردەگرن و دواتر لەگەڵ خەڵکی تری بەناوبانگ بەراوردیان دەکەن و هانیان دەدەن لەوەی کە ئـەگەر بێنە ناو بازاڕەکەوە دەبنە خاوەن پیشـە و پارەی باش. هەر لە یەکەم و دووەم ساتەکانی گفـتوگـۆ بۆ ڕاکێشـانی کەسـێک بۆ ناو پیـشـەسـازیی سێکس، کێشـەکانی پێوەست بەلایەنی کەسایەتی چارەسەر دەکرێ، یان کەسـەکە بەحەزی خۆی دەچێتە ناو بازاڕی لەشفرۆشانەوە، یاخۆ ئەو کارە بەتوندوتیژی دەکرێ.

خەڵکانێک دەکەونە بەر هەڵمەتی ئەو بانگەشەی بازرگانانی سێکس کە لە ڕاستیدا دەستیان بەو

ژیانە راناگـات کـە بۆیان باس دەکـرێ، بۆیە راگـەیاندنی کـەرتی بـازاڕی سـێکس کـار لەسـەر راکێشکردنی خـەڵک و بەلاڕێدابردنی رای گشتی لە ژیانی راستەقینە دەکات و ئاراستەی ژیانێکی راست و بەرچاو بەرەو ژیانێک دەگۆڕن کە تێیدا بەڵێنی سـەربەخۆیی زیاتری کەسی لەشـفرۆش و ژیانێکی خـەیاڵی دراوە و بەو شـێوەیە هەمـوو شـتێک دێتە فرۆشتن و خـاوەنکارانی پیشـەسـازیی سێکس دنیایەکی خەیاڵی دەفرۆشن بێ ئەوەی بایەخ بەو لایەنە بدەن کە کێ لەو ئاڵوگۆڕەدا زیان و ئازاری پێ دەگات.

کەناڵەکانی راگەیاندنـی سەر بەکەرتی پیشـەسـازیی سێکس پارەی زۆریان هەیە، ئـەوان خاوەنی ژمـارەیەکی بەرچاو کـۆوار و رۆژنامـەن، فـیلم و بەرنامـەی تەلەڤـزیۆنی بەرهەم دێـنن و سـامـانێکی زۆریان هەیە، ئەوان دەتوانن لـە رێگەی ئاژانسـەکـانی ترەوە بانگەشـە بۆ بازرگـانیی سـێـسکیی خـۆیان بکەن. ئەوان دەتوانن بەشـێوەیەکی یاسـایی کۆمـپـانیـا دابمەزرێن و لە رێگەی ئاژانسی ریکلامکردنەوە بەرژەوەندییـەکانی خۆیان بدۆزنەوە. بەهۆی پـارەوە دەتوانن دەستیـان بەسـەرچاوە و بەرپرسـە سیاسی و فـەرمییەکان بگات و دەستی بازرگانی تێکەڵ بەگەورە بـەرپرسـانی سیاسـی و فەرمی بکەن، هـەروەهـا لە توانایاندایە دەست بخەنە ناو مێدیاکانی تر و کەمپەین و گرووپی بەربڵاو رێک بخەن.

پارە و داهـاتی نـاوەندەکانی بواری چالاکیی سـێکسی زیـاتر بۆ پاڵپشـتیکردن لەو رێکخـراوانە تەرخـان دەکرێ کـە راسـتـەوخـۆ لەناو کـۆمـەڵگەدان و داکـۆکی لە "مـافی ئازادیی بەیان" دەکـەن، هـەروەهـا برێکی تری بۆ لـەباربردنی ئـەو ژن و منداڵانە تـەرخـــان دەکـــرێ تا بـگەنـە ناو کـــەرتی پیشـەسـازیی سێکس و بەو شێوەیە ڕێڕەوی ژیانیان تێک بدەن. لەگەڵ هـەمووی ئەوانەدا بەگشـتیی خـاوەنکار و بازرگانانی پیشـەسـازیی سێکس هـەوڵ دەدەن کاروبارەکانیان بەشێوەیەک دابنێن کـە کـەمترین مـەترسـی و نـاڕەزایەتیی کۆمـەڵایەتی لێ بکەوێتـەوە و لە تێوەگلان بەتاوان و کەتن خـۆیان دوور بخەنەوە.

ئەوان خـاوەنی یانـە و بـاڕ و چەندان جـۆر شـوێنی ترن بۆ ئـەوەی کـڕیـار و خـوازیـارانی سـێکس راکێش بکەن و سـێکسیان بـۆ دابین بکەن، هەر لەو شوێنانە هـەلی کار بۆ سەماکاران و ئافرەتانی کرێکار دابین دەکەن و بەو شـێوەیە دەرفـەتی تێوەگلانی ئافرەتان بەلەشـفرۆشی هـەموار دەکـەن، چونکە ئەوانـەی روو لەو کـار و شـوێنانە دەکـەن زۆربەیان گـەنجن و دەرفـەتی تێـوەگـلانیـان بەلەشفرۆشی دێتە ئاراوە.

ئەوان خـاوەن کتێبخـانەی تایبـەتن تـا خـوێنەرانی سـێکس رووی تێ بکـەن، شـوێنیـان هـەیە بۆ ئەوەی کـڕیاری لـەش پەیامـێکی خـۆی دابنـێ و لەو ڕێگەوە داوای سـێکس بکا، هـەروەهـا مـۆتێل و شـوێنی مـانەوەی گـەشتـەوەرانیـان بۆ کاروباری سـێکسی دابین کردووە و بەو شـێوەیە جـێگەیەکی یاسـاییـیان بۆ بازرگانیکردن بەسێکس و لەشفرۆشان دەستەبەر کردووە.

خاوەنکارانی ناو پیشەسازیی سێکس، وەک بازرگانانی یاسایی هەڵسوکەوت دەکەن، خاوەندارێتیی بەشێک لە شوێنەکانی کاریان حەشار دەدەن و بەناوی خەڵکان و کاری ترەوە چالاکی دەکەن و بەڕەسمی حاشا دەکەن لەوەی خەریکی بازرگانیی بازرگانیی سێکس بن. وای باس دەکەن کە دەستکەوتەکانی ئابووری و داراییان زۆر زیاترە لەوەی لە ڕێگەی بازرگانیکردن بەسێکسەوە دەستیان بکەوێ.

لەناو بازاڕی ڕێکەوتن و گرێبەستی ئابووریدا، خاوەنکارانی سێکس روو لە گرێبەستی گەورەی بواری خزمەتگوزاریی سێکس دەکەن و بۆ ئیمزاکردنی ئەو بەشە لە ڕێککەوتنەکانیان روو لە خەڵکانی تری بازرگان، سیاسەتوانان، کەسانی بەناوبانگ و تیپەکانی وەرزشی دەکەن. لەو کارانەدا هەوڵ دەدەن چالاکییەکانیان بەنهێنی بمێنێتەوە و سەرجەم وردەکاریی گرێبەست و چۆنیەتیی جێبەجێکردنەکەی لە ئاستێکی بەرزدا بەنهێنی پارێزراو بێ.

بازرگانانی سێکس خۆیان لەو ناسناوە دوور دەکەنەوە کە وەک "کرێکارانی پیس" بانگ بکرێن کە بازرگانی بەسێکسەوە دەکەن و زیاتر خۆیان وەک کەسانێکی سەربەخۆ دەناسێنن کە هاتوون گرێبەستێکی ئاشکرا لەگەڵ لایەنی بەرامبەریاندا ئیمزا بکەن. هەر ئەو خۆدزینەوە دەبێتە مایەی ئەوەی لە پیشەسازیی سێکسدا خاوەنکاران باجی داهات نەدەن، پارەی کاری زێدەکی، پارەی مانگانەی دڵنیایی تەندروستی و کرێی کرێکارانیان پشتگوێ بخەن، چونکە بەپێی یاسا و ڕێنوێنییەکان ئەگەر یەکێک لە کرێکار یان لەوانەی سەر بەتۆڕە پیشەسازییەکەی سێکس بێتە گرتن، ئەوە پێویستە خاوەنکار بەشێوەی یاسایی پارێزەری بۆ بگرێ، هەروەها ئەگەر ئەو لەشفرۆشە تووشی سەرشەقام یان توندوتیژی بوو، ئەوە خاوەنکارەکەی لێی بەرپرسە، هەر بۆیە بەشێکی زۆر لە چالاکانی پیشەسازیی سێکس خۆیان لەو لایەنە یاساییانە دەدزنەوە و کاروبارەکانیان بەنهێنی ئەنجام دەدەن.

لەگەڵ ئەوەی هاوکات هەوڵی بەیاساییکردنی چالاکییەکانیان لە بواری سێسکدا دەدەن و سەرشەقامەکان وەک سەرچاوەیەکی بەرچاو بۆ بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی لەشفرۆشان بەکار دەبەن.

هەروەها ئەوان پاڵپشتی لە "ئازادی مەدەنی" بۆ خەڵک دەکەن و داکۆکی لەو مافەی مرۆڤ دەکەن کە ئازاد بێ لەوەی چۆن هەڵسوکەوت دەکات و بەکام شێوە باسی حەزە سێکسییەکانی خۆی بۆ کۆمەڵگە دەکات. ئەوان بەرامبەر ئەو کارەی دەیکەن، چوونە ژێر هەر جۆرە بەرپرسیارێتییەک رەت دەکەنەوە و نکوڵی دەکەن لەوەی بۆ گەیشتن بەمەبەست و ئامانجەکانیان لە پیشەسازیی سێسکدا روویان لە کاری توندوتیژی کردبێ، هەروەها ئەوە رەت دەکەنە کە بۆ پەرەپێدانی بازرگانیی کەرتی پیشەسازی روویان لە رووژاندنی سێکسی کردبێ و بەو هۆیەوە دنیایەکی پڕ خەیاڵیان بۆ کەسی بەرامبەر دروست کردبێ تا سوودی بازرگانی لێ ببینن. ئەوان روو لە ڕێکخراوەکانی سەر بەکۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان

دەستەبەر دەکەن، بەشێوەیەک کە وەک ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی خێرخوازی دەچن و لە ناوەندە سیاسییەکان لەژێر ناوی لەو شێوە ڕۆڵ وەردەگرن.

ئەوان ڕژدن لەسەر ئەوەی وەک بازرگان بێنە ناسین و بەردەوام ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە بازرگان و خاوەنکارن. هەر کات هەست بەمەترسییەک بۆ سەر پیشەسازییەکەیان دەکەن، پەنا بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشتی دەبەن کە چالاکییەکانیان پێوەندیی بەسێکسەوە نییە و ئەوان بازرگانانی دوور لە سێکسن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی جاران لە گرتنەبەری ئەو سیاسەتەیاندا سەرکەوتوو دەبن.

ئەو بەشە لە پیاوانی کەرتی پیشەسازیی سێکس بەپێچەوانەی ئەوانەی تر لەسەر شەقامەکان خەریکی دۆزینەوەی کڕیاری سێکسن، لە ژوورەکانیدا بەڕەسمی خەریکی کار و بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن. ئەوان لە وەبەرهێناندا ئەزموونی باشیان هەیە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان پارێزەری یاسایی دەگرن، زۆر بەدەگمەن زیانیان پێ دەگات و ناکەونە بەر مەترسی و پیشەکەیان هەڕەشەی وەستان و نەمانی لێ ناکرێ، ئەستەمە کارەکانیان بەرەو ئاراستەیەکی تاوانکاری و کەتنی گەورە بڕوات. گەورەترین کێشە و ترسیان ئەوە کە ئاخۆ ئەو داهاتەی لە ڕێگەی بازرگانیکردن بەسێکسەوە پەیدایان کردووە چۆن دابەشی بکەن، ئەگینا لە هێزەکانی پۆلیس ناترسن.

ئەوانەی لەسەر شەقامەکانی وەستاون و هەوڵی پەیداکردنی کڕیاری سێکس بۆ لایەنی لەشفرۆش دەدەن، لە ڕاستیدا سەرباز و پێیەکانی ئەو کەسانەی ترن کە بەشێوەیەکی دیار و سیستەماتیک لە پیشەسازیی سێکسدا کار دەکەن. ئەوانەی سەر شەقام هەندێک جار تووشی کاری نایاسایی و تاوان دەبنەوە پاش ئەوەی ناچار دەبن لەشفرۆشێک بۆ کەسێکی سادیست ئامادە بکەن کە جگە لە سێکس حەزی لە ئازاری لەشفرۆشەکەیە.

لەشفرۆش و خاوەنکارانی بازاڕی سێکس بەجۆرێک چوونەتە ناو گرێبەستێکی لایەنەکان بۆ ئەوەی کەسی لەشفرۆش بەرە شووشتنەوەی مێشک، تیرۆر، ئازار و لێدان ببەن و تەنانەت هەندێک جار کەسی لەشفرۆش تووش کردارێکی کوشتن بکەنەوە کە بێ مەبەستە و لە ئاکامدا بەسەر لەشفرۆشدا دەسەپێ و ئەو کارە دەبێتە مایەی خۆبەدەستەوەدانیان بەلایەنی بازرگانی سێکس تا لە بەرامبەر حەشاردانی و پاراستنی ئافرەت یان منداڵە بکوژەکەدا وەک کالآیەکی سێکسی بەکاریان ببات. بۆیە ئەوانەی کاری دابینکردنی لەشفرۆش دەکەن، بەشێکن لە کەرتێکی ئابووری کە تەنانەت ئەگەر لەشفرۆشی ببێت بەکارێکی ئاسایی و یاسایی، ئەوان بەشی خۆیان کار هەیە و لە بازاڕ ناکەون.

شوێنەکانی بەکرێدانی ئافرەت و لەشفرۆشی کارمەندی زیادە دانامەزرێنن، خاوەنی ئەو شوێنانە پێیان وایە ئەگەر ئافرەتێک بەلەشفرۆشی پەروەردە بکەن و لای خۆیان ڕای بگرن، واتە

کاڵایەکی ئامادەکراو دەدەنە بەردەستی کەسێکی تر، چونکە ئافرەتی لەشفرۆش لە شوێنێکی دیاریکراو نامێنێتەوە و لەگەڵ کەسانی جۆرەوجۆرەدا دەڕوات و راگرتن و کۆنترۆڵی لەشفرۆش پێویستیی بەهێزی زۆرە.

کاسبکارانی سەرشەقام کە خەریکی دۆزینەوەی لەشفرۆش بۆ کڕیاری سێکسن، سەرەتا لە رێگەی هاوڕێ و کەسانی نێزیکەوە فێری بازرگانی و هاتنە ناو پیشەسازیی سێکس دەبن، بەڵام دواتر لە رێگەی کەسانی ترەوە تووشی تاوان، گرتن و چوونە ناو بازاڕی سێکس دەبن و خۆیان لە یانەکانی سێکسی و لەشفرۆشیدا دەبیننەوە. جار بەجاریش هەندێک کەس لە سەرەتای دەستپێکی ژیان و هەر لە ناخەوە حەزیان بەکاری لەشفرۆشییە و لە رێگە خۆبەدەستەوەدان و فرۆشتنی لەشی بەرەو تاوانکاری و کاری نایاسایی هەنگاو دەنێن.

فرۆشیارانی سێکس لەسەر شەقام خۆیان دەپارێزن لەوەی لەلایەن هاوپیشەکانی ترەوە بێنە ناسین و ئاشکرا بن، ئەوان حەز دەکەن ئەو کەسانە وەک هاوسەر، هاوڕێ و کەسی تری نێزیکی خۆیان بناسێنن کە لەشفرۆشیان پێ دەکەن و رێگە نادەن خەڵکانی تر وەک فرۆشیاری لەش ناویان ببات. کاتێکش لەسەر ئەو کارە و بازرگانیی سێکسی و توندوتیژی تووشی گرفتێکی یاسایی دەبنەوە و دێنە گرتن، پەنا بۆ ئەوە دەبەن کە "ئەوە تەنیا کێشەیەکی خێزانییە". لە راستیدا ئەوانەی لەشفرۆش ئامادە دەکەن خۆیان گەورەترین مەترسین بۆ ئەوانەی کاریان پێ دەکەن و لەشیان پێ دەفرۆشن، کڕیاری لەش و پۆلیس مەترسیی کەمتریان لێ دەکرێ.

ئەوانەی لەسەر شەقامەکان وەستاون و بانگەشەی ئەوە دەکەن لەشفرۆشیان لا دەست دەکەوێ، شانازی بەوە دەکەن کە دەتوانن لە رێگەی هەست و سۆزی دەروونی قوربانییانی خۆیان و خەڵکی تر راکێشی بازرگانیی سێکس بکەن. ئەوان وای پێشان دەدەن کە لەشفرۆشان و منداڵان لە پارەی داهاتی سێکسی خۆیان پارەی خۆیان بەو دەدەن چونکە خۆشیان دەوێ. لە بواری تاوان و تاوانناسیدا هاتووە کە "ئەو ئافرەتە منی خۆش دەوێ، واتە ناتوانم کۆنترۆڵی بکەم". دۆزەرەوانی سێکسی سەر شەقام هەوڵ دەدەن رادەی مەترسیداربوونی کارەکەیان بۆ خوارترین پلە کەم بکەنەوە، بێ ئاگان لەوەی کە هەر ئەو کارەی ئێستەیان گەورەترین خزمەت بە بەربڵاوبوونی پیشەسازیی سێکس دەکات.

بەدرێژاییی مێژووی مرۆوایەتی، بەپێی خواست و حەزی لایەنەکان جۆرێک رێککەوتن لە نێوان مرۆڤەکاندا هەبووە، سیستەمی کۆیلەداری لە زۆربەی شوێنەکانی دنیا هەرەسی هێنا، چونکە ئیتر قازانجی نەبوو و دواتر رێگەی دەستخستنی سوود گۆڕا و بەرهەمی تر هاتە ئاراوە. ئێستە پیشەیەک هەیە کە ئەویش سێکسە و وەک کۆیلەداری دەکرێ وەک سەرچاوەی داهات سەیری بکرێ. بۆ زۆربەی ئەوانەی خەریکی دۆزینەوە و ئامادەکردنی لەشفرۆشە، خاوەنداریەتیکردنی لەشفرۆشێکی پێ لە پارە و مادەی هۆشبەر گرینگترە. بەپێچەوانەوە، لە روانگەی میدیا و راگەیاندنەوە زۆربەی ئەوانەی کاری لەشفرۆشان رێک دەخەن هەر لە تەمەن و توێژی خۆیانن و

بەشێکی زۆریان کەسانێک دەکەن بەقوربانیی بازرگانیی سێکسی کە لەشفرۆش و کڕیاری لەش لە یەک تەمەنی یەکساندا بن.

زۆربەی دابینکارانی سێکس لە رەگەزی نێرن، ئافرەتان هەندێک جار یارمەتیی ئەو پیاوانە دەدەن تەنیا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی لەشفرۆشەکان بکەن کە ئەو کارە لەلایەن خاوەنی شوێنی لەشفرۆشییەکانەوە رێک دەخرێ. هەندێک لە ئافرەتان تەنیا وەک "پارێزەری" لەشفرۆش رۆڵیان دەبێ و کاریان پێ دەکەن، بەڵام ئەو پێوەندییەی نێوان پیاوی دابینکاری لەشفرۆش و ئافرەتانی تر هەر دەمێنێ تا ئەگەر هات لەشفرۆش پەیدا نەبوو، ئەوە پێوەندیی بەو ئافرەتانەوە دەکرێ.

جار بەجار ئافرەتان خۆیان لە پرسەکە تێ دەوەگلن، وایان لێ دێ کە منداڵانی خۆیان تووشی لەشفرۆشی دەکەن و تێکەڵ بەپیشەسازیی سێکسیان دەکەن. ئەو دایکانەی خۆیان پێشتر لەشفرۆش بوونە، زیاتر شیمانەی ئەوەیان لێ دەکرێ کە منداڵەکانیان بەرەو ئەو کارە برۆن. پێویستیی ئابووری هۆکاری سەرەکییە کە تێیدا چونکە دایک لایەنی دارایی باش نییە، لە ئەنجامدا منداڵەکان تووشی بەلاڕێداچوونێک دەبن.

دابینکارانی سێکس لەسەر شەقامەکان بەرامبەر لەشفرۆشەکان زیاتر گرینگی بەکڕینی جلوبەرگ، خشڵ و کەلوپەلی جوانکاری و ئۆتۆمۆبێل بۆ لەشفرۆشەکە دەدەن و پارەکانیان بۆ ئەو مەبەستە بەکار دەبەن. ئەوان خۆیان تێوەگلاوی هەندێک تاوانی تر بەتایبەت مادە هۆشبەرەکان بوونە کە لە زۆربەی دۆخەکاندا پێویستە بچنە گرتیگە، بۆیە ئەوەی خۆی کاری دابینکردنی سێکس و لەشفرۆشان دەکات، ناتوانێ بەدوای کاری یاساییدا بچێ. کەسێکی لەسەر شەقام کە چاوەڕێ دەکات تا کڕیارێکی سێکس بدۆزێتەوە و لەشفرۆشی بۆ دابین بکا زۆر ئەستەم و دەگمەنە داهاتی ئەو کارەی بۆ ناو بواری تری بازرگانی بگوازێتەوە و واز لەو کارە بێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کەسی زۆر کەم هەن سەرەتا کاری بازرگانیی بەدابینکردنی لەشفرۆش دەست پێ دەکەن و دواتر کاروبارەکانیان بۆ ناو کەرتێکی بازرگانی دەگوازنەوە.

## شوێن و سەرچاوەی خاوەنکارانی سێکس

پیشەسازیی سێکس سەرەنجام هەر بۆ هاوکێشەکانی دەسەڵات و هێز دەگەڕێتەوە، بۆ سەلماندنی ئەو پرسەش دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێ ئەوانەی وەک لەشفرۆش لە بازاڕەکەدا کار دەکەن لە چینی کەمدەسەڵات و لاوازن. راوچییانی بازاڕی سێکس شارەزای دۆخەکەن و نەزان نین، ئەوان سەیری پرۆفایل و تایبەتمەندییەکانی "کەسی قوربانی" دەکەن کە راکێشی پیشەسازیی لەشفرۆشی دەکرێ و خۆیان لەو کەسانە دەپارێزن کە نایەنە کۆنترۆڵکردن یان مەترسیدارن.

ئەوان لەو گەنج و لاوانە ورد دەبنەوە کە لەناو خێزاندا دیاردەی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی هەبووە، یان ئەو ماڵباتانەی لە خشتە چوونە و ئێستە بنچینەی خێزانی نەماوە و ئەندامانی ماڵەوە

دیار نین، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خێزان ئەوەیە کە ئەندامان پارێزەری یەکترین و لە چوارچێوەی ماڵباتدا دێنە پاراستن، بەتایبەت منداڵ کە تێیدا خێزان هەست بەبەرپرسیاریەتیی زیاتر دەکات. هەروەها خێزان تیپێکی یارییە کە هەرکام لە یاریزانانەکان پێویستە لە شوێنی خۆیاندا یاری بکەن، ئەگەر یەکێک لە ئەندامان نەما یاخۆ بێ توانا بوو، پێویستە ئەندامانی تری خێزان شوێنی پڕ بکەنەوە. کاتێک یەک یاخۆ چەند ئەندامێکی تری گەورەی ماڵ لە مەیدانەکەدا نین، نەخۆشن یان سەر بەخێزان نین و کێشەیان هەیە، ئەوە منداڵانی ئەو ماڵباتە لە مەترسیی زیاتردان تا بەرەو لادان بڕۆن.

کاتێک خێزانێک هەژارە یان دەوروبەر گرینگییەکی ئەوتۆی پێ نادات و پەراوێز خراوە و دەرفەتەکانی خوێندن و دەستگەیشتن بەکاری گونجاو بۆ ئەو خێزانە لەبار نییە، ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو ماڵباتە روو لە هەندێک بژاردەی تر دەکەن و خۆیان لە مەترسی دەخەن. یاخۆ ئەگەر گەنجان و لاوانی خێزانێک لە ماڵەوە ترسیان بخرێتە سەر و بێنە ترساندن، لێیان بدرێ یاخۆ گێچەڵی سێکسییان پێ کراوە و دەستدرێژییان کراوەتە سەر، ئەوە پێویستە ئەو جۆرە کەسانە پارێزگارییان لێ بکرێ، چونکە زۆربەیان لەو دۆخەدا روو لە بازاڕی سێکس دەکەن و چانسی خۆیان لەسەر شەقامەکان تاقی دەکەنەوە. هەندێک روو لە کاری سەماکاری بەڕووتی و تەنانەت راستەوخۆ لەشفرۆشی دەکەن و پێیان وایە کە هەر کارێک لە بێ کاری باشترە. ئەگەر ئەوانە لەژێر تەمەنی یاساییدا بن و هیچ جۆرە ناونیشانێکیان نەبێ، یاخۆ نەتوانن لە بواری دارایی هاوکاری باوانیان بکەن تا خۆیان لە بازرگانیی سێکس بپارێزن، ئەوە ناوەند و لایەنەکانی بواری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتیش پێیان نازانن و ناتوانن هاوکارییان بکەن، چونکە تا ئێستەش گەورەکان بەخاوەنی منداڵ دادەنرێن.

یاسای تایبەت بەمنداڵ و رووالان تا ئێستەش بەرامبەر دۆخەیلی دەربازکردنی منداڵ لە تاوان و کشانەوەی لە کاری نایاسایی سەرکەوتوو نەبووە. بەتایبەت بۆ ئەوانەی دەکەونە نێوان تەمەنی ١٤ بۆ ١٨ساڵی. منداڵان لە سەرەتای گەیشتنیان بۆ تەمەنی لاوێتی زیاتر پاڵەپەستۆیان دەخرێتە سەر تا راکێشی پیشەسازیی سێکس بکرێن، تەنانەت پێش ئەوەی چالاکانی بواری دابینکردنی سێکس و ناوەندەکانی لەشفرۆشی دەستیان پێ بگات و لە خۆیان بگرن. رەنگە ئەو بەشە لە منداڵ و لاوان هەر لە تەمەنی نێوان ١٢ بۆ ١٤ ساڵیدا روو لە لەشفرۆشی بکەن و تا تەمەنی ١٨ ساڵی لەسەر ئەم کارەیان بەردەوام دەبن، دواتر دەتوانن "کارێکی باشتر" وەک سەماکردن بەڕووتییان دەست دەکەوێ و روو لەو پیشەیە بکەن.

بەگشتیی، سێ جۆرە ژینگە و هۆگەلی سەرەکی هەن کە لە شکاندنی کەسایەتیی منداڵ و هاندانی بەرەو لەشفرۆشی بەرپرسن.

### ١ - کۆیلەکردنی منداڵ

کچێکی گەنج کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ کوڕێکدا "هاوڕێتی" دەکات، دڵنیا دەبێ لەوەی کچەکە خۆی مەترسیدار نییە، بەڵام کوڕەکە ئەو دۆخەی پێوەندی بەدەرفەت دەزانێ و کچەکە دێنێتە رفاندن و لە شوێنێک دەیکات بەکۆیلەی سێکسی خۆی و تەنانەت دەیخاتە ژێر کۆنترۆڵی هاوڕێکانی تری. پاش ماوەیەک کچەکە دەترسێنرێ، ئازار دەدرێ و گێچەڵی سێکسی پێ دەکرێ و دەستدرێژی دەکرێتە سەر. ئەو کچە لە کوشتنی خۆی و هەر کەسێک دەترسێ کە خۆشی دەوێ و دەویست.

کچەکە لە ناکاو دەگاتە ئەو بۆچوونەی کە تاکە چانسی مانەوەی ئەوەیە هەرچی حەزی لێیە بیکا و بەپێی ویست و داخوازییەکانی خۆی هەڵسوکەوت بکا. بەو شێوەیە "هەڵدەگەڕێتەوە" و یەکەم کاری ئەوەیە کە ببێ بەئەندامی رێکخراوێکی تایبەت بەلەشفرۆشان و دڵنیا بێ لەوەی دەتوانێ وەک بەڕێوەبەری ئەو شوێنە کار و چالاکی بکا. پاش ئەوەی بەتەواوی "ئەزموون"ی وەرگرت و بوو بەخاوەن ئەزموون، هەوڵی بەربلاوکردنی کارەکانی لەگەڵ خەڵکی زیاتر دەدات و بەشێوەیەکی کاراتر لەگەڵ چالاکانی بواری لەشفرۆشیدا کار دەکات.

توندوتیژیی خێزانی ئەندامانی گەنجی ناو ماڵبات و بەتایبەت کچان بەرەو ئاراستەیەک دەبات کە پێویستییان بەسۆز و لایەنی دەروونی هەیە، بەڵام دواتر لەو پرسە دوور دەکەونەوە و نازانێ بەڕاستی چۆن دەتوانێ کەسێکی خۆش بوێ و هەست و سۆزی پێشان بدا.

ئەو جۆرە کچانە هەر لە سەرەتاوە تێکەڵ بەگرتنی "هاوڕێی کوڕ" دەبن کە باشتر و چاکترن لە هەموو ئەو کەسانەی پێشووتر لە ژیاندا مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون و باشترن لەوانەی لە رابردوودا لەناو خێزان و کەسانی نێزیکدا تووشیان بوونەتەوە. هاورێ کوڕەکەی کچ نێوە نێوە کۆنترۆڵی کچەکە بەتەواوی لەدەست دەگرێ و سەرەنجام دەگاتە قۆناخی توندوتیژی. لەو دۆخەدا کوڕەکە بەناوی بازرگانی و پێدانی پارەی پێویست بەکچەکە باسی سێکس دەکات و پێی دەڵێ "ئەگەر منت خۆش بوێ، ئەوە ئەو کارەم لەگەڵدا دەکەی". ئەو پێوەندییە سێکسییە لە قسەی کوڕەکە بۆ کچەکە سەرەتا بە "تەنیا یەک جار" دەست پێ دەکات، بەڵام دواتر بەخێرایی ئەو گوتارە دەگۆڕێ و پێی دەڵێ "تۆ تەنیای لەشفرۆشێکی، لەشفرۆشێکی خۆم" و داوای لێ دەکات رۆژانە بەردەوام کاری لەشفرۆشی بکا. ئەو کوڕە لەسەر کۆنترۆڵکردنی ئەو کچە بەردەوام دەبێ و لە هەموو رێگەکانی سۆزداری و توندوتیژییەوە هەوڵ دەدات قوربانییەکەی خۆی لەدەست نەدات و تەنانەت تا دوا ساتەکانی تەمەنی ئەو لەشفرۆشە هەر لەسەر داهاتی ئەو کچە دەژی.

پرۆسەی ئەو کارە لەلایەن خەڵکانێکەوە بەڕێوە دەچێ کە بەتەمەنترن و لە قسەکردندا لێزان و وردترن، بەتایبەت کە روو لە منداڵان دەکەن تا بەرەو پیشەسازیی سێکس راکێشیان بکەن، ئەوانە کە هەوڵی رێکخستنی تاوان و کاری نایاسایی دەدەن شارەزان لەوەی چۆن دەکرێ پێناسەی دەستدرێژیی سێکسی بکەن، چۆن منداڵان تووشی چەوساندنەوەی سێکسی بکەن یاخۆ لە رێگەی جۆراوجۆرە مێشک و ئەقڵیان لە خشتە ببەن.

ئەوان پەرە بەو پێوەندییە "تایبەت"ەی نێوان خۆیان و کەسی بەرامبەریان دەدەن کە بەنیازن بیکەن بەقوربانیی پرۆسەکە، سەرەتا منداڵەکە لە خێزان و کۆمەڵگە دەکەنەوە و بەتەنیا رای دەگرن، دواتر وا دەکەن ئەو منداڵە خۆی بەقەرزداری کەسەکە بزانێ کە هەوڵ دەدات بەرەو لەشفرۆشی هانی بدا. نێوە نێوە بەرگریی کچەکە دادەبەزێ، بەتایبەت پاش ئەوەی دیاریی جوانی پێشکێش دەکرێ، پارەی پێ دەدرێ، خواردنەوەی ئەلکهولی و مادەی بێهۆشکەری بۆ دابین دەکرێ و ئاراستەی کەسێکی سێکسخوازی پێ دەدرێ کە بانگەشە بۆ سێکس دەکات. لە پیشەسازیی سێکسدا تەنیا پشت بەبانگەشەکردنی کچ بۆ سێکس نابەسترێ، بگرە ئەوەش تەنیا هۆکارێکی بۆ پەرەپێدانی زیاتری ئەو پیشەسازییەیە.

ئەوانە بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو منداڵەکە راستەوخۆ بەرەو بازاڕی سێکس دەبەن و پێناسەی کچێکی پێ دەدەن کە دەستدرێژیی کراوەتە سەر و دەیکەن بەئامرازێک لەوەی منداڵانی تر تووشی دۆخەکە بکا. لەو نێوەندەدا بەردەوام بەو کچە منداڵە دەڵێن "ئەوەت پێویستە"، "حەزت لەوە هەیە"، "تۆ خۆت وات کرد"، "ئێستە تۆ نەگریس و شوومی" و "تووشی لادانی سێکسی بووە".

ئەوانەی روو لەو جۆرە بازرگانییە دەکەن، بۆ قازانجی کارەکەیان زیاتر چاویان لە تەمەنێکی تایبەتی منداڵە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەن، ئەوان لەسەر ئەو بەرنامەیان کار دەکەن، ئەوان کەمتر روو لە منداڵانی تەمەن بچووکی نێرباز دەکەن و زیاتر گرینگیی بەمنداڵانی گەورەتر دەدەن بێ ئەوەی لایەنەکانی تریان وەک ئازار و توندوتیژیی سێکسی منداڵەکەیان لە بەرچاو بێ.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بۆ درێژخایەن، ئەو کەسانەی ناو پیشەسازیی سێکس ژمارەیەکی زۆر منداڵیان کردووەتە قوربانیی قازانجی پیشەکەیان کە بەهۆیەوە سەرجەمی منداڵەکان لە بواری دەروونی وێران بوونە و ئێستە بەتەنیایی ماونەتەوە و زیاتر لە کەسەکانی تری ناو بازاڕی سێکس زیانیان پێ گەیشتووە.

### ٢- جیاوازییە رەگەزییەکان

وەک دەردەکەوێ لە کاری لەشفرۆشاندا هەردوو رەگەزی نێر و مێ هاوشێوەی یەکتری تێوەگلاون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جیاوازی هەیە.

لە بازاڕی لەشفرۆشاندا سوود لە گەنجانی هەردوو رەگەز وەردەگیرێ و هەوڵ دەدرێ زیاتر لە هەردوو جۆرە رەگەز بەتەمەنە جیا جیاکانەوە راکێشی ناو پیشەسازییەکە بکرێ، بەڵام لە راکێشکردنی ئەو دوو رەگەزەشدا، پاڵەپەستۆی زیاتر دەخرێتە سەر ئافرەت. زۆربەی ئەوانەی سێکس دەکڕن و بۆ ئەو پێوەندییە پارە دەدەن، بەدوای کەسانی گەنجدا دەگەڕێن و پێیان وایە تەنیا لەشفرۆشی گەنج دەتوانێ هاوڕێ سێکسیان بێ.

ئەوانەی تر کە گرینگیی بەپێوەندیی سێکسیی هاورەگەزبازیی ئافرەت لەگەڵ ئافرەت دەدەن، لە راستیدا رەگەزی خۆیان لە بیر دەکەن و بەو کارەیان هەوڵ دەدەن لە تایبەتمەندی و ژیانی

راستەقینەی خۆیان را بکەن. ئەو جۆرە لە پێوەندیی مێ و مێ زیاتر بەرەو لادانی سێکسیی لەشفرۆشان دەچێ.

دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی و کۆیلەکردنی سێکسی لەناو گرتیگە و شوێنی گرتییەکاندا ئەنجام دەدرێ و بووەتە شتێکی ئاسایی. لەلایەن خەڵکی ئاسایی و رای گشتییەوە ئەو کارە لە گرتیگەکاندا وەک سزایەک بۆ ئەو کەسە دادەنرێ کە تووشی ئەو شوێنانە دەبێ. زۆربەی ئەوانەی دێنە گرتن هەوڵ دەدەن بەباشترین شێوە خۆیان لەو دیاردەیە و ژینگەی ناو گرتیگەکان بپارێزن. رەنگە گرتییەکان لە رووی دەرەوە و باڵەخانەوە تەواو پارێزراو بن و لەژێر چاودێرییەکی رژدی ستافی گرتیگەدابن، بەڵام لەو نێوەندەدا چاودێریی وردی ئەو گرتییانە ناکرێ کە لە ژوورێکدا بەیەکەوە چی دەکەن.

کاتێکیش هاوژوورییەکانی گرتیگەیەک بەرامبەر خۆپارێزییان لەو دیاردەیە پەنا بۆ پاسەوانانی گرتیگە دەبن، ئەوە بەناوی پاراستنیان لە توندوتیژیی سێکسی بۆ ژووری تاکەکەسییان دەگوازنەوە، چونکە بەپێی بەرنامە و پێڕەوی گرتیگە دەبێ ئەو کەسانە پارێزراون بن و لە شوێنە گشتییەکان دوور بخرێنەوە. هێنانەوەی ئەو پاساوە پەرە بە "دەستدرێژیی سێکسیی خۆماڵی" لەناو گرتیگەکان دەدات.

نێزیکەی هەموو ئەو گرتییانە دواتر ئازاد دەکرێن، زۆربەیان بەرەو خواردنەوە ئەلکهولی و مادە هۆشبەرەکان دەڕۆن یاخۆ تووشی کێشەی تەندروستی دەبن. ئەوانی تر ئاوارە و سەرگەردان دەکەونە سەر شەقامەکان، مەست و سەرخۆش دەکەون، روو لە چەک و یاخیبوون دەکەن و ئامادەی ئەنجامدانی هەر جۆرە ئازار و هەڕەشەیەک دەبن و سووکایەتیکردن بەئاسایی دەزانن.

لە زۆربەی دۆخەکاندا ئەوانەی تووشی لەشفرۆشی دەبن، زووتر یاخۆ درانگتر لە کاتی ئاساییی خۆی دەبن بەخاوەن منداڵ. ئەو دایکانەی ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، زۆر ئەستەمە بتوانن منداڵەکانیان بپارێزن. لە کەرتی بازاڕی سێکس، مادەی هۆشبەر و توندوتیژیدا، رەنگە منداڵان پشتگوێ بخرێن یاخۆ تووشی دڵەڕاوکێی ژیان دەبنەوە و تەنانەت دەکرێن بەکاڵایەکی بازاڕی سێکس کە خۆیان کاری تێدا دەکەن. یەکێک لەو رووداو و دیاردانەی مایەی کارەسات و دڵتەزێنە ئەوەیە کە لەشفرۆش بەهۆی ژیانی خۆیەوە ناتوانێ ئەرکی دەستپاکی دایکێک بۆ منداڵەکانی جێبەجێ بکا، بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئاخۆ هۆکاری سەرنەکەوتنی لەو ئەرکەدا تا چەند دێتە پەسندکردن.

زۆربەی ئافرەتانی لەشفرۆش حەز دەکەن بۆ منداڵانیان دایکێکی زۆر باش بن، زۆر هەوڵ دەدەن سۆز و خۆشەویستیی خۆیان بۆ منداڵەکە پێشان بدەن، بەڵام منداڵان هیچ کات ئەو سۆزە دەروونییە دایکیان پێ ناگات. منداڵێک کە دوور لە پێوەندیی خێزانی و لە ئەنجامی پێوەندییەکی سێکسیی دەرەوەی ماڵ لەدایک دەبێ و باوکی خۆی ناناسێ و نازانێ کام کڕیاری لەشی دایکی

باوکـیـیـەتی، ئـەو منداڵە لەژێر پـاڵەپـەسـتـۆیـەکـی دەروونیی رژد دایە و هەسـتـەکـانـی تـێک چرژاون. هەندێک لەو دایکە لەشفرۆشـانە دەتوانن جیـاوازی بخـەنە نێـوان منداڵەکـەیان وەک دایکێک و ئەو رێگەیەی بەهۆیەوە بوونەتەوە خـاوەن منداڵ، بۆیە لەشـفـرۆشی و منداڵی بەرهەمی کـارەکـەیان تێکەڵی یەکتری ناکەن، بەڵام هاوکات بەشێکی تر لەو دایکانە ناتوانن ئەو کارە بکەن. هەندێک لە منداڵانی بەرهەمی لەشـفرۆشی کە باوکیان دیار نییە وەک دایکی دووەم ئاگەداریی منداڵەکانیان دەبن و ترسیان هەیە لەوەی نەکات کەسانی تری دەستدرێژییان بکەنە سەر و گێچەڵی سێکسییان پێ بکەن.

ئەگەر یەکێک لە چالاکانی بازاڕی سێکس وەک ئەو کەسەی لەسـەر شەقامەکانی لەشفرۆش بۆ کڕیاری سـێکس دەدۆزێتەوە خـۆی بەباوکی ئەو جۆرە منداڵە بزانێ و وەک منداڵی خـۆی تۆمـاری بکا، یاخۆ لانی کەم ئەو جۆرە منداڵانە لە شـوێنێکی یاسایی تۆمار بکرێن ئەوە رەنگە دادگەکان نەتوانن منداڵەکـە بەیاسـایی بناسن و هاوکـات بۆیان نـاکـرێ لە تۆمـارکـردنی باوانی ئەو منداڵە جۆری پێوەندی و یاسـاکانی باری شارستانی پشتگوێ بخەن. شیمانە دەکرێ لەو دۆخەیلەدا هەر ئەو کـەسـەی ئافـرەتە لەشـفـرۆشـەکـە دەخـاتە بازاڕەوە بەرپرسـیـاریەتێکی منداڵی بەرهـەمی ئەو پێوەندییە سێکسییە لە ئەستۆ بگرێ و بەو شێوەیە باشتر کۆنترۆڵی دایکی منداڵەکەی پێ بکا، کە ئەوەش زۆرجـار راکردنی منداڵەکە لە پیشـەسـازیی سـێکسی لێ دەکـەوێتـەوە و تەنانەت دیار نییـە بەرەو کوێ دەڕوات کە ئەو دۆخە زۆر لەوانی پێشووتر ناخۆشتر و دژوارترە.

پاشـمـاوەکـانی لەشـفـرۆشی لە هەردوو رەگـەزی نێر و مێ لە نـاخـدا کـینەیەکی زۆریان لە پـیـاو هەیە، بەتـایـبـەت بـەرامـبـەر ئەوانەی لە دەسـەڵاتدان، ئەو منداڵ و پـاشـمـاوانی بازرگـانیی سـێکس بێـزارن لەوەی بەهۆی چەوسـاندنەوەیان ژیانیـان لەدەست چووە و لە کـاتێکدا پێـویسـتـیی زۆریان بەهاوکاری هەبووە کەس نەبووە یارمەتییان بدا.

## ٣- رۆڵی کۆمـەڵگە

تا قەبارەی کۆمەڵگە گەورەتر و بەربڵاوتر بـێ، شیمانەی هاتنە مەیدانی بازرگانانی لەشـفرۆشی زیاتر دەبێ، واتـە کـۆمـەڵگـەی گـەورە و قـەرەباڵـخ چەکێکی زۆر بەهـێزە لـەدەست ئەوانەی خـەریکی دۆزینەوەی لەشـفـرۆشـانە تا بۆ کڕیارانی سێکس دابینی بکەن. لەو جـۆرە کـۆمەڵگەیانەدا کـەسی لەشـفرۆش پێناسـەیەکی پێ دەدرێ و تەنیا وەک پیشـەیەک سەیری لەشفرۆشییـەکەی ناکرێ. هەر کات تۆ پارەیـەکت بەسـێکس دا، ئەو کـات تۆ لەشـفـرۆشی و تێکەڵی کارەکە بوویە. کۆمـەڵگە هیچ کات سـاتێکی دیاریکراو بۆ بەکۆتاهاتنی ماوەی کاری لەشفرۆشێک دیاری ناکات و ئەو پێناسـەی لێ وەرناگرێتەوە، هەروەها هیچ رێگەیەک نییە کە ئاماژە بکا بەوەی رای گشـتیی کۆمەڵگە بەنیاز بێ پێناسە و پیشەی لەشفرۆشێک بسڕێتەوە.

ئاست و جـۆری هاوکـارییـەکـانی کـۆمـەڵگەیەک کـە پێـشکێـشی تاکـێکی دەکـات پێـوەندیی

راستەوخۆی بەبەهای ئەو کەسە لەناو کۆمەڵگەکەدا هەیە، واتە بەهای تاک ئاستی یارمەتییەکانی جڤاگێک دەستنیشان دەکات. لە داواکردن و کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ کەسێک لە کۆمەڵگەدا زۆر ئاسانترە داوای هاوکاریی بۆ کەسانێک بکەی کە بۆ نموونە خاوەن هاوسەرن و ژیانی خێزانیان هەیە، خێزانێک بێ لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگە یان کەسێکە بووەتە قوربانیی توندوتیژییەکی خۆماڵی، نەک تا ئەوەی داوای هاوکاری بۆ پەنابەرێک بکەی کە بەهۆی تێوەگلانی بەپیشەسازی و بازاڕی سێکسەوە هەوڵی دەربازکردنی خۆی لە بازرگانێکی سێکس دەدات.

زۆبەی خەڵک پێیان وایە لەشفرۆشەکان خۆیان "ئەو جۆرە لە ژیان"یان هەڵبژاردووە، یان تەنانەت پێیان وایە لەشفرۆشی جۆرێک "ئالوودەبوون و تووشبوون"ە کە دواتر ڕێچکەی ژیانی لەسەر بنیات دەنرێ. ئەوان لەو بڕوایەدان چالاکانی ناو کەرتی پیشەسازی پاڵپشتی لە بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان دەکەن، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا لەشفرۆشان خۆیان تووشی ئەو مادە هۆشبەرانە بوونە و بووەتە بەشێک لە ژیانیان.

کۆمەڵگە بەشێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پرسەدا دەکات کە گوایە ناکرێ هیچ جۆرە هاوکارییەک بەلەشفرۆش بکرێ، بۆیە پێویست ناکات لەو بارەیەوە هەوڵ بدرێ، هەر ئەو خاڵەیە کە خاوەنکاران و بازرگانانی سێکس وەک دەرفەت دەیقۆزنەوە و لە کۆکردنەوەی لەشفرۆش و کەسی زیاتر بۆ بازاڕەکەیان پشتی پێ دەبەستن.

لەگەڵ کەوتنەداوی لەشفرۆش لە چەوساندنەوە و بێ بەزەیی پیاو لە دۆخێکدا کە هیچ جۆرە هیوایەک نییە، نەخۆشییەک سەرهەڵدەدات کە پێوەندیی بەشکان و نەمانی حەزە سروشتییەکانی ئافرەت دەگرێتەوە. کاتێک ئافرەتی قوربانی ناتوانێ بەرەنگاریی ئەو دۆخە بێتەوە و سەرکەوتوو نابێ لەوەی شەڕی مانەوە بکا و دەرفەتی راکردن و دەربازبوون نابینێ، هەوڵ دەدات بەوپەڕی خۆپارێزییەوە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا کە داوای فرۆشتنی سێکسی لێ دەکات پێوەندییەک ببەستێ. ئافرەتە لەشفرۆشەکە هیوادارە بتوانێ سۆز و خۆشەویستیی خۆی بۆ بازرگانەکەی بخاتە روو کە لە دەرەوە و سەرشەقام کەسی خوازیاری سێکسی بۆ پەیدا دەکات. لەشفرۆشەکە بازرگانەکەی بۆیە خۆش دەوێ تا لەگەڵیدا بەباشی هەڵسوکەوت بکا، کە پێوەندیی بەنەمانی هیوای ئافرەتەکە هەیە و بەو شێوەیە لەشفرۆش بەنیازە ڕێگەیەک بۆ دەربازکردنی خۆی بدۆزێتەوە.

لەشفرۆشی و بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکان شان بەشانی یەکتری دەڕۆن. کڕیار و خوازیارانی سێکس زۆربەیان هاوکات کڕیاری مادەی هۆشبەرن، زۆربەی ئەوانەی لەشفرۆش بۆ کڕیاری سێکس دابین دەکەن هانی کڕیاران دەدەن کە لەگەڵ سێکسدا مادەی هۆشبەریش بەکار بێنن.

بازرگانانی سێکس گرینگییەکی زۆر بەمادە هۆشبەرەکان و خواردنەوە ئەلکهولییەکان دەدەن و وەک لایەنێکی بەهێزی ئابووری سەیری دەکەن. ئەگەر لەو دوو بوارەی کاردا پێشتر لایەنی

کیمیایی و پزیشکی لە بەرچاو نەگیرێ، شیمانە دەکرێ ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن تووشی لێکترازانی دەروونی و خۆکوشتن ببنەوە. هەروەها بەسەپاندنی بیر و بۆچوونی تایبەت و ئەنجامدانی توندوتیژی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی لەشفرۆشەکە دەدەن. بەهەمان شێوە مادە هۆشبەرەکان دەبنە مایەی پەراوێزخرانی لەشفرۆش و خەڵک بەهیچ شێوەیەک هەوڵ نادەن بەجۆرێک یارمەتی پێشکێش بەقوربانیی ئەو کارانە بدەن و ڕێگەی دەربازبوونیان بۆ بدۆزنەوە یاخۆ پارێزگارییان لێ بکەن، واتە تاکە کەسێک کە کەمترین هاوکاری و یارمەتی پێ ڕەوا دەبینرێ ئەو لەشفرۆشەیە کە ئالوودەی مادە هۆشبەرەکان بووە.

باری تەندروستی کاریگەرییەکی بەرچاو و ترسناک دەکاتە سەر ناخ و دەروونی لەشفرۆش. بەتایبەت ئەوانەی لە منداڵییەوە تووشی لەشفرۆشی دەبن زیاترین پاڵپەستۆی دەروونییان لەسەر دەبێ و تووشی لێکترازانی ناخ دەبن. پاشماوەکانی کاری لەشفرۆشی زۆربەیان هەستێکی تێکەڵەیان لە پاڵەپەستۆ و نیگەرانیی دەروونی هەیە و بەرەوڕووی ئاڵۆزیی دەروونی دەبنەوە.

بیرکۆڵی و تێکچوونی مێشک، ئاڵۆزیی دەروونی و خۆکوشتن چەند دیاردەیەکی دیار و بەرچاوی ئەو لەشفرۆشانەیە کە لە بواری تەندروستییەوە تووشی دەبنەوە. جگە بۆ درێژخایەن هەندێک دیاردەی پزیشکی وەک نیگەرانیی دەروونی و شیمانەی تووشبوون بەنەخۆشیی ترسناک هەڕەشەیان لێ دەکات و کەڵەکەبوونی ئەو دۆخەیلە تەندروستییە تەمەنی ژیان و مانەوەیان کورت دەکاتەوە.

## بەرەنجام

ئەوانەی لە ژیاندا زیاتر بەختەوەرن و ژیانێکی ئاسوودەتریان هەیە، هاوشێوەی بەشێک لەوانەی بەهۆی پیشەسازیی سێکسەوە قازانجیان پێ گەیشتووە، وەک "تاوانێکی بێ قوربانی" سەیری لەشفرۆش و پیشەسازیی سێکس دەکەن. خەڵک پێی وایە تووشارانی بازرگانیی سێکس خۆیان ئەو جۆرە کارەیان هەڵبژاردووە، بۆیە بەکەمی لە ڕابردوو و بەسەرهاتی ئەو کەسانە دەکۆڵنەوە کە بەجۆرێک یاخۆ کاتێک لە شوێنێک کاری بازرگانیی سێکسیان کردووە و تێوەگلاون.

ئەو جۆرە لە پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنەی لەشفرۆشان لەلایەن خەڵک و کۆمەڵگەوە نیشانەیەکە لەوەی کۆمەڵگە بەگشتی پێی وایە بەسەرکردنەوەی کەرتی پیشەسازیی سێکس بەهەموو جۆرێک ترسناکە و مایەی مەترسی و بەختی ڕەشە.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەقسەی پاسەوانێکی هێزەکانی پۆلیس بکەین کە دەڵێ "هەر کەسێک پێی وایە لەشفرۆش قوربانییەکی بێ تاوانە، دیارە تا ئێستە لە پرسەکە نێزیک نەبووەتەوە و ئاگەداری نییە".

سەرچاوە:

# سەرهەڵدان و جۆراوجۆریی ڕێبازە فیمینیستییەکان

لەیلا موری

فیمینیزم، ڕەوتێکە خشکەیی کە لە هەناوی هزرگەلی فەلسەفی و ئیدیولۆجیکی ڕۆئاواوە سەری هەڵداوە و بەهێنانەگۆڕی ئایدیا و دروشمگەلی بەڕواڵەت مافخوازانە سەبارەت بە ژنان، توانی بەپەلە لە ئاست دنیادا بڵاو بێتەوە و وڵاتەئیسلامییەکان دابگرێ. بەگوێرەی ئەو شارەزاییەی کە ڕۆئاوا لە نەریتە قەومی، خێڵەکی و مەزهەبییەکانی وڵاتانی ئیسلامی و حەساسییەتی موسڵمانەکان لە پێوەندی لەگەڵ ژن هەیبوو، دەستی دایە پڕوپاگەندە لە ئاستێکی بەربڵاودا. هێندێک لە رەوتە ئیسلامییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە رەوتی فیمینیزم یەکێک لەو سەدان شمەکەیە کە رۆئاوا بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی خۆی لەلایەک و زیادکردن و هەرمێن بۆ پەیداکردنی خۆی لەلایەکی ترەوە، بیچمی خۆی گۆڕی و لە شێواز و مۆدیلێکی نوێ بەناوی فیمینیزمی ئیسلامییەوە هاتە وڵاتانی ئیسلامییەوە. فیمینیزم بزووتنەوەیەکە بۆ وەدیهێنانی داخوازییە قانوونییەکانی ژنان کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ی زاینی و لە درێژەی نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ هێندێک لەو نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییانە پێک هات و کەوتە تاوتوێکردنی ئەو نابەرابەرییانە و ڕوانگەی جۆراوجۆریشی پێشنیاز کرد، هەروەها بەهۆی بەستراوەیی ڕوانگەکان و بەریانە فیمینیستییەکان بۆ قوتابخانە فەلسەفی و سیاسییەکانی رۆئاوا، لقگەلی جۆراوجۆر لە فیمینیزم بوونەوە کە هەر کام لە روانگەیەکی تایبەت و جیاوازەوە دەڕواننە کێشە حقووقییەکانی ژنان کە گرینگترینیان: فیمینیستە رادیکاڵ، مارکسیست، سۆسیالیست، لیبراڵ، بان مۆدێرن و ئیسلامییەکانن.

لەم وتارەدا هەوڵ دراوە باس لە هۆیەکانی سەرهەڵدان و جۆراوجۆریی قوتابخانە

............................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شنۆ مێهرپەروەر

فیمینیستییەکان بکرێ و شێوەی لێکدانەوەیان لەسەر مەسەلە و گیروگرفتەکانی ژنان و ڕێکارە پێشنیازکراوەکانیان بۆ ناساندنی ئەم گرووپانە شی بکەینەوە. بۆ نموونە فیمینیستەکان هۆی ژێردەستەیی و زوڵم لە ژنان بۆ گۆڕانکارییە ئابوورییەکان بەتایبەتی بۆ پاش ڕێنیسانس دەگەڕێننەوە و تەنیا ڕێگەی ڕزگاریی ژنان لە ڕەدکردنەوەی سەرمایەداریدا دەبینن. لە حاڵێکدا کە ڕادیکاڵە فیمینیستەکان سروشتی توندوتیژانەی پیاو و پیاوسالاری بەهۆی کاری سەرەکیی زوڵمکردن لە ژنان و چارەسەریی مەسەلەکانی ژنان لە وەگەڕخستنی خەباتێکی سیاسیی ڕێکخراو دژی ئەم سیستەمە بەپێویست دەزانن، بەبڕوای هێندێک لە فیمینیستە ئیسلامییەکان دەبێ ئیماندارێ و هێزی ئاینی لێک جیا بکرێتەوە، هێندێکی تر ڕاشکاوانە باس لە نیزامی سکۆلار ناکەن، بگرە خوازیاری خوێندنەوەیەک لە ئیسلام و بنەما ئاینییەکانن کە بەپێی کولتووری ڕۆئاوا بێ.

ئێستاش گەشتێکی ڕاگەیەنی لەو بوارەی کە فیمینیزم چییە دەست پێ دەکەین و لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە و دوای ئەم ڕەوتە خشکەییە دەکەوین.

## فیمینیزم چییە؟

فیمینیزم، بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوە بۆ دەست ڕاگەیشتن بە مافەکانی ژنان و ئیدیۆلۆجییەکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە کە مەبەستەکەی تەنیا وەدیهاتنی بەرابەریی کۆمەڵایەتی ژنان نییە، بگرە خەون بەلابردنی هەر چەشنە زوڵم و هەڵاواردن و جیاوازی دانانێکی ڕەگەزییەوە دەبینێ، هەموو ئەو مەیل و ڕێبازانە کە لەژێر چەتری بەربڵاوی ئەم بزووتنەوەیەدا کۆبوونەتەوە، لەسەر ئەو بڕوایەن کە ژنان لەگەڵ بێ عەدالەتی و نابەرابەریدا بەرەوڕوون، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ هۆیەکانی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە لەسەریان ڕاڤەی جۆراوجۆر پێشکێش دەکەن و هەر بەو پێیە ڕێکار و شێوازی جۆراوجۆر پێشنیاز دەکەن.

یەکەم جار وشەی فیمینیزم (Feminisme) بەشێوەیەکی نیمچە شیکراوە و لە بابەتێکی پزیشکیدا بەزمانی فرەنسایی، بۆ گەشەی ئەندامەکان و تایبەتمەندیی ڕەگەزیی نەخۆشەکان، بەتایبەتی بۆ پیاوێک بەکار هات کە وای بۆ دەچوون کە لە ژن جەستەیی خۆیەوە ئازاری دەکێشا، پاشان ئەلێکساندێر دۆما نووسەری فرەنسایی، ئەم وشەیەی لە نامیلکەیەکدا لەژێر ناوی "ژن و پیاو"دا سەبارەت بە ژنی مێردار و ئەو ژنانە بەکار برد کە بەشێوەیەک بە ڕواڵەت پیاوانە هەڵسوکەوتیان دەکرد.

فیمینیزم وەک دەستەواژەی سیاسی، لە ساڵی ١٨٣٧ی زایینییەوە هاتە نێو کولتووری فرەنسە و هەر ئەم وشەیە ڕواڵەتێکی گشتیی هەیە و تایبەتمەندییەکانی هەڵگری پێناسە و پێکهێنەری ڕێبازێکی تایبەتن، وشەیەکی ڕوون و ساکارە، بەڵام بەهەبوونی ئەم چەمکە گشتییە، لە هێما و نیشانەی بیرۆکەیەکی تایبەت بێ بەشە. بۆ تێگەیشتن لە مانای تایبەتی ویستراو لە فیمینیزم،

پاشگرگەلێک پێویستن. چونکە ئەم چەشنە پاشگرانەن کە جۆری پەرەسەندن، تایبەتمەندییەکان و مەبەستە دیاریکراوەکان دەستنیشان دەکا و بەم شێوەیە کە بۆ نموونە فیمینیستی رادیکاڵ لە فیمینیستی سۆسیالیست جیا دەکاتەوە. لە باسە ئاکادیمییەکاندا فیمینیزم بە مانا گشتییەکەی بریتییە لە هەر چەشنە داخوازییەکی قانوونی و کۆمەڵایەتیی ژنان، بەڵام ئەوەی کە ئەمڕۆ وەک فیمینیزم باسی لێوە دەکرێ، فیمینیزم بەمانای تایبەتییەکەیەتی کە بزووتنەوەیەکی بەتەواوی سیاسی ـ ئیدیۆلۆجیکییە کە لەلایەن ناوەندە تایبەتییەکانەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ. وا باشتریشە بڵێین پێش ئەوەی کە قوتابخانە و ئیدیۆلۆجییەکی سەربەخۆ بێ، بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنانی چەوساوەی ئەوروپا و رۆئاوا. لە دەیەی ١٨٤٠ی زایینیدا، بزووتنەوەی مافەکانی ژنان لە وڵاتە تەیەکگرتووەکاندا سەری هەڵدا و هەوڵی دا پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی ئەمەریکادا دیاری بکا کە خوازیاری لە بەرچاوگرتنی بنەماکانی ئازادی و بەرامبەری لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا بوو، بەر لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی داکۆکیکەری مافەکانی ژنان، نووسەرانی ژن سەبارەت بەنابەرامبەری و بێ عەدالەتییە کۆمەڵایەتییەکان، گەلێک بابەتیان نووسیبوو. لە ڕاستیدا دەستپێکی ئەم بزووتنەوانە و سەرچاوەی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فیمینیزم، هەر ئەم نووسراوانە بوون کە بەپێکهێنانی گۆڕانکارییە کولتوورییەکان، بواریان بۆ جموجۆڵی ژنان لە پێناو وەدەستهێنانی داخوازییەکانیاندا رەخساند.

بۆ نموونە دەتوانین ناوی خاتوو" مێری وێڵستن کرافت" نووسەری دابینبوونی مافەکانی ژنان و "سیمون دۆبوار" نووسەری کتێبی "رەگەزی دووەم" بێنین. لە کۆبەندێکی گشتیی پێناسەی فیمینیزمدا دەتوانین بڵێین: گەلێک بزووتنەوەی چالاکیی بواری مافەکانی ژنان، چ لە جیهانی رۆئاوادا و چ لە وڵاتانی ئیسلامی، لە نارەزایەتی بەهێندێک لە نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان پێک هاتن، بەڵام بەتێپەربوونی کات بوونە رەوتگەلێکی کولتووری کە بە پێی بۆچوونە ناسراوە باوەڕییەکان، کەوتنە لێکدانەوەی نابەرامبەرییەکانی ژنان و ئامانجە ژنانەکانیان. ئەمڕۆ وشەی فیمینیزم بەداکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان لەسەر بنەمای ئامانجی بەرامبەری مانا دەکرێتەوە.

## هۆیەکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم

فیمینیزم وەک ڕێبازێک کە هەوڵی پێشخستنی مافەکانی ژنان دەدا، پێویستیی بەخوێندنەوەی بایی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژووی رۆئاوا هەیە کە لەم باسەی ئێمە ناگونجێن، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندنی هۆیەکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم ناچارین چەمکی ژن و مافەکانی لە روانگەی مێژووییەوە بەکورتی باس بکەین. لە رۆمی کۆندا، ژنان مافی کۆمەڵایەتییان نەبوو و لە میراتیش بێ بەش دەکران. ژن لە دوای مردنی مێردەکەی وەک کەلوپەلەکانی تر بۆ میراتگرەکانی دەمایەوە، رۆمییەکان لەگەڵ ئەوەی کە لە بواری یاسا و مافەوە پێشکەوتنی زۆریان وەدەست هێنابوو، بەڵام بیرورای گشتی سەبارەت بە ژنان لە توندوتیژی و سەختگیرییەوە نزیک بوو.

لە دیموکراسی ئاتێندا ژنان لەگەڵ کۆیلە و بەرەڵاکاندا یەکسان بوون و مافی دەنگدان و خاوەنداریەتیی ئابوورییان نەبوو. بەهەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی رۆم، فەزای کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەریی کولتووری مەسیحییەتدا تا ڕادەیەک لەبار بوو، لەگەڵ ئەوەی کە سەدەکانی نێوەڕاست قۆناخی حەسانەوەی ژنانی ئەوروپایی کۆن بوو، بەڵام سەدەکانی شەش و حەوتی زایینی کە هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی بیروباوەڕی مەسیحییەت بە چاوی ڕێزەوە دەیڕوانییە ژن، بەشێوەیەک کە توانی بۆچوونی دواکەوتووانەی پێش مەسیحییەت سەبارەت بە ژن بگۆڕێ. چونکە ئەم ئاینە لەسەر بناخەی ژنێک بەناوی مەریەم (خوا لێی ڕازی بێت) پێک هێنرا، لە سەدەکانی دەیەم و یازدەمی زاینیدا، ژنان هێدی هێدی هاتنە نێو کاروباری سیاسی، حکوومەتی و قەزاییەکانەوە. ئەم قۆناخە هاوکات بوو لەگەڵ هاتن و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ئەوروپادا، کە چوونەسەری ڕێزی مافەکانی ژنان و مافە مادی و مەعنەوییەکان و کولتووری ئەوروپای لەگەڵ خۆی هێنا. لە سەدەکانی سێزدەم و چواردەمی زاینیدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەوروپا گۆڕانی بەسەردا هات کە بووە هۆی بەرتەسکردنەوەی مافەکانی ژنان و هاتنەخواری ڕێز و حورمەتی ژنی ئەوروپاییی لێ کەوتەوە، زۆرترین قۆناخی هێرش بۆ سەر ڕێز و کەرامەتی ژن و مافە مادی و مەعنەوییەکانی لە رۆئاوا لە دوای ڕێنیسانس بوو، قۆناخێک کە بە مردنی شارستانییەتی ژن ناوی لێ دەبرێ. لووتکەی ئەم هێرشانە لە سەدەکانی یازدەم و شازدەمی زاینیدا بوو، لەم قۆناخە ژنانی داهێنەر لە مەیدانی زانست و هونەر و ئەدەبیاتدا، ناچارن شوێنەوار و بەرهەمەکانیان بەناوی پیاوانە ئیمزا بکەن. بۆ وێنە دۆزینەوە گرینگەکانی "تێکۆبراهە" لە بواری بەئەستێرەناسیدا بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونە زانستییەکانی خوشکەکەی بوو.

لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدەی زاینیدا کە هاوکات لەگەڵ خێراتربوونی سێکولاریزاسیون لە ئەخلاق و کولتوور، ئاڵوێری کۆیلەکان و هەژاربوونی بەشێک لە مرۆڤایەتی و کۆکردنەوەی سامان، حورمەتی مرۆڤ لە ئەورووپا، بە ڕێژەی بەرهەمهێنانی کاڵا و پاشکەوتە مادییەکانی هاتە خوارەوە، لەم نێوەدا، بارودۆخی ژنان لە چاو پیاوان دژوارتر و خراپتر بوو، ژنی رۆئاواییش فیمینیزمی بە تاکە پشتیوانیی قانوونی و ڕێز و حورمەتی لەدەستچوونی خۆی دادەنا، ڕەخنە لە یاسا ناعادلانە و نادادپەروەرانەکان، پێکهاتەی دەسەڵات، کولتوور، بایەخەکان و داوونەریتە پیاوسالارەکانی کۆمەڵگە دەزانێ. دەتوانێ ڕەوتی مێژوویی سەرهەڵدانی فیمینیزم بە دوو بەشی سەرەکیی ناودێر بە شەپۆلە دوولایەنەکان پۆلێنبەندی بکەی. شەپۆلی یەکەم فیمینیزم تیشک دەخاتە سەر بزووتنەوە فیمینیستەکانی کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمی زاینی. تەوەری چالاکییەکانیان وەدەستهێنانی مافی یەکسان بۆ ژنان و بە تایبەت مافی دەنگدان بوو، شەپۆلی دووەم لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ و تەواوی دەیەی ٧٠ی سەدەی بیستەمی زاینی، نارەزایەتییەکی سەرلەنوێیە دژی نەبوونی یەکسانیی ژنان.

ئەم دوو شەپۆلە فیمینیستییە پێیان وایە کە بیاڤگەلێکن کە هەڵگری بیروباوەڕەکان، کورتە

مێژوو و هەنگاوگەلی تایبەتیی خۆیانن. بەڵام لە کردەوەدا لە نێوان ئەم بیروباوەڕ و کردەوانەدا هیچ یەکگرتنێک بەدی ناکرێ.

لە بواری هۆیەکانی سەرهەڵدانی جۆراوجۆریی ڕێبازە فیمینیستییەکانەوە، بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە ئەوان خەباتی خۆیان لە پێناو ئازادی و رزگاریی ژن لە ستەم و چەوسانەوەی پیاوان تەرخان کردووە، دەبێ بڵێین هەر کام لەو بیروباوەڕ و قوتابخانانە بەپێی هەلومەرجی سەرهەڵدان و ئاستی توانای خۆیان، لە چوارچێوەی قوتابخانەیەکی تایبەتدا رەنگ و بۆن و کەشوهەوای ئەو قوتابخانە هزری ـ فەلسەفییەیان وەرگرتووە و ئەم هەمەکییە گشتییە جێی متمانەیە، بەگوێرەی زەوینەی گەشەی خۆی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی هۆکار و فاکتەرگەلی دەوروبەرەکەی. بەوتەی "دریک ویلفورد" باشترە لە جێی زاراوەی فیمینیست، لە زاراوەی فیمینیستەکان کەڵک وەربگیردرێ، چونکە لایەنگرانی فیمینیستی بەڕادەیەک زۆرن کە ناتوانرێ لە چەمکێکدا کۆ بکرێنەوە.

لەو سۆنگەیەوە کە فیمینیستییەکان بەپێی پرەنسیپەکانی قوتابخانە هزری ـ فەلسەفی و سیاسییەکان ڕوانگەکانی خۆیان پەرە پێ دەدەن و هۆیەکانی ژێردەستەیی ژنان راڤە دەکەن و لێکیان دەدەنەوە، دەبێ هۆیەکانی سەرهەڵدانی و جۆراوجۆریی روانگە فیمینیستەکان لە بەستراوەییی بزووتنەوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان، بەم قوتابخانەیەوە بزانین. لەلایەکی ترەوە بوون و سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانە جۆراوجۆرە فیمینیستانە ئەوە دەردەخا کە فیمینیزم بەتەنیا قوتابخانە و ئیدیۆلۆجییەکی سەربەخۆ نییە، بگرە تەنیا رەوتێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە. هەموو فیمینیستەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە رەگەزی ژن بەردەوام لەلایەن پیاوانەوە کەوتووەتە دووچاوەگی و هەڵاواردن، بەشێوەیەک کە تانوپۆی کولتوور و مێژووی خەڵکی لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی جیهاندا چووەتە خوارێ، زۆرێک لە هەڵسوکەوت و داوونەریتی خەڵکی خستووەتە ژێر باندۆری خۆیەوە بەچەشنێک کە ژێرچەپۆکیی ژنان بەهەموو لایەنەکانی کولتووری نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دنیاوە دیارە. ئەمە ئەو ئاستەنگە هەمەکییەیە کە سەرجەم ڕێبازە فیمینیستییەکان، چارەسەرکردنی بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن، بەڵام لە قۆناخی پێشکێشکردنی گەڵاڵە و بەرنامە بۆ چارەسەری ئەم گیروگرفتە تووشی ناکۆکیگەلی بەرچاو هاتوون، بەشێوەیەک کە هیچ پێناسەیەکی یەکگرتوویان لە فیمینیزم نییە. خاتوو "رۆژە کاوز" یەکێک لە فیمینیستە بەناوبانگەکان لەم بارەوە دەڵێ: "من بۆ خۆشم ئێستاکەش تێ نەگەیشتم کە فیمینیزم چییە؟ دەکرێ بڵێین، هیچ پێناسەیەکی سەرەکیی بیرۆکەی فیمینیزممان لە دنیای رۆژئاوادا نییە. مەگەر تەنیا لەو ڕادەیەی کە ژن بەهۆی پێناسەی رەگەزییەوە لە دنیادا، تووشی هەڵاواردن هاتووە و بەردەوام بەهۆی رەگەزەکەیەوە چ لە رووی پێداویستیی ژنانە و بەگشتی ئینسانییەکانەوە خراوەتە پشتگوێ و تا ئەم ئاستەش دەتوانن رێک کەون، بەڵام ئەم ڕادەیەش زۆر ناڕوون و گشتییە و پاش ئەوە، هەموو شتێک لە بواری فیمینیزمدا ئاڵۆز و پڕکێشە دەبێ.

ئاوڕدانەوە لە نێوەڕۆکی مەیل و لایەنگریی فیمینیستەکان، دەتوانین لەوە تێ بگەین کە تێکڕایان بەشێوەیەک بڕوایان بەئامانجی بەرابەری و یەکسانی هەیە.

خاتوو "نەییرەی تەوحیدی" نووسەری "فیمینیزم، دیموکراسی و ئیسلامخوازی" باوەڕی وایە کە دەکرێ چەند خاڵێکی هاوبەش بدۆزینەوە کە جێگەی ڕەزامەندی و پەسندی هەمووان بن. بۆیە پێناسەی ناوبراو لە فیمینیزم بەم شێوەیەیە: بڕوا بەیەکسانی و بەرابەریی مافەکان، دەرەتانەکان، پێداویستی و پێگەی کۆمەڵایەتیی ژن و پیاو و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی دەسەڵاتخوازی ڕەگەزی و پیاوسالاری و کۆتاییهێنان بەستەم، هەڵاواردن و جیاوازی دانان دژی ژنان. کەوابوو ئەوەی کە هەموو فیمینیستەکان بڕوایان پێیە و خاڵی هاوبەشیان لە دوو مەسەلەدا کورت دەکرێتەوە: یەکەم ئەوەیە کە ژنان بەهۆی ڕەگەزییەوە تووشی هەڵاواردن و جیاوازی دانان هاتوون، دووەمیش ئەوەیە کە جیاوازی و هەڵاواردن دەبێ لابچێ کە مەرجی ئەمەش چاکسازییە لە سیستەمە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. لە هەمان کاتیشدا هەموو فیمینیستەکان، لە دوو مەسەلەی بنەڕەتیدا پێکەوە هاوڕا نین کە ئەم جیاوازی و ناکۆکییانەش بوونەتە هۆی پێکهاتنی گرووپ و دەستەی جۆراوجۆری فیمینیستی.

أ): هۆکارگەلی ژێردەستەییی ژنان.

ب): ڕێگەچارەی چاکسازی لە بارودۆخی ژناندا.

## ڕێبازە فیمینیستییەکان

١- فیمینیزمی لیبراڵ:

ئەم قوتابخانەیە لەو باوەڕەدایە، کە بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژنان، دەبێ لە چوارچێوەی حکوومەتە لیبراڵەکاندا خەبات بکرێ. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، دەسەڵاتی ئەم چەشنە حکوومەتانە دەسەڵاتێکی ڕەوایە، بەڵام ئەو ماف و ئیمتیازانەی کە پێشکێشیان دەکا دەبێ هەموو ژنان بگرێتەوە، لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەوە ڕۆڵە ڕەگەزییەکان ئەو قەزاوەتە بەرووەختە پڕ لە جیاوازییە و ئەو ڕوانگە جۆراوجۆرە لەمەڕ جیاوازییە سروشتییەکان، ڕەگەز و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چارەنووسی جۆراوجۆر بۆ ژن و پیاویان لێ دەکەوێتەوە. جا بۆیە، لیبراڵەکان دژی ڕۆڵە نەگۆڕەکان لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدان. لیبراڵەکان، گرینگییان بەئازادی و کردەوە و چێژوەرگرتنی خۆتەوەرانەی تاکەکان داوە و سەبارەت بە ڕۆڵی دایکایەتی و هاوسەری لە بنەماڵە نەریتییەکاندا، لەو رووەوە کە مەیل و ئارەزووەکانی تاکەکانی بنەماڵە بەرتەسک دەکاتەوە، ڕەشبینن. بەبڕوای ئەوان بەچاکسازیی یاساکان و پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، دەتوانرێ بنەمای کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە دابنرێ، ئامانجی ئەوان وەدیهاتنی کۆمەڵگەیەکی دوو ڕەگەزییە. کۆمەڵگەیەک کە ئەندامەکانی لەباری ڕەگەزەوە نێر یان مێن. بەڵام تایبەتمەندییە ژنانە و پیاوانەکان، بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو دەرناکەون. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن لە ڕێگەی گۆڕینی

یاســـاكـــان و پێكهــێنانی دەرەتانگەلێكی زیاتری پەروەردەیی و ئابووری و تێكەڵبـــوونی ژنان بەكاروباری كۆمەڵایەتی، دەتوانرێ ئەم ئامانجە وەدی بهێنرێن.

٢ـ فیمینیزمی ماركسیستی:

تەوەری سـەرەكیی سـەرەنجی مـاركسـیست ـ فـیمـینیـستـەكان، گرینگیدان بەرۆڵی ناكۆكییە چینایەتی و گۆڕانكاریی كەرەستەی بەرهەمهێنان لە گۆڕانی پێكهێنانی گۆڕانكارییە كولتووری و كۆمەڵایەتییەكانە.

فـیمـینیـزم بەرهـەمی هـەوڵ و مـاندووبوونی ژنانێكە كە مـاركسیـسمیـان پەرە پێ داوە، تا بتـوانن روونكردنەوەیەكی بـاشـیـــان بۆ ژێردەســتـــەیی و كـــەڵك وەرگــرتن لە ژنانیـــان لە كـــۆمـــەڵگە سەرمایەدارەكاندا پێ بێ.

بەبڕوای ماركس، لە كۆمەڵگە سەرەتاییەكانی مرۆڤایەتیدا، بنەماڵە وەک چوارچێوە و پێكهاتەی بنەمـاڵەیی ئێـسـتـا نـەبوو، خـەڵک بەشـێـوەی تۆڕی گـەورەی خـزمـایەتی پێكەوە بوون و لێک گـرێ درابوون. بەسـەرهەڵدانی خـاوەندارێتـیی تایبـەت و هـاتنە ئارای ئابـووری و شـوانكاری و گـاوانی، شكسـتی مـێژوویـی رەگەزی ژن، دەسـتی پێ كـرد، پیـاوان ئیـدیعـای خـاوەنـدارێتـیی كـەرەسـتـەی بەرهـەمـهێنانیـان دەكرد و دابینكردنی هێزی كار وای لێ كردن كە هاوسەر و منداڵەكانیان بـخـەنە ژێر ڕكێفی خۆیانەوە.

ڕوانگە مـاركسـیـتـییـەكان، پێڕەویكردنی ژن لە پیـاو بۆ مـەسـەلە ئابوورییەكان دەگـەڕێنێتـەوە. لە دوای ماركس، ئێنگلس دەسـتی دایە نوێگەری لە ئیدیۆلۆجی و ڕوانگەكانی قوتابخانەی ماركسیزم تا بیـرۆكەیەک گەڵاڵە بكا كە داكۆكی لە مافی ژنان بكا. لە روانگەی گشـتیی مـاركس و ئێنگلسـدا جیـاوازیـیـەكی ئەوتۆ نابینـدرێ، بەبڕوای ئەوان، بنەمـاڵە یەكـەمین دامـەزراوەی كـۆمـەڵایەتـیـیـە كـە بەشێوەیەكی نادادپەروەرانە كاری تێدا دابەش بووە و دەبێ لەنێو بچێ. ماركس دەڵێ:

"بنەماڵە بۆ دابینكردنی پێداویستییەكانی سیستەمی سەرمایەداری و بەشێوەیەكی روونتر لەبەر خواستی پیاوان بۆ دەستاودەستكرنی میرات بۆ میراتگرانی ڕاستەقینە پێک هات".

بەپێی بۆچوونی فـیـمـینینست ـ مـاركسـیـسـتـەكان، گـۆڕانكارییـە ئابووریـیـەكان سـەرچاوەی ژێردەستەیی ژنان و شۆڕشی پیشەسازی و رەتكردنەوەی سەرمایەداری، ڕێگەی رزگاربوونی ژنان لە بارودۆخی ئێستایە.

٣ـ فیمینیزمی رادیكاڵ:

لایەنگرانی ئەم بزووتـنەوەیە لەسـەر ئەو باوەڕەن كە هیـچ دامـەزراوەیەک نییە كە پیـاوان دەسـتی تێ وەرنەدەن و خـۆیان تێی هەڵنەقوڵتێنن، بۆیە هـەر لایەنێكی ژیانـی ژنان كە ئێـسـتـا بەئاسـایی دەژمــێــردرێ، دەبێ بە شـک و گــومـــانـەوە لێـی بڕوانـین و وەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەكی نـوێ بۆ

وەگەڕخستنی کاروبارەکان بین. کاکڵەی بیروباوەڕی فیمینیزمی رادیکاڵ، ئەوەیە کە نابەرامبەرییە رەگەزییەکان، بەرهەمی سیستمێکی دەسەڵاتداریتی و پیاوسالارین و لە گرینگترین شێوەکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتین.

"سیمون دۆبوار" لە کەسایەتییە رادیکاڵە بەناوبانگەکان دەڵێ:

هیچ مرۆڤێک بە ژنی یا پیاوی لەدایک نابێ، بگرە بەدرێژاییی ژیان شوناسی ژنانە یان پیاوانە بوون، وەردەگرێ. تەنیا جیاوازییە فیزیۆلۆجیکەکان ژن و پیاو لە بواری بیۆلۆجییانەوە جیا دەکەنەوە و جیاوازییە زەینی و رۆحییەکان و ناکۆکییەکان لە روانین و لێهاتووییەکان، بەگشتی بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانن. بەم پێیە و بەو هۆیەی کە سروشتی نەگۆڕی مرۆڤایەتی وجوودی نییە، دابەشکردنی ئەرکەکان بە ژنانە و پیاوانە هەڵەیە. رادیکاڵە فیمینیستەکان، هۆی ژێردەستەییی ژنان بۆ سروشتی توندوتیژانەی پیاو دەگەڕێننەوە و لەسەر ئەو بڕوایەن کە پیاوان لەم تایبەتمەندییەی خۆیان بۆ کۆنترۆڵی ژنان کەڵک وەردەگرن.

"مێری دیلی" ڕاپۆرتێکی بەڵگەنامەییی لەو کارەساتانە کە پیاوان لەو زەبروزەنگە بۆ کۆنترۆڵی ژنان کەڵکیان وەرگرتوە، دەخاتە بەرچاو.

ناوبراو بە تیشک خستنەسەر نەریتی "سوتی" لە هیند (ژن لەگەڵ تەرمی مێردەکەی دەسووتێندرێ)، لە چوارچێوەگرتنی لاقی کچە ساواکان لە چین، خەتەنەکردنی کچان لە هێندێک لە وڵاتانی ئەفریقیایی و... ئازار و ئەزیەتی ژنان لەلایەن پیاوان و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە پاڵهێزی توندوتیژی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوان لەو نموونانەن کە "مێری دیلی" ناویان دەبا. ئەم گرووپە فیمینیستیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نایەکسانی و نابەرامبەریی ژنان بنج و بناوانی قووڵی لەنێو فەرهەنگ و کولتوور و زەینەکاندا هەیە و جا بۆیە شۆڕش لە قانوونەکاندا بەبێ لەنێوبردنی ریشەی فەرهەنگی، نابێتە مایەی لاچوونی نابەرامبەری و تەنیا مەرهەمێکە بۆ برینە قووڵەکانی رەگەزی مێ. ئەمان ژنان هان دەدەن شوناسێکی نوێ بۆ خۆیان بخەنە ڕوو کە لەسەر بنەمای ژنانەیی راستەقینەی ئەوان پێک هاتبێ و بانگهێشتن دەکەن، کە بۆ شێوازێکی نوێ لە داهێنان و خولقاندن کە پشت بەخوشکایەتی و شوناسی خۆیان ببەستن. ئەوان دوو ڕەگەزێتی رەت دەکەنەوە، چونکە لەسەر ئەو باوەڕەن پڕبایەخترین تایبەتمەندی و خەسڵەتەکان ئەوانەن کە تایبەت بە ژنانن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ژنان دەبێ جیا لە پیاوان بژین چونکە تەنانەت لە ئەو پەڕی پێوەندییە خۆشەویستییەکانی نێوان ژن و پیاودا، دەسەڵاتی پیاو حاکمە. هێزی نێرینە لە ڕێگەی بەردەوامی بەدامەزراوەکانی بەخێوکردنی منداڵ، کاری ماڵەوە، عیشق و ژیانی هاوبەش و کاری جینسی، قورس و قایم و پتەو دەبێ. "شۆلامیت فایرستۆن" هۆی ژێردەستەییی ژنان بەدرێژاییی مێژوو بۆ مەسەلەی بیۆلۆجیکیی ژنان، بارودۆخی تایبەتی زاوزێ، سووڕی مانگانەی ژنان و بەخێوکردنی منداڵ و... دەگەڕێنێتەوە. بەڵام دەڵێ: تەکنۆلۆجیی نوێ، رێخۆشکردن بۆ منداڵبوون بەبێ تێکەڵبوونی جەستەیی، پەروەردەکردنی ئاوڵەمە"جنین" لە دەرەوەی منداڵدان و گەورەکردنی منداڵ

له دەرەوەی بنەماڵە، دەست و باڵی ژنان ئاوەڵا دەکا، لەم پرۆسەیەشدا بنەماڵە وەک یەکەیەک بۆ زاوزێ و ئابووری لەنێو دەچێ و کۆمەڵگەیەکی بەبێ دیاریکردنی رەگەز دروست دەبێ، بەڵام زۆرێک لەوان پێ زیاتر لەبەرەی خۆیان زیاتر ڕادەکێشن و تایبەتمەندییە بایەخدارەکان تایبەت بە ژنان دەزانن. هەر بۆیە ئامانجی ئینسانیی ئەوان ئامانجی ژنانە. بەڵام نە ئەو ژنەی کە لەژێر دەسەڵاتی سیستمی باوکسالاریدا بێ. رادیکاڵەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە تەنیا شۆڕشی رەگەزی مێینە دژی رەگەزی نێرینە، بەکاریگەر دەزانن. لەم پێوەندییەدا خەباتی سیاسیی رێکخراو دژی رەگەزی نێرینە چ لە چوارچێوەی گشتی (کۆمەڵگە) و چ لە چوارچێوەی تایبەتی (بنەماڵە) بەپێویست دەزانێ. هەر بۆیە لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەردەوام لە لایەن پیاوانەوە حاشا لە کولتوور، زانست و تێگەیشتنی ژنان، حاشای لێ کراوە و زانستی پیاوانە بۆ برەوپێدان بەو ئیدیۆلۆجییانەی کە ژن بچکۆلە دەکەنەوە و بەوە دەیناسێن کە کاری ماڵەوە دەکا، بەکار براوە.

## هۆیەکانی جۆراوجۆریی رێبازە فیمینیستییەکان

٤- فیمینیزمی سۆسیالیستی:

ئەم رێبازە تێکەڵاوێکە لە دوو رێبازی فیمینیزمی مارکسیستی و رادیکاڵ کە لەسەر ئەو بڕوایەیە هەم سیستمی رەگەزیەتیی باوکسالاری و هەم سیستەمی سەرمایەداریش لە چەوساندنەوە و زوڵمکردن لە ژنان رۆڵیان هەیە. ئەوان هۆی ستەم لەسەر ژن بۆ رەگەز، نەژاد، تەمەن و نەتەوە دەگەڕێنێتەوە و نەبوونی ئازادیی ژنانیش بەبەرهەمی ئەو کۆنترۆڵ و چاودێرییانەی دەزانن کە دەسەڵاتە گشتی و تایبەتییەکان لەسەریان بەڕێوەیان دەبەن.

بەبڕوای ئەم گرووپە، لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، ڕەگەزی نێر بەسەر رەگەزی مێدا پێوەندییەکی باندەستانەی هەیە، بەڵام ئەم پێوەندییە لە سیستەمی سەرمایەداریدا وەک سەرمایەداریی باوکسالارانەی لێ هاتووە کە قووڵاییی زوڵم و چەوساندنەوە پێشانی ژنان دەدا. ئەوان بۆ رزگاریی رەگەزی ژن، داوای باشبوونی سیستەمی ئابووریی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سۆسیالیزم و هەروەها چاکسازی لە چوارچێوەی کولتووری و هەڵسەنگاندنی دەروونی و رۆحیی کۆمەڵگە و لابردنی دابەشبوونی کاری رەگەزی لە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەسەڵاتیان بەسەردا دەکرێ، دەکەن. کەوابوو دەتوانرێ بگوترێ فمینیستی سۆسیالیستی، سیستەمی ئابووری و دەسەڵاتی باوکسالارانە، بەهۆی سەرەکیی ژێردەستەییی ژنان ناو دەبا و خەباتی چینایەتی و رەگەزی بە ڕێگەچارەسەری کێشەی ژنان دەزانێ.

٥- فیمینیزمی پۆست مۆدێرن:

لە کۆتاییەکانی دەیەی ٧٠ی زایندا، دەستەیەک لە فیمینیستەکان سەرقاڵی داکۆکیکردن لە بنەماڵە، رۆڵی دایک و جیاوازییە سروشتییەکانی ژن و پیاو بوون و دانیان بە چاککردنی

روانگەکانی پێشووی خۆیاندا نا، ئەوان لەم بوارەدا کتێب و وتاری جۆراوجۆریان نووسی کە رەنگ و بۆنی پەژیوانی و گۆڕان لە روانگە فیمینیستییەکانیاندا پێیانەوە دیاربوو. ئەو فیمینیستانەی کە پێشتر بنەماڵەیان بەزیندانێک بۆ ژنان بە حیسێب دەهێنا، ماڵیان بە کەناڵێکی پێوەندی کە ژنان دەتوانن لەو کەناڵەوە خواست و پێداویستییە سۆزدارانە و رۆحییەکانیان دابین بکەن، ناوبرد.

"ئاشتین" لە کتێبی (پیاوی گشتی و ژنی تایبەتی)، هێرشی کردووەتە سەر ئەو رادیکاڵ فیمینیستانەی لە هەوڵی سیاسیکردنی ژیانی تایبەت و داکۆکی لە تەوەری ژیانی تایبەتی و بنەماڵە و منداڵ و دایکایەتی وەک ئەرکێکی پڕ بایەخ و چەند لایەنە و گران و شادیهێنەر ناو بردووە.

رێژەخوازیی لقێکی سەرەکیی روانگەی پۆست مۆدێرنەکانە. لە روانگەی پۆست مۆدێرنەکانەوە هەموو قوتابخانەیەکی هزری کە داوای تێگەیشتنی ڕاستییەکان لە شێوەیەکی گشتیدا دەکا، هەم سەرت لێ دەشێوێنێ و هەم فریوت دەدا. ئەوان پێیان وایە هەر قوتابخانەیەکی هزری کە میتۆدی ژنان بۆ تێگەیشتن لە خۆیان کە باوەڕی بە تێگەیشتنی یەکلایەنە لە کێشەکان هەبێ، هەم سەرلێشێوێنە و هەم خاپێنەر. ئەوان تێکۆشان بۆ دامەزراندنی هەر چەشنە قوتابخانەیەکی فیمینیستیی تایبەت رەت دەکەنەوە. ئەوانە ئەو هۆیانەن کە کاریگەرییان لەسەر یەک هەیە. بۆ نموونە: تەمەن، باڵا، چین، رەگەز و کولتوور کە هیچ هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی ئەم هۆیانە لە چوارچێوەی ئیدیۆلۆجییەکی یەکگرتوو ئیمکانی نییە. لەم ڕوانگەیەوە هەر کولتوورێک بۆ زاڵبوون بەسەر گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەی خۆی، وەڵامی خۆجێی هەیە، کە دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی ئەو کولتوورەدا چارەسەر بکرێن، بۆیە ژنان دەبێ لە هەلومەرج و ناوچەی جۆراوجۆردا، لە بەرامبەر باوکسالاریدا ڕابوەستن. هێندێک لە رووناکبیرانی ئەم گرووپە پێداگری لەسەر پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ژنان دەکەن و لەسەر ئەو بڕوایەن کە ژن پێویستی بەبنەماڵە و بەهرەمەندبوون لە نیعمەتی منداڵ هەیە. پۆست مۆدێرنیزم هۆی ژێردەستەییی ژنان بۆ بوونی ئەو هەڵسوکەوتانە دەگەڕێنێتەوە کە لە سەرەتای لەدایکبوونەوە لە نێوان کچ و کوڕ رەچاو دەکرێن، لەم رووەوە، کۆمەڵگەی مافخواز بەکۆمەڵگەیەکی دوو ڕەگەزی کە یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاوی تێدا دابین کرابن، ناودەبا.

٦ـ فیمینیزمی ئیسلامی:

لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ی زاینییەوە، هزر و فیمینیستە رۆئاواییەکان لە رێگەی بەرهەمەکانی نووسەرانی موسڵمانی شارەزا بەکولتووری رۆئاواوە چوونە وڵاتە ئیسلامییەکان. لەوانەیە وڵاتی میسر یەکەمین وڵاتی ئیسلامی بێ کە هزرە فیمینیستییەکان رێیان تێ کەوتبێ. لە گرینگترین ئاسەواری خوێندنەوەی ژنی ئەم قۆناخە دەتوانین ئاماژە بەکتێبی "المراه الجدیدة" لە نووسینی قاسم ئەمین بکەین. ئەو لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بەپێی روانگەیەکی نوێخوازانە بکەوێتە

لێکدانەوە و گرینگیدان بەدەقە ئاینییەکان. کارێک کە ئەمڕۆ زۆربەی فیمینیستە ئیسلامییەکان پێوەی سەرقاڵن. واتە بەشێکی گرینگ لە هەوڵی خۆیان بۆ خەبات لە نێوەخۆی ئاین تەرخان کردووە و روانینی ژنانەیان بۆ دەسەڵات هەیە. فیمینیزمی ئیسلامی لە سەرەتادا، نووسەرانی گرینگیی تەندروستیی ژنان و پاشان وەک مافی ژنانیان هێنایە گۆڕێ.

دیاردەی فیمینیزمی ئیسلامی کە بۆ خۆی خاوەنی بنەماگەلی تیۆرێکی تایبەتە و لەسەر بنەمای جیهانبینییەکی پێناسەکراو خەریکی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئاین و بنەما ئاینییەکانە و بە دوو هۆ فورمی وەرگرت.

أ: پێکهاتەی ئاینی و مەزهەبیی کۆمەڵگە کە ڕوانینێکی تایبەتی سەبارەت بە ژن هەیە:

ب: سیستەمی حکوومەتی ئاینی کە بەپێی ئەو مافە ئیسلامییەکانی وەک مافە جەزایی، مەدەنی و، سیاسییەکان پراکتیزە دەکرێن، کە پیادەکردنی ئەم مافانە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ئاڵۆزییەکی لەنێو روانگەی سوننەتی و نوێ سەبارەت بەمەسەلەکانی ژنان پێک هێناوە. دەتوانرێ بگوترێ کە لە وڵاتی ئەفغانستاندا فیمینیزمی ئیسلامی بەرهەمی هاوبەشی رووناکبیرانی نێوەخۆ و دەرەوەی ئەو وڵاتەیە. هێندێک لە لێکۆڵەران و ڕاڤەکاران، باس لە گرووپێکی سێیەم دەکەن، وەک ئەندامی پێکهێنەری فیمینیزمی ئیسلامی کە ژنانی ئاینی و رووناکبیر لەخۆ دەگرێ کە زیاتریان لە ناوەندی کار و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان لەگەڵ مەسەلەکانی ژنان ئاشنا بوون. لەم بارەوە، ئەوان کەمتر لە پێگەی تیۆرێکەوە دەکەونە ڕاڤەی کێشەکانی ژنان و زۆریان خۆیان بەفیمینیست نازانن، بەڵکو لەسەر ئەو بڕوایەن، دەبێ بۆ گارانتی و درێژەدان بەرۆڵی ڕێبەریی ئیسلام، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی دنیای ئەمڕۆدا هاوئاهەنگی بکرێ. ئەوان لە بواری ئینتیما هزرییەکانەوە، زیاتر مەیلیان بۆ بیرۆکەی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو هەیە. ئەم کەسانە زیاتر خۆیان بە ئاینخواز و شەریعەتڤان دەزانن و لە زۆربەی مەسەلەکاندا وەدوای حوکمی شەرعی و فیقهی دەکەون کە لە روانگەی ئەوانەوە نزیکترە. ئەوان کۆنڤانسیۆنی لابردنی هەر چەشنە هەڵاواردنێک دژی ژنان کە لە گرینگترین دەسکەوتەکانی فیمینسیتی سەدەی بیستەم دێتە ئەژمار، بەگشتی بە بەڵگەیەکی پێشکەوتوو دەزانن کە تەنیا لە هێندێک نموونەی لاوەکیدا پێویستی بەچاکسازی هەیە، ئەوان بڕوایەکی قووڵ و قایمیان بەئیسلام هەیە، بەڵام بڕوایان لە قۆناخی زەینی و بیرەکییەوە نەگۆڕدراوە بۆ پانتاییی پراکتیک. بەم هۆیەوە ئەوان لە بیاڤی هزر و ئەندێشە و کردەوەدا تووشی پارادۆکس و دووکەسێتی هاتوون.

فیمینیستە ئیسلامییەکان، لەسەر ئەو بڕوایەن بۆ پێشگیری لە سێکۆلاریزەکردنی کۆمەڵگە و ئیسلام، تەنیا دەبێ سەرلەنوێ خەریکی بەئیسلامی، کولتوورین، نەک کاروباری سیاسی، ئابووری. لەم نێوەدا ژنان رۆڵی سەرەکییان هەیە، چونکە وەک هەڵگرانی سەرەکیی کولتوور چاو لێ دەکرێن، لەم رووەوە سەرپۆش و حیجاب تەنیا نیشانەی شەرم و حەیا نین، بگرە شێوە

بەرگرییەکی لە ئیسلامییەکان لە هەوڵی ئەوەدان، ژن لە بواری بەرپرسایەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و نیشاندانی ژن وەک پارادایمێک کە وێڕای پاراستنی چوارچێوەی داوێنپاکی، وەک پیاوان بەشدارییەکی چالاکانەیان لە مەیدانی بەرپرسایەتیگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەبێ.

ئەم ئامانج و ئارەزووە هی ژنانی ئاینی و مەزهەبییە، بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ لە راستیدا لە کردەوەشدا بەپێی ئەم رێوشوێنە هەڵسوکەوتیان کردووە یان نا؟ دەبێ بەچاوی گومان و دوودڵییەوە لێی بروانین. زیاتر فیمینیستە ئیسلامییەکان باس و بیرۆکەکانی خۆیان لە رێژەییبوونی کولتوورییەوە دەبینن بەو مانایەی کە هەر کۆمەڵگەیەک بۆ چارەسەری مەسەلە و گیروگرفتەکانی خۆی، وەڵامێکی خۆجێی هەیە کە دەبێ لە چوارچێوەی فەزای کولتووری خۆیدا بکەوێتە بەر دادوەری. لەم پێوەندییەدا دەتوانرێ بگوترێ کە فیمینیستە ئیسلامییەکان تا رادەیەک لەژێر کاریگەریی بیرۆکە و تیۆرییەکانی پۆست مۆدێرنیزمەکاندان. هەروەها فیمینیستە ئیسلامییەکانی نێوەخۆش لە هێنانە بەرباسی روانگەکانی خۆیاندا، بەشێوەیەک کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی رەوتگەلی دەرەکی، بەشێوەیەک کە وەک پردی پێوەندیی نێوان گرووپە فیمینیستییەکانی دەرەوەی وڵات لەگەڵ کۆمەڵگەی ژنانی نێوەخۆ هەڵسوکەوت دەکەن. فیمینیستی ئیسلامی پیاوسالاری بە باس و مەسەلەیەکی سەرەکیی ژنان لە بنەماڵە و کۆمەڵگە دەزانێ. لە پێناوی ئامانجە یەکسانیخوازانەکاندا خەبات دەکەن. دان بە جیاوازییەکانی ژن و پیاوی موسڵمان لە حوکمە ئیسلامییەکاندا دەنێن. چەمکەکانی وەک: ئۆمانیزم، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و یەکسانیی ژن و پیاو لەگەڵ لێکدانەوە بەردەوامەکانی دنیای رۆژئاوادا شی دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن بەپێشکێشکردن و خوێندنەوەی نوێ لە ئایەتەکانی قورئان، خوێندنەوەیەک لە ئاین کە نموونە و پارادیمە ناسراوەکانی رۆژئاوا نزیکتر بێتەوە، پێشکێش بکەن.

## ئامانج و بنەماکانی سەرهەڵدانی فیمینیزم

لەوەڕا کە پێکهاتەی ئاینی و مەزهەبی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان، ئیزنی چالاکی بەفیمینیزم نادا، بزووتنەوەی فیمینیزم بۆ مانەوە و درێژەدان بەچالاکییەکانی خۆی ناچارە، بڕوا و خواست و داواکارییەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئیسلامیدا بگونجێنێ و بە زمانی ئاینی راڤەیان بکا. روانگەی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئاین روانگەیەکی جیاواز و، ئاین بە جودا لە سیاسەت دەزانێ و زۆر بەپارێزەوە باسی خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئاین دەکەن. بیروباوەڕی ئەوان لە باسی بەرابەریی مافەکاندا یەکسانە و لەم پێوەندییەدا هەنگاو بۆ نەهێشتنی سنووره رەگەزییەکان هەڵدەگرن. دیارە هەڵسەنگاندنی روانگەی فیمینیسمی ئیسلامی، وێڕای باسکردنی پێگەی ژن لە روانگەی ئیسلامییەوە، لەباری هاتنە سەر دنیاوە، جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا نابینێ و هەردوو بەخاوەن ئیختیار و ئەرک وەخۆگر و بەرپرسیار دەزانێ کە بۆ کامڵبوون دەبێ هەنگاو هەڵبگرن.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ، گرینگترین مەبەستەکانی ئەم بزووتنەوە لەم پێوەندییەدا بۆ گەیشتن بە مافی وەک یەک، رەتکردنەوەی بەکەم زانینی ژنان، یەکسانی و بەرابەریی نێوان ژن و پیاو، خۆ بە زیاتر زانینی پیاو بەسەر ژندا و وەدەستهێنانی بەرابەری و هەروەها لە دوایین بەشی ئەم وتارەشدا لە روانگەی رێنوێنییەکانی ئیسلامەوە فیمینیزم هەڵدەسەنگێنێ کە ئیسلام لەسەر بنەمای وەحی بنیاتنراوە، بەڵام فیمینیزم مرۆڤ دەکاتە سەرچاوەی شەرع و وەحی بەپێویست نازانێ. فیمینیزم خوازیاری مافی وەک یەک لە نێوان ژن و پیاو لە هەموو کاروبارەکاندایە و خوازیاری کۆمەڵگەیەکە لەودا ژن و پیاو، سەرووتر لە رەگەز، لە هەموو بەرپرسایەتییەکان، رۆڵی وەک یەک هەڵبژێرن. فیمینیزم تایبەتمەندییە ژنانەکان بە تایبەتمەندیگەلی باشتر و بانتر دادەنێ و رەگەزی نێرینە بەهۆی ژێردەستەیی ژن دەناسێنێ. لە حاڵێکدا کە لە ئیسلامدا، ژن و پیاو لە یەک رەگەزن، بەڵام لە بواری ئەرک و مافدا جیاوازن، تایبەتمەندییە ژنانە و پیاوانەکان هیچ کام لەوی تر زیاتر نییە و ئیسلام نەهێشتنی زوڵم و ستەم لەسەر ژنان لە رێگەی گۆڕانی روانگەکان، شارەزاییی ژن و پیاو بە مافەکانیان و کەسایەتیی یەکتر و نووسین و کۆکردنەوەی بەرنامە ئەخلاقییەکان دەزانێ. ئێستاش لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە چاوێک بەگرینگترین ئامانجی بزووتنەوە فمینیستییەکاندا دەخشێنن.

## گرینگترین ئامانجی بزووتنەوە فیمینیستییەکان

سەرەڕای ئەوەی کە فیمینیزم بزووتنەوەیەکی فیکریی یەکدەست نییە، بەڵام هەموو فیمینیستەکان تێ دەکۆشن بیرۆکەیەک بدۆزنەوە تا لەژێر تیشکیدا ژنان پێگەی خۆیان بدۆزنەوە و بۆ رزگاریی خۆیان تێ بکۆشن، لەو رووەوە کە لێکۆڵەرەوە فیمینیستەکان خوازیاری کۆتاییهێنانی ستەم و چەوسانەوە لەسەر ژنانن، هاوڕان. تیۆرییە فیمینیستییەکان دەبێ بایەخگەلێک بێننە بەرباس کە لە روانگەی ئەخلاقییەوە جێگەی پەسند بن. تیۆریگەلێک کە لە راستیدا یەکگرتوو بن، بەڵام هەموو بیرۆکە فیمینیستییەکانی ئێستا لەسەر ئەوەی کە دەتوانێ چ شتێک بە بەڵگە بهێننەوە؟ دەبێ چ شتێک باس بکەی و شی بکەیتەوە؟ و کام باسی و شیکردنەوە روونکەرەوەیە؟ بیروڕای جیاوازیان هەیە. بەو حاڵەشەوە دەتوانی فیمینیزم بە بزوتنەوەیەک بۆ دەست راگەیشتن بە مافەکانی ژنان و ئیدیۆلۆجییەک بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگە دابنێی و مەبەست و ئامانجیشی لابردنی هەموو جۆرە جیاوازی دانان و هەڵاواردنێکی رەگەزی و چینایەتییە لەسەر ژن، فیمینیزم لە قۆناخی هزر و گەڵاڵەکردنی بەرنامەدا بۆ ئەو ئامانجانە تێ دەکۆشێ:

١ـ هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافی وەک یەک لەگەڵ پیاوان

یەکەمین ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگەی ژنانی کرێکار، لە کارگەی چنین و ڕستنی نیویۆرک لە هەلومەرجێکی نالەباری کاردا لە مێژووی ٨ی مارسی ساڵی ١٨٥٧ی زایینیدا بەشێوەی بزووتنەوەیەکی فەرهەنگی و کولتووری دەستی پێ کرد و خوازیاری حەقدەست و مووچەی وەک

یەک و یەکسان لەگەڵ پیاوان بوو. ئەوان یەکسانبوونی مووچەی حەقدەستی ژن و پیاویان وەک هێمای بەرابەری دوو ڕەگەز دەناسی. لە شەپۆلی یەکەمدا ژنان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە دەتوانن لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی ئێستادا، پێگەی خۆیان باشتر بکەن، دروشمەکانیان رزگاری و وەدەستهێنانی مافی وەک یەک و یەکسان لەگەڵ پیاوان بوو.

حاڵەتی گشتیی باسەکە پێوەندیی بەمافی ئابووریی ژن لە کۆمەڵگەدا هەیە، بەتایبەتی وێڕای ئەو هەمووە بەربەستە توندە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە بنجیان لە دڵی مێژوودا داکوتاوە. ئەگەر، بەدرێژاییی سەدەکان دەسەڵاتداران، مافی خاوەندارییەتییان بۆ ژنانیان لە بەرچاو نەدەگرت و پاش پێکهێنانی ژیانی هاوبەش، ژنیان بە گوێڕایەڵ و خزمەتکار و پیاوانیش بە خاوەندار و فەرمانڕەوای ئەو دەزانی، فیمینیزم لەم ڕوانگەوە نارەزایەتی و هاوارێکە بەم هەموو نابەرامبەری و نایەکسانییە، بەتایبەتی بەو نادادپەروەرییە ئابوورییانە و ئەو هەڵاواردنە ئابوورییانەی لەمەڕ ژنان کە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵیان هەیە. کە تەنانەت پاش نارەزایەتیی بەربڵاوی ژنان لە سەدەکانی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتاندا، بیرۆکەی بەرامبەریی حەقدەست و مووچەی ژن و پیاو هێشتا وەدی نەهاتووە.

٢ـ هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی بەکەم گرتنی ژنان

لە ڕابردوویەکی کۆندا بەهۆی ڕێگرتن لە خوێندنی ژنان و بارهێنان لە هاوکێشە ئابوورییەکان و پۆلێنبەندی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان، ژن بەبوونەوەرێکی ژێردەستە دەژمێردرا. لە زۆربەی نموونەکاندا، سەرچاوەی مافەکانی ژنان شێوە ڕوانگەیەک بوو کە ژنی بە ڕەگەزی دووەم دادەنا.

لە ئاینی زەردەشتیدا، ژنێک کە منداڵەکەی بە مردوویی لەدایک بایە، نەدەبوو تا سێ شەو ڕۆژان دەستی بۆ هیچ شتێک ببردبایە و لە پاش ئەوەش دەبوایە بە میزی مانگە خۆی شووشتبا و بڕێک لەوەشی خواردباوە، تا خاوێن بایەوە.

لە ئاینی یەهوودییش پەیکەرەی حەوایان بەسەرچاوەی هەموو دەردە بێ دەرمانەکان و خەم و خەفەتە دڵتەزێنەکانی مرۆڤایەتی دەناساند و لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ژن لەلای خوا، کەساس و داماو، لە خوڵقانەوە ناتەواو و لە پاداشتشدا زیانکار و زەرەرمەندە و لە سونەت و داوونەریتی عەشیرەتدا، ژن گوێ لە مستێکی بێ دەسەڵاتە، لە ئاست مێردەکەیدا. هەڵبژاردنی هاوسەر بۆ ژیانی هاوبەش بەدەست باوک و دایکی کچە بوو و تەڵاق و جیابوونەوەش تەنیا لە رووی مەیل و پێخۆشبوونی پیاوەوە بەڕێوە دەچوو. لە ئاینی مەسیحییەتدا تەنیا مریەمیان بە مرۆڤێکی خاوەن روحی هەمیشەیی و هەتاهەتایی دەزانی و ژنانی تریان لە نێوان مرۆڤ و چوارپێ دادەنا. قەشەکان لە کۆمەڵگەی ئاینی فرەنسا لە ساڵی ٥٨٦ی زاینیدا پاش باسێکی زۆر سەبارەت بە ماهییەتی ژن، گوتیان ژن مرۆڤە، بەڵام بۆ خزمەتکردن بە پیاو خوڵقاوە و لەدایک بوو. ژن لە باوک و مێرد میراتی پێ نادرێ و تەنیا بۆ زاوزێ و پەروەردە و گەورەکردنی منداڵ و ئیدارەی ماڵ

بەکەڵکە. لە زۆربەی ناوچەکانی ئەفریقیادا، زگوزاکردن، چنینی حەسیر، چاندنی گیا و ئاوداشتنی زەوی لە ئەرکەکانی سەرشانیانی ژنانی. زیاتر منداڵان بەقسەکانی دایک گرینگی نادەن و بۆ بچووکترین مەسەلە تەنانەت شەقەزللەش لە دایکیان دەدەن، سەیروسەمەرەتر لە هەمووان ئەوەیە کە ژن بۆ خۆی ئەم بارودۆخە بەشتێکی ئاسایی و دادپەروەرانە دەزانێ.

٣ـ پێداگری لەسەر نەبوونی یەکسانی و بەرامبەریی نێوان ژن و پیاو

یەکێکی تر لە ئامانجەکانی فیمینیزم، لە ئەسڵی باڵادەستنەبوونی پیاو بەسەر ژندایە کە لە چاو ئامانجەکانی تری فیمینیزم روانینێکی مەنتیقیترە، چونکە لەسەر بەرابەری و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو هاوڕان و بەلانی کەمەوە لە روانگەی ئاناتۆمییەوە ژن و پیاو بە جیاواز دادەنێ. ئەم روانینە یان کاریگەری لە روانگەکانی پاش مۆدێرن هەیە کە لەسەر ئەو بڕوایەن لە شوناسی ژنانەدا، چ لە روانگەی ژیان و چ لە روانگەی کۆمەڵایەتیشەوە، توانای پۆزەتیف و باشی هەیە کە رۆڵی دایک، تواناییی بارهێنان و بەرپرسایەتیی ژنان دەباتە سەرێ و لەم رووەشەوە ئەوان بەگشتی حاشا لە سیستەمی بنەماڵە دەکەن. بەلام لە هەمان کاتدا داوای رۆڵی یەکسانیی ژن و پیاو لە ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی بنەماڵە و کۆمەڵایەتیدا دەکەن.

٤– هەوڵدان بۆ وەدەستهێنانی مافی یەکسانی:

بیرچەوتی و روانگەی زاڵمانە و چەوسێنەرانەی هێندێک لە سیاسەتوانان بووەتە هۆی ئەوەی کە پێشێلکرانی مافە رەواکانی ژنان و چەسپاندنی بێ بەشییەکانیان شێوەیەکی قانوونی بەخۆیەوە بگرێ. ئەوپەڕی ئەم هەڵاواردنە لە مەسەلەکانی بنەماڵەدا وەک پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی، جیابوونەوە و بژێو خۆی دەردەخا و هەر بۆیە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی ژنان بەو شێوەیەی کە باوە، پێشینەیەکە دوور و درێژی هەیە، واتە لە کاتی دەرکەوتنی سیمۆن دۆبوار و گەڵاڵەی بیرۆکەی یەکسانیی ژن و پیاو کە لە چوارچێوەی رێبازی فەلسەفیی ئیگزیستانسیالیزمدا هاتە بەرباس. داوای یارمەتیی توێکاری زانستی و فیزیۆلۆجیک بۆ سەلماندنی بەرابەریی دوو رەگەز کرا. دەتوانین گرینگترین داخوازییەکانی ئەم روانگەیە لە ٨ داوادا باس بکەین:

١ـ مافی دەنگدانی ژنان،

٢ ـ نەهێشتنی لەشفرۆشی

٣ـ بەفەرمی ناسینی مافەکانی ئەو منداڵانەی کە تەنیا باوک یان دایکیان هەیە

٤ـ ئازادیی لەباربردنی کۆرپەلە

٥ـ مافی هەبوونی منداڵ لە پیاوی دڵخوازی خۆیان.

٦ـ بە فەرمی ناسینی ئازادیی چێژوەرگرتنی جنسی.

٧ـ مافی بەقەشەبوونی.

٨ـ بەفەرمی ناسینی Homosexual (هم جنس گرایی) هۆمۆسێکشواڵ .

لەوەیرا کـە هێندێک لە داخوازییەکانیـان لەگەڵ ئاینە ئاسـمانییـەکان و سیـستـەمی بنـەماڵە دژایەتییـان هەبوو. هـەر بۆیە لە سـەرەتاوە خـواست و داواکـارییـەکانیـان لەگـەڵ نارەزایەتییـەکی زۆردا، بەرەوڕوو بوو.

## بنەماکانی فیمینیزمە ئیسلامییەکان

پێویستە لە سەرەتادا باسی خوێندنەوەی فیمینیزمە ئیسلامییەکان بۆ فیمینیزم بکەین. بەبڕوای ئەوان فیمینیزم بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی یەکسانیخوازە، نەک بزووتنەوەیەکی ئیدیۆلۆجیک. لەوەڕا کە فیمینیزم بەدەر لە لایەنگریی ئیدیۆلۆجیک نییە، دەتوانرێ بەپاراستنی پێناسە و شوناسی ئیسلامییەوە فیمینیزم بێ و هەم داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانی ژنانیش بکا. ئەوان رەخنە لە فیمینیزمی رۆئاوایی دەگرن و بەپێشکێشکردنی رێکارێک بۆ هەموو ژنانی جیهان بە لە بەرچاوگرتنی مەرجی فەرهەنگی و ناوچەیی لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە جێبەجێ نابێ.

## خوێندنەوەی ئاین

فیمینیزمی ئیسلامی، لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە چوارچێوەی رێوشوێنە ئاینییەکاندا داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکا. هێندێک، فیمینیزمی ئیسلامی وا لێک دەدەنەوە، کە لە بواری یەکسانی و دادپەروەریی رەگەزی لە چوارچێوەی بایەخە ئیسلامییەکاندایە. بەشێوەیەکی گشتی فیمینیستە ئیسلامییەکان بەتایبەت فیمینیستەکانی دەرەوەی وڵات، باوەڕیان بە جیاییی دین لە سیاسەت هەیە بەڵام هێندێکیان بەڕاشکاوی باس لەو مەسەلەیە ناکەن، بەڵام دەستیان داوەتە خوێندنەوەیەکی نوێ لە ئاین. کە بەڕادەیەکی زۆر هاوتەریبی لەگەڵ کولتووری نوێ مسۆگەر دەکا، خوێندنەوەیەک لە ئاین کە کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێگەی هەڵسووڕانی بیرمەندان و کارێکی عورفی دەزانێ. لەمەڕا بۆمان دەردەکەوێ کە پاشگری ئیسلامی لە پاش وشەی فیمینیزم، لە نێوەرۆکدا بەرتەسکت ناکاتەوە و سنوورت بۆ دیاری ناکا. واتە ئیسلامیبوونی فیمینیزم بەو مانایە نییە کە لقە فیمینیستییەکان هەموو ئامانج و رێکارەکانی خۆیان لە ئیسلام وەرگرتبێ. بگرە نیشانەی بەدواداچوونی ئامانجە فیمینیستییەکان و ئەو رێکارانەیە کە خۆیان لەگەڵ ئەدەبیاتێکی تا رادەیەک ئاینی رێک دەخەن، نە ئەوەی کە ئاین بە پاڵوێنەی ئەندێشەی مرۆڤایەتی بزانن.

ئەم دەستەیە کە ئیشارە بەسێکۆلاربوون ناکەن، گۆڕانکاری حکومگەلێ لە شەرعدا بەپێویستی بەدواداچوون دەزانن و لەسەر ئەو بڕوایەن کە روانگەکان لە حوکمە شەرعییەکانەوە بۆ مەبەستە ئاینییەکان بێ و بەو پێیە دەبێ، سەرلەنوێ راڤەی وانە ئاینییەکان بکەین.

## خوێندنەوەی یەکسانی و بەرامبەری

یەکسانی لە ڕوانگەی فیمینیستە ئیسلامییەکانەوە، ڕێک هەر ئەو مانای وەکهەڤی و بەرامبەرییە دەدا کە ئەوان لە هەڵوێستەکانی خۆیاندا بۆ هەڵگرتنی سنوورەکانی نێوان دوو ڕەگەز ڕەچاویان دەکەن، واتە یەکسانی بەو مانایە کە لە نێوان دوو مرۆڤی هاوڕەگەزدا دێتە گۆڕێ، دەبێ هەر بەو واتایەش بۆ ژن و پیاو لە بەرچاو بگیردرێ.

هێندێک لە فیمینیستە ئیسلامییەکان بەئاشکرا ڕادەگەیەنن، کە جیاوازییە سروشتییە جێگیربووەکانی نێوان ژن و پیاو نابێ ببنە هۆی جیاوازیگەلی شەرعی و حقووقی لە نێوانیاندا، دەبێ بڵێین یەکسانی بەو مانایەی سەرەوە، نەتەنیا پێگەیەکی ئاینیی نییە، بگرە بەپێچەوانەی یاسا و ڕێنوێنییە ئاینییەکانیشە.

ئەوەی ئاین پێی لەسەر دادەگرێ، دادپەروەری و ژنیش وەک پیاو، مرۆڤێکە کە خاوەنی لێهاتوویی و بەهرە مرۆڤانەییەکانە. خواوەند بەپێی حیکمەتی خۆی بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگە هێندێک جیاوازیی لە خوڵقاندندا بۆ ژن و پیاو لە بەرچاو گرتووە و چاوەڕوانیی جۆراوجۆری لەم دوو ڕەگەزەش هەیە و ئەرکی جیاوازیشی بۆ دیاری کردوون.

لە هەر حاڵدا ئەوەی کە لە پێگەی ئاینییەوە دەتوانرێ دانی پێدا بنرێ، هاوسەنگی و هاوترازییە نەک وێکچوونی فیمینیستە ئیسلامییەکانی نێوەخۆی وڵات خوازیاری دژەژنی یان بەرامبەری لە هەموو بوارەکاندا نین، هەر بەم هۆیەوە پێداگری لەسەر پێگەی بەرزیی ژن لەماڵدا دەکەن و بەبڕوای ئەوان ئامانجی بزووتنەوەی ژنان دەبێ لەگەڵ ڕۆڵەکان و ڕێزدانان بەرامبەر بە ئەرکە جیاوازەکانی ژن و پیاو بێ.

## خوێندنەوەی ئازادی

ئازادی، چەمکێکە کە فیمینیستە ئیسلامییە توندڕۆکان زیاتر لەسەری سوورن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئازادی پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ تاک تەوەریی بەمانا ڕۆژئاواییەکەی هەیە و لە کولتووری ڕۆژئاواوە هەڵهێنجراوە، لەم ڕوانگەیەدا، مرۆڤەکان ئازادن لەوەی کە بە نیازی بەڕێوەی ببەن تا ئەو ڕادەیەی کە ئازادیی کەسانی تر پێشێل نەکەن. بەڵام پێداگریی فیمینیزمە ئیسلامییەکان لەسەر پاراستنی بایەخە مەعنەوییەکان، ئەوان لە ڕوانگە لیبرالیستییەکان جیا دەکاتەوە، چوونە دەرەوەی ژن لە ماڵ بەئیزنی مێرد هەم بەهۆی بەرتەسککردنەوەی ئازادیی ژن و هەم بەهۆی ئەوەی کە لەسەر بنەمای ڕەگەز و جیاوازیی دانەرانەیە، هەڵوەشاوەیە.

دەتوانی لە ڕوانگەی فیمینیستەکانی نێوخۆوە، باسی ئازادیی زیاتر لە پۆششی دڵخواز و پێویستیی چاکبوونی پێوەندیی بنەماڵەیی بناسی، دەنا ئەوان لە باسی تیۆرێکدا، نەکەوتوونەتە شرۆڤەکردنی چەمکێکی ڕاست و دروست لە ئازادی. بەبڕوای ئەوان ئەو حوکمانەی کە بەڕواڵەت

سنووردار و بەرتەسککراو دێنە بەرچاو، لە راستیدا بەدوای پەرەپێدانی ئازادییە مرۆڤایەتییەکاندان. بۆ نموونە، حیجاب و داپۆشین بە یەکێک لەو رێگەیانە دەزانێ کە دەبێتە یەکێک لە کۆسپەکانی سەر رێی گەشەکردن و تێکەڵ بە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دەبێ.

## خوێندنەوەیەک لە بنەماڵە

فیمینیزمی ئیسلامی پێداگری لەسەر پاراستنی بنەماڵە و رۆڵی دایکایەتی و ئەرکی ژن لەوێدا، دەکا و هەر بەم هۆیە دژایەتی لەگەڵ هۆمۆسێکسوال دەکا و لەم روانگەوە بنیاتی بنەماڵە و دایک لە بنەڕەتدا گیروگرفت خولقێن نییە، لایەنگرانی ئەم روانگەیە لە بنەماڵەی نەریتی کە لەسەر بنەمای پیاوسالارییە، رەخنە دەگرن، ئامانجی ئەوان پێکهێنانی بنەماڵەیە لەسەر بنەمای بەرابەریی رۆڵەکان و دژایەتی لەگەڵ سەرپەرشتیی پیاو، ئەوان دیموکراسی لە بنەماڵەدا بەجێگرەوەیەکی گونجاو بۆ سەرپەرشتیی پیاو دەزانن.

## هەڵسەنگاندنی فیمینیزمی ئیسلامی

لە زۆر بواردا فیمینیزمی ئیسلامی، لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا یەک ناگرێتەوە و لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە وەلا نراوە، گیروگرفتی ژنان لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لەلایەک بۆ کولتووری کۆمەڵایەتی و نەریتی نابەجێی و دواکەوتووانە و بەرێکوپێک نەچوونی بەرنامە ئیسلامییەکان دەگەڕێتەوە و لەلایەکی تریشەوە بۆ شارەزانەبوونی ژنان لە مافە کۆمەڵایەتی و ئیسلامییەکان. ژنان بەو هۆیەی کە کەرەستە و ئیمکاناتی پێویستیان بۆ بەڕێوەچوونی یاساکان لە دەستدا نییە، تووشی بێ بەشی و چەوساندنەوە هاتوون. ئەوەش بەو مانایە نییە کە ژنی موسڵمان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی پەنا بۆ فیمینیزم ببا، چونکە ئیسلام لە بواری نێوەڕۆک و بنەماوە زۆر دەوڵەمەندە و بۆ پاراستنی رێز و حورمەتی ژن، هیچ پێویستی بە فیمینیزم نییە.

فیمینیزمە ئیسلامییەکان لە جیاتیی دۆزینەوە و چارەسەری مەسەلە و گیروگرفتەکانی توێژی ژن، بەشوێن تەنگژە خولقاندن و پێکهێنانی دڕدۆنگی بۆ ژنانی موسڵمانن.

فیمینیزمی ئیسلامی، وەک بزووتنەوەیەک بەگشتی لە دوو لایەنەوە تەنگ پێ هەڵچنە و ناتوانێ وەڵامدەری پێویستییەکانی ژنانی موسڵمان بێ. ١ـ لە بای ئەندێشە و ئیدیۆلۆجی و بناخەی زانستییەوە لاوازە. ٢ـ لە میکانیزمێکی گونجاو و وشیار بۆ هەڵوێست ناسی مەسەلە نوێیەکان بێ بەشە، لەم رووەوە یان تەنیا بەهێنانی شتە گشتییەکان قەناعەت دێنێ، یان بەشێوەیەکی پاسێڤ قسەی خەڵکانی تر دووپات دەکاتەوە. بۆچوونی لایەنگرانی فیمینیزمی ئیسلامی، باس لەوە دەکا کە ژمارەیەکی زۆر لەوان لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری و گرووپە جۆراوجۆرەکانی ژنان، ناسیاریی باشیان نییە. دەبێ ئاگەدار بین فیمینیزمە ئیسلامییەکان کە بە دروشمی داکۆکی لە مافەکانی ژنی موسڵمان هاتوونەتە مەیدان لە هەڵسەنگاندنی مەسەلە

حقووقییەکانی ژنان، گەلاڵەکردنی مەسەلە و گیروگرفتەکانیان، ڕێگەدۆزینەوە و چارەسەرکردنیان، نابێ وردە کولتوورە ناوچەیی، زمانی و ئاینییەکان لە بەرچاو نەگیردرێن. ڕاستە کە فیمینیزم لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا کەم تا کورتێک وەک دیاردەیەک سەری هەڵداوە و توانیویەتی ڕوانگەی کۆمەڵگە سەبارەت بەمەسەلەکانی ژنان تا ڕادەیەک بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، بەڵام دەبێ ئەوەش لە بیر نەکرێ کە سنووری ئەم چالاکییانە تا ئەو جێگەیەیە کە هێڵە سوورە ئاینییەکان نەریتی کۆمەڵگە نەبەزێنێ. ژمارەیەک لە فیمینیستە ئیسلامییەکان جیاوازییە بیۆلۆجیکەکانی ژن و پیاو بەئاسایی و سروشتی دەزانن و کاریگەریی ئەم جیاوازییانە لە هێندێک نموونەدا قبووڵ دەکەن، ئەوان دەبێ سەرنج بدەنە کاریگەریی ئەم جیاوازییانە و ئەمە هەمان قبووڵکردنی هاوسەنگیی نێوان پێکهاتن و تەشریعە، کەوابوو دەستێوەردانی ئاین لە بواری ژیانی مرۆڤ مەسەلەیەک نییە کە هیچ بیرمەندێک و شارەزاییەکی ئاینی، دژی بێ، چونکە چاکسازیی کۆمەڵگە لە بەرژەوەندی و بەختەوەریی ئەویشدا کاریگەرە، لەوەی کە لە نێوان دنیا و پەسلاندا پێوەندییەکی قایم و پتەو هەیە، کاروباری کۆمەلایەتیش لە چوارچێوەی دەسەڵاتی شەریعەتدایە.

## ژن لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

ئیسلام وەک پیاو چاو لە ژن دەکا، کە سێ تایبەتمەندیی هەیە وەک: بەرپرسیاریەتی، دەسەڵات و پێگەیشتوویی. قورئان باس لە ژنانێک دەکا کە هاوقسە و نزیکی فریشتەکانن و جێی سەرنجی پێغەمبەرانن. ئەمەش سەلمێنەری کەسایەتیی بەرز و پیرۆزی ژنە، ژن و پیاو دوو بوونەوەری کۆمەڵایەتین و خوازیاری پێوەندیگرتن لەگەڵ کەسانی ترن، تا لە سایەی ئەم پێوەندییەدا خەریکی بە ئەنجام گەیاندنی ئەرک و خواستەکانیان بن و لە کۆتاییدا لە بوارگەلی جیاجیاوە گەشە دەکەن. لە کولتووری ئیسلامیدا هەر کام لە تاکەکانی کۆمەڵگە پێگەیشتوویی خۆیان لە پێگەیشتوویی کەسانی تری کۆمەڵگە دەزانن و هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئیسلام بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی زیندوو، لەسەر پێویستیی هاوئاهەنگی و دۆستایەتیی بەرامبەر لە پێوەندیدا، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ژن و پیاودا پێی داگرتووە.

## هەڵسەنگاندنی فیمینیزم

جۆراوجۆریی لایەنگرانی فیمینیزمی و جیاوازیی بیر و ئەندێشەکانیان لەگەڵ یەکتر، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە فیمینیزم تەنیا دەتوانێ لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێ، نەک ڕێباز و ئیدیۆلۆجییەکی تایبەت. لەوەیڕا کە بزووتنەوەی فیمینیزم لە هەناوی ڕێنسانسەوە هەڵقووڵاوە و لەسەر بنەمای جیهانبینیی ڕۆئاوایە، مرۆڤ بە سەرچاوەی شەرع و سەربەخۆ لە وەحی دەزانێ، کەوابوو لای هیچ کام لە فیمینیستەکان باوەڕ بە وەحی و دەسەڵاتداریێتیی ئاین لە سیستمی مرۆڤایەتیدا وەبەرچاو ناگرێ. تەنانەت لە نێوان هێندێک لە

گرووپە فیمنیستییەکاندا، بیروبڕوای وا گەلاڵە دەکرێ کە لە چوارچێوەی هیچ ئاین و مەزهەبێکدا بۆ باسکردن نابێ و نایەتە گۆڕێ، بۆ نموونە بە فەرمی ناسینی هاوڕەگەزبازی (Homose xual) و مافی لەباربردنی کۆرپەلە.

لە کۆی ئەم بابەت و باسانەدا دەگەینە ئەو ئاکامە کە فیمینیزم، بزووتنەوەیەکی ئۆمانیستی و مرۆڤانەیە. بڕوای بەیەکسانی و وەکیەکی پێداویستی و دەرەتانەکاندا هەیە.

لەوەیڕا کە پەرەپێدانی خۆشبژی و کاروباری مادی یەکێک لە بنەماکانی جیهانبینی رۆئاوایە، مەبەستی هەموو فیمینیستەکان پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکە کە لەودا جیاوازی دانان لەسەر بنەمای رەگەز، جێگەی خۆی بداتە یەکسانی تا ئامانجی یەکسانی و بەرابەری و کەڵک وەرگرتن لە خۆشگوزەرانیی مادی بێتە دی. کۆمەڵگەیەکی باش لە ڕوانگەی ئەوانەوە کۆمەڵگەیەکە جیاوازیی رۆڵەکان لەگەڵ یەکسانی لە هەموو بوار و چالاکییەکان گۆڕانی بەسەردا بێ و لە مەیدانی چالاکییە کۆمەلایەتییەکاندا، ژن و پیاو وەک یەک رۆڵ ببینن، بەبێ ئەوەی لە پێ ئەسپاردنی رۆڵە کۆمەلایەتییەکاندا، هەستە دەروونییەکان، توانایی و لێهاتووییە هزری و جەستەیییەکانیان کاریگەرییان هەبێ، لەم پێوەندییەدا فیمینیزم دەتوانێ ژنان لە چوارچێوەی بنەماڵەوە بهێنێتە گۆڕەپانە کۆمەلایەتییەکانەوە و بیانخاتە جێگە و پێگەیەکی بەڕواڵەت یەکسان و بەرامبەر لە شوێنی کار و فێربوون.

لە رۆئاوادا، ژن بەهیوای گەیشتن بەسەربەخۆیی ئابووری و دەسەلات، وەدوای فیمینیزم کەوت، بەلام بێجگە لە تێکشکانی کۆمەلایەتی هیچی تری وەچنگ نەکەوت. "نیکۆلاس دەیویدسێن" لەم پێوەندییەدا پێناسەیەکی جوانی هەیە: هەرچەند پێشتر، زۆرجاران لەگەڵ ژن وەک کالا مامەڵە کراوە، بەلام ئەوڕۆکە ژن لە بنەڕەتدا متمانەی رەگەزیی خۆی لە دەست داوە و ئەگەر پێشتر هۆی بێ بایەخبوونی ژنان پیاوان بوو، بەلام ئێستاکە خۆیان هۆی سەرەکین، ئەگەر دوژمنی مێژینەی رەسەنایەتیی مەسەلەی رەگەزی بوو، بەلام دوژمنی ئێستاکەی نەبوونی رەسەنایەتی و بەرابەری لەگەڵ پیاوە. لەوەڕا کە ژن و پیاو لە بواری روحی و خۆشەویستییەوە پێکەوە، جیاوازن، لە بواری کۆمەلایەتییەوە خاوەن کارامەیی جیاوازن، یان بەشێوەیەکی تر توانایی و لێهاتوویی و رۆڵ و مافە کۆمەلایەتییەکانیش ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێ، فیمینیستەکان زیاتر بڕوایان بەیەکسانی و بەرابەریی رەگەزی نێر و مێ هەیە و هەر جۆرە جیاوازییەک رەت دەکەنەوە. لە روانگەی ئیسلامەوە، کۆمەڵگەی ئامانجخواز، کۆمەڵگەیەکی دوو رەگەزییە کە ژن و پیاو نەتەنیا لە پێناسە و هەڵسوکەوتدا تا ڕادەیەک لە یەکتر جیاوازن، بگرە لە کردەوەکانیشیاندا هەڵسوکەوتگەلی وەک یەک و زۆرجاریش رەفتاریان جیاوازە. هەر بۆیە ئەگەر مەبەست لە یەکسانیی ژن و پیاو لە ماف و تواناییی کۆمەلایەتیدا وەک ئەو نموونانە بن کە باس کران، ئیسلام نەتەنیا ئەوەی بەدڵ نییە و پێداگریی لەسەر ناکا، بگرە ئەم لایەنە بۆ هیچ کام لەو دوو رەگەزە بە باش و بەکەڵک نازانێ.

هێندێک لە فیمینیستەکان تایبەتمەندییە ژنانەکان بەباشترین تایبەتمەندی ناودێر دەکەن و

بڕواکردن بەم باشترین تایبەتمەندییە پێویستی بەو بابەتە هەیە کە ژن و پیاو لە سروشتی خۆیاندا هەڵسوکەوت و تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆیان هەیە و ئەمەش هەر ئەو باسەیە کە فیمینیستەکان خۆیان لە پابەندبوون پێیەوە دەدزنەوە. فیمینیستەکان هێندێک خووخدەی ژنانە لەوانە وەک گوێڕایەڵی و شوێنکەوتوویی پیاوان بە تایبەتمەندییەکی نەرێنی و خراپ دەزانن، کە کۆمەڵگەی پیاوسالار بەسەریاندا سەپاندووە. بەڵام دەبێ بپرسین کاتێک ئەوەمان قبووڵ کرد کە تایبەتمەندییە ژنانە و پیاوانەکان لەژێر کاریگەریی سیستەمی پیاوسالاردا گەشەیان کردووە، بۆچی یەکێک لەم دووانە تایبەتمەندیی باشتریان هەیە؟ بەپێی باوەڕە ئیسلامییەکان، لەو جێگەیەی کە تایبەتمەندییە ژنان و پیاوانەکان بنچی لە سروشتی هەردوو رەگەزی نێر و مێ داکوتاوە، تایبەتمەندییەکی پێویست بە بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتییە تایبەتەکان کە ناتوانرێ هیچ کامیان بەئەرێنی یان نەرێنی و بەباشتر لەوی تریان دابنرێ، ئەم تایبەتمەندییانە ئەو کاتە شێوەی نەرێنی بەخۆیانەوە دەگرن کە بێ جێ بەکار ببردرێن. فیمینیستەکان، هۆی زوڵمکردن لە ژنان و ژێردەستەیی و چەوسانەوەیان دەگەڕێننەوە بۆ پیاوان. فیمینیستە رادیکاڵەکان پیاوان بەهۆی پیاوبوونیان و هەبوونی تایبەتمەندیی بیۆلۆجیکی تایبەت، بە هۆکاری چەوسانەوەی رەگەزی دەزانن و لەسەر ئەو باوەڕەن جیاوازیی رەگەزی، هۆکاری رەگەزی زاڵ و سەرکەوتوو بەدرێژاییی مێژوو بووە. لەلایەکی تریشەوە گرووپێک لە فیمینیستەکان هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بنیاتنراو لەسەر چەوسانەوە و زوڵم دەزانن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو لە زوڵم و زۆری و ملکەچی لەنێو گرووپەکانی نەریتی، قەومی، رەگەزی، ئاینی و نەژادییەکاندا دەتوانرێ ببینرێ.

پێداگری لەسەر سەربەخۆیی ژنان و دوژمنایەتی لەگەڵ پیاو، پێش ئەوەی ببێتە هۆی وەدەستهێنانی ماف بۆ ژنان، دەبێتە هۆی پێکهێنانی پارادۆکس لە نێوان دوو رەگەزدا و ژنان لە سەرنجدان بەو هۆ سەرەکییانەی دواکەوتوویی خۆیان کە دەسەڵات و شێوەی هەڵسوکەوت و ئەخلاقی مادی و روحیی سەرمایەدارییە، وەدوا دەخا. لەم ململانێیەدا هێندێک لە سیاسەتڤانان و ساماندااران زۆرترین قازانج دەکەن و بەکردەوە دەبنە کۆسپ لەسەر رێگەی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکیدا ڕێبازی ئیسلام ئافڕاندن و خوڵقاندن بەشتێکی ژیرانە و مەبەستدار و، جیاوازییەکانیش بەپێکهێنەری پێکەوە گونجان و ئارامی دەزانێ، لە روانگەی ئیسلامەوە هەر جۆرە پێوەندییەک لە نێوان تاکەکاندا کە ئاکامەکەی جیاوازی لە لێهاتووییەکانی لێ بکەوێتەوە، بەشتێکی زاڵمانە دەزانرێ.

کارامەییەکانی مرۆڤەکان کە دەبێتە هۆی داگیرکردنی تاکەکان لە یەکترەوە و لە ئاکامدا جیاوازی لە ئاست بژێوی و ژیاندا، تا ئەو رادەیەی کە مافە ڕاستەقینەکانی تاکەکان پێشێل نەکەن و دژی مافە ئاساییەکانی مرۆڤ و سروشت نەبێ، قبووڵە. هۆیە سەرەکییەکانی زوڵمکردن لە ژنان و ژێردەستەییان چین؟ لە هەڵسەنگاندنی مەسەلە مێژوویی و ئاینییەکاندا دەتوانرێ چەند هۆی گرینگ بۆ راڤەکردنی ژێردەستەییی ژنان بهێنینەوە وەک:

١- بێبەشبوونی ژنان لە خۆناسین.
٢- بێبەشبوونی ژنان لە بەباشی ژیان.
٣- دەمارگرژیی پیاوان.
٤- پیاوسالاری و بێ عەدالەتی پیاوان دەرهەق بە ژنان.
٥- بڕوانەبوونی پیاوان بە توانایی و لێهاتووییە جەستەیی و هزرییەکانی ژنان لە بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا.
٦- تێنەگەیشتن، لە خۆڕازیبوون و خۆبەبازنە دیتنەوەی پیاوان.

ئیسلام ڕێگەی نەهێشتنی زوڵمکردن لە ژنان لە خەباتی سیاسی لەگەڵ ڕەگەزی نێر، ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکان، خەباتی چینایەتی و شۆڕش لە یاساکان و ڕاهێناندا نازانێ، بگرە یەکەم هەنگاو لە نەهێشتنی زوڵم لەسەر ژنان بە چاکسازیی زەینییەکان دەزانێ، جا ئەو کات بە چاکسازیی کولتووری، بوار و هەلی شارەزاییی ژنان و پیاوان لەگەڵ کەسایەتیی ڕاستەقینە و شکۆمەندیی مرۆڤی خۆیان دەرەخسێن. لە هەنگاوی دواتردا دەبێ سەرنج بدرێتە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ژنان و پیاوان، بایەخ و تایبەتمەندییە ژنانە و پیاوانەکان بە فەرمی بناسرێ، بۆ ئەوەی چاوەڕوانییەکان لەوان واقیعبینانە بن. ڕێوشوێنە حقوقییەکان لەسەر بنەمای وانە ئاینییەکان و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی کۆ بکرێتەوە و سیستەمێکی بەڕێوەبەریی بەهێز دابمەزرێ.

**کۆبەند:**

١- فیمینیزم، بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوە کە لەسەر بنەمای فەلسەفەی ڕۆئاوا دارێژراوە و ئامانجەکەشی نەهێشتنی هەموو جۆرە زوڵم و ستەمێک لەسەر ژنان و وەدەستهێنانی مافەکانیان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدایە.
٢- فمینیسم ڕەوتێکی ئۆمانیستییە.
٣- فمینیسم لە ڕۆئاوادا بەهۆی دووریی ژن لە لایەنی مەعنەوی و لەبەرئەوەی کە بەباشی دانەڕێژراوە و تیۆریزە نەکراوە، لە ڕۆئاوادا ئێستا شاهێدی زۆرترین ڕادەی توندوتیژی و بەکەم گرتنی ژنانین، سووکایەتیکردن، چەوسانەوەی ئابووری، ڕووتوقووتکردنەوەی ژنە جوانەکان و دانایان لە پشت و نێرینەکان بەکەرەستەکردنی ڕەگەزی مێینە، ئەو نموونانەن کە شوناسی فمینیسمی بردووەتە ژێر پرسیار.
٤- زوڵم و بەکەم گرتنی ژیارە کۆنەکان، بیری چەواشەکارانەی خاوەنانی سەروەت و سامان و دەسەڵات، بیر و بۆچوونی دواکەوتووانە و چەوسانەوەی سیستەمی سەرمایەداری، لەو هۆکارانەن کە بوونەتە هۆی ڕابوونی ژنان و پێکهاتنی بزووتنەوەی فیمینیسم.
٥- دەبێ هۆی جۆراوجۆریی لایەنگری فیمینیستی بگەڕێنیتەوە بۆ لایەنگریی ئەوان لە ئەندێشە سیاسی و فەلسەفییەکانی ڕۆئاوا، هەر لایەنگری و مەیلێکی فمینیستی بەپێی ئەو ڕوانگەیە،

کێشەکانی ژنان لێک دراوەتەوە.

٦ـ لە قۆناخی ئایدیا و ئامانجدا، هەموو لقە فیمنیستییەکان خوازیاری بەرابەریی ژن لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانن و لابردنی دەسەڵاتخوازیی رەگەزی، بەربەرەکانیی لەگەڵ دژەپیاوی، کۆتاییهێنان بە جیاوازی دانان و توندوتیژی دژی ژنان بەیەکێک لە ئامانجەکانی خۆیان دەزانن، بەڵام زۆربەی ئەم ئامانجانە، تەنیا هەر لە ئاستی بیرۆکە و زەینداماوەتەوە.، بەکردەکی بەڕێوە نەچوون.

٧ـ فیمینیسمی ئیسلامی، دیاردەیەکی نوێیە کە لەسەر بنەمای سیکۆلاریزم و نوێخوازی لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا بنیات نراوە و کەوتووەتە لێکدانەوە و ڕاڤەی وانە ئاینییەکان و بەراوردکردنی بابەت ناسینی مەسەلەکانی ژنان و لەوەڕا کە لەگەڵ بارودۆخی ئاینی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە ئیسلامییەکان ناتەبایە، نەیتوانیوە وەڵامدەری پێداویستییەکانی ژنی موسڵمان بێ، فیمینیسم لە بواری جیهانبینی لەگەڵ ئیسلامدا بۆ بەراوردکردن ناکرێ. ئیسلام و فیمینیسم دوو چەمکی بەتەواوی جیا لە یەکترن، بنەما و ئیدیۆلۆجی و ئامانج و کارکردی جیاوازیان هەیە و هیچ کات پێکەوە ناگونجێن.

٨ـ گرینگترین ئامانجەکانی فیمینیسم، هەوڵ بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە جیاوازی دانان و هەڵاواردنێک دژی ژنان، وەدەستهێنانی بەرابەریی مافی، یەکسانیی ژن و پیاو، یەکسانی لە مافەکاندا، یەکسانیی رەگەزی و لەباربردنی کۆرپەلە.

ژێدەرەکان:

١ـ جامعەشناسی زنان، پاملا ێبوت و کلروالانس،

٢ـ زن از دیدگاه ادیان و مکاتب

٣ـ حقوق زن در اسلام و اروپا

٤ـ حقوق زن در اسلام و جهان

٥ـ زن از دیدگاه ادیان و مکاتب

٦ـ این جریان، موسوم بە جریان موج اول است.

٧ـ افسانە نجمێبادی، فضای تنگ ناسازگاری، نیمە دیگر

٨ـ ناهید مطیع، مجلە زنان.

٩ـ فمنیسم، دمکراسی و اسلام گرایی.

١٠ـ نگاهی بە فمنیسم، معاونت دروس اسلامی، نمایندگی ولی فقیە در دانشگاهها.

١١ـ فلسفە و اندیشەهای سیاسی سبزها، اندرودابسون.

سایتی: www.ariayemusic.com

# یەک خوا بۆ هەموو دنیا
## پەرەسەندنی کاریگەریی دین
## لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا

سکەت م. تۆمەس

**کورتیلەیەک:**

دین لە هەموو دنیا لە هەستانە. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان نەتوانێ پێش لە بەرئەنجامەکانی گەشەکردنی بگرێ ڕەنگە توندوتیژی لەسەر بنەمای دینی لێ بکەوێتەوە و تا سەدەی داهاتوو کوشت و کوشتاری هەموو دنیا بگرێتەوە.

لە هەموو دنیادا هەر لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە تا دەگاتە ڕۆهەڵاتی ناڤین – دین لە تەشەنەکردندایە. لەو وڵاتانە گەشە دەکات کە چەندان نەریتی ئاینی و ڕادەی ئابووریی جیاوازیان تێدا هەیە و ئەمەش ئەوە بەدیار دەخا کە نە هەژاری و نە پشتگوێ خستنی کۆمەڵایەتی لێی بەرپرسیارە. ناکرێ بووژانەوەی دین هەروا بە ئاسانی پێناسە بکەین و بە توندڕۆیی ببەستینەوە، توندڕۆیی واتا بە چڕی پەیڕەوی هەندێ مەراسیم و بنەمای مەزهەبی بکەی، بگرە بە زۆر شێوەی دینداری لەناو کۆمەڵ و لەلایەن تاکە کەسانیشەوە پێڕەو دەکرێ.

پێکهاتەی دانیشتوان ئەم ئاراستەیە بەهێز دەکات. زێدەکردنی بەرچاوی ژمارەی دانیشتوانی وڵاتە پێشکەوتووەکانی باکور واتە ئەورووپای ڕۆژئاوا و کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەتی – تا دەگاتە وڵاتەکانی ئێستا لە گەشەکردنن و، وەک دەڵێن، کەوتوونەتە باکوری دنیا، لە ساڵانی دێن، کار لەم دیدەن [مشهد]ە دنیاییەی ئاین دەکات. لە ساڵی ١٩٠٠، ٢٥ لە سەتی دانیشتوانی دنیا لە باکور دەژیان و لە ١٩٧٠ ڕێژەکە کەم بووەوە و هاتە ٢٥ لە سەدی و لە ٢٠٠٠یش تەنیا ١٨ لە سەدی پێک هێنا. زۆر لەگینە لە ٢٠٥٠ ئەم ڕێژەیە بۆ ١٠ لە سەدی دابەزێ. ئاین بووەتە فاکتەرێکی هاندانی ئەم دووبارە دابەشبوونەوەیە. ئێستاکە دینداران لە هەموو لایەنەکان بە پیتترن، چونکە ئینسانی

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: مامکاک

بە دین هەردەم گەرەکیەتی لە هاوولاتییە عیلمانییەکان، زۆرتر منداڵی ببێ.

ئاین هێشتا پتر دەبێتە دیاردەیەکی شارستانی. ئەو دانیشتوانانەی کە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانن و هەر زۆر دەکەن، بە زۆری دەچن لەو گەڕەکانەی ناو شاریدا دەژین کە هەر منداڵیان زۆر دەبێ و فرە هەژاریشن ئاین لەو شوێنانە گەشە دەکات. حیکمەتە بڵێن، هاوشان لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەروەردە و زانیاری و تەکنۆلۆجیا و گەشەکردن، بەعیلمانیبوون بووەتە بەشێکی نوێبوونەوە. بەڵام ئەو شارە زەبەلاحانە بوونەتە خاکێکی بە پیت و ئاینەکانیان تێدا زیندوو بوونەتەوە. بە پێی مێژوو، دینەکان لەناو شارەکان پەیدا بووە و بڵاو بوونەتەوە، دیانایەتی [مەسیحییەت] لەناو شارەکانی ئیمپایەری ڕۆمانی پەیدا بوو و فرانسیسکانەکان لە شێوەی بزووتنەوەیەکی چاکسازی لەناو شارەکانی چەرخە ناڤینەکان دەستیان پێ کرد و وەڵامدانەوەیەکی هەژاری و نایەکسانی بوو کە لەگەڵ تەشەنەکردنی بازاڕی ئابووری پەیدا بوون. ڕەنگە ئیسلامەتیش هەر بە هەمان ڕێگە پەیدا بووبێ و لەناو شارەکان گەشەی کردبێ. هەرچەندە بە شارستانی بوون ڕەنگە ئاژاوەی کۆمەڵایەتی لێ پەیدا ببێ و شارەکانیش ڕەنگە تاوانکاران و تۆڕەکانی تیرۆریستانی تێدا حەشار بدرێ، بەڵام بەشارستانیبوونی دامەزراوی ئاینیی باشی لێ پەیدا دەبێ و بەڕێوەبەرایەتی شارەکان خۆیان، بەر لە هەموو شتێک، دەتوانن ڕێ لەم هەڕەشانە بگرن.

لایەنێکی تری بووژانەوەی ئاینی دەچێتەوە بۆ جودابوونەوەی ڕۆئاوا لە دیانایەتی. لەلایەنی کولتوورییەوە دیانایەتی وەک ئاینێکی ڕۆئاوایی یان ئەوروپایی دەبیندرێ کە لەوێ ڕەگی داکوتاوە، بەڵام مەسیحییەت لە جوولەکایەتییەکەی خۆی لە فەڵەستین ترازا و دنیای بتپەرستانی لە عێراق و هیندستان و چین ڕەوشەن کردەوە. کار هەر وا بوو تا مەنگۆلەکان هاتن ئەو ناوچانەیان داگیر کرد و کریستیانەتییان بۆ ئەوروپا ناردەوە. ئێستاش وا بەرەو ڕەگوڕیشەکانی خۆی دەبتەوە و دەبێتە ئاینێکی دوای ڕۆئاوا. گەلان و نەریتەکانی وڵاتانی باشووری جیهان زۆرینەی لێ پێک دێن. ئەو سیاسەتوانانەی وڵاتە یەکگرتووەکان  کە زۆربەیان ئیسلامەتی بە گەورەترین تەحەدای دینی هەنووکەیی دەزانن کە دووچاری واشنتن بووەتەوە هاوشان لەگەڵ سیاسەتی دیانایەتی ڕەنگە بەم زووانە خۆیان بکەنە یەک و تەوەرێک پێک دێن.

ئاراستە جودایەکانی گۆڕانی دیموگرافی و بە شارستانیبوون و گۆڕانکاریی ئاینی لە سەرتاسەری دنیا، وا بەدەردەخەن کە دین شێوەی بزووتنەوەی هێزە گەورەکانی ئێستا و ئەوانەی نوێ و ئەوانەش کە لە داهاتوودا پێک دێن دیار دەخا و کار لەو هەوڵانەش دەکات کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەیاندا بۆ ئەوەی ئازادی و کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی ئابووری لە هەموو دنیا بتەوتر ببێ. ئەو گۆڕانەی لە عەولەمەوە دێتە کایەوە کار لە دین دەکا و ڕۆڵێکی سەرەکی لە بڵاوبوونەوەی تیرۆریزم و ململانێی دینی و ئەو هەڕەشانەی تر دەگێڕێ کە تووشی ئاسایشی نێو دەوڵەتی دێ.

توندترین تەقینەوەی ئایـــنی لە دنـــیادا، ئەمـڕۆ بڵاوبوونـــەوەی ڕێبـــازی پێنـــتێکۆستـالیزم Pentecostalism و پرۆتسانتە ئینجیلییەکانە. ئەمەش بەشێکە لەو گۆڕانکارییە دیموگرافییەی کە بەرەو خـوارووی گۆی زەوی بووەتەوە و لە هەمـوو دنیا بووەتە فـاکتـەرێکی سەرەکی ئەو گۆڕانەی لە مەسیحییەت ڕوو دەدا. پێنتێکۆنتالیست و ئینجیلیـەکان زۆر بروای هاوشێوەیان هەیە: ئەوانە دەسـەڵات لە دەقی ئینجیل وەردەگرن (زۆرجاران دەقاودەق لێکی دەدەنەوە) و باوڕیان بە مزگێنی دانە غەیرە مەسیحییەکان هـەیە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی ناوەندی توێژینەوەکانی دیانایەتی جیـهانی، هەژماری ئینجیلییەکان بە پێنتێکۆستاڵەکانیشەوە، لە سەرتاسـەری دنیا لە نێوان ٢٥٠ ملیۆن تا ٦٨٨ ملیۆن کەس خەملێندراوە. بەم ژمارەیەش، پێنتێکۆلستەکان لە دوای کاتۆلیکەکان، گەورەترین تاکە گرووپی دیانەکان پێک دێنن و بەزۆری لە بەرازیل و چین و هیندستان و ئیندۆنیزیا و نایجیریا و فلیـپین و وڵاتە یەکگرتووەکـاندا دەژین و لە چیلێ و گـانا و گـواتیـمالا و خـوارووی ئەفـریقـیا و کـۆریای باکـووریش هەنە. تەقـینەوەی پێنتـێکۆلیـزمی و دیانە ئینجـیلیـیـەکـان لەگـەڵ کـۆمـەڵگە ئاینییەکانی ترەوە کەوتوونەتە گیانی یەکتری. سێ وڵات هەنە کە کۆمەڵگەی دیاری ئیسلامی تێدا هەیە، هیندستـان و ئیندۆنیـزیا و نایجـیریا، لەو وڵاتانە دانیـشتـوانێکی زۆری پێنتێکۆتاڵست و کەمینە کریستییانەکانی تریشیان لێیە. گرژی لە نێوان موسڵمان و مەسیحییەکان ئەو وڵاتانەدا پەیدا بووە. لە هەمـوویان دیارتر لە نایجـیریا بوو کـە لە سـەرەتای سـەری ئـەمسـاڵ، کـوشـتـاری تایفەگەری ڕووی دا و پتر لە ٥٠٠ کەس کوژران.

مەسیحییە پێنتێکۆلزم و ئینجلیکەکان لە ژێی چینایەتی دەدەن. بانگەوازەکانیان بۆ خۆشەویستی یەزدان و ئومێد و دڵدانـەوە، سەرنجی دانیشتووانی خانووە تەنەکەکانی شارە گەورەکانی بۆ خۆی ڕاکێشاوە و ئەو بابەتانەی باسیـان دەکـەن بریتین لە لێبووردن و گـۆڕانی کەسایەتی بە نەرمی و تێکەڵکردنی بەهاکـانی چینەکـەیان دەگەڵ بەهایەکانی چینی نـاوەندی هەمـوو دنیـا و ئەمـەش جـێی خۆی کردووەتەوە. پێنتێکۆستالیزم و ئینجلیکەکان زۆر مەیلی سیاسەتیان هەیە و لەو مەیدانەشدا فـرە چالاکن، بەتـایبـەتیش لـە ناوچەی ئـەمـەریکای لاتین و لەوێ پـاڵێـوراوانی پێنتـێکۆسـتـال و ئینجیلییەکان گەلەک پشتیوانی لە دیموکراسی دەکەن و پاڵەپەستۆیەکی زۆریش دەکەن تا لەو وڵاتە کاتۆلیکیـیە توندڕۆیانەدا ئازادی ئاینی پێڕەو بکرێ. بەڵام ڕەنگە ئەو شێـوەیەی ئەوان ئینجلی پێ پێڕەو دەکەن، لێنەبووردەیی ئاینی بەرپا بکا. بە هەردوو ڕێگەش پێنتێکۆستالەکان و ئینجیلییەکان لە سەدەی دادێ دەبنە هێزی گەورەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

ئیـســلامــیش خــەریکە زیندووبوونـەوەیەکی ڕەســەن بە خـۆیەوە دەبینێ، ئەو ژیانەوەیەش لە توندڕۆترین بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕۆیەکانی تر ڕەت دەدا. پتر لە جاران ئافرەتانی موسڵمان پێچە دەپۆشن و لە جارانیش پتر پیاوە موسڵمانەکان ڕیشیان دەهێشتەوە و ژمارەیەکی لە جارانیش زۆرتری موسڵمانان پتر بۆ مزگەوتەکان دەچن. بە قسەی ناوەندی گالوپ بۆ توێژینەوە

ئیسلامییەکان، ئیسلام گەشە دەکات و لە ڕووپێوییەکی کە ئەو سەنتەرە کردوویەتی دەرکەوتووە کە ٨٦ لە سەدی تورکان و ٩٠ لە سەدی ئیندۆنیزییان و ٩٨ لە سەدی میسرییان گوتوویانە کە ئیسلام بەشێکی گرینگی ژیانیان پێک دێنێ.

دنیای ئیسلامی زۆر لە عالەمی عەرەبی گەورەترە. بۆیە ئەستەمە بتوانی هەڵوێستی ئیسلام لە بەرانبەر ژنان و دیموکراسی و سەرمایەداری و تیرۆریزم تەعمیم بکەین. لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆئاوا چۆن هەوڵ دەدا ڕووەکانی دیانە پێنتێکۆستاڵ و ئینجیلییەکان بزانێ، ئەوانیش دەبێ کۆششی خۆیان بکەن تا لە شێوەی بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە هەموو دنیا تێ بگەن.

## نوێبوونەوەی ئاینی لە ئاسیادا

هەر چەندە چین لە ڕابردوودا مارکسی بووە، بەڵام ئێستا بە شێوەیەکی دیار دیانایەتی پێنتێکۆستالیمز و ئینجیلییەکانی تێدا بڵاو دەبنەوە. ناوەندی توێژینەوەی دیانایەتی جیهانی The Center for the Study of Global Christianity پێشبینی دەکات کە ڕەنگە لە ٢٠٥٠دا ژمارەی کریستیانەکانی چین خۆی لە ٢١٨ ملیۆن کەس بدا و ١٦ لە سەتی دانیشتووانەکەی پێک بێنێ. هەنووکە دانیشتوانە پێنتێکۆستال و ئینجیلییەکان لەناو چینی ناوەنددا زێدە دەبن. کە لە ١٩٤٩ و ١٩٥٣ حکوومەتی چینی مزگێنیگەییێن کریستییانە بیانییەکانی دەرکرد، ئیتر پرۆتستانتی بە خێرایی لە وڵاتدا بڵاو بووەوە و کارەکە بووە پرۆژەیەکی ناوەخۆیی.

چونکە چین ئێستێکە گرینگی بە گەشەکاری ئابووریی خۆی دەدا، بۆیە ڕێگە دەدا ئاین دابمەزرێ مەسیحییەت و کۆنفۆشیۆسی تازە – مەیلەو بە ئازادی کار دەکەن و ئومێدی ئەوەیان لێ دەخواسترێ لەناو شەپۆلی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بتوانن پارسەنگێک ڕەها بکەن. پرسیارێ کە ئاراستەی چین بکرێ ئەوەیە ئاخۆ ئەم ئارامییە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییە هەر بەردەوام دەبێ. ئەگەر مەسیحییەت لە چین بەهەمان شێوەی کۆریای باشوور گەشە بکا، کە لەوێ پتر لە چارەکی دانیشتوانەکەی کریستیانن، ڕەنگە هێلکاری سیاسی لە چین بگۆڕێ.

لەو دەمەی کە پتر لە ٢٠ ملیۆن موسڵمان لە باکوری خۆراوای چیندا دەژین و وا کەتوونەتە ناو بازنەی وەئاگاهاتنەوەی ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی چینی بایەخ بەو موسڵمانە گەنجانە دەدەن کە لە ڕۆهەڵاتی ناڤیندا دەخوێنن و پتریش بایەخ بەوانە دەدەن کە لە عەرەبستانی سعوودییەن، چونکە دەزگا وەهابییە توندڕۆیەکانیان پارەی خوێندنی موسڵمانە چینییەکان دەدەن و بۆ خۆیانیش زینیان لێ دەنێن. کەمینە ئیتنییە موسڵمانەکانی ئیگۆر Uighur و هان Hanـە چینییەکان لە هەرێمی زینجیانگ Xinjiang لە ڕۆئاوای چین زۆر بەتوندی لێکیان دا. سەرکردە چینییەکان زۆر لە لەباریەکچوونی کۆمەڵگەکەیانەوە نیگەرانن بە توندیش بەرهەڵستی لە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیی ئیسلامی لە ڕۆئاوای وڵاتەکەیاندا دەکەن. بۆیە لە چەند ساڵی داهاتوو، سەرهەڵدانی ئیسلام و مەسیحییەت لە چین کار لە ئاسایشی وڵات و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی دەرەوەشدا دەکات.

هەموو ئاسیاش بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دینیدا تێ دەپەڕێ. بە پێچەوانەی ئەوەی کە لە ڕۆئاوادا هەیە، ئاین لە ئاسیا کەمتر کارێکی تاکەکەسییە و پتر نەریتێکی کۆمەڵایەتییە و ڕەگی قووڵی لەناو کۆمەڵ داکوتاوە. بەم جۆرە وا پێ دەچێ لەو دەوڵەتانەی وەکو چین و ئیندۆنیزیا و ژاپۆن و کۆریای باشوور و تایوان، کە لە بواری سیاسییەوە نوێنە، زیندوێتی ئاین لەگەڵ سیاسەتی عیلمانی ڕێکە. هەرچەندە پتر لە سەدی هەشتای دانیشتوانی هیندستان هیندۆسن، بۆیە ئەم دینسالارییە دەمامکی جیاوازی ئاینی داوە. موسڵمانان ٦٧ لە سەتی سەرجەم دانیشتوانی ویلایەتی جامۆ و کەشمیر پێک دێن. دیانەکانیش لە ویلایەتە بچووکەکانی ڕۆهەڵات دینسالارن، لە ناگالاند (٩٠ لە سەتین) و لە مزۆرام (٨٧ لە سەتین) و لە ماغالایاش (٧٠ لە سەدینە) و لە دوو ویلایەتی باشووریش کەمینەی زۆر گەورەن، لە کەرالا (٢٥ لە سەد) و لە تامیل نادۆ (٦ لە سەدن). سیخەکانیش پتر لە ٦٠ لە سەتی دانیشتوانی پێنجاب پێک دێن. ڕووبەڕووبوونەوەی درێژخایەنی ناو هیندستان، بە زەقی پێوەندی بە سیاسەتی جیاوازی چینایەتییەوە هەیە، بەڵام کاریگەریی تێکهەڵچوونی ئاینیشی لێ دیارە. بەتایبەتی بزووتنەوە لەپێناوی مافەکانی دالیت Dalitـەکان کە نزمترین چینی هاووڵاتییانن و بە [دەست لێ مەدە] ناوزەدن، گرفتی ئەوانە لەمێژە بەهۆی ئاینگۆڕییەوە ئاڵۆز و پاڵۆزە و فرە جار لەسەر دینی هیندۆسی وەردەگەڕێن و دەچن باوەڕ بە کریستییانە ئینجیلییەکان دێن. ئەمەش نەتەوەپەرستە هیندۆکەکان هەراسان و تووڕە دەکات و زۆرجاران توندوتیژی لە نێوانیان پەیدا دەکات. هەرچەند ئەم ململانێیە ناوەخۆییانە لە هیندستان هەیە، بەڵام خۆ هێشتا ئەو وڵاتە وەک نموونەیەکی گەورەی، زیندووی، سەرکەوتووی، تا بن ملان ئاینیی و دێموکراسیی فرە ئیتنی، لە دەرەوەی ڕۆئاوا، ماوەتەوە.

## ڕووسیا و کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی

لە ڕووسیاش دیانایەتی ئۆرتۆدۆکس لە دوای ٧٠ساڵ لە بن سەرکوتکاری کۆمیونیستی، وا خەریکە دەژێیتەوە. ئەوانەی دەزانن لە پێشان کۆمیۆنیزم و لە دوای ئەوانیش گەندەڵیی حوکمی دوای سەردەمی سۆڤیەتی چەند زیانیان بووە، ژمارەیان کەمە. ئەوانە نە متمانەیان هێشت و نە دەستپاکییان پاراست و دەشهێلن لێپرسینەوە هەبێ و بەهایە ئەخلاقی و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتیان لەناو برد. کەنیسەی ئۆتۆدۆکسی ڕووسی وا ئومێد دەکا ئەو بەهایانە بگەڕێنێتەوە و کاریگەریی گۆڕانکاری نوێکردنەوە لەناو کۆمەڵگەی ڕووسی دوای سۆڤیەتیدا – نەهێڵێ. پەیمانگەی کێنان the Kennan Institute لە ٢٠٠٤دا توێژینەوەیەکی کردووە و بۆی دەرکەوتووە کە کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی ڕووسی، لە دوای سەرۆکایەتی، دووەم متمانەدارترین دەزگایە و ڕاستەوایی [مصداقية]یەکەی فرە لە میدیا و پۆلیس و سوپا و سەرجەم دەزگاکانی حکوومەتیش پترە. بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجانە کەنیسە هاوپەیمانییەکی لەگەڵ ڕێکخراوە ئاینییە هاوشێوەکانی دروست کردووە و شیمانەی ئەوەی هەیە کە ببێتە بەشێکی گرینگی کۆمەڵگەی مەدەنی و شوێنی خۆی لەناو کۆمەڵدا بکاتەوە. بەڵام هێشتا ئەرکی ڕووسییەکانە، دەبێ بۆ وڵاتەکەیان کە زۆرینەی

ئۆتۆدۆکسن، ڕوونی بکەنەوە و تێیان بگەیەنن [ئازادی ئاینی] واتەی چ دەگەیەنێ. مشتومڕ لەناو و لە دەرەوەی کەنیسەشدا هەر بەردەوامە و دەیانەوێ بگەنە ئەنجامێک و بزانن سروشتی مافەکانی مرۆڤ چییە، ئاخۆ ئەو مافانە لەگەڵ مەزهەبی ئۆرتۆدۆکسی دەگونجێ یان نەریتی هاوردەنە و لە ڕۆئاواوە بۆیان هاتووە و شوێنی شیاویان لەناو ڕووسیای هاوچەرخ لە کوێ دەبێتەوە.

چونکە کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی لە ڕووسیای نوێدا دەسەڵاتی گرینگی لە بواری کولتووری و سیاسیدا هەیە، بۆیە ڕۆڵێکی گرینگیشی لە ژیانی خەڵکیدا دەبێ. ئەو کۆششەی کەنیسە لە دوای نەمانی سۆڤیەتیدا کردی بۆ ئەوەی زنجیرە هەڵستە [التسلسل الهرمی]ی ناوخۆ و دەرەوەی یەک بخا و ئەو پێوەندییە توندەی دەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیدا هەیەتی ناسنامەیەکی سیاسی بۆ کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی دروست کردووە. پەتریارکییەی مۆسکۆی کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی ڕووسی یەکێکە لە زنجیرەیەک کەنیسەی سەربەخۆی ئۆرتۆدۆکسی و سەرپەرشتی یەکبوونەوەی لقە جودایەکانی کەنیسەکە دەکا کە ئەمەش هەنگاوێکی گرینگە بۆ ئەوەی پاتریارکییەکە لە سەرتاسەری دنیا کارا بکا. دەوڵەتی ڕووسیاش لەلای خۆیەوە ئەو یەکگرتنەوەیە بەهۆیەک دەزانێ بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی نێوان تەواوی ڕووسیا لەگەڵ ڕووسییەکانی تاراوگە توند بکا و ئەمەش بنەمایەکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی جیهانی وەدەست بێنێتەوە. هەرچەندە کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی دەڵێ کە نمایندایەتی دەوڵەت ناکات، بەڵام پێوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ڕووسی ڕۆڵێکی سەرەکی لە داهاتووی نزیکدا دەگێڕێ. موسڵمانەکانیش هێزێکی کاریگەریان لە ڕووسیادا هەیە و لە نێوان ١٢ و ١٥ لە سەتی دانیشتوان پێک دێنن. ڕووسیا لە هەموو وڵاتە ئەوروپاییەکانی تر پتر هاووڵاتیی موسڵمانی هەیە. ئەو شەڕانەی لەگەڵ موسڵمانەکانی باکووری قۆقاز، چێچنیا و داغستان و ئینگۆشیا، دەگەڕێن، وایان لە مۆسکۆ کردووە کە ئیسلام بە سەرچاوەی توندڕۆیی و جوداخوازی و جودابوونەوە بزانێ. پێوەندی کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی ڕووسی بە ئیسلام پێوەندییەکی ناڕێک بووە و تەمەنی ٧٠٠ ساڵە، بەڵام ئەو دیاردانەی ئێستا گرفت لە نێوان هەردوو لادا پەیدا دەکات. لەوانە ترس لە تونڕۆیی ئیسلامی و تازەبوونەوەی ناکۆکیی نێوان ئیسلام و کریستیانەتی، ئەم ترسە یەکەم جار لە ئەنجامی شەڕی سۆڤیەتی لە ئەفغانستان تەشەنەی کرد و پاشان لەو ململانێیەی لە دوای ڕووخانی یەکەتی سۆڤیەتی سەری هەڵداوە.

## ئاینێکی جیهانگەری

ئەو هەموو ئاراستانە بەهۆی جیهانگەرییەوە تێکەڵ و پێکەڵی یەکتری بوونە و ئەو مەیلەی ڕوون دەکاتەوە کە دنیایەکی یەکگرتووتر و پارچە پارچەتر دابهێنێ. چونکە جیهانگەری دەقی سروشتی ئاین و ڕۆڵی ئاین لە کاروباری نێونەتەوەییدا دەگۆڕێ، بۆیە ناسنامەی ئاینی لە ئاستی جیهانی و ناوخۆییشدا بە یەکەوە دەبەسترێنەوە. لەوەتەی سامویل هەنتگتن شۆرەتی دەستەواژەی [ململانێی شارستانییەکان clash of civilizations]ی لەناو ئەم کۆوارەدا بڵاو کردووەتەوە، زۆر لە هەژمارەکانی ئاینەکانی دنیا هەر دینێکیان بە کوتلەیەکی گەورەی نەگۆڕ داناوە کە بەهۆی نەریت

و لاهوت و خاکەوە بە یەکەوە بەستراوەتەوە. هەنتگتن تا ڕادەیەکی زۆر ڕاست بووە. چونکە زۆرجار وا دەبێ دین دەگەڵ نەریت و دەوڵەت و خاکەوە یەکتری دەبڕن. پەیمانی وێستفالیا لە ١٦٤٨، ئەم ڕاستییەی لە ئەورووپادا بەهێزتر کرد و بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئاینی کردە کاروبارێکی تایبەتمەندی باوەڕی تاکەکەس و کردیشییە بنەمایەکی ڕێکخستنی دەوڵەتی هاوچەرخ. پاشتریش کۆلۆنیاڵە ئەورووپاییەکان هەوڵیان دا هیندۆسی و بوودی بە چاوی لاهوتیی پرۆتستانتی ڕاڤە بکەن و تێگەیشتنی خۆیانیان لە دین و نەریت و خاک بۆ هەموو دنیا دەنارد.

بەڵام خۆ بە دەگمەن وا بووە ئاینەکان وەک کوتلەیەکی نەگۆڕ کار لەگەڵ دەستەی باوەڕەکانیان بکەن. چونکە هەموو کات لە گۆڕاندا بوونە و خۆیان ڕاهێناوە و دەگەڵ دەوروبەری خۆیان شێوەکانیان گۆڕیوە. ئۆلیڤەر ڕۆی لە کتێبە تازەکەی (نەزانی پیرۆز Holy Ignorance) دا پێ لە سەر ئەوە دادەگرێ کە جیهانگەری جودابوونەوەی ئاین و نەریت و خاک ئاسان دەکا و بەم جۆرە نەریتە دینییەکانی لە هەندێ کولتوور و نەتەوان دادەبڕێ. ڕۆی ئاماژە بۆ بزووتنە ئاینییە جیهانییەکانی وەک سەلەفییەت کە نموونەیەکی ڕاستیی فیداکاری ئیسلامە و پێنتێکۆستالیزم و ئینجیلییەکانی دیانایەتی دەکات و دەنووسێ کە توندڕۆیی پڕبەپێستی جیهانگەرییە، چونکە ئیدیعای بوونی یەک حەقیقەتی جیهانی دەکەن ئەمەش لە دەوڵەت و لە کۆمەڵگە تایبەتەکانی خۆیانیان دەترازێنێ. ئەگەر ئەو کۆمەڵانەی تری وەک تەبلیغی جەماعەت (کە گەورەترین ڕێکخراوی سەرتاسەریی جیهانییە) و فالون گۆنگی چینی و بوودیی تۆراڤدای سیریلانکی، کە ناویان دەبا دەشێ بە توندڕۆیان بناسین یان نا ئەوە گرینگ نییە چونکە ئەوانە پێوەندییان بەو نەریتە ئاینییە جیهانەی وەک کەنیسەی ڕۆمانی کاتۆلیک و چەندان پاتریارکی تری ئۆرتۆدۆکسییەوە کردووە و کاریگەرییان لە پێوەندییەکانی نێو نەتەوەییدا هەیە.

جیهانگەری، ئاینی پتر فرەلایەنە کردووە. ئەو قۆرخکردنە دینییەی کە کەنیسە ئۆرتۆدۆکسییەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا و کەنیسەی کاتۆلیکیی لە ئەمەریکای لاتین و هیندۆسی لە هیندستان دەیکەن ئەستەم دەبێ لەمەولا بتوانن هەر بیهێڵنەوە. با بە یەکسانیش نەبێ، بەڵام دین خەریکە دەبێتە کێشەی هەڵبژاردەی مرۆڤ جا ئەگەر بیەوێ باوەڕ بێنێ یان نەهێنێ یان ئەگەر بیەوێ جۆرە ئاینێکی تایبەتی بۆ خۆی هەڵبژێرێ یان باوەر بە کام مەزهەبی کامە دین بکا ئەوە بووەتە شتێکی پێوەست بە خودی تاکەکەسەوە. لەمەودوا چیی تر ئاین نە بە سەر خەڵکیدا فەرز دەکرێ نەکولتووره بالادەستەکان پشتیوانی لێ دەکەن. ئەو مشتومڕانەی لە پەرلەمانی تازەی عێراق و لە چەندان وڵاتی تری ئیسلامەتیدا دەکرێن بۆ ئەوەی ئەو هێڵەی نێوان شەرع و ئازادی ئاینی بکێشن و ڕۆڵی ئافرەت لەناو کۆمەڵ بەدیار بخەن و ئەو ڕێنوێنییانەی بە ئاینگۆڕی و مزگێندەرییەوە پێوەستن دیار بکرێن ئەوە بەدیار دەخەن کە ئەم گۆڕانە لە دنیای ئیسلامیشدا هەیە.

جیهانگەری کاریگەرییەکی پتر بە تاراوگەی ئیتنی و دینیش دەدا. ئەو کۆمەڵانە هاریکاری لە گۆڕینی سروشتی ئاسایشی نێونەتەویی دەکەن و لە بواری پێوەندیشدا یەکێکن لە دیارترین

شێوەی ئەو ئەکتەرانەی کە دەوڵەتیان نییە. جیهانگەری ئەو هێڵەی لە نێوانی ڕێکخراوە ئاینییەکانی وەک تەبلیغی جەماعەت و حزبوڵا - کە پشکداری دەعوەت و تەبشیر و ڕاژەگوزاری کۆمەڵایەتی دەکەن - لەگەڵ ڕێکخراوە تەواو تیرۆریستییەکان تەنک کردووە. ئەم چەشنە تۆڕە کۆمەڵایەتییە لۆکاڵ و جیهانییەن کە وایان لە خەڵکی کردووە پشتگیری و ڕێئاسانی بۆ کردەوەکانی ئەلقاعیدە و حەماس و گرووپە ناشەرعییەکانی تر لە هەموو دنیا بکەن.

بەڵام خۆ تێکەڵ و پێکەڵکردنی ئامانجە پیرۆز و ئامانجە دنیاییەکان لەناو دەزگا ئاینییەکاندا شتێکی نوێ نییە. لە زۆر لە وڵاتە گەشەکەرەکاندا خواپەرستی و خەباتی سیاسی شان بەشانی یەکتری گەشە دەکەن. ئەوەبوو لە سەدەی نۆزدەمین، برایانی سۆفی لە باشووری ئەفریقیا، لە بەرهەڵستیی داگیرکەری فرەنسی پشتیوانی بەرگری ئیسلامییان کرد.

ڕۆژئاواییەکان لە تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەت نامورتاحن. بەڵام لە دنیای ئاینیی خوارووی گۆی زەمیندا، گەلەک جاران تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و خێرخوازی و سیاسی و تەنانەت تیرۆریستیش بە یەک دەگەن. لەو دەوڵەتە لاواز و سەرنەکەوتووانەی کە گەندەڵی لێیان باڵادەستە و ژێرخانی کۆمەڵایەتییان داتەپاوە، چەندان ڕێکخراوی خێرخوازی و ئیمانداری سەرچاوەی سەرەکی پەروەردە و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و تەندروستیش پێک دێنن.

جیهانگەری ڕێگەی بە ئەوانەی تاراوگەش داوە بۆ ئەوەی پێوەندی بە گرووپە ئاینییەکانی وڵاتە ئێتنییە ڕەسەنەکانی خۆیانەوە بکەن. ئینتەرنێت و پلیتی هەرزانی سەفەر بە فڕۆکە، بواری ئەوەی بەو گەنجە بێ ڕەگوریشانە ئەو موسڵمانە ئاوارانەی تاراوگە داوە بۆ ئەوەی پێوەندی بە بەناو مەلایەک یان کۆمەڵەیەکی ئیسلامییەوە بکەن و ناسنامەی نوێی توندڕۆیی خۆیانیانی لێ وەرگرن. فەیسەڵ شازاد ئەوەی بە بۆردومانکەری تایم سکوێر ناوزەدە نموونەیەکی زیندووی ئەم بابەتەیە. شازاد کۆچبەرێکە لە پاکستان بووە و لە کۆنێکتیکت دەژیا و چەند جار سەردانی پاکستانی کرد و لەوێ تاڵیبان مەشقی تیرۆریستییان دا [و سەریان لە قوڕ نا].

ئەگەر ڕێگە بەو گرژییە ناوەخۆییانەی ئێستا بدرێ بۆ ئەوەی تەشەنە بکەن، ئەوا ئالیکێکی چاک بۆ ئەو توندڕۆیانە ساز دەکا کە دەڵێن ئیسلام و مەسیحییەت یان بوودی و ئیسلام لە شەڕدان. ئەمە لە تایلاندی بوودی قەوما. لە باشووری تایلاند جوداخوازانی ئیسلامی لە شۆڕش دانە. هەمان بارودۆخ لە فلیپینیش هەیە و بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی ئیسلامیی چەندان ساڵە لەگەڵ حکوومەتی وڵات لە شەڕە و خۆی بە ئالقاعیدەوە نووساندووە. لە هەردووک شوێندا ئەو شۆڕشە لاچەپانە بە بەشێکی ناوچەکانی شەڕێکی گەورەتر دەناسرێن.

## ئیمان و سیاسەتی دەرەوە

لەو دەمەی کە دنیا خەریکە دیندارتر دەبێ، دینیش ڕەنگە پێوەندییەکانی خۆی لەناو سیستەمی کۆنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە بگۆڕێ. لە ئاستی بنەڕەتیدا، بۆ تێگەیشتنی ئاراستە گشتییەکانی

سیاسەتی دەرەوەی زۆر لە دەوڵەتان ئاین فاکتەرێکی گرینگ دەسازێنێ. گومان لەوەشدا نییە کە هەندێ لاتەریکی exception هەر دەبێ، بەڵام زۆر لە نموونە مێژووییەکان وا پێشنیاز دەکەن کە دین ناسنامەی کۆمەڵ بەهێز دەکات و ڕێنوێنیی سیاسەتی دەرەوەش دەکات. لە دوای شەڕی سارد Cold War کاتۆلیکەکانی ئەڵمانیا پاڵپەستۆی زۆریان لە حکوومەتەکەیان کرد بۆ ئەوەی دان بە جودابوونەوەی کرواتە کاتۆلیکەکان لە یۆگۆزلاڤیا بنێ. لە ١٩٩٩ش، دەوڵەتە ئۆرۆتۆدۆکسەکانی وەک یۆنانستان و ڕووسیا نەیانویست ناتۆ NATO بۆردومانی سربیای ئۆرتۆدۆکس بکا. ئەو قسانەی ڕووسیا سەبارەت بە کاریگەریی لەسەر یۆکرێنیا هەڵیان دەبەستێ، پێوەندییان بەو ڕاستییەوە هەیە کە یونیاتەکان Uniatsی ئەوانەی بە کاتۆلیکە ڕایتە ڕۆهەڵاتییەکان ناسراون، لەسەر خاکی خۆیدا بالادەستن و لەگەڵ کەنیسەی ئۆرتۆدۆکسی ڕووسیشدا ناکۆکن.

ئەوەی پێوەندی بە ئیسلامیشەوە هەبێ، دەبینین جێ پەنجەی ئاین لەسەر سیاسەتی دەرەوە دیارە. دیپلۆماسیی لە مێژینەی عەرەبستانی سعوودی، بەهۆی بڵاوکردنەوەی شێوە ڕەقەکەی ئیسلامەتییەوە، کاریگەریی وڵاتەکەی لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر کردووە و تەنی بە خواپەرستیی ئیسلامی ناوەخۆوە هەڵچنیوە و نەریتە دیرینەکانی لێبووردنی ئاینی و پێکەوەژیانی تێیاندا نەهێشتووە. لە هەمان کاتیشدا ئێرانیش دیپلۆماسییەتێکی دژایەتیکردنی هاوشێوەی پەیڕەو کردووە و لە سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی خەریکە مەزهەبی شیعە بڵاو دەکاتەوە و پشتیوانی بزووتنەوە تایفەگەرییەکانی لبنان (حزبولا) و خاکی فەڵەستین (حەماس) و عێراق دەکات.

فاکتەرێکی تری گرینگ لە پێوەندییەکانی دەرەوە کاریگەریی دیانایەتی [مەسیحییەت]یە لەسەر داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا. زانای سیاسی وۆڵتەر ڕەسڵ مید پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هەستانەوەی جیهانیی مەسیحییەت بۆ سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان باشە و دەڵێ کریستیانەتی "لە هەموو ئاینەکانی تر پتر لایەنگری ئەمەریکایە" چونکە لەگەڵ باوڕ و هزرەکانی ئەمەریکا ڕێکە (با لەگەڵ هەموو کردەوەکانیشی نەبێ) و پشتیوانی لە ئازادی ئاینی دەکا و ڕێگەی گەشەکردنی بەهاکانی دیموکراسی و ئابووری دەدا.

مید تا ڕادەیەک ڕاست دەکا، جا با لەبەرئەو هۆیانەش نەبێ کە ئەو بۆ خۆی باسی کردوون. ئەو ڕێگەیەی کە جیهانگەری پێیدا دەچێ بۆ ئەوەی شێوە نوێیەکانی ناسنامەی کۆمەڵ و کاری سیاسی دروست بکا بە پێنتێکۆستالیزمی جیهانی و کریستیانەتی ئینجیلییەکانیشیانەوە، فرە کار لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات. جیهانگەری ڕێگەی بە موسڵمان و دیانەکانی خوارووی گۆی زەوی داوە بۆ ئەوەی ململانێیە ناوەخۆییەکانیان دەگەڵ ململانێیە هاوشێوە جیهانییەکان بە یەکەوە ببەستنەوە. ئاکتەرە موسڵمان و مەسیحییە بێ دەوڵەتەکان بۆ نموونە ڕێکخراوی فریاگوزاری فرانکلن گراهامی مەسیحیی و جزدانی سامری Samaritan's Purse، کە ئێستا لە سوودان چالاکە _ ڕوو لە تاراوگە دەکەن بۆ ئەوەی یارمەتی دارایی و پشتیوانی سیاسییان لێ وەر بگرن. بەهاکان و ئامانجە ئەمەریکاییەکان وڵاتە یەکگرتووەکان بە

کۆمەڵ و دەوڵەتەکانی باشووری زەوی، بەوانەی کە پێکهاتەی پێنتێکۆستاڵ و ئینجیلییەکانیشیان لێیە، دەبەستێتەوە. دووریی ئاینییەکانی ئەم جۆرە ناسنامە هاوبەشە و فرە نەتەوەییە تایبەتمەندییەکی گەشەداری سیاسەتی دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکانە و (تا ڕادەیەکی زۆریش) ڕاڤەی ئەو یاسانە دەکا کە لە دە ساڵی بووریدا، سەبارەت بە گواستنەوەی ئینسان و ئازادیی ئاینی و توندوتیژی لە دارفۆر و مافەکانی مرۆ لە کۆریای باکور، دارشتراون.

ئەو بۆچوونەی مید سەبارەت بەوەی کە دیانایەتی پێنتێکۆستالیزمی و ئینجیلییەکان شوێن پێی ولاتە یەکگرتووەکان لە ولاتانی بیانیدا توندتر دەکات، هێشتا نەسەلمێندراوە. ئەگەر گەشەکردنە فرە لۆکاڵەکەی ئەم گرووپە کریستییانانە لە ولاتە ناڕۆئاواییەکاندا لە بەرچاو بگرین دەبینین لە شوێنەکانی وەکو چین، سەرنجی ناوخۆ و سیاسەتی ناوخۆیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە. بە تەئکید دیانایەتی پێنتێکۆستالیزمی و ئینجیلییەکان ڕێک نینە و هێشتاش ڕوون نەبووەتەوە ئاخۆ دیانەکانی لای خوارووی گۆی زەمین، سەبارەت بە کێشەی سیاسەتی دەرەوە، پێوندی بە ڕیزەکانی هاوکارە پارێزگارەکانیان لە ولاتە یەکگرتووەکاندا دەکەن یان نا. بۆ نموونە، لەسەر بابەتی شەڕی عێراق ڕێک نەبوون. لە هەمان کاتیشدا، پێ دەچێ ئینجیلییەکان لە چین، زۆرتر حەزیان لەوە بێ کە پەیرەوی سۆزی نەتەوەگەری چینی بکەن لەوەی کە ڕووی خۆیان لە ولاتە یەکگرتووەکان بکەن.

دەشێ ئاین لە باشووری گۆی زەمین شێوە سیاسییەکانی ڕۆئاوایی ڕەنگ نەدەنەوە. لە کن موسڵمان و مەسیحییەکانی ناو ئەو لاتانەی لە گەشەکردن دان، پێ دەچێ دینیان لەلا گەلەک لە ڕۆئاوا پارێزگاریتر بێ و هەڵوێستی توندتریان لە بەرانبەر لەبەرچواندن abortion و خۆڕەگەزبازی homosexualityیەوە هەیە. لە هەمان کاتیشدا، لە خوارووی زەمین، دەشێ دین لەلایەنی سیاسییەوە پتر ئازاد بێ، چونکە دانیشتووانی ئەو ولاتانەی خەریکن گەشە دەکەن پتر بایەخ بە کێشەی هەژاری و دادی ئابووری و ژینگە دەدەن و پتر گومانیان لە سەرمایەداری و جیهانگەری هەیە و پتریش پشتیوانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسای نێودەوڵەتی دەکەن.

گومان لەوەدا نییە کە جیهانگەری و کاریگەرییەکەی لە ڕێبازە ئاینییەکان، کار لە بارودۆخە ناوخۆییەکانیشدا دەکات. ئەو دانیشتووانانەی بەهۆی ئاینەوە دابەش بووینە، هەر لە ئیندۆنیزیاوەڕا تا دەگاتە نایجیریا، لەم چەند ساڵە نزیکانەدا بەگژ یەکدا چووینە و دەچن و تازەترین ململانێی لەم چەشنەش لە نێوان موسڵمان و کریستییانەکانی ساحلی عاج لە کێنیا قەوما. ئامارەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە هەر کاتێک ڕێژەی کەمینەکان ل ناو ولاتێکدا بگاتە نێوان ١٠-٢٠ لە سەدی دانیشتووان، ئەوانە دەتوانن بە کارامەیی بەرهەڵستی ئەو سیاسەتانە بکەن کە پشتیوانی لە ڕێکخستنی ئاینی دەکەن و تەنانەت دەشتوانن خەبات لەپێناوی ئازدبوونی خۆیانیشدا بکەن.

ئاشکرایە لە پاڵ ئاین فەکتەری تریش هەیە کە پشکداری لەم جۆرە ململانێیەدا دەکات. لەگەڵ ئەوەش کە زۆر لە ململانێیەکان لە ئەنجامی سیاسەت و ئابووری و خراپ بەڕێوەبردنی

حکوومەتەوە پەیدا دەبن، بەڵام هێشتا هزرە ئاینییەکان ڕۆڵی خۆیان هەر دەبێ. هەر کردەیەکی کۆمەڵئامێز پشت بەوە دەبەستێ ئایا چۆن گرووپە کۆمەڵایەتییەکان سەیری ئەو دنیا دەکەن کە بە خۆیان تێیدا دەژین و چۆنیش لە بەرانبەر ناسنامەکانی کەسانی ترەوە، ناسنامەی خۆیان دەبینن. ئەو شێوەیەی کە دەزگە ئاینییەکان هەڵسوکەوت دەگەڵ نەخوێندەواری و چوونە قوتابخانە و حوکومڕانی و مافەکانی مرۆڤ و دایەلۆگی نێوان ئاینەکان دەکەن، دەوانێ پشتیوانی توانستی میری بکا بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو قەیرانانە بداتەوە کە ئەم کێشانەیان دروست کردووە و ململانێیە دینییەکانی پێ ببڕێتەوە.

## دین و دنیای داهاتوو

جۆرە دنیایەکی نوێ خەریکە وا دروست دەبێ و ئەو نەتەوە و دەوڵەت و کۆمەڵە ئاینییانەی کە باشووری گۆی زەمین پێک دێنن، ئەوان ئەو دنیایە تازەیە دروست دەکەن. هەموو ئاینە سەرەکییەکانی دنیا سوود لەو هەلانەدا دەبینن کە جیهانگەری بۆی ساز داون بۆ ئەوەی پەیامەکانی خۆیان ڕابگەیەنن و لە هەموو دنیا گوێیان لێیان ببێ.

ئیمان کار لە خەباتی ڕۆژانەی ملیۆنەها کەس دەکات ئەوانەی کە ڕووبەڕووی ململانێی سیاسیی گەورەتر دەبنەوە، وەک ئەو خەباتەی کە لەپێناوی دیموکراسی و بۆ مافەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی ئابووریدا دەکرێ. ئاوارە ئیتنیی و ئاینییەکانی خوارووی ڕووی زەمین ئاوا بە ڕۆئاواوە لکاون کە دەتوانن ناسنامەی کۆمەڵ دابهێنن و کاریگەرییەکەیان دەتوانێ باری کۆمەڵایەتی باش بکا و دەشتوانێ ئاگری تیرۆریستان خۆش بکا و ململانێی نێوان ئاینەکان گەرمتر بکا. لە چەند ساڵی داهاتوودا تێگەیشتنی هەموو ئاینەکانی دنیا شێوەی باوەڕیان و بەهایەکانیان و خواپەرستییان و چۆنیەتیی کارتێکردنیان لە ئامانجە سیاسی و کردەوەکان و ئامانجی دەوڵەتان و کۆمەڵگە ئاینییەکان دەبێتە ئەرکێکی گرینگی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوانەی کە سیاسەتی دەرەوەی دەسازێنن. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان دان بە بووژانەی ئاینی لە سەرتاسەری دنیادا بنێ و بە چاکی سوودی لێ وەربگرێ، دەتوانێ سوود لە هێزی خۆی ببینێ بۆ ئەوەی ئاسایشی نێو دەوڵەتی و ژیانی ملیۆنەها کەسیش باشتر بکا. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانیش نەیتوانی بە چاکی سوود لەو هەستانە ئاینییە ببینێ، شیمانەی توند و تیژیی لەسەر بنەمای داهاتووش و لە سەرتاسەری دنیا ڕەنگە بە شێوەیەکی زۆر خراپ تەشەنە بکا و تا سەدەی ئایندەش هەر کۆتایی پێ نەیێت.

* لە زانکۆی بات وانە لەبارەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دەڵێتەوە و ئەندامێکی لێکۆڵینەوەیە لە ناوەندی دیانایەتی و وتووێژی نێوان ئاینەدان لە کۆلێجی هێیدرۆپ لە زانکۆی لەندەن.

# ئاخۆ
# بەردبارانکردن یاسایەکی ئیسلامییە؟

سەدیقە وەسمەقی

## سەرەتایەک

بەپێی سەرەتاکانی بیروباوەڕی ئاینی ئیسلام، تەنیا قورئان گوتەی خوایە و ئەو وەحیەیە کە لەلایەن جبریلەوە بۆ محەمەدی کوڕی عەبدوڵا دابەزێنراوە. لە قورئانیشدا هەموو ئەو ئایەتانەی باسی پەیامی خودا بۆ محەمەد (د.خ) دەکەن مەبەست تێیدا قورئانە نەک دەقێکی تر یان دەقێکی دووەم هاوشانی قورئان، وەک ئایەتەکانی (انا انزلناه في ليلة القدر) (انا انزلناه في ليلة مباركة)، (ان هذا القران يهدي للتي هي اقوم)، (و ذكر بالقران من يخاف وعيد)، (لو اجتمعت الانس والجن علي ان ياتوا بمثل هذا القران لايأتون بمثله)، (انا انزلنا اليك الكتاب فيه ايات محكمات هن ام الكتاب، و اخر متشابهات).

واتە مەرجەعی ئاینی ئیسلام قورئانە و لقە مەرجەعەکانی تر، تەنانەت حەدیسەکانیش[١]، دەبێ لەوەوە سەرچاوە بگرن، یان بنچینە و دەمارێکیان لە قورئاندا هەبێ. هەر لێرەیشەوە بووە پێغەمبەر(د.خ) زۆر سوور بووە لەسەر تۆمارکردن و پاراستنی دەقەکانی قورئان و هانی موسڵمانانی داوە لەبەریان بکەن، بەڵام نەک فەرمانی نەکردووە وتەکانی خۆی بنووسرێنەوە، بگرە وەک هەندێ ریوایەت ئاماژەی پێ دەدەن، رێگری لە نووسینەوەی وتەکانی کردووە.

بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار و دوای سەدەیەک لە مردنی پەیامبەر، موسڵمانان دەستیان بە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی گوتەکانی پێغەمبەر (حەدیس) کرد، ئەویش لە ماوەیەکی زەمەنیی سەدان ساڵەدا و لەو رێیەشدا، بەپێی لێکۆڵینەوەکانی زانایانی حەدیس، سەدان هەزار لەو دەقانەی بەناوی گوتەی پێغەمبەرەوە تۆمار کرابوون بە لاواز و بێ بناخە و هەڵبەستراو دانراون. تەنانەت

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عومەر عەلی غەفوور

ئەو دەیان هەزارەیش کە دوای لە تەتەڵەدان دەرچوون کۆدەنگییەکی تەواو لەسەر راست و دروستی (صحە)یان نییە و لە زانایەکەوە بۆ زانایەکی تر رای جیاوازیان لەبارەوە هەیە. هەندێ حەدیس لای زانایەک بەهێزە لای یەکێکی تر لاوازە لەبەرئەوەی لە زنجیرەی ئەو کەسانەی دەقەکەیان گێراوەتەوە کەسێک یان زیاتر هەیە کە بەلایەوە جێی متمانە نییە.

سەرهەڵدانی ململانەی نێوان گرووپە سیاسی و مەزهەبییەکانی سەدە بەراییەکانی مێژووی ئیسلامیش زەوینەیەکی بەپیتی ساز کرد بۆ هەڵبەستنی سەدان حەدیس، کە هەریەک لەو گرووپانە بۆ شەرعیەتدان بە خۆی و تانەدان لە رکابەرەکەی دایان ناون، وەک ئەو حەدیسانەی لە وەسفی هەندێ لە سەحابەکاندا وتراون، یان بۆ شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی تاکرەوانەی خۆیان و سەرکوتکردنی نەیارانیان دایان ناون.

زۆر لە بیرمەندانی ئیسلامیی هاوچەرخ، لەوانە جەودەت سەعید و جەمال بەننا و ئەحمەد سوبحی مەنسوور، پێیان وایە لەو کاتەی پەیامی قورئان زۆر راشکاوانە دژ بە تاکرەوی و ستەمکاری و رژاندنی خوێنی بەناهەق و زەرورەتی بەرقەرارکردنی پرەنسیپی شوورا بووە لە سیستەمی سیاسیدا، دەسەڵاتداران کە نەیانتوانیوە لە قورئاندا بناخەیەکی شەرعیەت بۆ سیاسەت و دەسەڵاتەکانیان بدۆزنەوە، دانانی حەدیس ئەو فریادرەسە بووە ئەو ئاواتەی بۆ هێناونەتە دی، هەر بۆیە دەبینی قەبارەی حەدیس لە قەبارەی قورئانی تێ پەڕاندووە و لە عەقڵی فیقهیدا هێندەی دەقەکانی حەدیس کراونەتە مەرجەع و سەرچاوەی یاساکان ئەوەندە قورئان نەکراوەتە سەرچاوە، وەک ئەوەی حەدیس یەکەم و قورئان دووەم مەرجەع بێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، باسکردن لە حوجیەتی حەدیس[٢] یان سوننەت نییە کە بابەتێکی زانستیی دوور و درێژە، بگرە باس لەوەیە ئاخۆ دەکرێ دەقەکانی حەدیس، کە بەشی هەرە زۆریان لە رووی سەنەدەوە بنبڕ (قەتعی) نین، دەلالەتی دەقەکانی قورئان هەڵبوەشێننەوە، یان سنووردار‌یان بکەن؟ ئاخۆ دەکرێ لە کاتێکدا قورئان پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ هیچ کون و کەلەبەرێکی بەجێ نەهێشتووە (ما فرطنا في الکتاب من شيء) و لە کاتێکدا تەنانەت باسی لە وردەکاریی چۆنیەتی سەلامکردن و بەرێگەدارۆیشتن و ئەعوزوبیللاکردنی پێش قورئان خوێندن کردووە[٣] کەچی لە حوکمێکی شەرعیدا کە پێوەندی بە گیان و ئابرووی مرۆڤی موسڵمانەوە هەبێ وەک حوکمی بەردبارانکردنی زیناکاری هاوسەردار تا مردن، یان کوشتنەوەی مورتەد- بێدەنگ بێ و شتێکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەڵێ و ئێمە ناچار بین، بەشوێن پارچە بزربووەکانی حەدیسدا بگەڕێین تا حوکمەکەی بدۆزینەوە؟

ئەم بابەتەی خوارەوە خاتوونە توێژەرێکی ئێرانی لەبارەی حوکمی بەردبارانکردنی زیناکاری هاوسەردار نووسیویەتی. ئەگەرچی توێژەر زیاتر پشتی بە سەرچاوە و ریوایەتەکانی مەزهەبی شیعە بەستووە (سەرچاوەی سوننەیشی بەکار هێناوە)، بەڵام با بەهەڵەدا نەچین و پێمان وابێ بۆچوونەکان تایبەتی ئەو مەزهەبەن و لای سوننە ئیعتیباریان نییە، نەخێر، چونکە جیاوازییەکانی

شیعە و سوننە هێندەی جیاوازیی سیاسی و سایکۆلۆجین، هێندە جیاوازیی فیقهی نین و لە هەندێ پۆلبەندیکردندا بۆ مەزەبەکانی ئیسلام مەزەبی جەعفەری بە پێنجەم مەزەب دوای چوار مەزەبەکەی ئەهلی سوننە (مالیکی، حەنەفی، شافیعی، حەنبەلی) دانراوە. هەندێ بابەتی تایبەت بە ئیمامەتی لێ دەرچێ، زۆر لە ریوایەتەکانی هەردوو لا ئەگەر لە دەق (مەتن) و خاوەنی وتەکەیشدا یەک نەبن لە واتادا یەک دەگرنەوە و هەمان قورسایی مەرجەعییان هەیە و زانایانی هەردوو مەزهەب بۆچوونیان لە زۆربەی مەسەلە فیقهییەکاندا لێک نێزیکە. تەنانەت هەندێ لە زانایانی سوننە، لەوانە شێخ عوسمان عەبدولعەزیز پریسی لە هەڵەبجە[٤]، پێیان وایە لە رووی فیقهییەوە مەزەبی شافیعی لە مەزەبی جەعفەری نێزیکترە تا لە مەزەبی حەنەفی، کە هەردووکیان سوننەن.

بیرۆکەی ئەم بابەتە قابیلی ئەوەیە دیراسە و دەوڵەمەند بکرێ. مەرجیش نییە ئەوەی دەقێک وەردەگێرێ هاوڕای نووسەر بێ لە هەموو وردەکارییەکاندا، بەڵام ئەسڵی بیرۆکەکەی بۆ خوێنەری کورد شایستەی خوێندنەوەیە.

نووسەری ئەم بابەتە ئاماژەی بەوە دەدا کە لە قورئاندا نە بۆ زینا و نە بۆ هیچ تاوانێکی تر سزای سەنگسار یان بەردبارانکردن دانەنراوە و فەرمانی پێ نەکراوە. لەبارەی ئەوەی ئیسلام سزای بەردبارانکردنی دانابێ یان جێبەجێی کردبێ، بەڵگەیەکی بنبڕ و جێمتمانە نییە. زاناکان لەو رووەوە پشت بە کۆمەڵێ گێڕانەوە (ریوایەت) دەبەستن کە خاڵی نین لە ئیشکالات. دروستکەری زۆر لەو نەریت و یاسایانە ئیسلام نەبووە، بگرە زۆر لەوانە لە سەردەمی نەفامیی پێش ئیسلام لە کۆمەڵگەی حیجازدا ریشەیان هەبووە و موسڵمانان دوای هاتنی ئیسلامیش دەستبەرداریان نەبوون. ئەم لێکۆڵینەوە شیکارییە لەلایەن خاتوو دوکتۆرە سەدیقە وەسمەقییەوە نووسراوە و لە رووی ئاینی و مێژووییەوە لە بیر و بۆچوونەکان لەبارەی بەردبارانکردنەوە دەکۆڵێتەوە و رەخنەیان لێ دەگرێ. لە ئەیلوولی رابردوودا لە بڵاوکراوەی "چشم انداز ایران"دا بڵاو کراوەتەوە. ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو باسەیە (بە هەندێ کورتکردنەوەوە).

وەرگێڕ

## سزای بەردبارانکردن لە مێژوودا

بەردبارانکردن یەکێک بووە لە شێوەکانی سزادان لە سەردەمە کۆنەکاندا. ئەم جۆرە سزایە بە بەراورد لەگەڵ سزاکانی تردا کەمتر پەنای بۆ براوە. لە ئاینی یەهودیدا بەردبارانکردن بۆ زیناکاران دانراوە. لە قورئانیشدا لە باسی چیرۆکی پەیامبەراندا ئاماژە بە بەردبارانکردن کراوە کاتێ کافرەکان هەڕەشەی بەردبارانکردنیان لە پێغەمبەرانی خودا کردووە. بۆ نموونە لە ئایەتی ١٨ی سورەتی یس-دا بێباوەڕەکان بە پەیامبەرانی خودا دەڵێن "«قالوا انا تطیرنا بکم لئن لم تنتهوا لنرجمنکم و لیمسنکم منا عذاب ألیم»، واتە ئێمە ئێوە بە نیشانەی شووم دەزانین، ئەگەر واز لە بانگەوازەکەتان نەهێنن بەردبارانتان دەکەین و لە ئێمەوە سزای سەخت دەبینن".

ئاماژەکردنی بێباوەڕەکان بەوەی "لە ئێمەوە سزای سەخت دەبینن"، نیشانەی ئەوەیە لەو کاتەیشدا سزای بەردبارانکردن لە سزا "سەخت و بەئازار"ەکان بووە.

شێوەی جێبەجێکردنی ئەم سزایە، کە مردنی لەسەرخۆیە، شان بەشانی ئەشکەنجەدان، دیسان دەرخەری ئەوەیە کە لە جۆرە سەختەکانی سزادانە. پێش ئیسلام لەنێو عەرەبەکانی حیجاز و خێڵە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوچەیەدا بەردبارانکردنکردن باو نەبووە. خێڵە جۆراوجۆرەکانی عەرەب کەسی زیناکاریان بەردباران نەدەکرد.

لە هەندێ ریوایەتدا هاتووە کە دوای ئیسلام جولەکەکان هاتوونەتە لای پەیامبەر و لەبارەی حوکمی ژن و پیاوێکی جولەکەوە کە زینایان کردبوو پرسیاریان لێ کردووە، ئەویش لەبارەی سزای بەردبارانکردن کە لە تەوراتدا هاتووە پرسیاری لێ کردوون و سەرەنجام بڕیاری داوە ئەو ژن و پیاوە بەپێی ئاینی یەهودی بەردباران بکرێن[٥].

ئەگەرچی ناتوانرێ پشت بە ریوایاتی تاکانە (ئاحاد)[٦] ببەسترێ، بەلام لە رووی مێژووییەوە رەنگە بکرێ هەندێ ریوایەت بیرۆکەیەکمان بدەنێ لەبارەی چۆنیەتیی ئاشنابوونی موسڵمانان بە سزای بەردبارانکردن و شیمانەی جێبەجێکردنی ئەو سزایە لە کۆمەڵگەی یەکەمی موسڵماناندا.

زیناکردن لەنێو عەرەبەکانی حیجازدا بڵاو بووە، بەڵام پلەی بەدزێو سەیرکردنی لەنێو خێڵە جۆراوجۆرەکاندا جیاواز بووە، لە هەمان کاتدا سزای یەکسان لای ئەوان وجودی نەبووە، بەتایبەت بۆ پیاوان سزای توند بەکار نەدەهێنرا. بەڵام پیاوان بەهۆی باڵادەستییان بەسەر ئافرەتاندا لە کاتی زیناکردنی ئافرەتانیاندا سزایان دەدان و هەندێ جار دەشیانکوشتن. بەڵگە و دەستاوەردە مێژووییەکان دەری دەخەن کە دوای ئیسلامیش زینا لەنێو تازە موسڵمانەکاندا هەبووە.

لەبارەی سزای زیناکردنەوە، دەتوانین بۆ سێ ئایەت لە قورئاندا بگەڕێینەوە: هەردوو ئایەتی (١٥ و ١٦)ی سوورەتی النساء (والتی یأتین الفاحشە من نسائکم فاستشهدوا علیهن اربعة منکم فان شهدوا فا مسکوهن في البیوت حتی یتوفاهن الموت او یجعل اللە لهن سبیلا. واللذان یاتیانها منکم فآذوهما فان تابا و اصلحا فاعرضوا عنهما ان اللە کان تواباً رحیماً» واتە ئەو ئافرەتانەتان کە فاحیشە ئەنجام دەدەن، چوار کەس لەسەریان بکەنە شایەت، ئەگەر شایەتییان دا ئەوا لە ماڵدا رایان بگرن تا دەمرن یان خوا دەروویەکیان لێ دەکاتەوە. ئەو دوانەیشتان کە فەحشا دەکەن ئەزیەتیان بدەن، ئەگەر تۆبەیان کرد و چاک بوون وازیان لێ بێنن، خوا لێبووردە و بەبەزەییە.

لەگەڵ ئایەتی دووەمی سوورەتی (النور)دا: «الزانیە والزاني فاجلدوا کل واحد منهما مائة جلده" واتە ژن و پیاوی زیناکار هەریەکەیان سەد شەلاقیان لێ بدەن.

وەک تێبینی دەکرێ لە قورئاندا نە بۆ زینا و نە بۆ هیچ تاوانێکی تر سزای بەربارانکردن دانەنراوە و فەرمانی پێ نەکراوە.

لە دوو ئایەتەکەی سوورەتی نیسائدا ئاماژە بە (فەحشا) کراوە و سزای وەک چاودێریکردن، بەندکردن و ئازاردانیان بۆ ئەنجامدەرانی بڕیار دراوە. لە ئایەتی سێیەمدا راشکاوانە ئاماژەی بە

زینا کردووه و سزای پیاو و ژنی زیناکاری به سەد شەلاق داناوه.

له خوێندنەوه و تەفسیرکردنی ئەم ئایەتانەدا گوته و بۆچوونی جۆراوجۆر هەیه. ئەوەی جێی سەرنجه ئەوەیه بۆچوونه جۆراوجۆرەکان هەموو پشت به ریوایەتەکان دەبەستن. لێرەدا بۆچوونی هەندێ له هاوەڵانی پەیامبەر و شوێنکەوتوان (که به سەحابه و تابیعین ناو دەبرێن) دەخەینه روو:

هەندێ له هاوەڵان لەوانه عەکرەمه و عبادەی کوڕی سامیت له ریوایەتێکدا دەڵێن ئایەتی یەکەم به ئایەتی دووەم نەسخ کراوەتەوه، ئایەتی دووەمیش بۆ ژنان و پیاوانی عازەبی زیناکار به سزای لێدانی سەد شەلاق و ساڵێک دوورخستنەوه و بۆ ژنان و پیاوانی هاوسەرداریش به سزای لێدانی سەد شەلاق و بەردبارانکردن نەسخ کراوەتەوه. هەندێکی تر وەک قەتاده و محەمەد بن جابر گوتوویانه ئایەتی یەکەم تایبەتی ژنانی شوودار و ئایەتی دووەم تایبەتی کەسانی عازەبه. ئەو دوو ئایەته به حوکمی شەلاقدان و بەردبارانکردن نەسخ بوونەتەوه. کۆمەڵێکی تر وەک ئیبن عەباس و موجاهید و ئەبی جەعفەری نەحاس گوتوویانه ئایەتی یەکەم تایبەته به زینای ئافرەتانی هاوسەردار و بێ هاوسەر، ئایەتی دووەمیش تایبەته به زینای پیاوانی هاوسەردار (محصن) و بێ هاوسەر، که ئەم دوو ئایەته به حوکمی بەردباران و شەلاق نەسخ کراونەتەوه.(٧)

عەلامەی تەباتەبایی له تەفسیری (المیزان)دا(٨) به خستنەرووی بۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی ئەو ئایەتانه و کۆکردنەوەیان لەگەڵ ئایەتی جەلد (ئایەتی دووەمی سوورەتی نوور) و دەقەکانی سوننەت لەو بارەوه، پێی وایه ئەو ئایەتانه لەبارەی زیناوەن و ئاماژەی بەوه داوه که له کاتی دابەزینی ئایەتی جەلددا پێغەمبەر گوتوویەتی ئەم حوکمی جەلده هەمان ئەو رێگەی نەجاتەیه که خوای گەوره (له ئایەتی ١٥ی نیساءدا) بەڵێنی به ژنانی زیناکار داوه.

تەباتەبایی دەڵێ "له ئەبومسلیمەوه دەگێڕنەوه که ئایەتی یەکەم بۆ روونکردنەوەی حوکمی (فەحشا) لەنێو ئافرەتان و ئایەتی دووەم تایبەته به حوکمی نێربازیی پیاوان و هیچکام لەو دوو ئایەته نەسخ نەکراونەتەوه". ئەو، واته تەباتەبایی، ئەم بۆچوونه رەت دەکاتەوه و جەخت لەوه دەکات که ئەو ئایەتانه باسی زینا دەکەن. بەڵام لەبارەی ئەو ناڕوونییەی که بۆچی له ئایەتی یەکەمدا تەنیا باسی ئافرەتان دەکات و سزای بەندکردنیان بۆ دادەنێ، کەچی له ئایەتی دووەمدا باسی هەردووکیان دەکات و سزای ئازاردانی بۆ داناون، بێدەنگ بووه. جگه لەوەیش ئایەتی دووەم دەڵێ ئەگەر تەوبەیان کرد و چاک بوون دەست له ئازاردانیان هەڵدەگیرێ، له کاتێکدا له ئایەتی یەکەمدا بەندکردنەکه له ماڵەوه تا مردن بەردەوام دەبێ.

تەباتەبایی دەڵێ بەپێی ئایەتی دووەم پێویسته ژن و پیاوی زیناکەر سزا بدرێن. ئازاردانی ژنی زیناکار بەپێی ئایەتی یەکەم بەنکردنی هەمیشەییه له ماڵەوه. به وردبوونەوه لەم گوتەیه، ئایەتی دووەم که دەڵێ "ئەگەر هەردوو تەوبەیان کرد دەست له سزادانیان هەڵگرن" لەگەڵ بەندکردنی هەمیشەییدا سازگار نییه.

ئەو، ئاماژەی به بۆچوونی هەندێ له زانایان کردووه که گوتوویانه مەبەست له ئافرەتان له

ئایەتی یەکەمدا ژنانی شوودار و لە ئایەتی دووەمدا مەبەست کچانە، مەبەستیش لە ئازاردان بەندکردنی هەمیشەییە و لە حاڵەتی تەوبەدا تەنیا کچان لە بەندی ئازاد دەکرێن.

تەباتەبایی لە کۆتایدا بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک پێشکێش بکا بۆچوونی خۆی داخاتە روو و پێی وایە "ئایەتی یەکەم لەبارەی زیناوەیە". هەروەها پێی وایە ئایەتی دووەمیش هەر لەبارەی زیناوەیە، چونکە لە سوننەدا[٩] ئیسپات بووە کە حەد یاخۆ سزای نێرباز کوشتنە. ئەو پێی وایە ئایەتی یەکەم بەیانی حوکمی هاوسەردار دەکات و ئەو حوکمە کاتیی بووە و دواتر بە حوکمی بەردبارانکردن نەسخ کراوەتەوە، بەڵام ئایەتی دووەم لە مەقامی بەیانکردنی حوکمی زیناکردنی کەسی بێ هاوسەردایە. مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە بۆچوون و لێکدانەوەکانی زانایان لەو بوارەدا هەڵبسەنگێنین، گرینگ ئەوەیە بزانین شێوەی پشت پێبەستن و بەڵگەکارییەکانی زاناکان لەسەر ئایەت و ریوایەتەکان چۆنە و لەوەدا کە بەناوی حوکمی شەرعی ئەنجامگیری دەکەن سوود لە چ پێوەرێک وەرگیراوە.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ مەبەست لە فەحشا لەو ئایەتانەدا زینا یان شتێکی زیاتر لەوەیشە، بۆچوونی جیاواز هەیە. ئەو ریوایەتانەی هەن یارمەتیی تێگەیشتنێکی ورد لە قورئان لەو رووەوە نادەن. ئەوەتا ئایەتوڵا خوئی وێڕای هەموو ریوایەتەکان باوەڕی بە نەسخکردنی ئەو ئایەتانە نییە و پێی وایە ریوایەتەکان لەو رووەوە قایلکار نین.

قورئان راشکاوانە سزای شەلاقلێدانی بۆ زیناکاری پیاو و ئافرەت داناوە و بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بە بەردبارانکردن نەداوە لە کاتێکدا شەرعناسەکان بەردبارانکردن وەک حوکمێکی شەرعی بە سزای قەتعیی زیناکاری هاوسەردار دەزانن، واتە ئەو کەسەی هاوسەری هەمیشەیی هەیە و هیچ رێگرێک لە بەردەم گەیشتنیدا بە هاوسەرەکەی نییە.

لەم بارەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئاخۆ سزای بەردبارانکردن چۆن چۆنی وەک "سزایەکی شەرعی" هاتووەتە نێو فیقهی ئیسلامییەوە و بەڵگەکانی چین؟

## بەردبارانکردن نەریتێکی نائیسلامی

لەبارەی بنچینەی مشتومڕەکان لەبارەی بەردبارانکردن و ئیدیعاکردنی هەندێک بەوەی گوایە لە قورئاندا ئایەتی بەردبارانکردن هەبووە (الشیخ والیشخة فارجموهما البتّە) و دواتر خوێندنەوەی نەسخ کراوەتەوە و حوکمەکەی هەر ماوە[١٠]، بەپشتبەستن بەو قەرینانەی هەن دەتوانرێ بوترێ سزای بەردبارانکردنکردن سزایەکی ئیسلامی نییە و ئیسلام نەیهێناوە. باس لەوە دەکرێ کەسانێک دوای مردنی پێغەمبەر هەوڵیان داوە سزای بەردبارانکردن جێبەجێ بکەن و لەلایەن خەڵکەوە بەرەنگاری کراون.

لەبارەی ئەوەی کێ بەردبارانکردنی هێناوەتە ناو ئیسلامەوە بەڵگەیەکی بنبڕ نییە، هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن عومەری کوڕی خەتاب لەم رووەوە پێداگری کردووە. ئەگەر

لە زەمانی پێغەمبەردا بەردبارانکردن جێبەجێ کرابێ هەموو خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری مەدینە ئاگایان لێ بووە، ئیدی پێویست بەڕێنوێنیکردنیان و پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ناکات. بەڵگەکان نیشانی دەدەن بەردبارانکردن لە سەردەمی پێغەمبەردا جێبەجێ نەکراوە، لە هەمان کاتدا دوای پەیامبەریش خەڵک بەجێبەجێکردنی نەیار بوون. هەروەها بەپێی ریوایەتێکی (الموطأ)ی ئیمام مالیک شیمانە هەیە پێغەمبەر بۆ جولەکەکان و بەپشتبەستن بە ئاینی خۆیان فەرمانی بە بەربارانکردنی زیناکار کردبێ. هەروەها رێی تێ دەچێ جوولەکەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا سزای بەردبارانکردنکردنیان مومارەسە کردبێ و بەم شێوەیەش ئەم نەریتە لە ئەنجامی ئەو گرفتانەی لە گواستنەوە و تۆمارکردنی سوننەدا هەبوون بە ئاسانی لە ئیسلامدا جێگیر بووبن. هەر لەم پێوەندەدا دەتوانین ئامـاژە بە بەڵگەهێنانەوەکەی شافیعی لەبارەی پێویستبوونی بەردبارانکردن بدەین. ئەو بە باسکردنی ئەوەی پەیامبەر بۆ دوو جولەکە و بەپێی حوکمی تەورات حوکمی بەردبارانکردنی بڕیار داوە، زیاد لەوە بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی بەردبارانکردن لای ئەهلی کیتاب واجب بووە پێی وایە بەردبارانکردن بەهەمان شێوە بەشێکە لە شەریعەتی ئیسلامیش (اصول سرخسی جلد ٢، لا١٠٠).

بەرگریکاران لەو شێوە سزایە هەوڵ دەدەن سزاکە بدەنە پاڵ ئیسلام. مشتومڕەکان هێندە سەختگیر بوون کە ناچار بوون ئیدیعای ئەوە بکەن سزای بەردبارانکردن پێشتر لە قورئاندا هەبووە و خوێندنەوەی نەسخ کراوەتەوە. زۆر رێی تێ دەچێ ئەو ئیدیعایە بۆ قایلکردنی خەڵک و نەیارانی بەردبارانکردن بووبێ. بەرگریکاران لەو سزایە هەوڵ دەدەن ئیدیعای بوونی بەردبارانکردن لە قورئاندا بدەنە پاڵ هەم گەورەکانی ئەهلی سوننەت و هەم گەورەکانی شیعە.

دوای پێغەمبەر و بەتایبەت پاش گەشەکردنی ئیسلام، کاروبارەکان کەوتنە دەست چەندان والی، کە زۆر لەوانە پیاوانی بیابانشین و نەخوێندەوار و خووگرتوو بە داوونەریتی جاهیلی بوون. کتێبەکانی مێژوو چەندان چیرۆک لەم بارەوە دەگێڕنەوە. بەدڵنیاییەوە ئەعرابی بیابانشینی حیجاز لە ماوەی ١٠ ساڵی تەمەنی پەیامبەردا لە مەدینە دەستبەرداری هەموو ئاداب و نەریت و بیر و بۆچوونەکانی جاهیلی نەبوون، بەتایبەت کە زۆریان لە ساڵانی کۆتایی ژیانی پێغەمبەردا موسڵمان بوون. پیشتر ئاماژەم بەوەدا کە زینا لەنێو ئەعرابەکانی حیجازدا زۆر باو بوو.

سەرچاوەکان نیشانی دەدەن کە دوای ئیسلامیش زیناکردن هەبووە. رەنگە عومەر بۆ گێڕانەوەی خەڵک لە زیناکردن سزای سەختی بەردبارانکردنی داهێنابێ. جولەکەکان کە لە نێزیکی موسڵمانەوە بوون ئەوانیش سزای بەردبارانکردنیان بۆ زیناکار دانابوو. بەڵام کۆی ئەو ریوایەتانە ناتوانن بەڵگەیەکی جێمتمانە لەبارەی شەرعیبوونی جێگیرکردنی سزای بەردبارانکردن بدەن بە دەستەوە.

لەمە رابوورد دەگەینە ئەوەی:

١- لە قورئاندا بەردبارانکردن وەک سزای زینا یان هیچ تاوانێکی تر باس نەکراوە.

٢- ئیسلام زیاد لە هەر شتێک ڕێز و نرخ بۆ گیان و خوێنی مرۆڤ دادەنێ.
٣- بابەتی گرینگ بە هەواڵی ئاحاد جێگیر نابێ.
٤- پاراستنی خوێن و گیانی مرۆڤەکان لە گرینگترین شتەکانن.
٥- ریوایەت و هەواڵەکانی تایبەت بە بەردبارانکردن هەواڵی ئاحادن و ناوەڕۆکەکانیان قابیلی گفتوگۆ و رای جیاوازن.
٦- زانایان ئەو ریوایەتانەیان پەسەند نەکردووە کە باس لە بوونی ئایەتی بەردبارانکردن لە قورئاندا دەکەن.

لە کاتێکدا ریوایەتەکان لەبارەی بابەتێکی گرینگی وەک سزای زیناکردن کە پێوەندی بە گیان و ئابڕووی مرۆڤەوە هەیە ئەم هەموو جیاوازی و مشتومڕەیان لەسەرە، ئەو ریوایەتانە ئیدی لە رووی عەقڵییەوە نرخیان نامێنێ و ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێ، بەتایبەت لەبارەی دەرکردنی حوکمی شەرعییەوە. هەر ئەوە کە ریوایەتەکانی بەردبارانکردن پێچەوانەی قورئانن ئەوە گرینگترین بەڵگەیە بۆ رەتکردنەوەی ئەو ریوایەتانە. بەڵگەی نەسازیی ئەو ریوایەتانە لەگەڵ قورئاندا ئەوەیە کە ئایەتی ١٥ و ١٦ ی نیساء نەسخ نەکراونەتەوە و لەم رووەوە بەڵگەی جێمتنامە لە بەردەستدا نییە. بە لە بەرچاوگرتنی نەسخنەبوونەوەی ئەم ئایەتانە سزای ئەنجامدانی فەحشا بۆ ژنان بەتایبەت ژنانی شوودار، چاودێریکردنە لە ماڵەوەدا. تەنانەت ئایەتی قورئان لەبارەی ئازادبوونیانەوە لەو سزایە هیوای رێگەی نەجاتبوون دەدا، کە پێ دەچێ ئەو رێی نەجاتە تەوبە و گەڕانەوە بێ لە ئەنجامدانی کاری حەرام. ئەگەر سزای ژنی شوودار لە قورئاندا چاودێری بێ لە ماڵدا ئەوا سزای بەردبارانکردن پێچەوانەی ئەو ئایەتانەیە.

## زانایان و سزای بەردبارانکردن

ئەگەر سزای بەردبارانکردن، کە واتای کوشتن دەگەیەنێ، بەم شێوەیە جێی مشتومڕ بێ، جێی خۆیەتی بپرسین: چۆن ئەو بیرۆکەیە بەو شێوەیە لە بیری زانایاندا چەسپیوە و جێی گرتووە.

بە وردبوونەوە لە بۆچوون و لێکدانەوەکانی شەرعناس (شەرعناس)ەکان دەگەینە ئەو قەناعەتەی ئەوان زیاتر لە قورئان بایەخ بە ریوایەت دەدەن، ئەوان تەنانەت لە ناکۆکیی ریوایەتە جۆراوجۆرەکانیشدا لە یەک بابەتدا جەخت لەسەر هەندێ ریوایەتی تایبەت دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەوانە سەربخەن.

بابەتی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە سەرنجی شەرعناسەکان لەسەر کام دەستە لە ریوایاتەکانە و بۆچی؟ بۆ نموونە کاتێ بە ئایەتەکانی قورئان و ریوایاتی مەوجود دەتوانین بیسەلمێنین کە خوێنبایی و نرخی گیانی هەموو مرۆڤەکان یەکسانە، چۆن شەرعناسەکان بەلای ئەوەدا دادەشکێن کە نابەرامبەری جێگیر بکەن؟ یان کاتێ نەبوونی حوکمی بەردبارانکردن لە قورئاندا و تێکگیرانی روایەتەکانی بەردبارانکردن لەگەڵ دەلیلی عەقڵیدا، لەباریاندا هەیە رەواییی ئەو سزایە رەت

بکەنەوە، چۆنە وا شەرعناسەکان هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن ئەو سزایە رەوایە و زیاد لەوەیش حوکمی شەرعییە؟.

لە لێکۆڵینەوەی بەها و حوجیەتی هەواڵی ئاحاددا، دەبینین ئوسوڵی و شەرعناسەکان سەرەتا باس لەوە دەکەن کە ریوایەتی ئاحاد لە پرسە گرینگەکاندا رەت دەکرێتەوە، کەچی دوای ئەوە هەوڵی سەلماندن و سەرخستنی دەدەن. دوای ئەوەی بەڵگەی قورئان و سوننەت و عەقڵ ناتوانن رەوایی سزای بەردبارانکردن بسەلمێنن و هەر یەک لەوانە رووبەڕووی ئیشکالاتێک دەبێتەوە، دیسان هەوڵ دەدەن رێگەی تر بۆ سەرخستنی بۆچوونەکەیان بدۆزنەوە، وەک ئەوەی هەندێکیان بۆ خۆلادان لە گەیشتن بە بنبەست کردەوەی سەحابەکان بە حوجە وەردەگرن.

زەینی شەرعناسەکان زیاتر بەلای بابەتە عیبادییەکاندایە. قبووڵکردنی ئەوەی ئەو سونەتەی لەسەر هەواڵی ئاحاد دامەزراوە بێ بایەخ دەبێ و لەوێشەوە حوکمەکانی تایبەت بە عیبادەتەکان تێک دەچێ یان پەکیان دەکەوێ بۆ ئەوان سەخت و دژوارە. ئەوان بابەتە جۆراوجۆرەکان لەیەک جیا ناکەنەوە، ریوایەتەکانی پێوەست بەهەموو بابەتەکانی زیاتر لە نوێژی واجب و موستەحەب و غوسلی واجب و موستەحەب تا نوێژی مردوو یان قیساس و خوێنبایی و سزاکان -بەبێ رەچاوکردنی گرینگیی بابەتەکان- وەک یەک وەردەگرن. تەنانەت دەتوانین بڵێین شەرعناسەکان لە ریوایەتەکانی تایبەت بە خۆپاککردنەوە (تەهارەت) و نوێژدا وردبینی زیاتریان بە خەرج داوە لە ریوایەتەکانی تایبەت بە تۆڵەی یاسایی (قیساس) و حەدەکان، لەوانە سزای بەردبارانکردن. ئەوان بە مێشکێکی بەتاڵ و عەقڵێکی بێلایەنەوە بەدوای بەڵگەکاندا نەگەڕاون، بگرە سەرەتا سزاکەیان وەک راستییەک وەرگرتووە، دواتر هەوڵیان داوە بەبەڵگە بیسەلمێنن. لێرەوەیە لە چۆنیەتیی سوود وەرگرتنیان لە ئایەت و ریوایەتەکاندا تەمومژ و پرسیاری جۆراوجۆر هەن.

ئەوەی پێشگریمانەکانی ئەوان چۆن شکڵیان گرتووە، خۆی بۆ خۆی بابەتێکی گرینگە و شاسیتەی لێکۆڵینەوەیە.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئیسلام و ژیانی موسڵمانان و شێوازی شکڵگرتنی سوننەت و چۆنیەتیی شکڵگرتنی فیقهـ نیشانی دەدا کە زۆر لە حوکمەکان، یاسا و بڕیارەکان، بیروباوەڕ و ئاداب و نەریتەکان، وەچە بەوەچە و سینە بەسینە بە نەوەکانی داهاتوو گەیشتووە.

دروستکەری زۆر لەو ئاداب و نەریت و یاسایانە ئیسلام نەبووە، بگرە زۆر لەوانە لە جاهیلیەتی حیجازدا ریشەیان هەیە و موسڵمانانیش دوای ئیسلام دەستیان لێ بەرنەداون. ریشەی زۆر لەوانە لە کار و کردەوەی خەلیفە و والیەکانی ئومەوی و عەباسیدایە. زیندەگیی موسڵمانان لە یەکتر جیا نەبووە و جەمسەرگیری و ناکۆکیی شیعە و سوننەیش ژیانی کۆمەڵایەتیی موسڵمانانی لێکتر جیا نەکردووەتەوە، بۆیە لەم رووەوە یاسا و داوونەریتیان لێک جیاواز نەبووە. زمانی حاڵیان ئەوە بووە "مادام پێشینانمان (سەلەف) کاریان بە ریوایەتی تاکانە کردووە ئێمەیش کاری پێ دەکەین"، دەتوانین بڵێین زۆر لە پێشگریمانەکانی تریش بەم شێوەیە لە زەینی ئەواندا شکڵیان گرتووە. بۆ

نموونە لەبارەی بەردبارانکردنەوە بەڵگەی بنبڕ نییە، بەڵام سینە بەسینە گوێزراوەتەوە کە پێغەمبەر سزای بەردبارانکردنی ئەنجام داوە و بەو شێوە لە زەینی گشتیی زاناکان و خەڵکدا چەسپیوە.

شەرعناسەکان بەم پێشگریمانەوە بەدوای بەڵگەکاندا گەڕاون و بەردبارانکردنیان جێگیر کردووە لەکاتێکدا ئەگەر بە زەینی بەتاڵەوە بەدوای بەڵگەکاندا بگەڕێین ناتوانین بابەتێکی گرینگی لەم جۆرە بسەلمێنین. گواستنەوەی داوونەریتەکانی نەوەی یەکەمی موسڵمانان و کارپێکردنیان حوجیەتی نییە.

لەو مەسەلانەدا کە زەرەر و زیانیان بەدواوە نییە و لەگەڵ عەقڵدا ناکۆکییان نییە رەنگە بکرێ بایەخ بە داوونەریتی موسڵمانانی پێشین بدەین وەک نوێژی مردوو و غوسڵی جومعە و لەو جۆرانە. بەڵام لە رووی عەقڵییەوە هەندێ مەسەلەی وەک بەردبارانکردن یان هەر سزایەکی تر و قیساس و خوێنبایی ناتوانین بەو شێوەیە کار بکەین. پێشتر گوتم لەنێو شەرعناسە هاوچەرخەکاندا ئایەتوڵا خوئی ریوایەتی تاکانە لە مەسەلە گرینگەکاندا رەت دەکاتەوە، کەچی لەلایەکترەوە بەردبارانکردنی قبووڵ کردووە و دەڵێ بە سونەتی قەتعی سەلماوە. ئەوەیش لە بارێکدایە کە هەواڵی تایبەت بە بەردبارانکردنیش هەواڵی تاکانەیە.

لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی گرینگی تریشدا بەهەمان خاڵ دەگەین. بۆ نموونە لە قورئاندا هیچ سزایەک بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئاین نەهاتووە و لە رووی عەقڵیشەوە ناتوانرێ لەبارەی باوەڕبوون بە شتێک و باوەڕنەبوون نەبوون بەشتێک کەس سزا بدرێ، کەواتە سزادان پێوەندیی بە عەقڵەوە هەیە نە شتی تر. بەڵام شەرعناسەکان هێندە لە بابی هەڵگەڕانەوە چوونەتە پێش کە هەندێکیان تەنانەت باوەڕهێنان بە یەک مەزهەبی تایبەتی وەک شیعەشیان لە زەروریاتی ئاین زانیوە و دەرچوون لەو مەزهەبەیان بە هەڵگەڕانەوە داناوە و سزای مردنیان بۆ داناوە.

دانانی سزای مردن بۆ تاوانگەلێک کە قورئان سزای مەرگی بۆ دانەناون پێچەوانەی قورئانە و بەم پێوەرەش ئیدیعای سنووردراکردن و تایبەتکردن و نەسخی قورئان بە ریوایەت و حەدیسی تاکانە بەهای زانستی و عەقڵییان نییە.

لێرەدا ئەوە دەسەلمێ کە ئەوەی بەڵگەی بنبڕی شەرعی لەسەر نەبێ ناتوانرێ بدرێتە لای شەرع. لە مەسەلەکانی زینا و فەحشادا، کە بابەتی هەستیارن، ئەوە شایانی پشت پێ بەستنە زیاتر قورئانە و لەوەدا پێویستە کۆی ئایەتەکان بەیەکەوە ببەسترێنەوە و بە تەواوکەری یەکتر بزانرێن. هیچ پێویست نییە ئایەتی جەلد بە نەسخکەرەوەی ئایەتەکانی تر بزانین.

ئامانجی ئیسلام گێڕانەوەی خەڵکە لە کارە خراپەکان نەک کوشتنی ئەوان بە پاساوی کردنی کاری خراپ. کوشتنی مرۆڤەکان بەبەڵگەی ئەنجامدانی کاری بەد لەگەڵ پرەنسیپی هیدایەتدا ناکۆکە. قورئان لەبارەی ئەوانەی زینا ئەنجام دەدەن رێنوێنی کردووە کە ئەو کەسانە لە ماڵدا چاودێری بکرێن، بگرە بەو شێوەیە دەست لەو رەفتارە هەڵگرن.

ناوەڕۆکی ئایەتی ١٥ی نیساء ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە قورئان تەنانەت ئەو سزایەیش بە

سەخت دەبینێ، بۆیە هیواخوازە کە شایەد خوا رێی نەجات ساز دەکات.

سزای سەد شەلاق توندترین سزایە بۆ سزادانی کەسێک (ئافرەتێک) کە هەموو رێگەکانی تر وەک ئامۆژگاریکردنی مێردەکەی و رێگەکانی تر و چاودێریکردنی لە ماڵەوە نەتوانن رێ لە رەفتارەکەی بگرن. تەنانەت ئایەتەکانی تایبەت بە (مولاعەنە)یش دەتوانرێ بەو ئایەتەنانەی ترەوە ببەسترێنەوە. ئایەتەکانی مولاعەنە لەبارەی ئەوەیە کە ئەگەر پیاوێک ژنەکەی بە ئەنجامدانی زینا تۆمەتبار کرد، یان حاشای لە منداڵی بکا، بەڵام بەڵگەی نەبوو، لە کاتی دڵنیابوون لە خۆی دەتوانێ ژنەکەی بۆ مولاعەنە بانگ بکا.

لە کاتێکدا ژنەکە دان بە تۆمەتی مێردەکەیدا نەنێ و ئامادە بێ بۆ مولاعەنە، هەردوو لا لە رێورەسمێکدا نەفرەت لە یەکتر دەکەن و بۆ هەردەم لێک جیا دەبنەوە و منداڵەکە بۆ دایکی دەبێ. بەڵام پیاوان مافی کوشتنی ئەو ژنانەیان نییە.

ئاماژە و بەڵگەکان نیشانی دەدەن تەنانەت دوای ئیسلامیش زینا لەنێو موسڵمانی یەکەمدا رەواجی هەبووە و ئیسلام هەوڵی داوە خەڵک لەو کارە بەدە دوور بخاتەوە. بەڵام رێی بە کوشتنی زیناکار نەداوە بەتایبەت لەو رووەوە کە لە باری رێپێدانیدا زیاتر ژنان دەبنە قوربانی، چونکە پیاوان باڵادەستن و بەپێی داوونەریتی جاهیلی زینا بۆ ژنان بەدتر بووە لە کاتێکدا پیاوان چەند ژنیان هەبووە کە مافی ئەوانیان بەباشی پاراستووە، تەنانەت لەگەڵ بوونی چەند ژنێکیشدا هەر زینایان کردووە.

دوکتۆر بەهادین خورەمشاهی لە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی قورئانەوە دەڵێ "تەنانەت جوولەکەکانی ئەمرۆ کە حوکمی بەردبارانکردنی زیناکار لە کتێبەکەیاندا هاتووە ئەو سزایە جێبەجێ ناکەن، لە کاتێکدا ئەو حوکمە لە قورئاندا بەهیچ شێوەیەک نەهاتووە. حوکمی قورئان برێتییە لەوەی زیناکاران لەگەڵ زیناکاراندا هاوسەرکاری بکەن(١١). جا ئەگەر بریار بێ کەسی زیناکار بەرباران کرابێ تا مردن ئیدی چۆن دەتوانن هاوسەرکاری بکەن. هەروەها بەپێی قورئان سزای زیناکردنی کەنیزەک نیوەی سزای ئافرەتی ئازادە(١٢)، جا ئەگەر حوکمی ئافرەتە ئازادەکە بەردبارانکردن بێ تا مردن ئەی نیوە بەردبارانکردن چ مانایەکی هەیە؟".

مەبەستی من لە رەتکردنەوەی سزای بەردبارانکردندا ئەوە نییە رەوایی بە کاری بەد و خراپە بدەم، بگرە مەبەست ئەوەیە پێویستە شێوەی سزاکانی تاوانەکان لە سەردەم و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا باو (متعارف) بن. شێوەی سزاکانیش بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێن، ئیدی ئەمرۆ پەسەند نییە شێوەی بەسەرچووی سزاکانی دنیای کۆن کار پێ بکەین.

پەراوێزەکان:

(١) ئەز لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە و لە نووسینەکانی تریشمدا زیاتر وشەی (حەدیس) لە بری (فەرمووده) بۆ ئەو دەقانەی بەناوی "گوتەی پێغەمبەر" پێمان گەیشتوون، بەکار دێنم، لەبەرئەوەی فەرمووده لەنێو موسڵمانانەدا زیاتر بۆ کەسی پێغەمبەر (د.خ) بەکار دێ و جۆرە پیرۆزییەکی تێدایە، لە کاتێکدا

هەزاران لە دەقەکانی حەدیس لە رووی سەنەد و مەتنەوە لاوازن، واتە قسەی پێغەمبەر نین، بۆیە ناتوانین پێیان بڵێین فەرمووده، بەڵام وشەی حەدیس واتایەکی گشتی هەیە و دەکرێ بە هەموو گوتەیەک بوترێ (حديث).

(٢) مەبەست لە حوجیەت ئەوەیە ئەو سەرچاوەیە مەرجەعە لە هزر و فیقهی ئیسلامیدا. (وەرگێڕ)

(٣) لەوانە:

× (وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا)- النساء/ ٨٦.

× (وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ)- لقمان/ ١٩.

× (فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)- النحل/ ٩٨.

(٤) مەلا عوسمان عەبدولعەزیز یەکێک بوو لە زانا ناسراوەکانی ناوچەی هەڵەبجە و یەکێکیش بوو لەوانەی دوای خۆپێشاندانەکەی شاری هەڵەبجە لە ئایاری ١٩٨٧دا، چوونە ئێران و لەوێ بزووتنەوەی ئیسلامییان دامەزراند و بوو بە ڕابەری گشتیی بزووتنەوە، تا سەرەتاکانی دووهەزارەکان.

ئەم بۆچوونەی عەبدولعەزیزم لە ساڵی ١٩٨٧دا لە کاسێتێکی ناوبراودا بیست، کە بەبۆنەی دامەزراندنی ئەو حزبە چەکدارە ئیسلامییەوە بڵاوی کردەوە، تێیدا لە باسکردنی کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئایەتوڵا حوسێن مونتەزەری جێگری ئەو کاتی خومەینی دەکات و دەڵێ "بە مونتەزەریم گوت ئێمەی کوردی عێراق وەک شافیعی مەزهەب، لە رووی فیقهییەوە لە مەزهەبی جەعفەری نێزیکترین تا مەزهەبی حەنەفی کە لە ئەهلی سوننەن، بەڵام خیلافمان لەگەڵ شیعەدا لەسەر هەندێ کەسایەتییە. ئەوانەی لای ئێوە پیرۆزن لای ئێمەیش پیرۆزن، ئێوەیش وەک کۆماری ئیسلامی بڕیارێک دەربکەن ئەوانەی لای ئێمە پیرۆزن لای ئێوەیش پیرۆز بن و با ئەو ناکۆکییە لە نێوان شیعە سوننەدا کۆتایی پێ بێ". دەڵێ "مونتەزەری قسەکەی پێ خۆش بوو، تەنانەت هەستا دەستی کردە ملم و وتی: من تەلەبەم".

(٥) الموطأ، مالك بن انس، كتاب الحدود، باب الرجم.

(٦) حەدیسەکان لە رووی چۆنیەتیی گەیشتن، یاخۆ سەنەدەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە: تەواتور + ئاحاد.

تەواتور، وەک لە سەرچاوەکانی زانستی فەرمووددا باس کراوە "ئەو هەواڵ یان حەدیسەیە دەماودەم لە هەموو چین و نەوەکاندا لە ڕێی ژمارەیەکی زۆر راوییەوە گێڕدراوەتەوە، کە کۆبوونەوەیان لەسەر درۆ مەحاڵ بێ و لە گێڕانەوەیدا پشت بە شتێکی بەرهەست دەبەستن وەک ئەوەی دەڵێن "فلان قسەی پێی گوتین، یان گوێمان لێ بوو، یان بینیمان).

لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەیشەوە کە حوکمی تەواتوری پێ تەواو دەبێ، هەندێ ٤ کەس، هەندێ ٥ کەس، هەندێ ١٠ کەس، هەندێ ٤٠ کەس و هەندێکی تر ٧٠ کەسیان داناوە.

بەڵام ئاحاد کۆی (احد)ە بەواتای یەک، هەواڵی یەک کەسی یاخۆ تاکەکەسی ئەو هەواڵەیە یەک کەس گێڕاویەتیەوە. لە رووی زاراوەییشەوە، وەک ئیبن حەجەری عەسقەلانی (لە ٨٥٢ ک مردووە)، دەڵێ: "ئەو حەدیسەیە مەرجەکانی تەواتوری تێدا نەهاتووەتە دی". ئیبن حەزمیش پێناسەی کردووە بەوەی "ئەو هەواڵانەیە تاکەکەسێک لە تاکەکەسێکی تریەوە گواستووەتەوە".

لای زاناکانی حەدیس موتەواتیر گومان لە راستیدا نییە و (پەسەندکراو)ە، بەڵام ئاحاد هیی راست و لاوازی تێدایە.

وا باوه حەدیس دەکرێ بە سێ بەشەوە: راست (صحیح)، باش (حسن) و لاواز (ظعیف). بەڵام زۆرینەی زاناکانی مێژووە بەراییەکانی ئیسلام تەنیا دوو جۆریان دانابوو، ئەوانیش راست و لاواز بوون، بەڵام تەرمووزی، کە یەکێکە لە زانایانی حەدیس زاراوەی باش (الحسن)ی هێنایە نێو زانستی حەدیسەوە. (وەرگێر)

(٧) البیان، ئایەتوڵا خوئی، لا ٣١٠.

(٨) تفسیر المیزان، بەرگی ٤، پەراوێزی ئایەتەکانی ١٥-١٦ سوورەتی نیسا.

(٩) سوننە وەک زانایانی حەدیس پێناسەیان کردووە بریتییە لە گوتە و کردار و پەسەندکردنەکانی پێغەمبەر (وەرگێر).

(١٠) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، ئیبن عەباس دەگێرێتەوە "رۆژێک عومەری کوڕی خەتاب ـرەزای خوای لێ بێ- چووە سەر میمبەر و دوای حەمدوسەنای خوا گوتی "دوای ئەوە، خوا محەمەدی بە پەیامی راستییەوە ناردووە و قورئانی بۆ دابەزاندووە، ئایەتی رەجم یەکێک بوو لەو ئایەتانەی خوا دایبەزاندن، ئێمەیش خوێندمانەوە و لێی تێگەیشتین، پێغەمبەر بەردبارانی جێبەجێ کرد و ئێمەیش دوای ئەو جێبەجێمان کرد، جا دەترسم رۆژێک بێ کەسێک بڵێ: وەڵاهی ئایەتی رەجم لە کتێبی خوادا نابینین و بەهۆی وازهێنان لە فەریزەیەکەوە کە خوا دایبەزاندووە سەرگەردان بین. بەردبارانکردن لە قورئاندا هەقە لەسەر ئەو پیاو و ئافرەتانەی زینا دەکەن و بەبەڵگە لەسەریان ساغ دەبێتەوە، یان سکپڕی رووی دابێ یان خۆیان دانی پێدا بنێن". وتراوە مەبەست لە ئایەتی رەجم ئەم ئایەتەیە (الشیخ و الشیخة اذا زنیا فارجموهما).

لە چەند ریوایەتێکی تردا، کە ریوایەتی ئاحادن، ئاماژە بەوە دراوە کە بەردبارانکردن لە سەردەمی پێغەمبەردا جێبەجێ کراوە.

بەغەوی لە تەفسیرەکەیدا (١/٤٠٥) دەڵێ "سزای بەندکردنی زیناکار لە ماڵدا لە سەرەتای ئیسلامدا بوو پێش ئەوەی ئایەتەکانی حەدەکان دابەزن، دواتر ئەو سزایە نەسخ کرایەوە، بۆ زیناکاری بێ هاوسەر شەلاقلێدان و دوورخستنەوە، بۆ زیناکاری هاوسەرداریش شەلاقلێدان و بەردبارانکردن دانران". بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە لەبەرچی دوای نەسخبوونەوەی ئەو ئایەتە، بۆ سزای شەلاقلێدان ئایەت دابەزی، بەڵام بۆ سزای بەردبارانکردن دانەبەزی؟. جێی سەرنجە کە ئەو ئایەتەی سزای سەد شەلاقەکەی بۆ زیناکاران داناوە، هیچ ناوبگیری و جیاوازییەکی لە نێوان رەگەزی نێر و مێ، یان بوون و نەبوونی هاوسەر، یان تەمەندا نەکردووە و بە رەهایی باسی لە زیناکاری ئافرەت و پیاو (الزانیة و الزاني) کردووە. (وەرگێر)

(١١) مەبەست ئەم ئایەتەیە (الزَّانِي لاَ يَنكِحُ إلاَّ زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لاَ يَنكِحُهَا إِلاَّ زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ..) {النور/٣}.

(١٢) مەبەست ئەم ئایەتەیە (فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ }النساء/٢٥}.

# ئیسلام و مۆدێرنیتەی سیاسی

موریس باربیه

هەروەک دەزانین ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرکەوتنی مۆدێرنیتەی سیاسی لە ڕۆئاوادا تێ نەپەڕیوە. لەم بەشەی جیهانیشدا مۆدێرنیتە بەشێنەیی هەنگاوی نا و تەنانەت هەندێک جار پاشەکشێشی کرد، کە دەکرێ دەرکەوتنی شێوە جۆربەجۆرەکانی تۆتالیتاریزم بەنموونەی ئەم پاشەکشێیانە لە قەڵەم بدرێن.

لە ڕاستیدا، دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە داخوا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە باسی لە ئارادابوونی مۆدێرنیتەی سیاسی لەناو جیهانی ئیسلامیدا بکرێ و ئاخۆ ئیسلام لەمپەرێکی جیدییە لە بەردەم مۆدێرنیتەی سیاسیدا؟ ڕەوشی وڵاتانی ئیسلامی لەم ڕووەوە و لەبەر دوو هۆ هەژیی ڕاڤینکی تایبەتە: یەکەم لە ڕووی گرینگایەتیی فاکتەری ئاین لەم وڵاتانەدا و دووەم لە ڕووی هەڵدان و پەرەسەندنی ئیسلامەوە. لەلایەکەوە لەم وڵاتانەدا، ئاین فاکتەرێکی گرینگە و لە دیاریکردنی ناسنامە (identity)دا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و هەروەها پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە. کەوابوو ئیسلام لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنەری جڤات (ئومەت)ە و زۆرجاریش ئاینی دەوڵەتەیشە.

لێرەدا دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆ بکەین کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشەکە، داخۆ هەر لە بنەڕەتدا وەدیهاتنی مۆدێرنیتەی سیاسی دەست دەدا؟ وەڵامەکە پێواربوونی بێ ئەملا و ئەولای مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامدا پشتڕاست دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، لە چەند دەیەی ڕابردوو بەملاوە، پەرەسەندنی ئیسلامخوازی لە هەندێ لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەچاوی خۆمان دەبینین و هەروەک دەزانین ئەم تەڤگەرە تێ دەکۆشێ سەرلەنوێ ڕۆڵی ئیسلام لە ژیانی سیاسی و

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری

کۆمەڵایەتیدا ببووژێنێتەوە، ماف و پرەنسیپە ئیسلامییەکان بسەپێنێ و تەنانەت دەسەڵاتێکی ئیسلامییش دابمەزرێنێ، دیارە بۆ تێگەیشتن لەم دیاردە سەیروسەمەرەیە، دەبێ، سەرەتا بەوردی پێوەندییەکەی لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسیدا شرۆڤە بکەین. هەوڵێکی ئەوتۆ ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ سەلماندنی ناتەبایی بنگەهیی مۆدێرنیتەی سیاسی لەگەڵ بناژۆیی ئیسلامیدا.

١ـ لە ئارادانەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا

هەروەک دەزانین مۆدێرنیتەی سیاسی لە سەدەی هەژدەمدا تەنیا لە ڕۆئاوادا هەڵی دا و پەلی هاوێشت و هاوکات لە جیهانی ئیسلامیدا دەرنەکەوت و لە ئەنجامدا، لەم بەشەی جیهاندا بەنامۆیی مایەوە. ئەم نامۆییەش لە مێژووی جیاوازی ئەم دوو بەشەی جیهاندا بە ڕوونی دیارە، لە ڕاستیدا جیهانی ئیسلامی لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، وەچەرخانێکی وەک ئەم وەرچەرخانەی ڕۆئاوای بەخۆوە نەدیوە و نەخاسمە نە تاکگەری لەم بەشەدا سەری هەڵدا و نەسنوورێکیش لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا دیاری کرا.

هەرچەندە پێشتر مۆدێلگەلی سیاسیی جۆرەوجۆر لە جیهانی ئیسلامدا (میرایەتی یا ئیمپراتۆرییەکان) لەگەڵ حکوومەتە بەر لە مۆدێرنەکانی ڕۆئاوا لێک دەچوون، بەڵام نابێ سیستمە کۆمارییەکانی ئێستای وڵاتانی ئیسلامی بە مۆدێرن لە قەڵەم بدەین و زێدەباری ئەمەش جڤاکی مەدەنییش بەگشتی لەم وڵاتانەدا گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەدی ناکرێ. کەوابوو دەکرێ بڵێین جیهانی ئیسلامی نامۆیە بەمۆدێرنیتەی سیاسی.

دەکرێ لەناو ئیسلام خۆیدا بۆ هۆکاری ڕەوشەکە بگەڕێین. چونکە ئاینی ئیسلام بەتوندی نووساوە بەلایەنی جڤاتیی خۆیەوە. لە ڕاستیدا باوەڕمەند بەباوەڕهێنان بەئیسلام، دەبێتە ئەندامێکی ئوممەتی ئیسلامی. ئوممەتێک کە لە سەرووی تاکی باوەڕمەندەوەیە و لە هەموو ڕوویەکەوە چارەنووسی دیاری دەکا. بەم ڕەنگە، پێوەستبوونی بەئوممەتەوە لە ئیرادە و چارەنووسە کەسانییەکەی بە گرینگتر دادەنرێ و چ شک و گومانێک هەڵناگرێ.

ڕاست لەم سۆنگەیەوەیە کە تاکی موسڵمان نە دەتوانێ واز لە باوەڕەکەی بێنێ و نەش بچێتە سەر ئاینێکی تر. گەرچی باوەڕمەند ئازادە بچێتە سەر ئیسلام، بەڵام پاش چوونە سەر ئیسلام ئیدی بۆی نییە، پشتی تێ بکا.

چونکە ئەمە بەتاوانێکی مەزن دەرهەق بە خوا و ئوممەت دەژمێردرێ. جا ئەوجار، ئەم تاوانەش سزایەکی توندی لە دووە، چونکە سزای لە ئاین وەرگەڕاو مەرگە، لەبەر ئەوەی کە پشتی لە خوا کردووە، ئوممەتیش وەخۆی ناگرێ. بۆیە هەرچەند چوونە سەر ئاینی ئیسلام ئازادە، بەڵام موسڵمانان بۆیان نییە لە دین وەرگەڕێن، لەم ڕووەوە ئازادیی تاکەکەسییان نییە و لە ڕاستیدا تا ئاستی ئەندامەتیی ئوممەتێک دادەبەزن کە ئیدی بۆیان نییە دەستی لێ هەڵگرن.

ئەم پرەنسیپە سەرەکییە کە بەدرێژای سەدەکانی پێشوو بووبووە ناسنامەی ئیسلام، لە چەند

دەیەی ڕابردووشدا، لە کێشەکەی (سەلمان ڕوشدی)دا، ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرخست واتە، کفرکردن و لە دین وەرگەڕان هێشتاکە سزای مەرگی لە دوایە. هەرچەند هەڵوێستێکی ئەوتۆ لەم سەردەمەدا لە هەمبەر (سەلمان ڕوشدی)دا قبووڵ ناکرێ، بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە ئەمە پشت بە لۆجیکێکی کۆن دەبەستێ.

دیارە، هەر لە ئیسلامدا ئەم چەشنە هەڵوێستانە ناگیرێن و هاوشێوەیان لە تێکڕای ئەو ئاینە گەورانەدا بەدی دەکرێ کە زۆر بەجیدی لەسەر لایەنی جڤاتیی خۆیان پێ دادەگرن و دەیانەوێ چارەنووسی شوێنکەوتووانی خۆیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەدەستەوە بگرن، یەک لەوان و بەتایبەت، ئەم چەشنە هەڵوێستانە لە ئاینی مەسیحدا (بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) وێڕای ئەنجامی هاوشێوە، بەدی کراون.

لەو چەرخانەدا، دادگەکانی پشکنینی بیروباوەڕ، حوکمیان دەسەپاند بەسەر کافران و لە دین دەرچووواندا و ڕادەستی دەسەڵاتیان دەکردن تا لەداریان بدا. پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە تەنانەت (تۆماس ئاکویناس)یش ئەم کردەوەیەی پاساو داوەتەوە. لە مەسیحیەتیشدا، وەک ئیسلام تاک پەیڕەوی ئومەت بوو و لەوانەش بوو لە پێناویدا گیانی بەخت بکا.

بەڵام ئەگەرچی ئەم ڕەوشە لەمەڕ مەسیحیەت، چ لە لایەنی شوێنەوە چ لایەنی کاتەوە، سنووردار کرا، بەڵام لە ئیسلامدا گشتگیرتر بوو و بەدرێژای سەدەکانی ڕابردوو، هەر بەردەوام بوو. بەتایبەت لە جیهانی ئیسلامدا بەپێچەوانەی ڕۆئاوای مەسیحی، لەم ڕووەوە، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات و لە ئەنجامدا بایەخ و باندەستیی جڤات بەسەر تاکدا، پارێزرا و ئەمەش بەرسینگی تاکگەریی گرت کە یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەی سیاسی.

سەرباری ئەمەش، دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە هەرچەند ئیسلام لایەنی ڕۆحانی لە کاروباری دنیایی جوێ دەکاتەوە، بەڵام ژیانی ئاینی لە ژیانی سیاسی جیا ناکاتەوە. ئاینی ئیسلام هەڵگری کۆمەڵێک ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و بەگوێرەی فورموولی کلاسیک هەم ئاینە و هەم حکوومەت (دین و دولە). لە ئەنجامدا جڤات (ئومەت)ی ئاینی، تێ دەکۆشێ لەگەڵ جڤاتی سیاسیدا یەکسان بێ.

دیارە، گوێڕایەڵیی تاک بۆ جڤاتی ئاینی بەشێوەیەکی سروشتی، هەر بەو پێیە گوێڕایەلیشی بۆ جڤاتی سیاسی بەدواوە دەبێ یان دەکرێ بڵێین، بایەخ و باندەستیی جڤات لە چاو تاکدا هەم لە بواری سیاسیدا دەردەکەوێ و هەم لە بواری ئاینیدا. لەم بارودۆخەدا تاک ناتوانێ، لە هەمبەر ئومەت و جڤاتدا سەربەخۆ بێ و ئەم بارە لاوازەی تاک ڕێ لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی سیاسی دەگرێ.

وێڕای ئەمانەش گەرچی ئیسلام لە بەرسینگ گرتنی بەسەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی سیاسیدا دەستی هەبوو، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکیی نەگێڕا کەوابوو دەبێ لە شوێنێکی تردا بۆ ڕەگوریشەی ئەم

پرسە بگەڕێین، لە ڕاستیدا هەرچەند لە نێوان ئیسلام و مەسیحەتدا (بەتایبەت ئاینزای کاتۆلیک) لەمەڕ پێوەندیی نێوان ئوممەت و تاکدا، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ڕەوتی گۆڕانکاری لە وڵاتانی ئیسلامیدا وەک وڵاتانی مەسیحی نەبووە.

لە راستیدا جیاوازییەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەشوهەوای کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و پێوەندیی ئاین بەم کەشوهەوایەوە. تا ڕاستەوخۆ بۆ ئاین. کەوابوو، دەبێ سروشتی دەوڵەت لە جیهانی ئیسلامدا و پێوەندیی نێوان دەوڵەت و ئیسلام شەنوکەو بکرێ و لەم ڕووەوەش، پشتبەستن بە بەراودکاری لەگەڵ ئەزموونی ڕۆئاوای مەسیحیدا، یارمەتیدەر دەبێ.

ئەو وڵاتانەی کە مەسیحییەت تێیاندا، هەڵی دا و پەلوپۆی هاوێشت، بەگشتی لە ڕێی دوو دامەزراوەی سیاسی و ئاینییەوە دەناسرانەوە و هەر کام لەم داوودەزگایانەش، خاوەنی دەسەڵات، دامەزراوە و سەرکردایەتی و مافی تایبەت بەخۆیان بوون.

ئەم دوو دامەزراوە سیاسی و ئاینییە نەک هەر لێک جودا بوون بەڵکو میتۆدی ئیشکردنیشیان سەربەخۆ بوو و پێوەندیشیان جارجار لە شێوەی هاوکاریی توندوتۆڵ و جارجاریش لە شێوەی هەڤڕکییەکی زەقدا دەردەکەوت. بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی دنیایی زۆرجار گوێڕایەڵی دامەزراوەی ئاینی بوو. بەڵام لە ڕاستیدا خاڵی گرینگ ئەوە بوو کە دوو دامەزراوەی جیاواز لە گۆڕێدا بوون کە هەر کامیان خاوەنی سەربەخۆیی خۆیان بوون. کەوابوو دامەزراوەی سیاسی دەیتوانی تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێ و لە ئاین دوور بکەوێتەوە.

سەرەڕای ئەمەش تەنانەت دەیتوانی بەبێ پەنابردنە بەر ئاین و پشتوانی، لە سەرپێی خۆی راوەستێ. ئاینیش خاوەنی دامەزراوەی تایبەت بەخۆی، واتە کڵێسا بوو و ئەو دامەزراوە ئاینییەش ئەوەندە بەهێز بوو کە لە دەرەوەی پێکهاتەی سیاسی دا بتوانێ درێژە بەژیانی سەربەخۆی خۆی بدا، هەرچۆنێک بێ بوونی ئەم دوو جۆرە دامەزراوەییە لە ڕۆئاوا (کە کڵێسا بەڕاگەیاندنی باڵادەستیی خۆی بەسەر دەسەڵاتە دنیاییەکاندا، جاروبار دەیتوانی دەسەڵاتی ئاینی دابمەزرێنێ) لە چاو ڕۆهەڵات (کە دامەزراوەی ئاینی تێیدا زۆرتر گوێڕایەڵی دەسەڵاتی سیاسی بوو، جاروبار جۆرە سێزار ـ پاپیزمێکی ڕاستەقینە تێیدا سەری هەڵدەدا) دابین کرابوو.

لە ڕاستیدا، لە جیهانی ئیسلامیدا، لە سۆنگەی زاڵبوونی بۆچوونی بەیەک چاوسەیرکردنی دامەزراوەی ئاینیی و دامەزراوەی سیاسی، جیاوازییەکی دامەزراوەییی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو لایەنە (ئاین و دەسەڵاتی سیاسی)دا بەدی ناکرێ. هەروەک دەزانین پێغەمبەری ئیسلام خۆی لە چوارچێوەی پەیامە ئاینییەکەیدا قەتیس نەکرد، بەڵکو بۆ ئوممەتی ئیماندار دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیشی پێک هێنا، کەوابوو نەک هەر بەدامەزرێنەری ئاین، بەڵکو خاوەنی وەک ڕێبەرێکی سیاسی و تەنانەت سەرکردەیەکی سەربازییش سەیر دەکرا. قورئانیش تەنیا کتێبێکی ئاینی نییە، بەڵکو خاوەنی ڕێوشوێنی یاساییشە.

لە ئەنجامدا وێڕای جیاوازیی دامەزراوەی ئاینی لە دامەزراوەی سیاسی، ئەم دوو دامەزراوەیە، هاوپشک و هاوتای یەکن. بەتایبەت دامەزراوەی ئاینی لە چاو دامەزراوەی سیاسی زۆر کەمتر گەشەی کرد و زۆرجار گرێدراوی دامەزراوەی سیاسی بوو. لە ڕاستیدا، ماوەیەکی زۆر بەسەر سەرهەڵدانی ئیسلامدا ڕانەبردبوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زاینیدا، کەلێنێک کەوتە نێوان شیعەکان و سوننەکان کە لەو کاتەوە بایەخی بەرچاوی خۆی پاراستووە. لە ڕاستیدا لەودیوی پرسی جێنشینیی پێغەمبەری ئیسلامەوە، ئەم کەلێنە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی تێڕوانین بۆ ئەرکی خەلیفە. بۆیە جیاوازی یا ململانێی نێوان سوننەکان و شیعەکان پتر بارێکی سیاسیی هەبوو تا مەزهەبی.

سوننەکان هەم دانیان بەدەسەڵاتی سیاسیی خەلیفەدا دەنا و هەم دەسەڵاتە ئاینییەکەی. لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئومەوی، هێزی سیاسی بەسەر هێزی ئایندا سەرکەوت و لە ئەنجامدا بەرەبەرە دامەزراوەی سیاسی هەڵی دا و پەرەی سەند و بوو بەدامەزراوەیەکی باڵادەست و لە ڕاستیدا داوودەزگای سیاسی، ئاینی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دەکرێ بڵێین کە داوودەزگای سیاسی، پارێزگاریی لە ئاین دەکرد و چارەنووسی ئاینی بەدەستەوە گرتبوو و هەروەها بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرت.

بەم پێیە ئاین ئیدی نەبووە خاوەن دامەزراوەی تایبەت بەخۆی و بوو بەپاشکۆی دەسەڵاتی سیاسی و هەر دەسەڵاتی سیاسییش بوو کە بووبووە گەرەنتیی مانەوە، هەڵدان و پەرەسەندنی. لێرە بەدواوە ئەم مۆدێلە لە هەموو شوێنێکدا بوو بە باو. لەم وڵاتانەدا کە دەوڵەت، بەسەر ئیسلامدا زاڵ بووە و ئیسلام هەم بووەتە ئاینی ڕەسمیی دەوڵەت و هەم دەسکەلای دەستی. بەپێچەوانەوە، شیعەکان پێیان وا بووە کە خەلیفە دەبێ واز لە کاروبار و دەسەڵاتی دنیایی بێنێ و خۆی تەرخان بکا بۆ خزمەتی ئەرکە ئاینییەکەی. بەم جۆرە، ئاینزای شیعە بەچاوپۆشین لە هەر چەشنە دەسکەوت یان داواکارییەکی سیاسی، دامەزراوەی ئاینیی لە سەروو دەسەڵاتی سیاسییەوە دانا و هەوڵی دا سەربەخۆ بێ و نەچێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی سیاسییەوە.

ئەم هەوڵەش وای کرد هەڕەمێکی مەزهەبی و جۆرە ڕۆحانییەتێکی مەزهەبیی لێ بکەوێتەوە. کە ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاینیی شیعەکانی سەربەخۆیانە وەئەستۆ گرت. ئەم میتۆدە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕەوشی کڵێسا لە ڕۆئاوادا نەبوو. چونکە لەوێش دەسەڵاتی ئاینی لە دەسەڵاتی دنیایی جیاواز و لە سەرووشیەوە بوو. بەڵام ئەم میتۆدەی مەزهەبی شیعە، بەگوێرەی پێویست پەرەی نەسەند و هەر لە چوارچێوەی ئێراندا قەتیس بوو. لە ڕاستیدا لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە، ئەم میتۆدە [لە ئێراندا] ئیشی پێ دەکرێ.

شۆڕش بەگرێدانی سیاسەت بە دینەوە، دەسەڵاتێکی ئاینیی ڕاستەقینەی دامەزراند. ئەم پارادایمە کەم و زۆر بووەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیی ئێستاکە، کە خوازیاری دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی و ڕاپەڕاندنی شەریعەتە.

زێدەباری ئەمانەش، سوننە و شیعە وێڕای جیاوازییەکانیان، لەمەڕ مۆدێرنیتەی سیاسی ـ یا باشتر وایە بڵێین نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی ـ بەکردەکی دەگەنە یەک ئەنجام. بەپێچەوانەی مەسیحیەتەوە، ئیسلام لە وڵاتانی سوننە مەزهەبدا هیچکات دەسەڵاتێکی خاوەن هیرارکی و خاوەن پێکهاتەی، نەخوڵقاند. دامەزراوەی ئاینی بەردەوام لاواز و بەرتەسک مایەوە و قەت بەلای پێکهێنانی دامەزراوە یا مەرجەعیەتێکی تایبەتدا نەچوو و هەوڵی نەدا لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا ململانێ بکا یا تەنانەت زاڵ بێ بەسەریدا. بەڵام دامەزراوەی سیاسی بەپێکهێنانی سیستەمگەلی پاشایەتی و ئیمپراتۆری، بێ کۆسپ و تەگەرە پەرەی سەند و بۆ پارێزگاری و بەهێزکردنی خۆی کەڵکی لە ئاین وەرگرت و بەکردنی ئیسلام بەئاینی دەوڵەتی تا ڕادەیەکی زۆر باڵادەستیی خۆی بەسەر ئایندا سەپاند.

لاوازیی دامەزراوەی ئاینی و بەهێزیی دامەزراوەی سیاسی تاقە سیستەمێکی لێ کەوتەوە کە تێدا رەهەندی سیاسی، رەهەندی ئاینیی لە خۆیدا جێ کردەوە. لە کاتێکدا کە ئەم چەشنە داوودەزگایانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەناو مەسیحیەتدا بەدی کراون. کەوابوو ئومەتی ئاینی لەگەڵ جڤاتی سیاسیدا بووبوون بەیەک و ئەم یەکبوونەی ئومەتی ئاینی، وزەی دەدا بە جڤاتی سیاسی، لە ئەنجامدا گوێڕایەڵیی تاک بۆ کۆمەڵیش هەم لە بواری ئاینیدا دەرکەوت و هەم لە بواری سیاسیدا، لەم دەستودارەدا، سەرهەڵدانی تاکی مۆدێرنی سەربەخۆ لە کۆمەڵ، شتێکی نەلواوە و ئەم ڕاستییەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ لە ئارادانەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا. هەرکە حکوومەتی موسڵمان پشت بەئاین دەبەستێ و کەڵکی لێ وەردەگرێ، دەبێتە کۆسپ لە بەردەم بەمۆدێرنبوونی حکوومەتدا. یەکبوونی دەوڵەت و ئاین، ڕێ لە جوێبوونەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەگرێ، بۆیە دەبێتە ئاستەنگ لە هەمبەر سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی سیاسیدا.

بەڵام، شیعەکان، لانیکەم لەگۆڕ پرەنسیپەکان، لە بارێکی جیاواز و تەنانەت دەکرێ بڵێین ناتەبادان. ئەم ئاینزایە کە هەرتم سەربەخۆیی خۆی لە بەرامبەر بیاڤی سیاسیدا پاراستبوو، پتر پەرژایە سەر گەشە و پەرەپێدانی ڕێکخراوەیی مەزهەبیی خاوەن مەرجەعیەت و ڕۆحانیەتی شێوە هەرەمی، کە ڕاست وەک ڕۆئاوای مەسیحی دوو جۆرە ڕێکخراوی –مەزهەبی و سیاسی–ی لێ کەوتەوە.

ئەگەرچی ئەم ڕاستییە لە ئاستی تیۆردا، بواری بۆ مۆدێرنیتەی سیاسی خۆش دەکرد، بەڵام بەو حاڵەش، لەبەر دوو هۆ، مۆدێرنیتەی سیاسی وەدی نەهات: یەکەم لەو سۆنگەیەوە کە جوداییی ڕاستەقینەی دەوڵەت و دین تێدا بەدی ناکرێ و ئیسلامی شیعە بەرەو ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی سەردەکێشێ؛ دووەم، دیسان گەنگەشەکە لەمەڕ دەوڵەتی بەر لە مۆدێرنەیە. کە تێدا بیاڤی گشتی و بیاڤی تایبەت جوێ نەکراونەتەوە.

بەم شێوە، ئاینزای شیعە وێڕای سەرجەم خاڵە جیاوازەکانی لەگەڵ ئاینزای سوننەدا، هەلومەرجیان لە پێوەندی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا زۆر جیاواز نییە و ئەمیش هەروەک ئاینزای سوننە

کۆسپی لە بەردەمە. ڕەوشی ئێستای ئێران، ڕاستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ: ئیسلامی شیعە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە دەسەلاتی سیاسیی بەدەستەوەیە و دەوڵەتی خستووەتە ژێر ڕکێفی ئاینەوە و بۆ سەرخستنی ئامانجە ئاینییەکانی کەڵک لە دەسەلاتی سیاسی وەردەگرێ. لەڕاستیدا یەکبوونی دوو بیاڤی ئاینی و سیاسی، بەسوودی ئاین بووە و ئەمەش ڕێگە لە مۆدێرنیتەی سیاسی دەگرێ. بۆیە هەردوو ئاینزای شیعە و سوننە، وێڕای جیاوازیی ڕێگەکانیان، دەگەنەوە یەک ئەنجام.

هەروەک دەزانین، جیهانی ئیسلام لە چەند سەدەی ڕابردوودا، مۆدێرنیتەی سیاسیی تاقی نەکردەوە. ئێستاکەش ڕەوشی وڵاتانی ئیسلامی بە شیعە و سوننەوە، گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە. بەگشتی ئەم وڵاتانە بەپاراستنی تەبایی و تێکپەڕینی تەواوی دەوڵەت و ئاین، ئەوە دەسەلمێنن کە ئامادە نین دەوڵەت بەتەواوی لە کۆمەڵگە داببڕن.

دیارە چەند نموونەیەکی ڕیزپەڕیش بەدی دەکرێن کە تورکیا نموونەیەکی بەرچاوە، ئەم وڵاتە لە ساڵانی دووەمی سەدەی بیستەمەوە عەلمانیەتی لە سەرەوە سەپاند و کەوتە سەرڕێگەی مۆدێرنیتەی سیاسی. بەڵام تەنانەت لە نموونەی تورکیاشدا، جیایی دین و دەوڵەت بەتەواوی سەری نەگرتووە و زۆر بەڵگە هەن ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم وڵاتە هێشتا مۆدێرنیتەی سیاسیی بەدی نەهێناوە. لەبەر زۆر هۆی ڕوون، لە وڵاتانی تری ئیسلامیشدا کە سیکیۆلاریزاسیونێکی هاوشێوەیان وەدی نەهێناوە، ڕەوشەکە هەریەکە. گەرچی چەند هەوڵێکی دڕدۆنگانە لەلایەن چەند وڵاتێکەوە، لەوانە، تونس دراون.

لە ڕاستیدا، ئەم وڵاتانە تەنیا بەجیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین، یان لانی کەم نەهێشتنی باڵادەستیی ئاین بەسەر دەوڵەتەوە، دەتوانن بکەونە سەرڕێگەی مۆدێرنیتەی سیاسی. پێڤاژۆیەکی ئەوتۆش بەکردەکی دەستی پێ نەکردووە و دەوڵەت هەروەک جاران، بەگوێرەی پێناسەی مۆدێرنیتە، دەوڵەتێکی موسڵمانە، چونکە پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەئیسلامەوە هەیە، جا ئەمەش چ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاین و سوودی لێ وەرگرتنی بێ، یان بۆ گوێڕایەڵیکردن و شوێنکەوتنی و خزمەتکردنی. بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە لە ڕاستیدا دوو مۆدێلی وڵاتانی ئیسلامی وێڕای جیاوازیی زۆریان بەدی دەکرێن کە بە دوو شێوەی پێچەوانەی یەکتر ڕێک خراون و ئەرکەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن: هەندێک جار ئیسلامی دەوڵەتی (حکوومەتی) دەبینن و هەندێ جاریش دەوڵەتی ئیسلامی.

لە مۆدێلی یەکەمدا، کە لە دوورەوە وەک باوترین فۆرم دەردەکەوێ، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا مۆدێلی زاڵە، دەکرێ بڵێین کە لە ڕاستیدا دەوڵەت زاڵە بەسەر ئایندا و کۆنترۆڵی دەکا. ئەمەش بەئاراستەی ئیسلامی دەوڵەتیدا دەڕوا.

لە ڕاستیدا دەوڵەت، کاروباری ئاین ڕێک دەخا، دەیخاتە خزمەتی خۆیەوە و پشتگیریی دەکا و لە

ئەنجـامـدا لە دارشـتنی دەسـتـوور و هەڵسـوکـەوت و کـاروباری خـۆیدا پشـتـی پێ دەبەسـتێ. لەم وڵاتانەدا یاسـا ئاینیـیـەکـان، بنـەمـان بۆ دارشـتنی دەسـتـوور و هـەندێ جـار (مـۆریتـانی) تاکـە سـەرچاوەن و هەندێ جاریش (جەزایر و میسر) سەرچاوەی سـەرەکین. بەتایبەت، یاسـاکانی باری کەسـیـەتی کـە پێوەندییـان بە ژیانـی مـاڵبـات و میـراتگرییـەوە هـەیە، یاسـای باری کـەسـیـەتی لە جـەزایریش پشـتـی بەم یاسـایانە بەسـتـووە. کـەوابوو ئیـسـلام بووەتە پاشکۆی دەوڵەت و سیاسەتەکانی.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ڕەوشێکی ئەوتۆ، لە ڕاستیدا، نیشانەی کێماسیی سیاسی و نەگۆڕانی دەوڵەتە. لە ڕاسـتـیدا، دەوڵەت نەبووەتە خـاوەنی هیم و پێکهـاتەیەکی تۆکـمـەی ئەوتۆ تا لەسـەر پێی خـۆی ڕاوەسـتێ و بەدابینکردنی ئازادییەکی تـەواو بۆ ئاین، دەسـتی لێ بەربدا، کەوابوو کـەڵک لە پشـتـیـوانیی ئاین وەردەگرێ و لە سـەربەخـۆبوونی دەترسێ. لەبەرئـەوەی کە دەوڵەت پێویسـتـی بە ئاینە بۆیە جوداییی دەوڵەت و ئاین زۆر ئەستەمە.

دیارە باسـمان لەسـەر پرسێکی سیاسییە کە پێوەندیی بەدەوڵەتەوە هەیە، نەک پرسێکی ئاینی کـە باسـی ئیـسـلام بکات، کـەوابوو دەکرێ نەهاتنە گـۆڕی مـۆدێرنیتـەی سـیاسی بۆ کێـمـاسـی گەشـەنەکردنی دەوڵەت بگەڕێنینەوە، نەک بۆ ئیسلام. لە ڕاستیدا نـەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی بە ڕوونی ئەوە دەسـەلمێنێ کە دەوڵەت هێشتا هێندە بەهێز و پێشکەوتوو نییە کە بتوانێ لەسـەر پێی خۆی ڕاوەستێ و پشت بەئاین نەبەستێ. ئەم خاڵە بەتایبەت بۆ شارەزایی لە بارودۆخی ئێستاکەی وڵاتانی موسڵمان و کێشەکانیان پڕ بایەخە.

بەڵام مـۆدێلێکی تری زۆر جـیاواز و بە ژمـارە کـەمـیش لە وڵاتانی ئیـسـلامی بەدی دەکرێ کـە لەمـانەدا دەوڵەت گوێڕایەڵی ئیسـلامە و ئیسـلام دەوڵەت کۆنترۆڵ و ئاراسـتە دەکا. لەم مـۆدێلەدا بەپێـچـەوانەی مـۆدێلی یەکـەم، دەوڵەت بووەتە دەسکەلای ئاین و بەم پێـیـە دەکرێ باسـی دەوڵەتی ئیسلامی بکەین. ئەم مۆدێلە لە فۆرمووگەلی جۆراوجۆردا و لە بنەڕەتدا لە چوار وڵاتی عەرەبستانی سعوودی، ئێران، سوودان و پاکستان بەدی دەکرێ.

لەم وڵاتانەدا کە سیستەمی سیاسی ڕەنگێکی بەتەواوەتی ئاینیی هەیە یا دەکرێ بڵێین، ئاین لەم وڵاتانەدا بەتەواوی باڵادەستە، مـەرجەعیـەتی ئاینی دەسـتی بەسـەر دەسـەڵاتی سـیاسیدا گرتووە و ئاراستـەی دەکا. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بکەین بە ئێران و دۆکتریني ئایەتوڵا خـومـەینی. بەگشـتی یاسـاگەلی ئاینی باڵادەسـتتر و بە برشتترن لە دەستوور (سوودان و پاکسـتان) و هـەندێ جار وەک دەستووری وڵات سـەیر دەکرێن و (عەرەبستانی سعوودی).

لە ڕاستیدا یاسـا شـەرعییەکان، سیستەمی یاسادانان و بەتایبەت یاسـاگەلی مەدەنی و سزادان بەچەشنێک دەسـتنیـشان و ئاراسـتـە دەکەن کە بەهـا ئیسلامیـیـەکان بپارێزرێن و پەرەبستێن. بۆ وێنە دەکرێ ئامـاژە بکەین بەڕێوشوێنی گرێدراو بەباری کـەسـیـەتی و دیاریکردنی هـەندێ سـزای

توند لە حاڵەتی کفرکردندا. لەم بارەدا دەوڵەت ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەی نییە و بەتەواوی گوێڕایەڵی ئاینە.

لە ئەنجامدا، کەموکوورییە سیاسییەکانی ئەم مۆدێلە لە چاو مۆدێلی یەکەم زۆر زیاتریشن. لە ڕاستیدا چ سنوورێک لە نێوان دەوڵەت و ئایندا بەدی ناکرێ و مۆدێرنیتەی سیاسی بەئەستەم دێتە بەرچاو. دەکرێ هۆکاری ئەم ڕەوشە هەم بۆ باڵادەستیی ئیسلام بەسەر دەوڵەتدا و هەم بۆ لاوازیی دەوڵەت بگەڕێنینەوە. ڕەوشێکی ئەوتۆ بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ گەشەنەکردنی پێکهاتەی دەوڵەت و گوێڕایەڵیی بۆ ئاین. لە ڕاستیدا دامەزراوەی سیاسی دەستی بەسەر دامەزراوەی ئاینیدا گرتووە و سوودی لێ دەبینێ. ئەم کۆبەندە یارمەتیدەرمان دەبێ لە شرۆڤە و تێگەیشتنی ڕاستی دیاردەی ئیسلامخوازیدا کە بۆ دوودەیە دەچێ لە هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا کەوتووەتە ڕێ.

٢- دژایەتیی ئیسلامخوازی لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسی

ئەگەر لە جیهانی ئیسلامیدا لە سۆنگەی تێکچڕژانی خورتی دەوڵەت و ئاینەوە، مۆدێرنیتەی سیاسی ون و تەنانەت مەحاڵ دێتە بەرچاو، لە نێوان مۆدێرنیتەی سیاسی و ئیسلامخوازیدا دژایەتییەکی قووڵ هەیە و لە ڕاستیدا هەردوولا یەکتر دەتارێنن. ئیسلامخوازی لە مانا کوتومتەکەیدا، بریتییە لە پشتگیریکردن و بڵاوکردنەوەی ئیسلام و بەها ئیسلامییەکان بەسوودوەرگرتن لە سیاسەتەکانی دەوڵەت.

لە ڕاستیدا ئیسلامخوازی واتە پارادایمێک کە باوەڕی بەباڵادەستیی ئاینە و تێدا ئاین بەدەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، سیاسەت ڕێکێف و ئاراستە دەکا. بۆیە، ئیسلامخوازی هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە باڵادەستیی ئاین بسەپێنێ، یاساگەلی ئیسلامی جێبەجێ بکا و حکوومەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ. بەم جۆرە ئیسلامخوازی، لەگەڵ مەبەستی لەمێژینەی ئیسلامدا یەک دەگرێتەوە کە بریتییە لە ڕێخۆشکردن بۆ باڵادەستیی ئاین لەسەرپاکی بوارەکانی ژیاندا، لەوانە بوارگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئایدیایەک کە لە بنەڕەتدا لەناو ئاینزای شیعەدا دەرکەوت، لە ڕاستیدا، ئیسلامخوازی نیشانە و بەرژەنگی گەڕانەوەیە بۆ ئاخێزگە و ژێدەرگەلی ئیسلام (لەم ڕووەوە بەجۆرێک لە ئیسلامخوازی دادەنرێ)، هەروەها پەرچەکردارێکیشە لە هەمبەر گوێڕایەڵیی ئاین بۆ دەوڵەت کە بووەتە پێناسەی دیاری سوننەکان.

ئەم ڕەوتە بۆ وەدیهێنانی باڵادەستیی بێ ئەملا و ئەولای ئاینی ئیسلام، بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا و هەروەها ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەگوێرەی یاساکانی ئیسلام خەبات دەکا.

زۆرجار ئیسلامخوازی دەگەڕێنرێتەوە بۆ فاکتەرگەلی جۆراوجۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی یا چاندی و دەگوترێ کەموکووڕی و هەروەها نسکۆی وڵاتانی ئیسلامی لە پاش سەربەخۆیی، نەخاسمە گەشەنەکردنی ئابووری، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، جۆرەکانی

نادادپەروەری، ناکارامەیی و گەندەڵیی کاربەدەستان، کاڵبوونەوەی ڕەسەنایەتی، لاوازبوونی داووەریت و هەروەها زیادبوونی کاریگەری و دەسەڵاتی ڕۆئاوا، لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامخوازین. گەرچی سەرجەم ئەم پاساوە بەڵگەمەندانە، جێی بایەخن. بەلام قەد ناتوانن بەتەواوی پاساوی سەرهەڵدانی دیاردەکە بدەنەوە و هەروەها بواریش بۆ دەرخستنی بنج و بناوانی کێشەکە خۆش ناکەن. کەوابوو دەبێ ئەم دیاردەی بەجۆرێکی تر لێک بدەینەوە و لە گۆشەنیگای پێوەندیی نێوان ئیسلامخوازی و نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسییەوە لەم پرسە بکۆڵینەوە. ئەم پێوەندییە لە دوو فۆرمی جیاوازدا دەردەکەوێ: لەلایەکەوە ئیسلامخوازی بەرهەمی نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسییە و لەلایەکی ترەوە وەک نیشانەی ڕەتکردنەوەی بنبڕیەتی.

أ) ئیسلامخوازی و نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی

دەکرێ فاکتەری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئیسلامخوازی بگەڕێنینەوە بۆ نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا. هەروەک باسمان کرد ئەم وڵاتانە زۆرجار جیایی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و جیایی بیاڤی گشتی و بیاڤی تایبەتیان لە کن نامۆیە. لە ئەنجامدا چ سنوورێک لە نێوان دەوڵەت و ئایندا بەدی ناکرێ: دەوڵەت ڕەنگوبۆنێکی ئاینیی هەیە و ئیسلام ئاینی فەرمییە. کۆی هاووڵاتییان و جڤاتی ئیماندار، دەبنە یەک و هەروەها ئیسلامیش دەبێتە توخمێکی سەرەکیی پێکهێنەری دەوڵەت. بەلام ئەم ڕەوشە زۆرجار ناهاوسەنگە. بەجۆرێک کە دامەزراوەی سیاسی زاڵە بەسەر دامەزراوەی ئاینیدا و دەوڵەت ئاین دەخاتە خزمەتی خۆیەوە و جڵەوی دەکا و کەڵکی لێ وەردەگرێ.

هەروەها ئاینیش بەشبەحاڵی خۆی گرێدراوی دەوڵەتە و هەم پشتی پێ دەبەستێ و هەمیش پشتگیریی دەکا. ئەم هەڤپشکی و هاوکارییە نزیکە لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆیی وڵاتانی ئیسلامیدا ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا. لە ڕاستیدا سەربەخۆیی هەم بەواتای ڕزگاربوونی سیاسی بوو لەژێر چەپۆکی سیستەمی چەوسێنەری ڕۆئاوایی و هەم بەجۆرە خەباتێک بۆ سەلماندنی ناسنامەی ئاینی لە هەمبەر جیهانی مەسیحیدا دەژمێردرا.

بەلام پاش سەربەخۆبوون ، وڵاتە سەربەخۆکە، لاوازی و کەموکورتییەکانی خۆی دەرخست و ناکارامەیی خۆی لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ پرسگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەلماند، ئیسلام کە بەتەمای کۆنترۆڵکردنی سەرلەبەری کۆمەڵگە و بالادەستکردنی بەهاکانیەتی، بەرەچاوکردنی ئەم ڕەوشە، کەوتە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم پرسانە. جا بۆیە، ئەوە کێماسی و ناکارامەیی دەوڵەت بوو کە ڕابوونی ئیسلامیی لێ کەوتەوە و بەرەو دەستوەردان لە کاروباری سیاسیدا پاڵی پێوەنا.

لێرەوە، ئیسلام تەنیا خۆی بەپشتگیریی دەوڵەتەوە نەبەستەوە. بەڵکو هەوڵی دا شوێنیشی بگرێتەوە، تا گەرەنتیی مانەوەی خۆی و چەسپاندنی بەهاکانی بکا. لەم ڕووەوە، ئیدی بەوەندە

دانەدەكەوت كە ئاین لە كۆنترۆڵی دەوڵەتدا بێی بەڵكو دەیەویست بەدەستی خۆی دەسەڵاتێكی ئاینی ئاوا بكا.

لە ڕاستیدا، هەوڵی دەوڵەتی ئیسلامی یا ئیسلامی سیاسی لێرەڕا سەرچاوە دەگرێ. بەم جۆرە، ئیسلام وزە لەمێژینەكەی خۆی بۆ ڕێكخستن و بزواندنی موسڵمانان، لەم ڕووەوە وەدەست هێنایەوە كە هەم ئاینە و هەم حكوومەت. لە ڕاستیدا هەر ئەم ئیدیعایەیە كە ئیسلامی بۆ ئیسلامخوازی گۆڕیوە و دەیگۆڕێ. بەم شێوە، ئیسلامخوازی كەوتە شەڕ و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتدا و هەوڵی دا دەستی تێ وەربدا و تەنانەت بیڕووخێنی. دیارە دۆخەكان لەم لایەنەوە، هەم جیاوازن و هەم پلەی جیاوازیشیان هەیە.

بۆ وێنە ئیسلامخوازی هەندێك جار توانیویەتی دەوڵەتی ئیسلامی ئاوا بكا و دەسەڵاتی سیاسی بەكار بێنێ (ئێران و سوودان)، هەندێك جاریش بۆ وەدیهێنانی ئامانجەكانی خۆی پەنا دەباتە بەر بەكارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی یا توندوتیژی (جەزایر، میسر، ئەفغانستان) و هەندێك جاریش لە ئەنجامی هەڵبژاردندا دەچێتە پەرلەمان یا تەنانەت دەچێتە ناو حكوومەتەوە و بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەكا (ئوردن، توركیا) و هەروەها هەندێك جاریش بەكار و هەڵسووران لە چوارچێوەیەكی سنووردارادا، دادەكەوێ بەچەشنێك كە مەترسییەكی ئەوتۆی نابێ بۆ سەر دەوڵەت (مەغریب و تونس) بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەدا كە پێشتر خاوەنی دەسەڵاتێكی ئاینی بوون (عەرەبستانی سعوودی) یا خاوەنی ڕێژمگەلێكن كە ژێدەری دەسەڵات تێیاندا كەموزۆر دیكتاتۆرییە (لیبیا، سووریا و عێراق) بەكردەكی ئیسلامخوازی بەدی ناكرێ.

وەكی تر دەكرێ بڵێین، ئیسلامخوازی كاتێك هەڵدەدا و چانسی سەركەوتنی هەیە كە دەوڵەت لاواز و ناكارامە بێ. زۆرجار لە وڵاتانی موسڵماندا، ڕەوشەكە كەم و زۆر وەك یەكە و بۆیە سەرلەبەریان بەپلەی جیاواز هەڕەشەی ئیسلامخوازییان لەسەرە. زۆربەی ئەم وڵاتانە پێشتر كەوتوونەتە بەر ئەم هەڕەشەیەوە و لەوانەشە زوو یا درەنگ بەرۆكی ئەوانی تریش بگرێ. لە دوا شرۆڤەدا، دەردەكەوێ كە ئەوە نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسییە كە بوار بۆ سەرهەڵدان، گەشەكردن و پەلهاوێشتنی ئیسلامخوازی خۆش دەكا.

لە ڕاستیدا ئیسلامخوازی بەرهەمی تێكپەڕین و هاوێرنەكرانی دەوڵەت و جڤاكی مەدەنییە. لە وەها دەستوداریێكدا، هەركە گڵۆڵەی دەوڵەت كەوتە لێژی و باشاری ئەركەكانی خۆی نەكرد، ئیسلام دووبارە سەرهەڵدێنێ و دەبێتەوە بە خاوەن ئۆتۆنۆمی، هەوڵی باڵادەستیی خۆی دەدا و چالاكییەكانی خۆی پەرە پێ دەدا و لە ئەنجامدا خۆی خەریك دەكا بە بەرهەڤكردنی پرۆژەی سیاسی و پێكهێنانی دەوڵەتێكی ئیسلامی لە پێناو خزمەت بەئاین.

بە لەبەرچاوگرتنی وەها دۆخێك، بەرسینگ گرتنی ئیسلامخوازی لە بنەڕەتدا دەوەستێتە سەر ساوكەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی: واتە هەم پێكهێنانی دەوڵەتێك كە داكۆكی لە قازانج و

بەرژەوەندی گشتی بکا و هەم پێکهێنانی جڤاکێک کە ئازادییەکانی تاک دابین بکا. دیارە راییکردنی ئەم دوو پرسگرێکە دژوار و درێژخایەنە.

لەم پێناوەدا هەم دەوڵەت دەبێ لە ئاین جودا بێ و پێویست نەکا پشت بە ئاین ببەستێ و هەم ئیسلام واز لە دەسەڵاتخوازیی خۆی بێنێ و لەلایەن تاکەکانەوە مومارەسە بکرێ. کەوابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامخوازی پێویستە دەوڵەت خۆی لە هەژموونی ئاین ڕزگار بکا و بەرسینگی مرخە سیاسییەکانی بگرێ. سەیر ئەوەیە هەندێک وڵات دەیانەوێ بەپاراستنی ئیسلامیزم وەک ئاینی دەوڵەتی و کەینوبەین لەگەڵ ئیسلامخوازەکاندا ـ (کە تا دێ پتر پێ لە بەرەی خۆیان ڕادەکێشن) ـ بەرەنگاری ئەم دیاردەیە ببنەوە، بەمەش وڵاتی موسڵمان بە هانابردنەبەر ئاین، لە ڕاستیدا لاوازیی خۆی و دامەزراوە و دەزگاکانی دەردەخا. بەپێچەوانەی سیاسەتی ئەم وڵاتانەوە، بۆ بنەجێبوونی دەوڵەتی مۆدێرن پێویستە کە ئیسلام وێڕای پاراستنی پێگەی خۆی لەناو جڤاکی شارستانیدا، واز لە پلەوپایەی ئۆلی دەوڵەتی بێنێ. دیارە وەدیهێنانی ئامانجێکی ئەوتۆ ئەرکێکی زۆر دژوارە و گورج و خێرا، نایێتە دی و پێویستی بەکاتێکی زۆر و چازانی و کارزانیی زۆر هەیە.

جیاییی بەسوود و ڕاستەقینەی دەوڵەت لە ئیسلام هەر بە بڕیارێکی ڕووتی سیاسی یا دەرکردنی کۆمەڵێک ڕێوشوێنی یاسایی (چ لە ڕێی دەستوورەوە چ لە ڕێی ڕێنوێنییە ڕۆژانەکانەوە) وەدی نایە. بۆیە پێویستی بە پێڤاژۆیەکی درێژ و ئاڵۆزە کە پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی هەر وڵاتێک بەوردی و ژیرانە ئاراستە بکرێ. هەرچەند شیمانەی ئەوە دەکرێ کە لە دنیای ئیسلامیدا بۆ ماوەیەکی کەم و زۆر درێژخایەن، پێوەندیی نێوان ئیسلام و دەوڵەت هەروا بەردەوام بێ. بەڵام ئامانجی سەرەکیی هەر ئەوەیە کە بەشێوەیەک لێک بکرێنەوە کە دەوڵەتێکی مۆدێرنی قوتاربوو و دابڕاو لە ئاین بێتە کایەوە.

ئەم ڕوانگەیە دەبێ هەر لە ئێستاوە ببێتە ڕێنیشاندەری شێوازی تێهەڵڕوانینی دەوڵەت، بەچەشنێک کە ببنە دوو مێتودی تەواوکاری یەکتر. واتە لەلایەکەوە دەوڵەت بۆ پشتبەستن بەخۆی و هەروەها ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆی دەبێ، باندۆری ئیسلام بەسەرخۆیەوە نەهێڵێ و واز لە پشتگیریکردنیشی بێنێ و لەلایەکی تریشەوە، دەبێ وێڕای ڕاگرتنی ئیسلام لە دۆخی گوێڕایەڵی و بەردەوامیی کونترۆڵکردنی، هەوڵ بدا، ڕێگە بۆ دابینکردنی ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە بۆ ئاین خۆش بکا.

لەم قۆناخی پەڕینەوەیەدا ـ کە ڕەنگە درێژ بێ ـ گەنگەشە لەسەر پێکهێنانی گاف بە گاف و شێنەییی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئاینە کەوا لەوانەیە پێویست بکا پەنا ببرێتە بەر تۆپزی و بەکارهێنانی هێز. ئەم پشبەستنە بەهێزە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامخوازی کە جارجار بە بەکارهێنانی توندوتیژی، دژی ئەم وەرچەرخانە دەوەستێتەوە، ڕێگەیەکی ناچارییە.

لەم ڕووەوە، ئەوەی کە دەبێ لە سەروو و لە پێشەوەی هەموو شتێکەوە دابنرێ، پرسی دەوڵەتە نە پرسی دیموکراسی، چونکە ئیسلامخوازی دەتوانێ لە خودی دیموکراسی بۆ لەناوبردنی دیموکراسی کەڵک وەربگرێ. ئەمە ڕاستییەکە کە لە کۆمەڵێک ئەنجامی پراکتیکیی زۆر گرینگی لێ دەکەوێتەوە.

دەبێ لە بیر نەکەین کە پێکهاتەی دەوڵەتی مۆدێرن، پێویستی بەگۆڕانکارییەکی بنگەهی و تەنانەت شێوە شۆڕشێکی سیاسی هەیە: واتە دەبێ پرسی جیاییی دەوڵەت لە جڤاک یەکلا بکرێتەوە و ئەمەش ڕەوتێکی بەناچاری دژوار و دەمدرێژە (کە ڕەنگە دەیان و ـ تەنانەت سەدان ساڵیش بخایەنێ).

ئەم پرۆسەیە تایبەتمەندییەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە و شەرت نییە هەردەم پشت بەشێوە دیموکراتیکەکان ببەستێ. کەوابوو سەیر نییە ئەگەر میتۆدە دیموکراتیکەکان تێدا بەدی و ڕەچاو نەکرێن و یا تەنانەت پێشێلیش بکرێن، لە سەروو هەموو ئەمانەوە، لە سۆنگەیەوە کە دەوڵەتی مۆدێرن، مەرجی یەکەمی دیموکراسییە، نابێ چاوەڕوان و خوازیاری ڕەچاوکردنی ئەم چەشنە میتۆدانە بین، بەر لە پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن. یا وەکی تر، ئەوە ساوکەبوونی دەوڵەتی مۆدێرنە کە بوار بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی خۆش دەکا، نەک بەپێچەوانەوە، واتە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە لە ڕێگەی دیموکراسییەوە، دەوڵەتی مۆدێرن دابمەزرێنین. بەکردەکی بنەجێکردنی هاوکاتی مۆدێرنیتەی سیاسی و دیموکراسی نالوێ و بەڵکو ئەم دووانە دەبێ بەدوای یەکتردا بێن، بەچەشنێک کە سەرەتا مۆدێرنیتەی سیاسی بەستێن بۆ سەرهەڵدانی دیمۆکراسی خۆش دەکا.

ب) ئیسلامخوازی و تەستدانەوەی مۆدێرنیتەی سیاسی

هەرچەندە دەکرێ ئیسلامخوازی لە ڕێی نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسییەوە شرۆڤە بکەین. بەڵام بەبێ مۆدێرنیتەی سیاسییش هەر شرۆڤە دەکرێ. لە ڕاستیدا ئیسلامخوازی پێوەندییەکی سروشتی و قووڵی لەگەڵ دەوڵەتی پێش مۆدێرندا هەیە و بۆ پاراستنی تێ دەکۆشی، هەروەها ئیسلامخوازی دان نانێ بەدەوڵەتی مۆدێرندا کە لە کۆمەڵگەی مەدەنی و هەر بەو پێیەش لە ئاین جوێ کراوەتەوە. لە هەمان کاتدا دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە ئیسلامخوازی پتر لە وڵاتگەلێکدا دەردەکەوێ کە بۆ گرتنەبەری ڕێگەی مۆدێرنیتەی سیاسی خەبات دەکەن (ئێران لە ڕابردوویەکی نزیکدا جەزایر و میسر و تورکیا، ئێستاکە) و بەتوندی و بەخورتی لە هەمبەر ئەم پرۆسەیەدا ڕادەوستن.

بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەدا کە کەمتر لەم پێناوەدا خەباتیان کردووە و کەمتر هەستی پێ دەکرێ (مەغریب، لیبیا، سووریا، عێراق)، دەکرێ بە ئاسانی هۆکاری ئەمە دەستنیشان بکەین: لە ڕاستیدا ئیسلام بەدرێژای تەمەنی خۆی، بەشێوەی جۆراوجۆر، پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەوڵەتدا هەبووە و زۆرجار دەستی بەسەر دەسەڵاتە سیاسییەکەیدا گرتووە، دیارە هەروەک پێشتر

ئاماژەمان پێ کرد، زۆرجار شوێنکەوتووی دەسەڵاتی سیاسی بووە و لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە کۆنترۆڵ دەکرا و بەکاری دەهێنرا. بەم جۆرە ئیسلام پشتی بەدەوڵەت دەبەست و ئەم پشتگرتنەش بۆ بوون، گەشە و پەرەسەندنی زۆر پێویست بوو، ڕاست لەم سۆنگەیەوە ئەوەی پێ هەرس ناکرێ کە دەوڵەت لە هەژموونی ئاین قوتاری بێ و ببێتە سیکیۆلار: زێدەباری ئەمە، ئیسلامیش هەروەک ئۆلەکانی تر بەنیازە هەموو لایەنەکانی ژیان لەوانە؛ بوارگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆنترۆڵ بکا و دیارە ئەم چەشنە تەماحانەش وای لێ دەکا کە دژایەتیی دەوڵەتی مۆدێرن بکا و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی مەیل بکا.

باسی ئەوەمان کرد کە لە دنیای ئیسلامدا، بەزۆری دەوڵەت ناوەڕۆک و تایبەتمەندییەکی ئۆلیی هەیە و ئیسلام ئاینی فەرمییە. بەو حاڵەش دۆخەکە جێی ڕەزامەندیی ئاینی ئیسلام نییە، بەتایبەت دەبێ لە بیریان نەچێ کە دۆخێکی ئەوتۆ رووی لە گۆڕانە و کۆمەڵێک مەترسی بۆ ئاین دەنێتەوە. لەم سۆنگەیەوە ئیسلامخوازی بەدژایەتیکردنی مۆدێرنیتەی سیاسی لەم دوو ڕێگەیەی خوارەوە، دەتوانێ گەشە بکا و پەرە بسێنێ: ڕێگەی یەکەم برێتییە لە ڕەخنەگرتنی رادیکاڵ لە دەوڵەت کە خەریکە بەرەو ماندەلکردنی بەها و ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان و هەروەها کردنی ئاینی ئیسلام بەدەسکەلایەکی ڕووت لە خزمەتی دەسەڵاتدا، سەر دەکێشێ.

بەم ئاوایە، ئیسلامیزم، لە سۆنگەی کەمتەرخەمی لە بەرەڤانیکردن لە بەرژەوەندە مادی و مینەوییەکانی ئومەتی موسڵمان، گرتنەبەری ڕێگەی مۆدێرنیتەی سیاسی و هەوڵدان بۆ بێ بڕشتکردنی ئاین، دەوڵەت دەداتە بەر تیر و توانج. بۆیە، ئیسلامخوازی دژبەری خودی مۆدێرنیتەی سیاسی دەوەستێتەوە و تێ دەکۆشێ تا لەلایەکەوە ئاستەنگ لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرندا بێنێتەوە کە لە داهاتوودا دەبێتە سیکێولار و لەلایەکی تریشەوە ڕێ لە پێکهاتنی جڤاکی باژێرڤانی دەگرێ کە ئاین تێدا سەربەست دەبێ. بەم ڕەنگە ئیسلامخوازی هەم دژی سیکیۆلاریزمە هەم دژی ئازادیی ئۆلی.

ڕێگەی دووەم برێتییە لە پێشنیازی بنەجێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، واتە دەوڵەتێک کە پشت بە بەها ئیسلامییەکان دەبەستێ و یاسا ئیسلامییەکان جێبەجێ دەکا. ئەم دەوڵەتە دەبێ ڕێوشوێن و یاساکانی شەرع (قورئان و سوننەت) ڕەچاو بکا و دایان بەزێنێ. یاساگەلێک کە پێویستە بەگوێرەیان ژیان لە هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵدا ئاراستە بکرێ. لێرەدا ئیسلام ئیدی تەنیا نابێتە ئامرازێک بەدەستی دەوڵەتەوە، بەڵکو دەوڵەت دەکەوێتە خزمەت یاساکانی ئیسلامەوە. کەوابوو، دەوڵەتی ئیسلامی راست پێچەوانەی پێناسەی ئەرکی دەوڵەتی مۆدێرنە، واتە بەپێی ئەم مۆدێلەی دەوڵەت (ئیسلامی) نەک هەر دەوڵەت و ئاین لێک جودا نین، بەڵکو دەوڵەت دەبێتە شوێنکەوتوو و کلکی ئاین، لە ئەنجامدا، ئەرکی سیاسی و ئەرکی ئاینی تێکەڵ دەبن و لەوەش گرینگتر، لە نێوان دەوڵەت و جڤاکدا چ سنوورێک بەدی ناکرێ. بۆیە ئیسلامخوازی بەهەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسیدا دەکەوێتە شەڕەوە و دەیەوێ

بەرسینگی پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن و تەنانەت هەرچەشنە وەچەرخانێکی سیاسییش بگرێ. دەتوانین ئەم دۆخە لەو وڵاتانەدا کە ئیسلامخوازییان تێدا ساوکە بووە، (بەتایبەت لە ئێران و سوودان)دا ببینین

لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی کە وڵاتانی موسڵمان هێشتا نامۆن بە مۆدێرنیتەی سیاسی و لە هەمبەر پەرەسەندنی ئیسلامخوازیدا دەستەوەستان و لاوازن، کەوابوو هەوڵ دەدەن سیاسەتی نەویکێشان بگرنە بەر و ئیمتیاز بدەن بە ئیسلامخوازەکان. بەم ڕەنگە، ئیسلام وەک ئاینی دەوڵەتی دەپارێزن و تێ دەکۆشن بە گونجاندنی پەروەردەی ئاینی لەناو سیستەمی پەروەردەدا، بەکارهێنانی یاسای ئیسلامی لە بواری ماڵباتدا، کردنەوەی مزگەوت، پێڕاگەیشتن و خزمەتکردنی مزگەوتەکان و ناوەندە ئیسلامییەکان و .... مل بۆ ویستەکانیان رابکێشن. دیارە کە ڕەچاوکردنی ئەم سیاسەتە، دەبێتە کۆسپ لە بەردەم مۆدێرن بوونەوە و سیکیۆلاریزاسونیاندا. بەم جۆرە، پەلهاوێشتنی بەردەوامی ئیسلامخوازی و پەنابردنی بۆ توندوتیژی، هەڕەشەیەکە لەسەر گرتنەبەری ڕێبازی مۆدێرنیتەی سیاسی لەم وڵاتانەدا و دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم وەچەرخانیاندا.

ئیسلامخوازی، تەنانەت کاتێکە پشت بەتەکنیکە نوێیەکانیش دەبەستێ یا هانا دەباتە بەر دەسکەوتە زانستییەکان، ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا دژی مۆدێرنیتەی سیاسی دەوەستێتەوە. لەم سۆنگەیەوە، هەرچەند لەوانەیە بکرێ کە ئیسلام بەشێنەیی لە ڕێگای ریفۆرمەوە نوێ بکرێتەوە، بەڵام ئیسلامیکردنی مۆدێرنیتەی سیاسی زۆر ئەستەمە و تەنانەت دەستیش نادا. چونکە خەباتێکی ئەوتۆ مافنگیبوونی مۆدێرنیتەی سیاسیی لێ دەکەوێتەوە. لەبەرئەوەی کە ئیسلامخوازی بۆ سڕینەوەی سەرپاکی دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتەی سیاسی چاکی کردووە بەلادا و ناتوانێ لەگەڵیدا هەڵ بکا.

لە ئەنجامدا، دژبەرایەتییەکی پڕاوپڕ و بێ بن لە نێوان ئەم دووەدا بەدی دەکرێ. کەوابوو، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ئیسلامخوازی بە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ دەوڵەتێکی مۆدێرن دابمەزرێنێ و کێشە زۆروزەوەند و ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکا، بۆچوونێکی کاڵفامانەیە و بەس، چونکە لەم دۆخەدا هەوڵ دەدا، تا دەوڵەتێکی پێش مۆدێرن بۆ ماوەیەکی نادیار بنەجێ بکا و بەرسینگی هەرچەشنە وەچەرخانێک بەرەو مۆدێرنیتەی سیاسی بگرێ. زێدەباری ئەمەش، هەوڵدان بۆ پێکهاتن لەگەڵ ئیسلامخوازی و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ لایەنگرەکانیدا، لەبەر دوو هۆ بە قازانج ناشکێتەوە: یەکەم لەبەرئەوەی کە لەوانەیە کە ئیسلامخوازەکان بەم سەرکەوتنە ڕێژەییەی خۆیان دانەکەون و بۆ سەپاندنی نیازەکانیان بەوپەڕی تواناوە تێ بکۆشن؛ دووەم لەو سۆنگەیەوە کە چالاکی و هەڵسووڕانی ئیسلامخوازی، بەتەواوی ناتەبا دەبێ لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنی سەربەخۆ لە جڤاک و هەروەها سەربەخۆ لە ئاین. لە ئەنجامدا، وا باشە کە ئیسلامخوازی لە دەوڵەت دوور بخرێتەوە و ڕێگە نەدرێ بە ناوی دیموکراسییەوە، دەسەڵات بگرێتە دەست.

بۆیە لە باتیی دیالۆگ لەگەڵ ئیسلامخوازی و هەروەها ڕێگەدان بە بەشداریکردنی لە حکوومەتدا، دەبێ زۆر بەتوندی بەرسینگی بگیرێ و ئەگەریش پێویست بوو، بۆ ئەم مەبەستە زۆر و هێزی قانوون بەکار بهێنرێ. لەژێر تیشکی ئەو بۆچوون و تێبینییانەی سەرەوەدا، ئێستاکە دەکرێ، هەندێ هەڵوێستی ئیسلامناسان (یا باشتر بڵێین) ئیسلامخوازی، تاوتوێ بکەین. ئەمانە کە زۆرجار شارەزاییەکی وردیان لەمەڕ دیاردەی ئیسلامخوازان وێڕای جۆراوجۆری و ئاڵۆزییەکانی هەیە، بەشێوەیەکی بابەتییانە و مووقەڵەشانە ئەم دیاردەیە شرۆڤە دەکەن و ڕاڤەیەکی زیرەکانەی لێ دەخەنە ڕوو (کە دیارە پڕە لە سۆزی ژێراوژێر و جۆرە پشتگیرییەکیش) و بەم ڕەنگە، خۆیان بەژیر و خاوەنی مێشکی کراوە نیشان دەدەن. سەربارى ئەمانەش، هەرچەند ئەمان بابەتی لێکۆڵینەوەکەیان بە میتۆدی زانستی دادەنێن، بەڵام زۆرجار هەژارییەکی تیۆریک بەبۆچوونەکانیانەوە دیارە و ناتوانن بەقووڵی لە دیاردەکە بگەن، بۆیە ئەنجامگیری و هەروەها پێشنیازە پراکتیکییەکانیشیان لە سۆنگەی هەژارییە تیۆریکەکەیانەوە، زیانی پێ دەکەوێ، ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەمان میکانیزمێکی سیاسیی شیاو و گونجاویان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بەم دەستەوە نییە.

هەرچەند ئەمان لەمەڕ پێوەندیی نێوان ئیسلامخوازی و مۆدێرنیتەی سیاسی پرسیار دێننە گۆڕێ و بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکدا بۆ ئاشتکردنەوەی ئەم دووەدا دەگەڕێن، بەڵام مانای گشتیی مۆدێرنیتە (کە لەلایەن ئیسلامخوازەکانیشەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ) پێناسە نەکراوە، زۆر بەلێڵی ماوەتەوە. لەمەڕ چەمکی مۆدێرنیتەی سیاسی دەبێ بڵێین ئەم چەمکە بۆ ڕاڤینی ئیسلامخوازی وەک دیاردەیەک، زۆر پێویستە، بەڵام لەناو باسوخواسەکانی ئەم شارەزایانەدا نامۆیە.

دەکرێ لە سۆنگەی کێماسییەکی ئەوتۆوە لە فورموولبەندیی هەڵسەنگاندنە پڕ لە مشتومڕ و جارجار ساویلکانەکان و تەنانەت پڕ مەترسییەکانیش تێ بگەین، بۆیە هەندێ کەس وا بیر دەکەنەوە کە ئیسلامی سیاسی تەبایە لەگەڵ مۆدێرنیتە و دیموکراسیدا هەندێکی تر پێیان وایە کە ئیسلامخوازی دەتوانێ خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا بگونجێنێ و بەها دیموکراتیکەکان قبووڵ بکا. هەندێک لەو باوەڕەدان کە ئیسلامخوازەکان دەتوانن تێکەڵ بە کایەکانی دیموکراسی بن و ئیسلامخوازی ترسی کەمتری هەیە لە نەریتخوازیی سیکیۆلار تەنانەت هەندێکیش پێیان وایە کە ئیسلامخوازی لە خوڵقاندنی دەستەبژێری پێشەنگدا، ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ دەگێڕێ و بەشداریکردنی لە پرۆسەی دیموکراتیکدا، دیارە بەبێ چ گەرەنتییەک، دەلوێ و تەنانەت پێویستیشە. هەروەها هەندێ کەس دڵیان بەوە خۆش کردووە کە ئیسلامخوازی لە داهاتوودا دیموکراتیزە ببێ و ببێتە هێزێکی چەلەنگی دیموکراتیک.

ئەم چەشنە هەڵوێستانە (بەرزەفڕانە و سۆزاوی) جێی گومان و تەنانەت ساویلکانەن. چونکە لە سروشتی ڕاستەقینەی ئیسلامیزم و قووڵاییی لۆجیکەکەی تێ نەگەیشتوون ئیسلامخوازی هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ مۆدێرنیتە و مەرجەکانی و هەروەها دەسکەوتە دیموکراتیکەکانیدا نامۆ و

ناتەبایە. کەوابوو ئیسلامخوازی ئۆتۆنۆمی و پرەنسیپەکانی دیموکراسی ڕەت دەکاتەوە و ناکرێ ڕێزگرتن لە چ بەهایەکی تایبەتی سیاسی و دیموکراتیکی لێ چاوەڕوان بکرێ.

زێدەباری ئەمانەش دەبێ ئەوەش بزانین کە ئیسلامخوازی دەتوانێ بەشێوەیەکی نەخوازراو، شوێنێکی گرینگ لەسەر وەرچەرخانی سیاسی لە جیهانی ئیسلامدا دابنێ. چونکە هەر لە ریشەوە پارچە پارچەی دەکا و فرەیی و پلورالیزمی تێدا پێک دێنێ.

ڕاست چۆن پروتستانیزم لە سەدەی شازدەدا ئەورووپای مەسیحیی پارچە پارچە کرد و فرەڕەنگیی تێدا دروست کرد، هەر بەم شێوەیەش ئیسلامخوازی لە ساوکەکردنی ڕوانگە و ڕامانی جۆراوجۆر لەناو جیهانێکدا کە وەک نەریت یەکپارچەخوازە، بەشدار دەبێ. ئەم چەند پارچەییە لە بواری ئاینیدا دەتوانێ بە تێپەڕینی ڕۆژگار، جیایی نێوان دەوڵەت و ئاین و پاشان جیایی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی لێ بکەوێتەوە. دیارە لەوانەیە ئەم پرۆسەیە، بە تۆپزی و توندوتیژی بکرێ و کۆمەڵێک شەڕی ناوخۆیی و کەموزۆر درێژخایەن و خورتی بەدواوە بێ، ڕاست هەروەک چۆن ئەورووپا لە هەردوو سەدەی شازدە و حەڤدەدا، چەند شەڕێکی ترسناک و خوێناویی مەزهەبیی ئەزموون کرد.

کەوابوو ئیسلامخوازی دەتوانێ لە کۆمەڵێ ڕێگەی چاوەڕواننەکراوەوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ناتەبا و پێک دژ، بەشداری بکا لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەدا. لە ڕاستیدا ئیسلامخوازی، لەودیوی خواستی ئاواکردنی دەوڵەتی ئیسلامییەوە بەراستەکی پێویستی بەدەوڵەت و ویستی مۆدێرنیتەی سیاسی دەردەخا.

بەم ڕەنگە، ئەوەی کە ئیسلام پتر لە هەر شتێکی تر لێی دەترسێ واتە پارچەپارچەبوونی ئومەتی موسڵمان و سەرهەڵدانی دووبەرەکییە لەناو ئومەتدا، کە ئەمەش بۆ خۆی دەتوانێ دابڕانێکی قووڵ پێک بێنێ و هێدی هێدی بەرەو دەوڵەتی مۆدێرن و دیموکراسی بڕوا. هەر لەم سۆنگەیەوەیە کە وڵاتێک وەک جەزایر کە بەئەزموونێکی دژواردا دەرباز بووە، بێگومان لەچاو ئەو وڵاتانەی کە هێشتا دیاردەی ئیسلامخوازییان تێدا دەرنەکەوتووە، کەمتر کەوتوونەتە ژێر باندۆری دیاردەکە، لەم بوارەدا پتریش پێش کەوتووە. لە ڕاستیدا مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامدا دوورەدەست دەنوێنی و بەدیهاتنیشی لەبەر پێوەندیی توندوتۆڵی نێوان ئاین و دەوڵەت زۆر ئاڵۆزە. لێرەشدا وەک هەر شوێنێکی تر مۆدێرنیتەی سیاسی لە ئەنجامی گۆڕانکاریی گاڤ بەگاڤدا سەرهەڵدەدا کە کات و وزەیەکی زۆری پێویستە. زۆربەی وڵاتانی موسڵمان کە هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر سەربەخۆییاندا ڕانەبردووە، لە سەرەتای پرۆسەکەدان و هەندێکیشیان نەکەوتوونەتە ناو پرۆسەکەوە. هەروەها لەلایەکەوە پێواربوونی مۆدێرنیتەی سیاسی یا دژواربوونی وەدیهاتنی، یەکێک لە فاکتەرەکانی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئیسلامخوازییە. لەلایەکی تریشەوە دەکرێ بڵێین کە ئیسلامخوازی دەبێتە کۆسپ لە بەردەم وەرچەرخانی سیاسیی ئەو وڵاتانەدا.

وا دیارە کە لەم لایەنەوە، ئەزموونی فرەنسا پڕسوود بێ. چونکە ئەم وڵاتە لە ماوەی سەدەیەکدا ڕێژیمێکی ئەزموون کرد کە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان ئاین و دەوڵەت بوو. لەم قۆناخەدا، وێڕای کۆنترۆڵی ئاین و کەمکردنەوەی باڵادەستییە سیاسییەکەی، کەچی لە هەندێ لایەنەوە پێوەندیشی لەگەڵدا پاراست. هەرچەند کاتولیزم چیی تر بە ئاینی دەوڵەت دانەدەنرا (بێجگە لە ماوەی کورتی گەڕانەوەی پاشایەتی)دا، بەڵام لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا بوو هەر ئەمیش پێداویستییە مادییەکانی دابین دەکرد و لە هەمبەردا، کەڵکی لە پشتوانیی ئاین وەردەگرت. دۆخی ئێستاکەی وڵاتانی موسڵمان کە ئیسلام تێیاندا ئاینی فەرمییە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دۆخی فرەنسا لەو قۆناخەدا نییە. فرەنسا پاش گۆڕانکارییەکی درێژخایەنی سەد ساڵە، لە ئەنجامدا توانیی جیایی نێوان ئاین و دەوڵەت بکاتە شتێکی کردەکی، دەکرێ ئەم ڕێگەیەش لە جیهانی ئیسلامیشدا ببڕدرێ و ئەمەش ڕێکاری جیاوازی وەک بێلایەنیی ئاینیی دەوڵەت یا لەڕێی کۆمەڵێک ڕێککەوتنەوە لە نێوان دەوڵەت و ئیسلام و یا جیابوونەوەی یەکجاریی ئەوان... دەست دەدا. لە ڕاستیدا، گرینگ ئەوەیە کە چیی تر دەوڵەت ڕەنگ و بۆنی ئاینیی پێوە نەبێ و هەروەها ئیسلامیش چیی تر ئاینی دەوڵەت نەبێ، دیارە ئەرکێکی ئەوتۆ پێویستی بەوەیە کە سیستەمی یاسادانان لە هەژموون و کارتێکەریی یاساکانی شەرع ڕزگاری بێ و یاساگەلی ئیسلامی لەمەڕ سزادان و کاروباری جڤاکی (بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ماڵباتدا) جێبەجێ نەکرێن. بەڵام پێ دەچێ کۆمەڵێک پێوەندی لە نێوان دەوڵەت و ئیسلامدا هەر بمێنن؛ لەوانەش، دەکرێ یارمەتیی پێویستی ئیسلام بکرێ و پەروەردەی ئارەزوومەندانەی بۆ دابین بکرێ. دیارە بەمەرجێک کە ئازادیی تەواوی ئاینی ڕەچاو بکرێ.

بێگومان مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیشدا، وەک فرەنسا لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەن و سەختدا دێتە دی، هەرچەند ئەم پرۆسەیە ئێستا لە زۆربەی وڵاتاندا دەستی پێ کردووە. بەڵام هێشتا لە سەرەتادایە و لە ڕاستیدا بریتییە لە دەرکەوتنی پتر و پتری سنووری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، تا سنوورێکی ڕوون لە نێوان فەزای سیاسی و فەزای تایبەتدا پێک بێ و ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی هاووڵاتیی ڕاستەقینە و ئازادیگەلی ڕاستەقینە خۆش بکرێ. بەڵام بۆ ئەوەی مۆدێرنیتەی سیاسی بگووری، دەبێ جیایی نێوان دەوڵەت و ئیسلام، واتە ساوکەبوونی سیکیۆلاریزمیش بچێتە واری پراکتیکەوە. هەرچەند ئەم جیابوونەوەیە شتێکی مەحاڵ نییە، بەڵام تەنیا بەشێنەیی و بەکاوەخۆ دێتە دی و ئەوەش دەکرێ هەم بەئەنجامی مۆدێرنیتەی سیاسی و هەم بەنیشانەی سەرکەوتنیشی دابنێین.

سەرچاوە:

مدرنیتەی سیاسی: باربیە، موریس، ترجمەی عبدالوهاب احمدی

[تهران]: آگە، ١٣٨٣، چاپ اول.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: فرهاد اکبری

# پێوەندییەکانی تورکیا - عێراق:
# شیکردنەوەیەک لەبارەی سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە سەبارەت بەعێراق

وەیسەل ئایهان

### قۆناخی هاوپەیمانی ستراتیجی باڵا لە پێوەندیی نێوان تورکیا – عێراق

دوابەدوای دەستپێکردنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی لایەنەکان لەبارەی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق، هاتنەکایەی گۆڕانکاری لە پێوەندییەکانی تورکیا _ عێراق بەسەردانە فەرمییەکەی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیر لە مێژووی ١٠ی تەمووزی ٢٠٠٨ بۆ بەغدا و ئیمزاکردنی هاوپەیمانی ستراتیجی باڵا زیاتر ڕوون بووەتەوە.

کاتێک تەماشای هاوپەیمانییە ستراتیجییەکەی نێوان هەردوو وڵات دەکەین، دەبینین لە زەوینەیەکی فراواندا گرینگی بەلایەنەکانی ئاسایش تا وەکو ئابووری، لە بوارەکانی پەروەردەوە تاکو بوارە کولتوورییەکان دراوە. لەم چوارچێوەیەدا لە نێوان هەردوو وڵات لەلایەنی "سیاسی، ئابووری، وزە، سەرچاوە ئاوییەکان، کولتوور، ئاسایش و بواری سەربازییەوە بگرە بەئەندازەی توانا پێوەندییەکان لە هەموو بوارەکانی تردا هاوپەیمانییەتییەکی ستراتیجی درێژخایەن بەئامانج دەگیردرێ".

لەلایەنی ئابووریدا بەتایبەتی فراوانکردنی هێڵی بۆڕیی نەوتی کەرکووک، دامەزراندنی هێڵێکی بۆڕی بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی عێراق بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی، بەخێرایی هەڵسوڕان بۆ کردنەوەی دەروازەی نوێ لە هێڵی سنووردا و بابەتی وەک ڕێککەوتنی بازرگانی ئازاد لە نێوان هەردوو وڵاتدا سەرنج ڕادەکێشێ. لە دەقی بڵاوکراوەکە لە مادەی سێیەم بەشی بوارە "سیاسی، دیپلۆماسی و کولتورییەکان"دا هاتووە کە تورکیا هاوکاری حکوومەتی عێراق و پشتگیری لە هەوڵ

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل

و کۆششەکانی دەکات بۆ گەیشتنی بەئامانجەکانی لە ئازادی، سەربەخۆیی، یەکەتی، دیموکراسی، فیدراڵی و خۆشگوزەرانیدا. لەم چوارچێوەیەشدا پتەوکردنی پێوەندیی دراوسێیەتی و ئەو کۆبوونەوانەی بەدەستپێشخەری تورکیا لەگەڵ وڵاتە دراوسێکاندا ئەنجام دراوە، ئاماژە بۆ ئەوە کراوە خاڵەکانی جێگەی باسن لە بەرچاو بگیردرێ.

لەلایەکی تر لە هاوپەیمانی ستراتیجیدا تورکیا ڕوونی کردەوە کە ڕێز لە پێکهاتەی فیدراڵی عێراق و سەربەخۆییەکەی دەگرێ. عێراقیش بەبڕیاربوونی خۆی لە هاوکاریکردنی ئابووری، وزە، ئاسایش و تێکۆشان لە دژی تیرۆر نیشان دا.

لە ٧ی ئابی ٢٠٠٧ لە قۆتاخی دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانی ستراتیجی دوابەدوای ئەوەی کە لە تورکیا لەلایەن نووری مالکی و ئەردۆغان ئیمزا کرا "ڕێککەوتنی نێوان کۆماری تورکیا و کۆماری عێراق لە ٧ _ ٨ ئاداری ٢٠٠٨ لە سەردانەکەی تاڵەبانی سەرکۆمار بۆ جاری یەکەم بۆ تورکیا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوپەیمانییە ستراتیجییەی لە نێوان هەردوو وڵاتدا هاتووەتە ئەنجامدان.

کاتێک ئەندامانی ئەنجوومەن ئاگەدار کرانەوە، ئەنجوومەنی هاوپەیمان بڕیاری دا لەلایەن سەرۆکی هەردوو وڵاتەوە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە بکرێ و لەلایەن وەزیرانی دەرەوەشدا ڕۆژەڤی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن دیاری بکرێ و هاوئاهەنگی لە نێوان کارەکاندا ئەنجام بدرێ. بڕیار درا بەشێوەیەکی ئاسایی ئەندامانی ئەنجوومەن لە وەزیری وزە، بازرگانی، وەبەرهێنان، ئاسایش و سەرچاوە ئاوییەکان پێک بێ.

هاوکات کە پێویستی کرد بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش سەرۆک وەزیری هەردوو وڵات و وەزیرانی بەرپرس کە جێگەی باسن بەبەشداریکردنیان لە ئەنجوومەنەکەدا دەتوانن بڕیار وەربگرن. پێویستە بەلانی کەم ئەنجوومەنەکە ساڵی یەک جار لەگەڵ سەرۆک وەزیر و هاوسەرۆکانی تورکیا و عێراقدا کۆ ببنەوە.

بێجگە لەو کۆبوونەوانەی لە ئاستی سەرۆک وەزیراندا ئەنجام دەدرێ، پێویستە ئەنجوومەن لە ئاستی وەزیرەکاندا ساڵانە سێ کۆبوونەوە ئەنجام بدا. ئەو وەزیرانەی بەشداری لە کۆبوونەوەکاندا دەکەن دەتوانن سەبارەت بەبواری چالاکییەکانی خۆیان بەئامانجی پێشخستنی هاوپەیمانییەتی چالاکی پلان ئەنجام بدەن. سێ مانگ جارێکیش بەبەشداربوونی بەرپرسانی ئاستی سەروو لە بەغدا و ئەنقەرە کۆبوونەوە ئەنجام بدرێ.

لە دوای هاوپەیمانی ستراتیجیی ئەنجوومەنی باڵا لە ئاداری ٢٠٠٨ بەسەردانێکی فەرمی بۆ بەغدا وەزیری دەوڵەت و بەرپرسی بازرگانیی دەرەوە زەفەر چاغلەیان لەگەڵ ئەحمەد داوادئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا، چاویان کەوت بەسەرکردەکانی وەک نووری مالکی سەرۆک وەزیر، وشیار زێباری وەزیری دەرەوە، ئەیاد ئەلسامەڕایی سەرۆکی ئەنجوومەنی عێراق، هەردوو یاریدەدەری سەرکۆماری عێراق عادل عەبدولەهدی شیعە مەزهەب و تارق هاشمی سوننە مەزهەب و بەرهەم

ساڵح یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانی عێراق. لە کاتی ئەنجامدانی دیدارەکاندا باس لە پێوەندی ئاسایش، دیالۆگی سیاسی، پێوەستبوونی ئابووری دوو لایەنی و چۆنیەتیی پەرەپێدانی بوارە کولتوورییەکانی نێوان تورکیا – عێراق کراوە.

داودئۆغلو وەزیری دەرەوە کە باسی لە ئامانجەکانی پێوەندیی تورکیا لەگەڵ عێراقدا کرد گوتی "ئەو پێوەندییەی لەگەڵ عێراقدا پێشمان خستووە، لە نێوان هەردوو وڵات و لە نێوان کۆمەڵگەکاندا یەکانگیربوونیان بەئامانج گرتووە. ئەمەش خاڵێکی گرینگ بوو کە لە ڕوونکردنەوەکەیدا تیشکی خستە سەر.

هەروەها داودئۆغلو لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەش کرد عێراق تەنیا وەک دۆستێک و وڵاتێکی دراوسێ نییە، بگرە لە هەمان کاتدا بەشەریکێکی هاوبەشی دەبینین کە پێویستە یەکانگیربین و وێکرا شێوە بەداهاتوومان بدەین". بەم شێوەیە درێژەی دا "ئێمە هیچ سنوورێک نەناسین لە هاوکاریکردنمان بۆ هەموو ئەم بابەتانە".

هەروەها ئۆغلو لە لێدوانەکەی ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی ئێمە ڕێز لە هەبوونی دەوڵەتێکی دیموکراتیک و یەکەتیی خاکی عێراق دەگرین و خاوەن مێژوویەکی هاوبەشین لەگەڵ هەموو عێراقدا. لە کۆتاییی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە تورکیا لە شیعەکانەوە بگرە تا سوننەکان، لە کوردەکانەوە تا تورکمانەکان و ئاشورییەکان لەگەڵ هەموو گرووپە عێراقییەکان خاوەن مێژوویەکی هاوبەش و تێکەڵاوییەکی کولتوورین و ئامادەین هاوکاری هەموو نوێنەرە عێراقییەکان بکەین کە بەشداری لە قۆناخی سیاسیدا بکەن.

بێگومان ئەو پێشکەوتنانەی لە پێوەندیی نێوان تورکیا – عێراق هاتوونەتە کایەوە ناکرێ دابڕاو لە ڕێککەوتنی سۆفا کە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراقدا ئیمزا کراوە هەڵبسەنگێنرێ. لایەنی هەرە گرینگی ڕێککەوتنی سۆفا ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا کۆتاییی ساڵی ٢٠١١ هێزە سەربازییەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە.

خاڵێکی تری سۆفا ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێ دان بەهەبوونی دەسەڵاتی گۆڕەپانە زەمینی و ئاسمانی و دەریاییەکانی عێراقدا بنێ و نابێ لەسەر خاکی عێراق چالاکی سەربازی لەسەر وڵاتی سێیەم ئەنجام بدا. هەر وەک لە سۆفادا دەبینرێ سەربازە ئەمەریکاییەکان لە داگیرکردنی عێراقدا نزیکەی شەش ساڵ بەدواوە لە مێژووی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ هێزەکانی خۆی لە هەموو شار و شارۆکەکان کێشایەوە و پاراستنی ئاسایشی خستە دەست هێزە عێراقییەکانەوە. وێڕای هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی سۆفا وەک دیاری کراوە، باڵادەستی و سەربەخۆییی عێراق و یەکەتیی خاکەکەی و گۆڕەپانی دەریایی و ئاسمانی و سیستەمی دیموکراتیکی یان دەزگا هەڵبژاردراوەکانیان لە شیمانەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە مەترسییەکی ناوەخۆیی و دەرەکی یان هەر هێرشێک، ئەوا لە چوارچێوەی داواکاری حکوومەتی عێراق وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆی هەیە لە کورتترین ماوەدا لەلایەنی ئابووری، دیپلۆماسی

و سەربازییەوە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر. جیا لەمە وەک لە مادەی ٢٧دا هاتووە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوکار دەبێ لە بالادەستی سیاسەتی سەربەخۆی یەکەتیی خاک و پاراستنی سیستەمی دەستووری دیموکراتی عێراقی فیدرال.

لەم چوارچێوەیەدا ئەو سیاسەتەی عێراق لە قۆناخەکانی دواتر لە ساڵی ٢٠١١ لە بواری سیاسی و کارگێڕی و ئاسایشەوە پێڕەوی دەکات لە ڕادەبەدەر بۆ تورکیا و ولاتانی ناوچەکە گرینگ دەبێ. لە واتەیەکدا ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە دابڕاو نییە لەو پێشکەوتنانەی لە عێراقدا بێنە کایەوە.

لەلایەکی تر ولاتانی ناوچەکە لە قۆناخەکانی دوای پاشەکشێی هێزەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەوتوونەتە نێو هەوڵ و تێکۆشانی ئەوەی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیان بەسەر عێراقدا زاڵ بن کە ئەمەش شیمانەی مەترسییەکی زۆر لەخۆ دەگرێ. تورکیا لەلایەک لە هەوڵی ڕێگەگرتنە لە بەردەم شیمانەی هەر مەترسییەکی ئارامی و ئاسایش، لەلایەکی تریش بۆ ئاستەنگکردنی هەر جۆرە هەوڵێکی ولاتانی دراوسێ کە بیانەوێ بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانیان عێراق بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، لە قۆناخەکانی دوای ٢٠٠٨ سیاسەتێکی دەرەکی ئاکتیفتری پێڕەو کرد.

لەم واتایەدا بەتێڕوانینێکی فراوانتر، ڕوونکردنەوە و هاتنە ڕۆژەڤی پێوەندیی نێوان تورکیا - عێراق لە ئاستێکی بەرزدا دوای وەرگرتنی بڕیاری سنووردارکردنی هێزە سەربازییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق سەرنجڕاکێشە. دوای بڕیاری کشانەوەی هێزی سەربازیی ڕێژیم، پێگەی عێراق بۆ ولاتانی ناوچەکە بوو بەکێشەیەکی هەستیار. لەم چوارچێوەیەدا سەرەتا تورکیا و هەموو ولاتانی ناوچەکەی ناچار کردووە کە بۆ داهاتووی عێراق بکەونە نێو پێڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی بەهێزتر.

لە قۆناخی دوای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر لە ڕۆژەڤبوونی شیمانەی پەلکێشبوونی عێراق بۆ شەڕی ناوخۆ، بەناوەندبوونی گرووپی تیرۆری ڕادیکاڵ، یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعەی دووەم لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا ناکرێ چاوەڕێی ئەوە بکرێ کە ولاتانی ناوچەکە سیاسەتێکی پاسیف پێڕەو بکەن.

بەتایبەتی ئەو پرسیارەی لەلایەن دەوڵەتە عەرەبە سوننەکانەوە خراوەتە ڕۆژەڤ، ئاخۆ لە دوای ئێران، عێراق دەبێتە دەوڵەتی دووەمی شیعە لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا؟ لەم چوارچێوەیەدا بوونی عێراق بەدەوڵەتێکی شیعە کە لەگەڵ خۆیدا نائارامی دەخولقێنێ، لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا لە بەرژەوەندی کام ولاتە و لە دژی کام ولات پێشکەوتن و گۆڕانکاری نوێ بەخۆیەوە دەهێنێ؟ لە چوارچێوەی ڕۆشنایی گفتوگۆکانی سەبارەت بەعێراق بەرژەوەندی و سیاسەتی سەرەکیی تورکیا چییە؟ بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی تورکیا - عێراق پێویستە پرسیارەکانی وەک وەرچەرخانی عێراق بۆ دەوڵەتێکی شیعە لە بەرژەوەندی تورکیادایە؟ لە بەرچاو بگیردرێ.

لە واتایەکدا سەردانەکەی داودئۆغڵو وەزیری دەرەوە و دوا بەدوای ئەوە سەردانەکەی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیر لە ٢٠٠٩ بۆ عێراق بۆ نیشاندانی ئامادەبوونی تورکیا لە پێڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی ئاکتیف بۆ پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراق لەلایەنی سیاسی، ئابووری و کارگێڕییەوە بەگرینگییەوە پێشوازی لێ دەکرێ. ئەمەریکا میراتی کۆمەڵگەیەکی ئەتنیک و مەزهەبگەری بەشەڕوشۆڕی لە دوای خۆیدا بەجێ هێشت. سنوورەکانی دووبەرەکی، مەزهەبگەری و ئاڵۆزی ئەتنیکی و دوژمنایەتی نێوخۆی وڵات لە ئاستێکدایە کە کاریگەری دەکاتە سەر یەکەتیی خاکی عێراق و ئارامی وڵاتانی ناوچەکە.

بەڕێوەبەرایەتیی ئەمەریکا لە بەرامبەر بردنەوەی ئەو شەڕەی لە دژی سەدام بەڕێوەی برد، نەیتوانیوە ڕێگە لە بەردەم کەوتنە نێو گێژاوی قەیرانی عێراق بگرێ و لە دواییدا گەیشتووەتە ئەو خاڵەی پاشەکشێ بەهێزە سەربازییەکانی بکات. بێگومان کۆتایی بەبەرژەوەندی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەهاتووە لە عێراق، بگرە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی شەڕ و ناکۆکییە مەزهەبی و ئەتنیکییەکانی عێراق لە مەیداندا نەهێڵێ خاوەن ئەزموونێکی دیپلۆماسی و مێژوویی نییە.

ویستوویەتی ئەمە تەنیا بەپشتبەستن بەسیاسەتێکی هێزی سەربازی بەدەست بخات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ناڕاستەوخۆ وا دیار دەبێ بۆ ئەوەی عێراق نەبێ بەمەترسییەک بۆ سەر بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ ئیتر بەرپرسیاریەتی کەوتووەتە سەرشانی ئەو ڕێژیمانەی لە ناوچەکەدا دەژین. هەرچی ئەو پێکدادانە سیاسییانەی لە نێوان عێراق و وڵاتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دێتە ئاراوە، دوای ئەو ڕۆژانەی کە عێراق پێگەی سیاسی و ئیداری خۆی دەستەبەر کرد، گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری بەدەست هێناوە.

## سیاسەتی عێراق بۆ وڵاتانی ناوچەکە: پێکدادانی بەرژەوەندی

زۆر ئاستەمە باس لە بوونی سیاسەتێکی هاوبەشی وڵاتانی ناوچەکە سەبارەت بەعێراق بکرێ. لە کاتێکدا وڵاتانێک هەن لەمەڕ عێراق خاوەن بەرژەوەندی و سیاسەتی هاوبەشن، وڵاتانێکیش هەن کە بەرژەوەندییەکانیان یەک ناگرێتەوە. لەبەر ئەمەش دۆزینەوەی ڕێگەیەکی هاوبەش لەبارەی عێراق تا بڵێی سەخت بووە.

ئەگەر پێویست بکا لە ناوەخۆیدا پۆلینکردنێک ئەنجام بدەین، ئەوا دەبینرێ کە وڵاتانی ناوچەکە خاوەن سیاسەت و بۆچوونی جیاوازی فەرمی و نافەرمین لەبارەی یەکەتیی خاکی عێراق، سیستەمی دەستووری بنچینەیی سیاسی، پۆلیتیک و پێکهاتەی کارگێری و لەسەر ئاستی نوێنەرایەتیی مەزهەبەکان تورکیا، ئوردن، میسر، عەرەبستانی سعوودیە، یەمەن و عومان بەڕاشکاوترین شێوە هەڵوێستی ڕوونی خۆیان پێشان داوە لە هەمبەر وڵاتانی ناوچەکە کە خاوەن سیاسەتێکی هاوبەشن لە ئاستێکی فەرمیدا لەمەڕ بابەتی پاراستنی یەکەتیی خاکی عێراق.

کوێت، ئێران و سووریا بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە سیاسەتیان نادیارە بەرامبەر یەکەتیی خاکی عێراق. بۆ نموونە کوێت لە ترسی ئەوەدایە کاتێک یەکەتیی خاکی عێراق بەهێز بێ جارێکی تر داوای خاک بکاتەوە.

هەرچی ئێرانە لەلایەک لەو مەترسییە دەسڵەمێتەوە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کێشەی ئاسایشی بۆ دەنێتەوە، لەلایەکی تریش هێشتا بۆی ڕوون نەبووەتەوە کە لە شیمانەی دروستبوونی دەوڵەتێکی شیعەی بەهێز لە پاڵ سەری چی ڕوو دەدا. سووریاش حسابی کاردانەوەکانی عێراقێکی پارچەکراو دەکات.

بەهۆی کوردەکانەوە لە دژی پارچەبووندایە، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەم هەندێک لاوازە و حسێبی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتە بچووکەکەی دەکات کە سوننەیە و هەم حسێبی ئەوە دەکات چ جۆرە سیاسەتێک پێڕەو بکا کە لە دوای میسر دەبێ بەناوەندی مللیگەراییی عەرەب. گفتوگۆ لەبارەی یەکەتیی خاک لەگەڵ دەستووری بنچینەیی، سیستەمی سیاسی و کارگێڕی دەگیردرێتە دەست و لەم چوارچێوەیەدا ئەو وڵاتانەی مەترسییەکانی پارچەبوون لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن پێشبینی ناکات. بۆ نموونە میسر، ئوردن، سووریا، عەرەبستانی سعوودیە، کوێت و وڵاتەکانی تری کەنداو پێ ناچێ پشتگیری عێراقێکی فیدراڵ بکەن.

لەلایەکەوە عێراقی فیدراڵ هەموو دەسەڵاتەکانی شیعە کە لەسەر عێراق هەیەتی نایهێڵێ، لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی گرووپە سوننەکان ڕۆڵێکی کارا بگێڕن. لەم چوارچێوەیەدا لە ڕادەبەدەر ستاتۆی کوردەکان گرینگە. بێگومان لە نێوان سیاسەتی ئەم وڵاتانە لەگەڵ عێراقدا هەندێک جیاوازی بەدی دەکرێ. بەڵام خاڵی هاوبەش ئەوەیە کە ڕێگر بن لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعە لە عێراقدا. ئوردن، میسر لەگەڵ ئەوەدان کە لە عێراقدا سوننەکان لە بەڕێوەبەرایەتیدا بالادەست بن و کارەکتەری عەرەبی پارێزراو بێ. گرووپە سوننەکان دەیانەوێ دوور لە توندوتیژی ڕاستەوخۆ بەشداری پرۆسەی سیاسی بن. بەڵام دەرک بەوە دەکەن کە ناتوانن وەک سیاسەتێکی واقیعییانە بەرجەستەی بکەن. لەبەر ئەمەش بەمەبەستی دەرخستنی شیعەکان لە ژێر کاریگەریی ئێران و کردنەوەی ڕێگە بۆ پێوەندیکردنیان بەجیهانی عەرەبییەوە دەستیان کردووە بەوازهێنان لە بەستنی پێوەندی دیپلۆماسی لە ئاستێکی سنووردراردا لەگەڵ حکوومەتی شیعە.

لە مانگی ئابی ٢٠٠٨ عەبدوڵای دووەمی پادشای ئوردن یەکەمین سەرۆکی عەرەب بووە کە سەردانی عێراقی کردووە. هەرچی میسریشە لە ١٩٩٠ دوای داگیرکردنی کوێت بەمەبەستی پێشخستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا لە ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨، ئەحمەد عەبدولعەزیزی وەزیری دەرەوەی ناردبوو بۆ عێراق. بەکوێت و میسریشەوە یەک لە دوای یەک وڵاتە عەرەبییە سوننەکان ڕایان گەیاند کە کۆنسڵگەی خۆیان لە بەغدا دەکەنەوە.

ئەگەر بێینە سەر باسی سیاسەتی دەوڵەتەکانی لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان کرد لە بەرامبەر

کوردەکان، ئەوا ئەو وڵاتانەی لەگەڵ پاراستنی یەکەتی خاکی عێراقدان لە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆن. دەیانەوێ کورد لەنێو پێکهاتەی عێراقی فیدراڵدا ڕۆڵی هاوسەنگکردن بگێڕێ لە نێوان شیعە و سوننەی ڕادیکال دا. بەواتایەکی دیکە کوردەکان بەهاوپەیمانێکی ستراتیجیی خۆیان دەزانن لە ڕێگەگرتن لە بەردەم هەوڵەکانی دامەزراندنی ڕێژیمی سەدامی دووەم لەلایەن سوننەکانەوە و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شیعەکان لە سەرتاسەری عێراق. بەتەواوەتیش لەم خاڵەدا گرینگی تورکیا بەدەردەکەوێ. بەگوێرەی وڵاتە عەرەبییەکانی جێگەی باسن، تورکیا وڵاتێکی متمانەدەرە بەتایبەتی لە پاراستنی یەکەتیی خاکی عێراق و کاریگەرترین هێزی ڕێگرە لە بەردەم ئامانجەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ و وەرسووڕانی عێراق بۆ دەوڵەتیکی شیعە.

کاتێک تەماشای سیاسەتی ئێران دەکەین قوڵبوونەوەیەکی ستراتیجی تێدا بەدی دەکرێ. ئێران سیاسەتێکی دەرەکی وەها پێڕەو دەکات کە لە هەوڵی ئەوەدایە پێوەندی لەگەڵ گرووپەکانی سەرتاسەری عێراق ببەستێ و ڕەوتی سیاسەتەکانیان دەستنیشان بکا.

ئێران کە کۆنسڵگەی خۆی لە هەولێر کردووەتەوە لە هەمان کاتدا کە پێویست بکا هاوکاری سیاسی و سەربازی هەموو گرووپە شیعەکان دەکات، کە پێویست بکا سەدر لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەمەریکا دەپارێزێ، کە پێویستیش بکا هاوکاری هێزە سەربازییەکانی گرووپە دەسەڵاتدارەکان دەکات.

ڕێژیمی ئێران کە لەلایەنی سیاسییەوە پشتگیری حکوومەتی مالیکی دەکات، ساڵانە ڕێگە بەملیۆنەها ئێرانی دەدا سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق بکەن. لە ڕاستیدا وای بۆ دەچن کە حکوومەتی مالکی ئەو کردەوەگەلە سەربازییانەی لە دژی ڕکابەرەکانی ڕێژیمی ئێران کە بەساڵانە لە عێراقدا دەژین لە چوارچێوەی داواکارییەکانی تاران جێبەجێ کرابێ. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا بەئەندازەیەک کە هیچ لە مێژوودا ڕووی نەداوە بەڕێوەبەرایەتی تاران ئاستێکی بەکاریگەر و ئاراستەکەرانەی بەدەست هێناوە لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوەی عێراقدا. وێڕای ئەمەش هێشتا سیاسەتی ئێران لە بەرامبەر عێراق یەکلایی نەبووەتەوە.

ئێران بەکەوتنە ڕێ لە ئەزموونە مێژووییەکانی هەم عێراقێکی لاوازی دەوێ، هەم دەیەوێ کاریگەریی شیعەکان لە دەسەڵاتدا زیاد بکا. هەتا ئێستاش لە پێوەندیی سیاسی لەگەڵ کوردەکاندا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە لەوەی لە شیمانەی هاتنە ئارای شەڕ و پێکدادانێک لەنێوان کورد ـــ عەرەبی شیعەدا چ جۆرە ستراتیجییەتێک پێڕەو دەکا. بەڵام لە بەرامبەر سیاسەتی فراوانکردنی خاکی کوردەکان پێشبینی دەکرێ هاوکاری شیعەکان بکات.

ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە کە کوردەکان لە نێو خۆشیاندا ببنە خاوەنی دوو بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەی هەرێمی جیاواز. کە لەم لایەنەوە تەماشا بکرێ زیاتر گرینگی ئەم هەڵبژاردنەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستان ئەنجام درا. لەلایەکی تر ترسی

سەرەکی ئێران لە بەرامبەر شیعەکان ئەوەیە کە عەرەبی شیعە لەژێر کۆنترۆڵی تاران دەربچن. لەبەر ئەمەش لەگەڵ هەموو گرووپە عەرەبە شیعەکان پێوەندییەکانی بەردەوامە و کە پێویستیشی کرد ڕۆڵی ناوبژیوانی دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان گرووپە شیعەکان، پێویستیش بکا ئەو گرووپانە لە دژی یەکتر بەکار دەهێنێ.

لەم واتایەدا کە بیری لێ دەکرێتەوە ئێران پاڵپشتی لە دەسەڵاتێکی نێزیک لە خۆی دەکات کە کاریگەریی بەسەر وڵاتدا هەبێ، بەڵام بەرێگەگرتن لە کۆتنرۆڵی دەرچوونی گرووپە شیعەکانی جێگەی باسن درێژە بەپێوەندیی خۆی دەدات لەگەڵ گرووپە شیعەکانی تر، لەبەرئەوە خاوەن سیاسەتێکە لە نێوان پێکهاتەی فیدراڵ و پێکهاتەی مەرکەزیدا دێت و دەچێ. ئێران خاوەن بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروست نییە کە بەپێڕەوکردنی چ جۆرە سیاسەتێک دەتوانێت هێز و دەسەڵاتی خۆی لەسەر عێراق زیاد بکات، لەبەر ئەمەش سیاسەتی ئێران لە بەرامبەر عێراق دوو لایەنەیە. لەلایەک دەیەوێ شیعەکان لەسەر پێکهاتەی ئابووری، سیاسی، ئاسایش و کارگێڕی عێراق ڕۆڵێکی دەستنیشانکراویان هەبێ، لەلایەکی تر بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتێکی شیعە کە مەترسی بخاتە سەر هەبوونی خۆی دەیەوێ شیعەکان لە نێو خۆیاندا پارچەبوونێکی سیاسی بژین. بەڵام کە پێویستیشی کرد ڕاستەوخۆ دەست لە کاروبارەکان وەربدا.

لە شەڕی جیهانی دووەمەوە عێراق هەوڵی داوە ڕێگربێت لە بەردەم بوونی ئێران بە هێزێکی کاریگەر لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا و کاتێکیش کە ئێران لەنێو خۆیدا بەرەو گۆڕینی ڕێژیم ڕۆیشت وڵاتێک بوو هەوڵی دا ئەو خاکانەی سەرچاوەی پیترۆڵن داگیریان بکات. دوای قۆناخی دامەزراندنی ڕێژیمی بەعس لە ١٩٦٨ بۆ هەردەم عێراق یەکێک بووە لەو وڵاتانەی کە مەترسیی بۆ سەر ئێران هەبووە، لەبەرئەوە ئێران هەوڵ دەدا ڕێگە لە دروستبوونی پێگەیەکی سیاسی و سەربازی عێراق بگرێ کە بۆ جارێکی تر مەترسی بێت بۆ سەر ئێران. بۆ ئەم مەبەستەش دەستپێشخەری پێویست دەکات بۆ سنووردارکردنی کورد و سوننە لە عێراق و هەوڵ دەدا لەپێناو جێبەجێکردنی باڵادەستبوونی شیعەکان لە دامەزراندنی ڕێژیمدا. هەر کە عێراق پێوەندی خۆی لەگەڵ ئێران فراوان دەکات، تاران قۆناخ بەقۆناخ زیاتر هەوڵی بوون بەهێزێکی کاریگەر لەسەر وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە دەدا.

لەلایەکی تر تورکیا لە دوای قۆناخی شەڕی ٢٠٠٣ یەکەتیی خاکی عێراق و پاراستنی پێکهاتەی مەرکەزی وەک سیاسەتێک بەبنەما گرتووە. بەڵام کە شیعەکان لەسەر پێکهاتەی مەرکەزی زیاتر کاریگەر بوون، بەردەوامکردنی ئەم سیاسەتەی تورکیا تەواوی عێراق و پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتەکانی تری ناوچەکە خستووەتە نێو زەحمەتییەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق شک و گومانی وڵاتانی عەرەب سوننە زیاتر بووە. ئەم گومانانەش وای کردووە تورکیا زیاتر ئاکتیڤانە هەڵسوڕێت لە عێراقدا. بێگومان پێکەوە هەڵسوڕانی عێراق لەگەڵ ئێران لە ناوچەکەدا بەگوێرەی بەرژەوەندی تورکیا نییە.

ئێران بۆ ئەوەی کاریگەریی تورکیا لە هەرێمەکە کەم بکاتەوە، کەوتنە نێو هاوکاری لەگەڵ ئەرمەنییەکان سەرنجڕاکێشە. ئەگەرێکی زۆری هەیە کە ئێران عێراق بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و هەنگاو بنێ بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا سنووردار بکا. بۆ ئەوەی زیاتر تێ بگەین لە کێبڕکێی تایبەت بەعێراق کە لە نێوان تورکیا و ئێران لە ئارادایە، بەبیرهێنانەوەی تێکۆشانی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان بەسوود دەبێ.

تورکیا تاکە وڵاتە کە دەتوانێ هاوسەنگی ئێران ڕابگرێ لە ناوچەکەدا. لەلایەنی سەربازی، ئابووری و لە ڕووی کاریگەرییەوە لە ناوچەکەدا هیچ وڵاتێکی تر بەدی ناکرێ کە کاریگەریی ئێران لەسەر عێراق لابەرێ. لەم واتایەدا ئەو پێوەندییەی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا پێشی خستووە ئێران و دەسەڵاتی شیعەکان ناڕەحەت دەکات. لەبەر ئەمەش کاردانەوەی توندیان هەبووە لە بەرامبەر دیدارەکانی تورکیا لەگەڵ عەرەبی سوننە. ئامانجی سیاسەتەکانی حکوومەتی عێراق سنووردارکردنی کاریگەریی تورکیایە لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراق و بەرەنگاربوونەوەیە لە بەرامبەر بەهێزبوونی پێگەی سیاسی سوننەکان لەنێو سیستەمدا.

هەرچی سنووردارکردنەوەی تورکیایە لە وڵاتە عەرەبییە سوننەکان زیاتر لە بەرژەوەندیی عەرەبی شیعەدایە کە خوازیارە هاوشانی ئێران و عێراق تەڤ بگەرێت. بۆ ئەوەی تورکیا کاریگەری خۆی لەسەر عێراق فراوان بکا، سەرەتا پێویستە گرووپە سوننەکان لەژێر چەترێکی هاوبەشدا یەک بخات و پێشخستنی هاوکاری لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی کورد لە عێراق دەکەوێتە ڕۆژەڤ. بەڵام لەم خاڵەشدا هەبوونی کێشەی کورد لەوانەیە سۆنگەیەک بێ بۆ لاوازکردنی تواناکاری جموجۆڵەکانی تورکیا لە عێراق.

## ستراتیجییەتی فراوانکردنی کاریگەرییەکانی تورکیا لە عێراق دوای قۆناخی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

تورکیا بۆ کەمکردنەوەی شیمانەی هاتنە مەیدانی نائارامی لە دوای قۆناخی داگیرکاری ئەمەریکا بۆ کەمترین ئاست و بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا لەلایەنی ئابووری و سیاسییەوە ببێ بەخاوەن هێزێکی کاریگەر، سەبارەت بەعێراق لەوانەیە پێڕەوکردنی سیاسەت و هەوڵێکی سێ لایەنە بێتە ڕۆژەڤ. ئامانجی سەرەکی هەوڵە سێ لایەنەکەی جێگەی باسە سیاسەتی بوون بەهێزێکی کاریگەر لەسەر یەکەم سوننە، دووەم کورد و سێیەمیشیان شیعە لەخۆ دەگرێ.

لەگەڵ ئەمەشدا هاوشانی کەمکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبینین تورکیا بۆ پڕکردنەوەی شیمانەی هاتنە ئارای بۆشاییی دەسەڵات سەبارەت بەکەمکردنەوە و تێپەڕکردنی مەترسییەکانی نائارامی لە مێژووی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ سیاسەتێکی ئاکتیڤتری سەبارەت بەعێراق پێڕەو کرد. لە ڕەوشێکی پێچەوانەدا لە بەرامبەر وەرچەرخانی عێراق بۆ دەوڵەتێکی شیعە لەلایەن ئێرانەوە یان پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی وا بەستە لەلایەن ئێران،

ناچار دەبێ وەک تەماشاکەرێک بمێنێ و چاوپۆشی بکا لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی سوننە لە ناوچەکە لەسەر دەستی وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە (بۆ نموونە ڕووسیا یان چین) و دەبێ ناچارانە لە بەرامبەر ئەو نائارامییە مەزنەی کە لە عێراقەوە سەرچاوە دەگرێ بەتەنیا تێ بکۆشێ.

ئەگەر بێینە سەر باسی کرانەوە سێ لایەنەکیی تورکیا سەرەتا بەشداری پێکردنی سوننەکانە بۆ پرۆسەی سیاسی، لەم لایەنەوە هەوڵی زۆر ڕژد دراوە و لە هەندێک لایەندا سەرکەوتن بەدەست هێنراوە.

بانگهێشتکردنی سەرکردە سوننەکان بۆ تورکیا و ئامۆژگاریکردنیان بۆ بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان و هاوکاریکردنیان گرینگ بووە. بەهەوڵەکانی تورکیا لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ نوێنەری پارتەکانی عەرەبی سوننە و باڵوێزی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەغدا لە تورکیا چاوپێکەوتنێکیان ئەنجام دا. دیداری نێوان لایەنەکان وەک هەنگاوێکی گرینگ پەسند دەکرێ لەمەڕ بەشداریکردنی عەرەبە سوننەکان لە پرۆسەی سیاسی. تورکیا تاکە وڵاتە کە کۆنسڵگەکەی لە شاری مووسڵ خرمەتگوزاری پێشکێش دەکات.

هاوکات یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ڕێزی پێشەوە دێت کە توانی بەشداری بەساڵح موتڵەگی سەرۆکی نەتەوەپەرستی سوننەی عێراق بکا لە هەڵبژاردنەکاندا. تورکیا وێڕای موتڵەگ پێوەندیی خۆی لەگەڵ پارتە سوننە گرینگەکانی عێراق وەک ئوسامە تکریتی سەرۆکی حزبی ئیسلامی و تارق هاشمی یاریدەدەری سەرکۆمار بەردەوام دەکات.

جیا لەمە تورکیا بەمەبەستی بەشداریکردن لە پرۆسەی سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی هەموو گرووپە سوننەکان بەتایبەتی ئامادەبوونی لە لێکخڕبوونەوە و دیداری بەڕێوەبەرایەتیی ئەمەریکا لەگەڵ بەرهەڵستکارە عێراقییە سوننەکان ڕۆڵی کلیلی گێڕاوە. لەو دیدارە نهێنییەی لە بەهاری ٢٠٠٩ لە نێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و گرووپە سوننەکان ئەنجام درا، تورکیا ڕۆڵی نێوبژیوانی گێڕاوە. لەو داخوییانییەی عەلی جبوری سکرتێری گشتی کۆنسەی سیاسی بەرهەڵستکاری عێراق بۆ کەناڵی ئەلجزیرە گوتی دیدارەکان لە مانگی ئادار و مایسی ٢٠٠٩ ئەنجام دراوە.

دوای ئەو دیدارانەی کە تورکیا ناوبژیوانی کرد ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەبارەی ناسینی بەرهەڵستکاری عێراق لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نێوان لایەنەکان ئیمزا کراوە. لەبەرئەوە لە مێژووی ٢٠٠٩ بەمەبەستی بەشداری پێکردنی هەموو گرووپە سوننەکان لە پرۆسەی سیاسی کۆمەڵێک دەستپێشخەری گرینگ ئەنجام دراوە.

لەلایەکی تر بۆ ئەوەی تورکیا زیاتر ئاکتیڤ بێ لە سیاسەتی عێراق، دەبینرێ کە چاوی خشاندووەتەوە بەپێوەندیی خۆی لەگەڵ کورد. لەم چوارچێوەیەدا کۆسپی سەرەکی لە بەردەم پێوەندییەکان دانان بەدەستکەوتەکانی کورد و هاوکاربوونیەتی لە پاراستنیدا. تورکیا هەر لە

سـەرەتای داگـیـرکـردنی عـێـراق بۆ ئەوەی هـەرێمی کـورد لەلایەنی ئابوورییـەوە بیگەیەنێ بەپێکهاتەیەکی جێگیر ڕۆڵێکی ژیانی گێڕاوە. بەڵام لە خاڵی پێوەندی سیاسی لە ئاستێکی فەرمیدا لەگەڵ هەرێمی کورد خاوەنی کۆمەڵێک شک و گومانی بەجێ بووە. بەڵام کاتێک کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق کەوتە ڕۆژەڤ سەبارەت بەوەی عێراق دەبێ بەوڵاتێکی چۆن، ناچاربوونی پێڕەوکردنی سیاسـەتێکی ئاکتیڤتری لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەهۆی فاکتەری ئێرانەوە دروستکردنی کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر شیعەکان بەڕاست نەزانراوە. جیا لەمەش مەحاڵ بوو لە ڕێگەی گرووپە سوننەکانەوە سیاسـەتی ناوەخۆ و دەرەوەی عێراق ئاراستە بکرێت.

لەبەرئەوە پێشخستنی پێوەندی لەگەڵ کوردەکانی عێراق شێوەیەکی گرینگتری بەخۆیەوە گرت. بێگومان لە مێژووی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ دا تورکیا لە هێڵی هەولێرەوە بووە خاوەنی پێشکەوتنی گرینگ. لەگەڵ سەردانەکانی موراد ئۆزچەلیک نوێنەری تایبەتیی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە بۆ هەولێر و و بەشداربوونی حوسێن عەونی بوتساڵ سەرکۆنسڵی تورکیا لە مووسڵ و ٦ ئەندام پەرلەمانی تورکیا لەو مەراسیمەی بۆ کردنەوەی کۆلێجی ئیشق ئەنجام درا و ناردنی پەیام لەلایەن عـەلی باباجـان وەزیری دەرەوە و گـەیاندنی ئەو پیـتـرۆڵانەی لە ناوچەکـانی ژێر دەسـەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی هەرێم دەردەهێنرێ لە ڕێگەی هێڵی بۆڕی پیترۆڵی کەرکووک – جیهان بەبازاڕی نێودەوڵەتی و دامەزراندنی باڵێکی ئەنجوومەنی خوارو و لە هەولێر لەو میکانیزمە سێ قۆڵییەی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراقدا ساز کراوە، هەرە دواییش لە تەمووزی ٢٠٠٩دا بەبەشـداربوونی ڕاسـتـەوخـۆی تورکیـا وەک چاودێرێک لە ڕێکخـستنی ئەنجوومـەنی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمی کورد ڕێک خرا، ئەوە نیشان دەدا کە ئەنقەرە شک و گومانەکانی لەمەڕ بابەتی دانپیانانی پێگەی هەولێر بەلاوە ناوە. جیا لەمەش ئەو هاوپەیمانییە ستراتیجییەی لە ئاستی باڵای ئەنجوومەن لە نێوان تورکیا و عێراقدا ئیمزا کرا، تێیدا دەستنیشان کراوە کە ئەنقەرە هاوکاری پاراستنی عێراقی فیدراڵ دەکات.

هەرچی سێیەم کرانەوەی تورکیایە لە بەرامبەر شیمانەی هەوڵە چاوەڕواننەکراوەکانی ئێران و شیعەکانی عێراق، پاراستنی سیاسەتی هاوکاری و میکانیزمەکانییەتی. لەم چوارچێوەیەدا بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ گرووپە شیعەکانی عێراق هەنگاوی گرینگی ناوە و بەردەوامیش دەبێ. ئەو دیدارانەی لەنێو ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩دا وێڕای مالکی سەرۆک وەزیران لەگەڵ عەمار ئەلحەکیم یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق و موقتەدا ئەلسەدر کە یەکێکە لە کەسایەتییە گرینگەکانی بەرهەڵستکاری شیعەی دژبەری ئەمەریکا و سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق ئیحسان ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی بزووتنەوەی میللی دا ئەنجام دران تا بڵێی گرینگن.

وێڕای هەموو ئەمانە کردنەوەی کۆنسڵخانەیەکی تورکیا لە بەسرا هەنگاوێکی ستراتیجییە.

کاریگەرییەکی زۆر گرینگی سیاسی بەڕێوەبەرایەتیی تاران لە بەسرادا هەیە کە لە دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا و ئێران تورکیاش کۆنسوڵخانەی خۆی تێدا کردووەتەوە. بێگومان هەر دەستبەجێ کردنەوەی کۆنسوڵخانە لە بەسرا هەوڵە گرینگەکانی کەوتنە نێو پێوەندی و هاوکارییەکی ڕاستەوخۆی تورکیا لەگەڵ گرووپە شیعەکان دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە.

## بەرەنجام

لە قۆناخی دوای ٢٠٠٣ ئەو نادیارییەی لە پێوەندیی نێوان تورکیا ـ عێراق ژیان کرا، لەگەڵ هاتنە ڕۆژەڤی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق وا دیار دەبوو کە جێگەکەی بۆ هاوپەیمانییەک لە ئاستی باڵا بەجێ هێشتووە.

بێگومان ئەگەر بڕوانینە سەردانەکی داودئۆغڵو و ئەو هاوپەیمانییە ستراتیجییەی لە ئاستێکی باڵادا ئەنجام دراوە، بەدەستخستنی ئاستی پێوەندییەکی جیاوازی لە نێوان تورکیا – عێراقدا بەئامانج گرتووە. دەتوانین بڵێین بەباشی لە پێوەندیی داهاتووی نێوان تورکیا – عێراق تێ دەگەین. وەک دەزانرێ ئەو قۆناخەی بەسەردانەکەی عەبدوڵا گولی سەرکۆمار بۆ عێراق دەستی پێ کرد و لە دوای ئەویش بەردەوامکردنی قۆناخەکە بەسەردانە دوولایەنییەکانی جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق و ڕەجەب تایب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران و نووری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، گەیشتە ئەو ئاستەی لە تەمووزی ٢٠٠٨ بگەنە بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانی ستراتیجی لە نێوان هەردوو وڵاتدا. بەگوێرەی داودئۆغڵوی وەزیری دەرەوە، تورکیا لە پێوەندی خۆی لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتیش لەگەڵ کورددا چوار پرەنسیپی سەرەکیی هەیە.

ئەمانەش هەرێمی ئاسایشی هاوبەش، دیالۆگی سیاسی لە ئاستی باڵا، پێوەستبوونی دوولایەنەی ئابووری و پێکەوە ژیانە لە زەوینەیەکی کولتووری هاوبەشدا. لەم چوارچێوەیەدا داودئۆغڵو بەراشکاوانە ئاماژەی بەوە داوە مۆدیلی ئەو شەراکەتییەی لەگەڵ عێراقدا پێش خراوە ئامانج لێی هەم یەکانگیربوونی وڵاتان و هەمیش یەکانگیربوونی کۆمەڵگەکانە. وەک لە سەردان و ڕوونکردنەوەکانی داودئۆغڵودا بەدیار دەکەوێ تورکیا هەم لەلایەنی ئابووری و سیاسی، هەم بۆ تێپەڕکردنی ئەو مەترسییانەی کە بۆی دەچوو بەتایبەتیش بۆ کەمکردنەوەی ئاستی شیمانەی ئەو نائارامییەی کە لە عێراقەوە سەرچاوە بگرێ بەرامبەر وڵاتانی عەرەبی سوننە، سەبارەت بەداهاتووی عێراق سیاسەتێکی ئاکتیڤتر پێڕەو دەکات. لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین سیاسەتەکانی تورکیا کە جێگەی باسن بۆ کەمکردنەوەی ڕەوتە ڕادیکاڵەکانە و بەهۆی هەڕەشەکانی ئێرانیشەوە پاڵپشتیکردنی وڵاتانی عەرەبی میانڕۆ لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکەتیی ئەورووپا شیمانەیەکی زۆر بەهێزە.

# تورکمانستان

## وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست جەمسەری گاز و شەڕەکان

## تورکمانستان نیگای وڵاتانی زلهێزەکانە

ئاریک فولات و کریستیان نیڤ

وڵاتانی زلهێزەکان کۆشش دەکەن زۆرترین دەسەڵات لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست پەیدا بکەن، تا بتوانن پێداویستییەکانی شەڕەکانی ئەفغانستان بەئاسانی و بەسەلامەتی بگەیەنن، هەروەها ئەوروپاییەکان مەبەستیان بوو بۆ دابینکردنی گازی سروشتیی رووسی پێگەیان لەو دەڤەرە هەبێت، بەڵام ئەو وڵاتانە هێشتا بۆیان نەکراوە بۆچوونەکانیان بۆ دوارۆژ ساز بکەن. سەرۆکی تورکمانستان سیاسەتوانە ڕوومەت پانەکە، ئەوەی ناوێکی زۆر زەحمەتی هەبوو، ئەو بووبووە کەسێکی زۆر گرینگی وڵاتەکە و ئاسیا و ناوەڕاستی ئاسیا و هەتا جیهانیش، بەپێی ئەو کتێبەی لە مانگی مەی بەناوی (کوڕەکە خەونی باپیرەکەی دێنێتە دی The Grandson Fulfills th Grandfather's Dream ئەو کتێبە لە قوتابخانەکان و لە زانکۆکان دابەش کرابوو، لەو کتێبەدا سەرۆکی تورکمانستان (گوربانگولی بردی محەمەدۆڤ) تەمەن پەنجا و سێ ساڵە، ئەوەی لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٦وە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، بەو شێوەیە لەو کتێبە سەرۆکەکە پێناسە کراوە:

(ئەو دەسەڵاتی لە خواوە وەرگرتووە، هیچ کێشە و ئاشووبەیەک لەبن دەستی ئەو دەربازی نابێت، هەموویان چارەسەر دەکات، نەک تەنیا دوکتۆرێکە و نەخۆشەکان چارە دەکات، ئەو کەسێکی مەزنە و هەموو ئەرکەکان دەخاتە سەرشانی خۆی، ئەو بەداهێنانەکانی هەموو لایەک سەرسام دەکات، بۆیەش هەموو سەرکەوتنەکان لەژێر فەرمانڕەواییی ئەو سەرۆکە پایەدارەمان دەبێت، هەموو جیهانیش ئەوانە هەست پێ دەکەن).

پایەتەختی ئەو وڵاتە ناوی عیشق ئابادە، ئەگەرچی ناوەکەی هەستی ناسکی شیعریی پێوەیە،

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

بەڵام شارەکە دوورە لە هەموو هێماکانی جوانی، لە کۆشکە بەرزە شووشەییەکان و تاوەرە نیشتەجێیە بڵندەکان هەتا لە پەرلەمانە سپییەکەش هەستی جوانییان تێدا بەدی ناکرێت. پایەتەختی تورکمانستان ئاوێتەیەکە لە وشکایی ئەندازیاریی سۆڤیەتی و ناشیرینەکانی چاولێکەری ڕۆئاوایی، کە داهێنانیان تێدا نییە، دوورە لە کولتوورە مەزنەکەی دوێنێ و داهاتوو گەشەکەی ئیمرۆیە ئەو شارە.

ئەو شارە وا ساز کراوە، کە لە سەردەمی ستالینەوە جەمسەری بۆ دارێژراوە و لە یاریگەیەک دەچێت، دیارە کەوا وڵاتەکەش بەدەستی سەرۆکێک بەڕێوە دەچێت گوایە هیچ هەڵەش ناکات. بەڵام تورکمانستان لەسەر دەستی محەمەدۆڤ کەمێک گەشەسەندنی بەخۆیەوە دیوە، کەمێک پیرۆزکردنی سەرۆک سووک کراوەتەوە، نەک وەک سەرۆکەکەی پێش ئەو سابیر موراد نیازۆڤ.

نیازۆڤ پاش ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت دووبارە دەبێتەوە سەرۆکی ئەو وڵاتە، ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کەوا ئەو باوکی هەموو تورکمانەکانە، هەتا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیکەری ڕێزگرتنەکانی لەناو گۆڕەپان و سەرشەقامەکان ماون.

کە ئەو سەرۆکی وڵات بوو، هاووڵاتییان بۆیان نەبوو پسوولەی لێخوڕین دەربهێنن ئەگەر ئاماژە بەقسە و فەرموودەکانی ئەو نەدەن، بەڵام ئەو سەرۆکەی ئێستا ئەو دیاردەیەی کەم کردووەتەوە، چونکە دیارە کەوا ئەفیش و پۆستەرەکانی سەر دیوارەکانی کەم کردووەتەوە و ناوی کەمتر دەگوترێتەوە و وێنەکانی کەم هەڵدەواسرێن.

ناوی وڵاتی تورکمانستان لە ئاماژەی گەشەسەندنی مرۆیی تایبەت بەنەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوەندی خوارەوە هاتووە و پلەکەی ژمارە ١٧١ لە ١٨٣ ناوی وڵاتەکان، کە لەلایەن ئاماژەی ئازادیی ئابووریی ڕێکخراوی هیریتدگەوە دەرچووە. سەرۆک بردی محەمەد دوکتۆری ددان بووە و پێشتر وەزیری تەندروستی وڵات بووە، ئینجا ئەو دوکتۆرە سەرۆکایەتیی وڵاتێک دەکات، کە بەپێی پێناسە و دان پێدانانی ڕێکخراوی دوکتۆرانی بێ سنوور سیستەمی تەندروستیی وڵاتەکەیان لەناو سیستەمە خراپەکانی جیهانە. ڕێکخراوی لێبووردنی دەولیی گشتیش وا دەزانێت کەوا ئەو وڵاتە ئەندامە نەیارەکانی دەسەڵاتەکەی خۆی دەچەوسێنێتەوە و ئازادییەکان بەرتەسکن.

کەواتە مەسەلەی عیشق ئاباد و سەرکردایەتیی توندکارەکەی دەوڵەت، با جێگای دڵەڕاوکێ نەبن، چونکە وڵاتێکی وەک تورکمانستان کە ڕووبەرەکەی سێ بەشی ڕووبەری وڵاتی ئەڵمانیایە و سەرژمێرییەکەی تەنیا پێنج ملیۆنە، ئەوەش دەبێتە کۆمارێکی (مۆز) و پێویست ناکات ئەوروپا بەوە بژاکێن و بە سووکی تەماشای بکەن. دیارە کەوا جیهانەکەی بردی محەمەدۆڤ لەسەر گەنجینەیەک لە گازی سروشتییە، بەپێی مەزندەکان کەوا ئەو وڵاتە چوارەم وڵاتی جیهانە کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە، دەکرێ ببێتە وڵاتێکی گرینگ و بایەخداری هەناردنی گازی گرانبەها.

## هێڵەکانی گاز و پێگە سەربازییەکان

تورکمانستان لەو پێنج وڵاتەی سەر لێواری دەریای قەزوین و هەتا زنجیرە چیاکانی بامیر سەرژمێری کەمترە، لەوانەی کە لەناو سنووری یەکەتیی سۆڤیەتدا بوون، لەو وڵاتەوە دیارە کەوا ئەویان نموونەیەکی دیاری لە سیاسەتی ئاسیای ناوەڕاستدا نەگێڕاوە و ڕۆڵی لە سیاسەتی دنیادا نەبووە. کە لوولەکانی گازی نێوان تورکمانستان و کازاخستان و ئۆزبکستان سازکرا، ئەوە ئەو ناوچەیە دەبێتە جەمسەری سەرەکیی دابینکردنی وزە بۆ ئەورووپا و چین و هیند، دیارە کەوا ڕۆئاواش سوورە لەسەر ئەوەی ڕێگەکانی گەیاندنی موخەدەرات لە قرغیزستان و تاجیکستان بگرێت، هەروەها کاریش دەکات هەڵمەت و تەوژمەکانی توندکارە ئیسلامییەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە نەگاتە ئەورووپا. لە گەمەیەکی نوێ وەک لە سەردەمی سەدەی نۆزدەم زلهێزەکان کۆشش دەکەن بۆ بردنەوە و گرتنە دەست ڕێگە کۆنەکەی حەریر تا بەرژەوەندییە ستراتیجییەکان و بنکە سەربازییەکانیان بپارێزن.

ئەو پێنج وڵاتە لەسەر کێشەکانی سنوور و ئاو بەردەوام ناکۆکییان هەیە، بەڵام ئەو وڵاتانە لەوە لەیەک نزیکن کەوا سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکانیان وەک یەکە، سەرکردەکانیان بەزەبری ئاسن و زۆرداری وڵاتەکانیان بەڕێوە دەبەن، هەموویان بڕوایان بە پیرۆزکردن و گەورە سەیرکردنی سەرۆکەکانیان هەیە، ئازاشن لەوەی دوژمن بۆ یەکتری بدۆزنەوە و یەکتری لەلای وڵاتە زلهێزەکان تاوانبار بکەن و حەز بەشکانی بەرامبەرەکانیان دەکەن، سەرۆک بردی محەمەدۆڤ یەکێکە لەو سەرۆکانە و ئەو باشترین نموونەیە لەو سیاسەتە، بانگەشەی ئەوەش دەکات، کەوا ئەو کەسێکی کراوەیە و بە ڕووی هەموولایەک دەکرێتەوە و هەموو بوارە خێرخوازەکان بە هەند دەزانێت و ئامادەیە بۆ سوودی هەمەلایەنە کار بکات.

## گازی رووسی

کۆماری چینی میللی لەگەڵ عیشق ئاباد ڕێک کەوتوون کەوا دەوڵەتی تورکمانستان لە ماوەی چوار ساڵ چل ملیار مەتر چوارپاڵوو بداتە پەکین، هەروەها لەو چەند هەفتەی رابردووشدا ڕێک کەوتوون کەوا هێڵێکی گەورەی گەیاندنی گاز بەناو خاکی ئەفغانستانەوە بگاتە پاکستان و هیندیش، بەڵام ئەگەر رەوشی سیاسیی ناوچەکە ئارام نەبێتەوە، ئەوا ئەو ڕێککەوتنە هەر حوبری سەر کاغەز دەبێت و بەس. رەنگە لەو چەند مانگی داهاتووشدا دەست بکرێت بەجێبەجێکردنی هێڵی گازی نابۆکۆ. چەند کۆمپانیایەک بڕیارە کار لەو پرۆژەیە بکەن کە گاز بگەیەنێتە ناو ئەڵمانیا، لەوانە کۆمپانیای (ئار، دەبلیو، ئێ) ی ئەڵمانی کەوا بەشی ئەوان دەگاتە ١٦٪، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەڵمانی یوشکا فیشەر یەکێک بوو لە ڕاوێژکارەکانی ئەو پرۆژەیە.

ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی ئەورووپایی لە ساڵی ٢٠٠٢ هێڵی نابۆکۆیان ڕاگەیاندبوو، ناوەکەی لە

ئوپرای فردییەوە هاتبوو، کە کۆمپانیاکان یەکەم ئاهەنگیان لە ڤەیەنا ساز کردبوو، ئەو هێڵە لە ئەرزڕوومەوە لە تورکیا دەست پێ دەکات و خاکی بولگاریا و ڕۆمانیا و هەنگاریا دەبڕێت و لە بومگارتن لە نەمسا کۆتایی بەدرێژیی هێڵەکە دێت.

لە بەرنامەکە ئەوەش هەیە کەوا چەند هێڵی تری گەیاندن لە ئازربیجان و لە تورکمانستانەوە دەبێت بۆ ئەوەی گاز بگاتە نابوکۆی تورکیا، مەبەست لەوەش ئەوەیە چیی تر ئەوروپا کاریان بە گازەکەی رووسیا نەمێنێت، کە تاکە سەرچاوەی گازی ئەوروپایە. رەنگە ئەو هێڵە درێژییەکەی بگاتە سێ هەزار و سێ سەد کیلۆمەتر و لە ساڵی ٢٠١٢ دەست بکرێت بە ئیشکردن، پارەی ئەو پڕۆژەیەش دەگاتە نزیکەی ٩,٧ ملیار یورۆ.

ئەو پرۆژەیە ئەگەر هەموو پێویستییەکانی ئەوروپا لە گاز دابین نەکات سوودی نابێت، رەنگە ئازربیجانیش لەو پرۆژەیە بەشداری بکات و ببێتە یەکێک لەو وڵاتانەی گازی خۆی بەو هێڵە رەوانە بکات، سەرەتا تەنیا هەشت ملیار مەتر شەشپاڵوو ساڵانە رەوانە دەکات، سەبارەت بە تورکمانستانیش بڕیارە دە ملیار مەتر شەشپاڵوو دابین بکات. ئاخۆ عیشق ئاباد ئیلتزام بەو رێککەوتنە دەکات؟

بەراستی مەبەستیەتی؟

لە بەرامبەر ئەوە چەی وەردەگرێت؟

چەند مانگێکە لە مەیدانی جیهانی گەمەیەکی پێشبڕکێ سەبارەت بەو هێڵانە قسە و دانوستاندنی گەرمە بۆ گەیاندنی ئەو هێڵە و تەواوکردنی بەمەرجێک سوود بۆ هەموولایەک بداتەوە، هەمووش رۆڵیان هەیە و دەیانەوێ فاکتەری سەرەکی بن، لەوانە بردی محەمەدۆڤیش.

***

لە کۆنگرەیەکی لووتکەیی دەولی کە لە نێوان ئەو وڵاتانەی تورکی زمانن لە مانگی سێپتەمبەر ساز کردبوو، لەوێ محەمەدۆڤ، ئاماژەی بەوە دابوو کەوا تورکمانستان پاش گەورەکردن و فراوانکردنی کێڵگەکانی یولاتان و یاشلار، دەتوانن بە هەموو لوولەکانی ئەو هێڵە ئەوەندە گاز بەرهەم بهێنن بەشی چین و ئەوروپای ڕۆئاواش بکات، دیارە کەوا ئەو قسەیەش هەڵوێستە و رامانی لەلایەن پسپۆڕانەوە دەوێت.

دەوڵەتی تورکمانستان هەتا ئێستا هیچ بۆندی ئیمزا نەکردووە، پەیڤداری کۆمپانیای ئار، دەبلیو ئێ وتبووی:

چاوەڕوانین لە کۆتاییی ئەمساڵ بتوانین مەسەلەی گواستنەوەی گاز بەهێڵەکانی نابوکۆ ڕوونتر بکەینەوە. بەڵام زۆر ئاساییە و سەرسامیی ناوێت بۆ سەرۆکێکی وەک محەمەدۆڤ کێ زۆرترین بواری بداتێ، ئەو لەگەڵ ئەوان بۆند ئیمزا بکات، بەوەش نابوکۆ لە گازەکە بێبەش دەکات. بۆیەش لەبەر ئەو فاکتەرە و لەبەر چەندان هۆکاری تریش رەنگە ئەو پرۆژەیە هەرەس بهێنێ و سەرنەگرێ.

لەبەر ڕەوشی باوی ئەو سەردەمە ڕەنگە ئاسایی نەبێت کەوا ئێران لەو پرۆژەیە بەشداری بکات، هێشتا وڵاتی ئازربیجانیش زۆر دڵنیایە دەتوانێت بەشداری بکات، چونکە زۆربەی کێڵگەکانی نزیک باکو لە دەریای قەزوین موڵکی ئێرانە.

## گەوهەری تاجی ئاسیای ناوەڕاست

دیارە کەوا ڕۆئاواش هەستی کردووە کەوا کێشە و تەنگژەی لەو ناوچەیە زۆرە، یەکێک لەوانە لە فڕگەی ماناس لە بشکیکی پایەتەختی قرغیزستان دیارە، کەوا لەو دواییەدا ڤالا دیارە، چونکە ئەو باڵەفڕانەی ئەو فڕگەیە بەکار دەهێنن کەمن، ئەوانەی لێرەن و سەفەر دەکەن زۆربەیان بەرەو مۆسکۆ دەچن، یان جلی تایبەتییان لەبەرە و دیارە ئەرکی ڕەسمییان هەیە. دیارە ئەوانەش دەستەیەکن لە سەربازە ئەمریکییەکان ئەوانەی وەک باڵی پشتیوانی و هاوکاریی هێزی ئاسمانی ٣٧٦ ن. ئەوان خەریکن دوازدە باڵەفڕەی باری ڕەنگ خۆڵەمێشی بار دەکەن، ئەو باڵەفڕانەش تایبەتن بە هێزی ئاسمانیی ئەمەریکایی و لەسەر شۆستەکانی فڕگەکە چاوەڕوانن.

واشنتۆن فڕگەی ماناس لە پایەتەختی بشکیک وەک جەمسەرێکی سەرەکی بۆ گەیاندنی پێویستییەکانی بۆ سەربازەکانی لە ئەفغانستان بەکار دەهێنێت، زۆربەی باڵەفڕەکانی لەو فڕگەیە سووتەمەنی وەردەگرن، وەک سەرکردەی سەربازییان (دوایت سونز) ناوی لەو فڕگەیە ناوە گەوهەری تاجی ئاسیای ناوەڕاست. ساڵانە ئەمەریکا شەست ملیۆن دۆلار لە بری کرێی فڕگەکە دەداتە حکوومەتی قرغیزستانی.

بینینم دەستەیەک لە پیاوانی رووسی دووانیان ئەفسەری پلەدار بوون لە سوپای رووسی، لەگەڵ چەند کەسێکی تر ئەوانیش رووسی بوون، لەناو پەنجەرە شووشەییەکەوە سەیری هەڵسوکەوتی سەربازە ئەمەریکاییەکانی ناو فڕگەکەیان دەکرد، کە بە جلی سەربازییەوە خەریکی خواردنەوەی کۆنیاک بوون، کە لە یەکێک لە بازاڕە ئازادەکانی فڕگەکە کڕیبوویان، دیاربوو چاوەڕوانی باڵەفڕەکەیان دەکرد کە بەرەو دووشنبەی تاجیکستانیان دەچوون، ماوەیەکی باش بوو لەوێ بوو چەند سەعاتێک دەبوو، چاوەڕوان بوون. هەردوو دەوڵەت رووسەکان و ئەمەریکاییەکان هێزی سەربازییان لە قرغیزستان هەیە، بنکە سەربازییە ئەمەریکاییەکە لە بشکیکی پایەتەختە و رووسەکانیش لەوان نزیکن، هەروەها مۆسکۆ بنکەیەکی تری سەربازیی لە تاجیکستانیش هەیە کە قەوارەی سەربازەکانی دەگاتە شەش هەزار سەرباز، بۆ گەیشتن بەو سەربازگەیە دەبێ بە بشکیک گوزەر بکەیت.

کە ئەمەریکا بڕیاری دابوو ئەفغانستان بکاتەوە مەیدانی سەرەکیی شەڕەکانی بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر، چەندان سوپاسالار و پیاوانی هەواڵگری لە هێزە گەورەکانی گەیشتنە ئاسیای ناوەڕاست. وڵاتانی ڕۆئاواش چاویان خستبووە سەر ڕێگەی باکور کە بەناو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست گوزەر دەکات بۆ گەیاندنی پێداویستییەکانی سەربازەکانیان لە ئەفغانستان، چونکە دەروازەی پاکستان

بۆ گەیشتن بە بنکەکانیان ئارام و ئاسان نەبوو، هەندێ لە وڵاتانی تریش بیریان لەوە دەکردە ئەگەر پەیمانی باکوری ئەتڵەسی هێزەکانیان بکێشنەوە و لە ئەفغانستان نەمێنن رەوشی ناوچەکە چارەنووسی دەگاتە کێندەرێ، بەوەش هەموو کارتە چالاکەکان تێکەڵ دەبنەوە، دیارە کەوا دەوڵەتی رووسیاش دەیەوێت رووبەری دەسەڵاتەکەی لە ئاسیای ناوەڕاست فراوان بکات، وەک تورکەکان و ئێرانییەکان و هیندییەکان و چینییەکانیش.

## خەڵاتەکەی تاجیک

لەبەرئەوەی وڵاتی تاجیکستان هاوسنووری وڵاتی ئەفغانستانە، بۆیە پاوەرە مەزنەکانی جیهان بە نیگای بایەخەوە سەیریان کردووە، ئەو وڵاتە گچکەیەی ئاسیای ناوەڕاست سەرژمێرییەکەی حەوت ملیۆن کەسە و بە زمانی فارسی قسە دەکەن، زۆربەیان سوننە مەزهەبن، لەو وڵاتەش لەلایەن سەرۆکێکی زۆردارەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت، کە ناوی (ئایمومالی رەحمانۆڤ)ە و تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵە، زووتر رەحمانۆڤ لە کارگەیەک کرێکاری کارەبا بووە و پاشان لە ئەستوولێکی سۆڤیەتی لەناو زەریای ئارام کاری بەردەستی کردووە، پاشان ئەو دەبێتە بەڕێوەبەری کێڵگەیەکی هەرەوەزی کشتوکاڵی.

رەحمانۆڤ کە لەلایەن هێزە ئیسلامییە توندڕۆکان دژایەتی دەکرێت، ئەو لە گەمەی سیاسی لێزانە، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ رووسەکان هەڤاڵبەندی هەبووە، بەڵام کە دەزانن ئاراستەیەکی تری لە سیاسەتدا هەبوو، لەو تووڕە دەبن. ئەو سەرۆکە کۆششکارە لەگەڵ رۆژئاوا پێوەندییەکانی باش و گەرم بکات، دیارە ئەوەش پێوەندیی بە کێشەی داراییەوە هەیە.

لەناو فرگەی دووشنبە یەکەیەکی سەربازیی فەرەنسایی بە قەوارەی دووسەد و چل سەرباز بوونیان هەیە، لەوێیەوە باڵەفرەکانیان بەرەو کابولی پایەتەختی ئەفغانستان دەفڕن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ مەشقکردنی سەربازە تاجیکییەکان بنکەیەکی مەشقی بۆ کردوونەتەوە، دەخوازێت پردێکی نوێی گەیاندن بە ئەفغانستان لەسەر سنوورەکەیان بکاتەوە. وڵاتی هیندیش بەچاوی بایەخەوە هاتووەتە ناو خەتەکەوە، وا خەریکن کۆنە سەربازگەیەکی سۆڤیەتی لە ناوچەی ئاژەنی لە رۆژئاوای دووشنبە ئاوا بکەنەوە. چاودێرەکان وا دەزانن کەوا نیودەلهی دەیەوێت بنکەیەکی سەربازی لەو دەڤەرەدا دامەزرێنێ، تا بە رووی کۆنە نەیارەکەی پاکستان ئامادەساز بێت. بەڵام لە هەموو وڵاتانی تر کە دەستیان لەو وڵاتەدا بەرز و کاریگەرە چین و ئێرانە، ئەو دوو وڵاتە پاوەری بەهێزیان هەیە، کۆشش دەکەن پلانی دوورمەبەست بۆ ئەو وڵاتە دابڕێژن.

سەرۆکی ئێرانی مەحموود ئەحمەدی نەژاد زوو زوو سەردانی دووشنبە دەکات، چونکە ئێران لە هەموولایەکەوە گەمارۆی لەسەرە، بۆیە پەنا بۆ ئەو وڵاتە دەبات، دەیەوێ پێوەندییەکانیان گەرم و ستراتیجانە بێت و بە پەرۆشەوە لە دۆستی نوێ دەگەڕێت. ئێران نێچیری خۆی لە ئاسیای

ناوەڕاست ڕاو کردووە، ئەو خۆی کردووەتە پشتیوانیی زۆر لەو وڵاتانەی فارسی زمانن، لەوانەی کە فارسی دەپەیڤن، ئێران، تاجیکستان، باکوری ئەفغانستان کە زۆربەیان بە ڕەگەز تاجیکن. نەژادی سەرۆکی ئێرانی وا دەزانێت کەوا ئەوان لەگەڵ تاجیکییەکان یەک میللەتن لەناو دوو دەوڵەتدا، بۆیەش داوای لە سەرۆکی تاجیکی ڕەحمانۆڤ و سەرۆکی ئەفغانی حامید کەرەزایی کردبوو، کۆشش بکەن بەیەکەوە و ریزەکانتان یەک بخەن بۆ دژایەتیکردنی هێزەکانی پەیمانی ناتۆ لە کیشوەری ئاسیادا. دیارە نزیکبوونەوەکەی نەژاد و کەرەزایی هاوسۆزییەکی پەیدا کردبوو، چونکە سەرۆکی ئەفغانی بۆ دوارۆژی پاش کشانەوەی هێزەکانی ناتۆ چاو لە هەڤاڵبەندیی نوێ دەگێڕێت. دیارە کەوا کەرەزایی دەیەوێ وەک ڕەحمانۆڤ بکات کەوا ڕێژیمەکەی بەبێ پشتیوانیی رووسەکان و ئەمەریکاییەکان قایم و سەنگین بکات.

## ڕێگایەکی نوێی حەریر

لەودەمانە ئێرانییەکان و تاجیکییەکان پازدە پرۆژەی هاوبەشیان بەیەکەوە هەیە، ئێرانییەکان بۆ گەیاندن و ئاسانکردنی ڕێگەی حەریرەکە لە تارانەوە بۆ چین، تونێلێکیان لە ڕێگەی ئەنزوب دروست کردووە، بەیەکەوەش ئەو دوو وڵاتە کار دەکەن هێڵی ئاسنیی شەمەندەفەر و هێڵەکانی کارەبا و گەیاندنی ئاسمانی لەو ناوچەیە ببەستنەوە. دیارە لەبەر گرینگیی ناوچەکەش، چینیش چاوی لە ناوچەکەیە، بۆیە لەگەڵ تاجیکییەکان پرۆژە و سەرمایەگوزاریی زۆر گەورەیان بەیەکەوە هەیە، پەکین وا خەریکە باشترین و گەورەترین هاوپشتی بازرگانی لەگەڵ دووشنبە ساز بکات، وەک ئێرانییەکان دەیەوێ ئێستگەیەکی کەهرەبائاوی بکاتەوە. دیارە کەوا لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کەوا وڵاتی چینی میللی لەو گەمەیەدا دەبێتە لایەنی براوەی یەکەم لە ناوچەکەدا، پەکین ئیش لەسەر وروژاندنی ناکۆکییە مەزهەبییەکان ناکات، وەک ئێرانییە شیعەکان ناکات، هەروەها چینییەکان گەمە و فێڵی سەربازی و سیاسییش ناکەن، ئەوەش بەپێچەوانەی بەرنامە و کارنامەی رووسەکانە، چینییەکان دوو مەبەستیان لەو پێوەندی و نزیکبونەوەیەدا هەیە، ئەویش بازرگانی و دەسکەوتی خامەکانە.

## بینینی چینییەکان بۆ ئاسیای ناوەڕاست

سەرۆکە زۆردارەکانی ناوچەکە دۆستایەتیی چینیان پێ خۆشترە، وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بڕوایان بەموجاهیدینە موسڵمانەکان نییە. چینییەکان توانییان کۆنترۆڵی ناوچەی شنگیانگ بکەن، ئەو ناوچەیەی کە زۆرینەی موسڵمانن و نیازی ئاژاوە و سەرهەڵدانیان هەبوو، بەڵام ئەوان و ئەوانەی لەسەر سنووره دەوڵەتی تورکمانستانن، کە لەگەڵ دراوسێیەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاوکارییان هەیە، بەڵام چین ئەو مەسەلەیەی حەل کردووە، بۆیەش چین هاوکار بووە لە دامەزراندنی ڕێکخراوی شەنگهای هاوکاری، کە بەیەکەوە هەڤاڵبەندییەکیان ساز کردووە بۆ

پێکهێنانی دەستەیەکی زۆر بەهێز. ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای لە ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە، کە تێدا وڵاتی چین و ڕووسیا و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بێجگە لە تورکمانستان ئەوانیش وەک مێوان ئەندامن، هەروەها وڵاتانی وەک ئێران و مەنگۆلیا و هیند و پاکستانیش وەک چاودێر هاوکاری ئەو ڕێکخراوەن. یەکەتی وڵاتانی باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا و ئەفغانستانیش ئەو کۆنگرەیە بەبایەخەوە دەزانن و نوێنەریان لە کۆنگرەکانی ڕێکخراوەکە ئامادە دەبن.

ڕەنگە وڵاتی چین تاکە وڵاتە رامانی دروستی لەسەر وڵاتانی ئەو ناوچەیە هەبێت، ڕێگە حەریرە نوێیەکە کە برێتییە لە لوولەکانی گاز، ڕێگە خێراکان کە لە جەرگەی کیشوەرەکە هەتا کەنارەکانی چین دەڕوات، هێڵە ئاسنییەکانی کە تاشقەند بە پەکین و لەوێشەوە بە بەرلین و بە پاریس دەبەستێتەوە. ئەو پرۆژەیە بۆ گەشەسەندنی ناوچەکە وەک پڕۆژەی The Last Frontier وایە، ئەوەی کۆمپانیای هێڵەکانی ئاسنی ئەمەریکایی Union Pacific Railroad جێبەجێیان کردبوو، بۆ کورتکردنەوەی نێوان ناوچەکانی ئەمەریکای باکور، بەڵام بێگومان ئەوەیان وەک بایەخ لە گەمەکە گەورەترە. هەموو گۆڕانەکان و بوونی بازاڕێکی گەرمی بازرگانی لەو ناوچەیە بەندە بە دواڕۆژی شەڕ و تەنگژەکانی ناو وڵاتی ئەفغانستان.

هەتا دەسەڵاتی تەواو لەناو ئەو وڵاتە نەچەسپێ و شەڕەکانی دژ بە تیرۆر تەواو نەبێت ناکرێ ڕەوشی ناوەخۆی ئەو وڵاتانەش کۆنترۆڵ بکرێت. ناکرێ لەو ناوچەیە وڵاتێک ئاشووبەی تێدا بێت، ئەوانی تر وەک چاودێر سەیری بکەن و بەس، چونکە ئاڵۆزییەکانی یەک وڵات بەرنامەی گەشەسەندنی ئەوانی تر شێلوو دەکات، هێشتا شەڕ و ململانێیەکانی نێوان ئۆزبەکستان و قرغیزستان لەسەر خاک و ئاو لە بەستی فرغانە دابەشکراو هەر ماوە. لەو ناوچەیەش ناکۆکییەکانی نێوان تاجیک و ئۆزبیک و قرغیز و کازاخیش هەیە. سەرۆکی کازاخستانی نوور سوڵتان نزاربایێڤ هەتا ئیمڕۆش سەرۆکی بەهێزی ناوچەکەیە و ئەو دەخوازێ ناکۆکییەکان و ئاشووبەکانی ناوچەکە چارەسەر بکات. لە سەردانەکەی سەرۆکی ڕووسی دیمتری میدفیدیڤ لە مانگی سێپتەمبەر بۆ کازاخستان کۆششکار بوو پڕۆژە مەزنەکەی سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەت نوێ بکەنەوە، ئەویش ناردنی ڕووبارەکانی سیبیریا بۆ ناو خاکی کازاخستان، بەوەش پاشکەوتی ئاوەکە تەواو دەبێت لە هەموو ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست، ڕەنگە ئەو پڕۆژەیەش هاندەر و فاکتەر بێت بۆ یەکگرتنەوەی میللەتەکانی ناوچەکە و پەیداکردنی ترووسکاییەک لە ڕووناکیی هیوا و ئارامی.

***

لەو بابەتە لە ڕۆژی ١٧ی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠١٠ لە ڕۆژنامەی ئەلجەریدەی کوێتی وەرگیراوە، کە لە کۆواری دیر شپیگل بڵاو کراوەتەوە.

# پێشکەوتنی ئابووریی مالیزیا
# لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە بۆ وڵاتێکی پیشەسازی

ئەلێکسا بۆسێل مان


**کورتەیەک**

لە پەرینەوەی مالیزیا لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە بۆ وڵاتێکی پیشەشازی، چەند بارێکی جیاواز ڕۆڵیان هەبووە. لە پێش هەموویانەوە، ئەم وڵاتە هەموو کاتێک خاوەنی کۆمەڵێک سامانی سروشتی دەوڵەمەند بووە. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کەشوهەوایەکی ئێجگار نایابە، کە باشترین یارمەتیدەرە، بۆ پێشکەوتنی بەروبوومی کشتوکاڵی. هەر بۆیە زۆر لە هێزە داگیرکەرەکان، چاوی تەماعیان لەم وڵاتە بووە، ویستوویانە بۆ خۆیانی داگیر بکەن. بەم شێوەیەش هێزی کۆلۆنیالیزم ئەم وڵاتەیان داگیر کرد. مالیزییەکان زۆر ئازاریان بەدەست داگیرکەری بێگانەوە کێشاوە. بەڵام پاشتر بەهۆی زیرەکی و توانای بەرزیان، کارکردنێکی جیدی و ئیرادەیەکی پتەوەوە، ئەم فاکتەرانە پێکەوە لەگەڵ بوونی سەرۆک وەزیرانێکی سەرکەوتووی وەکو مەهاتیر محەمەد (کە لە ساڵی ١٩٨١وە تا ٢٠٠٣ سەرۆک وەزیرانی مالیزیا بوو) کە هەتاوەکو ئەمڕۆش، بەهۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی مالیزیا دەژمێردرێ.


## سەربەخۆیبوون لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی ساڵی ١٩٥٧
## بەردەوامی کاریگەریی بەریتانیا هەتاوەکو ئەمڕۆش

لە ٣١ی ئۆگوستی ١٩٥٧دا یەکەتی مالیزیا (کە پێشتر برێتی بوو لە کۆمەڵێک فیدراسیۆنی جیاواز، بەڵام پاشتر لە ساڵی ١٩٦٥وە تەنیا ئەم سنوورەی ئەمڕۆی هەیە). {فیدڕاسیۆنی مالیزی برێتی بوو لە چوار وڵات. مالیزیا، سەنگافوور، ساراواک، سەباح. بەڵام پاشتر ئەم فیدراسیۆنە

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا



ئەما و هەریەکەیان بوونە وڵاتی سەربەخۆ... وەرگێر  لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لەژێر پەردەی -Com monwealth کۆمنوێڵز سەرەبەخۆیی وەرگرت-Commonwealth British Commonwealth of Na“ tionsڕێکخراوێکە لە ساڵی ١٩٤٧ دامەزراوە، ئەو دەوڵەتانە دەگرێتە خۆی، کە پێشتر کۆلۆنیایای بەریتانیا بوون... وەرگێر).

هەر لە ساڵی ١٧٨٦وە بەریتانیا ناوچەی Penang داگیردەکات. لە پاش ئەوە بە شێنەیی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ناوچەکانی سنووری مالیزیا دەسەپێنێ. سەرەتا بەریتانییەکان چاویان بڕییە بەرهەمهێنانی (مس). پاشان دەستیان کرد بە دروستکردنی کۆمەڵێک کێڵگەی دەستکرد، لەسەر شێوەی بەرازیلی بۆ ڕووەکی Kautschuk (ڕووەکێکە مادەی لاستیکی لێ دروست دەکرێ). پاش ئەوەی پیشەشازی ئۆتۆمۆبێل گەشەی سەند و پێداویستی بە لاستیک زۆر بوو، چونکە لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبێلدا بەکار دەهێنرا. ڕێژەی بەرهەمهێنانی لاستێک زۆر گەشەی سەند. هەر بۆیە پێویستی بە هێزی کاری بێگانە زۆر بوو، بۆ ئەوەی یارمەتی مالیزیاکان بدەن، لە کێڵگە و کارگەکاندا. بەم شێوەیەش کرێکارێکی زۆری چینی هێنران بۆ ئەوەی لە لەبەرهەمێنانی (مس) کار بکەن. هەروەها کرێکارێکی زۆری هیندی (بەتایبەت لە باشووری هیند، کە زۆربەیان سەر بەنەتەوەی تامیلن) هێنران تا لە کێڵگە دەستکردەکانی لاستیکدا Kautschuk کاریان پێ بکەن. ئەمڕۆ چینییەکان و تامیلییەکان، لەم وڵاتەدا دوو کەمەنەتەوەی گەورەن، دیارە ئەمانیش بەشدارییەکی گەورەیان لە بنیاتنانی پێشکەوتنی ئابووریی مالیزیا کردووە. بەریتانییەکان شێوازی کێڵگەی دروستکردنی لاستیکیان هێنایە مالیزیاوە، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش سوودی لێ وەردەگرن. ( Kautschuk و خورمای ڕۆنی). هەتاوەکو ئەمرۆش لە شێوەی کێڵگەی دەستکردا بەرهەم دەهێنرێ و بەیەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی مالیزیا دەژمێرێت، کە بۆ دەرەوەی وڵاتی دەنرێت. Kautschuk جۆەر دارێکە، کە مادەی لاستیکی تێدایە، بۆ بەرهەمهێنانی لاستیک بەکار دەهێنرێ. سەرەتا ئەم جۆرە دارە لە بەرازیل هەبوو، پاشان ئینگلیزەکان هێنایانە وڵاتی مالیزیاوە.

Palmoel خـورمـای ڕۆنی، جـۆره خـورمـایەکـە، کـە چەوری زۆری تێـدایە، ئـەم ڕووەکـە لە ڕۆئاوای ئەفریقیـا هـەبوو، پاشـان ئینگلیـزەکان هێنایان بۆ مـالیزیا. ئەم خورمـایە بۆ دروسـتکردنی ڕۆنی خواردن و دروستکردنی وزەی گەرما بەکار دێت. وەرگێر}

## سیستەمی خوێندن

هەروەها سیستەمی خـوێندن و پەروەردەی ئەمڕۆشیان، هەمان سیستەمی بەریتـانییە، کە بەیەکێک لە سیستـەمە بەتوانا و باشـەکان دەژمێرێت. ڕێژەی خوێندەواری لەم وڵاتەدا دەگاتە نزیکەی ٨٧٪، بەڵام ئامـانجی سـەرەکـیـان ئەوەیە، کـە ئەم ڕێژەیە بۆ ١٠٠٪ بەرز بکەنـەوە. لە بواری خـوێندن و پەروەردەدا، مـالیزیا لەچاو دەوڵەتانی تری ناوچەکە، زۆرترین بودجەی بۆ ئەم بوارە داناوە. زمـانی ئینگلیزیش، بە دووەمین زمانی فەرمی وڵات دەژمێردرێت.

## سیستەمی سیاسی

لە ڕووی سیـستـەمی سـیاسـیـیـەوە، مـافی هەڵبـژاردنی گشـتی پەیڕەو دەکـەن (واتە سیـسـتـەمی دیموکـراسی، کـە باوەڕی بە هەڵبـژاردن هـەیە... وەرگـێـڕ) . ئەمـەش یەکـێکە لە دەسـتکەوتەکـانی پاشـمـاوەی بەریتـانییـەکان. بەڵام ڕەخنەگرانـی سیـاسـی ، ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە هـەمـوو کـاتێک پارتی UMNO مـەبەست پارتەکـەی سـەرۆک مـەهاتیـر مـوحـەمـەدە بەبێ نەیارە (پـارتی ڕکـەبەر) فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتە دەکات.

## کشتوکاڵ

تەنیـا لە ١٣٪ ی زەویی مالیـزیا (کە نزیکەی ٣٣٠هەزار کم چوارگۆشەیە) بۆ کشـتوکاڵ بـەکار دێ. کێڵگە دەسـتکردەکان ٣٥٪ ی زەویی کشتوکاڵییەکان داگیر دەکەن. بەڵام لە هـەمـان کاتیشدا، ٤٠٪ ی بەرهـەمی کشـتوکاڵی پێکدەهێنن. بەرهـەمە کشـتوکاڵییەکانی مالیزیا زیاتر لە چەند بەرهـەمێکی تایبـەتی پێک هـاتوون، لـە هـەمـان کـاتیـشـدا بەرهەمگەلێکن کـە لە بواری بـەرهـەمی کـشـتـوکـاڵی ئابووری بەکـار دێت. سێ یەکی ٣/١ ی هـەمـوو زەوییـە کـشـتـوکاڵیـیـەکـانی مـالیزیـا بۆ چاندن و بەرهـەمـهێنانی (Kautschuk , Palmoel داری خورمـای ڕۆنی و داری لاستیکە). بەکار دێت. ئەمڕۆ مالیزیا یەکەمین دەوڵەتە لە ڕووی بەرهـەمهێنانی (لاستیک، خورمای ڕۆنی، بیبەری توون). هـەروەها کۆمەڵێک بەرهـەمی تریش کە بۆ مەبەستی هـەناردە (Export) دەچێنرێن وەکو (کاکاو، ئەنەناس). لە هـەمـان کـاتیـشـدا لە بەرهـەمی مـیـوەهاتیش، ڕێژەیەکی باشی هەیە. لە بەرهـەمی جگەرە و چایشـدا ڕۆڵێکی بەرچـاویان هـەیە. سیـاسـەتی کشـتـوکـاڵی لە مـالیـزیا، لەسـەر دوو فـاکتـەری دوالیـزم (دژ بەیەک) دارێژراوە. لەلایەکەوە بەشـێوەیەکی ئێجگار گەورە، (ژێرخـان)ی گـەورە بۆ دروسـتکردنی کـێڵگە و کـۆمـپـانیـای گـەورەی کـشـتـوکاڵی دەبینین، لەلایەکی تریشـەوە وەرزێرە بچـووکەکـان و

کۆمپانیا خێزانییەکان دەبینین (مەبەستی لەو کۆمپانیا بچووکانەن، کە خاوەنەکانیان خێزانێکە، واتە کۆمپانیایەکی گەورە نییە، کە پشت بە بازاڕی بۆرسە و سەهم ببەستێ. بۆ نموونە بنەماڵەیەک خاوەنی کێڵگەی پەلەوەر، کارگەیەکی بچووکی شیرەمەنی، هتد... وەرگێڕ). کەرتی وەرزێرە بچووکەکان کە لەلایەن حکوومەتەوە پشتگیری دەکرێن، ئامانجی ئەوەیە، کە باری ئابووریی نەتەوەی مالایی باشتر بکا و پالانسێک لەگەڵ نەتەوەکانی تر دروست بکا. وەرزێرە بچووکەکان لەلایەن حکوومەتەوە قەرزیان پێ دەدرێ و هەروەها یارمەتیشیان دەدرێ، بۆ ئەوەی تەکنەلۆجیای مۆدێرن لە کشتوکاڵ بەکار بهێنن و سوودی لێ وەربگرن. ئەمڕۆ جووتیارانی مالیزیا لەناو دوو سەندیکای جووتیاری، خۆیان ئۆرگانیزە کردووە.

(جێگەی ئاماژەیە چینییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕووی ئابوورییەوە، بەشێکی زۆری داهاتی ئابووری ئەم وڵاتەیان لەژێر دەست بوو. کە ئەمەش یەکێک بوو لە پاشماوە خراپەکانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی، چونکە پێشتر ئینگلیزەکان هەموو داوودەزگای حکوومی و کەرتی ئابووریی ئەم وڵاتەیان دابووە دەستی چین و هیندییەکان. مالایەکانیش کە خەڵکی ئەسڵی وڵاتەکە بوون، لە هەموو ڕوویەکەوە پشتگوێ خرابوون. ئەمەش بووبووە هۆی دروستبوونی گرژی و کێشە لە نێوان چینییەکان و مالاوییەکاندا. ئەم سیاسەتەی حکوومەتیش، زیاتر بۆ باشکردن و پێکەوەژیانی نەتەوەکانی مالیزیایە. بۆ ئەوەی پالانسێک لە نێوان نەتەوەکاندا هەبێ و هیچ نەتەوەیەک خۆی بەکەمتر و مافخوراو نەزانێت... وەرگێر)

بەشێکی زۆری کێڵگە دەستکردەکان، هەوڵ دەدەن کە لە ڕووی بەرهەمەوە بابەتی هەمەجۆر بچێنن، بۆ ئەوەی خۆیان لە ڕووی تاکە بەرهەمییەوە ڕزگار بکەن و بشتوانن لە بازاڕەکاندا شوێنی خۆیان دیاری بکەن. بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دواییدا، سەرمایەگوزارییەکی باش لە کەرتی دارچاندن و بەرهەمی دار و تەختە کراوە، لەهەمانکاتیشدا حکوومەت ناردنەدەرەوەی زیاتر لە ١٦ جۆری دار قەدەخە کراوە.

## داری لاستیکی سروشتی Kautschuk

چاندنی داری لاستیکی سروشتی لە مالیزیا مێژوویەکی دێرینی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەد ساڵ پێش ئێستا. بەرهەمهێنان و گەشەسەندنی داری لاستیکی سروشتی، بەشێوەیەکی بەربڵاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش پاش ئەوەی کە پیشەسازی ئۆتۆمۆبێل پەرەی سەند و ئەم لاستیکەش لە دروستکردنی تایەی ئۆتۆمۆبێلدا بەکار دەهات. بەڵام ئەمڕۆ ئەم لاستیکە بۆ شتێکی تر بەکار دێت (بەتایبەت دوای دۆزینەوەی نەوت و گەشەسەندنی پیشەشازی پیترۆکیمیایی، ڕۆڵی ئەم لاستیکە کەم بوویەوە بەتایبەت

لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبێلدا... وەرگێر)، بۆ نموونە لە دروستکردنی دەستکێشی لاستیکی و کۆندۆم بەکاری دەهێنن. هەرچەندە ئەمڕۆ ئەم بەرهەمە کێشەی گەورەی هەیە، چونکە نرخەکەی لە بازاڕەکانی جیهاندا کەم بووەتەوە، لەبەرئەوە حکوومەت چەند سیاسەتێکی بۆ پارێزگاریکردنی ئەم بەرهەمەی دارِش توە، کە لەخزمەتی وەرزێرە بچووکەکاندایە.

## خورمای ڕۆنی Palmoil



داری خورمای ڕۆنی، کە ڕۆنی خورمای لێ بەرهەم دەهێنرێ، لە ڕووی ئابوورییەوە لە داری لاستیکی سروشتی بەهێزترە. هەروەک چۆن داری لاستیکی سروشتی (کە لە بەرازیلەوە هێنرایە مالیزیا)، دارخورمای ڕۆنیش پێشتر لە مالیزیا نەبوو، بگرە ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا. (جێگەی ئاماژەیە هەردوو دارەکە، خورمای ڕۆنی و لاستیکی سروشتی، ئینگلیزەکان هێنایان بۆ مالیزیا... وەرگێر). لە ساڵی ١٩٢٠وە لە مالیزیا لەشێوەی بەروبوومی کشتوکاڵی دەچێنرێ. بەڵام تەنیا لە ساڵی ١٩٦٠وە مالیزییەکان ڕۆڵی گرینگی ئەم دارەیان لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ دەرکەوت و گەشەیان پێ دا. ئەمڕۆ مالیزیا پێشەنگی بەرهەمهێنانی ئەم خورمایەیە لە دنیادا. ئەم ڕۆنەی کە لەم خورمایە دەردەهێنرێ، وەکو ڕۆنی ئاسایی " بۆ خواردن " بەکار دێت ، کە پاش ئەوەی لە کارگەی تایبەتییدا دروست دەکرێ. بەڵام ئەم ڕۆنە زیاتر لە پیشەشازی کۆسمۆتیک (جوانکاری) و پاککردنەوە و کیمیاگەریدا بەکار دێت. هەروەها وزەی سروشتیشی لێ دروست دەکرێ.




## سەرۆک وەزیران مەهاتیر بن محەمەد و " دیدگای ٢٠٢٠"

### سیاسەتی ئابووری مالیزیا هەتا ساڵی ١٩٨١



لە پاش ڕزگاربوونی مالیزیا لەژێر دەستی کۆلۆنیای بەریتانی ساڵی ١٩٥٧، هەوڵ درا بەردی بناخەیەکی سیاسی دابڕێژرێت، کە دەسەڵاتی سیاسەت و ئابووری مالیزیا لە یەکتری جودا بکرێتەوە و بەسەر نەتەوە جیاوازەکاندا بەیەکسانی دابەش بکرێ، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پێکەوە بەشداری لە ڕێگەی پێشکەوتنی وڵات بکەن. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەی شەڕ و کێشەی نێوان نەتەوەکان کەم بکاتەوە

و نەیهێڵێت. بەو شێوەیەی کە دابەش کرابوو، نەتەوەی "مالایی" دەسەڵاتی (سیاسی و حکومییان) گرتە دەست و ئاینی ئیسلام بوو بەئاینی دەوڵەتی مالیزیا. چینییەکانیش کە لە "٣٠٪" دانیشتوان پێک دەهێنن، کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری ئابووری و داهاتی مالیزیایان کردبوو. بەڵام ساڵی ١٩٦٩، شەڕێکی خوێناوی و ناوەخۆیی لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیە بەرپا بوو و خەڵکێکی زۆریش بوونە قوربانی.

ساڵی ١٩٧٠ حکومەت پرۆژەی " سیاسەتی نوێی ئابووری، کە بەNEP New Economic Policy ناسراوە" داڕشت. کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بەردەوام بێ. ئامانجی ئەم سیاسەتەش ئەوە بوو، کە گەلی مالایی، مافی زیاتر وەربگرێ و ڕۆڵی زیاتر لە کۆمەڵگەدا هەبێ. دیارە لەو کاتەدا ٣/١ مالاییەکان لە ژێر هێڵی هەژاریدا بوون و زۆربەی هەژارانی ئەم وڵاتەیان پێک دەهێنا. پاش بیست ساڵ ئەم سیاسەتە توانی چەند سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێ، بەڵام نەیتوانی هەموو ئامانج و چاوەڕوانییەکان لەم سیاسەتە بەدەست بهێنێ. بەڵام توانی ڕێژەی هەژاری کەم بکاتەوە و بەشێکی زۆری نەتەوەی مالاییش بەشدارییەکی باشی ژیانی ئابووریی ئەو وڵاتە بکەن.

## سەردەمی مەهاتیر بن محەمەد

لە ١٩٨١/٧/١٦وە دوکتۆر مەهاتیر بن محەمەد بوو بەسەرۆک وەزیران، پاش ئەوەش چوار جاری تر بۆ سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرایەوە. (ساڵی ١٩٨٦، ١٩٩٠، ١٩٩٤، دوایەمین جاریش ساڵی ١٩٩٩ هەڵبژێردرا).

ئەو لەسەر هەمان سیاسەتی پێشووی ( NEP New Economic Policy) بەردەوام بوو، کە پاشتر مالاییەکان توانییان بەشداری لە داهات و ژیانی ئابووریی مالیزی بکەن. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠وە، ڕێگە بەکەرتی تایبەتی درا، کە لەگەڵ کەرتی گشتی (حکومیدا) بەشداری ژیانی ئابووری وڵات بکا. لە ڕاستیشدا زۆر بە هێزەوە پێگەی خۆی سەپاند. ئەم سیاسەتە هاوشان بوو لەگەڵ، پرۆسێسێکی لیبراڵانەی سیاسەتی سەرمایەگوزاری، کە ئامانجی هێنان و نیشتەجێکردنی پیشەسازی بوو، بۆ ئەوەی هەناردەی (Export)ی مالیزی زیاد بکا. ئەمەش وای کرد، کە هەناردەی مالیزی پێشکەوتنێکی باش بەخۆیەوە ببینێت. جاران تەنیا کەرەستەی خاو هەناردەی مالیزی بوو، بۆ نموونە وەکو (نەوت، خورمای ڕۆنی، لاستیکی سروشتی، دار و تەختە، مس). بەڵام پاشتر توانییان شمەکی تر بنێرنە دەرەوە، بۆ نموونە وەکو (شمەکی ئەلکترۆنی، پیترۆکیمیاوی، جلوبەرگ، شمەکی ئاسنین " وەکو ئۆتۆمۆبێل، پاس، ماکینەی بچووک ").

لە ساڵی ١٩٩١یشەوە سیاسەتێکی نوێی تر داڕێژرا کە ناوی "New Development Policy (NDP),". بوو. ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتەش، گەشەپێدان و پێشکەوتنی باری خوێندەواری و پێگەیاندن و پەروەردەی مالاوییەکان بوو. "New Development Policy" (NDP), بەشێک بوو لە پلانێکی درێژخایەنی حکومەتی مەهاتیر بن موحەمەد، کە بە سیاسەتی "Perspektive 2000".

ناسـراوە. ئەم پلانـەش ئامـانجـێکی گـەورەی لە دواوەیە کـە ئەویش : سـاڵانە گـەشـەی ئابووری بەرێژەی ٧٪ بەردەوام بێ، کەمکردنـەوەی بێکاری و هەژاری. کاتێک سـەرۆک وەزیران مـەهاتیر بن مـحـەمـەد، ئاوڕێک بۆ سـاڵانی پێشـووتر بداتەوە، دەتوانـێ ئاسـوودە بێ. ئەمڕۆ ئابووری مـالیزیا لە باشـترین قـۆناخـی گەشـەسـەندن و پێشکەوتنیدایە، کە لەگـەڵ خۆیدا توانی پیشـەشـازی وڵات پێش بخـات و لە ئەنجامیشـدا خۆشگوزەرانـی لەگەڵ خـۆی بهێنێت. هێنـان و نیشـتەجێبـوونی کۆمـپانیـا بیـانییـەکان بۆ ناو وڵات، توانی هـەنگاوێکی خێراتر لە پرۆسـەی پێشکـەوتنی ئەم وڵاتە پێشکێش بکا.

### پلانی Vision 2020

تا سـاڵی ٢٠٢٠ بـەپێی پلانی (Vision 2020) دەبێ مـالیزیا، لـە وڵاتێکی تازەپێگەیشـتـووەوە بەرەو وڵاتێکی پیشـەشـازی بگـەیەنێ. مالیزیا دەبێ ببێتـە وڵاتێکی (مۆدێرن، پیشـەشـازی جیاواز، خاوەنی بەرزترین و پێشکـەوتووترین تەکنـەلۆجیـا و بەهێـزترین وڵاتـی هـەنارده (Exportland)ی باشـووری ڕۆهـەڵاتی ئاسـیـای لێ بێ). کـە بتـوانێ لـە ناوچەی (ئاسـیـا و پاسـیـفیـک)، لـەگـەڵ ژاپۆن ببـێتـە دەسـەڵاتێک و داینەمۆی ئەم ناوچەیە.

حکوومەتی مەهاتیر بن مـحەمەد، بەبێ ئۆپۆزسیۆن فەرمانڕەوایی دەکات: ئەو لەناو خەڵکیدا زۆر ناودار و خۆشـەویسـتە، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنە گـەورەکان لە بواری ئابووریدا. بەڵام لە هـەمـان کـاتیـشـدا خـەڵکانێکیش هـەن کـە لە زۆربووندان، سـیـاسـەتی ئۆتۆکـراتی و کـەسـایـەتی و قوتابخەنەکەی ئەو، ڕەت دەکەنەوە (ڕازی نابن). هەموو کاتێک بەڕاشکاوانە مەهاتییر بن محەمەد، لە بـەرامـبـەر وڵاتـانی ڕۆئاوا ڕەخنە دەگـرێ، بە چەوسـاندنەوە و تاڵانکردنی وڵاتـانی جـیـهـانی سـێـیـەمـیـان تاوانبـار دەکات، بەتایبـەت لەبارەی پیسـبـوونی ژینگەوە، زۆر بە توندی تاوانبـاریان دەکات. سـاڵی ٢٠٠٢ یادی هەشـتـا سـاڵەی لەدایکبـوونی کـردەوە و سـاڵی ٢٠٠٣ش بە یەکـجـاری وازی لە سەرۆک وەزیری هێنا و خۆی خانەنشین کرد. (ڕاستە لەو کاتەوە وازی لە سەرۆک وەزیری هانی، بەڵام لە بوارەکانی تردا زۆر ئەکتیڤە. جێگەی ئاماژەیە مـەهاتیـر بن مـحـەمـەد زۆر ڕەخنەی لەسـیاسـەتی ئەمـەریکا گرت بەتایبـەت لە سـەردەمی بوشـدا کاتێک عێراقی داگیر کرد. بەداخـەوە مـەهاتیـر بن مـحـەمـەد، لە ڕقـی ئەمـەریکا، زۆر پشـتگیری ڕژێمی سـەدامی کـرد، بـەتایبـەت کـاتێک سـەدام گیرا، یەکێک بوو لـەو لیژنەیەی، کە بۆ داکۆکیکردن لە سـەدام دانرابـوو. لە هـەمان کاتیـشدا زۆر سۆزی بۆ فـەڵەسـتینییەکان دەجوولێ، زۆر دژی جوولـەکە و ئیسـرائیلیشـە. بەڵام بەداخـەوە ئەم کابرایە زۆر دۆستی گەلی کورد نییە، بگرە زۆرجاریش دژیشمان بووە... وەرگێڕ)

## بازرگانی دەرەوەی مالیزیا

## گرینگترین بەرهەم و شەریکی بازرگانی

بازرگانی دەرەکی مالیزیا، ڕۆڵی گرینگی لە بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی مالیزیا دەگێڕێ. ئەم حاڵەتەش وای کردووە، کە مالیزیا ببێتە نەتەوەیەکی بازرگانیی سەربەخۆی دنیا. لە بەرامبەردا هەموو کاتێک سەرکردەکانی ئەم وڵاتە، دژی پرسی گلۆبالیزم، ئازادکردنی بازاڕەکانن، بەتایبەت بازاڕی دارایی (بۆرسە و بانک). ئەگەر سەیری بیست ساڵی پێشتر بکەین، دەبینین ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان، لە گەشەسەندن و پێشکەوتنێکی ئابووریدایە. لە ساڵی ١٩٧٠ مالیزیا، وڵاتێکی کشتوکاڵی و هەناردەی کەرەستەی خاو بوو، بەڵام ئەمڕۆ بەیەکێک لە بیست وڵاتە گەورەکەی دنیا دەژمێردرێ، کە لە بازرگانی دنیادا پێگەی خۆیان هەیە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ تا ١٩٩٧، داهاتی تاکەکەسی، زیاتر لە دوو ئەوەندە زیادی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٠وە، ئابووریی ئەم وڵاتە لە گەشەسەندنێکی بەردەوامی باشدایە. ئەمڕۆ مالیزیا لە پێشەنگی ئەو وڵاتانە دەژمێردرێ، کە زۆرترین هەناردەی شمەکیان هەیە.

دیارە ئەمەش لە ڕێگەی هاتنی سەرمایەگوزاری بیانییەوە رووی دا. مالیزیا بوو بە شوێنی بەرهەمهێنانی کۆمپانیا گەورەکانی ژاپۆنی و ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری پیشەسازی ئەلکترۆنیدا کاریان دەکرد. لەوێوە بەرهەمەکانی خۆیان بەرهەم دەهێنا و دەیانناردە بازاڕەکانی دنیادا. جگە لەمەش پێشکەوتن وگەشەسەندنی پیشەسازی پیترۆکیمیاوی ناوخۆیی، ڕۆڵێکی باشی هەبوو لەم پێشکەوتنە ئابوورییەی ئەم وڵاتە. ئەمڕۆ مالیزیا، پێداویستی خۆی لە نەوت و گاز بەرهەم دەهێنێ و بەشێکیشی دەنێرێتە دەرەوە. باشترین و گەورەترین شەریکی بازرگانی مالیزیا بریتین لە وڵاتانی: ژاپۆن، سەنگافوور، ئەمەریکا.

ئەمڕۆ گرینگترین شمەکی مالیزی کە دەنێرێتە دەرەوە بریتییە لە: (نەوت، بەرهەم و شمەکی ئەلەکترۆنی، دار و تەختە، لاستیکی سروشتی، خورمای ڕۆنی، مس، گاز).

مالیزیا دەیەوێت لە دوارۆژدا واز لە ئابووریی پیشەسازی بهێنێ و خۆی بۆ ئابووریی خزمەتگوزاری تەرخان بکا، بەتایبەت بۆ بواری Multimedia، IT.

ئەوەی کە پێویستە ئاگاداری بین، ئەمڕۆ مالیزیا بەشێکی زۆری خواردنی لە دەرەوەی دەهێنێ، بەتایبەت برنج. هۆکاری ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بەشێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی دانراوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە بۆ دەرەوەی دەنێرن و قازانجی زۆرە. بە بڕوای من ئەمەش بەیەکێک لە کێشەکانی ئابووریی مالیزی دەژمێردرێت.

## مالیزیا و ئەندامبوونی لە ڕێکخراوە ئابووری و سیاسییەکانی دنیادا

ئەمڕۆ مالیزیا بەحوکمی بەهێزبوونی ئابوورییەکەی، وای کردووە پێگەی لە دنیادا باش بێ. هەر

بۆیە ئەندامی کۆمەڵێکی زۆری ڕێکخراوی ئابووری و سیاسی دنیایە. لێرەدا بەکورتی ناوی هەندێکیان دەنووسین.

APEC, ADB, ASEAN, C, CCC, CP, ESCAP, FAO, G-15, G-77, GATT, IAEA, IBRD, ICAO, ICFTU,

ICRM, IDA, IDB, IFAD, IFC, IFRCS, ILO, IMF, IMO, INMARSAT, INTELSAT, INTERPOL, IOC, ISO,

ITU, MINURSO, NAM, OIC, UN, UNAVEM II, UNCTAD, UNESCO, UNIDO, UNIKOM, UNOMIL,

.UNOMOZ, UNOSOM, UNPROFOR, UPU, WCL, WFTU, WHO, WIPO, WMO, WTO

(ئەمە ناوی کورتکراوەی ئەو ڕێکخراوانەیە، کە مالیزیا ئەندامە تێیدا. نووسەر لێرەدا نەیویستووە ناوی تەواوی ئەو ڕێکخراوانە بنووسێتەوە، چونکە شوێن و کاتی زۆری دەوێ. بەڵام هەندێک لەو ناوە کوروتکراوانە، لای خوێنەر ئاشکراو دیارن... وەرگێڕ)

بەڵام گرینگترین ڕێکخراوی ئابووری و سیاسی کە مالیزیا تێیدا ئەندامە، ڕێکخراوی ئاپێک APEC (Asia-Pacific Economic Cooperation) ڕێکخراوی ئاسیا و پاسیفیک بۆ هاوکاری و ئابووری. ئەم ڕێکخراوە لە دەوڵەتانی باشوور ڕۆهەڵاتی ئاسیا و ئۆستralیا، ژاپۆن، ئەمەریکا و کەنەدا و چین پێک دێت... وەرگێر).

هەروەها ڕێکخراوی ئاسیان ASEAN (Association of Southeast Asian Nations.) ڕێکخراوی گەلانی باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیای). ئەم دوو ڕێکخراوە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، لە دنیادا ڕۆڵی گرینگیان هەیە.

## سیاسەتی ئابووری و چەند خاڵێکی گرینگی مێژوویی لە مالیزیا

بۆ ئەوەی بەباشی لە پەڕینەوەی قۆناخی کشتوکاڵی بۆ قۆناخی پیشەشازی مالیزی ئاگەدار بین، پێویستە چەند خاڵێکی گرینگی ئابووری و سیاسی باس بکەم، کە ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی ئەم وڵاتەدا گێڕاوە.

| ساڵ | ڕووداو |
|---|---|
| ١٧٨٦ | ئینگلیزەکان ناوچەی پێنگان داگیر دەکەن. |
| ١٨٢٤ | ئینگلیزەکان ناوچەی مالاکا لە هۆڵەندییەکان دەستێنن. |
| ١٨٢٦ | پێنگان، مالاکا، سەنگافوور، ناوی "Straits Settlements یان لێ دەنرێت و دەچنە چاودێری بەریتانیاوە. |
| ١٨٦٧ | " Straits Settlements دەکرێنە کۆلۆنیای بەریتانی. |
| ١٨٩٥ | لەژێر چاودێریی بەریتانیا، هەرچوار سووڵتان ,Negri Sembilan, Pahang Per-ak,Selangor فیدراسیۆنی وڵاتانی مالای "Federated Malay States دروست |

دەکەن. شاری کوالالەمپوریش دەکرێتە بنکەی سەرۆکایەتی ئەم فیدراسیۆنە.

١٩٤١- ١٩٤٢ ژاپۆن مالای و سەنگافوور داگیر دەکات.

١٩٤٥ بەریتانیا جارێکی تر مالای داگیر دەکاتەوە و ناوی "Malayan Union"ی لێ دەنێت.

١٩٥٧ سەربەخۆییبوونی مالیزیا بەسەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیران تونکو عەبدورەحمان. کە لە ١٩٧٥/٨/٣١ ناوی (باوکی مالیزیا)ی لێ نرا.

١٩٦٣ فیدراسیۆنی مالیزیا دروست کرا، کە برێتی بوو لە (سەنگافوور، مالایا، ساراواک، سەباح)

١٩٦٥ سەنگافوور لە فیدراسیۆنەکە دێتە دەرەوە و ئیعلانی سەربەخۆییبوونی خۆی دەکات و دەبێتە کۆمارێکی سەربەخۆ..

١٩٦٦ یەکەمین پلانی پێنج ساڵە دادەنرێ.

١٩٦٧ مالیزیا بەشداری دروستکردنی رێکخراوی ASEAN (Association of Asian Nations Southeast. (رێکخراوی گەلانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیای) دەکات.

١٩٦٩ شەڕێکی خوێناوی لە نێوان مالاییەکان و چینییەکان دەست پێ دەکات ١٩٦٩/٥/١٣

١٩٧١ دەست دەکرێ بە داڕشتنی پلانی "New Economic Policy" NEP (سیاسەتی ئابووریی نوێ) هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا، لە مالیزیا دەکشێنەوە.

١٩٨١ دوکتۆر مەهاتیر بن محەمەد دەبێتە چوارەمین سەرۆک وەزیرانی مالیزیا.

١٩٩١ واز لە پلانی (NEP)"New Economic Policy" دەهێنرێت و دەست دەکرێت بە داڕشتنی پلانێکی نوێ بەناوی "National Development Policy Vision 2020".

١٩٩٩ لە هەڵبژاردنی نوێدا پارتەکەی مەهاتیر بن محەمەد UMNO بەشێکی زۆری دەنگەکان. دەدۆڕێنێت،ب ەتایبەت لەناو مالاییەکاندا (بەڵام هەر بە سەرۆک وەزیری دەمێنێتەوە... وەرگێڕ)

٢٠٠٢ مەهاتیر بن محەمەد ڕای دەگەیەنێ، کە بۆ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣، بەیەکجاری واز لە سەرۆک وەزیری دەهێنێ.

سەرچاوە:

Alexa I. Bosselmann, Wirtschaftliche Entwicklung Malaysias - vom Agrarstaat zum Industriestaat./www.holzwirtschaft.org

# فاکتەرە ئابوورییەکانی فووتبۆڵ "تۆپی پێ"

یێنس ڤیتە

فووت بۆڵ (تۆپی پێ) یاریی ملیاران کەسە لە جیهاندا، بەتایبەت کاتێک کە جامی جیهانی دەست پێ دەکات. لەم پێنجشەمووەدا ڕێکخراوی فیفا (یەکەتیی تۆپی پێی جیهان)، بڕیار دەدات، کێ میوانداریی جامی جیهانی بۆ ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٢ دەکات. (جێگەی ئاماژەیە، فیفا بڕیاری دا کە بۆ ساڵی ٢٠١٨ لە ڕووسیا و بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە وڵاتی قەتەر دێتە ئەنجامدان. وەرگێڕ) دەوڵەتی میوانداریش دەتوانن هیوای ئەوە بخوازن کە لە ڕووی ئابوورییەوە قازانجی باشیان دەست بکەوێت. بەڵام چ کۆمپانیایەک دەبنە سوودمەندی جامی جیهانی؟.

یەکەتی تۆپی پێی جیهان باش دەزانێت چۆن خۆی دەرباز بکات، هەرچەندە ئەو کۆمەڵە سکاندالەی کە لەم ماوەیەدا ئاشکرا بوو، بەڵام باش دەزانێت بەرهەمەکەی خۆی (جامی جیهانی) بفرۆشێت. ئەگەر کاتێک فیفا ڕۆژی پێنجشەم، ئەنجامی کۆتای دیاریکردنی جامی جیهانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٢ ئاشکرا بکات، زیاتر لە ٧٠ کەناڵی جیهانی بەشێوەی زیندی (live) ئامادە دەبن و وەشانی دەکەن. زیاتر لە ١٠٠٠ ڕۆژنامەنووسی جیهان لە شاری زیورخ (کە بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی یەکەتیی تۆپی پێی جیهانی لێیە. وەرگێڕ) ئامادە دەبن.

ماوەیەکی زۆرە کە فووت بۆڵ (تۆپی پێ) بووەتە یاریی ملیاران کەس. جامی جیهانی کە هەر چوار ساڵ جارێک دەکرێت، بووەتە ڕووداوێکی مەزن. بۆ ساڵی ٢٠١٨ وڵاتانی (ئینگلاند، ڕووسیا، هەردوو دەوڵەتی ئیسپانیا و پورتوگال، هۆڵەندا و بەلجیکا) خۆیان بۆ میوانداریکردنی ئەم پێشبڕکێیە پاڵاوتووە. کاندیدەکانی ساڵی ٢٠٢٢یش بریتین لە وڵاتانی (ئوستراليا، ژاپۆن، قەتەر، کۆریای باشوور، ئەمەریکا). ئەوان (مەبەستی ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان بۆ ئەم جامە پاڵاوتووە.

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

وەرگێڕ) هەموویان خۆیان لەناو تەلارێکی گرانبەهای ٢٤٠ ملیۆن فرانکی شاری زیورخ، کە پێی دەڵێن (Home of Fifa، ماڵی فیفا) پێشکێش دەکەن. ئەم تەلارە کە لەسەر چیای زیورخ دەڕوانێتە سەر دەریاچەی زیورخ. هەموویان هیوادارن کە ئەم جامەیان بۆ دەربچێت.

لە سەعات ١٦(سەعات چواری پاش نیوەڕۆ)، سەرۆکی فیفا (Joseph S. Blatter، جۆزێف بلاتە) لەناو ئاپۆڕەیەکی گەورەی کامێراکان لە شاری زیورخ خۆی پێشان دەدات. کابرای سویسرایی (مەبەستی جۆزێف بلاتەری سەرۆکی فیفایە. وەرگێڕ) دوو کـــــارتی بـراوەی بەدەســـتـــەوە دەبێت، پاشـــان دەیانکاتەوە و دەڵێت (And the winner is,، براوەش برێتییە لە)،




پاشان خەندەیەکی گەورە لەسەر لێوەکانی دەبینین.

جـــۆزێف بلاتەر باش دەزانێت: بەلای ئەوەوە هیچ گـرینگ نیـــیـــە چ دەوڵەتێک مـیـوانداریـیـەکـە دەباتەوە، چونکە گـەورەترین براوە دیاری کـراوە، کـە ئـەویش فـیـفـا خـۆیەتی. ڕێکخـراوی تۆپی پێی جـیـهـانی (فـیـفـا) لە ٩٠٪ی خـەرجی خـۆی لە ڕێگەی فـرۆشـتـنی جـامی جیهانییەوە دەست دەکەوێت. بۆ جامی جیهانیی ساڵی ٢٠١٠ کە لە باشووری ئەفریقیا ساز کرا، ١,٦ ملیار یورۆی لە تیڤییەکانەوە دەست کەوت. (بۆ وەشانکردن یارییەکانی جامی جیهانی، کەناڵە تیڤییەکانی جیهان، دەبێت پارە بدەنە فیفا، تا مافی وەشانکردنی ئەو یارییانەیان هەبێت. وەرگێڕ). هەروەها پارەیەکی زۆریش لەو کۆمپانیایانە دەست دەکەوێت، بۆ ئەوەی مافی سپۆنسەر و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان پێ بدرێت. کۆی گشتیی ئەو داهاتەی کە فیفا دەستی دەکەوێت، دەگاتە ٢,٦ ملیارد یۆرۆ. ئەمەش بازرگانییەکی زۆر باشە.

بەڵام کـێی تر قـازانجی ئابووری لە جـامی جـیـهـانیی تۆپی پێ دەکـات؟ ئەو دەوڵەتانەی کـە میوانداریی‌یەکە دەبەنەوە؟ چ جۆرە کۆمپانیایەکن ئەوانەی قازانج لەم یارییە دەکەن؟

خۆشـحـاڵی بۆ جامی جیهانیی تۆپی پێی ٢٠٠٦ لە ئەڵمانیـا زۆر گەورە بوو. بەشـێکی زۆری سیاستوانەکان و پسپۆڕانی بواری ئابووری، دەیانگوت کە : جامی جیهانیی فووتباڵ، هێز و تینی گـەورە دەداتە ئابووریی ئەڵمانیـا . بەڵام ئەنجـامـەکانی پاش سـاڵێکی تر بەتەواوی دەرکـەوتن. بۆ نموونە ئەنستیتووی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری (DIW) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا، ئاشکرای کرد کە " لە ئەنجامی جامی جیهانیی تۆپی پێ کە لە ئەڵمانیا ساڵی ٢٠٠٦ ساز کرا، یەکسەر هیچ هێزێکی گەورەی نەداوەتە ئابووری ئەڵمانیا ". (مەبەستی ئەوەیە، کە یەکسەر کاریگەری بەهێزی نەکردووەتە سەر ئابووریی ئەڵمانیا. وەرگێڕ).

## زۆربوونی ژمارەی توریستی "گەشتیارانی" بێگانە

کەرتی توریست (گەشتیاری) زۆرترین قازانجی لەم ڕووداوە دەست دەکەوێت. (مەبەست لە کەرتی گەشتیاری، هۆتێل، مۆتێل، پێنسیۆن، چێشتخانە، هۆکانی گواستنەوە " ئۆتۆمۆبێل، شەمەندەفەر، میترۆ، پاس"، گازینۆ و شوێنەکانی کات بەسەربردن. وەرگێڕ). ئەنستیتووی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری (DIW) گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە : لە کاتی یارییەکانی جامی جیهانیی تۆپی پێی ٢٠٠٦، کە لەمانگەکانی شەش و حەوتدا کران، لەو دوو مانگەدا زیاتر لە ١,٦ ملیۆن بێگانە لە هۆتێلەکانی ئەڵمانیا شەو ماونەتەوە. دیارە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەو حاڵەتانەی باس نەکردووە، کە زۆرجار کەسێک پەشیمان دەبێتەوە. (بۆ نموونە کاتێک کەسێک هۆتێلێک حیجز دەکات، بەڵام پاشتر وازی لێ دەهێنێت " ئیلغای دەکاتەوە". وەرگێڕ) بەڵام پرسیار لەسەر ئەوەیە، ئاخۆ چەندە گەشتیاری بێگانە دەمێننەوە، کاتێک ڕووداوە گەورەکە نامێنێت؟ (مەبەست یارەکانی جامی جیهانییە. وەرگێڕ)



ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە چەندە زەحمەتە ئەنجامگیرییەکی باشمان لەبارەی کاریگەری جامی جیهانیی تۆپی پێ لەسەر باری ئابووریی نیشتمانی دەست بکەوێت. بەدڵنیاییەوە کەرتەکانی ئابووری، لە کاتی جامی جیهانی تۆپی پێوە، قازانجیان کردووە. بۆ نموونە کەرتەکانی بواری بیناسازی، قازانجی باشیان لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ستادیۆمەکان (گۆڕەپانی یاریکردن) و دروستکردنی ڕێگەوبانەکان دەست کەوت. یارییەکانی جامی جیهانی، نەیتوانی کاریگەرییەکی گەورە بکاتە سەر گەشەی ئابووریی ئەڵمانیا، بەپێی لێکۆڵینەوەی ئەنستیتووی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری (DIW) سالانی پێش یارییەکان جامی جیهانیی تۆپی پێ، سەرمایەگوزارییەکی ئێجگار گەورە نەهاتە ئەڵمانیاوە.

بەڵام لە وڵاتە بچووکەکاندا ئەم ڕووداوە کاریگەری جیاوازتری دەبێت. بۆ نموونە لە کاتی یارییەکانی جامی ئەوروپا بۆ تۆپی پێی ساڵی ٢٠٠٤ لە پورتوگال، یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ٢٠٠٤ لە یۆنان، سەرمایەگوزارییەکی ئێجگار زۆر، ڕووی لەم دوو وڵاتە کرد.

لە ئەنجامدانی ڕووداوێکی ئاوا گەورەدا، مەزندە دەکرێت، گەر کارەکان بەشێوەیەکی باش بەڕێوە بچن، ئەوا قازانجێکی ئێجگار زۆر دەست دەکەوێت، وەکو ئەوەی کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا ڕووی دا.

ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی گەورەی دەبێت، بەسەر ئەو وڵاتەی کە میوانداریی ئەم

ڕووداوه ساز دەکەن، بەتایبەت لە ڕووی هاتنی سەرمایەگوزاریی جیهانی یان کەرتی توریستی (گەشتیاری) لە داهاتوودا. بەڵام ناتوانین بەتەواوەتی ئەنجامی ئەم کاریگەرییەمان دەست بکەوێت.

## بازرگانییەکی باش بە زەرفی بچووکەوە

لەگەڵ هەموو جامێکی جیهانیی تۆپی پێ، کۆمپانیا گەورەکانی بواری وەرزش وەکو Adidas, Nike ،Puma ، بەگەورەترین سوودمەند دەژمێردرێن. بۆ نموونە ئەو تۆپەی کە لە جامی جیهانیی ساڵی ٢٠٠٦دا کە لەلایەن کۆمپانیای Adidas بەرهەم هێنرابوو، زیاتر لە ١٥ ملیۆن لەو تۆپەی لە جیهاندا فرۆشتووە. جگە لەمەش زیاتر لە ٣ ملیۆن فانیلەی تیپی ئەڵمانیای فرۆشتووە (فانیلەی تیپی تۆپی پێی ئەڵمانی، مارکەی Adidas ئەدیداسی لەسەرە. جێگەی ئاماژەیە نرخی هەر یەکێک لەو فانیلانە نزیکەی ٦٠ ئۆیرۆیە. وەرگێڕ). هەروەها لە جامی جیهانیی ساڵی ٢٠١٠ش لە باشووری ئەفریقیاش کۆمپانیای Adidas قازانجی باشی کرد، چونکە جلوبەرگی کۆمەڵێک تیپی جیهانی مارکەی ئەویان لەسەر بوو، لەوانە (ئەڵمانیا، باشووری ئەفریقیا، ئەرجەنتین، مەکسیک). لەمەشدا بەملیۆنان لەو جلوبەرگانەی فرۆشتووە.



بەهەمان شێوەش کۆمەڵێک کەرتی تر سوود لەو شمەکانە دەبینن، کە هەوادارانی تۆپی پێ پێویستیانە، بەتایبەت ئەوەی کە لە گۆڕەپان و شەقامەکاندا بەکار دێت. بۆ نموونە (ئاڵا، T-Shirts، فیکە، کەڕەنا، کۆمەڵێک شتی تریش)، هەموو ئەمانەش لە وڵاتی چین دروست دەکرێن. ئەم وڵاتە ئاسیاوییەش دەچێتە ناو لیستی سوودمەندانەوە، هەرچەندە لە جامی باشووری ئەفریقیاش بەشداریی نەکردووە. لە هەمان کاتیشدا ئەو ماسکێتانەی (دەموچاوی دەستکرد) کە لە جامی جیهانی لەلایەن هەوادارانەوە بەکار دێت، تەنانەت ئەو شێرە پەرۆینەش کە لەناو گۆڕەپانی یاریگەکەدا دادەنرێن، لە ٩٠٪ی هەموو کەڕەنا (ئامێرەکە وەکو زوڕنا وایە، لەلایەن هەوادارانی تۆپی پێوە، لەناو گۆڕەپان و شەقامەکاندا بەکار دێت. وەرگێر) لە وڵاتی چین دروست دەکرێت.



یەکێک لەو کۆمپانیایانەی کە لە جامی جیهانیدا قازانجی باشی کرد، کۆمپانیای Panini ، کە زەرفی بچووک دروست دەکات. (کۆمپانیایەکی ئیتاڵییە کە زیاتر کاری چاپکردنی فۆتۆی یاریزانەکانی جیهانە لەسەر زەرف، پوول، کارت، چاپی دەکات. جگە لەمەش کاری کۆمیکی و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبیش دەکات. زیاتریش شمەکەکانی بۆ منداڵان و گەنجان دروست دەکات، جگە لەوەش کۆمەڵێک کۆواری تایبەتی بەم بوارە هەیە. جێگەی ئاماژەیە کۆمپانیای Panini بەیەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی جیهان دەژمێردێت. وەرگێڕ). ئەم کۆمپانیایە وا مەزندە دەکات، کە بۆ جامی جیهانی ئەم ساڵ لە باشووری ئەفریقیا، بەرزترین فرۆشی لە (پوول، فۆتۆ، زەرف) بەدەست کەوتبێت، کە دەگاتە نزیکەی ٩٥ ملیۆن یۆرۆ. لە ساڵی پێشوودا بەشی ئەڵمانیای ئەم کۆمپانیایە، زیاتر لە ٧٠ ملیۆن یۆرۆی لە ئەڵمانیادا قازانج کردووە.

Frank Zomerdijkی ئەندامی بەڕێوەبەری چاپخانەکە ڕای گەیاند:

بازرگانیکردن بە شتومەکی تۆپی پێ، لە ساڵی ٢٠١٠دا، سێ یەکی (٣/١) هەموو قازانجی چاپخانەکەمان بووە. بۆ جامی جیهانیی تۆپی پێ، زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن زەرفی بچووک (کە پڕیەتی لە فۆتۆی یاریزانەکان) فرۆشتووە. بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو، دەمانەوێت تەنیا ١٠٪ی کارەکانمان بە بازرگانیکردن بەشمەکی تۆپی پێوە خەریک بکەین.

## بیرە فرۆشتن

کۆمپانیاکانی بیرەش لە کاتی جامی جیهانیدا قازانجێکی باشیان دەست دەکەوێت. بۆ نموونە لە کاتی جامی ٢٠٠٦ کە لە ئەڵمانیا کراو جامی جیهانیی ئەمساڵیش، بەرهەمی بیرە لە ئەڵمانیا ڕێژەیەکی فرۆشی زۆری تۆمار کرد.

## کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (تیڤی، ڕادیۆ)

یارییەکانی جامی جیهانیی تۆپی پێ، بەتایبەت یارییەکانی تیپی ئەڵمانی، بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، ڕۆژانە باشترین بینەری بۆ خۆیان ڕادەکێشا. (بۆ نموونە کەناڵی ZDF بەرزترین ژمارەی بینەری لە کاتی یارییەکانی ئەڵمانیا لە جامی جیهانی تۆمار کرد، ژمارەی بینەرانی گەیشتنە ٣٠ ملیۆن بینەر. بەگشتی ژمارەی بینەرانی تیڤییەکان لەم مانگەدا گەیشتە ٤٠ بۆ ٥٠

ملیۆن کەس). لە کاتی یارییەکانی جامی جیهانیدا، ژمارەی بینەران و بیسەرانی تیڤی و ڕادیۆکان بەرز دەبێتەوە. پەیمانگەی GfK بۆ لێکۆڵینەوەی بازاڕ ڕای گەیاند:

(لە ساڵی ٢٠٠٦ هەفتەیەک پێش ئەوەی جامی جیهانی دەست پێ بکات، ڕێژەی کڕینی تەلەڤزیۆن لە چاو هەمان کاتی ساڵی پاردا، بەڕێژەی ١٦٤٪ بەرز بووەتەوە.)

## بەرەنجام

ئەوانەی کە لە یارییەکانی جامی جیهانیی تۆپی پێ قازانج دەکەن، پێشەکی فیفا خۆیەتی، پاش ئەویش کۆمپانیاکانی ئەو دەوڵەتەی کە میوانداریی یارییەکان دەکات، وەکو کۆمپانیاکانی شمەکی سپۆرت (وەرزش)، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (تیڤی، ڕادیۆ)، کۆمپانیاکانی بیناسازی، کەرتەکانی بواری گەشتیاری (هۆتێل، مۆتێل، ڕیستۆرانت، چایخانە، هۆکانی گواستنەوە " باڵەفرە، ئۆتۆمۆبێل، کەشتی، پاس". ئەگەر هاتوو ئەم ڕووداوە گەورەیەش بەباشی بەڕێوە ببرێت، ئەوا کاریگەری باشی دەبێت، بۆ سەر ئیماج (وێنەی گشتی) ئەو دەوڵەتەی کە میوانداریییەکەی کردووە.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێ دەچێت کاریگەری زۆری بۆ ئابووریی گشتی نەبێت، بەتایبەت لە وڵاتە گەورەکانی جیهاندا. (واتە ئەوانەی خاوەنی ئابوورییەکی خورت و بەهێزن وەکو ئەڵمانیا. وەرگێڕ).

سەرچاوە: کۆواری دێر شپیگلی ئەڵمانی. ٢/١٢/٢٠١٠

## پاشکۆ

## چەند پەیڤێک لەسەر ڕێکخراوی تۆپی پێی جیهان " فیفا"

پێم خۆش بوو لێرەدا چەند پەیڤێک لەسەر ڕێکخراوی تۆپی پێی جیهانی بنووسم، چونکە ئەویش پەیوەندیەکی باشی بەم نووسینەوە هەیە. لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی خوێنەر زانیاریی لەبارەی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە گرینگە هەبێت. بەدڵنیاییەوە (فیفا) یەکێکە لە گەورەترین ڕێکخراوەکانی جیهانی ئەمڕۆ. لە زۆر کاتدا شان لە شانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) دەدات. بگرە لە زۆر ڕووەوە، ئەم ڕێکخراوە لە UN گەورەترە. بۆ نموونە ئەو بڕیار دادەڕێژێت و یاسای نوێ دادەنێت. هەر کەسێکیش بەگوێی نەکات و سەرپێچی لە بڕیارەکانی بکات، ئەوا دەتوانێت سزای بدات. لەسەر سزادانیش، خاوەنی میکانیزمێکی باشە.

## ڕێکخراوی تۆپی پێی جیهانی " فیفا" کەی دروست بوو

سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوی Federation Internationale de Football Association (فیفا) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی پێشوو. لە ٢١ مەی ١٩٠٤ لە شاری پاریس، بۆ یەکەم جار ئەم

ڕێکخـراوه یەکـەمین مـۆمی تـەمـەنی خـۆی داگیـرسـاند. ئـەمـەش دەگـەڕێتـەوە بۆ هـەوڵی هـەردوو وەرزشـــوانی ئـەوروپایی Carl Anton Wilhelm Hirschmann کـــه خـــەڵکی هـۆڵەندا بوو، لـەگـــەڵ وەرزشوانی فرەنسایی Robert Guérin. ئەم دووانە بەباوکی ئەم ڕێکخراوە دادەنرێن. سەرەتا تەنیا شـەش یەکـەتیی تۆپی پێ بەشداربوون، ئەوانیش برێتی بوون لە (سـویسـرا، دانیمارک، فـرەنسا، هۆڵەندا، بەلجیکا، سـوێد). هـەر لە هـەمـان ڕۆژیشــدا لە ڕێگەی تەلـەگـرافـەوە، یەکـەتی تۆپی پێی ئەڵمـانیش، ئامـادەییی خـۆی بۆ بەشـدار بـوون لەم ڕێکخـراوەدا پێشـان دا. دیارە سـەرەتا جـۆری بەشداربوونی وڵاتان جیاواز بوو، بۆ نموونە ئیسپانیا لە ڕێگەی یانەی ریاڵ مەدرید بەشدار بوو Madrid Football Club. بۆ یەکـەم جار ئەم ڕێکخـراوە لە ڕێگەی یارییەکانی ئۆلۆمـپیی هاوینەی سـاڵی ١٩٠٨ لە لەندەن، ناوی چووە ناو گێتیی وەرزشەوە. ئەمـەش سـەرەتایەکی باشی بۆ دروست کـرد. پاشـتـر کـۆمـەڵێک یەکـەتی تۆپی پێی تر، بوونە ئـەندامی ئەم ڕێکخـراوە. شـەڕی یەکـەمی جیـهـانی، کـاریگەری خـراپی بۆسـەر ئەم ڕێکخراوە هەبوو. لە کاتی شـەڕەکـەدا هیچ چالاکییـەکی گەورەی وەرزشی ڕووی نەدا. بەشێک لە ئەندامـانیش خـۆیان لەم ڕێکخـراوە کشـاندەوە، بۆ نموونە یەکەتی تۆپی پێی ئینگلتەرا، وازی لێهێنان. لەپاش مـردنی یەکەم سـەرۆکی ئـەم ڕێکخراوە، Daniel Burley Woolfall، وەرزشـــــوانی هـۆڵەندایی Carl Anton Wilhelm Hirschmann کـــــاروبـاری ڕێکخراوەکەی گرتە ئەستۆ، ئەویش نـەک وەک سـەرۆک بەڵکە زیاتر خـۆی وەکو سکرتێری گشـتی وەسف دەکرد. گەورەترین گەشـەسەندن لە کاتی بوون بەسەرۆکی Jules Rimet فرەنسیدا بوو. ئەم پیاوە توانـی، لەگەڵ Enrique Buero کە وەرزشوان و دەوڵەمـەندێکی ئۆرگوایی بوو، توانی یەکەمین جامی جـیـهانیی تۆپی پێ ساز بکەن. سـاڵی ١٩٣٠ بۆ یەکـەم جار جامی جـیـهانیی تـۆپی پێ لە ئۆرگوای ساز کرا. ئەمەش یەکەمین جامی جیهانی بوو. لەو کاتەوە هەتاوەکوو ئەمڕۆ ئەو ڕووداوە گرینگەی جیهان بەردەوامە. کاتێک ساڵی ١٩٥٤ Jules Rimet دەستی لە کار کێشایەوە، ٥ جامی جـیـهـانی ئەنجام درابوو، ئـەندامـانی ئەم ڕێکخـراوەش گـەیشـتـە ٨٥ ئەندام. ڕۆژ بـەڕۆژیش ئەم ڕێکخراوە بەهێزتر دەبوو، سـاڵی ١٩٧٢ لە هەموو جیهاندا ١٦ ملیۆن وەرزشوان بەم ڕێکخـراوەوە پێـوەست بـوون. ٤٢,٢٢٠ مـامـۆسـتـای وەرزش، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار یـانەی وەرزشی، ٢٤٣,٥٩٦ (ناوبژیوان). لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٩٨، گەورەترین فراوانبوون ڕووی دا. ٣٢ ئەندامی نوێ بوون بەئەندامی ئەم ڕێکخراوە.

## چۆن ئەم ڕێکخراوە کار دەکات؟

ئەم ڕێکخـراوە لە ڕێگەی دوو ئەنجوومـەنی گرینگەوە سیاسـەتـەکانی دیاری دەکرێت. ئەوانیش : کۆنگرێس، کە لە هـەمـوو ئەندامـان پێک دێت و پێشـتـر دوو سـاڵ جارێک کۆ دەبوونەوە، بەڵام لە سـاڵی ١٩٩٨وە سـاڵانە کـۆ دەبنەوە. دووەم، ئەنجـوومـەنی جێبـەجێکردنە. کـاری جێبـەجێکردن و چاودێریکردن و سـەرپەرشـتیکردنی کارەکانی ڕێکخـراوەکەیە. میکانیزمی ئەم ئەنجـوومـەنەش بەم

شێوەیەیە:

١- سەرۆک

٢- ٧ جێگر

٣- ١٦ ئەندامی ئەنجوومەن (هەریەکەیان لە وڵات و کیشوەرێکەوە هاتووە)

٤- چاودێرێک

٥- سکرتێری گشتی

ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی فیفا

| کار | ناو | وڵاتانی ئەندام |
|---|---|---|
| سەرۆک | Joseph S. Blatter | سویسرا |
| یەکەم جێگری سەرۆک | Julio H. Grondona | ئەرجەنتین |
| جێگری سەرۆک | Issa Hayatou | کامیرۆن |
| جێگری سەرۆک | Chung Mong-Joon | کۆریای باشوور |
| جێگری سەرۆک | Jack A. Warner | ترینیداد |
| جێگری سەرۆک | Angel Maria Villar Llona | ئیسپانیا |
| جێگری سەرۆک | Michel Platini | فرەنسا |
| جێگری سەرۆک | Reynald Temarii | تاهیتی |
| جێگری سەرۆک | Geoff Thompson | ئینگلتەرا |
| ئەندام | Michel D Hooghe | بەلجیکا |
| ئەندام | Ricardo Terra Teixeira | بەرازیل |
| ئەندام | Mohamed Bin Hammam | قەتەر |
| ئەندام | Senes Erzik | تورکیا |
| ئەندام | Chuck Blazer | ئەمەریکا |
| ئەندام | Worawi Makudi | تایلاند |
| ئەندام | Nicolas Leoz | پاراگوای |
| ئەندام | Junji Ogura | ژاپۆن |
| ئەندام | Amos Adamu | نەیجیریا |
| ئەندام | Marios Lefkaritis | قوبرس |
| ئەندام | Jacques Anouma | ساحیل ئەلعاج |

| | | |
|---|---|---|
| ئەندام | Franz Beckenbauer | ئەڵمانیا |
| ئەندام | Rafael Salguero | گواتیمالا |
| ئەندام | Hany Abo Rida | میسر |
| ئەندام | Witali Mutko | ڕووسیا |

## سەرۆک

سەرۆک لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا، لە کۆنگرێسدا دیاری دەکرێت. جێگەی ئاماژەیە هەردوو وڵاتی ئینگلتەرا و فرەنسا، زۆرترین ماوە سەرۆکایەتیی ئەم رێکخراوەیان کردووە.

سەرۆکەکانی فیفا

| ناو | وڵات | ساڵی کارکردنی |
|---|---|---|
| Robert Guérin | فرەنسا | ١٩٠٤ – ١٩٠٦ |
| Daniel Burley Woolfall | ئینگلتەرا | ١٩٠٦ – ١٩١٨ |
| Jules Rimet | فرەنسا | ١٩٢١ – ١٩١٨ |
| Rodolphe William Seeldrayers | بەلجیکا | ١٩٥٤ – ١٩٥٥ |
| Arthur Drewry | ئینگلتەرا | ١٩٥٥ – ١٩٦١ |
| Stanley Rous | ئینگلتەرا | ١٩٦١ – ١٩٧٤ |
| Jo_o Havelange | بەرازیل | ١٩٧٤ – ١٩٩٨ |
| Blatter .Joseph S | سویسرا | seit 1998 |

## کارەکانی

کاری سەرەکیی ئەم رێکخراوە برێتییە لە چاودێریکردن و لێپرسینەوەی یەکەتیی تۆپی وڵاتان و یانە وەرزشییەکان. ئەنجامدان و سەرپەرشتیکردنی جامەکانی تۆپی پێ لە جیهاندا بۆ نموونە یارییەکانی یانەکانی نیشتمانی و کیشوەری. جامەکانی کیشوەری (ئەوروپا، ئاسیا، ئەفەریقیا، ئەمەریکای لاتین، ئەمەریکای باکور). چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی وەرزشوانان و ناوبژیوانان. سزادان و لێپێچینەوە لە هەر یارییەک، کە لەگەڵ یاسا و رێساکانی (فیفا) نایەتەوە.

سەرچاوە:

Deutsch. www.Wikipedia. orge. FIFA.

ئاماژەکردنی بێباوەڕەکان بەوەی "لە ئێمەوە سزای سەخت دەبینن"، نیشانەی ئەوەیە لەو کاتەیشدا سزای بەردبارانکردن لە سزا "سەخت و بەئازار"ەکان بووە.

شێوەی جێبەجێکردنی ئەم سزایە، کە مردنی لەسەرخۆیە، شان بەشانی ئەشکەنجەدان، دیسان دەرخەری ئەوەیە کە لە جۆرە سەختەکانی سزادانە. پێش ئیسلام لەنێو عەرەبەکانی حیجاز و خێڵە جۆراوجۆرەکانی ئەو ناوچەیەدا بەردبارانکردنکردن باو نەبووە. خێڵە جۆراوجۆرەکانی عەرەب کەسی زیناکاریان بەردباران نەدەکرد.

لە هەندێ ریوایەتدا هاتووە کە دوای ئیسلام جولەکەکان هاتوونەتە لای پەیامبەر و لەبارەی حوکمی ژن و پیاوێکی جولەکەوە کە زینایان کردبوو پرسیاریان لێ کردووە، ئەویش لەبارەی سزای بەردبارانکردن کە لە تەوراتدا هاتووە پرسیاری لێ کردوون و سەرەنجام بڕیاری داوە ئەو ژن و پیاوە بەپێی ئاینی یەهودی بەردباران بکرێن(٥).

ئەگەرچی ناتوانرێ پشت بە ریوایاتی تاکانە (ئاحاد)(٦) ببەسترێ، بەلام لە رووی مێژووییەوە ڕەنگە بکرێ هەندێ ریوایەت بیرۆکەیەکمان بدەنێ لەبارەی چۆنیەتیی ئاشنابوونی موسڵمانان بە سزای بەردبارانکردن و شیمانەی جێبەجێکردنی ئەو سزایە لە کۆمەڵگەی یەکەمی موسڵماناندا.

زیناکردن لەنێو عەرەبەکانی حیجازدا بڵاو بووە، بەڵام پلەی بەدزێو سەیرکردنی لەنێو خێڵە جۆراوجۆرەکاندا جیاواز بووە، لە هەمان کاتدا سزای یەکسان لای ئەوان وجودی نەبووە، بەتایبەت بۆ پیاوان سزای توند بەکار نەدەهێنرا. بەڵام پیاوان بەهۆی باڵادەستییان بەسەر ئافرەتاندا لە کاتی زیناکردنی ئافرەتانیاندا سزایان دەدان و هەندێ جار دەشیانکوشتن. بەڵگە و دەستاوەردە مێژووییەکان دەری دەخەن کە دوای ئیسلامیش زینا لەنێو تازە موسڵمانەکاندا هەبووە.

لەبارەی سزای زیناکردنەوە، دەتوانین بۆ سێ ئایەت لە قورئاندا بگەڕێینەوە: هەردوو ئایەتی (١٥ و ١٦)ی سوورەتی النساء (والتی یأتین الفاحشه من نسائکم فاستشهدوا علیهن اربعة منکم فان شهدوا فا مسکوهن في البیوت حتی یتوفاهن الموت او یجعل الله لهن سبیلا. واللذان یاتیانها منکم فآذوهما فان تابا و اصلحا فاعرضوا عنهما ان الله کان تواباً رحیماً» واتە ئەو ئافرەتانەتان کە فاحیشە ئەنجام دەدەن، چوار کەس لەسەریان بکەنە شایەت، ئەگەر شایەتییان دا ئەوا لە ماڵدا رایان بگرن تا دەمرن یان خوا دەروویەکیان لێ دەکاتەوە. ئەو دوانەیشتان کە فەحشا دەکەن ئەزیەتیان بدەن، ئەگەر تۆبەیان کرد و چاک بوون وازیان لێ بێنن، خوا لێبووردە و بەبەزەییە.

لەگەڵ ئایەتی دووەمی سوورەتی (النور)دا: «الزانیه والزاني فاجلدوا کل واحد منهما مائة جلده" واتە ژن و پیاوی زیناکار هەریەکەیان سەد شەلاقیان لێ بدەن.

وەک تێبینی دەکرێ لە قورئاندا نە بۆ زینا و نە بۆ هیچ تاوانێکی تر سزای بەربارانکردن دانەنراوە و فەرمانی پێ نەکراوە.

لە دوو ئایەتەکەی سوورەتی نیسائدا ئاماژە بە (فەحشا) کراوە و سزای وەک چاودێریکردن، بەندکردن و ئازاردانیان بۆ ئەنجامدەرانی بڕیار دراوە. لە ئایەتی سێیەمدا راشکاوانە ئاماژەی بە

زینا کردووه و سزای پیاو و ژنی زیناکاری به سەد شەلاق داناوە.

لە خوێندنەوە و تەفسیرکردنی ئەم ئایەتانەدا گوتە و بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە بۆچوونە جۆراوجۆرەکان هەموو پشت بە ریوایەتەکان دەبەستن. لێرەدا بۆچوونی هەندێ لە هاوەڵانی پەیامبەر و شوێنکەوتوان (کە بە سەحابە و تابیعین ناو دەبرێن) دەخەینە روو:

هەندێ لە هاوەڵان لەوانە عەکرەمە و عبادەی کوڕی سامیت لە ریوایەتێکدا دەڵێن ئایەتی یەکەم بە ئایەتی دووەم نەسخ کراوەتەوە، ئایەتی دووەمیش بۆ ژنان و پیاوانی عازەبی زیناکار بە سزای لێدانی سەد شەلاق و ساڵێک دوورخستنەوە و بۆ ژنان و پیاوانی هاوسەرداریش بە سزای لێدانی سەد شەلاق و بەردبارانکردن نەسخ کراوەتەوە. هەندێکی تر وەک قەتادە و محەمەد بن جابر گوتوویانە ئایەتی یەکەم تایبەتی ژنانی شوودار و ئایەتی دووەم تایبەتی کەسانی عازەبە. ئەو دوو ئایەتە بە حوکمی شەلاقدان و بەردبارانکردن نەسخ بوونەتەوە. کۆمەڵێکی تر وەک ئیبن عەباس و موجاهید و ئەبی جەعفەری نەحاس گوتوویانە ئایەتی یەکەم تایبەتە بە زینای ئافرەتانی هاوسەردار و بێ هاوسەر، ئایەتی دووەمیش تایبەتە بە زینای پیاوانی هاوسەردار (محصن) و بێ هاوسەر، کە ئەم دوو ئایەتە بە حوکمی بەردباران و شەلاق نەسخ کراونەتەوە.[٧]

عەلامەی تەباتەبایی لە تەفسیری (المیزان)دا[٨] بە خستنەرووی بۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی ئەو ئایەتانە و کۆکردنەوەیان لەگەڵ ئایەتی جەلد (ئایەتی دووەمی سوورەتی نوور) و دەقەکانی سوننەت لەو بارەوە، پێی وایە ئەو ئایەتانە لەبارەی زیناوەن و ئاماژەی بەوە داوە کە لە کاتی دابەزینی ئایەتی جەلددا پێغەمبەر گوتوویەتی ئەم حوکمی جەلدە هەمان ئەو رێگەی نەجاتەیە کە خوای گەورە (لە ئایەتی ١٥ی نیساءدا) بەڵێنی بە ژنانی زیناکار داوە.

تەباتەبایی دەڵێ "لە ئەبومسلیمەوە دەگێڕنەوە کە ئایەتی یەکەم بۆ روونکردنەوەی حوکمی (فەحشا) لەنێو ئافرەتان و ئایەتی دووەم تایبەتە بە حوکمی نێربازیی پیاوان و هیچکام لەو دوو ئایەتە نەسخ نەکراونەتەوە". ئەو، واتە تەباتەبایی، ئەم بۆچوونە رەت دەکاتەوە و جەخت لەوە دەکات کە ئەو ئایەتانە باسی زینا دەکەن. بەڵام لەبارەی ئەو ناڕوونییەی کە بۆچی لە ئایەتی یەکەمدا تەنیا باسی ئافرەتان دەکات و سزای بەندکردنیان بۆ دادەنێ، کەچی لە ئایەتی دووەمدا باسی هەردووکیان دەکات و سزای ئازاردانی بۆ داناون، بێدەنگ بووە. جگە لەوەیش ئایەتی دووەم دەڵێ ئەگەر تەوبەیان کرد و چاک بوون دەست لە ئازاردانیان هەڵدەگیرێ، لە کاتێکدا لە ئایەتی یەکەمدا بەندکردنەکە لە ماڵەوە تا مردن بەردەوام دەبێ.

تەباتەبایی دەڵێ بەپێی ئایەتی دووەم پێویستە ژن و پیاوی زیناکەر سزا بدرێن. ئازاردانی ژنی زیناکار بەپێی ئایەتی یەکەم بەنکردنی هەمیشەییە لە ماڵەوە. بە وردبوونەوە لەم گوتەیە، ئایەتی دووەم کە دەڵێ "ئەگەر هەردوو تەوبەیان کرد دەست لە سزادانیان هەڵگرن" لەگەڵ بەندکردنی هەمیشەییدا سازگار نییە.

ئەو، ئاماژەی بە بۆچوونی هەندێ لە زانایان کردووە کە گوتوویانە مەبەست لە ئافرەتان لە

ئایەتی یەکەمدا ژنانی شوودار و لە ئایەتی دووەمدا مەبەست کچانە، مەبەستیش لە ئازاردان بەندکردنی هەمیشەییە و لە حاڵەتی تەوبەدا تەنیا کچان لە بەندی ئازاد دەکرێن.

تەباتەبایی لە کۆتایدا بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک پێشکێش بکا بۆچوونی خۆی داخاتە روو و پێی وایە "ئایەتی یەکەم لەبارەی زیناوەیە". هەروەها پێی وایە ئایەتی دووەمیش هەر لەبارەی زیناوەیە، چونکە لە سوننەدا[۹] ئیسپات بووە کە حەد یاخۆ سزای نێرباز کوشتنە. ئەو پێی وایە ئایەتی یەکەم بەیانی حوکمی هاوسەدار دەکات و ئەو حوکمە کاتیی بووە و دواتر بە حوکمی بەردبارانکردن نەسخ کراوەتەوە، بەڵام ئایەتی دووەم لە مەقامی بەیانکردنی حوکمی زیناکردنی کەسی بێ هاوسەردایە. مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە بۆچوون و لێکدانەوەکانی زانایان لەو بوارەدا هەڵبسەنگێنین، گرینگ ئەوەیە بزانین شێوەی پشت پێبەستن و بەڵگەکارییەکانی زاناکان لەسەر ئایەت و ریوایەتەکان چۆنە و لەوەدا کە بەناوی حوکمی شەرعی ئەنجامگیری دەکەن سوود لە چ پێوەرێک وەرگیراوە.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ مەبەست لە فەحشا لەو ئایەتانەدا زینا یان شتێکی زیاتر لەوەیشە، بۆچوونی جیاواز هەیە. ئەو ریوایەتانەی هەن یارمەتیی تێگەیشتنێکی ورد لە قورئان لەو رووەوە نادەن. ئەوەتا ئایەتوڵا خوئی وێڕای هەموو ریوایەتەکان باوەڕی بە نەسخکردنی ئەو ئایەتانە نییە و پێی وایە ریوایەتەکان لەو رووەوە قایلکار نین.

قورئان راشکاوانە سزای شەلاقلێدانی بۆ زیناکاری پیاو و ئافرەت داناوە و بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بە بەردبارانکردن نەداوە لە کاتێکدا شەرعناسەکان بەردبارانکردن وەک حوکمێکی شەرعی بە سزای قەتعیی زیناکاری هاوسەردار دەزانن، واتە ئەو کەسەی هاوسەری هەمیشەیی هەیە و هیچ رێگرێک لە بەردەم گەیشتنیدا بە هاوسەرەکەی نییە.

لەم بارەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئاخۆ سزای بەردبارانکردن چۆن چۆنی وەک "سزایەکی شەرعی" هاتووەتە نێو فیقهی ئیسلامییەوە و بەڵگەکانی چین؟

## بەردبارانکردن نەریتێکی نائیسلامی

لەبارەی بنچینەی مشتومڕەکان لەبارەی بەردبارانکردن و ئیدیعاکردنی هەندێک بەوەی گوایە لە قورئاندا ئایەتی بەردبارانکردن هەبووە (الشیخ والشیخة فارجموهما البتّە) و دواتر خوێندنەوەی نەسخ کراوەتەوە و حوکمەکەی هەر ماوە[۱۰]، بەپشتبەستن بەو قەرینانەی هەن دەتوانرێ بوترێ سزای بەردبارانکردنکردن سزایەکی ئیسلامی نییە و ئیسلام نەیهێناوە. باس لەوە دەکرێ کەسانێک دوای مردنی پێغەمبەر هەوڵیان داوە سزای بەردبارانکردن جێبەجێ بکەن و لەلایەن خەڵکەوە بەرەنگاری کراون.

لەبارەی ئەوەی کێ بەردبارانکردنی هێناوەتە ناو ئیسلامەوە بەڵگەیەکی بنبڕ نییە، هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن عومەری کوڕی خەتاب لەم رووەوە پێداگری کردووە. ئەگەر

لە زەمانی پێغەمبەردا بەردبارانکردن جێبەجێ کرابێ هەموو خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری مەدینە ئاگایان لێ بووە، ئیدی پێویست بەڕێنوێنیکردنیان و پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی ناکات. بەڵگەکان نیشانی دەدەن بەردبارانکردن لە سەردەمی پێغەمبەردا جێبەجێ نەکراوە، لە هەمان کاتدا دوای پەیامبەریش خەڵک بەجێبەجێکردنی نەیار بوون. هەروەها بەپێی ریوایەتێکی (الموطأ)ی ئیمام مالیک شیمانە هەیە پێغەمبەر بۆ جولەکەکان و بەپشتبەستن بە ئاینی خۆیان فەرمانی بە بەربارانکردنی زیناکار کردبێ. هەروەها رێی تێ دەچێ جوولەکەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا سزای بەردبارانکردنکردنیان مومارەسە کردبێ و بەم شێوەیەش ئەم نەریتە لە ئەنجامی ئەو گرفتانەی لە گواستنەوە و تۆمارکردنی سوننەدا هەبوون بە ئاسانی لە ئیسلامدا جێگیر بووبن. هەر لەم پێوەندەدا دەتوانین ئاماژە بە بەڵگەهێنانەوەکەی شافیعی لەبارەی پێویستبوونی بەردبارانکردن بدەین. ئەو بە باسکردنی ئەوەی پەیامبەر بۆ دوو جولەکە و بەپێی حوکمی تەورات حوکمی بەردبارانکردنی بڕیار داوە، زیاد لەوە بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی بەردبارانکردن لای ئەهلی کیتاب واجب بووە پێی وایە بەردبارانکردن بەهەمان شێوە بەشێکە لە شەریعەتی ئیسلامیش (اصول سرخسی جلد ٢، لا١٠٠).

بەرگریکاران لەو شێوە سزایە هەوڵ دەدەن سزاکە بدەنە پاڵ ئیسلام. مشتومڕەکان هێندە سەختگیر بوون کە ناچار بوون ئیدیعای ئەوە بکەن سزای بەردبارانکردن پێشتر لە قورئاندا هەبووە و خوێندنەوەی نەسخ کراوەتەوە. زۆر رێی تێ دەچێ ئەو ئیدیعایە بۆ قایلکردنی خەڵک و نەیارانی بەردبارانکردن بووبێ. بەرگریکاران لەو سزایە هەوڵ دەدەن ئیدیعای بوونی بەردبارانکردن لە قورئاندا بدەنە پاڵ هەم گەورەکانی ئەهلی سوننەت و هەم گەورەکانی شیعە.

دوای پێغەمبەر و بەتایبەت پاش گەشەکردنی ئیسلام، کاروبارەکان کەوتنە دەست چەندان والی، کە زۆر لەوانە پیاوانی بیابانشین و نەخوێندەوار و خووگرتوو بە داوونەریتی جاهیلی بوون. کتێبەکانی مێژوو چەندان چیرۆک لەم بارەوە دەگێڕنەوە. بەدڵنیاییەوە ئەعرابی بیابانشینی حیجاز لە ماوەی ١٠ساڵی تەمەنی پەیامبەردا لە مەدینە دەستبەرداری هەموو ئاداب و نەریت و بیر و بۆچوونەکانی جاهیلی نەبوون، بەتایبەت کە زۆریان لە ساڵانی کۆتاییی ژیانی پێغەمبەردا موسڵمان بوون. پیشتر ئاماژەم بەوەدا کە زینا لەنێو ئەعرابەکانی حیجازدا زۆر باو بوو.

سەرچاوەکان نیشانی دەدەن کە دوای ئیسلامیش زیناکردن هەبووە. رەنگە عومەر بۆ گێڕانەوەی خەڵک لە زیناکردن سزای سەختی بەردبارانکردنی داهێنابێ. جولەکەکان کە لە نێزیکی موسڵمانەوە بوون ئەوانیش سزای بەردبارانکردنیان بۆ زیناکار دانابوو. بەڵام کۆی ئەو ریوایەتانە ناتوانن بەڵگەیەکی جێمتمانە لەبارەی شەرعیبوونی جێگیرکردنی سزای بەردبارانکردن بدەن بە دەستەوە.

لەمە رابوورد دەگەینە ئەوەی:

١- لە قورئاندا بەردبارانکردن وەک سزای زینا یان هیچ تاوانێکی تر باس نەکراوە.

٢- ئیسلام زیاد لە هەر شتێک ڕێز و نرخ بۆ گیان و خوێنی مرۆڤ دادەنێ.
٣- بابەتی گرینگ بە هەواڵی ئاحاد جێگیر نابێ.
٤- پاراستنی خوێن و گیانی مرۆڤەکان لە گرینگترین شتەکانن.
٥- ریوایەت و هەواڵەکانی تایبەت بە بەردبارانکردن هەواڵی ئاحادن و ناوەڕۆکەکانیان قابیلی گفتوگۆ و ڕای جیاوازن.
٦- زانایان ئەو ریوایەتانەیان پەسەند نەکردووە کە باس لە بوونی ئایەتی بەردبارانکردن لە قورئاندا دەکەن.

لە کاتێکدا ریوایەتەکان لەبارەی بابەتێکی گرینگی وەک سزای زیناکردن کە پێوەندی بە گیان و ئابڕووی مرۆڤەوە هەیە ئەم هەموو جیاوازی و مشتومڕەیان لەسەرە، ئەو ریوایەتانە ئیدی لە رووی عەقڵییەوە نرخیان نامێنێ و ناکرێ پشتیان پێ ببەسترێ، بەتایبەت لەبارەی دەرکردنی حوکمی شەرعییەوە. هەر ئەوە کە ریوایەتەکانی بەردبارانکردن پێچەوانەی قورئانن ئەوە گرینگترین بەڵگەیە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ریوایەتانە. بەڵگەی نەسازیی ئەو ریوایەتانە لەگەڵ قورئاندا ئەوەیە کە ئایەتی ١٥ و ١٦ ی نیساء نەسخ نەکراونەتەوە و لەم رووەوە بەڵگەی جێمتنامە لە بەردەستدا نییە. بە لە بەرچاوگرتنی نەسخنەبوونەوەی ئەم ئایەتانە سزای ئەنجامدانی فەحشا بۆ ژنان بەتایبەت ژنانی شوودار، چاودێریکردنە لە ماڵەوەدا. تەنانەت ئایەتی قورئان لەبارەی ئازادبوونیانەوە لەو سزایە هیوای ڕێگەی نەجاتبوون دەدا، کە پێ دەچێ ئەو ڕێی نەجاتە تەوبە و گەڕانەوە بێ لە ئەنجامدانی کاری حەرام. ئەگەر سزای ژنی شوودار لە قورئاندا چاودێری بێ لە ماڵدا ئەوا سزای بەردبارانکردن پێچەوانەی ئەو ئایەتانەیە.

## زانایان و سزای بەردبارانکردن

ئەگەر سزای بەردبارانکردن، کە واتای کوشتن دەگەیەنێ، بەم شێوەیە جێی مشتومڕ بێ، جێی خۆیەتی بپرسین: چۆن ئەو بیرۆکەیە بەو شێوەیە لە بیری زانایاندا چەسپیوە و جێی گرتووە.

بە وردبوونەوە لە بۆچوون و لێکدانەوەکانی شەرعناس (شەرعناس)ەکان دەگەینە ئەو قەناعەتەی ئەوان زیاتر لە قورئان بایەخ بە ریوایەت دەدەن، ئەوان تەنانەت لە ناکۆکیی ریوایەتە جۆراوجۆرەکانیشدا لە یەک بابەتدا جەخت لەسەر هەندێ ریوایەتی تایبەت دەکەن و هەوڵ دەدەن ئەوانە سەربخەن.

بابەتی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە سەرنجی شەرعناسەکان لەسەر کام دەستە لە ریوایاتەکانە و بۆچی؟ بۆ نموونە کاتێ بە ئایەتەکانی قورئان و ریوایاتی مەوجود دەتوانین بیسەلمێنین کە خوێنبایی و نرخی گیانی هەموو مرۆڤەکان یەکسانە، چۆن شەرعناسەکان بەلای ئەوەدا دادەشکێن کە نابەرامبەری جێگیر بکەن؟ یان کاتێ نەبوونی حوکمی بەردبارانکردن لە قورئاندا و تێکگیرانی روایەتەکانی بەردبارانکردن لەگەڵ دەلیلی عەقڵیدا، لەبارياندا هەیە ڕەواییی ئەو سزایە ڕەت

بکەنەوە، چۆنە وا شەرعناسەکان هەوڵ دەدەن بیسەلمێنن ئەو سزایە ڕەوایە و زیاد لەوەیش حوکمی شەرعییە؟.

لە لێکۆڵینەوەی بەها و حوجیەتی هەواڵی ئاحاددا، دەبینین ئوسوڵی و شەرعناسەکان سەرەتا باس لەوە دەکەن کە ریوایەتی ئاحاد لە پرسە گرینگەکاندا رەت دەکرێتەوە، کەچی دوای ئەوە هەوڵی سەلماندن و سەرخستنی دەدەن. دوای ئەوەی بەڵگەی قورئان و سوننەت و عەقڵ ناتوانن رەوایی سزای بەردبارانکردن بسەلمێنن و هەر یەک لەوانە ڕووبەڕووی ئیشکالاتێک دەبێتەوە، دیسان هەوڵ دەدەن رێگەی تر بۆ سەرخستنی بۆچوونەکەیان بدۆزنەوە، وەک ئەوەی هەندێکیان بۆ خۆلادان لە گەیشتن بە بنبەست کردەوەی سەحابەکان بە حوجە وەردەگرن.

زەینی شەرعناسەکان زیاتر بەلای بابەتە عیبادییەکاندایە. قبووڵکردنی ئەوەی ئەو سونەتەی لەسەر هەواڵی ئاحاد دامەزراوە بێ بایەخ دەبێ و لەوێشەوە حوکمەکانی تایبەت بە عیبادەتەکان تێک دەچێ یان پەکیان دەکەوێ بۆ ئەوان سەخت و دژوارە. ئەوان بابەتە جۆراوجۆرەکان لەیەک جیا ناکەنەوە، ریوایەتەکانی پێوەست بەهەموو بابەتەکانی زیاتر لە نوێژی واجب و موستەحەب و غوسلی واجب و موستەحەب تا نوێژی مردوو یان قیساس و خوێنبایی و سزاکان -بەبێ رەچاوکردنی گرینگیی بابەتەکان- وەک یەک وەردەگرن. تەنانەت دەتوانین بڵێین شەرعناسەکان لە ریوایەتەکانی تایبەت بە خۆپاککردنەوە (تەهارەت) و نوێژدا وردبینی زیاتریان بە خەرج داوە لە ریوایەتەکانی تایبەت بە تۆڵەی یاسایی (قیساس) و حەدەکان، لەوانە سزای بەردبارانکردن. ئەوان بە مێشکێکی بەتاڵ و عەقڵێکی بێلایەنەوە بەدوای بەڵگەکاندا نەگەڕاون، بگرە سەرەتا سزاکەیان وەک راستییەک وەرگرتووە، دواتر هەوڵیان داوە بەبەڵگە بیسەلمێنن. لێرەوەیە لە چۆنیەتیی سوود وەرگرتنیان لە ئایەت و ریوایەتەکاندا تەمومژ و پرسیاری جۆراوجۆر هەن.

ئەوەی پێشگریمانەکانی ئەوان چۆن شکڵیان گرتووە، خۆی بۆ خۆی بابەتێکی گرینگە و شاسیتەی لێکۆڵینەوەیە.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئیسلام و ژیانی موسڵمانان و شێوازی شکڵگرتنی سوننەت و چۆنیەتیی شکڵگرتنی فیقهـ نیشانی دەدا کە زۆر لە حوکمەکان، یاسا و بڕیارەکان، بیروباوەڕ و ئاداب و نەریتەکان، وەچە بەوەچە و سینە بەسینە بە نەوەکانی داهاتوو گەیشتووە.

دروستکەری زۆر لەو ئاداب و نەریت و یاسایانە ئیسلام نەبووە، بگرە زۆر لەوانە لە جاهیلیەتی حیجازدا ریشەیان هەیە و موسڵمانانیش دوای ئیسلام دەستیان لێ بەرنەداون. ریشەی زۆر لەوانە لە کار و کردەوەی خەلیفە و والیەکانی ئومەوی و عەباسیدایە. زیندەگیی موسڵمانان لە یەکتر جیا نەبووە و جەمسەرگیری و ناکۆکیی شیعە و سوننەیش ژیانی کۆمەلایەتیی موسڵمانانی لێکتر جیا نەکردووەتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە یاسا و داوونەریتیان لێک جیاواز نەبووە. زمانی حاڵیان ئەوە بووە "مادام پێشینانمان (سەلەف) کاریان بە ریوایەتی تاکانە کردووە ئێمەیش کاری پێ دەکەین"، دەتوانین بڵێین زۆر لە پێشگریمانەکانی تریش بەم شێوەیە لە زەینی ئەواندا شکڵیان گرتووە. بۆ

نموونە لەبارەی بەردبارانکردنەوە بەڵگەی بنبڕ نییە، بەڵام سینە بەسینە گوێزراوەتەوە کە پێغەمبەر سزای بەردبارانکردنی ئەنجام داوە و بەو شێوە لە زەینی گشتیی زاناکان و خەڵکدا چەسپیوە.

شەرعناسەکان بەم پێشگریمانەوە بەدوای بەڵگەکاندا گەڕاون و بەردبارانکردنیان جێگیر کردووە لەکاتێکدا ئەگەر بە زەینی بەتاڵەوە بەدوای بەڵگەکاندا بگەڕێین ناتوانین بابەتێکی گرینگی لەم جۆرە بسەلمێنین. گواستنەوەی داوونەریتەکانی نەوەی یەکەمی موسڵمانان و کارپێکردنیان حوجیەتی نییە.

لەو مەسەلانەدا کە زەرەر و زیانیان بەدواوە نییە و لەگەڵ عەقڵدا ناکۆکییان نییە رەنگە بکرێ بایەخ بە داوونەریتی موسڵمانانی پێشین بدەین وەک نوێژی مردوو و غوسڵی جومعە و لەو جۆرانە. بەڵام لە رووی عەقڵییەوە هەندێ مەسەلەی وەک بەردبارانکردن یان هەر سزایەکی تر و قیساس و خوێنبایی ناتوانین بەو شێوەیە کار بکەین. پێشتر گوتم لەنێو شەرعناسە هاوچەرخەکاندا ئایەتوڵا خوئی ریوایەتی تاکانە لە مەسەلە گرینگەکاندا رەت دەکاتەوە، کەچی لەلایەکترەوە بەردبارانکردنی قبووڵ کردووە و دەڵێ بە سونەتی قەتعی سەلماوە. ئەوەیش لە بارێکدایە کە هەواڵی تایبەت بە بەردبارانکردنیش هەواڵی تاکانەیە.

لە لێکۆڵینەوەی مەسەلەی گرینگی تریشدا بەهەمان خاڵ دەگەین. بۆ نموونە لە قورئاندا هیچ سزایەک بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئاین نەهاتووە و لە رووی عەقڵیشەوە ناتوانرێ لەبارەی باوەڕبوون بە شتێک و باوەڕنەبوون نەبوون بەشتێک کەس سزا بدرێ، کەواتە سزادان پێوەندیی بە عەقڵەوە هەیە نە شتی تر. بەڵام شەرعناسەکان هێندە لە بابی هەڵگەڕانەوە چوونەتە پێش کە هەندێکیان تەنانەت باوەڕهێنان بە یەک مەزهەبی تایبەتی وەک شیعەشیان لە زەروریاتی ئاین زانیوە و دەرچوون لەو مەزهەبەیان بە هەڵگەڕانەوە داناوە و سزای مردنیان بۆ داناوە.

دانانی سزای مردن بۆ تاوانگەلێک کە قورئان سزای مەرگی بۆ دانەناون پێچەوانەی قورئانە و بەم پێوەرەش ئیدیعای سنووردراکردن و تایبەتکردن و نەسخی قورئان بە ریوایەت و حەدیسی تاکانە بەهای زانستی و عەقڵییان نییە.

لێرەدا ئەوە دەسەلمێ کە ئەوەی بەڵگەی بنبڕی شەرعی لەسەر نەبێ ناتوانرێ بدرێتە لای شەرع. لە مەسەلەکانی زینا و فەحشادا، کە بابەتی هەستیارن، ئەوە شایانی پشت پێ بەستنە زیاتر قورئانە و لەوەدا پێویستە کۆی ئایەتەکان بەیەکەوە ببەسترێنەوە و بە تەواوکەری یەکتر بزانرێن. هیچ پێویست نییە ئایەتی جەلد بە نەسخکەرەوەی ئایەتەکانی تر بزانین.

ئامانجی ئیسلام گێڕانەوەی خەڵکە لە کارە خراپەکان نەک کوشتنی ئەوان بە پاساوی کردنی کاری خراپ. کوشتنی مرۆڤەکان بەبەڵگەی ئەنجامدانی کاری بەد لەگەڵ پرەنسیپی هیدایەتدا ناکۆکە. قورئان لەبارەی ئەوانەی زینا ئەنجام دەدەن رێنوێنی کردووە کە ئەو کەسانە لە ماڵدا چاودێری بکرێن، بگرە بەو شێوەیە دەست لەو رەفتارە هەڵگرن.

ناوەڕۆکی ئایەتی ١٥ی نیساء ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە کە قورئان تەنانەت ئەو سزایەیش بە

سەخت دەبینێ، بۆیە هیواخوازە کە شایەد خوا ڕێی نەجات ساز دەکات.

سزای سەد شەلاق توندترین سزایە بۆ سزادانی کەسێک (ئافرەتێک) کە هەموو ڕێگەکانی تر وەک ئامۆژگاریکردنی مێردەکەی و ڕێگەکانی تر و چاودێریکردنی لە ماڵەوە نەتوانن ڕێ لە ڕەفتارەکەی بگرن. تەنانەت ئایەتەکانی تایبەت بە (مولاعەنە)یش دەتوانرێ بەو ئایەتەنانەی ترەوە ببەسترێنەوە. ئایەتەکانی مولاعەنە لەبارەی ئەوەیە کە ئەگەر پیاوێک ژنەکەی بە ئەنجامدانی زینا تۆمەتبار کرد، یان حاشای لە منداڵی بکا، بەڵام بەڵگەی نەبوو، لە کاتی دڵنیابوون لە خۆی دەتوانێ ژنەکەی بۆ مولاعەنە بانگ بکا.

لە کاتێکدا ژنەکە دان بە تۆمەتی مێردەکەیدا نەنێ و ئامادە بێ بۆ مولاعەنە، هەردوو لا لە ڕێورەسمێکدا نەفرەت لە یەکتر دەکەن و بۆ هەردەم لێک جیا دەبنەوە و منداڵەکە بۆ دایکی دەبێ. بەڵام پیاوان مافی کوشتنی ئەو ژنانەیان نییە.

ئاماژە و بەڵگەکان نیشانی دەدەن تەنانەت دوای ئیسلامیش زینا لەنێو موسڵمانی یەکەمدا ڕەواجی هەبووە و ئیسلام هەوڵی داوە خەڵک لەو کارە بەدە دوور بخاتەوە. بەڵام ڕێی بە کوشتنی زیناکار نەداوە بەتایبەت لەو ڕووەوە کە لە باری ڕێپێدانیدا زیاتر ژنان دەبنە قوربانی، چونکە پیاوان باڵادەستن و بەپێی داوونەریتی جاهیلی زینا بۆ ژنان بەدتر بووە لە کاتێکدا پیاوان چەند ژنیان هەبووە کە مافی ئەوانیان بەباشی پاراستووە، تەنانەت لەگەڵ بوونی چەند ژنێکیشدا هەر زینایان کردووە.

دوکتۆر بەهادین خورەمشاهی لە لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی قورئانەوە دەڵێ "تەنانەت جوولەکەکانی ئەمڕۆ کە حوکمی بەردبارانکردنی زیناکار لە کتێبەکەیاندا هاتووە ئەو سزایە جێبەجێ ناکەن، لە کاتێکدا ئەو حوکمە لە قورئاندا بەهیچ شێوەیەک نەهاتووە. حوکمی قورئان بریتییە لەوەی زیناکاران لەگەڵ زیناکاراندا هاوسەرکاری بکەن[١١]. جا ئەگەر بریار بێ کەسی زیناکار بەرباران کرابێ تا مردن ئیدی چۆن دەتوانن هاوسەرکاری بکەن. هەروەها بەپێی قورئان سزای زیناکردنی کەنیزەک نیوەی سزای ئافرەتی ئازادە[١٢]، جا ئەگەر حوکمی ئافرەتە ئازادەکە بەردبارانکردن بێ تا مردن ئەی نیوە بەردبارانکردن چ مانایەکی هەیە؟".

مەبەستی من لە ڕەتکردنەوەی سزای بەردبارانکردندا ئەوە نییە ڕەوایی بە کاری بەد و خراپە بدەم، بگرە مەبەست ئەوەیە پێویستە شێوەی سزاکانی تاوانەکان لە سەردەم و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا باو (متعارف) بن. شێوەی سزاکانیش بە تێپەڕینی کات دەگۆڕێن، ئیدی ئەمڕۆ پەسەند نییە شێوەی بەسەرچووی سزاکانی دنیای کۆن کار پێ بکەین.

پەراوێزەکان:

(١) ئەز لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە و لە نووسینەکانی تریشمدا زیاتر وشەی (حەدیس) لە بری (فەرمووده) بۆ ئەو دەقانەی بەناوی "گوتەی پێغەمبەر" پێمان گەیشتوون، بەکار دێنم، لەبەرئەوەی فەرموودە لەنێو موسڵمانانیدا زیاتر بۆ کەسی پێغەمبەر (د.خ) بەکار دێ و جۆرە پیرۆزییەکی تێدایە، لە کاتێکدا

هەزاران لە دەقەکانی حەدیس لە رووی سەنەد و مەتنەوە لاوازن، واتە قسەی پێغەمبەر نین، بۆیە ناتوانین پێیان بڵێین فەرمووده، بەڵام وشەی حەدیس واتایەکی گشتی هەیە و دەکرێ بە هەموو گوتەیەک بوترێ (حديث).

(٢) مەبەست لە حوجیەت ئەوەیە ئەو سەرچاوەیە مەرجەعە لە هزر و فیقهی ئیسلامیدا. (وەرگێڕ)

(٣) لەوانە:

× (وَإِذَا حُيِّيْتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّواْ بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا)- النساء/ ٨٦.

× (وَاقْصِدْ فِي مَشْيِكَ وَاغْضُضْ مِن صَوْتِكَ)- لقمان/ ١٩.

× (فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)- النحل/ ٩٨.

(٤) مەلا عوسمان عەبدولعەزیز یەکێک بوو لە زانا ناسراوەکانی ناوچەی هەڵەبجە و یەکێکیش بوو لەوانەی دوای خۆپێشاندانەکەی شاری هەڵەبجە لە ئایاری ١٩٨٧دا، چوونە ئێران و لەوێ بزووتنەوەی ئیسلامییان دامەزراند و بوو بە ڕابەری گشتیی بزووتنەوە، تا سەرەتاکانی دووهەزارەکان.

ئەم بۆچوونەی عەبدولعەزیزم لە ساڵی ١٩٨٧دا لە کاسێتێکی ناوبراودا بیست، کە بەبۆنەی دامەزراندنی ئەو حزبە چەکدارە ئیسلامییەوە بڵاوی کردەوە، تێیدا لە باسکردنی کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئایەتوڵا حوسێن مونتەزەری جێگری ئەو کاتی خومەینی دەکات و دەڵێ "بە مونتەزەریم گوت ئێمەی کوردی عێراق وەک شافیعی مەزەب، لە رووی فیقهییەوە لە مەزهەبی جەعفەری نێزیکترین تا مەزەبی حەنەفی کە لە ئەهلی سوننەن، بەڵام خیلافمان لەگەڵ شیعەدا لەسەر هەندێ کەسایەتییە. ئەوانەی لای ئێوە پیرۆزن لای ئێمەیش پیرۆزن، ئێوەیش وەک کۆماری ئیسلامی بڕیارێک دەربکەن ئەوانەی لای ئێمە پیرۆزن لای ئێوەیش پیرۆز بن و با ئەو ناکۆکییە لە نێوان شیعە سوننەدا کۆتایی پێ بێ". دەڵێ "مونتەزەری قسەکەی پێ خۆش بوو، تەنانەت هەستا دەستی کردە ملم و وتی: من تەلەبەم".

(٥) الموطأ، مالك بن انس، كتاب الحدود، باب الرجم.

(٦) حەدیسەکان لە رووی چۆنیەتیی گەیشتن، یاخۆ سەنەدەوە دەکرێن بە دوو بەشەوە: تەواتور + ئاحاد.

تەواتور، وەک لە سەرچاوەکانی زانستی فەرموودەدا باس کراوە "ئەو هەواڵ یان حەدیسەیە دەماودەم لە هەموو چین و نەوەکاندا لە ڕێی ژمارەیەکی زۆر راوییەوە گێڕدراوەتەوە، کە کۆبوونەوەیان لەسەر درۆ مەحاڵ بێ و لە گێڕانەوەیدا پشت بە شتێکی بەرهەست دەبەستن وەک ئەوەی دەڵێن "فلان قسەی پێی گوتین، یان گوێمان لێ بوو، یان بینیمان).

لەبارەی ژمارەی ئەو کەسانەیشەوە کە حوکمی تەواتوری پێ تەواو دەبێ، هەندێ ٤ کەس، هەندێ ٥ کەس، هەندێ ١٠ کەس، هەندێ ٤٠ کەس و هەندێکی تر ٧٠ کەسیان داناوە.

بەڵام ئاحاد کۆی (احد)ە بەواتای یەک، هەواڵی یەک کەسی یاخۆ تاکەکەسی ئەو هەواڵەیە یەک کەس گێڕاویەتیەوە. لە رووی زاراوەییشەوە، وەک ئیبن حەجەری عەسقەلانی (لە ٨٥٢ ک مردووە)، دەڵێ: "ئەو حەدیسەیە مەرجەکانی تەواتوری تێدا نەهاتووەتە دی". ئیبن حەزمیش پێناسەی کردووە بەوەی "ئەو هەواڵانەیە تاکەکەسێک لە تاکەکەسێکی تریەوە گواستووەتەوە".

لای زاناکانی حەدیس موتەواتیر گومان لە راستیدا نییە و (پەسەندکراو)ە، بەڵام ئاحاد هیی راست و لاوازی تێدایە.

وا باوه حـەدیس دەکرێ بە سێ بەشــەوە: راست (صـحـیـح)، باش (حـسن) و لاواز (ظعـیـف). بەڵام زۆرینەی زاناکانی مێژووە بەراییەکانی ئیسلام تەنیا دوو جۆریان دانابوو، ئەوانیش راست و لاواز بوون، بەڵام تەرمووزی، کە یەکێکە لە زانایانی حەدیس زاراوەی باش (الحسن)ی هێنایە نێو زانستی حەدیسەوە. (وەرگێڕ)

(٧) البیان، ئایەتوڵا خوئی، لا ٣١٠.

(٨) تفسیر المیزان، بەرگی ٤، پەراوێزی ئایەتەکانی ١٥-١٦ سوورەتی نیسا.

(٩) سوننە وەک زانایانی حەدیس پێناسەیان کردووە بریتییە لە گوتە و کردار و پەسەندکردنەکانی پێغەمبەر (وەرگێڕ).

(١٠) بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە، ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە "رۆژێک عومەری کوڕی خەتاب ـرەزای خوای لێ بێ- چووە سەر میمبەر و دوای حەمدوسەنای خوا گوتی "دوای ئەوە، خوا محەمەدی بە پەیامی راستییەوە ناردووە و قورئانی بۆ دابەزاندووە، ئایەتی رەجم یەکێک بوو لەو ئایەتانەی خوا دایبەزاندن، ئێمەیش خوێندمانەوە و لێی تێگەیشتین، پێغەمبەر بەردبارانی جێبەجێ کرد و ئێمەیش دوای ئەو جێبەجێمان کرد، جا دەترسم رۆژێک بێ کەسێک بڵێ: وەڵاهی ئایەتی رەجم لە کتێبی خوادا نابینین و بەهۆی وازهێنان لە فەریزەیەکەوە کە خوا دایبەزاندووە سەرگەردان ببن. بەردبارانکردن لە قورئاندا هەقە لەسەر ئەو پیاو و ئافرەتانەی زینا دەکەن و بەبەڵگە لەسەریان ساغ دەبێتەوە، یان سکپڕی رووی دابێ یان خۆیان دانی پێدا بنێن". وتراوە مەبەست لە ئایەتی رەجم ئەم ئایەتەیە (الشیخ و الشیخة اذا زنیا فارجموهما).

لە چەند ریوایەتێکی تردا، کە ریوایەتی ئاحادن، ئاماژە بەوە دراوە کە بەردبارانکردن لە سەردەمی پێغەمبەردا جێبەجێ کراوە.

بەغەوی لە تەفسیرەکەیدا (٤٠٥/١) دەڵێ "سزای بەندکردنی زیناکار لە ماڵدا لە سەرەتای ئیسلامدا بوو پێش ئەوەی ئایەتەکانی حەدەکان دابەزن، دواتر ئەو سزایە نەسخ کرایەوە، بۆ زیناکاری بێ هاوسەر شەلاقلێدان و دوورخستنەوە، بۆ زیناکاری هاوسەرداریش شەلاقلێدان و بەردبارانکردن دانران". بەڵام باسی ئەوەی نەکردووە لەبەرچی دوای نەسخبوونەوەی ئەو ئایەتە، بۆ سزای شەلاقلێدان ئایەت دابەزی، بەڵام بۆ سزای بەردبارانکردن دانەبەزی؟. جێی سەرنجە کە ئەو ئایەتەی سزای سەد شەلاقەکەی بۆ زیناکاران داناوە، هیچ ناوبگیری و جیاوازییەکی لە نێوان رەگەزی نێر و مێ، یان بوون و نەبوونی هاوسەر، یان تەمەندا نەکردووە و بە رەهایی باسی لە زیناکاری ئافرەت و پیاو (الزانیة و الزاني) کردووە. (وەرگێڕ)

(١١) مەبەست ئەم ئایەتەیە (الزَّانِي لاَ يَنكِحُ إلاَّ زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَالزَّانِيَةُ لاَ يَنكِحُهَا إِلاَّ زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ..) {النور/٣}.

(١٢) مەبەست ئەم ئایەتەیە (فَإِنْ أَتَيْنَ بِفَاحِشَةٍ فَعَلَيْهِنَّ نِصْفُ مَا عَلَى الْمُحْصَنَاتِ مِنَ الْعَذَابِ }النساء/٢٥}.

# ئیسلام و مۆدێرنیتەی سیاسی

موریس باربیە

هەروەک دەزانین ماوەیەکی زۆر بەسەر دەرکەوتنی مۆدێرنیتەی سیاسی لە ڕۆژئاوادا تێ نەپەڕیوە. لەم بەشەی جیهانیشدا مۆدێرنیتە بەشێنەیی هەنگاوی نا و تەنانەت هەندێک جار پاشەکشێشی کرد، کە دەکرێ دەرکەوتنی شێوە جۆربەجۆرەکانی تۆتالیتاریزم بەنموونەی ئەم پاشەکشێیانە لە قەڵەم بدرێن.

لە ڕاستیدا، دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە داخوا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە باسی لە ئارادابوونی مۆدێرنیتەی سیاسی لەناو جیهانی ئیسلامیدا بکرێ و ئاخۆ ئیسلام لەمپەرێکی جیدییە لە بەردەم مۆدێرنیتەی سیاسیدا؟ ڕەوشی وڵاتانی ئیسلامی لەم ڕووەوە و لەبەر دوو هۆ هەژیی ڕاڤینکی تایبەتە: یەکەم لە ڕووی گرینگایەتیی فاکتەری ئاین لەم وڵاتانەدا و دووەم لە ڕووی هەڵدان و پەرەسەندنی ئیسلامەوە. لەلایەکەوە لەم وڵاتانەدا، ئاین فاکتەرێکی گرینگە و لە دیاریکردنی ناسنامە (identity)دا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و هەروەها پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە. کەوابوو ئیسلام لە توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنەری جڤات (ئومەت)ە و زۆرجاریش ئاینی دەوڵەتەیشە.

لێرەدا دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆ بکەین کە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشەکە، داخۆ هەر لە بنەڕەتدا وەدیهاتنی مۆدێرنیتەی سیاسی دەست دەدا؟ وەڵامەکە پێواربوونی بێ ئەملا و ئەولای مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامدا پشتڕاست دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە، لە چەند دەیەی ڕابردوو بەملاوە، پەرەسەندنی ئیسلامخوازی لە هەندێ لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەچاوی خۆمان دەبینین و هەروەک دەزانین ئەم تەڤگەرە تێ دەکۆشێ سەرلەنوێ ڕۆڵی ئیسلام لە ژیانی سیاسی و

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری

کۆمەڵایەتیدا بیووژێنێتەوە، ماف و پرەنسیپە ئیسلامییەکان بسەپێنێ و تەنانەت دەسەڵاتێکی ئیسلامییش دابمەزرێنێ، دیارە بۆ تێگەیشتن لەم دیاردە سەیروسەمەرەیە، دەبێ، سەرەتا بەوردی پێوەندییەکەی لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسیدا شرۆڤە بکەین. هەوڵێکی ئەوتۆ ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ سەلماندنی ناتەبایی بنگەهیی مۆدێرنیتەی سیاسی لەگەڵ بناژۆیی ئیسلامیدا.

١ـ لە ئارادانەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا

هەروەک دەزانین مۆدێرنیتەی سیاسی لە سەدەی هەژدەمدا تەنیا لە ڕۆئاوادا هەڵی دا و پەلی هاویشت و هاوکات لە جیهانی ئیسلامیدا دەرنەکەوت و لە ئەنجامدا، لەم بەشەی جیهاندا بەنامۆیی مایەوە. ئەم نامۆییەش لە مێژووی جیاوازی ئەم دوو بەشەی جیهاندا بە ڕوونی دیارە، لە ڕاستیدا جیهانی ئیسلامی لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، وەچەرخانێکی وەک ئەم وەرچەرخانەی ڕۆئاوای بەخۆوە نەدیوە و نەخاسمە نە تاکگەری لەم بەشەدا سەری هەڵدا و نەسنوورێکیش لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەدا دیاری کرا.

هەرچەندە پێشتر مۆدێلگەلی سیاسیی جۆرەوجۆر لە جیهانی ئیسلامدا (میرایەتی یا ئیمپراتۆرییەکان) لەگەڵ حکوومەتە بەر لە مۆدێرنەکانی ڕۆئاوا لێک دەچوون، بەڵام نابێ سیستمە کۆمارییەکانی ئێستای وڵاتانی ئیسلامی بە مۆدێرن لە قەڵەم بدەین و زێدەباری ئەمەش جڤاکی مەدەنییش بەگشتی لەم وڵاتانەدا گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە و بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەدی ناکرێ. کەوابوو دەکرێ بڵێین جیهانی ئیسلامی نامۆیە بەمۆدێرنیتەی سیاسی.

دەکرێ لەناو ئیسلام خۆیدا بۆ هۆکاری ڕەوشەکە بگەڕێین. چونکە ئاینی ئیسلام بەتوندی نووساوە بەلایەنی جڤاتیی خۆیەوە. لە ڕاستیدا باوەڕمەند بەباوەڕهێنان بەئیسلام، دەبێتە ئەندامێکی ئوممەتی ئیسلامی. ئوممەتێک کە لە سەرووی تاکی باوەڕمەندەوەیە و لە هەموو ڕوویەکەوە چارەنووسی دیاری دەکا. بەم ڕەنگە، پێوەستبوونی بەئوممەتەوە لە ئیرادە و چارەنووسە کەسانییەکەی بە گرینگتر دادەنرێ و چ شک و گومانێک هەڵناگرێ.

ڕاست لەم سۆنگەیەوەیە کە تاکی موسڵمان نە دەتوانێ واز لە باوەڕەکەی بێنێ و نەش بچێتە سەر ئاینێکی تر. گەرچی باوەڕمەند ئازادە بچێتە سەر ئیسلام، بەڵام پاش چوونە سەر ئیسلام ئیدی بۆی نییە، پشتی تێ بکا.

چونکە ئەمە بەتاوانێکی مەزن دەرهەق بە خوا و ئوممەت دەژمێردرێ. جا ئەوجار، ئەم تاوانەش سزایەکی توندی لە دووە، چونکە سزای لە ئاین وەرگەڕاو مەرگە، لەبەر ئەوەی کە پشتی لە خوا کردووە، ئوممەتیش وەخۆی ناگرێ. بۆیە هەرچەند چوونە سەر ئاینی ئیسلام ئازادە، بەڵام موسڵمانان بۆیان نییە لە دین وەرگەڕێن، لەم ڕووەوە ئازادیی تاکەکەسییان نییە و لە ڕاستیدا تا ئاستی ئەندامەتیی ئوممەتێک دادەبەزن کە ئیدی بۆیان نییە دەستی لێ هەڵگرن.

ئەم پرەنسیپە سەرەکییە کە بەدرێژای سەدەکانی پێشوو بووبووە ناسنامەی ئیسلام، لە چەند

دەیەی ڕابردووشدا، لە کێشەکەی (سەلمان ڕوشدی)دا، ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی دەرخست واتە، کفرکردن و لە دین وەرگەڕان هێشتاکە سزای مەرگی لە دوایە. هەرچەند هەڵوێستێکی ئەوتۆ لەم سەردەمەدا لە هەمبەر (سەلمان ڕوشدی)دا قبووڵ ناکرێ، بەڵام دەبێ لە بیرمان نەچێ کە ئەمە پشت بە لۆجیکێکی کۆن دەبەستێ.

دیارە، هەر لە ئیسلامدا ئەم چەشنە هەڵوێستانە ناگیرێن و هاوشێوەیان لە تێکڕای ئەو ئاینە گەورانەدا بەدی دەکرێ کە زۆر بەجیدی لەسەر لایەنی جڤاتیی خۆیان پێ دادەگرن و دەیانەوێ چارەنووسی شوێنکەوتووانی خۆیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەدەستەوە بگرن، یەک لەوان و بەتایبەت، ئەم چەشنە هەڵوێستانە لە ئاینی مەسیحدا (بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) وێڕای ئەنجامی هاوشێوە، بەدی کراون.

لەو چەرخانەدا، دادگەکانی پشکنینی بیروباوەڕ، حوکمیان دەسەپاند بەسەر کافران و لە دین دەرچوواندا و ڕادەستی دەسەڵاتیان دەکردن تا لەداریان بدا. پێویستە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە تەنانەت (تۆماس ئاکویناس)یش ئەم کردەوەیەی پاساو داوەتەوە. لە مەسیحیەتیشدا، وەک ئیسلام تاک پەیڕەوی ئومەت بوو و لەوانەش بوو لە پێناویدا گیانی بەخت بکا.

بەڵام ئەگەرچی ئەم ڕەوشە لەمەڕ مەسیحیەت، چ لە لایەنی شوێنەوە چ لایەنی کاتەوە، سنووردار کرا، بەڵام لە ئیسلامدا گشتگیرتر بوو و بەدرێژای سەدەکانی ڕابردوو، هەر بەردەوام بوو. بەتایبەت لە جیهانی ئیسلامدا بەپێچەوانەی ڕۆژاوای مەسیحی، لەم ڕووەوە، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات و لە ئەنجامدا بایەخ و باندەستیی جڤات بەسەر تاکدا، پارێزرا و ئەمەش بەرسینگی تاکگەریی گرت کە یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی مۆدێرنیتەی سیاسی.

سەرباری ئەمەش، دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە هەرچەند ئیسلام لایەنی ڕۆحانی لە کاروباری دنیایی جوێ دەکاتەوە، بەڵام ژیانی ئاینی لە ژیانی سیاسی جیا ناکاتەوە. ئاینی ئیسلام هەڵگری کۆمەڵێک ئەرکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و بەگوێرەی فورموولی کلاسیک هەم ئاینە و هەم حکوومەت (دین و دولە). لە ئەنجامدا جڤات (ئومەت)ی ئاینی، تێ دەکۆشێ لەگەڵ جڤاتی سیاسیدا یەکسان بێ.

دیارە، گوێڕایەڵیی تاک بۆ جڤاتی ئاینی بەشێوەیەکی سروشتی، هەر بەو پێیە گوێڕایەلیشی بۆ جڤاتی سیاسی بەدواوە دەبێ یان دەکرێ بڵێین، بایەخ و باندەستیی جڤات لە چاو تاکدا هەم لە بواری سیاسیدا دەردەکەوێ و هەم لە بواری ئاینیدا. لەم بارودۆخەدا تاک ناتوانێ، لە هەمبەر ئومەت و جڤاتدا سەربەخۆ بێ و ئەم بارە لاوازەی تاک ڕێ لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی سیاسی دەگرێ.

وێڕای ئەمانەش گەرچی ئیسلام لە بەرسینگ گرتنی بەسەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی سیاسیدا دەستی هەبوو، بەڵام ڕۆڵێکی سەرەکیی نەگێڕا کەوابوو دەبێ لە شوێنێکی تردا بۆ ڕەگوریشەی ئەم

پرسە بگەڕێین، لە ڕاستیدا هەرچەند لە نێوان ئیسلام و مەسیحەتدا (بەتایبەت ئاینزای کاتۆلیک) لەمەڕ پێوەندیی نێوان ئومەت و تاکدا، جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە ڕەوتی گۆڕانکاری لە وڵاتانی ئیسلامیدا وەک وڵاتانی مەسیحی نەبووە.

لە راستیدا جیاوازییەکە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ کەشوهەوای کۆمەڵایەتی ـ سیاسی و پێوەندیی ئاین بەم کەشوهەوایەوە. تا ڕاستەوخۆ بۆ ئاین. کەوابوو، دەبێ سروشتی دەوڵەت لە جیهانی ئیسلامدا و پێوەندیی نێوان دەوڵەت و ئیسلام شەنوکەو بکرێ و لەم ڕووەوەش، پشتبەستن بە بەراودکاری لەگەڵ ئەزموونی ڕۆئاوای مەسیحیدا، یارمەتیدەر دەبێ.

ئەو وڵاتانەی کە مەسیحییەت تێیاندا، هەڵی دا و پەلوپۆی هاوێشت، بەگشتی لە ڕێی دوو دامەزراوەی سیاسی و ئاینییەوە دەناسرانەوە و هەر کام لەم داوودەزگایانەش، خاوەنی دەسەڵات، دامەزراوە و سەرکردایەتی و مافی تایبەت بەخۆیان بوون.

ئەم دوو دامەزراوە سیاسی و ئاینییە نەک هەر لێک جودا بوون بەڵکو میتۆدی ئیشکردنیشیان سەربەخۆ بوو و پێوەندیشیان جارجار لە شێوەی هاوکاریی توندوتۆڵ و جارجاریش لە شێوەی هەڤڕکییەکی زەقدا دەردەکەوت. بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە دەسەڵاتی دنیایی زۆرجار گوێڕایەڵی دامەزراوەی ئاینی بوو. بەڵام لە ڕاستیدا خاڵی گرینگ ئەوە بوو کە دوو دامەزراوەی جیاواز لە گۆڕێدا بوون کە هەر کامیان خاوەنی سەربەخۆیی خۆیان بوون. کەوابوو دامەزراوەی سیاسی دەیتوانی تایبەتمەندیی خۆی بپارێزێ و لە ئاین دوور بکەوێتەوە.

سەرەڕای ئەمەش تەنانەت دەیتوانی بەبێ پەنابردنە بەر ئاین و پشتوانی، لە سەرپێی خۆی ڕاوەستێ. ئاینیش خاوەنی دامەزراوەی تایبەت بەخۆی، واتە کڵێسا بوو و ئەو دامەزراوە ئاینییەش ئەوەندە بەهێز بوو کە لە دەرەوەی پێکهاتەی سیاسی دا بتوانێ درێژە بەژیانی سەربەخۆی خۆی بدا، هەرچۆنێک بێ بوونی ئەم دوو جۆرە دامەزراوەییە لە ڕۆئاوا (کە کڵێسا بەراگەیاندنی باڵادەستیی خۆی بەسەر دەسەڵاتە دنیاییەکاندا، جاروبار دەیتوانی دەسەڵاتی ئاینی دابمەزرێنێ) لە چاو ڕۆهەڵات (کە دامەزراوەی ئاینی تێیدا زۆرتر گوێڕایەڵی دەسەڵاتی سیاسی بوو، جاروبار جۆرە سێزار ـ پاپیزمێکی ڕاستەقینە تێیدا سەری هەڵدەدا) دابین کرابوو.

لە ڕاستیدا، لە جیهانی ئیسلامیدا، لە سۆنگەی زاڵبوونی بۆچوونی بەیەک چاوسەیرکردنی دامەزراوەی ئاینیی و دامەزراوەی سیاسی، جیاوازییەکی دامەزراوەییی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو لایەنە (ئاین و دەسەڵاتی سیاسی)دا بەدی ناکرێ. هەروەک دەزانین پێغەمبەری ئیسلام خۆی لە چوارچێوەی پەیامە ئاینییەکەیدا قەتیس نەکرد، بەڵکو بۆ ئومەتی ئیماندار دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسیشی پێک هێنا، کەوابوو نەک هەر بەدامەزرێنەری ئاین، بەڵکو خاوەنی وەک ڕێبەرێکی سیاسی و تەنانەت سەرکردەیەکی سەربازییش سەیر دەکرا. قورئانیش تەنیا کتێبێکی ئاینی نییە، بەڵکو خاوەنی ڕێوشوێنی یاساییشە.

له ئەنجامدا وێڕای جیاوازیی دامەزراوەی ئاینی لە دامەزراوەی سیاسی، ئەم دوو دامەزراوەیە، هاوپشک و هاوتای یەکن. بەتایبەت دامەزراوەی ئاینی لە چاو دامەزراوەی سیاسی زۆر کەمتر گەشەی کرد و زۆرجار گرێدراوی دامەزراوەی سیاسی بوو. لە ڕاستیدا، ماوەیەکی زۆر بەسەر سەرهەڵدانی ئیسلامدا ڕانەبردبوو کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زاینیدا، کەلێنێک کەوتە نێوان شیعەکان و سوننەکان کە لەو کاتەوە بایەخی بەرچاوی خۆی پاراستووە. لە ڕاستیدا لەودیوی پرسی جێنشینیی پێغەمبەری ئیسلامەوە، ئەم کەلێنە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی تێڕوانین بۆ ئەرکی خەلیفە. بۆیە جیاوازی یا ململانێی نێوان سوننەکان و شیعەکان پتر بارێکی سیاسیی هەبوو تا مەزهەبی.

سوننەکان هەم دانیان بەدەسەڵاتی سیاسیی خەلیفەدا دەنا و هەم دەسەڵاتە ئاینییەکەی. لە ڕاستیدا سەرهەڵدانی بنەماڵەی ئومەوی، هێزی سیاسی بەسەر هێزی ئایندا سەرکەوت و لە ئەنجامدا بەرەبەرە دامەزراوەی سیاسی هەڵی دا و پەرەی سەند و بوو بەدامەزراوەیەکی باڵادەست و لە ڕاستیدا داوودەزگای سیاسی، ئاینی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. دەکرێ بڵێین کە داوودەزگای سیاسی، پارێزگاریی لە ئاین دەکرد و چارەنووسی ئاینی بەدەستەوە گرتبوو و هەروەها بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرت.

بەم پێیە ئاین ئیدی نەبووە خاوەن دامەزراوەی تایبەت بەخۆی و بوو بەپاشکۆی دەسەڵاتی سیاسی و هەر دەسەڵاتی سیاسییش بوو کە بووبووە گەرەنتیی مانەوە، هەڵدان و پەرەسەندنی. لێرە بەدواوە ئەم مۆدێلە لە هەموو شوێنێکدا بوو بە باو. لەم وڵاتانەدا کە دەوڵەت، بەسەر ئیسلامدا زاڵ بووە و ئیسلام هەم بووەتە ئاینی رەسمیی دەوڵەت و هەم دەسکەلای دەستی. بەپێچەوانەوە، شیعەکان پێیان وا بووە کە خەلیفە دەبێ واز لە کاروبار و دەسەڵاتی دنیایی بێنێ و خۆی تەرخان بکا بۆ خزمەتی ئەرکە ئاینییەکەی. بەم جۆرە، ئاینزای شیعە بەچاوپۆشین لە هەر چەشنە دەسکەوت یان داواکارییەکی سیاسی، دامەزراوەی ئاینیی لە سەروو دەسەڵاتی سیاسییەوە دانا و هەوڵی دا سەربەخۆ بێ و نەچێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی سیاسییەوە.

ئەم هەوڵەش وای کرد هەڕەمێکی مەزهەبی و جۆرە ڕۆحانییەتێکی مەزهەبیی لێ بکەوێتەوە. کە ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاینیی شیعەکانی سەربەخۆیانە وەئەستۆ گرت. ئەم میتۆدە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕەوشی کڵێسا لە ڕۆئاوادا نەبوو. چونکە لەوێش دەسەڵاتی ئاینی لە دەسەڵاتی دنیایی جیاواز و لە سەرووشیەوە بوو. بەڵام ئەم میتۆدەی مەزهەبی شیعە، بەگوێرەی پێویست پەرەی نەسەند و هەر لە چوارچێوەی ئێراندا قەتیس بوو. لە ڕاستیدا لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە، ئەم میتۆدە [لە ئێراندا] ئیشی پێ دەکرێ.

شۆڕش بەگرێدانی سیاسەت بە دینەوە، دەسەڵاتێکی ئاینیی ڕاستەقینەی دامەزراند. ئەم پارادایمە کەم و زۆر بووەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیی ئێستاکە، کە خوازیاری دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی و ڕاپەڕاندنی شەریعەتە.

زێدەباری ئەمانەش، سوننە و شیعە وێڕای جیاوازییەکانیان، لەمەڕ مۆدێرنیتەی سیاسی ـ یا باشتر وایە بڵێین نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی ـ بەکردەکی دەگەنە یەک ئەنجام. بەپێچەوانەی مەسیحیەتەوە، ئیسلام لە وڵاتانی سوننە مەزهەبدا هیچکات دەسەڵاتێکی خاوەن هیرارکی و خاوەن پێکهاتەی، نەخوڵقاند. دامەزراوەی ئاینی بەردەوام لاواز و بەرتەسک مایەوە و قەت بەلای پێکهێنانی دامەزراوە یا مەرجەعیەتێکی تایبەتدا نەچوو و هەوڵی نەدا لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا ململانێ بکا یا تەنانەت زاڵ بێ بەسەریدا. بەڵام دامەزراوەی سیاسی بەپێکهێنانی سیستەمگەلی پاشایەتی و ئیمپراتۆری، بێ کۆسپ و تەگەرە پەرەی سەند و بۆ پارێزگاری و بەهێزکردنی خۆی کەڵکی لە ئاین وەرگرت و بەکردنی ئیسلام بەئاینی دەوڵەتی تا ڕادەیەکی زۆر باڵادەستیی خۆی بەسەر ئایندا سەپاند.

لاوازیی دامەزراوەی ئاینی و بەهێزیی دامەزراوەی سیاسی تاقە سیستەمێکی لێ کەوتەوە کە تێدا رەهەندی سیاسی، رەهەندی ئاینیی لە خۆیدا جێ کردەوە. لە کاتێکدا کە ئەم چەشنە داوودەزگایانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەناو مەسیحیەتدا بەدی کراون. کەوابوو ئومەتی ئاینی لەگەڵ جڤاتی سیاسیدا بووبوون بەیەک و ئەم یەکبوونەی ئومەتی ئاینی، وزەی دەدا بە جڤاتی سیاسی، لە ئەنجامدا گوێڕایەڵیی تاک بۆ کۆمەڵیش هەم لە بواری ئاینیدا دەرکەوت و هەم لە بواری سیاسیدا، لەم دەستودارەدا، سەرهەڵدانی تاکی مۆدێرنی سەربەخۆ لە کۆمەڵ، شتێکی نەلواوە و ئەم ڕاستییەش بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ لە ئارادانەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیدا. هەرکە حکوومەتی موسڵمان پشت بەئاین دەبەستێ و کەڵکی لێ وەردەگرێ، دەبێتە کۆسپ لە بەردەم بەمۆدێرنبوونی حکوومەتدا. یەکبوونی دەوڵەت و ئاین، ڕێ لە جوێبوونەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگە دەگرێ، بۆیە دەبێتە ئاستەنگ لە هەمبەر سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەی سیاسیدا.

بەڵام، شیعەکان، لانیکەم لەگۆڕ پرەنسیپەکان، لە بارێکی جیاواز و تەنانەت دەکرێ بڵێین ناتەبادان. ئەم ئاینزایە کە هەرتەم سەربەخۆیی خۆی لە بەرامبەر بیاڤی سیاسیدا پاراستبوو، پتر پەرژایە سەر گەشە و پەرەپێدانی ڕێکخراوەیی مەزهەبیی خاوەن مەرجەعیەت و ڕۆحانیەتی شێوە هەرەمی، کە ڕاست وەک ڕۆئاوای مەسیحی دوو جۆرە ڕێکخراوی –مەزهەبی و سیاسی–ی لێ کەوتەوە.

ئەگەرچی ئەم ڕاستییە لە ئاستی تیۆردا، بواری بۆ مۆدێرنیتەی سیاسی خۆش دەکرد، بەڵام بەو حاڵەش، لەبەر دوو هۆ، مۆدێرنیتەی سیاسی وەدی نەهات: یەکەم لەو سۆنگەیەوە کە جوداییی ڕاستەقینەی دەوڵەت و دین تێدا بەدی ناکرێ و ئیسلامی شیعە بەرەو ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی سەردەکێشێ؛ دووەم، دیسان گەنگەشەکە لەمەڕ دەوڵەتی بەر لە مۆدێرنەیە. کە تێدا بیاڤی گشتی و بیاڤی تایبەت جوێ نەکراونەتەوە.

بەم شێوە، ئاینزای شیعە وێڕای سەرجەم خاڵە جیاوازەکانی لەگەڵ ئاینزای سوننەدا، هەلومەرجیان لە پێوەندی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا زۆر جیاواز نییە و ئەمیش هەروەک ئاینزای سوننە

کۆسپی لە بەردەمە. ڕەوشی ئێستای ئێران، ڕاستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ: ئیسلامی شیعە لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ بەملاوە دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستەوەیە و دەوڵەتی خستووەتە ژێر ڕکێفی ئاینەوە و بۆ سەرخستنی ئامانجە ئاینییەکانی کەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی وەردەگرێ. لەڕاستیدا یەکبوونی دوو بیاڤی ئاینی و سیاسی، بەسوودی ئاین بووە و ئەمەش ڕێگە لە مۆدێرنیتەی سیاسی دەگرێ. بۆیە هەردوو ئاینزای شیعە و سوننە، وێڕای جیاوازیی ڕێگەکانیان، دەگەنەوە یەک ئەنجام.

هەروەک دەزانین، جیهانی ئیسلام لە چەند سەدەی ڕابردوودا، مۆدێرنیتەی سیاسیی تاقی نەکردەوە. ئێستاکەش ڕەوشی وڵاتانی ئیسلامی بە شیعە و سوننەوە، گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووە. بەگشتی ئەم وڵاتانە بەپاراستنی تەبایی و تێکپەڕینی تەواوی دەوڵەت و ئاین، ئەوە دەسەلمێنن کە ئامادە نین دەوڵەت بەتەواوی لە کۆمەڵگە داببڕن.

دیارە چەند نموونەیەکی ڕیزپەڕیش بەدی دەکرێن کە تورکیا نموونەیەکی بەرچاوە، ئەم وڵاتە لە ساڵانی دووەمی سەدەی بیستەمەوە عەلمانیەتی لە سەرەوە سەپاند و کەوتە سەرڕێگەی مۆدێرنیتەی سیاسی. بەڵام تەنانەت لە نموونەی تورکیاشدا، جیایی دین و دەوڵەت بەتەواوی سەری نەگرتووە و زۆر بەڵگە هەن ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم وڵاتە هێشتا مۆدێرنیتەی سیاسیی بەدی نەهێناوە. لەبەر زۆر هۆی ڕوون، لە وڵاتانی تری ئیسلامیشدا کە سیکیۆلاریزاسیونێکی هاوشێوەیان وەدی نەهێناوە، ڕەوشەکە هەریەکە. گەرچی چەند هەوڵێکی درەوشانە لەلایەن چەند وڵاتێکەوە، لەوانە، تونس دراون.

لە ڕاستیدا، ئەم وڵاتانە تەنیا بەجیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئاین، یان لانی کەم نەهێشتنی باڵادەستیی ئاین بەسەر دەوڵەتەوە، دەتوانن بکەونە سەرڕێگەی مۆدێرنیتەی سیاسی. پێڤاژۆیەکی ئەوتۆش بەکردەکی دەستی پێ نەکردووە و دەوڵەت هەروەک جاران، بەگوێرەی پێناسەی مۆدێرنیتە، دەوڵەتێکی موسڵمانە، چونکە پێوەندییەکی توندوتۆڵی بەئیسلامەوە هەیە، جا ئەمەش چ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاین و سوودی لێ وەرگرتنی بێ، یان بۆ گوێڕایەڵیکردن و شوێنکەوتنی و خزمەتکردنی. بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە لە ڕاستیدا دوو مۆدێلی وڵاتانی ئیسلامی وێڕای جیاوازیی زۆریان بەدی دەکرێن کە بە دوو شێوەی پێچەوانەی یەکتر ڕێک خراون و ئەرکەکانی خۆیان ڕادەپەڕێنن: هەندێک جار ئیسلامی دەوڵەتی (حکوومەتی) دەبینن و هەندێ جاریش دەوڵەتی ئیسلامی.

لە مۆدێلی یەکەمدا، کە لە دوورەوە وەک باوترین فۆرم دەردەکەوێ، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا مۆدێلی زاڵە، دەکرێ بڵێین کە لە ڕاستیدا دەوڵەت زاڵە بەسەر ئایندا و کۆنترۆڵی دەکا. ئەمەش بەئاراستەی ئیسلامی دەوڵەتیدا دەڕوا.

لە ڕاستیدا دەوڵەت، کاروباری ئاین ڕێک دەخا، دەیخاتە خزمەتی خۆیەوە و پشتگیریی دەکا و لە

ئەنجامدا لە دارشتنی دەستوور و هەڵسوکەوت و کاروباری خۆیدا پشتی پێ دەبەستێ. لەم وڵاتانەدا یاسا ئاینییەکان، بنەمان بۆ دارشتنی دەستوور و هەندێ جار (مۆریتانی) تاکە سەرچاوەن و هەندێ جاریش (جەزایر و میسر) سەرچاوەی سەرەکین. بەتایبەت، یاساکانی باری کەسیەتی کە پێوەندییان بە ژیانی ماڵبات و میراتگرییەوە هەیە، یاسای باری کەسیەتی لە جەزایریش پشتی بەم یاسایانە بەستووە. کەوابوو ئیسلام بووەتە پاشکۆی دەوڵەت و سیاسەتەکانی.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە رەوشێکی ئەوتۆ، لە راستیدا، نیشانەی کێماسیی سیاسی و نەگۆرانی دەوڵەتە. لە راستیدا، دەوڵەت نەبووەتە خاوەنی هیم و پێکهاتەیەکی تۆکمەی ئەوتۆ تا لەسەر پێی خۆی راوەستێ و بەدابینکردنی ئازادییەکی تەواو بۆ ئاین، دەستی لێ بەربدا، کەوابوو کەڵک لە پشتیوانیی ئاین وەردەگرێ و لە سەربەخۆبوونی دەترسێ. لەبەرئەوەی کە دەوڵەت پێویستی بە ئاینە بۆیە جودایی دەوڵەت و ئاین زۆر ئەستەمە.

دیارە باسمان لەسەر پرسێکی سیاسییە کە پێوەندیی بەدەوڵەتەوە هەیە، نەک پرسێکی ئاینی کە باسی ئیسلام بکات، کەوابوو دەکرێ نەهاتنە گۆری مۆدێرنیتەی سیاسی بۆ کێماسی گەشەنەکردنی دەوڵەت بگەرێنینەوە، نەک بۆ ئیسلام. لە راستیدا نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی بە روونی ئەوە دەسەلمێنێ کە دەوڵەت هێشتا هێندە بەهێز و پێشکەوتوو نییە کە بتوانێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ و پشت بەئاین نەبەستێ. ئەم خاڵە بەتایبەت بۆ شارەزایی لە بارودۆخی ئێستاکەی وڵاتانی موسڵمان و کێشەکانیان پر بایەخە.

بەڵام مۆدێلێکی تری زۆر جیاواز و بە ژمارە کەمیش لە وڵاتانی ئیسلامی بەدی دەکرێ کە لەمانەدا دەوڵەت گوێرایەڵی ئیسلامە و ئیسلام دەوڵەت کۆنترۆڵ و ئاراستە دەکا. لەم مۆدێلەدا بەپێچەوانەی مۆدێلی یەکەم، دەوڵەت بووەتە دەسکەلای ئاین و بەم پێیە دەکرێ باسی دەوڵەتی ئیسلامی بکەین. ئەم مۆدێلە لە فۆرمووگەلی جۆراوجۆردا و لە بنەرەتدا لە چوار وڵاتی عەرەبستانی سعوودی، ئێران، سوودان و پاکستان بەدی دەکرێ.

لەم وڵاتانەدا کە سیستەمی سیاسی رەنگێکی بەتەواوەتی ئاینیی هەیە یا دەکرێ بڵێین، ئاین لەم وڵاتانەدا بەتەواوی باڵادەستە، مەرجەعیەتی ئاینی دەستی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا گرتووە و ئاراستەی دەکا. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بکەین بە ئێران و دۆکترینی ئایەتوڵا خومەینی. بەگشتی یاساگەلی ئاینی باڵادەستتر و بە برشتترن لە دەستوور (سوودان و پاکستان) و هەندێ جار وەک دەستووری وڵات سەیر دەکرێن و (عەرەبستانی سعوودی).

لە راستیدا یاسا شەرعییەکان، سیستەمی یاسادانان و بەتایبەت یاساگەلی مەدەنی و سزادان بەچەشنێک دەستنیشان و ئاراستە دەکەن کە بەها ئیسلامییەکان بپارێزرێن و پەرەبستێنن. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بکەین بەرێوشوێنی گرێدراو بەباری کەسیەتی و دیاریکردنی هەندێ سزای

توند له حاڵەتی کفرکردندا. لەم بارەدا دەوڵەت ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەی نییە و بەتەواوی گوێڕایەڵی ئاینە.

له ئەنجامدا، کەموکوورییە سیاسییەکانی ئەم مۆدێلە لە چاو مۆدێلی یەکەم زۆر زیاتریشن. له ڕاستیدا چ سنوورێک لە نێوان دەوڵەت و ئایندا بەدی ناکرێ و مۆدێرنیتەی سیاسی بەئەستەم دێتە بەرچاو. دەکرێ هۆکاری ئەم ڕەوشە هەم بۆ باڵادەستیی ئیسلام بەسەر دەوڵەتدا و هەم بۆ لاوازیی دەوڵەت بگەڕێنینەوە. ڕەوشێکی ئەوتۆ بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ گەشەنەکردنی پێکهاتەی دەوڵەت و گوێڕایەڵیی بۆ ئاین. له ڕاستیدا دامەزراوەی سیاسی دەستی بەسەر دامەزراوەی ئاینیدا گرتووە و سوودی لێ دەبینێ. ئەم کۆبەندە یارمەتیدەرمان دەبێ لە شرۆڤە و تێگەیشتنی ڕاستی دیاردەی ئیسلامخوازیدا کە بۆ دوودەیە دەچێ لە هەندێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا کەوتووەتە ڕێ.

٢ـ دژایەتیی ئیسلامخوازی لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسی

ئەگەر لە جیهانی ئیسلامیدا لە سۆنگەی تێکچڕژانی خورتی دەوڵەت و ئاینەوە، مۆدێرنیتەی سیاسی ون و تەنانەت مەحاڵ دێتە بەرچاو، لە نێوان مۆدێرنیتەی سیاسی و ئیسلامخوازیدا دژایەتییەکی قووڵ هەیە و لە ڕاستیدا هەردوولا یەکتر دەتارێن. ئیسلامخوازی لە مانا کوتومتەکەیدا، بریتییە لە پشتگیریکردن و بڵاوکردنەوەی ئیسلام و بەها ئیسلامییەکان بەسوودوەرگرتن لە سیاسەتەکانی دەوڵەت.

له ڕاستیدا ئیسلامخوازی واتە پارادایمێک کە باوەڕی بەباڵادەستیی ئاینە و تێدا ئاین بەدەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا، سیاسەت ڕێکێف و ئاراستە دەکا. بۆیە، ئیسلامخوازی هەڵگری کۆمەڵێک پەیامی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و لە هەوڵی ئەوەدایە کە باڵادەستیی ئاین بسەپێنێ، یاساگەلی ئیسلامی جێبەجێ بکا و حکوومەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ. بەم جۆرە ئیسلامخوازی، لەگەڵ مەبەستی لەمێژینەی ئیسلامدا یەک دەگرێتەوە کە بریتییە لە ڕێخۆشکردن بۆ باڵادەستیی ئاین لەسەرپاکی بوارەکانی ژیاندا، لەوانە بوارگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئایدیایەک کە لە بنەڕەتدا لەناو ئاینزای شیعەدا دەرکەوت، لە ڕاستیدا، ئیسلامخوازی نیشانە و بەرژەنگی گەڕانەوەیە بۆ ئاخێزگە و ژێدەرگەلی ئیسلام (لەم ڕووەوە بەجۆرێک لە ئیسلامخوازی دادەنرێ)، هەروەها پەرچەکردارێکیشە لە هەمبەر گوێڕایەڵیی ئاین بۆ دەوڵەت کە بووەتە پێناسەی دیاری سوننەکان.

ئەم ڕەوتە بۆ وەدیهێنانی باڵادەستیی بێ ئەملا و ئەولای ئاینی ئیسلام، بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا و هەروەها ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەگوێرەی یاساکانی ئیسلام خەبات دەکا.

زۆرجار ئیسلامخوازی دەگەڕێنرێتەوە بۆ فاکتەرگەلی جۆراوجۆری ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی یا چاندی و دەگوترێ کەموکووڕی و هەروەها نسکۆی وڵاتانی ئیسلامی لە پاش سەربەخۆیی، نەخاسمە گەشەنەکردنی ئابووری، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، جۆرەکانی

نادادپەروەری، ناکارامەیی و گەندەڵیی کاربەدەستان، کاڵبوونەوەی ڕەسەنایەتی، لاوازبوونی داووەریت و هەروەها زیادبوونی کاریگەری و دەسەڵاتی ڕۆئاوا، لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئیسلامخوازین. گەرچی سەرجەم ئەم پاساوە بەڵگەمەندانە، جێی بایەخن. بەڵام قەد ناتوانن بەتەواوی پاساوی سەرهەڵدانی دیاردەکە بدەنەوە و هەروەها بواریش بۆ دەرخستنی بنج و بناوانی کێشەکە خۆش ناکەن. کەوابوو دەبێ ئەم دیاردەی بەجۆرێکی تر لێک بدەینەوە و لە گۆشەنیگای پێوەندیی نێوان ئیسلامخوازی و نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسییەوە لەم پرسە بکۆڵینەوە. ئەم پێوەندییە لە دوو فۆرمی جیاوازدا دەردەکەوێ: لەلایەکەوە ئیسلامخوازی بەرهەمی نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسییە و لەلایەکی ترەوە وەک نیشانەی ڕەتکردنەوەی بنبڕیەتی.

أ) ئیسلامخوازی و نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی

دەکرێ فاکتەری سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئیسلامخوازی بگەڕێنینەوە بۆ نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی لە وڵاتانی ئیسلامیدا. هەروەک باسمان کرد ئەم وڵاتانە زۆرجار جیاییی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و جیاییی بیاڤی گشتی و بیاڤی تایبەتیان لە کن نامۆیە. لە ئەنجامدا چ سنوورێک لە نێوان دەوڵەت و ئایندا بەدی ناکرێ: دەوڵەت ڕەنگوبۆنێکی ئایینیی هەیە و ئیسلام ئاینی فەرمییە. کۆی هاووڵاتییان و جڤاتی ئیماندار، دەبنە یەک و هەروەها ئیسلامیش دەبێتە توخمێکی سەرەکیی پێکهێنەری دەوڵەت. بەڵام ئەم ڕەوشە زۆرجار ناهاوسەنگە. بەجۆرێک کە دامەزراوەی سیاسی زاڵە بەسەر دامەزراوەی ئاینیدا و دەوڵەت ئاین دەخاتە خزمەتی خۆیەوە و جڵەوی دەکا و کەڵکی لێ وەردەگرێ.

هەروەها ئاینیش بەشبەحاڵی خۆی گرێدراوی دەوڵەتە و هەم پشتی پێ دەبەستێ و هەمیش پشتگیریی دەکا. ئەم هەڤپشکی و هاوکارییە نزیکە لە سەردەمی شەڕی سەربەخۆییی وڵاتانی ئیسلامیدا ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا. لە ڕاستیدا سەربەخۆیی هەم بەواتای ڕزگاربوونی سیاسی بوو لەژێر چەپۆکی سیستەمی چەوسێنەری ڕۆئاوایی و هەم بەجۆرە خەباتێک بۆ سەلماندنی ناسنامەی ئاینی لە هەمبەر جیهانی مەسیحیدا دەژمێردرا.

بەڵام پاش سەربەخۆبوون ، وڵاتە سەربەخۆکە، لاوازی و کەموکورتییەکانی خۆی دەرخست و ناکارامەییی خۆی لە دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ پرسگەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەلماند، ئیسلام کە بەتەمای کۆنترۆڵکردنی سەرلەبەری کۆمەڵگە و باڵادەستکردنی بەهاکانیەتی، بەرەچاوکردنی ئەم ڕەوشە، کەوتە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم پرسانە. جا بۆیە، ئەوە کێماسی و ناکارامەییی دەوڵەت بوو کە ڕابوونی ئیسلامیی لێ کەوتەوە و بەرەو دەستوەردان لە کاروباری سیاسیدا پاڵی پێوەنا.

لێرەوە، ئیسلام تەنیا خۆی بەپشتگیریی دەوڵەتەوە نەبەستەوە. بەڵکو هەوڵی دا شوێنیشی بگرێتەوە، تا گەرەنتیی مانەوەی خۆی و چەسپاندنی بەهاکانی بکا. لەم ڕووەوە، ئیدی بەوەندە

دانەدەکەوت کە ئاین لە کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بێی بەڵکو دەیەویست بەدەستی خۆی دەسەڵاتێکی ئاینی ئاوا بکا.

لە ڕاستیدا، هەوڵی دەوڵەتی ئیسلامی یا ئیسلامی سیاسی لێرەڕا سەرچاوە دەگرێ. بەم جۆرە، ئیسلام وزە لەمێژینەکەی خۆی بۆ ڕێکخستن و بزواندنی موسڵمانان، لەم ڕووەوە وەدەست هێنایەوە کە هەم ئاینە و هەم حکوومەت. لە ڕاستیدا هەر ئەم ئیدیعایەیە کە ئیسلامی بۆ ئیسلامخوازی گۆڕیوە و دەیگۆڕێ. بەم شێوە، ئیسلامخوازی کەوتە شەڕ و ململانێ لەگەڵ دەوڵەتدا و هەوڵی دا دەستی تێ وەربدا و تەنانەت بیڕووخێنی. دیارە دۆخەکان لەم لایەنەوە، هەم جیاوازن و هەم پلەی جیاوازیشیان هەیە.

بۆ وێنە ئیسلامخوازی هەندێک جار توانیویەتی دەوڵەتی ئیسلامی ئاوا بکا و دەسەڵاتی سیاسی بەکار بێنێ (ئێران و سوودان)، هەندێک جاریش بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی یا توندوتیژی (جەزایر، میسر، ئەفغانستان) و هەندێک جاریش لە ئەنجامی هەڵبژاردندا دەچێتە پەرلەمان یا تەنانەت دەچێتە ناو حکوومەتەوە و بەشداری لە دەسەڵاتی سیاسیدا دەکا (ئوردن، تورکیا) و هەروەها هەندێک جاریش بەکار و هەڵسووران لە چوارچێوەیەکی سنووردارا، دادەکەوێ بەچەشنێک کە مەترسییەکی ئەوتۆی نابێ بۆ سەر دەوڵەت (مەغریب و تونس) بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەدا کە پێشتر خاوەنی دەسەڵاتێکی ئاینی بوون (عەرەبستانی سعوودی) یا خاوەنی ڕێژمگەلێکن کە ژێدەری دەسەڵات تێیاندا کەموزۆر دیکتاتۆرییە (لیبیا، سووریا و عێراق) بەکردەکی ئیسلامخوازی بەدی ناکرێ.

وەکی تر دەکرێ بڵێین، ئیسلامخوازی کاتێک هەڵدەدا و چانسی سەرکەوتنی هەیە کە دەوڵەت لاواز و ناکارامە بێ. زۆرجار لە وڵاتانی موسڵماندا، ڕەوشەکە کەم و زۆر وەک یەکە و بۆیە سەرلەبەریان بەپلەی جیاواز هەڕەشەی ئیسلامخوازییان لەسەرە. زۆربەی ئەم وڵاتانە پێشتر کەوتوونەتە بەر ئەم هەڕەشەیەوە و لەوانەشە زوو یا درەنگ بەرۆکی ئەوانی تریش بگرێ. لە دوا شرۆڤەدا، دەردەکەوێ کە ئەوە نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسییە کە بوار بۆ سەرهەڵدان، گەشەکردن و پەلهاوێشتنی ئیسلامخوازی خۆش دەکا.

لە ڕاستیدا ئیسلامخوازی بەرهەمی تێکپەڕین و هاوێرنەکرانی دەوڵەت و جڤاکی مەدەنییە. لە وەها دەستوداڕێکدا، هەرکە گڵۆڵەی دەوڵەت کەوتە لێژی و باشاری ئەرکەکانی خۆی نەکرد، ئیسلام دووبارە سەرهەڵدێنێ و دەبێتەوە بە خاوەن ئۆتۆنۆمی، هەوڵی باڵادەستیی خۆی دەدا و چالاکییەکانی خۆی پەرە پێ دەدا و لە ئەنجامدا خۆی خەریک دەکا بە بەرهەڤکردنی پرۆژەی سیاسی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە پێناو خزمەت بەئاین.

بە لەبەرچاوگرتنی وەها دۆخێک، بەرسینگ گرتنی ئیسلامخوازی لە بنەڕەتدا دەوەستێتە سەر ساوکەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسی: واتە هەم پێکهێنانی دەوڵەتێک کە داکۆکی لە قازانج و

بەرژەوەندی گشتی بکا و هەم پێکهێنانی جڤاکێک کە ئازادییەکانی تاک دابین بکا. دیارە راییکردنی ئەم دوو پرسگرێکە دژوار و درێژخایەنە.

لەم پێناوەدا هەم دەوڵەت دەبێ لە ئاین جودا بێ و پێویست نەکا پشت بە ئاین ببەستێ و هەم ئیسلام واز لە دەسەڵاتخوازیی خۆی بێنێ و لەلایەن تاکەکانەوە مومارەسە بکرێ. کەوابوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامخوازی پێویستە دەوڵەت خۆی لە هەژموونی ئاین رزگار بکا و بەرسینگی مرخە سیاسییەکانی بگرێ. سەیر ئەوەیە هەندێک وڵات دەیانەوێ بەپاراستنی ئیسلامیزم وەک ئاینی دەوڵەتی و کەینوبەین لەگەڵ ئیسلامخوازەکاندا ـ (کە تا دێ پتر پێ لە بەرەی خۆیان رادەکێشن) ـ بەرەنگاری ئەم دیاردەیە ببنەوە، بەمەش وڵاتی موسڵمان بە هانابردنەبەر ئاین، لە راستیدا لاوازیی خۆی و دامەزراوە و دەزگاکانی دەردەخا. بەپێچەوانەی سیاسەتی ئەم وڵاتانەوە، بۆ بنەجێبوونی دەوڵەتی مۆدێرن پێویستە کە ئیسلام وێڕای پاراستنی پێگەی خۆی لەناو جڤاکی شارستانیدا، واز لە پلەوپایەی ئۆلی دەوڵەتی بێنێ. دیارە وەدیهێنانی ئامانجێکی ئەوتۆ ئەرکێکی زۆر دژوارە و گورج و خێرا، نایێتە دی و پێویستی بەکاتێکی زۆر و چازانی و کارزانیی زۆر هەیە.

جیاییی بەسوود و راستەقینەی دەوڵەت لە ئیسلام هەر بە بڕیارێکی رووتی سیاسی یا دەرکردنی کۆمەڵێک رێوشوێنی یاسایی (چ لە رێی دەستوورەوە چ لە رێی رێنوێنییە رۆژانەکانەوە) وەدی نایە. بۆیە پێویستی بە پێڤاژۆیەکی درێژ و ئاڵۆزە کە پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی هەر وڵاتێک بەوردی و ژیرانە ئاراستە بکرێ. هەرچەند شیمانەی ئەوە دەکرێ کە لە دنیای ئیسلامیدا بۆ ماوەیەکی کەم و زۆر درێژخایەن، پێوەندیی نێوان ئیسلام و دەوڵەت هەروا بەردەوام بێ. بەڵام ئامانجی سەرەکیی هەر ئەوەیە کە بەشێوەیەک لێک بکرێنەوە کە دەوڵەتێکی مۆدێرنی قوتاربوو و دابڕاو لە ئاین بێتە کایەوە.

ئەم روانگەیە دەبێ هەر لە ئێستاوە ببێتە رێنیشاندەری شێوازی تێهەڵروانینی دەوڵەت، بەچەشنێک کە ببنە دوو مێتودی تەواوکاری یەکتر. واتە لەلایەکەوە دەوڵەت بۆ پشتبەستن بەخۆی و هەروەها راپەراندنی ئەرکەکانی خۆی دەبێ، باندۆری ئیسلام بەسەرخۆیەوە نەهێڵێ و واز لە پشتگیریکردنیشی بێنێ و لەلایەکی تریشەوە، دەبێ وێڕای راگرتنی ئیسلام لە دۆخی گوێڕایەڵی و بەردەوامیی کونترۆڵکردنی، هەوڵ بدا، رێگە بۆ دابینکردنی ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە بۆ ئاین خۆش بکا.

لەم قۆناخی پەرینەوەیەدا ـ کە رەنگە درێژ بێ ـ گەنگەشە لەسەر پێکهێنانی گاف بە گاف و شێنەییی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئاینە کەوا لەوانەیە پێویست بکا پەنا ببرێتە بەر تۆپزی و بەکارهێنانی هێز. ئەم پشبەستنە بەهێزە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامخوازی کە جارجار بە بەکارهێنانی توندوتیژی، دژی ئەم وەرچەرخانە دەوەستێتەوە، رێگەیەکی ناچارییە.

لەم ڕووەوە، ئەوەی کە دەبێ لە سەروو و لە پێشەوەی هەموو شتێکەوە دابنرێ، پرسی دەوڵەتە نە پرسی دیموکراسی، چونکە ئیسلامخوازی دەتوانێ لە خودی دیموکراسی بۆ لەناوبردنی دیموکراسی کەڵک وەربگرێ. ئەمە ڕاستییەکە کە لە کۆمەڵێک ئەنجامی پراکتیکیی زۆر گرینگی لێ دەکەوێتەوە.

دەبێ لە بیر نەکەین کە پێکهاتەی دەوڵەتی مۆدێرن، پێویستی بەگۆڕانکارییەکی بنگەهی و تەنانەت شێوە شۆڕشێکی سیاسی هەیە: واتە دەبێ پرسی جیاییی دەوڵەت لە جڤاک یەکلا بکرێتەوە و ئەمەش ڕەوتێکی بەناچاری دژوار و دەمدرێژە (کە ڕەنگە دەیان و ـ تەنانەت سەدان ساڵیش بخایەنێ).

ئەم پرۆسەیە تایبەتمەندییەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە و شەرت نییە هەردەم پشت بەشێوە دیموکراتیکەکان ببەستێ. کەوابوو سەیر نییە ئەگەر میتۆدە دیموکراتیکەکان تێدا بەدی و ڕەچاو نەکرێن و یا تەنانەت پێشێلیش بکرێن، لە سەروو هەموو ئەمانەوە، لە سۆنگەیەوە کە دەوڵەتی مۆدێرن، مەرجی یەکەمی دیموکراسییە، نابێ چاوەڕوان و خوازیاری ڕەچاوکردنی ئەم چەشنە میتۆدانە بین، بەر لە پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن. یا وەکی تر، ئەوە ساوکەبوونی دەوڵەتی مۆدێرنە کە بوار بۆ سەرهەڵدانی دیموکراسی خۆش دەکا، نەک بەپێچەوانەوە، واتە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە لە ڕێگەی دیموکراسییەوە، دەوڵەتی مۆدێرن دابمەزرێنین. بەکردەکی بنەجێکردنی هاوکاتی مۆدێرنیتەی سیاسی و دیموکراسی نالوێ و بەڵکو ئەم دووانە دەبێ بەدوای یەکتردا بێن، بەچەشنێک کە سەرەتا مۆدێرنیتەی سیاسی بەستێن بۆ سەرهەڵدانی دیمۆکراسی خۆش دەکا.

ب) ئیسلامخوازی و تەستدانەوەی مۆدێرنیتەی سیاسی

هەرچەندە دەکرێ ئیسلامخوازی لە ڕێی نەبوونی مۆدێرنیتەی سیاسییەوە شرۆڤە بکەین. بەڵام بەبێ مۆدێرنیتەی سیاسییش هەر شرۆڤە دەکرێ. لە ڕاستیدا ئیسلامخوازی پێوەندییەکی سروشتی و قووڵی لەگەڵ دەوڵەتی پێش مۆدێرندا هەیە و بۆ پاراستنی تێ دەکۆشی، هەروەها ئیسلامخوازی دان نانێ بەدەوڵەتی مۆدێرندا کە لە کۆمەڵگەی مەدەنی و هەر بەو پێیەش لە ئاین جوێ کراوەتەوە. لە هەمان کاتدا دەبێ سەرنجی ئەوەش بدەین کە ئیسلامخوازی پتر لە وڵاتگەلێکدا دەردەکەوێ کە بۆ گرتنەبەری ڕێگەی مۆدێرنیتەی سیاسی خەبات دەکەن (ئێران لە ڕابردوویەکی نزیکدا جەزایر و میسر و تورکیا، ئێستاکە) و بەتوندی و بەخورتی لە هەمبەر ئەم پرۆسەیەدا ڕادەوستن.

بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەدا کە کەمتر لەم پێناوەدا خەباتیان کردووە و کەمتر هەستی پێ دەکرێ (مەغریب، لیبیا، سووریا، عێراق)، دەکرێ بە ئاسانی هۆکاری ئەمە دەستنیشان بکەین: لە ڕاستیدا ئیسلام بەدرێژای تەمەنی خۆی، بەشێوەی جۆراوجۆر، پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ دەوڵەتدا هەبووە و زۆرجار دەستی بەسەر دەسەڵاتە سیاسییەکەیدا گرتووە، دیارە هەروەک پێشتر

ئامـاژەمـان پێ کـرد، زۆرجـار شـوێنکەوتووی دەسـەڵاتی سـیـاسـی بووە و لەلایەن دەسـەڵاتی سیاسییەوە کۆنترۆڵ دەکرا و بەکاری دەهێنرا. بەم جۆرە ئیسلام پشتی بەدەوڵەت دەبەست و ئەم پشتگرتنەش بۆ بوون، گەشـە و پەرەسـەندنی زۆر پێـویست بوو، ڕاست لەم سـۆنگەیەوە ئەوەی پێ هەرس ناکرێ کـە دەوڵەت لە هەژمـوونی ئاین قـوتاری بێ و ببـێتـە سـیکیـۆلار: زێدەباری ئەمـە، ئیسلامیش هەروەک ئۆلەکانی تر بەنیازە هەموو لایەنەکانی ژیان لەوانە؛ بوارگەلی کۆمەلایەتی و سیاسی کۆنترۆڵ بکا و دیارە ئەم چەشنە تەماحانەش وای لێ دەکا کە دژایەتیی دەوڵەتی مۆدێرن بکا و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی مەیل بکا.

باسی ئەوەمان کرد کە لە دنیای ئیسلامدا، بەزۆری دەوڵەت ناوەڕۆک و تایبەتمەندییەکی ئۆلیی هەیە و ئیسلام ئاینی فەرمییە. بەو حاڵەش دۆخەکە جێی ڕەزامەندیی ئاینی ئیسلام نییە، بەتایبەت دەبێ لە بیریان نەچێ کە دۆخێکی ئەوتۆ رووی لە گۆڕانە و کۆمەڵێک مەترسی بۆ ئاین دەنێتەوە. لەم سۆنگەیەوە ئیسلامخوازی بەدژایەتیکردنی مۆدێرنیتەی سیاسی لەم دوو ڕێگەیەی خوارەوە، دەتوانێ گەشە بکا و پەرە بسێنێ: ڕێگەی یەکەم بریتییە لە ڕەخنەگرتنی رادیکاڵ لە دەوڵەت کە خەریکە بەرەو ماندەلکردنی بەها و ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان و هەروەها کردنی ئاینی ئیسلام بەدەسکەلایەکی رووت لە خزمەتی دەسەلاتدا، سەر دەکێشێ.

بەم ئاوایە، ئیسلامیزم، لە سۆنگەی کەمتەرخەمی لە بەرەڤانیکردن لە بەرژەوەندە مادی و مینەوییەکانی ئومەتی موسڵمان، گرتنەبەری ڕێگەی مۆدێرنیتەی سیاسی و هەوڵدان بۆ بێ برشتکردنی ئاین، دەوڵەت دەداتە بەر تیر و توانج. بۆیە، ئیسلامخوازی دژبەری خودی مۆدێرنیتەی سیاسی دەوەستێتەوە و تێ دەکۆشێ تا لەلایەکەوە ئاستەنگ لە بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرندا بێنێتەوە کە لە داهاتوودا دەبێتە سیکیۆلار و لەلایەکی تریشەوە ڕێ لە پێکهاتنی جڤاکی بازێرڤانی دەگرێ کە ئاین تێدا سەربەست دەبێ. بەم ڕەنگە ئیسلامخوازی هەم دژی سیکیۆلاریزمە هەم دژی ئازادیی ئۆلی.

ڕێگەی دووەم بریتییە لە پێشنیازی بنەجێکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، واتە دەوڵەتێک کە پشت بە بەها ئیسلامییەکان دەبەستێ و یاسا ئیسلامییەکان جێبەجێ دەکا. ئەم دەوڵەتە دەبێ ڕێوشوێن و یاساکانی شەرع (قورئان و سوننەت) ڕەچاو بکا و دایان بەزێنێ. یاساگەلێک کە پێویستە بەگوێرەیان ژیان لە هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵدا ئاراستە بکرێ. لێرەدا ئیسلام ئیدی تەنیا نابێتە ئامرازێک بەدەستی دەوڵەتەوە، بەڵکو دەوڵەت دەکەوێتە خزمەت یاساکانی ئیسلامەوە. کەوابوو، دەوڵەتی ئیسلامی ڕاست پێچەوانەی پێناسەی ئەرکی دەوڵەتی مۆدێرنە، واتە بەپێی ئەم مۆدێلەی دەوڵەت (ئیسلامی) نەک هەر دەوڵەت و ئاین لێک جودا نین، بەڵکو دەوڵەت دەبێتە شوێنکەوتوو و کلکی ئاین، لە ئەنجامدا، ئەرکی سیاسی و ئەرکی ئاینی تێکەڵ دەبن و لەوەش گرینگتر، لە نێوان دەوڵەت و جڤاکدا چ سنوورێک بەدی ناکرێ. بۆیە ئیسلامخوازی بەهەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ مۆدێرنیتەی سیاسیدا دەکەوێتە شەڕەوە و دەیەوێ

بەرسینگی پێکهاتنی دەوڵەتی مۆدێرن و تەنانەت هەرچەشنە وەچەرخانێکی سیاسییش بگرێ. دەتوانین ئەم دۆخە لەو وڵاتانەدا کە ئیسلامخوازییان تێدا ساوکە بووە، (بەتایبەت لە ئێران و سوودان)دا ببینین

لە ڕاستیدا لەبەرئەوەی کە وڵاتانی موسڵمان هێشتا نامۆن بە مۆدێرنیتەی سیاسی و لە هەمبەر پەرەسەندنی ئیسلامخوازیدا دەستەوەستان و لاوازن، کەوابوو هەوڵ دەدەن سیاسەتی نەویکێشان بگرنە بەر و ئیمتیاز بدەن بە ئیسلامخوازەکان. بەم ڕەنگە، ئیسلام وەک ئاینی دەوڵەتی دەپارێزن و تێ دەکۆشن بە گونجاندنی پەروەردەی ئاینی لەناو سیستەمی پەروەردەدا، بەکارهێنانی یاسای ئیسلامی لە بواری ماڵباتدا، کردنەوەی مزگەوت، پێڕاگەیشتن و خزمەتکردنی مزگەوتەکان و ناوەندە ئیسلامییەکان و .... مل بۆ ویستەکانیان رابکێشن. دیارە کە ڕەچاوکردنی ئەم سیاسەتە، دەبێتە کۆسپ لە بەردەم مۆدێرن بوونەوە و سیکیۆلاریزاسونیاندا. بەم جۆرە، پەلهاوێشتنی بەردەوامی ئیسلامخوازی و پەنابردنی بۆ توندوتیژی، هەڕەشەیەکە لەسەر گرتنەبەری ڕێبازی مۆدێرنیتەی سیاسی لەم وڵاتانەدا و دەبێتە ئاستەنگ لە بەردەم وەچەرخانیاندا.

ئیسلامخوازی، تەنانەت کاتێکە پشت بەتەکنیکە نوێییەکانیش دەبەستێ یا هانا دەباتە بەر دەسکەوتە زانستییەکان، ڕاستەوخۆ و بێ پێچوپەنا دژی مۆدێرنیتەی سیاسی دەوەستێتەوە. لەم سۆنگەیەوە، هەرچەند لەوانەیە بکرێ کە ئیسلام بەشێنەیی لە ڕێگای ریفۆرمەوە نوێ بکرێتەوە، بەڵام ئیسلامیکردنی مۆدێرنیتەی سیاسی زۆر ئەستەمە و تەنانەت دەستیش نادا. چونکە خەباتێکی ئەوتۆ مافنگیبوونی مۆدێرنیتەی سیاسیی لێ دەکەوێتەوە. لەبەرئەوەی کە ئیسلامخوازی بۆ سڕینەوەی سەرپاکی دەسکەوتەکانی مۆدێرنیتەی سیاسی چاکی کردووە بەلادا و ناتوانێ لەگەڵیدا هەڵ بکا.

لە ئەنجامدا، دژبەرایەتییەکی پڕاوپڕ و بێ بن لە نێوان ئەم دووەدا بەدی دەکرێ. کەوابوو، ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ئیسلامخوازی بە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێ دەوڵەتێکی مۆدێرن دابمەزرێنێ و کێشە زۆروزەوەند و ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکا، بۆچوونێکی کاڵفامانەیە و بەس، چونکە لەم دۆخەدا هەوڵ دەدا، تا دەوڵەتێکی پێش مۆدێرن بۆ ماوەیەکی نادیار بنەجێ بکا و بەرسینگی هەرچەشنە وەچەرخانێک بەرەو مۆدێرنیتەی سیاسی بگرێ. زێدەباری ئەمەش، هەوڵدان بۆ پێکهاتن لەگەڵ ئیسلامخوازی و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ لایەنگرەکانیدا، لەبەر دوو هۆ بە قازانج ناشکێتەوە: یەکەم لەبەرئەوەی کە لەوانەیە کە ئیسلامخوازەکان بەم سەرکەوتنە ڕێژەیییەی خۆیان دانەکەون و بۆ سەپاندنی نیازەکانیان بەوپەڕی تواناوە تێ بکۆشن؛ دووەم لەو سۆنگەیەوە کە چالاکی و هەڵسووڕانی ئیسلامخوازی، بەتەواوی ناتەبا دەبێ لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرنی سەربەخۆ لە جڤاک و هەروەها سەربەخۆ لە ئاین. لە ئەنجامدا، وا باشە کە ئیسلامخوازی لە دەوڵەت دوور بخرێتەوە و ڕێگە نەدرێ بە ناوی دیموکراسییەوە، دەسەڵات بگرێتە دەست.

بۆیە لە باتیی دیالۆگ لەگەڵ ئیسلامخوازی و هەروەها ڕێگەدان بە بەشداریکردنی لە حکوومەتدا، دەبێ زۆر بەتوندی بەرسینگی بگیرێ و ئەگەریش پێویست بوو، بۆ ئەم مەبەستە زۆر و هێزی قانوون بەکار بهێنرێ. لەژێر تیشکی ئەو بۆچوون و تێبینییانەی سەرەوەدا، ئێستاکە دەکرێ، هەندێ هەڵوێستی ئیسلامناسان (یا باشتر بڵێین) ئیسلامخوازی، تاوتوێ بکەین. ئەمانە کە زۆرجار شارەزاییییەکی وردیان لەمەڕ دیاردەی ئیسلامخوازان وێڕای جۆراوجۆری و ئاڵۆزییەکانی هەیە، بەشێوەیەکی بابەتییانە و مووقەڵەشانە ئەم دیاردەیە شرۆڤە دەکەن و ڕاڤەیەکی زیرەکانەی لێ دەخەنە ڕوو (کە دیارە پڕە لە سۆزی ژێراوژێر و جۆرە پشتگیرییەکیش) و بەم ڕەنگە، خۆیان بەژیر و خاوەنی مێشکی کراوە نیشان دەدەن. سەرباری ئەمانەش، هەرچەند ئەمان بابەتی لێکۆڵینەوەکەیان بە میتۆدی زانستی دادەنێن، بەڵام زۆرجار هەژارییەکی تیۆریک بەبۆچوونەکانیانەوە دیارە و ناتوانن بەقووڵی لە دیاردەکە بگەن، بۆیە ئەنجامگیری و هەروەها پێشنیازە پراکتیکییەکانیشیان لە سۆنگەی هەژارییە تیۆریکەکەیانەوە، زیانی پێ دەکەوێ، ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەمان میکانیزمێکی سیاسیی شیاو و گونجاویان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان بەم دەستەوە نییە.

هەرچەند ئەمان لەمەڕ پێوەندیی نێوان ئیسلامخوازی و مۆدێرنیتەی سیاسی پرسیار دێننە گۆڕێ و بەدوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکدا بۆ ئاشتکردنەوەی ئەم دووەدا دەگەڕێن، بەڵام مانای گشتیی مۆدێرنیتە (کە لەلایەن ئیسلامخوازەکانیشەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ) پێناسە نەکراوە، زۆر بەلێڵی ماوەتەوە. لەمەڕ چەمکی مۆدێرنیتەی سیاسی دەبێ بڵێین ئەم چەمکە بۆ ڕاڤینی ئیسلامخوازی وەک دیاردەیەک، زۆر پێویستە، بەڵام لەناو باسوخواسەکانی ئەم شارەزایانەدا نامۆیە.

دەکرێ لە سۆنگەی کێماسییەکی ئەوتۆوە لە فورموولبەندیی هەڵسەنگاندنە پڕ لە مشتومڕ و جارجار ساویلکانەکان و تەنانەت پڕ مەترسییەکانیش تێ بگەین، بۆیە هەندێ کەس وا بیر دەکەنەوە کە ئیسلامی سیاسی تەبایە لەگەڵ مۆدێرنیتە و دیموکراسیدا هەندێکی تر پێیان وایە کە ئیسلامخوازی دەتوانێ خۆی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا بگونجێنێ و بەها دیموکراتیکەکان قبووڵ بکا. هەندێک لەو باوەڕەدان کە ئیسلامخوازەکان دەتوانن تێکەڵ بە کایەکانی دیموکراسی بن و ئیسلامخوازی ترسی کەمتری هەیە لە نەریتخوازیی سیکیۆلار تەنانەت هەندێکیش پێیان وایە کە ئیسلامخوازی لە خولقاندنی دەستەبژێری پێشەنگدا، ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ دەگێڕێ و بەشداریکردنی لە پرۆسەی دیموکراتیکدا، دیارە بەبێ چ گەرەنتییەک، دەلوێ و تەنانەت پێویستیشە. هەروەها هەندێ کەس دڵیان بەوە خۆش کردووە کە ئیسلامخوازی لە داهاتوودا دیموکراتیزە ببێ و ببێتە هێزێکی چەلەنگی دیموکراتیک.

ئەم چەشنە هەڵوێستانە (بەرزەفڕانە و سۆزاوی) جێی گومان و تەنانەت ساویلکانەن. چونکە لە سروشتی ڕاستەقینەی ئیسلامیزم و قووڵاییی لۆجیکەکەی تێ نەگەیشتوون ئیسلامخوازی هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ مۆدێرنیتە و مەرجەکانی و هەروەها دەسکەوتە دیموکراتیکەکانیدا نامۆ و

ناتەبایە. کەوابوو ئیسلامخوازی ئۆتۆنۆمی و پرەنسیپەکانی دیموکراسی ڕەت دەکاتەوە و ناکرێ ڕێزگرتن لە چ بەهایەکی تایبەتی سیاسی و دیموکراتیکی لێ چاوەڕوان بکرێ.

زێدەباری ئەمانەش دەبێ ئەوەش بزانین کە ئیسلامخوازی دەتوانێ بەشێوەیەکی نەخوازراو، شوێنێکی گرینگ لەسەر وەرچەرخانی سیاسی لە جیهانی ئیسلامدا دابنێ. چونکە هەر لە ریشەوە پارچە پارچەی دەکا و فرەیی و پلورالیزمی تێدا پێک دێنێ.

ڕاست چۆن پروتستانیزم لە سەدەی شازدەدا ئەوروپای مەسیحیی پارچە پارچە کرد و فرەڕەنگیی تێدا دروست کرد، هەر بەم شێوەیەش ئیسلامخوازی لە ساوکەکردنی ڕوانگە و ڕامانی جۆراوجۆر لەناو جیهانێکدا کە وەک نەریت یەکپارچەخوازە، بەشدار دەبێ. ئەم چەند پارچەییە لە بواری ئاینیدا دەتوانێ بە تێپەڕینی ڕۆژگار، جیاییی نێوان دەوڵەت و ئاین و پاشان جیاییی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی لێ بکەوێتەوە. دیارە لەوانەیە ئەم پرۆسەیە، بە تۆپزی و توندوتیژی بکرێ و کۆمەڵێک شەڕی ناوەخۆیی و کەموزۆر درێژخایەن و خورتی بەدواوە بێ، ڕاست هەروەک چۆن ئەوروپا لە هەردوو سەدەی شازدە و حەڤدەدا، چەند شەڕێکی ترسناک و خوێناویی مەزهەبیی ئەزموون کرد.

کەوابوو ئیسلامخوازی دەتوانێ لە کۆمەڵێ ڕێگەی چاوەڕواننەکراوەوە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ناتەبا و پێک دژ، بەشداری بکا لە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتەدا. لە ڕاستیدا ئیسلامخوازی، لەودیوی خواستی ئاواکردنی دەوڵەتی ئیسلامییەوە بەراستەکی پێویستی بەدەوڵەت و ویستی مۆدێرنیتەی سیاسی دەردەخا.

بەم ڕەنگە، ئەوەی کە ئیسلام پتر لە هەر شتێکی تر لێی دەترسێ واتە پارچەپارچەبوونی ئومەتی موسڵمان و سەرهەڵدانی دووبەرەکییە لەناو ئومەتدا، کە ئەمەش بۆ خۆی دەتوانێ دابڕانێکی قووڵ پێک بێنێ و هێدی هێدی بەرەو دەوڵەتی مۆدێرن و دیموکراسی بڕوا. هەر لەم سۆنگەیەوەیە کە وڵاتێک وەک جەزایر کە بەئەزموونێکی دژواردا دەرباز بووە، بێگومان لەچاو ئەو وڵاتانەی کە هێشتا دیاردەی ئیسلامخوازییان تێدا دەرنەکەوتووە، کەمتر کەوتوونەتە ژێر باندۆری دیاردەکە، لەم بوارەدا پتریش پێش کەوتووە. لە ڕاستیدا مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامدا دوورەدەست دەنوێنی و وەدیهاتنیشی لەبەر پێوەندیی توندوتۆڵی نێوان ئاین و دەوڵەت زۆر ئاڵۆزە. لێرەشدا وەک هەر شوێنێکی تر مۆدێرنیتەی سیاسی لە ئەنجامی گۆڕانکاریی گاڤ بەگاڤدا سەرهەڵدەدا کە کات و وزەیەکی زۆری پێویستە. زۆربەی وڵاتانی موسڵمان کە هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر سەربەخۆییاندا ڕانەبردووە، لە سەرەتای پرۆسەکەدان و هەندێکیشیان نەکەوتوونەتە ناو پرۆسەکەوە. هەروەها لەلایەکەوە پێواربوونی مۆدێرنیتەی سیاسی یا دژواربوونی وەدیهاتنی، یەکێک لە فاکتەرەکانی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی ئیسلامخوازییە. لەلایەکی تریشەوە دەکرێ بڵێین کە ئیسلامخوازی دەبێتە کۆسپ لە بەردەم وەرچەرخانی سیاسیی ئەو وڵاتانەدا.

وا دیاره كه لەم لایەنەوە، ئەزموونی فەرەنسا پڕسوود بێ. چونکە ئەم وڵاتە لە ماوەی سەدەیەکدا ڕێژیمێکی ئەزموون کرد کە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان ئاین و دەوڵەت بوو. لەم قۆناخەدا، وێڕای کۆنترۆڵی ئاین و کەمکردنەوەی باڵادەستییە سیاسییەکەی، کەچی لە هەندێ لایەنەوە پێوەندیشی لەگەڵدا پاراست. هەرچەند کاتولیزم چیی تر بە ئاینی دەوڵەت دانەدەنرا (بێجگە لە ماوەی کورتی گەڕانەوەی پاشایەتی)دا، بەڵام لەژێر چاودێریی دەوڵەتدا بوو هەر ئەمیش پێداویستییە مادییەکانی دابین دەکرد و لە هەمبەردا، کەڵکی لە پشتوانیی ئاین وەردەگرت. دۆخی ئێستاکەی وڵاتانی موسڵمان کە ئیسلام تێیاندا ئاینی فەرمییە، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دۆخی فەرەنسا لەو قۆناخەدا نییە. فەرەنسا پاش گۆڕانکارییەکی درێژخایەنی سەد ساڵە، لە ئەنجامدا توانیی جیاییی نێوان ئاین و دەوڵەت بکاتە شتێکی کردەکی، دەکرێ ئەم ڕێگەیەش لە جیهانی ئیسلامیشدا ببڕدرێ و ئەمەش ڕێکاری جیاوازی وەک بێلایەنیی ئاینیی دەوڵەت یا لەڕێی کۆمەڵێک ڕێککەوتنەوە لە نێوان دەوڵەت و ئیسلام و یا جیابوونەوەی یەکجاریی ئەوان... دەست دەدا. لە ڕاستیدا، گرینگ ئەوەیە کە چیی تر دەوڵەت ڕەنگ و بۆنی ئاینیی پێوە نەبێ و هەروەها ئیسلامیش چیی تر ئاینی دەوڵەت نەبێ، دیارە ئەرکێکی ئەوتۆ پێویستی بەوەیە کە سیستەمی یاسادانان لە هەژموون و کارتێکەریی یاساکانی شەرع ڕزگاری بێ و یاساگەلی ئیسلامی لەمەڕ سزادان و کاروباری جڤاکی (بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ماڵباتدا) جێبەجێ نەکرێن. بەڵام پێ دەچێ کۆمەڵێک پێوەندی لە نێوان دەوڵەت و ئیسلامدا هەر بمێنن؛ لەوانەش، دەکرێ یارمەتیی پێویستی ئیسلام بکرێ و پەروەردەی ئارەزوومەندانەی بۆ دابین بکرێ. دیارە بەمەرجێک کە ئازادیی تەواوی ئاینی ڕەچاو بکرێ.

بێگومان مۆدێرنیتەی سیاسی لە جیهانی ئیسلامیشدا، وەک فەرەنسا لە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەن و سەختدا دێتە دی، هەرچەند ئەم پرۆسەیە ئێستا لە زۆربەی وڵاتاندا دەستی پێ کردووە. بەڵام هێشتا لە سەرەتادایە و لە ڕاستیدا بریتییە لە دەرکەوتنی پتر و پتری سنووری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە، تا سنوورێکی ڕوون لە نێوان فەزای سیاسی و فەزای تایبەتدا پێک بێ و ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی هاووڵاتیی ڕاستەقینە و ئازادیگەلی ڕاستەقینە خۆش بکرێ. بەڵام بۆ ئەوەی مۆدێرنیتەی سیاسی بگووری، دەبێ جیاییی نێوان دەوڵەت و ئیسلام، واتە ساوکەبوونی سیکیۆلاریزمیش بچێتە واری پراکتیکەوە. هەرچەند ئەم جیابوونەوەیە شتێکی مەحاڵ نییە، بەڵام تەنیا بەشێنەیی و بەکاوەخۆ دێتە دی و ئەوەش دەکرێ هەم بەئەنجامی مۆدێرنیتەی سیاسی و هەم بەنیشانەی سەرکەوتنیشی دابنێین.

سەرچاوە:

مدرنیتەی سیاسی: باربیە، موریس، ترجمەی عبدالوهاب احمدی

[تهران]: آگە، ١٣٨٣، چاپ اول.

وەرگێڕان لە فارسییەوە: فرهاد اکبری

# پێوەندییەکانی تورکیا - عێراق:
# شیکردنەوەیەک لەبارەی سیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە سەبارەت بەعێراق

وەیسەل ئایهان

### قۆناخی هاوپەیمانی ستراتیجی باڵا لە پێوەندیی نێوان تورکیا – عێراق

دوابەدوای دەستپێکردنی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی لایەنەکان لەبارەی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراق، هاتنەکایەی گۆڕانکاری لە پێوەندییەکانی تورکیا ـ عێراق بەسەردانە فەرمییەکەی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیر لە مێژووی ١٠ی تەمووزی ٢٠٠٨ بۆ بەغدا و ئیمزاکردنی هاوپەیمانی ستراتیجی باڵا زیاتر ڕوون بووەتەوە.

کاتێک تەماشای هاوپەیمانییە ستراتیجییەکەی نێوان هەردوو وڵات دەکەین، دەبینین لە زەوینەیەکی فراواندا گرینگی بەلایەنەکانی ئاسایش تا وەکو ئابووری، لە بوارەکانی پەروەردەوە تاکو بوارە کولتوورییەکان دراوە. لەم چوارچێوەیەدا لە نێوان هەردوو وڵات لەلایەنی "سیاسی، ئابووری، وزە، سەرچاوە ئاوییەکان، کولتوور، ئاسایش و بواری سەربازییەوە بگرە بەئەندازەی توانا پێوەندییەکان لە هەموو بوارەکانی تردا هاوپەیمانییەتییەکی ستراتیجی درێژخایەن بەئامانج دەگیردرێ".

لەلایەنی ئابووریدا بەتایبەتی فراوانکردنی هێڵی بۆڕیی نەوتی کەرکووک، دامەزراندنی هێڵێکی بۆڕی بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی عێراق بۆ بازاڕی نێودەوڵەتی، بەخێرایی هەڵسوڕان بۆ کردنەوەی دەروازەی نوێ لە هێڵی سنووردا و بابەتی وەک ڕێککەوتنی بازرگانی ئازاد لە نێوان هەردوو وڵاتدا سەرنج ڕادەکێشێ. لە دەقی بڵاوکراوەکە لە مادەی سێیەم بەشی بوارە "سیاسی، دیپلۆماسی و کولتورییەکان"دا هاتووە کە تورکیا هاوکاری حکومەتی عێراق و پشتگیری لە هەوڵ

(*) وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل

و كۆششەكانی دەكات بۆ گەیشتنی بەئامانجەكانی لە ئازادی، سەربەخۆیی، یەكەتی، دیموكراسی، فیدراڵی و خۆشگوزەرانیدا. لەم چوارچێوەیەشدا پتەوكردنی پێوەندیی دراوسێیەتی و ئەو كۆبوونەوانەی بەدەستپێشخەری توركیا لەگەڵ وڵاتە دراوسێكاندا ئەنجام دراوە، ئاماژە بۆ ئەوە كراوە خاڵەكانی جێگەی باسن لە بەرچاو بگیردرێ.

لەلایەكی تر لە هاوپەیمانی ستراتیجیدا توركیا ڕوونی كردەوە كە ڕێز لە پێكهاتەی فیدراڵی عێراق و سەربەخۆییەكەی دەگرێ. عێراقیش بەبڕیاربوونی خۆی لە هاوكاریكردنی ئابووری، وزە، ئاسایش و تێكۆشان لە دژی تیرۆر نیشان دا.

لە ٧ی ئابی ٢٠٠٧ لە قۆتاخی دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانی ستراتیجی دوابەدوای ئەوەی كە لە توركیا لەلایەن نووری مالكی و ئەردۆغان ئیمزا كرا "ڕێككەوتنی نێوان كۆماری توركیا و كۆماری عێراق لە ٧ _ ٨ ئاداری ٢٠٠٨ لە سەردانەكەی تاڵەبانی سەركۆمار بۆ جاری یەكەم بۆ توركیا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوپەیمانییە ستراتیجییەی لە نێوان هەردوو وڵاتدا هاتووەتە ئەنجامدان.

كاتێک ئەندامانی ئەنجوومەن ئاگەدار كرانەوە، ئەنجوومەنی هاوپەیمان بڕیاری دا لەلایەن سەرۆكی هەردوو وڵاتەوە سەرۆكایەتی ئەنجوومەنەكە بكرێ و لەلایەن وەزیرانی دەرەوەشدا ڕۆژەڤی كۆبوونەوەكانی ئەنجوومەن دیاری بكرێ و هاوئاهەنگی لە نێوان كارەكاندا ئەنجام بدرێ. بڕیار درا بەشێوەیەكی ئاسایی ئەندامانی ئەنجوومەن لە وەزیری وزە، بازرگانی، وەبەرهێنان، ئاسایش و سەرچاوە ئاوییەكان پێک بێ.

هاوكات كە پێویستی كرد بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش سەرۆک وەزیری هەردوو وڵات و وەزیرانی بەرپرس كە جێگەی باسن بەبەشدارییكردنیان لە ئەنجوومەنەكەدا دەتوانن بڕیار وەربگرن. پێویستە بەلانی كەم ئەنجوومەنەكە ساڵی یەک جار لەگەڵ سەرۆک وەزیر و هاوسەرۆكانی توركیا و عێراقدا كۆ ببنەوە.

بێجگە لەو كۆبوونەوانەی لە ئاستی سەرۆک وەزیراندا ئەنجام دەدرێ، پێویستە ئەنجوومەن لە ئاستی وەزیرەكاندا ساڵانە سێ كۆبوونەوە ئەنجام بدا. ئەو وەزیرانەی بەشداری لە كۆبوونەوەكاندا دەكەن دەتوانن سەبارەت بەبواری چالاكییەكانی خۆیان بەئامانجی پێشخستنی هاوپەیمانییەتی چالاكی پلان ئەنجام بدەن. سێ مانگ جارێكیش بەبەشداربوونی بەرپرسانی ئاستی سەروو لە بەغدا و ئەنقەرە كۆبوونەوە ئەنجام بدرێ.

لە دوای هاوپەیمانی ستراتیجیی ئەنجوومەنی باڵا لە ئاداری ٢٠٠٨ بەسەردانێكی فەرمی بۆ بەغدا وەزیری دەوڵەت و بەرپرسی بازرگانیی دەرەوە زەفەر چاغلەیان لەگەڵ ئەحمەد داوادئۆغلو وەزیری دەرەوەی توركیا، چاویان كەوت بەسەركردەكانی وەک نووری مالكی سەرۆک وەزیر، وشیار زێباری وەزیری دەرەوە، ئەیاد ئەلسامەڕایی سەرۆكی ئەنجوومەنی عێراق، هەردوو یاریدەدەری سەركۆماری عێراق عادل عەبدولمەهدی شیعە مەزهەب و تارق هاشمی سوننە مەزهەب و بەرهەم

سالح یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانی عێراق. لە کاتی ئەنجامدانی دیدارەکاندا باس لە پێوەندی ئاسایش، دیالۆگی سیاسی، پێوەستبوونی ئابووری دوو لایەنی و چۆنیەتیی پەرەپێدانی بوارە کولتوورییەکانی نێوان تورکیا - عێراق کراوە.

داودئۆغلو وەزیری دەرەوە کە باسی لە ئامانجەکانی پێوەندیی تورکیا لەگەڵ عێراقدا کرد گوتی "ئەو پێوەندییەی لەگەڵ عێراقدا پێشمان خستووە، لە نێوان هەردوو وڵات و لە نێوان کۆمەڵگەکاندا یەکانگیربوونیان بەئامانج گرتووە. ئەمەش خاڵێکی گرینگ بوو کە لە ڕوونکردنەوەکەیدا تیشکی خستە سەر.

هەروەها داودئۆغلو لە لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەش کرد عێراق تەنیا وەک دۆستێک و وڵاتێکی دراوسێ نییە، بگرە لە هەمان کاتدا بەشەریکێکی هاوبەشی دەبینین کە پێویستە یەکانگیربین و وێکڕا شێوە بەداهاتوومان بدەین". بەم شێوەیە درێژەی دا "ئێمە هیچ سنوورێک نەناسین لە هاوکاریکردنمان بۆ هەموو ئەم بابەتانە".

هەروەها ئۆغلو لە لێدوانەکەی ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی ئێمە ڕێز لە هەبوونی دەوڵەتێکی دیموکراتیک و یەکەتیی خاکی عێراق دەگرین و خاوەن مێژوویەکی هاوبەشین لەگەڵ هەموو عێراقدا. لە کۆتاییی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە تورکیا لە شیعەکانەوە بگرە تا سوننەکان، لە کوردەکانەوە تا تورکمانەکان و ئاشوورییەکان لەگەڵ هەموو گرووپە عێراقییەکان خاوەن مێژوویەکی هاوبەش و تێکەڵاوییەکی کولتوورین و ئامادەین هاوکاری هەموو نوێنەرە عێراقییەکان بکەین کە بەشداری لە قۆناخی سیاسیدا بکەن.

بێگومان ئەو پێشکەوتنانەی لە پێوەندیی نێوان تورکیا - عێراق هاتوونەتە کایەوە ناکرێ دابڕاو لە ڕێککەوتنی سۆفا کە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراقدا ئیمزا کراوە هەڵبسەنگێنرێ. لایەنی هەرە گرینگی ڕێککەوتنی سۆفا ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تا کۆتاییی ساڵی ٢٠١١ هێزە سەربازییەکانی خۆی لە عێراق بکێشێتەوە.

خاڵێکی تری سۆفا ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێ دان بەهەبوونی دەسەڵاتی گۆڕەپانە زەمینی و ئاسمانی و دەریاییەکانی عێراقدا بنێ و نابێ لەسەر خاکی عێراق چالاکی سەربازی لەسەر وڵاتی سێیەم ئەنجام بدا. هەر وەک لە سۆفادا دەبینرێ سەربازە ئەمەریکاییەکان لە داگیرکردنی عێراقدا نیزیکەی شەش ساڵ بەدواوە لە مێژووی ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ هێزەکانی خۆی لە هەموو شار و شارۆکەکان کێشایەوە و پاراستنی ئاسایشی خستە دەست هێزە عێراقییەکانەوە. وێڕای هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی سۆفا وەک دیاری کراوە، باڵادەستی و سەربەخۆییی عێراق و یەکەتیی خاکەکەی و گۆڕەپانی دەریایی و ئاسمانی و سیستەمی دیموکراتیکی یان دەزگا هەڵبژاردراوەکانیان لە شیمانەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە مەترسییەکی ناوەخۆیی و دەرەکی یان هەر هێرشێک، ئەوا لە چوارچێوەی داواکاری حکوومەتی عێراق وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆی هەیە لە کورتترین ماوەدا لەلایەنی ئابووری، دیپلۆماسی

و سەربازییەوە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر. جیا لەمە وەک لە مادەی ٢٧دا هاتووە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوکار دەبێ لە بالادەستی سیاسەتی سەربەخۆی یەکەتیی خاک و پاراستنی سیستەمی دەستووری دیموکراتی عێراقی فیدرال.

لەم چوارچێوەیەدا ئەو سیاسەتەی عێراق لە قۆناخەکانی دواتر لە ساڵی ٢٠١١ لە بواری سیاسی و کارگێڕی و ئاسایشەوە پێڕەوی دەکات لە ڕادەبەدەر بۆ تورکیا و ولاتانی ناوچەکە گرینگ دەبێ. لە واتەیەکدا ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە دابڕاو نییە لەو پێشکەوتنانەی لە عێراقدا بێنە کایەوە.

لەلایەکی تر ولاتانی ناوچەکە لە قۆناخەکانی دوای پاشەکشێی هێزەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کەوتوونەتە نێو هەوڵ و تێکۆشانی ئەوەی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆیان بەسەر عێراقدا زاڵ بن کە ئەمەش شیمانەی مەترسییەکی زۆر لەخۆ دەگرێ. تورکیا لەلایەک لە هەوڵی ڕێگەگرتنە لە بەردەم شیمانەی هەر مەترسییەکی ئارامی و ئاسایش، لەلایەکی تریش بۆ ئاستەنگکردنی هەر جۆرە هەوڵێکی ولاتانی دراوسێ کە بیانەوێ بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانیان عێراق بخەنە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، لە قۆناخەکانی دوای ٢٠٠٨ سیاسەتێکی دەرەکی ئاکتیفتری پێڕەو کرد.

لەم واتایەدا بەتێڕوانینێکی فراوانتر، ڕوونکردنەوە و هاتنە ڕۆژەڤی پێوەندیی نێوان تورکیا – عێراق لە ئاستێکی بەرزدا دوای وەرگرتنی بڕیاری سنووردارکردنی هێزە سەربازییەکانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق سەرنجڕاکێشە. دوای بڕیاری کشانەوەی هێزی سەربازیی ڕێژیم، پێگەی عێراق بۆ ولاتانی ناوچەکە بوو بەکێشەیەکی هەستیار. لەم چوارچێوەیەدا سەرەتا تورکیا و هەموو ولاتانی ناوچەکەی ناچار کردووە کە بۆ داهاتووی عێراق بکەونە نێو پێڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی بەهێزتر.

لە قۆناخی دوای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەرامبەر لە ڕۆژەڤبوونی شیمانەی پەلکێشبوونی عێراق بۆ شەڕی ناوەخۆ، بەناوەندبوونی گرووپی تیرۆری ڕادیکاڵ، یان دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعەی دووەم لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا ناکرێ چاوەڕێی ئەوە بکرێ کە ولاتانی ناوچەکە سیاسەتێکی پاسیف پێڕەو بکەن.

بەتایبەتی ئەو پرسیارەی لەلایەن دەوڵەتە عەرەبە سوننەکانەوە خراوەتە ڕۆژەڤ، ئاخۆ لە دوای ئێران، عێراق دەبێتە دەوڵەتی دووەمی شیعە لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا؟ لەم چوارچێوەیەدا بوونی عێراق بەدەوڵەتێکی شیعە کە لەگەڵ خۆیدا نائارامی دەخولقێنێ، لە ڕۆهەلاتی ناوەڕاستدا لە بەرژەوەندی کام ولاتە و لە دژی کام ولات پێشکەوتن و گۆڕانکاری نوێ بەخۆیەوە دەهێنێ؟ لە چوارچێوەی ڕۆشنایی گفتوگۆکانی سەبارەت بەعێراق بەرژەوەندی و سیاسەتی سەرەکیی تورکیا چییە؟ بۆ تێگەیشتن لە پێوەندییەکانی تورکیا – عێراق پێویستە پرسیارەکانی وەک وەرچەرخانی عێراق بۆ دەوڵەتێکی شیعە لە بەرژەوەندی تورکیادایە؟ لە بەرچاو بگیردرێ.

لە واتایەکدا سەردانەکەی داودئۆغڵو وەزیری دەرەوە و دوا بەدوای ئەوە سەردانەکەی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیر لە ٢٠٠٩ بۆ عێراق بۆ نیشاندانی ئامادەبوونی تورکیا لە پێڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکی ئاکتیف بۆ پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراق لەلایەنی سیاسی، ئابووری و کارگێڕییەوە بەگرینگییەوە پێشوازی لێ دەکرێ. ئەمەریکا میراتی کۆمەڵگەیەکی ئەتنیک و مەزهەبگەری بەشەڕوشۆڕی لە دوای خۆیدا بەجێ هێشت. سنوورەکانی دووبەرەکی، مەزهەبگەری و ئاڵۆزی ئەتنیکی و دوژمنایەتی نێوخۆی وڵات لە ئاستێکدایە کە کاریگەری دەکاتە سەر یەکەتیی خاکی عێراق و ئارامی وڵاتانی ناوچەکە.

بەڕێوەبەرایەتیی ئەمەریکا لە بەرامبەر بردنەوەی ئەو شەڕەی لە دژی سەدام بەڕێوەی برد، نەیتوانیوە ڕێگە لە بەردەم کەوتنە نێو گێژاوی قەیرانی عێراق بگرێ و لە دواییدا گەیشتووەتە ئەو خاڵەی پاشەکشێ بەهێزە سەربازییەکانی بکات. بێگومان کۆتایی بەبەرژەوەندی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا نەهاتووە لە عێراق، بگرە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ ئەوەی شەڕ و ناکۆکییە مەزهەبی و ئەتنیکییەکانی عێراق لە مەیداندا نەهێڵێ خاوەن ئەزموونێکی دیپلۆماسی و مێژوویی نییە.

ویستوویەتی ئەمە تەنیا بەپشتبەستن بەسیاسەتێکی هێزی سەربازی بەدەست بخات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. ناڕاستەوخۆ وا دیار دەبێ بۆ ئەوەی عێراق نەبێ بەمەترسییەک بۆ سەر بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ ئیتر بەرپرسیاریەتی کەوتووەتە سەرشانی ئەو ڕێژیمانەی لە ناوچەکەدا دەژین. هەرچی ئەو پێکدادانە سیاسییانەی لە نێوان عێراق و وڵاتانی ناوچەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دێتە ئاراوە، دوای ئەو ڕۆژانەی کە عێراق پێگەی سیاسی و ئیداری خۆی دەستەبەر کرد، گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری بەدەست هێناوە.

## سیاسەتی عێراق بۆ وڵاتانی ناوچەکە: پێکدادانی بەرژەوەندی

زۆر ئاستەمە باس لە بوونی سیاسەتێکی هاوبەشی وڵاتانی ناوچەکە سەبارەت بەعێراق بکرێ. لە کاتێکدا وڵاتانێک هەن لەمەڕ عێراق خاوەن بەرژەوەندی و سیاسەتی هاوبەشن، وڵاتانێکیش هەن کە بەرژەوەندییەکانیان یەک ناگرێتەوە. لەبەر ئەمەش دۆزینەوەی ڕێگەیەکی هاوبەش لەبارەی عێراق تا بڵێی سەخت بووە.

ئەگەر پێویست بکا لە ناوەخۆیدا پۆلینکردنێک ئەنجام بدەین، ئەوا دەبینرێ کە وڵاتانی ناوچەکە خاوەن سیاسەت و بۆچوونی جیاوازی فەرمی و نافەرمین لەبارەی یەکەتیی خاکی عێراق، سیستەمی دەستووری بنچینەیی سیاسی، پۆلیتیک و پێکهاتەی کارگێری و لەسەر ئاستی نوێنەرایەتیی مەزهەبەکان تورکیا، ئوردن، میسر، عەرەبستانی سعوودیە، یەمەن و عومان بەڕاشکاوترین شێوە هەڵوێستی ڕوونی خۆیان پێشان داوە لە هەمبەر وڵاتانی ناوچەکە کە خاوەن سیاسەتێکی هاوبەشن لە ئاستێکی فەرمیدا لەمەڕ بابەتی پاراستنی یەکەتیی خاکی عێراق.

کوێت، ئێران و سووریا بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری جیاوازەوە سیاسەتیان نادیارە بەرامبەر یەکەتیی خاکی عێراق. بۆ نموونە کوێت لە ترسی ئەوەدایە کاتێک یەکەتیی خاکی عێراق بەهێز بێ جارێکی تر داوای خاک بکاتەوە.

هەرچی ئێرانە لەلایەک لەو مەترسییە دەسڵەمێتەوە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کێشەی ئاسایشی بۆ دەنێتەوە، لەلایەکی تریش هێشتا بۆی ڕوون نەبووەتەوە کە لە شیمانەی دروستبوونی دەوڵەتێکی شیعەی بەهێز لە پاڵ سەری چی ڕوو دەدا. سووریاش حسابی کاردانەوەکانی عێراقێکی پارچەکراو دەکات.

بەهۆی کوردەکانەوە لە دژی پارچەبووندایە، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەم هەندێک لاوازە و حسێبی کۆنترۆڵکردنی دەوڵەتە بچووکەکەی دەکات کە سوننەیە و هەم حسێبی ئەوە دەکات چ جۆرە سیاسەتێک پێڕەو بکا کە لە دوای میسر دەبێ بەناوەندی مللیگەراییی عەرەب. گفتوگۆ لەبارەی یەکەتیی خاک لەگەڵ دەستووری بنچینەیی، سیستەمی سیاسی و کارگێڕی دەگیردرێتە دەست و لەم چوارچێوەیەدا ئەو وڵاتانەی مەترسییەکانی پارچەبوون لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن پێشبینی ناکات. بۆ نموونە میسر، ئوردن، سووریا، عەرەبستانی سعوودیە، کوێت و وڵاتەکانی تری کەنداو پێ ناچێ پشتگیری عێراقێکی فیدراڵ بکەن.

لەلایەکەوە عێراقی فیدراڵ هەموو دەسەڵاتەکانی شیعە کە لەسەر عێراق هەیەتی نایهێڵێ، لەلایەکی ترەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە پرۆسەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی گرووپە سوننەکان ڕۆڵێکی کارا بگێڕن. لەم چوارچێوەیەدا لە ڕادەبەدەر ستاتۆی کوردەکان گرینگە. بێگومان لە نێوان سیاسەتی ئەم وڵاتانە لەگەڵ عێراقدا هەندێک جیاوازی بەدی دەکرێ. بەڵام خاڵی هاوبەش ئەوەیە کە ڕێگر بن لە بەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی شیعە لە عێراقدا. ئوردن، میسر لەگەڵ ئەوەدان کە لە عێراقدا سوننەکان لە بەڕێوەبەرایەتیدا باڵادەست بن و کارەکتەری عەرەبی پارێزراو بێ. گرووپە سوننەکان دەیانەوێ دوور لە توندوتیژی ڕاستەوخۆ بەشداری پرۆسەی سیاسی بن. بەڵام دەرک بەوە دەکەن کە ناتوانن وەک سیاسەتێکی واقیعییانە بەرجەستەی بکەن. لەبەر ئەمەش بەمەبەستی دەرخستنی شیعەکان لە ژێر کاریگەریی ئێران و کردنەوەی ڕێگە بۆ پێوەندیکردنیان بەجیهانی عەرەبییەوە دەستیان کردووە بەوازهێنان لە بەستنی پێوەندی دیپلۆماسی لە ئاستێکی سنووردارادا لەگەڵ حکوومەتی شیعە.

لە مانگی ئابی ٢٠٠٨ عەبدوڵای دووەمی پادشای ئوردن یەکەمین سەرۆکی عەرەب بووە کە سەردانی عێراقی کردووە. هەرچی میسریشە لە ١٩٩٠ دوای داگیرکردنی کوێت بەمەبەستی پێشخستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا لە ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨، ئەحمەد عەبدولعەزیزی وەزیری دەرەوەی ناردبوو بۆ عێراق. بەکوێت و میسریشەوە یەک لە دوای یەک وڵاتە عەرەبییە سوننەکان ڕایان گەیاند کە کۆنسڵگەی خۆیان لە بەغدا دەکەنەوە.

ئەگەر بێینە سەر باسی سیاسەتی دەوڵەتەکانی لە سەرەوە ئاماژەمان پێیان کرد لە بەرامبەر

کوردەکان، ئەوا ئەو وڵاتانەی لەگەڵ پاراستنی یەکەتی خاکی عێراقدان لە دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆن. دەیانەوێ کورد لەنێو پێکهاتەی عێراقی فیدراڵدا ڕۆڵی هاوسەنگکردن بگێڕێ لە نێوان شیعە و سوننەی ڕادیکال دا. بەواتایەکی دیکە کوردەکان بەهاوپەیمانێکی ستراتیجیی خۆیان دەزانن لە ڕێگەگرتن لە بەردەم هەوڵەکانی دامەزراندنی ڕێژیمی سەدامی دووەم لەلایەن سوننەکانەوە و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شیعەکان لە سەرتاسەری عێراق. بەتەواوەتیش لەم خاڵەدا گرینگی تورکیا بەدەردەکەوێ. بەگوێرەی وڵاتە عەرەبییەکانی جێگەی باسن، تورکیا وڵاتێکی متمانەدەرە بەتایبەتی لە پاراستنی یەکەتیی خاکی عێراق و کاریگەرترین هێزی ڕێگرە لە بەردەم ئامانجەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ و وەرسوڕانی عێراق بۆ دەوڵەتیکی شیعە.

کاتێک تەماشای سیاسەتی ئێران دەکەین قوڵبوونەوەیەکی ستراتیجی تێدا بەدی دەکرێ. ئێران سیاسەتێکی دەرەکی وەها پێڕەو دەکات کە لە هەوڵی ئەوەدایە پێوەندی لەگەڵ گرووپەکانی سەرتاسەری عێراق ببەستێ و ڕەوتی سیاسەتەکانیان دەستنیشان بکا.

ئێران کە کۆنسلگەی خۆی لە هەولێر کردووەتەوە لە هەمان کاتدا کە پێویست بکا هاوکاری سیاسی و سەربازی هەموو گرووپە شیعەکان دەکات، کە پێویست بکا سەدر لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەمەریکا دەپارێزێ، کە پێویستیش بکا هاوکاری هێزە سەربازییەکانی گرووپە دەسەڵاتدارەکان دەکات.

ڕێژیمی ئێران کە لەلایەنی سیاسییەوە پشتگیری حکوومەتی مالیکی دەکات، ساڵانە ڕێگە بەملیۆنەها ئێرانی دەدا سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق بکەن. لە ڕاستیدا وای بۆ دەچن کە حکوومەتی مالکی ئەو کردەوەگەلە سەربازییانەی لە دژی ڕکابەرەکانی ڕێژیمی ئێران کە بەساڵانە لە عێراقدا دەژین لە چوارچێوەی داواکارییەکانی تاران جێبەجێ کرابێ. لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا بەئەندازەیەک کە هیچ لە مێژوودا ڕووی نەداوە بەڕێوەبەرایەتی تاران ئاستێکی بەکاریگەر و ئاراستەکەرانەی بەدەست هێناوە لەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوەی عێراقدا. وێڕای ئەمەش هێشتا سیاسەتی ئێران لە بەرامبەر عێراق یەکلایی نەبووەتەوە.

ئێران بەکەوتنە ڕێ لە ئەزموونە مێژووییەکانی هەم عێراقێکی لاوازی دەوێ، هەم دەیەوێ کاریگەریی شیعەکان لە دەسەڵاتدا زیاد بکا. هەتا ئێستاش لە پێوەندیی سیاسی لەگەڵ کوردەکاندا خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە لەوەی لە شیمانەی هاتنە ئارای شەڕ و پێکدادانێک لەنێوان کورد ـ عەرەبی شیعەدا چ جۆرە ستراتیجییەتێک پێڕەو دەکا. بەڵام لە بەرامبەر سیاسەتی فراوانکردنی خاکی کوردەکان پێشبینی دەکرێ هاوکاری شیعەکان بکات.

ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە کە کوردەکان لە نێو خۆشیاندا ببنە خاوەنی دوو بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەی هەرێمی جیاواز. کە لەم لایەنەوە تەماشا بکرێ زیاتر گرینگی ئەم هەڵبژاردنەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٩ لە هەرێمی کوردستان ئەنجام درا. لەلایەکی تر ترسی

سەرەکی ئێران لە بەرامبەر شیعەکان ئەوەیە کە عەرەبی شیعە لەژێر کۆنترۆڵی تاران دەربچن. لەبەر ئەمەش لەگەڵ هەموو گرووپە عەرەبە شیعەکان پێوەندییەکانی بەردەوامە و کە پێویستیشی کرد ڕۆڵی ناوبژیوانی دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان گرووپە شیعەکان، پێویستیش بکا ئەو گرووپانە لە دژی یەکتر بەکار دەهێنێ.

لەم واتایەدا کە بیری لێ دەکرێتەوە ئێران پاڵپشتی لە دەسەڵاتێکی نێزیک لە خۆی دەکات کە کاریگەریی بەسەر وڵاتدا هەبێ، بەڵام بەڕێگەگرتن لە کۆنترۆڵی دەرچوونی گرووپە شیعەکانی جێگەی باسن درێژە بەپێوەندیی خۆی دەدات لەگەڵ گرووپە شیعەکانی تر، لەبەرئەوە خاوەن سیاسەتێکە لە نێوان پێکهاتەی فیدراڵ و پێکهاتەی مەرکەزیدا دێت و دەچێ. ئێران خاوەن بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروست نییە کە بەپێڕەوکردنی چ جۆرە سیاسەتێک دەتوانێت هێز و دەسەڵاتی خۆی لەسەر عێراق زیاد بکات، لەبەر ئەمەش سیاسەتی ئێران لە بەرامبەر عێراق دوو لایەنەیە. لەلایەک دەیەوێ شیعەکان لەسەر پێکهاتەی ئابووری، سیاسی، ئاسایش و کارگێڕی عێراق ڕۆڵێکی دەستنیشانکراویان هەبێ، لەلایەکی تر بۆ ڕێگەگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتێکی شیعە کە مەترسی بخاتە سەر هەبوونی خۆی دەیەوێ شیعەکان لە نێو خۆیاندا پارچەبوونێکی سیاسی بژین. بەڵام کە پێویستیشی کرد ڕاستەوخۆ دەست لە کاروبارەکان وەربدا.

لە شەڕی جیهانی دووەمەوە عێراق هەوڵی داوە ڕێگربێت لە بەردەم بوونی ئێران بە هێزێکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کاتێکیش کە ئێران لەنێو خۆیدا بەرەو گۆڕینی ڕێژیم ڕۆیشت وڵاتێک بوو هەوڵی دا ئەو خاکانەی سەرچاوەی پیترۆڵن داگیریان بکات. دوای قۆناخی دامەزراندنی ڕێژیمی بەعس لە ١٩٦٨ بۆ هەردەم عێراق یەکێک بووە لەو وڵاتانەی کە مەترسیی بۆ سەر ئێران هەبووە، لەبەرئەوە ئێران هەوڵ دەدا ڕێگە لە دروستبوونی پێگەیەکی سیاسی و سەربازی عێراق بگرێ کە بۆ جارێکی تر مەترسی بێت بۆ سەر ئێران. بۆ ئەم مەبەستەش دەستپێشخەری پێویست دەکات بۆ سنووردارکردنی کورد و سوننە لە عێراق و هەوڵ دەدا لەپێناو جێبەجێکردنی باڵادەستبوونی شیعەکان لە دامەزراندنی ڕێژیمدا. هەر کە عێراق پێوەندی خۆی لەگەڵ ئێران فراوان دەکات، تاران قۆناخ بەقۆناخ زیاتر هەوڵی بوون بەهێزێکی کاریگەر لەسەر وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە دەدا.

لەلایەکی تر تورکیا لە دوای قۆناخی شەڕی ٢٠٠٣ یەکەتیی خاکی عێراق و پاراستنی پێکهاتەی مەرکەزی وەک سیاسەتێک بەبنەما گرتووە. بەڵام کە شیعەکان لەسەر پێکهاتەی مەرکەزی زیاتر کاریگەر بوون، بەردەوامکردنی ئەم سیاسەتەی تورکیا تەواوی عێراق و پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتەکانی تری ناوچەکە خستووەتە نێو زەحمەتییەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق شک و گومانی وڵاتانی عەرەب سوننە زیاتر بووە. ئەم گومانانەش وای کردووە تورکیا زیاتر ئاکتیفانە هەڵسوڕێت لە عێراقدا. بێگومان پێکەوە هەڵسوڕانی عێراق لەگەڵ ئێران لە ناوچەکەدا بەگوێرەی بەرژەوەندی تورکیا نییە.

ئێران بۆ ئەوەی کاریگەریی تورکیا لە هەرێمەکە کەم بکاتەوە، کەوتنە نێو هاوکاری لەگەڵ ئەرمەنییەکان سەرنجراکێشە. ئەگەرێکی زۆری هەیە کە ئێران عێراق بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و هەنگاو بنێ بەرژەوەندییەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا سنووردار بکا. بۆ ئەوەی زیاتر تێ بگەین لە کێبڕکێی تایبەت بەعێراق کە لە نێوان تورکیا و ئێران لە ئارادایە، بەبیرهێنانەوەی تێکۆشانی نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان بەسوود دەبێ.

تورکیا تاکە وڵاتە کە دەتوانێ هاوسەنگی ئێران ڕابگرێ لە ناوچەکەدا. لەلایەنی سەربازی، ئابووری و لە ڕووی کاریگەرییەوە لە ناوچەکەدا هیچ وڵاتێکی تر بەدی ناکرێ کە کاریگەریی ئێران لەسەر عێراق لابەرێ. لەم واتایەدا ئەو پێوەندییەی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا پێشی خستووە ئێران و دەسەڵاتی شیعەکان نارەحەت دەکات. لەبەر ئەمەش کاردانەوەی توندیان هەبووە لە بەرامبەر دیدارەکانی تورکیا لەگەڵ عەرەبی سوننە. ئامانجی سیاسەتەکانی حکوومەتی عێراق سنووردارکردنی کاریگەریی تورکیایە لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراق و بەرەنگاربوونەوەیە لە بەرامبەر بەهێزبوونی پێگەی سیاسی سوننەکان لەنێو سیستەمدا.

هەرچی سنووردارکردنەوەی تورکیایە لە وڵاتە عەرەبییە سوننەکان زیاتر لە بەرژەوەندیی عەرەبی شیعەدایە کە خوازیارە هاوشانی ئێران و عێراق تەڤ بگەرێت. بۆ ئەوەی تورکیا کاریگەری خۆی لەسەر عێراق فراوان بکا، سەرەتا پێویستە گرووپە سوننەکان لەژێر چەترێکی هاوبەشدا یەک بخات و پێشخستنی هاوکاری لەگەڵ پێکهاتەی سیاسی کورد لە عێراق دەکەوێتە ڕۆژەڤ. بەڵام لەم خاڵەشدا هەبوونی کێشەی کورد لەوانەیە سۆنگەیەک بێ بۆ لاوازکردنی تواناکاری جموجۆڵەکانی تورکیا لە عێراق.

## ستراتیجییەتی فراوانکردنی کاریگەرییەکانی تورکیا لە عێراق دوای قۆناخی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

تورکیا بۆ کەمکردنەوەی شیمانەی هاتنە مەیدانی نائارامی لە دوای قۆناخی داگیرکاری ئەمەریکا بۆ کەمترین ئاست و بۆ ئەوەی لە ناوچەکەدا لەلایەنی ئابووری و سیاسییەوە ببێ بەخاوەن هێزێکی کاریگەر، سەبارەت بەعێراق لەوانەیە پێڕەوکردنی سیاسەت و هەوڵێکی سێ لایەنە بێتە ڕۆژەڤ. ئامانجی سەرەکی هەوڵە سێ لایەنەکەی جێگەی باسە سیاسەتی بوون بەهێزێکی کاریگەر لەسەر یەکەم سوننە، دووەم کورد و سێیەمیشیان شیعە لەخۆ دەگرێ.

لەگەڵ ئەمەشدا هاوشانی کەمکردنەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبینین تورکیا بۆ پڕکردنەوەی شیمانەی هاتنە ئارای بۆشاییی دەسەڵات سەبارەت بەکەمکردنەوە و تێپەڕکردنی مەترسییەکانی نائارامی لە مێژووی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ سیاسەتێکی ئاکتیڤتری سەبارەت بەعێراق پێڕەو کرد. لە ڕەوشێکی پێچەوانەدا لە بەرامبەر وەرچەرخانی عێراق بۆ دەوڵەتێکی شیعە لەلایەن ئێرانەوە یان پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی وا بەستە لەلایەن ئێران،

ناچار دەبێ وەک تەماشاکەرێک بمێنێ و چاوپۆشی بکا لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاسایشی وڵاتانی عەرەبی سوننە لە ناوچەکە لەسەر دەستی وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکە (بۆ نموونە ڕووسیا یان چین) و دەبێ ناچارانە لە بەرامبەر ئەو نائارامییە مەزنەی کە لە عێراقەوە سەرچاوە دەگرێ بەتەنیا تێ بکۆشێ.

ئەگەر بێینە سەر باسی کرانەوە سێ لایەنەکیی تورکیا سەرەتا بەشداری پێکردنی سوننەکانە بۆ پرۆسەی سیاسی، لەم لایەنەوە هەوڵی زۆر ڕژد دراوە و لە هەندێک لایەندا سەرکەوتن بەدەست هێنراوە.

بانگهێشتکردنی سەرکردە سوننەکان بۆ تورکیا و ئامۆژگاریکردنیان بۆ بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان و هاوکاریکردنیان گرینگ بووە. بەهەوڵەکانی تورکیا لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ نوێنەری پارتەکانی عەرەبی سوننە و باڵوێزی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەغدا لە تورکیا چاوپێکەوتنێکیان ئەنجام دا. دیداری نێوان لایەنەکان وەک هەنگاوێکی گرینگ پەسند دەکرێ لەمەڕ بەشداریکردنی عەرەبە سوننەکان لە پرۆسەی سیاسی. تورکیا تاکە وڵاتە کە کۆنسڵگەکەی لە شاری مووسڵ خزمەتگوزاری پێشکێش دەکات.

هاوکات یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ڕێزی پێشەوە دێت کە توانی بەشداری بەساڵح موتڵەگی سەرۆکی نەتەوەپەرستی سوننەی عێراق بکا لە هەڵبژاردنەکاندا. تورکیا وێڕای موتڵەگ پێوەندیی خۆی لەگەڵ پارتە سوننە گرینگەکانی عێراق وەک ئوسامە تکریتی سەرۆکی حزبی ئیسلامی و تارق هاشمی یاریدەدەری سەرکۆمار بەردەوام دەکات.

جیا لەمە تورکیا بەمەبەستی بەشداریکردن لە پرۆسەی سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی هەموو گرووپە سوننەکان بەتایبەتی ئامادەبوونی لە لێکخڕبوونەوە و دیداری بەڕێوەبەرایەتیی ئەمەریکا لەگەڵ بەرهەڵستکارە عێراقییە سوننەکان ڕۆڵی کلیلی گێڕاوە. لەو دیدارە نهێنییەی لە بەهاری ٢٠٠٩ لە نێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا و گرووپە سوننەکان ئەنجام درا، تورکیا ڕۆڵی نێوبژیوانی گێڕاوە. لەو داخوییانییەی عەلی جبوری سکرتێری گشتی کۆنسەی سیاسی بەرهەڵستکاری عێراق بۆ کەناڵی ئەلجزیرە گوتی دیدارەکان لە مانگی ئادار و مایسی ٢٠٠٩ ئەنجام دراوە.

دوای ئەو دیدارانەی کە تورکیا ناوبژیوانی کرد ڕێککەوتنێکی سەرەتایی لەبارەی ناسینی بەرهەڵستکاری عێراق لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە نێوان لایەنەکان ئیمزا کراوە. لەبەرئەوە لە مێژووی ٢٠٠٩ بەمەبەستی بەشداری پێکردنی هەموو گرووپە سوننەکان لە پرۆسەی سیاسی کۆمەڵێک دەستپێشخەری گرینگ ئەنجام دراوە.

لەلایەکی تر بۆ ئەوەی تورکیا زیاتر ئاکتیڤ بێ لە سیاسەتی عێراق، دەبینرێ کە چاوی خشاندووەتەوە بەپێوەندیی خۆی لەگەڵ کورد. لەم چوارچێوەیەدا کۆسپی سەرەکی لە بەردەم پێوەندییەکان دانان بەدەستکەوتەکانی کورد و هاوکاربوونیەتی لە پاراستنیدا. تورکیا هەر لە

سەرەتای داگیرکردنی عێراق بۆ ئەوەی هەرێمی کورد لەلایەنی ئابوورییەوە بیگەیەنێ بەپێکهاتەیەکی جێگیر ڕۆڵێکی ژیانی گێڕاوە. بەڵام لە خاڵی پێوەندی سیاسی لە ئاستێکی فەرمیدا لەگەڵ هەرێمی کورد خاوەنی کۆمەڵێک شک و گومانی بەجێ بووە. بەڵام کاتێک کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق کەوتە ڕۆژەڤ سەبارەت بەوەی عێراق دەبێ بەوڵاتێکی چۆن، ناچاربوونی پێڕەوکردنی سیاسەتێکی ئاکتیڤتری لەگەڵ خۆیدا هێناوە. بەهۆی فاکتەری ئێرانەوە دروستکردنی کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر شیعەکان بەڕاست نەزانراوە. جیا لەمەش مەحاڵ بوو لە ڕێگەی گرووپە سوننەکانەوە سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوەی عێراق ئاراستە بکرێت.

لەبەرئەوە پێشخستنی پێوەندی لەگەڵ کوردەکانی عێراق شێوەیەکی گرینگتری بەخۆیەوە گرت. بێگومان لە مێژووی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ دا تورکیا لە هێڵی هەولێرەوە بووە خاوەنی پێشکەوتنی گرینگ. لەگەڵ سەردانەکانی موراد ئۆزچەلیک نوێنەری تایبەتیی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە بۆ هەولێر و و بەشداربوونی حوسێن عەونی بوتساڵ سەرکۆنسڵی تورکیا لە مووسڵ و ٦ ئەندام پەرلەمانی تورکیا لەو مەراسیمەی بۆ کردنەوەی کۆلێجی ئیشق ئەنجام درا و ناردنی پەیام لەلایەن عەلی باباجان وەزیری دەرەوە و گەیاندنی ئەو پیترۆڵانەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی هەرێم دەردەهێنرێ لە ڕێگەی هێڵی بۆڕی پیترۆڵی کەرکووک – جیهان بەبازاڕی نێودەوڵەتی و دامەزراندنی باڵێکی ئەنجوومەنی خوارو و لە هەولێر لەو میکانیزمە سێ قۆڵییەی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و عێراقدا ساز کراوە، هەرە دواییش لە تەمووزی ٢٠٠٩دا بەبەشداربوونی ڕاستەوخۆی تورکیا وەک چاودێرێک لە ڕێکخستنی ئەنجوومەنی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمی کورد ڕێک خرا، ئەوە نیشان دەدا کە ئەنقەرە شک و گومانەکانی لەمەڕ بابەتی دانپیانانی پێگەی هەولێر بەلاوە ناوە. جیا لەمەش ئەو هاوپەیمانییە ستراتیجییەی لە ئاستی باڵای ئەنجوومەن لە نێوان تورکیا و عێراقدا ئیمزا کرا، تێیدا دەستنیشان کراوە کە ئەنقەرە هاوکاری پاراستنی عێراقی فیدراڵ دەکات.

هەرچی سێیەم کرانەوەی تورکیایە لە بەرامبەر شیمانەی هەوڵە چاوەڕواننەکراوەکانی ئێران و شیعەکانی عێراق، پاراستنی سیاسەتی هاوکاری و میکانیزمەکانییەتی. لەم چوارچێوەیەدا بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ گرووپە شیعەکانی عێراق هەنگاوی گرینگی ناوە و بەردەوامیش دەبێ. ئەو دیدارانەی لەنێو ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩دا وێڕای مالکی سەرۆک وەزیران لەگەڵ عەمار ئەلحەکیم یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراق و موقتەدا ئەلسەدر کە یەکێکە لە کەسایەتییە گرینگەکانی بەرهەڵستکاری شیعەی دژبەری ئەمەریکا و سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق ئیحسان ئیبراهیم جەعفەری سەرۆکی بزووتنەوەی میللی دا ئەنجام دران تا بڵێی گرینگن.

وێڕای هەموو ئەمانە کردنەوەی کۆنسڵخانەیەکی تورکیا لە بەسرا هەنگاوێکی ستراتیجییە.

کاریگەرییەکی زۆر گرینگی سیاسی بەڕێوەبەرایەتیی تاران لە بەسرادا هەیە کە لە دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا و ئێران تورکیاش کۆنسڵخانەی خۆی تێدا کردووەتەوە. بێگومان هەر دەستبەجێ کردنەوەی کۆنسڵخانە لە بەسرا هەوڵە گرینگەکانی کەوتنە نێو پێوەندی و هاوکارییەکی ڕاستەوخۆی تورکیا لەگەڵ گرووپە شیعەکان دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە.

## بەرەنجام

لە قۆناخی دوای ۲۰۰۳ ئەو نادیارییەی لە پێوەندیی نێوان تورکیا ــ عێراق ژیان کرا، لەگەڵ هاتنە ڕۆژەڤی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق وا دیار دەبوو کە جێگەکەی بۆ هاوپەیمانییەک لە ئاستی باڵا بەجێ هێشتووە.

بێگومان ئەگەر بڕوانینە سەردانەکی داودئۆغڵو و ئەو هاوپەیمانییە ستراتیجییەی لە ئاستێکی باڵادا ئەنجام دراوە، بەدەستخستنی ئاستی پێوەندییەکی جیاوازی لە نێوان تورکیا – عێراقدا بەئامانج گرتووە. دەتوانین بڵێین بەباشی لە پێوەندیی داهاتووی نێوان تورکیا – عێراق تێ دەگەین. وەک دەزانرێ ئەو قۆناخەی بەسەردانەکەی عەبدوڵا گولی سەرکۆمار بۆ عێراق دەستی پێ کرد و لە دوای ئەویش بەردەوامکردنی قۆناخەکە بەسەردانە دوولایەنییەکانی جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق و ڕەجەب تایب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیران و نووری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، گەیشتە ئەو ئاستەی لە تەمووزی ۲۰۰۸ بگەنە بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای هاوپەیمانی ستراتیجی لە نێوان هەردوو وڵاتدا. بەگوێرەی داودئۆغڵوی وەزیری دەرەوە، تورکیا لە پێوەندی خۆی لەگەڵ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتیش لەگەڵ کورددا چوار پرەنسیپی سەرەکیی هەیە.

ئەمانەش هەرێمی ئاسایشی هاوبەش، دیالۆگی سیاسی لە ئاستی باڵا، پێوەستبوونی دوولایەنەی ئابووری و پێکەوە ژیانە لە زەوینەیەکی کولتووری هاوبەشدا. لەم چوارچێوەیەدا داودئۆغڵو بەڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە داوە مۆدیلی ئەو شەراکەتییەی لەگەڵ عێراقدا پێش خراوە ئامانج لێی هەم یەکانگیربوونی وڵاتان و هەمیش یەکانگیربوونی کۆمەڵگەکانە. وەک لە سەردان و ڕوونکردنەوەکانی داودئۆغڵودا بەدیار دەکەوێ تورکیا هەم لەلایەنی ئابووری و سیاسی، هەم بۆ تێپەڕکردنی ئەو مەترسییانەی کە بۆی دەچوو بەتایبەتیش بۆ کەمکردنەوەی ئاستی شیمانەی ئەو نائارامییەی کە لە عێراقەوە سەرچاوە بگرێ بەرامبەر وڵاتانی عەرەبی سوننە، سەبارەت بەداهاتووی عێراق سیاسەتێکی ئاکتیڤتر پێڕەو دەکات. لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین سیاسەتەکانی تورکیا کە جێگەی باسن بۆ کەمکردنەوەی ڕەوتە ڕادیکاڵەکانە و بەهۆی هەڕەشەکانی ئێرانیشەوە پاڵپشتیکردنی وڵاتانی عەرەبی میانڕۆ لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکەتیی ئەورووپا شیمانەیەکی زۆر بەهێزە.

# تورکمانستان

## وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست جەمسەری گاز و شەڕەکان

## تورکمانستان نیگای وڵاتانی زلهێزەکانە

ئاریک فولات و کریستیان نیڤ

وڵاتانی زلهێزەکان کۆشش دەکەن زۆرترین دەسەڵات لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست پەیدا بکەن، تا بتوانن پێداویستییەکانی شەڕەکانی ئەفغانستان بەئاسانی و بەسەلامەتی بگەیەنن، هەروەها ئەوروپاییەکان مەبەستیان بوو بۆ دابینکردنی گازی سروشتیی رووسی پێگەیان لەو دەڤەرە هەبێت، بەڵام ئەو وڵاتانە هێشتا بۆیان نەکراوە بۆچوونەکانیان بۆ دوارۆژ ساز بکەن. سەرۆکی تورکمانستان سیاسەتوانە روومەت پانەکە، ئەوەی ناوێکی زۆر زەحمەتی هەبوو، ئەو بووبووە کەسێکی زۆر گرینگی وڵاتەکە و ئاسیا و ناوەڕاستی ئاسیا و هەتا جیهانیش، بەپێی ئەو کتێبەی لە مانگی مەی بەناوی (کوڕەکە خەونی باپیرەکەی دێنێتە دی The Grandson Fulfills th Grandfather's Dream ئەو کتێبە لە قوتابخانەکان و لە زانکۆکان دابەش کرابوو، لەو کتێبەدا سەرۆکی تورکمانستان (گوربانگولی بردی محەمەدۆڤ) تەمەن پەنجا و سێ ساڵە، ئەوەی لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ەوە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، بەو شێوەیە لەو کتێبە سەرۆکەکە پێناسە کراوە:

(ئەو دەسەڵاتی لە خواوە وەرگرتووە، هیچ کێشە و ئاشووبەیەک لەبن دەستی ئەو دەربازی نابێت، هەموویان چارەسەر دەکات، نەک تەنیا دوکتۆرێکە و نەخۆشەکان چارە دەکات، ئەو کەسێکی مەزنە و هەموو ئەرکەکان دەخاتە سەرشانی خۆی، ئەو بەداهێنانەکانی هەموو لایەک سەرسام دەکات، بۆیەش هەموو سەرکەوتنەکان لەژێر فەرمانڕەوایی ئەو سەرۆکە پایەدارەمان دەبێت، هەموو جیهانیش ئەوانە هەست پێ دەکەن).

پایەتەختی ئەو وڵاتە ناوی عیشق ئابادە، ئەگەرچی ناوەکەی هەستی ناسکی شیعریی پێوەیە،

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی

بەڵام شارەکە دوورە لە هەموو هێماکانی جوانی، لە کۆشکە بەرزە شووشەییەکان و تاوەرە نیشتەجێیە بڵندەکان هەتا لە پەرلەمانە سپییەکەش هەستی جوانییان تێدا بەدی ناکرێت. پایەتەختی تورکمانستان ئاوێتەیەکە لە وشکاییی ئەندازیاریی سۆڤیەتی و ناشیرینەکانی چاولێکەری ڕۆئاوایی، کە داهێنانیان تێدا نییە، دوورە لە کولتوورە مەزنەکەی دوێنێ و داهاتوو گەشەکەی ئیمرۆیە ئەو شارە.

ئەو شارە وا ساز کراوە، کە لە سەردەمی ستالینەوە جەمسەری بۆ دارێژراوە و لە یاریگەیەک دەچێت، دیارە کەوا وڵاتەکەش بەدەستی سەرۆکێک بەڕێوە دەچێت گوایە هیچ هەڵەش ناکات. بەڵام تورکمانستان لەسەر دەستی محەمەدۆڤ کەمێک گەشەسەندنی بەخۆیەوە دیوە، کەمێک پیرۆزکردنی سەرۆک سووک کراوەتەوە، نەک وەک سەرۆکەکەی پێش ئەو سابیر موراد نیازۆڤ.

نیازۆڤ پاش ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت دووبارە دەبێتەوە سەرۆکی ئەو وڵاتە، ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کەوا ئەو باوکی هەموو تورکمانەکانە، هەتا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پەیکەری ڕێزگرتنەکانی لەناو گۆڕەپان و سەرشەقامەکان ماون.

کە ئەو سەرۆکی وڵات بوو، هاووڵاتییان بۆیان نەبوو پسوولەی لێخوڕین دەربهێنن ئەگەر ئاماژە بەقسە و فەرموودەکانی ئەو نەدەن، بەڵام ئەو سەرۆکەی ئێستا ئەو دیاردەیەی کەم کردووەتەوە، چونکە دیارە کەوا ئەفیش و پۆستەرەکانی سەر دیوارەکانی کەم کردووەتەوە و ناوی کەمتر دەگوترێتەوە و وێنەکانی کەم هەڵدەواسرێن.

ناوی وڵاتی تورکمانستان لە ئاماژەی گەشەسەندنی مرۆیی تایبەت بەنەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوەندی خوارەوە هاتووە و پلەکەی ژمارە ١٧١ لە ١٨٣ ناوی وڵاتەکان، کە لەلایەن ئاماژەی ئازادیی ئابووریی ڕێکخراوی هیریتدگەوە دەرچووە. سەرۆک بردی محەمەد دوکتۆری ددان بووە و پێشتر وەزیری تەندروستی وڵات بووە، ئینجا ئەو دوکتۆرە سەرۆکایەتیی وڵاتێک دەکات، کە بەپێی پێناسە و دان پێدانانی ڕێکخراوی دوکتۆرانی بێ سنوور سیستەمی تەندروستیی وڵاتەکەیان لەناو سیستەمە خراپەکانی جیهانە. ڕێکخراوی لێبووردنی دەولیی گشتیش وا دەزانێت کەوا ئەو وڵاتە ئەندامە نەیارەکانی دەسەڵاتەکەی خۆی دەچەوسێنێتەوە و ئازادییەکان بەرتەسکن.

کەواتە مەسەلەی عیشق ئاباد و سەرکردایەتیی توندکارەکەی دەوڵەت، با جێگای دڵەڕاوکێ نەبن، چونکە وڵاتێکی وەک تورکمانستان کە ڕووبەرەکەی سێ بەشی ڕووبەری وڵاتی ئەڵمانیایە و سەرژمێرییەکەی تەنیا پێنج ملیۆنە، ئەوەش دەبێتە کۆمارێکی (مۆز) و پێویست ناکات ئەوروپا بەوە بژاکێن و بە سووکی تەماشای بکەن. دیارە کەوا جیهانەکەی بردی محەمەدۆڤ لەسەر گەنجینەیەک لە گازی سروشتییە، بەپێی مەزندەکان کەوا ئەو وڵاتە چوارەم وڵاتی جیهانە کە گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە، دەکرێ ببێتە وڵاتێکی گرینگ و بایەخداری هەناردنی گازی گرانبەها.

## هێڵەکانی گاز و پێگە سەربازییەکان

تورکمانستان لەو پێنج وڵاتەی سەر لێواری دەریای قەزوین و هەتا زنجیرە چیاکانی بامیر سەرژمێری کەمترە، لەوانەی کە لەناو سنووری یەکەتیی سۆڤیەتدا بوون، لەو وڵاتەوە دیارە کەوا ئەویان نموونەیەکی دیاری لە سیاسەتی ئاسیای ناوەڕاستدا نەگێڕاوە و ڕۆڵی لە سیاسەتی دنیادا نەبووە. کە لوولەکانی گازی نێوان تورکمانستان و کازاخستان و ئۆزبکستان سازکرا، ئەوە ئەو ناوچەیە دەبێتە جەمسەری سەرەکیی دابینکردنی وزە بۆ ئەورووپا و چین و هیند، دیارە کەوا ڕۆئاواش سوورە لەسەر ئەوەی ڕێگەکانی گەیاندنی موخەدەرات لە قرغیزستان و تاجیکستان بگرێت، هەروەها کاریش دەکات هەڵمەت و تەوژمەکانی توندکارە ئیسلامییەکان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە نەگاتە ئەورووپا. لە گەمەیەکی نوێ وەک لە سەردەمی سەدەی نۆزدەم زلهێزەکان کۆشش دەکەن بۆ بردنەوە و گرتنە دەست ڕێگە کۆنەکەی حەریر تا بەرژەوەندییە ستراتیجییەکان و بنکە سەربازییەکانیان بپارێزن.

ئەو پێنج وڵاتە لەسەر کێشەکانی سنوور و ئاو بەردەوام ناکۆکییان هەیە، بەڵام ئەو وڵاتانە لەوە لەیەک نزیکن کەوا سیستەمی حوکمڕانی وڵاتەکانیان وەک یەکە، سەرکردەکانیان بەزەبری ئاسن و زۆرداری وڵاتەکانیان بەڕێوە دەبەن، هەموویان بڕوایان بە پیرۆزکردن و گەورە سەیرکردنی سەرۆکەکانیان هەیە، ئازاشن لەوەی دوژمن بۆ یەکتری بدۆزنەوە و یەکتری لەلای وڵاتە زلهێزەکان تاوانبار بکەن و حەز بەشکانی بەرامبەرەکانیان دەکەن، سەرۆک بردی محەمەدۆڤ یەکێکە لەو سەرۆکانە و ئەو باشترین نموونەیە لەو سیاسەتە، بانگەشەی ئەوەش دەکات، کەوا ئەو کەسێکی کراوەیە و بە ڕووی هەموولایەک دەکرێتەوە و هەموو بوارە خێرخوازەکان بە هەند دەزانێت و ئامادەیە بۆ سوودی هەمەلایەنە کار بکات.

## گازی رووسی

کۆماری چینی میللی لەگەڵ عیشق ئاباد ڕێک کەوتوون کەوا دەوڵەتی تورکمانستان لە ماوەی چوار ساڵ چل ملیار مەتر چوارپاڵوو بداتە پەکین، هەروەها لەو چەند هەفتەی رابردووشدا ڕێک کەوتوون کەوا هێڵێکی گەورەی گەیاندنی گاز بەناو خاکی ئەفغانستانەوە بگاتە پاکستان و هیندیش، بەڵام ئەگەر رەوشی سیاسیی ناوچەکە ئارام نەبێتەوە، ئەوا ئەو ڕێککەوتنە هەر حوبری سەر کاغەز دەبێت و بەس. رەنگە لەو چەند مانگی داهاتووشدا دەست بکرێت بەجێبەجێکردنی هێڵی گازی نابۆکۆ. چەند کۆمپانیایەک بڕیارە کار لەو پرۆژەیە بکەن کە گاز بگەیەنێتە ناو ئەڵمانیا، لەوانە کۆمپانیای (ئار، دەبلیو، ئێ) ی ئەڵمانی کەوا بەشی ئەوان دەگاتە ١٦٪، وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەڵمانی یوشکا فیشەر یەکێک بوو لە ڕاوێژکارەکانی ئەو پرۆژەیە.

ژمارەیەک لە کۆمپانیاکانی ئەورووپایی لە ساڵی ٢٠٠٢ هێڵی نابۆکۆیان ڕاگەیاندبوو، ناوەکەی لە

ئوپرای فردییەوە هاتبوو، کە کۆمپانیاکان یەکەم ئاهەنگیان لە ڤەیەنا ساز کردبوو، ئەو هێڵە لە ئەرزرووەمەوە لە تورکیا دەست پێ دەکات و خاکی بولگاریا و رۆمانیا و هەنگاریا دەبڕێت و لە بومگارتن لە نەمسا کۆتایی بەدرێژیی هێڵەکە دێت.

لە بەرنامەکە ئەوەش هەیە کەوا چەند هێڵی تری گەیاندن لە ئازربیجان و لە تورکمانستانەوە دەبێت بۆ ئەوەی گاز بگاتە نابوکۆی تورکیا، مەبەست لەوەش ئەوەیە چیی تر ئەوروپا کاریان بە گازەکەی رووسیا نەمێنێت، کە تاکە سەرچاوەی گازی ئەوروپایە. رەنگە ئەو هێڵە درێژییەکەی بگاتە سێ هەزار و سێ سەد کیلۆمەتر و لە ساڵی ٢٠١٢ دەست بکرێت بە ئیشکردن، پارەی ئەو پرۆژەیەش دەگاتە نزیکەی ٩،٧ ملیار یورۆ.

ئەو پرۆژەیە ئەگەر هەموو پێویستییەکانی ئەوروپا لە گاز دابین نەکات سوودی نابێت، رەنگە ئازربیجانیش لەو پرۆژەیە بەشداری بکات و ببێتە یەکێک لەو وڵاتانەی گازی خۆی بەو هێڵە رەوانە بکات، سەرەتا تەنیا هەشت ملیار مەتر شەشپاڵوو ساڵانە رەوانە دەکات، سەبارەت بە تورکمانستانیش بڕیارە دە ملیار مەتر شەشپاڵوو دابین بکات. ئاخۆ عیشق ئاباد ئیلتزام بەو رێککەوتنە دەکات؟

بەراستی مەبەستیەتی؟

لە بەرامبەر ئەوە چەی وەردەگرێت؟

چەند مانگێکە لە مەیدانی جیهانی گەمەیەکی پێشبڕکێ سەبارەت بەو هێڵانە قسە و دانوستاندنی گەرمە بۆ گەیاندنی ئەو هێڵە و تەواوکردنی بەمەرجێک سوود بۆ هەمووولایەک بداتەوە، هەمووش رۆڵیان هەیە و دەیانەوێ فاکتەری سەرەکی بن، لەوانە بردی محەمەدۆڤیش.

***

لە کۆنگرەیەکی لووتکەییی دەولی کە لە نێوان ئەو وڵاتانەی تورکی زمانن لە مانگی سێپتەمبەر ساز کردبوو، لەوێ محەمەدۆڤ، ئاماژەی بەوە دابوو کەوا تورکمانستان پاش گەورەکردن و فراوانکردنی کێڵگەکانی یولاتان و یاشلار، دەتوانن بە هەموو لوولەکانی ئەو هێڵە ئەوەندە گاز بەرهەم بهێنن بەشی چین و ئەوروپای رۆئاواش بکات، دیارە کەوا ئەو قسەیەش هەڵوێستە و رامانی لەلایەن پسپۆڕانەوە دەوێت.

دەوڵەتی تورکمانستان هەتا ئێستا هیچ بۆندی ئیمزا نەکردووە، پەیڤداری کۆمپانیای ئار، دەبلیو ئێ وتبووی:

چاوەڕوانین لە کۆتاییی ئەمساڵ بتوانین مەسەلەی گواستنەوەی گاز بەهێڵەکانی نابوکۆ روونتر بکەینەوە. بەڵام زۆر ئاسایییە و سەرسامیی ناوێت بۆ سەرۆکێکی وەک محەمەدۆڤ کێ زۆرترین بواری بداتێ، ئەو لەگەڵ ئەوان بۆند ئیمزا بکات، بەوەش نابوکۆ لە گازەکە بێبەش دەکات. بۆیەش لەبەر ئەو فاکتەرە و لەبەر چەندان هۆکاری تریش رەنگە ئەو پرۆژەیە هەرەس بهێنێ و سەرنەگرێ.

لەبەر ڕەوشی باوی ئەو سەردەمە ڕەنگە ئاسایی نەبێت کەوا ئێران لەو پڕۆژەیە بەشداری بکات، هێشتا وڵاتی ئازربیجانیش زۆر دڵنیایە دەتوانێت بەشداری بکات، چونکە زۆربەی کێڵگەکانی نزیک باکو لە دەریای قەزوین موڵکی ئێرانە.

## گەوهەری تاجی ئاسیای ناوەڕاست

دیارە کەوا ڕۆژئاواش هەستی کردووە کەوا کێشە و تەنگژەی لەو ناوچەیە زۆرە، یەکێک لەوانە لە فڕگەی ماناس لە بشکیکی پایەتەختی قرغیزستان دیارە، کەوا لەو دواییەدا ڤالا دیارە، چونکە ئەو باڵەفڕانەی ئەو فڕگەیە بەکار دەهێنن کەمن، ئەوانەی لێرەن و سەفەر دەکەن زۆربەیان بەرەو مۆسکۆ دەچن، یان جلی تایبەتییان لەبەرە و دیارە ئەرکی ڕەسمییان هەیە. دیارە ئەوانەش دەستەیەکن لە سەربازە ئەمریکییەکان ئەوانەی وەک باڵی پشتیوانی و هاوکاریی هێزی ئاسمانی ٣٧٦ ن. ئەوان خەریکن دوازدە باڵەفڕەی باری ڕەنگ خۆڵەمێشی بار دەکەن، ئەو باڵەفڕانەش تایبەتن بە هێزی ئاسمانیی ئەمەریکایی و لەسەر شۆستەکانی فڕگەکە چاوەڕوانن.

واشنتۆن فڕگەی ماناس لە پایەتەختی بشکیک وەک جەمسەرێکی سەرەکی بۆ گەیاندنی پێویستییەکانی بۆ سەربازەکانی لە ئەفغانستان بەکار دەهێنێت، زۆربەی باڵەفڕەکانی لەو فڕگەیە سووتەمەنی وەردەگرن، وەک سەرکردەی سەربازییان (دوایت سونز) ناوی لەو فڕگەیە ناوە گەوهەری تاجی ئاسیای ناوەڕاست. ساڵانە ئەمەریکا شەست ملیۆن دۆلار لە بری کرێی فڕگەکە دەداتە حکوومەتی قرغیزستانی.

بینیم دەستەیەک لە پیاوانی ڕووسی دووانیان ئەفسەری پلەدار بوون لە سوپای ڕووسی، لەگەڵ چەند کەسێکی تر ئەوانیش ڕووسی بوون، لەناو پەنجەرە شووشەییەکەوە سەیری هەڵسوکەوتی سەربازە ئەمەریکاییەکانی ناو فڕگەکەیان دەکرد، کە بە جلی سەربازییەوە خەریکی خواردنەوەی کۆنیاک بوون، کە لە یەکێک لە بازاڕە ئازادەکانی فڕگەکە کڕیبوویان، دیاربوو چاوەڕوانی باڵەفڕەکەیان دەکرد کە بەرەو دووشنبەی تاجیکستانیان دەچوون، ماوەیەکی باش بوو لەوێ بوو چەند سەعاتێک دەبوو، چاوەڕوان بوون. هەردوو دەوڵەت ڕووسەکان و ئەمەریکاییەکان هێزی سەربازییان لە قرغیزستان هەیە، بنکە سەربازییە ئەمەریکاییەکە لە بشکیکی پایەتەختە و ڕووسەکانیش لەوان نزیکن، هەروەها مۆسکۆ بنکەیەکی تری سەربازیی لە تاجیکستانیش هەیە کە قەوارەی سەربازەکانی دەگاتە شەش هەزار سەرباز، بۆ گەیشتن بەو سەربازگەیە دەبێ بە بشکیک گوزەر بکەیت.

کە ئەمەریکا بڕیاری دابوو ئەفغانستان بکاتەوە مەیدانی سەرەکیی شەڕەکانی بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر، چەندان سوپاسالار و پیاوانی هەواڵگری لە هێزە گەورەکانی گەیشتنە ئاسیای ناوەڕاست. وڵاتانی ڕۆژئاواش چاویان خستبووە سەر ڕێگەی باکور کە بەناو وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست گوزەر دەکات بۆ گەیاندنی پێداویستییەکانی سەربازەکانیان لە ئەفغانستان، چونکە دەروازەی پاکستان

بۆ گەیشتن بە بنکەکانیان ئارام و ئاسان نەبوو، هەندێ لە ولاَتانی تریش بیریان لەوە دەکردە ئەگەر پەیمانی باکوری ئەتلەسی هێزەکانیان بکێشنەوە و لە ئەفغانستان نەمێنن رەوشی ناوچەکە چارەنووسی دەگاتە کێندەرێ، بەوەش هەموو کارتە چالاکەکان تێکەڵ دەبنەوە، دیارە کەوا دەوڵەتی رووسیاش دەیەوێت ڕووبەری دەسەلاَتەکەی لە ئاسیای ناوەڕاست فراوان بکات، وەک تورکەکان و ئێرانییەکان و هیندییەکان و چینییەکانیش.

## خەلاَتەکەی تاجیک

لەبەرئەوەی ولاَتی تاجیکستان هاوسنووری ولاَتی ئەفغانستانە، بۆیە پاوەرە مەزنەکانی جیهان بە نیگای بایەخەوە سەیریان کردووە، ئەو ولاَتە گچکەیەی ئاسیای ناوەڕاست سەرژمێرییەکەی حەوت ملیۆن کەسە و بە زمانی فارسی قسە دەکەن، زۆربەیان سوننە مەزهەبن، لەو ولاَتەش لەلایەن سەرۆکێکی زۆردارەوە فەرمانڕەوایی دەکرێت، کە ناوی (ئایمومالی رەحمانۆڤ)ە و تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵە، زووتر رەحمانۆڤ لە کارگەیەک کرێکاری کارەبا بووە و پاشان لە ئەستوولێکی سۆڤیەتی لەناو زەریای ئارام کاری بەردەستی کردووە، پاشان ئەو دەبێتە بەڕێوەبەری کێڵگەیەکی هەرەوەزی کشتوکاڵی.

رەحمانۆڤ کە لەلایەن هێزە ئیسلامییە توندڕۆکان دژایەتی دەکرێت، ئەو لە گەمەی سیاسی لێزانە، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ رووسەکان هەڤاڵبەندی هەبووە، بەلاَم کە دەزانن ئاراستەیەکی تری لە سیاسەتدا هەبوو، لەو تووڕە دەبن. ئەو سەرۆکە کۆششکارە لەگەڵ ڕۆئاوا پێوەندییەکانی باش و گەرم بکات، دیارە ئەوەش پێوەندیی بە کێشەی داراییەوە هەیە.

لەناو فڕگەی دووشنبە یەکەیەکی سەربازیی فەرەنسایی بە قەوارەی دووسەد و چل سەرباز بوونیان هەیە، لەوێیەوە باڵەفڕەکانیان بەرەو کابولی پایەتەختی ئەفغانستان دەفڕن. ولاَتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ مەشقکردنی سەربازە تاجیکییەکان بنکەیەکی مەشقی بۆ کردوونەتەوە، دەخوازێت پردێکی نوێی گەیاندن بە ئەفغانستان لەسەر سنوورەکەیان بکاتەوە. ولاَتی هیندیش بەچاوی بایەخەوە هاتووەتە ناو خەتەکەوە، وا خەریکن کۆنە سەربازگەیەکی سۆڤیەتی لە ناوچەی ئاژەنی لە ڕۆئاوای دووشنبە ئاوا بکەنەوە. چاودێرەکان وا دەزانن کەوا نیودەلهی دەیەوێت بنکەیەکی سەربازی لەو دەڤەرەدا دامەزرێنێ، تا بە رووی کۆنە نەیارەکەی پاکستان ئامادەساز بێت. بەلاَم لە هەموو ولاَتانی تر کە دەستیان لەو ولاَتەدا بەرز و کاریگەرە چین و ئێرانە، ئەو دوو ولاَتە پاوەری بەهێزیان هەیە، کۆشش دەکەن پلانی دوورمەبەست بۆ ئەو ولاَتە دابڕێژن.

سەرۆکی ئێرانی مەحموود ئەحمەدی نەژاد زوو زوو سەردانی دووشنبە دەکات، چونکە ئێران لە هەموولایەکەوە گەمارۆی لەسەرە، بۆیە پەنا بۆ ئەو ولاَتە دەبات، دەیەوێ پێوەندییەکانیان گەرم و ستراتیجانە بێت و بە پەرۆشەوە لە دۆستی نوێ دەگەڕێت. ئێران نێچیری خۆی لە ئاسیای

ناوەڕاست ڕاو کردووە، ئەو خۆی کردووەتە پشتیوانیی زۆر لەو وڵاتانەی فارسی زمانن، لەوانەی کە فارسی دەپەیڤن، ئێران، تاجیکستان، باکوری ئەفغانستان کە زۆربەیان بە رەگەز تاجیکن. نەژادی سەرۆکی ئێرانی وا دەزانێت کەوا ئەوان لەگەڵ تاجیکییەکان یەک میللەتن لەناو دوو دەوڵەتدا، بۆیەش داوای لە سەرۆکی تاجیکی رەحمانۆڤ و سەرۆکی ئەفغانی حامید کەرەزایی کردبوو، کۆشش بکەن بەیەکەوە و ریزەکانتان یەک بخەن بۆ دژایەتیکردنی هێزەکانی پەیمانی ناتۆ لە کیشوەری ئاسیادا. دیارە نزیکبوونەوەکەی نەژاد و کەرەزایی هاوسۆزییەکی پەیدا کردبوو، چونکە سەرۆکی ئەفغانی بۆ دوارۆژی پاش کشانەوەی هێزەکانی ناتۆ چاو لە هەڤاڵبەندیی نوێ دەگێڕێت. دیارە کەوا کەرەزایی دەیەوێ وەک رەحمانۆڤ بکات کەوا رێژیمەکەی بەبێ پشتیوانیی رووسەکان و ئەمەریکاییەکان قایم و سەنگین بکات.

## رێگایەکی نوێی حەریر

لەودەمانە ئێرانییەکان و تاجیکییەکان پازدە پرۆژەی هاوبەشیان بەیەکەوە هەیە، ئێرانییەکان بۆ گەیاندن و ئاسانکردنی رێگەی حەریرەکە لە تارانەوە بۆ چین، تونێلێکیان لە رێگەی ئەنزوب دروست کردووە، بەیەکەوەش ئەو دوو وڵاتە کار دەکەن هێڵی ئاسنیی شەمەندەفەر و هێڵەکانی کارەبا و گەیاندنی ئاسمانی لەو ناوچەیە ببەستنەوە. دیارە لەبەر گرینگیی ناوچەکەش، چینیش چاوی لە ناوچەکەیە، بۆیە لەگەڵ تاجیکییەکان پرۆژە و سەرمایەگوزاریی زۆر گەورەیان بەیەکەوە هەیە، پەکین وا خەریکە باشترین و گەورەترین هاوپشتی بازرگانی لەگەڵ دووشنبە ساز بکات، وەک ئێرانییەکان دەیەوێ ئێستگەیەکی کەهروئاوی بکاتەوە. دیارە کەوا لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کەوا وڵاتی چینی میللی لەو گەمەیەدا دەبێتە لایەنی براوەی یەکەم لە ناوچەکەدا، پەکین ئیش لەسەر ورووژاندنی ناکۆکییە مەزهەبییەکان ناکات، وەک ئێرانییە شیعەکان ناکات، هەروەها چینییەکان گەمە و فێڵی سەربازی و سیاسییش ناکەن، ئەوەش بەپێچەوانەی بەرنامە و کارنامەی رووسەکانە، چینییەکان دوو مەبەستیان لەو پێوەندی و نزیکبونەوەیەدا هەیە، ئەویش بازرگانی و دەسکەوتی خامەکانە.

## بینینی چینییەکان بۆ ئاسیای ناوەڕاست

سەرۆکە زۆردارەکانی ناوچەکە دۆستایەتیی چینیان پێ خۆشترە، وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بڕوایان بەموجاهیدینە موسڵمانەکان نییە. چینییەکان توانییان کۆنترۆڵی ناوچەی شنگیانگ بکەن، ئەو ناوچەیەی کە زۆرینەی موسڵمانن و نیازی ئاژاوە و سەرهەڵدانیان هەبوو، بەڵام ئەوان و ئەوانەی لەسەر سنوورە دەوڵەتی تورکمانستانن، کە لەگەڵ دراوسێیەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاوکارییان هەیە، بەڵام چین ئەو مەسەلەیەی حەل کردووە، بۆیەش چین هاوکار بووە لە دامەزراندنی رێکخراوی شەنگهای هاوکاری، کە بەیەکەوە هەڤاڵبەندییەکیان ساز کردووە بۆ

پێکهێنانی دەستەیەکی زۆر بەهێز. ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای لە ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە، کە تێدا وڵاتی چین و رووسیا و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بێجگە لە تورکمانستان ئەوانیش وەک مێوان ئەندامن، هەروەها وڵاتانی وەک ئێران و مەنگۆلیا و هیند و پاکستانیش وەک چاودێر هاوکاری ئەو ڕێکخراوەن. یەکەتی وڵاتانی باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا و ئەفغانستانیش ئەو کۆنگرەیە بەبایەخەوە دەزانن و نوێنەریان لە کۆنگرەکانی ڕێکخراوەکە ئامادە دەبن.

ڕەنگە وڵاتی چین تاکە وڵاتە رامانی دروستی لەسەر وڵاتانی ئەو ناوچەیە هەبێت، ڕێگە حەریرە نوێیەکە کە برێتییە لە لوولەکانی گاز، ڕێگە خێراکان کە لە جەرگەی کیشوەرەکە هەتا کەنارەکانی چین دەڕوات، هێڵە ئاسنییەکانی کە تاشقەند بە پەکین و لەوێشەوە بە بەرلین و بە پاریس دەبەستێتەوە. ئەو پرۆژەیە بۆ گەشەسەندنی ناوچەکە وەک پرۆژەی The Last Frontier وایە، ئەوەی کۆمپانیای هێڵەکانی ئاسنی ئەمەریکایی Union Pacific Railroad جێبەجێیان کردبوو، بۆ کورتکردنەوەی نێوان ناوچەکانی ئەمەریکای باکور، بەڵام بێگومان ئەوەیان وەک بایەخ لە گەمەکە گەورەترە. هەموو گۆڕانەکان و بوونی بازاڕێکی گەرمی بازرگانی لەو ناوچەیە بەندە بە دواڕۆژی شەڕ و تەنگژەکانی ناو وڵاتی ئەفغانستان.

هەتا دەسەڵاتی تەواو لەناو ئەو وڵاتە نەچەسپێ و شەڕەکانی دژ بە تیرۆر تەواو نەبێت ناکرێ ڕەوشی ناوخۆی ئەو وڵاتانەش کۆنترۆڵ بکرێت. ناکرێ لەو ناوچەیە وڵاتێک ئاشووبەی تێدا بێت، ئەوانی تر وەک چاودێر سەیری بکەن و بەس، چونکە ئاڵۆزییەکانی یەک وڵات بەرنامەی گەشەسەندنی ئەوانی تر شێلوو دەکات، هێشتا شەڕ و ململانێیەکانی نێوان ئوزبەکستان و قرغیزستان لەسەر خاک و ئاو لە بەستی فرغانە دابەشکراو هەر ماوە. لەو ناوچەیەش ناکۆکییەکانی نێوان تاجیک و ئۆزبیک و قرغیز و کازاخیش هەیە. سەرۆکی کازاخستانی نوور سوڵتان نزاربایێڤ هەتا ئێمرۆش سەرۆکی بەهێزی ناوچەکەیە و ئەو دەخوازێ ناکۆکییەکان و ئاشووبەکانی ناوچەکە چارەسەر بکات. لە سەردانەکەی سەرۆکی رووسی دیمتری میدفیدیڤ لە مانگی سێپتەمبەر بۆ کازاخستان کۆششکار بوو پرۆژە مەزنەکەی سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەت نوێ بکەنەوە، ئەویش ناردنی رووبارەکانی سیبیریا بۆ ناو خاکی کازاخستان، بەوەش پاشکەوتی ئاوەکە تەواو دەبێت لە هەموو ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست، ڕەنگە ئەو پرۆژەیەش هاندەر و فاکتەر بێت بۆ یەکگرتنەوەی میللەتەکانی ناوچەکە و پەیداکردنی تروسکاییەک لە رووناکیی هیوا و ئارامی.

***

لەو بابەتە لە رۆژی ١٧ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٠ لە رۆژنامەی ئەلجەریدەی کوێتی وەرگیراوە، کە لە کۆواری دیر شپیگل بڵاو کراوەتەوە.

# پێشکەوتنی ئابووریی مالیزیا
# لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە بۆ وڵاتێکی پیشەسازی

ئەلێکسا بۆسێل مان

**کورتەیەک**

لە پەرینەوەی مالیزیا لە وڵاتێکی کشتوکاڵییەوە بۆ وڵاتێکی پیشەشازی، چەند بارێکی جیاواز ڕۆڵیان هەبووە. لە پێش هەموویانەوە، ئەم وڵاتە هەموو کاتێک خاوەنی کۆمەڵێک سامانی سروشتی دەوڵەمەند بووە. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کەشوهەوایەکی ئێجگار نایابە، کە باشترین یارمەتیدەرە، بۆ پێشکەوتنی بەروبوومی کشتوکاڵی. هەر بۆیە زۆر لە هێزە داگیرکەرەکان، چاوی تەماعیان لەم وڵاتە بووە، ویستوویانە بۆ خۆیانی داگیر بکەن. بەم شێوەیەش هێزی کۆلۆنیالیزم ئەم وڵاتەیان داگیر کرد. مالیزییەکان زۆر ئازاریان بەدەست داگیرکەری بێگانەوە کێشاوە. بەڵام پاشتر بەهۆی زیرەکی و توانای بەرزیان، کارکردنێکی جیدی و ئیرادەیەکی پتەوەوە، ئەم فاکتەرانە پێکەوە لەگەڵ بوونی سەرۆک وەزیرانێکی سەرکەوتووی وەکو مەهاتیر محەمەد (کە لە ساڵی ١٩٨١وە تا ٢٠٠٣ سەرۆک وەزیرانی مالیزیا بوو) کە هەتاوەکو ئەمڕۆش، بەهۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی مالیزیا دەژمێردرێ.

### سەربەخۆیبوون لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی ساڵی ١٩٥٧
### بەردەوامی کاریگەریی بەریتانیا هەتاوەکو ئەمڕۆش

لە ٣١ی ئۆگوستی ١٩٥٧دا یەکەتی مالیزیا (کە پێشتر بریتی بوو لە کۆمەڵێک فیدراسیۆنی جیاواز، بەڵام پاشتر لە ساڵی ١٩٦٥وە تەنیا ئەم سنوورەی ئەمڕۆی هەیە). {فیدڕاسیۆنی مالیزی بریتی بوو لە چوار وڵات. مالیزیا، سەنگافوور، ساراواک، سەباح. بەڵام پاشتر ئەم فیدراسیۆنە

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا



نەما و هەریەکەیان بوونە وڵاتی سەربەخۆ... وەرگێر لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی لەژێر پەردەی Com-monwealth کۆمنوێڵز سەرەبەخۆیی وەرگرت-“Commonwealth British Commonwealth of Na-tions” . ڕێکخراوێکە لە ساڵی ١٩٤٧ دامەزراوە، ئەو دەوڵەتانە دەگرێتە خۆی، کە پێشتر کۆلۆنیایای بەریتانیا بوون... وەرگێر).

هەر لە ساڵی ١٧٨٦وە بەریتانیا ناوچەی Penang داگیردەکات. لە پاش ئەوە بە شێنەیی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو ناوچەکانی سنووری مالیزیا دەسەپێنێ. سەرەتا بەریتانییەکان چاویان بڕییە بەرهەمهێنانی (مس). پاشان دەستیان کرد بە دروستکردنی کۆمەڵێک کێڵگەی دەستکرد، لەسەر شێوەی بەرازیلی بۆ ڕووەکی Kautschuk (ڕووەکێکە مادەی لاستیکی لێ دروست دەکرێ). پاش ئەوەی پیشەشازی ئۆتۆمۆبێل گەشەی سەند و پێداویستی بە لاستیک زۆر بوو، چونکە لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبێلدا بەکار دەهێنرا. ڕێژەی بەرهەمهێنانی لاستێک زۆر گەشەی سەند. هەر بۆیە پێویستی بە هێزی کاری بێگانە زۆر بوو، بۆ ئەوەی یارمەتی مالیزیاکان بدەن، لە کێڵگە و کارگەکاندا. بەم شێوەیەش کرێکارێکی زۆری چینی هێنران بۆ ئەوەی لە لەبەرهەمێنانی (مس) کار بکەن. هەروەها کرێکارێکی زۆری هیندی (بەتایبەت لە باشووری هیند، کە زۆربەیان سەر بەنەتەوەی تامیلن) هێنران تا لە کێڵگە دەستکردەکانی لاستیکدا Kautschuk کاریان پێ بکەن. ئەمڕۆ چینییەکان و تامیلییەکان، لەم وڵاتەدا دوو کەمەنەتەوەی گەورەن، دیارە ئەمانیش بەشدارییەکی گەورەیان لە بنیاتنانی پێشکەوتنی ئابووریی مالیزیا کردووە. بەریتانییەکان شێوازی کێڵگەی دروستکردنی لاستیکیان هێنایە مالیزیاوە، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش سوودی لێ وەردەگرن. ( Kautschuk و خورمای ڕۆنی). هەتاوەکو ئەمرۆش لە شێوەی کێڵگەی دەستکردا بەرهەم دەهێنرێ و بەیەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی مالیزیا دەژمێرێت، کە بۆ دەرەوەی وڵاتی دەنرێت. Kautschuk جۆەر دارێکە، کە مادەی لاستیکی تێدایە، بۆ بەرهەمهێنانی لاستیک بەکار دەهێنرێ. سەرەتا ئەم جۆرە دارە لە بەرازیل هەبوو، پاشان ئینگلیزەکان هێنایانە وڵاتی مالیزیاوە.

Palmoel خـورمـاى ڕۆنى، جـۆرە خـورمـايەكـە، كـە چەورى زۆرى تێـدايە، ئـەم ڕووەكـە لە ڕۆئاواى ئەفريقيـا هـەبوو، پاشـان ئينگليـزەكان هێنايان بۆ مـاليزيا. ئەم خورمـايە بۆ دروسـتكردنى ڕۆنى خواردن و دروستكردنى وزەى گەرما بەكار دێت. وەرگێر}

## سيستەمى خوێندن

هـەروەها سيستەمى خـوێندن و پەروەردەى ئەمڕۆشيان، هـەمان سيستەمى بەريتـانييە، كە بەيەكێك لە سيسـتەمە بەتوانا و باشـەكان دەژمێرێت. ڕێژەى خوێندەوارى لەم وڵاتەدا دەگاتە نزيكەى ٨٧٪، بەڵام ئامـانجى سـەرەكـييـان ئەوەيە، كـە ئەم ڕێژەيە بۆ ١٠٠٪ بەرز بكەنـەوە. لە بوارى خـوێندن و پەروەردەدا، مـاليزيا لەچاو دەوڵەتانى ترى ناوچەكە، زۆرترين بـودجەى بۆ ئەم بوارە داناوە. زمـانى ئينگليزيش، بە دووەمين زمانى فەرمى وڵات دەژمێردرێت.

## سيستەمى سياسى

لە ڕووى سـيسـتـەمى سـياسـييـەوە، مـافى هـەڵبژاردنى گشـتى پەيڕەو دەكـەن (واتە سـيسـتـەمى ديموكـراسى، كـە باوەڕى بە هـەڵـبـژاردن هـەيە... وەرگـێـڕ) . ئەمـەش يەكـێكە لە دەسـتكەوتەكـانى پاشـمـاوەى بەريتـانييـەكان. بەڵام ڕەخنەگرانـى سيـاسـى ، ڕەخنەى ئەوە دەگرن كە هـەمـوو كـاتێك پارتى UMNO مـەبەست پارتەكـەى سـەرۆك مـەهـاتيـر مـوحـەمـەدە بەبێ نەيارە (پـارتى ڕكـەبەر) فەرمانڕەواييى ئەم وڵاتە دەكات.

## كشتوكاڵ

تەنيـا لە ١٣٪ ى زەويى مـاليـزيا (كە نزيكەى ٣٣٠هەزار كم چوارگۆشـەيە) بۆ كشـتوكاڵ بـەكار دێ. كێڵگە دەسـتكردەكان ٣٥٪ ى زەويى كشتوكاڵييەكان داگير دەكەن. بەڵام لە هـەمـان كاتيشدا، ٤٠٪ ى بەرهـەمى كشـتوكاڵى پێكدەهێنن. بەرهـەمە كشـتوكاڵييەكانى ماليزيا زياتر لە چەند بەرهـەمێكى تايبـەتـى پێك هـاتوون، لـە هـەمـان كـاتـيـشـدا بەرهەمگەلێكن كـە لە بوارى بـەرهـەمى كـشـتـوكـاڵى ئابوورى بەكـار دێت. سێ يەكى ٣/١ ى هـەمـوو زەوييـە كـشـتـوكـاڵيـيـەكـانى مـاليـزيا بۆ چاندن و بەرهـەمـهـێنانى (Kautschuk , Palmoel داری خـورمـای ڕۆنی و داری لاستیكە). بەكار دێت. ئەمـڕۆ مـاليزيا يەكەمين دەوڵەتە لە ڕووى بەرهـەمهێنانى (لاستيك، خورماى ڕۆنى، بيبەرى توون). هـەروەها كۆمەڵێك بەرهـەمى تريش كە بۆ مەبەستى هـەنارده (Export) دەچێنرێن وەكو (كاكاو، ئەنەناس). لە هـەمـان كـاتيـشـدا لە بەرهـەمى مـيـوەهـاتيش، ڕێژەيەكى باشى هـەيە. لە بەرهـەمى جگەرە و چايشـدا ڕۆڵێكى بەرچـاويان هـەيە. سيـاسـەتى كشـتـوكـاڵى لە مـاليـزيا، لەسـەر دوو فـاكـتـەرى دواليـزم (دژ بەيەك) دارێژراوە. لەلايەكەوە بەشـێـوەيەكى ئێجگار گـەورە، (ژێرخـان)ى گـەورە بۆ دروسـتكردنى كـێلگە و كـۆمـپـانيـاى گـەورەى كـشـتـوكـاڵى دەبـينين، لەلايەكى تريشـەوە وەرزێرە بچـووكـەكـان و

کۆمپانیا خێزانییەکان دەبینین (مەبەستی لەو کۆمپانیا بچووکانەن، کە خاوەنەکانیان خێزانێکە، واتە کۆمپانیایەکی گەورە نییە، کە پشت بە بازاڕی بۆرسە و سەهم ببەستێ. بۆ نموونە بنەماڵەیەک خاوەنی کێڵگەی پەلەوەر، کارگەیەکی بچووکی شیرەمەنی، هتد... وەرگێڕ). کەرتی وەرزێرە بچووکەکان کە لەلایەن حکوومەتەوە پشتگیری دەکرێن، ئامانجی ئەوەیە، کە باری ئابووریی نەتەوەی مالایی باشتر بکا و پالانسێک لەگەڵ نەتەوەکانی تر دروست بکا. وەرزێرە بچووکەکان لەلایەن حکوومەتەوە قەرزیان پێ دەدرێ و هەروەها یارمەتیشیان دەدرێ، بۆ ئەوەی تەکنەلۆجیای مۆدێرن لە کشتوکاڵ بەکار بهێنن و سوودی لێ وەربگرن. ئەمڕۆ جووتیارانی مالیزیا لەناو دوو سەندیکای جووتیاری، خۆیان ئۆرگانیزە کردووە.

(جێگەی ئاماژەیە چینییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕووی ئابوورییەوە، بەشێکی زۆری داهاتی ئابووری ئەم وڵاتەیان لەژێر دەست بوو. کە ئەمەش یەکێک بوو لە پاشماوە خراپەکانی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی، چونکە پێشتر ئینگلیزەکان هەموو داوودەزگای حکوومی و کەرتی ئابووریی ئەم وڵاتەیان دابووە دەستی چین و هیندییەکان. مالایەکانیش کە خەڵکی ئەسڵی وڵاتەکە بوون، لە هەموو ڕوویەکەوە پشتگوێ خرابوون. ئەمەش بووبووە هۆی دروستبوونی گرژی و کێشە لە نێوان چینییەکان و مالاوییەکاندا. ئەم سیاسەتەی حکوومەتیش، زیاتر بۆ باشکردن و پێکەوەژیانی نەتەوەکانی مالیزیایە. بۆ ئەوەی پالانسێک لە نێوان نەتەوەکاندا هەبێ و هیچ نەتەوەیەک خۆی بەکەمتر و مافخوراو نەزانێت... وەرگێر)

بەشێکی زۆری کێڵگە دەستکردەکان، هەوڵ دەدەن کە لە ڕووی بەرهەمەوە بابەتی هەمەجۆر بچێنن، بۆ ئەوەی خۆیان لە ڕووی تاکە بەرهەمییەوە رزگار بکەن و بشتوانن لە بازاڕەکاندا شوێنی خۆیان دیاری بکەن. بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دواییدا، سەرمایەگوزارییەکی باش لە کەرتی دارچاندن و بەرهەمی دار و تەختە کراوە، لەهەمانکاتیشدا حکوومەت ناردنەدەرەوەی زیاتر لە ١٦ جۆری دار قەدەخە کراوە.

### Kautschuk داری لاستیکی سروشتی

چاندنی داری لاستیکی سروشتی لە مالیزیا مێژوویەکی دێرینی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەد ساڵ پێش ئێستا. بەرهەمهێنان و گەشەسەندنی داری لاستیکی سروشتی، بەشێوەیەکی بەربڵاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، ئەمەش پاش ئەوەی کە پیشەسازی ئۆتۆمۆبێل پەرەی سەند و ئەم لاستیکەش لە دروستکردنی تایەی ئۆتۆمۆبێلدا بەکار دەهات. بەڵام ئەمڕۆ ئەم لاستیکە بۆ شتێکی تر بەکار دێت (بەتایبەت دوای دۆزینەوەی نەوت و گەشەسەندنی پیشەشازی پیترۆکیمیایی، ڕۆڵی ئەم لاستیکە کەم بوویەوە بەتایبەت

لە دروستکردنی ئۆتۆمۆبێلدا... وەرگێر)، بۆ نموونە لە دروستکردنی دەستکێشی لاستیکی و کۆندۆم بەکاری دەهێنن. هەرچەندە ئەمڕۆ ئەم بەرهەمە کێشەی گەورەی هەیە، چونکە نرخەکەی لە بازاڕەکانی جیهاندا کەم بووەتەوە، لەبەرئەوە حکوومەت چەند سیاسەتێکی بۆ پارێزگاریکردنی ئەم بەرهەمەی دارِش توە، کە لەخزمەتی وەرزێرە بچووکەکاندایە.

## خورمای ڕۆنی Palmoil



داری خورمای ڕۆنی، کە ڕۆنی خورمای لێ بەرهەم دەهێنرێ، لە ڕووی ئابوورییەوە لە داری لاستیکی سروشتی بەهێزترە. هەروەک چۆن داری لاستیکی سروشتی (کە لە بەرازیلەوە هێنرایە مالیزیا)، دارخورمای ڕۆنیش پێشتر لە مالیزیا نەبوو، بگرە ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا. (جێگەی ئاماژەیە هەردوو دارەکە، خورمای ڕۆنی و لاستیکی سروشتی، ئینگلیزەکان هێنایان بۆ مالیزیا... وەرگێر). لە ساڵی ١٩٢٠وە لە مالیزیا لەشێوەی بەروبوومی کشتوکاڵی دەچێنرێ. بەڵام تەنیا لە ساڵی ١٩٦٠وە مالیزییەکان ڕۆڵی گرینگی ئەم دارەیان لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ دەرکەوت و گەشەیان پێ دا. ئەمڕۆ مالیزیا پێشەنگی بەرهەمهێنانی ئەم خورمایەیە لە دنیادا.




ئەم ڕۆنەی کە لەم خورمایە دەردەهێنرێ، وەکو ڕۆنی ئاسایی " بۆ خواردن " بەکار دێت ، کە پاش ئەوەی لە کارگەی تایبەتییدا دروست دەکرێ. بەڵام ئەم ڕۆنە زیاتر لە پیشەشازی کۆسمۆتیک (جوانکاری) و پاککردنەوە و کیمیاگەریدا بەکار دێت. هەروەها وزەی سروشتیشی لێ دروست دەکرێ.

## سەرۆک وەزیران مەهاتیر بن محەمەد و " دیدگای ٢٠٢٠"

### سیاسەتی ئابووری مالیزیا هەتا ساڵی ١٩٨١



لە پاش رزگاربوونی مالیزیا لەژێر دەستی کۆلۆنیای بەریتانی ساڵی ١٩٥٧، هەوڵ درا بەردی بناخەیەکی سیاسی دابڕێژرێت، کە دەسەڵاتی سیاسەت و ئابووری مالیزیا لە یەکتری جودا بکرێتەوە و بەسەر نەتەوە جیاوازەکاندا بەیەکسانی دابەش بکرێ، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پێکەوە بەشداری لە ڕێگەی پێشکەوتنی وڵات بکەن. ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەی شەڕ و کێشەی نێوان نەتەوەکان کەم بکاتەوە

و نەیهێڵێت. بەو شێوەیەی کە دابەش کرابوو، نەتەوەی "مالایی" دەسەڵاتی (سیاسی و حکومییان) گرتە دەست و ئاینی ئیسلام بوو بەئاینی دەوڵەتی مالیزیا. چینییەکانیش کە لە "٣٠٪" دانیشتوان پێک دەهێنن، کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری ئابووری و داهاتی مالیزیایان کردبوو. بەڵام ساڵی ١٩٦٩، شەڕێکی خوێناوی و ناوخۆیی لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیە بەرپا بوو و خەڵکێکی زۆریش بوونە قوربانی.

ساڵی ١٩٧٠ حکومەت پرۆژەی " سیاسەتی نوێی ئابووری، کە بەNEP New Economic Policy ناسراوە" دارشت. کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بەردەوام بێ. ئامانجی ئەم سیاسەتەش ئەوە بوو، کە گەلی مالایی، مافی زیاتر وەربگرێ و رۆڵی زیاتر لە کۆمەڵگەدا هەبێ. دیارە لەو کاتەدا ٣/١ مالاییەکان لە ژێر هێڵی هەژاریدا بوون و زۆربەی هەژارانی ئەم وڵاتەیان پێک دەهێنا. پاش بیست ساڵ ئەم سیاسەتە توانی چەند سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێ، بەڵام نەیتوانی هەموو ئامانج و چاوەڕوانییەکان لەم سیاسەتە بەدەست بهێنێ. بەڵام توانی رێژەی هەژاری کەم بکاتەوە و بەشێکی زۆری نەتەوەی مالاییش بەشدارییەکی باشی ژیانی ئابووریی ئەو وڵاتە بکەن.

## سەردەمی مەهاتیر بن محەمەد

لە ١٩٨١/٧/١٦وە دوکتۆر مەهاتیر بن محەمەد بوو بەسەرۆک وەزیران، پاش ئەوەش  چوار جاری تر بۆ سەرۆک وەزیران هەڵبژێردرایەوە. (ساڵی ١٩٨٦، ١٩٩٠، ١٩٩٤، دوایەمین جاریش ساڵی ١٩٩٩ هەڵبژێردرا).

ئەو لەسەر هەمان سیاسەتی پێشووی ( NEP New Economic Policy) بەردەوام بوو، کە پاشتر مالاییەکان توانییان بەشداری لە داهات و ژیانی ئابووریی مالیزی بکەن. لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠وە، رێگە بەکەرتی تایبەتی درا، کە لەگەڵ کەرتی گشتی (حکومیدا) بەشداری ژیانی ئابووری وڵات بکا. لە راستیشدا زۆر بە هێزەوە پێگەی خۆی سەپاند. ئەم سیاسەتە هاوشان بوو لەگەڵ، پرۆسێسێکی لیبرالانەی سیاسەتی سەرمایەگوزاری، کە ئامانجی هێنان و نیشتەجێکردنی پیشەسازی بوو، بۆ ئەوەی هەناردەی (Export)ی مالیزی زیاد بکا. ئەمەش وای کرد، کە هەناردەی مالیزی پێشکەوتنێکی باش بەخۆیەوە ببینێت. جاران تەنیا کەرەستەی خاو هەناردەی مالیزی بوو، بۆ نموونە وەکو (نەوت، خورمای رۆنی، لاستیکی سروشتی، دار و تەختە، مس). بەڵام پاشتر توانییان شمەکی تر بنێرنە دەرەوە، بۆ نموونە وەکو (شمەکی ئەلکترۆنی، پیترۆکیمیاوی، جلوبەرگ، شمەکی ئاسنین " وەکو ئۆتۆمۆبێل، پاس، ماکینەی بچووک ").

لە ساڵی ١٩٩١یشەوە سیاسەتێکی نوێی تر دارێژرا کە ناوی "New Development Policy (NDP), بوو. ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتەش، گەشەپێدان و پێشکەوتنی باری خوێندەواری و پێگەیاندن و پەروەردەی مالاوییەکان بوو. "New Development Policy" (NDP), بەشێک بوو لە پلانێکی درێژخایەنی حکومەتی مەهاتیر بن موحەمەد، کە بە سیاسەتی "Perspektive 2000".

ناسـراوە. ئەم پلانەش ئامـانجـێکی گـەورەی لە دواوەیە کـە ئەویش : سـاڵانە گـەشـەی ئابووری بەرێژەی ٧٪ بەردەوام بێ، کەمکردنـەوەی بێکاری و هەژاری. کاتێک سـەرۆک وەزیران مـەهاتیـر بن مـحـەمـەد، ئاورێک بۆ سـاڵانی پێشـووتر بداتەوە، دەتوانـێ ئاسـوودە بێ. ئەمڕۆ ئابووری مـالیـزیا لە باشـترین قۆناخی گەشـەسـەندن و پێشکەوتنیدایە، کە لەگەڵ خۆیدا توانی پیشەشـازی وڵات پێش بخـات و لە ئەنجامیشـدا خۆشگوزەرانـی لەگەڵ خـۆی بهێنێت. هێنـان و نیشـتەجێبـوونی کۆمـپانیـا بیـانییەکان بۆ ناو وڵات، توانی هـەنگاوێکی خێراتر لە پرۆسـەی پێشکەوتنی ئەم وڵاتە پێشکێش بکا.

## پلانی Vision 2020

تا سـاڵی ٢٠٢٠ بـەپێی پلانی (Vision 2020) دەبێ مـالیـزیا، لـە وڵاتێکی تازەپێگەیشـتـووەوە بەرەو وڵاتێکی پیشـەشـازی بگەیەنێ. مالیزیا دەبێ ببێتـە وڵاتێکی (مۆدێرن، پیشـەشـازی جیاواز، خاوەنی بەرزترین و پێشکەوتووترین تەکنـەلۆجیـا و بەهێـزترین ولاتـی هـەنارده (Exportland)ی باشـووری رۆژهـەڵاتی ئاسـیـای لێ بێ). کـە بتـوانێ لـە ناوچەی (ئاسـیـا و پاسـیـفیـک)، لـەگـەڵ ژاپۆن ببـێـتـە دەسەڵاتێک و داینەمۆی ئەم ناوچەیە.

حکوومەتی مەهاتیر بن مـحەمەد، بەبێ ئۆپۆزسیۆن فەرمانڕەوایی دەکات: ئەو لەناو خەڵکیدا زۆر ناودار و خۆشـەویستە، ئەویش بەهۆی پێشکەوتنە گـەورەکان لە بواری ئابووریدا. بەڵام لە هـەمـان کـاتیـشــدا خــەڵکانێکیش هـەن کـە لە زۆربووندان، سـیــاســەتی ئۆتۆکـراتی و کـەسـایـەتی و قوتابخەنەکەی ئەو، ڕەت دەکەنەوە (ڕازی نابن). هـەموو کاتێک بەڕاشکاوانە مەهاتییر بن محەمەد، لە بـەرامـبـەر وڵاتانی رۆئاوا ڕەخنە دەگـرێ، بە چەوسـاندنەوە و تاڵانکردنی وڵاتانی جـیــهـانی سـێـیـەمـیـان تاوانبـار دەکات، بەتایبـەت لەبارەی پیسـبـوونی ژینگەوە، زۆر بە توندی تاوانبـاریان دەکات. سـاڵی ٢٠٠٢ یادی هەشـتـا سـاڵەی لەدایکبـوونی کـردەوە و سـاڵی ٢٠٠٣ش بە یەکـجـاری وازی لە سـەرۆک وەزیری هێنا و خـۆی خانەنشین کرد. (ڕاستە لەو کاتەوە وازی لە سـەرۆک وەزیری هانی، بەڵام لە بوارەکانی تردا زۆر ئەکتیڤە. جێگەی ئاماژەیە مـەهاتیـر بن مـحەمـەد زۆر ڕەخنەی لەسیاسەتی ئەمـەریکا گرت بەتایبـەت لە سـەردەمی بوشـدا کاتێک عێراقی داگیر کرد. بەداخـەوە مـەهاتیـر بن مـحـەمـەد، لە ڕقـی ئەمـەریکا، زۆر پشـتگیـری ڕێژیمی سـەدامی کـرد، بـەتایبـەت کـاتێک سـەدام گیرا، یەکێک بوو لـەو لیژنەیەی، کە بۆ داکۆکیکردن لە سـەدام دانرابـوو. لە هـەمان کاتیـشدا زۆر سـۆزی بۆ فـەڵەستینییەکان دەجوولێ، زۆر دژی جوولـەکە و ئیسـرائیلیشـە. بەڵام بەداخەوە ئەم کابرایە زۆر دۆستی گەلی کورد نییە، بگرە زۆرجاریش دژیشمان بووە... وەرگێڕ)

## بازرگانی دەرەوەی مالیزیا

## گرینگترین بەرهەم و شەریکی بازرگانی

بازرگانی دەرەکی مالیزیا، ڕۆڵی گرینگی لە بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی مالیزیا دەگێڕێ. ئەم حاڵەتەش وای کردووە، کە مالیزیا ببێتە نەتەوەیەکی بازرگانیی سەربەخۆی دنیا. لە بەرامبەردا هەموو کاتێک سەرکردەکانی ئەم وڵاتە، دژی پرسی گلۆبالیزم، ئازادکردنی بازاڕەکانن، بەتایبەت بازاڕی دارایی (بۆرسە و بانک). ئەگەر سەیری بیست ساڵی پێشتر بکەین، دەبینین ئەم وڵاتە بەشێوەیەکی ئێجگار فراوان، لە گەشەسەندن و پێشکەوتنێکی ئابووریدایە. لە ساڵی ١٩٧٠ مالیزیا، وڵاتێکی کشتوکاڵی و هەناردەی کەرەستەی خاو بوو، بەڵام ئەمڕۆ بەیەکێک لە بیست وڵاتە گەورەکەی دنیا دەژمێردرێ، کە لە بازرگانی دنیادا پێگەی خۆیان هەیە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ تا ١٩٩٧، داهاتی تاکەکەسی، زیاتر لە دوو ئەوەندە زیادی کردووە. لە ساڵی ١٩٧٠وە، ئابووریی ئەم وڵاتە لە گەشەسەندنێکی بەردەوامی باشدایە. ئەمڕۆ مالیزیا لە پێشەنگی ئەو وڵاتانە دەژمێردرێ، کە زۆرترین هەناردەی شمەکیان هەیە.

دیارە ئەمەش لە ڕێگەی هاتنی سەرمایەگوزاری بیانییەوە رووی دا. مالیزیا بوو بە شوێنی بەرهەمهێنانی کۆمپانیا گەورەکانی ژاپۆنی و ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە لە بواری پیشەسازی ئەلکترۆنیدا کاریان دەکرد. لەوێوە بەرهەمەکانی خۆیان بەرهەم دەهێنا و دەیاننارده بازاڕەکانی دنیادا. جگە لەمەش پێشکەوتن وگەشەسەندنی پیشەسازی پیترۆکیمیاوی ناوخۆیی، ڕۆڵێکی باشی هەبوو لەم پێشکەوتنە ئابوورییەی ئەم وڵاتە. ئەمڕۆ مالیزیا، پێداویستی خۆی لە نەوت و گاز بەرهەم دەهێنێ و بەشێکیشی دەنێرێتە دەرەوە. باشترین و گەورەترین شەریکی بازرگانی مالیزیا بریتین لە وڵاتانی: ژاپۆن، سەنگافوور، ئەمەریکا.

ئەمڕۆ گرینگترین شمەکی مالیزی کە دەینێرێتە دەرەوە بریتییە لە: (نەوت، بەرهەم و شمەکی ئەلەکترۆنی، دار و تەختە، لاستیکی سروشتی، خورمای ڕۆنی، مس، گاز).

مالیزیا دەیەوێت لە دوارۆژدا واز لە ئابووریی پیشەسازی بهێنێ و خۆی بۆ ئابووریی خزمەتگوزاری تەرخان بکا، بەتایبەت بۆ بواری Multimedia، IT.

ئەوەی کە پێویستە ئاگەداری بین، ئەمڕۆ مالیزیا بەشێکی زۆری خواردنی لە دەرەوەی دەهێنێ، بەتایبەت برنج. هۆکاری ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بەشێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی دانراوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە بۆ دەرەوەی دەنێرن و قازانجی زۆرە. بە بڕوای من ئەمەش بەیەکێک لە کێشەکانی ئابووریی مالیزی دەژمێردرێت.

## مالیزیا و ئەندامبوونی لە ڕێکخراوە ئابووری و سیاسییەکانی دنیادا

ئەمڕۆ مالیزیا بەحوکمی بەهێزبوونی ئابوورییەکەی، وای کردووە پێگەی لە دنیادا باش بێ. هەر

بۆیە ئەندامی کۆمەڵێکی زۆری ڕێکخراوی ئابووری و سیاسی دنیایە. لێرەدا بەکورتی ناوی هەندێکیان دەنووسین.

APEC, ADB, ASEAN, C, CCC, CP, ESCAP, FAO, G-15, G-77, GATT, IAEA, IBRD, ICAO, ICFTU, ICRM, IDA, IDB, IFAD, IFC, IFRCS, ILO, IMF, IMO, INMARSAT, INTELSAT, INTERPOL, IOC, ISO, ITU, MINURSO, NAM, OIC, UN, UNAVEM II, UNCTAD, UNESCO, UNIDO, UNIKOM, UNOMIL, UNOMOZ, UNOSOM, UNPROFOR, UPU, WCL, WFTU, WHO, WIPO, WMO, WTO.

(ئەمە ناوی کورتکراوەی ئەو ڕێکخراوانەیە، کە مالیزیا ئەندامە تێیدا. نووسەر لێرەدا نەیویستووە ناوی تەواوی ئەو ڕێکخراوانە بنووسێتەوە، چونکە شوێن و کاتی زۆری دەوێ. بەڵام هەندێک لەو ناوە کوروتکراوانە، لای خوێنەر ئاشکراو دیارن... وەرگێڕ)

بەڵام گرینگترین ڕێکخراوی ئابووری و سیاسی کە مالیزیا تێیدا ئەندامە، ڕێکخراوی ئاپێک APEC (Asia-Pacific Economic Cooperation) ڕێکخراوی ئاسیا و پاسیفیک بۆ هاوکاری و ئابووری. ئەم ڕێکخراوە لە دەوڵەتانی باشوور ڕۆهەڵاتی ئاسیا و ئۆستralیا، ژاپۆن، ئەمەریکا و کەنەدا و چین پێک دێت... وەرگێر).

هەروەها ڕێکخراوی ئاسیان ASEAN (Association of Southeast Asian Nations.) ڕێکخراوی گەلانی باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیای). ئەم دوو ڕێکخراوە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، لە دنیادا ڕۆڵی گرینگیان هەیە.

## سیاسەتی ئابووری و چەند خاڵێکی گرینگی مێژوویی لە مالیزیا

بۆ ئەوەی بەباشی لە پەڕینەوەی قۆناخی کشتوکاڵی بۆ قۆناخی پیشەشازی مالیزی ئاگەدار بین، پێویستە چەند خاڵێکی گرینگی ئابووری و سیاسی باس بکەم، کە ڕۆڵیان لە گەشەسەندنی ئەم وڵاتەدا گێڕاوە.

| ساڵ | ڕووداو |
|---|---|
| ١٧٨٦ | ئینگلیزەکان ناوچەی پێنگان داگیر دەکەن. |
| ١٨٢٤ | ئینگلیزەکان ناوچەی مالاکا لە هۆڵەندییەکان دەستێنن. |
| ١٨٢٦ | پێنگان، مالاکا، سەنگافوور، ناوی "Straits Settlements یان لێ دەنرێت و دەچنە چاودێری بەریتانیاوە. |
| ١٨٦٧ | " Straits Settlements دەکرێنە کۆلۆنیای بەریتانی. |
| ١٨٩٥ | لەژێر چاودێریی بەریتانیا، هەرچوار سووڵتان -Negri Sembilan, Pahang Per, ak,Selangor فیدراسیۆنی وڵاتانی مالای "Federated Malay States دروست |

دەکەن. شاری کوالالەمپوریش دەکرێتە بنکەی سەرۆکایەتی ئەم فیدراسیۆنە.

| | |
|---|---|
| ١٩٤١ - ١٩٤٢ | ژاپۆن مالای و سەنگافوور داگیر دەکات. |
| ١٩٤٥ | بەریتانیا جارێکی تر مالای داگیر دەکاتەوە و ناوی "Malayan Union"ی لێ دەنێت. |
| ١٩٥٧ | سەربەخۆییبوونی مالیزیا بەسەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیران تونکو عەبدوڕەحمان. کە لە ١٩٧٥/٨/٣١ ناوی (باوکی مالیزیا)ی لێ نرا. |
| ١٩٦٣ | فیدراسیۆنی مالیزیا دروست کرا، کە برێتی بوو لە (سەنگافوور، مالایا، ساراواک، سەباح) |
| ١٩٦٥ | سەنگافوور لە فیدراسیۆنەکە دێتە دەرەوە و ئیعلانی سەربەخۆییبوونی خۆی دەکات و دەبێتە کۆمارێکی سەربەخۆ.. |
| ١٩٦٦ | یەکەمین پلانی پێنج ساڵە دادەنرێ. |
| ١٩٦٧ | مالیزیا بەشداری دروستکردنی ڕێکخراوی ASEAN (Association of Asian Nations Southeast. (ڕێکخراوی گەلانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای) دەکات. |
| ١٩٦٩ | شەڕێکی خوێناوی لە نێوان مالاییەکان و چینییەکان دەست پێ دەکات ١٩٦٩/٥/١٣ |
| ١٩٧١ | دەست دەکرێ بە داڕشتنی پلانی "New Economic Policy" NEP (سیاسەتی ئابووریی نوێ) هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا، لە مالیزیا دەکشێنەوە. |
| ١٩٨١ | دوکتۆر مەهاتیر بن محەمەد دەبێتە چوارەمین سەرۆک وەزیرانی مالیزیا. |
| ١٩٩١ | واز لە پلانی (NEP)"New Economic Policy" دەهێنرێت و دەست دەکرێت بە داڕشتنی پلانێکی نوێ بەناوی "National Development Policy Vision 2020". |
| ١٩٩٩ | لە هەڵبژاردنی نوێدا پارتەکەی مەهاتیر بن محەمەد UMNO بەشێکی زۆری دەنگەکان. دەدۆڕێنێت،ب هتایبەت لەناو مالاییەکاندا (بەڵام هەر بە سەرۆک وەزیری دەمێنێتەوە... وەرگێڕ) |
| ٢٠٠٢ | مەهاتیر بن محەمەد ڕای دەگەیەنێ، کە بۆ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣، بەیەکجاری واز لە سەرۆک وەزیری دەهێنێ. |

سەرچاوە:

Alexa I. Bosselmann, Wirtschaftliche Entwicklung Malaysias - vom Agrarstaat zum Industriestaat./www.holzwirtschaft.org

# فاکتەرە ئابوورییەکانی فووتبۆڵ "تۆپی پێ"

پێنس ڤیتە

فووت بۆڵ (تۆپی پێ) یاریی ملیاران کەسە لە جیهاندا، بەتایبەت کاتێک کە جامی جیهانی دەست پێ دەکات. لەم پێنجشەمووەدا ڕێکخراوی فیفا (یەکەتیی تۆپی پێی جیهان)، بڕیار دەدات، کێ میوانداریی جامی جیهانی بۆ ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٢ دەکات. (جێگەی ئاماژەیە، فیفا بڕیاری دا کە بۆ ساڵی ٢٠١٨ لە ڕووسیا و بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە وڵاتی قەتەر دێتە ئەنجامدان. وەرگێڕ) دەوڵەتی میوانداریش دەتوانن هیوای ئەوە بخوازن کە لە ڕووی ئابوورییەوە قازانجی باشیان دەست بکەوێت. بەڵام چ کۆمپانیایەک دەبنە سوودمەندی جامی جیهانی؟.

یەکەتی تۆپی پێی جیهان باش دەزانێت چۆن خۆی دەرباز بکات، هەرچەندە ئەو کۆمەڵە سکانداڵەی کە لەم ماوەیەدا ئاشکرا بوو، بەڵام باش دەزانێت بەرهەمەکەی خۆی (جامی جیهانی) بفرۆشێت. ئەگەر کاتێک فیفا ڕۆژی پێنجشەمم، ئەنجامی کۆتای دیاریکردنی جامی جیهانی ٢٠١٨ و ٢٠٢٢ ئاشکرا بکات، زیاتر لە ٧٠ کەناڵی جیهانی بەشێوەی زیندی (live) ئامادە دەبن و وەشانی دەکەن. زیاتر لە ١٠٠٠ ڕۆژنامەنووسی جیهان لە شاری زیورخ (کە بنکەی سەرەکیی ڕێکخراوی یەکەتیی تۆپی پێی جیهانی لێیە. وەرگێڕ) ئامادە دەبن.

ماوەیەکی زۆرە کە فووت بۆڵ (تۆپی پێ) بووەتە یاریی ملیاران کەس. جامی جیهانی کە هەر چوار ساڵ جارێک دەکرێت، بووەتە ڕووداوێکی مەزن. بۆ ساڵی ٢٠١٨ وڵاتانی (ئینگلاند، ڕووسیا، هەردوو دەوڵەتی ئیسپانیا و پورتوگال، هۆڵەندا و بەلجیکا) خۆیان بۆ میوانداریکردنی ئەم پێشبڕکێیە پاڵاوتووە. کاندیدەکانی ساڵی ٢٠٢٢یش بریتین لە وڵاتانی (ئوستراليا، ژاپۆن، قەتەر، کۆریای باشوور، ئەمەریکا). ئەوان (مەبەستی ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان بۆ ئەم جامە پاڵاوتووە.

---

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

وەرگێڕ) هەموویان خۆیان لەناو تەلارێکی گرانبەهای ٢٤٠ ملیۆن فرانکی شاری زیورخ، کە پێی دەڵێن (Home of Fifa، ماڵی فیفا) پێشکێش دەکەن. ئەم تەلارە کە لەسەر چیای زیورخ دەڕوانێتە سەر دەریاچەی زیورخ. هەموویان هیوادارن کە ئەم جامەیان بۆ دەربچێت.

لە سەعات ١٦(سەعات چواری پاش نیوەڕۆ)، سەرۆکی فیفا (Joseph S. Blatter، جۆزێف بلاتە) لەناو ئاپۆڕەیەکی گەورەی کامێراکان لە شاری زیورخ خۆی پێشان دەدات. کابرای سویسرایی (مەبەستی جۆزێف بلاتەری سەرۆکی فیفایە. وەرگێڕ) دوو کارتی براوەی بەدەستەوە دەبێت، پاشان دەیانکاتەوە و دەڵێت (And the winner is,, ، براوەش برێتییە لە)، پاشان خەندەیەکی گەورە لەسەر لێوەکانی دەبینین.




جۆزێف بلاتەر باش دەزانێت: بەلای ئەوەوە هیچ گرینگ نییە چ دەوڵەتێک میوانداریيەکە دەباتەوە، چونکە گەورەترین براوە دیاری کراوە، کە ئەویش فیفا خۆیەتی. ڕێکخراوی تۆپی پێی جیهانی (فیفا) لە ٩٠٪ی خەرجی خۆی لە ڕێگەی فرۆشتنی جامی جیهانییەوە دەست دەکەوێت. بۆ جامی جیهانیی ساڵی ٢٠١٠ کە لە باشووری ئەفریقیا ساز کرا، ١,٦ ملیار یورۆی لە تیڤییەکانەوە دەست کەوت. (بۆ وەشانکردن یارییەکانی جامی جیهانی، کەناڵە تیڤییەکانی جیهان، دەبێت پارە بدەنە فیفا، تا مافی وەشانکردنی ئەو یارییانەیان هەبێت. وەرگێر). هەروەها پارەیەکی زۆریش لەو کۆمپانیایانە دەست دەکەوێت، بۆ ئەوەی مافی سپۆنسەر و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان پێ بدرێت. کۆی گشتیی ئەو داهاتەی کە فیفا دەستی دەکەوێت، دەگاتە ٢,٦ ملیارد یۆرۆ. ئەمەش بازرگانییەکی زۆر باشە.

بەڵام کێی تر قازانجی ئابووری لە جامی جیهانیی تۆپی پێ دەکات؟ ئەو دەوڵەتانەی کە میوانداریيەکە دەبەنەوە؟ چ جۆرە کۆمپانیایەکن ئەوانەی قازانج لەم یارییە دەکەن؟

خۆشحاڵی بۆ جامی جیهانیی تۆپی پێی ٢٠٠٦ لە ئەڵمانیا زۆر گەورە بوو. بەشێکی زۆری سیاستوانەکان و پسپۆڕانی بواری ئابووری، دەیانگوت کە : جامی جیهانیی فووتباڵ، هێز و تینی گەورە دەداتە ئابووریی ئەڵمانیا . بەڵام ئەنجامەکانی پاش ساڵێکی تر بەتەواوی دەرکەوتن. بۆ نموونە ئەنستیتووی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری (DIW) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا، ئاشکرای کرد کە " لە ئەنجامی جامی جیهانیی تۆپی پێ کە لە ئەڵمانیا ساڵی ٢٠٠٦ ساز کرا، یەکسەر هیچ هێزێکی گەورەی نەداوەتە ئابووری ئەڵمانیا ". (مەبەستی ئەوەیە، کە یەکسەر کاریگەری بەهێزی نەکردووەتە سەر ئابووریی ئەڵمانیا. وەرگێڕ).

# زۆربوونی ژمارەی توریستی "گەشتیارانی" بێگانە

کەرتی توریست (گەشتیاری) زۆرترین قازانجی لەم ڕووداوە دەست دەکەوێت. (مەبەست لە کەرتی گەشتیاری، هۆتێل، مۆتێل، پێنسیۆن، چێشتخانە، هۆکانی گواستنەوە " ئۆتۆمۆبێل، شەمەندەفەر، میترۆ، پاس"، گازینۆ و شوێنەکانی کات بەسەربردن. وەرگێڕ). ئەنستیتووی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری (DIW) گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە : لە کاتی یارییەکانی جامی جیهانیی تۆپی پێی ۲۰۰٦، کە لەمانگەکانی شەش و حەوتدا کران، لەو دوو مانگەدا زیاتر لە ١,٦ ملیۆن بێگانە لە هۆتێلەکانی ئەڵمانیا شەو ماونەتەوە. دیارە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەو حاڵەتانەی باس نەکردووە، کە زۆرجار کەسێک پەشیمان دەبێتەوە. (بۆ نموونە کاتێک کەسێک هۆتێلێک حیجز دەکات، بەڵام پاشتر وازی لێ دەهێنێت " ئیلغای دەکاتەوە". وەرگێڕ) بەڵام پرسیار لەسەر ئەوەیە، ئاخۆ چەندە گەشتیاری بێگانە دەمێننەوە، کاتێک ڕووداوە گەورەکە نامێنێت؟ (مەبەست یارەکانی جامی جیهانییە. وەرگێڕ)



ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە چەندە زەحمەتە ئەنجامگیرییەکی باشمان لەبارەی کاریگەری جامی جیهانیی تۆپی پێ لەسەر باری ئابووریی نیشتمانی دەست بکەوێت. بەدڵنیاییوە کەرتەکانی ئابووری، لە کاتی جامی جیهانی تۆپی پێوە، قازانجیان کردووە. بۆ نموونە کەرتەکانی بواری بیناسازی، قازانجی باشیان لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ستادیۆمەکان (گۆڕەپانی یاریکردن) و دروستکردنی ڕیگەوبانەکان دەست کەوت. یارییەکانی جامی جیهانی، نەیتوانی کاریگەرییەکی گەورە بکاتە سەر گەشەی ئابووریی ئەڵمانیا، بەپێی لێکۆڵینەوەی ئەنستیتووی ئەڵمانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئابووری (DIW) سالانی پێش یارییەکان جامی جیهانیی تۆپی پێ، سەرمایەگوزارییەکی ئێجگار گەورە نەهاتە ئەڵمانیاوە.

بەڵام لە وڵاتە بچووکەکاندا ئەم ڕووداوە کاریگەری جیاوازتری دەبێت. بۆ نموونە لە کاتی یارییەکانی جامی ئەوروپا بۆ تۆپی پێی ساڵی ۲۰۰٤ لە پورتوگال، یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ۲۰۰٤ لە یۆنان، سەرمایەگوزارییەکی ئێجگار زۆر، ڕووی لەم دوو وڵاتە کرد.

لە ئەنجامدانی ڕووداوێکی ئاوا گەورەدا، مەزندە دەکرێت، گەر کارەکان بەشێوەیەکی باش بەڕێوە بچن، ئەوا قازانجێکی ئێجگار زۆر دەست دەکەوێت، وەکو ئەوەی کە لە ساڵی ۲۰۰٦دا ڕووی دا.

ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەی گەورەی دەبێت، بەسەر ئەو وڵاتەی کە میوانداریی ئەم

ڕووداوە ساز دەکەن، بەتایبەت لە ڕووی هاتنی سەرمایەگوزاریی جیهانی یان کەرتی توریستی (گەشتیاری) لە داهاتوودا. بەڵام ناتوانین بەتەواوەتی ئەنجامی ئەم کاریگەرییەمان دەست بکەوێت.

## بازرگانییەکی باش بە زەرفی بچووکەوە

لەگەڵ هەموو جامێکی جیهانیی تۆپی پێ، کۆمپانیا گەورەکانی بواری وەرزش وەکو Adidas, Puma، Nike ، بەگەورەترین سوودمەند دەژمێردرێن. بۆ نموونە ئەو تۆپەی کە لە جامی جیهانیی ساڵی ٢٠٠٦دا کە لەلایەن کۆمپانیای Adidas



بەرهەم هێنرابوو، زیاتر لە ١٥ ملیۆن لەو تۆپەی لە جیهاندا فرۆشتووە. جگە لەمەش زیاتر لە ٣ ملیۆن فانیلەی تیپی ئەڵمانیای فرۆشتووە (فانیلەی تیپی تۆپی پێی ئەڵمانی، مارکەی Adidas ئەدیداسی لەسەرە. جێگەی ئاماژەیە نرخی هەر یەکێک لەو فانیلانە نزیکەی ٦٠ ئۆیرۆیە. وەرگێڕ). هەروەها لە جامی جیهانیی ساڵی ٢٠١٠ش لە باشووری ئەفریقیاش کۆمپانیای Adidas قازانجی باشی کرد، چونکە جلوبەرگی کۆمەڵێک تیپی جیهانی مارکەی ئەویان لەسەر بوو، لەوانە (ئەڵمانیا، باشووری ئەفریقیا، ئەرجەنتین، مەکسیک). لەمەشدا بەملیۆنان لەو جلوبەرگانەی فرۆشتووە.

بەهەمان شێوەش کۆمەڵێک کەرتی تر سوود لەو شمەکانە دەبینن، کە هەوادارانی تۆپی پێ پێویستیانە، بەتایبەت ئەوەی کە لە گۆڕەپان و



شەقامەکاندا بەکار دێت. بۆ نموونە (ئاڵا، T-Shirts، فیکە، کەڕەنا، کۆمەڵێک شتی تریش)، هەموو ئەمانەش لە وڵاتی چین دروست دەکرێن. ئەم وڵاتە ئاسیاوییەش دەچێتە ناو لیستی سوودمەندانەوە، هەرچەندە لە جامی باشووری ئەفریقیاش بەشداریی نەکردووە. لە هەمان کاتیشدا ئەو ماسکێتانەی (دەموچاوی دەستکرد) کە لە جامی جیهانی لەلایەن هەوادارانەوە بەکار دێت، تەنانەت ئەو شێرە پەڕۆینەش کە لەناو گۆڕەپانی یاریگەکەدا دادەنرێن، لە ٩٠٪ی هەموو کەڕەنا (ئامێرەکە وەکو زوڕنا وایە، لەلایەن هەوادارانی تۆپی پێوە، لەناو گۆڕەپان و شەقامەکاندا بەکار دێت. وەرگێڕ) لە وڵاتی چین دروست دەکرێت.

یەکێک لەو کۆمپانیایانەی کە لە جامی جیهانیدا قازانجی باشی کرد، کۆمپانیای Panini ، کە زەرفی بچووک دروست دەکات. (کۆمپانیایەکی ئیتاڵییە کە زیاتر کاری چاپکردنی فۆتۆی یاریزانەکانی جیهانە لەسەر زەرف، پوول، کارت، چاپی دەکات. جگە لەمەش کاری کۆمیکی و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبیش دەکات. زیاتریش شمەکەکانی بۆ منداڵان و گەنجان دروست دەکات، جگە لەوەش کۆمەڵێک کۆواری تایبەتی بەم بوارە هەیە. جێگەی ئاماژەیە کۆمپانیای Panini بەیەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی جیهان دەژمێردێت. وەرگێڕ). ئەم کۆمپانیایە وا مەزندە دەکات، کە بۆ جامی جیهانی ئەم ساڵ لە باشووری ئەفریقیا، بەرزترین فرۆشی لە (پوول، فۆتۆ، زەرف) بەدەست کەوتبێت، کە دەگاتە نزیکەی ٩٥ ملیۆن یۆرۆ. لە ساڵی پێشوودا بەشی ئەڵمانیای ئەم کۆمپانیایە، زیاتر لە ٧٠ ملیۆن یۆرۆی لە ئەڵمانیادا قازانج کردووە.

Frank Zomerdijkی ئەندامی بەڕێوەبەری چاپخانەکە ڕای گەیاند:

بازرگانیکردن بە شتومەکی تۆپی پێ، لە ساڵی ٢٠١٠دا، سێ یەکی (٣/١) هەموو قازانجی چاپخانەکەمان بووە. بۆ جامی جیهانیی تۆپی پێ، زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن زەرفی بچووک (کە پڕیەتی لە فۆتۆی یاریزانەکان) فرۆشتووە. بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو، دەمانەوێت تەنیا ١٠٪ی کارەکانمان بە بازرگانیکردن بەشمەکی تۆپی پێوە خەریک بکەین.

## بیرە فرۆشتن

کۆمپانیاکانی بیرەش لە کاتی جامی جیهانیدا قازانجێکی باشیان دەست دەکەوێت. بۆ نموونە لە کاتی جامی ٢٠٠٦ کە لە ئەڵمانیا کراو جامی جیهانیی ئەمساڵیش، بەرهەمی بیرە لە ئەڵمانیا ڕێژەیەکی فرۆشی زۆری تۆمار کرد.

## کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (تیڤی، ڕادیۆ)

یارییەکانی جامی جیهانیی تۆپی پێ، بەتایبەت یارییەکانی تیپی ئەڵمانی، بۆ کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن، ڕۆژانە باشترین بینەری بۆ خۆیان ڕادەکێشا. (بۆ نموونە کەناڵی ZDF بەرزترین ژمارەی بینەری لە کاتی یارییەکانی ئەڵمانیا لە جامی جیهانی تۆمار کرد، ژمارەی بینەرانی گەیشتنە ٣٠ ملیۆن بینەر. بەگشتی ژمارەی بینەرانی تیڤییەکان لەم مانگەدا گەیشتە ٤٠ بۆ ٥٠

ملیۆن کەس). لە کاتی یارییەکانی جامی جیهانیدا، ژمارەی بینەران و بیسەرانی تیڤی و ڕادیۆکان بەرز دەبێتەوە. پەیمانگەی GfK بۆ لێکۆڵینەوەی بازاڕ ڕای گەیاند:

(لە ساڵی ٢٠٠٦ هەفتەیەک پێش ئەوەی جامی جیهانی دەست پێ بکات، ڕێژەی کڕینی تەلەڤزیۆن لە چاو هەمان کاتی ساڵی پاردا، بەڕێژەی ١٦٤٪ بەرز بووەتەوە.)

## بەرەنجام

ئەوانەی کە لە یارییەکانی جامی جیهانیی تۆپی پێ قازانج دەکەن، پێشەکی فیفا خۆیەتی، پاش ئەویش کۆمپانیاکانی ئەو دەوڵەتەی کە میوانداریی یارییەکان دەکات، وەکو کۆمپانیاکانی شمەکی سپۆرت (وەرزش)، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (تیڤی، ڕادیۆ)، کۆمپانیاکانی بیناسازی، کەرتەکانی بواری گەشتیاری (هۆتێل، مۆتێل، ڕیستۆرانت، چایخانە، هۆکانی گواستنەوە " باڵەفڕە، ئۆتۆمۆبێل، کەشتی، پاس". ئەگەر هاتوو ئەم ڕووداوە گەورەیەش بەباشی بەڕێوە ببرێت، ئەوا کاریگەری باشی دەبێت، بۆ سەر ئیماج (وێنەی گشتی) ئەو دەوڵەتەی کە میوانداریییەکەی کردووە.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا پێ دەچێت کاریگەری زۆری بۆ ئابووریی گشتی نەبێت، بەتایبەت لە وڵاتە گەورەکانی جیهاندا. (واتە ئەوانەی خاوەنی ئابوورییەکی خورت و بەهێزن وەکو ئەڵمانیا. وەرگێڕ).

سەرچاوە: کۆواری دێر شپیگلی ئەڵمانی. ٢/١٢/٢٠١٠

## پاشکۆ

## چەند پەیڤێک لەسەر ڕێکخراوی تۆپی پێی جیهان " فیفا"

پێم خۆش بوو لێرەدا چەند پەیڤێک لەسەر ڕێکخراوی تۆپی پێی جیهانی بنووسم، چونکە ئەویش پەیوەندیەکی باشی بەم نووسینەوە هەیە. لە هەمان کاتیشدا بۆ ئەوەی خوێنەر زانیاریی لەبارەی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە گرینگە هەبێت. بەدڵنیاییەوە (فیفا) یەکێکە لە گەورەترین ڕێکخراوەکانی جیهانی ئەمڕۆ. لە زۆر کاتدا شان لە شانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) دەدات. بگرە لە زۆر ڕووەوە، ئەم ڕێکخراوە لە UN گەورەترە. بۆ نموونە ئەو بڕیار دادەڕێژێت و یاسای نوێ دادەنێت. هەر کەسێکیش بەگوێی نەکات و سەرپێچی لە بڕیارەکانی بکات، ئەوا دەتوانێت سزای بدات. لەسەر سزادانیش، خاوەنی میکانیزمێکی باشە.

## ڕێکخراوی تۆپی پێی جیهانی " فیفا" کەی دروست بوو

سەرەتای دروستبوونی ڕێکخراوی Federation Internationale de Football Association (فیفا) دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی پێشوو. لە ٢١ مەی ١٩٠٤ لە شاری پاریس، بۆ یەکەم جار ئەم

ڕێکخراوە یەکەمین مۆمی تەمەنی خۆی داگیرساند. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی هەردوو وەرزشوانی ئەوروپایی Carl Anton Wilhelm Hirschmann کە خەڵکی هۆڵەندا بوو، لەگەڵ وەرزشوانی فرەنسایی Robert Guérin. ئەم دووانە بەباوکی ئەم ڕێکخراوە دادەنرێن. سەرەتا تەنیا شەش یەکەتیی تۆپی پێ بەشداربوون، ئەوانیش برێتی بوون لە (سویسرا، دانیمارک، فرەنسا، هۆڵەندا، بەلجیکا، سوێد). هەر لە هەمان ڕۆژیشدا لە ڕێگەی تەلەگرافەوە، یەکەتی تۆپی پێی ئەڵمانیش، ئامادەییی خۆی بۆ بەشدار بوون لەم ڕێکخراوەدا پێشان دا. دیارە سەرەتا جۆری بەشداربوونی وڵاتان جیاواز بوو، بۆ نموونە ئیسپانیا لە ڕێگەی یانەی ریاڵ مەدرید بەشدار بوو Madrid Football Club. بۆ یەکەم جار ئەم ڕێکخراوە لە ڕێگەی یارییەکانی ئۆلۆمپیی هاوینەی ساڵی ١٩٠٨ لە لەندەن، ناوی چووە ناو گێتیی وەرزشەوە. ئەمەش سەرەتایەکی باشی بۆ دروست کرد. پاشتر کۆمەڵێک یەکەتی تۆپی پێی تر، بوونە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. شەڕی یەکەمی جیهانی، کاریگەری خراپی بۆسەر ئەم ڕێکخراوە هەبوو. لە کاتی شەڕەکەدا هیچ چالاکییەکی گەورەی وەرزشی ڕووی نەدا. بەشێک لە ئەندامانیش خۆیان لەم ڕێکخراوە کشاندەوە، بۆ نموونە یەکەتی تۆپی پێی ئینگلتەرا، وازی لێهێنان. لەپاش مردنی یەکەم سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە، Daniel Burley Woolfall، وەرزشوانی هۆڵەندایی Carl Anton Wilhelm Hirschmann کاروباری ڕێکخراوەکەی گرتە ئەستۆ، ئەویش نەک وەک سەرۆک بەڵکە زیاتر خۆی وەکو سکرتێری گشتی وەسف دەکرد. گەورەترین گەشەسەندن لە کاتی بوون بەسەرۆکی Jules Rimet فرەنسیدا بوو. ئەم پیاوە توانی، لەگەڵ Enrique Buero کە وەرزشوان و دەوڵەمەندێکی ئۆرگوایی بوو، توانی یەکەمین جامی جیهانیی تۆپی پێ ساز بکەن. ساڵی ١٩٣٠ بۆ یەکەم جار جامی جیهانیی تۆپی پێ لە ئۆرگوای ساز کرا. ئەمەش یەکەمین جامی جیهانی بوو. لەو کاتەوە هەتاوەکوو ئەمڕۆ ئەو ڕووداوە گرینگەی جیهان بەردەوامە. کاتێک ساڵی ١٩٥٤ Jules Rimet دەستی لە کار کێشایەوە، ٥ جامی جیهانی ئەنجام درابوو، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەش گەیشتە ٨٥ ئەندام. ڕۆژ بەڕۆژیش ئەم ڕێکخراوە بەهێزتر دەبوو، ساڵی ١٩٧٢ لە هەموو جیهاندا ١٦ ملیۆن وەرزشوان بەم ڕێکخراوەوە پێوەست بوون. ٤٢,٢٢٠ مامۆستای وەرزش، زیاتر لە ٣٠٠ هەزار یانەی وەرزشی، ٢٤٣,٥٩٦ (ناوبژیوان). لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢ تا ١٩٩٨، گەورەترین فراوانبوون رووی دا. ٣٢ ئەندامی نوێ بوون بەئەندامی ئەم ڕێکخراوە.

## چۆن ئەم ڕێکخراوە کار دەکات؟

ئەم ڕێکخراوە لە ڕێگەی دوو ئەنجوومەنی گرینگەوە سیاسەتەکانی دیاری دەکرێت. ئەوانیش : کۆنگرێس، کە لە هەموو ئەندامان پێک دێت و پێشتر دوو ساڵ جارێک کۆ دەبوونەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٨وە ساڵانە کۆ دەبنەوە. دووەم، ئەنجوومەنی جێبەجێکردنە. کاری جێبەجێکردن و چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی ڕێکخراوەکەیە. میکانیزمی ئەم ئەنجوومەنەش بەم

شێوەیەیە:

١- سەرۆک

٢- ٧ جێگر

٣- ١٦ ئەندامی ئەنجوومەن (هەریەکەیان لە وڵات و کیشوەرێکەوە هاتووە)

٤- چاودێرێک

٥- سکرتێری گشتی

ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی فیفا

| کار | ناو | وڵاتانی ئەندام |
|---|---|---|
| سەرۆک | Joseph S. Blatter | سویسرا |
| یەکەم جێگری سەرۆک | Julio H. Grondona | ئەرجەنتین |
| جێگری سەرۆک | Issa Hayatou | کامیرۆن |
| جێگری سەرۆک | Chung Mong-Joon | کۆریای باشوور |
| جێگری سەرۆک | Jack A. Warner | ترینیداد |
| جێگری سەرۆک | Angel Maria Villar Llona | ئیسپانیا |
| جێگری سەرۆک | Michel Platini | فرەنسا |
| جێگری سەرۆک | Reynald Temarii | تاهیتی |
| جێگری سەرۆک | Geoff Thompson | ئینگلتەرا |
| ئەندام | Michel D Hooghe | بەلجیکا |
| ئەندام | Ricardo Terra Teixeira | بەرازیل |
| ئەندام | Mohamed Bin Hammam | قەتەر |
| ئەندام | Senes Erzik | تورکیا |
| ئەندام | Chuck Blazer | ئەمەریکا |
| ئەندام | Worawi Makudi | تایلاند |
| ئەندام | Nicolas Leoz | پاراگوای |
| ئەندام | Junji Ogura | ژاپۆن |
| ئەندام | Amos Adamu | نەیجیریا |
| ئەندام | Marios Lefkaritis | قوبرس |
| ئەندام | Jacques Anouma | ساحیل ئەلعاج |

| | | |
|---|---|---|
| ئەندام | Franz Beckenbauer | ئەڵمانیا |
| ئەندام | Rafael Salguero | گواتیمالا |
| ئەندام | Hany Abo Rida | میسر |
| ئەندام | Witali Mutko | ڕووسیا |

### سەرۆک

سـەرۆک لە هەڵبـژاردنێکی ئازاددا، لە کـۆنگرێسـدا دیاری دەکرێت. جـێگـەی ئامـاژەیە هـەردوو وڵاتی ئینگلتەرا و فرەنسا، زۆرترین ماوە سەرۆکایەتیی ئەم ڕێکخراوەیان کردووە.

سەرۆکەکانی فیفا

| سالی کارکردنی | وڵات | ناو |
|---|---|---|
| ١٩٠٤ – ١٩٠٦ | فرەنسا | Robert Guérin |
| ١٩٠٦ – ١٩١٨ | ئینگلتەرا | Daniel Burley Woolfall |
| ١٩٢١ – ١٩١٨ | فرەنسا | Jules Rimet |
| ١٩٥٤ – ١٩٥٥ | بەلجیکا | Rodolphe William Seeldrayers |
| ١٩٥٥ – ١٩٦١ | ئینگلتەرا | Arthur Drewry |
| ١٩٦١ – ١٩٧٤ | ئینگلتەرا | Stanley Rous |
| ١٩٧٤ – ١٩٩٨ | بەرازیل | Jo_o Havelange |
| seit 1998 | سویسرا | Blatter .Joseph S |

## کارەکانی

کاری سـەرەکیی ئەم ڕێکخراوە برێتییە لە چاودێریکردن و لێپرسینەوەی یەکەتیی تۆپی وڵاتان و یانە وەرزشییەکان. ئەنجامدان و سەرپەرشتیکردنی جامەکانی تۆپی پێ لە جیهاندا بۆ نموونە یارییەکانی یانەکانی نیشتمانی و کیشوەری. جامەکانی کیشوەری (ئەوروپا، ئاسیا، ئەفەریقیا، ئەمەریکای لاتین، ئەمەریکای باکور). چاودێریکردنی هەڵسوکەوتی وەرزشوانان و ناوبژیوانان. سزادان و لێپێچینەوە لە هەر یارییەک، کە لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی (فیفا) نایەتەوە.

سەرچاوە:

Deutsch. www.Wikipedia. orge. FIFA.

# بیتیریا

## شاری تارماییەکان

## لە قووڵایی مێژووەوە دێتەوە دەرێ

جیفری سامەرس –ی زانای شوێنەوارناسی بەریتانیای، دە ساڵی دوایی بەکێشانی نەخشە هێڵکارییەکانی شاری " بیتیریا "ی مەزنەوە بەسەر بردووە، کە ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر کرۆسۆس شای فەرمانڕەوای لیدیا بەتەواوی سووتاندوویەتی. پاشماوەکانی ئەم شارە ئەمڕۆ لەژێر چیایەکی ناوەڕاستی تورکیادا نێژراوە، کە چیای کێرکینیس –ی پێ دەگوترێ.

جیفری سامەرس بەپشتیوانیی نوێترین داهێنراوی تەکنۆلۆجیا، ڕووپێوێکی گشتگیری چینەکانی خوارەوەی شوێنە دێرینە ئاماژە بۆکراوەکەی، کە بەسەر ڕووبەرێکی نزیکەی هەزار

داتاشراوی لە " عاج " دروستکراو

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە




ئەم نەخشەیە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە
http://en.wikipedia.org/wiki/Lydia

هیکتاریدا ڕاخراوە و بەهەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دەرکەوتانەی لە ماوەی سالآنێکی درێژدا کۆ کراونەتەوە، توانیویەتی نەخشەیەکی نزیک کراوە بکێشێ بۆ ئەم شارە نادیارە بە مێژوودا ڕووچووەی تا ئەم نزیکانەش بەلەناوچوو دانراوە.

وەک ئاماژەی بۆ کرا، بیتیریا بەدەستی کرۆسۆسی شای لیدیا، دوای شەڕێکی یەکلاکەرەوەی دژ بە میدیاییەکان، کە لە مێژووی تۆمارکراودا بە " شەڕی خۆرگیران " ناسراوە، تێکدانێکی گشتگیر تێک دراوە، کە هەندێکی تر باسی لێوە دەکەین. بەڵام ئەمڕۆکە، شارەکە کەوتووەتە ژێر چەندان تۆن بەرد و گڵی کەڵەکەبوو لە نزیک شارۆکەی " بوغازکالێ – قەڵای گەروو"ی (ویلایەتی چوروم –ی ڕۆهەڵاتی ئەنقەرەی پایەتەختدا) شوێنێکی چیایی بێ هاوتای گرتووە، لە ناوچەیەکدا کە لە سەدەکانی دواییدا بەناوی " کەپەدۆکیا " ناسراوە. بۆ دەرخستنی بایەخی مێژوویی " بیتیریا "ش دەڵێین: لە نزیک شوێنی پایەتەختی ئیمپراتۆریەتیی حیتتیت(٢) " حیتی "ی کۆندا دروست کراوە. جیفری سامەرسی زانای شوێنەوارناس لە دەیەی ڕابوردوودا توانیویەتی کارێکی ئێجگار بەبایەخ و ئاڵۆز ئەنجام بدا، کە لە کێشانی نەخشەی وردەکاریی بیتیریا دا خۆی دەنوێنێ، ئەو شارەی هیرۆدۆتی مێژوونووسی گریکی (٤٨٤ _ ٤٢٥ ی پ. ز)، کە بە باوکی مێژوو ناسراوە، باسی چارەنووسە کارەساتئامێزەکەی کردووە.

" جیفری سامەرس" و ڕامانێک لە شاری تارماییەکان

## شوێنەکەی

شوێنەکە لە یاریگەیەکی گۆلفی پشتگوێخراو دەچێ، لە پاڵ زنجیرە چیایەکی سەختدا گۆشەی گرتووە و بەهێڵە دیوارێک گەمارۆ دراوە، درێژییەکەی نزیکەی حەوت کیلۆمەتر دەبێ. ئێواران کە

تیشکی کزی ڕۆژی بەرەو ئاوابوون لار بووەوە بوار بە چاودێریی زیرەک دەدا کە لەسەر ترۆپکی گردێکی نزیکەوە شێوەگەلێکی ئەندازەییی چوارگۆشە و لاکێشەیی و هێڵگەلێکی ڕاستی سەرنجڕاکێشی بەرچاو بکەوێ. لە ناوەڕاستی ئەم وێڵگە ئەندازەییەیەدا کەسێک دەبینین بەهەنگاوی سڵکەرەوە ڕێ دەکا و ئامێرێکی سەیری بەدەستەوە گرتووە. گومانی تێدا نییە کە ئەمە جیفری سامەرس ـی بەریتانیایی تەمەن ٥٢ ساڵە، کە بە ئەرکەکەیدا ڕۆ چووە، کە ماوەیەکی کەم نییە دەکۆشێ بۆ ئەنجامدانی وێنە گزنگییە " شوعاعی " تایبەت بە شارە نادیارەکەی لەژێر خۆڵدایە. شاری بیتیریای سەدەی شەشەمی پێش زایین. ئەمەش بە، بەکارهێنانی تەکنیکەکانی لەدوورەوە ئاگادارکردنەوە و شێوەگەلی ڕووپێوی جیۆلۆجی، کە پێوانەی پلە بەپلە (grandiometer) و بەرگری (resistivity meter ). سامەرس توانیویەتی ژێرخانەکانی شارەکە دەستنیشان بکا.



جیفری سامەرس شێوەڕووی زەوییەکە دەستنیشان دەکا

به درێژاییی ماوەکاتی دوور و درێژدا، مێژوو تێکەڵی ئەفسانە بووە، ئەمەش ئەرکی بژارکردنی زانیارییە ڕاستەکان و جیاکردنەوەی ڕاستیی لە خەیاڵی خستووەتە سەر ئەستۆی زانایانی شوێنەوار، جیفری سامەرس پشتی بەشێوەگەلێکی تازە داهێنراو بەستووە لە خوێندنەوەی ئەم شارە دێرینە شوورەکراوە، کە لەژێر چیای کیرکینیسی گرانیتیی ناوەڕاستی ئەنادۆڵدایە. ئەم ڕوونکردنەوانەش کە توانیویەتی کۆیان بکاتەوە و لێیان ورد بێتەوە، لە پێکهێنانی وێنەیەک لەبارەی بنیاتنەرە بەراییەکانی ئەم شارە نادیارەدا یارمەتییان داوە.

ئەم شوێنە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، بابەتێکی لێکۆڵینەوەی شوێنەوارانە بوو. کە ئەوساکە لە شوێنەوارەکانی سەردەمی ئاسنین پۆلێن کراوە. بەڵام دواتر ماوەیەکی

دیمەنێکی ئاسمانیی لای باکوری شوێنەوارەکە

زۆر پشتگوێ خراوە. تا وای لێ هاتووە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەیەوە کراون بەر لە هاتنی جیفری سامەرس بە ڕووکەش و بێ بایەخ بێنە بەرچاوان.

دوای قووڵبوونەوە لە لێکۆڵینەوەکانی، جیفری سامەرس گەیشتە ئەو ئەنجامەی باوەڕ بەوە بهێنێ کە شارەکە، بێ ئەوەی دەستی لێ بدرێ بۆ ماوەی ٢٥٠٠ ساڵ لەژێر سەرپۆشێکی زەویدا ماوەتەوە، لە ڕاستیدا بیتریای پایەتەختی سنووریی میدیاییەکانە.

ئەو پارچە زەوییە فراوانەی ئەو شوێنە شوێنەوارییە داگیری کردووە، سامەرسی ناچار کردووە پشت بەئامێرە ئاساییەکانی لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان نەبەستێ. پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی باڵۆنێکی هەواییی گەرم و ژوورێکی پەرێزخراو، ئینجا لە تواناادا بووە وێنەیەکی بەیەکداچووی شوێنەکە پێک بهێنێ، دوای ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی " جیۆموگناتیکی "ی کردووە.

هەڵمەتی هەڵکۆڵینەوەکەی توانیویەتی شوێنی دیوارەکان و دەرگەکان و هی تر دەستنیشان بکا. کە ئاماژە موگناتیکییە هەناردەکان دۆزیویانەتەوە. دوای بەراوردکردنەوەی بەنەخشەیەکی تۆپۆگرافی، کە لەلایەن دەستنیشانکردنی شوێنی جیهانی (G.P.S) ڕوون بووەوە کە شوێنەکە کۆمەڵێکی زۆری ژێرخانی سەرنجڕاکێشی تێدایە.

جیفری لەم بارەیەوە دەڵێ: " نەخشەیەکی وردمان بۆ شارەکە داناوە، تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانرێ لە بەشەکانی نێوانی دوو خاڵ ورد ببینەوە. کە دووریی نێوانیان تەنیا ١٠ سەنتیمەترە. ئەو وردەکارییانەی بەدەستمان هێناوە. وەک ئەو ناوبڕە جیاکەرەوانەی نێوانی دانیشتوانی پیاوماقووڵانی شار و بڕە دانیشتوانە کەمتر دەوڵەمەندەکان. هەروەها شوێنەکانی بینا مۆرک سەربازییەکان. هەموو ئەمانە زانیاریی بەنرخیان بۆ دابین کردین لەبارەی ژیانی ڕۆژانەی شارەکەوە.

سامەرس، ئەم زانا لەندەنییە بە درێژاییی تەمەنی مەراقی زانستی شوێنەواری کردووە و بووەتە یەکێک لە خوێنگەرمترینیان. شێوەی ڕواڵەتی، وەک شاعیری دەردەخا، بەڵام پسپۆریی

جیفری نەخشەی شوێنەکە بۆ تیپەکەی لێک دەداتەوە



فرانسوا بە کۆمپیوتەر شێوەی قەوارەدار دروست دەکا بۆ لێکۆڵینەوە لە شوێنەکە

(زانکۆی مانچستەر، حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو) لە مێژووی کۆن و زانستی شوێنەواردایە. بەڵگەنامەی دوکتۆرای ساڵی ١٩٨٢ وەرگرتووە. بەرگریی لە تێزەکەی کردووە کە لەبارەی کۆمەڵگەکانی سەدەی برونزیی بەراییەوە بووە. ئێستاکە لەگەڵ فرانسوا -ی هاوسەریدا کە بەرەسەن خەڵکی دوورگەی مۆریشیۆسە. لە ئەنقەرەی پایەتەختی ئەنقەرە دەژی، کە وانەی شوێنەوارناسی دەڵێتەوە.

## ئەفسانەکان چی دەڵێن؟

کرۆسوس (Croesus): دواینی شایەکانی لیدیا " سەدەی شەشەمی پ. ز "، سنووری شانشینییەکەی فراوانتر کردووە و دەستکەوتێکی زۆری بووە، تەنانەت کراوەتە نموونە لە دەوڵەمەندیدا. ئەفسانەکە دەڵێ: سۆلۆن -ی دانای ئەتینا، ڕۆژێکیان سەری لە شاری ساردیس -ی پایەتەختی لیدیا داوە، کرۆسوس چاوی پێ کەوتووە و لێی پرسیوە: داخۆ دەکرێ کەسێک گەیشتبێتە پایەیەکی وەها بەکامەران دابنرێ. سۆلۆن لە وەڵامدا پێی گوتووە " بەر لەوەی ببینی بەر لە مردنی چیی بەسەر دێ، بەهیچ کەسێک نەڵێی کامەرانە ".

دوای ١٠ ساڵ لە فەرمانڕەوایی کرۆسوس میدیاییە دراوسێکانی بەر هێرشی فارسەکان کەوتن، ئەوانەی دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی ئەوانیان لەناوبرد، بە سەرکردایەتیی کۆرشی مەزن ڕوویان کردە لیدیا، کە کرۆسوسی ناچار کرد پەیمان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە ببەستێ دژایەتیی فورسیان دەکرد، وەک بابل و میسر و شاری ئسپارتەی گریک، بەڵام ئەوە هیچ دادێکی نەدا و لەو شەڕە یەکلاکەرەوەیەدا شکستی پێ خورا کە لە نێوان خۆی و فارسەکاندا ڕووی دا (٥٤٧ . پ. ز) و هەواڵەکانی چارەنووسی کرۆسوس یەکیان نەگرتەوە. ئەفسانەش دەڵێ بە دیلی کەوتە دەست کۆرش، کە فەرمانی کوشتنی بە سووتاندن دا، لە کاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکە کرۆسوس هاواری کردووە و هاواری بۆ سۆلۆنی دانا بردووە فریای بکەوێ، ئەمەش کۆرشی وا لێ کردووە پرسیار لەوە بکا و سەردانی فەیلەسووفی ناوبراو و پەندەکەی بۆ گێڕراوەتەوە. مەبەستی چیرۆکەکە زۆر کار لە کۆرش دەکا و فەرمانی کوژاندنەوەی ئاگری دەوروبەری کرۆسوس دەدا، سەربازەکان لە بەرگریی ئاگرەکەدا زەحمەتی دەبینن، لێرەدا " ئەپۆلۆی خواوەند " تێکەڵ دەبێ و بارانێکی بەخوڕ دادەبارێنێ، ئاگرە کەوتووەکە دادەپۆشێ، بەم جۆرە - باسەکە هێشتا هی ئەفسانەکەیە - لەلایەن فارسەکانەوە کرۆسوس ئازاد دەکرێ و ڕێزی لێ دەگیرێ.

ئەفسانەیەکی تریش هەیە دەڵێ: کرۆسوس لەو فالگرەوە ناودارە دەپرسێ کە لە پەرستگەی ئەپۆلۆی شاری دیلفیی گریکیدا بووە: ئەگەر لە ڕووباری سوور پەڕییەوە و بەرەو میدیاییەکان ڕۆی چی دەبێ؟ وەڵامی داوەتەوە کە ئەمە سەرەتای کۆتایی ئیمپراتۆرییەتە دێرینەکەیەتی، کرۆسوس وای زانیوە ئەم پێشبینییە پشتگیریی ئارەزووەکانی دەکەن، لەشکری پێکەوە ناوە و بەرەو ناحەزەکەی چووە و وەک لە برگەیەکی تردا دەبینین، بیتیریای داگیر کردووە و

سووتاندوویەتی، بەڵام تووڕەیی کۆرشی مەزنی شای فارسی بەسەر خۆدا هێناوە و دوای نزیکەی چل ساڵ لە یەکدی بینینی کرۆسوس و فاڵگرەوەکە هەردوو لەشکر بەرەنگاری یەکدی بوونەوە و شەڕەکە بە بەزینەوەی کرۆسوس کۆتایی هات، بەم جۆرە درەنگ درکی بەقسەی فاڵگرەوەکە کردووە کە مەبەست کۆتایی پێهاتنی ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆی بووە.

## شەڕی خۆرگیران

ساڵی ١٩٨٤ سامەرس بۆ یەکەم جار ناسیاریی لەگەڵ ئەم شوێنە پەیدا کردووە، ئەمەش وەک خۆشەویستیی لە یەکەم بینینەوە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ ڕوانینێکی بەپەلەی لێ ورد نەبووەوە زەحمەتە ئەو مەزنێتییەی متبووی ژێر زەمینەکە بدۆزێتەوە. چەند هێمایەکی نارێک و پەرتی سەر ڕووی سەختی زەوی، لە نێوانی جەنگەڵەوە دیارە و جگە لەمەش هیچی تر نییە. بۆچوونێک لەو ساتانەدا سامەرسی داگرتووە وای لێ کردووە باوەڕ بەوە بهێنێ کە لەسەر شوێنێکی ئێجگار بەبایەخ ، لەسەر زەوییەکی ئەفسانەئامێزدا وەستاوە. جیفری لە لێکدانەوەی بۆچوونەکەیدا دەڵێ: " شارەکە فراوانە و بنیاتێکی زۆر ئاڵۆزی هەیە، بیتیریا لەو کاتانەدا بنیات نراوە کە گریکەکان نیشتەجێبوونەکانیان لە لایە جوداجوداکانیان لە حەوزەی دوو دەریای ناوەڕاست و ڕەشدا بنیات ناوە. دۆزینەوەی بیتریا بۆشاییەکی گەورەی لای خوێنەرانی مێژووی نەخشەکێشانی شارە کۆنەکان پڕ دەکاتەوە.




پارچەی جۆراوجۆر کە لە شوێنەکەدا دۆزراونەتەوە

بیتیریا لە نووسراوە ئاشووری و گریکە کۆنەکاندا باسی لێوە کراوە. بەڵام لەبەر دەگمەنیی ئەو بەڵگە نووسراوانەی باسی لێوە دەکەن، تەنیا شتێکی کەم نەبێ لەبارەی دانیشتوانە میدیاییەکانی و ڕۆشنبیرییانەوە نەزانراوە، نەمانی ئەو گەواهییانەی نیشتەجێبوونی شارستانییە کۆنەکان لە شوێنی شارەکە و دابڕانی کتوپڕی، دووبارەبوونەوەی باسیان لە سەرچاوەکانی دوای ئەو دەورە و بەڵگەی تر، هەموو ئەمانە پێکەوە جیفرییان گەیاندووەتە ئەوەی شارەکە، ئەوەی خەریکی لێکۆڵینەوەیەتی، بەڕاستی پایەتەختی میدیاییەکانە.



پارچەگەڵێک لە قسڵی ڕەشهەڵگەڕاو بەسووتاندن خاپوور کراویی شارەکە دەسەلمێنێ

میدیاییەکان لە ناوچەکانی باکوری ڕۆئاوای فارسەوە هاتوون و توانیویانە بەهاوپەیمانی لەگەڵ بابلییاندا بەرەنگاری ئاشوورییان ببنەوە و ساڵی ٦١٢ی پێش زاین، لە باکوری عێراقدا بیانبەزێننەوە. ئینجا شکستیان پێ هێنان و بەرەو ڕۆئاوا فراوان بوونەوە و شارێکی پارێزراو یان بۆ خۆیان لەسەر چیای کیرکینیسدا بنیات نا و ، ناوی بیتیریایان لێ نا، بۆیان بووە سەرشارێک بۆ داگیرکردنی ناوچەکەلێکی ترلە ئەنادۆڵدا. دوای ئەوە لەگەڵ شانشینیی " لیدیا "ی ڕۆئاوایان کەوتنە شەڕ، پێنج ساڵان درێژەی هەبوو بەزیانێکی ئێجگار گەورەیان کۆتا هات.

هیرۆدۆت لە کتێبەکەیدا باسی ئەو شەڕە دژوارە دەکا کە ناوی " شەڕی خۆرگیران "ی لێ نراوە، چونکە لە ٢٨ی مایۆی ٥٨٥ی پێش زاین خۆرگیرانێکی تەواو ڕووی داوە، کە کرۆسۆسی شای لیدیا ئەو هەلی خۆرگیرانەی قۆستوەتەوە و بیتیریای سووتاندووە.

## دیوارێکی حەوت کیلۆمەتری

ئەو هەڵکۆڵینە بەراییانەی جیفری سامەرس و تیپەکەی ئەنجامیان داوە، ئەوەی دەرخستووە کە ئەو شارەی لەژێر خۆڵدایە بەر لە ڕووخانی یەکجارەکی بەڕاستی سووتاوە. جیفری بەڵگەی لە قسڵی بەکاری ئاگرکەوتنەوەوە ڕەشهەڵگەڕاوی دۆزیوەتەوە، جیفری دەڵێ: " شوێنەکە لە جۆرەکەیدا بێ هاوتایە، چونکە هەر لە بنچینەیدا نەخشەی کێشراوە و بۆ ئەوە بنیات نراوە ببێتە پایەتەختی ئیمپراتۆرییەتێکی مەزن. بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەک خەڵکی تێدا دانیشتووە کە دوو وەچە ڕەت ناکا ، ڕووخێنراوە و سووتێنراوە، دوای وێرانبوونیشی ئەم شارە بەچۆڵی ماوەتەوە، کە ئەمەش ئەو نەخشە بەراییانەی پاراستووە کە بۆی کێشراوە، بەبێ کارلێکردنی هیچ کارێکی دەرەکیی تر. بیرۆکەکەشی بە بەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە زۆربەی جێیە شوێنەوارییەکانی تر لە جیهانی دێریندا، ماوەی درێژ خەڵکیان تێدا ماوەتەوە، بەم جۆرە گۆڕانگەلێکی زۆریان لە بنیاتە گشتییەکانیاندا بووە. ئەو ڕواڵەتانەی پتر تایبەتمەندێتیی ئەم شوێنە دەردەخەن، قەوارە زۆر گەورەکەیەتی، کە بەتەک ئەم هێڵە بەردینە درێژەدا دەڕوا کە لەگەڵ بناغەی دیوارەیلی شوورە کۆنەکاندا ڕێکە. ڕۆخەکانی ترۆپکی گردەکان بەدرێژاییی حەوت کیلۆمەتر. شوێنەکە بەخۆی چیاییی سەخت و پڕ لە نشێوە. لە توانادایە کاتی ڕۆهەڵات یان لە کاتی ڕۆئاوادا، واتە کە ئاستی ڕووناککەرەوە کز دەبێ، هەندێ زناکی کاڵ لێک بکرێنەوە، کە ئاماژە بەبوونی بنیاتی شارستانی دەکا. کە لە تەنیشتیشەوە چاوێک دەگێڕین، لە توانادا دەبێ چەندان پاشماوەی دیواری گرانیتی ببینین لەگەڵ هەندێک پارچە گۆزە و خشتی سوورەوەکراودا، کە ئەمەی دواییش بەڕوونی کاری ئاگریان هێشتا پێوە دیارە. کە بۆ سەدەی شەشەمی بەر لە زاین دەگەڕێتەوە.

## دەروازەی کەپادۆکیا

باسە پێچەوانەی یەکەکان لەبارەی کارپەسندیی میدیاییەکان و پاڵەوانێتییانەوە، کە لەلای

هیرۆدۆتدا باس کراوە، مێژوونووسانی وا لێ کردووە گومان لە بوونی خودی ئیمپراتۆرییەتی میدیا بکەن. بەڵام جیفری سامەرس تەواوێک دڵنیایە کە ئەم شارە چۆڵکراوە گەواهێکی زوو بووە بۆ ئاڵوگۆڕی شارستانییانەی نێوان دوو جیهانی ڕۆهەڵاتی و ڕۆئاوایی. ئەو دەڵێ:" لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی زانایانی شوێنەوارەوە، لەلایەن ئەوەندە زانیارییەی کە بەش بکا لەبارەی میدیاییەکانەوە هەژارین. بایەخی ئەم شوێنەش لێرەوەیە، کە هەلی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ بە ناو وردەکاریی ژیان و ڕۆشنبیرییاندا قووڵ بینەوە. جەختیش لەسەر ڕاستیی ئەو زانیارییانە دەکا کە هیرۆدۆت باسی لێوە کردوون.


وێنەیەکی هێڵکاریی دەروازەی " کەپادۆکیا "

ئەم شارەی لە بەرزاییی ١٥٠٠ مەتردایە و لە بەردەمی هەڵکردنەوەی ڕەشەبا تەزیوەکان و بۆرانە بەفرینەکاندایە. ئەم قەڵا سەختەی، تایبەتمەندیی شوێنی ستراتیجیی هەیە کە یەکسەر دەڕوانێتە دەشتەکانی کەپادۆکیادا و ئەو ڕێیەی بە چیای تۆرووسدا دەچێتەوە سەر دەریای ڕەش لە باکوردا و دەریای ناوەندی لە باشووردا.

بەدیوارێکی شوورەوە دەورە دراوە، حەوت دەروازەی زلی پێوە دیار بووە. تیپە شوێنەوارناسەکە توانیویەتی هەڵکۆڵین لە دەروازەیەکدا بکا پێی دەگوترێ دەروازەی کەپادۆکیا. کە بەکەلوویەکی بەرگری دەورە دراوە و ڕوویەکی کۆشکی سەخت دەنوێنێ. دوو کۆگا کۆنەکەی ئاو بوونەتە دوو دەریاچە، مەل و بۆق ڕادەکێشن و وەک دوو شوێنی چارەسازیی تەندروستی بەکار دەهێنرێن. لە پشووەکانی کۆتاییی حەفتەکاندا دانیشتووە خۆجێییەکان سوودیان لێ وەردەگرن.

جیفری سامەرس ١٠ ساڵی بۆ لێکۆڵینەوە لە شاری تارماییەکان تەرخان کردووە. بەهۆی بەدووی کاردا چوون و کۆششە وردەکانییەوە، نەخشەیەک بۆ دوو لە سێی شارەکە کێشراوە کە لەژێر ئاستی زەویدایە، بە تەمای تەواوکردنی پرۆژە پێشەنگەکەشیەتی بۆ دانانی نەخشەیەکی وردەکاریی گشتگیر کە لە نەخشەی تونێلەکانی میترۆی لەندەن کەمتر نەبێ.

سەرچاوە: کۆواری " زهرە الخلیج " ژمارە / ١٢٧٨ - شەموو ٢٠ / ٩ / ٢٠٠٣ - لاپەڕە (٨٢ - ٨٦).

پەراوێزی وەرگێڕ:

(١) کرۆسوس ئەو پادشایەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا بە (قاروون) ناوبراوە.

(٢) حەتتووشەی پایەتەختی حیتییەکان، کە یەک لە گەلە هیند و ئەوروپاییەکان بوونە، لە سەدەی شەشەمی بەر لە زاین پەیدا بووە. هەر لەو دەڤەرە بووە کە بیتیریای " وەک باسی لێوە کراوە " پایەتەختی سنووریی میدیا بووە.



## شێوەکار

# نامیق حەمە

ئامادەکردنی: ئاغالە

شێوەکارێکی ناسراو چالاکی کوردە و شێوەکارێکی بەناوبانگی شاری هەڵبجەیە لە ئێستادا.

نامیق شێوازی ئێستای ئەبستراک کار دەکات و کارەکانیشی لەو شێوازە سەرکەوتووە و هەستی بینەری ئاسایی و بێ چێژیش دەبزوێنی.

ئەو کە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی خوێندنی تەواو کرد لە ساڵی ١٩٩٠وە تا ساڵی نەوەت و سێ هەر بە شێوازی واقیعی کاری دەکرد لە پاشان دەستی کرد بە شێوازی گوزارشتکردن کە تا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو لەو کاتەوە بە شێوازی ئەبستراک کار دەکات.

ئەو تابلۆیانەی بە ئەبسترک کاری تێدا کردووە سەرکەوتووترە لە شێوازەکانی تری لە رووی تەکنیک و چاونەترسی و زاڵبوونی بەسەر رووبەرەکاندا. کاری باشی بۆ بابەتی کاری کیمیاباران کردووە. نامیق وەک ئێمەمانان ژیان و بەختی هەر هونەرە و پێشبینی ناکرێ رۆژێ لە رۆژان واز لە هونەر بێنی، بۆیە هونەرەکەی بووەتە بیرکردنەوە بۆ ژیان و کاری تازە. نابێت ئەوە نەدرکێنم کە ئیمانداری بۆ ئایینەکی زیاتر بردیە ناو شێوازی ئەبسترکتەوە. زۆر جار ناوەڕاستی تابلۆکانی سورێکی تۆخ چەقی بەستاوە سوور سەرچۆپی گرتووە. ئەبستراک زۆرترین کات ملنانە لە رووبەر و رەنگ. کارەکانی نامیق حەمە رووتکردنەوە و روتکردنی فۆرمە واقیعیەکانە بۆ ئەبسترکردنی لە تابلۆکانی دا، وەک شێوەی خانووی قور و پەنچەرە و قادرم ەو دیواری داپۆشراو بە بەرەو جاجم... نیگارکێش نایەوێ شێوە و رەنگ و نەخشە کوریيەکانی ناو ژینگەی کوردەواری خۆی لێ فەرامۆش بکات بۆ لە کارە ئەبسترکتەکانی شێوە هەر هەیە.

ساڵی ١٩٦٧ لە هەڵبجە لە دایک بووە. ئێستا لە سلێمانی دەژی و کاری سەرەکی ئەو نیگارکێشانە.



لێك ترازان 80*160 cm



برين

80*100 cm



گەیشتنی دوو ڕووبار

80*100 cm



دڵ و جگەر 80*100 cm



نامە دروەکان 50*70 cm



مانگرتن 25*40 cm



پیژەی دزە 52*62 cm



زەنگی مۆبایل 52*62 cm



گێلەکان لەناو فڕۆکەوە 52*62 cm



حەزکردن لەشتی درێژ 52*62 cm



ئالآی کوردستان 25*45 cm



ماڵێکی زۆر کۆن 25*45 cm



دونیای ئاوی 52*62 cm



تنۆکی ژەهر

52*62 cm



پەنجەرەکان شکاون 70*100 cm



# چۆن
# دەمارگیرێک چارەسەر دەکرێت؟

ئامۆز ئۆز

چۆن دەمارگیرێک چارەسەر دەکرێت؟ ڕاونانی کۆمەڵە دەمارگیرێک لە چیاکانی ئەفغانستان شتێکە و بەگژداچوونەوە و بەربەرەکانێی دەمارگیری، کوتومت، شتێکی تر. من، بەداخەوە، چەند ڕێنوێنییەکم نییە کە دەمارگیرەکان چۆن لەنێو چیاکاندا دەستگیر دەکرێن و دەگیردرێن، بەڵام سەبارەت بەسروشتی دەمارگیری و هەر نەبێت سەبارەت بەچلەوکردنی، تەنانەت ئەگەر نەشتوانرێت چارەسەر بکرێت، بیرێکی ترم هەیە. هێرشەکەی ٢٠٠١/١١/١١ دژی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەتەنیا هەر سەبارەت بەهەژاری و لە بەرانبەریشیدا دەوڵەمەندی نەبوو. هەژاری و لە بەرانبەریشیدا دەوڵەمەندی، یەکێک لە گرفتە هەرە ترسناکەکانی دنیایە، بەڵام ئێمە ١١/١١ بەهەڵە هەڵدەسەنگێنین، ئەگەر بێتو بەتەنیا پێمان وابێت ئەوە هێرشی هەژارەکان بوو دژی دەوڵەمەندەکان. ئەمە هەر بەتەنیا پێوەند نییە بەوانەوە "کە هەیانە" و ئەوانەوە "کە نییانە". ئەگەر وا سادە و ئاسان بووایە، دەبوو چاوەڕوانی هێرشێک بووینایە لەلایەن خەڵکە هەرە هەژارەکانەوە، لە ئەفریقیا، دژی هەرە دەوڵەمەندەکانی عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی تری بەرهەمهێنی نەوت لە دەوروبەری کەنداوی فارس. نا، ئەمە شەڕی نێوان ئێمە؛ کە پێمان وایە ژیان بۆ خۆی ئامانجە نەک کەرەستە و ئەو دەمارگیرانەیە کە پێیان وایە ئامانج، ئەوجا هەر ئامانجێک دەبێت با ببێت، کەرەستەکانی گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆز دەکەن. ئەمە شەڕێکە لە نێوان ئەوانەدا کە پێیان وایە دادوەری، ئەوجا هەر نیاز و مەبەستێکیان لە دادوەری هەبێت، لە ژیان گرینگترە و لەگەڵ ئێمەدا کە پێمان وایە ژیان پێش هەر نرخێکی تر و هەر باوەڕ و ئاینێک دێت. ئەم تەنگژەی ئەمڕۆی دنیا، لە ڕۆهەڵاتی زەریای ناوەڕاست، لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، بەهەڵسەنگاندن و

(*) وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف

نرخەیلی ئیسلامەوە پێوەند نییە و بەهیچ جۆرێکیش پێوەندیی بەشێوازی بیرکردنەوەی عەرەبەکانەوە نییە، وەک هەندێک لە ڕەگەزپەرستان بانگاشەی بۆ دەکەن، بگرە بەو شەڕە کەوناراییەوە پێوەندە کە لە نێوان دەمارگیری و بەرژەوەندگەراییدا، لە نێوان دەمارگیری و کۆگەرایی و لە نێوان دەمارگیری و پێکەوە هەڵکردن و یەکترقەبووڵکردندا هەبووە و هەیە. ٢٠٠١/١١/١١ بەهیچ جۆرێک پێوەندیی بەوەوە نەبوو کە ئاخۆ هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چاک یا خراپە، پێوەندیی بەوەوە نەبوو کە ئاخۆ سەرمایەداری قێزەونە یا نا، پێوەندیی بەوەیشەوە نەبوو کە ئاخۆ دەبێت جیهانگەرایی کۆتاییی پێ بێت یا نا. بگرە پێوەندە بەو داوا تایبەتە دەمارگیرەوە کە دەڵێت: ''ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕە بم کە شتێک هەڵەیە، بەخۆی و دەرودراوسێکانییەوە دەیانکوژم.''

دەمارگیری لە ئیسلام، لە خاچپەرستی، لە جوولەکەپەرستی و لە هەر دەوڵەت یا حکوومەت و ڕێژیمێکی سیاسی و لە هەر بیروباوەڕ و ئاینێک، کۆنترە. دەمارگیری، بەداخەوە، بەشەپێکهێنەرێکی هەردەم ئامادەی نێو سروشتی مرۆڤە و دەتوانین، ئەگەر بمانەوێت، بە (جین)ێکی بەدی دابنێین. ئەوانەی مزگەوت و پەرستگەی جوولەکەکان لە ئەورووپا دەسووتێنن، ئەوانەی لە هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بنکەکانی منداڵ لەباربردن دەتەقێننەوە، سەبارەت بەوەی کە بە چ تاوانێک هەڵدەستن لە بین لادن جیاواز نین، بگرە تەنیا لە بەرزی و نزمیی ئەو تاوانەدا جیاوازن کە پێی هەڵدەستن. کارەساتی ٢٠٠١/١١/١١، بێگومان، لە هەموو لایەکەوە، خەمگینی، تووڕەیی، باوەڕ بەیەکتر نەکردن، ترس، خەمینی و سەرسووڕمان و هەروەها بڕێک پەرچەکرداری ڕەگەزپەرستانەی بەئاگا هێنایەوە پەرچەکرداری وەک دژی عەرەببوون و دژ بە موسڵمانبوون. کێ دەیتوانی باوەڕ بەوە بکات کە چەرخی بیستەم یەکسەر ٢٠٠١/١١/١١ی بەدوادا بێت؟

سەردەمی منداڵیی خۆم لە ئۆرشەلیم منی کرد بەشارەزایەک لە بەراوردکردنی جۆرەکانی دەمارگیریدا. ئۆرشەلیمی سەردەمی منداڵیی من، سالانی چلەکان، پڕ بوو لەوانەی خۆیانیان ناو نابوو پەیامبەر و فریادڕەس و لەلایەن خواوە هەڵبژێردراوەکان. تا ئەمڕۆیش هەر دانیشتوویەکی ئۆرشەلیم دەگریت، یەکاندوو، شێوەیەکی تایبەت بەخۆی بۆ فریادڕەسی هەیە. هەموو دەڵێن هاتین بۆ ئۆرشەلیم – لێرەدا ئاماژە بۆ دێرێکی بەناوبانگی گۆرانییەکی کۆن دەکەم– بۆ ئەوەی شار و خۆیشمان لەگەڵیدا بینا بکەین. هەندێک لەوان، لە جوولەکەکان، لە خاچپەرستان و موسڵمانان، لە سۆسیالیس ت و ئەنارکیست و چاککارانی دنیا، لە ڕاستیدا، بۆ ئەوە نەهاتن بۆ ئۆرشەلیم تا شارەکە ئاوەدان بکەنەوە، بۆ ئەوەیش نەهاتن خۆیان دروست بکەن، بگرە ڕێک بەپێچەوانەوە بۆ ئەوە هاتن تا لە خاچ بدرێن، خەڵک لە خاچ بدەن و یا هاتن بۆ ئەوەی هەردووکیان پێکەوە ئەنجام بدەن. لێرەدا، لێشێوان و تێکچوونێکی هۆشەکی، نەخۆشییەکی هەستەکیی دانپێدانراو، هەیە کە پێی دەوترێت (دیاردەی ئۆرشەلیمی): خەڵک دێن بۆ ئۆرشەلیم، ئاووهەوای خۆش و سازگاری

چیاکان هەڵدەمژن و پاشان یەکسەر دەڕۆن و ئاگر لە مزگەوتێک، لە کڵێسایەک، یا لە پەرستگەیەکی جوولەکەکان بەردەدەن. یا سووک و ئاسان جلوبەرگی خۆیان دادەکەنن، بەسەر تاشەبەردێکدا هەڵدەگەڕێن و لەوێوە وەک پەیامبەران دەست بە پەیامناردن دەکەن. بەهیچ جۆرێک کەس گوێ لە کەس ناگرێت. تا ئەمڕۆیش، تەنانەت لە ئۆرشەلیمی ئەمڕۆیشدا، دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بیت کە هەر ڕیزێکی چاوەڕوانیی پاس لەخۆوە بگۆڕدرێت و ببێت بەکۆڕێکی گەرموگوڕ کە تێیدا خەڵکانی بەتەواوی بە یەکتر نائاشنا دەست بە گفتوگۆ دەکەن لەبارەی سیاسەت، ڕەوشت، ستراتیجی، مێژوو، ناسنامە، ئاین و نیازە ڕاستەقینەکانی خواوە. هاوکاتیش هەر کەسە و بەدەم بەشداریکردنەوە لەم جۆرە کۆڕانەدا و بەدەم دەمەقاڵێوە، بەچاک و بەخراپ، لەسەر سیاسەت و خواناسی، هەوڵ دەدات، بە ئانیشکوەشاندن، خۆی بگەیەنێتە پێشەوەی ڕیزەکە. هەموو هەر دەقیژێنن و بێجگە لە من، کەس گوێ لە کەس ناگرێت. من هەندێک جار گوێ دەگرم و بەم جۆرەیش بژێویی خۆم پەیدا دەکەم.

چۆن لەگەڵ کەسانێکدا ڕەفتار دەکەیت کە لە نیشانەی سەرسووڕمان نەبێت لە هیچی تر ناچن، نیشانەی سەرسووڕمانی ڕاوەستاو لەسەر دوو قاچ؟ چۆن بەر بەو کەسانە دەگرین کە لە بەکارهێنانی هیچ کەرەستەیەک سڵ ناکەنەوە؟ دەمارگیری، زۆربەی جاران، پێوەستە بە کەشوهەوایەکەوە کە پڕە لە بێ هیوایی: لەوێدا کە خەڵک هەست دەکەن لە شکست و سووکایەتی و بێ نرخی زیاتر شتێکی تر لە ئارادا نییە، دەتوانن لە ناچاری و بێ ئومێدیدا پەنا ببەنە بەر زۆر جۆری جیاوازیی زەبروزەنگ و توندوتیژی. تەنیا ڕێگەیەک بۆ بەرەنگاریکردنی بێ هیوایی، خوڵقاندن و بڵاوکردنەوەی هیوایە لەوانەیە ئەمە لەنێو دەمارگیرەکاندا کاری کردەنی نەبێت، بەڵام لەنێو خەڵکانی ژێردا کاری نەکردە نییە. ڕاستییەکەی خەڵکانی ژێر هەن و لە دەرەوەی دنیای (سی. ئێن. ئێن)دان، کە کامێراکانی بە تەنیا هەر دەمارگیرە قیژەقیژەکەرەکانی سەر شەقامەکان پێشان دەدەن، نەک ئەوانەی بێدەنگ و ژیرن و لە پشت پەنجەرە داخراوەکانی خۆیانەوە، لە کاتێکدا توندڕۆکان لە مەیدانەکاندا خەریکی شەڕ و ئاژاوەنانەوەن، نینۆک دەکرۆژن. تۆ هیوا بخوڵقێنە و ئەو کەسە ژیرانە خۆیان دێنە پێش و بەوپەڕی تواناوە ئامادەیی خۆیان پێشان دەدەن. من باوەڕم وایە و پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە لەنێو هەموو کۆمەڵێکدا بەتەنیا ژیرەکانن کە دەتوانن جڵەوی دەمارگیری بگرن. چ لە ڕۆژهەڵاتی زەریای ناوەڕاست و چ لە هەر جێیەکی تر، بەتەنیا ئیسلامی مامناوەندە کە دەتوانێت جڵەوی ئیسلامی دەمارگیر بگرێت، بە تەنیا نەتەوەپەرستی مامناوەندە کە دەتوانێت جڵەوی نەتەوەپەرستی دەمارگیر بگرێت. بەڵام بۆ ئەوەی ژیرەکان بوێرن لە دژی دەمارگیری بوەستنەوە و بەرەنگاری بکەن، دەبێت هیوای بەرجەستەیان بۆ ئامادە بکرێت، سەبارەت بەوەی کە چۆن بتوانن گرفتەکان چارەسەر بکەن و هەلومەرجی باشتر و لەبارتر بهێننە ئاراوە. هەر ئەوسایشە کە دەتوانرێت بەسەر بێ هیواییدا زاڵ ببین و جڵەوی دەمارگیری بگرین.

من دەبێت دان بەوەدا بنێم کە منیش وەک منداڵێک لە ئۆرشەلیم بەتەواوەتی دەمارگیرێکی

بچکۆلەی مێشکشۆردراوە بووم. خۆبەهەقزان، شۆڤێنی و کەڕ و کوێر لە ئاست هەر باس و خواسێکدا کە لە باس و خواسە بەهێزە یەهوودی و زایۆنییەکانی ئەو ڕۆژگارە جیاواز بوون. من منداڵێکی بەردهاوێژ، منداڵێکی جوولەکەی ڕابوون (ئینتیفازە) بووم. ڕاستییەکەی یەکەمین ئەو وشانەی بە ئینگلیزی، بێجگە لە "ئا" و "نا"، فێریان بووم، کاتێک ئێمەی منداڵانی جوولەکە بەدەم بەردگرتنە هێزەکانی ئینگلیزەوە لە ئۆرشەلیم هاوارمان دەکرد، بریتی بوون لە: "بۆ دەرەوە، ئینگلیز!" سەبارەت بە تەوس و تەنزی مێژوو لە ڕۆمانەکەمدا (بەوری ژێرزەمین)،ساڵی ١٩٩٥، باسی ئەوە دەکەم کە چۆن ئەو کوڕەی نازناوی (پرۆفی)یە، هەر نەبێت تا ڕادەیەک دەست لە هەڵوێستی دەمارگیری و شۆڤینییانەی خۆی هەڵدەگرێت و لە ماوەی دوو هەفتاندا دەگۆڕدرێت، تووشی داچڵەکین دەبێت، چاوی بە ڕووی ئەوەدا کە هەموو شتێک ڕێژەییە دەکرێتەوە. بەنهێنی دەبێت بەهاوڕێیەکی باشی دوژمنێکی خۆی، کە پۆلیسێکی بەریتانیاییی بێوەی و میهرەبانە. ئەوان؛ کوڕە و پۆلیس، بە دزییەوە یەکتر دەبینن و یەکتر فێری ئینگلیزی و عیبری دەکەن. کوڕەکەیش لەوە تێ دەگات کە ژنان نە شاخ و نە کلکیان هەیە و ئەمەیش لێ ئاشکرابوونێکە و کوتومت وەک ئەوەی کە نە بەریتانیاییەکان و نە عەرەبەکان شاخ و کلکیان هەیە دای دەچڵەکێنێت. ئەمە، بەجۆرێک لە جۆرەکان، هەستی هەر تاوە و لەسەر بەزمێک لە کوڕەکەدا دروست دەکات و ڕێی بۆ دەکاتەوە کە دەست لە بیروباوەڕە ڕەش و سپییەکانی خۆی هەڵبگرێت، بەڵام بێگومان بەو نرخەی کە ئەو لە کۆتاییی ئەم ڕۆمانە کورتەدا چیی تر منداڵێک نییە و گەورەیەکی بچکۆلەیە. بەشێکی زۆریش لە دڵخۆشی و پەرۆشی و شەیدابوونی خۆی بە ژیان لە دەست داوە. من لێرەدا لاپەڕەی یەکەمی (بەوری ژێرزەمین) بەبیردا دەهێنمەوە، چون پێم وانییە هیچ دیمەنێکی لەوە چاکتر بدۆزمەوە، تا خۆم وەک دەمارگیرێک بناسێنم:

"من، زۆرجاران، لە ژیانمدا بە خائین ناوبراوم. یەکەم جار تەمەنم دوازدە ساڵ و سێ مانگ بوو و لە جێیەک دەژیام لە دەرەوەی ئۆرشەلیم. پشووی هاوین بوو، کەمتریش لە یەک ساڵی مابوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتی بەریتانیاییی فەرمانڕەوا ئیسرائیل بەجێ بهێڵێت و دەوڵەتی ئیسرائیل لەنێو شەڕەوە لەدایک ببێت. بەیانییەک بەخەتێکی ئەستووری ڕەش لە دیواری ماڵەکەمان، لەژێر پەنجەرەی موبەقەکەماندا، نووسرابوو: "پرۆفی خائینێکی بەدڕەوشتە!" وشەی "بەدڕەوشت" پرسێکی کەونارای لەنێو مندا ژیانەوە، پرسێک کە تا ئەمڕۆیش، کە دانیشتووم و ئەم چیرۆکە دەنووسمەوە، بەخۆیەوە بەندی کردووم. "ئەرێ خائین هەن بەدڕەوشت نەبن؟" ئەگەر نەبن، ئەی ئەوسا (چیتا ڕێزنیک) – کە پاشان دەستوخەتەکەیم ناسییەوە– بۆ دەبوو وشەی "بەدڕەوشت" بخاتە پاڵ خائین؟ ئەگەریش "خیانەت"یش هەبێت، ئاخۆ کام خیانەت بەدڕەوشتانە نییە؟

من لەوساوە کە هێند بچکۆلە بووم نازناوی (پرۆفی)م بەسەردا برا. ئەمەیش کورتکراوەی (پرۆفیسۆر)ە و لە خولیا و ئارەزووی منەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە وشە سەر هەڵدەگرێت. (من هێشتا وشەم خۆش دەوێن، کۆیان دەکەمەوە، ڕێکیان دەخەم، تێکەڵیان دەکەم، هەڵگێڕوداگێڕیان پێ دەکەم

و پێکەوەیان دەلکێنم. بەئەندازەی ئەوانەی پارەیان خۆش دەوێت و هەڵگێڕوداگێڕ و ئاڵووێر بە پارە و پووڵەوە دەکەن، هەروەها ئەوانەیش کە حەزیان لە یاریکردنە بەکاغەزی قومار.)

کە باوکم، سەعات شەش و نیو، چووە دەرەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەکەی بهێنێت، چاوی بەنووسراوەکەی ژێر پەنجەرەی موبەقەکە کەوت. کاتی بەرچاییش، کە خەریک بوو مرەبای توودڕکی لە پارچەیەک نانی ڕەش هەڵدەسوو، لە پڕێکدا تا دەسکی چەقۆکەی بەنێو قوتووی مرەباکەدا کرد و بەدەنگێکی نەختێک بەرزەوە وتی: "هەر ئەمەمان کەم بوو؟ چیت کردووە خاوەن شکۆ، تا بەو جۆرە ڕێزمان لێ بگیرێت؟"

دایکیشم وتی: "بەم بەیانییە تووڕەی مەکە! منداڵان کەمیان پێ نەکردووە، ئەمجا نۆرەی تۆیە!"

باوکم، وەک زۆربەی پیاوانی گەڕەک، ئەو ڕۆژگارە، جلوبەرگی خاکی لە بەر دەکرد. لە شێوەی هەڵسوکەوت و قسەکانیشیدا وا دەردەکەوت کە هەموو کات لەسەر هەقە. بەچەقۆکەی لە بنەوەی قوتووەکەوە پڕ بەدەمەکەی مرەبای توودڕکی دەرهێنا و لە دوو پارچە نانی هەڵسوو و وتی: "ڕاستییەکەی زۆربەی خەڵک، ئەمڕۆ، لەخۆوە و زۆر ئاسان وشەی "خائین" بەکار دەهێنن. خائینی ڕاستەقینە کێیە؟ بێگومان کەسێکە بێ شەرەف. کەسێک کە بەدزییەوە، بەدزیی خەڵکەوە و لە پێناوی بەرژەوەندیی نادڵنیای خۆیدا یارمەتیی دوژمن دەدات دژی گەلی خۆی، یا بۆ زیان پێگەیاندن بە کەسوکار و هاوڕێیانی. قێزەونترە لە پیاوکوژێک. فەرموو هێلکەکەت بخۆ. ئەوەتا نووسراوە کە خەڵک لە ئاسیا، لە برساندا، دەمردن."

دواتر هەر لەم ڕۆمانەدا خوێنەر لەوە تێ دەگات کە باوکەکە بەتەواوی بەهەڵەدا چووە: تەنیا ئەوانە دەبن بە "خائین" کە دڵداری دەکەن. "خیانەت" دژەبەری خۆشەویستی نییە، خۆشەویستی یەکێک لە ڕێگەکانی دەربازبوون لە "خیانەت"ـە. "خائین" ئەوەیە کە لە چاوی ئەو کەسەدا دەگۆڕدرێت، کە ناتوانێت و نایەوێت بگۆڕدرێت، ئەو کەسەی کە ناتوانێت بیر لە گۆڕان بکاتەوە، بێجگە لەوەی کە بەردەوام دەیەوێت ئەوی تر بگۆڕێت. بەواتایەکی تر "خائین" لە چاوی دەمارگیرەوە ئەوەیە کە دەگۆڕدرێت، بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو کەسە کێیە. هەڵبژاردنی نێوان دەمارگیر و "خائین"یش هەڵبژاردنێکی سەخت و دژوارە. دەمارگیرنەبوون، تا ڕادەیەکی دیاریکراو و بەجۆرێک لە جۆرەکان، ئەوەیە کە لە چاوی دەمارگیرەوە "خائین" بیت. من ڕێی خۆمم، وەک ئەوەی کە لە ڕۆمانی (بەوری ژێرزەمین)دا پێشکێش کردووە، دیاری کردووە و هەڵبژاردووە.

هەر نەختێک بەر لە ئێستا خۆمم بەشارەزای بەراوردکردنی جۆرەکانی دەمارگیری ناو برد. ئەمە لەخۆڕا و بۆ گاڵتە نییە. ئەگەر جارێک لە جاران خوێندنگەیەک یا زانکۆیەک دابمەزرێنرێت و ئامۆژگەیەکی هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە دەمارگیریی بەراوردکاری، ئەوە من داوا دەکەم وەک مامۆستایەک وانەی تێدا بڵێمەوە. وەک کەسێک کە پێشتر لە ئۆرشەلیم ژیاوە، وەک دەمارگیرێک کە چارەسەر کراوە، هەست دەکەم لە هەر کەسێکی تر زیاتر لێوەشاوە و شایستەی ئەو کارەم. ڕەنگە ئیتر کاتی ئەوە هاتبێت کە لە هەر خوێندنگەیەک، هەر زانکۆیەک، هەر نەبێت بەلانی کەمەوە،

چەند خولێک بۆ دەمارگیریی بەراوردکاری بکرێتەوە، چون دەمارگیری لە هەموو شوێنێک هەیە. مەبەستیشم لەمە بەتەنیا ئەو خۆپێشاندانە ئاشکرایانە نییە کە بۆ بنیاتگەرایی و پەرۆشی دەکرێن. من بەتەنیا بیر لە دەمارگیرە ئاشکراکان ناکەمەوە، بیر لەوانە ناکەمەوە کە لە تەلەڤزیۆنەوە دەردەکەون، بیر لە ئاپۆڕەی گرژ و تووڕەی خەڵک ناکەمەوە، کە مشتیان بە ڕووی کامێراکاندا هەڵبڕیوە و بە زمانانێک کە ئێمە لێیان تێ ناگەین دەقیژێنن و هاوار دەکەن. نا، دەمارگیری لە هەموو شوێنێک، لە هەر شوێنێک، هەیە و شێوە نەرمونیانەکەی و شارستانییەکەی بەردەوام لە دەوروبەری ئێمە، لەوەیە لەنێو خۆیشماندا، هەبێت. بۆچی من کەم کەسی دژ بە جگەرەکێشانم بینیوە کە ئامادەن کەسێک بەزیندوویی بسووتێنن، ئەگەر بێتو لە نزیکیانەوە جگەرەیەک دابگیرسێنێت! کەم سەوزەخۆرم بینیوە کە هەر لەبەرئەوەی کەسێکی تر گۆشت دەخوات ئامادەیە بە زیندووی بیخوات! ئەی سەبارەت بەوانەی شەڕیان ناوێت چی بڵێین! لەنێو بزووتنەوەی ئیسرائیلییەکاندا بۆ ئاشتی، زۆر هاوڕێم هەن کە بەوپەڕی دڵخۆشییەوە دەتوانن گوللەیەک بە تەپڵی سەرمەوە بنێن هەر بە تەنیا لەبەرئەوەی من، هێندەی پێوەندی بەئاشتی لەگەڵ فەلەستینییەکانەوە هەیە، نوێنەرایەتیی ستراتیجێکی تا ڕادەیەک جیاواز دەکەم. بێگومان من بانگاشەی ئەوە ناکەم ئەوەی دژی شتێک دەنگ بەرز دەکاتەوە هەر دەبێت دەمارگیر بێت. بەهیچ جۆرێک و بەهیچ مانایەکیش نامەوێت ئەوە بڵێم کە ئەوەی خاوەنی بیروباوەڕی بەهێزی خۆیەتی، هەبێت و نەبێت، هەر دەبێت دەمارگیر بێت. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە تۆوی دەمارگیری هەرگاڤ لەنێو خۆبەهەقزانییەکدایە کە ئامادە نییە سازش لەسەر هیچ شتێک بکات، دەرد و پەتایەکە کە بەدرێژاییی چاخەکان لە دنیادا هەبووە و هەیە. قسەیش لەسەر ئەوە نییە کە بەدکاری زۆر ئاست و پلەی جۆراوجۆری هەیە! کەسێکی خەباتگێڕ لە پێناوی پاراستنی ژینگەدا دەتوانێت خۆبەهەقزانێکی سازشنەکەر بێت، بەڵام ئەو، نێر بێت یا مێ، بە بەراورد، بۆ نموونە، لەگەڵ کەسێکدا کە خەریکی پاکتاو و لەناوبردنی کەمایەتییەکان یا خەریکی تیرۆریزمە، زەرەر و زیانێکی زۆری لە دەست نابێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەموو دەمارگیرەکان تام و چێژ و خۆشەویستییەکی تایبەتیان بۆ بێ سەروبەری و ناهاوئاهەنگی هەیە. دەمارگیرێک، زۆرجاران، چ نێر چ مێ، دەتوانێت بە تەنیا تا یەک بژمێرێت و ژمارە دوو بۆ ئەو ژمارەیەکی تا بڵێیت ئاڵۆزە. هاوکاتیش دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەین کە دەمارگیرەکان، زۆربەی کات، تا ئەوپەڕی بێ هیوایی کەسانی هەستەکین، ئەوان هەست بەر لە ئەقڵ و بیرکردنەوە دادەنێن و بەتایبەتیش کەمەندگیر و پەرۆشی مەرگی خۆیانن. ئەوان ڕقیان لەم دنیایە دەبێتەوە و بەپەرۆشن بۆ ئەوەی بە ''ئاسمان''ی بگۆڕنەوە. ''ئاسمان'' بۆ ئەوان وەک ئەو بەختەوەرییە هەمیشەیییە وایە کە لە کۆتاییی هەر فیلمێکی خراپدا پەیمانیان پێ دەدرێت.

با نەختێک لە بابەتەکە دوور بکەومەوە و چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە، چون خوویەکە و گرتوومە و بەدەست خۆم نییە و ناتوانم لە بابەت دوور نەکەومەوە. هاوڕێیەکی ئازیز و هاوکارم؛ ڕۆماننووسی

بەناووبانگی ئیسرائیلی؛ (سامی میشێل)، جارێکیان لە نێوان دوو شار و لە گەشتێکی درێژی خۆیدا تووشی دەبێت بەتووشی شۆفێرێکەوە و شۆفێر باس و خواسی ئەوەی لەگەڵدا دەهێنێتە پێشەوە کە بۆ ئێمەی جوولەکە چەند گرینگ و کارێکی پەلەیە هەموو عەرەبەکان بکوژین. سامی گوێی لێ دەگرێت و بەڵام لە بریی ئەوەی بەسەریدا بقیژێنێت: ''چ کەسێکی ترسناکیت! نازیت؟ فاشیت؟'' بڕیار دەدات کە بەجۆرێکی تر ڕووبەڕووی شۆفێرەکە ببێتەوە و لێی دەپرسێت: ''کێن ئەوانەی کە دەبێت هەموو عەرەبەکان بکوژن؟'' شۆفێریش دەڵێت: ''مەبەستت چییە؟ ئێمە! ئێمەی جوولەکە ئیسرائیلییەکان! ئێمە دەبێت ئەو کارە بکەین! هیچ چارەیەکی تریشمان نییە، ئەی نابینیت ئەوان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، چی بە ئێمە دەکەن!'' ''بەڵام هەر بەڕاست پێت وایە کێن ئەوانەی دەبێت بەو کارە هەڵبستن؟ پۆلیس؟ لەشکر؟ یا ئەوانەی ئاگر دەکوژێننەوە؟ یا کارمەندی نەخۆشخانەکان؟ کێن ئەوانەی دەبێت ئەم کارە بکەن؟'' شۆفێریش نەختێک سەری خۆی دەخورێنێت و دەڵێت: ''ئەمە دەبێت یەکسان بەسەر هەموومـاندا دابەش بکرێت و هەر یەکێک لە ئێمە دەبێت چەند کەسێکیان لێ بکوژێت.'' (میشێل)یش، کە هێشتا ئارامە و دانی بەخۆیدا گرتووە، پێی دەڵێت: ''باشە، گریمان تۆ دەستنیشان دەکرێیت بۆ ڕیزەماڵێکی کرێگرتە، لە حەیفا، لە شارەکەی خۆتان و دەچیت یەک لە دوای یەک لە دەرگەکانیان یا لە زەنگی ماڵەکانیان دەدەیت و لێیان دەپرسیت: ''ببوورە، بەڕێز، یا خاتوون، ئێوە عەرەبن؟ ئەوجا ئەگەر بە ''ئا'' وەڵامیان دایتەوە، دەیانکوژیت. کاتێکیش لەو ڕیزەماڵە بوویتەوە و خەریکە بەرەو ماڵ دەبیتەوە، لە نهۆمی چوارەمەوە گوێت لە گریە و قیژەی منداڵێکی ساوا دەبێت، ئەی ئەوسا دەگەڕێیتەوە و ئەویش دەکوژیت؟ ئا یا نا؟'' نەختێک بێدەنگ دەبن و پاشان شۆفێرەکە بە (سامی میشێل) دەڵێت: ''بەڕاستی تۆ زاڵمیت، بێگومان نا!'' ئەم بەسەرهاتە ڕوون و ئاشکرایە و شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە شتێک لە سروشتی دەمارگیردا هەیە کە لە بنەمادا زۆر هەستەکییە و هاوکاتیش کەموکووڕییەک لە فانتازیای ئەودا پێشان دەدات. تۆ بەپێگەیاندنی نەختێک لە فەنتازیا بەخەڵک دەتوانیت وا لە دەمارگیرێک بکەیت هەست بەنادڵنیایی بکات و ئەمەیش هەندێک جار جۆرە هیوایەک، ئەگەرچی هیوایەکی سنوورداریشە، بە من دەدا. ئەمە دەرمانێک نییە بۆ چارەکردنی ئەو نەخۆشییە، چارەسەرێکی بە پەلە نییە، بەڵام دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت.

دەکرێت، بە یەک ئاراستە جووڵان و وەک یەک بیرکردنەوە و تاسە و ئارەزووی وابەستەیی بەوانی ترەوە و حەزکردن لەوەی کە هەموو کەسێکی تریش هەمان شت بکات کە خۆت دەیکەیت، ئەگەرچی ترسناکترین شێوەی دەمارگیریش نەبێت، بەڵام دەکرێت یەکێک بێت لە بەربڵاوترین شێوەکانی دەمارگیری. بیر لەو فیلمە قەشەنگەی (مۆنتی پایتۆن)؛ (ژیانی برایەن) بکەوە، کاتێک (برایەن) بەکۆمەڵێک لە شاگرد و ڕێهەڵگرەکانی خۆی دەڵێت: ''ئێوە هەمووتان تاکەکەسن!'' و ئەوانیش بە یەک دەنگ و پێکەوە هاوار دەکەن: ''ئێمە هەموومان تاکەکەسین!'' بێجگە لە یەکێکیان کە لە بەرخۆوە و گەوجانە و بەکزییەکەوە دەڵێت: ''من نا! من تاکەکەس نیم!'' و ئەوانی تر، هەموو

پێکەوە، بەسەریدا دەنەڕێن و بێدەنگی دەکەن. ئێستا کە من بانگەشەی ئەوەم کردووە کە بە یەک ئاراستە جووڵان و وەک یەک بیرکردنەوە، شێوە نەرمونیانەکانی، بەڵام بەربڵاوترین شێوەکانی دەمارگیرین، دەبێت ئەوەیشی لێ زیاد بکەم کە کەسپەرستی، پەرستنی ڕێبەرانی سیاسی یا ئاینی، پەرستنی کەسانی بەناووبانگ، دەتوانێت جۆرێکی تری بەربڵاوی دەمارگیری بێت. لەوە دەچێت، چەرخی نۆزدەم، لەم ڕووانەوە: ڕێژیمە تۆتالیتارەکان، بیروڕا مەرگهێنەکان، شۆڤێنیزمی توند و تڕۆ و شێوە توندوتیژەکانی دەمارگیریی ئاینی لەلایەکەوە و پەرستنی کەسانی وەک (مادۆنا) و (مارادۆنا) لەلایەکی ترەوە، ئەم چەرخە لە چەرخەکانی تر جیا بکاتەوە. لەوەیە خراپترین سیمای جیهانگەرایی گەڕاندنەوەی ڕەگەزی مرۆڤ بێت بۆ سەردەمی منداڵی؛ سەردەمی "باخچەی یاریکردنی جیهانگر"، کە پڕە لە لەیستۆک و شتومەک و پڕە لە نوقوڵ و شیرینی. تا نێوەڕاستی چەرخی هەژدەمیش، چەند ساڵێک زیاد یا کەم، بە نەختێک جیاوازییەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک و لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێک، بەڵام تا نزیک ناوەڕاستی چەرخی هەژدەم، بەلانی کەمەوە، سێ پرسی سەرەکی و گرینگ هەبوون کە زۆربەی خەڵک و لە بەشێکی بەرفراوانی دنیادا، دەیانتوانی وەڵامی بدەنەوە: لە کوێ ژیان بەسەر ببەم، چۆن بژێویی خۆم پەیدا بکەم و پاش مردن چیم بەسەر دێت. نزیکەی هەموو خەڵکی جیهان، سەد و پەنجا ساڵێک لەمەوبەر، دەیانزانی کە هەموو ژیانیان لەو جێیەی لێی لەدایک بوون، یا لە جێیەکی نزیک بەو، یا لە گوندەکەی دراوسێیان، بەسەر دەبەن. هەموویان دەیانزانی کە بژێویی خۆیان بەهەمان شێوەی دایک و باوکیان، یا بەشێوەیەکی لێکچووی وەک ئەوەی ئەوان، پەیدا دەکەن. هەموویش دەیانزانی کە پاش مردن، ئەگەر ژیانیان بەڕێکوپێکی بگوزەرێنن، دنیایەکی باشتر لەم دنیایە چاوەڕێیان دەکات. چەرخی نۆزدەم ئەم بیروباوەڕە بنەڕەتی و سەرەکییانەی لە گۆڕ نا و زۆرجاریش تێکوپێکی شکاندن. ڕەنگە لەدەستدانی ئەم بیروباوەڕانە بووبێت کە ڕێی بۆ نیوچەرخ خۆش کرد، کە بەئاشکرا مۆرکی بیروڕاخوازی پێوە دیار بێت و ڕێی بۆ نیوچەرخیش دوای ئەوە خۆش کرد کە لە هەر کاتێکی تر زیاتر بە مۆرکی خۆپەرستی و تام و چێژگەرایی و شتومەکخوازی بناسرێتەوە. سروودی هەموو بزووتنەوە ئایدیۆلۆجییەکانی نیوچەرخی ناوبراوی یەکەمین ئەمە بوو: "سبەینێ لە ئەمڕۆ باشتر دەبێت با ئەمڕۆ شتێک بکەین بەقوربانی سبەینێ!" تەنانەت با وا لە خەڵکی تریش بکەین ئەمڕۆ شتێک بکەن بە قوربانی، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەهەشتێک بۆ منداڵەکانمان بەجێ بهێڵین. ئەم هەڵوێستە، لە دەوروبەری نێوەڕاستی چەرخی نۆزدەمدا، بەهەوڵدان بۆ بەپەلە بەدەستهێنانی بەختەوەری گۆڕدرایەوە، بەڵام ئەو بەختەوەرییە نا کە مافی بێ چەندوچۆنی هەر کەسێکە بەدوایدا بگەڕێت و بەدەستی بهێنێت، بگرە ئەو خەیاڵبڵاوییە بەرفراوانەی کە بەخەڵک ڕادەگەیەنێت: "بەختەوەری لەنێو جامخانەی دوکان و کۆگەکاندایە و بۆ بەدەستهێنانی هەر ئەوەندەت پێویستە هێند دەوڵەمەند بیت، تا بتوانیت بیکڕیت!" چەمکی "بەختەوەربوون لە ژیاندا" و خەیاڵبڵاوی لەبارەی بەختەوەریی هەمیشەییەوە، خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە خۆگەوجکردن و دژی

خۆقسەکردنە. ئەوجا چ لە ئاستێکی دیاریکراو یا لەوپەڕیدا بێت. بەختەوەریی تاهەتایی بەهیچ جۆرێک بەختەوەری نییە، وەک چۆن "ڕەحەتبوون"ی هەمیشەیی، بەهیچ جۆرێک، "ڕەحەتبوون" نییە.

نێوەڕۆکی دەمارگیری حەزی ناچارکردنی خەڵکی ترە بۆ ئەوەی خۆیان بگۆڕن، ئەو مەیلە هەموو کات ئاسایی و ئامادەیەیە کە دەیەوێت دراوسێکەی چاکتر بکات، یا ژیانی هاوسەرەکەی بەخواستی خۆی ڕێک بخات، یا منداڵەکانی بەشێوەیەک لێ بکات کە خۆی دەیەوێت، یا براکەی بەدڵی خۆی بگۆڕێت، لە بریی ئەوەی وازیان لێ بهێنێت خۆیان چۆنن وابن. دەمارگیر تا ئەوپەڕی بوونەوەرێکی خۆنەویست و تا بڵێیت خۆنەپەرستە. دەمارگیر، زۆربەی کات، تۆی لە خۆی بە لاوە گرینگترە. تۆی بەلاوە گرنگترە و دەیەوێت ڕۆحت ڕزگار بکات، دەیەوێت ببێت بە فریادڕەست، دەیەوێت لە گوناە، لە هەڵە و لە جگەرەکێشان، لە بیروباوەڕ، یا لە کەموکوڕیی بیروباوەڕ ڕزگارت بکات. دەیەوێت شێوەی نان خواردنت چاکتر بکات، یا لە مەیخواردنەوە دوورت بخاتەوە، یا دەیەوێت لە هەڵبژاردنەکاندا بە دڵی ئەو دەنگ بدەیت. دەمارگیر، تا ئەوپەڕی، گرینگی بە تۆ دەدات و تۆی لە خۆی خۆشتر دەوێت، یا ئەوەیە دەسلەملانت دەبێت چونکە بەڕاستی تۆی خۆش دەوێت، یا دەست دەنێتە بینت و دەتخنکێنێت، هەر لەبەرئەوەی شوێنەون بوویت و ناتوانێت چارەیەکت بۆ بدۆزێتەوە و بتهێنێتەوە سەر ڕێی ڕاست. بەهەرحاڵ ئەگەر لە ڕوانگەی هەڵکشان و داکشانی خۆشەویستییەوە لێی بڕوانین دەستلەملکردن و خنکاندنی کەسێک، بۆ ئەو، هەر هەمان شتن. لەبەر هەر هۆیەک و هەر چۆنێک بێت، دەمارگیر، بەو هۆ ساکارەوە کە تێگەیشتنێکی لاوازی بۆ کەسایەتیی خۆی هەیە، یا هیچ تێگەیشتنێکی بۆ کەسایەتیی خۆی نییە، ئەوی تری لە خۆی بەلاوە گرینگترە. هێند سادە و ساکار نییە کە بڵێین (بین لادن) و هاوبیرەکانی ئەو ڕقیان لە ڕۆئاوا دەبێتەوە. بە هیچ جۆرێک وا نییە. بەڵکو من پێم وایە ئەوان دەیانەوێت ڕۆحمان ڕزگار بکەن، دەیانەوێت ڕزگارمان بکەن لە نرخ و بەها ترسناکەکانمان، دەیانەوێت لە ماتریالیزم، لە پلورالیزم و لە دیموکراتی و لە ئازادیی بیرورا دەربڕین و لە هەوڵدان بۆ ئازادیی ژنان ڕزگارمان بکەن... موسڵمانە بنیاتگەراکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو شتانە بۆ تەندروستیی ئێمە زۆر زۆر خراپن. بە دڵنیاییەوە ئامانجی ڕاستەوخۆی (بین لادن) لێدانی هەرێمە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبوو، بگرە ئامانجی ڕاستەوخۆی ئەو گۆڕینی خەڵک بوو، خەڵکانی ژیر و ئەوانەی بەکردەوە موسڵمانی ڕاستەقینەن، بۆ ئەوەی ببن بە ئیماندارانی سەرڕاست و ئەو جۆرە موسڵمانەی کە ئەو دەیەوێت. بەپێی تێگەیشتنی (بین لادن) ئیسلام بەهۆی "نرخ و بەها ئەمەریکاییەکانەوە" کز و لاواز بووە، بەڵام بۆ ئەوەی ئیسلام بپارێزرێت هەر بە تەنیا ئەوە بەس نییە لە ڕۆئاوا بدرێت و بەتوندیش لێی بدرێت، نەخێر، دەبێت وردە وردە ڕۆئاوا بهێنرێتە سەر ئاینی ئیسلام. تەنیا ئەو کاتەیش ئاشتی دێتە ئاراوە کە هەموو دنیا بهێنرێتە سەر ئاینی ئیسلام، هەر بە تەنیا ئاینی ئیسلامیش نا، بگرە ئەو جۆرەی ئیسلام کە لە هەموو جۆرێکی تر بنیاتگەراتر و بەزەبروزەنگتر و

ڕەقوتەق و وشکهەڵاتووترە. ئەمەیش دەبێت بەمایەی خێر و خۆشی بۆ ئێمە. ڕاستییەکەی (بین لادن) ئێمەی خۆش دەوێت. ٢٠٠١/١١/١١ لە خۆشەویستیی ئەوەوە بوو بۆ ئێمە، ئێمەی زۆر خۆش دەویست. لە پێناو و بۆ چاکەی ئێمە ئەوەی کرد، ئەو دەیەوێت بمانگۆڕێت، ڕزگارمان بکات. زۆربەی کات ئەمە لە خێزانەوە دەست پێ دەکات. پێم وایە دەمارگیری لە ماڵەوە دەست پێ دەکات. ڕێک بەو کردە زۆر ئاساییەیش دەست پێ دەکات کە کەسێکی خۆشەویست و نزیکی خۆت بەجۆرێک بگۆڕیت کە خۆت دەتەوێت. لەو غەریزەیەوە دەست پێ دەکات کە خۆت لە پێناوی دراوسێیەکی زۆر خۆشەویستتدا بکەیت بە قوربانی، لەو حەزەوە دەست پێ دەکات کە بەمنداڵێک بڵێیت: ''دەبێت وەک من بیت و وەک دایکت نەبیت.'' یا ''دەبێت وەک من بیت و وەک باوکت نەبیت.'' یا ''تکایە، وەک دایک و باوکت مەبە.'' یا ئەو ژن و مێردەی بە یەکتر دەڵێن: ''دەبێت خۆت بگۆڕیت، دەبێت وەک من ببینیت و لە چاوی منەوە دنیا ببینیت، ئەگەرنا ئەم ژنومێردایەتییەمان سەر ناگرێت.'' دەمارگیری، زۆربەی کات، لەو حەز و ئارەزووەوە دەست پێ دەکات کە دەتەوێت ژیانی کەسێکی تر، نەک ژیانی خۆت، بژیت. لەوەوە دەست پێ دەکات دەست لە ژیانی خۆت هەڵبگریت، بۆ ئەوەی بۆ کەسێکی تر و نەوەی داهاتوو ئاسانتر و خۆشتر بێت. خۆفیداکردن، زۆربەی کات، وا لە کەسی بەرانبەر دەکات هەست بە قەرزاربارییەکی تۆقێنەر بکات و هەر لەبەرئەوەیش دەمارگیر بەئاسانی چۆن بیەوێت یاری بە هەست و نەستی ئەو کەسە دەکات و تەنانەت بە تەواویش دەیخاتە ژێر ڕکێف و دەستەڵاتی خۆیەوە. ئەگەر من ناچار بوومایە لە نێوان ئەو دوو جۆرە دایکەی کە کتومت هاودەنگن و لە یەکتر و لە گشت دایکانی تر دەچن – لەو گاڵتە بەناووبانگەدا کە لەنێو جوولەکەکاندا باوە– هەڵبژێرم. یەکەمیان ئەو دایکەی کە بەمنداڵەکەی دەڵێت: "بەرچاییەکەت نەخۆیت، دەتکوژم!'' و ئەوی تریشیان کە دەڵێت: ''بەرچاییەکەت بخۆ، ئەگینا خۆم دەکوژم!'' هیچ دوور نەبوو لەنێو ئەو دوو شتە خراپەدا ئەوەیانم هەڵبژاردایە کە خراپەی کەمترە. دەمەوێت بڵێم بەرچاییەکە نەخۆم و بمرم چاکترە، نەک ئەوەی بەرچاییەکە نەخۆم و تا مردن بەدەست هەستی قەرزارباریيەوە ئێش و ئازار بچێژم.

ئێستا با سەرنج لەوە بدەین کە دەمارگیری و دەمارگیرەکان چ ڕۆڵێکی ناخۆش دەبینن لەو ناکۆکییەدا کە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و هەروەها لە نێوان ئیسرائیل و بەشێکی گەورەی وڵاتانی عەرەبدا هەیە. کێشە و ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستین، لە بنەڕەتدا، شەڕێکی نێوەخۆی نێوان دوو توێژی هەمان نەتەوە نییە، یا شەڕێک نییە لەنێو یەک نەتەوە یا یەک کولتووردا هەڵگیرسابێت. ئەمە کێشەیەکی نێوەخۆ نییە و کێشە و ناکۆکییەکی نێونەتەوەییە. بەختەوەرییش لەوەدایە کە کێشەیەکی نێونەتەوەییە، چونکە چارەسەرکردنی کێشە نێونەتەوەییەکان، لە کێشە نێوەخۆکان و لە شەڕی نێوان دینەکان و لە شەڕی چینایەتی و شەڕکردن لەسەر نرخ و بەهاکان، ئاسانترە. وتم ئاسانترە، نەک ئاسان! ڕاستییەکەی شەڕی نێوان جوولەکەکانی ئیسرائیل و عەرەبەکانی فەلەستین شەڕی ئاینەکان نییە، ئەگەرچی دەمارگیرەکانی هەردوو لا بەوپەڕی

توانایانەوە هەوڵ دەدەن بیگۆڕن بەشەڕێکی ئاینی. ئەم شەڕە، لە ناکۆکی و کێشە لەسەر زەوی زیاتر، لەو پرسەی هەمووماں بە دەستییەوە دەناڵێنین کە "ئەم خاکە، خاکی کێیە؟" زیاتر، شتێکی تر نییە. کێشەیەکە لە نێوان هەق و هەقدا، لە نێوان دوو داوای زۆر بەهێز و ڕەوا لەسەر هەمان خاک، ئەویش خاکێکی بچکۆلە. شەڕی نێوان ئاینەکان نییە، شەڕی نێوان کولتوورەکان نییە و دژبەرکێ و ناتەباییی نێوان دوو نەریتی جیاوازیش نییە، بەڵکە سووک و ئاسان ڕێکنەکەوتنە لەسەر ئەوەی ئەم "ماڵە" ماڵی کێیە و من پێم وایە دەتوانرێت چارەسەریش بۆ ئەمە بدۆزرێتەوە.

من پێشتر وتم کە من تا ڕادەیەک، بە وریاییییەوە، باوەڕم بەوە هەیە کە فەنتازیا بەشێوەیەکی سنووردار و هەر نەبێت نەختێک دەتوانێت خۆی لە بەرانبەر دەمارگیریدا بگرێت و بەرهەڵستیی بکات. کەسێک کە خۆی وا دەبینێت بیر و بۆچوونەکانی، کاتێک پێوەندیی بەو منداڵە ساوایەوە هەیە کە لە نهۆمی چوارەمدا دەگری فراوانترن و لە هیی کەسێکی بەتەواوی دەمارگیر و کەللەڕەق نەرمترن، ڕەنگە لە ئەنجامدا کەسێک بێت بتوانرێت سەبارەت بەدەمارگیرییەک کە دووچاری بووە گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت و ئەمەیش خۆی لە خۆیدا تا ڕادەیەک خراپ نییە. هەر لەم پێوەندییەدا، خۆزگە، بمتوانیایە بڵێم کە بۆ هەموو کات ئەدەبیات وەڵامێکە دژی دەمارگیری، چونکە ئەدەبیات لەبەرئەوەی خوێنەران بەرەو فانتازیا ڕادەکێشێت، دەتوانێت جۆرە چارەسەرێکیش بێت دژی دەمارگیری. خۆزگە، هەر هێندە بمتوانیایە، ئەم ڕێنوێنییەم بکردایە: "ئەدەبیات بخوێننەوە، تا دەمارگیریتان لە کۆڵ ببێتەوە." بەڵام بەداخەوە ئەمە هەروا سادە و ساکار نییە. بەداخەوە، بەدرێژاییی مێژوو، زۆر شیعر، زۆر چیرۆک و شانۆنامە بۆ ئەوە بەکار هێنراون تا ڕق و هەستی توندی نەتەوەپەرستی و خۆبەهەقزانینمان تێدا بە ئاگا بهێننەوە. سەرباری ئەمەیش بەرهەمگەلێکی ئەدەبی هەن کە من پێم وایە تا ڕادەیەک دەتوانن یارمەتیدەرمان بن. ئەو بەرهەمانە ناتوانن موعجیزە بخوڵقێنن، بەڵام دەتوانن یارمەتیدەر بن. لەوەیە بەرهەمەکانی شێکسپیر یارمەتییەکی زۆرمان بدەن. هەموو توندڕۆییییەک، هەموو دەمارگیرییەک، هەموو شەڕێکی خاچپەرستانە کە ئامادەی سازشکردن نییە، لای شێکسپیر لە ئاکامدا یا بە تراجیدیا یا بە کۆمێدیا تەواو دەبن. لە کۆتاییدا دەمارگیر نە بەختەوەرتر و نە ئەوەیشە گشت ئاواتەکانی هاتبێتنە دی، ئەو یا مردووە یا بووە بەگاڵتەیەک و هیچی تر نا. ئەمە خۆپاراستنێکی یەکاویەکە دژی نەخۆشیی دەمارگیری! (گۆگۆڵ)یش دەتوانێت یارمەتیمان بدات. گۆگۆڵ خوێنەرەکانی بەشێوەیەکی زۆر سەیر هۆشیار دەکاتەوە بەوەی کە چەند کەم دەزانن، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە باوەڕمان وایە ئێمە لە سەداسەد لەسەر هەقین. گۆگۆڵ فێرمان دەکات کە "لووت"مان دەتوانێت لێمان ببێت بەدوژمنێکی زۆر ترسناک، تەنانەت دەتوانێت لێمان ببێت بەدوژمنێکی دەمارگیر و تەنانەت بەوەیش کۆتاییی بێت کوێرانە بکەوینە ڕاوانی "لووت"ی خۆمان. ئەمەیش خۆی لە خۆیدا وانەیەکی خراپ نییە. کافکا لەم ڕووەوە ڕێپێشاندەرێکی چاکە، ئەگەرچی دڵنیام لەوەی کە ئەو خۆی هەرگیز خۆی وا نەبینیوە لە پەروەردەکردنی دژی دەمارگیریدا بەکار بهێنرێت. کافکا

پێشانمان دەدات کە تاریکی و ڕاز و گاڵتەپێکردن، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە خۆمان پێمان وایە هیچ شتێکی هەڵەمان نەکردووە، لە ئارادا هەن. ئەمیش یارمەتیمان دەدات. (ئەگەر هەر ئەوەندە کاتمان هەبووایە دەمتوانی زۆر زیاتر لەوە لەسەر قسەکردن لەبارەی کافکا و گۆگۆڵ و ئەو پێوەندییەی لە نێوان ئەواندا هەیە، ئەو پێوەندییە هاوبەش و نەرمونیانەی کە لەو دووانەدا دەیبینم، بەردەوام بم، بەڵام با ئەمیان بمێنێت بۆ جارێکی تر.) لەو باوەڕەدام (ویلیەم فۆڵکنەر)یش لەم ڕووەوە بتوانێت یارمەتییەکی چاکمان بدات. (یەهودا ئامیچای)ی شاعیری ئیسرائیلی هەموو ئەمانە زۆر چاکتر لەوەی کە من بەئاواتم دەری ببڕم، دەردەبڕێت؛ کاتێک دەڵێت: "لەوێدا کە ئێمە لەسەر هەقین، هیچ گوڵێک ناڕوێت." ئەمە ڕستەیەکە تا بڵێیت بەکەڵک و دەتوانین بەکاری بهێنین. هەر لەبەر ئەوە، لە هەندێ ڕووەوە، بەشـــێک لە ئەدەبیـــات، بەڵام هەمـــووی نا، دەتوانێت یارمەتیدەرێکی چاکمان بێت.

ئەگەر پەیمانم پێ بدەن ئەوەی ئێستا دەیگێڕمەوە وەک – هەموو شتێک بە خوێ و خوێش بە مانا– لێ وەربگرن، ئەوەیشتان بۆ باس دەکەم کە من، هەر نەبێت لە ڕووی مەبدەئییەوە، پێم وایە دەرمانی دژی دەمارگیریم دۆزیوەتەوە. مەیل و حەز لە گاڵتەوگەپ، دەرمانێکە یەکاویەک. من قەت دەمارگیرێکم نەبینیوە حەزی لە شۆخی بێت، هەرگیز مرۆڤێکیشم نەبینیوە مەیلی لە گاڵتەوگەپ بێت و بووبێت بەدەمارگیر، ئەگەر مەیل و حەزی خۆی بەرانبەر بە گاڵتەوگەپ لە دەست نەدابێت. دەمارگیرەکان زۆربەی کات زۆر قسەڕەق و قسەتڕنن. هەندێکیان مەیل و حەزێکی ئاشکرا و ڕوونیان بۆ تانەوتەشەر و قسەڕەقی هەیە، بەڵام حەز بە گاڵتەوگەپ ناکەن. گاڵتەوگەپ ئەو توانستەیشی تێدا جێ دەبێتەوە کە کەسێک نەک بە تەنیا هەر بە خەڵک، بەڵکو بتوانێت بە خۆیشی پێ بکەنێت. گاڵتەوگەپ ڕێژەییبە، ئەو توانستەیە کە لە چاوی خەڵکی ترەوە خۆت ببینیت، ئەو توانستەیە وات لێ دەکات چەندیش تۆ لەسەر هەق بیت و چەند خراپیش ڕەفتارت لەگەڵدا کرابێت، کەچی بەجۆرێک لە جۆرەکان لەوانەدا شتێک هەر دەبینیتەوە نەختێک پێکەنین و خۆشیت پێ بدات. تا زیاتریش کەسێک سەرڕاست و لەسەر هەق بێت، هێند زیاتر بە ڕووی خۆشی و پێکەنیندا دەکرێتەوە. هەر لەم پێوەندییەشدا دەکرێت ئەو کەسە کەسێکی سەرڕاستی ئیسرائیلی یا سەرڕاستی فەلەستینی یا هەر کەسێکی سەرڕاستی تر بێت، بەڵام تا ئەو جێیەی کە مەیل و حەزی لە شۆخی و گاڵتەگەپ هەیە، تا ڕادەیەک، خۆی لە بەرانبەر دەمارگیریدا دەپارێزێت و تووشی دەمارگیری نابێت.

کەواتە! ئەگەر هەر ئەوەندە بمتوانیایە مەیل و حەز لە گاڵتەوگەپ بچووک بکەمەوە و بیکەم بە حەب و پاشان خەڵکی هەموو دنیا ڕازی بکەم حەبەکانی من بخۆن بۆ ئەوەی خۆیان لە دەمارگیری بپارێزن و حەز و ئارەزوویان بۆ گاڵتەوگەپ زیاتر بێت، ئەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمتوانی خۆم بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە دەرمانسازیدا ساز و ئامادە بکردایە، نەک خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات. بەڵام سەیرێکی من بکە! هەر ئەم بیرکردنەوەیەی من بۆ ئەوەی حەز و مەیل لە گاڵتەوگەپ بچووک

بکەمـەوە و بیکەم بە حـەب، هـەر ئەم بیـرکردنەوەیـە بۆ خـۆی کـە وا لە خـەڵک بکەیت لەبەر خـاتری خـۆیان و بۆ چاکەی خـۆیان حـەبەکانی من بخـۆن و لەو ڕێیـەوە گیـروگرفتەکانیـان لە کۆڵ ببێتـەوە، ڕێک ئا ئەم بیرکردنەوەیە، لە ڕاستیدا نەختێک تووشی دەردی دەمارگیری بووە. وریای خۆتان بن! دەمارگیـری دەردێکە تا بڵێیت کاری، زۆر کـاریگەرتر لە ڤایرۆسێک. دەکرێت، هـاوکـات کە لە هـەوڵی ئەوەدایت بەسـەر دەمـارگیـریدا زاڵ ببیت و لە دژی بجـەنگیت، زۆر بەئاسـانی تووشـی دەمـارگیـری ببیت. ڕۆژنامـەکـان بخـوێننەوە، یا سـەیری هەواڵەکـانی تەلەڤزیۆن بکـەن کە چەند ئاسـان خـەڵک دەکرێن بە "دژە دەمـارگیری دەمارگیـر"، یا دەکرێن بە "دژە بنیاتگەرای بنیـاتگەرایی" یا دەکرێن بە "دژە جیـهادی شـەڕوانی خاچپەرست!" بـەڵام ئەگەر نەیشتوانین بەسـەر دەمـارگیریدا سـەر بکەوین، لەوانەیە هـەر نـەبێت بتوانین وردە وردە جڵـەوی بگرین. وەک پێشـتریش وتم توانسـتی ئێـمـە بۆ بە خۆپێکەنین، تا ڕادەیەک، دەرمانێکە دژی دەمارگیری، هـەروەها توانستی ئێمە بۆ خۆبینین لە چاوی خـەڵکانی ترەوە و بەو جـۆرە کە ئەوان دەمـانبـینن، ئەمـیش دەرمـانێکە دژ بەدەمـارگیـری. ئەوەی کە بتوانین بەئاشکرا و بێ هـیـچ هـەلومـەرجێک بژین، تەنانەت ئەوەیش کە خۆمان فێر بکەین چۆن نرخ بۆ حاڵەتە بێ هەلومەرجەکان دابنێین و ڕێز لە فرەلایەنی بگرین، ئەمانەیش بەجێی خۆیان دەتوانن یارمـەتیـمـان بدەن. من ئامـۆژگاریـی هیچ کەسێک ناکـەم تا کـتومت لە بارێکی ڕێژەییـی ڕەوشـتیـدا ژیان بەسـەر ببـات، بەهیچ جـۆرێک نیـازی من ئەمـە نییـە، بگرە من هـەوڵ دەدەم ڕۆشنایی زیاتر بخـەمـە سـەر ئـەوەی کـە چەند پێویسـتـە بۆ هـەر یەکێک لە ئێـمـە خـۆی لە حـاڵوبـاری ئەوانی تردا ببینێتەوە. خـۆتان لە هـەر ئاستێکدا دەتانەوێت ببیننەوە، لە ئاسـاییـترین ئاسـتی ڕۆژانەدا خـۆتان ببیننەوە، بچنە نێو ژیانی یـەکترەوە. کـاتێک بەیەکـتردا هـەڵدەشـاخێن، کـاتێک گـازندە و سکاڵا لە دەست یەکتر دەکەن و ڕێک لەو کاتـەیشدا کە هـەست دەکەن لە سـەداسـەد لەسەر هـەقن، خـۆتان لە حـاڵوباری ئەوانی تردا ببینەوە. تەنانەت ئەو کاتـەیش کە پێـمـان وایە لە سـەداسـەد لەسـەر هـەقین و ئەوی تر لە سـەداسـەد هـەڵەیە، خۆبینینەوە لە حـاڵوبارێکدا کە ئەوی تری تێدایە بەکەڵکمـان دێت. ڕاسـتییـەکەی ئێـمـە بـەردەوام ئەمە دەکەین. ڕۆمـانەکەی من بەناوی (هـەمـان زەریا) باس لە شـەش حەوت کـەس دەکات کە بە سـەراسـەری دنیـادا بڵاو بوونەتەوە و لەنێو خۆیاندا جـۆرە هـاوبەشییـەکی پڕ لە ڕاز و نهێنییان لە نێواندا هەیە. هەست بەبوونی یەکتر دەکەن، بەردەوام لەنێو خۆیاندا بەبێ ئەوەی پێکەوە بپـەیڤن بیـر و بۆچوونـەکـانی یـەکـتـر دەخـوێننـەوە و، ئەگـەرچـی بەهـەمـوو کـون و قوژبنێکی ئەم دنیایەدا بڵاو بوونەتەوە، پێوەندی بەیەکترەوە دەکەن.

لە ڕووی تیـۆرییـەوە بۆ هـەمـوو کـەسێک دەکرێت بێ هیچ هـەلومـەرجـێک بژی و خـۆی بە ڕووی ژیاندا دانـەخـات: هـەر بـۆ نموونە نووسینی ڕۆمانێک، لەنێو بارگرانییەکانی تریدا، ئەوە دەگەیەنێت کە لەسەر تۆ پێویستە، هەموو بەیانییەک، لە خەو هەڵبستیت، کوپێک قاوە بخۆیتەوە و پاشان خۆت بخـەیتە جێی ئەوی تر و ئەوی تر بهێنیتـە پێش چاوی خۆت. بیر لەوە بکەیتـەوە ئەگـەر من ئەو ژنە بوومـایە، یا ئـەگـەر تۆ ئەو کوڕە بوویتـایە. من ناتوانم بـەپێـشـینـەی کـەسـایەتـیی تایبـەتی خـۆم و

چیرۆکی ژیانی تایبەت و کەسەکیی خۆم و چیرۆکی خێزانەکەمەوە، خۆم لەوە بدزمەوە کە تەنیا لە ڕێی گۆڕانکارییەکەوە لە (جین)ەکانمدا یا بەهۆی گۆڕانکارییەکەوە لەو هەلومەرجانەدا کە دایک و باوکم تێیدا ژیاون، دەکرا ئەو کوڕە یا ئەو کچە بوومایە، دەکرا جوولەکەیەک بوومایە کە بەزۆر جێ و ڕێی خۆی لە بەری ڕۆئاوادا کردووەتەوە و خۆی سەپاندووە، دەکرا توندڕۆیەکی ئەوپەڕ ئۆرتۆدۆکس بوومایە، دەکرا جوولەکەیەکی ڕۆهەڵاتی یەکێک لە وڵاتانی دنیای سێیەم بوومایە، دەکرا هەر کەسێک بوومایە. دەکرا یەکێک لە دوژمنەکانی خۆم بوومایە. هەردەم خۆبینینەوە و بەبیر خۆدا هێنانەوەی ئەمە بەکەڵکە. ساڵانێک پێش ئێستا، ئەوسا کە هێشتا منداڵ بووم، داپیرە ژیر و دنیادیدەکەم بە چەند وشەیەکی سادە و ساکار جیاوازیی نێوان جوولەکە و مەسیحی جیاوازیی نێوان جوولەکە و موسڵمان نا، بگرە جیاوازیی نێوان جوولەکە و مەسیحی بۆ ڕوون کردمەوە و وتی: "مەسیحییەکان باوەڕیان وایە مەسیح جارێک لە جاران لێرە بووە و بە دڵنیاییەوە ڕۆژێک لە ڕۆژانیش بۆ ئێرە دەگەڕێتەوە. جوولەکەکانیش پێیان وایە مەسیح هێشتا نەهاتووە. هەر لەبەرئەمەیش، لەبەر ئەمە و هیچی تر نا، ئەو هەموو تووڕەییە، ئەو هەموو یەکتررژاونانە، ئەو هەموو خوێنڕشتن و ڕق و کینەیە هەن و لە ئارادان... بۆ؟ خەڵک بۆ ناتوانن، سووک و ئاسان، چاوەڕێ بکەن و ببینن؟ ئەگەر مەسیح بێت و بڵێت: "سڵاوتان لێ بێت، چەند خۆشە چاوم پێتان کەوتەوە." ئەوە دەبێت جوولەکەکان دەست لە داوای خۆیان هەڵبگرن چیی تر لەسەری نەڕۆن. ئەگەریش مەسیح بێت و بڵێت: "ڕۆژتان باش، چەند خۆشە بە یەکتر گەیشتین." دەبێت هەموو دنیای مەسیحی داوای لێبووردن لە جوولەکەکان بکات. ئەو کاتیش هەرکەسە و ژیانی خۆی بژی و ڕێ بەوانی تریش بدرێت ژیانی خۆیان بژین." ئەمە قسەی داپیرە ژیر و دنیادیدەکەم بوو. ئەو داپیرەیەی کە بەهیچ جۆرێک دەمارگیری کاری تێ نەدەکرد. ئەو لەبەر ڕۆشناییی ئەو ڕاستییەدا کە خەڵک لە یەکتر ناچن و لە یەکتر جیاوازن، نهێنیی ژیانێکی بێ هەلومەرجی دەناسی و لەگەڵ کێشە و ناکۆکییە چارەسەرنەکراوەکانیشدا ڕاهاتبوو.

من ئەم باسکردنەم بەو بانگەشەیە دەست پێ کرد کە دەمارگیری، زۆربەی کات، لە ماڵەوە سەر هەڵدەدات. با بەوەیش کۆتاییی پێ بهێنم کە چارەی دەمارگیریش دەتوانێت هەر لەنێو ماڵ و ڕێک لەبەر لووتی خۆماندا بێت. (جۆن دۆن) دەڵێت: "هیچ کەسێک دوورگەیەک نییە"، بەڵام منیش بە سنگفراوانییەوە دەوێرم ئەوەی بۆ زیاد بکەم کە: "هیچ کەسێک دوورگەیەک نییە، بەڵام ئێمە هەر هەموومان نیوەدوورگەین، لایەکمان بە زێدی خۆمانەوە بەستراوە، بەڵام لایەکەی ترمان ڕوو لە زەریایە، نیوەی لەشمان بە خێزان و هاوڕێیان و کولتوور و نەریت و خاک و نەتەوە و ڕەگەز و زمان و زۆر شتی ترەوە بەستراوە و نیوەکەی تریشمان ڕوو لە زەریا و تەنیاییە. باوەڕیشم وایە کە دەبێت هەر وەک نیوەدوورگە بمێنینەوە. هەر ڕێژیمێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی کە ئێمە دەگۆڕێت و دەمانکات بەدوورگەیەکی (داروین)ی و باقیی مرۆڤایەتیش دەکات بەدوژمنێک یا کێبەرکێکەرێک لە دڕندەیەک زیاتر نییە. هەروەها هاوکاتیش هەر ڕێژیمێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی یا ئایدیۆلۆجی

کە دەیەوێت بمانگۆڕێت و بمانکات بە مۆلیکیولێک لە زێدی خۆمان، ئەویش لە دڕندەیەک زیاتر نییە. هەلومەرجەکانی نیوەدوورگەیەک، هەلومەرجە ڕاستەقینەکانی مرۆڤێکیشن. ئێمە ئاوهاین و هەر بەو جۆرەیش دەبێت بمێنینەوە و هەبین. لەبەر ئەوە، بەجۆرێک لە جۆرەکان، لە هەرماڵێکدا، لە هەر خێزانێکدا، لە هەر پێوەندییەکی مرۆڤانەدا، خۆی لە خۆیدا، پێوەندییەک لە نێوان ژمارەیەک لە نیوەدوورگەکاندا هەیە و دڵنیاترین شتیش ئەوەیە کە بیر لەمە بکەینەوە بەر لەوەی هەوڵ بدەین شێوە و سەروسیمای یەکتر بگۆڕین و یەکتر هەڵگێڕوداگێڕ بکەین و وا لە کەسەکەی تەنیشتمان بکەین ڕووی بەو لایەدا وەربگێڕێت کە ئێمەی لێین، ئەگەرچی ڕاستییەکەی لەوەیە ئەو، چ ژن بێت چ پیاو، پێویستی بەوە هەبێت، بۆ ماوەیەک، ڕووی بەرەو زەریا وەربگێڕێت. ئەمە گرۆ کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵ و نێو کولتوورەکان و نێو شارستانییەکان و نەتەوەکان، هەروەها ئیسرائیلییەکان و فەلەستینییەکانیش، دەگرێتەوە. هیچ کام لەوان دوورگەیەک نییە و هیچ کام لەوانیش ناتوانێت، بەتەواوی، لەگەڵ ئەوانی تردا بژی و هاموشۆی ئەوانی تر بکات. ئەم نیوەدوورگانە، هەردووکیان، لە یەک کاتدا پێویستیان بەوە هەیە هەم پێکەوە بن و هەم واز لە یەکتریش بهێنن. من دەزانم ئەم پەیامە، لە ڕۆژگارێکدا کە پڕە لە زەبروزەنگ و تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوە و بنیاتگەرایی و دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی و سەرلەبەری ڕۆهەڵاتی زەریای ناوەڕاست و زۆر شوێنی تریشی گرتووەتەوە، پەیامێکی نائاساییە. حەزکردن لە ڕووخۆشی و گاڵتەوگەپ، توانستی خۆ لە جێی ئەوی تر دانان، داننان بەوەدا کە هەر تاکەکەسێک مافی ئەوەی هەیە نیوەدوورگەیەک بێت بۆ خۆی، دەتوانێت هەر نەبێت تا ڕادەیەک وەک خۆپاراستنێک کارا بێت دژی ئەو (جین)ـە دەمارگیرەی کە لەنێو لەشی هەریەکێکماندا هەیە.

ئامۆز ئۆز (ئامۆز کلاوسنەر) نووسەرێکی ئیسرائیلییە، لە ١٩٣٩/٥/٤، لە ئۆرشەلیم، فەلەستینی ئەوسا، لە دایک و باوکێکی ڕووسیی جوولەکە، لەدایک بووە. پرۆفیسۆری ئەدەبیاتە لە زانکۆی بن گوریون و بەشدارێکی کارایە لەو باس و خواسانەدا کە لە ئەمڕۆی ئیسرائیلدا لە ئارادان. یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی (ئاشتی: ئێستا) کە لە ساڵی ١٩٧٨دا دامەزرێنرا و دەمێکە یەکێک لە داواکارانی پێکهێنانی دوو دەوڵەت، یەک بۆ ئیسرائیلییەکان و یەکێک بۆ فەلەستینییەکان، بووە. ئێستا لە تەلئەبیب دادەنیشێت.

سەرچاوە: ئامۆز ئۆز، چۆن دەمارگیرێک چارەسەر دەکرێت و لەبارەی نووسینەوە.

Amos Oz, Hur man botar en fanatiker och om att skriva.Översättning: Rose-Marie Nielsen, Mnpocket, 2009

# مرۆڤ گۆشتخۆر نییە ڕووەکخۆرە

سەعید ساربان

کاتێک بەکەسێک کە هەر لە منداڵییەوە خواردنی گۆشتی ئاژەڵ بە بەشێکی گرینگ لە خواردنی خۆی داناوە داوا بکرێ کە گۆشت نەخوات، لە وتنی ئەو داواکارییە سەرسام دەبێ و یەکەم وەڵامێک کە دەیداتەوە ئەوەیە ئەگەر گۆشت نەخوات لە برسییەتی لەشی لاواز دەبێ و دەمرێ. بەڵام ئەگەر بەو جۆرە بووایە مرۆڤ لە هەمان سەرەتادا کە مرۆڤە یەکەمەکان ڕووەکخۆر بوون دەمردن و چیی تر مرۆڤێک لە دنیادا نەدەما. ئەمە بیرۆکەیەکی هەڵەیە کە بوترێ مرۆڤ بەنەخواردنی گۆشت لەشی تووشی گرفت دەبێتەوە و دەمرێ. ئەگەر وایە بۆ ئەو چەند ملیۆن کەسەی کە ڕووەکخۆرن بەهۆی نەخواردنی گۆشت نامرن و بگرە تەمەن درێژیش دەبن، ئەمەش بۆ خواردنی ڕووەک دەگەڕێتەوە.

باپیرانی ئێمە کە ڕووەکخۆر بوون، بەڵام دەستیان دایە کوشتنی ئاژەڵان و بۆ لابردنی برسییەتی خۆیان گۆشتی ئاژەڵەکانیان خوارد و بەداخەوە سیستەمی لەشی مرۆڤ بەخواردنی گۆشت خۆی گونجاند و هەر لەو کاتەوە تا ئێستە هەستی خوێنخواردن و خۆبەزلزانی ڕوحی مرۆڤی گرتەوە و هەر بۆیە مرۆڤەکان بۆ لابردنی ئەو پێداویستییە "ناپاکە" دەستی داوەتە کوشتنی بێ بەزەییانەی ئاژەڵەکان و تا ئەمڕۆ لە سەدەی ٢١دا ئەو هەستی خوێنخواردن و خۆبەزلزانییە هەر بەردەوامە و هەمووان بەبێ ئەوەی ئاگەداربن کە ڕۆژانە چ تاوانێک ئەنجام دەدەن، بەدڵخۆشییەوە پێشوازی لە کوشتنی ئاژەڵەکان دەکەن.

ئەوەی کە لێرەدا دەیخوێننەوە بابەتێکی توێژینەوەیە کە هەوڵ دەدا بەهێنانەوەی هۆکار و بەڵگەی مێژوویی، فەلسەفی و زانستی بیسەلمێنێ کە مرۆڤ بۆ گۆشتخواردن دروست نەهاتووەتە

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم



دنیا و مرۆڤ گیاندارێکی رووەکخۆرە.

بێگومان قبوولکردنی ئەم ڕاستییانە بۆمان دژوارە کە بوترێ خواردنی گۆشت سەرەکیترین هۆکاری هەڵسوکەوتی توند و توندوتیژی لە مرۆڤدایە و ئەگەر مرۆڤ گۆشتخۆر نەبووایە، ژمارەی شەڕ، خوێنڕشتنەکان، دوشمنایەتییەکان و کوشتنەکان نەدەبوو یان زۆر کەمتر دەبوون.

نێزیکەی چوار ملیار و نیو ساڵ لە ژیانی زەوی تێ دەپەڕێ و لەو ماوە زۆرەدا، گیاندارانێکی زۆر هاتوونەتە دنیا و زەوییان کردووە بەشوێنی ژیان. مرۆڤ وەک هەموو کات پێویستی بەوەیە تا ژینگەی سروشتی خۆی بناسێ و وەڵامی بداتەوە. زانینی ژینگەی سروشتی وەک هەرێم، خاک، گیانداران و لە هەمووی گرینگتر شێوازی پێکهاتەی لەشی گیانداران بۆ مرۆڤ پێویستە. لە ژینگە سروشتییە جۆراوجۆرەکان سەرچاوەکان و شتومەک بۆ پێویستییە سەرەکییەکانی ژیان جیاوازە بەو جۆرەی کە ژینگە و سەرچاوەکانی ناوچەکانی دووسەری زەوی لەگەڵ ژینگەی ناوچە دەشتییەکان یا شاخاوییەکان جیاوازە.

گیاندارن بە بەردەوام وەڵامێکی جیاوازیان بۆ ژینگەکان بووە و بەهۆی تواناییەکان و پێکهاتەی لەشیان، توانیویانە خۆیان لەگەڵ ژینگەی سروشتی بگونجێنن. بۆ نموونە کەڵەباب لاقێکی درێژ و پێستێکی کوڵفتی هەیە و بەئەنگوستەکانی دەتوانێ بەئاسانی ڕێ بکا و دەتوانێ بەلاقەکانی خاک و خۆڵەکان لابدا بۆ ئەوەی خواردن بۆ خۆی بدۆزێتەوە، لە بەرامبەردا ئەو باڵندانەی کە ناو ئاو دەچن، وەک مراوی لاقێکی کورت و ئەنگوستەکانیان وەک پەردە پێکەوە بەستراوەتەوە. ئەم دوو جیوازییە لەو باڵندەکان ئەوە پێشان دەدا کە یەکیان بۆ وشکاییە و ئەوی تریشیان بۆ ناو ئاوە کە خۆیان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریان گونجاندووە.

بێگومان ئەگەر کەڵەبابێک بکەوێتە ناو ئاو ناتوانێ وەک مراوی مەلە بکا و هەروەها ئەگەر مراوییەک بێنیتە وشکایی ناتوانێ وەک کەڵەباب زەوییەکە هەڵکەنێ و خواردنی تێدا بدۆزێتەوە.

لێرەدا پرسـیـار ئەوەیە کـە پێـوەندیی ئەم بـابەتانە بەمـرۆڤـەوە چییـە و ئاخـۆ ئەو پێـشکەوتن و گونجانە لە نێوان مرۆڤ و ژینگەی سروشتی دەورووبەری هاتووەتە دی؟

لە وەڵامی ئەو پرسـیـارەدا دەبێ بوترێ بەڵگەیەکی زۆری زانسـتی و مێـژوویی لە بەردەسـتـە کـە پێشـان دەدات نێزیکەی چوار تا پێنج ملیۆن سـاڵ پێش یـەکەمین شـێوەکانی مـرۆڤ لەسـەر زەوی پەیدا بوون. پێشینـانی ئێـمـە زۆر بەهێواشی لە بواری تواناییـەوە پێشکەوتنیان بەخۆوە بینی و بۆچوونێکی زۆر لەبارەی بەرەوپێشەوەچوونی مرۆڤ لە کۆندا هەیە کە ئەمە پێوەندیی بەبابەتەکەی ئێمەوە نییە و بەوردی باسی ناکەین.

زۆربەی زانایان و مێژووناسـان لەو باوەڕەدان کە یەکەم مرۆڤـەکان لەناو گژوگیاکانی ئەفەریقادا ژیانیـان بەسـەر دەبرد، بەم دواییـیـە زانایان لـە کـاتی لێکۆڵینەوە لـە ناوچەی "تەنگ لێـداوی" کـە کەوتووەتە ڕۆهەڵاتی ئەفـەریقا، شـوێنی ژیانی چەند مـرۆڤێکیان دۆزییەوە کە پێوەندییان بەنێزیک دوو ملیۆن ساڵ پێش ئێستەوە بوو و بەهۆی ئەو شتانەی کە لەوێدا دۆزییانەوە توانییان هەندێک لە هەڵسوکەوتی مرۆڤە یەکەمەکان نۆژن بکەنەوە. یەکەم ئەوەی کە کەشوهوا لەو ناوچەدا زۆر گونجاو بووە و رووەکی زۆری لێ بووە و ژیانیـان لەلایەن ئاژەڵە وەحـشـیـیـەکـانـەوە لە هەڕەشـە نەبووە و توانیویانە مرۆڤەکان لەناو تاشە بەردەکان یا گژوگیاکان ژیان بەسەر بەرن.

بەتێپەڕینی کات چەند گرووپێک لە مرۆڤەکان کە بە "کرۆمانیون"ەکان ناسراون بەهۆکاری نادیار بەرەو ناوچەی ئوراسیا کۆچیان کرد و پاش زۆربوونیان بڵاو بوونەوە، بەڵام ئەوەی ئاشکرا و دیارە ئەوان تا ئەو کـات جگە لـە رووەک و گیـا شـتـی تریان نەخـواردووە و هەرگیـز دەسـتـیـان نەدابووە خواردنی گۆشتی ئاژەڵ.

شـێوازی لەشی مـرۆڤ زۆر هاوشـێوەی مـەیمونە و هەندێک لە زانیـان مـەیمون بە "باوکی مـرۆڤـە پێشکەوتووەکان" ناو دەبەن. ئەوەی کە مـرۆڤ چۆن سـەری کـردووەتە گۆشـتخـواردن دوور و درێژە، بەڵام ئەو گـومـانـەی کـە زۆر پێ دەچێ ڕاست بێ ئەوەیە کـە مـرۆڤ پاش کـۆچکردنی لە نـاوچەی ئیستیوائی و دەستپێکردنی دواییـن سـەدەی سـەهۆڵبەنەدان لە ١٥٠ هـەزار سـاڵ پێش ئێسـتـە، بەهۆی لەناوچوونی رووەک و گیـا مـرۆڤ بۆ زیندوومـانـەوەی ناچار بوو ڕوو بکـاتە گۆشـتـخـواردن و ئاگر و داوونەریتی گۆشتخواردن لەو کاتەوە بۆ مرۆڤ ماوەتەوە.

بەڵام هەروەک پێشـتـر لە نموونەی کەڵەباب و مـراوییـەکەدا ئاماژەمـان پێ دا لە سـروشـتـدا هـەر شـتـێک شـوێنی خـۆی هـەیە و دووریکردن لە یاسـای سـروشت ئەنجامـێکی باشی لێ ناکـەوێتـەوە. زانییـان شـێوازی لەشی هەر ئاژەڵێک لە ئاژەڵەکانی تر جیـا دەکەنەوە بـۆ نموونە شـێوازی لەشی ئەسپ بۆ گیاخواردنە و لەگەڵ شێوازی لەشی گورگ کە بۆ گۆشتخواردنە جیاوازە. شێوازی لەشی مـرۆڤ هیچ لێکچـوونێکی لە شـێـوازی لـەشی گیـاندارە گـۆشـتـخـۆرەکـان ناچێ، بگرە شـێـوازی رووەکخۆری هـەیە.

بۆ نموونە کەڵەباب و مـراوی کە بوونی ئەنگوست بۆ کـەڵەباب ئامـرازێکە بۆ دۆزینەوەی خـواردن

لەناو خاک و خۆڵ و مراویش کە ئەنگوستەکانی بەپێست پێکەوە بەستراونەتەوە بۆ ئەوەی لەناو ئاو مەلە بکا و ئەنگوستی مرۆڤیش بۆ ڕنینی میوە و رووەکە، چونکە ئەگەر ئێمە گۆشتخۆر بووینایە لەجیاتی ئەو دەستە ناسکانە وەک پەنجەی شێر دەستێکی بەهێز و نینۆکێکی گەورەمان دەبوو.

زانایان جیاوازییەکانی نێوان گیاندارانی گۆشتخۆر و رووەکخۆریان دەستنیشان کردووە و ئەمەش بەتەواوی رووەکخۆربوونی مرۆڤ دەسەلمێنێ. ئەو جیاوازانە لە بیست و چوار خاڵ پێک هاتووە کە بریتین لە.

خاڵی یەکەم:

شێوەلاکەی گیاندارە گۆشتخۆرەکان ددانی هاوشێوەی خەنجەریان هەیە کە لە دوو ددانی پێوەدان بۆ پچڕاندنی گۆشت پێک هاتووە، ئەم شێوە شێوەلاکانە زۆر بەهێزن، بەڵام لە گیاندارە رووەکخۆرەکان ددانەکان تەختە و هاوڕیزی یەکن و شێوەلاکەی ئەو گیاندارنە لاوازە و بۆ پاڵەپەستۆی زۆر دروست نەبوونە. ددانەکانی مرۆڤ هاوشێوەی گیاندارە رووەکخۆرەکانە.

خاڵی دووەم:

مرۆڤ و گیاندارە رووەکخۆرەکان دەتوانن بەبێ جوڵاندنی سەر، شێوەلاکەی خوارەوەی خۆیان بۆ خوارەوە، سەرەوە، ڕاست و چەپ بجوڵێنن، بەڵام ئەم شێوازە شێوەلاکە لە گیاندارە گۆشتخۆرەکاندا نییە.

خاڵی سێیەم:

لە سروشتدا ئەو گرووپە گیاندارانەی بەزمانلێدان ئاو دەخۆنەوە وەک پشیلە، پڵنگ، ورچ و گورگ گۆشتخۆرن، بەڵام مرۆڤ و گیاندارە رووەکخۆرەکان ئاو هەڵدەمژن.



خاڵی چوارەم:

لە سیستەمی لەشی گیاندارە گۆشتخۆرەکان بەهۆی باڵابوونی توانای شیکردنەوە (هەرسکردن) خواردنەکان، ریخۆڵەی ئەو گیاندارانە کورتە بۆ ئەوەی ئاژەڵەکە زووتر خواردنەکە بداتە دەرەوە، بەڵام لە مرۆڤ و گیاندارە رووەکخۆرەکاندا ریخۆڵە درێژە. لەم رێگەیەوە جیاوازی گیاندارێکی گۆشتخۆر و رووەکخۆر ئاشکرا دەبێ. شیبوونەوە و هەرەسکردنی خواردنی گیاندارە رووەکخۆرەکان لە رێگەی چالاکییە تەخمیرییەکان بەهاوکاری میکرۆبی رووەکخۆرەکانە بەو جیاوازییەی کە ئەو جۆرە میکرۆبانە بۆ گیاندارە گۆشتخۆرەکان گونجاو نییە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە خواردنی گۆشت لەلایەن گیاندارە رووەکخۆرەکانەوە هەڵەیە. دەتوانن ئەمە بەچاوی خۆتان ببینن کە ئەگەر مەرێک لە برسیەتیش بمرێ گۆشت ناخوات و شێریش لە برسیەتی رووەک ناخوات.

خاڵی پێنجشەم:

گەدە و ماسولکەی گەدەی مرۆڤ زۆر ناسک و هەستیارە و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ بەتەواوی گۆشت هەرس بکا، بەڵام گەدە لە گیاندارە گۆشتخۆرەکاندا زۆر بەهێزە و وەک پۆڵا گۆشت دەپلیشێنێ. ئەمە سەرەکیترین هۆکارە بۆ هەرسنەبوونی خواردنەکە لە هەندێک لە مرۆڤەکان خواردنی گۆشت دەبێتە هۆی سک ئێشە. مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ گۆشت بەکاڵی بخوا، چونکە گەدەی ناتوانێ هەرسی بکات و هەر بۆیە بەکوڵاندنی گۆشت هەوڵ دەدات پێکهاتەی کیمیایی گۆشت بگۆڕێ تا بتوانێ لەگەڵ گەدەی بگونجێ.

خاڵی شەشەم:

رژاوەی رژێنی گەدەی مرۆڤ و گیاندارە رووەکخۆرەکان لەسەر پێکهاتەی گۆشت زۆر کاریگەریی کەمی هەیە و ناتوانێ وەک رژاوەی رژێنی گیاندارە گۆشتخۆرەکان گۆشت و ئێسک بپلیشێنێ و هەرسی بکا.

خاڵی حەوتەم:

جەرگی گیاندارە رووەکخۆرەکان ناتوانن گۆشت هەرس بکا و هەر بۆیە دەبێتە هۆی توشبوون بەنەخۆشیی جەرگ لە مرۆڤدا.

خاڵی هەشتەم:

مرۆڤ ناتوانێ وەک گیاندارە گۆشتخۆرەکان بەتەواوی لاشەی ئاژەڵەکان بەتەواوی و بەشێوەی سروشتی بەکار بهێنێ. کاتێک شێر یا رێوی ئاژەڵێک راو دەکەن، تەنیا گۆشتی ران، سەر و سینگی ناخۆن و گۆشت و پێست و ئێسکەکەی دەخۆن و بەمەش دەتوانن پێداویستییەکانی

لەشیان دابین بکەن.

خاڵی نۆیەم:

بەرلۆغەی گیاندارە گۆشتخۆرەکان گەورەیە و دەتوانن لە کاتی خواردنی خۆراک تا ڕادەیەکی زۆر بیکەنەوە و بچووکبوونی بەرلۆغەی مرۆڤ بەڵگەیەکی باشە بۆ سەلماندنی ڕووەکخۆربوونی مرۆڤ.

خاڵی دەیەم:

ئەو ڕۆنەی لە گۆشتی ئاژەڵەکاندا هەیە بەزەحمەت لە لەشی گیاندارە ڕووەکخۆرەکان دەچێتە دەرەوە و زیاتر بەشێوەی چەوری لە سک، ڕان، بەرملی کەسانی گۆشتخۆر کۆ دەبێتەوە و هەمان چەوری لە دیواری ژوورەوەی دەمار کۆ دەبێتەوە و دەبێتە هۆی شێواندنی هاتوچۆی خوێن.

جەڵتەی دڵ لە ئەنجامی ئەو خواردنە هەڵەیەیە. بەکارهێنانی ڕۆنی زەیتون و گوڵەبەڕۆژە هیچ ئەنجامێکی خراپی لێ ناکەوێتەوە.

خاڵی یازدەم:

گیاندارە گۆشتخۆرەکان دەتوانن بەخێرایی ڕابکەن و ڕاوەکەی خۆیان لە کاتی ڕاکردندا بگرن، بەڵام مرۆڤ چۆن ڕووەکخۆرە، ناتوانێ ئەو کارە بکا، بەڵام بەئاسانی دەتوانێ ڕووەک لێ بکاتەوە یا لە دارەکان بچێتە سەرەوە و میوەیان لێ بکاتەوە.

خاڵی دوازدەم:

چاوی گیاندارە گۆشتخۆرەکان بەپێچەوانەی چاوی مرۆڤ و گیاندارە ڕووەکخۆرەکان کە ناگۆڕدرێ، دەتوانن لە تاریکیدا ببینن و بیلبیلەی چاویان گەورە و بچووک بکەن.

خاڵی سێزدەم:

پرۆتینی گۆشت کاری گەدەی مرۆڤ ئاستەم دەکات، بەڵام پرۆتینی ڕووک ئاسانترە و لەشی مرۆڤ و گیاندارە ڕووەکخۆرەکان ئاسانتر دەتوانن ئەو پرۆتینە بەکار بهێنن.

خاڵی چواردەم:

گیاندارە گۆشتخۆرەکان دەتوانن لە دوورەوە هەست بەبۆنی گیاندارەکانی تر بکەن، بەڵام مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ ئەو کارە بکا.

خاڵی پازدەم:

هەموو گیاندارە گۆشتخۆرەکان دەتوانن بۆ گرتنی ڕاو بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان نەجوڵێنن و هەر

بەشێوەی سروشتی دەتوانن فیڵ لە ڕاوەکانی خۆیان بکەن، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ زیاتر لە چەند خولەک لە شوێنێک بەبێ جووڵە بمێنێتەوە.

خاڵی شازدەم:

گۆشتخۆرەکان لە بینینی لاشەی خوێناویی حەزیان لە خواردن دەچێ، بەڵام مرۆڤ چوون گیاندارێکی میوە خۆرە حەزی لە بوون و تاموچێژی میوەیە و بەبینینی لاشەی خوێناویی و دڵ و ڕیخۆڵی تێک دەچێ. گیاندارە رووەکخۆر و مرۆڤیش حەزیان لێیە میوە بەکاڵی بخۆن، بەڵام گۆشت بەکاڵی بۆ مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک ناخورێ و مرۆڤ بەگشتی حەزی لە خوێن و کوشتن نییە.

خاڵی هەڤدەم:

میوە و تەرەی کاڵ تایبەتمەندییەکی زۆریان بۆ دەرمانکردن و لابردنی میکرۆب هەیە کە بۆ تەندروستیی مرۆڤ زۆر پێویستن. بەڵام بەپێچەوانەوە گۆشت دەبێتە هۆی گواستنەوەی ڤایرۆس و میکرۆب. زۆربەی کرمەکان لە ڕێگەی گۆشتەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوە و لە دیوارەکانی ریخۆڵەدا دەمێننەوە و دەبنە هۆی کەمخوێنی، ڕەنگ زەردی، لاوازی، زۆر خەوی و بێ تاقەتیی کەسەکان. هەرچەند بەکوڵان تا ڕادەیەکی زۆر ئەو کرمانە لەناو دەچن، بەڵام لەناوبردنی هەموو ئەو گیاندارانەی لە گۆشتدا هەیە بەکوڵاندن کارێکی ئاستەمە، چونکە زۆربەیان دەتوانن لە پلەیەکی زۆری گەرمادا بمێننەوە و ئەوانەشی کە لەناو دەچن ژەهریان لێ بەجێ دەمێنێ و ئەوانەشی کە لەناو نەچوونە لە لەشی مرۆڤدا گەشە دەکەن و ژیان بەکەسەکە ناخۆش دەکەن. ئەگەر ئێوەش گۆشت دەخۆن ڕەنگە ئێستە تووشی کرم و ڤایرۆس بوبێتن و خۆتان ئاگەداری نەبن.

خاڵی هەژدەم:

ئاوی زاری مرۆڤ و گیاندارە رووەکخۆرەکان بۆ نەرمکردنی خواردن مادەی "ئامیلاز"ی تێدایە، بەڵام ئاوی زاری گیاندارە گۆشتخۆرەکان ئەو مادەی تێدا نییە.

خاڵی نۆزدەم:

گۆشت ڕادەیەکی زۆری ئەسید ئوریک "ئورە"ی تێدایە، بۆ نموونە لە یەک کیلۆ گۆشتی چێڵ ٣٠ گرین و لە یەک کیلۆ جەرگدا ٤٠ گرین ئەسید ئوریکی تێدایە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە مرۆڤ لە ڕێگەی گورچیلەکانییەوە تەنیا ٦ گرین لەو ئەسیدە لە لەش دەداتە دەرەوە و هەر بۆیە مرۆڤ بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی ئەو ئەسیدە لە لەشدا تووشی نەخۆشیی گورچیلە دەبێ و تا کاتێک نەخۆشەکە لە خواردنی گۆشت بەردەوام بێ نەخۆشییەکەی چارەسەر نابێ.

خاڵی بیستەم:

گیاندارە رووەکخۆرەکان یەکتر دەناسن و دەتوانن بەشێوەیەکی هێمانە لەلای یەک بژین و

مریشک و کەڵەبابەکان لەناو چێڵ و مەڕەکاندا بەبێ ترس بەدوای خواردن دەگەڕن، بەڵام کاتێک گورگ یا ڕێویەک دەبینن ڕادەکەن و مرۆڤیش لە گیاندارە دڕندەکان ڕادەکات.

خاڵی بیست و یەکەم:

دەستی مرۆڤەکان وەک گیاندارە رووەکخۆرەکانە و بۆ لێکردنەوە میوە و تەڕە دروست کراوە نەبۆ کوشتنی ئاژەڵان و گۆشتخواردن.

خاڵی بیست و دووەم:

کۆنترۆڵی گەرمای لەش بەدوو شێوە دەبێ. یەک بە ئەرەقکردن و ئەوی تریان بەدەرهێنانی زمان و هەناسەدانی خێرا . هەموو گیاندراە رووەکخۆرەکان بەو کونانەی لەسەر پێستی لەشیان هەیانە بەئەرەقکردن خۆیان فێنک دەکەنەوە، بەڵام گیاندارە گۆشتخۆرەکان بەدەرهێنانی زمانیان لە زاریان و بەهەناسەکێشانی زۆر خۆیان فێنک دەکەنەوە بۆ نموونە سەک و گورگ. ئەرەقکردن لە گیاندارە رووەکخۆرەکاندا دەبێتە هۆی دەرچوونی ژەهری ئەو رووەکانە کە خواردوویانە بەشێوەی سروشتی لە لەش. بەڵام لە مرۆڤە گۆشتخۆرەکان چوون ژەهر زیاترە لە کاتی ئەرەقکردندا بۆنی ئەرەقەکەیان زۆر ناخۆشە.

خاڵی بیست و سێیەم:

گیاندارە گۆشتخۆرەکان دە بەرابەری گیاندارە رووەکخۆرەکان "ئەسید هیدرۆ کلۆریک" لە لەشی خۆیاندا دروست دەکەن کە زیاتر بۆ هەرسکردنی ئێسکی ئەو ئاژەڵانەی کە خواردوویانە بەکاری دەهێنن، بەڵام ڕێژەی ئەو ئەسیدە لە لەشی مرۆڤدا زۆر نییە و هەر بۆیە ناتوانین بڵێین مرۆڤ گیاندارێکی گۆشتخۆرە.

خاڵی بیست و چوارەم:

مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێ گۆشتخواردن لە بەرنامەی خۆراکی خۆی ڕەش بکاتەوە و بەم کارەش تەندروستیی باشتر دەبێ، بەڵام مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ بەبێ خواردنی رووەک ژیان بکا کە خواردنی سەرەکییەتی. گیاندارە گۆشتخۆرەکان دەتوانن بەبێ خواردنی رووەک بەردەوام بن لە ژیانیان.

ژمارەیەک لەو نەخۆشییانەی کە بەهۆی خواردنی گۆشت تووشیان دەبین:

١- خواردنی گۆشت دەبێتە هۆی زیادبوونی نەخۆشیی دڵ. هەندێک جار ناتوانێ بەڕێژەی پێویست خوێن لە لەشدا بگێڕێ و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی لەش و ئاو ناگاتە هەموو شوێنەکانی لەش. بۆ ژمارەیەک لەو کەسانەی کە بەهۆی خواردنی گۆشت تووشی نەخۆشیی دڵ دەبن نەشتەرگەریی "Bypass"یان بۆ دەکەن، ئەو نەشتەرگەرییە ئێسکەکانی سینگ

دەکەنەوە و جووڵەی دڵ دەوستێت و ئامێرێک لە دەرەوەی لەش خوێن بۆ شوێنەکانی لەش ڕەوانە دەکات، بەڵام ئەو کەسانەی ئەو نەشتەرگەرییەیان بۆ دەکرێ هەر تووشی گرفت دەبن. لێردا ئەو پرسیار دروست دەبێ ئاخۆ خواردنی گۆشتی مردووی ئاژەڵ ئەوەند بەنرخە کە بەو جۆرە لەشی خۆمان تووشی گرفت بکەین.

٢- نەخۆشیی شێتی چێڵ "Creutzfeldt-Jakob Disease". ئەم نەخۆشییە دەبێتە هۆی شیبوونەوەی مێشکی نەخۆش و سەرئەنجام مردنی کەسەکەی لێ دەکەوێتەوە. پاش ماوەیەکی زۆر نەخۆشەکە هەندێک کار ئەنجام دەدات کە لە کۆنترۆڵی خۆیدا نییە و وەک شێتی لێ دێت. مرۆڤ بەهۆی خواردنی گۆشتی چێڵ و مێشک و گۆشتی مەڕ کە تووشی نەخۆشیی "ئەسکراپی" بوونە، تووشی نەخۆشیی شێتی چێڵ دەبن. ئەم نەخۆشییە بۆ ماوەیکی زۆر لە لەشی نەخۆشەکەدا دەرناکەوێ و هەر بۆیە ئاماری توشبووان بەو نەخۆشییەی کە ڕاگەیەنراوە زیاترە.

٣- کاتێک ئاژەڵێک دەکوژرێ، ڕێژەیەکی زۆر لە ژەهر لە خوێنیدا دەمێنێتەوە و کاتێک مرۆڤ لە گۆشتی ئەو ئاژەڵە دەخوات کاری لەشی خۆی زیاتر دەکات و دەبێ ئەو ژەهرە لە لەشی خۆی دەربکا. هەروەها لە کاتی سەربڕین یا کوشتنی ئاژەڵەکە لە کوشتارگا ڕێژەیەک ژەهر لە ترسدا دەچێتە ناو خوێنی ئاژەڵەکەوە. کاتێک ئاژەڵەکان هەست بەوە دەکەن کە ڕێگەچارەیەکیان لە بەردەست نەماوە ڕێژەیەکی زۆر ژەهر دەچێتە ناو خوێنی لەشیانەوە.

٤- لەو کاتەی کە ئاژەڵەکە گیانی دەدەچێ لەشی تووشی شیبوونە دەبێ، چوون شیبوونەوەی لەش چالاکییەکی سروشتییە و ئێستە وای بهێننە بەرچاوی خۆتان کە شیبوونەوەی ئەو گۆشتە لە جیاتی سەر زەوی لەناو سکی ئێوەدا بێ. میکرۆبی ئەو گۆشتەی کە مرۆڤ دەیخوات هەر لە ١٥ خولەکدا لە ڕێگەی گەرمای لەشی مرۆڤەوە گەشە و زیاد دەکەن و زیاتر لە سەدا ٩٠ی تێکچوونی خواردن بەهۆی ئەو میکرۆبانەوەیە. میکرۆبەکان بەکوڵاندن لەناو دەچن، بەڵام لاشەی ئەو میکرۆبانە بەتەواوی ژەهراوین و دەتوانن کوشندەبن.

٥- زانایانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی دەزگای کوئینزلەند بەم دواییە دۆزییانەوە کە تووشبوون بەشێرپەنجەی پێست بەخواردنی زۆری گۆشتی سوور پێوەندییەکی زۆر نێزیکیان پێکەوە هەیە. ئەم لێکۆڵینەوە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە لەسەر زیاتر لە ١٥٠٠ کەس ئاشکرا بووە. خواردنی خۆراکی چەور و گۆشتی زۆر بەتایبەت گۆشتی سوور شیمانەی تووشبوون بەشێرپەنجەی پێست زیاد دەکات.

٦- نەخۆشیی گورچیلە، بۆنی ناخۆشی دەم و زۆر نەخۆشیی تر بەهۆی خواردنی گۆشت تووشی مرۆڤ دەبێ.

لەناو کەسە زانا و ئاینییەکانی دنیادا لێرە ئاماژە بەناوی کەسانێک دەدەین کە زۆربەیان

ڕووەکخۆر بوون یان بڕوای تەواویان بەڕووەکخواردن بووە.

بۆ نموونە: زەردەشت، چیتانیا ماهاپرابهۆ، رامانوجا، شانکاراچاریا، شوکادیڤا، ویسادیڤا، ئەفلاتون، سوقرات، ئۆید، پرۆفری، ئۆرین، کرای سیستۆم، لئۆناردۆ داوینچی، سوئیدنبێرگ، وەلتر، جانوزلی، بوت، بودا، مادوا، پاتانجالی، لائۆتزۆ، فیساغروس، ئەمپێد کێلز، ئەرەستو، پلۆتارک، تێرتۆلیان، کێلمێنت ئەلیکساندەر، سێنت فرانسیس، تولستۆی، میلتۆن، نیوتۆن، ئیسحاق پیتمێن، بلیک، شێلی، بێرنارد شاو، ئەنیشتاین، مێرتۆن، شوپێنهاور، ئەدیسۆن، سویفت، تۆریۆ، گاندی، ئالدێس هاکسلی، ژان ژاک روسۆ، لامارتین، موریس مێترلینگ، ئەبولعەلا مەعری، ئەبوعەلی سینا، شێخ نەجمەدین رازی، شێخ عەتار، سادیق هیدایەت.

نووسەری ئەم بابەتە لەو باوەڕەدایە ئەگەر مرۆڤ تووشی گۆشتخواردن نەبووایە، هەرگیز مرۆڤ تووشی شەڕ نەدەبوو و پێکەوەژیان لە نێوان هەموو مرۆڤەکان ڕەنگی دەدایەوە.

چ بەڵگەیەک لەوە ئاشکراتر کە مرۆڤ یەکەم جار تووشی پێشێلکردنی مافی ئاژەڵ دەبێ. لەو کاتەوەی کە لەدایک دەبین ئەگەر لەناو بنەماڵەیەکی بەدین بین بۆ سەلامەتیمان مەڕێکی بەسەرزمان سەر دەبڕن کە لەدەشتدا خەریکی گژوگیا خواردنە و هیچ ئازارێکی بۆ ئێمە نییە. لە هەندێک بنەماڵەی کەمدەرامەت و هەژاریشدا بەسەربڕینی مریشک هیوادەخوازن خوا تەمەنی منداڵەکەیان بۆ درێژ بکا و یا ئەو کاتەی دەبینە خاوەن ئۆتۆمۆبێل یا خاوەن ماڵ دیسان گیاندارێکی تر دەکوژینەوە بۆ ئەوەی لە بەلا پارێزراو بین.

بەخواردنی گۆشتی مریشکی برژاو و ئەو بەرخە بەستەزمانەی کە لە جیاتی مەمکی دایکی، سیخی برژاندن لە قوڕگی چەقێندراوە دەخۆین و بەدڵخۆشی و سەربەرزییەوە چێژی لێ دەبینین.

لە مرۆڤبوونی خۆم شەرمەزار بووم کاتێک بیستم ڕاوچییەکی دڵڕەق لەوپەڕی بێ بەزەییدا، سکی مامزێکی دووگیانی بەچەکەکەی کردە ئامانج و زۆر نامرۆڤانە سەری بڕی، ڕاستە کەباب لە خۆشترین خواردنەکانە، بەڵام نرخی ئەو تامە چییە، ئەوەی کە وەک مرۆڤێکی دڕندە دەست بدەینە خوێنخواردنی گیاندارەکان؟

باشە بۆ بیر لەوە نەکەینەوە ئەگەر هەر لە منداڵییەوە فێریان بکردنیایە کە گیاندارەکان گیانیان هەیە و ئەو گیانە خۆشەویستە. ئەگەر هەر لە منداڵییەوە ئێمەیان فێری دارکارییکردنی گیانداران نەکردبایە و لەجیاتی هاندان بۆ گۆشتخواردن فێری ڕووەکخواردن بووینایە، وامان لێ دەهات کە ڕێز لە هەستی ئاژەڵەکان بگرین.

بەوتەی سادیق هیدایەت، یەکێک لە نووسەرە بەناوبنگە ئێرانییەکان بوو، کە دەڵێ "لە ئاهەنگ و میوانییە گەورەکاندا هەموو ئەو مرۆڤانەی کە باس لە مرۆڤایەتی دەکەن، لە کاتی نانخواردندا وەها بەشێوەیەکی ناشرین پەلاماری گۆشتە برژاوەکان دەدەن کە ڕەنگە ئەگەر لەو گۆشتە نەخۆن ناتوانن گەورەیی خۆیان بسەلمێنن".

ڕەنگە لێرەدا باش بێ هەندێک ئاماژە بەمرۆڤە خوێنڕێژەکان لە شەڕەکاندا بکەین. سەربازانی ژاپۆنی لە شەڕی جیهانی دووەمدا و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی چین، چەندان تاوانی گەورەیان ئەنجامدا کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێ وێنە بووە. بۆ نموونە بڕینی مەمکی ئافرەتەکان پاش کاری سێکسی گرووپی لەگەڵیاندا یان تەقەکردن لە منداڵدانی ئافرەتانی دووگیان، بڕینی سەری هاوسەرەکانیان لە بەرچاوی ئافرەت و منداڵەکانیان.

هەرچەند ژمارەیەک لەو تاوانبارانە لە دادگەی نۆرنبێرگ کە لەلایەن براوەکانی شەڕی جیهانیی دووەم ساز کرا، دادگەیی کران و سزای تاوانەکانی خۆیان بینی.

ئاخۆ تا ئێستە بیرتان لەوە کردووەتەوە کە مانگانە دەبێ چەند بۆ کڕینی پارچەیەک گۆشتی ئاژەڵێکی مردوو بدەن. هەموو ڕۆژ بەهەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر کار دەکەن تا ژیانێکی خۆشتر و باشتر بۆ خۆتان و بنەماڵەکەتان بێننە دی، بەڵام بەداخەوە کاتێک بۆ کڕینی لاشەی ئاژەڵەکان دەچنە گۆشتفرۆشی، دەبێ نیوەی زیاتری مووچەی مانگانەی خۆتان بۆ کڕینی گۆشت تەرخان بکەن. زۆر کەس دەڵێ پارەم نییە و دەستکورتم بۆیە ناتوانم گۆشت بکڕم و بەو هۆیە دڵگرانە، بەڵام دەبێ بەو کەسانە بوترێ ئەوە نێعمەتێکە کە ڕووی لە ئێوە کردووە و ئێوە بەشێوەیەکی نەخوازراو چوونەتە ڕیزی کەسانی ڕووەکخۆر و نابێ دڵگران بن. لە ڕاستیدا ئێوە بەکەمخواردنی گۆشت، کەمتر تووشی ئەو مەترسییانە دەبنەوە کە مرۆڤ بەهۆی خواردنی گۆشت تووشی دەبن.

ڕەنگە کەسانێک لە ئێوەدا هەبن بڵێن ناتوانین پارچە نانێکیش بۆ خۆمان بکڕین. پێتان وایە سەرچاوەی هەژاری لە کوێوە دێت؟ ئەگەر هەموو مرۆڤەکانی دنیا ڕووەکخۆر بوونایە و لە جیاتی ئەو هەمووە پارەی خەرجی بەخێوکردنی گیاندارەکان بۆ کوشتنەوەیان دەکرێ، خەرجی دانەوێڵە و میوە و تەڕە بۆ خواردنی مرۆڤ بکرایە، بەو شێوەیە یەک مرۆڤی برسی لە دنیادا نەدەما، چون خواردن بەشی هەمووانی دەکرد.

بۆیە لە جیاتی خواردنی خوێن و گۆشت کە بڕێکی زۆر ژەهری تێدایە، پارچە نانێک بەتەنیا بخۆن.

سەرچاوەکان:

http://www.farsisats.us/showthread.php?t=25214
http://www.sareban.org/8705.aspx
http://www.iranvegetarians.com/009.htm

# هونەری گێڕانەوە لای یۆسا

حەمەسەعید حەسەن

١

وا نیو سەدەیە، لە ڕێی هونەری گێڕانەوەوە، میلیتاریزم بەدناو دەکات، سەنگەری لە شاسوارانی بواری گەندەڵکاری گرتووە و بە گژ ئەوانەدا دەچێتەوە، بەد، سوود لە دەسەڵات وەردەگرن. کە ١٩٦٨ سۆڤیەت پەلاماری چیکۆسلۆڤاکیا دەدات و فیدڵ کاسترۆ داکۆکی لەو هەڵوێستە دەکات، کە ئازادییەکان لە سایەی دەسەڵاتی ئەو سەرکردە کۆمۆنیستەدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرتەسک دەکرێنەوە، ئیدی **ماریۆ ڤارگاس یۆسا** بە یەکجاری کۆتایی بە دۆستایەتی نێوان خۆی و شۆڕشی کوبا دەهێنێت، ئاخر ئەو بۆیە لایەنی کاسترۆی دەگرت، تا ئازادی بۆ خەڵک دابین بکات. ئەو کە لە تافی لاویدا وەک چەپێکی توند خۆی ناساند، دواتر وەک لیبراڵێک لە هەواری ڕاستی ناوەندا گیرسایەوە.

١٩٩٠ خۆی بۆ سەرۆکی پێرو کاندید دەکات، لە سووڕی دووەمی هەڵبژاردنەکەدا بە (ئەلبێرتۆ فیجیمۆری)ی دەدۆڕێنێت، دە ساڵ دواتر سەرۆکی براوە، چونکە تۆمەتی گەندەڵکاریی وەپاڵ دەدرێت، هەڵدێت و لە ژاپۆنەوە بە فاکسێک دەست لە کار دەکێشێتەوە. بیست ساڵ دواتر، ئەکادیمیای سوید، لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠دا، خەڵاتی نۆبێڵ بە ماریۆ ڤارگاس یۆسا، **(چونکە توانیبووی کرۆکی پێکهاتەی دەسەڵات بداتە بەر ڕووناکی و وێنەی ڕاستەقینەی تاک لە سەروەختی بەرەنگاربوونەوە، یاخیبوون و نسکۆدا هەڵبکۆڵێت،)** دەبەخشێت. ڕەنگە ناودارترین شەڕی نێوان ئەدیبان ئەو شەڕەی بەینی یۆسا و گارسیا گابریێل مارکیز بێت کە ١٩٨٢ نوبێڵی وەرگرت ١٩٧٦، یۆسا لە مەکسیکۆ سیتی بە بۆکسێک لاچاوی مارکیز شین دەکاتەوە و بەوە کۆتایی بە چیرۆکی هاوڕێیەتیی نێوانیان دێت. شەڕێکی دیکەی گرنگ کە یۆسا بەشداریی تێدا کرد، یان دروستتر بە

وشە لایەنی گرت، هێرشی ئەمریکا بوو بۆ سەر عێراق.

**ماریۆ ڤارگاس یۆسا** کە گەشەی بە هونەری گێڕانەوە، لە زەمانی جیاوازەوە و بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک چیرۆکبێژ، داوە، ئەندامی هەردوو ئەکادیمیای پێرو و ئیسپانیایشە، لە گەلێک لە زانکۆکانی وڵاتانی دنیاوە، بۆ گوتنەوەی دەرس بانگهێشت دەکرێت، ئاخر ئەو وێڕای ئەوەی ئوستادی هونەری گێڕانەوەیە، ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی مەزنیشە. کە (پێتەر ئێنگلوند)ی سکرتێری ئەکادیمیای سوێد، پێی ڕادەگەیەنێت، خەڵاتی نۆبێلی ٢٠١٠ لە ئەدەبدا، بەر ئەو کەوتووە، دەڵێت: ئەو خەڵاتە هەر بۆ من نییە، بۆ زمانی (ئیسپانیایی)یشە کە لای کەم نیو ملیارد کەس پێی دەئاخفن، شادمانم کە ئەو خەڵاتەم لەبەر ئەدەبەکەم پێ دەبەخشرێت، نەک لەبەر بۆچوونە سیاسییەکانم، بۆیە پەیمان بێت تا دوا ڕۆژی ژیانم هەر بنووسم. جیاوازییەکی نێوان یۆسا و مارکیز ئەوەیە، ئەمیان لە بواری سیاسیشدا چالاکە و تەنانەت لە تەلەڤیزیۆنی فرەنساوە، بەرنامەیەکی سیاسیی بە ناوی (قوللەی بابل)ەوە هەبوو، وەلێ ئەویان پێی وایە، **ئەرکی سیاسییانەی سەر شانی نووسەر ئەوەیە، جوانتر بنووسێت.**

ڕۆمانەکانی یۆسا، لەوانە: **هاوڕێ مایتا، ماڵی سەوز، پوورە ژولیا و نووسەر، سەردەمی قارەمان، بەدکارییەکانی کیژۆڵەیەکی لاسار، لە ستایشی باوەژندا، ماسی لە ئاودا و ئاهەنگی سابرێن**، بۆ گەلەک زمان وەرگێڕدراون، ڕەنگە بەناوبانگترین ڕۆمانی وی، (شار و سەگگەل) بێت کە هەم لە پێرو بە هەزاران دانەی بە ئاشکرا لێ سووتێندرا و هەم لە ئیسپانیا تا فرانکۆ مابوو، سانسۆر لێ نەدەگەڕا وەک خۆی چاپ بکرێت. یۆسا ١٩٣٦ لە پێرو لە دایک بووە و لە ١٩٦٢دا، بە بیستوشەش ساڵی، (شار و سەگگەل)ی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا ئاوڕووی (پێرو)ی بردووە، ئاخر ئەو پێی وایە، **هەر ڕۆماننووسێک ستایشی وڵاتەکەی خۆی بکات، جێی متمانە نییە**. شار لەو ڕۆمانەدا، لیمای پایتەختە و سەگگەلیش دانیشتووانەکەی، بە تایبەتی ئەو قوتابییانەی لەگەڵ ڕۆماننووسدا لە هەمان فێرگەی سەربازی دەیانخوێند. یۆسا لەو ڕۆمانە و لە چەند بەرهەمێکی تریشیدا، بە توندی ڕەخنە لە هیرارکی، ئەو دەسەڵاتە سەربازییە نائینسانییەی لە کۆمەڵگەیەکی نایەکسانی چینایەتیدا، لە سەرەوە بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە، دەگرێت.

یۆسا لە **سارتەرەوە** فێر بووبوو، (وشە توانای گۆڕینی مێژووی هەیە،) **کامو** دەرسی دادابوو کە هەرگیز (مۆراڵ لە سیاسەت جیا نەکاتەوە.) یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی یۆسا ئەوەیە، پێمان دەڵێت، دیکتاتۆر هەر لە سەرەتاوە، وەک دڕندە لە دایک نابێت، بەڵکوو ئەویش ئینسانێکە و بە زەبری هەلومەرجەکە، هێدی هێدی دەبێتە جانەوەر. (چۆن ئینسان دەبێت بە دڕندە؟) یۆسا لە (ئاهەنگی سابرێن)دا، بە پوختی وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە. لەو ڕۆمانەدا دیکتاتۆر لە هەوڵی ئەوەدایە، دەست لەگەڵ کچی سەرەکوەزیرانەکەیدا کە تەمەنی چواردە ساڵە تێکەڵ بکات! یۆسا پێی وایە و ڕاستیشی بۆ چووە، **(بانگەشەکردن بۆ کۆمەڵگەی نموونەیی، دڕندەگەلی لە نموونەی تالیبان بەرهەم دەهێنێت و ئەوانەیشی بەڵێنی دابینکردنی بەهەشتمان پێ دەدەن، دۆزەخمان بۆ**

**چیّ دەکەن.)**

**(ئەگەر ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی جاران هەیبوو، بۆ ئەدەبی نەگێڕینەوە، خەبات لە دژی بەربەریزم زەحمەتتر دەبێت.)** ئەوە یەکێکە لە گوتە جوانەکانی یۆسا، کە پێی وایە، نووسەری گەورە پێش هەموو شتێک زادەی دیسپلین و کۆڵنەدانە. ڕەنگە ئەوە لوتکەی دیسپلین و ئەوپەڕی کۆڵنەدان بێت، یۆسا بە تەمەنی حەفتاوچوار ساڵییەوە، سەعات شەشی بەیانی لە خەو ڕادەبێت و خۆی بۆ گوتنەوەی دەرسی هونەری گێڕانەوە، لە زانکۆی پرینستنی ئەمریکایی ئامادە دەکات. یۆسا وای بۆ دەچێت: **(ئەدەب توانای گەمەکردنی دەسەڵات بە تاک کەمتر دەکاتەوە، گەشە بە گیانی ڕەخنەگرتن دەدات و زۆرلێکراوان بۆ یاخیبوون هان دەدات، ئەوە بۆیە دەسەڵاتداری ستەمکار، دەستبەرداری سانسۆر نابێت.)**

یۆسا کە نووسینی کردووە بە پیشە، کە بە زمانێک دەنووسێت کڵپەی لێ هەڵدەستێت، هەرگیز خۆی لە دنیای فەنتازیادا بەند ناکات، هەمیشە لاقێکی لەسەر شەقامی واقیعە، بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی، خەیاڵ وەگەڕ دەخات و وەک گەلێک لە نووسەرانی لاتین ئەمریکا، سەر بە ڕێبازی ڕیالیزمی جادوویی نییە. یۆسا پێی وایە، یەکێک لە ئەرکەکانی ئەدەب ئەوەیە، ئەوە بیری خوێنەران بخاتەوە کە (ئەو زەوینەی لەسەری ڕاوەستاون با پتەویش بنوێنێت، ئەو شارەی تێیدا نیشتەجێن با لە ئاوەدانیش بچێت، بەڵام چونکە بەدکاران لە هەموو جێیەکدا خۆیان حەشار داوە، نزیکەی هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە، لەناکاو گەردەلوول هەڵبکات.) ئەو وای بۆ دەچێت: **(ئەدەب پێویستە نیگەران و سەرقاڵمان بکات، هەم چێژی لێ وەربگرین و هەمیش وشەکانی لە کۆمەڵێک مینی بچووک بچن، هۆشیاری و یادەوەریمان بتەقێننەوە.)**

ژیانی یۆسا هەمیشە لە گۆڕاندا بووە، لە پێرو هاتووەتە دنیاوە و ساڵانێک لە بۆلیڤیا ژیاوە، بۆ خوێندن، دەرسگوتنەوە و مەبەستی دیکە، بە ئاسانی ئەم وڵات جێ دەهێڵێت و لەوی دی نیشتەجێ دەبێت، ماڵئاوایی لەم ژن دەکات و لە دەرگەی ژنێکی دیکە دەدات، واز لە چەپ دەهێنێت و لە هەواری ڕاستدا لەنگەر دەگرێت، هەرچەندە ئیشی یەکەمی نووسینە، کەچی جارێک دەبێتە هەڵسووڕاوێکی چالاکی بواری سیاسەت و جارێکی دیکە مامۆستای زانکۆ. هەر نووسەر نییە، ڕۆژنامەنووس، ڕاگەیاندنکار، شانۆنامەنووس، گوتارنووس و ڕەخنەگری ئەدەبیشە و بەرهەمی ڤیکتۆر هۆگو، گوستاڤ فلوبیر و جورج لویس بورخێس و هەنری میللەری هەڵسەنگاندووە.

٢

**خەیاڵ** زادەی ناڕازیبوونە لەو ژیانەی کە هەیە و ئامرازێکە بۆ جوانترکردنی واقیع. ئەوە خەیاڵە کە هەستێکی وامان لە کن دروست دەکات، پێمان وابێت، ئەوەی لە ڕۆماندا دەیخوێنینەوە، واقیعە نەک وەهم. لە دوای خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکی چاکەوە، هۆشیارانەتر سەرنجی ژیان دەدەین و هیچ دوور نییە، بە کاریگەریەتیی ڕۆمانێکی جوان، لە واقیعێکی تاڵ یاخی ببین و بە گژیدا

بچینەوە. ئەوە بۆیە بە درێژاییی مێژوو، کۆنەپارێزان هەوڵیان داوە، باڵی خەیاڵ بقرتێنن، یان لای کەم خەیاڵ بخەنە ژێر سانسۆرەوە. ئەرکی سەرەکیی دادگە بەدناوەکانی پشکنینی سەدەکانی ناوەڕاست، کۆنترۆڵکردنی خەیاڵ بوو.

**فلوبیر** دەیگوت: (نووسین شێوەیەکە لە شێوەکانی ژیان.) ئەوی وەها بیر بکاتەوە، بۆ ئەوە نانووسێت، بژی، بۆ ئەوە دەژی، بنووسێت. ئەوی بە ڕاستی خۆی بۆ نووسین تەرخان بکات، تەواو وەک کەسێکە کە بڕوایەکی قووڵی بە ئایینێک هەبێت و هەموو وەخت و توانای خۆی پێ بەخشی بێت. تەنیا کەسانی وەها دەتوانن بینە نووسەر و بەرهەمی نەمر لە دوای خۆیانەوە، بەجێ بهێڵن.

ئەدەب هەرچەندە زادەی خەیاڵە، وەلێ پێوەندییەکی پتەوی بە واقیعەوە هەیە. بە دەگمەن ڕۆمانێک هەیە، یان ڕەنگە هەر نەبێت، هەندێک لە کارەکتەرەکانی، کەسانی ڕاستەقینە نەبن، یان هەموو ڕووداوەکانی خەیاڵکرد بن و هیچی دیکە. ڕاستە نووسەر واقیع نانووسێتەوە، بەڵام، ئەوەی دەینووسێتەوە، هەمیشە ڕەگێکی لە واقیعدا هەیە و نزیکەی هەمیشە، ڕۆماننووس باسی ئەو کەسانە دەکات کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، کاریگەرییان لەسەری هەبووە، یان ئەو ڕووداوانە بەسەر دەکاتەوە کە هەستیان بزواندووە.

ئاژەڵێکی ئەفسانەیی هەیە، لەسەر خۆی دەژی و لە پێیەکانییەوە، دەست بە خواردنی خۆی دەکات، ئەو ئاژەڵە ناوی کاتوبلیباسە و **فلوبیر** و **بورخیس** باسیان لێ کردووە، ڕۆماننووسیش وەک ئەو زیندەوەرە ئەفسانەیییە، ئەزموونی خۆی دەبێت بەتوێشووی سەفەری نووسینەکانی. ئەزموونی ژیان، نەک هەر جێپەنجەی خۆی لەسەر هەست و نەستی نووسەر جێ دەهێڵێت، بەڵکو وەها ئابڵووقەی دەدات، ناچاری دەکات بۆخۆدەربازکردن لەو ئابڵووقەیە، هانا بۆ نووسین ببات. ئەوە بۆیە زۆر جار، نووسەران دەڵێن: فڵان کەسایەتی یان ڕووداو، لەمێژ بوو سەری قاڵ کردبووم، باشبوو، نووسیمەوە و لێی رزگار بووم.

لە نووسینی ڕۆماندا نزیکەی هەمیشە خاڵی دەستپێکردن کە دەتوانین ناوی بنێین شوێنی هەڵفڕین، ژیانی ڕاستەقینەی نووسەر خۆیەتی، بەڵام شوێنی نیشتنەوە، زەوینی واقیع نییە، جێیەکە خەیاڵی نووسەر دایدەهێنێت، ئاخر ئەگەر نووسەر بە خۆی دەست پێ بکات و هەر بە خۆیشی کۆتاییی پێ بهێنێت، ئەگەر لە خۆی جودا نەبێتەوە، ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت، ڕۆمان نابێت، بەڵگەنامەیەک دەبێت، دەربارەی ژیاننامەی خۆی. ئەو ڕۆماننووسەی ئەو شتانە نانووسێت کە ناخی داوای لێ دەکەن و دەچێت بەو ئومێدەی سەرکەوتن و ناوبانگ مسۆگەر بکات، بابەتی دیکە هەڵدەبژێرێت، ئەوە نووسەرێکی ڕاستەقینە نییە و نزیکەی هەمیشە دووچاری نسکۆ دێت.

**ڕۆمان (درۆ)یەکە، هەوڵ دەدات لە ڕاستی بچێت. ڕۆمان جۆرێکە لە فریودان، لە ئەدەبی باڵادا، خوێنەر فریودراوێکە هەست بەوە ناکات، فێڵی لێ کراوە، لە ئەدەبی لاوازدا، فێڵەکە ئاشکرایە و ڕۆماننووس دەستەکەی دیارە. ڕۆمان شتێکە زادەی خەیاڵ، بەڵام نووسەر هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ، تا خوێنەر بەوە قایل بکات، ئەوەی دەیخوێنێتەوە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە. ئەرکی**

**ڕۆمـاننووس ئەوەیە، وامـان لێ بکات، وەهـم بە واقـیـع بزانین و سـەرابیش بە کـانیـاو. ئەرکی ڕۆماننووس تەواو لە هیی جادووگەر دەچێت، ئەوە نییە جادووگەریش دەخوازێت بڕوا بەوە بکەین کە توانای ئەوەی هەیە، دەستەسڕ بکات بە کۆتر!**

تەغریب، ئەو تیۆرییە ناودارەی **بەرتۆلد برێخت** دایهێناوە، بەردەوام ئەوەمان وەبیر دەهێنێتەوە، ئەوەی لەسەر شانۆ دەیبینین، ژیان یان ڕاستی نییە، شانۆگەرییە. بە پێچەوانەی شانۆی تەغریبی برێختەوە، ڕۆماننووس بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە، قایلمان بکات کە ئەوەی دەیخوێنینەوە، وەهم نییە، واقیعە. هەر ڕۆمانێک، با ئەوپەڕی فانتازیایشی تێدا وەگەڕ خرابێت، ئەگەر وەک شانۆگەرییەکانی برێخت، ئەو هەستەی لە کن دروست کردین کە ڕاستی نییە، ئەوە بەرهەمێکی ڕووت و ڕەجاڵە و دەرۆزەی پێ دەشێت، ئەوە نمایشێکە بە بووکەشووشە، نمایشێکی وا کە بینەر چاوی لەو دەست و داوانەیە کە بووکەشووشەکان دەجووڵێنن.

لە ئەدەبدا **بابەت**، بەش بە حاڵی خۆی، چاک یان خراپ نییە، گرنگ ئەوەیە، بابەت لە ڕۆماندا چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و دەخرێتە گەڕ. **بورخیس** لە بەرهەمەکانیدا بایەخ بە فیکر و مەعریفە دەدات نەک بە هەست و هەڵچوون، لای **مارکیز** زۆر جار ئێرۆتیکا لە سەنتەردایە، بەڵام ئەو دوو نووسەرە چونکە بەسەر تەکنیکی گێڕانەوەدا زاڵن و خۆڕسکانە دەنووسن، بە چاوپۆشین لە بابەت، ئەستەمە بە زمانی ئیسپانیایی، کەسی دیکە هێندەی وان، دەقی جوانی نووسیبێت. جیاوازییەکی نێوان نووسەری چاک و خراپ ئەوەیە، ئەمیان بە قووڵی و ئەویان هەر بە ڕووکەش، بابەتەکە بەرجەستە دەکات، یان کارەکتەر لای ئەمیان لە ئینسانێکی ئاسایی و لای ئەویان لە بووکەشووشە دەچێت.

لە گێڕانەوەدا، وشەکان، شتەکان و کارەکتەرەکان، بە جۆرێک یەکیان گرتووە، لە یەکدی جیاکردنەوەیان، لەسەروو مەحاڵەوەیە. لە ڕۆماندا ئەو شتەی کە دەیگێڕینەوە، ناتوانین جیای بکەینەوە لە شێوازی گێڕانەوەکەی، ئاخر ئەوە شێوازی گێڕانەوەیە، بڕیار دەدات، ئەوەی دەیگێڕینەوە، جێگەی باوەڕ و متمانەیە یان نا؟ پاراوە یان وشکوبرینگ؟ سادەیە یان ئاڵۆز؟ تراژیدییە یان کۆمیدی؟ لە ڕۆماندا وەک مەحاڵ وایە، بابەت لە شێوە جودا بکەینەوە. ئەرکی هەرە سەختی ڕۆماننووس ڕەنگە ئەوە بێت، کارێکی وا بکات، بڕوای پێ بکەین، وامان لێ بکات، ئەوەی بۆمانی دەگێڕێتەوە بە ڕاستی بزانین نەک بە درۆ. ئەگەر ڕۆماننووس توانای ئەوەی هەبوو، بێلایەنانە چیرۆکەکەمان بۆ بگێڕێتەوە و کارێک بکات وا هەست بکەین، ڕووداوەکان خۆڕسکانە ڕوو دەدەن، نەک بە زەبری ویستی خۆی و دەستتێوەردانی دەرەکی، ئەوا گومان لە ڕاستگۆیی نووسەر ناکەین، جێی باوەڕمان دەبێت و تەنانەت لەناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیدا دەژین و لە خۆشی و خەمی کارەکتەرەکانیدا بەشدار دەبین.

بۆ ئەوەی ببیت بە خاوەنی زمانێکی دەوڵەمەند و پاراو، پێویستە سەروەر ئەدەبی چاک بخوێنیتەوە. هەمیشە بخوێنەوە! بەڵام هەرگیز لاسایی شێوازی نووسینی ئەو نووسەرانە مەکەوە

کە سەرسامت دەکەن. ئەوە زۆر گرنگە بە زمانێکی بەژنزراڤ و رەوان، پەخشانێکی جوان بنووسیت، بەڵام رۆمان زادەی زمانی جوان نییە، بەرهەمی هونەری گێڕانەوەیە، گێڕانەوەیەکی وەها، توانای ئەوەی هەبێت، کارێک بکات، بڕوا بە چیرۆکەکە بکەین. بە شێوازێکی ئاسان بنووسە! با نووسینیت وەک ئاوی روونی کانی، خۆڕسکانە هەڵبقوڵێت!

کارەکتەری سەرەکی لە رۆماندا، ئەو کەسایەتییەیە کە رۆمانەکە دەگێڕێتەوە، **گێڕەرەوە** ئەوەندە گرنگە، چارەنووسی هەموو کەسایەتییەکانی دیکەی رۆمانەکەیش، بەوەوە بەندە. بەدحاڵیبوونێک سەبارەت بە گێڕەرەوە و نووسەر هەیە و ئەگەر نەڵێم هەموو، ئەوا بەشێکی زۆر لە خوێنەران پێیان وایە، گێڕەرەوە خودی نووسەر خۆیەتی، ئەمەیش هەڵەیەکی گەورەیە. تەنانەت هەندێک لە نووسەرانیش بە تایبەتی کاتێک بە جێناوی کەسی یەکەمی بگۆ، رووداوەکان دەگێڕنەوە و سوود لە بەشێک لە ژیاننامەی خۆیان دەبینن، دەکەونە هەمان هەڵەوە و تووشی هەمان بەدحاڵیبوون دەبن، کاتێک وای بۆ دەچن، گێڕەرەوەی رۆمانەکەیان، خودی خۆیانن، ئاخر وەک چۆن رۆمان زادەی خەیاڵی نووسەرە، گێڕەرەوەیش چونکە بەشێکە لە رۆمان، ئەویش تەواو وەک کارەکتەرەکانی دیکەی نێو رۆمانەکە، هەر زادەی خەیاڵی نووسەرە، تەنیا جیاوازیی نێوان گێڕەرەوە و کارەکتەرەکانی دیکەی نێو رۆمانەکە، ئەوەیە: گێڕەرەوە لە هەموو کارەکتەرەکانی دیکە گرنگترە، چونکە ئەوە گێڕەرەوەیە لە روانگەی خۆیەوە باسی ئەوانی دی دەکات.

**گێڕەرەوە کەسێکە لە وشە، نووسەر کەسێکە لە گۆشت و ئێسک، گێڕەرەوە دەشێت زیندەوەرێک بێت، ئیدی هەر زیندەوەرێک، تەنانەت دەشێت بەردێک بێت، بەڵام نووسەر کەسێکی راستەقینەیە. گێڕەرەوە تەنیا لە رۆماندا دەژی و بەو چەشنەیش رووداوەکان دەگێڕێتەوە کە خۆی دەخوازێت و لەگەڵ کۆتایی پێ هێنانی رۆمانەکەدا، کۆتایی بە خەیاڵ و بە هەبوونی دێت، بەڵام نووسەر ژیانی گەلێک دەوڵەمەندتر و هەمەچەشنترە و وەک چۆن پێش رۆمانەکە هەبووە، دوای رۆمانەکەیش هەر دەمێنێت و درێژە بە ژیان دەدات.**

گێڕەرەوە ناتوانێت، باس لە هەر هەموو ژیانی نووسەر بکات، ئاخر نووسەر دوای تەواوبوونی رۆمانەکە، با رۆمانێکی زۆر درێژیش بێت و پشت بە ژیاننامەی خۆیشی ببەستێت، هەر دەژی، ئاخر هیچ رۆمانێک ناتوانێت، سەرجەم وردەکارییەکانی ژیانی نووسەرێک بەسەر بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر نووسەرەکە خۆیشی ئەوەی مەبەست بێت. گێڕەرەوە دەشێت کارەکتەرێکی درێژدادڕ یان کەمدوو بێت، دەشێت کەسێکی هەڵەشە یان هێمن بێت، دەشێت هەموو نهێنییەکانی خۆی بدرکێنێت، یان زۆر لایەن لە تاریکیدا بهێڵێتەوە، دەشێت هەر لە کەسێکی راستەقینە بچێت و خوێنەر متمانەی تەواوی پێ بکات، یان بە پێچەوانەوە، لە بووکەشووشە، یان لە کاریکاتێری کەسێک بچێت.

کێشەی یەکەم و سەرەکیی نووسەر، دەستنیشانکردنی ئەو کەسەیە کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، بە گشتی نووسەر لە سێ کەس زیاتر شک نابات، یەکەم: گێڕەرەوە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو

چیرۆکەکە. دووەم: کەسێکی هەمووشتزانی دەرەوەی چیرۆکەکەیە. سێیەم: کەسێکە کە لە کن خوێنەر ڕوون نییە، لەنێو چیرۆکەکەوە قسە دەکات یان لە دەرەوەی. گێڕەرەوەی جۆری یەکەم و دووەم، کۆنە و هی جۆری سێیەم لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانی نوێدا پەیدا بووە. بۆ ئەوەی بزانین، نووسەر کام گێڕەرەوەی هەڵبژاردووە، دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین، گێڕەرەوە بە کام جێناو دەپەیڤێت، بە (من) کە بگۆیە، بە (تۆ) کە بشنەوە، یان بە (ئەو) کە بزرە؟ ئەو جێناوەی کە گێڕەرەوە پێی دەپەیڤێت، پێوەندیی نێوان گێڕەرەوە و شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکە دیاری دەکات.

ئەگەر بە جێناوی بگۆ (من) قسەی کرد، ئەوا گێڕەرەوە لە هەمان شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکەیە و لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکەدا دەژی، ئەگەر بە (ئەو) کە کەسی سێیەمی بزرە، قسەی کرد، ئەوا گێڕەرەوە، هەرچەندە نە لە جێی ڕووداوەکەیە، نە بەشێکە لەو جیهانەی وێنەی دەکێشێت، بەڵام کەسێکی هەمووشتزانە و ئاگەداری هەموو ورد و درشتێکە. ئەگەر گێڕەرەوە بە کەسی دووەم (تۆ) کە بشنەوە، قسەی کرد، ئەوا کەسێکە ڕوون نییە لە شوێنی ڕووداوە یان نا، وەلێ دەشێت هەموو شتێک بزانێت و بۆ خودی خۆی قسە بکات.

ئەو گێڕەرەوەیەی بە هەمووشتزان ناسراوە، وەک کەسێک ناوی دەبەن کە لاسایی خودا بکاتەوە، ئاخر بێجگە لە خودا، کەس نییە هەموو شتێک بزانێت. ئەوەیش شتێکە ئاسایی کە گێڕەرەوە تەنیا کەسێک نەبێت، دووان، سێیان یان زیاتریش بن و هەر یەکەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە، هەمان چیرۆک بگێڕێتەوە، یان هەر یەکەیان بەشێک لە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. دەشێت گێڕەرەوە بە مەبەستی خۆشاردنەوە، یان لە شەرمدا، یان بۆ خۆ خاکی نیشاندان، بە جێناوی کۆی بگۆ (ئێمە) بدوێت.

لە ڕۆماندا **وەخت** کرۆنۆلۆگییانە گەشە ناکات، واتا گێڕەرەوە ملکەچی بە زنجیرە بە دوای یەکدا هاتووی دوێنێ، ئەمڕۆ، سبەینێ نییە. دەشێت نووسەر لە ئایندەوە بەرەو ئێستا و ڕابردوو بگەڕێتەوە، یان وەک دەخوازێت زەمان تێکەڵ بکات. زەمان لە ڕۆماندا پێوەندیی بە دەروونی نووسەرەوە هەیە و وەختێکی سایکۆلۆگیاییە نەک کرۆنۆلۆگیایی. نووسەر وەک چۆن دەتوانێت لە ئێستادا باسی هەنووکە بکات، هەروایش دەشێت بە ڕابردوو دەست پێ بکات و لەوێوە ئێستا و داهاتوو بخوێنێتەوە. (کە لە خەو ڕابوو، هێشتا دیناسۆرەکە لەوێ بوو.) لەو چیرۆکەدا کە تاکدێڕییە، گێڕەرەوە لە ئایندەوە باسی ڕابردوویەکی ڕەها دەکات. ئاساییە نووسەر سەرەتا کارەکتەرەکەی وەک پیرێک نیشان بدات و ئینجا هێدی هێدی بەرەو تافی لاوی و منداڵیی بباتەوە. لە (تەپڵی تەنەکە)ی **(گۆنتەر گراس)**دا، زەمان بۆ هەمووان ئاسایی ڕێ دەکات، تەنیا بۆ قارەمانی ڕۆمانەکە نەبێت، کە زەمان کاری تێ ناکات و هەر بە منداڵی دەمێنێتەوە.

خەیاڵ شتێکە و فانتازیا شتێکی دیکەیە. لە ڕۆماندا فانتازیا دەشێت جادوو یان ئیعجاز بێت، هەروەها دەشێت داستان یان ئەفسانە بێت. لە ڕۆماندا گرنگ درێژی و کورتی نییە، هەمیشە ئەوە جێی بایەخە، هەر کارەکتەرە و تایبەتمەندیی خۆی هەبێت. مەرج نییە ئەو تایبەتمەندییە هەر بە

شـۆڕبوونەوە بە نـاخی کـارەکتـەردا، بـەدی بێت، ئالان ڕۆب گـریێ دەیویسـت ڕۆمـان لە بن دەسـتی سـایکۆلۆگـیـا دەرباز بکات و زیاتر بایەخی بە ڕووی دەرەوە دەدا. ڕۆمـاننـووسـی چاک سـەرلەنوێ واقـیـع بەرهـەم ناهێنێـتـەوە، شـتـی نوێ لە ژیاندا دەبینێـتـەوە، یان هیـچ نەبێت بایەخ بە شـتـە پەراوێزخراو و لەبیرکراوکان دەدات، بەو شێوەیە لە دەرگەی تـازە دەدات، شتی نەگوتراو دەڵێت و پێناسەی نوێی بۆ ژیان و بوون پێیە.

**ئەوە گرنگ نییـە فلان ڕۆمـان سـەر بە کـام ڕێبازی ئـەدەبییـە، ئەوە جێی بایەخـە، ڕۆمـاننووس لە ڕوانگەیەکی نوێوە سەرنجی کات، شوێن و واقیع بدات. ئەگەر سیستەمی ڕۆمان و توانای دەربڕین پێکەوە بگونجـێن، ئیـدی بابەت و شـێـواز ئاوێزانی یەکـدی دەبن و خـوێنەر وەها سـەرسـام و کەمەندکێش دەکەن، لە بیری دەچێتەوە، نووسەر هانای بۆ کام تەکنیکی گێڕانەوە بردووە و هەست ناکات سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆمـانە، وای بۆ دەچێت، ئەوە ژیانە و دەبێت بە بەشێک لێی، ئەمەیش بۆ نووسەر، لوتکەی سەرکەوتنە.**

ئەوەی گـۆڕانێکی کـوتوپڕی چلۆنـایەتیی سـەرسـوڕهێن لە ڕۆمـاندا ڕوو بدات، وەک نمـوونە کارەکتـەرێکی پیـاو، لەناکاو ببێت بە ژن، یان لە دنیـای واقیـعـەوە، لەپڕ بپەڕینەوە بۆ فـانتـازیا، لە هونەری ڕۆمـاننووسـیندا، (دەمـی گـرکـان)ی پێ دەگـوترێت، ئەو جـۆرە گـۆڕانـە، جـیـاوازە لەوەی گـریگۆری سـامـسـا هـەر لە سـەرەتای ڕۆمـانی (بەدگـۆڕان)ی **(کـافکا)**وە دەبێـتـە قـالۆنچـە. لەو ڕۆمـانانەدا کە پشت بە فـانتـازیا دەبـەستن، ڕووداوی سـەیر هـەیە و شـتـی نائاسـایی دەقـەومـێت، ڕووداو و شتی ئەفسانەیی کە لێکدانەوەی عەقڵانییان بۆ ناکرێت.

تەکنیکێکی دیکەی نووسـین هـەیە، بریتـیـیـە لە **شـاردنەوەی زانیـاری** لە خـوێنەر. زۆر جـار ڕۆمـاننووسـی لێزان، بە مـەبەست هـەندێک شت دەشـارێتـەوە و لێ دەگـەڕێت خوێنەر بیاندۆزێتـەوە، یان هـەندێک بۆشـایی جێ دەهێڵێت تا خـوێنەر پڕیان بکاتەوە، ئەو بێدەنگبوونەی نووسـەر، پەیامی خـۆی هـەیە و **هـەمـەنگوای** لەو بوارەدا ئوسـتـاد بوو، بۆ نموونە لە (بکوژان)دا پێمـان ناڵێت، بۆچی دوو کەس هـاتوون ئەندەرسن بکوژن؟ نایدرکێنێت ئەندەرسن کە دەزانێت هـاتوون بیکوژن، بۆچی نە هـەڵدێت و نە پۆلیس ئاگـەدار دەکاتەوە؟ هـەمـەنگوای وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیـارانە دەخـاتە ئەسـتۆی خـوێنەر. ئەو بێدەنگییـەی نووسـەر، هـەم خـەیاڵی خـوێنەر دەوڵەمـەند دەکات و هـەم خـوێنەر توند بە چیرۆکەکەوە دەبەسـتێتەوە. ئەو تەکنیکە، کە گێڕانەوەی بێدەنگی پێ دەڵێن، وا دەکـات چیرۆک لەو شـاخـە سـەهۆڵینانـەی نێـو زەریا بچـێت کـە تەنیـا لوتکەکـەیان دیارە و تەواوکـردنی چیـرۆکـەکـە پێویستی بە بەشداریکردنی خوێنەرە.

وەک چۆن شوێنەوارناسێک بە هـۆی پاشمـاوەوە، کۆشکێک بنیـات دەنێتـەوە، یان زیندەوەرناسێک بە هـۆی ئێـسـکەوە، دەچێـتـەوە سـەر دیناسـۆرێک، (ئالان ڕۆب گـریێ)یش خـوێنـەر بەرەو ڕووی شوێنەوار و پاشمـاوەی ڕۆمان دەکاتـەوە، بنیاتنانی کۆشکی تێکستـەکە بۆ خـوێنەر جێ دەهێڵێت. نووسـەری ڕۆمـانی پۆلیسـی هـەمیشـە پێویسـتی بەوە دەبێت، پشت بە تەکنیکی زانیـاریی شـاراوە

ببەستێت و لەو ڕێگەیەوە وا بکات خوێنەر بەردەوام بە تامەزرۆییەوە، بۆ ناسینی بکوژەکە کە نووسەر لە کۆتاییدا ئاشکرای دەکات، دوای ڕووداوەکان بکەوێت. ڕۆماننووس دەشێت بۆ گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی ڕێسای **(دەفرە هاوینەکان)** ڕەچاو بکات و لە هەمان دەقدا، دوو ڕووداو (یان زیاتر) لە دوو شوێن و دوو زەمانی جیاوازدا بگێڕێتەوە. دوو چیرۆکەکە سەربەخۆ و دوور لە یەکدی ڕوو دەدەن و داوی هاوبەش لە نێوانیاندا گێڕەرەوەیە و بورخیس گوتەنی: هەرچەندە تێکەڵی یەکتری نابن، بەڵام یەکدی تەواو دەکەن. ئەوە ئاساییە لە کەسێکەوە فێری نووسین ببین، وەلێ ئەوە مەحاڵە، کەسێک فێرمان بکات، ئەوەی دەینووسین، بکەوێتە خانەی داهێنانەوە.

٣

ئەگەر نووسەر بە خۆڕسک بەهرەمەند نەبوو، گەرەکە وەک فلوبێر بە کۆششی بەردەوام، بەهرە پەیدا بکات، ئەوانەی بەرهەمە سەرەتاییەکانی فلوبێر بکەن بە پێوانە، هەرگیز پێشبینیی ئەوە ناکەن، ئەو بلیمەتەی لێ دەربچێت. وەک چۆن سیاسەتکاری گەندەڵ ڕەوتار، وێنەی سیاسەتکاری خاوێنیش دەشێوێنێت، نووسەری خراپیش زیان بە نووسەری چاک دەگەیەنێت، ئەو خوێنەرانەیشی بە ئەدەبی بازاڕی سەرسام دەبن، کەیفیان بە ئەدەبی باڵا نایەت، ئەستەمە کەسێک زرەڕۆمانێکی وەک کۆدی دافنشیی دان براونی پێ لوتکە بێت و دواتر بچێت شاکارەکانی پروست، بورخێس، کافکا یان جۆیس بخوێنێتەوە. کۆمەڵگەیەک شەیدای خوێندنەوەی ئەدەبی باڵا بێت، کۆمەڵگەیەکی داهێنەر و دەوڵەمەند دەبێت و وەک مەحاڵ وایە هیچ دەسەڵاتێک لە توانایدا هەبێت، کۆمەڵگەی وەها فریو بدات.(١)

ڕەنگە لایەنی لاوازی **ماریۆ ڤارگاس یۆسا** ئەوە بێت، گەلەک شەیدای ڕاکێشانی سەرنجی فلاشی کامێرایە و بە چاوپۆشین لە بیروڕای ئەم و ئەو، هەوڵ دەدات هەمیشە تیشکی لەسەر بێت، ئەوە بۆیە هەندێک بە پیاوێکی تاووسڕەوتار ناوی دەبەن. لە کاتێکدا زێتر لە سێ میلیۆن کەس، دژی هێرشی ئەمریکا، ڕژابوونە سەر شەقامەکانی مەدرید، ئەو ڕاشکاوانە، دژ بە هەڵوێستی زۆربەی ڕۆشنبیرانی ئیسپانیا، گوتی: من لەگەڵ ئەو جەنگەدام کە ئەمریکا لە دژی عێراق هەڵی گیرساندووە، تەنانەت کە ئەمریکا لە ئەپریلی ٢٠٠٣دا، عێراقی داگیر دەکات، ئەو لە ٢٥ی حوزەیرانی هەمان ساڵدا، بە فڕۆکەی سەربازی دەگاتە بەغدا و کتێبێکیش لە بارەی ئەو گەشتەیەوە دەنووسێت.

ماریۆ ڤارگاس یۆسا کتێبەکەی ناو دەنێت: (ڕۆژانەیادداشت لە عێراقەوە،) کە تێیدا بیرەوەرییەکانی لە بارەی ئەو دوازدە ڕۆژەوە دەگێڕێتەوە کە لە عێراقدا بەسەری دەبات. کتێبەکە کە لە هەشت بەش پێک دێت، بەشی حەوتەمینی تایبەت دەبێت بە کورد و تێیدا یۆسا باسی ئەو ستەمانە دەکات کە کورد لە (١٩٧٥)ەوە تا ١٩٩١ لە سایەی بەعسدا تووشی هاتووە، ئیدی هەر لە کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و ڕاگوێزانەوە تا کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و کۆڕەو. ئەو

لەو گەشتەیدا ڕاستگۆیانە باس لە عەرەباندن و ژمارەی قوربانییەکانی کورد و تاوانەکانی عەلی کیمیکاڵ دەکات. یۆسا لەو سەفەرەیدا سەرێک لە **سلێمانی** دەدات و وەسفێکی هێندە جوانی دەکات، ڕەنگە چاوی خوێنەری خەڵکی ئەو شارە، فرمێسکی تێ بزێت. لە باسی جلوبەرگی پێشمەرگەدا دەڵێت: (تۆ بڵێیت ئەو جەنگاوەرانە، ئیلهامی دیزاینی پۆشاکەکانیان لە پۆرترێتەکانی **رامبرانت** نەدزی بێت؟) لە بارەی سلێمانییەوە دەنووسێت: (شارێکە جوان، کیژان بە شەقامە خاوێنەکانیدا، کە ئەملا و ئەولایان بە درەخت تەنراوە، بە پۆشاکی خۆرئاواییەوە پیاسە دەکەن. دارستانێک لە سینیی سەتەلایەت، سەربانەکانی شاریان داگیر کردووە.)[٢]

یۆسا دەڵێت: هەرچەندە باوکمم خۆش نەدەویست، بەڵام خۆم بە قەرزداری دەزانم، ئاخر ئەوە ئەو بوو وای لێ کردم ئازادانە بیر بکەمەوە و ڕکم لە هەموو جۆرە گوشار و هەژموونێک ببێتەوە، باوکم نەبووایە، نەدەبوومە ئەو نووسەرەی ئێستا هەم. کە سارتەر و کامو لە گۆڤاری (سەردەمە تازەکان)دا، گوتوبێژیان دەکرد، بۆ من ئەوە ڕووداوێکی گەورە بوو، لە (لیما)وە، بە پەرۆشەوە، دوای ئەو ململانێ فیکرییە دەکەوتم. هەم ئەوەم پێ جوان بوو کە سارتەر دەیگوت: وشە کردەوەیە، بە گژ ستەمدا دەچێتەوە و لە گۆڕینی ژیاندا، چالاکانە بەشدار دەبێت، هەم ئەوەیش سەرسامی دەکردم کە کامو دەیفەرموو: نابێت مۆراڵ لە سیاسەت جیا بکرێتەوە، ئەگەر نا، زەبروزەنگ پەرە دەستێنێت و بەربەریزم باڵی ڕەشی بەسەر دنیادا دەکێشێت. ولیەم فۆکنەرم خۆش دەویست بەڵام لاسایی هەمەنگوایم دەکردەوە، هەر چییەک بە زمانی ئیسپانیایی بنووسرێت، بۆنی سێرڤانتسی لێ دێت. کە چوومە ئەوروپا، لەوێ ئەوە فێر بووم، کەس بە ڕێکەوت نابێت بە نووسەر، بەنووسەربوون، زادەی خولیا، خەبات و دیسپلینە. خەیاڵی من ڕیالیستە، جادوویی نییە، مەبەستم لە خەیاڵی واقیعی، خەیاڵێکە جێگەی بڕوای خوێنەر بێت. من بۆیە خەیاڵ تێکەڵ بە ڕووداو دەکەم، تا درۆی جوانتر دابهێنم. **(ڕۆمان نیشتمانێکە لە درۆ، بەڵام شیعر ویژدانی دنیایە، ئەوە بۆیە ئینسان کە بیر دەکاتەوە هەر دەڵێیت دەرۆزەکەرە، وەلێ کە شیعر دەنووسێت لە خوداوەند دەچێت.)**[٣]

هەموو شتێک پشت بە شێوە دەبەستێت، ئاخر شێوە بناخەیە و فلان بابەت جوانە یان نا؟ وەڵام لای شێوەیە کە فاکتەری کاریگەرە، ئەوە بۆیە ڕۆماننووس، پێش هەموو شتێک، گەرەکە هونەرمەندێکی وەها لێزان بێت، توانای داهێنانی شێوەی نوێی هەبێت. نابێت نووسەر وەک پەیکەر بەردەوام لە جێیەکی نەگۆڕدا بێت، هەمیشە دژی ئەوە بووم، نووسەر وەک مارسیل پروست لەناو کتێبخانەکەیدا ژیان بەسەر ببات، نووسەر پێویستی بەوە هەیە، هەمیشە پێوەندیی بە دنیاوە هەبێت، ئەوە بۆیە من لە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنیشدا چالاکی دەنوێنم.[٤]

یۆسا شاعیرێکی خراپ دەبێت، وەلێ کە ڕوو دەکاتە ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبی، لە هەردوو بوارەکەدا بە لوتکە دەگات و دەبێت بە یەکێک لەوانەی ڕێڕەوی ڕووباری ژیان دەگۆڕن، ئەوە بۆیە دوژمنەکانی، پێش دۆستەکانی بەرهەمی دەخوێننەوە. ئەو زوو زوو لەسەر سیاسەت قسە دەکات،

هەرچەندە ژینگەی سیاسی هێندە پۆخڵە، ڕەنگە ببێتە هۆی پیسکردنی ڕۆحی نووسەر. **کافکا** کە لە دنیای بەرین بێزار دەبوو، دەگەڕایەوە بۆ ناخی خۆی، یۆسا لە هەواری ناخی خۆیەوە بە ڕێ دەکەوێت و دنیا دەکات بە نیشتمانی خۆی، ئەوە بۆیە، ئەوێک کە بەشێکە لە گیانی سەردەمەکە، نزیکەی هەمیشە قسەیەکی هەیە، شیاوی گوتن بێت و پێی وایە و ڕاستیشی بۆ چووگە، بۆ ئەوەی خزمەتی ئەوانی دیکە بکەیت، پێویستە خۆتیان لێ جوێ بکەیتەوە و ڕێیەکی نوێ بدۆزیتەوە.

**کارلۆس فۆینتس** لە (کورسییەکەی هەڵۆ)دا کە ڕۆمانێکە تەرخانە بۆ باسی دیکتاتۆر، ڕووناکی دەخاتە سەر ئەوەی کە ڕێی بەرەو کورسی، بە ناپاکیکردن و خوێنڕشتندا تێدەپەڕێت. لە ڕوانگەی وییەوە مەحاڵە ئینسانێک خاوێن بێت و دەستی لە کورسیی دەسەڵات گیر ببێت، ئاخر دەسەڵاتخوازان بە پەیژەی شەرمەزاریدا نەبێت، ناگەنە عەرشی دەسەڵات. دیکتاتۆر چونکە بە ئەوین نامۆیە، دەبێتە ڕەمزی ڕک و کینە، ڕیسواکردنی دیکتاتۆر بە ڕۆمان، بواری کاری ماریۆ ڤارگاس یۆسایشە، ئەوە نییە لە **(ئاهەنگی نێری)**دا، ئەو جۆرە ڕۆمانەی بە لوتکە گەیاندووە. یۆسا دەربارەی ئاهەنگی نێری دەڵێت: (شێوازی نووسینەکەی لە بابەتەکەی بایەخدارترە، زمان و بونیادەکەی لە خودی چیرۆکەکە گرنگترن، ئەدەبێکە خوێنەر هێندە سەرقاڵ دەکات، تا ئەو ئاستەی دووچاری دڵەڕاوکێ دەبێت. ڕۆمان سەرچاوەی ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگە، ئەوە بۆیە سیستەمە ستەمکارەکان، سانسۆری لەسەر دادەنێن.) ڕۆمانی ئاهەنگی نێری کە باس لە ڕافایێل تروخیللۆسی دیکتاتۆری کۆماری دۆمینیکان کە لە ١٩٣٠دا دەسەڵاتی گرتە دەست و لە ١٩٦١ کوژرا، دەکات و هەر دەڵێیت باس، باسی سەدام حوسەینی سەرکۆماری عێراقە، دەنگدانەوەیەکی هێندە مەزنی هەبوو، زۆر کەس پێیان وایە، ئەوە ئەو ڕۆمانە بوو، کە ڕەنگە ڕۆمانی لەوە جوانتر لە لاتین ئەمریکادا نەنووسرابێت، یۆسای بە خەڵاتی نۆبێل گەیاند.

لە ڕۆمانی (کچێکی بەد)دا کە زۆر کەس بە **(مەدام بۆڤاری)**ی **(فلوبێر)**ی بەروارد دەکەن، یۆسا چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، تێیدا کیژەکە بەردەوام (هەڵە) دەکات و کوڕەکە هەمیشە لێی دەبوورێت. ڕەنگە ئەوەی کچەکە دەیکات، بکەوێتە خانەی ئازادیی سێکسییەوە و کەس مافی ئەوەی نەبێت لەسەر ئەو ڕەوتارەی سەرکۆنەی بکات. هەقە ئەوەیش بڵێم، یۆسا هێندە بە مادام بۆڤاری سەرسام دەبێت، باسێکی جوان لە بارەیەوە دەنووسێت. **(ماڵە سەوزەکە)**یش کە یەکێکی دیکەیە لە ڕۆمانەکانی، باسی ماڵێک دەکات بۆ سێکسفرۆشی تەرخان کراوە کە دەسووتێت، کاول دەبێت و سەرلەنوێ ڕۆ دەنرێتەوە و یۆسا لە تافی لاویدا سەردانی کردووە. یۆسا بە نۆزدە ساڵی لەگەڵ جولیا ناوێکی خزمی خۆیدا زەماوەند دەکات، کە زۆر لە خۆی گەورەتر دەبێت، ڕۆمانی **(میمکە جولیا و نووسەر)** زادەی ئەو زەماوەندەیە.

یۆسا لە **(پەسەندانی باوەژن)**یشدا کە ڕۆمانێکی ئێرۆتیکاییە، دیسانەوە خوێنەر سەرسام دەکات. ئەوەی دەقێک بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، خودی دەقەکەیە، ئاخر تێکستێک ئەگەر ڕووت و ڕەجاڵ بێت، دەیان ڕەخنەگری مارانە بە بالایدا هەڵبڵێن، ڕۆژێک ناخەنە سەر تەمەنی کورتی.

دەقەکانی یۆسا، ئەوە خۆیانن داکۆکی لە خۆیان دەکەن و هیچ حەوجەیان بە کۆمەکی دەرەکی نییە. مێردمنداڵێک کە بە پووریێ، باوەژنی بانگ دەکات، وای لە **ساڵح عەلمانی** کە وەرگێڕی عەرەبییە، کردووە، ناوی (پەسندانی پوور) لە ڕۆمانی (پەسندانی باوەژن،)ی ماریۆ ڤارگاس یۆسا بنێت.(*) یۆسا لەو ڕۆمانەیدا کە بە زمانێکی باڵا نووسیویەتی، شەش تابلۆی ناوداری کە لەگەڵ دەقەکەدا بڵاوی کردوونەوە، وەگەڕ خستووە، ئەمەیش تەکنیکێکی نوێیە و ڕەنگە پێش ئەو هیچ نووسەرێکی دیکە، وەها مامەڵەی لەگەڵ هونەری شێوەکاریدا نەکردبێت. کانداولیس کە پاشای لیدیا بووە و **جاکوب جۆردانێس** بە تابلۆیەک کە لە مۆزەی ستۆکهۆڵمدا پارێزراوە، بە سەری کردووەتەوە، دەڵێت: **(لە گۆڕەپانی شەڕدا گەلێک سەرکەوتنم بە دەست هێناوە، وەلێ زێتر شانازی بەو نەبەردانەوە دەکەم کە شەوان لە جێخەودا تۆمارم کردوون.)** ئەوەی لە جێخەودا دەگوزەرێت، جێی بایەخی ڕۆمانی پەسندانی باوەژنیشە.

لایەنێکی گرنگی دیکەی ڕۆمانەکە، بوێرییە، بوێرییەک کە خوێنەر تووشی حەپەسان دەکات. ئایا ئەوە لوتکەی بوێری نییە، نووسەر ڕووداوەکان وەها بچنێت کە منداڵێک، لە ڕێی سێکسکردنەوە لەگەڵ باوەژنیدا، داوێکی وای بۆ بنێتەوە، بە دەرکردنی بدات و بەو شێوەیە ڕێگە نەدات، ژنێکی دیکە، جێی دایکی بگرێتەوە؟ بە مەرجێک باوکی، تەواو شەیدای ژنەیە و بەردەوام هەوڵ دەدات پێوەندیی نێوان خۆی و ژنەکەی دەوڵەمەندتر بکات و تەنیا ئەو ژنە قارەمانی خەونە سێکسییەکانی و ئارەزووە نهێنییەکانیەتی و هەرگیز بێجگە لە لای ژنەکەی، لای کەسی دیکە، بە دوای چێژدا ناگەڕێت.

(وەک سەر چۆن پڕ، بە کڵاوە،
وەک پێ چۆن پڕ، بە پێڵاوە،(**)
گۆی مەمکی تۆش،
پڕ بە دەروازەی گوێچکەمە،
لێم گەڕێ با،
گوێ بۆ ڕازی مەمکت شل کەم!
گەر تۆ نەبای،
دەمردم و نەمدەزانی
چێژ مانای چی،
من لەنێو باوەشی تۆدا،
خۆمم لێ دەبێ بە پاشا.
ئەوینی تۆ وای کردووە،
هەست بە جووڵەی زەمان ناکەم،

وا دەفکرم،
لە ئامێزی گەرمی تۆدا
نە پیر دەبم و نە دەمرم.)

لای یۆسا، ئێرۆتیکا، بەشێکی هەرە گرنگە لە ژیان، ئاخر بە هۆی ئێرۆتیکاوە دەزانین، ئاژەڵان لەنێو خۆیاندا چۆن سێکس دەکەن و دەبێت مرۆڤەکانیش لەنێو خۆیاندا چۆنی بکەن. بە هۆی ئێرۆتیکاوە لە ئەدەبدا، سێکس دەبێتە کارێکی هونەری کە بە دوو باڵی خەیاڵ و ڕۆشنبیرییەکی باڵا دەفڕێت. ئێرۆتیکا زادەی شارستانییە پێشکەوتووەکانە و لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگە و سەرهەڵدانی ئازادیدا پەیدا دەبێت، وەلێ لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ئینسان پێی ئاشنا نەبووە، ئاخر ئەوسا سێکسکردن وەک ئارەزوویەکی ئاژەڵانە، ئامانج لێی تەنیا وەچەخستنەوە بووە. ڕەنگە جیاوازیی سەرەکیی نێوان سێکس و ئێرۆتیکا ئەوە بێت، لە یەکەمیاندا تەنیا جەستە کارایە و لە دووەمیاندا جەستە و خەیاڵێکی دەوڵەمەند. ئێرۆتیکا تەنیا لە بازنەی سێکسکردنێکی شارستانییانەدا گیر ناخوات، ئەوە نییە لە بوارەکانی ئەدەب، شێوەکاری، سینەما و موزیکیشدا، بووە بە هەوێنی چەندان شاکار.(٥)

لایەنێکی سەرنجڕاکێشی دیکەی ڕۆمانی پەسندانی باوەژن، تەرخانکردنی بەشێکە بۆ خۆخاڵیکرنەوەی ئینسان لە پاشەڕۆک، کە ڕەنگە هەرگیز ڕۆمان لە دەرگەی ئەو بابەتەی نەدابێت. هەمیشە لە ئەدەبدا، ئەوە گرنگ نییە، باسی چی دەکەین، ئەوە گرنگە، چۆنی باس دەکەین. (هەستی کرد شتێک بۆ چوونە دەرەوە ئامادەیە، ئیدی دەرچە، بۆ ئەوەی شتە بە ئاسانی دەرباز ببێت، خۆی فراوان کرد.) یان: (خۆخاڵیکردنەوە، هاوواتای بەختەوەرییە، بە مەرجێک ئیشەکە بە کاوەخۆ، تا چێژی لێ وەربگرین، بکرێت.)(٦) لێرەدا ئەو تێزەی **(فرۆید)**مان وەبیر دێتەوە کە گوایە، ئینسان بۆ ئەوەی چێژی سێکسین وەربگرێت، بە ئەنقەست ئیشەکە دوا دەخات! یۆسا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوەیش ڕادەکێشێت کە **هەمیشە خاوێنکردنەوەی جەستە، لە پاکژکردنەوەی ڕۆح ئاسانترە. ڕەنگە چۆن لوولەی تفەنگێک پاک دەکەینەوە، تەواو وەها هەناویشمان خاوێن بکەینەوە، وەلێ گرنگ ئەوەیە دیوارەکانی ڕۆحمان، شتی پیسیان پێوە نەلکابێت.**

هەرچەندە (پەسندانی باوەژن) بایەخێکی زۆری بە سێکس داوە، وەلێ تا ئەو سنوورە نا کە سێکس ببێت بە ئامانجی ئینسان، ئاخر زیاد لە قەوارەی خۆی، گەورەکردنی سێکس و بایەخدان بە هەموو وردەکارییەکانی و کردنی بە ئامانجی کۆتایی، زادەی فەقیرخەیاڵی و بەتاڵڕۆحییە. ئەوە لە کن **ڤیرجینیا وۆلف** پەسەند نییە کە لە ڕۆمانی (یولیسێس)ی **(جەیمس جۆیس)**دا سەگێک هەڵدەمیزێت، هەرچەندە ئەو هەڵمیزانە لەوێ و ئەم خۆخاڵیکردنەوەیە لە (پەسندانی باوەژن)دا، ئاماژەن بۆ هەست بە نائومێدی کردن و بێهوودەیی.

**یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان مانگ و ژن ئەوەیە، مانگ کە دەبێت بە چواردە شەو، دەگاتە لوتکەی جوانی، وەلێ ژن لە چل ساڵیدا بە دوندی جوانی دەگات.** گۆتە (١٧٤٩ ـــ ١٨٣٢) لە

شانۆنامەی (فاوست)دا کە تێکەڵەیەکە لە ئەدەب و فەلسەفە، لەسەر زاری فاوستەوە دەڵێت: **(ئەوانەم خۆش دەوێت، دوای مەحاڵ دەکەون)** بەڵام هەوڵدان بۆ کەویکردنی مەحاڵ، باجی خۆی هەیە، کە دەبێت درەنگ یان زوو بدرێت. **خۆشەویستی ئەو تاقە مەحاڵەیە کە شیاوی ئەوەیە بە دووی بکەوین و سڵ لە سزاکەی، هەر چییەک بێت، نەکەینەوە. کارەسات ئەوەیە، بە خەون دنیایەک لە هیوا ڕۆ بنێین و لەناکاو وەک بڵقێک بتەقێت، یان وەک شەونمێک لەبەر هەتاوی ڕاستیدا، ببێت بە هەڵم**. زۆر لە پیاوان وا ڕاهاتوون لە کۆتاییی تەمەنیاندا کە دەزانن هاکا زەنگی مەرگیان لێ درا، ڕوو دەکەنە قاپیی خودا، وەلێ ئەو پیاوەی شوێن مەحاڵ دەکەوێت، لە پاییزی تەمەنیدا ڕوو لە قاپیی ژنێک دەکات، کە بە چل ساڵی لە مانگی چواردە جوانترە.

نووسەر هەرچەندە لە ڕۆمانەکانیدا، باس لە باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی خۆی ناکات، کەچی دەشێت دەروونناسان و کۆمەڵناسان، بۆ شیکردنەوەی باری دەروونیی تاکەکان و ناسینی کۆمەڵگە، سوود لە کارەکانی وەربگرن، ئاخر ئەدەب دەوڵەمەندترین سەرچاوەیە لە بارەی ئینسان و کۆمەڵگەوە و **ستاندال** گوتەنی: (ئەگەر بۆ حەقیقەت بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، بگەڕێین، ئەوە تەنیا ڕۆمانە نائومێدمان ناکات.)(٧) یۆسا لە ڕۆمانی (پەسندانی باوەژن)دا، هێندە لێزانانە بە ناخی کارەکتەرەکانیدا شۆڕ دەبێتەوە، وەک مەحاڵ وایە، دەروونناسان بتوانن هێندە قووڵ بە ناخی دەروونی کەسێکدا ڕۆ بچن.

لە (پەسندانی باوەژن)دا، وێڕای چیرۆکبێژی هەمووشتزان، چیرۆکبێژی دیکەیش هەیە، تێڕوانینی هیچ کامیان لە هی ئەوی دیکەیان ناچێت، کە کارەکتەرەکانیش دەپەیڤن، قسەکانیان لە هی یەکدی ناچن، نە هەست بە هیچ زۆر لە خۆکردنێک دەکەین و نە ڕووبەڕووی هیچ ڕستەیەکی نامۆ دەبینەوە، مەنەلۆگەکانیش هێندە خۆڕسکن، هەر لە قسەی نێو خەون دەچن. کە لە بەشێکی ڕۆمانەکەوە، دەچینە سەر بەشێکی دیکەی، بە ئاسانی هەست بەوە دەکەین، نووسەر لە بواری مۆنتاژکردندا، شارەزاییەکی قووڵی هەیە. کە نووسەر هەندێک جار هانای بۆ زمانێکی چڕی شیعری بردووە، هەمیشە لە جێی خۆیدا ئەو زمانەی وەگەڕ خستووە.

ئەگەر کەسێکت شک نەبرد،
گوتوبێژت لەگەڵ بکا،
گەر زایەڵەی هاواری خۆت نەژنەفتەوە،
ئەگەر یەکێک پەیدا نەبوو،
بڵێ، فلان شیعرت جوان بوو،
ڕەنگە ئیدی هیچ پاساوێک،
نەبێت بۆ ئەوەی مکوڕ بیت،
لەسەر نووسین.

یۆسا (کە ڕەنگە هیچ نووسەرێکی دیکەی لاتین ئەمریکایی، نە هێندەی ئەو بەرهەمی هەبێت، نە

هێندەی ئەو زۆر بخوێنرێتەوە) دەڵێت: نامەوێت تەنیا یەک دیمەن ببینم، لەوانەم کە بەردەوام سەرقاڵی گەڕانن، ناخوازم لە وڵاتێکدا بەند بم، یان لە زمانێکدا گیر بخۆم، لەمێژە زیندانی خێڵم جێ هێشتووە و سەفەر بووە بە بەشێکی ئۆرگانیک لە نووسینەکانم. **داهێنەری ڕاستەقینە، هەمیشە دڵەڕاوکێی هەیە، تا ئەزموونی زێتریش پەیدا بکات، ترسی زێتری لێ دەنیشێت، ئاخر زێتر هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکات و ئامانجی سەختتر و دوورتر بۆ خۆی دەستنیشان دەکات.** داهێنەر سەرنجی هەر لایەک بدات، مین دەبینێت، ئیدی چۆن هەست بە دڵنیایی بکات؟(٨) وەختی خۆی ئیسپانیا بە زەبری چەک، لاتین ئەمریکای داگیر کردبوو، وەلێ ئەوە دەیان ساڵە، لاتین ئەمریکا بە زەبری وشە، نەک هەر ئیسپانیا، دنیای داگیر کردووە.(٩) ئەوە نییە پۆلەمەلی وشەی بورخێس، گابریێلا میسترال، ئاستورياس، نێرودا، مارکیز، ئۆکتاڤیۆ پاز، کارلۆس فۆینتس، خولیۆ کورتازار و ماریۆ ڤارگاس یۆسا، ئاسمانی دنیا تەی دەکەن؟

ژێدەری بەشی یەکەم و دووەم

(١) ماريو فارغاس يوسا، مدار السرطان، ترجمه عن الإسبانيه: وليد سليمان.

(2) Mario Vargas Llosa, Litteraturen nödvändig för att väcka sövda sinnen, Översättning från spanska av Maria Cerderroth, SVD, 15 maj 1997 stockholm.

(٣) ماريو ڤارگاس يوسا، رسائل الى روائي شاب، ترجمة: صالح علماني، دار المدى، الطبعة الثانية ٢٠١٠ بغداد.

دەفرە هاوبنەکان: أواني مستطرقه.

ژێدەر و پەراوێزی بەشی سێیەم

(١) ماريو فارغاس يوسا حاورته جمانة حداد ١٥/ ٠٢/ ٢٠٠٩ ملحق النهار الأدبي.

(٢) ماريو فارغاس يوسا والعراق، حمدي البطران ,٠١ ,٠٨ ٢٠٠٤ أفق.

(٣) د. طلعت شاهين، ماريو فارجاس يوسا، الرجل الطاووس ٢١ أوكتوبر ٢٠١٠ الإتحاد الثقافي، أبوظبي.

(٤) أياد نصار، عالم يوسا بين التأريخ والسياسة، ٢٢/ ١٠/ ٢٠١٠ الدستور.

(٥) ماريو فارغاس يوسا حاورته جمانة حداد ١٥/ ٠٢/ ٢٠٠٩ ملحق النهار الأدبي.

(٦) إمتداح الخالة، ماريو بارغاس يوسا، ترجمة: صالح علماني، ألطبعة الثالثة ٢٠٠٧ دار المدى، دمشق.

(٧) موريس أبو ناضر، ألأدب ليس رسالة يكتبها المؤلف الى القارئ ٨ سبتمبر ٢٠١٠ ألحياة.

(٨) المصدر الأول.

(9) INTRODUKION TILL LITTERATUREN I LATINAMERIKA, av Eva stenvång, www. macondo.nu

(*) madrastra وشە ئیسپانیاییەکەیە کە بە مانای باوەژن دێت. ساڵح عەلمانیی وەرگێڕ لەبەر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا، باوەژنی کردووە بە پوور، ئەو مافەی هەیە یان نا، ئەوە شتێکی دیکەیە، بەڵام وەرگێڕێکی هێندە لێزانە لە چەشنی سامی درووبی کە شاکارەکانی دەستۆیفسکیی دەکرد بە عەرەبی.

(**) هەندێک سووکە گۆڕانکاریم لە ڕستە شیعرییەکاندا کردووە، بەڵام (وەک پێ چۆن پڕ، بە پێڵاوە) دەربڕینی ماریۆ ڤارگاس یۆسایە بێ دەستکاری.

# ڕەوگۆیی(١) بۆ شەرەفی ستراڤینسکی

میلان کوندێرا

**دڵفرێنیی ڕابردوو**

له وتارێکی ڕادیۆییدا شوێنبێرگ له ساڵی ١٩٣١دا باسی مامۆستا فێرکارییەکانی دەکا: "له پلەی یەکەمدا باخ و مۆتزارت؛ بەپلەی دووەم بیتهۆڤن، ڤاگنەر، برامس." ئەمجا بەڕستەی کورت، حەکیمانەوە پێناسەی ئەوە دەکا چی له هەر یەک لەم پێنج مۆسیقادانەرەوەفێر بووە.

وەلی له نێوان ئەو ئاماژەیەوە بۆ باخو ئاوازدانەرەکانی تر جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە: بۆ نموونە له مۆتزارتەوە فێری "نایەکسانیی درێژیی پارچە مۆسیقاکان" یان "هونەری فۆرمبەخشینە بیرۆکەی لاوەکی" دەبێ، واتە سەلیقەیەکی زۆر شەخسی، کە تەنیا تایبەت بوو بەمۆتزارت. لەلای باخ ئەو بنەماگانە دەدۆزێتەوە کە هیی مۆسیقای پێش سەدەکانی باخیش بوون: یەکەم ئەو هونەرەی، "شێوەکانی تۆن بدۆزیتەوە، کە دەتوانن یاوەریی خۆیان بکەن"؛ دووەم "ئەو هونەرەی، هەموو شتێک له یەک شتەوە بەرهەم بهێنی".

ئەم دوو ڕستەیەی، ئەو وانەیە لەخۆ دەگرن، کە شوێنبێرگ له باخ (و ئەوانی پێش ئەوەوە) فێر بووە، مرۆڤ دەتوانێ سەرجەمی شۆڕشی دوزادەتۆنی مۆسیقا پێناسە بکا: بەپێچەوانەی مۆسیقای کلاسیکی و ڕۆمانتیکییەوە، کە ئاوازدانان له گۆڕانێکی جیاوازی تێمای مۆسیقایی بەدوایەکداهاتووەوە سەرچاوە دەگرێ، بەندێکی باخ هەر وەکو ئاوازێکی دوزادەتۆنی له سەرەتاوە هەتا کۆتایی له کاکڵێکی تێماگەرا پەرەی پێ دراوە، کە له هەمان کاتدا میلۆدی و یاوەرییە.

کاتێ ڕۆڵاند مانوێل ستراڤینسکی بیست و سێ ساڵ دواتر دەپرسێ: "ئەمڕۆ پێش هەموو

.................................................................................

(*) وەرگێڕانی له ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ

کەسێک خۆتان بەکێوە سەرقاڵ دەکەن؟"، ئەم وەڵام دەداتەوە: "ژوالێم دی ماچوو، هاینرپیش ئیساک، دوفای، پێرۆتینوس و ڤێبەرن." ئەمە یەکەم جارە کە ئاوازدانەرێک گرینگیی مەزنی مۆسیقای سەدەی ۱۲، ۱٤و ۱٥ بەو ڕوونییە جەخت لێ دەکا و لەگەڵ هاوپێوەندییەکی مۆسیقای مۆدێرندا (مۆسیقای ڤێبەرن) دایدەنێ.

چەند ساڵێک دواتر گلێن گولد لە مۆسکۆ کۆنسێرتێک بۆ خوێندکارانی کۆنسەرڤاتۆریۆم دەکا؛ پاش ئەوەی مۆسیقای ڤێبەرن، شوێنبێرگ و کرێنەک لێ دەدا، بەڕوونکردنەوەیەکی کورت ڕوو لە گوێگرانی دەکا: "جوانترین ستایشی ئەم مۆسیقایە کە دەتوانم بیکەم ئەوەیە، ئەو بنەماگایانەی مرۆڤ دەتوانێ تیایاندا بدۆزێتەوە نوێ نین، بگرە بەلای کەمەوە پێنجسەد ساڵ کۆنن"؛ ئەمجا کۆنسێرتەکەی بەسێ بەندی باخ درێژە پێ دەدا. ئەمە شەڕەنگێزییەکی بە ئاگاییە: ڕیالیزمی سۆسیالیستی، لەڕوسیای ئەو کاتەدا دۆکترینی فەرمی، بەناوی مۆسیقای تەقلیدییەوە دژی مۆدێرنە دەوەستایەوە؛ گلێن گولد ویستی پێشانی بدا، کەڕەگوریشەکانی مۆسیقای مۆدێرن (لە ڕووسیای کۆمۆنیستدا قەدەخە) زۆر لە مۆسیقای فەرمیی ڕیالیزمی سۆسیالیستی قوڵترن (کە لە ڕاستیدا هێڵانەوەیەکی ئەندەستی (سناعی) مۆسیقای ڕۆمانتیکی بوو).

## دوو نیوە کات

مێژووی مۆسیقای ئەوروپایی نێزیکەی هەزار ساڵ کۆنە (ئەگەر من سەرەتاکانی لە هەوڵە بەراییەکانی فرە دەنگیی سادەوە ببینم). مێژووی ڕۆمانی ئەوروپایی نێزیکەی چوارسەد ساڵ کۆنە (ئەگەر من دەستپێکەکەی لە کاری ڕابەلیە و سێرڤانتەسەوە ببینم). کە من بیر لەم دوو مێژووە دەکەمەوە، ئەو هەستەم لە کۆڵ نابێتەوە، کە لە ڕیتمێکی هاوشێوەدا گەشەیان کردووە، تا ڕادەیەک لە دوو نیوە کاتدا. ناوبڕی نێوان نیوە کاتەکان لە مێژووی مۆسیقا و مێژووی ڕۆماندا هاوکات ڕێ ناکەن. لە مێژووی مۆسیقادا ناوبڕ بەسەر سەرجەمی سەدەی هەژدەدا درێژە دەکێشێ (کە بەندی مۆسیقای ناوابەستەی باخ چڵەپۆپەی ڕەمزیی نیوە قۆناخی یەکەم بەرجەستە دەکا و بەرهەمەکانی کلاسیکە بەراییەکان دەستپێکی دووەم دەنەخشێنن)؛ لە مێژووی ڕۆماندا کەمێک درەنگتر دەردەکەوێ: لە نێوان سەدەی ۸۱ یەمو ۹۱دا، واتە لە نێوان لاکلۆز و ستێرنە لەلایەکەوە و سکۆت و بالزاک لەلایەکی ترەوە. ئەم ناهاوکاتییە دەیسەلمێنێ، گرینگترین ئەو هۆکارانەی، کە ڕیتمی مێژووی هونەرەکان دیاری دەکەن، نەکۆمەڵایەتین نەسیاسی، بگرە ئیستاتیکین: هاوبەست بەڕەوشی تایبەتی هونەرێکی دیاریکراوەوە؛ وەکو هونەری ڕۆمان بۆ نموونە دوو شیمانەی جیاواز لەخۆ بگرێ (دوو جۆری جیاواز، بۆ ئەوەی ڕۆمان بێ)، کە نەک لە یەک کاتدا توانرا هاوتەریب بەکار بهێنرێن، بگرە بەدوای یەکدا، یەکێک دوای ئەوەی تر.

بیرۆکەی مەجازی دوو نیوە کات جارێکیان لە گەرمەی گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هاوڕێیاندا بۆم هات و بانگەشەی زانستی بوون ناکات؛ ئەمە ئەزموونێکی پروپووچ، سەرەتاییە، بەجۆرێک لە جۆرەکان

ڕوون و ئاشکرا و ساکارە: هاوپێوەند بەمۆسیقا و ڕۆمانەوە هەمووماان لە ئیستاتیکای نیوە کاتی دووەمدا پەروەردە بووین. نزایەکی پەرستشی ئۆکگێم یان هونەری بەندی باخ بۆ عاشقێکی مامناوەندی مۆسیقا وەکو مۆسیقای ڤێبەرن قورسن. هەرچی چەندە گرێچنییەکەی کەمەندکێش بێ، ڕۆمانەکانی سەدەی هەژدە بەشێوەکانیان خوێنەر دەترسێنن، بەجۆرێکی بەفیلمکردنەکانیان (ڕوح و هەروەها شێوەی ڕۆمان بەجۆرێکی وێرانکە ڕانەدەشێوێنن) زۆر لە دەقەکانیان ناودارترن. کتێبەکانی ساموێل ڕیچاردسن، ناودارترین ڕۆماننووسی سەدەی هەژدە، تەنیا بەزەحمەت لە کتێبخانەکاندا دەدۆزرێنەوە و بەکردەیی لە بیر چوونەتەوە. بەپێچەوانەی ئەمەوە بەلزاکە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەوە دەچێ کۆن بووبێ، هێشتا بۆ خوێندنەوە ئاسانە، شێوەکەی مایەی تێگەیشتنە، بۆ خوێنەر ئاشنایە، زۆر لەوە زیاتریش، بۆ خوێنەر مۆدێلی شێوەی ڕۆمانە.

خەرەندی نێوان ئیستاتیکای ئەو دوو نیوە کاتە هۆکاری زۆر بەدحاڵی بوون بەدەستەوە دەدا. ڤلادیمیر نابۆکۆڤ لە کتێبەکەیدا لەبارەی سێرڤانتەس بیروڕایەکی شەڕەنگێزانەی نەرێنی لەبارەی دۆن کیخۆتەوە هەیە: کتێبێکی بەرز نرخێنراوی ساکار، پڕ لەدووبارە بوونەوە و سامناکیی بووردەبارنەکراوی مەحاڵ؛ ئەم "سامناکییە قێزەونە" کتێبەکە دەکاتە "یەکێک لەڕەقترین و بەربەریترین ئەو کتێبانەی کەنووسراون"؛ سانچۆی داماو لەتێهەڵدانەجیاوازەکاندا بەلای کەمەوە پێنج جار هەموو دانەکانی لەدەست دەدا. بەڵێ، نابۆکۆڤ حەقیەتی: سانچۆ دانی زۆر لەدەست دەدا، بەڵام ئێمە لەلای زۆلا نین، کە سامناکییەکی بەتەواوی و وردەکاریی نمایشکراو دەبێتە دۆکومێنتێکی ڕاستەقینەی واقیعی کۆمەڵایەتی؛ لەلای سێرڤانتەس لە جیهانێکی ئەفسووندایین، کە گێڕەرەوە دەدۆزێتەوە، زیادەڕەویی دەکا و خۆی دەداتە دەم فەنتازیاکان و بێ ئەندازەییەکانییەوە؛ مرۆڤ نابێ سەد و سێ دانەشکاوەکەی سانچۆس تەنگ وەرگرێ، وەکو هەموو شتەکانی تری ئەم ڕۆمانە. "ژنی ئازیز، کچەکەت بوو بەژێری مەکینەی قیرەکەوە! _باشە، باشە، من لە بانیۆکەدا دانیشتوومە. لەژێر دەرگەکەوە بیخەرە ژوورەوە." دەبێ ئەم نوکتەچیکییە کۆنەی سەردەمی منداڵیم لەبەر سامناکییەکەی دادگەیی بکرێ؟ کارەمەزنەپڕ بەهاکەی سێرڤانتەس بەهۆی ڕوحی ناجیدییەوە داڕێژراوە، ڕوحێک، کە لە ئەنجامدا بەهۆی ئیستاتیکی ڕۆمانی نیوە قۆناخی دووەمەوە، لە ڕێی داواکاریی بۆ گریمانە، مایەی تێگەیشتن نەما.

نیوە قۆناخی دووەم نەک هەر یەکەمی خستە پەراوێزەوە، بگرە چەپەریشی کرد؛ نیوە قۆناخی یەکەم بووە ویژدانی بریندار ی ڕۆمان و پێش هەموو شتێک مۆسیقا. بەرهەمی باخ بەناوبانگترین نموونەیە: شان و شەوکەتی باخ لە کاتی ژیانیدا؛ لەبیرکردنی باخ (بەدرێژاییی نیو سەدە) پاش مردنی؛ جارێکی تر دۆزینەوەی بەکاوەخۆی باخ لە ڕەوتی سەدەی نۆزدەدا. بیتهۆڤن تاقە کەسێکە، کە لە کۆتاییی ژیانیدا (واتەحەفتا ساڵ پاش مردنی باخ) خەریک بوو بۆی بلوێ، ئەزموونی باخ لە ئیستاتیکایەکی نوێی مۆسیقادا ئاوێزان بکا (هەوڵی چەند بارەی، بۆ ئەوەی بەندە مۆسیقییەکان لە سۆناتادا ئاوێزان بکا)، بەپێچەوانەوە ڕۆمانتیکییەکانی پاش بیتهۆڤن بەهۆی بیرکردنەوەی

بنەماگەرییانەوە هەتا پتر ڕێزیان لە باخ دەنا زۆر تر لێی دوور کەوتنەوە. بۆ ئەوەی لێ تێگەیشتنی ئاسان بکرێ، خودگەرا و سۆزگەرا کرا (کارتێداکردنە بەناوبانگەکانی بوزۆنی)، ئەمجا ویسترا، وەکو پەرچەکرداری ئەم بەڕۆمانتیکیکردنە، مۆسیقای باخ وا ڕەنگ پێ بردێتەوە، کە لە سەردەمی خۆیدا دەژەنرا، ئەمەش بووە هۆی نمایشکردنی زۆر وەڕەسکەرانە. من وام بۆ دەردەکەوێ، کە مۆسقای باخ، پاش ئەوەی لە بیابانی بیرچوونەوە پەڕییەوە، بۆ هەردەم نیوەی ڕووی بە داپۆشراوی دەهێڵێتەوە.

## مێژوو وەکو دەشتودەرێکی لە تەمتومانەوە دەرکەوتوو

لە جیاتی باس لە بیرچوونەوەی باخ بکەین، دەتوانم بیرۆکەکانم بەراوەژوو بکەمەوە و بڵێم: باخ یەکەم ئاوازدانەری مەزنە، کە بەهۆی پایەی گرینگی کارەکەیەوە جەماوەری ناچار کرد، مۆسیقاکەی قبووڵ بکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەر بەڕابردوو بوو. ڕووداوێکی هەرگیز لە ئارادا نەبوو، کۆمەڵگە هەتا سەدەی نۆزدە هێشتا لەگەڵ مۆسیقای هاوچەرخ دەژیا. بەپێوەندییەکی زیندوو لەگەڵ ڕابردووی مۆسیقاییدا نەدەژیا: تەنانەت کە مۆسیقاژەنەکان لە مۆسیقای قۆناخە ڕابردووەکانیان (بەدەگمەن) دەکۆڵییەوە، باو نەبووە، بۆ جەماوەری بژەنن. وەلی لە ڕەوتی سەدەی نۆزدەیەمدا مۆسیقای ڕابردوو لەگەڵ مۆسیقای هاوچەرخدا دەست پێ دەکا جارێکی تر زیندوو ببێتەوە و هەنگاو بەهەنگاو هەموو کات پێگەیەکی گەورەتر داگیر بکا، هەتا لە سەدەی بیستەمدا پێوەندی نێوان ئێستا و ڕابردوو پێچەوانە دەبێتەوە. مرۆڤ زۆر پتر گوێ لە مۆسیقای قۆناخەکانی پێشووتر دەگرێ وەکو لە مۆسیقای هاوچەرخ، کە ئەمڕۆ بەتەواوی لە هۆڵەکانی کۆنسێرتدا ون بووە.

باخ یەکەم ئاوازدانەر بوو، کە ناوی خۆی لە یادەوەریی جیهانی پاش خۆیدا هەڵکۆڵی؛ لەگەڵ ئەودا ئەورووپای سەدەی نۆزدەنەک لە ئاکامدا تەنیا بەشێکی گرینگی مۆسیقای ڕابردووی دۆزییەوە، مێژووی مۆسیقا دۆزییەوە. چونکە باخ بۆ سەدەی نۆزدە هەر ڕابردوویەک نەبوو، بەڵکو ڕابردوویەکی توندڕۆی لە ئێستا جیاواز بوو؛ بەو جۆرە کاتی مۆسیقا بەجارێک (و بۆ یەکەم جار) خۆی وەکو بەدوایەکداهاتنێکی سانای بەرهەم بەیان نەکرد، بگرە وەکو بەدواییەکداهاتنی گۆڕانکارییەکان، قۆناخگەلێک، بەتێگەیشتنی ئێستاتیکی جیاوازەوە.

من زۆرجار وێنای ئەوە دەکەم، چۆن لە ساڵی مردنیدا، بەتەواوی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، بەچاوی هەردەم پتر کزبووەوە خۆی بەسەر هونەری فوگەدا کوڕ کردۆتەوە، مۆسیقایەک، لە بەرهەمی باخدا ڕەوتی (کە ڕەوتێکی هەمەچەشنەیی لەخۆ دەگرێ) کەونارا بەرجەستە دەکا، بە کاتی خۆی نامۆ، کەبەتەواوی پشتی کردووەتە فرەدەنگی و ڕووی کردووەتە شێوازێکی سادە، بەڵێ تەنانەت ساکار، کە زۆرجار دەگاتە مەرزی هیچوپووچییان بێبایەخی.

کەواتە بارودۆخی مێژوویی بەرهەمی باخ پێشانی دەدا، وەچەکانی دوایتر لەوەدا بوون ئەوە لە

بیر بکەن، کە مێژوو بە بەشێوەیەکی پێویست ڕێگەیەک نییە، کە(بۆ دەوڵەمەندتر، کولتووریتر) سەربەرەوژوور دەکشێ، کە پێویستییەکانی هونەر دەتوانن پتر لە دژوازیدا بن لەگەڵ پێویستییە (بەتازەگەریی ناوزە دکراوەکان) ڕۆژ و کە نوێ (دانسقە، لاسایی نەکراو، هەرگیز نەگوتراو) دەتوانێ لە ئاراستەیەکی تردا بێ، وەکو ئەوەی لەلایەن هەموو کەسێکەوە وەکو پێشکەوتن هەسپێکراو پلانڕێژی بۆ کراوە. بەڕاستی دەبوو ئەو پاشەڕۆژەی، کە باخ توانی لە هونەری هاوچەرخەکانی و ئەوانی دواییدا بیخوێنێتەوە وەکو نوشست بێتە بەرچاوی. کاتێ لە کۆتاییی ژیانیدا تەنیا بیری لە فرەدەنگیدا چڕ کردەوە، پشتی کردە زەوقی کات و کوڕانی، ئاوازدانەری خۆی؛ ئەمە ئاماژەیەکی بەدگومانی بوو بەرامبەر مێژوو، ڕەتکردنەوەیەکی بێدەنگی داهاتوو بوو.

باخ: خاڵێکی ناوازەی یەکتربڕی ڕەوتە جیاواز و گیروگرفتە مێژووییەکانی مۆسیقا. نێزیکەی سەد ساڵ پێشووتر خاڵێکی یەکتربڕی هاوشێوە لە بەرهەمی مۆنتەڤێردیدا دەدۆزینەوە: مۆسیقاکەی ئەو شوێنەیە، کە دوو ڕەوتگەی ئیستاتیکی دژواز بەیەک دەگەن (مۆنتەڤێردی ناوی دەنێ کردەیی سەرەکی و لاوەکی، یەکێکیان پاساوی لە بەکارهێنانی پڕهونەری فرە دەنگیی دەداتەوە، ئەوی تریان، بەشێوەیەکی گوزارشی پلانگەرا، لەیەک دەنگییەوە)، و ئەمە ئاماژە بۆ گواستنەوە لە نیوە کاتی یەکەمەوە بۆ نیوە کاتی دووەم دەکا.

یەکتربڕێکی ناوازەی تری ڕەوتی مێژوویی: بەرهەمی ستراڤینسکی. ڕابردووی هەزار ساڵەی مۆسیقا، کە لە سەرجەمی سەدەی نۆزدەدا بەکاوەخۆ لە تەمتومانی بیرچوونەوە دێتە دەرێ، لەپڕ، لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا دەردەکەوێ (دوو سەدە پاش مردنی باخ)، لە سەرجەمی بەرفراوانبوونیدا، وەکو دەشت و دەرێکی پڕ چراخان؛ چرکەساتێکی دانسقە، کە تێیدا سەرجەمی مێژووی مۆسیقا بە ڕەهایی ئامادەیە، دەروازەی بەڕوودا کراوەیە و لە بەردەستدایە (لە ڕێی دۆزینەوە مێژووییەکانەوە، بەهۆی هۆکاری تەکنیکییەوە، ڕادیۆ و قەوان) زۆر کراوەیشە بۆ پرسیاری بەهاکەی؛ من وام بۆ دەردەکەوێ، ئەم چرکەساتەی کەومالکردنی گەورە لە مۆسیقای ستراڤینسکیدا پەیکەری خۆی دۆزیوەتەوە.

## دادگەی هەست

ستراڤینسکی لە بەسەرهاتی ژیانم (١٩٣٥)دا دەڵێ گوایە مۆسیقا "لە توانایدا نییە هیچ شتێک گوزارشت لێ بکا: هەستێک، هەڵوێستێک، بارێکی دەروونی". ئەم ئەنجامگیرییە (کە بێگومان زیادەڕەوییە، چونکە چۆن مرۆڤ دەتوانێ نکووڵی لەوە بکا، کە مۆسیقا هەست دەهەژێنێ؟) چەند دێڕێک دواتر دیاریتر دەبێ و وردەکارییەکانی دەردەخرێ: ستراڤینسکی دەڵێ، ڕەوایەتیبوونی مۆسیقا لەو توانایەوە سەرچاوە ناگرێ، گوزارشت لە هەست بکا. سەیرە، ئەم هەڵوێستە چۆن تووڕەییەکی وروژاند.

ئەو بیروڕایەی، کە بەپێچەوانەی ستراڤینسکییەوە ڕەوایەتیبوونی مۆسیقای لە گوزارشتکردن لە

هەستدا دەبینی، لەوانەیە هەموو کات هەبووبێ، بەڵام لە سەدەی هەژدەدا وەکو ڕایەکی سەروەر، بەشێوەیەکی گشتی قبووڵکراو و بێگومان خۆی سەپاند؛ ژان ژاک ڕۆسۆ بەسانایییەکی سامناکەوە دایڕشت: وەکو هەموو هونەرێکی مۆسیقا لاسایی جیهانی واقیع دەکاتەوە، بەڵام بەتەرزی تایبەتی: مۆسیقا "شتەکان ڕاستەوخۆ نمایش ناکا، بگرە لە ڕوحدا هەمان ئەو هەژانان هبێدار دەکاتەوە، کە مرۆڤ هەستیان پێ دەکا، کاتێ مرۆڤ ئەو شتانە دەبینێ". ئەمە پێویستی بەبنەمایەکی دیاریکراوی کاری مۆسیقی هەیە؛ ڕۆسۆ: "هەموو مۆسیقایەک دەتوانێ تەنیا لەسەر ئەم سێ شتە بینا کرابێ: میلۆدی یان گۆرانی؛ هارمۆنی یان یاوەریی؛ جووڵەیان تاکت." من جەغتی لێ دەکەم: هارمۆنی یان یاوەریی؛ ئەمەواتە، هەموو شتێک لەژێرەوەی میلۆدییە: میلۆدیا جەوهەرییە، هارمۆنی تەنیا یاوەرییەکی ڕووتە، "کە زۆر کەم دەستەڵاتی بەسەر دڵی مرۆڤدا هەیە."

دۆکترینی ڕیالیزمی سۆسیالیستی، کە دوو سەدە دواتر پتر لە پەنجا ساڵ مۆسیقای لە ڕووسیادا چەوساندەوە، شتێکی تر لەمە ناڵێ. مۆسیقادانەرەبەناو شێوەگەرەکان سەرکۆنەی ئەوە کران، میلۆدیایان ئافەرۆز کردووە (ژدانۆف لێپرسراوی ئایدۆلۆجی بەوە هاروژا بوو، چونکە مۆسیقاگەلێکی ئاوەها پاش کۆتاییهاتنی کۆنسێرت نەدەتوانرا بەفیکە بووترێنەوە)، ئاگەدار کرانەوە، "هەموو پێوەندگێکی هەستی مرۆڤانە "گوزارشت لێ بکەن (مۆسیقای مۆدێرن لە دێبوسییەوە بەتوندوتیژی سەرزەنشت کرا، لەبەرئەوەی لە توانایدا نییە ئەمە بکا)؛ بەو توانایەی، گوزارشت لە هەست بکا، کە واقیع لە مرۆڤدا بێدار دەکاتەوە، مرۆڤ "ڕیالیزمی" لە مۆسیقادا بینی (هەروەکو ڕۆسۆ). (ڕیالیزمی سۆسیالیستی لە مۆسیقادا: بنەماگەکانی نیوە قۆناخی دووەم، بەدۆگماکراو، وەکو بەربەست لە بەردەم مۆدێرنەدا.)

بەدڵنیایییەوە توندترین و بنەماییترین ڕەخنە لە ستراڤینسکی ڕەخنەکەی تیۆدۆر ئەدۆرنۆیە لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا فەلسەفەی مۆسیقای نوێ (١٩٤٩). ئەدۆرنۆ بارودۆخی مۆسیقا بەجۆرێک وەسف دەکا وەکو باسی بەرەیەکی شەڕی سیاسی بکا: شوێنبێرگ، پاڵەوانی ئەرێنی، نەوەنگەی پێشکەوتن (لەگەڵ ئەوەیشدا کەتا ڕادەیەک پێشکەوتنێکی تراجیدییە، قۆناخێک، کە ئیدی پێشکەوتنی تێدا نییە)، ستراڤینسکیش، پاڵەوانی نەرێنی، نەوەنگەی بیناکردنەوەیە.

ئامادەنەبوونی ستراڤینسکی، ڕەوایەتیبوونی مۆسیقا لەدانپیانانی شەخسیدا ببینێ، دەبێتە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕەخنەی ئەدۆرنۆ؛ ئەم "شێتگیرییە دژە سایکۆلۆجییە" بەڕای وی شێوەیەکی "بێباکییە بەرامبەر بەدنیا"؛ کۆششی ستراڤینسکی بۆ بەبابەتکردنی مۆسیقا بۆ ئەدۆرنۆ جۆرە قبووڵکردنێکی بێدەنگانەی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە، کە زاتیەتی مرۆڤ دەکوژێ؛ چونکە گوایە ئەمە هیچ لە "لەناوبردنی تاک، کە مۆسیقای ستراڤینسکی ئاهەنگی بۆ دەگێڕێ" کەمتر نییە.

ئێرنست ئەنسەرمەت، مۆسقاژەنێکی ناوازە، مایسترۆ و یەکێک لە ژەنیارە یەکەمەکانی کاری ستراڤینسکی (ستراڤینسکی لە کرۆنیکی ژیانمدا دەنووسێ "یەکێک لە دڵسۆزترین و

بەخشندەترین هاوڕێکانم")، لە دواییدا بووەتە بێبەزەییترین ڕەخنەگری؛ ڕەخنەکانی تیژڕەون، پێوەندییان بە"ڕەوایەتیبوونی مۆسقا"وە هەیە. بەپێودانگی ئەنسەرمەت "کردەی پەنهانی هەست لە دڵی مرۆڤدایە، [...] دڵ هەمووکات یەکەم سەرچاوەی مۆسیقا بووە"؛ "جەوهەری ئیستاتکی" مۆسیقا لە گوزارشتکردن لەم "کردەی هەست"ەدایە؛ لەلای ستراڤینسکی، کە"ئامادە نییە، شەخسی خۆی بخاتە نێو ئاکتی گوزارشتکردنی مۆسیقییەوە"، "مۆسیقا دەستبەرداری ئەوە دەبێ گوزارشتی ئیستاتیکی ئاکاری مرۆڤانە بێ"؛ بۆ نموونە گوایە "پەرستشەکەی گوزارشت نییە، بگرە پۆرتریتی پەرستشەکەیە، کە بەهەمان جۆر دەتوانرا مۆسقاژەنێکی نائاینی دایبنێ" لە دواییشدا "ئاینگەرایی بەزنجیرە بەرهەمهێنراو" دەگەیەنێ؛ بەوەی ستراڤینسکی بەو جۆرە ڕەوایەتیبوونی مۆسیقا بەرەو لەناوچوون دەبا (بەوەی بەپۆرتریت جێی ئیمان دەکاتەوە)، هیچ کەمتر لە ئەرکی ئاکاریی خۆی بریندار ناکا.

ئەم سەرسەختییە بۆچی؟ ئاخۆ ئەمە میراتی سەدەکانی ڕابردووە، ڕۆمانتیکییەتە لەئێمەدا، کە بەرخودان دژی شێلگیرانەترین، تەواوترین نەرێکردنی دەکا؟ ستراڤینسکی پێداویستییەکی بوونگەرا، لەهەموو یەکێک لە ئێمەدا حەشاردراوی بریندار کرد؟ ئەو پێداویستییەی چاوی تەڕ ب هباشتر بزانین لە چاوی وشک، دەستێک بەسەر دڵەوە بەباشتر لە دەستێک لە بەرکدا، ئیمان بەباشتر لە گومان، عەشق بەباشتر لە خۆشیی، باوەڕ بەباشتر لە مەعریفە؟

ئەنسەرمەت لە ڕەخنەوە لە مۆسیقا دەچێتە سەر ڕەخنە لە دانەرەکەی: ئەگەر ستراڤینسکی "لە مۆسیقاکەی خۆیەوە کردەی گوزارشتی لە خودی خۆی نەکردووە و هەوڵیشی بۆی نەداوە، ئەمە بەئارەزووی خۆی ڕووی نەداوە، بگرە لەبەر سنووربەندییەکی دیاریکراوی سروشتی خۆی، لەبەر نەبوونی ئازادیی کردەی هەستی (ئەگەر نەڵێین هەژاریی دڵ، کە ئەوسا دەستەبەرداری ئەوە دەبێ هەژاریی بێ، ئەگەر شتێکی بۆ خۆشەویستی هەبێ)".

بەلەعنەتی شەیتان بێ! ئەنسەرمەت، دڵسۆزترین هاوڕێ، چی لەبارەی هەژاریی دڵی ستراڤینسکی دەزانی؟ ئەم بەخشندەترین هاوڕێیە، چی لەبارەی توانای هاوڕێکەی بۆ ئەڤیندارببوون دەزانی؟ ئەو یەقینەی لە کوێوە هێناوە، کە دڵ بەئاکار لە مێشک سەردەستترە؟ بەدرەوشتیی بەهەمان ئەندازە بە بەشداریی دڵ پیادە ناکرێ وەکو بەبێ بەشداریی دڵ؟ توندڕۆکان ناتوانن بەدەستی خوێناوییانەوە شانازیی بە"کردەیی هەست"ی گەورەیانەوە بکەن؟ ئاخۆ مرۆڤ ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆتاییەک بۆ ئەم دادگە سۆزگەرا گەمژەیە، ئەم تیرۆرەی دڵ دادەنێ؟

## چی ڕووکەشە و چی قووڵە؟

شەڕوانانی دڵ هێرش دەکەنەسەر ستراڤینسکی، یان هەوڵ دەدەن، بۆ ئەوەی مۆسیقاکەی ڕزگار بکەن، لە تیۆرە"هەڵەکانی" دانەرەکەی جودا بکەنەوە. ئەم ویستە باشە، کە دەیانەوێ مۆسیقا لە ئاوازدانەر "ڕزگار بکەن"، کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ، دڵی تەواویان نەبێ، زۆرجار دەگەڕێتەوە

بۆ ئاوازدانەرانی نیوە قۆناخی یەکەم، باخیشیان لەگەڵدایە: "لاساییکەرەوەکانی سەدەی بیستەم، کە ترسیان لە گەشەکردنی زمانی مۆسیقی هەبوو [مەبەست لە ستراڤینسکییە بەنائامادەیی، دوای قوتابخانەی دوازدە دەنگیی بکەوێ، م.ک.] و لەو بڕوایەدا بوون، خاوێنی بەو شتە ڕزگار بکەن، کە بەگەڕانەوەبۆ باخ ناودێریان دەکرد، لەبارەی مۆسیقایدا بەقووڵیی سەهو بوون؛ ئەو بێشەرمییەیان هەبوو وەکو مۆسیقایەکی ـبابەتیـ، ڕەها نمایشی بکەن، کە جگە لە مانایەکی مۆسیقی هیچ مانایەکی تری نییە، [...] لە قۆناخێکی پەتی ترسنۆکانەدا تەنیا بڕوا بەژەنینێکی میکانیکی بکرێ، کە مۆسیقای ئامێرگەرای باخ خودگەرا و گوزارشتگەرا نییە." من گوزارشتەکانم جەخت لێ کرد، کە شایەدی ڕەوشی عاشقانەی ئەم دەقەی ئەنتوان گۆلیا لەساڵی ١٩٦٣دا دەدەن.

بەڕێککەوت لێدوانێکی بچووکی مۆسیقازانێکی ترم بەردەست دەکەوێ؛ ئەو دەگەڕێتەوە بۆ هاوچەرخەکانی ڕابەلی کلێمنت ژانەکوا و مۆسیقادانەرە بەناو "وەسفییەکان"، بۆ نموونە گۆرانی مەلەکان یان ئاخاوتنی ژنان؛ مەبەستی "ڕزگارکردن" هەمان مەبەستە (وشەکلیلییەکان لەلایەن منەوە جەختیان لێ کراوە): "ئەم پارچانە تا ڕادەیەک هەروا بەڕووکەش دەمێننەوە. ژانەکوا بەڵام هونەرمەندێکی زۆر ئاڵۆزترە، وەکو لەوەی بەگشتیی گریمان دەکرێ، چونکە جگە لە توانا نەخشێنەرە چەندوچوون هەڵنەگرەکانی مرۆڤ ڕووبەڕووی شیعرێکی ناسکی، ناوەکی گەورە لە کاتی گوزارشتکردن لە هەست دەبێتەوە... شاعیرێکی بەزەوقە، کراوەیەبۆ جوانیی سروشت؛ جگە لەوەیش گۆرانیبێژێکی بێ هاوتای ژنە، کە ئەو بۆ ژن تۆنی ناسکیی، سەرسامی و ڕێز دەدۆزێتەوە..."

با تێبینی گەنجینەی وشەبکەین: جەمسەرەکانی باش و خراپ بەئاوەڵناوی ڕووکەش و پێچەوانەی پێشخراوی قووڵ پێک هێنراون. ئاخۆ ئاوازە" وەسفییەکان"ی ژانەکوا بەڕاستی ڕووکەشن؟ لەم ئاوازە کەمانەدا ژانەکوا تۆنی نامۆسیقی (جریوەی مەل، ئاخاوتنی ژنان، چەنەچەنی سەر جادە، هەراوزەنای ڕاو یان هەراوزەنای بەرەی شەڕ) بەیارمەتی هۆکاری مۆسیقایی (گۆرانی کۆرس) پیادە ناکا؛ ئەم "وەسفە" فرەدەنگییانە کاری تێدا کراوە. پێوەستکردنی لاساییکردنەوەی "سروشتئاراییی" (کەژانەکوا دەنگی نایابی نوێی پێ دەدا)و فرەدەنگییەکی فێرکارانە، واتە پێوەستکردنی دوو شتی توندڕۆ بە یەکەوە نەگونجاو، جێی سەرسوڕمانە: لێرەدا هونەرێکی نایابی، گەمەئارا، شاد و پڕ گەمەمان هەیە.

لەگەڵ ئەوەیشدا: هەر وشەگەلی "نایاب"، " گەمە ئارا"، " شاد" و "پڕگەمە"ن، کە لە زمانی هەستدا دژوازی قووڵ ناودێر دەکەن. بەڵام قووڵ چییە و ڕووکەش چییە؟ بۆ ڕەخنەگرەکانی ژانەکوا "توانا نەخشێنەرەکانن "وەسف" ڕووکەشە؛ "ناوەکێتییەکی گەورە لە کاتی گوزارشتکردن لە هەست" قووڵییە، "تۆنەکانیی ناسکیی، سەرسامیی و ڕێز" بۆ ژن. کەواتە ئەوە قووڵەکە هەست دەهەژێنێ. مرۆڤ دەتوانێ قووڵیی بەجۆرێکی تریش پێناسە بکا: قووڵ ئەوەیە کە شتی جەوهەری

دەهەژێنێ. ئەو گرفتەی کە ژانەکوا لە ئاوازەکانیدا دەهەژێنێ گرفتی ئۆنتۆلۆجی بنەماییی مۆسیقایە: پێوەندیی هەراوزەنایە و تۆنی مۆسیقایە.

## مۆسیقا و هەراوزەنا

کاتێ مرۆڤ تۆنی مۆسیقایی خوڵقاند (بەوەی گۆرانی گوت یان ئامێرێکی لێ دا)، جیهانی دەنگیی دابەشکردە سەر دوو بواری تۆکمە لە یەکتری جیاکراوە: تۆنی هونەری و تۆنی سروشتی. ژانەکوا لە مۆسیقاکەیدا هەوڵی دا، لەگەڵ یەکدا هاوپێوەندیان بکا. لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەدا بەم تەرزە پێشدەستیی ئەوەی کرد، کە بۆ نموونە لە سەدەی بیستدا یانەچەک (لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی زمانی ئاخاوتن)، بارتۆک و، بەتەرزێکی ناوازەی ڕێکوپێک مێسیان (ئەو ئاوازانەی ئیلهامیان لە جریوەی مەل وەرگرتبوو) دەبوو تەواوی بکەن.

هونەری ژانەکوا ئەوە بیر دەخاتەوە، کە گەردوونێکی دەنگیی لە دەرەوەی ڕوحی مرۆڤدا هەیە، کە نەک تەنیا لە دەنگ و زەنای سروشت پێک دێ، بگرە لە دەنگی مرۆڤیش پێک دێ، کە قسە دەکەن، هاوار دەکەن، گۆرانی دەڵێن و بەژیانی ڕۆژانە و ڕۆژی پشوو سیمای دەنگیی دەدەن. ئەمە ئەوە بیر دەخاتەوە، کە ئاوازدانەر هەموو ئەگەرێکی هەیە، شێوەیەکی مۆسیقایی بداتە ئەم گەردوونە"بابەتییە".

یەکێک لە ڕەسەنترین ئاوازەکانی یانەچەک: ٧٠٠٠٠ (١٩٠٩): کۆراڵێک بۆ دەنگی پیاوان چیرۆکی چارەنووسی کرێکارەکانی کانەکانی شلێزیا دەگێڕێتەوە. نیوەی دووەمی ئەم بەرهەمە (کە نابێ لە هیچ ئەنتۆلۆجیایەکی مۆسیقای مۆدێرندا نەبێ) تەقینەوەیەکی قیژەی حەشامەتەکەیە، قیژەگەلێک، کە بۆ هەراوزەنایەکی سەرنجڕاکێش تێکەڵ دەبن: ئاوازێک، کە (وێڕای هەستبزووێنییە دراماتیکییە لە بڕواکردن نەهاتووەکەی) لەنێزیکییەکی شاگەشکەکەردایە لەو قیژە و هاوارە دنیاییی‌یانەی، کە لە سەردەمی ژانەکوادا قیژەکانی پاریس، قیژەکانی لەندەنیان لە مۆسیقادا ڕەنگ پێ دایەوە.

من بیر لە زەماوەندی ستراڤینسکی دەکەمەوە (لە نێوان ١٩١٤ و ١٩٢٣ ئاوازی بۆ داناوە): پۆرترێتێک (ئەو چەمکەی کەئەنسەرمەت بە مانایەکی نەرێنی بەکاری دەهێنێ، لە ڕاستیدا زۆر باش دەگونجێ) زەماوەندێک لە گوند؛ مرۆڤ گۆرانی دەبیستێ، دەنگەدەنگ، قسەکردن، هاوار و قیژە، بانگکردن، مۆنۆلۆگ، نوکتە (دەستپێشخەرییەکی پێش یاناچەکی هەراوزەنای دەنگ) لە ئۆرکستەرێکدا (چوار پیانۆ و چەند تەپڵێک) لە زبرییەکی سەرنجڕاکێشدا (کە بارتۆک دەستپێشخەری دەکا).

من بیریش لە پارچە مۆسیقای لە دەرەوە (١٩٢٦)ی پیانۆی بارتۆکیش دەکەمەوە؛ بەشی چوارەم: دەنگە دەنگی لە سروشتدا (دەنگگەلێک، وەکو من بۆم دەردەکەوێ هیی بۆقی کەنار گۆمێکن) ئیلهام بەبارتۆک دەدەن بۆ دنەدانی بۆ میلۆدیای نامۆئارایی دانسقە؛ ئەمجا گۆرانییەکی

فۆلکلۆر تێکەڵی ئەم ئاوازە حەیوانییانە دەبێ، ئەمە، وێرای ئەوەی کە ڕەگەکەی مرۆڤانەیە، لە هەمان ئاستدایە وەکو تۆنی بۆقەکان؛ ئەمە"گۆرانی"ەک نییە، گۆرانییەکی ڕۆمانتیکی، کە چاوەڕوانی لێ دەکرێ، پەردە لەسەر "کردەی هەست"ی ڕوحی ئاوازدانەر هەڵداتەوە؛ ئەمە میلۆدیایەکی لە دەرەوە هاتووە، دەنگەدەنگێک نێو کۆمەڵێک دەنگەدەنگدا.

من بیر لە خاویی سێیەمی بارتۆکیش دەکەمەوە، کۆنسێرت بۆ پیانۆ و ئۆرکسترا (بەرهەمێکی قۆناخی دوایی، قۆناخی خەمگینی ئەمەریکای). لێرەدا تێمایەکی فرەزاتی میلانخۆلیایاکی لە گوتننەهاتوو لەگەڵ یەکێکی تردا، لە گەڵ تێمایەکی فرەبابەتیدا جیگۆڕکێ دەکا (ئەمەیش بەشی چوارەمی پارچە مۆسیقای لە دەرەوەمان بیر دەخاتەوە): وەکو بتوانرێ گریانی ڕوحێک تەنیا لە ڕێی ناهەستەوەریی سروشتەوە دڵنەوایی بکرێ.

من بەهۆشیارییەوە دەڵێم: "دڵنەواییکردن لە ڕێی ناهەستەوەریی سروشتەوە". چونکە ناهەستەوەریی دڵنەواییکەرە؛ جیهانی ناهەستەوەریی جیهانی دەرەوەی ژیانی مرۆڤە؛ جاویدانییە؛ "ئەوە دەریای لەگەڵ ڕۆژدا زەماوەندکردووە"(ڕامبۆ). من ساڵە خەمگینەکانم بیر دەکەوێتەوە، کاتێ من لە بەرایی داگیرکاریی ڕووسیدا لە بۆهیمیا بەسەرم برد. ئەو کاتە حەزم لە ڤاریێزە و کسێناکیس کرد: وێنە بابەتییەکانیان، بەڵام نەک جیهانی دەنگە لەئارادابووەکانیان بوونێکیان بۆ دەگێڕامەوە، کە لە خودگەرایی بەزەبروزەنگ و وەڕەسکەری مرۆڤانەئازاد کراوە؛ باسی جوانیی میهرەبانیی نامرۆڤانەی جیهانیان بۆ دەکردم، پێش ئەوەی یان دوای ئەوەی مرۆڤی پێدا ڕۆیشتبێ.

## میلۆدیا

گوێم لە گۆرانییەکی فرەدەنگیی بۆ دوو دەنگی سەدەی دوازدەی قوتابخانەی نۆتردام دەبێ: لە خوارەوە، دەنگگەلێکی درێژبووەوە، وەکو گۆرانییەکی فرەدەنگیی، گۆرانییەکی کۆنی گرێگۆریانی (گۆرانییەک، کە بۆ ڕابردوویەکی پێشبیریاریی و ڕەنگ بێ نا ئەورووپی بگەڕێتەوە)؛ لە سەرەوە، لە بەهای تۆنی کورتدا میلۆدیای یاوەریی فرەدەنگ دەخەملێ. ئەم ئامێز بەیداکردنەی دوو میلۆدی، کەهەریەکەیان سەر بەقۆناخێکی ترە (بەچەندان سەدە لە یەکتر دابڕاو)، شتێکی زۆر نایابی هەیە: وەکو واقیع و بەراورد لێرەدا ئێمە لەدایکبوونی مۆسیقای ئەورووپایی وەکو هەنەر دەبینین؛ میلۆدییەک دادەهێنرێ، بۆ ئەوەی وەکو دژواز یاوەریی یەکێکی تر، میلۆدییەکی زۆر کۆنی بنەچەنادیار بکا؛ ئەو میلۆدییەوەکو شتێکی پلە دوو ئامادەیە، بندەست، ئامادەیە بۆ ئەوەی خزمەت بکا؛ لەگەڵ ئەوەیشدا کە"پلەدوو"ە، سەرجەمی وزەی دۆزینەوە تێدا کۆ بووەتەوە، سەرجەمی کاری مۆسیقاژەنی چاخەکانی ناوەڕاست، لە کاتێکدا میلۆدی یاوەر، وەکو خۆی، لە پارچە مۆسیقایەکی زۆر کۆن وەرگیراوە.

ئەم مۆسیقادانە نە فرەدەنگییە زۆر کۆنە شاگەشکەم دەکا: میلۆدییەکە درێژە، بێ کوتا و نایەتە خەملاندن؛ بەرئەنجامی ئیلهامێکی لەپڕی، گوزارشتی ڕاستەوخۆی ئیلهامی بارێکی دەروونی

پێشـووتر نییـە؛ ڕەوشی کارتێداکـردنێکی هەیە، نەخـشـاندنێکی "کـاری"ە، کارێک، کە بـەئەنجام نەگەیـەندراوە، بۆ ئەوەی هونەرمەند ڕوحی بکاتەوە ("کردەی هەست" نمایش دەکا، بۆ ئـەوەی لەگەڵ ئەنسەرمتدا بدوێین)، بەڵکو. زۆر گوێڕایەڵانە بۆ ئەوەی دوعا و نزایەک جوان بکا.

من وام بۆ دەردەکـەوێ، کـە هونەری مـیلۆدیا هەتا باخ ئەو خـەسـڵـەتە دەپارێزێ، هەتا یەکـەم ئاوازدانەرە فرەدەنگەکان خـەملاندیان. گوێ لە ئەداجیۆی کۆنسـێرتی کەمانجـەی ئێ- دووری باخ دەگرم: وەکو شێوەیەکی گۆرانی کۆنسێرتەکە (چەلۆکان) تێمایەکی زۆر سادە، سووک خەمڵێنەر دەژەنێ، کە چەندبارە دەبێتەوە، لە کاتێکدا میلۆدیای کەمانجەکە (داواکاریی میلۆدی لە ئاوازدانەر لێرەدایە) بەسـەریدا دەڕوا، بەبەراورد زۆر درێژتر، زۆر گـۆڕاوتر، زۆر دەوڵەمـەندتر لە گـۆرانییـە فرەدەنییـەکەی ئۆرکسـتـەرەکە (بەڵام بندەسـتی ئەوە)، جـوان، ئەفـسـوون، بەڵام دەرک پێنەکراو، تێبینی ناکرێ و بۆ ئێمەی مندالانی نیوە قۆناخی دووەم، بەشێوەیەکی بڵند کۆنە.

بارودۆخـەکە لە دەسـتـپێکی کلاسیکدا دەگۆڕێ. ئاوازدانان ڕەوشی فرەدەنگیی خـۆی لەدەست دەدا؛ ئازادیی دەنگە تاکە جیاوازەکان دەکەونە ژێر سەدای هارمۆنیای یاوەرییەوە، هەموو کات پتر ون دەبێ، هـەتا نوێگەریی گەورەی دووەم نیـوە قۆناخ، ئۆرکسـترای سیمـفۆنیا لە دەنگی کەڵەکراودا گرینگتر دەبێ؛ میلۆدی، کە"پلە دوو"، "گوێڕایەڵ" بوو، دەبێتە هەڵگری بیرۆکەی ئاوازدانان و بەسـەر بنەمای مۆسیقادا زاڵ دەبێ، کە بەتەواوی خۆی گۆڕیوە.

واتەڕەوشی میلۆدیش دەگۆڕێ: ئیدی لەوە زیاتر ئەو هێڵە درێژە نییە کە بەدرێژاییی مۆسیقاکە ڕێ دەکا؛ دەتوانرێ بۆ فۆرمـڵێکی چەند تاکتی سنووردار بکرێ، فۆرمـڵێکی زۆر گوزارشتگەرا، چڕ و بەمەیش دەبێتە فۆرمـڵێکی ئاسان تێبینیکراو، کە لە توانایدایە، هەستێکی ڕاستەوخۆ بگرێتەوە یان بیجوڵێنێ (مـۆسیـقا خـۆی وا نمایش دەکا، پتر لە هـەمـوو کـاتێک، ئەرکێکی مـەدلولی گـەورە: سـەرجـەمی سـۆز و وردەکـارییـەکانی مـۆسـیـقـاگـەرانە بگرێتـەوە و "پێناسـە بکا"). لـەبەر ئەوەیە جـەمـاوەر ئاوازدانەری نیـوەقـۆناخی دووەم بە "مـیلۆدیکاری گـەورە" ناودێر دەکا، بۆ مـۆتزارت، بۆ شۆپان، بەدەگمەن بۆ باخ یان ڤیڤالدی، لەوەش کـەمتر بۆ ژۆسکوا دێپرێ یان پالێسترینا، ئەو وێنا باوەی ئەمڕۆ، کە میـلۆدی چییە (میلۆدییـەکی جوان)، لە ڕێی ئەو ئیستاتیکایەوە سەری هەڵداوە کە لەگەڵ کلاسیکدا لەدایک بووە.

لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوە ڕاست نییە، کە باخ کەمتر میلۆدییە وەکو لە مۆتزارت؛ میلۆدییەکەی تەنیا بەشـێـوەیەکی ترە. هونەری فوگە: تێما بـەناوبانگەکە لە کرۆکی ئەو شـتـە، کە (وەکو شـوێنبێرگ دەڵێ)، هـەمـوو شـتێک بەرهـەم هـێنراوە؛ بەڵام گەنجینەی هونەری فـوگە لێرەدا نییـە؛ لە هـەمـوو ئەو مـیلۆدیانـەدایە، کە لـەم تێـمـایـەوە پەرە بەخـۆیان دەدەن و پنتکیدژوازی پـێ دەهێنن. من زۆر حـەز بەسازبەندی و ژەنینی هێرمان شێرخن دەکەم؛ بۆ نموونە فوگەی چوارەمی سـانا؛ ئەو وا دەکا دوو قـات هێـدی بژەنرێ وەکـو عـادەت (باخ خـێـرایی دیاری نەکـردووە)؛ لەم لەسـەرخـۆییـیـەدا لەپڕ سـەرجـەمی جـوانیی مـەزەندەنەکراوی میلۆدی خۆی بەیان دەکا. ئەم بەمـیلۆدیاکردنەوەی باخ هیچ



پێوەندی بەمیلۆدیاکردنەوەنییە (نە هیچ ڕوباتۆیەک، نە هیچ ئاکۆردێکی زیادە لای شێرخن لە ئارادایە)؛ ئەوەی من گوێم لێیە، میلۆدییەکی ڕەسەنی نیوە قۆناخی یەکەمە، دەرکی پێ ناکرێ، تێبینی ناکرێ، بەفۆرمڵێکی کورت سنووربەند ناکرێ، میلۆدییەک (بەیەکداچوونی چەند میلۆدییەک)، کە لە ڕێی شادییەکی لە گوتن نەهاتووەوە سەراسیمەم دەکا. مەحاڵە بتوانرێ بەبێ سۆزێکی گەورەوە گوێی لێ بگیردرێ. بەڵام ئەمە سۆزێکە، کە لە جەوهەردا زۆر لە نۆکتورنەیەکی شۆپان جیاوازە.

وەکو لە پشتی هونەری میلۆدییەوە دوو شتی دەستەئەنقەستی دژواز و شیاو خۆیان حەشار دابێ: وەکو فوگەیەکی باخ بیەوێ، بەوەی دەیەڵێ لە جوانییەکی دەرەزاتی بوون ڕابمێنێن، باری ڕوحیمان، عەشقەکانمان و خەمەکانمان، ئیگۆی خۆمان لە بیر بچێتەوە؛ بەپێچەوانەی ئەمەوە، میلۆدی ڕۆمانتیکی وامان لێدەکا خۆمان لە خۆماندا نقووم بکەین، ئیگۆی خۆمان لەگەڵ چڕییەکی سامناک هەست پێ بکەین و هەموو شتێکی کە لە دەرەوەی ئەم شتەیە لە بیر بکەین.

## کارە گەورەکانی مۆدێرنە وەکو قەرەبووکردنەوەی نیوە قۆناخی یەکەم

ڕۆماننووسە هەرەگەورەکانی قۆناخی پاش پرۆست، من بەتایبەتی بیر لە کافکا، موزیل، برۆخو گۆمبرۆڤیچیان، لەوەچەی خۆم، بیر لە فوێنتەس دەکەمەوە، ئەمانە سنگیان زۆر ئاواڵە بوو بۆ ئیستاتیکای تا ڕادەیەکی زۆر لەبیرکراوی ڕۆمانی پێش سەدەی نۆزدە: تاودانەوەی وتارگەرانەیان لە هونەری ڕۆماندا ڕەچاو کرد، بیناکارییان ئازادتر کرد؛ مافی لە بابەت لادانیان داگیر کردووەتەوە؛ ڕوحی ناجیدیەت و گەمەیان بەڕۆمان داوە؛ دەستبەرداری دۆگماکانی ڕیالیزمی سایکۆلۆجی بوون، بەوەی فیگورگەلێکیان خوڵقاند، کە (وەکو لای بەلزاک) ئەو داواکارییەیان بەرز نەکردەوە ڕکابەریی باری کەسایەتی بکا؛ پێش هەموو شتێکیش: بەرهەڵستی ئەو ئەرکەیان کرد، وەهمی واقیع بۆ خوێنەر ڕەنگ پێ بدەنەوە: ئەرکێک، کە سەرجەمی نیوە قۆناخی دووەمی ڕۆمان بێ مشتومڕ سەروەر بوو.

گرینگیی قەرەبووکردنەوەی بنەماگەکانی ڕۆمانی نیوە قۆناخی یەکەم گەڕانەوە نییە بۆ ئەم یان ئەو شێوازە نۆستالژییە؛ ڕەتکردنەوەیەکی گەمژانەی ڕۆمانی سەدەی نۆزدەیش نییە؛ گرینگیی ئەم قەرەبووکردنەوەیە گشتیترە: واتە چەمکی ڕۆمان سەرلەنوێ پێناسە بکرێ و بەرفراوانتر بکرێ، بەرهەڵستیی ئەو سنووربەندییە بکرێ، کە ئیستاتیکای ڕۆمانی سەدەی نۆزدە خستییە کار؛ سەرجەمی ئەزموونی مێژوویی ڕۆمانی وەکو بناخە پێ بدرێ.

من نامەوێ هاوتەریبییەکی ئاسان لە نێوان ڕۆمان و مۆسیقادا بکێشم؛ گرفتە بنەماییەکانی

ئەم دوو هونەرەبەراورد ناکرێن؛ لەگەڵ ئەوەیشدا بارودۆخی مێژوویی لە هەردوو بارەکەدا بەیەک دەچن: وەکو ڕۆماننووسە گەورەکان ئاوازدانەرە مەزنە مۆدێرنەکانیش (ئەمە بۆ ستراڤینسکی بەهەمان شێوە بۆ شوێنبێرگ شیاوە) دەیانوسیت هەموو سەدەکان ڕەچاو بکەن، پێودانگی بەهای سەرجەمی مێژوویان سەرلەنوێ بیر لێ بکەنەوە، سەرلەنوێ ئاواز بۆ دانێن، بۆ ئەمە پێویست بوو، مۆسیقا لە هێڵە سواوەکانی نیوە قۆناخی دووەم ڕزگار بکەن (لەم هەلەدا با ئەنجامگیریی بکەین: چەمکی کلاسیکی نوێ، کە بە نەریت بە سەر ستراڤینسکیدا دەسەپێنرێ، گومڕاکەرە، چونکە گرینگترین گەشتەکانی بۆ ڕابردوو دەگەڕێنەوەبۆ قۆناخی پێش کلاسیکیەت)؛ لەبەرئەوەیە مۆدێرنە مەزنەکان خۆیان بەدوور گرت: بەرامبەر تەکنیکگەلێکی مۆسیقادانان، کە لەگەڵ سۆناتادا سەریان هەڵداوە؛ بەرامبەر زاڵیی میلۆدی؛ بەرامبەر دیماگۆگییەتی دەنگیی ئۆرکسترای سیمفۆنی؛ بەڵام پێش هەموو شتێک: ڕازینەبوونیان، ڕەوایەتیبوونی مۆسیقا تەنیا لە دانپیانانی ژیانی هەست و سۆزدا ببینن، هەڵوێستێک، کە لە سەدەی نۆزدەدا بەهەمان شێوە بووبووە پێویستییەک وەکو لە هەمان کاتدا بۆ هونەری ڕۆمان ئەگەر بووبووە پێویستییەک.

ئەگەر ئەم ڕەوتە، مێژووی مۆسیقا سەرلەنوێ بخوێنرێتەوە و سەرلەنوێ بنرخێنرێ، بۆ هەموو بریکارە گەورەکانی مۆسیقاش هاوبەش بێ (بەڕای من ئەگەر خەسڵەتەکانی جیاوازیش لە نێوان هونەری گەورەی مۆدێرن و کۆمیدیاگەریی مۆدێرنیدا بەرجەستە دەکا)، ئێخۆ ستراڤینسکی بوو، کە لە هەموو کەسێک ئاشکراتر (و دەمەوێ بڵێم، بەشێوەیەکی زیاد پێوەنان) گوزارشتی لێ کرد. هێرشی بوختانکەرەکانی لەم ڕەهەندەدا چڕ دەبنەوە: لە کۆششیدا، لە سەرتاپای مێژوودا ڕەگ دابکوتێ، گەڕانەوە بۆ شێوازی هونەرمەندانی پێش خۆی دەبین؛ نەبوونی ڕەسەنایەتی دەبینن؛ کەمیی فەنتازیا دەبینن. ئەنسەرمەت دەڵێ: "فرەیی لە بروانەهاتووی کردەی شێوازگەرای[...] وەکو نائامادیی شێواز وایە". ئەدۆرنۆش بەتەوسەوە دەڵێ: مۆسیقای ستراڤینسکی تەنیا لە مۆسیقاوە سرووش وەردەگرێ، ئەمەیش "مۆسیقایە لەبارەی مۆسیقا".

ئەمانە حوکمی نادادپەروەرانەن: چونکە ئەگەر ستراڤینسکی، وەکو هیچ مۆسیقادانەرێکی پێش و پاش خۆی بەسەر سەرجەمی مێژووی مۆسیقادا چەماندووەتەوە و سرووشی خۆی لێوە هەڵهێنجاوە، ئەمە بەهیچ جۆرێک لە ڕەسەنایەتی هونەرەکەی کەم ناکاتەوە. من بەمە نەک هەر دەمەوێ بڵێم، کە مرۆڤ دەتوانێ لە پشتی شێوازی گۆڕاوییەوە هەموو کات هەمان ئامالی شەخسی بدۆزێتەوە. دەمەوێ بڵێم، کە گەڕانی بەناو مێژووی مۆسیقادا، واتە گەڕانەوەی هۆشیارانەی، دەستەئەنقەستی، مەزنی بۆ شێوازی هونەرمەندانی پێش خۆی بێ هاوتایە، کە ڕەسەنایەتی ڕەها و بێ بەراوردی پێک دەهێنێ.

## قۆناخی سێیەم

بەڵام ئەی ئەم ویستەی ستراڤینسکی سەرجەمی کاتی مۆسیقا بگرێتەوە چی دەگەیەنێ؟ ئەمە چی گرینگییەکی هەیە؟

وەکو کوڕێکی گەنج بۆ وەڵامدانەوە ڕاڕا نەبووم: ستراڤینسکی بۆ من یەکێک بوو لەوانەی، کە دەرگەیان بۆ دووریگەلێک کردەوە، کە بەهەڵە گریمانەی ئەوەم دەکرد بێ کۆتان. لەو بڕوایەدا بووم، ئەو دەیەوێ بۆ هونەری مۆدێرن، ئەو سەفەرە بی کۆتاییە، هەموو وزەکان، هەموو ئەو هۆکارانەی لە مێژووی مۆسیقادا لە بەردەستدان کارا بکاو بیانخاتە گەڕ.

هونەری مەزن، سەفەرێکی بێ کۆتایی؟ لەم نێوانەدا ئەم هەستەم لەدەست داوە. سەفەرەکە کورت بوو. لەبەرئەوە لە خوازەی دوو نیوە قۆناخەکەم، کەتیایاندا مێژووی مۆسیقا خۆی نمایش کردووە، مۆسیقای مۆدێرنم وەکو گەمەیەکی سادەی پاش مۆسیقا وێنا کردووە، بەشی کۆتایی مێژووی مۆسیقا، ئەهەنگێک لە کۆتاییی سەرچڵییەکەدا، زەردەپەڕێک لە کۆتایی ڕۆدا.

ئێستا ڕاڕام: تەنانەت ئەگەر ڕاست بێ، کە کاتی مۆسیقای مۆدێرن ئەوەندە کورت بوو، تەنانەت ئەگەر وەچەیەک یان دوو وەچەی خایاندبێ، ئەگەر بەڕاستیی تەنیا کۆتاییەکی بەرجەستە کردبێ، شایانی ئەوە نییە، بەهۆی جوانیی بێسنوورییەوە، قورسیی هونەرییەوە، ئیستاتیکای بەتەواوی نوێیەوە، حیکمەتی ئاوێتەیەوە، وەکو سەرجەمی قۆناخێک، وەکو قۆناخی سێیەم لێی بڕوانرێ؟ نابێ خوازەی مێژووی مۆسیقا و مێژووی ڕۆمانم ڕاست بکەمەوە؟ نابێ بڵێم، لە سێ قۆناخدا بەرجەستەبوون؟

بەڵێ، من خوازەکانم ڕاست دەکەمەوە، ئەمەش زۆر بەپێخۆشحاڵی ترەوە، کەمن بەجۆشوخرۆشەوە وا بەستەی ئەم قۆناخەی سێیەمم لە شێوەی "زەردەپەڕێک لە کۆتاییی ڕۆژدا"، من وا بەستەی ئەو قۆناغەم، لەو بڕوایەدام من بەشێکم لێی، لەگەڵ ئەوەشدا من بەشێکم لە شتێک، کە لە ئارادا نەماوە.

بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەم: ویستی ستراڤینسکی چی دەگەیەنێ، هەموو کاتەکانی مۆسیقا بگرێتەوە؟ ئەمە چ گرینگییەکی هەیە؟

وێنەیەک لە کۆڵم نابێتەوە: بڕوایەکی گەل دەڵێ، ئەو کەسەی لە سەرەمەرگدا بێ لە چرکەساتی گیانەڵاداسەرجەمی ژیانی ڕابردووی بەپێش چاویدا تێ دەپەڕێ. لە بەرهەمی ستراڤینسکیدا مۆسیقای ئەورووپی هەزار ساڵی ژیانی خۆی بیر کەوتەوە؛ ئەمە دوا خەونی بوو، پێش ئەوەی خۆی دوور بخاتەوە، بۆ ئەوەی خەوێکی هەمیشەیی، بێخەونی لێ بکەوێ.

## دەقی هەڵێنجانی گەمەئامێز

ئێمەدەبێ دوو شت لە یەکتری جودا بکەینەوە: لەلایەکەوە: ئەو ئاڕاستە گشتییەی، بنەماگە لەبیرکراوەکانی مۆسیقای ڕابردوو قەرەبوو بکرێنەوە، ئاراستەیەک، کە سەرجەمی مۆسیقای ستراڤینسکی و هاوچاخە مەزنەکانی دەگرێتەوە؛ لەلایەکی ترەوە: ئەو دیالۆگە ڕاستەوخۆیەی، کە ستراڤینسکی جارێک لەگەڵ چایکۆڤسکی، جارێکی تر لەگەڵ پێرگۆلێزی، ئەمجا لەگەڵ گێسواڵدۆ... هتد. دەیکا؛ ئەم "دیالۆگە ڕاستەوخۆیانە، هەڵێنجانن لە بەرهەمی کۆنەوە، شێوازی

مکۆمی جیاوازن، ڕەفتاری ستراڤینسکی خۆین، کە بەکردە لە مۆسیقای هاوچەرخەکانیدا نادۆزرێتەوە (مرۆڤ لەلای پیکاسۆ دەیدۆزێتەوە).

ئەدۆرنۆ هەڵێنجانەکانی ستراڤینسکی بەم جۆرە ڕاڤە دەکا (من وشەکلیلییەکانم جەخت لێ کردووەتەوە): "ئەوانە (دەنگە کلاسیکییە نوێیەکان) [واتە نۆتە نەگونجاوە، بەهارمۆنیا نامۆکان، کە ستراڤینسکی بۆ نموونە، لە پولچینێلا سویت، م. ک بەکاریان دەهێنێ] دەبنە جێ پەنجەی ئەو توندوتیژییەی، کە ئاوزدانەر بەمۆسیقای دەکا و ئەم توندوتیژییە، ئاڵوگۆڕکەرە، وەکو بڵێی ژیانی مۆسیقایی ئەتککەرە لەزەتی لێ دەبینرێ. ئەگەر جاران نەگونجانی گوزارشت لە ئازاری زاتی، ئێستا لایەنە بەسوێکەی دەگۆڕێتە نیشانەی تۆپزییەکی کۆمەڵایەتی. بەجێهێنەر مۆسیقادانەری مۆدەخوڵقێنەرە. ئەو جەستەی مۆسیقایی لە دروشمگەلی تۆپزیی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنێ، تۆپزییەکی کۆمەڵایەتی بۆ زات تەنیا پێویستییەکی ئەزبەر، کەم، تەنیا بە سەریدا سەپێنراوە. لەوانەیە کاریگەریی دەستەجەمعی ئەم پارچانەی ستراڤینسکی پێوەندی بەوەوە کەم نەبێ، کە نائاگا، بەشێوەی خۆیان، لەژێر پەردەی ئیستاتیکییەتدا، کە مرۆڤیان فێری شتێک دەکرد، کە زۆر خێرا بەپێی پلان و سیاییانە بە سەریاندا دەهات."

با پوختەی بکەینەوە: نەگونجان ڕەوایە، ئەگەر گوارشت لە"ئازاری زاتی" بێ، بەڵام لەلای سراڤینسکی (کە، وەکو دەزانین، ئاکارگەرا گوناهبارە، نابێ باسی ئازارەکانی بکرێ) هەمان نەگونجان نیشانەی توندوتیژییە؛ ئەمە (بەهۆی ئەنجامگیرییەکی کورتی نایابی بیرکردنەوەی ئەدۆرنۆوە) لەگەڵ توندوتیژیی سیاسیدا هاوتەریب دەکرێ: واتە ئەو ئەکۆردە نەگونجاوانەی خراونەتە سەر مۆسیقای مێرگۆڵێسی ئاماژەن (واتە ئامادەکارین) بۆ ئەو چەوساندنەوە سیاسییانەی بەدوایدا هاتن (کە لەناو کۆیی مێژووییی کۆنکریتدا تەنیا دەتوانێ فاشێزم بگەیەنێ).

من ئەزموونی خۆم لەگەڵ دەقهەڵێنجانی ئازاد لەگەڵ کارێکی گەورەی ڕابردوودا کرد، کاتێ سەرەتای سالآنی حەفتاکان هێشتا لە پراگ دەژیام، دەقێکی جیاوازی شانۆییم لە ژاک لی فاتالیستەوە نووسی. لەبەرئەوەی دیدرۆ بۆ من بەرجەستەکراوی عەقڵی ئازاد، مەنتیقی، ڕەخنەگرانە بوو، ڕێز و خۆشەویستیم بۆ ئەو وەکو تاسەم بۆ ڕۆئاوا ئەزموون کرد (داگیرکردنی وڵاتەکەم لەلایەن ڕووسیاوە لە چاوی مندا بەتۆپزیی ڕۆئاواکردن بێبەریکردنی بەرجەستە دەکرد). بەڵام شتەکان بەبەردەوامیی ماناکانی خۆیان دەگۆڕن: ئەمڕۆ ڕەنگبێ بڵێم، کە دیدرۆ بۆ من قۆناخی یەکەمی هونەری ڕۆمانی بەرجەستە کرد و شانۆنامەکەم سەرسامیمی بۆ چەند بنەماگەیەکی بە ڕۆماننووسە کۆنەکان ئاشنا و لە هەمان کاتدا بۆ من بەبەها گوزارشت لێکرد: ١) ئازادیی ئەورووپی بۆ داڕشتن؛ ٢) دراوسێیەتییەکی هەمیشەیی چیرۆکی جڵە و بۆ شلکراو و بیرکردنەوەی قووڵی فەلسەفی؛ ٣) ڕەوشی خواری خوارەوەی، تەوسگەرای، لاساییکردنەوە، ڕاچڵەکێنی ئەم بیرکردنەوە قووڵانە. ڕێسای گەمە ڕوون بوو: ئەوەی من نووسیم هەڵهێنجان نەبوو لە دیدرۆ، بگرە شانۆنامەی خۆم بوو، دەقێکی جیاواز بوو لە دیدرۆ، ڕێزلێنانم بوو لە دیدرۆ: من

ڕۆمانەکەیم سەراپا هەڵوەشاندەوە؛ ئەگەرچی چیرۆکی دڵدارییەکان لەوەوە وەرگیراون، ڕامانەکان لە دیالۆگەکاندا پتر هیی منن؛ هەمووکەسێ دەتوانێ یەکسەر ئەوەی بۆ دەرکەوێ، کە ڕستەگەلێکی تێدایە، مەحاڵە هیی پەڕەمووچەکەی دیدرۆ بن؛ سەدەی هەژدە سەدەیەکی گەشبین بوو، سەدەکەی من گەشبین نەماوە، من خۆم لەوەش کەمتر گەشبینم، فیگورەکانی ژاکو ئاغاکەی لەلای من بۆ سامناکیی دژوار فریو دەخۆن، کە لە قۆناخی ڕۆشنگەریدا تەنیا بەزەحمەت مایەی بیرلێکردنەوە بوون.

پاش ئەم ئەزموونە بچووکە شەخسییە دەتوانم ئەو سەرنجانە لەبارەی ڕەقی و توندوتیژی تەنیا بەگەمژەیی بزانم. ئەو وەستا کۆنەکەی خۆش دەویست، وەکو من وەستاکەی خۆمم خۆش دەویست. کاتێ ئەو گەڕەلاوژێکانی سەدەی بیستەمی خستە سەر میلۆدێکانی سەدەی هەژدە، لەوانەیە وای وێنا کردبێ، ئارامیی خەمگینی وەستاکەی لەو دنیادا بشێوێنێ، شتێکی گرینگی قۆناخەکەمانی بەگوێدا بچرپێنێ، زەوقی بداتێ. پێویستی بەوە بوو ڕوو بکاتە ئەو، قسەی لەگەڵدا بکا. هەڵهێنجانی گەمەئامێزی بەرهەمێکی کۆن بۆ ئەو ئەگەرێک بوو، پێوەندییەک لە نێوان سەدەکاندا بهێنێتە ئاراوە.

## دەق هەڵهێنجانی گەمەئامێز لەلای کافکا

ڕۆمانێکی سەیر، ئەمەریکای کافکا: لە ڕاستیدا بۆچی پەخشاننووسێکی گەنجی تەمەن بیست و نۆ ساڵ ئەم یەکەم ڕۆمانەی لە کیشوەرێکدا جێگیر کردووە، کە هەرگیز پێی نەخستووەتە سەر؟ ئەم بڕیارە مەبەستێکی ئاشکرا دەردەکێشێ: ڕیالیزم نەخوڵقێنی؛ لەوەش باشتر: جیدیەت نەخوڵقێنی. کافکا تەنانەت هەوڵی ئەوەشی نەداوە، زانیارییە کەمەکانی لە ڕێی تۆژینەوەوە پڕ بکاتەوە؛ وێنەیەکی ئەمەریکای بۆ خۆی داهێناوە دوای خوێندنەوەی پلە دوو، دوای لاساییکردنەوەی سواو و بەڕاستی وێنەی ئەمەریکا لە ڕۆمانەکەیدا (بە ئاگاییەوە) لە کلێشە پێک هاتووە؛ ئەوەی پێوەندی بەفیگورەکان و گرێچنییەکانییەوەهەبێ (وەکو کافکا لە یاداشتنامەکانیدا دانی پێدا دەنێ) دیکنز گرینگترین سەرچاوەی سروشی بووە، بەتایبەتی داڤید کوپەرفیلدەکەی (کافکا بەشی یەکەمی ئەمەریکا وەکو "لاساییکردنەوەی ڕاست و ڕەوان"ی دیکنز نیشانە دەکا: مۆتیڤی مکۆم وەردەگرێ (و دەیانژمێرێ: "چیرۆکی جانتاکە، شادیگەێین و ئەفسوونگەر، کرێکارە نزمەکان، دۆستەکەی سەر مۆڵکەکە، خانووە پیسەکان. هیی تر")، لە فیگورەکانەوە سروش وەردەگرێ (کارڵ لاساییەکی ناسک هەستانەی داڤید کوپەرفیلدە) و پێش هەموو شتێک لەو فەزایەوەی هەموو ڕۆمانەکانی دیکنز تێیدا بەزم و ڕەزم دەگێڕن: سۆزداریی، جیاوازیی ساکاری نێوان باش و خراپ. ئەگەر ئەدۆرنۆ لەبارەی مۆسیقای ستراڤینسکی باسی "مۆسیقا لەسەر مۆسیقاوە" دەکا، ئەوا ئەمەریکای کافکا "ئەدەب بەسەر ئەدەبەوەیە" و تەنانەت ڕۆمانی لەم شێوەییەیدا کارێکی نایابە، ئەگەر بەرهەمێکی ڕچەشکێن نەبێ.

یەکەم لاپەڕەی ڕۆمانەکە: لە بەندەری نیوۆرک کارڵ خەریکی ئەوەیە کەشتییەکە بەجێ بهێڵێ، کاتێ بیری دەکەوێتەوە چەترەکەی لە کابینەکە لە بیر چووە. بۆ ئەوەی چەترەکەی بهێنێ، جانتاکەی (جانتایەکی قورس، کە هەموو شتومەکەکەی تێدایە) بەئەمانەت، بەخۆشباوەڕییەکی کە بەزەحمەت جێی بڕوایە، لەلای ناسیاوێکی سەرپێی بەجێ دەهێڵێ: بێگومان ئاوها جانتاکە و چەترەکەی لەدەست دەچێ. لە یەکەم دێرەکانەوە عەقڵ لاساییکردنەوەیەکی گەمە ئاسا جیهانێکی وەهمی دەخولقێنێ، کە تێیدا هیچ شتێک بەتەواوی ئەگەر نییە و هەموو شتێک کەمێک قۆشمەیە.

کۆشکی کافکا، کە لەسەر هیچ نەخشەیەکی دنیا نەکێشراوە، ناواقیعتر نییە لەو ئەمەریکایەی بەوێنەی کلێشەیی ژیاری نوێی زەبەلاح و مەکینە کێشراوە. لە ماڵی خاڵی، کەسێناتۆرە، کارڵ مێزێک دەدۆزێتەوە، مەکینەیەکی ناوازە ئاڵۆز بەرجەستە دەکا، بەسەدان چەکمەجەوە، کە گوێڕایەڵی سەدان دوگمەن، ئامرازێکی کردەیی و لە هەمان کاتدا زۆر ناپێویست، پەرجوویەکی تەکنیک و شتێکی هیچوپووچ. من لەم ڕۆمانەدا دەمیکانیزمی موعجیزەی خۆش و مەحاڵم ژمارد، مێزی نووسینی خاڵی، ماڵی ڕێگومکەر، هوتێلی ئۆکسیدەنتال (بیناسازیی ئاڵۆزی زەبەلاح، ڕێکخستنی بیرۆکراتی شەیتانانە) هەتا شانۆی ئۆکلاهۆما، بەهەمان جۆر تێگەیشتنی مەحاڵە، کارگێڕیی بێ سنوور. بەڕێگەوە بەسەر گەمەی لاساییکردنەوەی تەوسگەرا (گەمە بەکلێشەوە) بۆ یەکەم جار کافکا دەست دەداتە گەورەترین تێمای، تێمای ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ڕیگومکە ئاسا، کە تێیدا مرۆڤ خۆی ون دەکا و تێیدا ڕۆ دەچێ. (ئەگەر لەلایەنی ڕەگەزەوە لێی بڕوانین ڕیشەی کارگێڕیی ترسناکی کۆشک دەچێتەوە سەر میکانیزمی مەخسەرەی ئەم مێزی نووسینە.) کافکا نەیتوانی ئەم تێما جیدییە لەڕۆمانێکی ڕیالیستی، لەسەر بناخەی تۆژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو زۆلا دابڕێژێ، بگرە لە ڕێی بەڕووکەش "ئەدەب لەبارەی ئەدەب"دا، کە ئازادیی پێویستی دایە فەنتازیای (ئازادیی زیادەڕەویکردن، زل و قەبەیی، مەحاڵییەکان، ئازادیی دۆزینەوە گەمەئامێزەکان).

## بێبەزەییتی لە پشتی ئەو ڕەفتارەوەی هەست و سۆزی لێ دەڕژێ

لە ئەمەریکادا زۆر ئاماژەی سۆزگەریی ڕوونەکراوەی زیاد پێوەنراو دەدۆزرێنەوە. کۆتاییی بەشی یەکەم: کارڵ ئامادەیە، لەگەڵ خاڵیدا بڕوا، توونچییەکە لە کابینەکەی کەشتیەوانەکەدا دەمێنێتەوە. لەم چرکەساتەدا (جەختی وشە کلیلییەکان لە منەوەیە) ئەم شتە ڕوو دەدا: "بەکاوەخۆ بەو بیرانەوە چوو بۆ لای، دەستی ڕاستی ئەوی لەژێر قایشەکە دەرهێنا و بەگەمەوە لە دەستی خۆیدا گرتی. [...] و کارڵ پەنجەکانی لە نێوان پەنجەکانی توونچییەکەدا بەوملا و بەولادا دەهێنا و دەبرد، کە بەچاوی گەشەوە سەیری دەوروبەری دەکرد، وەکو کامەرانییەکی تووش بووبێ، بەڵام هیچ کەس نەتوانێ بەخەوشی بزانێ.

بەڵام تۆ دەبێ سەرپێچی بکەی، بەڵێ و نەء بڵێی، ئەگینا خەڵکی هیچ لەبارەی ڕاستیی نازانن. دەبێ پەیمانم بدەیتێ، کە بەدوامدا دێی، چونکە من خۆم، لەبەر زۆر هۆ دەترسم، ناتوانم لەوە زیاتر

یارمەتیت بدەم و ئەمجا کارڵ گریا، لە کاتێکدا دەستی توونچییەکەی ماچ کرد و دەستەزلە، نێزیکە بێگیانەکانی گرت و وەکو گەنجینەیەک خستنییە سەر ڕوومەتی، کە مرۆڤ دەبێ دەستبەرداری بێ. بەڵام خاڵی سیناتۆریش لە تەنیشتییەوە وەستابوو ئەگەر بە تەنیا بەسووکترین تۆپزیش بووبێ." نموونەیەکی تر: لە کۆتاییی ئێوارەدا لە خانووە گوندییەکەی پۆلوندەرسدا کارڵ بەدرێژیی ڕوونی دەکاتەوە، لەبەر چی دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ لای خاڵی. " لە کاتی ئەم ئاخاوتنە درێژەی کارڵدا جەنابی پۆلوندەر بەئاگەدارییەوە گوێی دەگرت، زۆرجار، بەتایبەتی ئەو کاتانەی ناوی خاڵ دەهێنرا، کارڵ، ئەگەر تیبێنیش نەدەکرا ئامێزی پێدا دەکرد[...]"

ئاماژە سۆزدارییەکانی کەسەکان نەک هەر زیاد پێوەنان نین، بگرە لە جێی خۆیاندا نین. کارڵ نێزیکەی سەعاتێکە تونچییەکە دەناسێ و هۆیەکی نییە، بەو شێوەیەبەجۆشوخرۆشەوە هۆگری بێ. ئەگەر لە کۆتاییشدا مرۆڤ لەو بڕوایەدا بێ، کوڕە گەنجەکە بەشێوەیەکی ساکار بەپەیمانێکی هاوڕێیەتی پیاوان هەژاوە، مرۆڤ پتر سەری لەوە سوڕ دەمێنێ، کە تەنیا چاوترووکانێک پاش ئەوە هێندە ئاسان بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک هاوڕێ نوێیەکەی لەگەڵ خۆی دەبا.

لە کاتی دیمەنەکەی ئێوارەدا پۆلوندەر زۆر باش دەزانێ، کە خاڵە کارڵی لە ماڵەکەی دەرکردووە؛ لەبەرئەوەی بەمیهرەبانییەوە ئامێزی پێدا دەکا. بەڵام کاتێ کارڵ خەریکی ئەوەیە، بەئامادەبوونی پۆلوندەر نامەکەی خاڵی بخوێنێتەوە چارەنووسی خەمناکی بزانێ، نەپۆلوندەر مەیلی دەداتێ، نە کۆمەکی دەکا.

لە ئەمەریکای کافکادا مرۆڤ یان لەناو گەردوونێکی هەستی نابەجێدایە، یان لە جێی خراپدایە، یان زیاد پێوەنراو یان تێنەگەیشتوو یان، بەپێچەوانەوە، بەجۆرێکی سەیر لە ئارادا نەبووایە. لە یاداشتنامەکانیدا کافکا بەم وشانە ڕۆمانەکانی دیکنز دەست نیشان دەکا: "بێبەزەیێتی لە پشتی ڕەفتاری بە هەست و سۆز داپۆشراوەوە". بەڕاستیی ئەمە مانای ئەم شانۆی نمایشکارانە هەستی پێشاندراو و ڕاستەوخۆ دوای ئەوە لەبیرچووەوەیە، کە ئەم ڕۆمانەی کافکا پێشانی دەدا. ئەم ڕەخنەی سۆزدارییە (ناڕاستەوخۆیە، لاساییکەرەوەیە، پێکەنیناوییە، هەموو کات ناتوندوتیژە) تەنیا ئامانجی دیکنز نییە، بگرە ئامانجی ڕۆمانتیکە بەشێوەیەکی گشتی، ئامانجی میراتگرەکانی، هاوچاخەکانی کافکایە، بەتایبەتی ئێکسپرێسیۆنیست (تەعبیری)ەکان، ئامانجی نەریتی هیستیریا و شێتییە؛ ئامانجی پێش هەموو شتێک کڵێسەی پیرۆزی دڵە و جارێکی تر، هەردوو هونەرمەندی بەڕووکەش جیاواز کافکا و ستراڤینسکی زۆر لە یەکتر نێزیک دەکاتەوە.

## گەنجێکی بچووک لە جەزبەدا

بێگومان مرۆڤ ناتوانێ بڵێ مۆسیقا (هەموو مۆسیقایەک) لە توانایدا نییە، گوزاشت لە هەست بکا؛ مۆسیقای ڕۆمانتیک بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوا دەربڕی هەست و سۆزە؛ بەڵام هەتا لەبارەی ئەم مۆسیقایە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ: بەهاکەی پێوەندی بەوەوە نییە، چی چرپەیەکی هەست بێدار

دەکاتەوە. چونکە مۆسیقا ئەو توانایەی هەیە، بەبێ هیچ هونەرێکی مۆسیقایی هەستی قووڵ بێدار بکاتەوە، من منداڵیی خۆمم بیر دەکەوێتەوە: لە بەردەم پیانۆوە دانیشتبووم و بەجۆشوخرۆشەوە خۆم دابووە دەستی مۆسیقالێدانی سەرپێیەوە، ک بۆ من یەکنەواییەک لە نۆتەی کورتی س-یو نۆتەی کورتی نیمچەزاڵی ئێف-دا بەس بوون، کە من فۆرتیسیمۆ و بەبێ کۆتا دەمژەند. ئەو دوو یەکنەواییە و بزووێنەرە میلۆدییە هەردەم دووبارە بووەوە هەستێکی قووڵیان بۆ دەخوڵقاندم، کە نەشۆپان، نەبیتهۆڤن جارێک لە جارێک تیامدا بێداریان نەکردووەتەوە. (جارێکیان باوکم هات. ئەو مۆسیقاژەن بوو، بەتووڕەیی بەڕاکردن هات بۆ ژوورەکەم نەپێش ئەو جارە و نەدوای ئەو جارەهێندەبەتووڕەیی نەمبینیبوو، لەسەر کورسییەکە بەرزی کردمەوە و هەڵی گرتم بۆ ژووری خواردن، کە بەقێزێکی نەشاراوەوە لە ژێر مێزەکە دایانام.)

ئەوەی من لە کاتی بەسەرپێی مۆسیقاژەنینمدا بینیم، جەزبەیەک بوو. جەزبە چییە؟ ئەو هەرزەکارەی کە دەست بەدوگمەی پیانۆدا دەنێ، هەست بە هەژانی هەست و سۆز (خەم، شادمانیی) و، جۆشوخرۆش، بۆ چڕییەکی وا بەرز دەبێتەوە، کە تەحەمول ناکرێ: هەرزەکارەکە بۆ بارودۆخێکی کوێری و کەڕیی هەڵدێ، بەوەی هەموو شتێک لە بیر چووەتەوە، بەوەی مرۆڤ خودی خۆی لە بیر دەچێ. لە جەزبەدا هەست و سۆز دەگاتە چڵەپۆپەی و بەمەیش لە هەمان کاتدا نەرێکردنی (لەبیرکردنی).

جەزبەواتا "لە دەرەوەی خۆدا بوون"، وەکو زانستی بنجو بنەوانی وشە یۆنانییەکە ڕوونی دەکاتەوە: چوونە شوێنگەی (ستازیز)ەوە، لە خۆ چوونە دەرەوە. لە"دەرەوەی خود" بوون ئەوە ناگەیەنێ، مرۆڤ لەدەرەوەی چرکەساتی ئێستادایە وەکو خەونبینێک، کە بۆ ڕابردوو یان داهاتوو دوور کەوتبێتەوە. بەتەواوی بەپێچەوانەوە: جەزبە پێوەندییەکی ڕەهای ڕوحییە لەگەڵ چرکەساتی ئێستادا، لەبیرکردنی تەواوی ڕابردوو و داهاتووە. ئەگەر مرۆڤ چ داهاتوو، چ ڕابردوو بسڕێتەوە، چرکەی ئێستا لە پانتاییەکی خاڵیدا هەڵدەواسرێ، لە دەرەوەی ژیان و بەسەرهاتنامەکەی، لە دەرەوەی کات و ناوابەستە بەو (لەبەرئەوە مرۆڤ دەتوانێ بەجاویدانیی بەراوردی بکا، کە بەهەمان شێوە نەرێکردنی کاتە).

مرۆڤ دەتوانێ وێنەی دەنگیی سۆز لە میلۆدی "گۆرانی"یەکی ڕۆمانتیکیدا ببینێ: بەوە دەچێ ماوەکەی بیەوێ سۆز ڕابگرێ، پەرەی پێ بدا، تاقی بکاتەوە. بەپێچەوانەوە جەزبە ناتوانێ لە میلۆدییایەکدا ڕەنگ بەخۆی بداتەوە، چونکە ئەو یادەوەرییە لەلایەن جەزبەوە تاساوەوە لە توانایدا نییە، نۆتەکانی پارچەیەکی میلۆدی هەرچەندە کورتیش بێ ڕابگرێ؛ وێنەی دەنگیی جەزبە هاوارە (یان: مۆتیڤێکی کورتی میلۆدییە، کەلاسایی هاوار دەکاتەوە).

نموونەی کلاسیکی جەزبە چرکەساتی ئۆرگازمە. با خۆمان بگەڕێنینەوە بۆ کاتێک، کە ژنان هێشتا میهرەبانیی حەبیان نەدەزانی. زۆرجار ڕووی داوە، کە پیاوی دڵدار لە چرکەساتی لەزەتدا لە بیری چووە، لە کاتی خۆیدا لە جەستەی دۆستەکەی بخزێ و کردوویەتیە دایک، هەتاوەکو ئەگەر

هەتا پێش چەند چرکەساتێک ئەو مەبەستە مکۆمەی هەبووبێ، زۆر ئاگەدار بێ. چرکەساتی جەزبە بڕیارەکەی (ڕابردووی ڕاستەوخۆی) بەهەمان شێوە بەرژەوەندییەکانی (پاشەڕۆژی) لە بیر بردووەتەوە.

واتە لە تەرازوودا چرکەساتی جەزبە لە منداڵێکی نەویستراو قورستر بوو؛ لەبەرئەوەش کە منداڵە نەویستراوەکە لەبەر ئامادەبوونی نەویستراوی لەوانەیە سەرجەمی ژیانی پیاوە دڵدارەکە پڕ بکاتەوە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، کەچرکەساتی جەزبەقورستر بوو لەسەرجەمی ژیان. ژیانی پیاوی دڵدار لەبەرامبەر چرکەساتی جەزبەدا لە نێزیکە هەمان بارودۆخی ملکەچیی وەکو کۆتایی بەرامبەر بێ کۆتاییە. مرۆڤ هیوای جاویدانی بۆ خۆی دەخوازێ، بەڵام دەتوانێ تەنیا بژێرەرەکەی دەست کەوێ: چرکەساتی جەزبە.

من ڕۆژێکی هەرزەکاری خۆمم بیر دەکەوێتەوە: لەگەڵ هاوڕێیەکدا لە ئۆتۆمۆبێلەکەیدا بووین؛ لە پێشمانەوە خەڵکی لە جادەکە دەپەڕینەوە. یەکێکم ناسییەوە کە خۆشیم پێدا نەدەهات و پێشانی هاوڕێکەمم دا: "بەسەریدا بڕۆ!" بێگومان ئەمە تەنیا گەمە بوو، بەڵام هاوڕێکەم لە بارودۆخێکی ناوازەی گەشکەدا بوو و پێی پێدا نا. پیاوەکە زارەترەک بوو، پێی هەڵکەوت و کەوت. لە دوا چرکەساتدا هاوڕێکەم ترومبێلەکەی ڕاگرت. پیاوەکە هیچی لێ نەهات، لەگەڵ ئەوەیشدا خەڵکەکە لە دەورمان کۆ بوونەوە و ویستیان (مایەی تێگەیشتنە) هەلا هەلامان بکەن. بەڵام هاوڕێکەم دڵی بکوژێکی نەبوو. وشەکانم خستبوویانە حاڵەتێکی جەزبەوە (جەزبەی گەمە یەکێکە لە سەیرترین جەزبەکان).

مرۆڤ بەوە ڕاهاتووە، چەمکی جەزبە لەگەڵ چرکەساتە گەورەکانی سۆفیتیدا ببینێ. بەڵام جەزبەی ڕۆژانە، بێ بایەخ، بازاڕیش هەیە: جەزبەی تووڕەیی، جەزبەی خێرایی لەسەر سوکان، جەزبەی گێژبوون بەهۆی دەنگەدەنگەوە، جەزبەی گۆڕەپانی دوو گۆڵی. ژیان واتەئەو کۆششە قورس و بەردەوامەی خودی خۆت لەچاو ون نەکەی، بۆ ئەوەی هەردەم مکۆم لە خوادا، لەباری ئارامیدا، ئامادەبی. مرۆڤ هەر ئەوەندەی زەحمەتە چاوترووکانێک بچێتە دەرەوەی خۆی، ئیتر دەچێتە بواری مەرگەوە.

## بەختەوەریی و جەزبە

من لە خۆم دەپرسم، ئاخۆ ئەدۆرنۆ لە کاتی گوێگرتن لە ستراڤینسکی هەستی بەبچکووکترین لەزەت کردووە. لەزەت؟ بەباوەڕی ئەو مۆسیقای ستراڤینسکی تەنیا یەک: "خۆشیی بەدڕەوشتی نشوستیی" دەناسێ، چونکە هیچی تر ناکا ئەوە نەبێ، لە هەموو شتێکدا "نشوست بهێنێ": دەربڕین، پڕیی دەنگی ئۆرکسترالی؛ تەکنیکی گەشەپێدان؛ بەوەی "نیگایەکی بەد" دەبڕێتە فۆرمەکۆنەکان، ئەمانە دەشێوێنێ؛ "بەزەردەخەنەی تاوساوییەوە" لە توانایدا نییە بدۆزێتەوە، تەنیا "تەوس دەکا"، "کاریکاتێر دەکا"، "لاسایی دەکاتەوە"؛ تەنیا "نەرێکردن"ی نەک تەنیا مۆسیقای

سەدەی نۆزدەیە، بگرە سەرجەمی مۆسیقایە. ("مۆسیقای ستراڤینسکی مۆسیقایەکە، کە خۆی لە مۆسیقا دوور دەخاتەوە، ..."، ئەدۆرنۆ وا دەڵێ).

سەیرە، سەیرە. ئەو شادمانییەی کە ئەم مۆسیقایە نمایشی دەکا؟

من پێشانگەیەکی پیکاسۆم لە پراگ لە ناوەڕاستی شەستەکاندا لە بیرە. وێنەیەک لە یادەوەریمدا ماوەتەوە. ژنێک و پیاوێک شووتی دەخۆن؛ ژنەکە دانیشتووە و پیاوەکەلەسەر زەوییەکە ڕاکشاوە و خۆی درێژ کردووە، لە ئاماژەیەکی خۆشیی بەوشە دەرنەبڕاودا، لاقەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردووەتەوە. ئەمەهەمووی بەبێباکییەکی لە زەتگیێنە کێشراون، لەبەرئەوەیە من لەو بڕوایەدام، کە تابلۆکێشەکە، ئەو کاتەی ئەم تابلۆیەی کێشاوە، هەستی بەهەمان ئەو خۆشییە کردووە وەکو ئەو پیاوەی لاقەکانی بەرز کردووەتەوە.

شادمانیی تابلۆکێشێک، کە تابلۆی پیاوێکی لاقەکانی بەرز کردووەتەوە دەکێشێ، دوو شادمانییە؛ ئەو شادمانییەی، شادمانییەک (بەزەردەخەنەوە) لێی بڕوانی. ئەو زەردەخەنەیم بەلاوە گرینگە. تابلۆکێش لە شادمانیی ئەو پیاوەی لاقەکانی بەئاسمانەوەن بۆ چرکەساتێک نیگای پارچەیەک کۆمیدیا دەبینێ، بەمەش خۆشحاڵ دەبێ. زەردەخەنەکەی فەنتازیایەک لە ناخیدا بێدار دەکاتەوە، کە خۆشنوود و بێ پەرپرسیاریەتییە، بێپەرپرسیاریەتی وەکو ئاماژەی ئەو پیاوەی، کە لاقەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردووەتەوە. ئەو بەختەوەرییەی من باسی دەکەم، لەنیشانەی گەمە دایە؛ ئەمە لە بەختەوەریی قۆناخەکانی تری مێژووی هونەر جودای دەکاتەوە، بۆ نموونە لە شادمانیی تریستانی ڤاگنەر یان شادمانیی ئیدیلی فیلەمۆن و باوسیس. (ئاخۆ ئەمە گوناهی نەبوونی هەست بۆ گەمە لای ئەدۆرنۆیە، کە بۆ ستراڤینسکی ناهەستەوەر بوو؟)

بیتهۆڤن "گۆرانیی بۆ خۆشنوودیی" نووسی، بەڵام ئەم خۆشنوودییەی بیتهۆڤن سێرۆمۆنیایە، کە دوورییەکی پڕ ڕێزی پێویستە. مێنوێتە و شیرتزی سیمفۆنی کلاسیکی، ئەگەر مرۆڤ وا لێی تێ بگا، داواکارییە بۆ سەما، بەڵام ئەو شادمانییەی من مەبەستمە و من بە لامەوە گرینگە، نایەوێ لە ئاماژەی سەمای دەستەجەمعیدا گوزارشتی لێبکرێ. لەبەرئەوەیە هیچ پۆلکایەک ئاسوودەم ناکا، جگە لە پۆلکای سێرکی ستراڤینسکی، کە دانەنراوە بۆ ئەوەی سەمای لەسەر بکرێ، بگرە بۆ ئەوەی گوێی لێ بگیرێ، بەلاقی بەرەو ئاسمان بەرز کراوەتەوە.

لە هونەری مۆدێرندا کارگەلێک هەن، کە شادمانییەکی لە لاساییکردنەوە نەهاتووی بوونیان دۆزیوەتەوە، ئەو شادمانییەی کە لە فەنتازیای نالێپرسراویی گەشکەداریدا خۆی دەردەبڕێ، بەوەی لەزەت بدۆزێتەوە، غەفڵەتگیری بکا، بەڵێ تەنانەت لە ڕێی دۆزینەیەکەوە تووشی دڵداخورپانی بکا. مرۆڤ دەتوانێ لیستەیەکی تەواوی کاری هونەری چێ بکا، کە نوقمی ئەم شادمانییەن: لە پاڵ ستراڤینسکییەوە (پێتروشکا، لێ نۆسێ، ڕینار، دووەم کۆنسێرتی پیانۆ کە کاپریچیۆی پێ دەوترێ، کۆنسێرتی کەمانجە،... هتد.) سەرجەمی کاری میرۆ؛ تابلۆکانی کلێ؛ دوفێ، دوبوفێ؛ هەندێ کاری پەخشانی ئەپۆلۆنێیر، یاناچەکی کۆن (سەروای منداڵان، پارچە مۆسیقا بۆ شەش

ئامێری مۆسیقی فوو، ئۆپرای ڕێوی فێڵباز)؛ ئاوازەکانی میلهاود؛ ئەوانەی پولانسیش؛ ئۆپراکەی بوفا لێ مامیلێ دی تیراسیاس لەسەر ئەپۆلۆنێیر، کە لە دوا ڕۆژەکانی شەڕدا نووسی، لەلایەن ئەوانەوە نەفرەتی لێ کرا، کە بەفەزیحەیان زانی، کە ئاهەنگی لە گەمە ئازاد بوون دەگێڕن؛ بەڕاستی ئەم قۆناخی شادمانییە (ئەم شادمانییە دانسقە، بەگەمە ڕۆشن کراوە) بەرەو کۆتایی چوو؛ پاش شەڕی دووەمی جیهانی تەنیا هەردوو وەستا کۆنە کەماتیس و پیکاسۆ تێگەیشتن بەپێچەوانەی ڕوحی سەردەمەوە ئەم شادمانییە لە کارەکانیاندا بپارێزن.

لە کاتی ژماردنی ئەم کارە گەورانەی شادمانیدا نابێ مۆسیقای جاز لە بیر بکرێ. سەرجەمی ڕیپۆرتوای جاز لە چەند گۆڕانکارییەکی ژمارەیەکی زۆر سنوورداری میلۆدی پێک هاتووە. بەو جۆرە لە سەرجەمی مۆسیقای جازدا زەردەخەنەیەک دەردەکەوێ، کەدزەی کردووەتە ناو میلۆدییە ڕەسەنەکەوە و کارتێداکردنییەوە. هەروەکو ستراڤینسکی وەستا گەورەکانی جاز حەزیان لە هەڵهێنجانی گەمەئامێز بوو و نەک تەنیا ئاوازیان بە تەرزی خۆیان لەسەر گۆرانییە کۆنەکانی ڕەشپێستەکان دانا، بگرە ئاوازیشیان لەسەر باخ، مۆتزارت، شۆپان دانا؛ ئێلینگتن هەڵهێنجانی چایکۆڤسکی و گریگی خوڵقاند، بۆ پارچە مۆسیقای ئوڤی، ئاوازی بۆ شێوەیەکی پۆلکای گوند دانا، کە لە ڕوحیدا پێتروشکا بیر دەخاتەوە. زەردەخەنەک لەو میانەیەدا هەر نادیار ئامادەیە، کە ئێلینگتن لە"پۆرترێتی" گریگ جیا دەکاتەوە، بەئاشکرا بەڕووی مۆسیقاژەنەکانی دیکسیلاندی کۆنەوە دیارە: لە چرکەساتی تاکژەنیدا (کە هەردەم بەشێکی بەسەر پێی دەژەنرێ، واتە هەموو کات غافڵگیریی دەهێنێ)، مۆسیقاژەن کەمێک دەچێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی دواییتر شوێنەکە بۆ مۆسیقاژەنێکی تر چۆڵ بکا و بۆ ئەوەی خۆی بداتە دەستی لەزەتی گوێگرتنەوە (لەزەتی غافڵگیریی تر).

لە کۆنسێرتی جازدا چەپڵە لێ دەدرێ. چەپڵەلێدان واتە: من بەئاگەدارییەوە گوێم لێگرتی و ئێستا گوزارشت لە قەدرزانینم بۆ تۆ دەکەم. لە مۆسیقای ڕۆکدا بارودۆخەکە دەگۆڕێ. حاڵەتێکی گرینگ: لە کۆنسێرتی ڕۆکدا بەم مانایە چەپڵە لێ نادرێ. نزیکەکفرێکە چەپڵە لێ بدرێ و میانەی ڕەخنەگرانە لە نێوان مۆسیقاژەن و گوێگرەکاندا دەربخرێ؛ لێرەدا مرۆڤ ئامادە نییە، بۆ ئەوەی حوکم بدا و ئافەرین بکا، بگرە بۆ ئەوەی خۆی بداتە دەستی مۆسیقاوە، لەگەڵ مۆسیقاژەنەکاندا بقیژێنێ، لەگەڵیاندا بتوێتەوە؛ لێرەدا مرۆڤ بەدوای پێوەندییەکی ڕوحی و هاوسۆزیدا دەگەڕێ، نەک لەزەت، نەک کەیف و خۆشی، نەک شادمانی. لێرەدا مرۆڤ بەر جەزبە دەکەوێ: ڕیتم زۆر بەهێز و ڕێکوپێک لێ دەدرێ، مۆتیڤە میلۆدییەکان کورتن و بەبێ پچڕان دووبارە دەکرێنەوە، دژوازیی دینامیکی لە ئارادا نییە، هەموو فۆرتیسیمۆیە، گۆرانی زیقنترین مەودای دەنگ بەباشتر دەزانێ و لە قیژە و هاوار دەچێ. لێرەدا مرۆڤ ئیدی لە بارێکی بچووکی سەمادا نییە، کە مۆسیقا ئابڵووقەی تێکەڵبوونی ئەڤیندارانەی جووتەکان دەدا؛ لێرەدا مرۆڤ لە هۆڵە گەورەکاندایە، لە گۆڕەپانە گەورەکاندا بەسەر یەکدا کەوتوون، ئەگەر مرۆڤ لە بارێکدا سەما بکا، جووتی نییە: هەر

کەسە و بەتەنیا و لەگەڵ هەموو ئەوانی تردا دەجووڵێ. مۆسیقا تاکەکان دەکاتە یەک جەستەی دەستەجەمعیی: لێرەدا باسی تاکگەرایی و لەزەتگەرایی بکرێ یەکێکە لە خۆبەسۆفیکردنەکانی ئەم سەردەمەمان، کە (بەڵام وەکو هەموو قۆناخەکان) دەیەوێ خۆی بەجۆرێکی تر ببینێ وەکو لەوەی لە ڕاستیدا هەیە.

## جوانیی ڕیسواگەری بەدکار

ئەوەی لای ئەدۆرنۆ پەستم دەکا میتۆدی کورتبینییە، کە سامناک بەسەلیقانە کاری هونەریی ئاراستەی سیاسی (سۆسیۆلۆجی) دیاریکراو، ئەنجامگیریی یان مانا پێ خانەبەندیی دەکا؛ تێڕامانە زۆر جیاوازەکانی (شارەزاییەکانی ئەدۆرنۆ لەبارەی مۆسیقا مایەی سەرسامین) دەگەنە ئەنجامگیریی زۆر هەژار؛ لەبەرئەوەی ئاراستەگەراییەکانی قۆناخێک هەردەم بۆ ئاڕاستەی دژواز سنووردار دەکرێن، مرۆڤ لە کۆتاییدا هەموو کات بەشێوەیەکی کوشندە دەگاتە ئەوەی. کارێکی هونەری بۆ لایەنی پێشکەوتنخوازیی یان کۆنەپەرستی خانەبەند بکا؛ لەبەرئەوەی کۆنەپەرستیی بەدکارە، دەتوانرێ دادگەی لێکۆڵینەوە دادوەریی دەست پێ بکا.

پیرۆزکردنی بەهار: باڵێتێک، کە بەقوربانیکردنی کچێکی گەنج کۆتایی دێت؛ کچەکە دەبێ بمرێ، بۆ ئەوەی بەهار زیندوو ببێتەوە. ئەدۆرنۆ: ستراڤینسکی لایەنی بەربەرییەت دەگرێ؛ "لای ستراڤینسکی تاکگەرایی ڕەوشی قوربانیی وەردەگرێ، بەڵام – لێرەدا سووکایەتی بەنەریتی هونەری مرۆڤپەروارانە دەکا– مۆسیقا پێوەندی گیانی و هاوسۆزی لەگەڵ ئەمەدا ناگرێ، بگرە لەگەڵ نموونەی لەناوبەردا"؛ (لە خۆم دەپرسم: بۆچی کرداری "پێوەندی گیانی و هاوسۆزی لەگەڵدا گرتن"؟ ئەدۆرنۆ لە کوێوە دەزانێ، ئاخۆ ستراڤینسکی "پێوەندی گیانی و هاوسۆزی لەگەڵدا دەگرێ"؟ بۆچی ناڵێ "نیگارکێشان"، "بەرهەمهێنانی پۆرترێتێک"، "شێوەپێدان"، "نمایشکردن"؟ وەڵام: لەبەرئەوەی تاق و تەنیا پێوەندی گیانی و هاوسۆزی لەگەڵدا گرتن لەگەڵ بەدیدا گوناهبارە و دەتوانێ پاساوی دادوەریی دەدا).

بەقووڵی و توندی قێز لە هەموو ئەوانە دەکەمەوە کە دەیانەوێ لە کارێکی هونەریدا هەڵوێستێکی (سیاسی، فەلسەفی، ئاینی) بدۆزنەوە، لە جیاتی پرسیاری ئەوە بکەن، ئایا کارەکە مەبەستێکی مەعریفی، مەبەستێکی تێگەیشتن، ڕەهەندێکی لەخۆگرتنی واقیعی تێدایە. پێش ستراڤینسکی مۆسیقا هەرگیز لەوە تێ نەگەیشتبوو شێوازێکی گەورە بە داوونەریتە بەربەریەکان بدا، مرۆڤ نەیدەتوانی لە شێوەی مۆسیقادا وێنای بکا. ئەمەش واتە: مرۆڤ نەیتوانی وێنای جوانیی بەربەری بکا. ئەم بەربەریەتە بەبێ جوانییەکەی نەدەبووە مایەی تێگەیشتن. (من جەخت دەکەمەوە: بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دیاردەیەک بگەین، دەبێ مرۆڤ لە جوانییە ڕاستەقینەکەی یان شاراوەکەی تێ بگا.) بانگەشەی ئەوە بکرێ کە داوونەریتێکی خوێناوی جوانە، ڕیسواییە، تەحەمول ناکرێ، قبووڵ ناکرێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ لەم ڕیسواییەتێ نەگا، نەچێتە بنج و بنەوانی ئەم ڕیسواییە، زۆر لە

مرۆڤ تێ ناگا. ستراڤینسکی شێوەیەکی بەهێز، قەناعەتپێکەری مۆسیقی دەداتە ئەم داوونەریتە بەربەرییە، بەڵام شێوەیەک کە درۆ ناکا: با گوێ لە دوا ڕستەی پیرۆزکردن بگرین، سەمای قوربانی: ترسناک بەجادوو لا نەبراوە. لێرەدایە. تەنیا بۆ ئەوەی پێشان بدرێ؟ نەک بۆ ئەوەی نەفرەت بکرێ؟ ئەگەر نەفرەت بکرێ، واتە جوانیەکەی لێ دەدزرێ و دزێوییەکەی پێشان دەدرێ، ئەمەفرۆفێڵە، ئاسانکردنە، جۆرە"پڕوپاگەندە"یەکە. لەبەرئەوەی جوانە، کوشتنی کچە گەنجەکە ئەوەندە سامناکە.

هەروەکو چۆن ستراڤینسکی پۆرترێتێکی نوێژی جەماعی، پۆرترێتێکی بازاڕیساڵانە (پێتروشکا)ی کێشاوە، لێرەدا پۆرترێتێکی جەزبەی بەربەری کێشاوە. ئەمە ئەوەندەی تر بە بایەخە، کە ئەو هەردەم و بەڕوونی خۆی وەکو هەوادارێکی بنەماکەی ئەپۆڵۆن و دژە بنەماکەی دیۆنیسۆس لە قەڵەم داوە: پیرۆزکردنی بەهار (بەتایبەتی سەما سروتییەکان) پۆرترێتی ئەپۆڵۆنی جەزبەی دیۆنۆسین: لەم پۆرترێتەدا توخمە جەزبەییەکان (بەتوندوتیژیی ڕیتملێدانەکان، مۆتیڤەمیلۆدییە کەمە زۆر کورتە لە ژماردن نەهاتن دووبارەبووەوەکان، کە هەرگیز پەرەیان پێ نادرێ و بەهاوار و قیژە دەچن) دەکاتە هونەری گەورەی کارامە (بۆ نموونە ڕیتمەکە لەگەڵ توندوتیژیشیدا لە گۆڕانی خێرای تراکتارتە جیاوازەکاندا بەشێوەیەک ئاڵۆز دەبێ، کە کاتێکی ناواقیعی، بەتەواوی شێواز تایبەت دەخوڵقێنێ)؛ لەگەڵ ئەوەشدا جوانیی ئەپۆڵۆنی ئەم پۆرترێتە سامناکیی شکۆدار ناکا؛ وا دەکا ببینین، کە لە بنی جەزبەدا تەنیا ڕەقیی ڕیتمەکان، لێدانی توندی ئامێرەکان، بێهەستیی ناوازە و مەرگ هەیە.

## ژمارەزانی کۆچکردن

ژیانی مرۆڤێکی کۆچکردوو پرسیارێکی ژمارەزانییە: یوسف کۆنراد کۆرزێنیۆڤسکی (بەناوبانگ بەناوی یوسف کۆنرادەوە) حەڤدە ساڵ لە پۆڵۆنیا ژیاوە (یان لە ڕووسیا لەلای کەس و کارەدوورخراوەکەی)، پاشماوەی ژیانی، پەنجا ساڵ، لە ئینگلتەرا (یان لەسەر کەشتییە ئینگلتەراییەکان). بەم شێوەیە توانی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی نووسەریی خۆی فێر بێ، بەهەمان شێوە تێمای ئینگلیزی. تەنیا حەساسیە تەدژە ڕووسەکەی (ئاخ، جیدی هەژار، کە لە توانایدا نەبوو، ڕقی مەتەڵگەرای کۆنراد لە دۆستیەڤسکی تێ بگا!) شوێندەستی پۆڵۆنیبوونی دەپارێزێ.

بۆ هوسلاڤ مارتین و لە بۆهیمیا ژیا، هەتا تەمەنی گەیشتووە تەسی و دوو ساڵی، ئەمجا لە کاتی ئەو سی و شەش ساڵەدا لە فرەنسا، سویسرا، ئەمەریکا و جارێکی تر لە سویسرا ژیاوە. سەرجەمی بەرهەمەکانی تا سەباریی بۆ وڵاتە کۆنەکەی بەرجەستە دەکەن و هەردەم خۆی وەکو ئاوازدانەرێکی چیکی لە قەڵەم داوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە پاش جەنگ هەموو بانگهێشتەکانی وڵاتەکەی ڕەت کردووەتەوە، بەخواستی جەختلێکراوەی خۆی لە سویسرا نێژراوە. سیخوڕەکانی

وڵاتی دایکی وەسیەتەکەیان پێشێل کرد و ساڵی ٩٧٩١ بۆیان لوا بیست ساڵ پاش مردنی، ڕوفاتی مارتینو برفێن و بەشکۆوە لە خاکی زێدەکەیدا بینێژن.

گۆمبرۆڤیچ سی و پێنج ساڵ لە پۆڵۆنیا ژیا، بیست و سێ ساڵ لە ئەرجەنتین، شەش ساڵ لە فرەنسا. لەگەڵ ئەوەیشدا توانی کتێبەکانی تەنیا بەپۆڵۆنی بنووسێ و فیگورەکانی ڕۆمانەکانی پۆڵۆنین. لە ساڵی ١٩٦٤دا کاتێ لە بەرلین دەبێ، بۆ پۆڵۆنیا بانگهێشت دەکرێ. دوودڵ دەبێ و لە پاشدا ڕەتی دەکاتەوە. تەرمەکەی لە ڤێنسی باشووری فرەنسادا نێژرا.

ڤلادیمیر نابۆکۆڤ بیست ساڵ لە ڕووسیا ژیا، بیست و یەک ساڵ لە ئەورووپا (ئینگلتەرا، ئەڵمانیا و فرەنسا)، بیست ساڵ لە ئەمەریکا، شازدە ساڵ لە سویسرا. ئینگلیزی وەکو زمانی نووسین بۆ خۆی هەڵبژارد، لەوە تۆزێک کەمتر تێمای ئەمەریکایی هەڵبژارد؛ لە ڕۆمانەکانیدا زۆر فیگوری ڕووسی هەن. بەڵام هەموو کات خۆی، بەڕوونیی و جەختەوە هەردەم وەکو هاووڵاتییەک و نووسەرێکی ئەمەریکایی لە قەڵەم دەدا. تەرمەکەی لە مۆنترۆی لە سویسرا نێژراوە.

کازیمیەرس براندیس شەست و پێنج ساڵ لە پۆڵۆنیا ژیاوە و پاش کودەتای یارۆزێلسکی لە ساڵی ١٩٨١دا لە پاریس نیشتەجێ بووە. تەنیا بەپۆڵۆنی دەنووسێ، لەبارەی تێمای پۆڵۆنی دەنووسێ و سەرەڕای ئەوەش ناگەڕێتەوە بۆ پۆڵۆنیا، لەگەڵ ئەوەیشدا لە دوای ساڵی ١٩٨٩ەوەهیچ هۆیەکی سیاسی لە ئارادا نییە لە وڵاتی بیانیدا بمێنێتەوە (ئەمە ئەو لەزەتەم پێ دەدا جاروبار ببینم).

ئەم نیگا سەرپێییە لە بەراییدا کێشەی هونەریی کۆچبەر بەیان دەکا: چەندێتی هاوشێوەی قۆناخی ژیان هەمان کێشیان نییە، بەپێی ئەوەی، ئاخۆ سەر بەتەمەنی منداڵی یان تەمەنی گەورەیین. ئەگەریش تەمەنی گەورەیی دەوڵەمەندتر و گرینگترە بۆ ژیان هەروەکو بۆ کاری داهێنان، بەڵام نائاگایی، یادەوەریی، زمان، سەرجەمی بنەمای داهێنانی هونەری زۆر زوو پەرە دەستێنن؛ ئەمە بۆ پزیشکێک گیروگرفت پێک ناهێنێ، بەڵام بۆ ڕۆماننووسێک، بۆ ئاوازدانەرێک دەتوانێ جۆرە پچڕانێک بگەیەنێ، ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێ کە فەنتازیاکانی، خولیاکانی، واتە تێما بنەماییەکانی پێوە بەستراون. دەبێ هەموو وزەی، سەرجەمی کارامەیی هونەری بخاتەگەڕ، بۆ ئەوەی زیانی ئەم بارودۆخە بکاتە ئاهەنگی سەرکەوتن.

لە گۆشەنیگای ڕووتی شەخسیشەوە کۆچبەریی قورسە: مرۆڤ هەموو کات بیر لە ئازاری تاسەباریی وڵات دەکاتەوە؛ لەو ئازارە سەختتر ئەو بارودۆخە ڕوحییەیە، کەوشەی نامۆبوون (Entfremdung)ی ئەڵمانی وا بەباشی وەسف دەکا: ئەو پرۆسێسەی، ئەو شتەی کەلێمانەوە نێزیک بوو نامۆ دەبێ. ئەوەی پێوەندی بەوڵاتی کۆچ بۆ براوەوە هەیە مرۆڤ هەست بەنامۆیی ناکا: لێرەدا پرۆسێسەکە بەپێچەوانەوەیە: ئەوەی نامۆ بوو، بەکاوەخۆ ئاشنا و بەبەها دەبێ. نامۆیی لە شێوە دڵداخورپێنەرە، سەرسامکەرەکەیدا خۆی بەژنێکی نەناسیا و بەیان ناکا، کە ئێمە هەوڵ دەدەین فریوی بدەین، بگرە لە شێوەی ژنێکدا خۆی بەیان دەکا، کەپ ێشووتر هیی ئێمە بووە. تاق

و تەنیا گەڕانەوە بۆ زێد پاش ماوەیەکی درێژی نائامادەیی دەتوانێ پەردە لەسەر نامۆیی ڕاستەقینەی جیهان و بوون لا بدا.

زۆرجار بیر لە گۆمبرۆڤیچ دەکەمەوە لە بەرلین. بەڕازینەبوونی جارێکی تر پۆڵۆنیا ببینێتەوە، بەدگومانیی بەرامبەر ڕێژیمی کۆمۆنیستی، کە ئەو کاتە هێشتا لەسەر حوکم بوو؟ من لەو بڕوایەدا نیم: کۆمۆنیزمی پۆڵۆنیا لە داوەشاندا بوو، مرۆڤەکانی جیهانی ئەدەب نێزیکەی هەموویان لە ئۆپۆزیسیۆندا بوون و سەردانی گۆمبرۆڤیچیان دەکردە ئاهەنگی سەرکەوتن. هۆیە ڕاستەقینەکانی ڕازینەبوون بەگەڕانەوە تەنیا دەبێ سروشتی و جوداگەرا بووبێتن. ناڕاستەوخۆش نەبوون، لەبەر هۆی زۆر شەخسی بوون. هەروەها لەبەرئەوەیش ناڕاستەوخۆ نەبوون، لەبەرئەوەی بۆ ئەوانی تر زۆر بریندارکەر بوون. شتگەلێک هەن، کە مرۆڤ تەنیا دەتوانێ لێیان بێدەنگ بێ.

## ستراڤینسکی لەماڵەوە

ژیانی ستراڤینسکی بۆ سێ بەشی نێزیکە وەکو یەک درێژ دابەش بووە: ڕووسیا: بیست و حەوت ساڵ؛ فرەنسا بەشە فرەنسییەکەی سویسرا: بیست و نۆ ساڵ؛ ئەمەریکا: سی و دوو ساڵ.

ماڵئاوایی لە ڕووسیا بەچەند قۆناخێکی جیاوازدا تێ پەڕیوە: ستراڤینسکی (لە دوای ١٩١٠ەوە) لە فرەنسا وەکو بۆ سەفەرێکی درێژی خوێندن چووبێ. ئەمسالانە لە داهێنانیدا ڕووسیترینیانن: پێتروشکا، سڤێسدۆلیکی (لەسەر شیعرێکی شاعیری ڕووسی بالمۆنت)، پیرۆزکردنی بەهار، پریباوتکی (گۆرانییە گەمەئامێزەکان)، سەرەتای کارکردن لە زەماوەندا. ئەمجا شەڕ هەڵدەگیرسێ، پێوەندی لەگەڵ ڕووسیادا سەخت دەبێ؛ لەگەڵ ئەوەیشدا هەر ئاوازدانەرێکی ڕووسی مایەوە، بەڕینارد و چیرۆکی سەربازەکە، بەبەهرەوەرگرتن لە شیعری فۆلکلۆری وڵاتەکەی؛ بۆ یەکەم جار لە دوای شۆڕش تێدەگا، کە لەوانەیە زێدەکەی بۆ هەردەم لە دەست دابێ: کۆچی ڕاستەقینە دەست پێ دەکا.

کۆچ: نیشتەجێبوونی زۆرەملێ لە وڵاتی بێگانەدا بۆ کەسێکی وڵاتی زێدی وەکو تاقە وڵات تەماشا دەکا. بەڵام ئەمجا کۆچ درێژتر دەخایەنێ و دڵسۆزییەکی نوێ دێتە ئاراوە، دڵسۆزیی بۆ ئەو وڵاتەی بەخۆی گرتووە و چرکەساتی دابڕان دێتە ئاراوە. هەنگاو بەهەنگاو ستراڤینسکی دەستبەرداری تێمای ڕووسی دەبێ. لە ساڵی ١٩٢٢دا ئاوازی ماڤرا (ئۆپرای بوفا لەسەر شیعری پوشکین)، دواییتر، لە ساڵی ١٩٢٨دا، ماچی فریشتە لە یادی چایکۆڤسکیدا، دوای ئەوە، جگە لە چەند ڕیزپەڕێکی کەم ناگەڕێتەوە بۆی. لە ساڵی ١٩٧١دا کاتێ دەمرێ، ڤێرای ژنی گوێڕایەڵی وەسیەتی مێردەکەی دەبێ و پێشنیازی حکوومەتی سۆڤیەت ڕەت دەکاتەوە مێردەکەی لە ڕووسیا بنێژرێ و دەیگوازێتەوە بۆ ڤینیسیا.

بێگومان ستراڤینسکیش، وەکو هەموو ئەوانی تر، برینی کۆچی لە ناخیدا هەڵگرتبوو، گومانی

تێدا نییە گەشەکردنی هونەری بەجۆرێکی تر دەبوو، ئەگەر بیتوانیبا لەوێ بمێنێتەوە، کەلێی لەدایک بووە. بەڕاستی سەفەری بەنێو مێژووی مۆسیقادا کەم و زۆر لەو چرکەساتەوەدەست پێ دەکا، کاتێ وڵاتی زێدی بۆ ئەو لە ئارادا نامێنێ؛ دوای ئەوەی پەی بەوە برد، کە هیچ وڵاتێک جێی بۆ ناکاتەوە، وڵاتی تاق و تەنیا لە مۆسیقادا دەدۆزێتەوە؛ ئەمە ئیدیۆمێکی شاعیرانەی جوان نییە لە منەوە، من مەبەستم هەتا بڵێی مکۆمە: تاقە وڵاتی، تاقەماڵی مۆسیقا بوو، مۆسیقای هەموو ئاوازدانەرەکان، مێژووی مۆسیقا؛ ئەو بڕیاری دا لێرەدا نیشتەجێ بێ، ڕەگ دابکوتێ، بژی؛ لێرەدا تاقە هاووڵاتییەکانی دۆزییەوە، ئەو تاقە مرۆڤانەی لێیەوە نێزیکن، تاقەدراوسێکانی، هەر لە پێرۆتینوسەوە هەتا ڤێبەرن؛ لەگەڵیاندا گفتوگۆی درێژی دەکرد، هەتا بەمەرگی کۆتایی هات.

ئەو هەموو شتێکی کرد، بۆ ئەوەی تێیدا وا هەست بکا کە لە ماڵەوەیە: لە هەموو ژوورەکانی ئەم ماڵەدا ڕاوەستا، دەستی لە هەموو گۆشەکان دا، دەستی بەهەموو موبێلەکاندا هێنا؛ لە مۆسیقای فۆلکلۆرەوە بەرەو بۆ پێرگۆلێسی چوو، کەپولچینێلا (١٩١٩)ی بۆ هێنا، ئەمجا بەرەو وەستاکانی تری بارۆک، کە بەبێ ئەوان ئەپۆلۆن موساگێتە (١٩٢٨) مەحاڵ بوو، بۆ چایکۆڤسکی، کە میلۆدییەکانی ماچی فریشتە (١٩٢٨)ی هەڵهێنجا، بۆ باخ، کە مامانی یەکەم کۆنسێرتی پیانۆ (١٩٢٤) بوو، هەروها بۆ کۆنسێرتی کەمانجە (١٩٣١) و گۆڕانی کۆراڵ لەبارەی "بەرزیی ئاسمان"، کە ساڵی ١٩٥٦ سەرلەنوێ نووسییەوە؛ چووە سەر جاز، کە لە ڕاگتایم بۆ ١١ ئامێر(١٩١٨)، لە مۆسیقای ڕاگدا بۆ پیانۆ (١٩١٩)و سەرەتایەک بۆ ئەنسەمبڵی جاز (١٩٣٧) شەرەفی پێ دا، بۆ پێرۆتینوس و فرەدەنگکارە کۆنەکانی تر کە بەهرەیان بەسیمۆفۆنیای گۆرانی ئاینی (١٩٤٨) دا و پێش هەموو شتێک بۆ قوداس(١٩٣٠)ی نایاب، بۆ مۆنتێڤێردی، کە لە ساڵی ١٩٥٧ لێی تۆژییەوە، بۆ جێسوالدۆ، کە لە ساڵی ١٩٥٩دا هەڵبەستە دڵدارییە کورتەکانی لێ هەڵهێنجا، بۆ هوگۆ ڤۆڵف، کە دوو گۆرانی ڕێک خست (١٩٦٨)، هەروەها بۆ مۆسیقای دوازدە دەنگ، کە لە سەرەتاوە لە بەرامبەریدا دوورەپەرێز بوو، بەڵام لە دواییدا لە دوای مردنی شوێنبێرگ (١٩٥١)، وەکو ژوورێکی ماڵەکەی خۆی سەیری دەکرد.

نەیارەکانی ستراڤینسکی، هەوادارەکانی مۆسیقایەکی بەهەست و سۆز بەرنامەبۆ داڕێژراو، کە بەخۆبەدوورگرتنی لە تاقەت بەدەری لە "کردەی هەست" تووڕە دەبوون و سەرکۆنەی "هەژاریی دڵ"یان دەکرد، خۆیان ئەوەندە دڵیان نەبوو تێ بگەن، چی برینێکی هەست و سۆز لە پشتی وێڵگەریدا بەناو مێژووی مۆسیقادا هەبوو.

بەڵام ئەمە غافڵگیریی نییە: کەس لە مرۆڤی بەسۆز بێهەستتر نییە. لە بیرتانە: "بێبەزێیتی لە پشتی ئەو ڕەفتارە جوانەوەی هەستی لێ دەڕژێ."

(١) ڕەوگۆگۆیی: إرتجال

# لەبارەی ئەدەبی تاراوگەوە
## ئەزموونی نێلی ساکس و یوسف برۆدسکی

ڕزگار شێخانی

لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، "ئەدەبی تاراوگە" exilliteratur دەستەواژە و تێگەیشتنێکە، بۆ بەرهەمی ئەو نووسەرانەی لەبەر هەر هۆیەک بێ، نەیانتوانیوە لە وڵاتی خۆیان ژیان بگوزەرێنن و ناچارکراون پەڕاگەندە ببن. هەندێ جاریش "تاراوگەی ناخ" بەکار دەهێنرێت، کە ئاماژەیە بۆ ئەو نووسەرانەی، لەناو کۆمەڵگەی خۆیاندا دەژین و نامۆن، یان هەست بەنامۆیی دەکەن. ڕەنگە یەکەم "ئەدەبی تاراوگە"ی نووسراو، گوتە بەناوبانگەکەی پەیامبەر مووسا بێت، کە لە میسر بڕیاری کوشتنی درا و ناچار بوو ئاوارەی وڵاتی میدیا ببێت، (تەورات٢، ٢:٢٢). لەوێ گوتوویەتی: "من نامۆیەکم لە وڵاتێک، کە وڵاتی من نییە". کرۆکی ئەم گوتەیەی مووسا و تێگەیشتن لێی، دەکرێت بە پێناسەی ئەدەب و نووسەری تاراوگەی بزانیین.

ڕەنگە زۆر سەختتر بێ، بۆ مێژووی "تاراوگەی ناخ"، بگەڕێینەوە، تێیدا نووسەرێک بدۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەزموونی نووسەرایەتیی بکرێ. وا پێ دەچێ، لێکۆڵینەوەیەکی وا، سەخت بێ و مشتومڕی زۆر لێ بکەوێتەوە. چونکە نووسەران بەوە ناسراون، کە کەسانی گۆشەگیرن و کار لەگەڵ ئەو شتانەدا دەکەن، کە پێوەندی بە هەست و ناخی مرۆڤەوە هەیە. کەسی وایش هەموو کات لە حاڵەتێکی مەستیدایە و لە جیهانێکدا دەژیت، ئەو شتە زۆر بچووکانەی بەچاویش نابینرێن، لەوێ بینراون و ئەرکیان هەیە.

بۆیە لێکۆڵینەوەیەکی وا، تێیدا بگەڕێینەوە سەرەتاکانی مێژووی ئەدەبی "تاراوگەی ناخ" سەختە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، دەکرێ، ئاماژە بە کۆنترین شیعر بدەین، کە باسی پەناگەی ناخ دەکات. ئەو پەناگەیەی کە نووسەران تێیدا دەژین و لەوێوە دنیا دەبینن. شیعرەکە، کۆپلەی ژمارە١٠٦ی داماپادایە. کە کۆنترین نووسینی بودیزمە و دەڵێ:



یوسف برۆدسکی ١٩٤٠ _ ١٩٩٦



نێلی ساکس ١٨٩١ – ١٩٧٠

من پەناگەی خودم.
چ پەناگەیەکی تر هەیە؟
لە منێکی زۆر بەسەرخۆزاڵدا
پەناگەیەکی سەخت بینراوە، دەدۆزرێتەوە.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین تێکستیش بێ، کە مرۆڤ بەسەر دوو کەسایەتی، دوو جیهاندا، پەنام و پەنی، دابەش بکا.

لە مێژووی ئەدەبدا، ئەو نووسەرانە زۆرن، کە ناچار کران، پەڕاگەندەبن و لە تاراوگەوە لەبارەی زێدی خۆیان و کێشەکانییەوەبنووسن و هاوکات نووسین جۆرێک لە سارێژکردنی برین و پێشاندانی سەختیی ئاوارەییان بێ. هەتا کۆتاییی سەدەی نۆزدەیش، تاکوتەرا نووسەران ناچار دەکران پەڕاگەندە بن. ئەوەتا لە سەردەمی ڕێنێسانسدا، ئەو کاتەی ئیتاڵیا بەسەر چەند هەرێمێکی لەگەڵ یەکتریی ناکۆکدا دابەش کرابوو، "دانتی"مان هەیە. ئەو لە فلۆرەنسا دەرکرا، پاشان بڕیاری کوشتنی درا و لە تاراوگە، "کۆمیدیای خوایی" نووسی.

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، دوای دروستبوونی زۆر دەوڵەتی ناسیونالی و گەشەی کۆمەڵگەکان بەرەو کۆمەڵگەی پیشەسازی و ناکۆکییان لەسەر زەوی، باوەڕی ئاینی و سیاسی، پەڕاگەندەبوونی نووسران زۆر زیادی کرد. بەڵام لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا، ئەم ڕێژەیە بە لێشاو زیادی کرد و تا ئێستایش بەردەوامیی هەیە. هیچ گرفتێکمان نییە، ئەگەر لیستی ناوی نووسەرە پەڕاگەندە بووەکان بنووسین، بەڵام کارێکی سەختە، لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەزموونی هەموویانەوە بکرێ. چونکە ژمارەیان یەکجار زۆرە. ئەوەی گرینگە بگوترێ، ئەوەیە، کە"ئەدەبی تاراوگە" ڕۆڵێکی بزوێنەری هەبووە لە مودێرنزمی ئەدەبی ڕۆژئاوادا. پێدانی "خەڵاتی نۆبڵ" لە

شەست ساڵی ڕابردوودا، بەزۆر "نووسەری تاراوگە" ڕاستیی ئەم تێگەیشتنەیە. دوا "نووسەری تاراوگە"یش کە ئەم خەڵاتەی پێ ڕەوا بینرا، ژنە نووسەری تاراوگە، هێرتە میوللەری ئەڵمانیزمانی ڕۆمانیا بوو.

نووسەرێک، کە ڕاو نەنرابێت، کە ترس لەسەر ژیانی نەبێ و بەئارەزووی خۆی چووبێت، بۆ نموونە لە پاریس ژیان بگوزەرێنێ و هەموو کات بتوانێت هاتوچۆ بکا، ئەوا ئەو نووسەرە نە نووسەری تاراوگەیە و نە بەرهەمەکەیشی ئەدەبی تاراوگەیە. هیچ نەتەوەیەک نییە، بە نووسەری وای خۆی بڵێ نووسەری تاراوگە و بەرهەمەکەیشی بەئەدەبی تاراوگە بزانێ. چونکە "تاراوگەبوون، ئاوارەبوون، دەربەدەربوون، پەڕاگەندەبوون"، دەستەواژەیەکن، یەک مانا و یەک تێگەیشتنیان هەیە؛ ئەویش "ڕوودان و حاڵەتە". ڕوودانی فیزیکی، کە بە ناچاری گۆڕانی جێگەیە و حاڵەتی دەروونییش، کە مرۆڤی پەڕاگەندە تێیدا دەژی. زۆرجار کەسی پەڕاگەندە، لەهەڵبژاردنی جێگەیشدا ئازاد نییە و ڕێککەوت ڕۆلی دەبێ. "ئەدەبی تاراوگە"یش، بەرهەمی ئەم ڕوودان و حاڵەتەیە. لە دەرەوەی ئەمە، شتێکی تر نییە، لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، بە"ئەدەبی تاراوگە" ناو بهێنرێ.

## نێلی ساکس و ئەدەبی تاراوگە

"کەسی نامۆ، هەموو کات نیشتمانی وەک منداڵێکی بێ دایک و باوک
لە باوەشیدا هەڵدەگرێ"

کە ساڵی ١٩٣٣ هیتلەر دەسەڵاتی وەرگرت، تیرۆرکردنی نەیارانی نازیزم دەستی پێ کرد. هەموو ئەوانەی دژی باوەڕی نازییەکان بوون، لە خۆیان دەترسان. ئەوسا نێلی «زاکس» ساکس Nelly Sachs تەمەنی ٤٢ ساڵ بوو، لە بەرلین لەدایک بووبوو و هەر لەوێیش دەژیا. لەو کاتەوەی باوکی مردبوو، لەگەڵ دایکی بەو سەروەت و سامانە دەیانگوزەراند، کە باوکی لە پاش مەرگی بەجێی هێشتبوو. ئەو تاکانەی خێزانێکی جووی ئەڵمانیا بوو.

ئەو ڕۆژانە بۆ کەسانی وەک نێلی، ژیان لە ئەڵمانیا ترسناک بوو. ئەڵمانیای نازی لە کۆتاییی ساڵی ١٩٣٩ پۆلۆنیای داگیر کرد و ئیتر شەڕی دووەمی جیهانی تەشەنەی کرد. لە سەرەتای هاوینی ١٩٤٠یشدا فەرەنسا، دانیمارک و نەرویجی داگیر کرد. ئەو کاتە نێلی تەمەنی ٤٩ ساڵ بوو، ماوەیەکی کەم پێشتر، لەگەڵ دایکی لە بەرلینەوە بەدوا فڕۆکە هاتنە ستۆکهۆلم. دایکی تەمەنی ٦٩ ساڵ بوو. ڕۆژی پێشوو نێلی لەپۆلیسخانە بوو، بۆ ئەوەی مۆڵەتی سەفەر وەربگرێ. ئەو پۆلیسەی کارەکەی بۆی دەکرد، گوێی لێ بوو کە نێلی نیازی وایە بە شەمەندەفەر لە ئەڵمانیا دەربچێ. پۆلیسەکەپێی گوتبوو، باشترە بلێتی فڕۆکە بکڕێت، چونکە جووەکان، ئەگەر مۆڵەتی چوونە دەرەوەیشیان پێ درابێ، ئەوا لەسەر سنوور دەگیرێن. پێشتر زۆر شاعیر و هونەرمەندی ئەڵمانی، پشتیان لە نیشتمانیان کردبوو و پەڕاگەندەی وڵاتان بووبوون. نێلی ساکس لە دوا چرکە لە ئەڵمانیا دەرچوو، لاگەرکرانتز، کەدۆستێکی سوێدیی ئەو بوو، نووسیویەتی: "ئەو لە مردن

نەترســـاوە، بگرە لە كــوشـتن ترســـاوە"[١] چونكە نێلی پێی وا بووە، كــە كــوشـتن مـــردنێكی ناسروشـتییە. ئەم دەرچوونە چارەنووسی ژیانی ئەوی تەواو گۆڕی. ئەگەر بمابووایەوە، بەدڵنیای دەكوژرا، بەڵام كە ڕزگار بووە، دەبێ خەم و ئازاری هەموو كوژراوەكان لە دڵیدا هەڵبگرێ. وەك كە لە شـیـعرێكدا دەڵێ: "بمبوورن خـوشكەكانم/ بێدەنگیی ئێوەم لە دڵمـدا هەڵگرتووە"[٢]. ئەمـەیش بارێكی زۆر گران بوو. چەند شـاعیر و هومەرمـەندێك نەیانتوانی بەرگەی ئەم بارە دەروونییە گرانە بگرن و نەخـۆش كـەوتن. نێلی سـاكس و پۆل سـێلان دوو شـاعیـر بوون، كـە كـارەسـاتەكـانی شـەڕی دووەم، تووشی نەخۆشی دەروونیی كردن.

ئەگەرچی نێلی لە تەمـەنێكی گەورەدا، پەڕاگـەندەی سـوێد بوو و لە تەمـەنی وایشـدا فـێـربوونی زمـانێكی نوێ سـەخـتـە، بەڵام ئەم سـەخـتـییە و سـەخـتـیی شـەڕی دووەم، كە تێیدا هـاوئاینـەكانی لەناودەبران، ڕێگر نەبوون لـەوەی فێری زمانی سـوێدی ببێت. بەپێچەوانەوە، هێندە باش فێـر بوو، توانی شـیـعری چـەند شـاعیـرێكی سـوێدیش تەرجـەمـەی سـەر زمـانی ئەڵمـانی بكا، لـەوانە گوننار ئێكێلۆف. دۆستایەتی لەگەڵ ئێكێلۆف و زۆر نووسەری تردا هەبوو.

بەر لەوەی نێلی لە ئەڵمـانیا دەربچێ و پەڕاگەندەی سوێد ببێ، هـاوڕێیـەكی پێی گوتبـوو، "ئێسـتا زمـان تاكە شـتـە، كە تۆ هەتە، لەمـەودوا بیری لێ بكەوە"[٣] نێلی وای كرد و زمانی بەكار هێنا، تا بەهۆیەوە شـاهێدی سـەردەمـەكەی بێ و بوونی خـۆی لە جیـهـانێكدا بسـەلمێنێ، كە لەناو گڕكـانی شـەڕدا دەسووتا. هەتا لە ئەڵمـانیا بوو، ڕەچەڵەك و ئایدێنتیتی، سەرنجی ئەویان ڕانەكێشابوو. كە پەڕاگەندە بوو، لەستۆكهۆلم، بە جیدی هەوڵی دا لە ڕەچەڵەكی خۆی بكۆڵێتەوە و ئایدێنتیتیی خۆی بدۆزێتەوە؛ ئەو كێ بوو؟ ئەودەم، وەك نووسـەریش دەرنەكەوتبوو. لە تاراوگە بەجیدی پەنای بۆ ماڵی ئاوادانیی زمان و نووسین برد. هەڵە نییە ئەگەر، نێلی وەك پێشەنگی ئەدەبی تاراوگە ببینین.

سـاڵی ١٩٥٠، دایكی، كـە تاكە ئەڵقـەی پێـوەندیی نێـوان ئەو و خـزم و كـەس و منداڵـیی بوو، لە تاراوگە، لە سوێد مرد. ئیتر نێلی هیچ كەسێكی نەما، ڕازی لا بدركێنێ. لەم جیهانە گەورەیەدا ئەو بەتەنیا بوو، پەناهەندەیەك بوو، لە سـتۆكـهۆلم، لە ژوورێكی زۆر بچووكدا ژیانی دەگوزەراند. بەڵام لەناو نهـێنیـیـەكـانی زمـاندا، مـاڵێكی گـەورەی دروست كرد و بەشـیـعـر ڕازاندییـەوە. دەبینین لەو سـەردەمـەدا، كۆچ و پەڕاگەندەیی، بابەت و مـوتیڤی سـەرەكیی شیعرەكانییـەتی. ئەمەیش لە دیوانی "كۆچ و گۆڕان"دا دیارە، كە ساڵی ١٩٥٩ بڵاو كرایەوە.

"كەسی نامۆ، هەموو كات نیشتمانی
وەك منداڵێكی بێ دایك و باوكە باوەشیدا هەڵدەگرێ"[٤]

نازییـەكان، ترسـێكیـان لە دڵی نێلی چاندبوو، وای لێ كـرد، دوای كۆتایی هـاتنی شـەڕی دووەم و ڕووخـانی ئەڵمـانیـای نازیش، ئەم ترسـە هـەر زیادی دەكرد. تا وای لـێ هـات، هەندێ جـار باری دەروونی زۆر تێك دەچوو و دەبوو لە نەخـۆشـخـانە بمێنێتـەوە. هـەسـتـێكی وای هەبوو، كـە لە

سوێدیش نازییەکان بەدوایدا دەگەڕێن و هەوڵی کوشتنی دەدەن. هاوینی ساڵی ١٩٦٠ ماوەیەک لای دۆستێکی دەژیا، ئەم دۆستەی دەگێڕیتەوە کە نێلی "بەنووسین لەسەر پارچە کاغەز لەگەڵم دەدوا، لە ترسی ئەوەی نەوەک دەنگی تۆمار بکەن. وای هەست دەکرد، نازییەکان بەدواوەیەوەن و لەناو دیواردا ئامێری دەنگ تۆمارکردنیان داناوە".(٥) زستانی دوو ساڵ دواتر، لە نامەیەکدا بۆ گوننار ئێکێلۆفی هاوڕێ دەنووسێ: "گوننارى خۆشەویست، دەنگی تۆ لە تەلەفۆن، دڵارامییەکی زۆر بوو بۆ من. ڕێک لە حاڵەتی ڕووخاندا زۆر لە خۆم دەکەم بوێر بم. بەڵام زۆرجار هەڵکردنی ئەم ئاڵایە زۆر گرانە. ئێستا دیار نییە، دەبێ کەی بچمەوە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی بپارێزرێم...".(٦) نێلی لە نامەکەیدا نووسیویەتی "بۆ ئەوەی بپارێزرێم". لێرەیشدا مەبەستی ئەوەیە لە نازییەکان بپارێزرێ. کە ساڵی ١٩٧٠ لە تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵیدا لە تاراوگە، بەنەخۆشیی کانسێریش مرد، ئەم نەخۆشییە دەروونییەی هەر هەبوو.

هەموو نووسینەکانی نێلی، شاهێدی سەردەمێکی دیاری مێژووین. ئەویش سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و تێیدا قەتڵوعامی جووەکانی ئەورووپایە. بەڵام ئەو بۆ باسکردن و دەربڕینی ئەم سەردەمە زاڵمە، دەگەڕێتەوە ناو مێژوویەکی زۆر کۆن. بەگوێرەی ئینجیل، کاتێک خوا غەزەب لە خەڵکی "سادوم"(٧) دەگرێ، شارەکە دەسوتێنێ و تەنیا پەیامبەر لوت و ژن و دوو کچەکەی ڕزگاریان دەبێ.

ئەمە هەناسە ڕەشەکانی
"سادوم" و
باری "نەینەوا"یە
لەبەر
برینی کراوەی
دەرگەمان دانراون"(٨)

ئەم ئازار و پەڕاگەندەبوونەی جووەکان، مێژوویەکی کۆنی هەیە. نێلی لە چەند شیعرێکدا، باسی دەرکردنی جووەکان لە میسر و کۆڕەویان (وەک کە لە شیعرێکدا دەڵێ) بەناو "لمی هەڵقرچاوی سینادا"(٩)، بەرەو ئیسرائیل دەکات، کە بەسەرهاتێکی بە ناوبانگی ناو کتێبە ئاسمانییەکانە. لەوێ لەسەر "چیای مووسا" خوا خۆی بە مووسا پێشان دەدات و ڕزگاریان دەکات(١٠). لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بکەین، کە کاتێک نێلی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەفسانە و مێژووی ئاینی، بۆ بنەچەی ڕەگەز و ئازاری هاوئاینەکانی، لەبەرئەوە نییە، خۆی وەک کەسێکی باوەڕدار پێشان بدا و کێشەی ئاینەکان دەربخات، یان هەڵوێستێکی سیاسی بنوێنێ، بگرە بۆ ئەوەیە کەسایەتی و ڕەچەڵەکی خۆی لە جیهانێکدا بدۆزێتەوە، کە نکوڵی لە بوونی دەکات و وێرانی دەکات.

لە شیعرەکانی نێلیدا، "ئاخ، گریان، فرمێسک و ناڵە" زۆر دەبینرێن، کە لە گریان و ناڵەی

حەزرەتی یووسیف دەچێ، کە خۆی بۆ براکانی ئاشکرا دەکات و خۆی بۆ ڕاناگیرێت و لە پرمەی گریان دەدا. یان لە گریان و ناڵەی "نیوب"ی ئەفسانەی گریکی دەچێت، کاتێک هەر حەوت کوڕی دەکوژرێن و بەدەم گریان و ناڵەوە، بەڕێگەوە بۆ وڵاتی خۆی، هێندە دەگریەت، هەتا ئاو لە جەستەی نامێنێ و وشک دەبێتەوە. ڕەنگە شیعری جوان ڕێک ئەو حاڵەتە ناسک و بێ کۆنترۆڵانەی شاعیر بێ. کە تێیدا شاعیر ئامرازە لە دەربڕینی ڕازێک. لە خوێندنەوەی شیعرەکانی نێلی هەست بە ناڵە و گریانێکی وا دەکەین.

"دایکم دەستی گرتبووم
ئەوسا یەکێک چەقۆی ماڵئاوایی هەڵبڕی:
دایکم دەستی لە دەستم کردەوە
بۆ ئەوەی چەقۆکە بەر من نەکەوێ
بەڵام ئەو جارێکی تر لەسەرخۆ دەستی بەنێکم داهێنا و
ئەوسا دەستی خوێنی لێ هات.
/.../
"کە منیان بۆ مەرگ برد
لە دوا چاوترووکانیشدا، هێشتا هەستم دەکرد
چۆن ئەو چەقۆیەی ماڵئاوایی هەڵکێشرا"(١١)

لە شیعرێکی تردا، باسی کەسێک دەکات، کەکاتێک نازییەکان ماڵی خەڵکیان دەپشکنی، ئەو چوار شەو و چوار ڕۆژ خۆی لەناو، دارتەرمێکدا شاردبووەوە.

"چوار شەو، چوار ڕۆژ
دارتەرمێک حەشارگەت بوو
مایتەوە، هەناسەت وەردەگرت دەشتدایەوە
تا مەرگ دوا بخەیت.
ئازاری دنیا
لە نێوان چوار تەختە بوو"(١٢)

ئەمانە دیمەنێکن، ئێمەی کورد دەتوانین بەئاسانی لە مێژووی نوێی خۆماندا بیانبینین. وێنەیەکن، دەتوانیین لەشیعری کوردیدا، بیانخوێنینەوە. ئەمەیش، ڕەنگە پێوەندی بە لەیەکچوونی ئازارەکانەوە هەبێ. چونکە ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە و کە ترس هەیە لە داهاتوویشدا بەسەریدا بێتەوە، زۆر لە وێرانکردنی جوودا جیاواز نییە. پرۆگرام و پلانی بەعسییەکان لە وێرانکردنی کورددا، هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ پرۆگرام و پلانی نازییەکان لە وێرانکردنی

جوودا. ڕەنگە لە سەردەمی وا دا، ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعر و شاعیر شاهێدی، کوژاندنەوەی ئاگرەکە و ئەگەر بشکرێت، دانەگیرسانی بێ. ڕەنگەئەمەی دواوە ئەرک و بارێکی گران بێ بۆ شیعر و شاعیر. چونکە ناکرێ ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی شیعر، پەیامی سیاسی بێ. بۆیە نێلی سەرهەڵدەگرێ و لە فەزاکاندا بەدوای ماڵێکدا دەگەڕێ. کە تێیدا چەوساندنەوە و کوشتن نییە.

"نازانم ئەم ئەوینە کۆچکردووە
لە کام فەزا
جێنشین دەبێ"(١٣)

لە ئەزموونی گەنجیی نێلی ساکسدا، شیعری خۆشەویستیی بۆ پیاوێک نووسی، کە قەدەر نەیکردن بەهاوسەر. پیاوەکە لە سەردەمی هیتلەردا کوژرا. خۆشەویستی بۆ ئەو پیاوە هەر مایەوە و لە شیعرەکانیشیدا شوێنێکی دیاری هەیە و بە"زاوا کوژراوەکە" ناوی دەهێنێ. نێلی نازانێ چۆن، کەی و لە کوێ خۆشەویستەکەی کوژراوە. بۆیە لێرەدا خەیاڵ ڕۆلی گرنگ دەبینێت لە نێزیکبوونەوە و بینینی دیمەنی کوژرانەکە. لە شیعرێکدا دەڵێ: "ئەگەر تەنیا بمزانیایە، دوا نیگات لەسەر چی بوو"(١٤)

## شانۆنامەی ئێلی

نێلی شانۆنامەیشی نووسیوە. "ئێلی" شانۆنامەیەکی شیعرییە. شوێن و ڕووداو لە شارۆکەیەکی لاچەپە لە پۆلۆنیا، لە دوای شکانی ئەڵمانیای نازی و کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانیدا. "باسیا"ی نانەوا و "گیتل"ی جلشۆر، دوو ژنن لە زاری "ڕۆزا"وە دەگێڕنەوە: ڕۆزا کە پیرەژنێکی بەتەمەن بوو. شەوێک، لە پەنجەرەوە دەبینێ، نازییەکان دەچنە ژوورەوە و دایک و باوکی ئێلی لە خەو هەڵدەستێنن و بەپێش خۆیانیان دەدەن. ئێلی کوڕێکی تەمەن هەشت ساڵە و کۆڵان بەکۆڵان، شمشاڵێکی بەدەستەوەیەوبەدوای دایک و باوکیدا دەکەوێ. ئێلی دەوەستێ و شمشاڵەکە بەدەمییەوە دەنێ، ڕوو لە ئاسمان دەکات و وەک پاڕانەوە لە خوا، ئاوازێکی ناسۆر دەژەنێ. کە پێشتر ئاوازی وای نەژەنیووە. سەربازێکی گەنج دەگەڕێتە و و بە قۆنداخە تفەنگ دەیکوژێ. لە شانۆنامەکەدا دەڵێ:

"ئێلی بەجلی شەوەوە بەدوای دایک و باوکییەوە ڕای کرد
شمشاڵەکەی بەدەستەوە گرتبوو
کە ئەو بۆ بەرخ و گۆلکەکانی
لە مێرگ دەیژەنی"(١٥)

"سەموێل"ی باپیرەی ئێلی کە بەدوای ئێلی دا چوو بوو، بەسەر تەرمی کوڕەزاکەیدا دەکەوێ و لەوساوە نوتقی دەگیرێ و لاڵ دەبێ. تەرمەکە هەڵدەگرێت و لەسەر گاشە بەردێک دادەنیشێ.

سەموێل گەرووی گیراوە و کرۆکپ دانیشتووە، ئێلی کە نەوەیەتی و کوژراوە، لەسەر ئەژنۆیەتی و بەدرێژاییی شانۆنامەکە نوتقی گیراوە و ناتوانێ یەک وشەیش لەبارەی ڕووداوەکە و پیاو کوژەکانەوە بڵێ.

بێدەنگی و نوتقگیرانی وەک بابەتێکی شیعریی لای نێلی ساکس هێمایە بۆ سەختی و مەحاڵیی گێرانەوەی ئەو قەتڵوعامەی لە سەردەمی شەڕی دووەمەدا بەسەر جووەکاندا هات. لای ئەو، بێدەنگی مێتودێکی تری کارکردنە، تێیدا وشە باڵدەگرێ، ڕازی دڵ دەدرکێنێ و هێزی سیحریی ئەم بێدەنگییە دەبینرێ. لای ئەو بێدەنگییش، وەک وشە، ڕەنگ و جوڵانەوەی جەستە، دەبێتە شێوەیەکی تری گوتن. پرۆفیسۆر، گوننار. د. هانسۆن لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "لای نێلی زاکس، بەشێوەیەک هەموو شتێک لاڵییە، وەک لای پۆل سێلان، ئەو شاعیرەی کە لە هەمووان زێتر نێزیکی ئەوە. بەڵام لەناو ئەم بەزۆر لاڵبوونییەدا، تەواو لە تەنیشت حەقیقەتی جەللادەکاندا، وشە ئازاد دەبێ و ئاماژە بەجۆرێک لە ئاشتبوونەوە دەکات، لەگەڵ جەللادەکاندا نا، بەڵام لەگەڵ ژیان، لەگەڵ ترس، لەگەڵ زیندوومانەوە و لەگەڵ لەدایکبوونێکی نوێدا"(١٦)

دیمەنی یازدەی ئەم شانۆنامەیە، زۆر سەرسوڕهێنەرە، دەبینین: دووکەڵکێش، ئەستێرە، درەخت، جێ پێ و شەو، هەموویان قسە دەکەن، شاهێدی دەدەن و شتێک دەگێڕنەوە، کە بینیویانە، یان بەسەریاندا هاتووە.

"دەنگی ئەستێرەیەک:
من کارم دووکەڵکێش پاککردنەوە بوو
ڕووناکیم ڕەش بوو

درەخت:
ئیتر ناتوانم ڕێک بوەستم
خۆیان پێمدا هەڵدەواسی و بەم لاو بەولادا دەهاتم
وەک ئەوەی بای هەموو دنیا بمهەژێنێ.

درەختێکی تر:
خوێن ڕۆچووە ناو ڕەگەکانم
هەموو ئەو باڵندانەی لەسەر چڵەپۆپەم هێلانەیان کردبوو
هێلینیان خوێناوی بوو"(١٧)

لە دوای ڕەینەر ماریا ڕیلکەدا، چەند نووسەرێکی تری ئەڵمانیزمان، وەک پێشەنگی ئەدەبی نوێی ئەڵمانی دەرکەوتن و هێزی بزوێنەر بوون لە مودێرنزمی ئەدەبی ڕۆئاوادا، کە ئاسەواریان بەسەر ئەدەبی نوێی ئەورووپاوە هەیە. ئەوان "نووسەری تاراوگە" بوون و شیعرەکانیان شاهێدی

سـەردەمـێکی ڕەشـی ئەوروپـان. پۆل سـێـلان و نێلی سـاکس، دوو لـەو نووسـەرانـە بوون. هێـزی ئێستـاتیکای بەرهـەمی ئـەوان، هـەر لەوەدا نییـە، کەهاوار و ناڵە و کارەساتەکانی شـەڕی دوومیـان لێوە دەبیسترێن. بگرە لە هێزی زمان و شێوەی دەربڕینیاندایە. ئەوان جۆرێک شیعریان نووسیوە، کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بەژیانی سەردەمەوە هەبووە، یان باسی سـەردەمێکیان کردووە، کـە دەکرێ ئەزمـوونی باشی بۆ داهـاتوو هـەبێ. لێرەدا گرینگە بگوترێ، کە ئەوان مـێژوویان نەنووسـیوەتەوە، بگرە کاریان لەگەڵ مێژوودا کردووە. بەپێدانی "خـەڵاتی نۆبڵ" بە نووسەری ئەڵمانیزمـانی ڕۆمانیا، هێرتە میوللەر، لە ساڵی ٢٠٠٩دا جارێکی تر، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوت، کە "ئەدەبی تاراوگە"، شایستەی ئەوەیە لە ناوەندە ئەدەبییەکانی جیهاندا، جێگەی ڕێز و لێکۆڵینەوە بێ.

ئەدەبی ئێمـەیش، بەشێوەیەک، لەم جۆرە ئەدەبەیە، کە ئەگەر بەپڕۆژە و پرۆگرام، خۆمان کاری بۆ بکەین لە ناساندنیدا، دەکرێ وەک ئەدەبێکی بەرز، جێگەی خۆی لەسـەر سەکۆی ئەدەبی جیـهانیدا مسـۆگەر بکا. بەڵام کاتێک لە مێژووی نوێی ئەدەبی خـۆمـاندا، سـەرنج لە هـەڵوێستی شـاعیرێکی وەک شـێرکـۆ بێکەس دەدەین، کـە خـاوەن ئـەزمـوونێکی زۆر و زمـانێکی شـیـعـریی جـوانە، هـەر بەڕاستی وێنە شعرییەکانی، ڕەنگ و بۆنیان هەیە و هەستێکمان لا دروست دەکەن، کە دیمەنەکە دەبینین، یان پێشتر بینیـومانە. بەڵام کاتێک وردتر لەم ئەزموونە دەوڵەمەندە ورد دەبینەوە و لەگەڵ ئەزموونی نێلی ساکس و پۆل سێلاندا بەراوردی دەکەین، ئەوا لەو ڕایەی سەرەوەمان دوودڵ دەبین. چونکە ئەو نوێنەرایـەتی ڕەوتێکی ملنەرمی ئەدەبی دەکـات، بەرانبـەر بە حـزب، تێـیـدا هـەمـوو ڕاسـتییـەک، دواڕۆژی ڕووناک و ئاسوودەیییـەک، لە بەئاکامگەیاندنی پرۆگرامی حزبدا دەبینێت. ڕەنگە لە مێژووی نوێی ئەدەبماندا، ئەو پێشەنگی ئەم ڕەوتە ملنەرمەبێ.

فەرموو، هەموو شیعرەکانی نێلی بخوێنەوە، یەک شیعر نادۆزیتەوە، باسی ئازایەتی و گەورەیی سـەرکردەیەکی ئیسرائیلی، یان سـەربازێکی کردبێ. تەنانەت، لە یەک شیـعـریشدا، ناوی جـوو، بەرلین، هیـتلەر و ئاوشـویتزی نەهێناوە، کەچی هەمـوو ئەزمـوونی نووسـەرایەتی ئەو لەبارەی ئەم سـەردەمە مێژووییەوەیە. ئەو بەهۆی مێتافۆر و گەڕانەوە بۆ ئەفسانەو تەسـەوفی جووەوە "قەباڵە"، بەرگری لە بوونی خۆی کردووە. شیعرەکان، یەک ڕەهەندیان نییە و ڕووکەش نین. خـوێنەر ناچار دەکەن زانیـاریی زۆر ورد لەبارەی ئەم مێژووەوە بخوێنێتەوە. هەمـان هەڵوێست و شـێـواز لای پۆل سـێلان و زۆر نووسـەری تر دەبینرێت. نێلی لە پایزی تەمـەنیدا، زمانێکی شـیـعریی هێندە بەهێزی داهێنـاوە، کە ئـەدەبناسـەکـان، هیچ گـومـانێکیـان لەوە نییـە، کـە ئەو و پۆل سـێـلان، گـەورەترین شـاعیـری ئەڵمـانیـزمـانی دوای شـەڕی دووەمی جیـهـانیین. ئەوان نووسـەری سـیـاسـی نەبوون، بەو مـانایەی لایـەنگری ڕەوتێکی سیـاسـی بن. بەڵام لەناو کێشـەی گەورە و ئاڵۆزی شـەڕدا، لایەنگری ئاشتی و لێبووردەیی بوون.

هـەندێ جـار ئەدەبناسـەکان نێلی ساکس، وەک دیاردەیەکی ئەدەبیی سـەرسوڕهێنـەر لە مێـژووی ئەدەبدا بـاس دەکـەن. مـرۆڤـێک، کـە لە وڵاتی خـۆی ڕاونرابێ، کـە خـزم و کـەسـی کـوژرابێ و لەم

جیهانەدا، وەک درەختی بیابان تەنیا بووبێ، کە لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا، وەک نووسەر دەرکەوتبێ و جار جاریش، لەبەر تێکچوونی باری دەروونیی، کەوتبێتە نەخۆشخانە و ئەو ڕۆڵە گەورەیەشی هەبێ لە مودێرنزمی ئەدەبی ڕۆئاوادا.

هەتا سەرەتای ساڵانی شەستیش، ناوەندە ئەدەبییەکانی ئەڵمانیا هەستیان بەبوونی یەکێک لە گەورەترین شاعیرەکانی خۆیان نەکردبوو. ئەوسا، لە ناکاو هەموو شتێک گۆڕا. لەپڕ، زۆر ڕەخنەگر لەبارەیانەوە نووسییان و بەشاعیرێکی گەورەی ئەڵمانیایان ناوبرد، کە لە سەردەمی شەڕ، پەڕاگەندەی سوێد بووبوو. بەڵام ناوەندە ئەدەبییەکانی سوێدی، زۆر زووتر هەستیان بەگەورەی نێلی کردبوو، لە نێزیکەوە دەیانناسی و بینیبوویان، کە چ ڕۆڵێکی هەبووە لە مودێرنزمی ئەدەبدا. ئەوە بوو ساڵی ١٩٦٦ ئەکادیمیای سوێدی، "خەڵاتی نۆبل"ی لە ئەدەبدا، بۆ شیعر نووسینێک بەخشییە نێلی ساکس، کە بەهێزی هەژێنەر چارەنووسی نەوەی ئیسرائیل دەگێڕێتەوە.

## یووسف برۆدسکی و ئەدەبی تاراوگە

"کوڕم، تاکە هیوام لەم ژیانەدا ئەوەیە، جارێکی تر تۆ ببینمەوە"

دادوەر: چ کارێک دەکەیت؟

برۆدسکی: شیعر دەنووسم. پێم وایە کە...

دادوەر: "پێم وایە" نا، قسە. ڕاست ڕاوەستە! شانت بەدیواردا مەدە! تەماشای دادگە بکە! ڕاست وەڵام بدەوە! کارێکی بەردەوامت هەیە؟

برۆدسکی: وام زانی بەکارێکی بەردەوام دەژمێردرا.

دادوەر: من وەڵامێکی ڕوونم دەوێ.

برۆدسکی: شیعرم دەنووسی. وام دەزانی چاپ دەکرێن. پێم وایە کە...

دادوەر: ئێمە پێم وایەی تۆمان بەلاوە گرینگ نییە. وەڵام بدەوە بۆ کارت نەدەکرد.

برۆدسکی: کارم دەکرد. شیعرم دەنووسی.(١٨)

بەم شێوەیە، لە بەهاری ساڵی ١٩٦٤ لە لێنینگراد، بەتۆمەتی "مشەخۆریی"، لێپرسینەوە لەگەڵ یووسف «جوزیف» بردۆدسکی دەستی پێ کرد، کە گەنجێکی تەمەن ٢٤ ساڵ بوو. ژیانی سەختی دوای شەڕی دووەمی جیهانی ژیابوو. شەش ساڵ بوو شیعری دەنووسی، نەئەندامی یەکەتیی نووسەران و نەئەندامی پارتی کۆمۆنیستیش بوو. لە ڕاستییدا ئەم تۆمەتە هەر بەهانە بوو، کۆمۆنیستەکان دەیانویست سزای بدەن. چونکە بە بۆچوونی ئەوان، برۆدسکی وەک هاووڵاتییەکی سوڤیەتی، شیعری سوودبەگەیێنی نەدەنووسی، واتە شاعیری دەرباری حزب نەبوو. بۆیە دادگە بڕیاری دا بە ٥ ساڵ دوورخستنەوەی بۆ ئۆردووگایەک لە دەرەوەی شاری ئەرخانگیلسک، تا لەوێ سوغرەی پێ بکەن. نامەیەکی ژان پۆڵ سارتر(١٩) بۆ سەرۆکی لیژنەی باڵای سۆڤیەت، چەند

سالێک سزاکەی کەم کردەوە. سارتر باسی ئەوەی کردبوو، کە مەسەلەی برۆدسکی ناوبانگی سۆڤیەتی لەکەدار کردووە. دوای چەند سالێک، ئیسرائیل داوەتنامەی بۆ برۆدسکی نارد، کە سەردانی ئیسرائیل بکا. کۆمۆنیستەکان ڕێگر بوون و نەیاندەهێشت بۆ دەرەوەی سۆڤیەت سەفەر بکا. بەڵام، ساڵی ١٩٧٢ لە ناکاو پێیان ڕاگەیاند، کە دەتوانێ سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بکا. مەرجەکانی ئەم مۆڵەتپێدانە، بە ئاشکرا دیار بوو، کە ئەمە بڕیاری دەرکردنییەتی لە شار و نیشتمانی و مۆڵەتپێدان نییە. ئەو ڕازی بوو، بچێتەئەمەریکا و لەوێ، لە تاراوگە بژی. ئەمە کورتەی دەرکردنی شاعیرێک بوو لە نیشتیمانەکەی، کە ١٥ ساڵ دواتر، "خەڵاتی نۆبل"ی لە ئەدەبدا پێ ڕەوا بینرا.

مێژووی ئەدەبی ڕووسی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستەکاندا، زۆر بەسەرهات و ڕووداوی وای تێدایە. ڕەنگە دیارترینیان ئەزموونی بوریس پاسترناک (١٨٩٠-١٩٦٠) بێ. ئەم مێژووە پێمان دەڵێ؛ کۆمۆنیستەکان و حزبە ئاینییەکان، نازی و فاشیستەکان، لە ئازاردان، ڕاونان و کوشتنی نووسەر و هونەرمەندانی سەربەخۆدا. هەڵوێست و تێگەیشتنی وەک یەکتریان هەبووە و یەک شتیان لە ئەدەب و هونەر ویستووە؛ کە لە بەرژەوەندیی ئەواندا بن، کە شاعیر، شیعر بۆ حزب و سەرورەرییەکانی بنووسێ. ئەگەر نا، ئەوا ئەدەبێکی نارەسەن بەرهەم دێنێ و دەبێ ڕێگەی بڵاوبوونەوەی لێ بگیرێ. کۆمۆنیستەکان لەبارەی ئەرکی چینایەتیی ئەدەب و ئەدەبی چینایەتییەوە، زۆر تیۆر و تێگەیشتنیان بڵاو کردەوە. پێیانەوە خەڵکیان مەست و تەسکبین کرد. بەپێی نووسینێکی لیو ترۆتسکی (١٨٧٩-١٩٤٠) لە کتێبی "ئەدەب و شۆڕش"دا،[٢٠] کە باسی کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیست دەکات، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٤، لەبارەی سیاسەتی حزب لەسەر لایەنی ئەدەبیدا. ئەو لەو کۆبوونەوەیەدا، بەڕوونی هەڵوێست و تێگەیشتنی خۆی لەبارەی پێوەندی نێوان ئەدەب و حزب ڕادەگەیەنێ و بەتوندی بەگژ هاوڕێکانیدا دەچێتەوە و بەرگری لە نووسەرە ناحزبییەکان دەکات، کە پێشتر کۆمەڵێک لەو نووسەرانە، لە نامەیەکدا بۆ ترۆتسکی پشتگیریی خۆیان بۆ هەڵوێستی ئەو دەربڕیبوو. کە دوایی ستالین زۆریانی لێ پەڕاگەندە کرد. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە، هەتا ڕووخانی سۆڤیەتیش، کۆمۆنیستەکان هەر لەسەر ئەم سیاسەتە تووندەیان بەردەوام بوون.

هەموو سیستەم و حزبێکی توتالیتار، پێویستی بەشاعیری دەربار هەیە. ئەوان زۆر لەسەرخۆ و بەپرۆگرام کار لەسەر دروستکردنی شاعیری وادا دەکەن. سۆڤیەتی جارانیش حزب و سیستەمێکی وای هەبوو. زۆر شاعیری دەرباری هەبوو. ئەگەرچی یەڤگینی یەڤتۆشینکۆ شاعیرێکی باش و دەنگێکی دیاری ئەدەبی ڕووسییە، بەڵام کۆمۆنیست بوو و یەکێک بوو لەوان. بەرانبەر بەحزب، شاعیرێکی ملنەرم بوو. بۆیە ڕێگەیان پێی دەدا بۆ دەرەوەی وڵات سەفەر بکا و لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی دیوانەکانیشیدا، کۆمەک و ئاسانکارییان بۆی دەکرد و بە لایانەوە گرینگ بوو، ئەو وەک شاعیری گەورەی ڕووس بناسرێ. کەچی هاوکات نەیاندەهێشت

بەرهەمەکانی پاسترناک، ئەخماتۆڤ و برۆدسکی و زۆر نووسەری تر بڵاو ببنەوە. بەعسییەکانیش پێڕەوی ئەم سیاسەتەیان دەکرد و تێیدا گەیشتنە ترۆپک. لە کۆتاییشدا فۆڕمێکی ترسانکی وەرگرت، بەوەی کە نووسەرە نەیارەکانیان دەکوشتن و هاوکات هەوڵیان دەدا دەستەواژەی "ئەدەبی بەعس" بخزێننە ناو مێژووی ئەدەبەوە. ئەم سیاسەتەی دەستەمۆکردنی شاعیران، ئاسەواری بەسەر ژیانی سیاسی و کولتووریی ناوچەکەدا جێ هێشتووە. دەبینین حزب هەیە، کارئاسانی و کۆمەکی شاعیرێک دەکات لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیدا و بە"شاعیری گەورەی نەتەوە"یش ناوی دەهێنێت. وەک کە کۆمۆنیستەکان، نێزیکەی سی ساڵ سەرگەرمی گەورەکردنی یەڤگینی یەڤتۆشینکۆ بوون. بەڵام کەی ئەمە ئەرکی ئۆرگانەکانی حزبە، کەشاعیری باش و خراپ دەستنیشان بکا!؟ ئەگەر لەم وا پێشاندانەی شاعیرەکەیاندا، مەبەستیان مانەوە و گەشەی خۆیان نەبێ، لەم یارییەدا، شاعیرەکە تەنیا ڕۆڵی ئامرازێک دەبینێت، تا بەهۆیەوە، چارەنووسی نەتەوە بەچارەنووسی خۆیانەوە گرێ بدەن، نەک بەپێچەوانەوە. ڕەنگە ئەوان نەتوانن ڕاستەوخۆ کار بۆ ئەم تێگەیشتنە و بڵاوبوونەوەی بکەن، بۆیە پەنا بۆ نووسەران دەبەن، کە شیاوترین کەسی کۆمەڵگەن و پێیانەوە هەوڵی بەئاکام گەیاندنی ئەم ئامانجە سیاسییەیان دەدەن.

کە ساڵی ١٩٤٠ برۆدسکی لە لێنینگراد لەدایک بوو، شەڕی دووەمی جیهانی هەڵگیرسابوو. کە کۆتاییشی هات، تەمەنی ٥ ساڵ بوو. لە سەردەمی شەڕدا، کاتێک کە ئەڵمانیای نازی، نەیتوانی شارەکەی برۆدسکی داگیر بکا، نێزیکەی دوو ساڵ و نیو گەمارۆی دا. خەڵکەکە لەژێر بۆمباراندا دەژیان. شار وێران بوو و بەرگرییکردن لە لێنینگراد، بووە سیمبۆلی خۆڕاگری. ئەو لەناو وێرانەی شەڕ و سەختیی گوزەرانی دوای شەڕ، تەمەنی منداڵیی بەسەربرد. هێندەی نەبرد، باوکی کە ئەفسەر بوو، بەبڕیارێکی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمۆنیست، کە جووەکان لە پۆستی بەرزدا نەبن، لە سوپا دەرکرا. لەبەر هەژاریی و ئەو بارە ناخۆش و سەختەی دوای شەڕی دووەم و دەرکردنی باوکی لە سوپادا، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا، کە ئەو کاتە تەنیا هەشت ساڵ خوێندبووی، لە قوتابخانە دەرچوو. لە کارگەیەک دامەزرا و هاوکات بەئەشقەوە فەلسەفە و مێژووی ئەدەب و ئاینەکانی دەخوێندەوە. برۆدسکی خۆی لەناو دنیای زمان و ئەدەبدا دۆزییەوە و ئەو سەردەم تێکەڵی ناوەندی ئەدەبی بوو. واتە برۆدسکی کەسێک بوو، تەنیا بەهەوڵ و کۆششی خۆی، گەشەی بەزانیاری و فێربوون دا. خۆی فێری زمانی پۆلۆنی و ئینگلیزی کرد و ئەدەبی ئەم دوو زمانەی تەرجومەی سەر ڕووسی کردووە. کە ساڵی ١٩٧٢ ئاوارەی ئەمەریکایش بوو، لەبەر لێزانیی لە مێژووی ئەدەب و لەبەرئەوەیش، کە ڕۆشنبیرێکی گەورە بوو، چەند زانکۆیەک داوایان لێی کرد، تێیاندا وەک وانەبێژ هاوکارییان بکا.

لە گوتاری "لە ژوورێک و نیودا"،(٢١) کە گوتارێکی بیۆگرافییەیە و ١٢ ساڵ دوای ئەوەی لە ڕووسیا دەرکرابوو و ئاوارەی ئەمەریکا بووبوو، نووسیویەتی. تێیدا باسی سەردەمی منداڵیی خۆی و ژیانی سەختی خێزانەکەیان دەکات، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا. کە لە لێنینگراد لە

خانووێکی زۆر بچووکدا، کە هەر ژوورێک و نیو بوو، لەگەڵ دایک و باوکی دەژیا. لەبەر هەژاری و نەبوونی خانوو، زۆر ژن و مێرد نەیاندەهێشت منداڵیان ببێ. یان ئەگەر بشیانهێشتبا، ئەوا لێ دەگەڕان یەک، یان دوو منداڵیان ببێت. بۆیە برۆدسکی تاکانەی دایک و باوکی بوو. کۆمۆنیستەکان، مۆڵەتیان بەدایک و باوکیشی نەدەدان، لە دەرەوەی سۆڤیەتدا کوڕەتاکانەکەیان ببینن. برۆدسکی دەگێڕێتەوە کە لە تەلەفۆن لەگەڵ دایکی دەدوا، دایکی پێی دەگوت: "کوڕم، تاکەهیوام لەم ژیانەدا ئەوەیە، جارێکی تر تۆ ببینمەوە". لەم گوتارەیدا، باسی ئەوە دەکات، کە دایک و باوکی هەر لەم ژوور و نیوەدا مانەوە. ڕێگەیان پێ نەدرا، کوڕە ئاوارەبووەکەیان ببیننەوە، هەتا لە ماوەی ساڵێدا هەردووکیان بەدوای یەکتریدا مردن.

ئەدەبی تاراوگە، بەرهەمی نووسەری وەک "بردۆدسکی"ە،کە لە وڵاتی خۆی دەرکرابێ. کە ئازادیی بینینی دایک و باوک و خۆشەویستانی نەبێت. ئەم بارەناڵەبارە، حاڵەتێکی دەروونی لای نووسەر درووست دەکات، کەتەنیا مرۆڤی پەراگەندەدەیبێت. ئێمەلەئەدەبی خۆماندا، دەتوانین هەست بەم حاڵەتەدەروونییە، ناسک و پڕ لە سۆزە، لای هێمن (١٩٢١- ١٩٨٦) و لەشیعرەبەرزەکەیدا، "ناڵەی جودایی" بکەین، کەڕەنگەلەچل ساڵی ڕابردووەوە، تا ئێستا، بەرزترین "شیعری تاراوگە"ی کوردی بێت. هێمن لەشیعرەکەیدا، وەک پەڕاگەندەیەک، شیوەنک دەگێڕێت، کەلەئەدەبی کوردیدا، هاوتای نییە.

"نابێ قەت ناڵەی جودایی بێتەسەر
جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیەناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیەنەی نەیکردووە"(٢٢)

برۆدسکی، وەک "هێمن"ی نەکردووە، شیوەنێک بگێڕێت، نەی نەیکردبێ. دەرکردن لە زێدی، هێندەکاری نەکردە سەر باری دەروونیی ئەو، تا شیوەن بگێڕێ و پەڕاگەندەیی ببێتە بابەتێکی ناوەندیی شیعرەکانی. یان خۆی بەئەنتی سۆڤیەت و کۆمۆنیزمەوە خەریک بکا. نا، ئەو کەسێکی ئیندیڤیدوالیست بوو، ئەگەر ڕەخنەیشی گرتبێ، ئەوا لە بەکۆلێکتیڤکردنی گۆمەڵگە بووە. ئەویش وەک هێمن، شیعری بەسەروای دەنووسی. ئەگەرچی، لە وەرگێڕانیاندا، لەپێناو مانەوەی ڕیتم و پەیامیاندا، سەرواکان نەماون، یان ڕاستتر نەکراوە بەسەرواوە وەربگێڕدرێن، بەڵام کە دەیانخوێنینەوە، ئەوە دەزانین کە بەرهەمی نووسەرێکی زۆرزان، ڕۆشنبیر و بەهەڵوێست دەخوێنینەوە. تێیاندا ژیان و مەرگ، کات و خۆشەویستی کرۆکن. وەرگێرە سویدییەکەی برۆدسکی، کە هاوڕێی یەکتریش بوون، باسی تایبەتمەندی زمانی ڕووسی دەکات، لە نووسینی شیعردا، کە زمانێکی دەوڵەمەندە و تێیدا شاعیر پەکی ناکەوێ. هەروەها باسی گرینگیی زمان، وەک تاکە کەرەستەی شاعیر، لای ئەو دەکات. کە برۆدسکی زمانی زۆر بە لاوە یگرنگ بووە. لە

گفتوگۆ و گوتارەکانیشیدا، برۆدسکی زۆر ڕاشکاو و بێ هیچ پێچوپەنایەک، ڕای خۆی دەڵێ: "بۆ نووسەر تەنیا یەک جۆر ولاتپارێزی هەیە: هەڵوێستی ئەو بەرانبەر بەزمانە ئەدەبی خراپ جۆرێکە لە خیانەت."[٢٣] ئەم ڕایەی برۆدسکی لەبارەی زمان و ئەدەبەوە، ئەگەرچی زۆر توندە، بەڵام ڕاستە. هەموو نووسەرێک، دەبێت هەردەم ئەو ڕاستییەی لە زەین بێ؛ ئەگەر ناتوانێ بەزمانێکی جوان و ڕەوان ڕازی دڵ دەرببڕێ، با نەنووسێ. هەر لەبارەی گرینگیی زمان و بەرپرسیاریەتی نووسەرەوە، لە گوتارێکدا نووسیویەتی: "ئەگەر شاعیر بەرپرسێتی بەرانبەر بەکۆمەڵگەهەبێت، ئەوەیە کە باش بنووسێ. لەبەرئەوەی ئەو کەمینەیە، بۆیە هیچ هەڵبژاردنێکی تری نییە. ئەگەر لە بەئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکەیدا سەرنەکەوێ، لە بیر دەکرێ."[٢٤] ڕا و تێگەیشتنەکانی برۆدسکی لەبارەی گرینگیی زمانەوە، روونن. وا من زەینم بۆ زمان و ئەدەبی کوردی چووە، کە زمانێکە، ستانداردی نییە، گرفتی ڕێنووسی هەیەو تاکوتەرا نەبێ، نووسەرانی گرینگی بەزمان نادەن. پرسیار ئەوەیە؛ ئاخۆ دەکرێ بەزمانێکی خراپ، ئەدەبێکی باش بنووسرێ؟

برۆدسکی ساڵی ١٩٩٦ لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا، لە ئاوارەییدا مرد و شار و ولاتەکەی نەبینییەوە. ئەگەرچی دوای وەرگرتنی "خەلاتی نۆبل"، لە ساڵی ١٩٨٧ دا، بارەکە گۆڕابوو، بۆی هەبوو بگەڕێتەوە ولاتی خۆی، بەڵام ئەو نەیدەویست. لە ئاداری ١٩٨٧ لە گفتوگۆیەکدا، باسی ئەم مەسەلەیەی کردووە.

"– هیچ هەلومەرجێک هەیە، کە تێیدا بیر لە گەڕانەوە بۆ سۆڤییەت بکەیتەوە؟

+ نازانم. یەکەم مەرج ئەوەیە، کە لەوێ بەرهەمەکانم بلاو بکرێنەوە. [...] لە ڕاستیدا هیچ شتێکم نییە بۆی بگەڕێمەوە. [...] ئەگەرچی پاسەپۆرتی ئەمەریکاییم هەیە، کەچی حکوومەتی سۆڤیەتی وەک موڵکی خۆی لێم دەڕوانێ. [...] بە هیچ جۆرێک حەز ناکەم ڕووی دواوەی مەدالیایەک بم، تێیدا وێنەی یەڤگینی یەڤتۆشینکۆ و ئەندرەی ڤوزنێسێنسکی لە ڕووی پێشەوەیدا نەخش کرابێ"[٢٥]

برۆدسکی لە پێشەکیی چاپی سوێدیی دیوانێکی دێرک وەڵکەوت"دا، نووسیویەتی: "شیعر هونەری ڕەچاوکردن نییە، هونەرێکی ڕەوانبێژییە، هونەرێکی ڕادەربڕینە. ئەگەر شاعیرێک بیەوێت ڕەچاوکەر بێت، وا باشترە هەنگاوە لۆگیکییەکەی تر بنێت و تەواو دەمی خۆی دابخات".[٢٦] ڕەنگە هێندە سەخت نەبێ، لە مەبەستی برۆدسکی بگەین، ئەگەر ئەزموونی ژیانی ئەومان لە بەرچاو بێ. ئەو کە لە ولاتی خۆی دەرکرا، چونکە نەیویست بێدەنگ بێ. چونکە بەرانبەر بەسۆڤییێت و پارتی کۆمۆنیست ملی نەرم نەبوو. چونکە شیعری بۆ حزب نەنووسی. ئەمەیش جارێکی تر زەینمان بۆ ئەوە دەبات کە"شیعر هەڵوێستە"[٢٧]

سەرچاوەکان

W&W,s47. 1- Olof Lagercrantz, Den pgende skapelsen, En studie i Nelly Sachs diktning.1966

2 - Nelly Sachs, Samlade dikter.Översättning: Rolf Moberg, 2001 MånPåcket, s.516

W&W,s.71. 3 - Olof Lagercrantz, Den pågående skapelsen, En studie i Nelly Sachs diktning.1966

4 - Nelly Sachs, Samlade dikter.Översättning: Rolf Moberg, 2001 MånPåcket, s.391

5 - Bokstäverna jag färdas i, En antologi om Nelly Sachs i redaktion av Anders Olsson, 2001 Themis, s.123.

6 - Bokstäverna jag färdas i, En antologi om Nelly Sachs i redaktion av Anders Olsson, 2001 Themis, s.37.

7 - Första Moseboken, kapitel 19

8 - Nelly Sachs, Samlade dikter.Översättning: Rolf Moberg, 2001 MånPåcket, s.332

9 - Nelly Sachs, Samlade dikter.Översättning: Rolf Moberg, 2001 MånPåcket, s.19

10- Andra Moseboken, kapitel 19

11 - Nelly Sachs, Samlade dikter.Översättning: Rolf Moberg, 2001 MånPåcket, s.32

12 - Nelly Sachs, Samlade dikter.Översättning: Rolf Moberg, 2001 MånPåcket, s.564

13 - Nelly Sachs, Samlade dikter.Översättning: Rolf Moberg, 2001 MånPåcket, s.490

14 - Nelly Sachs, Samlade dikter.Översättning: Rolf Moberg, 2001 MånPåcket, s.57

15 - Nelly Sachs, ELI.Tolkning av: Johannes Edfelt, 1965 Bonniers;. s.8

16 - Gunnar D Hansson, Lyckans bers_, 2008.Autor.s.155-156.

17 - Nelly Sachs, ELI.Tolkning av: Johannes Edfelt, 1965 Bonniers. s.57

18 - Josef Brodskij, Oas i öknen, I urval av Werner Aspenström och tolkade tillsammans med Anna Aspenström, 1987 FIBs Lyrikklubb/Tidens Förlag. s.7

19- DN. Kultur, 2010-04-10

20- Leo Trotskij, Litteratur och Revolution, 1969 Partisanförlaget. S.197

21- Joseph Brodskij, Att behaga en skugga. Essäer, Översättning av Bendt Jangfeldt, 1988 W&W, s.395.

٢٢- هێمن، ناڵەی جودایی. چاپەمەنیی سەییدیان، مەهاباد، چاپی پێنجەم. ل/١٨

23- Josef Brodskij, Oas i öknen, I urval av Werner Aspenström och tolkade tillsammans med Anna Aspenström, 1987 FIBs Lyrikklubb/Tidens Förlag.s.9

24- Joseph Brodskij, Att behaga en skugga. Essäer, Översättning av Bendt Jangfeldt, 1988 W&W, s.317.

25- Joseph Brodskij, Att behaga en skugga. Essäer, Översättning av Bendt Jangfeldt, 1988 W&W, s.451.

26- Derek Walcott, Vinterlampor, 1991 W&W, s.9

٢٧- ئاماژەیە، بۆ لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکەی حەمەسەعید حەسەن، بەو ناوەوە

# کێوەکانی کرێتا و ڕۆحی کازانتزاکیس

دانا ڕەئووف

دەمێکە دەمەوێت لەگەڵ کازانتزاکیس دا گەشتێک بە کرێتادا بکەم، ڕاپۆرت بۆ گریکۆ لە کەناری زەریاکانیدا بخوێنمەوە و لەگەڵ شەپۆلەکاندا سەمایەکی زۆربابییانە بکەم.

کرێتای ئەفسووناوی بۆ کازانتزاکیس بووبووە ڕۆمانێکی تەواونەکراو و ئەبەدی و هەردەم لەگەڵیدا و لەنێو دڵیدا بوو: (کرێتا یەکەمین ئێسکلەی نێوان ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقیا بوو. کرێتا یەکەمین شوێنێک بوو کە لە ئەوروپای تاریکی ئەو کاتەدا ڕووناک بوو. هەر لێرەش بوو کە ڕۆحی گریکلاند ئەرکی لە چارەنووسراوی خۆی بەجێ هێنا: هێنانە خوارەوەی خوا بۆ ئاستی پێوانەی ئینسان.

لێرە لە کرێتا، پەیکەرە زل و زەبەلاح و بێ جووڵەکانی میسر و ئاشوور، چکۆلە و نازک بوونەوە، جەستەکان کەوتنە جووڵە، زەردەخەنە کەوتە سەرلێوان و ڕوخسار و قەڵافەتی خدا، ڕوخسار و قەڵافەتی ئینسانی بەخۆوە گرت. بنەچەی مرۆڤایەتییەکی نوێ لەسەر خاکی کرێتا ژیا و کەوتە گەمە، ڕەسەنتر و جیاوازتر لەگەڵ گریکییەکانی دواتر، پڕ لە چالاکی و نازکی و دڵڕفێنییەکی ڕۆهەڵاتییانە)[١]

یەکەم بەڵگەکانی شارستانییەتی ئەوروپا لە دوورگەی کرێتا لە وڵاتی یۆنان دۆزراونەتەوە و ئەم دوورگەیە بەر لە (ئەسینا)، مەڵبەندی حوکمڕانی، زانیاری، بازرگانی، ئەرشیتێکتور و جێگەی پیرۆزی ڕیتواڵە ئاینییەکانیش بووە.

هەر لە سەردەمە بەراییەکانەوە، خەڵکی ئەم ناوچەیە پابەند بوون بە ئاینەوە و خواوەندی خێر و بەرەکەت، هێماگەلێکی مەزن بووە، تا ئێستاش پەرستگە و شوێنی لە خواپارانەوەکانیان بە بەرزایی و لەسەر تەپۆڵکە و بە ترۆپکی چیاکانەوەیە. هەر لە کۆنەوە لەم

ناوچانەدا خەڵکی بڕوایان بەژیانێکی تر، ژیانێک لە دوای ئەم ژیانەوە هەبووە.

تیۆر و بۆچوون و هەڵکۆڵینە ئەرکیۆلۆجییەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە مرۆڤ هەر لە سەردەمە بەراییەکانی چاخی بەردینەوە هاتوونەتە کرێتا[٢].

کرێتا مێژوویەکی تاڵ و خوێناویی هەیە، چارەنووسی چەتە دەریاییەکان، لەشکرکێشی عەرەب، تورک و ڤینیسیاییەکان و دواتریش نازییە ئەڵمانییەکان لە شەڕی جیهانیی دووەمدا، تێکشکان و کشانەوە و ڕاکردن بووە. ڕێگەی داگیرکەران ئاسان بووە: زەریاچە گەورەکان واڵا و بەندەر و کەنارە پان و بەرینەکان ڕێگەیەکی سانا بوون، بەڵام کە چوونەتە ناو شارەکانەوە، ڕووبەڕووی بەرگرییەکی توند بوونەتەوە، چیاکانی کرێتا، هەروەک چیاکانی کوردستان هێز و پەناگە بوون و بەرهەڵستکاران لە چیاکانەوە هێرشیان بردووە و هەر لە چیاکاندا خۆیان حەشار داوە.

کرێتا بەهایەکی گەورە و جێگەیەکی ستراتیجی و خاڵی وەرچەرخان بووە، ئەم دوورگەیە دەکەوێتە ناوەڕاستی زەریایەکی گەورە، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە ستراتیجیترین ناوچەکانی ئەورووپا و دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەورووپا، ئاسیا و ئەفریقیاوە.

هۆمیرۆس چەندان جار لە سروود و داستانەکانیدا باسی کرێتا و شارەکانی ئەم دوورگەیەی کردووە، بۆ نموونە لە بەیتی (گۆرانی بۆ ئۆدیسۆس)دا دەڵێت: (کەشتییەکە لەگەڵ هەوایەکی پاک و هێزێکی خواوەندیدا، ئێمەی لە دەرەوەی کرێتا لەگەڵ خۆی برد. بەڵام زیۆس پلانێکی دانابوو بۆ ئەوەی گەشتەکەی ئێمە ڕابگرێت، کە کرێتاش بەتەواوەتی لە چاو بزر بوو و هیچ شتێک لە زەوی دیار نەما، هیچ شتێک جگە لە ئاسمان و زەریا کریۆنیۆن شوورایەکی گەورەی لە هەورێکی شین و ڕەشی بەسەر کەشتییەکەماندا دروست کرد و لەژێر ئەمەشەوە زەریاکە ڕەش بوو. لە هەمان کاتدا زیۆس کەوتە گرمەگرم و هەورەبرووسکەیەکی گرتە کەشتییەکە، کەشتییەکەش لەو گێژاوەدا خولایەوە و بەر برووسکەی هەورەکە کەوت و بەتەواوەتی پێکرا. کەسەکانی ناو کەشتییەکە کەوتنە ناو زەریاوە و هەروەک مەلی زەریا، لە باوەشی شەپۆلەکاندا و لەناو ئەو گێژاوە ڕەشەدا دەهاتن و دەچوون.[٣])

هەموو ساڵێک تیمی ئەرکیۆلۆجە یۆنانی و نێونەتەوەییەکان شتی تازە لە کرێتا دەدۆزنەوە و نهێنیی تریان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەم دۆزینەوە و نهێنییانەش ڕێگە بۆ بۆچوون و تیۆری تر و جیاواز، سەبارەت بەڕابردووی ئەم دوورگەیە خۆش دەکات[٤].

## خانیا، دەروازەیەک بۆ کرێتا

دوای نیوەڕۆیەکی زوو لە باڵەفڕگەیەکی بچووک کە دەکەوێتە ئامێزی زنجیرە چیایەکەوە، لە دەرەوەی شاری خانیا دادەبەزین. چیاکان باوەشیان بۆ ئاسمان کردووەتەوە و باڵەفڕگەکەش لەنێو



ئەو شاخوداخەدا ڕێگە بۆ موسافیرەکانی دەکاتەوە.

خانیا یەکێکە لە کۆنترین ناوچەکانی ئەوروپا و لە چاخە بەردینەکانەوە خەڵکی تێدا ژیاوە و دواتریش بووەتە ناوەندێکی گرینگی شارستانییەتی مینۆیسەکان(٥). هۆمیرۆس زۆرجار لە داستانەکانیدا، وەک گرینگترین شار و ناوچەکانی کرێتا ئاماژەی بۆ کردووە و بووەتە بەشێکی ئەفسانە دێرینەکانی یۆنان و شانۆی ڕووداوە بەراییەکانی مێژووی ئەوروپا(٦). خانیا جوانترین شاری کرێتایە، دەکەوێتە باوەشی زەریایەکی شینی گەورە و پاڵیشی بە چیا بەرزەکانەوە داوە، بەشێوەیەکی سەرولێژ بۆ کەنار و بەندەری زەریاکە هاتووەتە خوارەوە.

کتێبخانە، قاوەخانە و ریستۆرانەکان لە داوێنی ڕووبارەکەوە بەرەو شاخەکە بەرز دەبنەوە و کۆڵانە باریک و تەسکەکانیشی بەشێوەیەکی پێچەڵپێچ یەکتر تەواو دەکەن و بەناو یەکتردا دەڕۆن.

لەم شارەدا وەک زۆربەی شارەکانی تری کرێتا، ئەتمۆسفێرێکی ڕۆهەڵاتی سیماکانی شارەکەی لەخۆ گرتووە، مزگەوت، خانووبەرە و حەمامی تورکی، ئێستاش لە بەشە کۆنەکەی شاردا ماون. ئەم شارە لە ساڵی ١٨٩٨ەوە تا ساڵی ١٩٧١ پایەتەختی کرێتا بووە(٧).

بە یەکێک لەو شەقامە بەرزانەوە، بەرەوخوار دەبینەوە، هەتاوەکەی گەرمە و تا بتوانین لەبەر دالیای کچم بە شوێنە سێبەرەکاندا دەڕۆین، دەگەینە دوکانێکی بچووکی میوەفرۆش، هەندێک میوە لە سەبەتەکانی دەرەوە هەڵدەبژێرین و دەچینە ژوورەوە.

کوڕێکی ڕەشتاڵەی کورتەباڵا، کراسێکی قۆڵ کورتی سپیی پاک و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەردایە،

لە پشت مێزەکەیەوە و بەدەم جگەرەکێشانەوە مشتەرییەکانی ڕایی دەکات.

لەگەڵیدا دەکەوینە قسە، ئەو بەئینگلیزییەکی جوان دەدوێت، شەرمنە و وشەکانی لەژێر لێوییەوە بزر دەبن، سەیرێکی من دەکات و لێم دەپرسێت:

– لە کوێوە هاتوون، خەڵکی لە هەموو دنیاوە ڕوو دەکەنە ئێرە؟

– ئێمە لە سوێدەوە هاتووین، ئەمە خێزانەکەمە، سوێدییە و منیش بەڕەچەڵەک کوردم.

– کوردی، کوردی کوێ؟

– باشووری کوردستان، ئەو بەشەی بەعێراقەوە بەستراوە.

کوڕەکە چاوەکانی دەکرێنەوە، بەسیمایەکی گەشاوە و بەکوردییەکی شکاو دەڵێت:

– ئەز کوردم، من ناوم عەلییە.

عەلی کوردی باکورە و ماوەیەکی زۆرە لەم شارە دەژی و بەهۆی کاروباری سیاسییەوە کەوتووەتە ئێرە و سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستانە.

دوکانەکەی عەلی بەجێ دەهێڵین، بەشەقامەکەدا دێینە خوارەوە و من هەر بیر لە عەلی دەکەمەوە، عەلی لەو چرکەساتەدا دەبێتە هێماگەلێکی ئێمە و خۆم لەودا دەبینمەوە.

دەگەینە کەناری زەریاکە، کەشتییەکان خۆیان ڕادەژەنن و خانووبەرەکانیش بەڕەنگێکی سپی و شین لە ئاوەکەدا دەبریسکێنەوە.

ئەم شارە هەر لە سەردەمی هێلینیسکەکانەوە چواردەوری بە شوورایەکی بەرگریی گەورە و توند دراوە، دواتر ڤینیسییەکان لەسەر پاشماوەی ئەو شوورایەوە، شوورایەکی تریان دروست کردووە و ئەم شوورایەشیان دوو دەروازەی سەرەکیی هەبووە، یەکێکیان لە ڕۆژهەڵاتەوە و ئەوی تریان لە ڕۆژئاواوە، ئەمە جگە لە دوو دەرگەی بچووکی تریش کە یەکێکیان دەکەوێتە باشوور و ئەوی تریشیان دەکەوێتە باکوری شارەکەوە.

## کنۆسۆس، شارێک لە دەستپێکی مێژوودا

کنۆسۆس یەکەم دەروازەکانی ڕۆئاوا بووە و لێرەوە شارستانییەتی ئەوروپا یەکەم هەنگاوەکانی ناوە و یەکەم بنەماکانی شاریان دروستکردووە. ئەرکیۆلۆج و مێژوونووسان ئەوەیان سەلماندووە کە مرۆڤ لە سەرەتاکانی چاخی بەردین و شەش هەزار ساڵ بەر لەدایکبوونی مەسیحدا لەم شوێنەدا ژیاون. کنۆسۆسیش شارێکە سەرەتاکانی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی یەکەمی شارستانییەتی (مینۆیسک) و تا دەرکەوتنی مەسیح وەک شارێکی گەورە لە برەودا بووە. ئەم



شاره لەسەر تەپۆڵکەیەکی بەرز و لەبەردەم زەریایەکی گەورەدا بنیات نراوە، هەر لەم شارەشدا کۆشکە گەورەکانی مینۆسی پادشا دروست کراون[٨].

بەر لە دەرکەوتنی مینۆیسەکان، جموجۆڵی بازرگانییەکی چڕ ئەم ناوچەیەی بەستۆتەوە بە میسری فیرعەونییەکان و ئەو ناوچانەشی کە دەکەوێتە شوێنی فەلەستینی ئێستاوە و هەر لەم ڕێگەیەشەوە ئاڵوگۆڕی شێوازەکانی تری خواپەرستی، هونەر و ئەندازە و چۆنیەتیی دروستکردنی خانووبەرە کاریگەی خۆی هەبووە[٩].

## بەرەو کنۆسۆس

لەگەڵ کازێوەی بەیان، لەو کاتانەدا کە سنوورەکانی نێوان ئاسمان و زەریا گەورەکان بەتەواوەتی بزر دەبن، بەناو ڕێگەیەکی شاخاویی و دارستانێکی گەورەدا، کە جارجارە سەرەتاتکێیەکی شەرمن لەگەڵ زەریاچە گەورەکان دەکات، بەرەو شاری کنۆسۆس دەڕۆم.

کنۆسۆس وەک شارێکی نووستوو، وەک خۆڵەمێشی دوای بورکانێکی گەورە، لەژێر زەوینەوە سەرلەنوێ سەری دەرهێناوەتەوە و پێشوازی لە میوانەکانی دەکات.

خەڵکی لە هەموو دنیاوە دێنە ئێرە تا بەچاوی خۆیان پاشماوەی دێرینترین شارستانییەتەکانی ئەوروپا ببینن و لەوێوە بیرەوەرییەکانی جیهانێک زیندوو بکەنەوە کە تەنیا لە خەون، ئەفسانە و داستانە ئەندێشەئامێزەکان دەچێت. بەڵام کنۆسۆس ئەفسانە نییە و ڕاستییەکی ڕەهای

مێژووییەکی دێرینی سەرەتاکانی ژیانمانە.

لە دەروازەی شارەکەوە دێمە ژوورەوە، لە بەشی لای چەپی باخچەی کۆشکەکەدا، سێ بیری گەورە و قووڵ، بەتەنیشت یەکترەوە لێ دراون، ئەم بیرانە جۆرێک لە قوربانی بوونە و لەم ڕێگەیەوە دیاریی بەنرخیان بۆ ڕۆحی مردووەکان و دەسەڵاتی بەهێزی ژێر زەوی ناردووە.

نهۆمی خوارەوەی کۆشکەکەش، لە ژێرزەوینێکی نهێنی و پڕ لە ڕازونیاز دەچێت، چەندان ڕاڕەو درێژ بوونەتەوە و بە هەر چوار لاشدا هۆڵ و ژووری دانیشتن و پێپلیکانە بۆ سەرەوە و بۆ خوارەوە هەن و ژوورەکان دەچنەوە سەر یەکتری و بەیەکەوە پێوەستن.

## شانۆیەک بەر لە شانۆی گرێکی

لەلای چەپی پشتەوەی کۆشکەکە و بەرەو خوار بۆ ڕووکاری دەرەوەی باخچە گەورەکە، شانۆیەک هەیە، شوێنی بینەران بە هەر چوار لادا و بە بەرد لەسەر ئاستی جیاواز دروست کراوە.

ئەم شانۆیە بەشی زۆری وەک خۆی چۆن بووە پارێزراوە و بەکۆنترین شانۆ لە شارستانییەتی ڕۆئاوا دادەنرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ۱۹۰۰ی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح.

تا ئێستا نەزانراوە چ جۆرە چالاکییەک لەم شانۆیەدا پێشکێش کراوە، بەڵام زیاتر ڕێتواڵە دینییەکان، چیرۆکی قوربانی و سەمای خواوەندەکان، بەهاوبەشیی گۆرانی و مۆسیقای تێدا پێشکێش کراوە. ئەم شانۆیە شانۆ نەبووە بەپێی چەمکەکانی شانۆی کۆنی گرێکی، هیچ جۆرە تیۆرییەکیش لە ئارادا نییە کە تێکستی نووسراو لەسەر ئەم شانۆیە پێشکێش کرابێت. کۆراڵی دینی و سەمای قوربانی و پیرۆزکردنی ئاسمان، پادشاکانی ئەم شارە و خەڵکە ئاساییەکەی لەم شانۆیەدا پێکەوە کۆ کردووەتەوە. نواندنەکانیان بە پێوانەی ڕێساکانی ئەمڕۆمان جۆرە (پێرفۆرمانس)ێک بوون لە بەرگێکی دینیدا و زیاتر جەستە ئەکتەری سەرەکی بووە. لە سووچێکی ئەم شانۆیەدا، پانتاییەکی چوارگۆشەیی گەورە جیا کراوەتەوە، زۆربەی بۆچوونەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە پادشا و شاژن لەم شوێنەدا دانیشتوون، بەڵام ئەرکیۆلۆجەکانی ئەمڕۆ ئەو شوێنە زیاتر وەک جێگەیەکی تایبەتمەندی قوربانییەکان دەبینن.

ئەفسوونی ئەم شوێنە، ئەم پانتاییە بەتاڵە و ئەم شانۆیە کە لە باوەشی سروشت و لەژێر ئاسمانی شیندا دروستک راوە، چەکەرەی بیرۆکەی شانۆی لەلای گرێکییەکان دروست کردووە و ئەم شوێنە بووەتە سەرەتای ئەو پرۆسێسە گرینگەی بە شانۆی کۆنی یۆنانی ئاماژەی بۆ دەکرێت(۱۰).

کۆشک و باڵەخانەکەی کنۆسۆس بەشێوەیەکی پێچەڵپێچ دروست کراوە و زیاتر لە هەزار و چوارسەد ژووری تێدا بووە، ڕاڕەوی دوور و درێژ کە لە زۆر شوێنەوە چوونەتەوە سەر یەکتر و

پێپلیکانەی جۆراوجۆری کورت و درێژ، بەڵام بە پلانێکی لۆجیکی و سیستەمێکی دیاریکراو، کە بە هیچ شێوەیەک بواری بۆ ڕەمەکی دروستکردن نەهێشتووەتەوە.

بە یەکێک لە پێپلیکانەکانی کۆشکەکەدا دێمە خوارەوە، لەم بەشەدا و لە یەکێک لە ڕاڕەوەکاندا ژووری (باوەڕ) هەیە، ئەم ژوورە شوێنێکی ساکاری بچووکی ساپیتە نزمە، لە دوو لای دیوارەکانییەوە تەختەکورسی درێژ بۆ دانیشتن دانراوە و لە نێوانیانیشدا، بەپاڵ دیوارە سوورەکانیەوە کورسی (باوەڕ) کە لە دار دروست کراوە، دانراوە.

کەس بۆی نییە بچێتە ئەم ژوورەوە، لە پەنجەرەکانەوە سەیرێکی ناوەوە دەکەم، ژوورەکە تەلیسمێکی تایبەتمەند و ئەتمۆسفیرێکی شکۆمەند لەخۆ دەگرێت. شوێنەکە پیرۆزە، بونیام هەست بەباوەڕێکی بەهێز و پیرۆزی هێزێکی نادیار و ئامادەبوونی ڕیتواڵێکی هەمیشەیی دەکات. مرۆ هەست بە تارماییی قەشەکان، کە لەسەر کورسییەکان دانیشتوون دەکات، پادشاش بە هێزی دەسەڵاتە پادشاییەکەیەوە، بە ڕێزەوە، بەجۆرە نوێژکردنێکەوە لە حزووری ئەو هێزە خواوەندییە نادیارەدا ملی کەچ کردووە. بونیام هەرچۆنێک تەماشای ئەم ژوورە بکات، چاوی دەچێتە سەر ئەو دەفرە گەورە لە بەرد دروستکراوەی کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە(١١). بێدەنگییەکی ڕەها، پیرۆزییەکی مەزن و تارماییی خواوەندەکان و ژوورێکی بەتاڵ و چۆڵ.

بە دیوارەکانی ئەم کۆشکەوە، وێنەی ئاژەڵی ئەفسانەیی، بەشاخی گەورە، جەستەی شێر و کلکی مارەوە دروست کراوە، ئەم وێنانە هێماگەلی دەسەڵاتی پادشا بوون لە ئاسمان، لەسەر زەوی و لەژێر زەویشدا.

## هێزێک بۆ ئاشتی، خواوەندێک بۆ هارمۆنی

(مینۆس) پادشای ئەم شارستانییە بەراییە بووە، ئەم پادشایە هێماگەلێک بووە بۆ چەندان خێزان و نەوە لە دوای نەوە کە دەسەڵاتیان لە شاری کنۆسۆسدا هەبووە، جۆرە هارمۆنێتییەکیان بۆ خەڵکی ئەم دوورگەیە بەدەست هێناوە و ئاشتییان ڕاگرتووە.

خەڵکی ئەم دوورگەیە لە خواوەندەوە نیزیک بوون و یەکێک لەو شتانەی کە دووپات کراوەتەوە ئەوەیە کە قەشە و پیاوە ئاینییە گەورە و دەسەڵاتدارانی مینۆیسەکان ئافرەت بوون و ئەوان توانیویانە ئەو هارمۆنێتییە ڕابگرن. پاشماوەی هیچ جۆرە شەڕ و پێکدادانێک لەم ناوچانەدا نەدۆزراوەتەوە و مێژوونووسان، لێکۆڵەرەوان و ئەرکیۆلۆجەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە مینۆیسەکان گەلێکی تایبەتمەند بوون و بە هیچ شێوەیەک نە لەگەڵ خۆیان و نە لەناو خۆیاندا بەشەڕ نەهاتوون و نە هێرشیشیان کردووەتە سەر هیچ کەس و لایەنێکی تر، ئەم قۆناخە لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا بە (ئاشتی مینۆیسکی) ناوزەد کراوە و توانیویانە لە نێوان سالانی ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ ساڵ (پ ز)

ئەم دوورگەیە بە ئاشتی بپارێزن(١٢).

لە ساڵەکانی ١٧٠٠ەکانی بەر لەدایکبوونی مەسیحدا، یەکەم کۆشکەکانی کریتا بەهۆی کارەساتێکی گەورەی سروشتییەوە لەناوچووە، بەتایبەتی بوومەلەرزەیەکی بەهێز هەموو بنەما و ستركتووری ئەم ناوچەیە و شارستانییەتی مینۆیسکییەکانی هەڵوەشاندووە. دوای ئەوە و سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی قەشەنگتر و بەهێزتر و فراوانترەوە ئەم کۆشکانە دروست کرانەوە و ساڵەکانی نێوان ١٥٠٠–١٦٠٠ی (پ ز) دادەنرێت بەقۆناخێکی نوێ لە مێژووی شارستانییەتی مینۆیسکەکاندا(١٣).

لە کنۆسۆس کۆشکەکانی پادشای مینۆیسەکان تا ساڵەکانی ١٣٧٠ی (پ ز) هەبوون و لەم مێژووە بەدواوە بەهۆی کارەساتە سروشتییەکانەوە بەتەواوەتی لەناوچوون(١٤).

## لە (کنۆسۆس)ەوە بۆ شاری هێراکلیۆن

بە شاری (هێراکلیۆن)دا دەڕۆین بۆ کنۆسۆس و هەر لەم شارەشەوە دەگەڕێینەوە. ماوەیەک لە هێراکلیۆن، شارەکەی (نیکۆس کازانتزاکیس) ١٨٨٣–١٩٥٧ دەمێنینەوە.

ڕووداوەکانی زۆربا بە بیرەوەریمدا تێ دەپەڕن، ئەو ڕۆمانەی سەردەمانێک کارێکی زۆری تێ کردبووم و خۆم لە کارەکتەری (نووسەرەکە/سەرۆک) هاوڕێ و هاودەمەکەی زۆربادا دەبینییەوە.

بەرەو بەشە کۆنەکەی شار شۆڕ دەبمەوە، بەدرێژاییی شووراکە بەرەو ڕۆهەڵات دەڕۆم تا دەگەمە دەروازەی بەشە نوێیەکەی شار. ئەم شوورایە لە بنەڕەتدا بەدرێژاییی سێ کیلۆمەتر بە چواردەوری شارەکەدا درێژبووەتەوە و چوار دەرگەی گەورەی بۆ هاتنە ژوورەوە هەبووە. لە یەکێک لە کۆتاییییەکانی جوانترین بەرزاییەکانی ئەم شوورایەوە، کە بەشێوەیەکی تەواوەتی ماوەتەوە و دەڕوانێت بەسەر هەموو شارەکەدا، نووسەری گەورەی یۆنانی (نیکۆس کازانتزاکیس)ی لەوێ نێژراوە.(١٥)

هەتاوەکەی گەرمە، کۆڵ نادەم و کۆڵان بەکۆڵان دەڕۆم، جارجار کەسێک ڕادەگرم و پرسیاری گۆڕەکەی کازانزاکیسی لێ دەکەم، تا دواجار ڕێگەی کۆتایی دەدۆزمەوە. بەشەقامێکی پێچاوپێچدا سەردەکەوم، تەواو ماندووم و ئارەقەیەکی باشم کردووەتەوە، دەگەمە سەر تەپۆلکەکە، هەوایەکی خۆش کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆم دەدات، فێنکم دەکاتەوە. گۆڕەکەی (کازانتزاکیس)یش بە تەنیا و لە ناوەڕاستدا، بەچنگێک خۆڵی کریتا لەنێو دەستەکانیدا بە پێوە وەستاوە و تاهەتایە بەسەربەرزی سەیری شارەکەی دەکات. لەسەر کێلەکەی و بە دەست و خەتی خۆی، ئەم چەند وتەیەی هەڵکەندراوە:

من بە هیوای هیچ نیم.

من له هیچ سڵ ناکەمەوە.

من سەربەستم.

کازانتزاکیس لەسەر داوای خۆی لەم شوێنەدا، لەم خاکەی کە لە هەموو شتێک زیاتری خۆش دەویست نێژراوە، ئەو خاکەی کە هەردەم چنگێک لە خۆڵەکەی لەنێو لەپی دەستیدا هەڵگرتبوو، ئێستا خۆی بووەتە بەشێک لەو خاک و خۆڵە(١٦).

(بە سۆز و میهرەوە خۆڵی کریتا لەنێو دەستمدا دەوڵم. بەدرێژاییی ڕۆژانی ئاوارەییم ئەو خۆڵەم پێ بووە. لە هەموو ساتەوەختەکانی شپرزەیی و پەژارە گەورەکاندا، وەک گوشینی دەستی هاوڕێیەکی ئازیز، من توند ئەو خۆڵەم لەنێو لەپی دەستمدا وڵیوە و ئیدی هێزم تێ هاتووەتەوە. بەڵام ئێستا کە خۆر ئاوا بووە و کاری ڕۆژانە ئەنجام دراوە، ئیدی چی لە هێز و توانا بکەم؟ ئیدی چ پێویستیم پێی نییە. ئەم خۆڵەی کریتا لەنێو لەپی دەستمدا گل دەدەمەوە و بە شادمانی و لوتف و سوپاسگوزارییەکی لە وەسف بەدەرەوە دەیگوشم، وەک گوشینی مەمکی ئەو ژنەی کە خۆشم دەویست و خواحافیزیم لێی کرد. بۆ هەموو کات و هەتاهەتایە من ئەو خۆڵە بووم، بۆ هەموو کات و هەتاهەتایە ئەو خۆڵە من دەبم. ئەی نەرمەخاکی کێویی کریتا، وەک نەیزەک ئەو ساتەوەختە کشا کاتێ تۆ خۆڵت خوارد و بوویتە مرۆیەکی بەرخۆدەر.)(١٧)

کەمێک لەسەر گۆڕەکەی ڕادەوەستم، سەیرێکی شاری هێراکلیۆن دەکەم و سڵاوی (دلاوەر قەرەداغی)یش بە کازانتزاکیس دەگەیەنم. دلاوەر بەزمانێکی باڵا و بە نەفەسێکی درێژ (ڕاپۆرت بۆ گریگۆری) کردووە بە کوردی، کە دەیخوێنمەوە هەست دەکەم نیکۆس بەکوردی نووسیویەتی. لەپڕ هەستێکی نامۆبوون، بەو بەرزاییەوە، بە تەنیا و لە بەردەم گۆڕەکەی (نیکۆس)دا دامدەگرێت. بیرەوەرییەکانم دەمبەنەوە بۆ ئەو هاوینەی بۆ یەکەم جار وەک مێرمنداڵێک (زۆربای یۆنانی)م تێدا خوێندەوە، بەڵام ئێستا و لەم ساتەدا بۆ لێرەم، بۆ بەدیار ئەم گۆڕەوە وەستاوم و نیکۆس بۆ من چی دەگەیەنێت؟!

بەبێ ئاگا لەو سەرەوە، لەژێر تیشکە گەرمەکەی هەتاوەکەدا کە خۆی بەسەر شارەکەدا بڵاو کردووەتەوە، بەو شەقامەدا یەعاتێک لەمەوبەر بەڕاکردن بەدوای گۆڕەکەی (نیکۆس)دا دەگەڕام، بە کاوەخۆ دێمە خوارەوە.(١٨)

## گوندەکان لە ئامێزی دارزەیتووندا

دوای سەردانی شاری کنۆسۆس و پاشماوە دێرینەکانی شارستانییەتی مینۆیسکەکان، دەچین بۆ ناوچە شاخاوییەکان و گوندە بچوکەکانی ناو دارستانی زەیتوون و دەرەوەی شارە گەورەکان.

ژوورێکی بچووک لە پیاوێکی پیری تووڕە دەگرین، کە پەنجەرەکانی ژوورەکە دەکەینەوە لە

قەدپاڵی چیاکان و ئاسمانێکی شین زیاتر هیچ نابینین، چیاکان لەنێو دارستانەکاندا دیار نەماون و تەنیا درەختەکان، وەک باخچەیەکی هەڵواسراو بەئاسماندا بەرز بوونەتەوە.

لەگەڵ کازێوەی بەیاندا بە باعەباعی مەڕومالآت و بە قووقەی کەڵەشێرەکان بەخەبەر دەبینەوە، دێینە خوارەوە بۆ ناو گوندەکە، بۆنی پشقل و شیاکە و خۆڵی ئاوڕشێنکراوی کۆڵانە باریکە پێچاوپێچەکان، گوند و ئاواییەکانی جارانی خۆمانم دێنێتەوە یاد.

ژن و پیاوی پیر بە گۆچان و بە دەم کارکردنەوە بەکۆڵانە باریکەکاندا دەڕۆنە خوارەوە، مریشک و کەڵەشێرەکان بەدوایاندا ڕادەکەن و لە هەر شوێنێکدا دانەوێڵە و تەڕایی ببینن دەوەستن، ڕێبوارەکانیش لە پێچی کۆڵانەکان و لە پشت خانووە نزمەکانەوە دیار نامێنن.

دواتر گوندەکە بەجێ دێڵین، ڕێگە شاخاوییەکە دەبڕین، لەودیو چیاکەوە زەریایەکی شین دەردەکەوێت، زەریاکە لەگەڵ ئاسمان و لە ئاسۆوە بەشێوەیەکی سەیر تێکەڵاوی یەکتر بوون، بەشێوەیەک نازانرێت زەریاکە لە کوێدا تەواو دەبێت و ئاسمان لە کوێدا دەست پێ دەکات.

لە قرچەی گەرماکەدا دەگەینە گوندێکی تر، ئەم گوندەیان دەکەوێتە بەری ئەوبەری چیاکەوە و ڕێک بەرامبەر زەریایەکی بێ سنوور، بە بەرزاییەکەوە شانی داداوە. لە هەر شوێنێکی کرێتادا ڕابووەستیت، ڕوو بکەیتە هەر سوچێک، ڕۆهەلات بێت یان ڕۆئاوا، باکور یان باشوور، جگە لە ئاسمان و دەریا گەورە شینەکان هیچی تر نابینیت.

لەلای ئافرەتێکی گەنج جێگەمان دەست دەکەوێت، ناوی (باربارا)یە، بالآبەرز، چاوەکانی گەورە و سەوز، برۆکانی ڕەشی کەوانەیی، جووتێ مەمکی قووتی بەرز و کەمەرێکی باریک، زیاتر لە فیگوری ناو داستان و ئەفسانە کۆنەکان دەچێت. ژوورەکە خاوێن و دڵگیرە، هەموو زەریاکە لە بانیژەکەماندایە و کە ڕۆژ ئاوا دەبێت، لە چاوترووکانێکدا ئەو زەریا شینە دەبێتە زەردێکی ئاڵتونی، دواتر سوورێکی شەرابی، ڕەشێکی مات و غەمگین و دواتریش لە تاریکاییەکەدا بزر دەبێت و تەنیا گوێمان لە دەنگی هەناسەی شەپۆلەکانی دەبێت.

چارەنووسی ئەم کچە لە پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکان دەچێت، دوای پێشوازیکردنێکی باش بۆمان دەگێڕێتەوە کە خەڵکی شاری (خانیا)یە و بەشی ئینگلیزیی لە زانکۆی شارەکە تەواو کردووە، شووی کردووە بەکوڕێکی ماسیگری ئەم ناوچەیە و دوای کەوتووە و لێرە ئەم موتێل و ڕێستۆرانەی کردووەتەوە.

چاوەکانی (باربارا) دەبریسکێنەوە و لێوەکانی بە چەشنی تەلیسم دەلەرێنەوە، سەیرم دەکات و وەک ئەوەی بیەوێت نهێنییەک ئاشکرا بکات، بەهێمنی دەڵێت: (مێردەکەم خەریکی ماسیگرتنە، جاری وا هەیە، بە هەفتە نایبینم، بەڵام دڵم زۆر بەم شوێنە دەکرێتەوە و لەگەڵ خەڵکەکەشی ڕاهاتووم و بەختیارم!)

بۆ ئەوەی خۆمـان لە گـەرمـا رزگـار کـەین، ڕۆژی دوایی و بەر لە ڕۆژ هەڵاتن مـاڵئـاوایی لە خانەخوێیەکەمان دەکەین و بەرەو شاری (ڕێتیمۆن) دەکەوینە ڕێ[١٩]. قەڵایەکی گەورە بەسەر بەرزاییـیەکەوە دیارە، بە ڕێگەیەکی باریکی لە بەرد دروستکراوی کۆندا تا دەروازەی قەڵاکە دەڕۆین، ئەم شوێنە پاشماوەی ڤینیسیایییەکانە و دوای ئەوان تورکەکان داگیریان کردووە. هەرکە تورکەکان دەست دەگرن بەسەر ئەم قەڵایە و دواتریش شارەکەدا، کۆمەڵێ تۆپ بە بەرزاییەکەوە لە هەموو لایەوە ڕووەو شارەکە دادەنێن.[٢٠]

لە بەشە کۆنەکەی ئەم شارەدا، لە کەنار زەریا و ناوچە نزیکەکانییەوە، تا ئێستاش خانووبەرەی کۆنی تورکی و ڤینیسیی ئەتمۆسفێرێکی تایبەتمەندیان بەم شارە داوە، شێوە ئەندازەی تورکی و پەنجەرە و دەرگەی کەوانەیی ئیسلامی و بانیژەی دوو نهۆمی ڤینیسیایییەکان لەگەڵ دیوارە سپییە بەرزە یۆنانییەکان یەکیان گرتووە.

ئەم شارە بە چەندان شوورای ئەستوور و گەورە، تاوەر و تەپۆلکەی بەرزی سەربازی، کە لە ساڵەکانی ١٥٠٠ەکاندا، بۆ بەرگریکردن لە هێرش و پەلاماری تورکەکان دروست کراوە، دەورە دراوە و تا ئێستاش بەشێکی زۆریان وەک خۆیان ماونەتەوە و بوونەتە یەکێک لە سیما جوانەکانی ڕێتیمۆن[٢١].

تورکەکان لە ساڵی ١٦٤٨دا دوای بەرهەڵستییەکی توند ئەم شارە دەگرن، قەڵاکەی دەکەن بە گرتیگە و ئەو کڵێسایەی کە لە باخچەکەی دەرەوەی قەڵاکەشدا بووە، دەکەن بە مزگەوت و لە ڕووی ئەندازە و شێوازی خانووبەرەوە گۆڕانکارییان تێدا کردووە و زیاتر لەگەڵ ستایلی ئیسلامی



گونجاندوویانە.

لە دەروازەی قەڵاکە و بەدیوی ناوەوەدا چەندان ژێرزەوینی گەورە و شێدار هەن، ئەڵمانییە نازییەکان، لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا بۆ ئەشکەنجە و لەداردانی هێزە بەرهەڵستکارە یۆنانییەکان بەکاریان هێناون.

ئەم شارە سروشتێکی ڕۆمانتیکیی هەیە، کە ڕۆژ ئاوا دەبێت بۆ ماوەیەک هەموو شارەکە ڕەنگی زەردی تۆخ دەپۆشێت، تا هێدی هێدی کۆڵان و شەقامە باریکەکان تاریک دادێن، قاوەخانەکان بە مۆمی سەر مێزەکان و ئەو گڵۆپە زەردانەشی بەدیوارەکانەوە هەڵواسراون و بەکزی دەسووتێن، وێنەیەکی سینەمایی دەخوڵقێنێت، ئاسمانیش بە ڕەنگە شینە کاڵەکەی، دواتر بە ڕەنگە شینە پیرۆزەییە تۆخە پاکەکەی دەبێتە جوانترین ساپیتە لە جیهاندا.(٢٢)

## زۆربا لە کەنارەکانی (ستاڤرۆس)دا

بە کەناری زەریاچەکاندا دەڕۆین، ڕێگەکە بەناو کۆمەڵە دوورگەیەکدا دەڕوات و شاخە بەرزەکانیش لەوبەرەوە ملیان بۆ زەردەی هەتاوەکە کەچ کردووە و هەتاوەکەش بە سانایی خۆی لەنێو زەریاچەکاندا بڵاو کردووەتەوە. دوا دوورگە لەدوای خۆمانەوە بەجێدەهێڵین و دەچینە شارۆکەی (ستاڤرۆس).

بە شەقامەکانی ئەم شارۆکەیەدا تا کەناری زەریاکە دێینە خوارەوە، ڕەشەبایە، هەتاوەکەی گەرمە و خۆڵ و تۆزەکەش لەگەڵ ڕەشەباکەدا بە سیما ئارەقاوییەکەمانەوە دەنووسێت.

(ستاڤرۆس) بووەتە بەشێک لە زۆربا و زۆربا تا هەتاهەتایە لە کەنارەکانی ئەم شارۆکەیەدا سەما دەکات و مۆسیقا دەژەنێت.

لە ساڵی ١٩٦٥دا ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکایی (ئەنۆنی کوین) لە کەنارەکانی ئەم ناوچەیەدا فیلمی (زۆربا)یان تۆمار کردووە و تا ئێستاش ئەو ڕووداوە هونەرییە ئەفسوونی خۆی ماوە.

ڕیستۆرانت و قاوەخانەکان بەناوی زۆرباوە ناوزەد کراون، وێنەی فیلمەکە و کاتی وێنەگرتن و ستافی کارەکە بەگەورەیی بەقەد دیوارەکانەوە هەڵواسراون. ئاوەکە کەنارەکەی کردووە بە دوو بەشەوە، چیاکە نزیکە لە بەشی لای چەپەوە و ئاوەکەش تەنکترە، بەڵام بەشی لای ڕاستی چۆڵەوانییە و پانتاییی زەریاکە بێ سنوورە و شەپۆلەکان تووڕە و بێ پەروان.

تیمی فیلمەکەی زۆربا لە بەری دەستە چەپدا کاریان کردووە و چیاکەیان کردووەتە پاڵپشت، ئێستاش ئەم شوێنە بووەتە ناوچەیەکی گەشتوگوزار و خەڵکی لەگەڵ سێبەری زۆربادا سەما دەکەن و خۆیان دەدەن بە دەم شەپۆلە هێمنەکانی ئەم زەریاچەیەوە و بادە دەنۆشن. عەسرێکی

درەنگە و لەگەڵ ڕەشەباکەدا دەگەڕێینەوە بۆ ستاڤرۆس، ماڵئاوایی لە کازانتزاکیس، زۆربا و ئەنتۆنی کوین دەکەین و دەنگی ئاوازی سەنتوورەکەی زۆر باش لەگەڵ شەپۆلەکانی زەریاکەدا تێکەڵاو دەبێت. کە لە شارەکەش دەچینە دەرەوە، لە گڤەی ڕەشەبا و دەنگی شەپۆلەکان زیاتر گوێمان لە هیچی تر نابێت.

پەراوێزەکان:

١- ڕاپۆرت بۆ گریکۆ، نیکۆس کازانتزاکیس، چاپی سێیەم، وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.

٢- لێکۆڵەرەوە، مێژوونووسان و ئەرکیۆلۆجەکان چەندان تیۆریان سەبارەت بەوەی دانیشتوانی یەکەمی کرێتا لە کوێوە هاتوون، هەیە: گرووپی یەکەم دەڵێن لە تورکیای ئەمڕۆوە، بەڵام هەندێکی تر بڕوایان وایە کە خەڵکە سەرەتاییەکەی ئەم دوورگەیە لە باشووری ئەفریقیاوە، بەتایبەتی لیبیا یان میسری ئێستاوە هاتوون. گرووپی سێیەم پێیان وایە لەو ناوچانەوە هاتوون کە ئەمڕۆ فەلەستینە. یەکەم گوندەکانی سەردەمی بەردین، لە قووڵاییی ژێر زەوینی ناوچەکانی (کنۆسۆس)دا دۆزراوەتەوە کە (مینۆس)ی پادشا کۆشکانی خۆی لەسەر بنیات ناوە.

٣- کرێتا بووەتە سەکۆی زۆرینەی داستان و ئەفسانە کۆنەکانی یۆنان و هەر لێرەوە دەروازەکان کراونەتەوە، شتێکی سەیر نییە کە کرێتا بووەتە سەرگوزشتەی دوورگە: هەموو سروشتی ڕازاوەی کرێتا، شاخ، ئەشکەوت و ڕووباری گەورە چواردەوری داوە، وەک ئەوە وایە کە بۆ دروستکردنی ئەفسانەکان خوڵقابێت.

ئەفسانە، هونەر و مێژوو لە کرێتا زۆر زیاتر لە هەموو شوێنێکی تری یۆنانی کۆن دەچن بەنێو یەکتردا.

٤- لە سەردەمە کۆنەکانی بژێوی و بوونی مرۆڤەوە لە کرێتا، لە چاخی بەردینەوە تا دوا قۆناخی شارستانییەتی (مینۆیسکەکان) چەندان مۆتیڤی کولتووری دروست بوون، ئەم کولتوورە جیاوازانە هەر هەموویان ئاشکرا نەبوون و نەدۆزراونەتەوە، یان بوونەتە مەتەڵ و جیهانێکی پڕ لە ڕاز و نهێنی.

٥- ئەم شارە لە سەرەمی مینۆیسەکاندا ناوەندێکی گرینگی بازرگانی بووە و بەندەرەکانی پێوەست بووە بەجیهانی دەرەوە.

٦- ئەم شارە لە سەرەتادا ناوی (خیدۆنیا) بووە و بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٢١١دا لە دیکۆمێنتە تۆمارکراوەکاندا بە (خانیا) ئاماژەی بۆ کراوە و لە ساڵی ١٢٥٢دا بە تەواوەتی بە خانیا ناوزەد کراوە.

٧- تورکەکان هەر لە ١٥٠٠ەکانەوە هەوڵی داگیرکردنی کرێتایان داوە و هەموو کات مەترسییەکی بەردەوام بوون بۆ ئەم دوورگەیە، تا لە ساڵی ١٥٢٧دا لە سەرەتادا خانیا و دواتر هەموو کرێتا داگیر دەکەن.

تورکەکان بەداگیرکردنی کرێتا بنکەیەکی سەربازیی گرینگیان لە هەموو ناوچەی زەریای ناوەڕاستدا داناوە و بەمەش هەموو ناوچەکەیان خستووەتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوە، لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٦٠٠ەکاندا بە تەواوەتی هەموو دوورگەی کرێتا داگیر دەکەن.

لە سەرەتادا هەموو کڵێساکان دەکەنە مزگەوت، دواتر خۆشیان دەکەونە دروستکردنی مزگەوتی تر و خانووبەرە، مزگەوتی (شا) یەکێکە لە خانووبەرە جوانەکانی ئەم شارە، دوای ئەوە مزگەوتی (غازی حەسەن پادشا) دێت.

٨- ئەم شارە لە ساڵەکانی ١٥٠٠ەکانی بەر لە لەدایکبوونی مەسیحدا پازدە تا بیست هەزار کەسی تێدا ژیاوە و ئەم ڕێژەیەش بۆ ئەو کاتە بە شارێکی چڕ بەدانیشتوان ئاماژەی بۆ دەکرێت.

٩- مینۆرەکان کێ بوون و بە چ زمانێک قسەیان کردووە و ڕەگ و ڕیشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کوێ، ئەو پرسیارانەن کە تا ئێستا وەڵامەکانیان نەدۆزراوەتەوە. بەڵام ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە خۆیان بە مێنۆر ناو نەبردووە و ئەم ناونانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکیۆلۆجی ئینگلیزی (ئارتۆر ئێڤانس) کە چەمکی (کولتووری مینۆسیکی) داهێناوە، دوای ئەوەی لە ساڵەکانی ١٩٠٠ەکاندا و بۆ یەکەم جار کۆشکە گەورەکەی (مینۆس)ی پادشایان لە ناوچەی کنۆسۆس دۆزیوەتەوە.

١٠- ڕەوتی شانۆی هاوچەرخ و مۆدێرنی یۆنانی هاوشانی شانۆکانی ئەوروپایە و بزووتنەوەیەکی چڕ و دەوڵەمەند تێکڕای شانۆکانی ئەسینا و دوورگەکانی تری گرتووەتەوە. بەتایبەتی لە دوای ساڵی ١٩٧٤ و ڕووخانی ڕێژیمی سەربازیی یۆنانەوە، بزووتنەوەی شانۆی یۆنانی بە خێرایی پەرەی سەندووە: هۆڵی سینەماکان، ئەمبار، شوێنی کار و فەرمانگەکان و تەنانەت نانەواخانەکانیش کراون بە شانۆ.

هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن کە ئەسینا لە لەندەن زیاتر شانۆی تێدایە و لە وەرزی زستاندا زیاد لە سەد شانۆ نواندنەکانیان پێشکێش دەکەن. لە وەرزی هاویندا، لە کاتێکدا دەرگەی شانۆکانی ئەوروپا دادەخرێت، شانۆکانی یۆنان دەکرێنەوە، بۆ نموونە شانۆ دیار و گرینگەکەی ئەسینا (شانۆی هێرۆتس ئەتیسوێس) ئەمە جگە لە فیستیڤاڵی شانۆی گرێکی لە ئیپیداریۆس، شانۆ کۆنەکانی فیلیپ لە دوورگەی (تاسۆس)ی باکوری یۆنان. هەروەها فیستیڤاڵی شانۆ کۆنەکانی سەردەمی ٤٠٠ی (پ. ز) لە دوورگەی دۆدۆنا، ئەمە جگە لە فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی کە هەر دوو ساڵ جارێک لە (دێلفی) ساز دەکرێت، ئەم فیستیڤاڵە سەنتەری کولتووری ئەوروپایی لە ڕووی مادییەوە پشتگیریی لێ دەکات. گەورە ڕێژیسۆر و شانۆکارە دیارەکانی ئەوروپا و جیهان، وەک ئەناتۆلی ڤاسیلینی، تۆنی هاریسۆن، تاداشی سیوزۆکی بەشداریی تێدا دەکەن.

شانۆی تراجیدی و کۆمیدیای کۆنی گرێکی هەردەم لە ڕێپۆرتوارەکاندایە و لەسەر شانۆکانی ئەسینا و شانۆ کۆنەکانی دوورگەکاندا پێشکێش دەکرێن، هەروەها شانۆی کلاسیکی ئەوروپایی، بەتایبەتی ئیبسن،ستریندبێری و مۆلێر و شانۆنامەنووسە مۆدێرنەکانی یۆنان و ئەوروپایش، ئاورێکی جیدییان لێ دراوەتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا نووسەرانی وەکو هارۆڵد پینتەر، داڤید مەمێت، تۆماس بێرنهارد، لاش نۆرێن و هێنەر میولەر پێشکێش کراون.

لە ساڵی ١٩٩١دا (دیمیتریس پاپەیۆانۆس) کە یەکێکە لە ڕیژیسۆرە دیارەکانی ئەمڕۆی یۆنان، شانۆنامەی (مێدیا) بەشێوەیەکی سەرکەوتوو پێشکێش دەکات، ئەم نواندنە کە تا ئێستا لە ڕێپرتواری شانۆکانی یۆناندا پێشکێش دەکرێتەوە، پێکداچوونێکی زیرەکانەی ترادیشونی شانۆی کۆنی گرێکی و دیدێکی مۆدێرنی ئەوروپاییە.

شانۆی ئەمڕۆی یۆنانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ڕووی دنیادا کراوەتەوە و سیمایەکی نێونەتەوەییی لەخۆ گرتووە، بەردەوام شانۆکانی ئەوروپا، ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا و ئەمریکا بانگهێشتە دەکرێن تا لەگەڵ شانۆکارەکانی یۆناندا، چ ریژیسۆرەکانیان یان ئەکتەر و درامانووسەکانیاندا کار بکەن. لەم چەند ساڵەی دواییدا یوری لیوبیمۆن، ماتیاس لاگهۆڤ، ڕۆبێرت ویلسۆن، پێتەر بروک، ئەندریە سێربان، پێتەر شتاین، پێتەر هاڵ و ئەناتۆڵی ڤاسیلێڤ لە یۆنان کاریان کردووە و بەرهەم و پڕۆژەکانی خۆشیان لە فیستیڤاڵە شانۆییەکانی یۆناندا پێشکێش کراوە.

١١- تا ئێستا حەوت گەنجینە لەژێر زەوینی کۆشکەکاندا دۆزراونەتەوە، بەپێی بۆچوونی مێژوونووسەکان، مینۆیسەکان ئەم گەنجینانەیان کە لە حەوزی مەلە دەچن بۆ ڕیتواڵەکانی پاکژبوونەوە بەکار هێناوە. مینۆیسەکان ویستوویانە بە هەموو شێوەیەک خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ژێر زەویندا بگونجێنن.

١٢- بەپێی بۆچوون و تیۆرییەکان، کۆشکەکانی پادشای مینۆیستەکان هیچ هێزێکی چەکدار پاسەوانیی نەکردووە، ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هیچ هێزێکی دەرەکی هەڕەشە نەبووە لەسەر شار و بەندەر و کەنار و شارۆکەکانی ئەم شارستانییە. بەڵام لە هەمان کاتدا دووپاتی ئەوەش کراوەتەوە کە هێزێکی زەریاییی بەهێز لە دەرەوەی سنوری شارەکان و لەناو دەریاچە گەورەکاندا ئەم دوورگەیەیان پاراستووە.

١٣- لە ساڵەکانی ١٤٠٠ی (پ. ز) گرێکییەکانیش لە ئەسیناوە دێنە ئەم دوورگەیە. دواتر ئەم ناوچەیە چەندان هێزی داگیرکەر هێرشی دەکاتە سەر، وێران دەکرێت، ئاوەدان دەکرێتەوە و سەرلەنوێ وێران دەکرێتەوە. عەرەب، تورک و ڤینیسیاییەکان، یەک لە دوای یەک شار و گوند و ناوچەکانی کرێتا داگیر دەکەن.

قۆناغی داگیرکەرە تورکەکانیش لە نێوان ساڵانی ١٦٦٩ - ١٨٩٨دا بە ڕەشترین قۆناخەکانی مێژووی کرێتا دادەنرێت، تورکەکان ئەم وڵاتە بەتەواوەتی وێران دەکەن و خەڵکەکەی دەچەوسێننەوە.

هیتلەریش لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەمدا، بەتەواوەتی کرێتا وێران دەکات، هێزەکانی ئەڵمانیای نازی لە ساڵی ١٩٤١دا هەموو یۆنان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بەڵام بەئاسانی کرێتایان بۆ ناگیرێت، هەر لەبەر ئەوەشە ئەفسەرە گەورەکانی سوپای یۆنانی و خێزانی پادشا خۆی، لە ئەسیناوە ڕادەکەن بۆ کرێتا.

١٤- شارستانییەتی مینویسەکان لە کرێتا هێندە کۆنە بووەتە جۆرە جیهانێکی ئەفسوونی و تەمومژ ئاسا و پڕ لە نهێنی، لەم جیهانەدا خواکان و پادشاکان لە چیرۆک و داستانەکاندا دەژین و مێژوو بووەتە ئەفسانە و ئەفسانەش بووەتە مێژوو.

١٥- شاری هێراکلیۆن لە ساڵی ١٩٧١ەوە بووەتە پایەتەختی دوورگەی کرێتا. خەڵکی ئەم شارە ڕۆحییەتێکی ئەنارشیانەیان تێدایە و هەموو کات دژی هەموو جۆرە دروستکردنەوەیەکی ئەم شارە و ئاوەدانکردنەوەی بوون. سروشتیش لەم ڕووەوە دژیان بووە، ئەم شارە لە ساڵی ١٨٥٦دا بوومەلەرزەیەکی بەهێز لێی دەدا و بەتەواوەتی وێرانی دەکات. لە ساڵی ١٩٢٠دا، ئەوەشی کە بنیات نراوەتەوە، بە بوومەلەرزەیەکی بەهێزتر وێران دەبێتەوە و لە ساڵی ١٩٤١یشدا هیتلەر بە تەواوەتی ئەم

شاره بەتۆپباران تەخت دەکات.

١٦- لە یەکێک لە ژوورەکانی مۆزەخانەی مێژوویی شاری هێراکلیۆندا، ژووری کارەکەی (نیکۆس کازانتزاکیس)یان بەهەموو وردەکاری و کەلوپەلەکانی خۆیەوە داناوە.

١٧- ڕاپۆرت بۆ گریکۆ، نیکۆس کازانتزاکیس، چاپی سێیەم، وەرگێڕانی بۆ کوردی: دلاوەر قەرەداغی.

١٨- نیکۆس کازانتزاکیس لە ساڵی ١٨٨٣دا، لە گوندێکی بچووکی نزیک شاری هێراکلیۆن، لە دوورگەی کریتا لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٥٧دا لە سویسرا کۆچی دوایی کردووە و زۆربەی ژیانی لە دەرەوەی وڵات بردووەتە سەر.

کازانتزاکیس ڕۆمان، شیعر، بیرەوەری، شانۆنامە و لێکۆڵینەوەی نووسیوە و زۆربەی بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دنیا. نیکۆس کازانزاکیس بە هۆی نووسینەکانییەوە تووشی کێشەی زۆر دەبێت، بۆ نموونە کتێبەکانی لە یۆنان و لەلایەن کڵێسای ئۆرتۆدۆکسی و کاتۆلیکیشەوە بەتەواوەتی قەدەخە کران.

١٩- ڕێتیمۆن بچووکترین شاری کریتایە، زۆربەی زانکۆ گرینگەکانی یۆنان لەم شارەن و هەموو ساڵێک، لە وەرزی هاویندا یەکێک لە گرینگترین فیستیڤاڵە نێونەتەوەییەکانی شانۆ و سەمای تێدا ساز دەکرێت.

٢٠- ئەم شارە لە ساڵی ١٦٠٠وە لەلایەن تورکە عوسمانییەکانەوە داگیرکراوە، هەر لەبەر ئەوەش تا کۆتاییەکانی ١٩٠٠ەکان زۆربەی دانیشتوانەکەی موسڵمان و تورک بوون، تا لە ساڵی ١٩٢٣دا و بەپێی ڕێککەوتنێک لە نێوان تورکیا و کریتادا، هەموو ئەو تورکانەی کە لە کریتا دەژیان لەگەڵ ئەو یۆنانییانەی کە بە زۆرەملێ لە کریتا دوورخرابوونەوە و لە شارەکانی تورکیادا نیشتەجێ کرابوون، ئاڵوگۆڕ بکرێن. بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیەش شاری ڕێتیمۆن بە تەواوەتی لە موسوڵمان و تورک پاک دەکرێتەوە و یۆنانییە ئۆرتۆدۆکسەکان هەر هەموو دانیشتوانی شارەکە پێک دێنن.

٢١- بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە جوولەکەن و کە تورکە عوسمانییەکان داگیری دەکەن، ڕێگە لە جوولەکەکان ناگرن کە پەیڕەوی ئاینی خۆیان و داوونەریتەکانیان نەکەن، بەڵام لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، هێزەکانی هیتلەر هەموو جوولەکەکانی ئەم شارە دەکوژن، یان ڕاپێچی ئۆردووگە زۆرەملێکانی ئەڵمانیایان دەکەن.

٢٢- بۆ یەکەم جار و لە ساڵی ١٩٣٣دا و بە ئامادەبوونی شا کۆنستەنتینۆسی یەکەم، ئاڵای یۆنان دوای ئەوەی کە کریتا دەبێتە بەشێک لە وڵاتی یۆنان، لەسەر تاوەرە بەرزەکانی بەندەری ئەم شارە هەڵدەکرێت.

## ناوەڕۆک

سەروتار. بەدران ئەحمەد حەبیب ..... 3
فریای خوێندن کەون! فریای زمانی کوردی کەون!. محەمەد عەلی قەرەداغی ..... 5
کوردی یەکەتیی سۆڤیەت پێشتر و ئێستەد. تۆسنێ ڕەشید ..... 32
کەسێتیی تاکی عێراقی. باقرِ یاسین. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ..... 51
داهاتووی کوردستانی عێراق. دوکتۆر قەدیر نەسری. لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود ..... 92
نامیلکەیەک بۆ رۆژنامەنووسان – بەشی دووەم. لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ..... 102
نامەیەک لەبارەی لێبووردەییەوە. ڤۆڵتێر. لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی ..... 131
کولتوور چییە؟. برونیسلاو مالینوفسکی. لە فارسییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ..... 155
کۆچی بەهرەداران و کاریگەریی لەسەر رەوتی زانیاری. لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر ..... 161
ململانێی شارستانیەتییەکان. ساموێل هەنتگتن. لە ئینگلیزییەوە: مامکاک ..... 175
گووگڵ لە چین: سانسۆری حکوومەت و ناوبانگی کۆمپانیا لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ..... 201
سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئازادی و پێوەندیی بەئابوورییەوە.... لە فارسییەوە: رامبود لوتف پووری ..... 212
مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن. ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی ..... 223
پیشەسازیی سێکس. لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان ..... 244
سەرهەڵدان و جۆراوجۆریی ڕێبازە فیمینیستییەکان.. لە فارسییەوە: شنۆ مێهرپەروەر ..... 264
یەک خوا بۆ هەموو دنیا. لە ئینگلیزییەوە: مامکاک ..... 287
ئاخۆ بەردبارانکردن یاسایەکی ئیسلامییە؟. لە فارسییەوە: عومەر عەلی غەفوور ..... 298
ئیسلام و مۆدێرنیتەی سیاسی. موریس باربیە. لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری ..... 311
پێوەندییەکانی تورکیا – عێراق. لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل ..... 329
تورکمانستان. ئاریک فولات و کریستیان نیڤ. لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی ..... 341
پێشکەوتنی ئابووریی مالیزیا لە وڵاتێکی.... لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا ..... 349
فاکتەرە ئابوورییەکانی فووتبۆڵ "تۆپی پێ". لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا ..... 359
بیتیریا شاری تارماییەکان لە قووڵاییی مێژووەوە دێتەوە دەرێ. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ..... 368
شێوەکار نامیق حەمە. ئامادەکردنی: ئاغاله ..... 376
چۆن دەمارگیرێک چارەسەر دەکرێت؟. ئامۆز ئۆز. لە سوێدییەوە: خەبات عارف ..... 393
مرۆڤ گۆشتخۆر نییە ڕووەکخۆرە. سەعید ساربان. لە فارسییەوە: فوئاد رەحیم ..... 408
هونەری گێڕانەوە لای یۆسا. حەمەسەعید حەسەن ..... 419
ڕەوگۆیی بۆ شەرەفی ستراڤینسکی. میلان کوندێرا. لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ ..... 434
لەبارەی ئەدەبی تاراوگەوە ئەزموونی نێلی ساکس و یوسف برۆدسکی. ڕزگار شێخانی ..... 461
کێوەکانی کرێتا و ڕۆحی کازانتزاکیس. دانا ڕەئووف ..... 476